تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی

کوردیکا

Designed by: Emîn Şabazî


**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**



# شێخ مەحمودی قارەمان

و

## دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان

بەرگی دووەم

م.ر.هاوار

# شێخ مەحمودی قارەمان

و

## دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان

### بەرگی دووهەم

م.ر.هاوار

# شێخ مەحمودی قارەمان

دەرهێنانی هونەری: جاف برێس، لەندەن - بەریتانیا
پیتچنینی: نووسینگەی تارا، ستۆکهۆلم - سوید
چاپ کراوە لەلایەن: بلاک رۆز، لەندەن - بەریتانیا

# ناوەڕۆکی (باسەکانی) بەرگی دووهەم

باسەکان


پێشەکی 2

بەشی یەکەم

ڕووداوە گرنگەکان لەدوای دوورخستنەوەی شێخ بۆ هندستان 4

١- بڕیاری أنتدابی بریتانیا لەلایەن (عصبه الأمم)وە بۆ سەر میسۆپۆتامیا 5

٢- پەیمانی ئاشتی و پەیمانی سیڤەر وە دەوری شریف پاشای خندان 10

٣- کۆبوونەوەی لندن و کۆنگرەی قاهرە 59

٤- دروست بوونی حکومتی کاتیی عراق 88

٥- کردنی فیصل بە ملکی عراق و هەڵوێستی بەرامبەر کورد 101

٦- ئەنجومەنی دامەزرێنەری عیراق (المجلس التأسيسي) وە پەیوەندیی بە کوردەوە 115

بەشی دووهەم

هەڵوێست لە خوارووی کوردستاندا دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هندستان 129

١- هەڵوێست لە ناوچەی سلێمانی و دەورو بەری 131

٢- هەڵوێست لە ناوچەی کرکوک و خانقین و کفری 160

٣- هەڵوێست لە ناوچەی رواندزو هاتنی تورک بۆ ئەو ناوچەیە 167

٤- هەڵوێست لە ناوچەی قەڵادزە (پژدەر)و رانیەو کۆیسنجق 185
٥- هەڵوێست لە ناوچەی هەولێرو عقرەو دەورو بەری هەولێر 188
٦- هەڵوێست لە ناوچەکانی بادینان: زاخۆ، دهۆک، زێبارو بارزان 191

بەشی سێهەم

ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان: 196
١- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی هەولێرو دەورو بەری 198
٢- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی پژدەرو رانیەو کۆیە 202
٣- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی رواندزو دەورو بەری 212
٤- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەریا 216

بەشی چوارەم

ئەنجامەکانی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی کوردستاندا 237
یەکەم: بڕیاری دانانی حوکمدارێک 237
١- سید طه شمزینی 239
٢- حمدی بەگی بابان 244
٣- بڕیاری دووبارە هێنانەوی شێخ مەحموود 253
دووهەم: کێشانەوەی هێزەکانی بریتانیا 253

بەشی پێنجەم

هاتنەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە 272
قۆناغی یەکەم - گەیشتنی بۆ کوێت و مانەوەی لە کوێتدا 272
قۆناغی دووهەم - گەیشتنی بۆ بغداد 280
قۆناغی سێهەم - هاتنەوەو گەیشتنی بۆ سلێمانی 284

بەشی شەشەم

300 دەزگاکانی حوکمدارییەتی دووهەم و مەلیکێتی و کارو باریان:
301 ١- دامەزراندنی دەزگاکانی کارو باری بەڕێوەبردن (ئیداری)
324 ٢- دەزگاکانی رۆشنبیری و رۆژنامەکان
325 یەکەم: رۆژنامەی (بانگ کوردستان)
332 دووهەم: رۆژنامەی (رۆژ کوردستان)
341 ٣- قوتابخانەکان لە سەردەمی حوکمدارییتی وملیکیتی شێخ مەحمووددا
349 ٤- دامەزراندنی سوپای کوردستان

بەشی حەوتەم

357 پەیوەندی و دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود
358 یەکەم: هەڵوێست و دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود بەرامبەر بە هەڵوێستی ئینگلیزەکان
371 دووهەم: پەیوەندی و دۆستایەتیی شێخ مەحموود لەگەڵ (سمکۆ)دا (سمایلخانی شوکاک)
391 سێهەم: پەیوەندی و دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود لەگەڵ تورکەکاندا
418 چوارەم: دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموودو پەیوەندی کردنی لەگەڵ وولاتان و خەڵکی تردا

بەشی هەشتەم

426 پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو هۆی پاشگەزبوونەوەو چۆنیەتی پاشگەزبوونەوەو هۆی پاشگەزبوونەوە
426 ١- پاشگەزبوونەوەو هۆی پاشگەزبوونەوە
428 هۆی یەکەم : بوونی نەوت لە کوردستاندا

هۆی دووهەم: سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆنانییەکاندا 438
هۆی سێهەم: بەهێزبوونی سوپای عراق و هێزی لیڤیی ئاسووری 447
هۆي چوارەم: هۆی ناوخۆ 456
٢- چۆنیەتی پاشگەزبونەوەو هەنگاوەکانی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز 459
أ - پەیمانی لۆزان و چۆنیەتیی مۆرکردنی ئەو پەیمانە 459
ب - هەنگاوەکانی تری پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز 481

بەشی نۆهەم

چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودەوە و چوونی بۆ ئەشکەوتی (جاسەنە) و هاتنی ئینگلیزو داگیرکردنی سلێمانی 492

بەشی دەهەم

بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزو هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی 527
١- هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی 527
٢- دەزگانی بەڕێوەبردنی کارو بار بۆ جاری دووهەم 535
٣- ڕۆژنامەی ئومێد استقلال 540

بەشی یازدەهەم

هاتنەوەی ئینگلیز بۆ سلێمانی و چۆڵکردنی لەلایەن شێخ مەحموودەوە بۆ دواجارو شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دژی ئینگلیزو عراق لە ١٩٢٤/٧/١٦ بەدواوە 554

بەشی دوازدەهەم

چالاکیی ڕۆشنبیری و سیاسی لەدوای داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە 592

١-  چالاكيی رۆشنبيری و رۆژنامەگەری 593
٢- چالاكيی نائبە كوردەكان 605
٣- عصبە الامم و كێشەی موصل و چالاكيی كورد :ـ 619
يەكەم: هۆی پەيدابوونی كێشەی موصل و ووتو وێژكردن دەربارەی ويلايتی موصل لە عصبە الامدا 620
دووهەم: چوونی ليژنەی تايبەتيی عصبە الامم بۆ ويلايتی موصل بۆ وەرگرتنی بيرو رای خەڵک وبڕيارەكانی ئەو ليژنەيە 625
سێهەم: هەڵوێستی بريتانياو كاربەدەستانی عراق لە عصبە الامدا بەرامبەر بە كورد 639
چوارەم: هەوڵ و كۆششی كورد بۆ گەياندنی دەنگی خۆی بۆ عصبە الامم 658

بەشی سێازدەهەم

رێكەوتنێكی كاتی لە نێوانی شێخ مەحموودو حكومەتی بريتانياو عراقدا 666
١- تەقەلای ئينگليزەكان بۆ ناچاركردنی شێخ مەحموود كە لە (پيران) دابنيشێت 667
٢- ئەو تەقەلايانەی شێخ مەحموود دابووی بۆ ئەو رێكەوتنە كاتييە 679

بەشی چواردەهەم

شۆڕشی شەشی ايلولی ساڵی ١٩٣٠ 709

بەشی پازدەهەم

هەڵوێست و ڕووداوەكانی دوای شەشی ايلول و شەڕی ئاوباريک 753
١- هەڵوێست و ڕووداوەكانی دوای شەشی ايلول 754
٢- شەڕی ئاوباريک و شكاندنی شێخ مەحموود 774

بەشی شازدەهەم

نیشتەجیٚ کردنی شێخ مەحموود لە شارەکانی خوارووی عراقدا لە ماوەی ١٩٣١ - ١٩٤١ 781

بەشی حەڤدەهەم

گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان لە کاتی شەڕی رشید عالی الگیلانی لە ساڵی ١٩٤١دا 789

١- چۆنیەتی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان 790

٢- هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموودبۆ کوردستان و بۆچوونی نووسەران 801

بەشی هەژدەهەم

کۆچی دوایی شێخ مەحموودو هێنانەوەی تەرمەکەی لە بغدادەوە بۆ سلێمانی 815

بەشی نۆزدەهەم

هەڵسەنگاندنی حوکمدارییەتی شێخ مەحموودو ئەو رەخنانەی لە خۆی و دەوڵەتەکەی گیراوە 819

کورتە بەراووردێکی حوکمدارییەتی یەکەم و دووهەمی شێخ مەحموود 838

بەشی بیستەم

شێخ مەحموود لە تای ترازووی رەخنەو ستایشی ئەدیب و شاعیراندا 840

سەرچاوەکان 861

# پێشەکی

لەدوای ئەوەی بەرگی یەکـەمم پێشکەشی خـوێندەوارانی بەڕێز کـرد کـە بە باسی ئاوارەبوونی شـێخ مـەحـمـودو ناردنی بۆ بەندیخـانە لە هیندسـتـان و ئاوارەبوونی خێزانـەکان لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی لە یەکـەم حوکمـدارێتی شێخ گـیرابوو کـۆتایی بەو بەرگـەهات. بەتەمـابوم ئەوەی کـە مـابوو بە دوو بەرگ پێشکەشی بکەم، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەو کـارە زۆر ئەخایەنێ لەبەر ئەوە لـەگـەڵ زۆری لاپەڕەکـانیشـدا کردمن بە یەک بەرگ .

لەم بەرگەدا هەوڵ ئەدەم بە باسی هەڵوێست و ڕووداوەکان و ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە خوارووی کوردستـاندا دەست پێ بکەم و بە کۆچی دوایی شێخ مەحمودو بە ڕەخنەی نووسەران وشاعیران کۆتایی پێ بێنم .

نامەوێ خوم هەڵ بکێشم و بڵێم کارێکی زۆر گرنگم کـردوە، بەڵام وابزانم لەم دوو بەرگەدا لە زۆر شت دواوم و پەنام بردوتە بەر هەندێ یاداشت و گفت وگۆکردن لەگەڵ هەندێ شـارەزایانـدا جگە لە ناوەرۆکی هـەندێ دوکـیـومـێنتی ناو ئەرشـیـفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیـا کە هەندیکیـان هەتا ئێستـە نەبیستـراون یا ئەگەر باسیشیـان کرابێ زۆر بە کورتی بوە .

بەداخەوە وەکـو لە بەرگی یەکەمی ئەم کـتـێبـەشدا لێ ی دوام، لەگـەڵ ئەوەشـدا کە هەندێ سەرچاوەی گرنگم لەم دوور وڵاتیەدا دەسگیر بوە بەڵام لام وایە ئەگەر دەستم بگەیشتایەتە کتێبخانەکانی ناو وڵات زۆر کتێب و سەرچاوەی تر هەبوو سوودم لێ وەردەگرتن و باسەکەم بەوانە تێرو تەسەلتر دەبوو.

داوای لیٚ بووردن ئەکەم لە هەر کەم وکووڕیەکدا کە لە هەردوو بەرگەکەدا هەستی پیٚ بکریٚ بەتایبــەتی دەربارەی دەس نیــشـــان کــردنی هەندیٚک مــیٚژووی ڕووداوو بەســەرهاتەکـان ئەگـەرچی تەقــەلایەکی زۆرم داوە کــە تووشی هەڵەی وانــەبم، لەگــەڵ ئەوەشـدا هیـوادارم ئەگەر هەر هەڵەو کـەم و کـووڕی یەک لەم دوو بەرگـەدا بکەویتـە بەرچاوی نووسەران وەکو سەرنجیٚکی لای خۆیان دەس نیشانی بکەن بە ئومیدی ڕاست کردنەوەیان لە دوارۆژدا .

هاوار

لەندەن ١٩٩١

# بەشی یەکەم

## ڕووداوە گرنگەکان لەدوای دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بۆ هیندستان

لە دوای محاکمەکردن و ئاوارەکردن و گرتنی شێخ مەحمود لە بەندیخانەی هندستاندا، گەلێک ڕووداوو بەسەرهاتی سیاسی ڕوویان دا کە هەموویان پێوەندییان بە کوردو کوردستانەوە هەبوە .

بۆ ئەوەی لەو ڕووداوو کۆنفرانس و کۆبونەوەو بەسەرهاتە گرنگانە بدوێین ئەم باسانەی خوارەوەمان دەس نیشان کرد کە پێوەندییان بە کوردو کوردستانەوە هەبوە :

١- بڕیاری ئینتدابی حکومەتی بریتانیا لەلایەن کۆمەڵی گەلانەوە (عصبة الأمم) بۆ سەر میسوپوتامیا (عیراق) .

٢- مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی (ڤەرسای)و مۆرکردنی پەیمانی (سیڤەر)و دەوری شریف پاشای خندان .

٣- کۆبونەوەی لەندەن وکونگرەی قاهرە

٤- دروست بوونی حکومەتی عیراق

٥- هێنانی فیصل و کردنی بە پاشای عیراق لەلایەن أنگلیزەکانەوەو هەڵوێستی فیصل بەرامبەر بە کورد.

٦- دانانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عیراقی (المجلس التأسيسي العراقي) وە پێوەندیی بە کوردە

# (١)

## ئینتداب و بریاری ئینتدابی بریتانیا لەلایەن (عصبة الأمم)ەوە بۆ سەر میسۆپۆتامیا

لە ماوەی دوورخستنەوەی شێخ مەحمودا بۆ هیندستان لە نیوەی دووهەمی سالی ١٩١٩دا هەتا کاتی گەڕانەوەی بۆ سلیمانی لە ١٩٢٢/٩/٣٠دا، ئینگلیزەکان لەو ماوەیەدا ڕاستەوخۆ کاروباری نارچەکانی خوارووی کوردستانیان بە هۆی ئەفسەرە سیاسیەکانیانەوە ئەبرد بەڕێوەو بەهێزی ئاسمانی خۆیان و بەهێزی لیڤی (ئاسوری)کە پێکیان هێنابوو و کردبویان بە کوتەکی دەستیان وخێزانی ئەو ئاسوریانەیان لە باشترین و بەپیت ترین زەوی و زاری ناوچەی بادینانادا نیشتەجێ کردبوو وە لە دانی باجی زەوی و زاریان خۆش بوبون وە بەلێنی دروست بوونی ڕێکخراوێکی ئۆتۆنومیان پێ دابون، بەهێزی ئەو ئاسوریانەو بەهێزی سوپای عیراق کە لەژێر چاودێری و ڕاوێژی ئەفسەرەکانی أنگلیزدا مەشقیان پێ کرابوو، بەمانە بە هەمویان شۆرشەکانی کوردیان لەناوبردو لە پێناوی سودو پەرژەوەندی حکومەتی بریتانیادا لە سالی ١٩٣١دا شێخ مەحمودیان والیّ کرد کە کۆل بداو لە شارەکانی ناوەراست وخوارووی عیراقدا بە دەس بەسەری مایەوە هەتا هەرای رەشید عالی گەیلانی کە لە سالی ١٩٤١دا گەرایەوە بۆ ئەوەی میللەتەکەی بە سەربەستی و ولاتەکەی بە سەربەخۆیی ببینێت، بەلام بەداخەوە بەو ئاواتە نەگەیشت و لەگەل خۆیدا بردیە ژێر خاکەوە .

ووشەی ئینتداب شتیک بوو ئینگلیزەکان لە ریگەی عصبة الأممەوە بۆ خۆیان دایان تاشیبوو وە لەژێر ئەو پەردەیەدا دەسەلاتی ئەوە درا بە ئینگلیز کە کاروباری ناوچەکە بیا بەڕێوە هەتا ئەو کاتەی دانشیتوان توانای ئەوەیان ئەبێ خۆیان کاری خۆیان بەن

بەرێوە . ئینگلیز بۆی دەرکەوتبوو کە خەڵک لە ووشەی (استعمار) ئەسڵەمێتەوە بۆیە قەوانی ئینتدابیـان خستـەکار بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی ئەوەدا مەبەستـەکانی خۆیان بهێننە ئەنجام .

لە کۆتایی شەری جیهانی یەکەمدا هەتا ماوەیەک خەڵک لە میسوپۆتامیاو کوردستـاندا جگە لە چەند کەسێکی تورکخـوا نەبێ، ئەوانی تر ئینگلیزیان وەکو فریشتـەیەکی ڕزگارکەر ئەهاتە بەرچاو، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە هێشتا مۆتەکەی مـەرگ و برسیـتی و نەبوونی زەیفی لە خەڵک سـەندبوو تازەش لە جەورو ستـەم و حوکمی قەرەقۆشی کاربەدەستانی عوسمانلی رزگاریان بوبو، ئینگلیزیش ئەگەرچی بەهۆی شەری جیهـانییـەوە زیانیکی زۆری ماڵی و گیانی لێ کەوتبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیبوی دانیشتوانی مۆستـەعمەرەکانی دادۆشێ و بەکێشی بکا بۆ هەر شـوێنێک کە مـەبەستی بووبێت - بەتایبەتی لە هیندستـانەوە - وە جل وبەرگ و خواردەمەنی لەو وڵاتانەوە لەگەڵ خۆیدا بـەکێش بکاو بەوە ژمارەیەکی زۆری برسی و رەش و رووتی رزگارکرد لە میسوپۆتامیاو کوردستانداو بەهۆی ئەوەوە توانی هەستی خـەڵک بەلای خـۆیدا بەکـێش بکاو ئەو هەمـوو تەقـەلایانەی تورکـەکـان بەناوی دژی ئینگلیزی داگیـرکـەرو غـەیرەدین و دژی خەلافـەتی ئیسلام ئـەیاندا سەری نەگرت و هەتا مـاوەیەک هێشتـا خەڵک لە مـەبەستی ڕاستـەقینەی ئینگلیزەکـان نەگەیشتبون و سەرپیچیان نەدەکرد بەرامبەر کردارەکانیان . ئینگلیزەکان بەوە ناسراون کە هەر لە کۆنەوە لە زۆر شتـدا دووربین بون و لە هەست و نەستی میللەتان گەیشتبون وپاش مـاوەیەک بۆیان دەرکـەوت کـە لای خـەڵک ووشـەی (ئینتـداب)یش هەر مـانای داگیرکردن ئەگرێتەوە، بۆیە بە پەلە هەوڵیاندا بەرگ و پۆشتـەنیـەکی تازە بکەنە بەر سیاسەتەکەیان و دەستیان کرد بە پروپاگاندەکردن بۆ خۆیان کە گوایا بۆ رزگارکردنی میللەتانی ناوچەکە هاتون و داگیرکەرنین و دەستیان کرد بە بەجێ هێنانی نەخشەیەک کە مـەلیکیک بۆ عـیراق دابنێن و ئەنجومـەنێک ساز بکەن بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە دەسـەلاتی ئەوەی هەبێ پـەیمانێکی درێژخـایەن بە ناوی حکومـەتی عـیراقـەوە لەگـەڵ بریتانیادا مۆربکا کە ئەو پەیمانە جیگەی ئینتداب بگرێتەوە کە لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی

هەردوکیان هەر یەکیک بوو.

دۆکیومێنتی ژمارە (C.O.730 - 16)ی ساڵی ۱۹۲۰ی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی ئینتدابی بریتانیا بۆ عیراق ئەڵی:

*« بەپێ ی مادە (۱۲)ی پەیمانی ئاشتی کە لە ۱۹۲۰/۸/۱۰دا لە شاری (سیڤەر) مۆرکرابوو، حکومەتی تورکیا بڵاوی کردەوەو دانی پیادا ناکە دەوڵەتە سویندخورەکان (حلفاء) بەرپرسیارن دەربارەی عیراق ولە ئەنجامی ئەوەدا ئەو دەوڵەتانەی پەیمانی ئاشتییان مۆرکردبوو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن بەپێ ی مادە (۹٤)ی ئەو پەیمانە پێویستە لەسەریان بەپێ ی فقرە (٤)ی مادە (۲۲)ی عصبة الأمم دان بەوەدا بنرێت کە ئەبێ حکومەتێک لە میسوپوتامیادا دروست بکرێت بە مەرجێک ئەو حکومەتە لەژێر ئینتدابی بریتانیادا بێ (نزیکترین ووشە بۆ ئینتداب: سەرپەرشتیکردن و چاودێرییە) هەتا ئەو کاتەی ئەو حکومەتە ئەتوانێ خۆی کاروباری خۆی ببا بەڕێوەو حکومەتی بریتانیاش ئەو ئینتدابەی قبوڵ کرد بۆ عیراق لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کە بۆی دانرابوو وە ئامادەیی خۆی پیشان دا کە لە جیاتی عصبة الأمم سەرپەرشتی ی بەڕێوەبردنی کاروباری عیراق بکات .*

جگەلەوە، لێرەدا وا هەندێ لەو مادەگرنگانەی بڕیاری ئینتداب باس ئەکەین:

*مادە (۱): ئینتداب بۆ کورترین ماوە ئەبێت بە مەرجیک لە (۳) ساڵ تێپەڕ نەکا لە مێژووی دەست پێکردنیەوەو ئەبێ یاسایەکی هەمیشەیی بۆ میسوپوتامیا دابنرێت بەمەرجێک ئەو مادانەی کە دائەنرین ڕەزامەندی (عصبة الأمم)ی لەسەربێ و پێویستە ئەو یاسایە بەزووترین کات بکرێ و بڵاو بکرێتەوە.*

*مادە (٤): پێویستە ئینتداب ئەوە بخاتە بەرچاو کە بە هیچ جوریک نابێ بەشیک لە بەشەکانی میسوپوتامیا وازی لێ بهێنرێ و بدرێ بە هیچ لایەک یا ببەخشرێ بە هیچ دەوڵەتێک یاخود بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی بێگانەوە (لە شوینی خۆیدا باسی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز ئەکەین لەم بڕیارە) .*

*مادە (۸): پێویستە دەوڵەتی ئینتداب (بریتانیا) بە جۆرێک ئازادی و سەربەستی لە نێوان دانیشتوانی میسوپوتامیادا بەرپا بکا کە هیچ جۆرە جیاوازییەک هەست پێ*

*نەکرێ چ بە هۆی زمانەوە بێ یاخود بە هۆی جیاوازیی ئایینەوە بێ . پێویستە خوێندن و نوسین بە زمانی نیشتمانی بێت و هەر کۆمەڵگایەک بە جیا قوتابخانەی جیاوازی تایبەتی خۆی هەبێت .*

*مادە (١٦) : نابێ هیچ شتیک رێگا لە ئینتداب بگرێ کە دەزگایەکی ئوتونومی بە ناوی حکومەتیکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردیەکانا پێک بێت لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بن » .*

ئەرنولد ویلسن لە کتێبەکەیدا (٣٧)، ئەو دەزگایەی بە ناوی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ لە رووی ئیدارییەوە ناو هێناوە .

ئەو رۆژانەی بریاری ئینتداب دەرچووبوو، تا ئەو رۆژانە کاروباری عیراق لەلایەن بەشی ئیداریی حکومەتی بریتانیا لە هیندستانەوە ئەبرا بەرێوە، بەلاّم لە دەست پێکردنی ئینتدابەوە بەرێوەبردنی کاروباری میسوپوتامیا لە هیندستانەوە درا بە وەزیری مستعمرات کە چرچل بوو.

ئەدمونس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئینتداب ئەڵێ (٤٥) :

*« پیاوە سیاسیەکانی عیراق لایان وابوو کە ئینتدابیش هەر مانای جۆرە داگیرکردنیک ئەگرێتەوە، بۆیە حکومەتی خاوەن شکوی بریتانیا هەوڵی دا لە زووترین کاتدا لە جیاتی ئینتداب پەیمانێک لەگەڵ عیراقدا ببەستێت کە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە بوونی (ئەنجومەنی دامەزرنیەر) هەبوو کە یاسایەکی هەمیشەیی بۆ عیراق دابنێت و بەپێ ی ئەو یاسایە ئەو ئەنجومەنە دەسەلاّتی مۆرکردنی پەیمانی نێوان عیراق و بریتانیای هەبێ » .*

محمد مظفر الأدهمی لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئینتداب ئەڵێ (٣١) :

*« ساتێک بریاری ئینتداب دەرچوو، چرچل رۆژی ١٩٢٠/٣/٢١ وتبوی :*

*١- بوونی ئینتداب تاقە شتێکە کە لەو رێگەیەوە بتوانرێ دەسەلاّت بۆ بریتانیا موسوەگەر بکرێ و رێگا بکرێتەوە بۆ بەستنی پەیمانێک لە نێوانی بریتانیا وعیراقدا، چونکە ئەگەر ئینتداب نەبێت مانای ئەوەیە دوبارە رێگا بدرێ عیراق بچێتەوە ژێر*

*دەسەڵاتی تورک کە ناتوانرێ بزانرێ ئەنجامی ئەوە بەچی ئەگا مەگەر سەرلەنوێ گفت وگۆیەکی تازە دەست پێ بکرێتەوە لە نێوانی دەوڵەتە سویندخورەکانا بۆ ئەو مەبستە*

*٢- وازهێنان لە ئینتداب هەموو ماف و دەسکەوتێکی ئینگلیز لە کیس ئەدا، لەبەر ئەوە بە هیچ جۆرێک نابێ وازی لێ بهێنرێ، چونکە ئەگەر ئینتداب نەبێ ناتوانرێ بناغەی عیراق بچەسپێنرێ و بریتانیا ناتوانێت هیچ جۆرە پیشنیازێک بدا بە عصبة الأمم دەربارەی عیراق و چرچل هەرەشەی ئەوەی لە عیراق کرد کە ئەگەر بە ئینتداب قایل نەبێت مانای ئەوەیە کە ئەیەوێ بگەرێتەوە بۆ باوەشی تورکەکان » .*

ستیڤن لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئینتدابی بریتانیا بۆ عیراق ئەڵێ (٤٣) :

*« ئینتداب ڕووکەشێکی تەواوبو کە ئینگلیزەکان بتوانن لە پشت پەردەی ئەو ڕووکەشەدا هەروەکو دەوڵەتێکی ئیمپریالیزم دەست بگرن بەسەر خاکی عیراقی پڕ لە نەوت و عیراقی گرنگ لە ڕووی ستراتیجیی شوێنەکەیەوە . ئینگلیزەکان بۆ گەیشتن بەو مەبستە لە ڕێی چرچلەوە هەرەشەیان لە عیراق کردبوو کە ئەگەر لە ڕێگەی ئینتدابەوە ئارام نەگرێ و پێ ی قایل نەبێ ئەوا بریتانیا هێچ جۆرە پێشنیازێک نادا بە عصبة الأمم بۆ قبوڵ کردنی عیراق وەکو ئەندامێک لەو کۆمەڵەدا. لە نامەیەکی چرچل دا بۆ فیصل وتویەتی "هەتاکو تەواو ڕوون نەبێتەوە کە عیراق تواناو دەسەڵاتێکی ئەوتۆی هەیە کە وەکو حکومەتێک خۆی جێگیر بکاو یاسای هەمیشەیی دانەنرێ و عیراق ئامادەیی خۆی پێشان نەدا کە ئامادەیە پەیمانێک لەگەڵ بریتانیادا ببەستێت، ئەوا نابێ بە هیچ جۆرێک بە تەمای ئەوە بێ کە ببێت بە ئەندامی عصبةالأمم » .*

بەو جۆرە بڕیاری ئینتداب دەرچوو، دەزگاکانی بریتانیا لە عیراق دەستیان کرد بە نانی هەنگاوەکانی تری دوای ئەو ئینتدابەو ڕێگا خۆش کرا پەیمانێکی دووقۆڵی لە نێوانی بریتانیاو عیراقدا بەسراو دوای ئەوەش چەند جارێک ئەو پەیمانە تازەکرایەوە .

# (٢)

# کۆنگرەی ئاشتی وپەیمانی سیڤەرو دەوری شریف پاشای خندان

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، دەوڵەتە سویندخۆرەکان چەند جارێک لە ناو خۆیانا کۆبونەوەو هەر لایە بە جیا بۆ سوودی خۆی وبەپێ ی تواناو دەسەلاّت نەخشەی کێشاوەو هەولی داوە ئەوەی لە پەیمانی سایکس - پیکو دا بڕیاری لەسەر درابوو بهێنریتە دی و هەر لایە دەست بگرێ بە سەر ئەو ناوچەیەدا کە نەخشەی دوورو درێژی بۆ کێشابوو، بەرامبەر بەوەش ئەو میللەتانەی کە ماوەیەکی زۆربوو لە ژێر دەسەلاّت و ڕکیفی عوسمانیدابون و چەوسینرابونەوە، هەر یەکەیان بە جۆرێک خەباتی ئەکردو بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە ئازادی و سەربەستی ی دەسگیرببێت کە میللەتی کوردیش یەکێک بوە لەو میللەتە چەوسینراوو بەش خوراوانە .

پاش شەڕی جیهانی یەکەم، کورد هیوایەکی زۆری بە مادەی دوازدە هەمینی چواردە مادەکەی ویلسنی سەرەک کۆماری ئەمەریکا هەبوەو دوابەدوای ئەوەش پەیمانی ئاشتی و سیڤەر ، کە ناوی کوردو مافی کوردی بە ئاشکرا تیادا باسکرابو، کە ئەو پەیمانە مۆرکرا کورد بۆ یەکەم جار لە بەلگە (وەثیقە)یەکی دەولە تیدا ناوی خرایە پێش چاوو شێخ مەحمود لە یەکەم حوکمداریتیدا ئەو مادە دوازدەیەی ویلسنی ترجمە کردبو بە کوردی و لە بازیبەنگەکەیدا هەلی گرتبوو وەکو لە بەرگی یەکەمدا باسمان کردو ساتێک شێخ مەحمود درا بە دادگای سوپایی ئینگلیز لە بغداد لە بەردەمی ئەو دادگایەدا بازیبەنگەکەی کردەوەو ترجمەی مادە (١٢)ی ویلسنی ئەمەریکی دەرهێناو بە ئەندامانی دادگاکەی وت:

*"من بەپێ ی ئەمە داخوازیی میللەت ونیشتمانەکەم کردوەو لە پێناوی سەرگرتنی ئەو بەلێنەدا خەباتم کردوەو من پیاوکوژو چەتە نەبووم بەلکو خاوەنی مافێکی ڕەوای*

خۆم بوم" .

جگە لەوە شێخ مەحمود لە یەکەم حوکمداریتیدا وەکو لە بەرگی یەکەمدا باسمان کرد، هەر وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێرو سیاسیەک مەزبەتەی بە روشنبیران و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕۆژانە کردبوەوەو ناردبوی بۆ شریف پاشای خندان و کردبووی بە نوێنەرو وەکیلی کوردو مافی ئەوەی دابوویە کە بتوانێت بە ناوی کوردەوە لە کۆنگرەی ئاشتی و پەیمانی سیڤەردا داوای مافی کورد بکا بەڵام ئەوەبو ئینگلیزەکان ڕێگەی ئەوەیان نەدا کە ئەو مەزبەتانە بگەنە دەست شریف پاشا وەکو لە دواییدا بە دوورودرێژی باسی ئەکەین. رەفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی پەیمانی سیڤەرو چالاکی شریف پاشا وتویەتی (٢) :

*« تاقە شتێکی زۆر باش کە شێخ مەحمود بۆ کوردی کردبێت بریتی بوە لەو مەزبەتانەی کە بە ئەهالی و عەشایری ناوچەکەی مۆرکردبوو شریف پاشای کردبوو بە نوێنەری کورد لە کۆنفرانسی ئاشتیدا. نوسین و ڕێکخستنی مەزبەتەکان لە پێشدا لە مالی حوکمدار (شێخ مەحمود)دا سازکرا، جگە لە حوکمدارو چەند سەروک عەشیرەتێکی ناسراو هەندێ لە خوێندەوارو تێگەیشتوش و جگە لە (نویل)و ئینگلیزێکی تر (لە یاداشتەکانیا ئەڵێ: ناوەکەیم لەبیرنەماوە) لەو کۆبونەوەیەدا ئامادەبون و من خۆم (رەفیق حلمی) نووسەر (کاتب)ی مەزبەتەکەو ئەو نامە تایبەتیە بوم کە بۆ شریف پاشا نوسراو مەزبەتەکان هەموی درا بە رەشید کابانی خەڵکی سلیمانی کە لە دەوری عوسمانیدا یوزباشی بوو وە لە قوتابخانەی (رشدیە)دا مامۆستای ریاضیات بوو (ئەو رەشید کابانە کە ئێمە قوتابی ی سەرەتایی بوین کرابوو بە مفتشی معارفی سلیمانی) لەگەڵ سید ئەحمەدی بەرزنجی (کە لەوەوە بە سید ئەحمەدی مەرەخەس کە مانای نوێنەر ئەگرێتەوە، جگە لەوە بە دان زێرپیش ناسراوبوە) کە لە دەوری حوکمدارێتی یەکەمی شێخ مەحمودا مامۆستای قوتابخانە بووە وە لە دواییدا بوە بە کاتبی تایبەتی شێخ مەحمودو لە دەوری حوکمدارێتی دووهەمی شێخ مەحموددا کرا بە مدیری ئەمن کە لە دواییدا لە شوێنی خوێدا باسی ئەکەین ».*

رەفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی پەیانی سیڤەرو چالاکی شریف پاشا ئەڵێ (٢) :

« بە داخەوە ئەو مەزبەتانەی بەو دوو کەسەدا نیررا بەر لەوەی بگاتە پاریس هەر دووکیان گیران و مەزبەتەکانیش نەگەیشتنە دەس شریف پاشا » .

شێخ رۆفی شێخ مەحمود لە یاداشتەکانیا دەربارەی نەگەیشتنی ئەو مەزبەتانە ئەڵێ (٢١) :

« وەکو سەید ئەحمەدی بەرزنجی و حسین ناظم بەگ (موستەشاری شێخ مەحمود بوە لە حوکمدارێتی دووهەمیدا) بۆیان باس کردم کە شریف پاشا پێوەندیی بە شێخ مەحمودەوە هەبوەو داوای لە شێخ مەحمود کردبوو کە ماف ودەسەڵاتی ئەوەی بدرێتێ بە ناوی کوردەوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس گفت وگۆ بکا .

باوکم بۆ ئەو مەبەستە جگە لە مەزبەتەی کوردەکانی خوارووی کوردستان، عزەت مدفعی و عبد الله ئاغای حاجی حمە سعیدیشی نارد بۆ ئێران بۆ ئەوەی ئەو مەزبەتەیە بە کوردەکانی ئەوێش مۆر بکرین و هەموو مەزبەتەکان بە کۆمەڵ بنێررێن بۆ شریف پاشا لە پاریس ولە کاتی خۆیدا حسین ناظم شێوەو جۆری دارشتنی مەزبەتەکانی بۆ باس کردم کە خۆی بە دەستی خۆی بە تورکی یا بە فارسی (شێخ رۆف لە یاداشتەکانیا ئەڵێ : لە بیرم نەماوە بە کامیان بوە) ئامادەی کردبوو چونکە لەو رۆژانەدا کەسێکی وا نەبوو ئینگلیزی یا فرنسیەکی باش بزانێت، (وەکو باسمان کرد رەفیق حلمی لە یاداشتەکانیا وتبووی من کاتبی ئەوە مەزبەتانە بوم کە دوور نیە کە دارشتن وشێوەو ناوەرۆکەکەی حسین ناظم ئامادەی کردبێ ولە دواییدا بە دەسخەتی رەفیق حلمی پاکژ کرابێ، هەروەها وا دیارە حیساب بۆ فرنسی زانینەکەی رەفیق حلمی و ئینگلیزییەکەی (نویل) نەکراوە یا وا دیارە نەویستراوە بە پێنوسی ئەوو بە ئینگلیزی بنوسرێ ) .

شێخ رۆف ئەڵێ :

کە مەزبەتەکان مۆرکران و کۆکرانەوە هەموی درایە دەست رەشید کابان و سەید ئەحمەدی مەرەخەس، بەلاّم ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەوە بون و فرنسیەکانیان ڕاسپارد کە

*رێگە نەدەن بە رەشید کابان و سەید ئەحمەد لە رێگەی بیروت وە بگەنە پاریس ولە (حلب) لەلایەن فرنسیەکانەوە گیران وبە خۆیان و مەزبەتەکانەوە نێرران بۆ بغدادو درانە دەست ئینگلیزەکان. ئینگلیز رەشید کابانی بەردا بەلاّم سەید ئەحمەد ئاوارەکرا بۆ دوورگەی (هنجام) لە خلیج دا »* .

مس بێل لە نامەکانیا درۆیەکی ئیجگار زلی کردوە دەربارەی ئەو مەزبەتەتانە کە وتویەتی (٥٥) :

*« ئەو مەزبەتانەی لەلایەن سەروک عەشیرەتەکانەوە مۆرکرابون دوو شتی تێادا بو*

*١- دەربارەی سەرکردایەتی شێخ مەحمود*

*٢- سەروکی عەشیرەتەکان داوایان کردبوو کە خوارووی کوردستان ببەسرێ بە عیراقەوە »* شێخ رۆف لە یاداشتەکانیا وەرامی ئەو درۆیانەی مس بێلی بەم جوارەی خوارەوە داوەتەوە (٢١):

*« ساتێک کتێبەکەی مس بێلم خوێندەوە، ئەوەی باش بوو هێشتا هەندێ لە موستەشارەکانی ئەو سەردەمەی باوکم مابون وکە باسی ئەو مەزبەتانەم لێ پرسین وتیان: ئەو مەزبەتانەی بە مۆرکراوی نیرران بۆ پاریس و ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر داگرت تەنها بۆ داوای مافی میللەتی کورد ئامادەکرابوو وە بە هیچ جۆرێک باسی سەرکردایەتی شێخ مەحمود یا باسی بەستنی کوردستان بە عیراقەوە نەکرابوو »*

بە راستی جگە لەوەی شێخ رۆف باسی کردوە، زۆر رووداوو بەسەرهاتی ئەو سەردەمەی شێخ مەحمود ئەو درۆیەی مس بێل دەرئەخەن چونکە ئەگەر شێخ مەحمود بەوە قایل بووبێت کە کوردستان بخرێتە سەر عیراق ئیتر بۆچی ئەو مەزبەتانە ئەگیرێ و رێگە نادرێ بگەنە پاریس . جگەلەوە ئەو هەموو خەبات وشۆرشانەی شێخ مەحمود زۆری لەبەر ئەوەبوە کە ئینگلیزەکان ویستویانە کوردستان بەزۆرەملی بخرێتە سەر عیراق ؟

جگەلەوە وەکو لە بەرگی یەکەمیشدا لێ ی دواین، شێخ رۆف لە یاداشتەکانیا باسی ئەوەی کردوە کە لە دواییدا ئینگلیزەکان وێنەی ئەو مەزبەتانەیان ناردوە بۆ حکومەتی ئێران کە هەندێ لەو مەزبەتانە وەکو باسمان کردوە لەلایەن کوردی

ئێرانەوە مۆرکرابوو کاربەدەستانی ئێران لە ئەنجامی ئەو مەزبەتانەدا کوردەکانی ئێرانیان بەوە تاوانبار کردبوو کە داوایان کردبوو کوردستانی ئێران بلکێنرێت بە خوارووی کوردستانەوەو لە هەموی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ و ئێرانیەکان لە ئەنجامی ئەوەدا گەلێگ لە سەروک عەشیرەتەکانی کوردیان سزادابوو وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمان کرد . بە لای منەوە وایە کە هیچ دوورنیە ئینگلیزەکان خۆیان مەزبەتەیک بە ئارەزوی دڵی خۆیان بە چەند کسێکی سەربەخۆیان مۆرکردبێ و ئەمە ئەوە بووبێ کە (مس بێل) باسی کردون کە ئەمە بە پێچەوانەی ئەو مەزبەتانە بوە کە درابون بە رەشید کابان و سەید ئەحمەدی بەرزنجی و ئینگلیزەکان بە هۆی فرنسیەکانەوە نەیان هەێشتبوو بگاتە دەس شریف پاشا و ئەوەی دوایی ئەو مەزبەتانە بوە کە هەندێ لە کوردەکانی ئێرانیش مۆریان کردبوو ئینگلیزەکان کۆپیەکیان ناردبوو بۆ حکومەتی ئێران کە سزای ئەوانە بدەن مۆریان کردبوو.

دەربارەی تەقەلاو چالاکی ی شریف پاشای خندان مس بێل ئەڵێ (٥٥) :

*« شریف پاشا لە مارسیلیای فرەنسە لە ساڵی ١٩١٨دا ویلسنی حاکمی گشتی ی بریتانیای لە عیراق دیبوو وە تەقەلای دابوو کە ویلسن رازی بکا کە ئۆتونومی بدرێ بە کورد. شریف پاشا خزمەتێکی گەورەی کرد بەوەی کە هەوڵێکی زۆری دا کوردەکانی خوارووی کوردستان لە تورک بپچرێنێت و بەلای ئێمەدا دایان شکێنێت، بەڵام ئەوسا ئێمە هێشتا پێوەندیمان بە کوردەوە نەبوو بۆیە نەمان توانی داخوازییەکەی شریف پاشا قبوڵ بکەین » .*

دەربارەی چالاکی شریف پاشاو هەوڵدانی بۆ دەسگیربونی مافی کورد، پرۆفیسور حەسرەتیان ئەڵێ (٤٩) :

*« شریف پاشا لە کۆنگرەی ڤرسای دا، لەگەڵ ئەوەی کە لە سەرەتادا نوێنەری تورک بوو بەڵام وازی لەوە هێناو دەستی کرد بە پێوەندی کردن و وتووێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێراندا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کورد لەژێر سایەو بە یارمەتی ئێران پێک بێت. شریف پاشا دوو یاداشتی دا بە گونگرەی ئاشتی، یەکەمیان لە*

*۱۹۱۹/۳/۲۲دا دووهەم لە مارتی .۱۹۲۰دا وە لەگەڵ ئەو دوو یاداشتە نەخشەیەکی تەواوی کوردستانی پێشکەش کردبوو وە لەگەڵ نوێنەری ئەرمەنیەکاندا کەوتە گفتوگۆو بە هەردوولایان یاداشتێکی دووقۆڵیان دا بە کۆنگرەی ئاشتی لە ۱۹۱۹/۱۲/۲.دا » .*

ئەدمونس لە کتێبەکەیدا دەربارەی تەقەلاو چالاکی شریف پاشا ئەڵێ (٤٥) :

*« هۆی باس کردنی میللەتی کورد لە ڤرسای دا ئەگەرێتەوە بۆ ئەو کۆششەی شریف پاشای خندان کە خەڵکی سلیمانی بوو دابووی. شریف پاشا ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە لە دانان و داڕشتنی ئەو مادانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەبو لە گۆنگرەی ڤرسای دا » .*

لەگەڵ شوێندا لە هەردوو بەرگی ئەم کتێبەدا ناوی شریف پاشا هاتوە. شریف پاشا کوری سعید پاشا بوە کە سعید پاشای باوکی برازای سلیمان بەگی(قواس)بوە، هەندێ لە نووسەران لەسەر پێڕەوی ئێرانیەکان (ق) ئەکەن بە (غ) وە بەوپێ یە ووشەی (قواس) بوە بە (غواص) کە بۆ نموونە زەیوەر لە یاداشتەکانیا (۱۳) بە (غواص)ی ناوبردون. سعید پاشای باوکی شریف پاشا کە ماوەیەک نائبی صدری ئەعظم (نائبی سەرەک وزیران)ی عوسمانی بوە، هەروەکو لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد کە خزمەتێکی ئێجگار گەورەی شاری سلیمانی و ئەو ناوچەیەی کردبوو بەوەی کە قوتابخانەی روشدی عەسکەری لە سلیمانیدا کردەوەو ژمارەیەکی زۆری لە خوارووی کوردستاندا پێ گەیاندو بوون بە ئەفسەر. شریف پاشا ماوەیەک وەزیری دەرەوەی حکومەتی عوسمانی بوەو سەردەمێکیش باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی بوە لە (ستۆکهوڵم) و یەیکێک بوە لە هەرە رۆشنبیرەکانی کورد لەو سەردەمەدا کە لە ئەوروپا خوێندویەتی و چالاکییەکی زۆری نواندوەو زۆر شتی ڕوون کردوتەوە بۆ بێگانەکان کە پێوەندی بە کوردو کوردستانەوە هەبوەو لەگەڵ سیاسیەکانی ولاّتاندا دۆستایەتی و پێوەندی بەهێزی هەبوە و توانیبوی خزمەتێکی گەورەی کورد بکا بەوەی لە پەیمانی سیڤردا بۆ یەکەم جار توانیبوی ناوی کوردو کوردستان و مافی کورد لە چەند مادەیەکی ئەو پەیمانەدا بچەسپێنێت و بۆ یەکەم جار ناوی کورد لە

پەیمانێکی دەوڵەتیدا ناوی هێنراوە .

شریف پاشا لە ساڵی ١٩٥١دا لە شاری رۆما (ئیتالیا) کۆچی دوایی کردوە .

لێرەدا دەتوانین بە کورتی هەندێ لە چالاکییەکانی شریف پاشا باس بکەین :

١- ساڵێک باڵیوز بوە لە ستۆکهۆلم و هەوڵێکی زۆری داوە کە پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسە بکاو هانیان بدا کە پشتگیری کورد بکەن لە داخوازییەکانیاو لە فرەنسیەکانی گەیاندوە کە کورد ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە سویندخۆرەکانا بکا (وەکو باسمان کرد مس بێلیش باسی ئەو جۆرە تەقەلایەی شریف پاشای کردوە) .

٢- تەقەلای داوە وەکو پرۆفیسۆر حسرتیان باسی کردوە، کە لە رێگەی وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە یارمەتی حکومەتی ئێران وەربگرێ بۆ دەسگیربوونی مافی کورد .

٣- شریف پاشاکە لە کۆتایی شەری جیهانی یەکەمدا نوێنەری تورک بوەو وازی لەو نوێنەرایەتیە هێناوەو دەری بڕیوە کە ئیتر نوێنەری کوردەو داوای لە هەموو کوردی بەشەکانی کوردستان کردوە کە دەسەڵاتی ئەوەی بدەنێ لە کۆبونەوە دەوڵەتیەکاندا بە ناوی نوێنەری کوردەوە گفتوگۆ بکا .

٤- شریف پاشا تەقەلایەکی زۆری داوە کە دۆستایەتی و هاوکاریی نێوانی کوردو ئەرمەن بەهێز بکاو ئەو ناکوکییەی جاران بە هۆی تورکەکانەوە پەیدابوبو نەی هێڵی و ئەو تەقەلایەی تورکەکانی پووچەڵ کردەوە کە ئەیان ویست پاکانە بۆ خۆیان بکەن و دەستە خویناوییەکەی خۆیان لە کوشتاری ئەرمەنیەکانا بە لەشی کوردا بسوون. لەو ڕوەوە دۆکیومێنتی ژمارە (F.O. 371 - 5068) رۆژی ٣/٢/١٩٢٠دا کە لە ناو ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادایە ئەڵێ (١) :

*« لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ شریف پاشای نوێنەری کورد، وا دەرئەکەوێ کە هەوڵی ئەوە ئەدا لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا لەسەر هەموو شتێک رێک بکەوێ و لە ڕوون کردنەوەیەکدا شریف پاشا تاوانی ئەو کوشتارەی لە ئەرمەنەکان کرابوو کوردیشی تێوە گلێنرابوو بەناوەڕەوا، ئەمانەی هەموو دایە پاڵ تورکەکان کە بە هۆی سوڵتان عبد الحمیدەوە ڕووی دابوو، شریف پاشا ووتی: ئێستا عبد الحمید نەماوەو ئیتر هیچ*

*جۆرە کۆسپ و هۆیەک نەماوە کە ڕێگا لە دۆستایەتی وهاوکاری کوردو ئەرمەنی بگرێ»* .

کولونێل ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد دەربارەی سەربەخۆیی کوردو تەقەلای شریف پاشا وتویەتی (٣٧) :

*« بیری سەربەخۆیی کوردو کوردستان لەوەوە سەری دەرهێنا کە ساتێک لوتانێنت کولونێل کێنیۆن ( Kennion ) لە حوزەیرانی ١٩١٨دا بە گەڕان چوبو بۆ شاری (سەقز) ، لەوێ سەرۆکی عەشیرەتی موکری پێ ی وتبوو : دامەزراندنی حکومەتێکی ئەرمەنی لە ناوچەکانی ژووری تورکیادا لەلایەن کوردەوە پەسند ئەکرێ ولایەنگیری لێ ئەکرێ ئەگەر حکومەتێکی کوردیش لە نێوانی ئەو حکومەتەو حکومەتی عەرەبدا دروست بکرێ.*

سیر پرسی کۆکس کە لە لەندەن بوو، لەو ڕۆژانەدا پێشنیازێکی لەو جۆرەی درابوو بە گوێدا، یەکێک لەو کوردە ناودارو ناسراوانەی کە لە پاریس بوو کە شریف پاشا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەیەکی زۆر بوو لە ولاتەکەی دوورکەوتبوەوەو پێوەندی بە کوردستانەوە نەمابوو، بەلاّم هەر لە منداڵییەوە زۆر بە گەرمیەوە مشوری دوارۆژی کوردستانی ئەخواردو شریف پاشا لە دیسەمبەری ساڵی ١٩١٤دا ئامادەیی خۆی پیشان دابوو کە خزمەتی دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بکا بە ئومێدی ئەوەی ئەو مەبەستەی کە ئەیویست سەربگرێ .

ویلسن لە کتێبەکەیدا لەسەری ئەڕواوو ئەڵێ پێشنیازەکانی شریف پاشا بەو جۆرە بوو کە بەڵێن و پەیمانی بدرێتێ کە ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کوردستان لەژێر چاودێری بریتانیادا. لە ڕاستیدا پێویست بوو شتێک بکەین بۆ کورد هەروەکو ئەوەی بۆ عەرەبەکانیشمان کردبوو، شریف پاشا زۆر پەلەمان لێ ئەکا کە بەدەست وبردی و خێرا ئەو داخوازییانەی بەجێ بهێنرێ و چاوەڕوانی کۆنگرەی ئاشتی نەکرێ و داوای ئەوە ئەکا خوارووی کوردستان نەبەسرێ بە میسوپوتامیاوە بەڵکو ئەیەوێ ئۆتۆنومی بدرێ بە کوردو ئێمە کۆنترۆڵی بکەین و لەژێر چاودێری ئێمە دابێ .

بە ڕاستی ئەوپێش نیازەی شریف پاشا زۆر زەیرەکانەبوو وە جۆرێک بوو لە

ئینتداب و له ئوکتوبەری ۱۹۱۸دا نامەیەکی ناردبوو باسی ئاڵۆزبوونی هەڵویستی کردبوو وه وتبوی کوردو ئەرمەنی بە هاندانی تورکەکان کراون بەگژ یەکترداو تورکەکان لەوەدا مەبەستیان ئەوەیە لە پێشدا ئەرمەنی قەلاچۆ بکرێ ئەوسا دوای ئەوە کورد لە ناو ئەبەن. ویلسن لە سەری ئەڕواو ئەڵێ: بەو جۆرەی سەرداری موکری داوای کردبوو شریف پاشاش هەر بەو جۆرە پێشنیاز ئەکاو ئەڵێ:

*« تاقە رێگەیەک کە ببێتە هۆی بەرپاکردنی ئارام و ئاسایش لە ناوچەکەدا ئەوەیە چ کوردو چ ئەرمەنی هەر یەکەیان لە خاکی خۆیدا مافی نەتەوایەتی خۆی بدرێتێ و هەردوو لایان وەک یەک سەیر بکرین، لەگەڵ ئەوەشدا شریف پاشا پێوەندیی بە کوردستانەوە نەبوە، بەڵام هەندێ پێشنیازو سەرنجی لەلایەن کوردەکانەوە پەسندکرا ».*

ئەوەی کە ویلسن وتویەتی شریف پاشا پێوەندیی بە کوردستانەوە نەبوە، هەندێ راستی هەیە ئەوە بە درۆ ئەخاتەوە، بۆ نموونە :

١- ویلسن هەر خوی ئەڵێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە شریف پاشا پێوەندیی بە کوردەوە نەبوە بەڵام پێشنیازو سەرنجەکانی لەلایەن کوردەوە پەسندئەکرا .

ئاخۆ ئەبێ چون ئەو سەرنج و پێشنیازانەی شریف پاشا پەسندکرابێ ئەگەر شریف پاشا پێوەندیی بە کوردەوە نەبووبێ و نامەی بۆ نەنوسیبن و ئاگاداری ئەو سەرنج و پێشنیازانەی نەکردبن .

هەموو رووداوەکانی سەردەمی حوکمدارێتی یەکەمی شێخ مەحمود بەڵگەی ئەوەن کە شێخ مەحمودو شریف پاشا پێوەندییان بە یەکەوە هەبوە ولەسەر داخوازیی شریف پاشا بوە کە مەزبەتەی بە کوردی خوارووی کوردستان و کوردی ئێران کردوتەوە وبوی ناردوە کە ئینگلیزەکان هەر خۆیان بەرهەڵستی گەیشتنی ئەو مەزبەتانە بون بۆ شریف پاشا لە پاریس. شریف پاشا کە توانیبێتی پێوەندی بە شێخ مەحمودەوە بکا لە خوارووی کوردستاندا کە ئەوسا هۆی پێوەندی کردن و نامەناردن ئاسان نەبوە ئاخۆ چون پێوەندیی بە کوردەکانی تورکیاوە نەبوە - بەتایبەتی بە شێخ عبد القادری شمزینی یەوە کە سەرکردەیەکی بەهێزی ئەو رۆژانەی کورد بوە .

٢- پێوەندیی شریف پاشا بە کوردەکانی تورکیاوە شتێکی بەڵگە نەویستە ولە

لاپەرەکانی داهاتوودا ئەوەمان زۆرتر بۆ روون ئەبێتەوە ئەگەرچی بەداخەوە لەو رۆژانەدا کوردەکانی تورکیا دوتاقم بون، لایەکیان بدرخانیەکان بون ولاکەی تر شێخ عبد القادری شمزینی بوە کە شریف پاشای خندان لایەنگری شێخ عبد القادر بوە لە دواییدا باسی ئەکەین .

هەردو کتێبەکەی بلەچ شێرکۆە (جلادت بدرخان)(١٨) و زنارسلوپی(قدری جمیل بەگ)(١٩) پرن لە باسی هەڵرشتنی خەم وخەفەتی ئەو ناکوکیەی کە کوردی پێ ماڵ وێران بووبوو، لەو رووەوە دۆکیۆمێنی ژمارە F.0.37-16346 رۆژی ١/٢/١٩٢٠دا لە لاپەرە (٢)یدا دەربارەی ناکوکی ویەک نەبوونی کورد لەو رۆژانەدا ئەڵێ :

*«کوردەکان داوای ئەوە ئەکەن بزووتنەوە وراپەرینی کورد لە کوردستاندا پەرە بسێنێت. حمدی پاشا پێشنیازی ئەوە ئەکا کە شێخ عبد القادر لەگەڵ تاقمیکدا بچن بۆ موصل وە لەویوە دەس بکەن بە تێکوشان وراپەرین بەلاّم بەدرخانیەکان روویان لە شوینێکی تر کردوە، عبد الرحمن پاشای برای ئەمین بدرخان چوە بۆ بیروت بۆ ئەوەی لەگەڵ فرنسیەکان باسی دەسەلاّنداریتی فرنسە بکا لە کوردستاندا، بەلاّم هیچی لەو رووەوە دەسگیر نەبوە چونکە تەقەلاّیەکی بێ هوودە بوو بۆیە سەری نەگرت .*

٣- بەڵگەیەکی تر بۆ بەدرۆخستنەوەی ویڵسن : رفیق حلمی لە بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا ئەڵێ (٢):

*« کۆمەڵی نیشتمانی کورد لە ئەستەمبول لەگەڵ نوێنەری دەوڵەتە سویندخورەکان کەوتە گفت وگۆ کردن وهەمویان برپاریاندا شریف پاشا بە ناوی نوێنەری کوردەوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا داوای مافی میللەتی کورد بکا » .*

بەمەی رەفیق حلمی دا دەرئەکەوێ کە شریف پاشا پێوەندی بەو کۆمەڵەوە هەبوە کە ئەوە بە درۆ ئەخاتەوە کە شریف پاشا پێوەندیی نەبوە بە کوردەوە .

جگە لەو سێ بەڵگەیەی پێشوو، لە لاپەرە (١١٧)ی دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-5067) - No. 27 ی رۆژی ٢٢/٢/١٩٢٠دا بەڵگەیەکی ئاشکرای تیادایە دەربارەی پێوەندیی نێوانی شریف پاشاو کورد کە ئەڵێ :

*« لە هەفتەی دوهەمی شباطی ١٩٢٠دا نوێنەری کۆمەڵەی لاوانی کورد لە*

ئەستەمبولْ لەگەلْ شریف پاشادا لە سویسرە كۆبونەوەو ئەو گەنجە كوردانە شریف پاشایان ئاگادارکردبوو کە پێوەندییان بە (سمکۆ) و (سید طه)ی شمزینیشەوە هەیە جگە لە چەندی عەشیرەتێکی تری کوردیش. داخوازیی ئەو کۆمەڵە بریتی بوە لە :

١- پێویستە دان بە نەتەوایەتی کوردا بنرێت.

٢- پێویستە شەقلْ وقەوارەی ئەو نەتەوایەتیەی کورد تەنها هەر لە کوردستانی مەرکزی وخواروی کوردستاندا نەبێ بەڵکو پێویستە لە ناوچەی (ئورفە) و (دیاربکر)یشدا هەبێ ».

.لەگەلْ ئەوەشدا رەفیق حلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا رەخنەیەکی زۆر توندو تیژی گرتوە لە هەڵویستی کوردەکانی تورکیا بەرامبەر بە شریف پاشا و وتویەتی :

« کوردەکانی تورکیا (بێگومان جگە لە شێخ عبد القادر شمزینی و تاقمەکەی) پشتیوانییان لە شریف پاشا نەکردوە، بەڵکو بە هاندان وبە چاوترساندن وبە دەم شیرین کردن وبە تەقەلای مصطفی کمال و تورکیزمەکان توانرا بە تلگرافێکی ڕاست ودرۆ بە ناوی ئەو کوردانەی سەر بە مصطفی کمال بون تلگرافێک بنێرن بۆ کۆنگرەی ئاشتی کە وتبویان شریف پاشا نوێنەری ئەوان نیە، بەلاّم لەگەلْ ئەوەشدا شریف پاشا بەو تلگرافانە سارد نەبوەوەو و کۆڵی نەداو لە چالاکیی خۆی نەکەوت و هەروەکو سیاسییەکی زرنگ و لێ هاتوو توانیی مافی کورد بخاتە بەر دەستی کۆنگرەی ئاشتی و توانیبوی بە فرەنسی لە ١٩١٩/٣/٢٢دا یاداشتێک پێشکەش بکا لەژێر ناوی Memorendom sur les revendiction due people Kurd وە لەو یاداشتەدا باسی نوێنەرایەتی خۆی و باسی مافی کوردی تیادا کردوە » .

لە ناو دۆکیومێنتەکانی وزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-5067) رۆژی ١٩٢٠/٢/٢٧ لە لاپەڕە (١٦٠)دا باسی نامەیەکی ئەدمیرال Robeek ئەکا کە لە ئەستەمبوڵەوە ناردویێتی بۆ وزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی ناکوکی کوردەکانی تورکیا لەناو خۆیانا ئەڵێ :

« کێشەیەکی گەورە پەیدا بوە لەناو کوردەکاندا بە هۆی شریف پاشاوە، کە دوونیە ئەو ناکوکیە ببێتە هۆی ئەوەی کوردستان بکەوێتە ژێر دەسەلاّت وچاوودێریی دوو

*دەوڵەتەوە کە یەکەمیان فرنسەیە لە ناوچەی (سیواس) و (خربوط) وەهەندێ شوێنی تری ژوور ئەو ناوچانە، دوەمیان بریتانیا کە لای خواروی ئەو شوێنانەی بەرئەکەوێ کە (جزیرە) و (بۆتان) ئەگرێتەوە کە ناوچەی بنە ماڵەی بدرخانیەکانە. بەلأم شریف پاشا لەگەڵ ئەوەدا نیەو ئەیەوێ ئۆتۆنومی بۆ هەموو کوردستان هەبێت کە سەرکردە کوردەکان لەناو خۆیانا لەسەر ئەوە رێک بکەون. یەکێکی وەکو شێخ عبد القادر شمزینی دەیەوێ کوردستان لەژێر سایەی تورکدا بێ (مەبەست ئەو تورکانە بوە کە لەژێر سایەی دەوڵەتە سویندخورەکانا نیمچە دەسەلأتیکیان لە ئەستەمبوڵدا هەبوە وئەوانە جیا بون لە تورکیزمەکانی تاقمی مصطفی کمال).*

دۆکیومێنتەکە لە سەری ئەرواو ئەڵێ : *وا دیارە بەدرخانییەکان لەگەڵ شریف پاشادا نین، بەلأم پرسیاریکیان لەو رووەوە هەیە ئەویش ئەوەیە : ئایا دەستبەجێ بڕیار لەسەر شتێکی ئەوتۆ ئەدرێ کە رێگا لە جموجوڵی ئەو عەشایرانە بگیرێت کە بە هاندانی بوڵشەو یکەکان رەنگە لەگەڵ تورکیزمەکانا یەک بگرن ؟».*

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا لە باسی میجەر(نویل)دا لە تەقەلأکانی دواین کە کاربەدەستانی بریتانیا بۆ ئەوەیان ناردبوو بۆ کوردستانی تورکیا کە ئەو کوردانەی لەو رۆژانەدا سەر بە کمالییەکان بوون لە تورکیزمەکانیان دووربخەنەوە ومس بێل لە نامەکانیا دانی بەوەدا نابوو کە ئەو چوونەی میجەر نویل کاریکی سەرکەتوو بوەو ئەو مەبەستەی کە کاربەدەستانی ئینگلیز ویستبویان بەو چوونەی نویل هاتبوە دی .

لە لاپەڕە (١٦٢)ی دۆکیومێنتی ژمارە (F.O.371-5067) رۆژی ٢٧/٢/١٩٢٠ لە فقرە (١٨٩)ی دا ئەڵێ :

*« ئەدمیراڵ Robeek ئەڵێ : هیچ نەخشەو پێشنیازێک ئامادە نەکراوە دەربارەی دابەش کردنی کوردستان لە نێوان بریتانیاو فرنسەداو تائێستە باسی دوارۆژی کوردستان نەکراوەو هەر باسێک کە پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ هێڵراوەتەوە بۆ کۆبونەوەکانی (سیڤر) کە بڕیار لەسەر میراتەکەی ئیمپراتوریەتی عوسمانی بدرێ، ئەم بۆ چوون وڕوون کردوەیەش تەنها بۆ دڵنیایی کردنەو ئاگاداری ئەو پروپاگاندانەشتان ئەکەین کە لەم لاولاوە بلأودەکرێتەوە » .*

له دۆکیومێنتی ژماره (F.O.371-5061) ڕۆژی ٢/٣//١٩٢٠.دا نامەیەکی مندوبی سامی بریتانیای تیادایە لە ئەستەمبوڵ کە نێرراوە بۆ وزارەتی مستعمرات کە باسی یاداشتێکی شێخ عبد القادر شمزینی وشریف پاشای نوێنەری ئەکا کە مستر (راین) ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەو یاداشتە ئامادە کردوە کە ئەمەی خوارەوە کورتەی ئەو ڕاپۆرتەیە :

*« نیشانە بە تلگرافی ژمارە (١٦٩)ی ڕۆژی ٢٧/٢/١٩٢٠، وا بە تەرجومەکراوی یاداشتی عبد القادرتان بۆ دەنێرین کە داوای ئەوە ئەکا سیاسەتی بریتانیای بۆ ڕوون بکرێتەوە بەرامبەر بە کوردو ئەڵێ لەوە ئەچێ ئینگلیزەکان هەڵویست ئەهێڵنەوە بۆ فرنسیەکان لە کوردستاندا و منیش (راین) لە شێخ عبد القادرم گەیاند کە ئەو ئاڵ وگۆڕە تازەیەی کە ڕوویداوە تەنها پێوەندیی بە (کیلیکیا)وە هەبوە وبریتی بوە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئێرانیەکاندا دەربارەی سنوور، لەوەرامدا عبد القادر ئەڵێ : مراسلی ئێمە (یا نوێنەری ئێمە - کە رەنگە مەبەستی شریف پاشا بووبێ) ئاگاداری کردین کە فرنسیەکان نیازیان وایە سنووری دەسەڵاتیان (سیواس) و (خربوط) بگرێتەوە وە بەتەمای هەندێ جێگەی تریشن و خەریکی ئەوەن کورد بەلای خویانا داشکێنن (لە دۆکیومێنتی پێشوتردا باسی ئەوە کراوە کە عبد الرحمن پاشای برای ئەمین بەدرخان لە ١/٢/١٩٢٠دا بۆ ئەو مەبستە چوبو بۆ بیروت بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ فرنسیەکان)، بەڵام کوردەکان ئەوەیان پێ خوش نیە (ئەمەش هەر شێوەیەک بوە لەو ناریکیەی بەدرخانیەکان وشێخ عبد القادری شمزینی) چونکە دەیانەوێ لەژێر سایەی بریتانیادابن ولایان وایە تەنها بریتانیا دەتوانێت وا لە سەرکردایەتی کورد بکا کە ڕێگا لە تورکە قەومیەکان وبۆلشەویکەکانی دۆستیان بگرێت. بە کورتی عبد القادر داوای پشتگیری ئەکاو ئەیەوێ ئێمە پاریزگاری کوردبین ونایەوێ لەژێر سایە ودەسەڵاتی هیچ دەوڵەتیکی تردابن. ڕاپۆرتەکە لەسەری ئەرواو ئەڵێ : بۆم دەرکەوتوە کە عبد القادر ئەگەرچی دژی تورکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی سەربەون وهاوکاریی ئەکەن زۆریان ئایندارن بۆیە ئەیەوێ ئەو ئۆتۆنومییەی ئەدرێ بە کورد هەر لە ژێر سایەی تورکدا بێ (ئەوانەی ئەستەمبوڵ)، وا دەرئەکەوێ لە بغداد ئەیانەوێ*

*(مەبەستی لە کاربەدەستانی ئینگلیز بوە لە بغداد) بایەخ نەدریٰ بە شێخ عبد القادر، من سید طە ناناسم، بەلاٌم تیٰ ناگەم ونازانم چ هۆیەک وای کردوە کە سید طە توانیویتی خۆی نزیک بکاتەوە ؟ ئەگەر بە دوای سەرکردایەتیەکی تەواوی کورددا ئەگەڕێن لام وایە ئەو کەسە شێخ عبد القادر بیٰ نەک سید طە » .*

---

بێگومان ئەوەی مەبەست بوە لەو دۆکیومێنتەدا ئەو ڕۆژانە بوە کە سید طە چوبو بۆ بغدادو پێوەندی بە ئینگلیزەکانەوە هەبوە یەکیک بوە کە ئینگلیز بیری لیٰ کردبوەوە کە بیکا بە حوکمداری کوردستان وەکو لە دواییدا باسی ئەکەین.

ڕاپۆرتەکە لەسەری ئەڕواو ئەڵیٰ :

*« ئەزانم کە هۆی ئەو مەترسییەی شێخ عبد القادر لە نامەیەکی شریف پاشاوە پەیدا بوە کە وتویەتی : ئەویستریٰ ژورروی کوردستان بۆ فرەنسە بێت وهی خوارووش بۆ بریتانیا و وای پێشان داوە کە ناوچەی (جزیرە) کە هی بەدرخانیەکانە بۆ فرەنسە ئەبێت وبەپێی نامەکەی شریف پاشا لە ئەنجامی ئەوەدا هەندیٰ ناوچەش لەکیس ئەچێت بۆ سوودی سید طە شمزینی.*

ڕاپۆرتەکە ئەڵیٰ : *باشترین شت ئەوەیە کە هەموو کوردستان بە تێکڕایی ئۆتۆنومی بدریٰتیٰ لەژێر سایەی توورکدا کە کوردەکانی تر لەسەر ئەمە ڕێک ناکەون و وا دیارە شێخ عبد القادر ئەو ئۆتۆنومییەی بەدڵ بیٰ بەلاٌم داوای گەرەنتی ئەکا چونکە بەدرخانیەکان باوەڕیان بە توورک نیە.*

*لام وایە توورکەکان (ئەوانەی ئەستەمبوڵ کە دژی توورکیزمە کمالییەکان بون) شریف پاشایان بەلای خۆیانا داشکاندوە ولەوە ئەچیٰ پێوەندیی لەگەڵ توورکە دەسەلاٌتدارەکاندا هەبێت وە هەتائێستە چەند جاریک پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە پێویستە سیاسەتیکی وا بەکار بهێنریٰ کە دژی توورکیزمەکان بیٰ وپێوەندیی لەگەڵ توورکە معتدلەکاندا هەبیٰ کە ئەتوانریٰ شێخ عبد القادرو بەدرخانیەکان هەردوکیان حسابیان بۆ بکریٰ و دەسەلاٌتیان لە ناوچەکانی خۆیانا هەبێت کە ئەمەیان باشترە لەوەی کە کوردستان جیابکریٰتەوەو بخریٰتە ژێر سایەی بریتانیاو فرەنسەوەو لام وایە فرەنسیەکان لە هەر جیگەیەکدا دەسەلاٌتداربن کێشەیەک لەو ناوچەیە پەیدا ئەکەن».*

لە ڕاپۆرتیکی تردا، لەناو دۆکیومێنتی ژمارە F.O.37 - 5068 ڕۆژی ١٩٢٠/٥/٣دا کە لە مندوبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبوڵەوە نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئەڵێ:

« کوردەکان لەناو خۆیانا هەر لایە بەجیا بۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەم ڕاستییە هەر لە سەرەتای شەڕی جیهانییەوە هەستی پێ کراوە، بەڵام لە شوباتی ئەمساڵ بە دواوە ئەو ناکۆکییە زۆرتر پەرەی سەندوە، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی شریف پاشای کوردو نوبار پاشای ئەرمەنی لەگەڵ یەکتردا ڕێک کەوتن و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو ڕێک کەوتنە بوو بە هۆی ناکۆکیەکی زۆر لەناو کۆمەڵگای کوردەکاندا. ئەوانەی کە زۆر لایەنگری سەربەخۆیی کوردن بە ئاشکرا نایانەوێ خۆیان تووشی ئەو گێچەڵە بکەن کە لەوەوە پەیدا ئەبێت وچاوەڕوانی ئەوەن کۆنفرانسی ئاشتی بە ئاشکرا دان بە مافی کورددا بنێت وکورد دڵنیابێ لەوەی کە پشتگیری ئەکرێ لەو داخوازییەدا (سەربەخۆیی) وە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا نامێنێتەوە ئەوسائەیانەوێ ئەو مەبستەی خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن.

ساتیک ڕێکەوتنی شریف پاشاو نوبار پاشا بڵاوبوەوە، شێخ عبد القادر کە نوێنەری سەرکردایەتی کوردە نایەوێ بە ئاشکرا دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بە تورک ئاشکرا بکا، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە ڕۆژنامەی (ئیقدام)ی تورکی (کە لە ئەسمتبوڵ دەرچوەو پێوەندیی بە تورکیزمە کەمالییەکان نەبوە) لە ١٩٢٠/٣/٢٧دا بڵاوی کردبوەوە کە تورک ئامادەیە ئۆتۆنومی بدا بە کورد وە باسی ئەوەشی کردبوو کە ناوی کورد لەو ڕۆژانەدا کەوتبوە ناو باس وگفتوگۆوە.

هەندێ لە کوردەکان وەکو بنەماڵەی بابان وبدرخانی خۆیان لە کۆمەڵی کورد Kurdish Club (بە ڕۆشنبیرانی کورد ناوی هیناون) کێشایەوەو کەوتنە سەرزەنش کردن ورەخنەگرتن لە شێخ عبد القادرو بیزاریی خۆیان دەربڕی بەرامبەر هەڵوێستی شێخ عبد القادرو بەوە تاوانباریان کرد کە ڕازی بوە بە ئۆتۆنومی لەژێر سایەو دەسەڵاتی تورکدا ولە سەربەخۆیی کورد لای داوە.

لە سەرەتایی نیسانی ١٩٢٠دا شێخ عبد القادر لەلایەن بازرگانەکان وکوردەکانی

*خوار پلەی چینی ناوەڕاستەوە پشتگیری لیٚ کراو لەناو خۆیانا شیٚخ عبد القادریان بە تاقە نویٚنەری کورد داناو لە ئەنجامی ئەوەدا تاقمی بدرخانیەکان وئەوانەی هاوبیریابون شیٚخ عبد القادریان ئافەروزکردو شیٚخ عبد القادر بەرامبەر بەوە کۆمەڵەی کوردی هەڵوەشاندەوە وبلاٚوی کردەوە کە هەڵبژاردنیٚکی نویٚ ئەکریٚ » .*

بەرامبەر بەو هەڵویٚستەی شیٚخ عبد القادر هەروەکو لە دۆکیومیٚنتی ژمارە (F.O.371-50068) رۆژی ١٤/٤/١٩٢٠دا لە لاپەڕە (٢٢٦)یدا بڕیاریکی تیادایە کە لەو رۆژانەدا بە ناوی ئەمین ئالی بدرخان کە نائبی سەرۆکی کۆمەڵەی کورد بوە لەگەڵ (حمدی) کە سکرتیری گشتی ی کۆمەڵە بوە بلاٚویان کردەوە کە لەبەر ئەوەی سید عبد القادر هەندیٚ تصریحاتی داوە لە ئەنجومەنی ئەستەمبوڵداو قسەکانی بە پیٚچەوانەی سیاسەتی کۆمەڵەی کورد بوە لەبەر ئەوە بە زۆربەی دەنگەکان بڕیاری لابردنی درا لە سەرۆکایەتی کۆمەڵ.

لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیەدا کار گەیشتە ڕادەیەک کە بەدرخانیەکان وهەندیٚ لە رۆشنبیران بلاٚویان کردەوە کە ئیتر شریف پاشا بە نویٚنەری کورد ناژمیٚرریٚ لە پاریسدا، بەلاٚم شریف پاشا گو ییٚی نەدایە ئەو تلگرافەو خۆی تلگرافیٚکی نارد کە نویٚنەری کوردە کە ئەم هەڵویٚستە سوودیکی زۆری تیادا بوە بۆ تورکیزمەکان.

لە هەمان دۆکیومیٚنتی پیٚشودا لە لاپەڕە (٢٢٧)دا ڕاپۆرتیکی تیایە ئەڵیٚ :

*« ئەمین ئالی بدرخان کە جیٚگری سەرۆکی کۆمەڵەی کوردە وحمدیی سکرتیری گشتی ی کۆمەڵە بلاٚویانکردەوە کە شریف پاشای نویٚنەری کورد لە پەیمانی ئاشتیدا خۆی بەشتی واوە خەریک کردوە کە لەگەڵ پەرژەوەندیی کوردا یەک ناکەویٚ لەبەر ئەوە لیژنەی کۆمەڵە بڕیاری لابردنی داو لە جیاتی ئەو یەکیکی تر ئەکریٚ بە نویٚنەری کورد » .*

لە لاپەڕە (٢٢٨)ی دۆکیومیٚنتی ژمارە F.O.371-5068 ڕاپۆرتیکی تیادایە کە لە رۆژی ٢٣/٤/١٩٢٠دا نوسراوە، تلگرافیکی شریف پاشای تیادایە کە لە (مۆنتی کارلۆ)وە بە فەرنسی ناردویٚتی (ناسیاویک ئەو تلگرافەی بۆ کردم بە ئینگلیزی) لەو تلگرافەدا شریف پاشا ئیخلاصی خۆی بۆ خلافەتی ئیسلام دەربڕیوەو دژی ئەوانە بوە

که ویستویانه لێی جیابنەوەو وتوویەتی:
*« من بەرلە هەموو شتیک، هیچ مسائلیکی سیاسی وام لێ ناکا که له خلیفەی ئیسلام دووربکەومەوە »*.
(بێگومان ناوەڕۆکی ئەو تلگرافه لەگەڵ خواستی شێخ عبد القادردا یەک بوه).
دۆکیومێنتەکە له باسی هەڵویستی کوردەکانی تورکیای ئەو رۆژانەدا ئەڵێ :
*« شێخ عبد القادر لەو هەڵویستەیدا زۆر دووربینی کردبوو چونکه ئەیویست لایەنگرێتی بریتانیا بۆ خۆی موسوەگەر بکا (مەبەست ئەوەیه که شێخ عبد القادر هەرچەند ئەو تورکانەی که نەی ویستبوو لێیان جیابێتەوە که بەناوی خلیفەی ئیسلامەوە هێشتا له ئەستەمبوڵدا بون، بەلاٚم له ڕاستیدا ئەو خەلافەته لەژێر سایەو دەسەلاٚتی دەوڵەته سویندخۆرەکان دابوه که بریتانیا گرنگترینیان بوه)، جگه لەوه شێخ عبد القادر ئەوەشی ئەزانی که به ئاسانی ناتوانیت سەربەخۆیی بۆ کورد لای تورکەکان موسوەگەر بکات »* .
مندوبی سامی بریتانیا له ئەستەمبوڵ لەو دۆکیومێنتەدا ئەڵێ :
*« ژمارەیەک لەو کوردانەی که لەناو خۆیانا نارێک بون ئەهاتنه لام بۆ ئەوەی هەر لایه بەجیا بیرو ڕای خۆی بۆ من ئاشکرا بکات، بەلاٚم من هیچ شتیکی وام دەرنەدەبڕی بۆیان که بریتی بێ له ڕوون کردنەوەی سیاسەتی حکومەتی بریتانیا، چونکه دەمزانی ئەو کێشەیه له کۆنگرەی ئاشتیدا باس دەکرێ وئەوەشم ئەزانی که کوردەکان لەناو خۆیانا لەسەر شتێک ڕێک ناکەون »*.
له دۆکیومێنتی ژمارە F.O.371-5068 ڕۆژی ۳/۲/۱۹۲۰دا ئەڵێ :
*« ساتێک ئەدمیرال (وێب) له شریف پاشای پرسی : کێ دەسەلاٚتی ئەوەی داوه به تۆ که بەناوی نوێنەری کوردەوه گفتوگۆ بکەی ؟ له وەرامدا شریف پاشا پێ ی وتبوو: ماوەی نۆ مانگه له پاریسدا نوێنەری کوردم وبەناوی ئەوانەوه گفتوگۆم کردوه »* .
له لاپەڕه (۲۳)ی دۆکیومێنتی ژمارە F.O.371-5068 ڕۆژی ۲۵/۳/۱۹۲۰دا دەربارەی نوێنەرایەتی کورد، وزارەتی دەرەوەی بریتانیا نامەیەکی ناردووه بۆ حاکمی

گشتی بریتانیا له بغداد (که ویلسن بوه) ئەپرسیٚ :

*« شریف پاشا له لەندەنەو بەناوی نوێنەری کوردەوه قسه ئەکا، لەو ڕوەوە وزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئەپرسیٚت ئایا لای ئێوه (مەبەستی خوارووی کوردستان بوه) کەسێکی تری وا هەیه که لەویٚ بەناوی هەموو کوردستانەوه، یا بەناوی بەشێک له کوردستان له کۆنگرەی ئاشتیدا داوای مافی کورد بکات ؟ » .*

له وەرامی ئەوەدا له فقره (٦)ی لاپەڕە (٦٥)ی هەمان دۆکیومێنتدا ئەڵیٚ :

*« بیرکردنەوەی حکومەتی خاوەن شکۆ دەربارەی فراون کردنی ئۆتۆنومی بۆ خوارووی کوردستان دەبێته هۆی کێشەیەکی زۆر له ناوچەکانی تری میسوپوتامیادا (نیازی له شیعەکان بوه) » .*

له ڕاستیدا ئەو وەرامه بریتی بوه له بیرو ڕاو بۆچوونی ئەو ئینگلیزانەی لەو ڕۆژانەدا کاروباری عراقیان ئەبرد بەڕێوه که به زۆری نەک هەر دژی سەربەخۆیی کورد بەڵکو دژی ئۆتۆنومیش بون بۆ کورد وەکو له باسەکانی داهاتوودا باشتر بۆمان ڕوون ئەبێتەوه.

له فقره (١٠)ی هەمان دۆکیومێنتی پێشودا ئەڵیٚ :

*« بۆ وەرامی وزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی بوونی نوێنەرێکی کورد بۆ هەموو کوردستان یا بۆ بەشێکی، هیچ کوردیکی وا نیه که لێره بڵیٚ من نوێنەری هەموو کوردم یا نوێنەری بەشێکی کوردستانم، بەڵکو هەر یەکەیان له شوینی خۆیدا ئەیەویٚ جیابیٚ لەوانی ترو کەس بەکەس قایل نیه وله ڕاستیدا هەڵکەوتی جوگرافیای کوردستان وای له کورد کردوه که تا ئێسته یەک نەگرتوو پارچه پارچه بێت » .*

له فقره (١١)ی ئەو دۆکیومێنتەدا ئەڵیٚ :

*« حاکمی گشتی بریتانیا له بغداد لای وایه هەستی نەتەوایەتی کورد حیسابی بۆ کراوەو ڕێزی لیٚ گیراوه ».*

مەبەستی ئەو تەقەلا ناوچەییەی میجەر سۆن بوه که تەنها لەناو شاری سلیمانیدا بۆ چاو بەست وبۆ ڕواڵەت ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی دەرئەهێناو چەند تەقەلایەکی ڕووکەشیی تەنها لەناو شاری سلیمانیدا دابوو که له سنووری ناو شار تێپەڕی

نەدەکرد وەکو لە دوایـیدا بە دوورو دێژ لێ ی ئەدوێین. *لەگەڵ ئەو هەوڵ وکۆششەی کە ئینگلیز ئەیدا بۆ ئەوەی دەنگی کـورد خـوارووی کـوردسـتـان کپ بـکرێ ونەگاتە شوێنی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کورد لە تورکیا توانیبویان دەنگی خۆیان بگەیەننە شوێنی خۆی*».

لە دۆکیومێنتی ژمارە F.O.371-5068 رۆژی ١٤/٤/١٩٢٠دا ئەڵێ :

*« لـە ١٩٢٠/٣/٤دا ئەمـانەی خوارەوە نـامـەیەکـیان نـارد بۆ لوید جـورجی وەزیری دەرەوەی بریتـانیـاو ئەڵێن : ئێمـە کە ناومـان لە خوارەوە نوسراوە بە ناوی نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانەوە سوپاستان ئەکەین دەربارەی ئەو گفتوگۆیەی کە بۆ یەکـەم جـار لە پەرلمانی ئێوەدا لـە ٢٥/٢/١٩٢٠دا دەربارەی ئازادیی کـورد باستان کردبوو، ئومێدەوارین لە سایەی دەوڵەتە سویندخۆرەکانەوەو بەهۆی پشتگیری ویارمەتیدانی بریتانیاوە ولاتەکەمان بەرەو پێشکەوتن بڕواو گۆڕینیکی تەواوی تیادا ڕوو بدات.*

*ناوەکان:-*

*١- ئەمین ئالی بەدرخان - بەناوی -* *Kurdish Association*

*٢- سەلیم بەکر - بەناوی - سکرتیری گشتی پارتی دیوکراتی کوردستان*

*٣- صبری - بەناوی - سەرۆکی رێکخراوی قوتابیانی کورد*

*٤- بەکر - بەناوی - سەرۆکی رێکخراوی کۆمەڵەی (نەشری مەعارف)*

*٥- کەمال فەیزی - بەناوی - رۆژنامە نووسەکانی کورد »* .

لەو رۆژانەدا کە لە کۆنگرەی ئاشتی و کۆبونەوەکانی ڤرسای دا باسی کوردو مافی کورد ئەکرا وە دوای ئەوەش بە ماوەیەک کاربەدەستانی بریتانیاو سیاسەتمەدارانی انگلیز لە دەزگاکانی ئەستمبول و بغداد، هەر لایە بەجیا خەریکی دەس نیشان کردنی نەخشەیەک بون دەربارەی کوردستان ودەربارە ی دوارۆژی میللەتی کورد.

بۆ نموونە لە فقرە (٥٢)ی دۆکیومێنتی ژمارە F.O.371-5067 دا ئەڵێ :

*مستر لەوسن Lawson لە پارلماندا لە سەرۆکی وزیرانی پرسی : ئایا هەڵویست لە کوردستان ومیسوپۆتامیادا چونەو ئایا هیچ بڕیاریکی وا هەیە کە سەربەخۆیی بدرێ*

*بە کورد؟ وە ئەگەر نیازی شتی وا هەیە ئایا ئەو سەربەخۆییە ناوچەکانی هەموو عەشایرەکانی کورد ئەگرێتەوە وەکو لە پێشدا دەس نیشانی ئەوە کرابو کە لەژێر چاودێری بریتانیاو فرنسەدا بن؟ ئایا پەرژەوەندیی کوردو ئاسوری وکریستیانەکان خراونەتە بەرچاو؟*

---

لە وەرامی ئەو پرسیارانەدا مستر بونار لۆ Bonar Law وتی :

*هەتا ئێستە باسی کورد هێلراوەتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی بۆ ئەوەی لەو کۆنگرەیەدا چی بە پێویست بزانرێ دەربارەی کورد وئاسوری جێ بە جێ بکرێ .لوتانانت کێن وورث Ken Worth یش لە هەمان کۆبونەوەی پارلماندا پرسی ئەوەی کرد کە ئایا ئێمە لە پارلماندا راپۆرتێکی سیاسیمان ئەدرێتێ دەربارەی میسوپۆتامیا؟ لە وەرامی ئەو پرسیارەشدا (بونار لۆ) وتی : جارێ کاتی باسکردنی ئەوە نەهاتوەو بە باش نازانرێ هیچ باسیک لەو رووە بکرێ، چونکە باسەکە بەشێوەیەکی گشتی هێلراوەتەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی.*

*مستر ئورمسبی گۆر (Ormsby Gore) پرسی ئەوەی کرد ئایا کورد نوێنەری خۆی هەیە لە پاریسدا یا لە لەندەندا بۆ ئەوەی بەناوی کوردەوە قسە بکا ؟ دوبارە مستر بونار لۆ لە وەرامدا وتی : ناتوانم وەرامی هیچ پرسیاریک بدەمەوە لەوە زیاتر کە بڵێم: لەلایەن دەوڵەتە سویندخۆرەکانەوە حیساب بۆ نوێنەری کورد ئەکرێ ».*

لە راپۆرتیکی تری ناو دۆکیومێنتی ژمارە F.O.371-5068 باسی گفتوگۆیەک ئەکا کە لە رۆژی ١٣/٤/١٩٢٠دا کرابو دەربارەی رۆژهەلاتی ناوەراست کە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی بریتانی لەو گفتوگۆ کردنەدا بەشداربون، لە لاپەرە (١٩١)ی ئەو دۆکیومێنتەدا ئەڵێ :

*« سێ چوار کۆبونەوە کرا بۆ لێکۆڵینەوەی باسی کوردستان کە لە هیچ کۆبونەوەیەکدا ئەوانەی بەشداریان کردبوو نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک کە ئەوەش خەتای کۆبونەوەکان نەبوو بەڵکو هۆی ئەو رووداوانە بوو کە لەکاتی کۆبونەوەکاندا رووی ئەدا. یەکەم جار پێشنیازی ئەوە کرا کە چەند حکومەتێکی پەراوێزی (هامشی) لە ناوچەکانی ویلایەتی موصلدا ساز بکرێ ... .*

پێشنیازێکی تر لەو ڕووەوە بریتی بوو لەوە ی کە بەپێی داخوازیی فەرەنسیەکان ئەبوایە کوردستان بخرایەتە ژێر سایەی بریتانیاو فەرەنسەوە. ساتێک وەزیری دەرەوەی بریتانیا بۆ کاروباری هندستان بەو کۆبونەوەیەدا گەیشت وبەشداریی کرد، داوای ئەوەی کرد کە حکومەتێکی ئۆتۆنومی بۆ کورد سازبکرێ کە ئەو حکومەتی ئۆتۆنومیە ببێتە سەرەتای دانانی بناغەی دروست کردنی حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆ، بەلاّم وا پێشنیازکرا بۆ ئەو مەبەستە بیروڕای کاربەدەستانمان لە بغدادو ئەستەمبوڵ وەربگیرێ، بەلاّم کە وەڕامی هەردوکیان هاتەوە وەڕامی هەردولایان بەرامبەر بەو پێشنیازە باش نەبوو. مندوبی سامی بریتانیا لە ئەستەمبوڵ لە وەڕامیا وتبووی : شریف پاشا بە نوێنەری کورد ناژمێرزێ (وەکو باسمان کرد بەدرخانیەکان دژی ئەوو شێخ عبد القادر ی شەمزینی بون)، جگە لەوە مندوبی سامی ئەڵێ : هەواڵەکان وا ئەگەیەنن کە شریف پاشا لەگەڵ تورکەکاندایە (وەکو لە پێشتردا باسمان کرد نیاز لەوانەی ئەستەمبوڵ بوە کە لەژێر سایەی دەوڵەتە سوێندخۆرەکاندابون)، لەبەر ئەوە بۆ ئەو کارە دەس نادا. حاکمی گشتی بریتانیاش لە بغداد وای پێشاندا کە هیچ کوردیکی وا نیە داوای ئەوە بکاو بڵێ نوێنەری هەموو خوارووی کوردستانە کە بتوانێت بەناوی کوردەوە قسەو گفتوگۆ بکا، هەرلایە بە جیا داوای دەسەلاتدارێتی ئەکا لە ناوچەکەی خۆیداو لە چوارچیوەو سنوری دەسەلاّتی عەشایری خۆیدا. دۆکیومێنتەکە لەسەری ئەڕواو ئەڵێ :

بەو جۆرە لە هەڵوێستیکدا بوین کەوا دەرئەکەوت حەزنەدەکرا کوردستان لە تورکیا جیا بێتەوەو کەسێکی واش نەبوو کە لەژێر سەرکردایەتی ئەودا ئەو حکومەتە ئۆتۆنومیە پێک بێ وهەموویان پێی قایل بن. کولونێل ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد زۆر بە توندی بیزاری خۆی دەربڕیوەو ئەڵێ : ئێمە بوچی خۆمان بە کوردستانەوە خەریک بکەین، چونکە لای وایە ئەگەر سلیمانی وهەولێر لە ویلایتی موصل جیا بکرێتەوە ئێمە نەک تەنها هەر کوردستانمان لەکیس ئەچێت بەڵکو دەسەلاّتمان لەناو ئێرانیشدا کزو لاوازز ئەبێ وهیچ دوورنیە میسوپوتامیاشمان لەکیس بچێت » .

دۆکیومێنتەکە ئەڵێ :

*« بەو جۆرە بۆچوونی ویلسن وبیرو ڕاکانی لە ژوور هەموانەوە بوو وە پێشنیازەکانی تر سەری نەگرت. جگە لەوەی ویلسن، هەڵوێست وبۆچوونیکی تریش هاتە پێشەوە کە بریتی بو لەو بیرو ڕایانەی کە نوری سعید دەری بڕی بوو کە ئێستە لە لەندەنەو ئەڵێ : ئەگەر عبد اللەی کوڕی شریف حسێن بکرێ بە مەلیکی عیراق لە بغداد، کوردەکان هەموو بەوە ڕازی ئەبن وئەچنە پاڵ ئەو حکومەتە وبەدانانی مەلیک عبد اللە ئیتر حکومەتی بریتانیا لە کێشەی ئەم ناوچەیە رزگاری ئەبێت (بەرلە کردنی فیصل بە مەلیک بڕیار وابو عبد اللە بکرێ بە مەلیک بەلاَم لە دواییدا گۆڕرا) »* .

هەر لەو کۆبونەوەیەدا مستر Montague وتی :

*« بەلای منەوە وا باشە کە سەربەخۆیی کوردستان بخرێتە پێش چاوو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێویستە پەیمانێک لەو ڕووەوە لەگەڵ تورکەکاندا ببەسرێ »* .

*سەرۆکی کۆبونەوەکە وەرامی دایەوە کە وا بەباش ئەزانرێ باسی کوردو کێشەی کوردستان بخرێتە دواوە هەتا دوای تەواوکردنی گفتوگۆ دەربارەی میسوپوتامیا، چونکە لە دوای باسی میسوپوتامیا چارەسەرکردنی ئەوی تر ئاسانتر ئەبێ. بەو جۆرە لەو کۆبونەوەیەدا دووجۆرە بیرو بۆچوون هەبوو :*

*یەکەم : بریتی بوو لە بۆچوونی ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد کە بریتی بوو لەوەی کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە لە بغداد ببرێت بەڕێوە.*

*دووهەم : بریتی بوو لە بیرو ڕاو بۆچوونی مس بێل کە لە ئەنجامدا ئەوەی ئەویش هەر بۆچوونەکەی ویلسنی ئەگرتەوە.*

لەگەڵ ئەوەشدا ویلسن قایل بوو بەوەی کە جارێکی تر بەو پێشنیازەی خۆیدا بچێتەوە».

سەیر ئەوەیە هەر لەو دۆکیومێنتەدا باسێکی تیادایە ئەڵێ :

*« ساتێک ئێمە هێزی سوپامان نارد بۆ بغداد، بەتەمای ئەوە نەبوین کە هەتا سەر ئەو هێزانەمان لە میسوپوتامیادا بمێنێتەوە، بەلاَم وردە وردە بەرەو موصلیش ـــــــ*

سەرکەوت. پارلەمان بەپەلە داوای ئەوە ئەکا هێزەکانمان کەم بکەینەوەو مصاریفمان لە میسوپوتامیادا کەم بکرێتەوە، ئیدارەی هندستانیش داوای بوونی جۆرە پێوەندییەک ئەکا لە کوردستاندا». لە لاپەڕە (١٩٣)ی ئەو دوکیومێنتەدا ئەڵێ:

«ترسی بوونی ئۆتۆنومی بۆ کورد لەوەدایە ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد فرەنسیەکانیش دوورنیە بیر لە هەمان شت بکەنەوە لە کوردستانی ژوورودا کە بەوە دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا زۆر فراوان ئەبێت. ئێمە نامانەوێ دەسەڵاتی تورک لە (ئەرز روم)دا هەبێ کە هەڕەشە لە ئەرمەنیا بکا (لە پەیمانی سیڤردا وەکو چۆن لە مادەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ دا دەس نیشانی مافی کورد کرابوو بە کۆششی ئینگلیزەکان لە هەمان پەیماندا مافی ئەرمەنیش دەس نیشان کرابوو کە لە دواییدا ئەوەی ئەوانیش هەر وەکو هی کورد سەری نەگرت) هەر لەبەر ئەوەشە کە نابێ بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوە بدرێ خوارووی کوردستانیش بدرێتەوە بە تورکەکان».

لە لاپەڕە (٢٠٠)ی دۆکیومێنتی پێشودا دەربارەی کورد موسوەدیەکی تیادا باس کراوە کە لام وایە ئەو مادانەی ئەو موسوەدەیە ئەو پێشنیازە بووبێ کە ئینگلیزەکان دابویان بە (سیڤر) ولە دواییدا موافقتی لە سەرکرا کە حەزم کرد هەر وەکو شتێکی مێژوویی ترجمەی مادەکانی ئەو موسوەدەیە پێشکەش بکەم :

«١- لیژنەیەک لە نوێنەرانی بریتانیاو فرەنسەو ئیتالیا لە ئەستەمبوڵ پێک دێ بۆ ئەوەی لە ماوەی (٦) مانگدا پرۆژەی حکومەتێکی ناوچەیی (ئۆتۆنومی) بۆ ئەو ناوچانە ساز بکا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردبن کە ئەو ناوچەیە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوارت ولە ئەرمەنیاوە دەست پێ ئەکا هەتا باکووری سووریاو باکووری میسوپوتامیا بە مەرجێک لەو پرۆژەیەدا چاودێری وپاریزگارییەکی تەواوی ئاسوری وکلدانی و کەمەنەتەوایەتیەکانی تر دەس نیشان بکرێ وموسوەگەر بکرێ ولیژنەیەک لە نوێنەرانی بریتانیاو فرەنسە وئیتالیا وئێران وکورد ئەچنە ئەو ناوچانە بۆ پشکنین بۆ دەس نیشان کردنی سنوری ئەو کوردستانە.

٢- حکومەتی تورکیا موافقت لەسەر ئەوە ئەکا کە ئەو لیژنەیە لە ماوەی (٣) مانگدا دەس بکا بە کاروباری خۆی بەپێی ئەو پرۆژەیە.

*٣- ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا لە دەس پێکردنی ئەو پرۆژەیەوە ئەو کوردانەی کە لە مادەی (١)دا شوێنەکانیان دەس نیشان کراوە داوایان لە عصبە الأمم کردو دەرکەوت زۆربەی ئەو کوردانە دەیانەوێ لە تورکیا جیا ببنەوەو ئەگەر عصبە بۆی دەرکەوت ئەو کوردانەی ئەو داخوازییەیان پێشکەش کردوە ئەتوانن سەربەخۆیی ولاتەکەیان ببەن بەڕێوە، ئەوا پێویستە ئەو سەربەخۆییەیان بدرێتێ وتورکیاش هەر لەوکاتەوە موافقەت لەسەر ئەوە ئەکاو دەسبەرداری هەموو دەسەلاّتێکی خۆی دەبێت لەو ناوچانەدا. ئەگەرهات وئەو پرۆژەیە ئەنجامەکەی هاتە دی، ئەوا دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بۆیان نیە ڕێگا لە پێک هێنانی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کورد بگرن کە بەشێک لەوە کوردەکانی ویلایەتی موصلیش دەگرێتەوە».*

پەیمانی سیڤر لە دواییدا لە ١٠/٨/١٩٢٠دا، یەعنی نزیک چوار مانگ دوای ئەو دۆکیومێنتەی ئەو موسوەدەیەی تیادایە لەلایەن دەوڵەتە سوێندخۆرەکانەوە مۆرکرا. (ستیڤن) لە لاپەڕە (٥٦)ی کتێبەکەیدا باسی دووربینی ئینگلیزی کردوە لە هەڵوێستا دەربارەی کورد لە گفتوکۆکردنی سیڤردا وئەڵێ[٥٧]:

*«لە کاتی خۆیدا دواکەوتنی ڕێکەوتن لەسەر پەیمانی ئاشتی لە نێوان تورک وسوێندخۆرەکانا بوو بەهۆی ئەوەی پرۆگرامی ئینگلیزو نەخشەکانیان دەربارەی دەوڵەتێکی کوردی دوابخرێ وئەو حکومەتی ئەرمەنیەی طاشناقەکان دروستیان کردبوو تورکەکان توانیان بە یارمەتیی سۆڤیەت تێکی بدەن ولەناوی ببەن. ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد، لە کۆنگرەی ئاشتیدا پێشنیازی خۆی دەربارەی پێک هێنانی دەوڵەتی عیراق ودەربارەی پاشە ڕۆژی کورد دەس نیشان کردو ئاشکرای کرد کە بەپێی سیاسەتی بریتانیا پێویستە کوردستان بلکێنرێ بە عیراقەوەو دەربارەی مافی کورد تەنها باسی ئەوەی کرد کە ئۆتۆنومییان هەبێ بە مەرجێک جۆرو شێوەی ئەو ئۆتۆنومییەش بهیلرێتەوە بۆ بریتانیا دەس نیشانی بکا. هەر چونێک بووبێ، لە دوای بێنەو بەرەیەکی زۆری نێوانی ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی توانرا پەیمانی سیڤر لە ١٠/٨/١٩٢٠دا مۆربکرێ ولەلایەن حکومەتی تورکیاشەوە نوێنەری وەفدی تورک (فرید داماد) ئەو پەیمانەی مۆرکرد».*

دەربارەی ناوەرۆکی ئەو پەیمانە هەوڵ ئەدەین تەنها لەو مادانە بدوێین کە پێوەندییان بە کوردو کوردستانەوە هەیە لەگەڵ روون کردنەوەیەک دەربارەی مەبەستی ڕاستیی حکومەتی بریتانیا لە مۆرکردنی ئەو پەیمانەو چونیتی مۆرکردنی ئەو پەیمانە. زۆربەی نووسەران، چ بێگانەو چ خۆمانە لەوانەی باسی ئەو پەیمانەیان کردوە هەریەکەیان بە جۆرێک سەرنجی خۆی دەربڕیوە بەرامبەری.

ڕەفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەو ڕووەوە ئەڵێ (٢) :

*« مۆرکردنی پەیمانی سیڤر بڕبڕە پشتی تورکەکانی پێ شکا، بەتایبەتی لەوەدا کە باسی سەربەخۆیی کوردو مافی کوردي تیادا باس کرابو (بێگومان ڕەفیق حلمی لەوەدا مەبەستی لە تورکە دەسەلاتدارەکانی ئەستەمبوڵ بوە چونکە هەر خۆی لە لاپەڕە (٢٣)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا ئەڵێ : مصطفی کمال و تورکیزمەکان بە پەیمانی سیڤر نەشڵەژان)، تەقەلای شریف پاشا بوو بە هۆی ئەوەی ئەو (٣) مادە گرنگەی کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبوو لەو پەیمانەدا دەس نیشان کرا » .*

لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هەموو نووسەران دەربارەی ئەو (٣) مادەیەی سیڤەر لە یەک ئەچن بۆیە ئێمە لێرەدا دەقی ئەو (٣) مادەیە کە چون ڕەفیق حلمی لە لاپەڕە (١٩-٢٢)دا لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا باسی کردوە ئێمەش لێرەدا هەر بەو جۆرە بلاوی ئەکەینەوە.

*بەند (٦٢)- لە هەندێ سەرچاوەدا نوسراوە (بەند) ولە هەندێکدا (مادە) :*

*« کومیسیونیک (لیژنەیەک) لە ئەستەمبوڵ پێک دێ لە سێ ئەندام کە لەلایەن حکومەتانی بریتانیاو فرەنسەو ئیتالیاوە دەس نیشان دەکرێن، دوای بە جێ هێنانی ئەم پەیمانە بە شەش مانگ موختاریەتیکی ناوچەیی Local ئامادە ئەکا بۆ ئەو ناوچانەی ئەکەونە ڕۆژهەلاتی(فرات)و(جنوبی غەربی سنورێک کە لە دوایىدا ئەکێشرێت بۆ ئەرمەنستان وشمالی سنورێک کە تورکیا لە سوریاو (میسوپوتامیا) جیا ئەکاتەوەو نەژادی کوردی تیادا زاڵ بێ، بە پێی (تەعلیمات)یک کە لە بەندی (21-11-2,3)دا دراوە. لە کاتێکدا کە لەلایەن هەندێ (مسائل)ەوە لە (ئارا)دا پێک هاتن سەرنەگرێت، ئەندامەکانی (کومیسیون) هەر یەکە ئەبێ دەنگ لە*

*حکومەتی خۆی بگێڕێتەوە. ئەم جۆرە پێک هاتنە پێویستە ڕێ بدا بە دەرخستنی ئەوە کە نەژادە کەمەکانی (ئەقلیات)ی (قەومی)و(مەزەب)ی وەکو نسطوییەکان Les Assyro Ghaldeens وئەوانی تر کە لەم هەرێمەدا ئەژین ئەبێ بە تەواوی دڵنیابن کە لە ژێر باڵی ئەمینی وپاریزگاریدا ئەبن. بۆ ئەم مەبستە، (کومیسیون)یەک لە ئەندامانی بریتانیاو فرەنسەو ئیتالیاو ئیران وکورد ئەگەرێت بۆ پشکنین وبڕیاردانی ڕاست کردنەوە کە ئەگەر پێویست بوو بکرێت لەو سنورانەدا کە بەپێی ئەم پەیمانە بۆ تورکیا دانراوەو ئەنووسیت بە سنووری (ئێران)ەوە.*

*بەندی ٦٣- حکومەتی عوسمانی لەم سەعاتەوە گفت ئەدا کە لە مێژوی ڕاسپێری وپێووتن بە خۆی، تا (٣) مانگ بەڵێنی بەجێ هێنانی ئەو بڕیارانە بدا کە لەلایەن ئەو (کومیسیون)ەوە ڕائەسپێررێت کە لە (بەند-٦٢)ی پیشودا باس کرا.*

بەند ٦٤ - ئەگەر لە ماوەی ساڵیک دوای مێژوی دەس پێ کران بە بەجێ هێنانی ئەم پەیمانە، لەو هەرێمانەدا کە لە (بەند-٦٢)دا ناوبراوە قەومی کورد (مراجعت) بە (کۆمەڵی ئەقوام - عصبە الأمم) بکەن وتێیان بگەیێنن کە بەشی زۆری کوردە دانیشتوەکانی ئەم هەرێمە ئەیانەوێ لە تورکیا جیا بنەوەو سەربەخۆ (موستەقل) بن، ولە حالێکدا کە کۆمەڵی ئەقوام لەو بارەوەڕەدابێ کە کوردەکان هەڵدەگرن سەربەخۆییان بدرێتێ وراسپێری ئەمە بکا، *تورکیا هەر لە ئێستەوە بەڵێن ئەدا بە بەجێهێنانی ئەم ڕاسپێرییەو بەدانی ئیستقلال بە قەومی کورد وبە دەس هلگرتن لە هەموو (حقوق)و(تقالید-عنعنات)یکی کە بەسەر ئەم هەرێمانەوە هەیەتی. ئەم هاتنە خوارەوەی حکومەتی عوسمانی لە حقوق وتقالیدی خۆی بە دوورو درێژی لە (مذکرات-گفتوگۆ)یەکی تایبەتیداو لەبەینی هێزی سویندخۆرەکان وتورکیادا باس ئەکرێت.* دوای ئەم *هاتنەخوارەوەیەش (تنازل) کە باس کرا، هیچ جۆرە بەرهەڵستیک ناخرێتە پێشەوە بەرامبەر بە مەیلی کوردەکانی ویلایەتی موصل لەلایەن خستنی بەشی کوردستانی موصل بۆ سەر کوردستانی تورکیاو ئەو حکومەتی کوردەی لێی دروست ئەکرێت* » .

لام وایە ئەوەی ڕەفیق حلمی ئەبێ لە سەرچاوەیەکی فرەنسی یا عەرەبیەوە وەری

گرتوە. مرۆڤ لەدوای خوێندەوەو سەرنج دان لەو مادانەی پەیمانی سیڤر، دێتە سەر ئەوەی چەند پرسیارێک بکاو بپرسێت وبڵێ :
باشە ئەگەر ئینگلیز بەو گەرمیە لەو پەیمانەدا بەشدارییان کردبێ وکە دوورنیە وەکو لە پێشتریشدا باسمان کرد موسوەدەی ئەو پەیمانەیان بەرلە چوار مانگ ئامادە کردبێ ئاخۆ بۆچی لە دواییدا لەو پەیمانە پاشگەزبوونەوەو ئەو خاوبوونەوەیەی کە لە بەجێ هێنانی ئەو مادانەدا ڕوویدا کە لە دواییدا بە جارێک پشت گوێ خران هۆی چی بوە و دەوری ئینگلیزەکان چی بوە لەوەدا ؟
ئەتوانین بە کورتی هۆی مۆرکردنی ئەو پەیمانە لەلایەن ئینگلیزەوەو هۆی پاشگەزبونەوەیان لە بۆچوون وسەرنجدانی ئەم نووسەرانەی خوارەوەدا بەدی بکەین کە بێگومان جگە لەم نووسەرانە گەلیکی تریش هەبوە سەرنج وبۆچوونی خۆی دەربڕیوە لەم ڕووەوە :
کاک جەلال تاڵەبانی لە کتێبەکەیدا (١٧)، دەربارەی هۆی مۆرکردنی ئەو پەیمانە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ئەڵێ :
*« ئینگلیزەکان ئەگەرچی لە سیاسەتیانا دژی ئەوە بون کە کورد مافی خۆی دەسگیربێت وئەو مادانەی دەربارەی کورد لە سیڤردا باس کرابون بە دڵیان نەبوو وە نەیان وێستوە کوردستانێکی سەربەخۆ پێک بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیان لەوە نەگرتبوو کە مادەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ دابنرێن »* .
جەلال تاڵەبانی لە لاپەرەکانی٢٢١-٢٢٨ هۆی ئەوەی بەم جۆرە باس کردوە :
*«١- لە پەیمانی سایکس - پیکو دا ئەو بەشەی کە پەیمانی سیڤر ئەیگرتەوە، وەختی خۆی لە پەیمانی سایکس - پیکو دا بەر روسیای قیصری کەوتبوو، بەڵام دوای ڕۆخاندنی رژێمی قیصری وهاتنی سۆڤیت بۆ سەر حوکم ئیتر روسەکان وازیان لەو بەشە هێنا. ئینگلیزەکان لە دوای شەر هەروا بە ئاسانی ئەو بەشە وازلێ هێنراوەی روسیان بۆ قووت نە ئەدرا، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە فەرەنسەو ئیتالیا بەربەرەکانیی ئینگلیزیان کردوە، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان هەوڵیان دابوو بە هۆی کوردەکانەوە جێ پێی خۆیان پتەو بکەن لە ناوچەکەداو دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن کە لە دواییدا*

توانیی بۆ سوودی خۆی میللەتی کورد ماف خوراو بکا.
٢- لەو رۆژانەدا کێشەی ئەرمەنی وکورد لەبەردەمی کۆنگرەی ئاشتیدا بوو لە پاریس ورۆژنامەکان ئەو باس وگفت وگۆیانەی لە کۆبونەوەکاندا ئەکرا بەناو جیهاندا بڵاو ئەبوەوە کە دەوڵەتە سویندخۆرەکان رێگا لە مافی چارەنووسی گەلان ناگرن، بەتایبەتی لە دوای بڵاوکردنەوەی چواردە مادەکەی (وودرو ویلسن)ی سەرەک کۆماری ئەمریکا، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان نەیان توانی ونەشیان وێستبوو لەو رۆژانەدا ئەو راستیە پشت گوێ بخەن.
٣- ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا بە هەموو جۆرێک ئەیان ویست تورک لاوازو کەم دەسەڵات بکەن. لەبەر ئەوە دابڕین ولێک جیاکردنەوەی هەندێ ناوچە لە تورکیا بەشێک بوە لەو تەقەلایەی ئینگلیز، جگە لەوەی کە دەس نیشانکردنی ئەو مادانە لە پەیمانی سیڤەردا پروپاگاندەیەکی ئیجگار بە سوودی تیادابوە بۆ ئینگلیزەکان کە وایان دەرئەخست ئینکلیز لایەنگری مافی میللەتان بون.
٤- ئینگلیزەکان ویستیان پەیمانی سیڤەر بکەن بە چەکی دەستیان بۆ هەڕەشەکردن وترساندنی تورکیاو ئێران وچینە کۆنەپەرستەکانی عەرەب بۆ ئەوەی ناچارین مل بۆ مەرج وداخوازییەکانی ئینگلیز کەچ بکەن.
٥- ئینگلیزەکان ویستیان پەیمانی سیڤەر بکەن بە دەسکەلایەک کە بە دەستیانەوە بێ ودژی تورک بەکاری بێنن لە کاتی گفتوگۆو کاروباری هەڵوێستە جیهانیەکانا کە لە راستیدا ئینگلیز توانییان بە ئارەزوی خۆیان بەکاری بێنن ولە رێگای جامبازیەوە توانییان والە تورکەکان بکەن دەسبەرداری ئەو دۆستایەتی وپێوەندییە بن کە لەگەڵ سۆڤیتدا پەیدایان کردبوو وە لە ئەنجامدا تورک لە روس لای داو بەلای دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانا دای شکاند کە بەرهەمی ئەوە لە پەیمانی (لوزان)دا خۆی نواند.
٦- بریتانیا بە هۆی پەیمانی سیڤەرەوە حکومەتی عیراق وئێرانی تۆقان وناچاری کردن پەیمانی ئابووری لەگەڵ بریتانیادا ببەستن وبەوە هەردوکیانی خستە ژێر کێفی خۆیەوە».
دوکتۆر عبد الرحمن قاسملو لە کتێبەکەیدا دەربارەی هۆی مۆرکردنی سیڤەر لەلایەن

بریتانیاوە ئەڵێ (١٦):

*« ئایا بریتانیاو فرەنسە لە مۆرکردنی پەیمانی سیڤردا ڕاستگۆ بون بەرامبەر بە مافی کورد وەکو لە مادەکانیا دەس نیشان کرابوو ؟لە وەرامی ئەو پرسیارەی خۆیدا ئەڵێ:*

*هەموو مەبست ونیازی ئەو دەوڵەتانە ئەوە بوو کە لە ترسی شۆرشی ئوکتوبەرو تەشەنەکردنی ئەو بیرو باوەرانەی لەو رۆژانەدا لە ئەنجامی شۆرشی ئوکتوبەردا بڵاو ئەبونەوەو بۆ بەربەستی ئەوانە بە بیری خۆیان دەیان ویست دەوڵەتیکی دواکەوتوی دەرەبەگ کە سەر بە خۆیان بێ دروستی بکەن لە نێوانی روسیاو تورکیادا وهەر وەکو ناوچەیەکی ستراتیجی حیسابی بۆ بکەن دژی سوڤیت .ئیمپریالیزم لەو رۆژانەدا ترسیکی تەواوی لێ نیشتبوو لەو نزیک بوونەوەیەی کە لە نێوانی کمالییەکان وکوردەکانی رۆژهەلأتی ئەنادوڵدا پێک هاتبوو. مەبەستی سەرەکیی ئینگلیز لەوەدا ئەمەبو کە رۆژهەلأتی ئەنادوڵ لە تورکیا جیا بکاتەوەو هێزی کمالییەکان لاواز بکەن وئینگلیزەکان لەوە دڵنیابوون کە ئەگەر ئەو دەوڵەتی کوردە پێک بێت ئەوا لە سایەی خۆیانا ئەبێت ومەبستی سەرەکی ئینگلیز لەوەدابوە کە ویلایتی موصلی پڕ لە نەوت بۆ خۆی موسوەگەر بکاو بیخاتە ژێر سایەو دەسەلأتی خۆیەوە».*

بێجگە لەو هۆیانەی کە جەلال تالەبانی وقاسملو باسیان کردوە، هەندێ هۆی تریش هەبوە کە وای لە ئینگلیزەکان کردبوو لەو رۆژانەدا وەکو تکتیکیکی کاتی وە بۆ سەرگرتنی سیاستی بریتانیا لەو رۆژانەدا ئەو پەیمانە مۆر بکرێ . سیاستی بریتانیا لە کۆنەوە لەو ناوچەیەدا بریتی بوە لەوەی کە هەمیشە خۆی دوور بخاتەوە لە دراوسێتی روس ونەی ویستوە سنووری دەسەلأتی خۆی لەگەڵ سنووری دەسەلأتی روس لەو ناوچانەدا لە یەک بدا (لەو روەوە نووسەرانی سۆڤیەت وەکو لازاریف (٢٥) وجلیلی جلیل باسی ئەو راستیەیان کردوە)، لەبەر ئەوە هەر لە سەرەتای بەستنی پەیمانی سایکس - پیکۆ دا کە بەپێ ی ئەو پەیمانە ناوچەی رۆژهەلأتی تورکیا (بەشی رۆژهەلأتی کوردستانی تورکیا) بۆ روسیای قیصری دانرابوو، ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا بیریان لەوە نەکردبوە وە کە خواروی کوردستان (کە ئەبوو بە دراوسێی

ئەو بەشەی کوردستانی تورکیا کە بۆ روسی قیصری دانرابوو) بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵکو ئەوسا حیسابی وا بۆ میسوپوتامیا کردبوو کە تەنها بریتی بوە لە هەردوو ویلایەتی بغداد وبصرە وە بەپیێ ی پەیمانی سایکس - پیکۆ بەشێک لە ولایتی موصل بۆ فرنسیەکان تەرخان کرابوو.

بەلأم ساتیک رژێمی روسیای قیصری نەماو سۆڤیت خۆی کێشایەوە لە شەڕو پەیمانی سایکس - پیکۆی ئاشکرا کردو بلأوی کردەوە کە نایەوێ خاکی هیچ لایەک بەپیێ ی ئەو پەیمانە بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، ئیتر ئینگلیزەکان ئەو ترسەیان لە دلأ نەماو نەخشەی ئەوەیان کێشا کە بەپیێ ی پەیمانی سیڤر هەول بدەن ئەو بەشە وازلیێ هێنراوەی روس لە تورکیا دابڕ بکەن ولە ریێ ی کوردەکانەوە نەخشەیەکی وا بکێشن کە خۆیان دەست بە سەر ویلایتی موصل وخوارووی کوردستاندا بگرن دوای ئەوەی نەخشەی ئەوەیان کێشابوو کە لە دوا رۆژێکی نزیکدا ئەو بە شانەی ویلایتی موصل لە دەستی فرەنسیەکان دەربیێنن وبەشتیکی کەم دەم کوتیان بکەن کە لە راستیدا ئەو نەخشەیەیان سەری گرت وهێنایانە دی.

لەبەر ئەوە لە رۆژانی گفتوگۆی پەیمانی ئاشتی وپەیمانی سیڤردا بیریان لەوە کردەوە کە ئەتوانن بەو دوو حکومەتە کوردی وئەرمەنیەی کە پەیمانی سیڤر باسی کردبو، پەرژینێکی بەهێز وپتەو لە نێوانی خۆیان وسۆڤیتدا دروست بکەن، لە دواییشدا کە تورکەکان توانیان ئەو حکومەتی ئەرمەنیەی طاشناقەکان دروستیان کردبوو لەناوی بەرن وکوردستانی تورکیاشیان کردەوە بە بەشێک لە تورکیا، ئیتر لە جیاتی ئەو پەرژینەی کە بە تەمابون لە کوردو ئەرمەنی پیکی بهێنن، توانیان بە پەرژینی تورک سنوری دەسەلأتی خۆیان لە سنووری دەسەلأتی رووس جیا بکەنەوەو لەدوای ئەوەی توانیان تورکەکان لە دۆستایەتی رووس دووربخەنەوە، ئیتر پەیمانی (لوزان) شتیک بوو کە سوودی ئەو سیاسەتە درێژخایەنەی ئینگلیزەکانی پیێ هاتە دی بەوەی کە ئەوان بەپیێ ی پەیمانی لوزان دەسبەرداری مافی کورد بون و تورکیش وازی لە ویلایتی موصل هێنا وەکو لە باسەکانی داهاتوودا دەرئەکەون.

بەوجۆرە بۆمان ڕوون بوەوە کە سیاسەتی بریتانیا لە مۆرکردنی پەیمانی سیڤردا

بریتی بوە لە سیاسەتیکی دوو ڕوویی پڕ لە کەڵەک وفێڵ و دەست بڕین. لەلایەکەوە وای خستبوە بەرچاو کە رزگارکەری میللەتی کوردو ئەرمەن بوە ولەلایەکی تریشەوە مەبەستەکانی دوارۆژی بە هۆی ئەو پەیمانەوە هێناوەتە دی کە لە ڕێی کوردەوە توانیان وا لە تورک بکەن لە ترسی کوردستان خۆیان دەسبەرداری ویلایتی موصل ببنەوە.

بێجگەلەوانە، ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا لە هەڵویست و جموجولی ئەمریکاییەکان ترسابون (لە باسی نەوتدا- کە وەکو هۆیەکی سەرەکی بو پاشگەزبونەوەی ئینگلیز باسی لێ ئەکەین)، لەبەرئەوە سەرگەرمیی ئینگلیز لە مۆرکردنی پەیمانی سیڤردا بۆ چاوی کاڵی کورد نەبوە، بەڵکو بۆ موسوەگەرکردنی سوودو پەرژەوەندەکانی خۆی بوە کە یەکیک لەوانەش ئەوەبوە کە تەقەلای داوە ڕێگا لە ئەمریکا بگرێ کە بیر لەوە بکاتەوە دەم بژەنێتە ئەو ناوچانەو ببێتە خاوەن دەسەلات لەو ناوەدا. دەوڵەتی فرنسە بەهۆی کلیمنصوی سەرەک وزیرانیەوە لەو رۆژەدا بەیانیکی بلأوکردبوەوەو وتبوی:

*«دەوڵەتی عوسمانی ئەوەی لە بارانیە کە بتوانێت کاروباری هیچ میللەتیکی تر ببات بە ڕێوە، لەبەر ئەوەی متمانەی پێ ناکرێ ونابێ ڕێگەی ئەوەی بدرێتێ کە میللەتانی تری غەیری تورک کە هەتا ئێستە لەژێر باری جەورستەمی تورکدا نالأندبویان جارێکی تر بخرێنەوە ژێر دەسەلأتی تورک (ئەگەرچی لە دواییدا فرنسیەکان لە دەسەلأتداریتی ئینگلیزیش پەشیمان بونەوە لە ویلایتی موصلداو ئەوانیش وەکو ئەمریکاییەکان هانی تورکەکانیان ئەدا کە داوای ویلایتی موصل بکەنەوە بە ئومیدی ئەوەی لەژێر سایەی تورکدا ئەتوانن زۆرتر سوود لە نەوتی ویلایتی موصل وەربگرن وەکو لە شوینی خۆیدا باسی ئەکەین)».*

بەوجۆرە ئینگلیز لەو ڕۆژانەدا پەیمانی سیڤری مۆرکرد بەلأم زوری پێ نەچوو ناوەرۆکی مادەکانی ئەو پەیمانەی وردە وردە پووچەل کردەوە وەکو لە دواییدا لێی ئەدوێین.

## ئەنجامی پەیمانی سیڤر

ئەو بڕیارانەی کە لە مادەکانی پەیمانی سیڤردا دەربارەی مافی کورد دەس نیشان کرابون، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەروەکو دۆکیومێنتیکی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان شان بەشانی دۆکیومێنتە کرنگەکانی تر کە پێوەندییان بە دەوڵەتانەوە هەبوە لەناو ئەرشیفی دەوڵەتاندا پاریزراون و بۆ یەکەم جار ناوی کوردو کوردستان و مافی کورد بەو شێوە رەسمییە ناوی هاتوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە هیچی نەهاتە دی و ورد ورده مافی کوردو کوردستان دیزە بە دەرخۆنە کراو لە نێوانی دەوڵەتە دەسەلاّتدارەکانی ناوچەکەدا پشت گوێ خراو کورد لە مافی رەوای خۆی بێ بەش کراو هەتائێستەش لەگەڵ ئەو هەموو خەبات وتێکوشان و فیداکارییەیی میللەتی کورد، ترازوی سیاسەتی دەوڵەتان بەهیچ جۆرێک حسابیکی بە ویژدانانە بۆ کورد ناکا.

ئەتوانین بە کورتی هۆی سەرەکیی سەرنەگرتنی ئەو مادانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبوە باس بکەین کە ئەو هۆیانە ئەکەین بە دوو بەشەوە : یەکەمیان هۆی خۆمانەو دووهەم هۆی بێگانە.

### هۆی خۆمانە

١- ئەستەمبول شوێنی کومەڵگای کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بوە لە کاتی عوسمانلییەکاندا، بۆیە ئەو کومەڵ و رێکخراوە سیاسیانەی کورد کە لە ئەستەمبولدا پێک هاتبون لە هی هەموو شوینەکانی تری کوردستان چالاکتر بون و ئەو هەلو دەرفەتەی کە لە ئەستەمبولدا هەبوو لە شوینەکانی تری کوردستاندا ئاسان نەبوە وزۆربەی رۆشنبیرو خوێندەوارانی کورد لە ئەستەمبولدا کۆبونەوەو پێوەندییەکی بەتین هەبوە لە نێوانیاندا لەبەر ئەوە ئەستەمبول جێگەی هیوای کورد بوە کە بەهۆی ئەو رۆشنبیرو سیاسیانەی کورد کە لەوێ گردبوبونەوە کورد ئومیدەواربوە کە دەنگی کورد لەویوە بگاتە میللەتان و لەویوە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا بکرێ.

بەلاّم بەداخەوە وەکو لە زۆر شوێندا باس کراوە، بەهۆی نەبوونی یەکیتی و بەهۆی بوونی دووبەرەکی وهەڵپەی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی لەناو کوردەکاندا زۆر هەلودەرفەت لەکیس چوەو بێجگەلەوەش زۆرجار ساویلکەیەتی و کورت بینی بوە بەهۆی ئەوەی کە کورد زۆر زوو خەڵەتینراوەو خۆش بڕوایەتی وای لیٚ کردوە کە دۆست ودۆژمنی بە ئاسانی بۆ لێک جیانەکراوەتەوەو بەقسەی شیرین و بە بەڵێن وپەیمانی درۆ هەڵخەڵەتاوە کە ئەمانە زۆر کەوتوە لە سەری و زیانیکی زۆری پیٚ گەیاندوە.

ئەوەی کتێبەکانی بلەچ شیرکوە (جلادت بدرخان)(١٨) و زنار سلوپی (قەدری جمیل بگ)(١٩) بخوێنێتەوەو چاویک بخشێنێت بەو دۆکیومێنتاندا کە باسی ناریکی و دووبەرەکی کوردیان کردوە لەو رۆژە ناسکانەدا بۆی دەرئەکەویٚ کە بەشی زۆری دەسگیرنەبوونی مافی کورد بەهۆی خۆییەوە بوەو دوژمنانی کورد هەمیشە سوودیان لەو ناڕیکی و دووبەرەکیە دەسگیربوە کە لە نێوان کوردەکاندا هەبوە.

ئەو رۆژانەی کە هەلودەرفەتیکی ئیجگار لەبار بۆ کورد هەلکەوتبوو بەتایبەتی لە دوای شەری یەکەمی جیهانی کە لەو رۆژانەدا تورکی ئەستەمبول لەژێر سایەو دەسەلاّتی سوێندخورەەکانابون ئیجگار کزو بیٚ دەسەلاّت بون و ئەگەر کورد لەو رۆژانەدا یەک بوایەو بکەوتایە خۆی و سستی نەکردایەو هەڵپەی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی نەبوایە بەهۆی پەیدابوونی دووبەرەکی و ناریکی، بەهۆی ئەو هەموو رۆشنبیرو خوێندەوارو سیاسیە کوردە زۆرانەی لەو رۆژانەدا لە ئەستەمبول کۆبوبونەوە ئەتوانرا دەست و برد لەوە بکریٚ کە کورد بە مافی خۆی بگاو ئەتوانرا ئەو موادانەی کە لە پەیمانی سیڤردا دەربارەی کورد بڕیاری لەسەر درابوو بە هەنگاو بهێنرێتە دی و رێگەی ئەوە نەدریٚ دوابخریٚ و بهێلریتەوە بۆ ئەوەی هەلویست و رووداوەکانی داهاتوو بیخاتە گێژاوی دەوڵەتانەوە، بەتایبەتی کە ئەوسا هێشتا تورکیزمەکان بە سەرکردایەتی مصطفی کەمال لە ئەنادولدا زۆر بەهێز نەبووبون و ئەگەر کورد دەست و بردی بکردایەو بکەوتایەتە خۆی و ساویلکانە بە بەڵێن و پەیمانەکانی مصطفی کەمال هەڵنەخەڵەتایەو نەبوایە بە مقاشی ئاگردانەکەی مصطفی

کەمال کە کوردی لە تەنووری شەڕەکەیدا کە لەگەڵ ئەرمەنیەکان و لەگەڵ یونانییەکاندا کردبوی بەکار نەهێنایە، لام وایە کورد زۆر زوو بە مەرامی خۆی ئەگەیشت.

ئەوەی کە ماڵی کوردی کاول کردو دوارۆژی کوردی بە قوڕا برد کورد خۆی تاوانیکی گەورەی هەبوە لەوەداو بەوپەڕی ساویلکانەوە ژمارەیەکی زۆر بەناوی نوێنەرانی کوردەوە لەگەڵ مصطفی کەمالدا هاوکاریان کردوەو بەدەستی خۆیان بۆ سوودی تورک و بۆ سوودی مصطفی کەمال تلگرافیان لێ داوەو ووتویانە کوردو تورک بران وهاوبەشن لە خاکی تورکیاداو کورد بەهیچ جۆرێک نایەوێ لە تورکیا جیا بێتەوە.

تورکەکان لەو رۆژانەدا بە ئاشکرا دانیان بەوەدا نابووکە لەو شەڕەدا کە توانیان یونانیەکان بوەستێنن وبیانشکێنن کورد هۆیەکی سەرەکی بوە لەو سەرکەوتنەی تورکدا و کە ساتیک لە دوای سەرکەوتنی تورک بەسەر یونان‌دا پەردە لە رووی پەیکەری سەربازی نەناسراو (الجندي المجهول) لابراوە، ئەو سەرکردەی هێزی سۆپایەی کە ئەو پەردەیەی لابردوە لە ئاهەنگی ئەو سەربازی نەناسراوەدا بە ئاشکرا وتویەتی هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەو سەربازی نەناسراوەی ئەم پەردەیەی لەسەر لائەبەین سەربازیکی کورد بوە.

٢- پچرپچریی خەباتی کوردو نەبوونی پێوەندی و نەبوونی پارتیکی سیاسی کە نوێنەری هەموو بەشەکانی کوردستان بێت وای کردوە کە لە هەر بەشێکی کوردستاندا بەشێوەیەکی جیاواز هەرلایە بۆ خۆی و بەبێ پرس و ڕاو هاوکاری لاکانی تر شورشی کردوەو دوژمنانی داگیرکەری کوردستان بۆ سوودی خۆیان لە زۆر هەڵویستیاندا توانیویانە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن دژی کورد کە یەک لە دوای یەک شۆرشەکانی کورد لەناوبراوەو ئەو تەقەلایانەی کە دراون هیچیان سەریان نەگرتوە.

رەفیق حلمی لە یاداشتەکانیا رووی دەمی رەخنەی کردوتە ئەو هەموو رۆشنبیرو خوێندەوارو سیاسی و ئەو ئەفسەرە پایە بەرزانەی کە لە ئەستەمبوڵدا مۆڵیان

خواردبوو هەر یەکە بە جیا بۆ خۆی لە ئاوازیکی کردوەو یەکیکی وەکو شێخ مەحمود کە لەو رۆژانەدا پێویستیی بە بوونی چەند کەسیکی لەوانە هەبوە کە دەست بدەنە ژێر باڵی و ڕێ نمایی بکەن کە چی هیچیان لایان لیّ نەکردەوەو لە چەند ژمارەیەکی کەم لەو ئەفسەرانەی کە لە دوای گەرانەوەی شێخ مەحمود لە هندستانەوە کە بە ئاگاداری ئنگلیزەکان چوبونە لای شێخ مەحمود بۆ ماوەیەکی کەم، لەوانە بەدەر کەس لە شێخ مەحمودی نەپرسیەوەو وەکو ئەحمە تەقی لە یاداشتەکانیا باسی کردوە کە لە دواییدا لیی ئەدوێین شێخ عبد القادری شمزینی کە لەو رۆژانەدا دەسەلاتداریکی کورد بوە و ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کوردی لە دەورکۆبوبوە وە هەمـوو راویژو هاوکارییەکی لەگەڵ شێخ مەحمـوددا ئەوە بـوە کـە نامـەیەکی بە ئەحمـەد تەقی دا ناردبو بۆ شێخ مەحمـودو داوای لیّ کردبوو کە هەوڵ بدا لەگەڵ ئنگلیزەکاندا خۆی بگرێ تا بزانرێ بڕیاری دەوڵەتان دەربارەی کورد چون ئەبێت ...! سید طەی شمزینی کە یەکێک بوە لەوانەی کە ئنگلیزەکان بە تەما بون لە خوارووی کوردستاندا بیکەن بە حوکمدار زۆری پیّ نەچوو بە قائمقامیتی ناوچەی رواندوز قایل بو و بەهیچ جۆرێک هەولی ئەوەی نەدابوو کە هاوکاری لەگەڵ شێخ مەحمـوددا بکات.

ئەوەی لاپەرەکانی مێژووی ئەو سەردەمە بخوێنێتەوەو چاوێک بگیرێت بە یاداشت و نوسینەکانی نوسەرانی خۆماندا وەکو بلەچ شیرکۆو جلادت بەدرخان و رەفیق حلمی و ئەحمـەد تەقی، بە ئاشکرا بۆی دەرئەکەوێ کە کورد لە دوای مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی و سیڤر لە ١٩٢٠/٨/١٠دا چالاکی و هەنگاویکی گەرماو گەرمی ئەوتوی نەناوە و بەکاریکی وا هەلنەستاوە کە دەست وبردبکرێ لە دانانی بەردی بناغـەی دامـەزراندن و سەرگرتنی ئەو مەبەستانەی کە لەو سێ مادەیەی پەیمانی سیڤردا بۆ کورد دەس نیشان کرابوو. ئەوەی کە کرا تەنها بریتی بوە لەو چالاکییەی شریف پاشای خندان کەبوبو بەهۆی چەسپاندنی ئەو سێ مادەیەی سیڤرو ناساندنی کوردو باسکردنی مافی کورد لە کۆبونەوەکانی پاریسدا، کە بێگومان هۆی سەرەکی ئەو کەم تەرخەمیەش هەر ئەگەرێتەوە بۆ ئەو دەردە کوشندەیەی کە وەکو شێر یەنجە

تووشی کوردبوە کە بریتیە لە هەڵپەی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی و کەس بە کەس ڕازی نەبوون.

ستیڤن لە لاپەڕە (٥٦)ی کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو ڕۆژانە ئەڵێ [٥٧] :

*« دواکەوتنی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی (کە لە کۆتایی شەڕی یەکەمەوە درێژەی کێشابوو هەتا ١٩٢٠/٨/١٠) و بەجێ نەهێنانی مادەکانی ٦٢، ٦٣و ٦٤ ی پەیمانی سیڤر لەو ماوەیەدا کە بۆی دانرابوو، هەندێ هەڵوێست و ڕووداو ئنگلیزەکانی والێ کرد لە بڕیارو بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە و تورکیزمەکان لە ئەنەدوڵدا ڕیشەیان داکوتاو ئنگلیزەکانیان ناچارکرد بە حسابە کۆنەکانیانا بچنەوە کە ئەمانە هەمووی زیانی کوردی تیادابوە».*

## دووهەم : هۆی بێگانە

١- دووڕوویی و فروفێل و ڕاست نەکردنی دەوڵەتە سویندخۆرەکان لە بەجی هێنانی پەیمانی سیڤردا:

ئەوانەی پەیمانی سیڤریان مۆرکردبوو لەو ڕۆژانەدا هەر لایە بەجیا مەبەستیکی تایبەتی خۆی هەبووەو پەیمانی سیڤری بۆ نیازێکی تایبەتی خۆی مۆرکردوە. بۆ نموونە، ویلسنی حاکمی بریتانیا لە بغداد لە کتێبەکەیدا بە ئاشکرا وتوویەتی [٣٧] :

*«سیر پرسی کۆکس (کە لە دوای ویلسن بوە بە مندوبی سامی لە بغداد) نەخشەیەکی تایبەتی کێشا بۆ عیراق و لەو نەخشەیەدا خاڵەکانی پەیمانی سیڤری پشت گوێ خست و ناوچە کوردنشینەکانی جیا نەکردەوە لە عیراق، بەڵکو هەروەکو بەشێک لە عیراق حیسابی بۆ کردوە».*

بێجگە لەوەی کە ویلسن دەربارەی سیر پرسی کۆکس باسی کردوە، ئنگلیزەکان کوردستانیان بە مولکی خۆیان زانیوەو بە ئارەزوی خۆیان بیریان لەوە کردوتەوە کە چۆنیان بۆ دەس بدا بەو جۆرەی لێ بکەن.

بۆ نموونە، لە مادە (٤)ی پەیمانی ئاشتیدا مەرجێک دانرابوو بۆ ئینتدابی بریتانیا ئەڵێ :

*« پێویستــە ئینتــداب ئەوە بخـاتە بەرچاو کـە نابێ بەهیچ جـۆرێک بەشـێک لە بەشەکانی میسـوپۆتامیـا (کە ئنگلیزو ئەوانەش کە پەیمانی ئاشتیـان مۆرکـردبو و کوردستانیـان بە بەشێک لە میسوپۆتامیا دانابوو) وازی لێ بهێنرێ یا بدرێ بەهیچ لایەک یا ببەخشرێ بەهیچ لایەک یا بخرێتـە ژێر کـونتـرول و دەسەڵاتی بیگانەوە، کـەچی لەو رۆژانەدا کـە ئنگلیـزەکـان لە کـوردستـاندا تـەنگەتاوبوبون، بۆ ئەوەی لە هەراوکێشەی ئەو ناوچانەی کە ڕووبەرووی ئنگلیـزبوبوەوە رزگاریان بێت، ئنگلیزەکان بیریان لەوەکردبوە کە بەشێک لە خـوارووی کوردستان بدەن بە ئێران بە هیوای ئەوەی* ئەو بەشەی لە خوارووی کـوردستـان ئەمێنێتـەوە لاواز ئەبێ و وای لێ دێ کە ئیـتر مـەترسی بۆ عـیـراق پەیدا نەکـا (هەرچەند ئەو تەقـەلایەش سـەری نەگـرت، بەلاّم بیـرکردنەوە و گفتـوگۆ کـردن لەسەر ئەوە مـانای ئەوەبوە ئنگلیزەکـان گوێیـان نەداوەتە بەڵێن و پەیمانەکـان (لە شـوێنێکی تریشـدا پێوەندی بەم باسـەوە هەیـە لەو تەقـەلایە ئەدوێینەوە). دۆکیومێنتی ژمارە 88 – No.137 – C.O. 730 رۆژی ١٩٢٥/١٢/٥ باسی ئەوە ئەکـا کە چون پێشنیـازێکی وا لـەلایەن کاربەدەستـانی ئنگلیـزەوە ئامادە کـرابو کـە رۆژهەلاّتی ئەو هێڵەی نێوانی عـمـادیە وسلیـمـانی هەمـووی بدرێ بە ئێرانیـەکان کـە ئەمـەلا دانیکی تەواوبوە لەو مـەرجەی کە پەیمانی ئاشتی بۆ ئینتدابی دانابوو.

سیاسەتی بریتـانیـا دەربارەی کـوردو پاشـە رۆژی کـورد لە خـوارووی کـوردستـاندا بەشێوەیەکی زۆر روونترو ئاشکراتر لەم دۆکیومێنتەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ.

لە لاپەڕە (٥٤)ی دۆکیومینتی ژمارە 321112 ڕاپۆرتێکی تیایە دەربارەی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٣١ کە حکومەتی بریتانیا بۆ عصبە الأمم ناردوە ئەڵێ :

*«سـاتێک حکومـەتی عـیـراق لە نوڤـەمبـەری ١٩٢٠دا دروست کـرا، ئەوەی کـە لە پەیمانی سیـڤـەردا دەربارەی خوارووی کـوردستـان دەس نیشان کـرابو کـە کـوردی ئەو ناوچەیە بۆیان هەبوە بچنە پاڵ ئەو حکومـەتە کـوردییـەی کە لە کـوردستـانی تورکیـادا پێک دێت، ئەمانە هەمـووی بۆ کاربەدەستانی عیـراقی ئەو رۆژە روون کرایەوە. بەلاّم لەگەڵ ئەو ڕوون کردنەوەیەشدا ئەوەی کە پێویست بوو بوترێ ئەوەبوو کە وترا :*

*دەس نیشان کردنی چوارچیوەیەکی سیاسی بۆ جیابوونەوەی کورد لە میسوپوتامیا شتێکی زۆرگران بوو، چونکە کوردستانی عیراق لە ڕووی جوگرافیاوە و لە ڕووی ئابووری و سیاسیەو جیاوازییکی ئاشکرای هەیە لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا (ئای لەو درۆ زلەو لەو بیانوە ناڕەواو خۆراییەی کە هێنراوەتە بۆ جیاوازی نێوان خوارووی کوردستان و کوردستانی تورکیا کە چی باسی جیاوازی نێوانی خوارووی کوردستان وعیراق نەکراوە !)، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە کوردستانی خواروو خرایە سەر عیراق. بەو جۆرە ئەو پروژەیەی کە پەیمانی سیڤر دەربارەی کورد باسی کردبو بەجێهێنانی شتێکی ئاسان نەبوو، جگە لەوەی کە خەڵکی ناوچەکەش ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد کە لە عیراق جیا ببنەوە».*

لەو دۆکیومێنتەدا ئەڵێ :

*«ڕاستە لەو ناوچەی سلیمانیدا هەستی نەتەوایەتی بەهێز بوە بەڵام لە زۆر جێگای تری کوردستانی عیراق ئەو هەستە نەبوە، بێجگە لەوە دەرکەوت کە کوردەکان لەناو خۆیانا نایانەوێ پێکەوە لەناو ئیدارەیەکی یەکگرتووی خویانابن ... هەولیر هەر لە زەمانی تورکەکانەوە سەر بە کرکوکە هەرچەند ئێستا وەکو جاران نایانەوێ ببەسرێنەوە بە کرکوکەوە ... کرکوک تێکەڵە لە کوردو تورکمان و عەرەب بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێ لەگەڵ سلیمانیا بن ... بێجگە لەوە ئەوا گریمان ئەوانەش هەمووی چارەسەرکراو حکومەتێکی کوردی سەربەخۆش دروست کرا، بەڵام ئایا دروست بوونی ئەو حکومەتە زیان بە دانیشتوانی کورد ناگەیەنیت کە بازارەکانیان لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە بەتایبەتی هی توتنەکەیان تووشی ئەو زیانە ئەبێت؟».*

بە ڕاستی ئەو درۆو دەلەسانەو ئەو بڕو بیانوانەی کە ئنگلیزەکان لەو ڕاپۆرتەدا بۆ مەبەستی خۆیان لە عصبە الأمميان گەیاندبوو هەمووی بێ سەروپێ بوە و تەنها بۆ ئەوە بوە بەرپەرچی داخوازیی ئەو چەند کوردە بدرێتەوە کە لەو ڕۆژانەدا وە لە دوای ئەوەش تلگراف و سکالأیان ناردوە بۆ عصبە الأمم کە لە باسی کێشەی موصل و عصبە الأمم دا بە دوورو درێژی لێی ئەدوێین ... کوردیش بیکەس و بێ پاڵ پشت بەو چەند داخوازی و تلگرافانەی نەی توانیبوو ڕاستیەکان لە عصبە الأمم بگەیەنێت.

ئنگلیزەکان بیجگە لەوەی کە لەو ڕاپۆرتەدا خۆیان بە مشوورخۆری کورد زانیوەو هەروەکو باوە پیارەیەکی درۆزن ڕاستیەکانیان دیزە بە دەرخۆنەکردوە، بارەهاو لە گەلێک هەڵوێستی تردا هەمیشە کە ڕووبەڕووی داخوازییەکانی کورد ئەبوونەوە ئەیان ووت :جا باشە ئەگەر ئێوە لە عیراق جیا ببنەوە ئەی توتنەکەتان ئەبن بۆ کوێ؟ کە لە ڕاستیدا ئەو هەڕەشانە کاریکی زۆریان کردبوە بازرگانەکانی کورد کە بوبون بە زۆرناژەنی ئنگلیزەکان و بۆ سوودی خۆیان نەیان ویستوە کوردستان لە عیراق جیابێتەوە ...

سەیر ئەوەیە هەتا ماوەیەکی زۆر، ناوچەکانی بادینان و قەزاکانی موصل کە بەسرابون بە لیوای موصلەوە، کاربەدەستانی عیراق بەتایبەتی ئەوانەیان کە موصلاوی بوون هەمیشە ڕێگەیان لەوە گرتبوو کە شوینێکی وەکو دهوک بکرێ بە لیوایەک و ناوچە کوردییەکانی تری لیوای موصلی پێوە ببەسرێت و هەمیشە بۆ بەرپەرچی ئەو داخوازییانەی کە ئەکرا دهوک ئەبێت بە لیوا پێ یان ئەوترا ئێوە هەموو بازارو کاسبیتان بەسراوە بە موصلەوە ئەگەر لە موصل دوور بکەونەوە تووشی زیانێکی گەورە ئەبن ...

توفیق وەهبی بۆی گیرامەوە وتی:

*«من ئاگاداری ئەوەم کە وەختی خۆی سعید قزاز هەولی ئەوەی دابوو کە دهوک بکرێ بە لیواو بۆ پارەسەنگی ئەوە پێشنیازی کردبوو کە (نجف)یش بکرێ بە لیوا بەڵام تەقەلای موصلاوییەکان ڕێگەی ئەوەی لێ گرت».*

٢- لەو ڕۆژانەدا کە گفت وگۆی سیڤر دەستی پێ کردبو، لە دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤر بۆ ماوەیەک کوردو ئەرمەنی لەسەر کێشەی سنووری هەردولایان ناڕیک بون، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەکو باسمان کرد شریف پاشای خندان هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دابوو کە کورد لەگەڵ ئەرمەنیەکانا ڕێک بخات و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ نوبار پاشای نوێنەری ئەرمەنیدا کەوتبوە گفت وگۆ و بەیانێکی دووقۆڵییان دەرکردبو (وەکو لە پێشتردا باسمان کرد ئەو بەیانە دووقۆڵیە کێشەو ناڕیکیەکی زۆری لەناو کوردەکاندا پەیداکرد) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەرمەنیە طاشناقە

سەرگرمەکان بە پاڵ پشتی و بە یارمەتیدان و بە هاندانی ئنگلیزو فرنسیەکان زۆر توندو تیژبوون بەرامبەر بە کوردو سووربون لەسەر ئەوەی کە چوارچیوەی ناو ئەو سنوورەی بۆ ئەوان دەس نیشان کرابوو گەلێک لە ناوچە کوردییەکانیشی گرتبوەوە کە ئەمە هەتا ماوەیەکی زۆر هەردووکیانی تووشی ناڕیکی و ناکۆکی کرد کە تورکەکان لەوەدا سوودبەخش بوون و توانیبویان ئەو ناڕێکیەی نێوان کوردو ئەرمەنی بقۆزنەوە و بیکەن بەهۆی دواخستنی بەجیٚ هێنانی مادەکانی پەیمانی سیڤر.

٣- دەوڵەتە سویندخۆرەکان بە شێوەیەکی گشتی و بریتانیا بە شێوەیەکی تایبەتی ئەگەرچی لەسەر کاغەز پەیمانی سیڤریان مۆرکردبوو، بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا کە کار ئەگەیشتە ڕەفتارو هەنگاونان بۆ بەجیٚ هێنانی بڕیارەکانی ئەو پەیمانە ئنگلیزەکان بە هەموو جۆرێک ڕێگایان لە تەقەلاو لە چالاکی و لە خەباتی کورد بەرامبەر بە تورکەکان ئەگرت.

بۆ نموونەی ئەو ڕیٚ گرتنە، ئەو تلگرافەی کە (سیر هوارس رامبوڵد) لە ١٩٢١/٣/٢دا بۆ وزیری دەرەوەی بریتانیای ناردبو دەرئەکەویٚ کە چۆن ئنگلیزەکان ڕێگایان لە چالاکی کورد گرتبوو (لە دواییدا باسی ئەو تلگرافە ئەکەین).

پلەچ شیرکۆە لەو ڕووەوە لە کتێبەکەیدا ئەڵیٚ (١٨) :

*« لە کاتیٚ گفتوگۆی پەیمانی ئاشتیدا لە فرنسە، دەوڵەتە سویندخۆرەکان هەمیشە لە شریف پاشایان ئەگەیاند کە بەرپاپوونی ئاسایشی ناوچەکەو بیٚ دەنگ بوونی کورد لەم ڕۆژانەدا مەرجێکی سەرەکی پێویستەو هەر هەوڵ و تەقەلایەک بدریٚ کە بەپێچەوانەی ئەوەبیٚ زیانی بۆ کورد ئەبێت. سەرکردەی هێزی ئنگلیزەکان (جنرال ماک ئەندرو) بە زمانی کوردی بەیانیکی بلاٚوکردەوە لەو ڕووەوە وتبوی :*

*«بۆ موسوەگەرکردنی مافی چارەنووسی دانیشتوانی خاکی عوسمانی لەو شوێنانەی کە کوردەکان زۆربەی دانیشتوان پێک دێنن، پێویستە ئەو ناوچانە بە ئارام بن و هیچ جموجۆلێک نەکەن و پشت ببەستن بە عدالەتی بریتانیاو دڵنیابن لەوەی کە تەنها لە ڕێی بریتانیاوە مافیان دەسگیرئەبێت.*

*هەر لەو ڕۆژانەدا میر ئالاٚی (بێل) سەرۆکی موخابەراتی بریتانیا لە حلب ڕێگەی*

له (ثریا بەدرخان) گرت کە بەیانێک بلاوبکاتەوە بۆ دەس خستنە رووی فرو فێڵ و چاوبەستی مصطفی کەمال کە لەو رۆژانەدا ژمارەیەک کوردی لە خشتە بردبوو، بە ثریا بەدرخان ووترا کە باشترین شت بۆ کورد ئەوەیە کە جاری بێ دەنگ بێ ... کە ساتێک (بێل) بۆی دەرکەوت جلادت بەدرخان و کامیران بەدرخان و ئەکرەمی جمیل پاشا کە نوێنەری کۆمەڵی (تعالی)ی کوردستان بون خەریکی ئەوەبون لە چیاکانی (کاختە) هێزی کوردیان کۆ ئەکردەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری چالاکیی تورکیزمەکانی سەر بە مصطفی کەمال ببنەوە کە لەو رۆژانەدا مصطفی کەمال بە ئاشکرا خۆی کۆکردبوەوە و خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبو کە هێرشیان بباتە سەر، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا (بێل) بەناوی حکومەتی بریتانیاوە داوای لە جلادت بەدرخان و کامیران بەدرخان و ئەکرەمی جمیل پاشا کرد ئەو هێزەی کە کۆیان کردبوەوە بلاوەی پێ بکەن بە بیانووی ئەوەی هەر جۆرە بزووتنەوەیەکی کورد لەو رۆژانەدا ئەبێتە هۆی نیگەرانیی دەوڵەتەکانی ئەورووپا. لە ڕاستیدا کوردەکان لە مەرام و نیازی تورکیزمەکان گەیشتبوون کە چی لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە گوێیان بۆ ئنگلیز شل کرد.

تورکەکانی سەر بە ئەستەمبوڵ لەو رۆژانەدا کوردەکانیان خاو ئەکردەوەو فەتحی بەگی تورک لە ئەستەمبوڵ ئەی ووت: ئەم نیشتمانە هی دوو میللەتە کە کوردو تورکە بەلاّم دەرکەوت ئەوەی ئەیان ووت لە ڕووەوە درۆیەکی ئیجگار زل بوو کە لەگەڵ کوردا ئەیان کرد.

تورکەکان (ئەوانەی سەر بە مصطفی کەمال بون) ئەیان زانی بە ئاسانی بزووتنەوەی کوردیان بۆ لەناوناچێت، بۆیە لەو رۆژانەدا لەگەڵ فرنسیەکاندا پەیمانی دۆستایەتی و دراوسێتییان مۆرکردو لە دواییدا کە حکومەتی بریتانیایش لەوە دڵنیابوو کە ئیتر وەختی ئەوە هاتوە تورکەکان دەسبەرداری ویلایەتی موصل بێن ئیتر ئنگلیزەکانیش لە بەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە بەرامبەر بە کورد».

٤- ئەگەر ئینگلیزەکانیش لە مۆرکردنی پەیمانی سیڤەردا مەبەستیان پاک بوایە بەرامبەر بە کوردو لە نەخشەیاندا بڕیاری ئەوە هەبوایە کە حوکوومەتێکی کوردی

له خوارووی کوردستاندا پێک بهێنن که لەژێر سایەو دەسەلاتی خۆیاندا بوو، ئەیان توانی هەر لەسەرەتاوە وەکوو چۆن بەپێی بڕیاری (عصبة الأمم)و پەیمانی ڤرسای، بریتانیا کرا بە دەولەتێکی (منتدب) بۆ سەر عیراق بۆ ئەوەی لە دواییدا حوکوومەتێکی عیراقی پێک بێت و مەلیکی بۆ دابنێن و ئەنجومەنی دانانی یاسای هەمیشەیی هە لبژێرن، بەو جۆرە ش ئەیان توانی بڕیارێکی وا دەربکرێ (کە چ لە پەیمانی ئاشتیداو چ لە عصبە الامم دا ئینگلیزەکان هەموو شتێک بەدەست خۆیان بووە) کە خوارووی کوردستانیش بە وێنەی عیراق لە ژێر ئینتیداب و چاودێریی بریتانیادا بێ هەتا کاتی خۆی دێ و ئەتوانرا ئەو مادانەی لە پەیمانی سیڤەردا دەس نیشان کرابوو بهاتایەتە دی.

بەلام هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەوە دەستی نەداوە بۆ سیاسەتی بریتانیاو هەر لە سەرەتاوە ئەو مەبەستەی هەبووە کە لە دوواییدا هێنایە دی کە بریتی بووە لە لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە ... بێجگە لەوە، حساب کردن بۆ کوردستان وەکوو ئەو حسابەی بۆ عیراق کرابوو ئەبوایە ئیدارەیەکی تایبەتیش بۆ کاربەدەستانی بریتانیا پێک بهاتایە لە کوردستاندا کە بەوە ئەرکێکی مالی و دارایی و ئابووری پێویست بوو وە ئەبوایە هێزێکی هەمیشەیی لە کوردستانیشیدا هەبێت وەکوو ئەوەی لە عیراقدا هەیبوو بۆیە بڕیاری دابوو دەزگایەکی کاتی لە کوردستاندا پێک بێت کە ئەو دەزگایە بە هۆی هێزی لیڤی ئاسووری و بە هۆی هێزی عیراقەوە پارێزگازی لێ بکرێت.

٥- زەق ترین و ڕوونترین بەلگە بۆ ئەو ناڕاستی و ناپاکییەی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد وە بەرامبەر بە شێخ مەحموود بریتییە لەو دان پیانانە ئاشکرایەی مس بێل کە ئاگاداری هەموو سیاسەتێکی بریتانیا بووەو ماوەیەک لە کاربەدەستانی ئنگلیز کە لە بغداد بوون زۆر نزیک بووەو لە زۆر راوێژکردن و سەرنج نیشانداندا هاری کاری کردوەو بەشداری کردووە کە لەو ڕووەوە وتوویەتی(٥٥) :

*«پێک هێنانی ئەو دەزگایەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سلێمانی پێک هاتبوو لە سلێمانیدا بە حوکمدارێتیی شێخ مەحموود شتێکی کاتی بووەو بۆ ئەوە بووە کە لە*

*دواییدا دەسەڵات لە شێخ مەحموود بسێنرێتەوەو بریتانیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بچەسپێنێت».*

ئینگلیزەکان لە سەرەتاوە بۆ رواڵەت زۆر جار ئەیان ووت ئێمە نایەڵین کورد لە مافی خۆی بێ بەش بکرێ و پێویستە کورد پشت ببەستێت بە عەدالەتی بریتانیاوە لەو رووەوە، بە تایبەتی لەو رۆژانەدا کە هەندێ رووداوو و هەلوێست ئەهاتە پێشەوە کە مەترسیی تیادابووە بۆ ئەوان ئەو دەربڕینەیان زۆرتر ئاشکرا ئەکردو وا خۆیان پیشان ئەدا کە ئینگلیز لە هەموو کەس زۆرتر دڵسۆزی کوردەو ئەوە بوو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٢دا کە تورکەکان بە سەرکردایەتیی (یوزدمیر) لە ناوچەی رەواندزو پشدەرو رانیەدا هەڕەشەیان لە مانەوەی ئینگلیزەکان کرد لەو ناوچانەدا ئیتر شێخ مەحموودیان هێنایەوە بۆ مەبەستێکی کاتی و بۆ ئەوەی ئەو تورکانە لەو ناوچانە دەربکات ... شێخ مەحموود لە مەرامی ئینگلیزەکان گەیشتبوو، بەڵام هەر هیوای ئەوەی مابوو کە رۆژێک دێ ئینگلیزەکان لەو سیاسەتەی خۆیان پەشیمان ئەبنەوەو دان بە مافی کوردا ئەنێن بە شێوەیەکی رەسمی، بەڵام ئینگلیزەکان لە فێڵ و دەس بڕینی خۆیان نەکەوتن و کە رۆژی ئەوە هات ترازووی ناوچەکە بە لای خۆیانا داشکا ئیتر بە ئاشکرا بە شێخ مەحموودیان ووت تازە کار لە کار ترازاوەو حسابی ئەوە کراوە کە کوردستان بلکێنرێت بە عیراقەوەو تۆش حسابت تەواو بووەو بێدەنگ دانیشە.

ئینگلیزەکان هەر وەکوو خۆیان لە دۆکیومەنتەکانیانا دانیان بەوەدا دانابوو کە ساتێک حوکوومەتی عیراقییان درووست کرد، باسی کوردیان لەگەڵ ئەو کاربەدەستانەی عیراقدا کردبوو کە خۆیان دایان نابوون و پێ یان ووتبوون کە کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر مافی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاربەدەستانەی عیراق لە هەڵوێستی راستەقینەی ئینگلیز گەیشتبوون و لەوە دڵنیابووبوون کە بە هیچ جۆرێک دەسبەرداری کوردستان نابن و زۆری پێ ناچێت ئەوان لە عیراقییەکان زۆرتر سوورئەبن لەوەی کە پەلەبکەن لە پێکەوەلکاندنی کوردستان بە عیراقەوە. محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا لەو رووەوە ئەڵێ (٣١) :

*«ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە کۆبوونەوەکانی رۆژی ۱۹۲۲/۲/۲۷داو لە پاش ئەوەش لە ۳/٤/ و ۱۹۲۲/٤/۱دا سووربوون لەسەر ئەوەی کە نابێ بە هیچ جۆرێک ناوچە کوردییەکان بەپێی مادەکانی پەیمانی سیڤەر سەیر بکرێت وە یا حسابی بۆ بکرێت».*

بەلام وەنەبێ ئینگلیز لەوەدا لە فرو فێلی خۆی کەوتبێت، بەلکو مافی کوردو باسی مادەکانی پەیمانی سیڤەر دەربارەی کورد هەمیشە وەکوو دەسکەلایەک وابووە بە دەستیانەوەو هەرکاتێک ویستبێتیان بەو مادانە هەرەشەیان لە تورکیاو لە ئێرانیش کردووەو پێی ووتوون ئەگەر دژی سوودی بریتانیا بوەستن لە ناوچەکەدا ئەوا پەیمانی سیڤەر ئەهێنرێتە کارو کوردەکانی هەردوولاتان وەکوو خوارووی کوردستان لێتان رائەپەرن ... بەلام بەرامبەر بە عیراق ئینگلیزەکان ئەوەندە پێویستی یان بەو هەرەشەو توندوتیژییە نەبووە چونکە زانیویانە کە لە توانایاندا نییە لە رکێفی ئەوان بچنە دەرەوە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار نوقورچی خۆیان هەر لە عیراق گرتووەو لە کاتی بەرزبوونەوەی دەنگی بێزاری عیراقیەکان بەرامبەر مۆرکردنی پەیمانی نێوان عیراق و بریتانیا، ئەو بالۆرەیان دەست پێ کردۆتەوەو بە کورد هەرەشەیان لێ کردوون و ئینگلیزەکان زۆر بە باشی لە دەماری عەرەبەکان گەیشتوون و ئەیان زانی کە عەرەبەکان زۆر باش شارەزای ئەوەبوون کە بە بێ ئینگلیز ناتوانن بە ئاسانی کوردستان بلکێنن بە عیراقەوە بۆیە هەمیشە توانیبوویان لە رێگەی ئەوەوە مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن بە سەر عیراقدا.

لە لاپەرە (۷۲)ی دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6347 رۆژی ۳/نۆڤەمبەری ۱۹۲۱ باسێکی سیر پرسی کۆکس مەندووبی سامیی بریتانی لە بەغدادی تیادایە کە بریتییە لە گفت و گۆیەک کە لەگەڵ مەلیک فەیسەلدا کردوویەتی (محمد مظفر الادهمیش لە کتێبەکەیدا باسی ئەو گفت و گۆیەی نێوانی پرسی کۆکس و فەیسەلی کردووە کە وا دیارە ئەویش هەر لەو دۆکیومەنتەوە وەری گرتووە، هەرچەند ناوی دۆکیومەنتەکەی نەهێناوە).

لەو کۆبوونەوەیەی پرسی کۆکس و فەیسەلدا رائد (یونگ)و (کۆرنوالیس)یش

بەشداربوون و ئاگاداری ئەو گفت و گۆکردنە بوون.

لەو گفت و گۆکردنەدا مەلیک فەیسەڵ ئەم پرسیارانەی خوارەوەی لە سیر پرسی کۆکس کردووە:

١- ئایا حوکوومەتی بریتانیا ئامادەیە کوردستان بپارێزێت ئەگەر لە دەرەوە هێرشێک هێنرایە سەر کوردستان، وە بۆ ماوەی چەند ئامادە ئەبێ لەو پارێزگاری کردنەدا؟

٢- ئایا بریتانیا ئامادەیە کە بچێتە ژێر باری ئەو ئەرکەوە کە بتوانرێ چارەسەری کێشەو هەرای ناو کوردستانی پێ جێ بە جێ بکرێ و بۆ ماوەی چەند ئەبێت؟

٣- هەندێ لە کوردەکان لە کاتی دەنگداندا ئامادەیی خۆیان پیشان دابوو کە سەر بە عیراق ئەبن (لە باسێکی تایبەتیدا کە بۆ دروست بوونی عیراقمان تەرخان کردەوە لەوە ئەدوێ ین)، ئایا حوکوومەتی بریتانیا دوای ئەوە زۆریان لێ ئەکا کە واز لەوە بێنن کە لە پێشدا بڕیاریان لەسەر دابوو؟

٤- لە کاتی جیابوونەوی کوردا چی شێوە، جۆر (فۆرم)یک لە لایەن بریتانیاوە دەس نیشان ئەکرێ بۆ کورد؟

لە وەرامی ئەو پرسیارانەدا پرسی کۆکس بە فەیسەڵ ئەڵێ: بۆ وەرامی پرسیاری یەکەم و دووهەم: ئەو وەرامە بەندە بەوەی کە حوکوومەتی بریتانیا هەتا چ ماوەیەک کۆنترۆڵی ئەمێنێتەوە بەسەر عیراقدا... بێ گومان ئێمە هێزەکانمان لە عیراق ئەکێشینەوە بەڵام هێزی ئاسمانیمان ئەهێڵینەوە.

بۆ وەرامی سێ هەم، سێر پرسی کۆکس بە فەیسەڵی ووتووە: نەخێر ئێمە زۆر لەو کوردانە ناکەین کە پاشگەزببنەوە لەو دەنگدانەی کە دابوویان و بەوەی کە ئەیانەوێ لەگەڵ عیراقدابن.

بۆ وەرامی چوارەم: وا پێش نیاز ئەکرێ جۆر (فۆرم)ی ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمی بێ بۆ کوردستان بەپێی مادە (١٦)ی بڕیاری ئینتیدابی بریتانیا بۆ سەر عیراق.

لە کۆتایی دۆکیومەنتەکەدا ئەڵێ:

ئەو وەرامانەی سێر پرسی کۆکس بۆ فەیسەڵ خرایە پێش چاوی وەزارەتی دەرەوەی

بریتانیاو هیچ نابەدڵییەک لە لایەن ئەو وەزارەتەوە پیشان نەدرا لەو ڕووەوە. بەڵام محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا (٣١) کە باسی کردووە بە جۆرێکی تر ئەو پرسیارانەی فەیسەڵ و وەرامەکانی سێر پرسی کۆکس باس کردووە کە دوور نییە جگە لەو دۆکیومنتەی کە ناوی هێناوە پەناشی بردبێتە بەر هەندێ سەرچاوەی تر وەکوو فایەلەکانی بیلاطی مەلەکیی عیراق لە بغداد. بۆ نموونە:

محمد مظفر الادهمی پرسیاری یەکەم و دووهەمی فەیسەڵی وا باس کردووە کە پرسیارەکەی دەربارەی سیاسەتی بریتانیا بووە لە ڕووی عەسکەرییەوە لە عیراقدا.

وە بۆ وەرامی سێر پرسی کۆکس دەربارەی پرسیاری سێ هەمی فەیسەڵ ئەڵێ:

*سێر پرسی کۆکس لە وەرامی فەیسەڵ دا ئەڵێ: نەخێر حوکوومەتی بریتانیا زۆر لە کەس ناکا کە لە عیراق جیابێتەوە بەڵام پێویستە بڕیاری دەنگدانی کۆتایی بهێڵرێتەوە بۆ کوردەکان کە بیر لە دوارۆژی خۆیان بکەنەوە یاخود بە بڕیارەکانی پێشوویاندا بچنەوە.*

وە بۆ وەرامی پرسیاری چوارەم محمد مظفر الادهمی ئەڵێ:

*سێر پرسی کۆکس وەرامی فەیسەڵی دایەوە کە حوکوومەتی بریتانیا پێش نیاز ئەکا کە جۆرە سەربەخۆییەکی لامەرکەزی لە ژێر ئیدارەی بریتانیادا بدرێت بە کوردەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا هەوڵ ئەدا کە لە دوارۆژدا یەک گرتنێک ساز بکا لە نێوانی کوردستان و ناوچە عەرەبییەکاندا لە عیراق بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا عیراقێکی یەک گرتوو (فیدیرالی) پێک بێت.*

محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا لە سەری ئەڕواو ئەڵێ:

*مەلیک فەیسەڵ بۆ وەرامی ئەو ڕوونکردنەوانەی سێر پرسی کۆکس ووتبووی کە وختێک هات بۆ عیراق کە بکرێ بە مەلیک مەندووبی سامیی ئەو کاتە پێی ووتبوو: حوکوومەتی بریتانیا ماوەی ساڵێکی مۆڵەت داوە بە کوردەکان کە خۆیان چارەنووسی خۆیان دەس نیشان بکەن (مەبستی لە پەیانی سیڤەر بووە)و دووریش نییە کوردەکان بەوە قابیل نەبن کە بچنە ژێر حوکمی فەیسەڵەوە (مەلەففاتی بیلاطی مەلەکی و مەلەففاتی موفاوەزاتی نێوان عیراق و بریتانیا).*

محمد مظفر الادهمی ئەڵێ:

*فەیسەڵ لە کاتی خۆیدا لەسەرەتادا بەو ڕوونکردنەوانەی سێر پرسی کۆکس بێدەنگ بووبوو بەڵام لە دوواییدا بە نامەی ژمارە(٣٨٤-٣٩٩)ی ڕۆژی ١٩٢١/١٢/٢٢ بۆ مەندووبی سامیی نووسیوە کە ووتوویەتی:*

*ئەترسم ئەگەر هات و ڕێگا بدرێ بەو کوردانەی کە دەنگیان دابوو بچنە سەر عیراق جارێکی تر دەنگ بدەنەوە، دوورنییە بە بڕیارەکانیانا بچنەوەو پەشیمان ببنەوە لەو دەنگدانەی پێشوویان کە خۆیان هاتبوونە لام و بەڵێن و بڕیاریان دابوو کە لەگەڵ عیراقدابن و لێی جیا نەبنەوە... کە ئەوانەی عەقرەو زاخۆ و دهۆک و هەولێر لەو جۆرە کەسانەبوون».*

فەیسەڵ لە نامەکەیدا بۆ مەندووبی سامی داوای کردبوو کە تەنها ماوە بەوانە بدرێ کە لە پێشدا دەنگیان نەدابوو بۆ ئەوەی ئێستە بیرو رای خۆیان دەربڕن.

لە وەرامی ئەو نامەیەی فەیسەڵدا، مەندووبی سامی بە فەیسەڵ ئەڵێ:

*«ئەوانەی کە مافی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن تەنها هەر بۆ ئەوانە نییە کە دەنگیان نەداوە بچنە سەر عیراق، بەڵکو حوکوومەتی بریتانیاش مافی ئەوەی نییە کە بڕیاری مادە (٦٤)ی پەیمانی سیڤەرپشت گوێ بخات».*

لەو دۆکیومەنتەی کە لە پێشوودا باسمان کرد مەندووبی سامی بۆ زۆرتر ڕوونکردنەوەی ئەوە ئەڵێ:

*«ئەوانەی دەنگیان دابوو بۆ فەیسەڵ وەکوو عەقرەو زاخۆ و دهۆک و هەولێر، ئیتر ئەو دەنگ دانەیان مانای ئەوە نییە کە وازیان لە مافی خۆیان هێنابێت کە وەکو لە مادە (٦٤)ی پەیمانی سیڤەردا بۆ مافی کورد دەس نیشان کراوە، چونکە ئەوانەی کە دەنگیان دابوو لە کاتی خۆیدا بە ئاشکرا ووتبوویان کە بەشداری کردنیان لەو دەنگدانەیان بۆ فەیسەڵ ڕێگەی ئەوەیان لێ ناگرێ کە ئەو مافەی مادە (٦٤)ی سیڤەریان لە کیس بچێت. لەبەر ئەوە دەنگدانی ئەوانە تەنها بۆ ئەوە بووە کە دانیان بە خاوەن شکۆتانا ناوە وەکو مەلیکی عیراق کە ئەمە ڕێگەی ئەوەیان لێ ناگرێ بێن بە بەشێک لە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ ئەگەر هات و ئەو پەیماني سولحەی کە*

*لەگەڵ تورکەکاندا ئەکرێ دەربارەی پێک هێنانی حوکوومەتێکی کوردی سەری گرت. ئەو بیانووەی کە بۆ زاخۆ و عەقرەو دهۆک و هەولێر هێنراوەتەوە وەکو ئەوە وایە کە ئێوە بۆ کەرکووک و سلێمانیتان هێناوەتەوە (مەبەستی سێر پرسی کۆکس ئەوە بووە کە بۆچی ئەوانەی دەنگیان داوە بۆ ئێوە مافی ئەوەیان نەدرێتێ کە پیا بچنەوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو پاشگەز ببنەوە، بەڵام ئەوانەی کە دەنگیان بۆ ئێوە نەداوە وەکو ناوچەی کەرکووک و سلێمانی مافی ئەوەیان هەبێت دووبارە دەنگ بدەنەوە بە ئومێدی ئەوەی هەندێکیان لە بڕیاری پێشوویان پاشگەز ببنەوەو دەنگ بۆ تۆ بدەن؟). بەجێ هێنانی خواستەکانتان (خواستی فەیسەل) دەربارەی ئەوەی کەرکووک و سلێمانی کە بە شێوەیەکی کۆتایی بخرێتە سەر عیراق بەڵکو بیانوویەکی ئاشکرا پەیدا ئەکا بۆ تورکەکان کە بڵێن: کەواتە پەیمانی سیڤەر پشت گوێ خراوە».*

بەڕاستی لەو گفت و گۆیەی نێوانی فەیسەل و سێر پرسی کۆکسدا بە ئاشکرا کەڵەک و فێڵی ئینگلیز دەرئەکەوێ و یەکێکی وەکو فەیسەل هیچ دوورنییە بەرامبەر بەوە وای لێک دابێتەوە کە ئینگلیزەکان تا رادەیەک مەبەستیان بووە کورد مافی خۆی بدرێتێ ئەگەرچی فەیسەل وریاو زیرەک بووەو دوورنییە زانیبێتی کە رەنگە ئەوەی سێر پرسی کۆکس پێی ووتبوو جۆرە ڕاوە ڕێویەک بووەو مەبەست ئەوە بووە کە حوکوومەتی عیراق و فەیسەل بە ئاسانی دەستەمۆ بکرێن و لە هەر کاتێکدا ویستیان مەرجەکانی خۆیان لە پەیمانەکانی نێوان بریتانیاو عیراقدا بە ئارەزووی خۆیان ئەچەسپێنن.

بەو جۆرە بۆمان دەرکەوت کە ئەگەرچی پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/١٠دا مۆرکراو بە ڕواڵەت حوکوومەتی بریتانیا لەو پەیمانەدا بەشداریی کرد لە دان نان بە مافی کورددا بەڵام ئەوە هەمووی نەخشەو پیلانێکی کاتی بووەو بەداخەوە کوردیش خۆی ئەوەی لە بارا نەبوە کە بەو بارە هەڵسێ و چ لە کوردستانی تورکیاو چ لە خوارووی کوردستاندا ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی کە میللەتی کورد کردبووی هەمووی بە فیڕۆ ڕۆیشت و لە ئەنجامدا حوکوومەتی بریتانیاو تورکیا لەناو خۆیانا لەسەر کەوڵ و پێستی کورد ڕێک کەوتن وەکو لە دواییداو لە شوێنی خۆیدا باسی

ئەکەین.

بەو جۆرەش مــادەکـانی پەیمانی سیـڤـەر ووردە ووردە کـاڵ بووەوەو لە دووایـیـدا سڕێنرایەوەو ئەدمۆنسی شارەزای ئەو رۆژانە لە کتێبەکەیدا لەو رووەوە ئەڵێ (٤٥) :

*«پەیمانی سـیـڤـەر سـەری نەگـرت... بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاواتـی کـورد لە ناو چوارچێوەی کـوردسـتـانێـکی سەربەخۆدا لە دۆکـیـومـەنتـێـکی نێوان دەوڵەتاندا لەبیر ناچێتەوە».*

دوکـتـۆر عـبد الرحمن قـاسملو لە کـتـێـبەکـەیدا لە باسـی ناشتنی پەیمانی سیـڤـەرو زیندەبەچاڵ کردنیا ئەڵێ (١٦) :

*«سـاتێک پەیمانی سـیـڤـەر مـۆرکـرا (بوانـکارە) ئێجگار راسـتی ووتبـوو لەوەدا کـە ووتبـووی: ئەو پەیمانەی لەناو خانـووی کـارگـەیەکی کـاشی دروسـتکردنـدا لە شـاری سیڤەردا مۆرکرا، شکاندنی ئەو پەیمانە وەکو شکاندنی یەکێک لەو کاشی یانەی لەو کارگەیەدا دروست ئەکرا سووک و ئاسان بوو، بە سەرکەوتنی کەمالی یەکان سیڤەر ژێرکەوت و بە سـەرکـەوتنی تورک بەسـەر یۆناندا پەیمانی سیـڤـەر بە تەواوی پووچەڵ کرایەوە».*

# (٣)

# کۆبوونەوەی لەندەن و کۆنگرەی قاهیرە

لە دوای ئەوەی پەیمانی سیڤەر لە ١٠/٨/١٩٢٠دا مۆرکرا، لەو ماوەیەدا بەپێ ی ئەو پەیمانەی دەس نیشان کرابوو ئەبوایە ئەو لیژنانەی کە پێویست بوو بۆ بەجێ هێنانی مادەکانی ئەو پەیمانە دابنرانایەو ئەندامەکانیان دەستیان بکردایە بە کاروباری خۆیان، بەلام گەلێک بەسەرهات و ڕووداوی تازە هاتە کایەوە کە بوون بە هۆی ئەوەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویست بوو بنرێن بۆ سەرگرتنی ئەو پەیمانە هیچ هەنگاوێک نەنراو بە پێچەوانەوە رۆژ لە دوای رۆژ نیشانەی پشت گوێ خستن و هەلوەشاندنەوەو لادان لەو پەیمانە دەرئەکەوت کە هۆی سەرەکیی ئەوەش بەهۆی کوردەکانی تورکیاوە بوو کە لەناو خۆیانا نارێک بوون و سەرکردایەتییەکی یەک گرتووی دان پیانراو لە لایەن هەموانەوە نەبوو کە جلەوی تەقەلای کورد یەک بخاو بەوە هەل و دەرفەتێکی ئێجگار لەبارو ڕەخساو لە کیسی کورد چوو، تورکەکان بە پێچەوانەی کورد توانییان خۆیان کۆکەنەوەو وردە وردە دەستیان کرد بە بنکەنکردنی مادەکانی پەیمانی سیڤەرو توانییان وا لەو دەولەتانە بکەن کە پەیمانی سیڤەریان مۆرکردبوو لە بڕیارەکانی پێشوویان پاشگەز ببنەوەو بیانخەنە سەر ئەوەی بیر لە دەرکردنی بڕیارێکی تر بکەنەوە کە بە پێ ی ئەوە تورک بە مەبەستەکانی خۆی بگاو هیوای کوردیشی پێ زیندەبەچال بکەن.

لە کاتێکدا کورد لەناو خۆیا تووشی بگرەو بەردەو نارێکیی ناوخۆی بوو ئەو ناکۆکییەی نێوان بەدرخانییەکان و تاقمی شێخ عبد القادری شەمزینی بارێکی نالەباری وای هێنایە کایەوە کە هەر لایە بە جیا خەریکی تەقەلاو هەلپەیەکی تایبەتیی خۆی بووە بۆ پەیداکردنی پەیوەندی لەگەل تورک و ئینگلیزدا کە بەداخەوە هیچ لایەکیشیان هیچی دەسگیر نەبوو، وە بەپێچەوانەی ئەوان تورکیزمەکان توانییان

خۆیان کۆ بکەنەوەو دەست بەسەر ناوچەی ئەنادۆلدا بگرن و بە زمانی لووس و بەڵێنی درۆ ژمارەیەک لە سەرۆکی عەشایرەکانی کوردیان بە لای خۆیانا داشکان و توانییان بە تەقەلای خۆیان و یارمەتییەکی زۆری ئەو کوردانەی لایەنگریان بوون هێرشی یونانییەکان لە رۆژئاوای تورکیادا بەربەست بکەن و جگە لەو تەقەلا سەرگرتووەیان کە توانبوویان بە درۆ بۆ ماوەیەکی کەم خۆیان بکەن بە دۆستی سۆڤیێت و یارمەتییەکی زۆریان لێ وەربگرن، بێجگە لە سۆڤیێتیش توانییان فەرەنسەو ئیتالیا بکەن بە لایەنگری خۆیان کە هەردووکیان لە سیاسەتی بریتانیا ناڕازی بوون و ئەو هێرشەی یۆنانییەکانیان بە هاندانی ئینگلیز لە قەلەم دابوو، بەو هەموو تەقەلا سەرگرتووەیان ئینگلیزیان ناچارکرد کە بیر لە بۆچوون و دانانی پرۆگرام و پلانێکی تازە بکاتەوە لە رێگای دبلۆماسییەتەوە نەک لەرێی شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی تورکدا، کە ئینگلیز لەو پرۆگرام و پلانە تازەیەیدا ئەوەی خستە بەر چاو کە پێویستە هەوڵ بدا تورک لە سۆڤیێت دوور بخرێتەوە کە ئەمەیان هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو کە ئینگلیزەکان مەبەستیان بوو سەر بگرێت. سیاسەتی ئینگلیز لە بەجێ هێنانی نەخشەو پلانیا لە کۆنەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایەو خوێن ساردی و دان بە خۆداگرتن و کۆڵنەدان و دووربینیی هۆی سەرەکیی سەرکەوتنی ئینگلیز بووە لە بەجێ هێنان و سەرگرتنی نەخشەکانیا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە لە نێوانی ئەوان و تورکەکاندا هەبوو پەنایان بردە بەر هەمان ڕەوشت و ڕەفتاریان و لە ڕاستیدا توانییان لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا تورکەکان لە سۆڤیێت دوور بخەنەوەو بەلای دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانا دای شکێنن و زۆری پێ نەچوو تورکەکان ئیجازەی حیزبی شیووعی کە بە سەرۆکایەتیی (حقی بهیج)ی طۆرانی پێک هاتبوو هەڵیان وەشاندەوەو تورکیش بۆی دەرکەوتبوو کە لە ڕێگای شەڕو ڕووبەڕووبونەوەی ئینگلیزەوە ناتوانن بگەنە مەبستی خۆیان بەتایبەتی بەرامبەر بە دەوڵەتێکی دەسەلاتداری وەکو ئینگلیزی ئەو ڕۆژانە، لەبەر ئەوە تورکیش هەر وەکو ئینگلیزەکان بە حیسابە کۆنەکانیانا چوونەوە وەکو لە باسەکانی داهاتوودا ڕوونی ئەکەینەوەو ناچاربوون واز لە داواکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ بهێنن و بە

هێلی (بروکسل) رازی بن کە ببێت بە هێلی سنووری نێوانی تورکیاو عیراق (کە ئەوە دان پیانان بوو بە حوکوومەتی عیراق) وە بەرامبەر بەوە ئینگلیزەکانیش تورکەکانیان دڵنیا کرد کە واز لە دروستکردنی حوکوومەتێکی کوردی یا حوکمێکی ئۆتۆنۆمی بو کورد دێنن کە ئەمە گرێ یەکی زۆر قورسی سەر دڵی تورکیزمەکان بووەو هەمیشە لێی تۆقیبوون.

پاش ئەوەی هەڵوێستەکان و ڕووداوەکان وایان کرد کە مادەکانی پەیمانی سیڤەر لە سەرەتادا لێک بترازێن و تورکیزمەکان توانییان بە پاڵ پشتی سۆڤێت و فەرەنسەو ئیتالیا هەل و مەرجێکی وا ڕێک بخرێ کە هەموو لایەک رازی بن بەوەی کە بە مادەکانی سیڤەردا بچنەوەو پەیمانێکی تازە بهێنرێتە ئاراوە کە لەگەڵ خواست و ئامانجی تورکیزمەکاندا یەک بگرێت.

یەکەم کۆبوونەوەیەک کە سەرەتای ئەو گۆڕانکاری یەی تیادا ئاشکرابوو بریتی بوو لە کۆبوونەوەی لەندەن. ئەو ڕۆژانەی دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ئەو کاتە بوو چ لە پاڕلەمانی بریتانیاداو چ لە نووسینی ڕۆژنامەکانی ئینگلیزدا داخواز یەکی بێ ووچان هەبووە کە بە گەرمی داوا لە حوکوومەتی بریتانیا کراوە بە زووترین کات هێزەکانی لە میسۆپۆتامیا بکێشێتەوەو مەساریفی حوکوومەتی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا کەم بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە گەلێک کۆنفڕانس و کۆبوونەوە کرا کە وەکو ووتمان کۆبوونەوەی لەندەن سەرەتای ئەوە بوو کە هەڵوێستێکی تازەی پێ بهێنرێتە دی.

لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٢١دا (یەعنی بەر لە دوو مانگ کەمتر لە بەستنی کۆنگرەی قاهیرە) لە لەندەن کۆنفڕانسێک بەسرا کە جگە لە نوێنەرانی دەوڵەتە سوێندخورەکان کە پەیمانی سیڤەریان مۆرکردبوو بۆ یەکەم جار نوێنەری هەردوولای تورکەکان لەو کۆبونەوەیەدا بەشداری یان کرد. نوێنەری تورکیزمەکانی سەر بە مصطفی کمال لە ئەنادۆل (بکر سامی) بوو وە نوێنەری تورکەکانی ئەستەمبوولی سەر بە سوێندخوران توفیق پاشای صدری اعظم بوو. ڕەفیق حلمی لە یادداشتەکانیا دەربارەی ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە ئەڵێ[٢] :

*«له دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر ووردە ووردە تای ترازووی تورک بە پاڵ پشتی فەڕەنسەو ئیتالیا بەهێز بوو و سەری گرت و پەیمانی سیڤەر خرایە ژێر لێوەوە».*

بەلام سەیر ئەوەیە رەفیق حلمی لە یادداشتەکانیا باسی کۆنگرەی لەندەنی کردووە کەچی باسی کۆنگرەی قاهیرەی نەکردووە، کە ئەو کۆبوونەوەیەی لە لەندەن کرابوو کوبوونەوەیەکی پێشەکی بوو بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی قاهیرە کە ژمارەیەکی رۆر لە نووسەران و لەناو دۆکیومەنتەکانی ئارشیڤی لەمەی دواییدا وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە دوورو درێژی لەسەر کۆنگرەی قاهیرە نوسیویانەو گەلێک سەرچاوە باسی ئەو کۆنگرەیان کردووە.

لەبەر ئەوەی کۆنگرەی قاهیرە لە ووت و ووێژو گفت و گۆکاندا کە لەو کۆنگرەیەدا خرابوە بەرچاو گەلێک باسی تیادایە کە پێوەندی بە کوردەوە هەیەو لەو کۆنگرەیەدا باسی کورد وەکو باسێکی تایبەتی خراوەتە پێش چاوی بەشداربووەکان بۆیە ئێمەش لێرەدا باسێکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کرد.

دوکتۆر احمد عوسمان[٢٦] دەربارەی بەستنی کۆنگرەی قاهیرە ئەڵێ:

*«لەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ماوەی ئاوارەبوونی شێخ مەحموودا بۆ هندستان روویداوە بریتی بووە لە کۆنگرەی قاهیرە. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کاربەدەستانی ئینگلیز لە پاش تاقی کردنەوەیەکی زۆرو لە ژێر تیشکی رووداوەکانی دوو سالی دوای وەستاندنی شەڕ هاتنە سەر ئەوەی کۆنگرەیەک ببەستن بۆ ئەوەی لێ پرسراوان و شارەزایانی خۆیان لەو کۆنگرەیەدا باسی گیروگرفتەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست شی بکەنەوەو لێی بکۆلنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو گیروگرفتانەو بۆ ئەو مەبەستە شاری قاهیرەیان هەلبژارد بەپێی پێشنیازی چرچڵ کە وەزیري موستەعمەراتی بریتانیا بوو. ئەو کۆنگرەیە لە نێوانی ١٢ی مارت هەتا ٣ی مارتی ١٩٢١ لە قاهیرە بەسراو باسەکانی ئەو کۆنگرەیە لە دۆکیومەنتەکانی بارەگای گشتی ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا پارێزراون».*

دوکتۆر احمد عوسمان لە باسەکەیدا ژمارەی ئەم دۆکیومەنتەی بەم جۆرە باس کردووە:

(وەزارەتی دەرەوەی بریتـــانیـــا، ٦٣٤٣/٣٧١، ٤٨٤٢) وە ئەلێ پاشـــبـــەندی ئەو دۆکیومەنتە کە ژمارە (١٠) بووە لە ڕۆژی ١٩٢١/٣/١٥دا تۆمار کراوە.

*ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی بەستنی ئەو کۆنگرەیەو دانانی پرۆگرامی کۆنگرەکە لەوەوە دەســتی پێ کــرد کــە ئەنجــومــەنی وەزیرانی حــوکــومــەتی بریتــانیــا لە ١٩٢١/٢/١٤دا کــوبوونەوەو دەســتــیــان کــرد بە لێکولینەوەو شی کــردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە لایەن ئەو لیژنە تایبەتییەوە دانرابوو کە سەرەک وەزیران بڕیاری لەســەر دابوو بۆ ئەوەی هەرکــەســە بیــرو ڕاو ســەرنجی خــۆی دەربــڕێت بۆ دانانی دەزگــایەکی کارویار لە وەزارەتی موســتــەعــمــەراتدا بۆ ئەوەی ئەو دەزگــایە بتــوانێت کاروباری ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببات بەڕێوە.*

*ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان دا چرچلی وەزیری موستەعمەرات دەسەڵاتی بدرێتێ کە لە مانگی مارتدا لە قاهیرە لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گفت و گۆ بکا. وەزارەتی موستەعــمەرات بە گورجی دەزگاکانی کۆنگرەی دامەزراندو پێشنیــازی خــۆی نارد بۆ ئەنجــومــەنی وەزیران و داوای کــرد کــە پێویســتــە کــۆنگرە دەربارەی باسی ئابووری و گیروگرفتەکانی ناو ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدوێ.*

*چرچڵ داوای لە نوێنەرو لێپرسراوە بەرزەکانی بریتــانیا کرد لەگەڵ فــەرمــانبەرانی سوپایی و کاربەدەستانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیاو ئێران و نیمچە دوورگەی عــەرەب و حاکــمــەکانی سۆمــاڵ و عــەدەن و گــەلێ فــەرمانبەرانی تــر کــرد کــە لەو کــۆنگرەیەدا بەشداری بکەن».*

یەکەم کۆبوونەوە لە ١٩٢١/٣/١٢دا دەستی پێ کردو لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەدا چرچڵ مــەبەستی خــۆی لە بەســتنی ئەو کــۆنگرەیە ڕوون کردەوەو ئەندامــانی کــۆنگرە لەناو خــۆیانا بوون بە دوو بەشــەوە: ١- بەشی رامــیــاری، ٢- بەشی ســوپایی. لە کــۆنگرەی قــاهیــرەدا باسی گــەلێک شت کــراوە بەڵام ئێــمــە لێرەدا تەنهــا لەو باســانە ئەدوێین کە پەیوەندییان بە کوردو کوردستانەوە هەیە.

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەربارەی بەشداربووەکانی ئەو کۆنــگرەیە ئەڵێ (٤٣):

*«بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەی قاهیرەدا لە ١٩٢١/٣/١٢دا ئەوانەی پەیوەندییان بە*

میسۆپۆتامیاوە هەبووە بریتی بوون لە: سێر پرسی کۆکس مەندووبی سامی لە بغداد وەسەرکردەی گشتیی هێزی بریتانی لە میسۆپۆتامیا (جەنەڕاڵ هالدن)و جعفر عسکری و ساسۆن حسقێل و مس بیلْ و دوو موستەشاری ئینگلیز لە وەزارەتەکانی عیراقیشدا بەشدارییان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بۆ باسی عیراق و کورد تەرخان کرابوو لەگەڵ باسی دامەزراندنی سوپای عیراق، چرچڵ و لۆرەنس لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون بەڵام جعفر عسکری و ساسۆن حسقێل وەکو ئەندامی ئەسلیی کۆنگرەکە بەشدارییان نەکردبوو تەنها ئەگەر پێویستی بە پرسیارکردن و راوێژ هەبوایە پرسیان پێ ئەکرا.

ئەوەی لەو کۆنفرانسەدا بڕیاری لەسەر درا ئەوە بوو کە پێویستە هێزی بریتانیا لە سالی ١٩٢٢دا کەم بکرێتەوەو هێزی ئاسمانی کۆنترۆلی بەسەرەوە بێ (لەژێر چاودێریی بریتانیادا بێ)، لەگەڵ زۆرکردنی هێزی لیڤی بەلام نەک بە زۆرکردنی ژمارەی عەرەب لەو هێزەدا بەلکو بە زۆرکردنی ژمارەی ئاسوورییەکان بە مەرجێک سەرپەرشتی کردنی کاروباری ئەو هێزی لیڤییە هەر لە ژێر چاودێری و دەسەلاتی بریتانیادا بێ».

لونگریک دەربارەی باسی کورد لەو کۆنگرەیەدا ئەڵێ:

«سێر پرسی کۆکس پێشنیازی کرد چارەسەرێکی مام ناوەندی دەسنیشان بکرێ دەربارەی کوردو ئەوەی سێر پرسی کۆکس لەو رووەوە پێشنیازی کردبوو بریتی بوولە:.

ا. بۆ هەموو ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵ نیمچە لیوایەک پێک بێت کە معاون متصرفێک کاروباری ببا بەڕێوە کە بریتانی بێ و هەموو فەرمانبەرانی ئەو ناوچەیە کورد بن یاخود لەو عەرەبانە بن کە کوردی باش بزانن بە مەرجێک لە هەموو کاروبارێکدا وەکو هەموو بەشەکانی تری عیراق رەفتاریان لەگەڵا بکرێت.

ب ـ ئەفسەری بریتانی (کە پێیان ووتراوە حاکمی سیاسی) لە هەولێرو کۆیەو رەواندز دابنرێن بە مەرجێک لە دانانی فەرمانبەراندا خواستی خەڵکی ناوچەکە بخرێتە بەرچاو.

بەڵام دەربارەی سلێمانی بە ئاشکرا خرایە بەرچاو کە موتەسەرریفێک کاروباری ببا بەڕێوەو مەندووبی سامیی ئەو موتەسەرریفە دابنێت کە موستەشارێکی ئینگلیزی هەبێ و هەتا ئەو کاتەی ئەو موتەسەرریفە دائەنرێت ئەفسەری سیاسی لە سلێمانی کاروبار ئەبا بەڕێوەو ئەنجومەنی لیوای سلێمانی دەسەڵاتی ئەوەی ئەبێ کە پەیوەندی بە مەندووبی سامییەوە بکا لەگەڵ مەجلیسی وزەرای عیراق و موستەشارەکانی وەزارەتەکانیشدا.

قائیمەقامەکان بریتانی ئەبن هەتا ئەو کاتەی کوردی کارامەو لێهاتوو بۆ قەزاکان دائەنرێ».

لۆنگریک دەربارەی ئەو پێشنیازانە ئەڵێ :

ئەو پێشنیازەی بۆ کوردەکانی ناوچەی مووسڵ کرا لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد لەو ناوچانەدا گەرم نەبوو بۆیە هیچ شتێک دەربارەی ئەو ناوچانە نەکراو نەهاتە دی، سەرەڕای ئەوەش خێزانە دەسەڵاتدارەکانی مووسڵ زۆر دژی ئەوەبوون کە ناوچە کوردییەکان لە مووسڵ جیا بکرێنەوە...

لە کۆنگرەی قاهیرەدا هیچ شتێکی وا نەهاتە ئەنجام کە پەیوەندیی بە کوردەوە هەبێ چونکە بە هاتنی مصطفی کمال ئەتاتورک ئیتر پێک هاتنی حوکومەتێکی کوردی بوو بە کارێکی زۆر گران، هەروەها ئەوەش خرایە بەرچاو کە کوردەکانی دەوروبەری مووسڵ و ئەوانەی سلێمانی و کەرکووک (هەتا ئەو کاتە هەولێر سەر بە کەرکووک بووە) تواناو دەسەڵاتی ئەوەیان نییە کاروباری خۆیان ببەن بەڕێوە، لەبەر ئەوە مەندووبی سامی بڕیاری دا هەتا ماوەیەک خۆی سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە بکا بەڵام وەزیرەکانی عیراق ئەو بڕیارەیان بە دڵ نەبوو چونکە ئەیان ویست کوردستان بە بەشێکی تەواو بژمێررێ لە عیراق و لێی جیا نەکرێتەوەو یەکسەر خۆیان کاروباری ببەن بەڕێوە.

لە کۆنفرانسی قاهیرەو لە دوای ئەوەش هەمیشە هەر کاتێک باسی ئەوە بکرایە کە پێویستە جیاوازییەک هەبێ لە نێوانی کوردو عەرەبداو پێویستە خواست و ئارەزووی کورد بخرێتەو بەرچاو ئەو وەزیرو کاربەدەستانە دژی ئەوە ئەوەستان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆی ئابووری وای سەپاند کە کورد لەگەڵ عیراقدا بیێت و لە شوباتی ۱۹۲۱دا کەرکووک بە شێوەیەکی رەسمی کرا بە موتەسەرریفییەت و هەولێر کرا بە نیمچە موتەسەرریفییەتێک لەژێر چاودێریی ئەفسەرێکی بریتانیدا وە لەلاین موعاون موتەسەرریفێک کاروباری ئەبرا بەڕێوە. بەڵام سلێمانی ملی نەدا بۆ ئەوەی کە لە لایەن کاربەدەستانی عیراقەوە ببرێن بەڕێوەو ئەوەیان لا باشتربوو لەژێر چاودێری و ئیدارەی مەندووبی سامی دا بمێننەوە».

رەفیق حملی دەربارەی ئەوەی لۆنگریک باسی کردەوە کە ووتوویەتی لە دوای سەرکەوتنی مصطفی کمال ئیتر پێک هاتنی حوکوومەتێکی کوردی بوو بە ئەرکێکی گران ئەڵێ:

«لە سالی ۱۹۱۹ـ۱۹۲۰دا کە یۆنانییەکان شەڕیان لەگەڵ تورکەکاندا کرد، لەو شەڕەدا لە سەرەتادا بەسەر تورکەکانا سەرکەوتن بۆیە تورکەکان ناچاربوون پەیمانی سیڤەر مۆر بکەن بەڵام کە وەختێک تورکەکان بە سەرکردایەتیی مصطفی کمال جڵەوی سەرکەوتنیان بەسەر یۆنانییەکانا گرتە دەست ئیتر ئەو سەرکەوتنە وای لە هەندێ لە دەولەتە سوێندخورەکان کرد کە جارێکی تر بە کێشەی رۆژهەڵاتدا بچنەوەو لە پاریس کۆبوونەوەیەک کرا کە (سنیۆر سفۆرزا) وەزیری کاروباری ئیتالیا لەو کۆبوونەوەیەدا دژی یۆنان ڕاوەستاو بوو بە لایەنگری تورک و نوێنەری فەرەنسەش چووە پاڵ سفۆرزای ئیتالی، هەروەها لە ۱۹۲۱/۲/۲۱دا لە لەندەن کۆبوونەوەیەکی تر کرا کە لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری تورکەکان لە ئەستەمبوڵ و نوێنەری مصطفی کمال هەردووکیان بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەیان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا سفۆرزا داوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی سیڤەری کردو لە کۆبوونەوەی لەندەنیشدا ئەو داخوازییەی دووبارە کردەوەو مەندووبی فەرەنسە پشتگیری کردو بەپێچەوانەی ئەوان نوێنەری یۆنان داوای بەجێ هێنانی مادەکانی پەیمانی سیڤەری کرد».

(لە راستیدا ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی یۆنان تاکە تەقەلایەک بووە لە دوای پەیمانی سیڤەر کە لە لایەن دەولەتێکی بێگانەوە داوای بەجێ هێنانی ئەو پەیمانەی

کردەوەو کوردیش خۆی ئەوەی لەبارا نەبووە کە دەنگی بگەیەنێتە مەلبەندو کۆمەڵگای دەولەتان و کارێکی وا بکا کە بەرپەرچی تەقەلاکانی کمالییەکان بداتەوە کە بۆ ئەوە تێدەکۆشان پەیمانی سیڤەر هەلوەشێننەوە). بە راستی وەکو لە دوایـیـشـدا ڕوونی ئەکەینەوە نارێکیی کورد لە ناو خۆیاناو کەمتەرخەمیان و ڕانەپەڕین و بڕواکردن بە بەڵێنی درۆی کەمالییەکان و ئینگلیزەکان هەریەکەیان بە جۆرێک وای لە سوێندخورەکان کرد کە بیر لە بەستنی پەیمانێکی تازە بکەنەوە کە پەیمانی سیڤەری تیادا پشت گوێ بخرێ.

ئەو تەقەلا ناوچەییە بێ سوودانەش کە جاروبار ئەدرا بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بەو دەولەتانەی پەیمانی سیڤەریان مۆرکردیوو ئەوەندە کاریگەر نەبوون کە بتوانرێ شتێکیان لێ بێتە بەرهەم و ئەو هەموو جەنەراڵ و ئەفسەرە زۆرانەی کورد کە لەو رۆژانەدا لە ناو کۆمەلگای ئەستەمبولدا مۆلیان خواردبوو چاوەڕوانی لوتف و پیاوەتیی ئینگلیز بوون کە لە رێی (عصبه الامم)وە شتێکیان بۆ بکا، جوولەیان نەکردو نە کەوتنە خۆیان بە وێنەی مصطفی کمال و تاقمەکەی کە لە ئەنادۆلدا بنکەیەکی رێک و پێکیان ساز کردو توانییان پاش ماوەیەک مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن و ببن بە تاقە نوێنەری تورکیاو هەل و مەرجێکی وا برەخسێنن کە تای ترازووی ئەوان بسەر تەقەلاکانی ئینگلیزدا زاڵ بوو ئینگلزیش بۆ مەبەستی خۆی دەسبەرداری کورد بوو لەگەڵ تورکدا کەوتە بارێکی تازەوە کە بۆیان دەربخات ئامادەیە واز لە پشتگیری کردنی کورد بێنێت بە مەرجێک تورکیش دەسبەسەر داری ویلایەتی مووسڵ بێنێت.

ئەو تەقەلا بێ سوودانەی کە لەو رۆژانەدا لە لایەن چەند کوردێکەوە درا لە ئەستەمبوول بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیەنن بە بەشداربووانی کۆنفرانسی قاهیرە لەم تەلیگرافەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ کە چۆن سیاسییەکانی ئینگلیز رێگەیان لەو تەقەلایەی کورد گرتووە. سێر هوراس رامبۆلد بە نهێنی لە رۆژی ۱۹۲۱/۳/۲دا تەلیگرافێکی ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ئەڵێ (٤٠):

*«ئەو راپۆرتانەی پێمان گەیشتوون دەربارەی کۆنگرەی قاهیرە لە مارتی ۱۹۲۱دا*

وای دەرئەخەن کە کوردەکان زۆر دلیان خۆشە بە بەستنی ئەو کۆنگرەیەو هەتا ئێستە دوو تاقم هەریەکەیان بە جیا داوای مافی کورد ئەکەن... هەردولایان هاتنە لام بەلاَم من رێگەم نەدا هیچیان ببینم (نیازی لە تاقمی بەدرخانییەکان و شێخ عبد القادری شەمزینی بووە)، چونکە هەردوو لایان لە ناو خۆیانا یەک نەبوون و ناڕێک بوون (دەردی ناکۆکیی کورد لەسەر سەرۆکایەتی و کوێخایەتی هەر دەردی ئیمڕۆو دوێنێ نییە بەلکو دەردێکی کۆنەو وەکو شێرپەنجە وایە بۆ لەشی کورد)، بێجگە لەوە نامەوێ ریگەی پێشکەش کردنی ئەو جۆرە داخوازییانە بدەم کە بنێررێن بۆ کۆنگرەی قاهیرە... بەلاَم ئەوەی بۆم دەرکەوت هەردوولایان ئەوەیان دەربڕیوە کە:-

١- ئاواتی کوردو داخوازییەکانی هەر لە دوای موتارەکەوە (وەستاندنی شەڕی جیهانی) هەمووی بە یادداشت دەسنیشان کراوە... کوردەکان ئەڵێن نایانەوێ هیچ کەمە نەتەوەیەکی ناوخۆیان لاواز بکەن چ تورک بێ و چ ئەرمەنی و ئەو نوێنەری وەفدانەی ئەنقەرە کە ئەڵێن نوێنەری کوردن (بێجگە لە بەدرخانییەکان و تاقمی شێخ عبد القادری شمزینی کمالییەکانیش لە ئەنادۆڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک عەشایرو نوێنەرانی شارانی کوردستانی تورکیایان لە خۆیان کۆکردبووەوە ناویان نابوون نوێنەرانی کورد لە ناو ئەو ئەنجومەنەی کە کمالییەکان لە ئەنادۆڵدا سازیان کردبوو)، ئەو نوێنەرە دەسەلاَتێکی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت بە ناوی هەموو کوردەوە بدوێت (لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نوێنەرانەی کوردی لای کمالییکان لە دواییدا توانییان تەلیگراف بنێرن بۆ ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەی لە دواییدا کرا بە تایبەتی لە کۆبوونەوەی لۆزانداوە توانییان بەو تەلیگرافە تای ترازووی کمالییەکان سەربخەن و بەوە دەنگی راستی کورد ئیتر لەو کۆبوونەوانەداکپ بوو وەکو لە دواییدا بە دوورو درێژ باسی ئەکەین).

٢- پەیمانی ئاشتی دانی بە مەبدەئی حوکمی زاتیدا ناوە بۆ کورد. کوردەکان هەموو لەسەر ئەوەن کە هەر دەسکارییەک لە ماددەکانی ئەو پەیمانەدا بکرێ، پێویستە ئەو دەسکاری کردنە ئەو مادانە نەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی کوردەوە هەیە بەلکو ئەبێ وا بکرێ کە زۆر ناوچەی تری کورد کە لەو پەیمانەدا باس نەکراوە

*ئەوانەش بگرێتـــەوە (نیـــازی لەو ناوچە کـــوردییـــانە بووە کـــە تێکەڵ بە ناوچە ئەرمەنییەکان کرابوو بەپێی پەیمانی سیڤەر)و بێجگە لەوە پێویستە ئەو ناوچانەش بگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و خراونەتە ناو سنووری دەسەڵاتی فەرەنسە لە سووریاداو ئەڵێن پێویستە شتێکی وا بکرێ کە رێگای بەندەری (رێگەی ئاوی) بدرێ بە کـــورد کـــە رێگەی چوونە ســەر دەریای هەبێ کـــە ئەمـــەش بەوە پێک دێ ناوچەی (ایاز) بخرێتە سەر ناوچە کوردییەکان».*

لە دۆکیـومـەنتـەکـانی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتـانیـادا هەندێ باسی دوورو درێژی تیادایە دەربارەی کۆنگرەی قاهیرەو ئەو گفت و گۆیانەی کە لەو کۆنگرەیەدا کراوەو هەوڵ ئەدەم لێرەدا بە کورتی باسی ئەوانە بکەم کە پەیوندییـان بە کـوردەوە هەیە.

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.935 – 7452 سالی ١٩٢١ لە فـەقـەرە (٨)ی لاپەڕە (١٨)دا ئەڵێ:

*«چرچلی وەزیری موسـتـەعـمەرات سـەرۆکی کـۆبوونـەوەکە بـووە لەو کۆنـگرەیەداو ئەوانەی بەشدارییان کردەووە بریتی بوون لە: سێر پرسی کۆکس و کۆلۆنێل ویڵسن و مێجەر یونگ و مێجەر نـویل (لەگـەڵ ئەوەشدا کـاربەدەسـتـانی بریتـانی لە بغداد لە سیاسەتی مێجەر نویل نارازی بوون دەربارەی کوردستـان کە بێگومـان راپۆرتەکـانی مێجەر سون لەو رووەوە دەورێکی تـەواوي بینیـوە وەکـو لە بەرگی یەکـەمدا لە باسی مێجەر سوندا بە دوورو درێژی لێی دواین، بەڵام وا دیارە کاربەدەستـانی بریتـانیـا لە لەندەن گـوێیان نەداوەتـە ئەوەو نویل بەشـداریی کـردووە)، بێجگـە لەوانە مـێجـەر R.D.Badock سکرتێری ئەو کۆبوونەوەیە بووە. لە فـەقـەرە (٨)ی ئەو دۆکـیـومەنتـەدا ئەڵێ:*

*ئێمە وا تێ گەیشتووین کە مادده (٦٤)ی پەیمانی سیڤەر بڕیاری داوە کە لە ماوەی ساڵێکدا دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانـە، ئەو کـوردانەی نیشتـەجێی نێوانی ئەرمەنیاو سنووری میسـۆپۆتامیـان پێویستـە لە ناو خاکی خۆیانا سـەربەخـۆبن ئەگـەر هات و عـصبـە الامم بڕیاری لەسـەر ئەوە دا کە ئەو کـوردانە تواناو دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە*

*سەربەخۆبن و کاروباری خۆیان بە باشی ببەن بەڕێوەو لە ئەنجامی ئەوەدا حوکوومەتی تورکیا واز لە هەموو ماف و دەسەلاتێکی خۆی دەهێنێت لەو ناوچانەداو ئەگەر هات و ئەوە سەری گرت ئیتر بۆ دەوڵەتە سوێندخۆرەکان نییە کە رێگا لە خوارووی کوردستان بگرن ئەگەر بە ئارەزووی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو حوکوومەتەی لە کوردستانی تورکیادا بەپێی ئەوە دا ئەمەزرێت، بۆیە ئێمە وا بە پێویست ئەزانین هەتا ئەو کاتە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان بدرێتە دەس ئیدارەیەکی تازە».*

لە مولحەقی ژمارە ۱۰ی رۆژی ۱۹۲۱/۳/۱۵ کە لە هەمان دۆکیومەنتدا هەیە بە دوورو درێژی باسی ئەو لێکۆڵینەوەو گفت و گۆیانە ئەکا کە لە کۆنگرەی قاهیرەدا کراوە ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە لەو مولحەقەدا ئەڵێ:

*«ئەندامانی لیژنە لەناو خۆیانا دەستیان کرد بە شی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی باسی کوردستان لە ژێر تیشکی بریارەکانی سیڤەرداو پێشنیازی ئەوە کرا کە کوردستان نەخرێتە ژێر دەسەلاتی عیراقەوە...*

*بەلام سێر پرسی کۆکس روونی کردەوە کە داوای لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکە کردووە (مەبەستی ئەو ئەنجومەنە ناوچەییە بووە کە ئینگلیزەکان بە چاودێریی خۆیان لە سلێمانیدا دروستیان کردبوو) کە بۆ ماوەی ئەو ساڵەی کە پەیمانی سیڤەر لێی دوواوە کاروباری ناوچەکە لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی خۆیدا ببرێ بەڕێوەو لە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە ئەوسا بەپێی هەڵوێست و رووداوەکان بەو بریارەدا ئەچێتەوە.*

*لەو شوێنانەی کە زۆربەیان کوردنشینن لە ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەندێ ناوچەی مووسڵ، ئێستە کەرکووک و مووسڵ لە لایەن موتەسەرریفەوە ئەبرێن بەڕێوەو ئەفسەر سیاسییەکانمان چاودێری و سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروبار ئەکەن.*

*فتاح پاشا کە تورکەو کوردەکان لێی بە گلەیی نین کراوە بە موتەسەرریفی کەرکووک، بەلام بەلای سێر پرسی کۆکسەوە وایە کە لەبەر هۆی ئابووری پێویستە ئەو ناوچانە بەشێک بن لە عیراق. سێر پرسی کۆکس لایەنگری مس بیلە کە لای*

*وایە خەڵکی کەرکووک ئەیانەوێ بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و پێویستە نوێنەریان لە ئەنجومەني دامەزرێنەری یاسای عێراقدا هەبێت بەڵام لەوە دڵنیا نییە کە خەڵکی سلێمانی بیانەوێ بەشداری بکەن. مێجەر (یونگ) وا بە باش ئەزانێ کە جارێ چاوەڕوان بکرێت تا کاتی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی هەموویان خواست و ئارەزووی خۆیان دەرببڕن و بزانین چیان ئەوێ، بەڵام وا پێشیاز ئەکا هەتا ئەو کاتە دەزگایەکی کوردی پێک بهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار کە یەکسەر لە ژێر کۆنترۆلی مەندووبی سامی دا بێت نەک هی عیراق. دەربارەی پرسیارێکی سەرۆکی کۆنگرەکە (چرچل) مێجەر نویل وەرامی دایەوە کە کوردەکان هیوادارن و چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن کە ئەو بەڵێنانەی لە پەیمانی سیڤەردا دەربارەی کورد دەسنیشان کراون بهێنرێنە دی...*

نویل وتی:

*«تورکەکان کوردەکان دژی ئێمە بەکار دێنن و ئێستە کە هێزەکانمان هەندێ لە ناوچە کوردییەکانیان چۆڵکردووە، تورکەکان تەقەلای ئەوە ئەدەن سلێمانیش لە دەسەڵاتی ئێمە دوور بخەنەوە»* (نیازی لەو تورکانە بووە کە هاتبوونە ناوچەی رەواندز).

نویل ڕوونی کردەوە کە کوردەکان ئەیانەوێ یەکێک لە خۆیان بکرێ بە حوکمداریان لەبەر ئەوە هەمیشە دژی ئەوەن کە کاروباری ناوچەکەیان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی عیراقەوە، بەتایبەتی پڕوپاگەندەی تورکەکان کارێکی زۆری کردووە لەناو کوردەکانا کە وایان لێ کردوون نایانەوێ بچنە ژێر سایەو دەسەڵاتی حوکوومەتێکی عەرەبییەوە، لەبەر ئەوە مێجەر نویل داوای کرد کە حوکوومەتی بریتانیا سیاسەتێکی وا بەکار بێنێت کە حوکوومەتێکی کوردی جیاکەرەوە - لێک ترازین Buffer State - پێک بێ بۆ ئەوەی ئەو حوکوومەتە بکەوێتە نێوانی عەرەب و تورکەوە کە بەوە ئەتوانرێ لەنگەری ناوچەکە رابگیرێ و ئەبێتە هۆی ئەوەی رێگە بگیرێ لە هەر دەس درێژییەک کە بکرێتە سەر سوودو بەرژەوەندیی بریتانیا لە میسۆپۆتامیادا.

(نویل) وا بە پێویست ئەزانێت کە هیچ کۆسپ و بەرهەڵستییەک لە ڕووی گومرگەوە دانەنرێ لە نێوانی هەردوولادا (کوردستان و عیراق)و پێویستە دەرامەدیکی باش تەرخان بکرێ بۆ کوردستان.

مێجەر (یونگ)یش سەرنجی تایبەتیی خۆی دەربڕی و ووتی: ئەوەی ئێمە لێی ئەدوێین، وەکو هەڵوێستی فلسطین و أردن وایە کە أردن جۆرە ئۆتۆنۆمیییەکي دراوەتێ کە بەپێی ئەوە پەرژەوەندیی هەردوولا خراوەتە بەرچاوو سوودی هەردوکیانی تیادایە.

بەلای مێجەر یونگەوە وا باشە کە کوردەکان لەژێر کۆنترۆلی بریتانیادابن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگری ئەوە نییە کە سەربەخۆییەکی ئەوتۆ بدرێ بە کورد کە لەژێر کۆنترۆلی خۆمانا نەبێ و پەیوەندیی بە حوکومەتی بریتانیاوە نەمێنێت.

کۆلۆنێل (لۆرەنس) لە وەرامی پرسیارێکی چرچلدا ووتی:

*«بەلای منەوە وا باشە کە کورد نەخرێتە ژێر دەسەلاتی حوکومەتی عەرەبییەوە ئەگەرچی دەشزانی کە حوکومەتی عەرەبی لە تەقەلای خۆی ناکەوێ کە کورد بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بێجگە لەوە ئەوە بە باش نازانێت کە دوو موتەسەرریف هەبێت (نیازی کەرکووک و سلێمانی بووە) وە لای وایە تەنها موتەسەرریفێک بۆ هەردوولا دابنرێت کە مەرج نییە وەکو (پرنس)ێکی کورد رەفتارو هەڵسوکەوت بکا».*

بەلام مس بیل ئەوە پەسەند ناکا کە یەک موتەسەرریف هەبێت بەڵکو وا بە باش ئەزانێت کە هەڵوێست بهێڵرێتەوە هەتا شەش مانگی تر کە لای وایە دوای ئەو شەش مانگە کوردەکان ئارەزووی ئەوە ئەکەن کە بچنە سەر عیراق.

بەلای مێجەر یونگەوە وایە کە هەل و دەرفەتێکی باش و لەبار هاتۆتە کایەوە بەوەی کە دەزگایەک ساز کراوە بۆ هەڵبژاردن کە کوردەکانیش لەوەدا ئەتوانن دەنگدان و هەڵبژاردنی خۆیان بکەن بۆ دانانی ئەنجومەنێک بۆ ناوچەکەی خۆیان و پێویست ناکاهێزی لیڤی عەرەبی یا بریتانی بنێررێت بۆ ئەو ناوچە کوردییانە بەڵکو وا بە باش ئەزانێ کە ئاسایشی ناوچەکە بە هۆی هێزێکی تایبەتیی لیڤی کوردەوە بپارێزرێ. بەلام چرچل ئەو پێشنیازانەي بەدل نەبوو بەڵکو وای خستە بەرچاو کە باشتر ئەوەیە سەرۆکێکی کورد پاڵ پشتی لێ بکرێ و یارمەتیی بدرێ و رێگەی کاروبارو بازرگانیی بۆ ئاسان بکرێ بە مەرجێک ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی رێگا لە تورکەکان بگرێت کە نەتوانن لەو ناوچەیەدا سیاسەتی خۆیان بخەنە کار دژی

پەرژەوەندیی بریتانیا.

چرچلْ لەو دۆکیومەنتەدا بۆچوونی خۆی دەربارەی پەیوەندیی کوردو عەرەب لە دوارۆژدا بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوە:

*«ئەو شریفییەی (نیازی لە بنەماڵەی شریفی مکە بووە کە بڕیار وابووە یەکێکیان بکرێ بە مەلیکی عیراق) کە مێژووی بنەماڵەیان ڕێگەی ئەوەی بۆ خۆش کردوون کە ببن بە مەلیک لە عیراقدا، ئەو مەلیکە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە دەستوورو یاسا قوبووڵ بکاو پەرلەمان هەبێ و ڕێگا لە دیموکراتییەت نەگرێ، بەلاّم ئەو مەلیکە لە دوای ئەوەی هێزی سوپای خۆی پێکەوە ئەنێ و خۆی بەهێز ئەکا، دوور نییە دوای ئەوە مافی کوردەکان پشت گوێ بخاو گوێ نەداتە هەست و خواستیان کە ئەنجامی ئەمە بەوە ئەگا زوڵم لە کوردەکان بکرێ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیمڕۆ ئەتوانرێ شتێکی وا بکرێ کە ئەوە لە دوارۆژدا ڕوونەدا کە ئەمەش بەوە ئەکرێ حوکوومەتێکی کوردی لە نێواندا هەبێت»* (نیازی لە نێوانی عیراق و تورکیا بووە).

لە وەرامی پرسیارێکی چرچلْدا مێجەر نویل وەرامی دایەوە:

*«ئەگەر پرسم پێ بکرێ کە کوێ بە باش و ڕاست ئەزانرێ کە بکرێ بە هێڵی سنووری جیاکردنەوەی نێوانی ناوچە کوردییەکان عیراق ئەڵێم.. لە هێڵی ناوچەی پێدەشتی بەرزاییەکانەوە دەست پێ ئەکا...»*.

چرچلی سەرۆکی کۆنگرەکە ووتی:

*«من وا هەست ئەکەم لە سیاسەتی بریتانیادا لایەنگرییەکی ئاشکرا هەیە بۆ عەرەب کە نابێ ئەو لایەنگرییە ئەنجامی بەوە بگا کە مافی کورد پشت گوێ بخرێت، بۆیە وا باشە کە دوو ئیدارەی کوردی لە ناوچەی سلێمانی و کەرکووکدا پێک بێت و دڵنیایە لەوەی کە مەندووبی سامی تواناو دەسەلاّتی ئەوەی هەیە کاروباری هەردوولا بخاتە ژێر کۆنترۆل و چاودێری خۆی و بە هۆی پێکهێنانی چەند دەزگایەکەوە ئەتوانرێ هەڵوێستێکی وا بهێنرێتە کایەوە کە دانیشتوانی عیراق و کوردستان لە یەک نزیک بکرێنەوەو لە دوارۆژدا ببن بە یەک حوکوومەت»*.

چرچلْ ووتی:

*«بەلای منەوە وایە ئەم لیژنەیەی کە بۆ ئەم باسە پێک هاتووە ئەتوانێ بڕیارێکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕێت و بڕیاری لەسەر بدات و پێویست بەوە ناکا جارێکی تر پرس بە وەزارەتی دەرەوە یا هیچ لایەکی تر بکرێت ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هەموو باسەکە بەتێگڕایی بخرێتە بەردەمی عصبە الامم بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر بدا».*

لە پرسیارێکی تردا مس بیل وەلامی چرچلی دایەوە کە لای وا باشە کوردستان لەناو چوارچێوەی حوکوومەتی عیراقدا بێت.

بەڵام چرچڵ لەو گفت و گۆیانەدا لایەنگری بۆچوونی مێجەر (یونگ) بوو لەوەدا کە ئەتوانرێ شتێکی وا ساز بکرێ دەربارەی سنوورو ئەو هێزی کوردییەش کە لە ژێر فەرمانەدەی ئەفسەرەکانی بریتانیادان پێویستە ئەوەش بخرێتە پێش چاوی لیژنەیەکی تایبەتی بە سەرۆکایەتیی مێجەر جەنەڕاڵ (ئایرون ساید) کە مێجەر نویلیش لەوەدا هاوکاری بکا. چرچڵ بەرلەوەی کۆبوونەوەکە بەجێ بهێڵێت پرسیارێکی کرد دەربارەی عەمادییە کە ئایا هیچ شتێک روون بۆتەوە (تا ئەو کاتە عەمادییە لەناو سنووری دەسەلاتی بریتانیادا نەژمێررا بوو بەلام لەدووایيدا چارەسەری ئەوەش کراو خرایە ناو چوارچێوەی ویلایەتی مووسڵەوە).

چرچڵ لە کۆتاییدا بۆ کۆنگرەی روون کردەوە کە جۆرە لەیەک چوونێک هەیە لە نێوان پەیوەندیی خوارووی ئەفریقاو رۆدیسیادا (لەو رۆژانەدا کێشەی رۆدیسیاو ئەفریقای خواروو وەکو کێشەی کوردستان و عیراق وابووە) لەگەڵ پەیوەندیی عیراق بە کوردستانەوەو چرچڵ ووتی پێویستە سیاسەتی بریتانیا هیواو ئاواتی گەلی کورد پشت گوێ نەخات بەڵکو لەبەرچاوی بێ و حسابی بۆ بکا...پێویستە هەردوولا بە دوو شێوەی جیاواز ببرێن بەرێوەو هەوڵ بدرێ بە شێنەیی لێک نزیک بکرێنەوە».

لە دۆکیومەنتەکەدا لە باسی کوردستاندا ئەڵێ:

*«پێویستە لەسەر لیژنە مەعلووماتی پێویست دەربارەی کوردستان ئامادە بکا بۆ باسکردن و پێشخستنی گوزەرانی دانیشتوانی کورد، ئەگەرچی دوا بڕیاری ئاشکرا لەم ڕووەوە لە لایەن کۆمیتەی سیاسییەوە دەرنەبڕا، بەڵام لە ئەنجامدا ئەو کۆمیتەیە*

*ئەم پلان و نەخشەیەی خوارەوەی پەسەند کرد:.*

*پێویستە کوردستان نەبەسرێت بەو دەزگایەوە کە کاروباری ئینتدابی عیراق ئەبا بەڕێوە بەڵکو یەکسەر لە لایەن مەندووبی سامییەوە ببرێت بەڕێوەو باشتر ئەوەیە کە ئەنجومەنێکی ناوچەیی لە سەرکردەکانی کورد پیک بێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارو لایەنگری و پشتگیری لەو ئەنجومەنە بکرێ و یارمەتیی دارایی و یارمەتییەکانی پێویستی تر بدرێ بە ئومێدی ئەوەی بەو شێوەیە بتوانرێ سنوورەکان لە دەس درێژی بێگانە بپارێزرێ و هەتا مانگی ئۆکتۆبەر دەزگای بازرگانی و هێزێک بۆ پاراستنی سوودی ئیمپراتۆرییەت پێک بێ بۆ ئەوەی هێزی لیڤیی کوردی لەژێر فەرماندەی ئەفسەرێکی بریتانیادا ئامادە بکرێ و بە پێی توانا هێزێکی لیڤیی سوارەش پێک بێت» .*

## سەرەنجامی گشتی بەپێی ئەو دۆکیومەنتە:

*«پێویستە هێزێکی کوردی پێک بێت بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەی شەش مانگدا هێزەکانمان لە ناوچە کوردییەکان بکێشینەوەو بۆ ئەو مەبەستە پێویستە مستەر (کروسلاند) لە بۆجەی داراییدا کە بۆ ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ ئامادەی ئەکا کشانەوەی ئەو هێزە بخاتە بەرچاو و لە هەمان کاتیشدا پێویستە هەوڵ بدرێ هەتا لە توانادایە مەساریف لە ١/ ١. /١٩٢١ وە یا ١/١/١٩٢٢دا بخرێتە بەرچاو و بۆ ئەوە پێویستە هاوکارییەکی تەواو هەبێت لە نێوانی هێزی ئاسمانی و هێزی لیڤیدا».*

لە دوای تەواوبوونی کۆنگرەی قاهیرەو گەڕانەوەی بەشداربووەکان بۆ شوێنی خۆیان لەناو دۆکیومەنتەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا باسی کەین و بەین و پرسیارو وەرامێکی زۆری تیادایە لە نێوانی لێپرسراوان و کاربەدەستانی بریتانیادا کە هەر یەکە بە جیا بیرو باوەڕی خۆی دەربڕیوەو سەرنجدانێک لەو دۆکیومەنتانە بەرو دوا بە ئاشکرا دەری ئەخا کە پیاچوونەوەو ئاڵ و گۆڕو دەسکارییەکی تەواو روویداوە لە بیرو باوەڕی ئەو کاربەدەستانەدا دەربارەی چ پەیمانی سیڤەرو چ کۆنگرەی قاهیرە.

بۆ ئەوەی خوێندەواری بەڕێز ئاگاداری ئەو بێنەو بەرەو گۆڕانکارییانە ببێت هەوڵ

ئەدەم کورتەی ئەو کێشەو بێنەو بەرانە لەم چەند دۆکیومەنتانەی کە لە خوارەوە باسیان ئەکەم ڕوونی بکەمەوە.

بەپێی دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-14 ڕۆژی ١٩٢١/٤/٢، چەرچڵی وەزیری موستەعمەرات نامەیەکی ناردووە بۆ سێر پرسی کۆکس مەندووبی سامیی بریتانیا لە بغداد ئەڵێ:

*«موستەشاری قانوونیی وەزارەتی دەرەوەو ئۆفیسی لێپرسراوی وەزارەتی موستەعمەرات لە وەلأمیانا دەربارەی سیاسەتی حوکوومەت وایان ڕاگەیاندووە کە هەرچەند حوکوومەتی خاوەن شکۆمان بۆی نییە وەکو دەوڵەتێکی مونتەدب پێشنیازی گۆڕین بکا لەو بڕیارانەی کە بەپێی ئینتیداب دەسنیشان کراوە وە ئەوە کراوە بە مەرجێک بسەریەوە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەجێیە کە شتێکی وا بخرێتە بەردەم عصبە الامم بۆ ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لە ئینتیداب بەندێک لەگەڵ مادده (١٥)دا تێهەڵکێش بکرێت دەربارەی میسۆپۆتامیا کە ناوەڕۆکەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بێ:*
*(هیچ شتێک لە مادەکانی ئینتیداب ڕێگە لەوە ناگرێ لە دەوڵەتی "مونتەدب" کە دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی دامەزرێنێت بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆری دانیشتوانی کوردنشین لە بەشی باکووریی میسۆپۆتامیاداو شێوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە بەو جۆرە بێ کە دەوڵەتی مونتدب خۆی بە باشی بزانێت).*
*ئایا ئێوە لەو ڕووەوە هیچ جۆرە بۆچوونێکی ترتان هەیە کە لەگەڵ ئەو پێشنیازەدا یەک نەکەوێ؟ من داوای تێهەڵکێشی ئەو بەندەم نەدەکرد ئەگەر ئەوەم بە پێویست نەزانیایە.*

*ئیمزا / چەرچڵ*

لە ١٩٢١/٤/١٨دا چەرچڵ ئەو تیلیگرافەی دووبارە کردەوە وە بە پرسی کۆکس ئەڵێ:

*«پێخۆشحاڵ ئەبم کە وەرامێکی بە پەلەتان لەو ڕووەوە وەربگرم... ».*

مەندووبی سامیی بریتانیا لە بغداد بۆ وەرامی ئەو تیلیگرافەی چەرچڵ لە ڕۆژی ١٩٢١/٤/٢٢دا بە تیلیگرافێک ئەڵێ (لە هەمان دۆکیومەنتدا ئەو تیلیگرافە هەیە):

*وا پێشنیاز ئەکەم کە:*

*١ـ ووشەی دەزگای ئۆتۆنۆمی بەم جۆرە ناو بهێنرێ (دەزگای ئۆتۆنۆمیی ناوچەیی).*

*٢ـ ووشەی باکووری میسۆپۆتامیا لا ببرێت چونکە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە ناوچە کوردییەکان لە عیراق جیا ئەکرێتەوە، کە لێرە (مەبەستی بغداد بووە) زۆر دژی ئەوەن.بێجگە لەوە مەندووبی سامی لەو تیلیگرافەیدا ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە ئەگەر سنوور (رادە)ی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد فراوان بکرێت بە سەرپەرشتیکردنی کاربەدەستانی بریتانیاو بە بێ ئەوەی کاربەدەستانی عەرەب بەشداریی تیادا بکەن، ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆر کەس بەرهەڵستی ئەو فراوانکردنە بکا.*

*من (پرسی کۆکس) ئێستا تەقەلای ئەوە ئەدەم کە لەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی ناوچەکەو کاربەدەستان و ئەفسەرە سیاسییەکانمان لە ناوچە کوردییەکانا شێوەی ئیدارەیەک پێک بێنن کە رەزامەندیی عیراق و کوردیشی تیادا بخرێتە پێش چاو.*

*ئیمزا / پرسی کۆکس*

گەلێ دۆکیومەنتی تر هەیە کە بە تەواوی دەری ئەخەن لەو رۆژانەدا چۆن کاربەدەستانی بریتانیا لە بغداد بە تایبەتی سێر پرسی کۆکسی مەندووبی سامی نەخشەی پاشگەزبوونەوەیان بەرامبەر بە کورد کێشابوو بۆ ئەوەی پەیمانی سیڤەرو بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە پشت گوێ بخرێن. بۆ نموونە: بۆ وەرامی تیلیگرافێکی وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانی ژمارە (١٤٨)ی رۆژی ١٩٢١/٦/٩ کە لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371 - 6346 دا باس کراوە مەندووبی سامیی بریتانی بۆ وەرامی ئەوە بە تیلیگرافی ژمارە (٢٠)ی رۆژی ١٩٢١/٦/٢١ لە لاپەڕە (١٣٥)ی ئەو دۆکیومەنتەدا ئەڵێ:

*«لە کۆنفرانسی قاهیرەدا دوو باسی سیاسی دەربارەی کورد هاتبووە پێشەوە :*

*١ـ ناوچە کوردییەکان ببەسرێن بە عیراقەوەو بە بەشێک لە حوکووکەتی عیراق بژمێررێن*

*٢ـ یاخود لایەنگریی جیابوونەوەو سەربەخۆیی کورد بکرێت.*

بەڵام ساتێک کە لە قاهیرە گەڕامەوە بۆ بغداد لێرە دەربارەی ئەو دوو بۆچوونە کۆنفرانسێکم بەست کە ژمارەیەک لە شارەزایان بەشدارییان تیادا کردوو لێرەش هەر ئەوە پەسەند کراو بە باش زانرا ئەوە بخرێتە بەرچاو کە ئەو ناوچە کوردییانە لە لایەن دەزگـــایەکی بەڕێوەبەرایەتیی ئەنگلۆ. کـــوردییـــەوە ســـەرپەرشـــتی بکرێت Anglo Kurdish Administration، لەگەڵ ئەوەشدا کە من لایەنگری پێشنیازی یەکەمم کە پێویستە کوردستان ببەسرێ بە عیراقەوە، بەڵام پێویستە پرۆگرام و پێڕەوەکان بە جۆرێک بن کە لەوانە باشترین کە دوور نییە تورکەکانیش بۆ سوودو مەبەستی خۆیان پڕۆپاگاندە بۆ پرۆگرامێکی تایبەتیی خۆیان بکەن بۆ ئەو ناوچە کوردییانە کە رەنگە کوردە قەومییەکان بەوەی تورکەکان قایل بن.

بەپێی مەبەستی ئێمەو لە ژێر تیشکی پەرژەوەندیانا لە ناوچەی کوردستان ئەتوانرێ ئەو ناوچەیە بکرێ بە چوار بەشەوە (ئەحمەد تەقی لە یادداشتەکانیا باسی ئەو تەقەلایەی ئینگلیزی کردووە کە لە سەردەتادا هەوڵیاندابوو لە کوردستاندا چەند دەزگایەکی جیا جیا لە کوردستاندا دامەزرێنن کە ئەمە لە دواییدا سەری نەگرت):

١ـ بەشی یەکەم ـ بریتی بێ لە ژووروی هەردوو رووباری زێ.

٢ـ بەشی دووهەم ـ شوێنە نیمچە شاخاوییەکان کە هەولێر ئەکەوێتە نێوانیانەوە لە نێوانی هەردوو زێدا.

٣ـ ناوچە شاخاویەکانی هەردوو زێ کە ئەکەوێتە خورئاوای هەولێر.

٤ـ ناوچەی سلێمانی».

وەکو لەو دۆکیومەنتەدا دەرئەکەوێ پرسی کۆکس هەوڵی داوە برووبیانوو بهێنێتەوە بۆ بەشی یەکەم و دووهەم کە لەو رووەوە ووتوویەتی:

«دوورخستنەوەی ئەو دوو بەشە لە مووسڵ و بەستنەوەی ئەو دوو بەشە بە بەشەکانی سێهەم و چوارەمەوە زیانێکی گەورە ئەگەیەنێت بە دانیشتوانی بەشی یەکەم و دووهەم چونکە رێگای بازرگانییان تەنها هەر لە رێگای مووسڵەوە هەیە».

بەڵام دەربارەی بەشی چوارەم کە سلێمانی بووە ئەڵێ:

«ئەتوانرێ بۆ ماوەیەک کاروباری ئەو بەشە لە لایەن وەزیرە عەرەبەکانەوە نەبرێت

*بەرپێوە بەڵکو تەنها لە رێگەی ئێمەوە بێ هەتا ئەو کاتەی دانیشتوانی ئەو بەشە بۆیان دەرئەکەوێ کە مانەوەیان لەگەڵ بغدادا سوودی زۆرترە وەک لەوەی لێی جیا ببنەوە».*

بەلاّم چرچلی وەزیری مـوسـتـەعـمـەرات بە تیلیگرافی ژمـارە (١٩٦)ی رۆژی ١٩٢١/٦/٢٤ لە لاپەرە (١٣٨. ١٤١)ی دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6346 بەم جـۆرە وەرامی ئەو پێشنیـازەی سـێر پرسی کـۆکس داوەتەوە کـە ئەمـە کـورتەی تیلیگرافەکەی چرچلە:

*«وا بزانم لە مـەبستی ئەو تیلیگرافـەم تێ گـەیشـتبوون کـە ووتبووم ساتێک لە قاهیرە گەراینەوە روونم کردبووەوە کە چەند جیاوازی هەیە لە بۆچوونەکاندا دەربارەی دۆزینەوەی چارەسـەرێک بۆ لەنگەری ناوچەکـە (توازن)، بە لای منەوە وابوو لە ئەنجامی ئەوەدا بڕیاری دۆزینەوەی چارەسەرێکی مام ناوەندیتان دابوو لە نێوانی ئەو بۆچوونەی کە لە تیلیگرافـەکەتانا باسـتان کردبوو (نیازی لە تیلیگرافی مەندووبی سامی ژمارە (٢٠) رۆژی ١٩٢١/٦/٢١ بووە کە لە پێشـتـردا باسمانکرد)، لاّم وابوو گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە وا جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوانی ئەو ناوچانەو عیراقدا کە بڕیار وابوو ئەو ناوچانە (ناوچە کوردییەکان) یەکسەر لە لایەن خـۆتانەوە ببرێن بەرپێوەو نەهێڵرێنەوە بۆ دوارۆژ بۆ ئەوەی ئەوسا بزانرێ چ بڕیارێکی لەسەر ئەدرێ. هەروەها لام وایە لە بیرتە کـە ساتێک پرسی ئەوەت کردبوو کە ئایا بیر لەوە ئەکەنەوە کەرکووک بە بەشێک بژمێررێت لە کوردستان یا لەسەر عـیراق بێت، منیش بۆم روون کـردیتـەوە کە ئەگـەر کـەرکـووک لە عـیراق جیـا بکرێتـەوە چ سـوودو قـازانجـێکمـان ئەبێت کـە بەلای منەوە وا باشـە کـەرکـووک لە عـیـراق جیـا بکرێتـەوە. دەربارەی ئەو پێشنیـازەی باسـتان کردبوو من لەوانـەدا لەگەڵتا نیم چونکە ئێمە دەمانەوێ ناوچەیەکی غەیری عەرەب لە نێوانی تورکیاو عەرەبی میسۆپۆتامیادا هەبێت. جگە لـەوە ئـەو چوار بەشکـردنـەی کـــە تـۆ لێی دوواوی و دەربارەی هەر بەشـیکیـان سـەرنج و راسپـاردەی خـۆتت دەربڕیوە، پێویسـتـە ئەو بۆچوونە راست بکرێتـەوە... لەم رووەوە بیـروڕای (سـۆن)و (لۆنگریک) کـە ئێسـتـە هەردووکـیـان لە لەندەنن وەرگیراو هەردووکیان لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مندان (وا بزانم ئەمە یەکەم جار*

بووە سۆن دانی خێری بە کوردا نابێت کە دوور نییە ئەوەشی هەر لەبەر خاتری چرچڵ بووبێ).

ئەو هێڵەی کە پێویستە دەسنیشان بکرێ وەکو هێڵی ئەو سنوورەی کە ناوچە عەرەبییەکان لە غەیرە عەرەبییەکان جیا ئەکاتەوە کە شارەکانی ئەربیل و کۆیەو کەرکووک بە هیچ جۆرێک عەرەب نین و با هەمووشیان کوردی تەواویش نەبن...

لەبەر ئەوە وا پێشنیاز ئەکەم ئەو هێزانەی لەو ناوچانەدان لەژێر فەرماندەی ئەفسەرەکانی بریتانیادا بن نەک هی عەرەب.

ئێمە ئەمانەوێ حوکوومەتێکی تەواو لە میسۆپۆتامیادا دروست بکەین، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو حوکوومەتە دروستکراوە پەل بهاوێژێ بۆ ئەو شوێن و ناوچانەی تر کە عەرەب نین.

ئێمە وەکو دەوڵەتێکی مونتەدب لەسەرمان پێویستە ئەو ناوچە کوردییانە بپارێزین و شتێکی راست نییە ریگە بدرێ بنکەی هێزی سەربازی عەرەب لەو ناوچانەدا هەبێت. بە کورتی من بە راستی نازانم کە لەم ماوە کورتەدا شتێکی وا بکەین ناچار ببین لە دوارۆژدا دووبارە دەسکارییان بکەین و بیا نگۆڕین، بۆیە پێشنیاز ئەکەم کە ناوچە غەیرە عەرەبییەکان بە هێڵێک لە میسۆپۆتامیا جیا بکرێنەوە کە بە موشورداغ Mushora Dagh وە بە eganaI دوری مووسڵدا لە ناوچە عەرەبییەکان جیا بکاتەوە هەتاکو سنووری (قەڵانەفت) Kala Nuft لەسەر سنووری ئێران.

پێویستە ئەو ناوچانە بکرێن بە سێ بەشی سەربەخۆ و رێک بخرێن کە یەکێک لەو بەشانە ئەو ناوچەیە بێ کە ئەکەوێتە ژووررووی خورئاوای زێی گەورە، بەشی دووهەم کەرکووک، بەشی سێهەم سلێمانی.

پێویستە ناوچەی سلێمانیی ئێستە نەختێک فراوان بکرێ بەوەی کوردەکانی ناوچەی دیالەی بخرێتە سەر کە لە ژووررووی (قزلرباط)ەوەیە.

ئەو عەرەبانەی لە کەرکووکدان، لە نێوانی مووسڵ و سامەڕەدا بەش بکرێن و نیشتەجێ بکرێن. پێویستە سلێمانی و کەرکووک هەر یەکەیان موتەسەرپفی خۆی

*هەبێت و هەر لایە موستەشارێکی بریتانیی هەبێت کە ئەوانە یەکسەر پەیوەندییان بە خۆتانەوە هەبێ (بە پرسی کۆکس). بۆ ناوچەی ژووروو ئەگەر بە پێویست زانرا ئەتوانرێ بە هۆی مووسڵەوە کۆنترۆڵ بکرێ بە مەرجێک ئەو کۆنترۆڵەش هەر بە هۆی چەند ئەفسەرێکی سیاسیی ئێمەوە بێ. ئەوانەی باسم کردن بە باشترین رێگەیان ئەزانم بۆ چارەسەرکردنی باری ئەو ناوچەیەو ئەو سێ بەشە هەر یەکەیان بە جیاو بە سەربەخۆیی بهێننەوە یا ئەگەر هەموویان لە ناو خۆیانا رێککەوتن ئەتوانن یەک بگرن و بە هەموویان ویلایەتی خوارووی کوردستان پێک بێنن. ئێوە لە لای خۆتانەوە ئەتوانن ئەفسەرێکی سیاسی دابنێن کە پەیوەندی بەو شوێن و ناوچە غەیری عەرەبییانەوە هەبێ وە ئەگەر رێگاو بان چاک کرا ئەوا ئەتوانرێ لە کەرکووک یاخود لە هەر شوێنێکی تر ئەفسەرێکی ئینگلیزی دابنرێ کە سەرپەرشتیی کارو باری هەر سێ ناوچەکە بکا».*

چەرچڵ لە تیلیگرافەکەیدا بە پرسی کۆکس ئەڵێ:

*«ئەوەی ئێوە باستان کردووە کە لە سلێمانیدا کراوە (نیازی لەو پرۆپاگاندەو تەقەلایانەی مێجەر سۆن بووە کە لە سلێمانیدا رۆژنامەی دەرکردووە بە کوردی و هانی نووسەرانی کوردی دابوو بە کوردیی پەتی بنووسن کە لەو رۆژنامەیەدا مێجەر سۆن پرۆپاگاندەی بۆ دادگوستەری و دۆستایەتیی خۆی بۆ کورد بڵاوکردۆتەوە، کە سەیر ئەوەیە ئەو تەقەلایەی ئینگلیز هەر لە ناوچەی سلێمانیدا بووەو لە ناوچەکانی تردا نەکراوە) دەتوانرێ ئەوەش لە دوو بەشەکەی تردا بکرێت و ئەو مەترسییەی کە گوایا بە جیاکردنەوەی ئەو ناوچە کوردییانە دەرامەدی عیراق کەم ئەکاتەوە، وا بزانم ئەگەر ئەوەی لە سلێمانیدا کراوە لە شوێنەکانی تریش بکرێ، بەوە دەرامەدی عیراق کەم نابێتەوە».*

لە وەرامی ئەو تیلیگرافەی چەرچڵ پرسی کۆکس بە تیلیگرافی ژمارە (٥١٣)ی رۆژی ١٩٢١/٩/٢. (کە لە هەمان دۆکیومەنتی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە) وەرامی داوەتەوەو ئەڵێ:

*«وەکو ئاگادارن هێشتا سەرئەنجامی ناوچە کوردییەکان ئاشکرا نەبووە، ئەو باسە*

لەگەڵ باسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر (المجلس التأسيسي) لەگەڵ فەیسەڵدا گفت و گۆی لەسەر کرا، فەیسەڵ لەو رووەوە ئەڵێ: من لەبەر ئەوەی هێشتا مەبەست و ئارەزووی حوکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیام بۆ روون نەبۆتەوە، لەبەر ئەوە نازانم چۆن بیرو رای خۆم لەو رووەوە دەربېڕم. جگە لەوە فەیسەڵ ئەڵێ لە گفت و گۆدا لەگەڵ ئەو کوردانەی لە بغداد نیشتەجێ بوون بۆم دەرکەوتووە کە ئێستە جم و جۆڵێکی زۆر هەیە لە کوردستانی ژووروودا بۆ جیابوونەوەی کورد لە تورکیاو کوردەکانی ئێرانیش لەو رووەوە لەگەڵ کوردەکانی تورکیادا رێک کەوتوون (نیازی لە چالاکییەکانی سمایلخانی شوکاک بووە کە پەیوەندیی بە کوردەکانی تورکیاوە هەبووە)و ئەیانەوێ لە ئێران جیاببنەوە، کە حاڵ ئەمە بێ و لە خوارووی کوردستانیشدا هێشتا بڕیار لەسەر هیچ نەدرابێ، لام وایە پێویستە ئەوە بخەینە بەرچاو کە ئەگەر کوردەکان هەمووشیان نەیانەوێ لە عیراق جیاببنەوە بەڵام هی وایان هەیە بە ئاشکرا ئەیانەوێ بچنە پاڵ کوردەکانی تر (نیازی لە کوردی تورکیاو ئێران بووە)، لێرەدا فەیسەڵ پرسیاری ئەوەمان لێ ئەکا وە داوا ئەکا بە ئاشکرا بۆی روون بکرێتەوە کە ئێمە لەو رووەوە بەتەمای چین و سیاسەتمان چۆن ئەبێ؟... ئایا ئێمەش ئەمانەوێ ناوچە کوردییەکان جیا ببنەوەو بچنە پاڵ کوردەکانی تر؟ وە ئەگەر نیازیش نییە ئەوە بکرێ ئاخۆ بەتەمای چیی ترین کە لەو رووەوە بکرێ؟».

پرسی کۆکس لەو دۆکیومەنتەدا ئەڵێ:

«منیش لە وەرامی ئەوەدا بە فەیسەڵم ووت: بەلای منەوە بڕیار وابوو لە کۆنگرەی قاهیرەدا هەموو ناوچە کوردییەکانی خوارووی کوردستان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتێکی دڵ فراوان و نەرم و نیان لە بغداد کە بە دڵێکی کراوەوە دان بە حوکم و ئیدارەی ناوخۆییدا بنرێ و کوردەکان خۆیان کاروباری دەزگاکانی ئەو حوکمە ببەن بەڕێوە لەژێر چاودێریی راستەوخۆی حوکوومەتی بریتانیاداو بە هۆی مەندووبی سامییەوە، وە لە فەیسەڵم گەیاند کە حوکوومەتی خاوەن شکۆمان ئەو جۆرە بۆچوونە بە باش ئەزانێت و لای وایە بەرژەوەندی و سوودی دوارۆژی عیراق لەوەدایە کە رێگرێک (حاجز)ی بەهێز هەبێ کە بکەوێتە نێوانی عیراق و فارسەوە

که بوونی ئەو ڕێگرە ئەبێتە هۆی پاراستنی سنووری عیراق، هەروەها ئەو هێزی لیڤی کوردییەی لەژێر چاودێری و سەرکردایەتیی ئەفسەرەکانی بریتانیادا ئەبێ دەبێتە هۆی موسۆگەرکردنی ئارام و ئاسایشی ناوچەکەو چارەسەری کێشەی عەشایری عیراق یا هی هەر لایەکی تر کە پەیدا ئەبێ.

پرسی کۆکس لەسەری ئەڕواو ئەڵێ:

لە فەیسەلم گەیاند کە هەرچەند ئەوەی بۆم باسکردبوو بریتی بوو لە سیاسەتی حوکوومەتی خاوەن شکۆمان لە کۆنگرەی قاهیرەدا بەڵام بیرو بۆچوونی خۆشمم بۆ باس کرد کە بریتییە لەوەی حوکوومەتی خاوەن شکۆ نایەوێ ناوچە کوردییەکان لە عیراق جیا بێتەوەو ناشیەوێ خوارووی کوردستان بلکێنرێت بە کوردەکانی ژووروو بە مەرجێک شتێکی وا بکرێ کە ناوچە کوردییەکان لە لایەن فەرمانبەرانی کوردەوە ببرێن بەڕێوەو لە ژێر چاودێریی بریتانیادا بێ.

لە دوای گەڕانەوەم بۆ بغداد لە ئەنجامی گفت و گۆکردنما لەگەڵ هەندێک لە کوردەکان بۆمان دەرکەوت ئەوانە نایانەوێ لە عیراق جیا ببنەوە چونکە سوودو پەرژەوەندییان بەسراوە بە مووسڵەوە (وا دەرئەکەوێ ئەو کوردانەی پرسی کۆکس لەگەڵیانا دوواوە کوردی ناوچەی بادینان بوون کە بەداخەوە نەک لەو هەڵوێستەیانا لەو ڕۆژانەدا کە ئەو گفت و گۆیەی پرسی کۆکس باسی کردووەو لەو دەنگدانەیانا بۆ تأییدی فەیسەڵ و بۆ عیراق کە ووتوویانە نایانەوێ لە عیراق جیا ببنەوە، بەڵکو لە پاش ئەوەش هەتا ماوەیەک ژمارەیەکی زۆر لەو هەڵپەرستانەی ئەو ناوچەیە نەیان ویستووە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت و جارێک تەوفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە ووتی لە ساڵانی سییەکانا کە تەقەلای ئەوە درا لەو ناوچانەدا لە قوتابخانەکانا بە زمانی کوردی بخوێنرێ، ئەو جۆرە کسە خۆپیشاندانێکیان کردوو دروشمی ئەوەیان بەرزکردبووەوە کە نایانەوێ بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانا بخوێنرێ کە ئێستەش پاشەروک و پاشبەرەی ئەوانە تا ئێستەش جارو بار خەریکی پەیداکردنی ئاڵۆزبوونێک ئەکەن بە ناوی سۆرانی و کرمانجییەوە کە بێ گومان دەستی دوژمنانی کوردی زۆر تیادایە»..

پرسی کۆکس له دۆکیومه‌نته‌که‌دا له‌سه‌ری ئه‌ڕواو ئه‌ڵێ:

*«به‌لای منه‌وه به‌شداری کردنی کورده‌کان له مه‌جلیسی نیشتمانیدا شتێکی زۆر پێویسته به مه‌رجێک ڕێککه‌وتنێک هه‌بێت له‌و ڕووه‌وه، تکایه ئه‌گه‌ر به پێویستتان زانی (داوای له چرچل کـــردووه) له‌م بۆچوونه بکۆڵنه‌وه‌و ئاگـــادارم بکه‌ن له ئه‌نجامه‌که‌ی».*

پرسی کۆکس له‌و دۆکیومه‌نته‌دا سه‌رنجێکی تایبه‌تیی خۆی ده‌ربڕیوه به‌رامبه‌ر به فه‌یسه‌ڵ و ئه‌ڵێ:

*«وا دیاره فه‌یسه‌ڵ له‌وه ئه‌ترسێ که ئه‌گه‌ر حوکومه‌تێکی سه‌ربه‌خۆی کورد له ویلایه‌تی مووسڵدا پێک هات ئه‌نجامی ئه‌وه ئه‌بێ به‌وه‌ی که هانی کورده‌کانی تورکیـــاو ئێرانیش ئه‌دا بچنه پاڵ ئه‌و حـوکـوومـه‌ته‌و لایه‌نگری بکه‌ن کـه ئه‌وه مه‌ترسییه‌کی گه‌وره په‌یدا ئه‌کا بۆ سه‌ر عیراق، جگه له‌وه فه‌یسه‌ڵ هیواو ئومێدێکی زۆری هه‌یه به کـورده سـونییـه‌کـان کـه بتـوانێ به هۆی ئه‌وانه‌وه له ئه‌نجـومـه‌نی یاسادانان‌دا زۆربه‌ی ده‌نگدانی به هۆی ئه‌وانه‌وه ده‌سگیر بێت».*

له ئه‌نجامی ئه‌و وه‌رامه دوورو درێژه‌ی سێر پرسی کۆکس، وه‌زیری موسته‌عمه‌رات (چرچل) به تیلیگرافی ژمـاره (٤٢٣)ی ڕۆژی ٣/١٠/١٩٢١ کـه له هه‌مـان دۆکیومه‌نتی پێشوودا هه‌یه به سێر پرسی کۆکس ئه‌ڵێ:

*«ئومـێدێکی زۆرم هه‌یه به‌وه‌ی کـه بتـوانن ئه‌وه‌ی له تیلیگرافی ژمـاره (٣٠٥)تانا لێی دوواون فـه‌یسـه‌ڵ ئیقناع بکه‌ن و ئاماده‌م سه‌یری پێشنیـازه‌کانیشتـان بکه‌م به مه‌رجێک ئه‌و پێشنیازانه به جۆرێک بێت که زۆر له کورده‌کان نه‌کرێ که ناچار بکرێن به زۆره‌ملی له لایه‌ن عـه‌ره‌به‌کـانه‌وه حوکـمڕانی بکرێن ... تکایه له‌و ڕووه‌وه له‌گه‌ڵ مێجه‌ر یونـگدا گفت و گۆ بکه‌ن و ئاگاداری ئه‌نجامه‌که‌م بکه‌ن».*

له وه‌رامی ئه‌وه‌ی چرچڵدا، مه‌ندووبی سامی به تیلیگرافی ژماره (٦١٦) له ڕۆژی ٢٥/١٠/١٩٢١ له لاپه‌ره (٧٩)ی دۆکـیـومـه‌نتی ژمـاره F.O.371-6347 دا وه‌رامی چرچل ئه‌داته‌وه‌و ئه‌ڵێ:

*«له ٢١/١٠/١٩٢١دا من و أندرو یونگ له‌گه‌ڵ فـه‌یسه‌ڵدا گـفت و گـۆمـان کـردو*

(کورنوالیس)یش ئامادە بوو... أندرو یونگ لەو گفت و گۆکردنەدا ووتی: سیاسەتی حوکوومەتی ئێمە بریتییە لە تشجیع کردنی نەتەوایەتیی عەرەب نەک هی ئیمپریالیزمی عەرەب. ئەو پێویستییەی خراوەتە سەر شانی حوکوومەتی خاوەن شکۆی بریتاینا کە بەپێی بڕیاری ئینتیداب بریتییە لە پاراستنی خاکی ئەم وولاتەو بۆ ئەوە بە پێویستی ئەزانێ هێڵێک وەکو هێڵی سنوور کە لە پێدەشتی بەرزاییەکانەوە دەست پێ ئەکا کە بەوە دانیشتوانی عەرەب لە غەیری عەرەب جیا ئەکاتەوە کە کوردن و جگە لەو کوردانە کەمە نەتەوایەتییەکی تورکمانیش هەیە، کە بەو ناوچانەی ژووروی ئەو هێڵە ئەووترێ (کوردستان).

أندرو یونگ بۆ فەیسەلی ڕوون کردەوە کە بوونی کوردستانێکی دۆست بۆ عەرەب شتێکی زۆر گرنگە چونکە پاڵ پشتێکی گەورە ئەبێ بۆی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیا لەگەڵ تورک و هەمیشە سوودو بەرژەوەندیی عیراق لە هاوکاری کردنایە لەگەڵ کوردەکاناو ئەگەر بەو جۆرە سەیری مەسئەلەی کورد نەکرێ خەڵکی ناوچەکانی کوردستان نەک تەنها هەر ئەبنە مایەی سەریەشەو هەڕەشەکردن بەڵکو دەشبێتە هۆی ئەوەی کە دەسدرێژکردنی تورکەکانیش ئاسان بکرێ.

حوکوومەتی بریتانیا بە پێویستی ئەزانێ ڕوونی بکاتەوە کە نابێ هیچ لایەک لەو دوو لایە (عیراق و کوردستان) بە زۆرەملی بخرێنە ژێر ئارەزوکاری و فشاری ئەوی ترەوەو لەم ڕووەوە تاقە کۆسپێک کە هەبێ بریتییە لە تورکەکان کە ئەوانیش بەشێکی کوردستانیان داگیر کردووەو دوژمنی عەرەب و بریتانیاشن و دۆستی بۆڵشەوییەکانن.

سیاسەتی تورک ئەوەیە کە دەیانەوێ کورد لەناو بەرژەوەندیی خۆیانا بتوێننەوەو هەر لە مووسڵەوە هەتا کەرکووک دەستی بەسەرا بگرن کە تا ئێستە ئەو تەقەلایەی تورک لە دووشتدا خۆی دیاری کردووە یەکەمیان ئەوەیە کوردەکان بە ناوی ئاینەوە دژی بریتانیا هان ئەدەن و دووهەم کورد هان ئەدەن دژی عەرەب بە ناوی نەتەوایەتییەوە.

ئەگەر هەوڵێکی وا نەدرێ مەسئەلەی نەتەوایەتیی کورد بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی

*ئیسلامییەوە، ڕێگا بۆ تورکەکان خۆش ئەکرێ کە پەنا ببەنە بەر تەقەلای یەکەم، بۆ ئێمە وا باشە کە ڕێگا لە هەموو جۆرەو تەقەلایەکی تورک بگیرێت لەم ڕووەوە.*

*لە کاتی ئەم گفت و گۆکردنەدا فەیسەل هەر وەکو عیراقییەک پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا کوردستان بەشێک ئەبێت لە عیراق یا نا؟ وە ئایا کە فەیسەل کرا بە مەلیکی عەرەب کوردیش ناگرێتەوە؟ ئێمەش بۆ مەبەستی ئیمرۆمان وامان لە فەیسەل گەیان کە تەنها وەکو مرۆڤێک کە فەیسەلە نەک فەیسەلی مەلیکی عیراق، بەرلەوەی بکرێ بە مەلیک ئەوەبوو بۆی ڕوونکرابووەوە کە ئەو باسەی کراوە پێویستە جارێ هەر وەکو خۆی بمێنێت هەتا ئەو کاتەی ئەگا بە ئەنجامێکی تر.*

*فەیسەل لە وەرامی ئەوەدا ووتی: هەتا دەسەلاتی سوپایی و سنووری بۆ ڕوون نەبێتەوە لە لایەن حوکوومەتی بریتانیاوە ناتوانێ هیچ بیرو باوەڕێکی خۆی دەربڕێت و ئەویش لە لایەن خۆیەوە چەند پرسیارێکی کرد».*

لەبەر ئەوەی لە باسی پەیمانی سیڤەردا لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O.37 -6347 ڕۆژی ٣/نۆڤەمبەری ١٩٢١دا بە دوورو درێژی باسی ئەو پرسیارانەی فەیسەل و وەرامی ئەو پرسیارانە لە لایەن سێر پرسی کۆکسمان باس کردبوو و لێی دووابووین، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکا.

بەو جۆرە بۆمان دەرئەکەوێ کێشەی نێوانی کاربەدەستانی بریتانیا لە بغدادو وەزارەتەکانی بریتانیا لە لەندەن گەیشت بەوەی پێشنیازەکانی ئەوەی میسۆپۆتامیا بەتایبەتی ئەوانەی پرسی کۆکس و مس بیل سەربگرێ و ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا بڕیاری لەسەر درابوو ئەو پێشنیازانەی لە کۆنگرەی قاهیرەدا خرابووە بەرچاو ئەوەی پەیوەندیی بە مافی کوردو دوارۆژی کوردەوە هەبوو پشت گوێ خراو هێنانی فەیسەل و کەم کردنەوەی هێزەکانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیا سەری گرت و ووردە ووردە چاڵ بۆ پەیمانی سیڤەر هەڵکەنراو لە پەیمانی لۆزاندا نێژرا.

# (٤)

# دروستبوونی حوکوومەتی کاتیی عیراقیی

ئەو سەرچاوانەی کە لە مێژووی عیراق و دروستبوونی عیراق دوواون، هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە حوکوومەتی عیراق لەسەرەتاوە بەپێی نەخشەو پیلان و بەپێی کۆشش و تەقەلایەکی بێ ووچانی سیاسەتمەدارانی بریتانیاوە دروست بووەو هەر لە کاتی دروستبوونییەوە هەر وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆیان سەیریان کردووەو سوودو پەرژەوەندیی ئەو رۆژانەی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لەوەدا بووە کە ئەو حوکوومەتە دروست بکرێ و لە رێگەی ئەو حوکوومەتەوە بتوانێت دەست بگرێ بەسەر نەوتی کوردستان وویلایەتی مووسلدا جگە لەوەی لەو رۆژانەدا میسۆپۆتامیا هەر وەکو بڕبڕاگە پشتی ئەو رێ و بانە ستراتیژییە بووە کە رێگای هات و چۆی سەرمایەداریی ئینگلیزو کۆمپانیاکانی ئەبەستەوە بە هندستان و بەو چاڵە نەوتانەی ناوچەی ئەهواز لە خوارووی ئێراندا کە ئینگلیز ماوەیەک بوو دەستی بەسەرا گرتبوو.

بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٥/ ١ /١٩٢١دا حوکوومەتێکی عیراقیی کاتییان دامەزراند کە (عبد الرحمن النقیب)یان کرد بە سەرەک وەزیرانی و (لەو قابینەیەدا حمدی بابانیش وەکو وەزیرێکی بێ وەزارەت بەشداریی کردووە لەو حوکوومەتە کاتییەدا)، کە سێر پرسی کۆکس لە ١١/ ١ /١٩٢١دا لە جیاتی کۆلۆنێل ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا کرا بە مەندووبی سامیی بریتانیا لە بغداد، ئیتر پرسی کۆکس دەم و دەست دستی کرد بە کێشانی نەخشەی کورت و درێژ بۆ چەسپاندن و بەڕێوەبردني کاروباری میسۆپۆتامیاو بەپێی بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە فەیسەڵ خرایە بەرچاو کە بکرێ بە مەلیکی عیراق و لە دوای چەند ساڵێک زەمینە خۆش کرا بۆ دانانی (بە ناو بۆ هەڵبژاردنی) ئەنجومەنی دامەزرێنەر (المجلس التأسیسي)و بە هەموو جۆرێک بەربەرەکانی تورکیایان کردو ناچاریان کرد کە دەسبەرداری وویلایەتی مووسڵ ببێت

# (٤)

# درووستبوونی حوکوومەتی کاتیی عیراقیی

ئەو سەرچاوانەی کە لە مێژووی عیراق و درووستبوونی عیراق دوواون، هەموویان لەوەدا یەک ئەگرنەوە کە حوکوومەتی عیراق لەسەرەتاوە بەپێی نەخشەو پیلان و بەپێی کۆشش و تەقەلایەکی بێ ووچانی سیاسەتمەدارانی بریتانیاوە درووست بووەو هەر لە کاتی درووستبوونییەوە هەر وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆیان سەیریان کردووەو سوودو پەرژەوەندیی ئەو رۆژانەی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لەوەدا بووە کە ئەو حوکوومەتە درووست بکرێ و لە رێگەی ئەو حوکوومەتەوە بتوانێت دەست بگرێ بەسەر نەوتی کوردستان وویلایەتی مووسلدا جگە لەوەی لەو رۆژانەدا میسۆپۆتامیا هەر وەکو بڕبڕاگە پشتی ئەو رێ و بانە ستراتیژییە بووە کە رێگای هات و چۆی سەرمایەداریی ئینگلیزو کۆمپانیاکانی ئەبەستەوە بە هندستان و بەو چاڵە نەوتانەی ناوچەی ئەهواز لە خوارووی ئێراندا کە ئینگلیز ماوەیەک بوو دەستی بەسەرا گرتبوو.

بۆ ئەو مەبەستە لە ٢٥/ ١/ ١٩٢١دا حوکوومەتێکی عیراقیی کاتییان دامەزراند کە (عبد الرحمن النقیب)یان کرد بە سەرەک وەزیرانی و (لەو قابینەیەدا حمدی بابانیش وەکو وەزیرێکی بێ وەزارەت بەشداریی کردووە لەو حوکوومەتە کاتییەدا)، کە سێر پرسی کۆکس لە ١١/ ١/ ١٩٢١دا لە جیاتی کۆلۆنێل ویلسن حاکمی گشتی بریتانیا کرا بە مەندووبی سامیی بریتانیا لە بغداد، ئیتر پرسی کۆکس دەم و دەست دستی کرد بە کێشانی نەخشەی کورت و درێژ بۆ چەسپاندن و بەڕێوەبردنی کاروباری میسۆپۆتامیاو بەپێی بڕیاری کۆنگرەی قاهیرە فەیسەڵ خرایە بەرچاو کە بکرێ بە مەلیکی عیراق و لە دوای چەند ساڵێک زەمینە خۆش کرا بۆ دانانی (بە ناو بۆ هەڵبژاردنی) ئەنجوومەنی دامەزرێنەر (المجلس التأسيسي)و بە هەموو جۆرێک بەربەرەکانی تورکیایان کردو ناچاریان کرد کە دەسبەرداری وویلایەتی مووسڵ ببێت

و به چاوبەست و فڕوفێڵ و بە زەبری هێزی ئاسمانی و بە چەک و جبەخانەو بە دامەزراندنی سوپای عێراق و مەشق پێ کردن و درووست کردنی هێزی لیڤیی ئاسووری و بە ڕشتنی پارەو بڵاوکردنەوەی بەناو سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردا بەمانە بە هەموویان شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو ڕاپەڕینی ناوچەی ڕەواندزو بادینان و بارزان و پشدەرو ڕانیەو ناوچەی هەورامانیان هەموویان کردەوەو عێراقیان وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆشەویست، هەر وەکو لە لەیەکی دڵسۆز پێ گەیاندو کردیان بە ئەندامی عصبە الامم و کردیان بە بنکەیەکی دەسەڵاتداریتیی خۆیان و بەو پێیە مافی کورد لەپێناوی سوودو پەرژەوەندیی سەرمایەداریی بریتانیادا پێ شێل کرا، کەچی بەوپەڕی بێ شەرمییەوە بۆ داپۆشینی ئەو ڕاستییە زۆربەی نووسەرە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب، کوردو شۆڕشەکانی شێخ مەحموودیان بەوە تاوانبار کردووە کە دەسنێژی ئینگلیز بووەو بە هیچ جۆرێک دان بەوەدا نانێن کە عێراق لە منداڵدانی ئیمپریالیزمی بریتانیای ئەو ڕۆژانەدا پەروەردە بووەو لەدایک بووە هەر وەکو لە باسەکانی داهاتوودا زۆر شت لەو ڕووەوە دەرئەکەوێ.

باشترین کەسێک کە دانی بەو ڕاستییەدا ناوەو لەناو دۆکیومەنتەکانی بریتانیادا وەکو بەڵگەیەکی ئاشکرا باس کراوە بریتییە لەو نامە نهێنییەی کە نوری سعیدی شۆڕەسواری درووستکردنی حوکوومەتی عێراق لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730 – 58047 ی ڕۆژی ٢٧/ ١/ ١٩٢٨دا بڵاوکراوەتەوە کە ساتی خۆی نوری سعید ناردوویەتی بۆ (هنری دوبس)و ئێمەش لێرەدا بۆ بەڵگە بڵاوی ئەکەینەوە (لە هەندێ باسی تریشدا هەر وەکو بەڵگەیەک باسی هەمان دۆکیومەنت ئەکەینەوە):

*«هەموومان ئاگاداری ئەوەین کە میللەتەکانی بالقان هەر یەکەیان بە هێزی دەوڵەتە گەورەکانەوە توانیویانە حوکوومەت بۆ خۆیان دامەزرێنن و بگرە تورکیاش (نیازی لە تورکیزمە کمالییەکان بووە) بە یارمەتیی سۆڤێت و فەرنسە توانی خۆی ڕابگرێ.*

*ئێمەش لە عیراقدا دان بەوەدا ئەنێین کە نابێ چاکەی حوکوومەتی بریتانیامان لەو ڕووەوە قەت لەبیر بچێتەوە».*

نوری سعید لە نامەکەیدا ئەو پێشەکییەی بۆ ڕێ خۆشکردنی داواکاریی یارمەتیدان

بووه بۆ سوپای عیراق و داوای ئەوەی لە بریتانیا کردووە کە ئەو چاکەو پیاوەتییەی تەواو بکاو درێژەی پێ بداو بۆ ئەو مەبەستە ووتوویەتی:

*«ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئێوە نەبوایەو هێزی لیڤی نەبوایە (هێزی لیڤیی ئاسووری ئینگلیزەکان درووستیان کردو مەشقیان پێ کردو کردیان بە کوتەکي دەستی خۆیان و کوتەکی دەستی سوپای عیراق بۆ پان کردنەوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو راپەڕینەکانی تر لە ناوچەی بادینان و لە بارزاندا) ئێمە هەر وا بە ئاسانی ناوچەی رەواندزمان داگیر نەدەکردو ئیمڕۆش لەو ناوچەی هەڵبجەو پێنجویندا (مەبەستی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیی بریتانیا بووە بۆ لایەنگری کردنی سوپای عیراق دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لە ناوچەی پێنجوین و شارەزوور بە هاوکاریی مەحموودخانی دزلی لە ناوچەکانی پێنجوین و مەریوان و هەڵبجەدا لە ساڵانی ١٩٢٤ بەدوواوە)، ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئێوەو هێزی سەرزەمین نەبوایە کە ئێوە چاودێریتان ئەکردو ئاگاداری ئەبوون، ئەوا لەو شەڕانەشدا هەر نەمان دەتوانی سەربکەوین».*

دەربارەی دروست بونی حوکوومەتی عیراق لە باسی پەیمانی سیڤەردا لەوە دووایین کە ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە کتێبەکەیدا ووتبووی (٣٧):

*«لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٢٠دا - یەعنی تەنها چوار مانگ دوای مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر سێر پرسی کۆکس مەندووبی سامیی بریتانی لە بغداد نەخشەیەکی تایبەتیی کێشا بۆ دامەزراندنی حوکوومەتی عیراق و لەو نەخشەیەدا مادەکانی پەیمانی سیڤەری پشت گوێ خست و لەو نەخشەیەدا کوردستان و کوردی عیراقی جیا نەکردەوە.*

*کە ساتێک حوکوومەتی عیراق لە لایەن بریتانیاوە دروست کرا، ئەوسا دەزگاکانی عیراقی نەچووبوونە ناو کوردستانەوەو هێشتا نەخشەی بریتانیا دەربارەی کوردستان ئاشکرا نەبوو (وا بزانم ئەبوایە ویلسن بی ووتایە: ئاشکرا نەکرابوو)، بریتانیا بەرلەوەوەی بچێتە کوردستانەوە نیازی وابوو لە بغداد ویلایەتێکی عەرەبی درووست بکا لەژێر چاودێریی خۆیداو ویلایەتی بەسرە راستەوخۆ بخرێتە ژێردەسەڵاتی*

بریتانیاوه ئەگەرچی سێر پرسی کۆکس وای بەباش ئەزانی میسۆپۆتامیا بخرێتە سەر ئیدارەی هندستان (ئەوسا ئیدارەیەکی بریتانیی تایبەتی لە هندستان هەبوو و لە لەندەن وەزارەتێک هەبووە بە ناوی وەزارەتی کاروباری هندستان وە حاکیمی گشتی بریتانیا لە هندستان نوێنەری مەلیکی بریتانیا بووە)، بەوەی ویلسندا دەرئەکەوێ کە بریتانیا لەو رۆژانەدا هێشتا سیاسەتی لکاندنی کوردستانی بە میسۆپۆتامیاوە ئاشکرانە کردبوو.

عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا (٢٩) باسی ئەوەی ویلسن ئەکاو ئەڵێ :
موستەشارەکانی پلەمە سیاسییەکانی بریتانیا لە ناوچەکانی مووسڵ و کەرکووک و سلێمانیدا لە ١٩٢١/٥/٦دا یاداشتێکیان نارد بۆ کاربەدەستانی خۆیان و باسی ئەوەیان کردبوو کە وا کوردەکان بڕیاری کۆڵنەدانیان داوە، چونکە لەوە ئەترسن کە بە زۆرەملی بلکێنرێن بە عیراقەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کوردانە ئەزانن جیابوونەوەیان لە عیراق زیانێکی زۆریان پێ ئەگەیەنێت لە رووی ئابووری و بازاڕو بازرگانییەوە کە بازاڕێکی زۆریان لەکیس ئەچێت بۆ بەرهەمەکانیان ».
عبد الرزاق الحسنی لە کتێبی (تأریخ الوزارات العراقیة)دا ئەڵێ (٦٤):
«سکرتێری مەندووبی سامی لە بغداد نامەیەکی نارد بۆ سکرتێری مەجلیسی وزەرای عیراق کە ژمارەی نامەکە (٠/٤/٠ ٣٣٣)و رۆژی ١٩٢١/٢/٢٢ بوو ئەڵێ:
«فەخامەتی مەندووبی سامی فەرمانی پێدام کە بەم نامەیە ئاگاداری هەڵوێستی سلێمانیتان بکەم. لەلای مەجلیس وەزاراتان شاراوە نییە کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکدا مەرجێکی تیادایە ئەڵێ:. دەوڵەتە سوێندخورەکان بۆیان نییە بەرهەڵستیی ئارەزو و خواستی کوردەکان بکەن ئەگەر ویستیان بچنە پاڵ ئەو حوکوومەتە کوردییەی کە لە دوای ساڵێک لە مێژووی مۆرکردنی پەیمانی سیڤەرەوە پێک دێ. لەگەڵ ئەوەشدا فەخامەتی مەندووبی سامی ئاگاداری ئەوەیە کە پەرژەوەندیی ئابووری و بازرگانیی ناوچەی سلێمانی بەسراوە بە عیراقەوە، لەبەر ئەوە فەخامەتی مەند ووبی

سامی لەلای وایە ئەو پێویستییەی کە بەپێی ئەو پەیانە خراوەتە سەر شانی ئەتوانێ لە لایەکەوە خواستی کورد بێنێتە دی و لە لایەکی تریشەوە پەرژەوەندیی حوکوومەتی نیشتمانی عیراقیش بخاتە بەرچاو کە ئەمەش بە پێکهێنانی جۆرە ئیدارەیەکی تایبەتی پێک دێ لە سلێمانیداو دەست و برد بکرێ لە پێکهێنانی ئەو ئیدارەیە کە لە ژێر چاودێری و راوێژی مەندووبی سامیدا ببرێ بەرێوە نەک هەر وەکو ئێستە کە ئەویستری لەلایەن وەزیرەکانی عراقەوە بێ، ئەو ئیدارەیەش کاتی ئەبێ هەتا تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کە لەو پەیانەدا دەسنیشان کراوەو ئێستە مەندووبی سامی خەریکی بەجێ هێنانی نەخشەیەکە کە دەزگایەکی حوکمی ناوخۆیی و ناوچەیی هەبێت وە بۆ ئەوە دەس کراوە بە کەم کردنەوەي ژمارەی کاربەدەستانی بریتانی و هیندی لەو ناوچانەدا لەگەڵ دانانی قائیممەقام و فەرمانبەران لە خەڵکی ناوچەکەو فەخامەتی مەندووبی سامی بیر لەوە ئەکاتەوە کە موتەسەڕڕفێک بۆ سلێمانی دابنرێت ئەگەرچی سیاسەتی بەرامبەر بە عیراق و سلێمانی هەردووکیان بریتین لە یەک سیاسەت و بۆ یەک مەبەست هەوڵ ئەدا، بەڵام پێویستە موتەسەڕڕیفی سلێمانی یەکسەر پەیوەندی بە مەندووبی سامییەوە بکا، لەبەر ئەوە مەندووبی سامی ئارەزوو ئەکا لەو رووەوە بیرو راو سەرنجی ئەنجومەنی وەزیرانتان تێ بگاو ئومێدەوارە ئەم پلانەش بە باش بزانرێت».

لە وەرامی ئەوەدا ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لە ١٩٢١/٣/٧دا ئەم نامەیەی دەرکرد دەربارەی کاروباری سلێمانی:

«لەبەر گرنگیی ناوچەی سلێمانی لە رووی جوگرافی و پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی ئەو ناوچەیە لەگەڵ عیراقدا کە هەر لە کۆنەوە رەوشت و خوویەکی لە یەکچوو هەیە لە نێوانیانا، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران ئەم پێشنیازەی خوارەوە ئەخاتە بەرچاوي فەخامەتی مەندووبی سامی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ.

١ـ هەڵوێست هەر وەکو جاران بمێنێتەوەو لیوای سلێمانی بلکێنرێت بە عیراقەوەو هەر وەکو لیواکانی تر تەماشای بکرێ.

٢ـ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا ئەو پێشنیازو خواستانەی لە وەزارەتی پارێزگاری

*نیشتمانییەوە ئامادەکراون دەربارەی سنووری عیراق بخرێتە پێش چاوی مەندووبی سامی وە تکای ئەوەی لێ بکرێ ئەو بەیاناتە بخرێتە بەر چاوی کاربەدەستان و لێپرسراوانی بریتانیا وە داوای یارمەتییان لێ بکرێ کە نەخشەی سنووری ژووروو بە جۆرێک دەسنیشان بکرێ کە وولات لە دەس درێژیی بێگانە بپارێزرێ».*

ویلسنی حاکمی گشتی بغداد لە کتێبەکەیدا (٣٧) دەربارەی هەڵوێست لە سلێمانیدا لەو رۆژانەدا کە شێخ مەحموود دوور خرابووەوە بۆ هندستان ئەڵێ:

*«وا بزانم لە بغداد هەواڵی سەرکەوتنی بۆڵشەویک وەکو بیرو باوەڕێک خەڵک بیستوویەتی و ئەیزانی، جگە لەوە دواخستنی بستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ تورکەکاندا کاری کردۆتە سەر هەڵوێست و باري ناوخۆ و گەورەترین کۆسپە لە رێی بەجێ هینانی کاروباردا و مێشکی زۆر کەسی لە کوردستاندا خەریک کردووە، بەداخەوە بیرو رای بۆڵشەویک لە ناو خەڵکدا بە هۆی رۆژنامەکانەوە کە ئەگاتە کەرکووک بڵاو ئەبێتەوە».*

وەکو لە هەندێ شوێنی تریشدا باسمان کردووە تورکیزمەکان بە سەرکردایەتیی کمالییەکان لەگەڵ سۆڤێتدا بۆ جێگیرکردنی جێ پێی خۆیان لەگەڵ سۆڤێتدا دۆستایەتییەکی گەرمیان ساز کردبوو سۆڤێت یارمەتیی سوپایی و دارایی تورکیزمەکانیان داو بۆ یادگاری ئەو دۆستایەتییە لینین کارگەیەکی دروستکردنی ڤۆدکای بە دیاری بۆ ناردبوون و تورکیش بەرامبەر بەوە ئیجازەی پارتی شیوعیی تورکیی دابوو بە سەرۆکایەتیی حقی بهیج کە مامۆستا رەفیق حلمی لە یادداشتەکانیا باسی کردووە وەکو کابرایەکی طۆرانی، رۆژنامەکانی تورکیای ئەو رۆژانە ئەگەیشتە کەرکووک و هەندێ رۆشنبیرو خوێندەواری کوردستانیش ئەیان خوێندەوە کە ئەوە سەرو دڵی ئینگلیزەکانی گرتبوو لەو رۆژانەدا.

ویلسن لە کتێبەکەیدا ووتوویەتی :

*«ئەگەر بتوانین دوو ساڵی تر بە بێ گێچەڵ ببەینە سەر لەم ناوەدا، ئەتوانین پڕۆپاگاندەکانی تورکەکان پووچەڵ بکەینەوە، هەروەها لە پڕۆپاگاندەی ئەو مەلاو پیاوە ئاینیانەش کە لەناو گوندەکانا خەڵک زۆر گوێیان لێ ئەگرن رزگار ئەبین.»*

ویلسن لە کتێبەکەیدا دەربارەی پەیوەندیی کورد بە عیراقەوە ئەڵێ:

*«پەیوەندیی کورد لەگەڵ عیراقدا لەوەی (وێلز)ی ساڵی ١٦٦٢ ئەچێت لەگەڵ ئینگلیزدا کە چۆن ئەو ساڵە لە زەمانی مەلیک چارلسی دووهەمدا بڕیارێکی دەرکرد کە ئەتوانرێ کتێبی نوێژکردن بکرێ بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و وێلشی، بەو جۆرەش ئەگەر عەرەب لە عیراقدا بتوانن هەستی کوردەکان بە لای خۆیانا بە کێش بکەن و ڕێگەیان بدەنێ زمانی خۆیان بەکاربێنن و کاروباری ناوچەکەی خۆیان لە لایەن فەرمانبەرانی خۆیانەوە ببرێت بەڕێوەو هەست و سروشت و ڕەوشت و یاسای کۆمەڵایەتییان ڕێزی لێ بگیرێ لام وایە بەوە ئەتوانرێ یەکێتییەکی تەواو لە نێوانی خوارووی کوردستان و عیراقدا پێک بهێنرێت».*

ویلسن سەرنجی عیراقییەکان بۆ ئەوە ڕائەکێشێ کە پێیان ئەڵێ:

*«تورکەکان لەو ڕووەوە تاقیکردنەوەیەکی تاڵ و سەختیان هەیە، تورک لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دڕو ئازاو چەکدارن، بەڵام چەکیان زۆرتر بەکار هێنا لە عەقڵ و ژیری و دانایی و قەڵەم و بەرلەوەی لە کوردستاندا دەغڵ و دان کامڵ ببێ و پێ بگا دروێنەیان کرد کە بەوە زیانێکی زۆریان لێ کەوت».*

عبد الرزاق الحسنی لە لاپەڕە (٢٢٠)ی کتێبەکەیدا دەربارەي هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەئەڵێ (٢٩):

*«مەندووبی سامیی بریتانی لە ١٩٢٠/١١/٢٥ بەدوواوە یەکسەر کاروباری کوردستانی گرتبووە دەست خۆی و نەی بەستبوونەوە بە دەزگاکانی عیراقییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێی گران بوو ئەو ناوچانە لە عیراق جیا بکاتەوە و بۆ دڵنیایی کردنی کوردەکان لەو تەقەلایەی کە ئەیدا بۆ لکاندني کوردستان بە عیراقەوە بەیانێکی دەرکرد (وەکو لە کۆنگرەی قاهیرەدا باسمان کرد سێر پرسی کۆکس پێشنیازێکی هەر لەو جۆرەی خستبووە بەر دەستی بەشداربووەکانی ئەو کۆنگرەیە) کە ئەڵێ:*

*«بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییەی لە ناو کوردەکانا هەیە لەوەی کوردستان بلکێنرێت بە عیراقەوە، کە لە ئەنجامی ئەو ترسەدا هەندێکیان داوای جیابوونەوە ئەکەن، لەگەڵ*

*ئەوەشدا زۆر باش ئەزانین کە رۆشنبیرو بازرگان و سەرکردەکانی کورد ئاگاداری ئەوەن کە پەیوەندیی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی ئەیان بەستێتەوە بە عیراقەوە (باشتر وابوو کە بی ووتایە سوودو پەرژەوەندیی ئیمە وامان لیٚ ئەکا کە کوردستان ببەستین بە عیراقەوە)، بۆیە مەندووبی سامی ئارەزوو ئەکا خواست و ئارەزووی کوردەکان تیٚ بگاو ئەگەر بیانەویٚ لە ژێر سایەو دەسەلاتی عیراقدا بژین ئەوا مەندووبی سامی ئەم پێشنیازانە پێشکەش ئەکا بە ئەنجومەنی دەولەتی عیراق (لەبەر ئەوەی لە باسی کۆنفرانسی قاهیرەدا ئەو پێشنیازانەی سێر پرسی کۆکس مەندووبی سامیمان بلاو کردەوە کە لۆنگریک لە کتێبەکەیدا باسی کردووە بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکا).*

لە راپۆرتێکی نهێنیی ناو ئەرشیفی وەزارەتی بریتانیادا ژمارە 14 - E. 8635 کە لە لایەن مەندووبی سامییەوە لە ١٩٢١/٦/١دا دەربارەی پەیوەندیی ناوچە کوردییەکانەوە ئامادە کراوە لەو دەنگدانانەی کە لەو ناوچانەدا کرابوو ئەلیٚ:

*« ئەو بەیانەی کە لە لایەن مەندووبی سامییەوە دەرچوو (نیاز لەو بەیانەیە کە لە کتێبەکەی لۆنگریکەوە وەرمان گرتووەو لە باسی کۆنگرەی قاهیرەدا لێی دواین، وە عبد الرزاق الحسنیش لە لاپەرە (٢٢٠)ی کتێبەکەیدا (٢٩) لێی دوواوە) نێررا بۆ ئەنجومەنەکانی ناوچە کوردییەکانی مووسل و ناوچەکانی تر لە ئەنجامدا هەرلایەیان بەم جۆرەی خوارەوە وەرامی دایەوە:*

## وەرامی ئەنجومەنی دهۆک:

دانیشتوانی دهۆک و عەقرەو عەمادییەو زاخۆ پەیوەندییەکی زۆریان هەیە بە بغدادو بە مووسلەوە، لەبەر ئەوە بەوە رازین کە لە ژێر چاودێری ئەفسەرێکی بریتانیادا بن هەتا کوردی کارامەیان بۆ دائەنریٚ بەلام دەربارەی هەلبژاردنی نوێنەرانی ناوچەکە دەیانەویٚ ئەو نوێنەرانەیان بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی مووسلٚ هەلبژێرن و کوردەکان ئازاد بن لەوەی کە بۆ نوێنەری هەر شوێنێک بتوانن لە شوێنێکی تریشەوە یەکێکی بۆ هەلبژێرن و نایانەویٚ دەسەلاتدارانی ناوچەکە بکرێن بە قائیممەقام لە ناوچەکەی خۆیانا.

## ئەنجومەنی ناوچەی زاخۆ:

لایەنگری ئەوە بوون کە ناوچەکەیان بکریٚ بە قەزاو پەیوەندیی بازرگانی و ئابووریيان لەگەڵ مووسڵدا بهێنێتەوەو وا بە باش ئەزانن موتەسەرڕیفێکی بریتانی بۆ ناوچەکەیان دابنرێت بەلاٚم ئەوەیان پەسەند نەکرد کە فەرمانبەری عەرەب لە ناوچەکانیانا دابنریٚ و داوای ئەوە ئەکەن فەرمانبەران کورد بن بە بیٚ ئەوەی گویٚ بدرێتە ئەوەی ئەو کوردە ئیسلام بیٚ یا کریستیان بیٚ و داوا ئەکەن هەڵبژاردن لە ناوچەکەیانا سەربەخۆییٚ و ئەگەر لەم کاتەشدا نوێنەری لیٚ هاتوو نەبیٚ لە ناوچەکەدا رێگە لەوە ناگرن بۆ ماوەیەکی کاتی کە خەڵکی مووسڵیش لەوەدا بەشداربن.

## ئەنجومەنی عەقرە:

لایەنگری ئەوە نەبوون کە ناوچەکەیان بکریٚ بە قەزاو داوایان کرد ببەسرێن بە مووسڵەوەو لە رێگای ئەفسەرێکی بریتانییەوە پەیوەندییان هەبیٚ لەگەڵ مووسڵداو دڵنیا نین لە دانانی قائیممەقامی کوردو عەرەب و دژی ئەوەشن کە هێزی لیڤی کوردو ئاسووری پێک بێت چونکە لایان وایە ئەوە ئەبێتە هۆی نانەوەی ئاژاوەو پشێوی لە ناوچەکەداو مانەوەی هێزی بریتانیا بە باشتر ئەزانن.

## ئەنجومەنی عەمادییە:

هەتا ئێستە هیچ وەرامێکی نەداوەتەوە بەلاٚم بێگومان ئەوانیش لەگەڵ بۆچوونی نەخشەکەدا ئەبن.

هەولێر موافەقەتی لەسەر بەیانەکە کردو رەواندزیش لەو رووەوە مەزبەتەیەکیان کردۆتەوە ماوەتەوە سەر سلێمانی کە بۆ ئەو مەبەستە داوا لە شەش کەس کرا لە دانیشتوان کە لەگەڵ ئەفسەری سیاسیی بریتانیدا کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی بیرو رای خۆیان دەربڕن دەربارەی ئەو بەیانەو دەربارەی پەیوەندییان لە دوارۆژدا لەگەڵ عیراق.

دوو کەس لەو شەش کەسە لەبەر نەخۆشی نەیان توانی ئامادە بن و چوارەکەی تر روونیان کردەوە کە هەر کۆسپێک بێتە رێی پەیوەندیی بغدادو عیراقەوە لە رووی

ئابووری و بازرگانییەوە زیانێکی زۆری ئەبێت بۆ کورد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابەدڵیی خۆیان دەربڕی ئەگەر بخرێنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبی عیراقەوەو وا پەسەند ئەکەن یەکسەر لە ژێر چاودێریی بریتانیادا بن.

بەڵام نوێنەرانی سلێمانی روونیان کردەوە کە بوونی جۆرە سەربەخۆییەک (شبه إستقلال) شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ کورد.

بۆ جاری دووهەم لە ٨/ی مایسی ١٩٢١دا لەگەڵ ئەو چوار کەسە ناودارو ناسراوانەی نوێنەری سلێمانی کۆبوونەوەیەک کراو لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نایانەوێ لە ژێر سایەی عیراقدا بن و بە ئاشکرا وتیان راستە ئیمڕۆ بریتانیا چاودێریی کورد ئەکا بەڵام لە دوارۆژدا حوکوومەتی بغداد بە ئاشکرا لایەنگری دانیشتوانی عەرب ئەبێت و لە سیاسەتیا هەمیشە دژی سوودو پەرژەوەندیی کورد رائەوەستێت. ئەو چوار کەسە دانیان پیادانا کە هەرچەند بەرهەڵستی و رێگری گومرگی لە نێوان هەردوولادا زیانێکی زۆر ئەگەیەنێت بە کورد بەڵام هێشتا ئەو زیان لێ کەوتنەیان لا باشترە وەک لەوەی بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حوکوومەتێکی عەرەبییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەیانەی مەندووبی سامی لە شاری سلێمانی و ناوچەکانیا خرایە دەنگدانەوە کە ئەنجامەکەی بەم جۆرە بوو:

ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بریتی بوون لەوانەی کە هەریەکەیان خانوویەکی هەبێت کە نرخی ئەو خانووە (٢٠٠٠) رووپییە بووبێت بەو جۆرە ئەوانەی ئەو مەرجەیان تێدابوو و ویستیان بەشداری بکەن نزیکی (٢٠٠٠) کەسێک ئەبوون لەوانەش تەنها (١٩٠) کەسیان بەشداری دەنگدانیان کرد کە (٣٢) کەسیان موافەقەتیان لەسەر ئەوە کرد (کە بێگومان ئەوانە بریتی بوون لە بازرگانەکانی تووتن)، بەڵام ئەوانی تری ناو شارەکە رەشە خەڵک و کاسبی ناو بازار بوون موختاری گەڕەکەکان کۆیان کردنەوەو دەنگدان بەدەست هەڵبرین بوو، لەو دەنگدانەدا جگە لە گەڕەکی جوولەکان کە ژمارەیان (٩٢) کەس بوو ئەوانی تر هەموو دژی ئەوە بوون کە بخرێنە سەر عیراق.

بەو جۆرە ژمارەی ئەوانەی کە ویستیان بچنە سەر عیراق بریتی بوون لە (١٢٤)

کەس لە مەجمووعی دانیشتوانی هەموو شاری سلێمانی.

لە گوندەکانیش لەو (٦٠٠٠) کەسە کە توانرا بۆ ئەو مەبەستە کۆ بکرێنەوە (٥٠٠٠) کەسیان دژی ئەوە بوون بچنە سەر عیراق و (٣٢)کەس لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بچنە سەر عیراق و ئەوانی تر دەنگیان نەداو ئەیان ویست کاروبار لە ژێر چاودێری بریتانیادا بێ.

لە ناوچەی شارباژێڕ دانیشتوەکان بە تێکڕایی دژی ئەوە بوون بخرێنە سەر عیراق، هەمەوەندەکان ئەو باسەیان پشت گوێ خست و هیچیان نەهاتن بەلای هیچ کەسێکدا، بەلاّم لە هەڵەبجە بە هۆی بەگزادەکانی جافەوە دەنگی لایەنگری بۆچوونەپاڵ عیراق لە شوێنەکانی تر زۆرتر بوو (نەی ووتووە ژمارەکان چەند بووە).

بەلاّم سەیر ئەوەیە لەناو دۆکیومەنتەکانی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا موسوەددەیەکی تیادایە کە ژمارەو رۆژی لەسەر نییە کە لەوە ئەچێ ئەو موسوەددەیە سەرەتایەک بووبێ بۆ ئەو بەیانەی کە مەندووبی سامی لە دوواییدا بلاّوی کردەوەو دوور نییە ئەو موسوەددەیە لە دوواییدا دەسکاری کرابێ و بەو شێوەیەی کە پرسی کۆکس دایناوە بلاّو کراوەتەوە... هەرچەند ئەو دۆکیومەنتە بە بەڵگەیەکی رەسمی ناژمێررێ بەلاّم دووبارە حەزم کرد خوێندەواران چاوێک بەو موسوەددەیەدا بخشێنن کە هەندێ شتی سەرنج راکێشەری تیادایە:

پێشەکی موسوەددەکە ئەڵێ:

*«بەرلەوەی ناوچە کوردییەکان بخرێنە سەر عیراق، ئەو ناوچانە بەشێک بوون لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لەبەر ئەوە ئێمەی لێپرسراو بەپێی مەرجەکانی ئینتیداب کە رێنمایی عیراق ئەکەین تا ئەو ساتەی خۆیان ئەچەسپێنن، وە لەبەر ئەوەی بەرپاکردنی هێمنی و ئاسایشی ناوچە کوردییەکانیش شتێکە کە پەیوەندیی بە حوکوومەتی خاوەن شکۆمانەوە هەیە و پەیوەندی بە مەلیکی عیراقەوە هەیە لەبەر ئەوە پێویستە جۆرە ئیدارەیەک بەپێی یاسایەکی تایبەتی پێک بهێنرێ بۆ ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوە ئەم رێکەوتنە لە نێوانی حوکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیاو عیراقدا ساز کرا:*

ماده ـ١ـ عیبارەتی (کوردستان) لەم ڕێکەوتنەدا مەبەست لە لیوای سلێمانی و هەولێرو قەزای زاخۆ و عەقرەو دهۆک و عەمادییە ئەگرێتەوە (لێرەدا باسی کەرکووک نەکراوە).

ماده ـ٢ـ ئالاّی عیراقی نابێ لە ناوچەی خوارووی کوردستاندا هەڵبکرێ، هەروەها هی بریتانیاش بێجگە لەو جێگایانە نەبێ کە بنکەی ئەفسەری سیاسییەکانی ئێمەی تیادایە.

ماده ـ٣ـ دەسەڵاتی بەرز Supreme Authority لە خوارووی کوردستاندا لە ژێر چاودێریی ئەنجومەنێکدا ئەبرێ بەڕێوەو سەرکردایەتییەکی بۆ دائەنرێ کە پێی بووترێ (والیی کوردستانی خواروو). دانانی ئەو والییە لە لایەن حوکوومەتی بریتانیاوە بە ڕەزامەندیی مەلیکی عیراق دائەنرێ (لەوەش ئەچێ کە چرچڵ ئاگاداری ئەو موسوەددەیە بووبێت چونکە لەو تیلیگرافانەی نێوانی چرچڵ و سێر پرسی کۆکسدا وەکو لە پێشتردا لێی دووایین چرچڵ پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە کوردستان بکرێ بە ویلایەت).

ماده ـ٤ـ حوکوومەتی خاوەن شکۆی عیراق ئەتوانی هێزێک (بنکەی هێزێک) لە شارەکانی کەرکووک و هەولێر دابنێت و ئازاد بێ لە کاروبارياو لە هات و چۆ و گواستنەوەي هێزی سوپایی بۆ پاراستنی ڕێگەی مووسڵ.

مادده ـ٥ـ پێویستە یاساو فەرمان و نظام لەگەڵ دەسەڵاتێکی یاسایی تەواو بۆ حوکوومەتی کوردستانی خواروو لەگەڵ ڕێکخستنی کاروبارو مولکییەت و نەقڵکردنی موڵک لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر یا وازلێ هێنانی موڵک ئامادە بکرێ. ئەو جۆرە فەرمان و ڕاگەیاندنانەي کە پەیوەندیی بە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستانی خوارووەوە هەبێ پێویستە مەندووبی سامی و سەرەک وەزیرانی مەلیکی عیراق ئاگادار بکرێن.

ماده ـ٦ـ پێویستە (تەعریفەی گومرگی) لە یەک چوو لە کوردستان و عیراقدا هەبێت و لەو ڕووەوە ڕێکەوتنێک ئامادە بکرێ کە بەپێی ئەوە حوکوومەت بەشێکی موناسب لەو ترانزێتەی کە بە کوردستاندا تێدەپەڕێ بدرێ بە کوردستان.

*ماده ـ٧ـ دەزگاکانی دادگای عیراق دەسەلاتیان نابێ لە کاروباری ناوچەکانی خوارووی کوردستانداو تەنها لە کاتێکدا ئەگەر باسێک یا رووداوێک بێتە کایەوە کە پەیوەندیی بە بێگانەوە هەبێ و پێویستە بۆ ئەوەش تەعلیماتێک دەربچێت کە چۆن مەحاکیمی ئیستیئنافیی عیراقی مافی ئەوەی هەبێت ئەو جۆرە باسانە تەماشا بکا.*

*ماده ـ٨ـ هەتا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێنەران لە کوردستانی خوارووداهەڵدەبژێررێت و (والی) دائەنرێ، ئەرک و پێویستیی سەرشانی ئەنجومەنی ناو کوردستان و دەسەلاتی لە رووی داراییەوە لە لایەن مەندووبی سامییەوە دەسنیشان ئەکرێ».*

بەو جۆرە بۆمان دەرکەوت ئەوەی پەیمانی سیڤەرو ئەوانەش کە دوای ئەوە کرا هەمووی بریتی بووە لە نەخشەیەکی ووردو درێژخایەنی بریتانیا دەربارەی کوردو کوردستان و هەرچی بەیانات و گفت و گۆ و بەڵێن و درووستکردنی ئەنجومەنی ناوخۆی ناوچەکانی کوردستان هەبووە هەمووی بۆ دەس برین و چاوبەست بووەو بۆ دەستەمۆکردنی کورد بووەو هەنگاو بە هەنگاو کورد ناچار کراوە لە ژێر فشارو هەڕەشەو بە هۆی فڕۆکەو سوپای بریتانیاوە کوردستان بلکێنرێت بە عیراقەوە کە ئەو راستییانە مان لە باسەکانی داهاتوودا زۆرتر بۆ روون ئەبێتەوە.

# (٥)

# کردنی فەیسەڵ بە مەلیک و هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد

یەکێک لەو پێشنیازانەی کە لە کۆنگرەی قاهیرەدا خرابووە بەرچاو ئەوە بوو کە فەیسەڵ بکرێ بە مەلیکی عیراق.

بەرلەوەی کە فەیسەڵ بکرێ بە مەلیکی عیراق کاربەدەستانی بریتانیاو شارەزایانی هەڵوێستی میسۆپۆتامیا دەستیان کردبوو بە چوونە بنج و بناوانی ئەو ئەنجامانەی کە لە دانانی فەیسەڵ بۆ مەلیکی عیراق پەیدا ئەبێ .

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-12 راپۆرتی نهێنی 2818 ،،رۆژی ١٩٢١/٢/١٧دا ئەڵێ:

« ئەگەر هات و فەیسەڵ بکرێ بە مەلیکی عیراق ئەم چەند شتە دێنە پێشەوە:

## یەکەم ـ گێرەو کێشەی دانانی فەیسەڵ:

١ـ بێگومان فەرنسە دژی بوونی فەیسەڵ ئەوەستێ (فەرنسییەکان فەیسەڵیان لە سووریا دەرکردبوو وە بە هەموو جۆرێک خەریکی راونانی بوون)و داوای گرتنی فەیسەڵ ئەکا کە پێویستە بدرێتە دەستی و دژی بوونی فەیسەڵە لە عیراقدا کە بەو پێیە بوونی لە عیراقدا ئەبێتە هۆی ناکۆکی نێوان بریتانیاو فەرنسە.

٢ـ بوونی ناڕێکی و ناکۆکی لە نێوانی بنەماڵەی ابن سعود و هاشمییەکان ئەبێتە هۆی ئەوەی سعوودییەکان دژی فەیسەڵ بوەستن.

## دووهەم چاکەی دانانی فەیسەڵ:

١ـ بەهێزکردنی سومعەی بریتانیا.

٢ـ قوبوولکردنی فەیسەڵ لە رووی ئاینییەوە چ لەلایەن شیعەو چ لەلایەن سوننییەوە.

٣ـ سازکردنی جۆرە ئیدارەیەک لەژێر سایەی فەیسەڵدا بەو جۆرەی حوکوومەتی

بریتانیا ئارەزووی دەکا.
٤. دوژمنایەتیی فەیسەل بۆ بۆلشەویک:. بێگومان فەیسەل دژی بۆلشەویکە، ئەو وولاتانەی کە سنووریان لەگەڵ میسۆپۆتامیادایە بۆلشەویکەکان کاریان تێ دەکا، بەلام ئەگەر فەیسەل بکرێ بە مەلیکی عیراق و توانرا حوکوومەتێکی سەرکەوتوو و چەسپێنراوی بۆ دامەزرێنرێت ئەوا ئەو حوکوومەتەی عیراق دەبێتە نموونەی حوکوومەتێکی (محمدی ئیسلامی) بۆ دراوسێکانی و ئەبێ بە قەلایەک دژی بۆلشەویک.
٥. دانانی فەیسەل دەبێتە هۆی بەهێزکردنی حسێن شەریفی مەککە کە ئەمە کارێکی زۆر گرنگی دەبێ لە کاتی (حەج)داو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ناوی بریتانیا لەناو ئیسلامەکاندا کە ئەمە تەقەلایەکی گرنگەو کاریگەرە بۆ پووچەڵکردنەوەی تەقەلاکانی مصطفی کمال ئەتاتورک.
٦. دانانی فەیسەل ئەنجامێکی زۆر باشی دەبێ بۆ پەرپاکردنی ئاسایش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا».
دەربارەی دانان و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی فەیسەل بۆ مەلیکی عیراق زۆر نووسەر لێی دوواوە. هادی طعمە لە کتێبەکەیدا دەربارەی پالاوتن و هەڵبژاردنی فەیسەل دەڵێ (٣٠):
*«فەیسەل تیلیگرافێکی نارد بۆ نوری سعیدو عبدالرحمن النقیب (سەرۆکی حوکوومەتی عیراقیی کاتی) و طالب النقیب (وەزیری ناوخۆی عیراق)و ئاگاداری کردن کە خۆی پالاوتووە بۆ ئەوەی ببێت بە مەلیکی عیراق.*
*نوری سعیدو تاقمەکەی تیلیگرافیان لێدا بۆ فەیسەل کە روو بکاتە بغدادو لە ١٩٢١/٦/٨دا داوا لە فەیسەل کرا کە خۆی یا نوێنەرێکی بچێتە بغدادو سێر پرسی کۆکس و چرچڵ هەریەکەیان بە جیا بەیانێکیان دەرکرد لە بغدادو لە لندن کە فەیسەل بکرێ بە مەلیکی عیراق.*
*چرچڵ لەو ڕووەوە لە پەرلەمانی بریتانیادا ووتی: بە دانانی فەیسەل ئینگلیزەکان ئەگەن بە مەبەستی خۆیان، سێر پرسی کۆکس لە بغداد ووتی: فەیسەل لە بنەماڵەی*

*هاشمییه، بۆیه ئەو بنەماڵەیەی کە ئاڵای عەرەبیان هەڵکردووەو لە ریزی خولەفادان نابێ لەبیر بچنەوە».*

سەیرە ئەگەر لە دۆکیومەنتەکانی بریتانیادا چواریەکی ئەوە بەسەر قەدو باڵای شێخ مەحموودda بوترایە کە بە دانانی شێخ مەحموود بە حوکمدار ئینگلیزەکان دەگەن بە مەبەستی خۆیان سەدانی وەکو عزیز الحاج و نووسەرە رەگەزپەرستەکانی عەرەب ئەوەندەی تریان پێوە دەناو شێخ مەحموودیان دەکرد بە نۆکەری ئینگلیز بەڵام وا دیارە وەکو عەرەبەکان خۆیان دەڵێن (بلبل حرام و لگلگ حلال). عبد الرزاق الحسني لە کتێبەکەیدا (٦٤) دەربارەی ئەوانەی لەو رۆژانەدا ناویان هاتبوو کە بکرێن بە مەلیک بۆ عیراق دەڵێ:

١. لە بغداد ئەوانەی سەر بە تورکەکان بوون (امیر برهان الدین)ی کوڕی سوڵتان عبد الحمیدیان پاڵاوت (بێگومان دژی کەمالییەکان بووە بۆیە ناوی هاتۆتە ناو کایەوە).

٢. طالب النقیب ـ وەزیری ناوخۆی حوکوومەتی کاتیی عیراق.

٣. شیخ خزعل ئەمیری موحەمەرە (عەلی وەردی لە کتێبەکانیا باسی ناوهێنانی شێخ خەزعەلی کردووە کە پیاوی ئینگلیز بووەو پارەیەکی زۆریشی خەرج کردووە لە پڕۆپاگاندەکردندا بۆ ئەوەی بکرێت بە مەلیکی عیراق).

٤. غولام رضا خانی ئەمیری پشتکوە، ئەویش بەتەمای ئەوە بووە بکرێ بە مەلیکی عیراق.

٥. هەندێ لە ئینگلیزەکان دەیان ویست ابن سعود بکرێ بە مەلیکی عیراق.

٦. ناوی (ئاغاخان)ی سەرۆکی ئیسماعیلییەکانیش هاتبووە ناوەوە.

موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عیراقی ئەو رۆژانە مستر (فلبی) پێشنیازی کردبوو کە عیراق ببێت بە جومهووریەت و سەرکۆمارێکی بۆ دابنرێ».

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەربارەی پاڵاوتنی فەیسەل و هەڵبژاردنی دەڵێ (٤٣):

*«سێر پرسی کۆکس لە ناوەڕاستی ئەپریلی ١٩٢١دا تەماشای کرد دانانی یەکێک بۆ مەلیکی عیراق کێشەیەکی سیاسیی گەورەی لێ پەیدا بووەو خەڵک هەمووی بەو*

*باسەوە خەریکن. طالب النقیب بە یارمەتیی تاقمەکەی دەیویست بکرێت بە مەلیکی عـیراق و تاقـمی مـوعـارەزە گـێرپان گـۆرِی و بوون بە لایەنگری ئەوەی یەکـێک لە بنەماڵەی شەریفی بکرێ بە مـەلیک. طالب النقیب پیر بووبوو وە بەساڵاچوو بوو بۆیە دەستی نەدەدا بۆ ئەو کارە. برهان الدین لە کەرکـووک و بغداد ناوی هەبوو بەڵام بەلای ئینگلیزەوە شتێکی زۆر گران بوو کە هی وەکو ئەو بکرێ بە مەلیکی عیراق.*

*ئەوانەی تر وەکـو ئاغـاخـان و والیی پشـتکوە و شـێـخی شـمـرو عـبـد العـزیز (آل سعود) نەدەچوونە دڵەوە بۆیە فەیسەل لە هەموویان باشتر بوو.*

*ناوهێنانی فـەیسـەل و پاڵاوتنی بۆ مـەلیکیـیەتی عـیـراق یەکـەم جار لەلایەن (ویلسن)ی حـاکمی گشـتی بریتـانیـاوە لە ساڵی ۱۹۲۰دا ناوی هات. فـەیسەل لە سەرەتادا ئەو داخوازییەی قـوبووڵ نەکـرد چونکە ئەمیر عبداللەی برای لە خۆی بە پێشـتـر دەزانی بەڵام فـەیسـەل لە (جـدە) وە لەگـەڵ (کـورنوالیس)دا لە ۱۲/حوزەیرانی/۱۹۲۱دا تیلیگرافێکی نارد بۆ طالب النقیب و رووی کردە بغداد وە لە ۱۹۲۱/۸/۲۳دا ئاهەنگی بوونی بە مەلیکی عیراق لە بغداد گێرِرا.»*

ئینگلیزەکان بۆ چاوبەست و رووکەش فشە دەنگدانێکی درۆزنانەیان بۆ هەڵبژاردنی فەیسەل سازکرد بەڵام لەو دەنگدانەدا خۆیان چۆنیان ویست بەو جۆرە سەری گرت. لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371 - 6353 ی ساڵی ۱۹۲۱ لە راپۆرتێکدا دەربارەی دەنگدان بۆ فەیسەل دەڵێ:

*«ئەوانەی لە کوردستاندا دەنگیان بۆ فـەیسەل دا کە ببێت بە مەلیکی عیراق، لە کـــەرکـــووک (۲٦۱)دەنـگ لایـەنـگـری بـوون و (۲۷۸٦) دەنـگ دژی بـوو. لە دەوروبەری کەرکـووک (۷۲۰) دەنگ دژی بـوو (نەی ووتوە چەند کـەس لایـەنگری بووە) وە لـە ئاڵتـوون کـۆپری (۱۵۰۰) کـەس دژی بـوو، لە ناوچەی طاوق (۱۰) هەزار کەس دژی بوو، لە ناوچەی مەملەحە نزیکی (۱۵) هەزار کەس دژی بوو، لە شوان (۱٦۲۳) کەس دەنگیان دا بەڵام هیچیان دەنگیان بۆ فەیسەل نەدا».*

لەو راپۆرتە تایبەتییەکەی حوکوومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم دەربارەی

فەیسەل دەڵێ (٥٤):

*«کە ساتیک ریفراندەم کرا دەربارەی ئەوەی عەرەبێک بکرێ بە مەلیکی عیراق، کوردەکان لەوەدا دوودڵ بوون. لە سلێمانی بەشداریی دەنگدانیان نەکرد، کوردەکانی کەرکووک داوای پێکهاتنی حوکوومەتێکی کوردییان کرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان لە سلێمانی دوور ئەخستەوە. کوردەکانی ناوچەکانی مووسڵ و هەولێر (جگە لە رەواندز) کە تورکی تیادایە، ئەوانی تر دەنگیان بۆ فەیسەل دا بەڵام هەندێ سەرنج و داخوازییان هەبوو کە پەیوەندیی هەبوو بەو مافەی کە لە مادده (٦٤)ی پەیمانی سیڤەردا بۆ کورد دەسنیشان کرابوو کە بەپێی ئەوە دەبوایە حوکوومەتێکی لامەرکەزی Decentralization بۆ کورد بخرایەتە بەرچاو».*

لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارە C.O. 730 - 16 رۆژی ١٩٢١/١١/٢٦ راپۆرتێکی تیادایە کە باسی یادداشتێکی مێجەر (یونگ) دەکا دەربارەی کورد دەڵێ:

*«لەگەڵ Nodler و Jardine لە مووسڵ و Lyton لە هەولێرو لەگەڵ (مارشاڵ) لە کەرکووک و (گۆڵد سمیث)یش کە هاتبووە کەرکووک لەگەڵ ئەو پێنج کەسەدا کە هەموویان شارەزای باری کوردستانن گفت و گۆ کرا.*

*بۆچوونی من لەو گفت و گۆیەدا ئەوە بوو کە هیچ کوردێک لە ناوچە کوردییەکاندا بەوە رازی نییە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی فەیسەل و عیراقەوە ئەگەرچی رەنگە بتوانرێ جگە لە سلێمانی ئەوانی تر بهێنرێنە ژێربار ئەگەر دڵنیا بکرێن لەوەی بریتانیا سەرپەرشتی فەیسەل دەکاو بەپێی راوێژی بریتانیا دەروا بەرێوە.*

*هەتا بەرەو ژوورتر برۆی لەناو کوردەکاندا ئارەزووی رازی بوون لە فەیسەل بەهێزتر دەبێ. سلێمانی زۆر کەللەرەق و درن، کەرکووک بە ئاشکرا سەربە تورکیایە، بەڵام رەنگە عیراقێتی قوبووڵ بکەن ئەگەر بۆیان دەربکەوێ لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی بریتانیادا دەبن. ناوچەی هەولێر کە کوردێکی تەواوە جگە لە چەند شوێنێکی زۆر کەم نەبێت کە دەکەوێتە لای چەپی رووباری دیجلە، ئەوانیش بە فەیسەل رازین بە مەرجێک دڵنیابن لەوەی کە عیراق لەژێر حوکمی بریتانیادا دەبێ.*

*کوردەکانی ناوچەی زاخۆ و دهۆک و عەقرە هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی مووسڵدا*

بوون. ئەو کوردانە دەیانەوێ هەر بەو جۆرە بمێننەوە هەرچەند زۆر نابەدڵن لەوەی کە بچنە ژێر سایەی فەیسەڵەوە مەگەر تەنها بەوە دڵنیا بکرێن کە فەیسەڵ لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا دەمێنێتەوە.

ئاسوورییەکان کە هێنراونەتە نزیکی عەمادییە پرسیاری ئەوەیان لێ کرا کە ئایا دەیانەوێ لەژێر دەسەڵاتی فەیسەڵدا بن یا نایانەوێ؟ لە وەرامدا وا دیارە پێویستە ئەوانیش دڵنیا بکرێن کە لە ژێر چاودێریی بریتانیادا دەبن.

راپۆرتەکە لە سەری دەڕواو دەڵێ:

بۆ ئەوەی باسەکەمان باشتر بۆ روون بێتەوە وا باشە بگەرێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە مەندووبی سامی لە کۆنفرانسی قاهیرە گەڕایەوەو لەوێ داوای کردبوو بە ئاشکرا باسی کورد دەسنیشان بکرێ. ئەوە بوو کۆنفرانسێک لە کەرکووک کراو لە ئەنجامی ئەوەدا (بەیان)ێک دەرچوو کـــە ئەو بەیانەم لە لندن پێگەیشت دەربارەی ناوچە کوردییەکان (لە پێشوودا لەو بەیانە دووایین)، بەڵام بەداخەوە وەکو لە تیلیگرافێکدا پێمان راگەیەنرا ئەو بەیانە پشت گوێ خرا.

لەو راپۆرتەی ناو ئەو دۆکیومەنتەدا کە یونگ ئامادەی کردووە دەڵێ:

چەند تیلیگرافێکی کوردەکانیش گەیشت کە کورتەی ئەو تیلیگرافانە دەڵێ:

«دەربارەی ناوچە کوردییەکان بێجگە لە سلێمانی، ئەوانی تر وەکو کەرکووک، (مارشاڵ) کە تازە گەیشتۆتە کەرکووک بۆی دەرکەوتووە بارو هەڵوێست باش بووەو ئیتر پێویست بەوە ناکا دووبارە دەنگی دانیشتوان وەرگیرێتەوە، هەولێر کە بە بەشێک لە کەرکووک دەژمێررێ بەو پێیەی کەرکووک ئیتر لە هەولێریش پێویست ناکا دەنگ وەرگیرێتەوە، ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵ دەنگیان دابوو کە دەیانەوێ لەگەڵ عیراق و فەیسەڵدا بن.

دەربارەی هاتنی فەیسەڵ هەموو موستەشارەکانمان ئاگادار کراون کە پێویستە هەموو تەقەلاکانیان بۆ ئەوە بێ پشتگیری و لایەنگریی فەیسەڵ بکرێ.

ئەو سێ موستەشارانەمان کە لە ناوچە کوردییەکاندان دەڵێن پێویست ناکا دووبارە ریفراندەم بکرێ بۆ دەنگدان چونکە خەڵکەکە ئەو ریفراندەمەیان ناوێ و ئەگەر هەر

بڕیاریش درا بکرێ پێویستە حیساب بۆ ئەو مەبەستانە بکرێ کە لە داوارۆژدا پێویستە بخرێنە بەرچاو.

سلێمانی بە هیچ جۆرێک بەشداریی ریفڕاندەم ناکا، کەرکووک و هەولێر بە بەشێک دەژمێررێن لە عیراق هەرچەند لە کەرکووک موستەشارەکانمان هەوڵێکی زۆریان دا بەڵام قایل نەبوون بە فەیسەڵ و لە هەولێر بە هۆی تەقەلای موستەشارەکانمانەوە بە فەیسەڵ رازی بوون و کوردەکانی ئەو ناوچەیەیان وا لێ کردووە مەزبەتە بۆ ئەوە مۆر بکەن. فەیسەڵ زۆر باش لە ئەنجامی ریفڕاندەمی تازە گەیشتووە کە سوور دەزانێ کوردەکان نایانەوێ بچنە ژێر سایەی ئەوەوە، مەگەر بە هۆی ئەفسەرە سیاسییەکانمانەوە بتوانرێت شتێک بکرێت لەو رووەوە.

یونگ لەو راپۆرتەیدا پرسیار دەکاو دەڵێ:

ئایا ئەگەر فەیسەڵ بچێتە ئەو شوێنانەی کە موستەشارەکانی ئێمەی لێیە، ئایا هیچ کەس لە کوردەکان بەپیر فەیسەڵەوە دەچن؟ وە ئەگەر کاربەدەستان و ئەفسەرە سیاسییەکانمان لەو ناوچانەدا زۆریان لە کوردەکان کرد کە بچن بەپیر فەیسەڵەوە، ئایا ئەو کوردانە بە دڵ پێشوازی لە فەیسەڵ دەکەن؟

لە شوێنێکی وەکو سلێمانیدا کاتێک دەتوانرێ ئەو پێشوازییە لە فەیسەڵ بکرێ مەگەر پێیان بووترێ: فەیسەڵ دۆستی ئینگلیزەو مەلیکی عیراقە نەک مەلیکی کوردەکان. ناوشاری کەرکووک سەر بە تورکن و موستەشارەکانمان زۆر بە گرانی دەتوانن کاریان تێ بکەن و وایان لێ بکەن بە فەیسەڵ رازی بن بەڵکو هەر سەر بە تورکیا دەمێننەوە.

لە هەولێر موستەشارەکانمان دەتوانن کارێکی وا بکەن کە دانیشتوان بە ئارەزووی ئەوان بڕۆن بەرێوە بەڵام ئەوە هیچ کەڵک و سوودێکی نییە.

زاخۆو دهۆک و عەقرە ئامادەی ئەوەن بەشداری دەنگدان بکەن و دەتوانرێ ئاسوورییەکانیش بەوە رازی بکرێن بە مەرجێک دڵنیا بکرێن کە فەیسەڵ توانای ئەوەی هەیە لە تورک بیانپارێزی، یاخود بە شێوەیەکی ئاشکراترو روونتر بڵێین: ئەگەر حوکوومەتی بریتانیا ئامادەبێ خۆی بە دەسەڵاتدارێکی تەواو بزانێت

*(نەک وەکو دەوڵەتێکی مونتدب)، لەو کاتەدا پێویستە لەسەر بریتانیا کە پاراستنی خاکی عیراق بە ئەرکێکی سیاسیی سەرشانی خۆی دابنێت، بەڵام ئەگەر تەنها لە سنوورێکی تەسکدا بە لێپرسراو بناسرێت و فەیسەڵ پێی لەسەر ئەوە دابگرێ کە بە ئارەزووی خۆی هەر ناوچەیەکی کوردی کە بیەوێ بخرێتە ژێر دەسەڵاتییەوە ئەوا ئەو داخوازییەی شتێکی ئێجگار گرانە ئەگەر (موستەحیل)یش نەبێت.*

*کەرکووک بۆ هەموو لایەک ناوچەیەکی ستراتیژیی بایەخدارو گرنگە بۆ رێبازی هات و چۆی سوپایی لە نێوانی بغدادو مووسڵدا، لەبەر ئەوە نرخێکی تایبەتی هەیە بۆ سوپای عیراق. کەرکووک ژمارەیەکی زۆری سەر بە تورکیای تیادایەو ئەگەر باش رەفتاریان لەگەڵا نەکرێ زیانێکی زۆری دەبێ بۆ عیراق.*

اندرۆ یونگ لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ:

*ئەم راپۆرتەم کە لە مانگی نۆڤەمبەردا ئامادە کردووە، لە بغداد پیشانی پرسی کۆکسم داو هیچ سەرنجێکی دەرنەبڕی بەرامبەری بەڵام پرسیارێکی لێ کردم و ووتی:*

*«ئەوەت لە بیر بێ کە جیاوازییەک هەیە لە نێوانی ووشەی Inclusion لەگەڵ عیراقدا لەگەڵ ووشەی Subordination کە ووشەی یەکەم ئەوە دەگرێتەوە کە لەگەڵ عیراقدا بێ (یەعنی پێکەوە بن) وە ووشەی دووهەم کە ماناکەی ئەوە دەگرێتەوە (لە ژێر دەستیا بێ)، بە مانایەکی تر دەبێ پرس بکەین ئایا ناوچە کوردییەکان لەگەڵ عیراقدا بن یا لە ژێر دەستیا بن؟»*

سێر پرسی کۆکس وای لا باشە کە ووشەی (عیراق) بە جۆرێک بەکار بهێنرێ کە لە پێش شەڕەوە هەر ناوی عیراق بووەو کوردستان هەرچۆنێکی ناو ببرێ پێویستە بە بەشێک لە عیراق بژمێرێ ئەگەرچی بۆ ناچاریش بۆ ماوەیەکی کاتی لە عیراق جیا بکرێتەوە (بەڕاستی ئەم بۆچوونەی پرسی کۆکس کاکڵەو پوختەی سیاسەتی بریتانیا بووە بۆ کورد چ لە کاتی حوکمدارییەتی شێخ مەحموددا و چ لە دوای ئەویش).

دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«رۆژی دوایی مەندووبی سامی لەگەڵ جەنەراڵ (هالدین) کەوتە لێکۆڵینەوە لەبابەت*

*تیلیگرافی ژماره (٥٢٢) بەرلەوەی کە لەگەڵ فەیسەڵدا گفت و گۆ بکا. لە هەولێر هەواڵێکی زۆر ناخۆشیان بۆ گێڕامەوە کە وا ئەفسەری سیاسیمان لە (کۆیە) خۆی کێشایەوەو بڕیاری دا ئاڵای بریتانی لاببرێت کە لەڕاستیدا لابرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دوای ئەوەی ئەفسەری سیاسیمان لە رانیەوە چوو بۆ زیارەتی کۆیە، تەماشای کرد پۆلیسی کۆیە دووبارە ئاڵای بریتانیایان هەڵکردبۆوەو پۆلیسەکان سەلاملغیان بۆ دەرکردو کەسیش لە دانیشتوان بەرهەڵستیی ئەوەیان نەکرد، کە ئەمە ئەوە دەردەخا کە کوردەکان وا پیشان دەدەن هێشتا هەر لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی بریتانیادان».*

یونگ لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ:

*« نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە زۆر جێگای مەترسییە ئەگەر کوردەکان شادمان و دڵخۆش بکەین لەسەر حیسابی عیراق و چەند شتێکی ستەم و ناخۆشیشە کە کاربەدەستانی عیراق لەسەر حیسابی کوردەکان دڵخۆش بکەین ».*

ئیمزا / مێجەر یونگ H.W.X.

لە مولحەقیB ی ئەو راپۆرتەدا یونگ دەڵێ:

*«لەو گەشتەی کە بە ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵ و کەرکووک و هەولێرو سلێمانیدا کردم، هەڵوێستم بەتەواوی بۆ روون بووەوە هەرچەندە لە گفت و گۆیەکەما لەگەڵ فەیسەڵ دەستی برد بۆ ریشی و ووتی: بەخوا من پیاو نیم ئەگەر نەتوانم خەڵکی سلێمانی وا لێ بکەم دژی تورکەکان بوەستن».*

*لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارە C.O. 730 - 18 رۆژی ٢٦/ئۆکتۆبەری ١٩٢١ راپۆرتێکی تری (یونگ)ی تیادایە بە ناوی (فەیسەڵ و کوردستان) دەڵێ:*

*«وا کۆپییەک لە سەرنجی خۆم بە ژمارە C دەنێرم دەربارەی کوردستان کە خۆم ئامادەم کردووەو لەلایەن مەندووبی سامییەوە پەسەند کراوە کە بریتییە لەو باسە سەرەکییانەی لە ٢٤/ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا لەگەڵ فەیسەڵدا باس کرابوو. جارێ نامەوێ زۆر بە قووڵی بچمە ناو باسی کوردستانەوە لەوە زیاتر کە بڵێم: شتێکی زۆر ترسناکە کە لەبەر خاتری عەرەبەکان عەشایرە کوردەکان پشت گوێ بخرێن، لەبەر*

ئەوە وا بە باش دەزانم ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی کاتی لە حوکوومەتی عەرەبی جیا بکرێنەوە. بە رێکەوت مێجەر نویل چەند رۆژێک لەمەوبەر لێرە بوو، زۆر بەگەرمییەوە لایەنگری بۆچوونەکانی من بوو، بەڵام لە ئەنجامی گفت وگۆکردن لەگەڵ فەیسەل و لە دوای ئەویش سێر پرسی کۆکس بۆی دەرخستم کە بەسەرهات و رووداوەکان زۆر لەوە گورجترو تیژتر دەڕۆن لەوەی کە بتوانین داخوازییەکانی عەرەب دەربارەی ناوچە کوردییەکان پشت گوێ بخەین لەوەی کە من و لۆرەنس لە کۆنگرەی قاهیرەدا بیرمان لێ کردبووەوە.

ئەگەر ئێمە لەلایەن مەندووبی سامییەوە دڵنیا بکرێین کە بتوانێ مەسئوولیەتی عەسکەری بگرێتە ئەستۆی خۆی کە پێویستە دەربارەی ئەو تیلیگرافانەی کە ئێمە نێرراون گفت و گۆ بکرێ و لەگەڵ ئەوەشدا لام وایە دەتوانرێ فەیسەل مل بۆ ئەوە بدا کە هەندێ لە ناوچە کوردییەکان بخرێنە سەر عیراق و هەندێکیش بە شێوەیەکی جیاواز بمێنێتەوە» .

## مولحەقی ـ١ـ دەربارەی کوردستان

١ـ ئێمە بەڵێنمان دابوو کە لایەنگری نەتەوایەتیی عەرەب بین و هانی بدەین بەڵام نەک هی ئیمپریالیزمی عەرەب (وەکو عەرەبەکان دەڵێن: الويل لمن كفره النمرود)و پێویستە ئەوانەش کە عەرەب نین حیسابیان بۆ بکرێ هەرچەند ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بیر لەوە بکرێتەوە کەمەنەتەوەکان سەربەخۆ بن (بێگومان لایەنگریی نەتەوایەتیی عەرەب لەلایەن ئینگلیزەوە شتێکی ئاشکرا بووە کە هەستێکی نەتەوایەتیی شۆڤێنیی پەیدا ببێت بۆ مەبەستی بەربەرەکانی کردنی تورکیزمەکان و بۆ رێگاگرتن لە بڵاوبوونەوەی بیرو رای مارکسی کە زۆر لە دۆکیومەنتەکان مەترسیی بڵاوبوونەوەیان باس کردووەو بە ئاشکرا دانیان بەوەدا ناوە کە فەیسەلیان بۆیە کردبوو بە مەلیک چونکە دژی بۆلشەویک بووە).

٢ـ ئاڵۆزییەکی تەواو هەیە لە نێوانی ئەو دوو لایەی کە بە هێڵێک عەرەب لە غەیری عەرەب جیا دەکاتەوە (باکووری رۆژئاواو باشووری رۆژهەڵات، بەتایبەتی ئەو هێڵەی

که دەکەوێتە شوێنە بەرزاییەکان لە "مشووورداغ"ەوە هەتا "قەلاّ نەفت".)

٣. ئەو ناوچانەی لەو هێڵەوە دەست پێ دەکا هەتاکو سنووری تورکیا هەموویان کوردن جگە لە کەمایەتییەکی تورکمان و هیچ عەرەبی تیادا نییە کە بەو ناوچانە دەڵێن کوردستان.

٤. دۆستایەتیی کورد بۆ عەرەب شتێکی زۆر پێویستە بۆ عەرەب کە کوردستان دەتوانرێ ببێت بە قەلاّیەک لە نێوانی تورک و عیراقدا.

بوونی کوردستانێکی نادۆست هەر خۆی لە خۆیا هەڕەشەیەکی گەورە پێک دەهێنێت و بوونی کوردستان دەبێتە بەرهەڵستییەکی بەهێز دژی تورک و بۆلشەویک.

٥. بۆ کوردستانیش بوونی عیراقێکی دۆست شتێکی پێویستە چونکە بەسرە تاقە بەندەرێکە کە رێگەی بازرگانی بگەیەنێتە دەریا، بغدادو مووسڵ لە بازارە سەرەکییەکانن.

٦. ئەگەر هۆی دەرەوە (عواملی خارجی) نەبێت پەرژەوەندیی هەردوو لا لەوەدایە کە عیراق و کوردستان پێکەوە بە دۆستانەبژین و هەردوو لایان بەرامبەر بە یەک پاک و دڵسۆز بن و بەنەرم و نیانی لەگەڵ یەکتردا بجووڵێنەوە کە هەردووکیان دەتوانن لەو رێگەیەوە بە خۆشی و بە ئاسایش و بە تێرو تەسەلی لەگەڵ یەکتردا بن.

لە کاتێکدا بیرکردنەوە لەوەی کە بەزۆرەملی دەس بەسەر ناوچە بەرزەکانی کوردستاندا بگیرێت شتێکە زۆر دەکەوێ لەسەر عیراق و سەرکوتکردنی کورد لەلایەن عەرەبەوە بە ئاسانی سەر ناگرێ و جێ بەجێ ناکرێ.

کەرکووک شارێکی ستراتیژیی ناوجەرگەی کوردستانە Kirkuk The Strategic Hub of Kurdistan شوێنێکی کراوەیەو هەروا بە ئاسانی لەلایەن عەرەبەوە هێرشی نابرێتە سەر.

٧. بۆمان دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی دۆستانەو هاوکاری کردنی هەردوو وولاّتەکە The Both Countries شتێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵی سەرگرتنی ئەو دۆستایەتییە دەدەین.

ئێمە بەڵێنمان داوە بە جیهان کە مەسئوولییەت بگرینە ئەستۆی خۆمان و

ڕێبەرایەتیی میسۆپۆتامیا بکەین و حوکوومەتێک بۆ میسۆپۆتامیا درووست بکەین، لەبەر ئەوە چ عێراق و چ کوردستان هەتا دەگەنە قۆناغی بەجێ هێنانی ئەو مەبستە، پێویستە لەسەرمان چاودێری بکەین بە بێ ئەوەی ڕێگە بدەین سوودی لایەک کەم بکەینەوەو مافی لایەک پێ شێل بکرێ لەسەر حیسابی سوودی لاکەی تر.

٨- تاقە بەرهەڵستی و هاندەرێک کە هەبێ بە هۆی ئەو لایەیە کە دەسەڵاتی لە کوردستان و عێراقدا نەماوە (نیاز لە تورکیا بووە) کە هەوڵ دەدا کورد بکا بە ناحەزی بریتانیاو عەرەب، کە ئەو لایە (تورکیا) ژمارەیەکی زۆری کوردنشینی تیادایەو لەگەڵ سۆڤیێتی بۆلشەویکدا دۆستایەتییەکی گەرمی هەیە، ئەو جۆرە ناحەزییەی کورد زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە بریتانیاو بە عەرەب.

٩- ئەو ڕێگایەی کە تورکەکان گرتوویانەتە بەر بۆ نانەوەی ئاژاوەو پشێوی دژی بریتانیاو عەرەب لە عێراقدا، دەیانەوێ لە ڕێگای کوردستانەوە ئاگرەکەی خۆش بکەن و بۆ ئەو مەبستە تەقەلای ئەوە دەدەن پەرژەوەندیی تورک و کورد یەک بخەن کە ئەنجامی ئەوە تەنها هەر سوودی تورکی تیادایەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پڕۆپاگاندەی تورک هەر لە مووسڵەوە هەتا کەرکووک بڵاو بۆتەوە.

تورک لەلایەکەوە پیاوە ئاینییەکان هان دەداو باوەشیان بۆ دەگرێتەوەو لەلایەکی تریشەوە کوردەکانیش هان دەدا دژی بریتانیا.

هەتا ئەم هەڵوێستە بەو جۆرە بمێنێتەوەو دان بە سنووری نێوان تورکیاو عێراقدا نەنرێت تەقەلاکانی تورک و بۆلشەویک هەر لە کاردا دەبێ و سوودی لێ وەردەگرن.

. ١- دەتوانرێ بە سەرزاری بووترێ ڕەنگە ئەو تەقەلایانەی تورک بەوە پووچەڵ بکرێتەوە کە دەسەڵاتی هەردوو لا، هی عەرەب و بریتانیا لە کوردستاندا بکێشرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە ئەو مەبستەی ئێمەو ئەو بۆچوونەی ئێمە ناهێنێتە دی و پێویستە هەوڵی بەهێزکردنی دۆستایەتییەکی بەهێزی نێوان عێراق و کوردستان ساز بکرێ چونکە، بەپێچەوانەی ئەمە ڕێگا خۆش دەبێ بۆ هاتنەوەی

تورکەکان بۆ ویلایەتی مووسڵ. هێزی نەتەوایەتیی کورد هێشتا وەکو هەستی نەتەوایەتیی عەرەب خەست نەبۆتەوەو هێشتا وەکو دەڵمە وایەو نەمەییوە، لەبەر ئەوە سەرپەرشتی نەکردن و رێنمایی نەکردن و یارمەتی نەدانیان رێگەیەکی پان و بەرین بۆ تورکە فێڵبازە درندەکان خۆش دەکا کە ئامادەن هەمیشە هەستی نەتەوایەتیی کورد بۆ مەبەست و ئامانجی خۆیان بەکار بێنن.

دەبێ چاوەڕێی ئەوەبین بزانین ئەنجام لە رەواندزدا بە چی دەگاو دەتوانین ئێمە چی بکەین بەرامبەر بەو ئەنجامە (نیازی لە جم و جۆڵی تورکەکانی سەربە یوزدمیر. علی شفیق . بووە).

١١. ئەگەر بڕیارێکی تەواو لەسەر ئەوە درا کە هێزو دەسەڵاتی هەردوو لا (بریتانیاو عەرەب) بکێشرێتەوە ئەوا پێویستە هەنگاوێکی تر بنرێت کە بریتییە لە جیاکردنەوەی کوردستان لە ژێر سایەو دەسەڵاتی بریتانیادا کە بەوە دژایەتیی کورد بەرامبەر عەرەب کەم دەبێتەوە، بەڵام بەوەی کە کوردستان بە بەشێک لە عیراق بهێڵرێتەوە ئەوا دژایەتیی کورد بەرامبەر بە عەرەب بەهێز دەبێ و پەرەدەسێنێ کە پریشکی ئەو دوژمنایەتییە بریتانیاش دەگرێتەوە.

١٢. بە لای منەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە هاوکاری و بە تەقەلای هەردوو لا پێک دێ.

ئیمزا/ مێجەر یونگ

لە هەمان دۆکیومەنتی پێشوودا راپۆرتێکی ١٩/نۆڤەمبەری ١٩٢١ی تیادایە دەڵێ:

*«چۆن ئینگلیزەکان لە کاتی خۆیدا لە میسر توانییان کێشەیەکی وەکو ئەوەی ئێستای کوردستان چارە بکەن کە لە ساڵی ١٨٨٢دا روویدا (مەبەست لە کێشەی میسرو سوودان بووە)، پێویستە ئیمڕۆش هەڵوێستی ئیمڕۆی کوردستان و عیراق وەکو ئەوەی ئەوسای میسرو سوودان سەیر بکرێ. لێرەدا لە یەک چوونێکی تەواو هەیە لە نێوان هەردوو لاداو پێویستە فەیسەل وا لێ بکرێ بۆ خوارووی کوردستانیش چارەسەرێکی*

*بۆ بدۆزرێتەوە هەر وەکو ئەوەی لە ساڵی ١٨٨٩دا بۆ سوودان دۆزرایەوە».*

بە کورتی دەتوانین بڵێین: فەیسەل ئەگەرچی کابرایەکی زیرەک و رۆشنبیر بووەو دووربین و لەسەرخۆ بووەو شارەزای سیاسەت بووەو دوو جار لە پەرلەمانی تورکیادا نوێنەر بووەو گەلێک مەرجی تیادا بووە کە شایانی ئەوە بێ بکرێ بە مەلیکی عیراق و لەو جۆرو تایپە بووە کە ئینگلیزەکان بەدوایا دەگەڕان، بەلاّم شتێکی زۆر روون و ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئینگلیزەکان بەپێچەوانەی ئەو سیاسەتەی کە بەرامبەر بە شێخ مەحموود هەیان بووە، هەمیشە فەیسەلیان وەکو جگەرگۆشەیەک و دەسنێژی خۆیان حیساب کردووەو بەو جۆرە هەڵس و کەوتیان لەگەلاّ کردووەو بە هەموو تواناو دەسەلاّتی خۆیانەوە لایەنگری بوون و پاراستوویانەو هەوڵی ئەوەیان نەداوە سەرۆک عەشیرەتەکانی عەرەبی لێ هان بدەن و لێی راست بکەنەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە بە فرۆکەو بە تۆپ و بە هێزی سوپاو لیڤی ئەو عەشیرەتە عەرەبانەیان سەرکوت کردووە کە دژی فەیسەل راپەڕیون و باشترین بەڵگە بۆ ئەو راستییە لە راپۆرتێکدا دەردەکەوێ کە لەلایەن .J.E.S وە لە رۆژی ١٤/١/١٩٢١دا نێرراوە بۆ Sir J. Masterton-Smith کە دەڵێ:

*«مانەوەی فەیسەل بەندە بە مانەوەی ئێمەو دەسەلاّتی ئێمەو بە پشتگیری کردنی ئێمە بۆ حوکوومەتەکەی و کەم کردنەوەی یارمەتی بۆ فەیسەل و بە سووک تەماشاکردنی وا لە فەیسەل دەکا کە عەرشەکەی بدۆڕێنێت. لەبەر ئەوە بە کێش کردنی هێزی سوپا لە هندستانەوە شتێکی زۆر پێویستە بۆ بەرهەڵستی کردنی تورکەکان».*

لە شوێنێکی تردا ـ لەباسی کشانەوەی هێزی بریتانیا لە کوردستان و لە ئەنجامی ئەوەو ئاڵۆزبوونی هەڵوێست و ناچاربوونی هێنانەوەی شێخ مەحموودا دووبارە جارێکی تر دێینەوە سەر باسی ئەو دۆکیومەنتە.

# (٦)

# ئەنجومەنی دامەزرێنەری عیراق (مجلسی تأسیسی)و پەیوەندیی بە کوردەوە

بوونی مجلسی تأسیسیی عیراقی (رەفیق حلمی لە یادداشتەکانیا لە لاپەڕە ٤٥ لە بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا بە ئەنجومەنی دامەزرێنەر ناوی هێناوە)، لە عیراقدا یەکێک بوو لەو مەبەستانەی بریتانیا تەقەلای دامەزراندنی دا بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە توانای ئەوەی هەبێ دەسەلات بدا بە ئەنجومەنی وەزیرانی حوکومەتی عیراق کە پەیمانێک لەگەڵ بریتانیادا ببەستێت کە جێی ئینتیداب بگرێتەوەو زۆر کەس لە عیراقدا ووشەی ئینتیدابیان بە داگیرکردن لێک دابووەوە. لە کۆنگرەی قاهیرەدا باسی تەقەلای پێکهاتنی ئەو ئەنجومەنە کراو دوای ئەوە مەندووبی سامی داوای لە ئەنجومەنی وەزیرانی حوکومەتی کاتیی عیراق کرد کە موسوەدەی یاسای هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە ئامادە بکاو لێی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ و بەپێی ئەوە دەس بکرێت بە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە.

عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا (٦٤) دەربارەی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ:

*«موسوەدەی ئەو پرۆژەیەی کە پێویست بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لە ١٦/١٢/١٩٢٠دا ئامادە کرا بەڵام ئینگلیزەکان ئەو موسوەدەیەیان بە دڵ نەبوو و بڕیاریان لەسەر نەدا، لە دوای ماوەیەک عبد الرحمن نقیبی سەرەک وەزیران بە نامەی ژمارە (١٣١)ی رۆژی ١٩٢١/٧/٤ هۆی دواخستنی بڕیاردانی لە ئینگلیزەکان پرسی مەندووبی سامی لە وەرامی ئەوەدا بە نامەی (١٦٣١)ی رۆژی ١٩٢١/٧/٨ وەرامی دایەوە کە موستەشاری قانوونیی مەندووبی سامی گەلێک هەڵەو کەم و کورتیی لەو موسوەدەیەدا بینیوە، بێجگە لەوەی کە بڕیارەکانی سیڤەر دەربارەی مافی کورد لەو موسوەدەیەدا پشت گوێ خراوەو ناوی نەهێنراوە، وە داوا کرا بەو*

*موسوەدەیەدا بچنەوەو حیساب بۆ ئەوانە بکرێ».*

بێگومان جگە لەو سەرنجانەی کە عبد الرزاق الحسنی باسی کردووە کە مەندووبی سامی دەری بڕیبوو بۆ عبد الرحمن النقیب، مەندووبی سامی بەرلەوە کاربەدەستانی خۆشی لە لەندەن ئاگادار کردبوو وە پرس و رای پێ کردبوون وەکو لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 9829 - 1921 رۆژی ۱۹۲۱/۳/۸دا دەردەکەوێ کە نامەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا نێرراوە بۆ وەزیری موستەعمەرات لەو رووەوە، نامەی ناو دۆکیومەنتەکە دەڵێ:

*«نامەیەکی بەپەلە...نیشانە بە نامەمان کە لە ۱۹۲۱/۳/٤دا دەرچووە: لە فەقەرە (۲ و ۳)ی ئەو راپۆرتەی کە باس کراوە وا دەردەکەوێ موسوەددەی ئەو یاسایەی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی میسۆپۆتامیا ئامادە کراوە ناوچە کوردەییەکانیش دەگرێتەوەو سێر پرسی کۆکس بەتەمایە لەگەڵ حوکوومەتی کاتیی عیراقدا چارەسەری باسی کورد بکا بە شێوەیەک کە مادده (٦٤)ی پەیمانی سیڤەریش بخرێتە بەرچاو.*

*ئەوەی شایانی باسە کە ساتێک کۆبوونەوەی لەندەن کرا نوێنەری تورک لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی کردو داوای ئەوەی کرد لەو گفت و گۆیەی لەندەندا باسی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی نەکرێ لەلایەن بریتانیاوەو ئەو باسە لەو کۆبوونەوەیەدا پشت گوێ بخرێ کە ئەوە ئەمە دەگەیەنێت ئیتر بەپێی ئەو داخوازییەی تورک لە دوارۆژدا کوردەکانی خوارووی کوردستان رێگەی ئەوەیان نەدرێتێ بچنە سەر ئەو کوردستانەی کە پەیمانی سیڤەر بڕیاری لەسەر داوە. لەبەر ئەوە هەر لە ئێستەوە داوا لە سێر پرسی کۆکس بکەن کە هەر کاتێک لەمەو دوا باسی پەیمانی سیڤەر کراو ویسترا پلانێک دابنرێ پێویستە ئێمە ئاگادار بکرێین بەرلەوەي هیچ بڕیارێک بدرێ.*

ئیمزا/ وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

رفیق حلمی لە یادداشتەکانیا دەربارەی موسوەدەی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ (۲):

*«کاتێک موسوەدەی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە لەلایەن وەزارەتی عیراقەوە ئامادە کراو*

نێررا بۆ مەندووبی سامیی بریتانی لە بغداد بۆ ئەوەی بڕیار بدا لەسەر بڵاوکردنەوەی، لە وەراما مـەندووبی سـامی بە نامـەی ژمـارە (س. ١٦٣١) ڕۆژی ١٩٢١/٧/٨ وەرامی دایەوە کە ئەو موسوەدەیە لەگەڵ مەرجەکانی سیڤەردا ناگونجێ دەربارەی مافی کورد لەو شوێنانەی کوردنشینن، هەرچەند مـەندووبی سامی پێی خۆشە ئەو یاسایە بڵاو بکرێتـەوە، بەڵام پێویستـە جڵەوی کـاروباری کوردەکان بدرێتـە دەس خۆیان و سەرپشک بن لەوەی بەشـداریی هەڵبـژاردن بکەن یا نـەیکەن بە مـەرجێک ئەنجامی ئەوەش کار نەکاتە سەر دوا بڕیاریان دەربارەی پەیوەندییان بە عیراقەوە.

لە ئەنجـــامی ئـەوەدا وەزارەتـی عـــیـــراق لـە ١١/تەممـوزی ١٩٢١دا کـــۆبـووەوەو بڕیاری دا کە:

١ـ دەسنیشانکردنی ڕێگایەکی ئاسان بۆ ماوەدان بە هەموو عـیراقییەک کە بتوانێ بە ئارەزووی خـۆی بڕیار لەسـەر دانانی فـەیسـەڵ بدا بە مـەرجێک حـوکـومـەتەکـەی دیموکراتی و پەرلەمانی بێت و بەسرابێتەوە بە یاساوە.

٢ـ ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە بەپێی پەیمانی سیڤەر بریتانیا جڵەوی ئارەزووی داوەتە دەس کوردەکـان و سـەربەسـتـیی تەواویان هەبێ لە بەشداری کـردن لـە هەڵبژاردندا بە مەرجێک ئەو دەنگدانە نەبێتە هۆی نوساندنیـان بە عـیراقـەوە هەرچەند حوکـومـەتی عیراق لەو ڕووەوە پێی خۆشە کوردەکان بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و جیا نەبنەوە».

لە لاپەڕە (٢)ی ژمـارە (٦٥)ی ٢١/تەمموزی ١٩٢١ی ڕۆژنامـەی (پێشکەوتن) کە ئۆرگانی ئینگلیزەکـان بوو لە سلێمـانیدا لە دوای ئاوارەکردنی شێخ مـەحمـود بۆ هندسـتـان هەواڵێکی تیـادا بڵاو کراوەتەوە دەربارەی یاسای هەڵبـژاردنی ئەنجـومـەني دامەزرێنەر دەڵێ:

«حضـرتی مـەندووبی سـامی ئەمـری دا بە حاکـمی سیاسیی سلێمـانی کە خـەڵکی سلێمانی ئاگادار بکرێن کە دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان بەشداریی هەڵبژاردن بکەن یا بەشداری نەکەن وە بـەشداربوونیـان لە هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە هیچ کارێک ناکـاتە سەر کاروباری دواڕۆژی حوکومەتی ئەم لیوایە».

مـحـمـد مظفـر الادهمی لـە کـتـێبـەکـەیدا دەربارەی سـەرنجدانی چرچڵ لەو ڕووەوە

دەڵێ(٣١):

«چرچڵی وەزیری موستەعمرات لە ١١/تەمموزی ١٩٢٢دا لە مەجلیسی گشتی بریتانیادا دەربارەی سیاسەتی بریتانیا لە کوردستاندا ووتویەتی:

بریتانیا نایەوێ دەست بخاتە کاروباری کوردستانەوە یا روو بەڕووی کورد ببێتەوە لە خوارووی کوردستاندا یاخود هیچ جم و جۆڵ و بزووتنەوەیەکی سوپایی بکا وە بۆ ئەو مەبەستە فەرمانی ئاشکرام داوە هیچ شتێک لەو رووەوە نەکرێ چونکە نامانەوێ بەزۆرەملی دانیشتوانی کورد ناچار بکەین بچنە ژێر دەسەلاتي فەیسەڵەوە یا زۆریان لێ بکەین بەشداریی هەڵبژاردن بکەن و بریتانیا لە داخوازییەکانی کورد دەکۆڵێتەوە دەربارەی حوکمی ناوخۆیی کە بەلای منەوە پەرژەوەندیی کورد لەگەڵ عیراقییەکانا یەک دەگرێتەوەو ئومێد زۆرە هەردوو لا یەک بگرن.

هەروەها موستەشارەکاني خۆمان ئاگادار کران کە کوردەکان تێ بگەیەنن کە وا سەربەستن لە دەنگداندا و بەشداري کردنیان رێگەي ئەوەنادا بێ بەش بکرێن لەو مافەی لە پەیمانی سیڤەردا بۆ کورد دەسنیشان کراوەو هەر هەواڵدانێک بۆ زۆر لێکردن و ناچارکردنی کورد بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەندا ئەنجامێکی باشی نابێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی زۆر گرنگە لیوای کەرکووک و نیمچە لیوای هەولێرو ناوچەکانی عەمادییەو زاخۆ و عەقرەو دهۆک بەشداری بکەن و نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە هۆی رێگرتن لە پلانەکانی تورک و، ئەبێ عیراق بە شێوەیەکی یەکگرتوو پیشان بدرێ، لەبەر ئەوە مەندووبی سامی داوای لە کاربەدەستانی خۆی کرد لە ناوچە کوردییەکانا کە ئەمانەی خوارەوە بۆ کوردەکان روون بکرێتەوە:

١- هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچەکانیانا دانانرێ.

٢- کورد ناچار ناکرێ زمانی عەرەبی وەکو زمانێکی رەسمی لە ناوچەکانیانا بەکار بێت».

چرچڵ لە دۆکیومەنتی ژمارە 22 - No. 579 - C.O. 730 ی رۆژی ١٩٢٢/٨/٢ نامەیەکی نارد بۆ سێر پرسی کۆکسی مەندووبی سامی دەربارەی هەڵبژاردن و

هەڵوێست لە کوردستاندا دەڵێ:

*«نامەکەتم دەربارەی هەڵبژاردن پێ گەیشت، ئەوا لە خوارەوە سەرنجی خۆم دەربارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە روون دەکەمەوە:*

*١- لە تیلیگرافی ژمارە (٤٢٦)ی رۆژی ٢٦/تەمووزی ١٩٢٢دا داوات کردبوو کە هەندێ شت بخرێتە بەرچاو دەربارەی کوردستان و هیوادارم ئێوەش لەگەڵ ئەوەدا بووبن.*

*٢- سیاسەتی حوکوومەتی خاوەن شکۆمان بەرامبەر بە کوردستان لەلایەن منەوە شتێکی روون و ئاشکرایە وە لە پەرلەماندا لە ١١/تەمووز/١٩٢٢دا بەم جۆرەی خوارەوە سەرنجی خۆم دەربڕیبوو: هەتا لە کوردستاندا پشێوی و نائارامی هەبێ، ئێمە نامانەوێ خۆمان تووشی گێژاوو شەڕەشەق بکەین لەو ناوچەیەدا، ئەوەی بە باشی بزانین و لە توانامانا بێ دەربارەی کوردستان بەجێی دێنین، بەڵام خۆمان ناهاوێنە ناو گێژاوێکی پڕ لە مەترسییەوە. نامانەوێ بەزۆرەملی دانیشتوانی کوردستان بخەینە ژێر دەسەڵاتی فەیسەڵەوەو خۆیان سەربەستن لەوەی لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن یا بەشداری نەکەن و ئارەزووی ئەوە دەکەین کە لە داخوازییەکانیان بکۆڵرێتەوەو وایان لێ بکەین جۆرە ئیدارەیەک ساز بکرێ بۆیان کە خۆیان بیبەن بەڕێوە هەر وەکو ئەو جۆرە ئیدارەیەی بۆ عیراق ساز کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین خوارووی کوردستان زۆر نزیکە لە عیراق و پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەهێزە بەڵام دەبێ هەوڵ بدرێ بە بێ زۆرلێکردن و فشارخستنەسەر کورد لە کۆتاییدا هەردوو لا وا لێ بکەین کە لە سەر شتێکی باش رێک بکەون.*

*٣- دەسنیشانکردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن منەوە بەم جۆرە دەسنیشان دەکرێ کە لیوای سلێمانی و کەرکووک و نیمچە لیوای هەولێرو قەزاکانی عەقرەو زاخۆ و دهۆک و عەمادییە بگرێتەوە.*

*٤- ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردندا دەخرێتە بەرچاو پێویستە لەگەڵ ئەرکەکانی سەرشانی حکومەتی خاوەن شکۆمان یەک بگرێتەوە دەربارەی پەیمانی سیڤەرو نابێ لەوە لادرێ.*

٥. بەرلەوەی دەس بکرێ بە هەڵبـژاردن پێویستـە خـواست و ئارەزووی کـوردەکـان بزانرێ و دەبێ قـائیـمـمـەقـامـەکـان (کـە هـەموویان لەو ڕۆژانەدا ئەفسـەری سیاسیی بریتـانی بوون) هـەر یەکـەیان لـە شـوێنی خـۆیدا ئەوەیان پێ بووترێ و کـە بڕیاری هەڵبژاردن درا پێویستە سلێمانی و کەرکووک وەکو لیوایەک حیسابیان بۆ بکرێ و قـەزاکانی مووسڵ و هەولێریش هەر وەکـو نیـمـچە لیـوایـەک (لواء ثانوی) سـەیر بکرێن.

٦. پێویستـە لـە دوا موسـوەدەی ئامادە کـراودا بە ئاشکرا باسی ئەوە بکرێ کـە نە حوکـوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیاو نە فەیسەڵ زۆر لە خەڵک ناکەن کە بچنە سەر عـیراق یا نەچن. ئومێد دەکـەم ئەمانە هـەمـووی ڕوون بکرێتـەوەو دەسنیشـان بکرێن بەرلەوەی لە دواییدا بە نابەدڵی و بە ئارەزووکاری لێک بدرێنەوە.

٧. ئەوەی من تێی گـەیشتـووم و لێی دەترسم ئەوەیە کە سەرنجی حوکـوومەتی عیراق لەم ڕووەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا نیـیـەو لـە نامـەکـانی پێشـووتـاندا (هی سێر پرسی کـۆکس) وا دەردەکـەوێ فـەیسـەڵ نیازی وایە تەنهـا سلێـمـانـی و کـەرکـووک دەنگ بدەنەوە (بەرلـەوە دەنگیـان نەدابـوو بۆ فـەیسـەڵ) چونکە ئەوانی تر لـە ڕیفـیـراندەمدا دەنگیان بۆ دابوو وە وەکو خۆی دەڵێ سوێندیان بۆ فەیسەڵ خواردبوو.

٨. فـەیسـەڵ دەڵێ: ئەو نوێنەرانەی دەنگیـان بۆ ئەو داوە مـانای ئەوەیە ناوچەکـانیـان ڕازین لەگەڵ عـیراقدا بن (یەعنی دەیانەوێ بەشداریی هەڵبژاردن بکەن)، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فەیسەڵ دانی بەوەدا ناوە کە هێشتا ناوچە کوردییەکـان هەموویان لەگەڵ عیراقدا نین؟

٩. حوکـوومـەتی خاوەن شکـۆمـان وا پیشنیاز دەکـا ئەو ناوچانەی کـە دەیانەوێ لە عـیـراق جـیـا بن و حـوکـوومـەتێکی ئۆتۆنۆمـیی نـاوچەییـان بۆ سـاز بکرێ لە ژێر چاودێریی حوکوومەتی بریتانیادا بە شێوەیەکی فیدراڵی و لەگەڵ حوکـوومەتی ناوچە عەرەبییـەکانا یەک بگرێت کە دەبێ ئەمـە وا لێک نەدرێتەوە کە کوردەکان لە عیراق دوور بخرێنەوە.

١٠. ناوچەکانی کوردنشین لەوانەی کە نایانەوێ بەشداریی هەڵبژاردن بکەن وا باشە

که ئەو پاشبەندەی (ملحق) کە موسوەددەکەی لەلایەن مێجەر یونگەوە ئامادە کراوە بخرێتە بەرچاو.
بەو جۆرە دەتوانرێ ئەم بۆچوونانەی خوارەوە کە بە باش دەزانرێن دەربارەی هەڵبژاردن لە ناوچە کوردییەکانا بەم جۆرەی خوارەوە بخرێنە بەرچاو:
(أ، ب) ئایا هەموو ناوچەکان یەک بگرن یا ئەوانەی مووسڵ جیا بکرێنەوە؟
(جـ، د) کەرکووک و سلێمانی پێکەوە بمێننەوە یاخود سلێمانی هەر خۆی بە جیا بمێنێتەوە.
١١- ئەگەر هەموو کوردەکان بڕیاریان دا بەشداری بکەن لە هەڵبژاردندا، پێویستە ئەوە بخرێتە بەرچاو کە نابێ هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچەکانیانا دابنرێت و نابێ زمانی عەرەبی بەزۆرەملی بەسەریانا بسەپێنرێت و پێویستە حوکمێکی ئۆتۆنۆمیی فراوان بۆ کوردەکان بخرێتە بەرچاو و حیساب بۆ تورکمان و ئاسووریش بکرێ.»
محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ (٣١):
«بەپێی ڕێکەوتنی چرچڵ و فەیسەڵ وە بەپێی ئەو ئامۆژگاری و ڕاسپاردانەی کە لە فەرمانبەران و کاربەدەستانی بریتانیاو عیراق گەیەنرابوو وا بە پێویست زانرا هەوڵ بدرێ بە هەموو جۆرێک ئەوانەی هەڵدەبژێررێن بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن لەو جۆرە کەسانە بن کە ئامادە بن پەیمانی نێوانی بریتانیاو عیراق مۆر بکەن.
بەپێی فەرمانی شاهنشاهیی عیراق لە ١٩٢٢/١٠/٢٤دا ماوە دەسنیشان کرا بۆ هەڵبژاردن و بۆ دانانی یاسای بناغەیی (القانون الاساسی) وە بۆ مۆرکردنی پەیمانی نێوان حوکومەتی بریتانیاو عیراق.
ساتێک هەڵبژاردن دەست پێ کرا ناوچە کوردییەکانی نەگرتەوە چونکە ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی عیراقدا نەبوون (ئەو ڕۆژانە بوو کە شێخ مەحموود لە هندستانەوە تازە هێنرابووەوە بۆ سلێمانی و بووبوو بە حوکمدارو تورکەکان بە سەرکردایەتیی یوزدمیر دەستیان بەسەر ناوچەی ڕەواندزدا گرتبوو بە هاوکاریی هەندێ لە سەرۆک

عەشیرەتەکان و دانیشتوانی ناوچەی رەواندز)، ئینگلیزەکان ناچار بووبوون هێزەکانیان لەو ناوچانە بکێشنەوە. بۆ هێڵی: هەولێر. ئاڵتون کۆپری ـ کەرکووک ـ کفری ـ بۆ ئەوەی هێزەکانیان لەگەڵ کوردەکانا بەرەنگاری یەکتر نەبنەوە.
بەو پێیە لەو هەڵبژاردنەی لە ۲٤/ ۱۰ /۱۹۲۲دا کرا (بێگومان ئەو هەڵبژاردنە بۆ دەسنیشان کردنی مونتەخەبی سانەوی بووە نەک بۆ ئەندامی ئەنجومەن) لە باکوورو لە رۆژهەڵاتی باکووری عیراقدا جگە لە مووسڵ ئەوانی تر بەشدارییان نەکردو بڕیاری هەڵبژاردن لەلایەن ئەو شوێنانەی ترەوە تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بوو.»
ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر دەڵێ (٤٥):
«لە ۱۷/ ۱۰ /۱۹۲۲دا نامەیەکم نارد بۆ مەندووبی سامی کە تیایدا ووتبووم: ئەو راپۆرتانەی لەم دواییەدا لە سلێمانییەوە پێمان دەگا خستوومیانە مەترسییەوە دەربارەی ئەو سیاسەتەی ئێمە بەکارمان هێنابوو (بێگومان ئەو مەترسییەی ئەدمۆندز لە پەیوەندیی شێخ مەحموودو یۆزدمیرەوە پەیدا بووبوو کە شێخ مەحموود دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتبوو ئینگلیزەکان دەستی دەبڕن و رۆژ لە دوای رۆژ دەسەڵاتی کەم دەکەنەوە ناچار بووبوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەتەی ئینگلیز پەیوەندیی بە یۆزدمیرەوە بکا وەکو لە باسەکانی داهاتوودا بە دوورو درێژ لەوە دەدوێین).
ئەو سیاسەتەی ئێمە هەندێ بۆچوونی هەڵەی وای تیادا بوو کە ئەنجامەکانی مەترسییان لێ پەیدا دەبێ.
ئەوە راست نییە کە دەوترێ ئەگەر هەڵبژاردن لە کەرکووکدا بکرێت زۆربەی خەڵک دەنگ بۆ شێخ مەحموود دەدەن، پێویستە هەوڵ بدەین و خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە هەڵبژاردن لە کەرکووکدا دژی خواستی شێخ مەحموود بێت، هەرچەند شێخ مەحموود هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر هات و هەڵبژاردن بکرێ و ئەنجامەکەی لە کەرکووکدا دژی خواستی ئەو بێ ئەوا بەربەرەکانێمان دەکا چونکە لەوە دڵنیایە کە ۷٥ ٪ی دەنگەکان بۆ ئەو دەبێت بۆیە هەر هەڵبژاردنێک کە ئەنجامەکەی دژی خواستی ئەو بێت شێخ مەحموود ئەو هەڵبژاردنە بە درۆ و هەڵبەست دەژمێرێ».

ئەوەی ئەدمۆندز بۆ مەندووبی سامیی ناردووەو ئەوەی ئەدمۆندزمان بیر دەخاتەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی (جەمعیەتی مەلەکیی ئاسیەوی لە لەندەن Asian Royal Association لە رۆژی ٢٥/ ١٩٦٦/١دا لە باسێکدا کە لەو کۆبوونەوەیەدا بلاوی کردبوو ووتبووی (٤٦):

*«هەر حوکوومەتێکی عیراقی رێز لە خۆی بگرێ و بەتەنگ بوونی خۆیەوە بێ و سوودی خۆی لەبەرچاو بێ پێویستە بە هیچ جۆرێک رێگەی ئەوە نەدا کەرکووک بە بەشێک لە کوردستان بژمێررێت»* .

ئەوەی شایانی باسە لێرەداو بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر بە دوو قۆناغ دەکرا. لە قۆناغی یەکەمدا پالێوراوی دووهەم (المنتخب الثانوي) هەڵدەبژێررا کە قۆناغی یەکەم لە ٢٤/ ١٩٢٢/١داو قۆناغی دووهەم لە ١١/تەمووزی ١٩٢٣دا دەستی پێ کردووە وەکو محمد مظفر الادهمی بە دوورو درێژی لێی دوواوە (٣١).

ئەدمۆندز لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەربارەی بەشداری کردنی کورد بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەر دەڵێ (٤٥):

*«هەڵبژاردن کە دەستی پێ کرد لە عیراقدا، لە کەرکووک ناظم نفطچی دەرچوو و جمیل بابان لە کفری، هەروەها شێخ حبیب تالەبانی و دارا بەگ و ئیسحاق ئفرایمی یەهوودی و شێخ قادری برای شێخ مەحموودو ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگی طابوورئاغاسی و عیززەت بەگی وەسمان پاشای جاف و میرزا فەرەجی حاجی شریف ئەمانە لە کەرکووک و سلێمانی دەنگیان بۆ دراو بوون بە ئەندامی ئەنجومەن. (ئینگلیزەکان لەبەر شێخ مەحموود نەیان توانی ئەو هەڵبژاردنە لە سلێمانیدا بکەن، بۆیە رێگەیان دا ئەوانەی دەیان ویست لەسەر حیسابی سلێمانی خۆیان بپاڵێون بۆ هەڵبژاردن بۆیان هەبووە بچنە کەرکووک و لەوێ خۆیان هەڵبژێرن و بوونی شێخ قادری برای شێخ مەحموود لە ناو ئەواندا بە هۆی ئەو ناکۆکییەوە بووە کە لە نێوانی شێخ مەحموودو شێخ قادری برایەوە بە هۆی حەپسەخانی نقیبی ژنی شێخ قادرەوە پەیدا بوو وەکو لە دواییدا باسی دەکەین)»* .

لۆنگریک دەربارەی ئەنجومەنی دامەزرێنەر لە کتێبەکەیدا دەڵێ (٤٣):

*«ئەو ئەنجومەنە لە ١٩٢٤/٣/٢٧دا لە پاش هەڵبژاردنی ئەندامەکانی لەلایەن فەیسەڵەوە دەستی کرد بە کاری خۆی و یەکەم شتێک کە کردی ئەوە بوو دەستی کرد بە ئامادەکردنی پەیمانێک لە نێوانی بریتانیاو عیراقدا بەڵام نوێنەرانی کورد لەو ئەنجومەنەدا لەو کۆبوونەوەیەدا لەبەر هۆی تایبەتی کشانەوەو چوونە دەرەوە (هەرچەند لۆنگریک باسی ئەو خۆکێشانەوەیەی ئەو ئەندامانەی نەکردووە، بەڵام شارەزایانی ئەو رۆژە کە یەکێک لەوانە شێخ قادری برای شێخ مەحموود بوو بارەها باسی ئەوەی کردووە کە بۆیە لەو کۆبوونەوەیە چوونە دەرەوە چونکە لە باسی پەیمانی عیراق و بریتانیادا باسی کورد پشت گوێ خرابوو )».*

محمد مظفر الادهمی کە کتێبەکەی بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە تەرخان کردووە دەڵێ (٣١):

*«قەزاکانی دهۆک و زاخۆ و عەقرەو عەمادییە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد بەڵام ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامەکەی بەو جۆرە نەبوو کە چاوەڕوانی لێ دەکراو حوکومەت ئەنجامەکەی بە دڵ نەبوو چونکە خەڵک بە ترسەوە دەنگیان بۆ پاڵێوراوی یەکەم دەدا. مس بیل و موستەشارە بریتانیاییەکان لە تشرینی دووهەمی ١٩٢٢دا چوونە زاخۆ و دهۆک، هەروەها ئەندامانی کۆمیتەی پشکنین (الهیئه التفتیشیه) بۆیان دەرکەوت ئەوانەی کە دەنگیان دابوو ژمارەیان زۆر کەم بوو، رۆژنامەی (العراق)ی ئەو رۆژانە باسی ئەو ژمارە کەمییەی کردووەو موتەسەڕڕیفی مووسڵ لە ١٩٢٣/١/١٧دا دانی بەوەدا نا کە سەرژمێری دانیشتوەکان نەتوانرا بەتەواوی بکرێ چونکە خەڵک لەوە دەترسان کە ناویان بنووسرێ و بکرێن بە سەرباز (عەسکەری ئیجباری) هەر وەکو فایەلی ژمارە B2 - 10 ی لیوای مووسڵ باسی کردووە.*

*هەرچەند موتەسەڕڕیف ئەوەی کردبوو بە بیانوو کە گوایا خەڵک لە ترسی ئەوەی نەکرێن بە سەرباز بەشداری دەنگدانیان نەکردبوو، بەڵام لەڕاستیدا هەندێ هۆی سەرەکیی تریش هەبووە کە یەکێک لەوانە باسی سەربەخۆیی کوردستان بووە کە لەو*

رۆژانەدا شێخ مەحمورد بانگی مەلیکیی خۆی بڵاو کردبووەوە کە وا مەلیکی کوردستانە، لەبەر ئەوە زۆر کەس خۆیان کێشایەوە لە دەنگدان.

بێجگە لەو دوو هۆیەی کە باس کرا، دەرچوونی فەتوای ئاینی و بانگی نیشتمانپەروەری لە زۆر شوێنی خوارووی کوردستاندا بڵاو بووەوە لەبەر ئەوە موتەسەڕڕیفی مووسڵ چارەسەری ئەو هەڵوێستەی بۆ نەکراو لە زۆر شوێندا دەنگدان وەستاو پەکی کەوت».

محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ (٣١):

«ڕاپۆرتێکی بریتانی دەڵێ (ناوی ڕاپۆرتەکەی نەهێناوە) دەرچوونی فەتوای پیاوە ئاینییەکانی خوارووی عیراق و بزووتنەوەی شێخ مەحمورد هەردووکیان یەکیان گرتبوو، دوودڵی و دەست و بردنەکردنی ئینگلیز دژی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمورد وای لە زۆری گەنجە عەرەبەکان کردبوو (وا دیارە ئەو گەنجە ڕەگەزپەرستانە بریتانیایان وەکو قۆنتەراتچییەک سەیر کردووە کە بە پێویستیان زانیوە سەری کوردیان بۆ پان بکاتەوەو شانازیش بەو کردەوەیەی ئینگلیز بکەن و لە رۆژێکی وەکو ئیمڕۆدا خۆیان هەڵکێشن و بڵێن ئێمە خۆمان حوکومەتمان دووروست کردو سەرەڕای ئەوەش بزووتنەوەکەی کورد بە ڕاسپاردەی ئینگلیز بژمێرن!!)، کە لەو هەڵوێستەی ئینگلیز بکەونە گومانەوەو وای لێک بدەنەوە کە ئەو بێدەنگییەی ئینگلیز بەرامبەر بە شێخ مەحمورد خۆڕایی نەبووەو بۆ ئەوە بووە کە ڕێ خۆش بکرێ حوکوومەتێکی کوردی لە ژێر سایەی بریتانیادا درووست بکرێ بۆ ئەوەی ئینگلیز بتوانێت لە شاخەوە خۆی بەسەر عەرەبەکانا زاڵ بکا (بەپێی بۆچوونی ئەوانە قەیناکا ئەگەر ئینگلیز وا بکا لە دەشتەوە عەرەبەکان بە پاڵپشتی ئینگلیز خۆیان بەسەر کوردا زاڵ بکەن).

بەو جۆرە باسی کوردو بزووتنەوەی شێخ مەحموودو فەتوای پیاوە ئاینییەکان و ناڕازی بوونی عەشیرەتەکان لەو نیسبەتەی کە بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان دانرابوو لەو ئەنجومەنەدا کە بریتی بوو لە ٢٠٪ی ژمارەی ئەندامان، کە ئەمە وای دەکرد ئەو لە ٢٠٪ە لە ناو ٨٠٪کەی تردا وون ببێت».

بە راستی ئەوەی محمد مظفر الادهمی لێی دواوە دەربارەی هەست و بۆچوونی گەنجە عەرەبەکان بەرامبەر بە کورد ئەوە هەستێکی رەسەنی رەگەزپەرستی بووە لە ناو ئەو رەگەزپەرستانەدا کە ئیمڕۆش هەر وەکو دوێنێ ئەو هەستە کەم نەبۆتەوەو لە هەر هەڵوێست و رووداوێکدا کە پەیوەندیی بە کوردو بە مافی کوردەوە بووبێت ئەگەر هات و هێزێکی وەکو بریتانیای باوەپیارەیان لەو هەڵوێستە بێ دەنگ بوو یاخود دژی کورد نەوەستاو بڕیاری پانکردنەوەی کوردیان نەدا لەبەر خاتری جگەرگۆشەکەی خۆیان کە عیراقە ئیتر ئەوە کفرەو تاوانەو کورد بەوە تاوانبار دەکرێ کە بزووتنەوەکەی بە راسپاردەی بێگانەیە، بەڵام ئەو هەموو رەنج و ئەرک و ماندووبوون و تێکۆشانەی کە سیاسەتمەدارانی ئینگلیز دابوویان ـ کە وەکو خۆیان بارەها ووتبوویان ئێمە هانی نەتەوایەتی عەرەبمان داوەو لایەنگری بووین ـ بۆ چەسپاندنی حوکوومەتی عیراق و لە تورک رزگاریان کردبوون ئەوانە هەمووی شتێکی رەوا بووە لای ئەو رەگەزپەرستانە).

ئەو راپۆرتەی کە حوکوومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم دەربارەی ئەنجومەنی دامەزرێنەر بەم جۆرە دوواوە (٥٤) :

*«لە ١٩٢٣/٤/١دا نیمچە لیوای هەولێر کە سەر بە کەرکووک بوو جیا کرایەوەو کرا بە لیوایەکی سەربەخۆ.*

*کە ساتێک هەڵبژاردن دەست پێ کرا ئەو ناوچە کوردییانەی دەسەڵاتی حوکوومەتی عیراقی تیادا بوو و بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد ئەوانەش کە لە سلێمانی ویستیان خۆیان بپاڵێون بۆیان رێکخراو ماوەیان بۆ رەخسێنرا کە دەتوانن لە شوێنەکانی تری نزیکی سلێمانی کە دەسەڵاتی شێخ مەحموودی تیادا نەبوو خۆیان بپاڵێون، بەو جۆرە نوێنەری سلێمانی، کە شێخ قادری برای شێخ مەحموود یەکێک بوو لەوانەی کە توانییان لە دەرەوەی سلێمانی بە ناوی سلێمانییەوە خۆیان بپاڵێون»* .

راپۆرتەکە بە ئاشکرا باسی تەقەلای ئینگلیز دەکا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود کەم بکرێتەوە بەوەی کە قەزاکانی سلێمانی لە لیوای سلێمانی جیا بکرێنەوەو بخرێنە سەر لیواکانی تری دراوسێی سلێمانی و جگە لەوە ئەنجومەنی

وەزیرانی عیراق بڕیاری دا ئەو دوو نائیبەی کە بۆ عەشیرەتەکانی ناوچەی سلێمانی دانرابوون (لەو ۲۰٪ی کە لە پێشتردا لێی دووابن) بخرێنە سەر کەرکووک و هەولێر.حوکوومەتی عیراق بۆ هاندانی کورد کە بەشداری بکا لە هەڵبژاردندا لە ۱۹۲۳/۷/۱۱دا (رۆژێک پێش هەڵبژاردن) ئەمانەی خوارەوەی بۆ کوردەکان روون کردەوە:

۱. حوکوومەتی عیراق هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب (جگە لە فەننی) لە ناوچە کوردییەکانا نانامەزرێنێت.

۲. حوکوومەت زۆر لە کورد ناکا زمانی رەسمیی عەرەبی بێ لە کاروباری ناوچەکەیانا.

۳. مافی هەموو کەمایەتی و بەشە ئاینییەکان دەپارێزرێت.

جگە لەوە حوکوومەت بلاوی کردەوە کە ئەوانەی دەنگ دەدەن و ناونووس دەکرێن ناوەکانیان هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە بکرێن بە سەرباز.

موتەسەڕڕیفەکان قائیمەقامەکانیان ئاگادار کرد کە ئەوانەی خۆیان دەپاڵێون بۆیان هەیە تەنها ناوەکانیان بدەن بە موختارو مەرج نییە خۆیان لە شوێنی دەنگداندا ئامادە بن.

لە ۱۹۲٤/۳/۲۷دا ئەنجومەن کۆبووەوە (بەلام عبد الرزاق الحسنی دەڵێ لە ۱۹۲٤/۳/۲۲دا کۆبووەوە.

تورکەکان چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی ئەنجومەنیان دەکرد هەتا بزانن پەیمانی نێوان بریتانیاو عیراق چیی بەسەر دێ و ئیتالیا بوو بە لایەنگری تورک بۆ داواکردنەوەی ویلایەتی مووسڵ.

لەو رۆژانەدا رۆژنامەی (ئەوقاتی عیراقی) لە رۆژی ۱۰/حوزەیران/۱۹۲٤دا باسێکی تیادا بلاو کرایەوە دەربارەی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ:

*«ئەگەر ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێرراوە بڕیاری نەدا پەیمانی نێوان بریتانیاو عیراق مۆر بکرێ، ئەوە مانای ئەوەیە عیراقییەکان بە عەرەب و کوردەوە لەو بەڵێنەی جەنەڕاڵ مۆد لادەدەن و ئەوسا بریتانیاش سەربەست دەبێ لەوەدا کە بە ئارەزووی خۆی بڕیار*

*بدا ویلایەتی مووسڵ بپارێزێ یا نەیپارێزێ. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ئەنجومەنە ئەو راستییە بخاتە بەرچاوی»*.

رۆژنامەی (العراق)یش لەو رۆژانەدا نووسیبووی:

«ئیمرۆ ئەو رۆژە نییە کە کەس یاری بە ئاگر بکا».

بەو پێیە لە رێی ئەو ئەنجومەنەوە پەیمانی عیراق و بریتانیا بەسراو مۆر کرا کە ئەمە قۆناغی دوای ئینتیداب بووە.

★★★★★

# هەڵوێست لە خواررووی کوردستاندا دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هندستان

دوای ئەوەی شێخ مەحموود ئاوارە کرا بۆ هندستان و ئینگلیزەکان هاتنەوە ناو شارو کاروباریان گرتەوە دەست، ئیتر رۆژ لە دوای رۆژ کردەوەو رەفتاریان بەرامبەر بە کورد نالەبارترو چەوتتر دەبوو، لە ئەنجامی ئەوەدا زۆربەی دانیشتوەکانی خواررووی کوردستان بێزاربونی خۆیان بەرامبەر بەو رەفتارو هەڵوێستەی ئینگلیزو ئەفسەرە سیاسییەکان دەردەبڕی.

ئینگلیزەکان، بەتایبەتی مێجەر سۆن و دارو دەستەکەی و کاپتن بیل بە خۆی و ئەو دەسەلاتەی کە هەیبوو لەلایەکەوە بە هەڕەشەو گوڕەشە خەڵکیان چاوترسێن دەکردو مێجەر سۆنی بە خوێنی سەری شێخ مەحموود تینوو هەرچی بۆنی ئەوەی لێ بهاتایە کە لایەنگری شێخ مەحموودو شۆڕشەکەی کورد بووەو بەشداریی تێدا کردووە یا یارمەتیی داوە سزای دەدان و لەلایەکی تریشەوە سۆن و ئەفسەرە سیاسییەکانی تری بریتانیا وایان لە خەڵک دەگەیاند کە ئینگلیز دژی کورد نییەو دەیەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکاو مێجەر سۆن بۆ چاو و ڕاو و بۆ ڕواڵەت، بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە راپۆرتەکانا کە بریتانیا بۆ عصبە الامم دەنارد بۆ ئەوەی باسی چاکەی ئینگلیزو بەجێهێنانی ئەو بەڵێن و ئەو مەرجانە بکا کە بەپێی ئینتیداب پێویست بوو لەسەر بریتانیا لە کوردستاندا بیکات، لەبەر ئەوانە هەمووی تەنها لە ناو سلێمانیدا رێگەی جم و جۆڵێکی تایبەتیی دابوو لە سنوورێکی تەسکدا کە وای دەربخا ئینگلیز بەتەنگ کوردەوەیەو خزمەتی زمانی کوردی و رۆشنبیری دەکا، بۆ ئەو مەبەستە مێجەر سۆن چاپخانەیەکی نیوداشتی لە بەسرەوە هێناو لە ژێر چاودێریی خۆیدا رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی لە سلێمانیدا دەرکرد کە لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین.

بۆ ئەوەی هەڵوێستی ناوچەکانی خوارووی کوردستان هەر یەکە لە شوێنی خۆیدا باس بکەین بە پێویستم زانی ئەم باسە بکەم بەم بەشانەی خوارەوە:

١ـ هەڵویست لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەریا.

٢ـ هەڵوێست لە ناوچەی کەرکووک و خانەقین و کفری.

٣ـ هەڵوێست لە ناوچەی رەواندزو دەوروبەریا.

٤ـ هەڵوێست لە ناوچەی قەلاَدزە (پژدەر) و رانیەو کۆیسنجەق(کۆیە)دا.

٥ـ هەڵوێست لە هەولێرو عەقرەو خۆشناو و دەوروبەری هەولێر.

٦ـ هەڵوێست لە ناوچەکانی:عەمادیەو عەقرەو زاخۆ و دهۆک.

## ١- هەڵوێست لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەریا

لە کۆتایی بەرگی یەکەمدا لەوە دوواین کە چۆن ئینگلیزەکان دوای گرتنی شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیاندا، هێزەکانیان رژانە ناو شاری سلێمانییەوەو دەستیان کرد بە تالانی و دەسگرتن بەسەر ماڵ و موڵکی زۆر کەسدا لەوانەی لایەنگری شێخ مەحموودو شۆڕشەکەی بوون.

بە گەیشتنی مێجەر سۆن دەس کرا بە موحاکەمەکردن (لە بەرگی یەکەمدا لە باسي یادداشتەکانی شێخ رەئووفی شێخ مەحموودا باسی ئەو موحاکەمەیە کراوەو ئەدمۆندزیش لە کتێبەکەیدا لێی دوواوە)و مێجەر سۆن دەستی کرد بە هەڕەشەو ترساندنی هەر کەسێک کە لای وابوو بێ لایەنگری شێخ مەحموود بووەو زۆر لە خێزانەکان بە ناچاری لە ترسی ئەو حوکمی قەرقۆشییەی مێجەر سۆن روویان کردە ئێران و هەندێکیشیان لە ناو گوندو شوێنە دوورەکاندا خۆیان شاردەوە.
ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لە باسی هەڵوێست و رەفتاری ئینگلیزەکانی ئەو رۆژەدا دەڵێ (٣):

*«مێجەر سۆن بە ناو شاری سلێمانیدا جاڕی دا کە شێخ مەحموود گیراوەو دەس بەسەرەو ئەوەی چەکی هەبێ لە ناو شاردا پێویستە لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا بیدا بە پۆلیسخانەو دوای ئەو ماوەیە چەک لای هەر کەسێک بگیرێت لە ناو شاردا بە بێ پرسینەوە بە (. . ٥) رووپییە یا بە گرتنی شەش مانگ یا بە هەردووکیان سزا دەدرێ.*

*لە ئەنجامی ئەوەدا هەرچی چەکی کۆنی هەبوو بردیە پۆلیسخانەو بە هەمووی گردێکی لێ کۆ کرایەوەو لەو رۆژانەدا بناغەی خانووی شارەوانی سلێمانی هەڵدەکەنرا، مێجەر سۆن ئەو چەکانەی هەموو خستە ناو بناغەی ئەو خانووەوە.»*

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی رەوشتی مێجەر سۆن و لووت بەرزی رەفتاریان لەگەڵ خەڵکدا باس کرد پێویست ناکا لێردا دووبارەی بکەینەوە.

چ رفیق حلمی و چ ئەحمەد تقی و چ ئەحمەد خواجا لە یادداشتەکانیانا باسی ئەوەیان کردووە کە چۆن ناو شاری سلێمانی پڕ کرا لە بێگانەی کرێ گرتەو لە سیخوڕو ئەحمەد خواجا لە یادداشتەکانیا ناوی ئەم چەند کەسەی خوارەوەی هێناوە بۆ نموونە:

١. عزیز خان: کرابوو بە سەرۆکی موهەندیس و ڕێبەر کە لە ئێرانەوە هاتبوو.

٢. علی خانی برای عزیز خان: کرابوو بە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی.

٣. سلیم خانی ئامۆزای عزیز خان: کرابوو بە مودیری حیساباتی هێزی لیڤی.

٤. عبد الرزاق خان: کرا بە موتەرجیم و سەرپەرشتیکەری دارایی.

(بێگومان کە مێجەر سۆن لە ئێران بووە زۆری لەو کەسانەی کە ئەحمەد خواجا باسی کردوون ناسیوونی و کە بوەوە بە دەسەڵاتداری تەواو لە سلێمانیدا ناردوویەتی بە شوێنیاناو کارو باری پێ سپاردوون).

لە دۆکیومەنتی ژمارە 3341 - 13 - C.O. 730 ی ساڵی ١٩١٩ کە لە ناو ئارشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا هەیە راپۆرتێکی دوورو درێژی مێجەر سۆنی تیادایە کە باسی ئەو رۆژانە دەکاو دەڵێ:

*«هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە چەک لە خەڵک بسێنرێتەوە (وا دیارە مەبەستی چەکی دەرەوەی ناو شار بووە بەپێی ئەو جاڕدانەی کە ئەحمەد خواجا باسی کردووە وەکو لێی دوواین)، چونکە عەشایرەکان هەموویان چەکدار بوون، بۆیە بە ئاسانی نەدەتوانرا ئەو چەکانەیان لێ بسێنرێتەوە، بەڵام جاڕ دراو بڵاو کرایەوە کە نابێ هیچ کەسێک بە ئاشکرا بە چەکەوە لە ناو شاردا هات و چۆ بکاو چەکدارە عەشایرەکان کە دەهاتنە ناو شار دەبوایە چەکەکانیان لەو ماڵانەی قەراغ شار دا بنێن و کەس بە چەکەوە نەیەتە ناو شار.*

*وورده وورده خەڵک دەستیان کرد بەوەی بگەڕێنەوە بۆ دێهاتە چۆڵکراوەکانی خۆیان، خەڵکی پێنجوین کە چووبوون بەودیو سنووردا بۆ ئێران زۆربەیان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.*

*سلێمانی خرایە ژێر دەستی بێن باشی رەزا بەگ و ناوچەی سلێمانی یەکسەر لەلایەن*

حاکیمی سیاسییەوە دەبرا بەڕێوە کە قەزاو ناوچەکانی سلێمانی بەم جۆرەی خوارەوەیە:

| ناحیەکانی:رانیە | هەڵەبجە | چەم چەماڵ | سلێمانی | شارباژێڕ |
|---|---|---|---|---|
| مەرکەزی رانیە | مەرکەزی هەڵەبجە | چەم چەماڵ | تانجەرۆ | مەرکەزی چوارتا |
| چناران | وارماوا | زاب | سەرچنار | ماوەت |
| مەرگە | خورماڵ | بازیان | سورداش | |
| قەڵادزە | پێنجوین | جەباری | سیروچک | |
| ناودەشت | | سەنگاو | قەرەداغ | |

لە هەر ناحیەیەکدا مودیری ناحیە وجابی ـ مودیری مال (باج وەرگر) هەیە لەگەڵ چەند سوارێک کە ژمارەیان قەت لە (١٠) سوار زۆرتر نەبوو.

مەرکەزی قەزاکان هەر یەکەیان مودیرێکی ناحیەی تیادایە لەگەڵ (قازی ـ لێپرسراوی ئاینی و شەرع)و فەرمانبەرێکی دارایی.

ئێستە هێزی لیڤی زۆر بەهێز نییەو تەنها پاراستنی ناو شاری پێ سپێرراوەو هێزی سوپایی تەنها هەر لە رێگەی بازیاندا هەیە. ئەوەی کە سەریەشەمان بۆ پەیدا دەکا لەم رۆژانەدا بریتین لە چەند خوێندەوارو رۆشنبیرێک کە ساتی خۆی لە سوپای عوسمانلی و دەزگاکانیا ئەفسەرو فەرمانبەر بوون و ئێستە بێ ئیشن. بۆ ئەوەی لە سەریەشەی ئەوانە رزگارمان ببێت هەندێکیانمان کردن بە فەرمانبەرو مودیری ناحیە کە سوودێکی زۆریان هەبوو.

لە دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، جەنەراڵ (فرایزەر) ویستی هێزی سوپایی ئێمە لە سلێمانیدا نەمێنێتەوە بەڵکو بڕیاری دا هێزێک لە (١٥٠) کەس پێک بێت کە ناوی لێ بنرێ هێزی لیڤی یا پۆلیس یا جەندرمەو رازی نەبوو بەوەی کە ئەو هێزە جلی خاکی لەبەر بکەن بەڵکو دەیویست هەر وەکو هێزێکی ناوچەیی پیشان بدرێن، بۆ ئەوە لە رەنگی شین بەرگێکی تایبەتییان بۆ کراو بە شێوەیەکی کاتی خرانە ژێر دەستی چەند ئەفسەرێکی بریتانیی تازەدەرچوو کە لەگەڵ هێزەکانمانا هاتبوون.

بەلاّم کە فرایزەر دەستی کرد بە کێشانەوەی هێزە سوپاییەکەمان پێشنیازم کرد کە هێزێک لە (٥٠) سوارەو (١٥٠) پیادە هەر وەکو هێزەکەی میسۆپۆتامیا رێک بخرێ و بەرگی تایبەتییان هەبێت بەلاّم نەک لە جۆری بەرگی لیڤیی عەرەبی بەڵکو سەرو کلاّوە کوردییەکەی خۆیان هەر بمێنێتەوە کە ئەمە شتێکی گرنگ و پێویست بوو بۆ راگرتنی هەستی کوردەکان لەو رۆژەدا.

خانووە گەورەکانی ماڵی شێخ مەحموودو شێخ قادری برای کران بە جێی سەربازەکان بەلاّم بۆ شوێنی وولاّغەکانیان لە دەرەوەی شار تەویلەو ئاخوریان بۆ درووست کرا وە لە دواییدا لەگەڵ حاکمی گشتی بریتانیا (کە ویلسن بووە) بڕیار درا کە ژمارەی پیادەو سوارەی ئەو هێزە هەردووکیان تەنها (٢٥٠) کەس بێ نەک (٤٠٠) کەس وەکو لە کاتی خۆیدا لە ١٩١٩/١١/١٠دا پێشنیازم کردبوو.

لەو رۆژانەدا ژمارەی هێزەکانمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

| | |
|---|---|
| ئەفسەری بریتانی | ٣ |
| بریتانی لە سینفەکانی تر | ٤ |
| ئەفسەرە کوردەکان | ٩ |
| کورد لە سینفەکانی تر | ٢٢١ |
| نووسەر (کاتب) | ٢ |
| فەڕاش و نۆکەر | ٥ |
| هەمووی | ٢٤٤ |

بەلاّم لە ١٩١٩/١٢/٣١دا ژمارەی ئەوانە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ هات:

| | |
|---|---|
| ئەفسەر | ١٠ |
| نائیب ئەفسەر | ١ |
| سەرباز | ٣٠٩ |
| هەمووی | ٣٢٠ |

مانگانەی سەربازەکان لەگەڵ ئەوەشدا هەر پیادەیەک مانگی (٤٥) رووپییە بوو، بەڵام بە ئاسانی دەست دەکەوتن و زۆر زوو فێری مەشق دەبوون و هەر وەکو سەربازێکی ئاسایی رەفتاریان لەگەڵا دەکرا.

بەڵام بۆمان دەرکەوت بەو هێزە کەمە نەدەتوانرا ئاسایشی ناوچەکە بەرپا بکرێ لەبەر ئەوە بیر لە پێکهێنانی هێزێکی پۆلیس کرایەوەو زۆر کەس لەوانەی جاران پۆلیس بوون هێنرانەوە کە ژمارەی پۆلیس بەم جۆرە بوو:

| | |
|---|---|
| مودیری پۆلیس | ١ |
| موعاونی مودیری پۆلیس | ١ |
| چاووش | ٤ |
| کاتب | ١ |
| نەفەر | ٤٨ |
| فەرپاش | ١ |
| هەمووی | ٥٦ |

لە ناو شاری سلێمانیدا (٨) مەخفەری پۆلیس هەبوو بۆ هەر یەکێکیان چاووشێک و (٤) نەفەر دانرا.

(مالوان)و (موان) کە دوو جۆگای ئەمیری بوون ساڵی (١٠٠) طەن برنجیان لێ دەزگیر دەبوو، بۆ ئەوە داوا کرا یارمەتیدەری بەڕێوەبەری دەزگای ئاودێری (معاون مدیر الری) لە بغدادەوە بێتە سلێمانی بۆ باش کردن و چاک کردنی ئاوداشتنی کشت و کاڵ، کە ساتێک ئەو فەرمانبەرە هات بڕیاری دا جۆگایەک لە تانجەرۆ و شارەزوور هەڵگیرێت کە هەڵبەستنی ئەو جۆگایە بە (١٢) هەزار رووپییە خەمڵێنرا.

تووتن لە بەرهەمەکانی تر زۆرتر لەبرەودا بوو، دوو جۆر باجی تووتن دەسێنرا یەکەم بریتی بوو لە دە یەکی نرخی ئەو تووتنەی دەهاتە ناو عەمارەکانی گومرگەوەو بەپێی پسوولە لە عەمارەکانا دەمایەوە بۆ ئەوەی لە کاتی ناردنیا بۆ فرۆشتن بەپێی ئەو پسوولانە ئەو تووتنانە بە قاچاغ نژمێررانایە.

باجی دووهەم بریتی بوو لە ڕەسمی (ڕیژی) کە لە کاتی ناردنی ئەو تووتنە لە عەمارەکانەوە بۆ شوێنەکانی تر بۆ فرۆشتنی (ووشەی ڕێژی کە سۆن ناوی هێناوە بریتی بووە لە کۆمپانیایەکی فەرنسی کە هەر لە زەمانی عوسمانییەکانەوە کاروباری تووتن فرۆشتنی ڕێکخستووە کە بەپێی ئەوە بازرگانەکان تووتنیان لە خاوەن تووتنەکان دەکڕی و دەیان نارد بۆ شارانی تر بۆ فرۆشتنی بەڵام ئەمین زەکی بەگ کە وەزیر بووە تەقەلایەکی زۆری دا ئەو بازرگانییەی لە کۆتایی سییەکانا لە بازرگانەکان سەندەوەو یەکسەر لەلایەن دائیرەی ئینحیصاری تووتنەوە تووتن لە خاوەن تووتنەکان دەکڕا کە بازرگانەکان لەو ڕووەوە زۆر داخ لە دڵ بوون بەرامبەر بە ئەمین زەکی).

بێجگە لە باجی تووتن، باجی زەوی و زاریش دەسێنرا کە ئەویش بریتی بووە لە دە یەکی بەرهەمی زەوی و زارەکان کە دەدران بە کرێ جگە لە پارەی بەکرێ گرتنی ئەو زەوی و زارانە باجی بەرهەم هاتووش سێنراوە کە دەهێنران بۆ بازارەکان بۆ فرۆشتن (پێی دەوترا ڕەسمی إستهلاک).

دەربارەی طاپۆکردنی زەوی و زار، مێجەر سۆن لە هەمان ڕاپۆرتدا دەڵێ:

لە دوای ئەوەی سلێمانی لەلایەن کاپتن (گۆردن)ەوە داگیر کرا کە لە ژێر ئیدارەی جەنەراڵ فرایزەردا بوو، لەو ڕۆژەوە کاروباری طاپۆ وەستێنرابوو چونکە دەرکەوت زۆر ساختە لە طاپۆکردنی زەوی و زارەکانا کرابوو.

لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٩دا دەست کرا بە تەسجیلی خانو و بەرەی سلێمانی و جاڕ درا. لە ماوەی مانگێکدا هەر کەسێک کاروباری طاپۆی هەیە داخوازیی خۆی بدا بە دادگاە. لە سلێمانیدا مولکێکی زۆری میری بە ناوی شێخ مەحمودو هەمەوەندەکانەوە طاپۆ کرابوو، لەبەر ئەوە لەلایەن شارەزایانەوە دەست کرا بە لێکۆڵینەوەو چوونە بنج و بناوانی. (سەیر ئەوەیە وەکو شێخ ڕەئووفی شێخ مەحمود لە یادداشتەکانیا باسی کردووەو ئێمەش لە شوێنی خۆیا لێی دەدوێین، ئینگلیزەکان خۆیان لە هەموو کەس لەو ڕووەوە ناڕاستتر بوون، کە شێخ مەحمود دەسەڵاتی لە سلێمانیدا نەماو عبدالله ئاغای حاجی حەمە سعید سەرپەرشتیکەری

*موڵکەکانی شێخ مەحموود بوو، ئینگلیزەکان هەوڵیان دا گەلێک زەوی و زاری شێخ مەحموود بەسەر ئەو هەمەوەندانەدا دابەش بکەن کە سەربەخۆیان بوون. کە عبداللە ئاغا بێزاریی خۆی دەر دەبڕێ بەرامبەر بەوە ئینگلیزەکان پێی دەڵێن شێخ مەحموود زەوی و زاری زۆری هەیە با هەندێکی بدرێ بە هەمەوەندەکان و عبداللە ئاغا لە وەرامدا پێی دەڵێ: جا کە ئەوە بۆچوونی ئێوەیە ئەی بۆچی لە بۆڵشەویکەکان دەترسن کە دەڵێن موڵک لە خاوەن موڵک زەوت دەکاو دابەشی دەکا بەسەر خەڵکداو کابرای ئینگلیز لە عبداللە ئاغا توورە دەبێ و دەری دەکا)*

لە باسی قوتابخانەکانا مێجەر سۆن لەو راپۆرتە دوورو درێژەیدا دەڵێ:

*ژمارەی قوتابیانی سلێمانی (٩٠) قوتابی بوو کە بە زمانی کوردی دەخوێنرا، هەوڵ درا تیپێکی فتبۆڵ لە سلێمانیدا پێک بێت بەڵام ئەو تەقەلایە سەری نەگرت.*

لە باسی گەڕەکەکانی سلێمانیدا سۆن لەو راپۆرتەیدا دەڵێ:

*گەڕەکەکانی سلێمانی بریتین لە شەش گەڕەک: ١ـ گۆیژە ٢ـ چوارباخ ٣ـ جوولەکان ٤ـ سەرشەقام ٥ـ کانێسکان ٦ـ دەرگەزێن.*

سۆن دەڵێ:

*کە چووینەوە سلێمانی رێکەوتێکی باش هاتە پێشەوە کە خانوویەکی چاک هەبوو بۆ خەستەخانە دەس بدا، ژوورێک لەو خانووە تەرخان کرا بۆ عەمەلییات و بۆ جاری یەکەم قاوشێک جیا کرایەوە بۆ ژنان و توانرا شوێنی (٢٠) پیاو و (١٥) ژنی نەخۆش ساز بکرێ لەو خەستەخانەیەدا.*

*لەبەرئەوەی هەندێ ژنی داوێن پیس هەبوو، ئەوانە هەموو خرانە ژێر چاودێرییەوە لە ترسی ئەوەی بە هۆی ئەوانەوە نەخۆشی بڵاو نەبێتەوە (پیاوە پیرەکانی سەردەمی لاوێتیی ئێمە دەیان ووت لەو رۆژانەدا لەبەرگرانی ژمارەیەک لە ژنی برسی و بێکەس لە ئێرانەوە روویان کردبووە ناوچەی سلێمانی و هەندێک دەیان ووت پیاوەکانی مێجەر سۆن خۆیان دەستیان هەبوو لە هێنانی ئەو جۆرە ئافرەتانەو زۆریان قەپاتەی تایبەتیی خۆیان بوون بە ئاگاداریی مێجەر سۆن).*

سۆن لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ:

*لە مانگی تەمموزی ١٩١٩دا شیوەکەلّ کرا بە بنکەو پۆستی گومرگ لەسەر سنووری ئێران و عـیراق وە بۆ کاروباری گـومـرگی سلێمـانی کـاپتن V.H.HOOG کـرا بە لێپرسراو.*

*لە سـالّی ١٩١٨ هەتا دیسـەمـبـەری ١٩٢. دەرامـەدی گـومـرگی ناوچەی سلێمـانی بریتی بوو لە (٦٢٥٨٣٦) رووپییەو (٥) عانە کە لەو باجە (٢٩٣٩٩) رووپییەی لێ خەرج کرا.»*

سۆن لەو راپۆرتـەدا لە زۆر شـوێنیـا بە قـەدو بالاّی دادگوسـتـەری خۆیدا هەلّداوەو وویسـتوویەتی لە کاربەدەستانی خۆی بگەیەنێت کـە زۆر شتـی کردووەو توانیـویەتی ئاسایش و ئارام لە ناوچەکەدا پەیدا بکاو ببێت بە جێی رەزامـەندیی دانیشـتوان کـە لەڕاستـیدا زۆری درۆ بووەو لە بەرگی یەکـەمی ئەم کتـێبەدا لە هەندێکی دواین و لە باسەکاني داهاتووشدا هەندێ راستـیی ترمان بۆ روون دەبێتـەوە کـە لە شوێنی خۆیا لێی دەدوێین.

مـێجەرِ سۆن لەو راپۆرتەدا خۆی وا نیـشان دابوو کـە زۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە کە رێگا لە بلاّوبوونەوەی نەخۆشي بگرێ کـە بە هۆی ژنی خراپەوە بلاّو دەبووەوە، بەلاّم لەڕاستیدا مێجەرِ سۆن خۆی و دەست و پەیوەندەکانی کـە ناو شاری پڕکردبوو لێیان، دەورێکی زۆر پیـسـیـان هەبـووە لەو رووەوەو هەر یەکـەیان بـە ئاشکرا قـەپاتمەی خۆی هەبووەو مـێجەرِ سۆن کـە بە نـاو شـارو بازاڕا تێپـەڕی بکـردایە دەبوایە حیـسـابێکی تایبەتیـی بۆ بکرێ کە خەلّکی سلێمانی لەو رۆژانەدا بە چاوێکی ناڕەزاییـەوە سەیری ئەو رەفـتـارەی مـێجـەرِ سـۆن و دەست و پەیوەندەکـانیـان کـردووە، بەتایبـەتی پیـاوە ئاینییـەکان بەتەواوی لەوە نیگەران بووبـوون و ئینگلیـزیان لەبەرچاو کـەوتبـوو و زۆر کـەس ئاواتیـان بـە رۆژانی عـوسـمـانلی دەخـواست لـەگـەلّ ئەو هـەمـوو برسـێـتی و دواکەوتنەش کە لە کاتی ئەوانا هەبووە.

احمـد خواجـا لە یاداشتـەکانیـا نموونەیەکی زۆر زەقـی هێناوەتەوە بۆ ناعـەدالەتی زەمانی سۆن کە دەلّێ:

*«اسمـاعـیل حقی کـە لە زەمـانی مێجـەرِ سـۆنـدا مـودیری ناحیـەی قـەرەداغ بووە، لە*

*دوای ئاوارەبوونی شێخ مەحموود بۆ هندستان، ئەو اسماعیل حقییە بەپێی راسپاردەو راوێژی مێجەر سۆن رۆیشتووە بەرێوەو بۆ رەزامەندیی مێجەر سۆن اسماعیل حقی لە نامەیەکیا بۆ مێجەر سۆنی نووسیوەو ووتوویەتی:*

*«ماینێک کە هی حاجی کریمی سوارەی مودیری ناحیەی قەرەداغ بوو کوژرا، لەبەر ئەوە مودیری ناحیە: عەبە، عەزە، مچە، رەسوول کە هەموویان خەڵکی گوندی (گوێزیلە)ن گیران و تفەنگ و بزن و گاو مانگاو هەرچییەکیان بوو هەمووی تالاَن کراو نێرران بۆ سلێمانی، بەڵام لە دواییدا دەرکەوت کە ئەوانە ماین کوژ نەبوون لەبەر ئەوە حوکوومەت تەنها بە تالاَنییەکە وازی لێ هێنان و لە بەندیخانە هێنانییە دەرەوە.»*

بێجگە لەوە وا بزانم جێی خۆیەتی کە لێرەدا دووبارە باسی عەدالەتێکی تری مێجەر سۆن بکەینەوە کە لە بەرگی یەکەمیشدا لێی دووابووین کە ئەو باسە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨دا کە تازە بووبوو بە موحامی، بۆ فایلی خانووی حاجی فرج (باوکی ئەحمەد رەفیق) دەگەڕا لە دائیرەی طاپۆ، کە ساتێک ئەو فایلە دەدۆزێتەوە لە هەمان فایلدا سکالاَ (عریضە)یەکی شاکر مجرم دەدۆزێتەوە کە لە کاتی حوکمی قەرەقۆشی مێجەر سۆندا ئەو سکالاَیەی داوە بە مێجەر سۆن بۆ ئەوەی بە چاوێکی پڕ لە عەدالەتەوە سەیری ئەوە بکا مێجەر سۆن بە دەستی خۆی بە فارسی لەسەر سکالاَکەی شاکر مجرم نووسیویەتی:

*«پسر مجرم شکرکند کە اورا در آنجا بە دار رانکشید».*

ئەدمۆندز دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە لە کتێبەکەیدا دەڵێ (٤٥):

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود گیراو هێزەکانمان چوونە ناو سلێمانییەوە، خانووی قوتابخانەیەک کرا بە شوێنی ئەفسەری سیاسی (ئەو خانووە وەختی خۆی قوتابخانەی رشدی عسکری بووەو لە زەمانی منداڵیی ئێمەدا قوتابخانەی فیصلییە بوو تا لە پەنجاکانا رووخێنراو کرا بە بازاڕو دوکان لە خوارووی سەرای سلێمانیدا، لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان کردیان بە شوێنی ئەفسەری سیاسی بۆیە پێی دەوترا مەکتەبی سیاسی)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو خانووە بە پارەی پیتاکی خەڵک درووست کرابوو بۆیە چۆڵمان*

کردو چووینه (دەبۆ)و کردمان به دائیرەی حاکیمی سیاسی (جاران بەو دەبۆیەش دەوترا قشڵه).

دەبۆ خانوویەکی گەورەی پەست بوو لە ناوەوە بە چواردەوریا ژووری زۆر پچووکی تیابوو وەکو ژووری موسافیرخانەکانی ئێرانی، لەوێدا ژیانی خۆمان تێکەڵ کرد بە نۆکەرو مەساحی هیندی و پاسەوان و بەقاڵی کانتین و مەئموور مەخزەن و گەلێ جۆری تر.

ئەوەی من هەم بوو (ئەدمـــۆندز) بریتی بوو لە قـــەرەوێڵەیەکی ســـەفـــەری و جـــەوەنگەیەکی ئاو و چرایەک. رەشـــەباش بەتەواوی بێزاری کـــردبووین، بە رۆژ بە زمانی فارسی موحاکەمەمان دەکردو من دەمکرد بە ئینگلیزی...

ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا دەڵێ:

ساتێک شێخ مەحموود ئینگلیزەکانی ناو شاری گرتبوو شێخ قادری برای شێخ مەحموود مێجەر (دانلیس)ی لە ماڵی خۆیان دانابوو، حەپسەخانی ژنی شێخ قادر لە ترسی ئەوەی نەوەکـو یەکـێک لە پیـاوەکانی شـێخ مـەحـمـوود بیکوژێ خـۆی لەبەردەمی ژوورەکەیدا دەنوست (بابا علی شێخ مـەحـمـوود دەڵێ ئەدمۆندز لەوەدا راستی نەکردووە).

رەزا بەگ لە رووی سـوپاییـەوە وازی لێ هێنراو کرا بە یارمەتیدەری ئەفسـەری سیـاسی لە شـارباژێڕ (ئەوەبوو لە پێشـتـردا باسـمـان کـرد کـە مـێجـەر سۆن لە راپۆرتەکەیدا ووتبووی رەزا بەگی بێن باشی کرا بە لێپرسراوی شاری سلێمانی - کە وا دیارە دوای ئەوە مـێجـەر سـۆن باسی کـردووە نێرراوە بۆ چوارتا) لـەو رۆژانەدا ئەفسـەرێکی لاوی کـورد هاتە لام و ووتی من ناوم (تەوفـیق وەهبی)یە کـە رائیـد روکن بوو زۆر دڵم پیا چوو، داوای کرد بکرێت بە یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسی لە رانیە لەجیاتی کاپتن R.P.BARKER کـە لە کـاتی خۆیدا ئەو کـاپتنە لەگـەڵ بابەکری سلیم ئاغا پژدەریدا دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو، جارێکی تریش لە بغداد لەگەڵ تەوفیق وەهبیدا یەکمـان گرتەوە (سـەیر ئەوەیە باسی نەکردووە کـە پێکەوە بە جووتە قاموسێکی کوردی - ئینگلیزییان داناوەو چاپیان کردووە) کە لە

بغداد دیم کرابوو به سەرۆکی کولیەی عسکری عیراق کە هەر وەکو کلیەی (سانت هبرست) ئەفسەری پێ دەگەیان بۆ سوپای عیراق.

موشیری حەمەی سلێمانی هموندی (ئەوەی لە ساڵی ١٩١٩دا خیانەتی لە شۆڕشی کورد کردو بوو بە پیشاندەری رێ بۆ ئینگلیزەکان لە دەربەندی بازیاندا) کرا بە سەرۆکی پاسەوانی سەر رێگای سلێمانی و کەرکووک و ئەورەحمان ئاغا (ژن برای رەزا بەگ) کرا بە مودیری ناحیەی سروچک کە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی سلێمانی بوو وە دەسەڵاتی ئەوەی پێ درا کە لە خزم و دۆستەکانی خۆی پۆلیس دابنێت، هەتا ئەوسا هێشتا مەرکەزی ناحیەی بەرزنجە لە گوندی (گێلدەرە)دا بوو، کە ئەورەحمان ئاغا کرا بە مودیری ناحیەی سروچک مەرکەزی ناحیەی لە گێلدەرەوە گواستەوە بۆ بەرزنجە، لە بەرزنجە خانوویەکی شێخ مەحموودی لێ بوو ئەو خانووە کرا بە جێی ئەو سوارانەی لەگەڵ ئەورەحمان ئاغادا بوون... بەرزنجە لەو رۆژانەدا نزیکی ١٥٠-٢٠٠ ماڵێک دەبوو، هەروەها مەرکەزی قەزای شارباژێریش لە (سیتەک)ەوە گوێزرایەوە بۆ چوارتا کە ئەوسا چوارتا (١٠٠) خانوویەکی لێ بوو بەڵام تەنها نزیکی (٢٠) خێزانی لێ مابوو وە مزگەوتێکی گەورەشی تیادا بوو.

رەزا بەگ کرا بە قائیمەقامی چوارتاو داوا کرا بچێت بۆ بغدادو کە گەڕایەوە شێری (مکماهۆن)ی پێ بەخشرا کە رەزا بەگ بە پیاوێکی خۆش مەشرەب و بە فشەو فیشاڵکەر ناسرابوو لە ناو خەڵکدا.

سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ دەربڕینی لایەنگری و دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئێمە دەستە دەستە دەهاتنە لامان و بۆ بەرزکردنەوەی ناوی ئینگلیز لە ناو خەڵکدا عەمید (مۆریس) خۆپیشاندانێکی سەربازیی لە ناو شاری سلێمانیدا ساز کردو سەرۆکی عەشیرەتەکان هەموو بە جل و بەرگی کوردییەوە ئامادەی ئەو خۆپیشاندانە بوون.»

احمد تقی لە یادداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانەو رەفتاری ئینگلیزەکان دەڵێ (٤):

«رەفتاری نابەجێی ئینگلیزەکان وای لە کورد کرد کە بە ناچاری تورکەکان بهێننە ناوچەی رەواندز. لە دوای ئاوارەبوونی شێخ مەحموود مێجەر سۆن دەستی کرد بە

*سزادان و هەڕشەکردن لە خەڵک و بە ئاشکرا بوو بە کەڵەگاو ئەگەر بە ئوتومۆبێلەکەی بە ناو شاردا بڕۆیشتایە دەبوایە دوکاندارەکان هەموو بەرزەپێ لەبەری هەڵسن و ماڵی شێخانی تالاَن کردو زەوی و موڵکەکانی خستە ژێر دەستی خۆی و ناو شاری پڕ کرد لە بێگانە. بۆ نموونە: عەزیزخانی ئێرانی کە نەخوێندەوار بوو هێنایە سلێمانی و هەرچی خزم و کەس و کاری عزیزخان هەبوو کران بە کاربەدەست و فەرمانبەری ناو شارو، سلێمانی پڕ بوو لە هیندی و ئێرانی و باری ئابووری و گوزەرانی بەپێچەوانەی پڕۆپاگاندەکانی مێجەر سۆن لە جاران نزمترو ئاڵۆزترو نالەبارتر بوو، هەرچی لە ناو رۆژنامەکەیدا بلاَوی دەکردەوە (رۆژنامەی پێشکەوتن) هەمووی پڕۆپاگاندە بوو بۆ ئینگلیز.»*

احمد تقی لە یادداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«لەگەڵ مامۆستا ملا محمد ئەمینی مەلای مزگەوتی گەورەو شێخ مصطفی شێخ سلام و چەند گەنجێکی تر کۆمەڵەیەکمان پێکەوە نا، لەو رۆژانەدا شێخ قادری برای شێخ مەحموود پەنای بردبووە بەر خاکی ئێران و من چوومە قەلاَدزە لە پێشدا عبداللە ئاغای برای هەباسی محمود ئاغای پژدەر پێی ووتم هەباس ئاغای برای شوێنی خۆی چۆڵ کردووە چونکە لەگەڵ بابکری سلیم ئاغاو ئینگلیزەکانا رێک نییەو ئێستە لە گوندی (هێرۆ)یە. دوای ماوەیەک بە ناوی خوری و ئاژەڵ کڕینەوە خۆم گەیاندە لای هەباس ئاغا کە چووبووە گوندی (نورالدین)و لەوێ چاوم پێ کەوت و لە ئەنجامی گفت و گۆدا بۆم دەرکەوت ئەو لە من زۆرتر داغ لە دڵ بوو بەرامبەر بە کردەوەی ئینگلیزەکان و هەباس ئاغا فەرمووی: ئینگلیزو بابکر ئاغا دەیانەوێ بمانکەن بە نۆکەری خۆیان.*

احمد تقی لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*هەباس ئاغا رەفتاری ئینگلیزەکانی بۆ باس کردم (لە ساڵی ١٩١٩دا) کە چۆن ساتێک شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکانا تێک چووبوو، لەسەر داخوازیی شێخ چووینە خزمەتی لە سلێمانی و کە لای ئەو هاتینە دەرەوە لەلایەن مەکتەبی ئەفسەری سیاسییەوە بانگ کراین و دەستیان کرد بە پرسیارکردن لێمان و گرینهاوس لێی*

پرسین ئایا ئێمە خۆمان لە خۆمانەوە هاتووین یا شێخ مەحموود ناردوویّتی بەشوێنمانا، منیش دەمزانی ئینگلیزەکان دەیان ویست بمان شکێنن و سووکمان بکەن بۆیە منیش لە وەرامدا بە گرینهاوسم ووت:. جاران مێجەر نویل بە زۆر ئێمەی بە کێش دەکردو داوای ئەوەی لێ دەکردین کە بەیعەت بە شێخ مەحموود بکەین ئێستە کە خۆمان هاتووینە لای وەکو تاوانێکمان کردبێت بەو جۆرە سەیرمان دەکەن و وا دیارە بە مەیموونمان دەزانن و وا سەیرمان دەکەن کە چۆنتان بوێن بەو جۆرە هەڵمان دەپەڕێنن!! ئەگەر وامان تێ گەیشتوون لەوەدا زۆر بە هەڵەدا چوون.

لە دوای گرینهاوس چووینە لای مێجەر سۆن کە بە چاوی قینەوە سەیری دەکردین منیش لەو ڕۆژەوە مێجەر سۆنم بە دوژمنی خۆم دانا.

احمد تقی لە یادداشتەکانیا دەڵێ:

«هەباس ئاغا باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن ئینگلیزەکان لە ژێرەوە لەگەڵ بابکری سلیم ئاغاو خانمی ژنی وەسمان پاشای جافدا کەوتبوونە پلان و گفت و گۆکردن بۆ لەناوبردنی شێخ مەحموود.»

ڕەفیق حلمی لە یادداشتەکانیا لە باسی ڕەفتاری ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا دەڵێ(٢):

«کە ئینگلیزەکان سلێمانییان داگیر کردو شێخ مەحموود ئاوارە کرا بۆ هندستان ئیتر مێجەر سۆن بە ئاواتی خۆی گەیشت و ئەو پرۆگرامەی لەلایەن کۆلۆنێل ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیاوە دانرابوو سپێررا بە مێجەر سۆن و لە دوای کوشتارو خوێن ڕشتنێکی زۆر سۆن بوو بە حاکمی تەواوی هەرێمی سلێمانی و بە هیچ جۆرێک ڕێی چالاکیی ئەو کەسانەی نەدەدا کە بەڕاستی بۆ کوردستان تێدەکۆشان.

ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز دەعیەو فیزو پۆز لە خۆنان و تووڕەیی و توندە تەبیاتیان کردبوو بە دەستووری ڕۆژانەی کاروباریان و هەر یەکە خۆی کردبوو بە فیرعەونێک لە خەڵک و بەڕێوەبردنی کاروباریان لە حوکمی قەرەقۆشی دەچوو، لەبەر ئەوە گلەیی و بێزاربوونی خەڵک لە ئیدارەی ئینگلیز لە هەموو لایەکەوە پەرەی سەندو ئاژاوە دەستی پێ کرد.

هەرچەند مێجەر سۆن ڕێگاو بانی ڕێکخستبوو و هەندێ ڕێگەی تازەی کردەوە بەڵام بە بیانووی ڕێگاکردنەوەوە پارەیەکی زۆریشی ڕشتە ناو شارەکەوە کە بەشێکی زۆری ئەو پارانە بە هۆی پیاوەکانی خۆیەوە وەکو عەزیزخان دەچۆوە گیرفانی خۆیەوە.»

شێخ ڕەئووفي شێخ مەحموود لە یادداشتەکانیا لە باسی ڕەوشتي ئینگلیزەکانی ئەو ڕۆژانە دەڵێ (٢١):

«لە ماوەی دوورخستنەوەی شێخ مەحموودا بۆ هندستان، خەڵکی سلێمانی بەتەواوی لە ڕەفتاری ئینگلیزەکان بێزار بووبوون و بە ئاشکرا جنێویان پێ دەدان. زۆر کەس ڕقی لە مێجەر سۆن بوو کە ئێجگار لووت بەرز بو. بە کردنەوەی شوێنێکی ئاشکرا بۆ ئافرەتە داوێن پیسەکان بۆ سووککردن و زڕاندنی ناوی سلێمانی لەجیاتی ئەوەی شوێنێک بکاتەوە بۆ لێقەوماوان و برسی و بێکەسەکان، وە بەوەی کە ژمارەیەکی زۆری کۆکردبووەوە لەخۆی کە ڕەزایان لای خەڵک زۆر گران بوو ئەوەندەی تر خەڵکیان لە خۆیان بێزار کرد بەتایبەتی پیاوە ئاینییە سەرگەرمەکان هەموو جووڵەیان تێ کەوتبوو دژی ئینگلیز.

لەلایەکی تریشەوە ئینگلیزەکان تەقەلایان دەدا بە مووچەو پارە بە شێنەوەو بە دامەزراندنی خۆنیدەوارو ڕۆشنبیرەکان ناویان لە ناو خەڵکدا بزڕێنرێ و سووکیان بکەن کە لەو ڕۆژانەدا خەڵک لە سێ جۆر بوون:

١ـ تاقمێک لەوانەی لە زەمانی عوسمانیدا فەرمانبەرو کاربەدەست بوون ئینگلیزەکان زۆر ڕقیان لەو تاقمە بوو و هەوڵیان دەدا کە ڕێگەیان لێ بگرێ ببن بە فەرمانبەر.

٢ـ بەشێکی زۆری خەڵک ئایندار بوون لە ڕەوشت و کردەوەی ئینگلیز تەواو بێزار بووبوون.

٣ـ تاقمێکی تریش کە ژمارەیان کەم بوو، ئەوانە هیچ هیوایەکیان بە ئینگلیز نەمابوو چونکە هیچیان نە کردبوو بۆ کوردو دەشیان زانی ئینگلیز نایەوێ هیچ بکا بۆ کورد (نیازی لەو ڕۆشنبیرو خوێندەوارە بووە کە سەر بە کورد بوون و نەبەسرابوونەوە نە بە ئینگلیزو نە بە تورکەوە.)

*سۆن بۆ چاوبەست و بۆ رواڵەت خۆی وا نیشان دەدا کە دۆستی کوردەو بایەخ بە زمانی کوردی دەدا بەڵام ئەوەشی لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبوو بەڵکو لە سلێمانیدا زۆر کەس هەبوو سەر بە تورک بوون سۆن لە دژی ئەوانە بەو تەقەلای بایەخدانە بە زمانی کوردی دەیویست بەربەرەکانی ئەو تورکخوایانە بکا کە ئەم چالاکییەش هەر تەنها لە ناو سلێمانیدا بووەو رێگەی نەداوە لە شوێنەکانی تر ئەو چالاکییە هەبێت. سۆن بۆ رواڵەت یەکێکی وەکو (مەلا ئەحمەدی عەرەب) کە خطیبێکی ناسراو و بەناوبانگ بوو لە مزگەوتی گەورەدا هەر لەبەر ئەوەی کە لەقەبەکەی ووشەی عەرەبی پێوە بوو لە سلێمانی دووری خستەوەو ئەوەشی بە کوردایەتیی لەقەڵەم دەدا».*

بێگومان تورکەکان ئاگاداری ئەو هەڵوێستەی ئینگلیز بوون و دەیان زانی کە کورد بەرامبەر بەو رەفتارانەی ئینگلیز زۆر بێزار بووبوون و تورک بە ناوی پارێزگاری کردن لە ئاینی ئیسلامەوە دەستیان کرد بە پڕوپاگاندە دژی ئینگلیز وەکو لە زۆر شوێندا باس کراوەو دەکرێ، بۆ نموونە لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371 - 5068 رۆژی ٤/٢/ ١٩٢٠ لە لاپەڕە (١٧٧)تیلیگرافێکی مەندووبی سامیی بریتانیی تیادایە لە ئەستەمبوول کە ناردوویەتی بۆ مەندووبی سامیی بریتانیا لە بغداد دەڵێ:

*«نوێنەری حوکوومەتی تورک وای بلاو کردۆتەوە کە ئینگلیزەکان لە سلێمانیدا هەندێ شتی ناڕەواو بێ جێ دەکەن وەکو:*

*١. نایەڵن خەڵک بە سەربەستی بچنە زیارەتی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و هەر کەسێک بچێت سەرانەی لێ دەسێنن و سزای دەدەن.*

*٢. ئینگلیزەکان هەندێ پیاوی ناوداری کوردیان دوورخستۆتەوە بۆ بغداد.*

*٣. هەڵواسینی رۆستەم خان لە (سەقز) لەلایەن ئێرانییەکانەوە لە سەر خواست و راسپاردەی ئینگلیزەکان بوو»ە.*

مەندووبی سامیی بریتانی لە بغداد بە تیلیگرافی ژمارە (١٥٦١) رۆژی ٥/٢/ ١٩٢٠دا (لە هەمان دۆکیومەنتدایە) وەرامی مەندووبی سامیی بریتانی داوەتەوە لە ئەستەمبوول و دەڵێ:

«وا به پێچراوەیی وەرامی حاکیمی سیاسیی بریتانی لە سلێمانی (کە مێجەر سۆن بووە) دەنێرین دەربارەی وەرامی پرسیارەکانتان و دەتوانم لایەنگریی راستیی هەموو وەرامەکانی بکەم. کورتەی راپۆرتەکەی حاکیمی سیاسیی بریتانی لە سلێمانی (کە هی مێجەر سۆن بووە) دەڵێ:

۱. دەربارەی ئەوەی گوایا ئێمە رێگای زیارەتکەرانی کاک ئەحمەدمان گرتووە شتێکی راست نییەو درۆیەو هیچ سەرۆک عەشیرەتێک نەیویستووە زیارەتی کاک ئەحمەد بکا جگە لە مەحموودخانی دزلی نەبێت کە ساتی خۆی ئەو و چەکدارەکانی وویستبوویان بێن بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی گفت و گۆ بکرێ دەربارەی مافی ئاوداشتن لەسەر سنوور (سەیر ئەوەیە هیچ سەرچاوەیەک باسی بوونی کێشەی ئاوداشتنی سەر سنووری نەکردووەو مەحموودخان قەت بۆ شتی وا نەچووە بۆ سلێمانی بەڵکو هۆی راستیمان لە بەرگی یەکەمدا بە دوورو درێژی روون کردەوەو پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەینەوە)، مێجەر سۆن دەربارەی ئەو هاتنەی مەحموودخان لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«کە مەحموودخان وویستی بێ بۆ سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەفسەری سیاسیمانەوە لە هەڵەبجە ئاگادار کرابوو کە رێگای لێ ناگیرێ بێتە سلێمانی بە مەرجێک خۆی و پیاوەکانی بە چەکەوە نەیەن بەڵام گوێی نەدایەو بە چەکەوە هاتە سلێمانی.

۲. دەربارەی ئەوانەی کە گوایا ئێمە بە زۆر لە سلێمانی دوورمان خستوونەتەوە بۆ بغداد ئەوانە زۆریان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و ئەوانەش کە هاوکاریی شێخ مەحموودیان کردبوو دووبارە رێگەی ئەوانەش درا کە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

۳. دەربارەی هەڵواسینی روستەم خان لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە لە سنە (پرسیارەکەی مەندووبی سامیی بریتانی لە ئەستەمبوول ووتبووی لە سەقز)، ئەوەش بیانوویەکی ترە کە تورکەکان دەیگرن. روستەم خان کابرایەکی پیاوکوژ بووە کە ئەوە شتێکی ناوخۆی ئێرانە وە کارەکە لە ئێرانا روویداوەو وا دیارە ئەو مەعلووماتانەی کە لەو رووەوە گەیشتووە هەمووی لەلایەن شێخ قادری برای شێخ مەحموودەو

ڕێکخراوە (شێخ قادر لە دوای گرتنی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیان ڕای کردە ئێران و ماوەیەک لەوێ مایەوە بەڵام لەدوایدا ئێرانییەکان گرتیان و تەسلیمی ئینگلیزیان کردو لە بغداد نیشتەجێ کرا).

احمد خواجا لە یادداشتەکانیا دەربارەی ڕواڵەتی سۆن کە وای نیشاندابوو دەیویست خزمەتی زمانی کوردی بکا ئەڵێ (٣):

«مێجەر سۆن بۆ دڵنەوایی خەڵک بڵاوی کردەوە کە لەمەودوا زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمی لە دەزگاکاندا بەکار دەهێنرێ، هەندێ لەو ئینگلیزانەی شارەزای زمانی فارسی بوون و کوردی یان نەدەزانی ئەو تەقەلایەی سۆنیان پێ خۆش نەبووەو خەڵکیش وەنەبێ لە مەبەستی سۆن ئاگادار نەبووبن بەڵکو دەیان زانی هەمووی بۆ چاوبەست و خەڵک بێ دەنگ کردن بووە.

بۆ دەس خستنەرووی مێجەر سۆن و تەقەلاکان (کۆمەڵی گزنگ) کە لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی بە نهێنی پێکهاتبوو نامەیەکیان بە ناو خەڵکدا بڵاوکردەوە دەڵێ:

«براکان...دانیشتوانی سلێمانی، سەرۆکی عەشیرەتەکان...چاوتان بکەنەوە لە ڕووی گێتی دا فرەان فرەانی کلاوی ئازادی و بانگی سەربەستیی هەموو گەلە دواکەوتووەکان دەڵێ: مردن یا ئازادی، ئێمەی کوردیش هێشتا هەر لە خەوداین، حوکمدارتان دیلی دەستی دوژمنە چونکە داوای ئازادی دەکا چونکە دەیەوێ کۆت و پێوەنگی یەخسیری گەلەکەی بشکێنێت، ئینگلیزیش بە تۆپ و بۆمباو بە سوپایەکی ٣٠-٤٠ هەزار کەسیەوە گیانمان دەکێشێت، هێلانەی هەزاران خێزان دەڕووخێنێت، کشت و کاڵمان دەسووتێنێت و ئێستە دەیەوێ یەخسیرو بەند بین، چاوتان بکەنەوە، لە شارەکەمانا نە قوتابخانە، نە کارگە، نە دڵسۆزی نییە، بە ئادەمیزادتان نازانن ئەی کوردانی نامدار، هەتا کەی ئەم سەرشۆڕییە؟ ناوی ئازایی و دلێریمان تازە بکەنەوە، دوژمنی خوێنمژتان لەناو بەرن، داوای ئازادیی خۆتان بکەن، بە چەک بە پێنووس، بە هاوار... کوا حوکمدارەکەتان؟ کوا ئاڵا ڕەنگاوڕەنگەکەتان؟ کوا هەڵمەتە دلێرانەکەتان؟ چاوتان بکەنەوە، ئینگلیز مافمان ناداتێ، دەبێ بە یەکێتی و بە دانایی و لە پێویستیدا بە چەک بیسێنین.

*پەیمانی سیڤەر حەقی داوە، جا پێویستە بە نوکی خەنجەر لە جانتای دیپلۆماسییە بەد نیهادەکان دەری بێنین...ڕۆژی (دەسنیشان نەکراوە) بڕیاری کۆبوونەوەیە بۆ ئامانجی ڕزگاری و برایەتی»*.

کۆمەڵی گزنگ

ڕۆژی ۱۹۲۰/۳/۲۱

*مێجەر سۆن بە بڵاوبوونەوەی ئەو بەیانە هار بوو، دەم و دەست لە بصرەوە چاپخانەیەکی بچووکی نیوداشتی هێناو ڕۆژی ۱۹۲۰/۵/۱ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا (مەبەست لە پێشکەوتن بووە) لەژێر چاودێریی خۆیدا.*

*لەگەڵ ئەوەشا کە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بە کوردی بە مژدەیەکی خۆش زانرا چونکە زمانی کوردیی پێ جێگیر بوو بەڵام کۆمەڵەکان کۆڵیان نەداو هەموو هەفتەیەک بەیانێکیان بڵاو دەکردەوە. لیژنەکانی کۆمەڵە کەوتنە هاندانی خەڵک بۆ داوای کردنەوەی قوتابخانەو هێنانی کارەباو کردنەوەی شەقام و دروستکردنی پردی قەشان، بەڵام ئەو داخوازییانە هیچی جێ بە جێ نەکراو سۆن دەیویست تەنها بە کوردی نووسینی ناو ڕۆژنامەکەی خەڵک بێدەنگ بکا».*

زۆر نووسەری تری ئەو سەردەمە هەر وەکو ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیانا دەربارەی مەبەستی ڕاستەقینەی ئینگلیز نووسیویانەو هەموو لەوە گەیشتبون کە مێجەر سۆن لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە بۆ ئەوە نێررابوو بۆ سلێمانی هەتاکو لە ڕێگای مێجەر سۆنەوە زەبرو زەنگی خۆیان بنوێنن و خەڵک چاوترسێن بکەن و لەلایەکی ترەوە مێجەر سۆنیان بۆ بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندە ناردبووە سلێمانی بۆ ئەوەی بە هۆی ڕۆژنامەکەیەوە (پێشکەوتن) خەڵک دژی تورکەکان هان بدا، بێجگە لەوە ئینگلیزەکان دەیان ویست بە هۆی ئەو تەقەلایەی مێجەر سۆنەوە لە عصبە الامم بگەیەنن کە ئینگلیز مافی نەتەوەی کوردی پشت گوێ نەخستووەو لەو ڕاپۆرتەی کە بۆ عصبە الامم نێرراوەو لەو تیلیگرافانەی کە لە نێوانی مندوبی سامیی بریتانی و وەزارەتی مستعمراتدا ئەوەی سۆن هەمیشە وا پیشان دراوە کە زۆر شت کراوە بۆ کوردو ئەو مەرجانەی بەپێی پەیمانی ئاشتی بۆ سەر دەوڵەتی (منتدب) کە بریتانیا

بووه هەمووی بەجێ هێنراوە.

رۆژنامەی پێشکەوتن کە مێجەر سۆن لە سلێمانی دەری هێناوە قەوارەی لاپەرەکەی ٢٣سم X ٢١سم بووه، یەکەم ژمارەی لە ٢٩/نیسانی ١٩٢٠دا دەرچوو (ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا ووتویەتی لە ١/٥/١٩٢٠دا دەرچوو) دواژمارەی لە ٢٧/تموزی/١٩٢٢دا دەرچوو.

شێوەی نووسینی ئەو رۆژنامەیە کە هەمووی بە زمانی کوردی بووه (بە پێچەوانەی رۆژنامەکانی تر وەکو رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی کە مێجەر سۆن لە کاتی خۆیدا لە سالی ١٩١٧/١٩١٨دا لە بغداد بلاوی دەکردەوەو رۆژنامەی بانگ کوردستان و رۆژی کوردستان کە نووسینەکانی جگە لە کوردی بە فارسی و بە تورکیش باسی تیادا بلاو کراوەتەوە).


شێوەی نووسینەکانی رۆژنامەی پێشکەوتن بە شێوەی کرمانجیی خواروو بووەو لەچاو نووسین و ئیملای نووسینی ئەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی پوختترو بە ئیملایەکی رەوانتر دەرچووە. بابەتەکانی ئەو رۆژنامەیە تێکەڵ و پێکەڵ بووەو لە هەموو جۆرە باسێک دوواوە وەکو باسی سیاسی و مێژوویی و زانستی و ئابووری و کۆمەلایەتی وە لە رۆژنامەکانی دوای پێشکەوتن زۆرتر بایەخی داوە بە بلاوکردنەوەی دەنگ و باس و هەوالی دەرەوە.

نرخی ئەو رۆژنامەیە یەک ئانە بووه (چوار پوول یا چوار فلس) ژمارەی نووسەرانی ئەو رۆژنامەیە لە ژمارەی هەموو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە زۆرتر بووه کە بێگومان زۆلێتیی مێجەر سۆن بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستەی کە وویستوویەتی بایەخی داوە بە زمانی کوردیی پەتی کە بێگومان پارەبەشینەوەش بۆ بەشداری کردنی نووسین دەوری خۆی بینیوەو لەوانەی بەشداریی نووسینیان کردووه بریتی بوون لە حمدی صاحبقران، نوری شیخ صالح، علی باپیر ئاغا، زیوەر، بیخود، سعید فوزی، رفیق حلمی و عبد الخالق ئەثیری، بێجگە لە بەرهەمی شعری ئەو شاعرانە گەلێک نووسەریش بە پەخشان بەشدارییان کردووه وەکو سعید صدقی و رشید زکی و جمال عرفان و مصطفی قرەداغی و احمد موختارو احمد حمدی و محمد ناجی و هەندێکی ترو

بێجگە لەو شـعـرو نووسـینانەی کـە خـاوەنەکـانیـان بە ناوی ئاشکرای خۆیانەوە بەرهەمیـان بلاو کـردۆتەوە هەندێ کەس هەبووە بە ناوی نهێنی وەکـو (موعـەلیمی مکتب)، (م.ع.)، (م.ع.ع.) وە لە ژمارە (٥)ی سالی ١٩٢٠دا ووتارێکی تیادایە بە پێنووسی بێکباشی توفیق وەهبی کە باسی سوودی (مکتبی صنایع)ی کردووە.

سەر ووتاری یەکەم ژمارەی رۆژنامەی پێشکەوتن ئەمە بووە:

(لە هەموو مەکینەیەک باشتر مەکینەی چاپە) کە باسی گوتە بۆرگی تیادایە چۆن بەو کارە سوودبەخشەی کە چاپخانەی داهێنا توانرا نرخی چاپەمەنی هەرزان بکرێ و کتێب و نووسین بە زۆری ئەو خەڵکەدا بلاو ببێتەوە. بۆ نموونەی ئەو رۆژنامەیە وا لاپەڕە (١)ی سالی (١) ژمارە (٦)ی ٣/حزیرانی/١٩٢٠ بلاو دەکەینەوە کە سەر ووتارەکەی باسی زمانی کوردیی کردووە کە یەکێک بووە لە تەقەلاکانی مێجەر سۆن.


حوشتیك
بو پیشکوتن
ده نوسری

—

بکی به أنه یکه

پیشکوتن

حفتهٔ جاریك دردهچیت

کریار
بوحوشتو یئیك
به٣ مانك یك
بهشش مانك دو
به سالیك چوار روپیه دهدا
اعلان یا ایشیکی خوی
لهبرهٔ دو وایید دهنوسریت
بو دو دیر ٣ آنه ده سینریت

-( سال ١ ژماره ٦ )- -( روژ پنجشمبه ١٦ رمضان ١٣٣٨ ٣ جون ٩٢٠ )-

— بو خو ولاتیهکان به حوریتی بو احمد بك —

— به تایبتی —

جاری پیشو له پیشکوتندا اسر زمانی « کورد » شتیك دریژه درا بو ـ که ام زمانه به جاریك له عربی و فارسی ووت نکریت. و ناکریت.

لی. خو دیاره. لهبریکدا کس نابی به ئوریك. بلام زوریش کرانه. اگر ایمه ام ترانیه لسر خومان فری بدهین. لو ( رابوردوانه ) که ام کرانیه یان بو بی هیشتوین بی بی ترده کین. چونکه به یك جاری دهیکوژینینهوه. اوانهی پاش ایمه دهکون لی یان وون دهبی. ایتر بو یان نادوزریتهوه.

خو دیاره چه له ناو عرب و چه له ناو عجم له ناو کورد

مێجەر سۆن بۆ هاندانی خەڵک و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک لە ڕۆژنامەکەیدا (٣) جائزەی تەرخان کردبوو بۆ سێ نووسەری کورد کە نووسینەکەیان بە شێوەیەکی پوختکراو بێ ووشەی بێگانەی تیا بەکار نەهێنرێ. ئەو موسابەقەیە لە ژمارە (٣٠)ی ڕۆژی ١٨/نوڤمبری/١٩٢٠دا بڵاو کرایەوەو ئەنجامی سەرکەوتووەکان بەم جۆرە بوو:

١- جائزەی یەکەم درا بە نوری شیخ صالح کە نووسینەکەی بریتی بووە لە باسێک بە ناوی (جووت و گا) کە باسی کشت و کاڵی کردوەو ناوەڕۆکی نووسینەکەی شتێکی زۆر سادەو ئاسایی بووەو تەنها لەبەر ئەوە هەڵبـژێررابوو کە بە کوردییەکی پەتی نووسرابوو لەچاو نووسینی ئەو سەردەمەداو جائزەکەی (١٠٠) روپیە بووە.

٢- جائزەی دووهەم بۆ زکی صائب (کە بێگومان مصطفی صائب بووە) کە پەخشانەکەی نووسینێک بووە بە ناوی (بۆچرووک).

٣- جائزەی سێهەم دراوە بە محمد جمیل (کە ئەویش جمیل صائب بووە)کە نووسینەکەی بریتی بووە لە پەخشانێک بە ناوی (ڕۆژەوەبوونێک)، کە هەرسێ باسەکە لە یەک ژمارەدا بڵاوکراونەتەوە.

لە ناو باسەکانی ژمارە (٦١)ی ڕۆژی ٢٣/حزیرانی/١٩٢١و ژمارە (٦٢)ی ڕۆژی ٣٠/حزیرانی/١٩٢١دا بە دوو زنجیرە نووسینێکی تیادایە بە ناوی: (أسف ماضي و أندیشەء أستقبالم) کە بە ناوي قوتابی عبد الله صبری لە هۆزی کاتبی فارسی لە ألبجەوە (زۆر کەس بە هەڵبجە دەڵێن ألبجە) کە ئەو عبد الله صبرییە ماموستا گۆران بووە کە لەو سەردەمەدا قوتابی بووەو تەنها هەر گۆران بووە کە باوکی لە بەرزۆر زانینی زمانی فارسی بە کاتبی فارسی ناوبانگی دەرکردووە، کەواتە گۆران کە ساڵی ١٩٠٤-١٩٠٥ لەدایک بووە دەبێ تەمەنی لەو ڕۆژەدا کە ئەو دوو نووسینەی ناردووە بۆ ڕۆژنامەی پێشکەوتن دەبێ ١٦-١٧ ساڵ بووبێ کە لام وایە ئەمە سەرەتای نووسینی بووەو لەدواییدا نازناوی گۆرانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە نووسیویانە بە کاک جمال خەزنەداریشەوە کە لە لاپەڕە (٢٥)ی رابەری ڕۆژنامەگەریدا (٦١) هەموو وای بۆچوون کە مصطفی پاشا یامولکی سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بووە، بەلام ئەوی

راستی بێ چاوم گێڕا بە هەموو ژمارەکانی پێشکەوتندا لە هیچ ژمارەیەکیان ناوی مصطفی یامولکیی لەسەر نییەو لە هیچ ژمارەیەکیدا شتێکیشی تیا بلاو نەکراوەتەوە بە پێنووسی ئەو بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە لە ژمارە (٧٦)ی رۆژی ٦/١١/١٩٢٠دا هەواڵێک بلاو کراوەتەوە دەربارەی مصطفی یامولکی کە دەڵێ:

مصطفی پاشا یامولکی دوو مانگ لەمەوپێش لە ئەستەمبولەوە هاتۆتە بغدادو شەوی ٤/ی تشرینی دووهەم لە بغدادەوە گەیشتە سلێمانی ئیتر دەبێ چۆن کرابێ بە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە ئەگەرچی دووریش نییە هاوکاریی لەگەڵ ئەو رۆژنامەیەدا کردبێت یا کرابێ بە لێپرسراوی بە شێوەیەکی غیری رەسمی وە بە بێ ئەوەی هیچ لەو رۆژنامەیەدا لەو رووەوە بلاوکرابێتەوە.

لە هەندێ ژمارەی رۆژنامەکەدا (مصطفی) ناوێک ناوی هاتووە کە لێپرسراوی کۆکردنەوەی ئابوونەی رۆژنامەکە بووە کە بڕوا ناکەم مصطفی یامولکی شتی وای کردبێ دەبێ مصطفی ناوێکی تر بووبێ.

لە ژمارەکانی ٥٨ و ٦٠ دا لەو رۆژنامەیەدا باسی (رایسزی) ئەسپی کردووە کە لەو رۆژانەدا ئینگلیزەکان بۆ خەریککردنی خەڵک بایەخیان پێداوە لە سلێمانیداو لەو دوو ژمارەیەدا ناوی بەشداربووەکانی ئەو رایسزەی تیادا بلاو کراوەتەوەو ناوی لێنراوە (موسابەقەی ئەسپ تاودان).

بیجگە لەوە لە ژمارەکانیا بۆ یەکەم جار بە چەند زنجیرەیەک گەشتەکەی (کلۆدیۆس ریچ) کە لە ساڵی ١٨٢٠دا کردوویەتی بۆ کوردستان و بۆ سلێمانی ترجمە کراوە بە کوردی.

لە دوا ژمارەی پێشکەوتندا، ژمارە (١١٨)ی رۆژی ٢٧/تموزی/١٩٢٢ دوو باسی تیادا بلاو کراوەتەوە:

١ـ لە لاپەڕەی دووهەمدا دەڵێ: غەزەتەی پێشکەوتن کە هەتا ئێستە لە سلێمانی چاپکراوەو نەشرکراوە، ئەمە ئیتر آخر ژمارەیەتی و لەمەو دوا دەرناچێت، ئەوانەی کە پاشماوەی پارەی ئابوونەیان لەسەر پێشکەوتن ماوە پارەکانیان دەور کراوەتەوە بۆ رۆژنامەی (بانگ کوردستان)و دەتوانن پەیوەندی بەو رۆژنامەیە بکەن (لە باسی

حوکمدارییەتی شێخ مەحموودا باسی ڕۆژنامەی بانگ کوردستان دەکەین).
٢. هەر لە لاپەڕەی دووهەمدا باسی پێکهێنانی (جمعیتی کوردستان) دەکا کە خەریکە ڕۆژنامەیەک بە ناوی بانگ کوردستانەوە بڵاو بکاتەوە.

مامۆستا رفیق حلمی ئەگەرچی خۆی یەکێکی چالاک بووە لە بەشداربوونی نووسینی دا لەو ڕۆژنامەیەدا بەڵام سەرنجی خۆی بەرامبەر بە بەشێک لە بڵاوکراوەکانی ئەو ڕۆژنامەیەی بەم جۆرە باس کردووە:

*«لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەی پێشکەوتن هەندێ بابەتی جوانی تیادا بڵاو کراوەتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵک بە چاوێکی سووکەوە دەیان ڕوانییە ڕۆژنامەکە، بۆیە ئەو بەشانەی کە ڕەخنەو تانووتیان لە خەڵک دەگرت پشت گوێ دەخران و نەدەخوێنرانەوە.»*

احمد خواجا لە یاداشتەکانیا لە باسی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەدا دەڵێ (٣):

*«لە ئەنجامی زوڵم و زۆری ئینگلیزەکان لە ناوچەی سلێمانیدا دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود بۆ هندستان، خەڵک کەوتنە سوێندخواردن بۆ یەکتری و بۆ کنەکردن و ڕووخاندنی قەڵای مێجەر سۆن بە پەنهانی پێنج کۆمەڵ درووست بوو بە سەرۆکایەتیی جمال عرفان کە بریتی بوون لەم کۆمەڵانە:*

*١. بەرزیی وڵات، ٢. کوردستان، ٣. گزنگ، ٤. فیداکارانی کورد، ٥. وەتەن پەروەران.*

*ئەو کۆمەڵانە لەسەر یەک پرۆگرام و یەک ڕەوشت لقیان لێ بڵاو بووەوە کە ئەمەی خوارەوە یەکەم بڵاوکردنەوەیان بووە:*

*«تەنیا بە دوورخستنەوەی وە یا بە نەمانی شێخ مەحموود، نە ناوی شێخ مەحموودو نە ناوی کورد نامرێت، چونکە شێخ مەحموود شێخ مەحموودی تری زۆرە، دەبێ ئەو شێخ مەحموودەی حوکمداری کوردستان بەزوویی بێتەوە یا دەبێ ئێوە بڕۆن.*

*بە ناوی کۆمەڵەی کوردستان*
*کۆمەڵەی بەرزیی وڵات*
*٢٠/ی/شباط/١٩٢٠*

ئەحمەد خوا جا لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە لەو ڕۆژانەدا بەرامبەر بە لووت بەرزی و ترزلیی مێجەر سۆن شتێکی زۆر بوو، سۆن ژیانی لێ تاڵ بووبوو، بە هۆی پۆلیسەوە کەوتە ماخولیای دۆزینەوەی ماکی ئەو بەیانە.

لەو ڕۆژانەدا ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە تورکیاوە هاتبوونەوە زۆر خۆشەویست نەبوون لای ئینگلیزەکان وەکو ماجد مصطفی و ئەوڕەحمان سعیدو هەردووکیان خرانە ناو بەندیخانەیەکی بە ئازارەوە. جمال عرفان یەکێکی زۆر چالاک بوو لە دوای شۆڕشی ۲۱/ی مایس (نیازی شەڕی دەربەندی بازیان بووە لە مایسی ۱۹۱۹دا) جمال عرفان نەگەڕایەوە بۆ سوپا یا بۆ وظیفە. جمال عرفان ئەفسەریکی هونەرمەندو زیرەک و ئازاو بە توانا بوو، کوردێکی ژیرو ووریا بوو، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا رئیس ئەرکانی علی أحسان پاشا بوو لە عراقدا. جمال عرفان یەکخستن و دانانی پرۆگرامی کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو ڕۆژەی خستە سەر شان و ئەستۆی خۆی و بە هیچ جۆرێک ماوەی نەدا کە بناسرێ و بزانرێ کە بەو فەرمانانە هەڵدەسێت.

ئەو کۆمەڵانە پەیوەندییان بە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردەوە کردو کران بە سوێندخوارو لەو ڕۆژانەدا کە شۆڕشەکەکانی سمکۆ دەستی پێ کردبوو جمال عرفان و کۆمەڵەکان بڕیاریان دا پەیوەندی بە سمکۆوە بکەن و بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا رشید جودت و عارف صائب بە نهێنی بنێررێن بۆ لای سمکۆ.

لەو ڕۆژانەشدا لە ناوچەی سەقزو بانە هێزیکیش لە ژێر فەرماندەی سید طە شمزیندا کۆبووبووەوەو رشید جودت و عارف صائب هەردووکیان چوونە لای سید طەو کەوتنە گفت و گۆ لەگەڵیاو داوایان لێ کرد هێزێک بنێرێت بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لەوێوە شۆڕشێکی تازە بەرپا بکرێ بەڵام سید طە لە وەرامدا پێیان دەڵێ: جارێ ئێمە کارمان باش نییەو ڕەنگە بەم زووانە خۆم بێمە سلێمانی و پێویست ناکا بچنە لای سمکۆو بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان.

لەو ڕۆژانەدا (کۆمەڵی فیداکاران) ئەم نامەیەی ناردبوو بۆ مێجەر سۆن:

*«نامەیەک بۆ مێجەر سۆن:*

*بە زوویەکی زوو دەبێ حوکمدارو ئەو دیلانەی تری دەربەندی بازیان کە ئێستا لە (ئیچ قەلا) لە بغداد خشتیان پێ دەبڕن بیان هێننەوە (لەو رۆژانەدا مەحموودخانی دزلی و مەحموودخانی کانی سانان و هەندێکی تر لە بغداد لە زیندان بوون وە هەندێکیشیان دەس بەسەر بون)، باش بیر لە دوارۆژی خۆتان بکەنەوە ئەوی قەومێک بە دیل بزانێت خۆی بە دیل دەگیرێت».*

*کۆمەڵی فیداکارانی کورد*

*مارت - ۱۹۲۰*

زۆری پێ نەچوو هەردوو مەحموودخان بەرەڵلا کران و بە لای مێجەر سۆنەوە وابوو کە ئیتر بە بەجێهێنانی ئەو داخوازییە هیچ ئاشووب و ئاژاوەیەک نامێنێت».

جەلال تاڵەبانی لە پەراوێزی لاپەڕە (۱۰٦)ی کتێبەکەیدا دەربارەی چالاکیی کۆمەڵەکانی ئەو رۆژە دەڵێ(۱۷):

«ماموستا رفیق حلمی لە گفت و گۆیەکدا بۆی باسکردم کە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەری (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان) کە لە ساڵی ۱۹۲۰دا پێکهاتبوو (ئەحمەد خواجا وەکو لە پێشتردا باسمان کرد ناوی ئەو کۆمەڵەی بەو جۆرە نەهێناوە کە ناوی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان بوویێت تەنها بە کۆمەڵەی کوردستان ناوی هێناوە)، لەو کۆمەڵەدا مەحموود جودت و ماجد مصطفی و سید عبداللەی حاجی سید حسن لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵە بوون و هەوڵێکی زۆریان دا کە حمدی بابان بکەن بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵە بەلام تەقەلاکەیان سەری نەگرت (لە باسێکی تایبەتیدا لە دواییدا باسی حمدی بابان دەکەین کە یەکێک بووە لەو سێ کەسەی کە بیریان لێ کرابووە بۆ ئەوەی یەکێکیان بکرێ بە حوکمدارو لەو باسەدا ئەوەی رفیق حلمی لێی دوواوە باسی دەکەین).

ئەندامانی ئەو کۆمەڵە زۆریان لە کاسب و خوێندەوارو لاو و سەرۆک عەشیرەتەکانی جاف و پژدەرو ساداتی بەرزنجەو هەولێرو هەمەوەندی و جەباری پێکهاتبوو، بەلام ئەو کۆمەڵە زۆری پێ نەچوو تواپەوە چونکە بەشێک لە ئەندامەکانی کران بە فەرمانبەر لە

کاروباری ئەو ڕۆژانەدا (لە پێشتردا باسی ئەوەمان کرد کە مێجەر سۆن بێزار بووبوو لەو ڕۆشنبیرو خوێندەوارانەو بۆ ئەوەی لێیان ڕزگار ببێت و دووریان بخاتەوە هەندێکی کردن بە مدیری ناحیەو لە سلێمانی دووری خستبوونەوە).

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی چالاکیی کۆمەڵەکانی ئەو ڕۆژانە دەڵێ(٣):

«مێجەر سۆن هەندێ دڵخۆشکەرەی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو بلاّوی کردەوە، لە ڕۆژنامەی پێشکەوتندا ژمارە (٦)ی نیسانی ١٩٢٠دا مێجەر سۆن بلاّوی کردەوە کە وا لە کۆمەڵی ئاشتیدا لە بابەت کوردستانەوە باسی ئەوە کراوە کە لە کوردستانی ژووروو لە (وان)و (باشقەلاّ)و (خربوط)دا ژمارەی کورد زۆرە، دەبێ حوکومەتیان بۆ درووست بکرێت و بۆ بەجێهێنانی ئەو بڕیارو ئامانجە لەگەڵ ئینگلیزو فرنسەو ئیتالیاو ئێران لەگەڵ کوردێک لیژنەیەک درووست دەکرێ (مەبەست لە پەیانی سیڤەر بووە).

دوا بە دوای ئەو بلاّوکردنەوەی مێجەر سۆن لەلایەن کۆمەڵی وەتەن پەروەرانەوە دوورو درێژ نامەیەک بلاّو کرایەوە کە ئەمە پوختەکەیەتی (کە وەکو ئەحمد خواجا لە یاداشتەکانیا چۆنی نووسیوە هەر بەو شێوەیە بلاّوی دەکەینەوە).

*«نوسراوەکەی ژمارە (٦)ی پێشکەوتن لای لایەیە بۆ خەولێخستنی کورد. ئایا نازانن دانی ئیستقلال بە کورد پیشەی ئێوەی ئینگلیز نییە؟ کورد مەردانە بازووی خۆی هەڵکردووە، حەقی خۆی بە دەستی خۆی ئەسێنێت، گیانی کورد وەلیفەتی ئەم ئاواتەیە. تۆ کوردەکانی لای خۆت ئازاد بکە بازد مەدە بۆ دوور»*

ئەحمەد خواجا لە شوێنێکی تری یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە دەڵێ(٣):

*«لە ناکاو چوار مەزبەتە کرایەوە، یەکەم لەلایەن دانیشتوانی سلێمانییەوە، دووهەم لەلایەن عەشایرەکانی دەورو بەری سلێمانییەوە، سێهەم لەلایەن عەشایری هەولێرەوە، چوارەم لەلایەن بەرزنجەیی و قەرەداغی و هەندێ یەگزادەی جافەوە کە ئەو چوار مەزبەتەیە هەموویان لە ڕۆژێکدا دران بە مێجەر سۆن، لەو چوار مەزبەتەیەدا*

هەموویان هەر وەکو خوارەوە ئەم داخوازییانەیان تیادا داوا کرابوو:
١. بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی کە درابوون بە شێخ مەحموودو بریتی بوو لە ئازادیی کورد،
٢. سپاردنی کاروبار بە فەرمانبەرانی کورد،
٣. گەڕانەوەی شێخ مەحموودی حوکمدار،
٤. پاک ڕەوشتی...دەستووری وولآت.

بەڵام مێجەر سۆن ئەو داخوازییانەی پشت گوێ خست و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو داخوازییانە ڕۆژنامەکانی بغدادی هان دەدا کە بە نووسین دەست بکەن بە گاڵتەکردن بە کوردو ڕۆژنامەی (العراق)و (العالم العربي) زۆر شتیان بۆ گاڵتەپێ کردن بە کورد بڵاو کردەوە.

سۆن تەقەلای دا هەندێ لە ناودارانی کورد لە فەرمانی بەرزدا بخاتە کار بەڵام هەندێ کۆسپ هاتە ڕێگای کە یەکێک لەوانە ترسی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بوو کە خەڵک لەو داخوازییەی مێجەر سۆن سڵە مەییبوونەوە.

سۆن تەقەلایەکی تری دا بۆ بێدەنگکردنی هەندێک لەوانەو بۆ ئەوە دووریان بخاتەوە لە سلێمانی و لەیەکەوە نزیک نەبن هەندێکی کرد بە فەرمانبەرو مدیری ناحیە وەکو:

| | |
|---|---|
| ١. ئەورحمان ئاغای احمد پاشا | بۆ مدیری ناحیەی تانجەرۆ |
| ٢. ئەحمەد بەگی توفیق بەگ | = = = سورداش |
| ٣. ئەحمەد بەگی قادر پاشا | = = = سەرچنار |
| ٤. سید ئەحمەدی حاجی مامند | = = = سروچک |
| ٥. اسماعیل حقی (کۆنە ئەفسەری تورک) | = = = قەرەداغ |
| ٦. احمد فایق | سکرتێری مالی |
| ٧. ڕەزا بەگ | حاکمی شارباژێڕ |

(له راستیدا ئەو ناوانەی ئەحمەد خواجاو ئەو شوێنانەی بۆی دەسنیشان کردوون زۆر سەرچاوەی تر کە باسی ئەوانەی کردووە لەگەڵ ئەوەی ئەحمەد خواجادا یەک ناگرنەوە، بۆ نموونە وەکو باسمان کرد ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی ئەورحمان ئاغای ئەحمەد پاشای کردووە کە کراوە بە مدیری ناحیەی سروچک نەک بۆ ناحیەی تانجەرۆ، هەروەها ناوی حسێن ناظمی نەهێناوە کە زۆر سەرچاوە لەوانەی کە دەربارەی ژیانی حسێن ناظمیان نووسیوە دەڵێن ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا بۆ دوورخستنەوەی لە پێشدا کردیان بە مدیری ناحیەی سروچک و لەوێوە نێررا بۆ (مەرگە)و لە دواییدا بۆ ناحیەی (ماوەت).

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ :

*«مێجەر سۆن کە تەماشای کرد ئەو پڕۆپاگاندانەی لە رۆژنامەی پێشکەوتندا بۆ سوودی ئینگلیز بڵاوی دەکردەوە بێ هوودە بوون، بۆ هێمن کردنەوەو دڵنیایی کردنی خەڵک بەرامبەر بە سیاسەتی بریتانیا لە رۆژنامەکەیدا بڵاوی کردەوە کە بەم زوانە سەربەخۆیی کوردستان تەواو دەبێت و بڕیاری لەسەر دەدرێ (کەچی وەکو باسمان کرد لەولاشەوە مێجەر سۆن و ئینگلیزەکانی تر رۆژنامەکانی بغدادیان هان دەدا کە گاڵتە بە کورد بکەن و دەیان نووسی سلێمانی لیوایەکی عیراقەو دەبێ هەموو کوردەکان خۆیان بە عیراقی بزانن.»*

جارێکی تر سۆن بۆ چاوبەست لە ژمارە (٥٤)ی رۆژی ١٩٢١/٥/٥ی رۆژنامەکەیدا ئەمەی بڵاو کردۆتەوە:

*«بۆ ئەوەی لە بابەت مقدراتی کوردستانەوە گفت و گۆ بکرێ، جنابی حاکمی سیاسی (کە مێجەر سۆن خۆی بووە) بڕیاری دا بەرلەوەی بچێتە بغداد بۆ چاوپێکەوتنی مندوبی سامی بڕیاری دا بەرلەوەی ئۆغر بکا بۆ بغداد لەگەڵ ئەم پیاوە ناودارو ناسراوانەی سلێمانیدا ملاقاتێک بکا وە بۆ ئەو مەبەستە داوای کرد ئەمانەی خوارەوە ببینێت:*

*١- حاجی حسن نورس ئەفەندی — مدیری پۆلیس*

*٢- عزمی بەگی بابان — لە ئەشرافی سلێمانی*

٣. حاجی سعید ئاغا لە ئەشرافی سلێمانی
٤. حماغای عبدالرحمن ئاغا = = =
٥. عبد الکریم ئەفەندی عەلەکە خاوەن مولکی ناسراو

بۆ ئەوەی کورد لەگەڵ حوکومەتی عیراقدا پەیوەندی و یەکێتییان هەبێت، چونکە کوردستان زۆر پێویستی بە یارمەتیی هەیەو پێویستە کارێکی وا بکرێ عیراق زۆر یارمەتیی کوردستان بدا هەتا کوردەکان فێری بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بن و هەموو کاروباریش لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی حوکومەتی فەخیمەی ئینگلیزدا دەبێت».

لە ژمارە (٦٢)ی ڕۆژی ١٩٢١/٦/٣٠دا ڕۆژنامەی پێشکەوتن هەواڵێکی تیادا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی هەڵەبجە دەڵێ:

«ڕۆژی ١٩٢١/٦/٢٤ حاکمی سیاسیی سلێمانی چووە هەڵەبجەو خطبەیەکی خوێندەوە، لەبەر ئەوەی نارێکی و ناکۆکی هەبووە لەو ناوەدا بۆیە بڕیار درا هەر وەکو قەزاکانی تر لەسەر خواست و فەرمانی سێر پرسی کۆکس مجلس قەزای هەڵەبجە هەڵبژێردرێ کە لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەمانە هەڵبژێردران :

١. کریم بەگی فتاح بەگ (جاف)
٢ ئەحمەد بەگی عسمان پاشا (ئەحمەد موختار جاف)
٣. أفراسیا بەگ روستم بەگ (هەورامی)
٤. قادر بەگ جعفر سلطان (هەورامی)
٥. حامید بەگی مجید بەگ (جاف)

## ٢- هەڵوێست لە ناوچەکانی کرکوک و خانقین وکفریدا

لە باسەکانی پێشوودا و لەوانەی داهاتوودا بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆر لە کاربەدەستانی ئینگلیز جگە لە هەندێ هەڵوێستی چرچڵ و یۆنگ و نویل نەبێت ئەوانی تر هەمیشە دژی کورد بوون و دژی ئەوە بوون کرکوک بە بەشێک لە کوردستان بژمێررێ.

لە باسی کۆبوونەوەکانی لندن و کۆنگرەی قاهرەو رووداوەکانی دوای ئەوانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن یەکێکی وەکو پرسی کۆکس بەوپەڕی توندو تیژییەوە بەرهەڵستی هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی کردووە کە کوردستان لە عراق جیابێتەوە. ئەدمۆنسی شارەزای ناوچەکەو کاربەدەستی ئینگلیزی چالاک لەو رۆژانەدا بۆ سەرگرتنی سیاستی بریتانیاو دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لەو ناوچەیەدا شەو و رۆژ خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە کوردستان بە زۆرەملی بلکێنرێت بە عراقەوەو لە هەموو شوێنەکان زۆرتر مشووری هێشتنەوەی کرکوکی خواردووە کە لەگەڵ عراقدا بێت و بارەها ووتبووی ئەگەر کرکوک بەشێکیش بێت لە کوردستان دەبێ هەر لەسەر عراق بێت (توفیق وەهبی جارێک بۆی باس کردم کە ئەدمۆنس جارێک لە لندن گلەیی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە حکومەتی بریتانیا کە لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی کە بۆ ئیمبراطورییەتی بریتانیای کردبوو کەچی لەقەبی (Sir) یان نەدابوویەم .

لە راستیدا هۆی ئەو سەرگەرمییەو ئەو سووربوونەی کاربەدەستانی بریتانیا بۆ هێشتنەوەی کرکوک لەگەڵ عراقدا جگە لە ستراتیژی شوێنەکەی، نەوتی بابا گوڕگوڕ هۆی سەرەکی بووەو ئینگلیز لە لێکدانەوەو سیاستی خۆیدا دەربارەی دەس بەسەراگرتنی نەوت لە کوردستان و لە میسۆپۆتامیادا حیسابی ئەوەی کردبوو کە ئەو بیری نەوتانەی لە هەردوولادا هەبووە پێویستی بەوە بووە کە هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی یەک دەسەڵاتداردا بن و دەیانزانی کە هەتا سەر بۆیان دەس نادا بە زەبری هێزی سوپای خۆیان ئەو ناوچە پڕ لە نەوتە بپارێزن بۆیە پێویستی بە حکومەتێک

هەبووە کە هێزو توانای بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەی هەبێت بە مەرجێک لەژێر دەسەڵات و لەژێر رکـێفی خـۆیدا بێت و ئەو حکومـەتە دەسـەڵاتدارەی لە حکومـەتێکی یەکگرتووی عراق و کوردستاندا بەدی کردووە.

ئینگلیز بۆی دەس نەدەدا بە بۆری نەوتی کوردستان بەسەر خاکی عەرەبی عراقدا بە کێش بکات بۆ سەر دەریا کـە حیسـابی ئەوەی کـردبوو لە دوارۆژدا لەو رووەوە کێشەیەکی زۆری تووشی دەبێت (وەکو ئەو کێشەیەی لە نێوانی عراق و سوریادا لەو رووەوە پەیدا بووەو تا ئێستەش چارەسەر نەکراوە).

لەبەر ئەوە هەمیشە بیانووی ئینگلیز بۆ لکاندنی کوردستان بە خاکی عراقەوە ئەوە بووە کـە دەی ووت کـورد لەسـەر دەریا نیـیـەو باری بازارو بازرگـانیی کـاڵاو بەرهەمـەکانی کوردستـان کورد ناچار دەکا کە لەگەڵ عـراقدا بێ و بارەها بازرگان و پارەدارەکانی کوردی بەوە دەتۆقاند کە پێی دەووتن: باشە ئەگەر کوردستـان لە عراق جیابێتەوە ئەی ئێوە تووتنەکەتان دەبەن بۆ کوێ؟

ئینگلیز بۆ سەرگرتنی ئەو نەخشەو پیلان و سیاسەتەی هەر لەسەرەتاوە بایەخێکی زۆری دابوو بە کرکوک و ئینگلیز هەمیشـە هێزی سوپایی خۆی لە کرکوکدا بەهێز کردووەو بەڕێوەبردنی کوردستـان بەزۆری لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیز لە کرکوکدا چاودێری کراوەو رێ پیشاندان و نەخشەکێشانی کوردستان بەزۆری لە کرکوکدا ساز دەکراو لەوێوە سەرنج و پێشنیـاز دەنێررا بۆ مندوبی سامی و کـاربەدەستـانی تر لە بغداد.

پاش ماوەیەک هەولێر کە نیمچە لیوایەکی سەر بە کرکوک بوو جیا کرایەوەو کرا بە لیـوایەکی سەربەخۆ و بۆ کـرکـوکـیش نەخشـەیەکی دوورو درێژی وا کـێشرا کـە کرکوک شەقلی کوردایەتیی تەواوی پێوە نەمێنێ و بۆ ئەو مەبەستەو بۆ پەیداکردنی لەنگەرێک کـە لەگەڵ سیاستی ئەو رۆژانەو دوارۆژیاندا یەکی دەگرتەوە ژمارەیەکی زۆر لە عەشایری عەرەبیان لە دواییدا لە (حەویجە) نیشتەجێ کردو هاتنی هەندێ بنەماڵەی تکریتی لە کرکوکدا یەکێک بووە لەو سیاسەتەی کە وا لە کرکوک بکرێ نەتوانرێ کرکوک بە شارێکی کوردستان بژمێررێ کە لەوساوە ئەو سیاسەتە رۆژ لە

دوای ڕۆژ زۆرتر بەکار دەهێنرێت و ئیمڕۆ وای لێ هاتووە کورد لە کرکوکدا ناتوانێ خانووی تازە بکا یا خانوو بکڕێ.

بە کورتی ئەو نەخشەیەی ئینگلیزدەربارەی کرکوک و دەوروبەری کێشابووی، توانرا بە تەقەلاو بەپێی نەخشەیەکی درێژخایەن وا بکەن کە لەو ڕۆژانەدا کرکوک بە بەشێک لە حوکمدارییەتەکەی شێخ مەحموود نەژمێررێ ئەگەرچی وەکو لە کتێبەکەی ئەدمۆنسدا باسی کردووە کە شێخ مەحموود قەت بەوە قابل نەبووەو هەمیشە کرکوکی بە کوردستان داناوە.

لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371 - 5069 کە تەرخان کراوە بۆ ڕاپۆرتی ساڵی ١٩١٩ (لە ١/١/١٩١٩ تا ١٩١٩/١٢/٣١) دەربارەی کرکوک دەڵێ:

*«کاپتن دۆگلاس یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسیی بریتانی لە کرکوک هەتا مانگی حزیرانی ١٩١٩ مایەوەو لە دواییدا نێررا بۆ کفری و لە مانگی مارتی ١٩١٩دا کاپتن میللەر کرا بە سەرکردەی هێزی لیڤی لە کرکوک.*

*لەو ماوەیەدا بانگەوازی کوردستان بۆ کوردە لەلایەن سەرۆکەکانی کوردەوە بەرزکرابووەوەو لە ناوچەی کرکوکدا (٩) کەس لە شێخەکانی کورد (مەبەست لە سەرکردەو سەرەک عەشیرەت و ناسراو بووە) هەر یەکەیان بە ناوی خەڵکی دێهاتی خۆیانەوە لە بەینی (چوار هەتا پێنچ) سکالایان دابوو بە سەرۆکەکانیان کە ئەمانە نیوەی ناوچەی کرکوکی دەگرتەوە کە بریتی بوون لە ناوچەی تالەبان و صلاحیە (کفری) و کاکەیی و داوودەو ناوچەی قەرە حسن».*

لەو دۆکیومەنتەدا گلەیی لە سیاسەتی مێجەر نویلی حاکمی سیاسی سەردەمی حوکمدارییەتی یەکەمی شێخ مەحموود دەکا کە لە سلێمانیدا بووە دەڵێ:

*«سیاسەتی نویل لە سلێمانیداو پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیی کورد لە سلێمانیدا لە ماوەی بوونی نویل لە سلێمانی کارێکی تەواوی کردبووە سەر ناوچە کوردییەکانی کرکوک و پریشکی هەستی نەتەوایەتیی کورد لەو ڕۆژانەدا کرکوکیشی گرتبووەوە.*

*ئەوەی لە ناوچەی سلێمانیدا لە ماوەی مایس هەتا تموزدا ڕوویدا (مەبەستی*

*شۆڕشەکانی شێخ مەحموود تا شەڕی دەربەندی بازیان بووە)، لە کرکوکدا رووی نەدا هەرچەند لەلایەن خەڵکی کفری و لەلای دەلۆ و زەنگەنەوە هەندێ جم و جۆڵ لە نێوانی کفری و ناوچەی دەسەلاتی شێخ مەحمووددا دەبینرا، بەلام ساتێک ئاگری بن کا نەما (نیاز لە شێخ مەحموود بووە)، ئیتر ئێرەش (کرکوک) کپ بوو و ئارامی گرت».*

سکرتێری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ کاروباری هندستان (لە ساڵی ۱۹۱۹دا هێشتا میسۆپۆتامیا لەلایەن ئیدارەی ئینگلیز لە هندستانەوە سەرپەرشتی دەکراو لە دواییدا بەسرایەوە بە وەزارەتی مستعمرات) لە تیلیگرافێکدا کە لە رۆژی ۱۹۱۹/۸/۲۲دا ناردبووی بۆ نوێنەری حکومەتی بریتانیا لە بغداد بە ئاشکرا مەبەستی ئینگلیزو سیاستی ئینگلیزی ئەو رۆژانەی روون کردۆتەوە کە دەڵێ:

*«دەوڵەتی خاوەن شکۆی بریتانیا بە ووردی لە مەسەلەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان قزراباط و کفری و کرکوک کۆڵیوەتەوە، جگە لە سوودو پێویستی بوونی ئەو هێڵە بۆ هەندێ مەبەستی تر، ئێمە لەبەر هەندێ هۆی ستراتیژی و بۆ دەستەمۆکردنی کوردەکانی خوارووی کوردستان داوای ئەوە دەکەین بەپەلە دەست بکرێ بە تەواوکردنی ئەو هێڵی شەمەندەفەرە.*

*دەوڵەتی خاوەن شکۆ هەتا ئێستە بۆیە پشتیوانیی لە سیاسەتی چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی کردووە لە کوردستاندا چونکە لای وابوو کە دانیشتوەکان پڕ بە دڵ پێشوازی لەو دەسەلاتدارییەتەی ئینگلیز دەکەن لە ناویانا، وە لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیازەی لە تیلیگرافی رۆژی ۹/ی ئایاردا دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی کوردتان پەسەند نەکرد لەژێر فەرمانڕەوایی سەرۆکە کوردەکانا، وا دیارە ئێمە لەو بۆچوونەمانا بەهەڵەدا چووبووین چونکە کورد لەجیاتی ئەوەی پێشوازی لە دەسەلاتی ئینگلیز بکەن بەپێچەوانەوە زۆر بە توندو تیژی دژایەتیی دەنوێنن بەرامبەر بە بریتانیا، لەبەر ئەوە درووست کردن و تەواوکردنی ئەو هێڵی شەمەندەفەرە ستراتیژییە بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە».*

دەربارەی هەڵوێست لە ناوچەی خانقین و کفری کە لە ناوچەکانیانا وەکو شوێنەکانی

تری کوردستان بە هۆی لووت بەرزی و حوکمی قەرەقۆشی ئەفسەرەکانی ئینگلیزەوە ئالۆزا بوو خەڵک بەتەواوی لە نیازو لە رەفتاری ئینگلیزەکان بێزار بووبوون، هەندێ نووسەر باسی رووداوەکانی خانقین و کفرییان کردووە.

مصطفی نەریمان لە کتێبەکەیدا (ئیبراهیم خانی دەلۆ) دەربارەی هەڵوێست و رووداوەکانی ئەو رۆژانە لە ناوچەی خانقین و کفریدا نووسیویەتی و دەڵێ (٢٤):

*«ئیبراهیم خان بڕیاری دا کفری لەدەس ئینگلیزەکان رزگار بکا. کاپتن (ماترسون) کە جێگری حاکمی سیاسیی بریتانیا بوو لە خانقین خۆی و خێزانەکەی بەپەلە لە ١٤/٨/١٩٢٠دا خانقینیان بەجێ هێشت و شۆڕشگێڕەکانی کوردی ئەو ناوچەیە بە سەرۆکایەتیی خورشید بەگی (دەلۆ) چوونە ناو خانقینەوەو ئەو هێزەی ئینگلیزەکان ناردیان بۆ رزگارکردنی خانقین شکاو کوردەکان لەو شەڕەدا زۆر شتی ئینگلیزیان دەسگیر بوو شەمەندەفەرەکەیان سووتان (ئەو شەمەندەفەرە هێزی سەربازانی ئینگلیزی پێ دەگوێزرایەوە).*

*ئیبراهیم خانیش داوای لە عەشایری (رۆغزایی)و (تەرخانی) کرد (کە هەردووکیان لە عەشیرەتی جاف بوون) یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی کفری رزگار بکەن.*

*لە ٢٢/٨/١٩٢٠دا ئیبراهیم خان و چەکدارەکان کە لایەنگری بوون چوونە سەر شاخی (باوە شاسوار) کە بەسەر کفریدا دەڕوانێت، کاپتن (سالمۆند) داوای لە ئیبراهیم خان کرد کە واز لە شۆڕش بێنێت و هێزەکەی بکێشێتە دواوەو بەرامبەر بەوە دەیکا بە قائمقامی کفری.*

*بەڵام ئیبراهیم خان بڕوای بەو بەڵێنە نەکردو (سالمۆند)ی بەدیل گرت و چەکدارەکان چوونە ناو کفرییەوەو دانیشتوان لەناو خۆیانا ئەنجومەنێکیان بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم خان دانا کە کاروباری ناوچەکە ببا بەڕێوە.*

*دوای ئەوەی کفری داگیر کرا ئینگلیزەکان بە سەرکردایەتیی (دگلسن) کە جێگری (سالمۆند) بوو هێرشی بردە سەر کفری و ژمارەیەکی چەکداری تاڵەبانی بە سەرۆکایەتیی شێخ وەهابی تاڵەبانی لەگەڵا بوو وە لە ٣/٨/١٩٢٠دا لە سێ لاوە ئەو هێزەی ئینگلیز پەلاماری کفریی داو لەو شەڕەدا نزیکی (١٠٠) سەربازی*

بریتـانی و هیندی کـوژران و (١٦) لۆری سـووتێنراو چەند مـەترەلیـوزێک گـیـراو
شۆڕشگێڕانی کورد لەو شەڕەرا (٧) شەهیدیان هەبوو.
(سالمۆند) کە بەدیل گیرابوو لەلایەن رشید عوسمانی سنجاوییەوە کوژرا بەڵام
ئیبراهیم خان ئەو کوشتنەی بەدڵ نەبوو چونکە کوشتنی دیل دوور بوو لە ڕەوشتی
کوردایەتی.
لەو شـەڕەدا شـێخ وەهابی تاڵەبانی بە شکاوی گـەڕایەوە بۆ کـرکـوک بۆ لای
(لۆنگریک) دوای ئەو شەڕە فەرمان دەرچوو هێزێکی گەورەی ئینگلیز لە کرکوکەوە
بە سـەرکـردایەتیی (مـێجـەر لوی) بەرەو کـفـری ڕۆیشت کـە ئەو هێزە چەک و
جبەخانەیەکی زۆریان پێ بوو، مراد بەگ سەرکردەی هێزی لیڤی بوو لە کوژرێ ئەو
شەڕەدا.
ئینگلیـزەکـان لەسـەرەتادا طوزخـورمـاتوویان گـرت و کـوردەکـان لەو شـەڕەی
طوزخورماتوودا (٤٤) شەهیدیان هەبووە.
دوای ئەوە ئینگلیـز بە فـڕۆکـە بوردومـانی (البـو صـبـاح)و (سلێمـان بەگ)و
(خاصەدلۆ)یان کردو خانووەکانیان سووتاند.
ئینگلیزەکان داوای (٣٥) هەزار ڕوپیەیان کرد لەگەڵ (١٣٠) تفەنگ لە عەشایری
(دەلۆ) وەکـو سزایەک لە بەشـداربوونـیـان لەو شـەڕەدا بێجگە لەوانە داوای (١٠)
هەزار ڕوپیەو (٢٠٠) تفەنگیشیان لە ناوچەی (بەیات) کردو بۆ شاری طوزخورماتو
(١٧) هەزار ڕوپیەو (٥٠٠) تفەنگ سزا دانرا.
ئینگلیزەکـان بۆ داواکردنی ئەو سزایانە بەیانێکیان بڵاوکردەوە کە بەپێی ئەوە ڕۆژی
١/ئەیلولی ١٩٢٠یان دانا.
لە دوای طوزخورماتو ئینگلیزەکان چوونە کنگربان و لەوێوە نامەیەکیان نارد بۆ
ئیبراهیم خانی دەلۆ کە کفری چۆڵ بکاو هێزەکانی ئینگلیز لە ١٩٢٠/٩/١دا چوونە
ناو شاری کفرییەوەو کە چوونە ناو شار هەموو بازاڕو دوکان داخرابوو و خەڵکەکە
هەموو وەکو تەعزێ بار ڕەشپۆش بوون.
بەو جۆرە ئەو ڕاپەڕینەی ئیبراهیم خانیش لەو ناوچەیەدا بە زەبری فڕۆکەی ئینگلیزو

*به هێزی سوپای ئینگلیزو بەکرێ گرتەی ئینگلیز کۆتایی پێ هات و ئیبراهیم خان به نەخۆشی لە کانونی دووهەمی ١٩٢١دا کۆچی دوایی کرد».*

رۆژنامــەی پێشـکەوتن لـە ژمــارە (٢٤)ی رۆژی ٧/ . ١/ . ١٩٢دا لـە لاپەڕە (٤)دا باسی شەڕی ئەو ناوچەیەی کـردووەو ووتوویەتی لە ٢٩/٩/ . ١٩٢دا ئـەو ئاوایـیانەی (دەلۆ) کە لە قـەزای کفریدا بوون سووتێنران و کوێخاکـانیان هەموویان یا گیران وە یا رایان کردە ناو عەشایری (عزّە).

ئەوەی لیرەدا پێویستە بوترێ ئەوەیە کە راستە ئیبراهیم خان ئەو شۆڕشەی کردووەو بەرامبـەر بە هێزی داگیـرکـەر راپەڕیوە، بەڵام کـاشکی ئەو شـۆڕش و راپـەڕینەی لەو رۆژانەدا بوایە کـە هێزی ئینگلیـز بـەکـێش کـرابوو بۆ ناوچەی دەربەندی بازیان لە ساڵی ١٩١٩دا کە دوور نەبوو بە بڵاوبوونەوەی شۆڕش لە زۆر شوێنی کوردستـاندا گەلێک هەڵوێستی دەگۆڕی و کاشکی شێخ مـەحموودیش لەو شۆڕشەی ناوەڕاستی ساڵی ١٩١٩دا پەلەی نەکردایەو چاوەڕوانی ئەوەی بکردایە کە پەیوەندییـەکی تەواو لە نێوانی شـۆڕشگێڕانی کـورد پەیدا ببـوایە ئەوسـا شۆڕشـەکەی بکردایە کە ئەمـە رەخنەیەک بووە لەو رەخنانەی لە یەکەم حوکمدارییەتی شێخ مەحموود گیراوە.

# ٣- هەڵوێست لە ناوچەی ڕواندوزو هاتنی تورک بۆ ئەو ناوچەیە

بە هۆی ڕەفتاری نالەباری ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو نائومێدیی کورد بەرامبەر بەو بەڵێنانەی کە ئینگلیز بە کوردیان دابوو، تورکە کەمالییەکان کە چاویان بڕیبووە ئەوەی ویلایەتی موصلیان دەست بکەوێتەوە، توانییان لە هەندێ ناوچەی خوارووی کوردستاندا جێ پێیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوەو لەوێوە دەس بکەن بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندە دژی ئینگلیزەکان.

ڕەفتارە نالەبارەکانی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد، کوردی ئەوەندە داخ لە دڵ کردبوو وای لێ کردبوو تاوانی کۆنی عوسمانییەکانی لەبیر بچێتەوە لەبەر ئەوە پێشوازییان لە پێشەنگی تورکەکان کرد کە هاتنە ناوچەی ڕواندزو ژمارەیەکی زۆری سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە بوون بە لایەنگری تورکەکان.

لە نووسەرانی خۆمان گەلێک نووسەر باسی چۆنیەتیی هاتنی تورکەکانیان کردووە وەکو ئەحمەد تەقی و رفیق حلمی، هەروەها نووسەرەکانی ئینگلیزیش وەکو ئەدمۆنس و لۆنگریک لە کتێبەکانیانا باسی چۆنیەتیی هاتنی تورکیان کردووەو دۆکیومەنتەکانی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا گەلێک ڕاپۆرتی تیادایە دەربارەی هاتنی تورکەکان و باسی جم و جۆڵیان لە خوارووی کوردستاندا.

کاک علی کمال یەکێک بووە لەو ئەفسەرە کوردانەی لەو ڕۆژانەدا هێشتا لە ئەستەمبول بووەو نەگەڕابووەوە بۆ کوردستان و ئاگاداری هاتنی تورکەکان بووەو خۆشی یەکێک بووە لەوانەی تورکەکان هەر وەکو ئەفسەرێک داوایان لێ کردبوو کە بچێتە ناو کوردستانەوە دژی ئینگلیزەکان جم و جۆڵ لەناو کوردەکان پەیدا بکا (کاک علی کمال لە ١٩٢٢/١٩٢٣دا گەڕایەوەو ساڵی ١٩٢٣ معاون شرطە بووە لە کۆیسنجق).

لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ علی کمال باسی ئەو ڕۆژانەی بەو جۆرەی خوارەوە بۆ

کردم:

«کە ساتێک تورکەکان بیریان لەوە کردەوە کە لە ناوچەی رواندزدا جم و جۆڵێک بکەن و خەڵک دژی ئینگلیزەکان هان بدەن لە کوردستاندا، من ئەوسا هێشتا لە ئەستەمبول بووم و لە سوپای تورکدا بووم. رۆژێک عاکف بەگ (ئەو عاکف بەگەی کە علی کمال باسی کردووە لە زەمانی عوسمانیدا لە شاری حلەی عراق ئامیر هێزی عوسمانی بووەو بە راسپاردەی ئەو ئەو هێزی سوپایەی تورک کە لە حلەدابووە دەس درێژییان کردبووە سەر ژن و ئافرەتانی حلەو لەوەوە ئەو کردەوە ناهەموارە لەناو حلاوییەکان و خەڵکی تریشدا بە «دگة العاکف ناوبراوە) لە جزیرەی ابن عمر ناردی بە شوێن من و صالح زکی صاحبقرانداو پێی ووتین بڕیاری داوە کە پێویستییەکی نیشتمانی و سەربازی بە هەردووکمان بسپێرێت و پێی ووتین پێویستە هەردووکتان بەشداری بکەن لەو نەخشەیەی کە دانراوە بۆ داگیرکردنەوەی عراق و پێی ووتین ئیمرۆ ئەو ناوچەیە هەر وەکو ئاگردان جۆشی سەندووەو خەڵک بەتەواوی لە ئینگلیز بێزار بوون و ئینگلیزەکان لەو ناوچانەدا دەسەڵاتیان زۆر کزو لاواز بووە، بۆیە پێویستە ئێوە بەپێی بڕیاری ئەو نەخشەیە بچنە ناو عەشیرەتە کوردەکانەوە لە خوارووی کوردستانداو جم و جۆڵێک ساز بکەن و ئێمەش پارەو چەکتان دەدەینێ و لەوێش دوو ئەفسەری تری سەر بە خۆمانی لێیە کە ناویان قالەی ئایشەخان و ماجد مصطفایە، بەڵام بە مەرجێک کە چوونە ناو عەشیرەتەکانەوە نابێ بە هیچ جۆرێک بەڵێنی سەربەخۆیی یا خودموختاری بە کورد بدرێ و بە هیچ جۆرێک نابێ رێگەی ئەوە بدرێ باسی ئەو جۆرە شتانە بکرێ.

کە من و صالح زەکی لای عاکف بەگ چووینە دەرەوە صالح زەکی لێی پرسیم تۆ بڕیاری چی دەدەی دەربارەی ئەو داخوازییەی عاکف بەگ؟؟ منیش پێم ووت ئەگەر بە زۆر نێرراین من تەنها هەتا رواندز لەگەڵتان دەبم و لەوێوە دەچمە سلێمانی چونکە نامەوێ ببم بە کرێ گرتەی تورکەکان و دووبارە تورک بهێنینەوە سەرخۆمان، جگە لەوە ئەو کردەوەیەشمان دەبێتە هۆی ئەوەی بە دەستی خۆمان ئینگلیزەکان وا لێ بکەین بە فڕۆکە کوردستان وێران بکەن. صالح زەکی پێی ووتم: ئافەرین، منیش

هەر لەسەر ئەو باوەڕو بۆچوونەی تۆم.

لەدوای سێ ڕۆژ عاکف بەگ ناردی بە شوێنماو ووتی بڕیارمان داوە صالح زەکی بخەینە ژێر مەعیەتی (حەزرەتی سنوسی)و هەردووکیان بنێرین بۆ عراق (لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730 16 ڕۆژی ١٩٢١/١١/٢١دا وەکو لە شوێنی خۆیدا لێی دەدوێین باسی ئەوە دەکا کە تورکەکان شێخی سنوسیان هێنابوو بۆ پڕۆپاگاندەکردن دژی ئینگلیزەکان لە میسۆپۆتامیادا)، وە بڕیار درا کە تۆش لەگەڵ ئەمین العمریدا بڕۆی ئەوەش پێویستیی سەر شانی تۆیە، منیش لە وەرامدا بە عاکف بەگم ووت: ئەگەر من (علی کمال) لەگەڵ صالح زەکی بەگدا نەبم ناتوانم هیچ بکەم چونکە عەشایری ئەو ناوچەیە ئەو دەناسن و ئەگەر ئەومان لەگەڵا نەبێ من و چەند سەربازێک بچینە ئەو ناوە رووتمان دەکەنەوەو هیچمان پێ ناکرێ (لە باسی حوکمدارێتیی شێخ مەحموودا باسی گەڕانەوەی صالح زەکی صاحبقران دەکەین).

کاک علی کمال دەڵێ: کە ئەمەم ووت عاکف بەگ بە تووڕەییەوە ووتی: بڕۆ بەڵام لای هەر کەسێک باسی ئەم گفت و گۆیە بکەی و بیبیسمەوە هەڵت دەواسم.

کە چوومە دەرەوە صالح زەکی بەگم بینی، بۆم دەرکەوت کە پێیان ووتبوو: ناگونجێ دوو ئەفسەری کورد پێکەوە بنێررێن بۆ فەرمانێکی وا گرنگ.

صالح زەکی بۆی باس کردم کە عاکف بەگ بەرلەوەی بنێرێ بە شوێن تۆدا (علی کمال) ناردی بە شوێن منیشداو پێی ووتم لەگەڵ ئەمین العمریدا بچم بۆ ئەو فەرمانە بەڵام ئەوەم قبووڵ نەکرد چونکە هەرچەند من بە ڕوتبە لە ئەمین العمری لەپێشترم بەڵام چونکە ئەو لە ئەرکانی حرب دەرچووبوو لەبەر ئەوە دەبوایە لەژێر دەستی ئەوا بوومایە (ئەمین العمری لە دواییدا گەڕایەوە بو عراق و لە ناو سوپای عراقدا کرا بە رئیس ئەرکان و لە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە بغدادەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی ١٩٤١دا دوای هەرای رشید عالی باسی ئەمین العمری دەکەین).

علی کمال لەو گفت و گۆیەی لەو ڕووەوە لەگەڵما کرد ووتی: کە ئەوەی شێخی سنوسی سەری نەگرت ئیتر تورکەکان بڕیاریان دا یوزدمیر (علی شفیق) بنێرن بۆ ئەو فەرمانە کە کابرایەکی لەگەڵا بوو ناوی (رمزی) بوو کە ئەوسا لای تورکەکان

مدیری ناحیە بوو شارەزای هەندێ لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان بوو»

ئەحمەد تەقی کە خۆی دەستێکی بالای هەبووە لە هێنانی تورکەکان بۆ ناوچەی رواندز لە یاداشتەکانیا باسی هاتنی تورکەکانی بۆ رواندز بەم جۆرە کردووە (٤):

«کە ساتێک نوری باویل ئاغاو حەمە دەشینی سەرچیاو خدر ئاغای کوڕی لەگەڵ شێخەکانی بجیل و عەشیرەتی سورچي و شێخ کاکە ئەمینی سەلان بە هەموویان رواندزیان گرت و ئیسماعیل بەگی رواندزی کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرابوو بە قائمقامی رواندز لە رێگای (ناودەشت)وەو رای کردبوو، غفور خانی ناودەشتیش لە دەست بابکری سلیم ئاغای پژدەری و حاکمی سیاسی رای کردبوو ئەویش خۆی گەیاندە رواندز. لەو رۆژانەدا کە ئەو رووداوەم بۆ شێخ ئەمینی سەلان و ماجد مصطفی گێڕایەوە، بڕیار درا کە من بچم بۆ رواندز بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاناو ئەو بڕیارەش عەرزی هەباسی مەحمورد ئاغای پژدەری کراو (هەباس ئاغا لەو رۆژانەدا لەگەڵ بابکری سلیم ئاغاو ئینگلیزەکانا نارێک بووە) کە چوومە رواندز لەگەڵ غفور خانی ناودەشتدا کۆبوونەوەیەک کرا کە لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە غفور خان، باویل ئاغاو نوریی کوڕی و حەمە دەشینی سەرچیاو خدر ئاغاي کوڕی و شێخانی بجیل و کاکە ئەمینی سەلان و ئەحمەد بەگی بگۆک و هەندێ کەسی تر لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریان کردو هەڵوێستی ناوچەی پژدەرم بۆ روون کردنەوەو هەموو هاتنە سەر ئەوەی کە پێویستە هێزی لایەک هەبێ کە کورد پشتی پێ ببەستێت کە لەو رۆژانەدا تورکەکان دژی ئینگلیز بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەوە کرا کە چۆن ئینگلیزەکان هێرشیان بردبووە سەر شێخانی بجیل و فارس ئاغای زێبارو شێخ ئەحمەدی بارزانی و چۆن هەموویان ناچار کرابوون پەنا ببەنە بەر سمایلخانی شوکاک (سمکۆ)و شێخانی بجیل لە ناوچە شاخاوییەکانا خۆیان شاردبووەوەو لەو کاتەدا بوو کە (یوسف بەگ)ی برای ئەحمەد بەگی بگۆک لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کوژرابوو، لە دوای باسی ئەو رووداوانە بڕیار درا کە وا چار نییەو دەبێ پەنا ببرێتە بەر هێزی تورک بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان و لەو کۆبوونەوەیەدا نامەیەکی والیی (وان)یان پیشاندام کە پڕ بوو لە

بەڵێن و پەیمان بۆ یارمەتیدان و پشتگیری کردن.

منیش بەو خەڵکەم ووت: وا باشە بزووتنەوەکەمان لەگەڵ سمکۆدا یەک بخەین، بەڵام پێیان ووتم نامەیان ناردووە بۆ سمکۆ لەو رووەوەو لە وەرامدا ووتبووی ناتوانم بەشداریی بزووتنەوەکەی رواندز بکەم (سمکۆ لەو رۆژانەدا نەی وویستبوو دڵی ئینگلیزەکان لە خۆی برەنجێنێ چونکە بە هیوای ئەوە بوو ئینگلیزەکان یارمەتیی بدەن کە دژی تورک و ئێران راپەرێت وە لە باسەکانی داهاتوودا تەقەلای سمکۆ بۆ پەیوەندی کردن بە ئینگلیزەکانەوە لە رێگای بابکری سلیم ئاغای پژدەرەوە باس دەکەین کە دۆکیومەنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بە دوورو درێژی لەوە دواون، بەڵام رووداوەکان دەریان خست کە سمکۆ لەو هیوایەیدا بە هەڵەدا چووبوو چونکە ساتێک سید طەی شمزینیی ژن برای سمکۆ چووە بغداد بۆ ئەو مەبەستە ئینگلیزەکان دەستیان نا پەرۆویەوە وەکو لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین).

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«کە چوومە (باشقەلا) بۆ لای سمکۆ بۆم دەرکەوت کە بە لای سمکۆوە وابوو چوونی تورکەکان بۆ ناوچەی رواندز زیانی زۆرتر دەبێ وەک لە سوودی، بەڵام فارس ئاغای زێباری کە بە خۆی و دووسەد چەکدارەوە چووبووە لای تورکەکان لە رواندز ئەو بەپێچەوانەی سمکۆوە هاتنی تورکەکانی بە باش دەزانی. لە ئەنجامدا هەموو بڕیاریان دا کە من بچمە (وان) بۆ هێنانی سوپای تورک بۆ رواندز وە لەوێ لەگەڵ قدری بەگی والیی (وان) گفت و گۆ بکەم (قدری بەگ یەکێک بووە لە ئەشرافی وان)، بەو پێیە لە تشرینی دووهەمی ۱۹۲۰دا بووم بە نوێنەری شۆڕشگێڕانی کوردو چوومە (وان)و (فتاحي شانەگەر)یشم لەگەڵدا بوو کە بەرلەوە شارەزاي نامەبردن و هەواڵ هێنان بوو لە نێوانی والی و رواندزداو شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لەو ناوچانەداو حمیدی پیاوی شێخ ئەمین سندۆلانیشم لەگەڵ خۆمدا بردو لە پێشدا چووینە (نەهری) کە لە شەڕی جیهانیدا لەلایەن روس و ئەرمەنییەوە بەتەواوی وێران کرابوو، ماڵی شێخ قادری شمزینی و سید طە تەنها دیوارەکانی بەپێوە مابوو، لەوێ محموود فاضل کە خەڵکی عراق بوو وەکیلی قائمقام بوو بۆی باس کردم کە هەمو کوردەکانی

ژووورووی وویلایەتەکانی رۆژهەلاتی تورکیا لەگەڵ مصطفی کمالدا ریک کەوتوون و پەیوەندییان بە حکومەتي خلیفەوە نەماوە لە ئەستەمبول. رۆژی دوایی چوومە (چاری) کە سمکۆی لێ بوو هەلوێستی خوارووی کوردستانم بۆ روونکردەوە وە لە ئەنجامی گفت و گۆدا بۆم دەرکەوت بۆچوون و هەستی سمکۆ لەگەڵ ئەوەی کوردەکانی خوارووی کوردستاندا یەکی نەدەگرتەوەو جیاواز بوو، سمکۆ پێی ووتم: ئێستە ئینگلیز زۆر بەهێزە و بەرەنگاربوونەوەی زیانی زۆرترە وەک لە سوودی و گومانی لەوەدا هەبوو کە تورکەکان هێزێکی وایان هەبێ کە بتوانن یارمەتیی شۆرشی کورد بدەن و سمکۆ وای بە باش دەزانی کە جارێ بزووتنەوەکە لە کوردستانی ئێراندا بەهێز بکرێت و لەوێوە هەوڵ بدرێ کورد یەک بخرێ.

لەگەڵ سمکۆدا بڕیار درا کە بچینە لای قەرەنی ئاغای مامش و لەوێوە ئاگاداری هەباس ئاغای پژدەر بکەین کە لەو رۆژانەدا لە (سەردەشت) بوو.

لەو کاتەدا تیلیگرافێک لە (وان)ەوە هات بۆ سمکۆ داوای لێ کرابوو ئەو کەسەی کە لای تۆیەو لە خوارووی کوردستانەوە هاتووە (ئەحمەد تەقی دەڵێ نیاز لە من بوو) پێویستە بەپەلە بچێتە (وان). منیش کە چوومە وان تەماشام کرد مەحموود جودت لەوێ بوو کە لەدەس مێجەر سۆن رای کردبوو و تورکەکان کردبوویان بە سەرکردەی جندرمە لە (وان).

کە چوومە لای والیی وان و کاروبارو هەڵوێستم بۆ روونکردەوە، ئەویش ئەوانەی هەموو بە تیلیگراف گەیاند بە ئەنقەرەو دوای چەند رۆژێک والیی وان ئاگاداری کردم کە حکومەتی مرکزیی تورک (نیازی لە حکومەتی کمالییەکان بووە لە ناوچەی ئەنەدۆڵدا) بڕیاري داوە مەفرەزەیەک بە سەرکردایەتیی محی الدین بەگی یوزباشی بنێرێت بۆ رواندز، بەلام لەبەر ئەوەی زستان بوو داوا لە من کرا بمێنمەوەو فتاحی شانەگەر بگەرێتەوە بۆ ئەوەی شۆڕشگێرەکان دڵنیا بکا کە چاوەڕوانی یارمەتی بن.

لە مانگی نیسانی ١٩٢١دا لەگەڵ محی الدین بەگ کە مەفرەزەکەی بریتی بوو لە (١) طۆپ و دوو مەترەلیوزو چەند تفەنگێک و هەندێ جبەخانەو ژمارەی سەربازەکانیشی لەپاش ئەوەی بلووکەکەی (نەهری) گەیشتە لامان هەمووی گەیشتە

(١٠٠) سەربازو چوار پێنج ئەفسەرو کە گەیشتینە ڕواندز خەڵک هاتن بە پیرمانەوەو ڕەفتاری ئینگلیزەکان وایان کردبوو کە کورد دڵی بەو چەند سەربازە کەمەش خۆش بکات.

ئینگلیزەکان بەرامبەر بە هاتنی ئەو تورکانە شێخ محمدی باڵەک و محمد علی ئاغای جندیانیان هاندا بەڵام لەپاش هاویشتنی یەک طۆپ هەموو بڵاوەیان لێ کردو تەسلیم بوون.

کە چووینە ڕواندزەوە ئەنجومەنێکی میللی پێک هات لەمانە:

| | |
|---|---|
| ١- شێخ ڕەقیبی سورچی | سەرۆکی ئەنجومەن |
| ٢- ئەحمەد تەقی | نائیبی سەرۆک |
| ٣- شێخ ئەمینی سەلان | ئەندام |
| ٤- شێخ جوادی سەلان | = |
| ٥- غفور خانی ناودەشت | = |
| ٦- خدر ئاغای سەرچیا | = |
| ٧- ئەحمەد بەگی بگۆک | قائمقام |
| ٨- نوری یاویل ئاغا | قۆماندانی جاندرمە |
| ٩- شوکت ئەفەندی | سەرۆکی شارەوانی |

ناوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە نێررا بۆ والیی (وان).

ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا بە (٦٠) سوارەی لیڤیی کورد ناوچەی حریرو باتاسیان دەبرد بەڕێوە بە سەرکردایەتیی شێخ جوادو خدر ئاغا.

لەپاش چەند ڕۆژێک نزیکی (٢٠٠٠) تفەنگچی نێررایە سەر قەڵای باتاس و لە دوای شەڕێکی گەرم (٥٩) سوار بە خۆیان و وڵاغەکانیان و چەکەکانیانەوە بەدیل گیران و ئەو تاکە کەسەی کە مابوو ئەفسەرێکی کورد بوو کە کوژرابوو.

لەو هێرشــــەدا دەسکەوتێکی زۆر هەبوو لە دەغڵ و دان و ڕۆژی دوایی چووینە حریرو شێخ ڕەقیبی بجیل کرا بە قائمقامی حریر.

ئەو راپەڕین و سەرکەوتنە کارێکی زۆری کردە سەر خەڵک و فارس ئاغای زێباری بۆ پیرۆزبایی لەو سەرکەوتنە هاتە حریرو میرانی قادر بەگی خۆشناو کە حاکمی ئینگلیزەکان بوو لە شقلاوە بە نهێنی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبوو، بێجگە لەوانە شێخ ئەحمەدی بارزانیش هاتە رواندزو بۆ دەربڕینی پشتگیری و لایەنگیری لە شۆڕشگێڕان و (٢٠) تفەنگچی خۆی لەژێر سەرکردایەتیی شریف ناوێکدا لە راوندز هێشتەوە کە نوێنەری شێخ ئەحمەد بێ لە راوندوز.

لەو رۆژانەدا ماجد مصطفی و قالەی ئایشەخان (وەکو لەپێشتردا باسمان کرد علی کمال باسی ئەو دوانەی کردبوو کە عاکف بەگ پێی ووتبوو هەردووکیان سەر بە ئێمەن) لە رێگای ئێرانەوە گەیشتنە رواندزو ماجد مصطفی بە نهێنی پێی ووتم کە توفیق وەهبی و (بسحەل... کە بەداخەوە هەوڵم دا نەمزانی ئەو ناوە کێ بووە بەڵام دوور نییە حمدی بابان بووبێ) هاتوونە سلێمانی بۆ ئەوەی لەسەر ئیدارەیەکی کورد رێک بکەون بە بێ بوونی شێخ مەحموود (ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی کردووە وەکو لەپێشتریشدا لێی دواین کە توفیق وەهبی چۆتە سلێمانی و داوای کردبوو کە ببێت بە معاونی ئەفسەری سیاسی لە رانیە)، منیش بە ماجدم ووت: ئینگلیزەکان نیازیان وایە ئیدارەیەکی کوردی پێک بێنن لە ترسی ئەم بزووتنەوەیەی رواندزو من بە راستی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدام، بەڵام ئێوە لە سلێمانی لەگەڵ هەڵوێستدا بڕۆن و ئەگەر بۆتان دەرکەوت ئینگلیز ئەم جارە بە راستی و بە پاکی لەگەڵ کوردا دێتە پێشەوە گومان نییە لەوەدا کە هەموو کوردیان لەگەڵ دەبێت.

ئینگلیزەکان تا ئەو رۆژە لەچەند فڕۆکەیەک بەولاوە هیچی تریان بەکار نەدەهێنا بەڵام شێخ رەقیبی قائمقامی حریر ئاگاداری کردم کە ئینگلیز نیازی وایە لە دوولاوە پەلامارمان بدەن.

من و محی الدین بەگ و چەند سەربازێک لەگەڵ شێخ کاکەمینی سەلان و خدر ئاغای سەرچیا چووینە (حریر)و لەوێ زانیمان ئینگلیزەکان (٤٠٠) سەربازی نەسطوری و ئاسوورییان هێناوەتە سەر زێی بادینان و نزیکی (١٥٠٠) سەربازی تری هێزی لیڤیی ئاسوورییان بردۆتە شقلاوە بۆ ئەوەی لە دوو قۆڵەوە پەلاماری

حريرو باتاس بدەن. ئێمە بەو هێزە کەمەی لە حریر هەمان بوو باتاس و حریرمان قایم کرد، هێزی ئینگلیز گەیشتنە دەشتەکانی حریرو فڕۆکەکانیان بێ ووچان لە موصل و هەولێرەوە بۆ پارێزگاری هێزەکانیان لە هات و چۆدا بوون. ئەو ڕۆژە هەتا درەنگ شەڕێکی خوێناوی ڕوویداو فڕۆکەکان زۆر کاریان کردە سەنگەرەکانمان و ناچار کراین باتاس بەجێ بێڵین و ڕوومان کردە حریر.

ئینگلیزەکان لە قوڵی عقرەوە باتاسیان گرت و هێزەکەیان لەگەڵ ئەو هێزەیانا کە گەیشتبووە شقلاوە یەکیان گرتبووەوە، بەلاّم ڕۆژی دوایی هێرشمان بردە سەریان و ئەو لەشکرە زۆرەی دوژمن شکاو بەرەو شقلاوە کشایە دواوەو هەتا (بالیسان) ڕاونران.

لەو شەڕەدا ئینگلیزەکان زیانێکی زۆریان لێ کەوت و چەک و جبەخانەیەکی زۆر لە حریر بۆ شێخ ڕەقیب مایەوە.

لە دوای ئەو سەرکەوتنە گەڕاینەوە بۆ ڕواندزو ئیتر لە دوای ئەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێزی میللی بەهێزتر دەبوو و پەرەی دەسەند».

لە باسێکی تری داهاتوودا کە بۆ ئاڵۆزبوونی هەڵوێستمان تەرخان کردووە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بە دوورو درێژی باسی ڕووداو و شۆڕشەکانی کورد دەکەین دژی هێزی داگیرکەر.

ماموستا رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لە بەرگی یەکەمدا باسی چۆنیەتیی هاتنی تورکی کردووەو دەڵێ (٢):

«کمالییەکان بۆ پڕۆپاگاندەو هاندانی عەشیرەتەکانی کورد دژی ئینگلیز تاقمێکیان ناردە ڕواندز بە سەرکردایەتیی علی شفیق (یوزدمیر) کە لە ڕەگەزدا چرکس بوو کە ئەو تاقمە بە شێوەیەکی ڕەسمی و وەکو هێزێکی سوپایی نەنێررابوون بەڵکو وەکو تاقمێکی پارتیزان وابوون کە بریتی بوون لە چوار پێنج ئەفسەرو چەند نەفەرێکی سەربازی تورک، ئەوانی تر هەمووی کوردی هەولێرو کرکوک بوون لەوانەی زمانی تورکییان دەزانی.

علی شفیق ناوی خۆی نابوو یوزدمیر کە مانای (پۆلاّ) یا (ڕۆبیتەن) دەگرێتەوە. هەرچەند مصطفی کمال بە ڕواڵەت دانی بە یوزدمیردا نەدەنا کە سەر بەوە، بەلاّم لە

ماوەیەکی کەمدا یوزدمیر بوو بە قارەمانی ناوچەی رواندزو عەشایری دەوورپشتی کۆیەو رواندز بە هۆی هەباسی مەحموود ئاغای پژدەرەوە لە دەوری کۆبوونەوەو لە دوای کوشتنی کاپتن (بۆند) لەلایەن کریمی فتاح بەگی هەموندەوە کریم بەگ بە خۆی و چەکدارەکانییەوە چووە لای یوزدمیر (کریم بەگ هەر کاپتن بۆندی نەکوشتبوو بەڵکو ـ ماکانت ـ یشی کوشتبوو). یوزدمیر لە حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیز باشتر رەفتاری لەگەڵ خەڵکدا دەکردو لەوەدا رواندزیان کردبوو بە هێلانەی هیوا. رۆشنبیران و لاوان و نیشتمانپەروەران لە رقی ئینگلیز هەر رۆژەی کۆمەڵێکیان پێکەوە دەنا».

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا لە باسی هەڵوێستی ئەو رۆژانەدا دەڵێ (٤٣):

«لە ناوچەی شڵەژاو و تێکچووی رواندزدا کە لە سەرەتادا لە ساڵی ١٩١٩دا ئەفسەرێکی سیاسیمان لێ دانابوو کە کاروباری ببات بەرێوە، ئەو ئەفسەرە بە بێ بوونی هێزێکی سەربازی نەیتوانی دەست بەسەر کاروباری ئەو ناوەدا بگرێت، لەبەر ئەوە لە تموزی ١٩١٩دا ئەو ئەفسەرە سیاسییەمان خۆی کێشایەوە بۆ باتاس و واز لە کوردە ئەرستۆکراتییەکانی ئەو ناوچەیە هێنرا کە لەو ناوچەیەدا خۆیان چۆنی بە باش دەزانن بەو جۆرە هەڵس و کەوت بکەن.

لە دوای ئەوەی هەڵوێستی رواندز ئاڵۆز بوو، ئەفسەرێکی سیاسی لە هەولێر (بێگومان مەبستی کاپتن های بووە) هەوڵی دا (ئیسماعیل بەگ) کە گەنجێکی خوێندەواری کورد بوو لە رواندز بیکا بە نوێنەری خۆی (زۆر سەرچاوە دەڵێن کرابوو بە قائمقام و ئەحمەد تەقی دەڵێ: ئیسماعیل بەگ ساتێک تورکەکان چوونە ناو رواندزەوە رای کردو رواندزي بەجێ هێشت).

تورکەکان لە مانگی شباطی ١٩٢٠دا بڕیارێکی خۆیان بڵاو کردەوە بە بەیانێک کە هەر ناوچەیەکی غیری عەربی لە موسڵمان نشینەکان (کە بێگومان نیاز لە کوردی خوارووی کوردستان بووە) ئەگەر دوژمن ئەو ناوچانەی داگیر کردبێت یا داگیری نەکردبێت بە هیچ جۆرێک خاکی ئەو جێگایانە لە خاکی تورکیا جیا ناکرێتەوەو تورکەکان دەستیان کرد بە پڕۆپاگاندەیەکی زۆرو شێخ ئەحمەدی

سنوسییان هێنایە دیاریکر لە ساڵی ١٩٢١دا بۆ ئەوەی ئەگەر عراقیان داگیر کردەوە عەرشی بغداد بدەنە دەست ئەو لەژێر چاودێریی خۆیان و لەسەر سنوور دەستیان کرد بە جم و جۆڵ و هاندانی ئەو کوردانەی سەر بە تورک بوون و تورکەکان لە هاوینی ساڵی ١٩٢١دا خۆیان کوتایە ناوچەی پژدەرو لە پایزدا بە هێزی ئاسمانی ئەو ناوچانەمان هەمووی پشکنی و هێزی لیڤی و پۆلیسمان ئاراستە کرد.

تورکەکان لەو رۆژانەدا هێزیان لە (نصیبین)و (جزیرە)دا هەبوو، لەوێوە جارو بار چەند کەسێکیان دەنارد بۆ ئەم دیو سنوور بۆ ئەوەی دەس درێژی بکەن».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە دەڵێ (٤٥):

«بەرلەوەی یوزدمیر بچێتە رواندز، تورکەکان رەمزی بەگیان کرد بە قائمقامی رواندزو پڕۆپاگاندەیان دەکرد کە بەم زوانە تورکەکان سلێمانی و کرکوک و هەولێر لە چنگی ئینگلیز رزگار دەکەن و لە دوای رمزی بەگ علی شفیق ـ یوزدمیر ـ نێررا بۆ رواندز. جم و جۆڵی رمزی بەگ و یوزدمیر کاری کردە سەر زۆر کەس، أستخباراتم لە رانیە هەبوو لە رێگەی ئەوەوە ئاگادار کرام کە رمزی بەگ هاتووەو (ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لە جیاتی رمزی بەگ ناوی محی الدین بەگی هێناوە کە خۆی لەگەڵیا بووەو هێناویەتە رواندز)، چەند ئەفسەرێکی لەگەڵە و چەند طۆپ و جبەخانەیەکیشی دابەش کردووە بەسەر عەشیرەتەکانداو (وەکو باسمان کرد ئەحمەد تەقی کە خۆی لەگەڵ مەفرەزەکەی تورکدا بووە دەڵێ یەک طۆپ و دوو مەترەلیوز بووە لەگەڵ چەند تفەنگێکدا) هەندێ لەو نامانەی کە تورکەکان ناردبوویان بۆ پیاوە ئاینییەکانی ئەو ناوچانە دەست ئێمە کەوتن و لەو نامانەدا داوای جیهادیان لە پیاوە ئاینییەکان کردبوو وە پێیان وتبوون ویلایەتی موصل هی تورکەو دەبێ هەر هی تورکیش بێت کە یەکێک لەو نامانە دەڵێ:

«پێویستە هەموو برادەرانی هاوئاینمان پێکەوە هەوڵ بدەین بۆ پێکهێنانی ئەو یەکبوونەی کە حکومەتی عوسمانی پێکی هێنابوو، بۆ ئەوەی جارێکی تر موسوڵمانەکان هەوای ئازادی هەڵمژن. یارمەتیدانی چەک و پێویستییەکانی ترتان هەمووی خراوەتە پێش چاو و بەم زوانە چارەسەری هەمووی دەکرێ.

خوا ئەو کەسانە سەرکەوتوو بکا کە لە ڕێگەی ئایینا خۆیان بەخت دەکەن و گیانیان پێشکەش دەکەن و نەفرینی خوا لە موشرکین و ئەوانەی ئایینەکەی خۆیان فرۆشتووە بە ئینگلیزو بە فیصل و دەست و پێوەندەکانیان».

کاپتن W.R.Hay جگە لەوەی لە کتێبەکەیدا باسی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی کردووە لە ناوچەی ڕواندزدا، لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371 - 5068 ی ڕۆژی ١٩١٩/١٢/٢٦یشدا ڕاپۆرتێکی کاپتن Hay ی تیادایە دەڵێ:

«لە ١٩١٩/١٢/٦دا نامەیەکی سعید بەگی برادۆستم پێ گەیشت کە دەڵێ: دەتوانرێ ڕێگا بگیرێ لە هات و چۆکردنی شێخ ئەحمەدی بارزانی و ئەوانەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی (کاپتن بیل)و (کاپتن سکوت)دا، منیش بۆ ئەو مەبستە لە ١٩١٩/١٢/١دا چوومە ڕواندزو حاجی نەورەس کرا بە لێپرسراوی ناوچەکە (ئەو حاجی نەورەسەی کاپتن های باسی کردووە لە زەمانی عوسمانیدا مدیری ناحیەی شقلاوە بووە)، هەروەها یوسف بەگ کرا بە سەرکردەی ناوچەی ناودەشت، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە یوسف بەگ بووبوو بە هۆی نانەوەی ئاژاوەو ناڕێکی لەناو ئاغاکاندا، بۆیە گیراو بە (١٥)ساڵ حوکم دراو نێررا بۆ موصل بەڵام توانی لە ڕێگا را بکاو خۆی دەرباز کرد.

هەروەها نوری باویل ئاغا کە داوای دەخالەتی کردبوو کرا بە ئەفسەری جەندرمە، بەڵام ئەویش درۆی لەگەڵا کردین بۆیە گیراو لە ڕێگا ئەویش توانی خۆی دەرباز بکا (لە باسەکانی داهاتوودا لە چۆنیەتیی گرتنی نوری باویل ئاغاو باوکی باس دەکەین).

کاپتن های لە هەمان ڕاپۆرتدا دەڵێ:

«بەرلەوەی لە ڕواندز بگەڕێمەوە هەموو پیاوە ئاینی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ئەو ناوەم کۆ کردەوەو بە قورئان سوێندم دان کە هەموویان لەگەڵ ئیسماعیل بەگدا بن وەکو نوێنەری حکومت هاوکاریی لەگەڵا بکەن. محمد ئاغای باڵەک کە یەکێکی دەس ڕۆیوە لە زۆر شتدا پرس و ڕام پێ دەکردو لەوانە بوو کە لە توانایدا بوو (٥٠٠) چەکدار کۆ بکاتەوە.

ئەوەی سەرنجی راکێشام ئەوە بوو کە جووتیارەکان هەموو لە ئاغاکان دەترسان و ئاغاکانیش لەناو خۆیانا یەک نەبوون و لە یەکتری دەترسان لەبەر ئەوە پێویستە هێزێک هەبێ کە سەرپەرشتی ناوچەکە بکاو بۆ ئەوەی بتوانرێ بە هۆی ئەو هێزەوە ئاسایش بەرپا بکرێ».

تورکەکانی سەر بە مصطفی کمال کوردەکانیان بەوە بێدەنگ کردبوو کە لە دوای سەرکەوتن بەسەر دوژمندا ئۆتۆنۆمی دەدەن بە کوردو لەلایەکی تریشەوە دۆستایەتییان لەگەڵ سۆڤیێتدا هەندێ هەڵوێستی لە باری بۆ تورکەکان رەخساندبوو کە داوای ویلایەتی موصل بکەنەوە».

لە باسی پەیوەندی و دۆستایەتیی سۆڤیێت و تورکیزمەکانا لە راپۆرتێکدا کە لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371 - 6344 ساڵی ۱۹۲۱دا لە لاپەرە (۱٥٤)دا باس کراوە دەڵێ:

«لەژێر دروشمی هاوکاری و برایەتیدا علی فؤاد پاشاو یوسف کمال بەگ و دوکتۆر رضا نوری کە نوێنەری کمالییەکان بوون لەگەڵ نوێنەرانی روس Tchitcherim و Djemal Karkmazov پەیمانێک بەسرا کە بریتی بوو لە (١٦) مادە کە گرنگەکانی ئەمانەیە:-

١- دەربارەی سنووری تورکیا:- سنووری تورکیا بریتییە لەو سنوورەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی تورک لە ئەستەمبول لە ۱۹۲۱/۱/۲۸ دەسنیشانی کردووە (لەو دەسنیشانکردنەدا ویلایەتی موصل بە بەشێک لە خاکی تورکیا ژمێرراوە،

٢- باطوم ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دەبێت و پەیوەندیی بە (جۆرجیا)وە دەبێ و سۆڤیێت مافی بازرگانیی دەبێ لە رێگەی بەندەری (باطوم)ەوە،

٣- ناوچەی (نەخچەوان) ئۆتۆنۆمی دەبێت بە بێ ئەوەی ئازربایجان دەسەڵاتی بەسەریا هەبێ.

مادە ٨- هیچ لایەکیان رێگەی ئەوە نادا رێکخراوێک لە ناویا دژی لاکەی تر جم و جۆڵ بکا دژی ئەو لایەی تر.

تورکەکان بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە خوارووی کوردستاندا هەراسان بکەن دەستیان

*کرد به بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندە بە ناو کوردەکاناو پەیوەندییان بە دانیشتوانی خوارووی کوردستانەوە بەهێز کرد».*

لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارە F.O.371 - 6346 ڕۆژی ١٩٢١/٦/١٥ لە ڕاپۆرتێکدا کورتەی تیلیگرافێکی تیادایە کە لەلایەن مندوبی سامیی بریتانیاوە لە بغدادەوە نێرراوە بۆ وەزیری مستعمرات لە لندن دەربارەی گەیشتنی تورکەکان بۆ ڕواندوز دەڵێ:

*«ئیمڕۆ ناوەڕۆکی نامەیەکمان دەسگیر بوو کە بۆ غفور خانی ناودەشت و نوری باویل ئاغا نێررابوون کە لەلایەن محی الدین بەگەوە کە سەرکردەی هێزی تورکە لە (وان) کە بە مێژووی ١٩٢١/٤/١٣ بۆ هەردووکیانی ناردووە دەڵێ: بەرامبەر بەو شەڕەی لەگەڵ ئینگلیزەکانا کردبووتان (مەبەستی ئەو شەڕانە بووە کە ئەحمەد تەقی دەربارەی شەڕی ناوچەی حریرو باتاس لێی دواوە کە لەو شەڕەدا هێزی ئینگلیزەکان خراپ شکابوون) پیرۆزباییتان لێ دەکەم، بەم زوانە ئومێدەوارم تفەنگ و ڕەشاشتان بۆ بنێرم کە ئێستە گەیشتوونەتە (نەهری)، من خۆشم لە دوای ٦٥ ڕۆژی تر دێمە ڕواندزو لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندیدا کە خەڵکی سلێمانییە إستکشافێک دەکەین (نیازی لە ئەحمەد تەقی بووە)وە لە دوای ئەوە هێز دەهێنمە ڕواندزو هەرچیتان پێویست بێ جێ بە جێی دەکەم و ئێستە (١٠) صندوق فیشەک ئامادەیە بەڵام وڵاغ دەس ناکەوێ، پێویستە خۆتان وڵاغ بنێرن بۆ ئەو صندوقانە بۆ ئەوەی بیان گوێزنەوە لای خۆتان، کە خۆشم هاتم جبەخانەی تریش دەهێنم. هەروەها وا نامەیەکی والیی (وان)تان بۆ دەنێرم و هەرچی پێویست بێ تیایا باس کراوەو ڕوون کراوەتەوە پێویستە هەمووی جێ بە جێ بکرێ و (٥) ئێستر بنێرن بۆ گواستنەوەی فیشەکەکان.*

*لە ڕاپۆرتی ناو دۆکیومەنتەکەدا دەڵێ: لە ئەنجامی ئەو ئاگاداربوونەمانا (ئینگلیزەکان) ڕۆژی ١٥و ١٦/ی مانگی حزیران ڕواندزمان بۆردومان کرد».*

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە ئینگلیز سیخوڕو بەکرێگیراوی خۆی هەبووەو بە هۆی ئەوانەوە ئاگاداری زۆر شت بووەو ئەوانەی کە تەتەر بوون و نامەیان هێناوەو

بردوویانە ئینگلیزەکان بە پارە ئەو نامانەیان دەسگیر بووەو هەندێ جار بەرلەوەی بگاتە دەس شوێنی مەبەست ئینگلیزەکان خوێندوویانەتەوەو لە شوێنی خۆیدا لە باسی حمدی بەگی باباندا باسێکی تری لەو جۆرەتان دێتە بەرچاو کە چۆن ئینگلیزەکان ئاگاداری نامەکانی نێوان تورکەکان و حمدی بەگ بووبوون.

لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارە F.O.371 - 6346 لە لاپەڕە (٢٠٠)دا راپۆرتێکی تری تیادایە کە لە ١٩٢١/٨/٢٧دا ئامادە کراوەو لەلایەن مندوبی سامیی بریتانیاوە نێرراوە بۆ لندن بۆ وەزیری مستعمرات دەڵێ:

*«وا دەردەکەوێ محی الدین و چەند ئەفسەرێکی کوردی زەمانی عوسمانی کە بەراسپاردەی نیهاد پاشا نێرراون بۆ رواندز بۆ ئەوەی هانی کوردەیاخی بووەکان بدەن هەتاکو دەزگایەکی تورکی لە رواندز دامەزرێنرێت.*

*لە سلێمانییەوە مێجەر (گۆڵدسمیث) چووە بۆ رانیەو (کاپتن کوک) هێزێکی عەشایری پێکەوە ناوەو (٨٠) لیڤی لە رانیە هەیە لەگەڵ (٢٥٠) چەکداری عەشایر. لە ١٤/آب/١٩٢١دا هێرشێک لەلایەن دوژمنەوە هێنرایە سەر رانیە بەڵام دوژمن شکاو گەڕایەوە دواوە.*

*لە ١٩٢١/٨/١٨دا کاپتن (کوک) بەرەو (گۆران) رۆیشت و ئەوانەی هاوکاریی دوژمنیان کردبوو خانووەکانیان سووتێنراو هێزی دوژمن لەو ناوچانە ٣٠٠-٤٠٠ چەکداری دەبێ. سوپاس بۆ ئەو بۆردومانە کاریگەرەی کە فڕۆکەکانمان کردیان و باری گۆڵدسمیثی ئاسان کردو لە دەشتی حریر فڕۆکەکانمان بێ ووچان خەریکی بۆردومان کردن بوون».*

لە دۆکیومەنتێکی تردا C.O.731 - 35 رۆژی ٦/١٠/١٩٢١ نامەیەکی نهێنیی تیادایە کە لە مندوبی سامییەوە لە بغداد نێرراوە بۆ داوننگ ستریت بۆ چرچڵ دەڵێ:

*«ئەوا لەم نامەیەدا ئەم معلوماتانەی خوارەوە دەنێرم کە پەیوەندیی بە رواندزو رانیەوە هەیە:*

*١- ئەو هەرایەی لەو ناوچانەدا بە هۆی محی الدین ئەفەندیی کۆنە یوزباشیی جندرمەوە روویداوە، ئەو محی الدینە لە مانگی حزیرانەوە دەستی کردووە بە*

پڕۆپاگەندە لەناو خەڵکداو دەڵێ بەم زوانە ئەو ناوچانە لە ئێمە رزگار دەکا.

٢ـ هێزێکی تورکی غیر نظامی لەژێر فەرماندەی ئەفسەرێک کە ناوی محمود فاضلە نێرراوە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ محی الدین یارمەتی لە والیی (وان)ەوە وەردەگرێ.

٣ـ هێزێکی تورک لە ٢٩ی تموزی ١٩٢١دا گەیشتە رواندزو چەند کەسێکی خەڵکی سلێمانی چوونە پاڵی کە یەکێک لەوانە (ئەحمەد سلێمانی)یە (بێگومان مەبست ئەحمەد تەقی بووە)، ئەویش جلی یوزباشی لەبەر کردووە کە لە کاتی خۆیدالە زەمانی عوسمانلیدا ملازم بووە.

ئەوەی گەیشتووە بریتییە لە (٦٠) چەکدارو (٢) رەشاش و طۆپێک و (٢٠) بار ئێستر لە جبەخانەو ئەوانی تر نازانرێ چین بەڵام معلومات وا ئەگەیەنێت کە ئەوانی تریش هەر کۆنەسەربازی زەمانی عوسمانی بوون.

٤ـ شەوی ٣٠ تموزی ١٩٢١ لەگوندی (خەرواتان) دوژمن و پۆلیس بەرەنگاری یەک بوونەوەو لەو کاتەدا ئەو سەرۆکانەی لەو ناوچانەدا دۆستمان بوون چووبوون بۆ شقلاوە بۆ ئەوەی دەنگ بۆ فیصل بدەن بۆیە تاقمەکەی محمود فاضل ئەوەیان بە هەل زانی و هێرشیان بردە سەر (باتاس).

کە ئەو هێرشە لەلایەن شێخ رەقیبی سورچییەوە دەستی پێ کردو پۆلیسەکان بەرگەیان نەگرت ئیتر پۆلیسەکان هەموویان چوونە پاڵ دوژمن و کمال ئەفەندی لێپرسراوی کاروباری پۆستەو تیلیگراف ویستی بەرگری بکا بەڵام ئەویش چاری نەبوو خۆی دا بە دەستەوە کوژراو پۆلیسێکیش کوژرا.

٥ـ لە دوای داگیرکردنی (باتاس) لەلایەن هێزی دوژمنەوە محمود فاضل پەیوەندیی کرد بە عەشایرەکانی ناوچەی هەولێر وەکو شێخ محمدی بالەک و شێخ ئەحمەدی بارزانی و فارس ئاغای زێباری و عبدالله سورچی کە ئەمانە هەموویان بوون بە لایەنگری محمود فاضل.

٦ـ ئیدارەیەکی ناوخۆیی لە رواندز پێک هات (وەکو باسمان کرد ئەحمەد تەقی ناوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی هێناوە)و واردات و دەرامەدی ناوچەکە کەوتە مەترسییەوە، بۆیە هێزێکی سوپایی نێررا بۆ ناو هەولێر لە رۆژی ١٢/ی ئابداو ئەو

*هێزە سوپاییە بە ناو هەولێردا وەکو جۆرە هەڕەشەیەک خۆبیشاندانێکی کرد بە ناو شاردا».*

(کاپتن های) جگە لەو راپۆرتانەی کە لە دۆکیومەنتەکانی پێشوودا باسمان کرد لە کتێبەکەشیدا (٤١) باسی هەڵوێستی ئەو رۆژانەی ناوچەی رواندزی کردووە کە ئەمە کورتەکەیەتی:

*«جگە لە سورچییەکان، لە رواندزیش بە هاندانی نوری باویل ئاغا، عەشایری هارووت دژی حکومەت وەستان و باجیان نەدەدا.*

*من کە لە رواندز بووم کاپتن (لیڤل دیل) نوری باویل ئاغای گرت و بە دەسبەسەری بردی بۆ هەولێرو کە ماڵی نوری باویل ئاغا پشکنرا، هەندێ چەک و جبەخانەو نامەیەکی شێخ عبید اللەی سورچی لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە، لە دوای ئەوە باویل ئاغای باوکیشی گیراو نێررا بۆ هەولێر.*

*نوری باویل ئاغا لەسەر کاغەزەکەی شێخ عبیداللە (٥) ساڵ حوکم دراو نێررا بۆ کرکوک و لەوێوە کە ناردیان بۆ بغداد لە (کنگربان) لە شەمەندەفەر رای کردو گەڕایەوە ناوچەی رواندز، بەڵام باویل ئاغای باوکی لەلایەن کاپتن (دیکنسن)وەوە حەپس کراو دوو برای نوری باویل ئاغاش کوژران.*

*نوری باویل ئاغا هەرچەند بەهێز نەبوو عەشیرەتی لە پشتەوە نەبوو، بەڵام دەمزانی لە خوێنی براکانی خۆش نابێت و کە گەڕامەوە بۆ هەولێر باویل ئاغا بەردرا.*

*سورچییەکان دژی حکومت بوون بۆیە هەوڵم دا عەشیرەتەکانی تریان لێ هاندەم و بۆ ئەو مەبەستە چوومە موصل و لەگەڵ کاپتن L.E.Nalder دا بڕیارمان دا هێرش ببرێتە سەر سورچییەکان و گوندێکی شێخ رەقیبی سورچی سووتێنرا کە لەو هێرشەمانا هەندێ جەندرمەی کوردیش کوژران بەڵام لەبەر باران رێگا نەبوو لە هەولێرەوە هێز بنێرینە سەر سورچییەکان.*

*سورچییەکان دژی ئێمە چەتەکانیان دەگرتە خۆیان وەکو نوری باویل ئاغاو حمە دەشین (نیازی لە حمە دەشینی سەرچیا بووە کە ئەحمەد تەقی باسی کردووە) و لە رۆژی ١٩٢١/٨/٤دا ئەحمەد بەگی زراری لە عقرە هاتە لام و پێی ووتم سورچییەکان*

دەیانەوێ لەگەڵتان ڕێک بکەون، بەڵام لەو ڕۆژانەدا ژمارەیەکی زۆری ئاسووری و کریستیان لە ناوچەي (ورمیە)وە هاتبوون کە زۆربەیان (تیاری) بوون و لەلایەن ئێمەوە نیشتەجێ کرابوون بۆیە ئێمە ئیتر پێویستیمان بەوە نەبوو لەگەڵ سورچییەکانا ڕێک بکەوین.

لەو ڕۆژانەدا کاپتن Brad Shaw لە کۆیەو کاپتن (لیتل) لە ڕواندز بوون، نوری باویل ئاغاو سورچییەکان بە سەرکردایەتیی (شێخ مازۆ) چوونە ناو ڕواندزەوەو خۆشناوەکان لە میرانی قادر بەگ هەڵگەڕابوونەوەو لەگەڵ سورچییەکانا هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە دەچنە ناو هەولێرەوە، بەڵام دزەییەکان چەند چەکدارێکیان نارد بۆ پاراستنی شاری هەولێرو توانیمان کێشەی خۆشناوەکان چارەسەر بکەین مایەوە سەر سورچییەکان کە دەبوایە سزا بدرانایە، بۆ ئەو مەبەستە هێزێک نێررا بۆ دەشتی حریرو هێزی لیڤیی ئاسووری گوندی (ماوران)یان سووتاندو باتاسیان گرت و لەوێش چەند جندرمەیەکمان لێ کوژرا».

ویڵسن حاکمی گشتی بریتانیا لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە دەڵێ(٣٧):

«کوردەکانی خوارووی کوردستان بۆیان دەرکەوتبوو کە حکومەتی بریتانیا دەیەوێ کوردستان بخاتە سەر عێراق، بۆیە کوردەکان چاویان پەڕییە پشتی سەریان و دەستیان کرد بە نانەوەی ئاژاوەو پشێوی.

لە مانگی ئابدا لە گەڵی (نیازی لە گەڵی علی بەگ بووە) پەلاماری کاپتن (های) درا وە لە ٣/ی ایلولدا (کیرک) کە ئەفسەرێکی سیاسیی بریتانی بوو بەپەلە پڕووسکی خۆی دەرباز کرد».

## ٤- هەڵوێست لە ناوچەکانی پژدەرو رانیەو کۆیە

کاپتن های لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ناوچانە کە خۆی ماوەیەک حاکمی سیاسیی بووە لە کۆیەو لە هەولێر دەڵێ(٤١):

*«دوای دوورخستنەوەی شێخ مەحموود شاری کۆیە بە ئارام بوو خەڵک خەریک بوو دەبووژایەوەو بازاڕ گەرم بووبوو، چەند دوکانێک کرایەوەو ئاوی جۆگەکان خاوێن کرانەوەو بایەخ درا بە پاک و تەمیزیی ناوشار.*

*لە کاتی خۆیدا بە هۆی دووربینی کاپتن بابکرەوە (نیازی لە بابکری سلیم ئاغای پژدەر بووە کە وا دیارە روتبەی کاپتانیان بە نهێنی داوەتێ) ناوچەکە پارێزرابوو دوور خرابووەوە لە ئاژاوەو پشێوی.*

*سوار ئاغا گیراو بە دەسبەسەری نێررا بۆ هەولێر کە سوار ئاغا یەکێک بوو لەو پیاوە چالاکانەی دژی حکومەت بوو، یەکێک لە خزمەکانی سوار ئاغا لە کاتێکدا کە کاپتن بابکر لە نزیکی گوندی (سەرخمە) لە ئاو دەپەڕییەوە بابکر ئاغای دایە بەر گوللە.*

*مەترسی لەوە دەکرا کە سوار ئاغا لە هەولێر را بکاو بگەڕێتەوە بۆ رانیە بۆیە نێررا بۆ موصل. تورکەکان لە ناوچەی رانیەدا خەڵکیان دژی ئێمە هان دەداو لە ئەنجامی ئەوەدا پژدەری (دیارە مەبەستی تاقمی هەباسی مەحموود ئاغا بووە)و بلباس و ئاکۆ هەموویان لە ناوچەکانی خۆیاندا دژی ئێمە جۆشیان سەندبوو.*

*لە مانگی آبی/١٩٢١دا هێزی عەشایر بە یارمەتی و سەرپەرشتیی تورک پەلاماری رانیەیان دا، بەڵام بە هۆی هێزی ئاسمانییەوە بەربەستکران و شکێنران».*

جێی خۆیەتی کە لێرەدا سەرنجێک لەو دانپیانانەی حاکمی گشتیی بریتانیا بدەین کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730- 13 ی رۆژی ١٩٢١/١/٢٦دا نامەیەکی بۆ (شێر بورگ) ناردووە لەو نامەیەدا دەڵێ:

*«ئەگەر سوپای عراق هێزی ئاسمانیی ئێمە فریای نەکەوێ و لەگەڵیا نەبێ بەرگەی پاراستنی وولات ناگرێ، چونکە دوور نییە لە کاتی شەڕدا زۆر جار هێزی لیڤی*

*لەوانەی کە کوردن و لە دانیشتوانی ناوچە کوردنیشینەکانن لە سوپای عیراق هەڵگەڕێنەوەو بچنە پاڵ دوژمنی حکومەت».*

وەکو لە زۆر شوێنی تریشدا باسمان کردووە، ئەگەر خوانەخواستە رۆژێک لە رۆژان کورد یارمەتییەکی وەکو ئەوەی کە هەمیشە عراق لە ئینگلیز دەسگیری بووە، کورد سەد یەکێکی ئەوەی دەسگیر ببوایە هەتا ئێستە لەلایەن رەگەزپەرستەکانی عەرەبەوە سەدان کتێب لەسەر ئەو یارمەتیدانە دەنووسراو هەموو کوردو شۆڕشگێڕانی کوردیان دەکرد بە پیاو و بە نۆکەرو بەکرێ گرتەی ئینگلیز.

نموونەیەکی تر بۆ هەستی رەگەزپەرستیی ئەو جۆرە نووسەرانە کە ئیمڕۆ شانازی بە ملک فیصلی دامەزرێنەری عیراقەوە دەکەن و هیکلی تازەیان بۆ داتاشیوەو بە ئاشکرا لە کاتی خۆیدا ئینگلیز هێنایە عیراق و گۆشی کردو پاراستی و هێزی بۆ پەیدا کردو لە کمالییەکان رزگاری کردو لە عصبە الامم دا کردی بە نوێنەر، هەر لە هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە ئەگەر جارو بار رێکەوتبێ هێزی ئینگلیز زەبرو زەنگی نەنواندبێ بەرامبەر بە کوردو بە بۆمباو فڕۆکە کوردستانی وێران نەکردبێ لە کاتێکدا کە هێزی شۆڕشگێڕی کورد بەرەنگاریان بۆتەوە ئەوا ئەو هەڵوێستەیان وا لێک داوەتەوە کە ئینگلیز بۆ مەبەستێکی تایبەتیی ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە کورد هەبووە.

نموونەی ئەوە لە شەڕەکانی هێزی لەشکری شێخ مەحموودو سوپای عیراقدا لە ساڵانی ١٩٢٤ بە دواوە کە هەمیشە هێزی ئاسمانیی ئینگلیز لایەنگری عیراق بووەو کوردی پان کردۆتەوە، لەو شەڕانەدا ئەگەر سوپای عیراق شکابێ و بە مەبەستی خۆی نەگەیشتبێت، ئەوا نووسەرانی عەرەب بەوپەڕی بێ شەرمییەوە لە کتێبەکانیانا نووسیویانە کە ئینگلیزەکان معلوماتیان داوە بە کوردەکان لەو شەڕانەدا بۆیە توانیبوویان بەسەر هێزی عیراقدا سەربکەون. لە شوێنی خۆیدا دووبارە دێینەوە سەر ئەو باسە.

لەو دۆکیومەنتەی کە باسمان کرد C.O.730 - 13 رۆژی ١٩٢١/١/٢٦ راپۆرتێکی تیادایە دەڵێ:

*«کاتی خۆی بۆ بەربەستی شێخ مەحموود لە حزیرانی ١٩١٩دا ناچار بووین هەرچی هێزەکانمان هەبوو هەمووی بەکار بێنین. ئەو کارەو ئەو روو بە رووبوونەوەیە دژی شێخ مەحموود زۆر کەوت لەسەرمان و ئەگەر جارێکی تر بزووتنەوەیەکی تری وا روو بدات لە توانادا نابێ بە شێوەیەکی سەرکوتووانە ئەو هێزانەمان بەکار بێنین ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئێمەی لەگەڵ نەبێ».*

لە ناوچەی پژدەردا وەکو ووتمان بابکری سلیم ئاغا ئەلْقـە لە گوێی ئینگلیز بووە، ساتێک تورکـەکان کـەوتنە پرۆپاگاندە بە ناو عـەشـایرەکـانی کـوردا دژی ئینگلیـز هەمیـشە بابکری سلیم ئاغا هەر لەگەڵ ئینگلیزا بووە بەلاّم هەباسی مەحموود ئاغا وەکو سروشتێکی عەشایری کە بەربەرەکانیکەری بابکر ئاغا بووە لەو رۆژانەدا بۆیە دژی ئینگلیزەکـان راوەسـتاو تا ماوەیەکـیش لایەنگری شێخ مـەحـموود بووە هەتا ئینگلیزەکان لە دوای چەند ساڵێک ئەویشیان دەستەمۆ کرد.

لە باسی ئاڵۆزبوونی هەڵوێستـدا دووبارە ئەگـەڕێینەوە سـەر باسی ناوچەی پژدەرو رانیەو کۆیە.

رۆژنامـەی پێشکەوتن لە ژمارە (٦٩)ی رۆژی ١٨/آب/١٩٢١دا کە زمانی حاڵی مێجەر سۆنی حاکمی سیاسیی بریتانیا بووە لە سلێمانیدا لەو ژمارەیەدا بە دوورو درێژی باسی شـەڕەکـانی دەربەندی رانیـەی تیـادا کـراوە کـە لەو ساڵانـەدا لە نێوانی هێزی ئینگلیزو شۆڕشگێڕانی کوردا روویداوە کە لە باسی ئاڵۆزبوونی هەڵوێستدا لەو شەڕانە دەدوێین.

## ٥- هەڵوێست لە ناوچەکانی هەولێرو عقرەو دەوروبەری هەولێردا

ساتێک ئینگلیزەکان لە کۆتایی و تەواوبوونی شەڕی جیهانیدا هێزەکانیان لە بغدادەوە بەرەو ژووربوونەوەو بۆ موصل، کاپتن W.R.Hay لە مندلییەوە گوێزرایەوە بۆ ناوچەی کۆیەو لە مانگی نۆڤەمبری ١٩١٨دا کرا بە ئەفسەری سیاسی بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆیەو رانیە.

لە دوای ئەوەی کە بڕیار درا هەولێر لە موصل جیا بکرێتەوە (هەولێر لە ماوەی نۆڤمبری ١٩١٨ هەتا نۆڤمبری ساڵی ١٩١٩ سەر بە لیوای موصل بووە کە کۆلۆنێل (لیچمن) ئەفسەری سیاسیی موصل بووە وە لە دوای ئەوە بڕیار درا هەولێر لە موصل جیا بکرێتەوەو وەکو لیوایەکی (ثانوی) سەر بە کرکوک بێت و لە ١٩٢٣/٤/١یشدا لە کرکوک جیا کرایەوەو کرا بە لیوایەکی سەربەخۆ)وە لە دوای ئەوەی هەولێر لە موصل جیا کرایەوە قەزای رواندزو کۆیەش خرانە سەر هەولێر.

کاپتن های لە کتێبەکەیدا (٤١) دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە لە هەولێرو لە کۆیە دەڵێ:

*«کە هەولێر لە موصل جیا کرایەوەو رواندزو کۆیە خرایە سەر هەولێر (بەرلەوە کۆیە لە حوکمدارێتیی شێخ مەحموودا بڕیار وابوو لەسەر سلێمانی بێ، بەڵام وەکو لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموود کۆیە لە سلێمانی جیا کرایەوەو خرایە سەر هەولێر) من (کاپتن های) لە ٥/ی نۆڤەمبری ساڵی ١٩١٩دا کرام بە ئەفسەری سیاسی لە هەولێر، رواندز لە ژێر چاودێریی (کاپتن رندل)دا بوو کە (کاپتن کرک)یشی لەگەڵدا بوو.*

*لە گێژاوی ئەو پشێویانەی لە ناوچەکانی رواندزو رانیەو سورچی و عقرەدا، بڕیار درا کە ویڵسن حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد بە فڕۆکە بێتە هەولێرو بەرلەوە ئاگاداری ویڵسنم کردبوو کە بەتەمام هەولێر چۆڵ بکەم، بۆیە ئەگەر بە فڕۆکە هاتە سەر هەولێرو بەیداغی بریتانیا بە سەربانی دائرەکانەوە نەمابوو ئەوە مانای ئەوەیە*

هەولێرم بەجێ هێشتووەو لە هەولێردا نەماوم.

لە رۆژی ٧/ی مانگدا هێزێک لە کرکوکەوە رووی کردە هەولێر، رۆژی دوایی چەند کەسێک خۆیان کرد بە ناو شاری هەولێرداو بەیداغی ئێمەیان داگرت. فڕۆکەکەی ویڵسن گەیشت بەڵام سوپاس بۆ ئەحمەد ئەفەندی هەولێری (ئەحمەد عوسمان)و خۆرشیدا ئاغای دزەیی کە هەردووکیان توانیان ئاسایشی ناو شار بپارێزن.

ساتێک ویڵسن گەیشت مەلا ئەفەندی (بە مەلا گچکە ناسرابوو چونکە زۆر کورتە باڵا بووە وە مەلای کۆیە بە مەلای گەورە ناوبراوە)و خورشید ئاغا تکایان لە ویڵسن کرد کە دەست و برد بکا لە ناردنی هێزی بریتانیا بۆ پارێزگاری هەولێرو ویڵسن زۆر سوپاسی ئەحمەد ئەفەندی و ئاغاکانی کرد.

لەو کاتەدا سورچییەکان گەیشتبوونە (چیای باستۆرە) کە نزیکی (١٢) میل لە هەولێرەوە دوورە کە شێخ عبیداللەی سورچی و نوری باویل ئاغا سەرکردەی ئەو هێزە بوون کە گەیشتبوە چیای باستۆرە.

بێجگە لەوە چەکدارەکانی خۆشناویش (٩)میل لە هەولێر نزیک بووبوونەوە. خۆشناوەکان چوونە ماڵی مەلا ئەفەندی و دوای ئەوان ئەحمەد ئەفەندی هەولێریش چووە ماڵی مەلا ئەفەندی و لەوێ چاوی بە خۆشناوەکان کەوت و مەلا ئەفەندی کارێکی زۆر گرنگی کرد بەوەی ئەحمەد ئەفەندیی کرد بە لایەنگری ئێمەو هەر ئەویش بوو کە وای لە ئاغاکانی هەولێر کردبوو کە بزێوی نەکەن دژی ئێمە.

ئەو شەوە زۆر نائارام و پەست بووم چونکە دەنگ وابوو سورچییەکان بەشەو دەدەن بەسەر هەولێرداو منیش تەنها دزەییەکانم بەدەستەوە بوو، بەڵام باش بوو ئەو هێزەی لە کرکوکەوە نێررابوو گەیشتە هەولێر کە بریتی بوو لە هێزێکی بریتانیی پیادەو دوو هێزی سوارە، هەروەها لە موصلیشەوە هێزێک گەیشتە لامان.

بەڕاستی ئەو چواردە رۆژەی مانگی سبتمبری ساڵی ١٩٢٠م قەت لەبیر ناچێتەوە، هەروەها ئەحمەد ئەفەندی و خورشید ئاغای دزەییشم قەت لەبیر ناچێتەوە.

لە ٢/ی اکتوبردا مێجەر (مارشاڵ) هاتە هەولێرو پێکەوە چووینە زیارەتی دزەییەکان و چاوم بە خورشید ئاغا کەوت کە ئێجگار زۆر دڵی بەو ئۆتۆمبیلە فۆردە

خۆشبوو کە بە دیاری لەلایەن مندوبی سامییەوە پێشکەشی کرابوو.

لە دوای من مێجەر مارشاڵ بوو بە جێگرم کە سەعاتێکی ئاڵتوونی لەلایەن مندوبی سامییەوە هێنابوو بۆ ئەحمەد ئەفەندی هەولێری و ساتێک ئەو دیارییەم دایە هەردوو چاوی پڕ بوو لە فرمێسکی خۆشی و شادمانی».

ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا لە بغداد لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەحمەد ئەفەندی هەولێری و خورشید ئاغای دزەیی دەڵێ:

«کە هەڵوێست لە هەولێردا ئاڵۆزبوو، ئەحمەد ئەفەندی و خورشید ئاغای دزەیی کاروباریان گرتە دەست و ئاسایشیان لە ناوشاردا پەیدا کردو لە پاداشی ئەوەدا داوایان کرد کە بەڵێن بدرێ لەلایەن ئینگلیزەوە رێگەی ئەوە نەدەن جارێکی تر تورکەکان بگەرێنەوە بۆ ناوچەکەو مافی بەرێوەبردنی کاروباری کوردیش نەخرێتە ژێر دەسەلأتی عەرەبەوە».

های لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێ (٤١):

«لە ساڵی ١٩١٩دا کە شێخ مەحموود روو بە رووی ئێمە بووەوە شێخ مەحموود نامەیەکی ناردبوو بۆ میرانی قادر بەگ کە هاوکاریی لەگەڵدا بکا، بەلأم میرانی قادر بەگ لە دوای بیرکردنەوە هەر بە مخلصی مایەوە لەگەڵمانا».

ئەوەی شایانی باسە شێخ سعیدی باوکی شێخ مەحموود ژنێکی لە میرانەکانی شقلاوە هێنابوو کە لەو ژنە سید ئیبراهیمی حفیدی لێ بووە.

## ٦- هەڵوێست لە بادینانندا:
## عمادیە ... زاخۆ ... دهۆک ... زێبار

لە ناوچەکانی بادینانندا هەر لە زاخۆوە هەتا دهۆک و عمادیە و عقرە، لە هەموو شوێنێکدا بێزاری بەرامبەر بە ڕەفتاری ناهەمواری ئینگلیزو کردەوەی ئەفسەرە سیاسییەکانی بڵاوبووەوەو ژمارەیەک لەو ئەفسەرە سیاسییانە کوژران کە بێگومان تورکیش لەو هەڵوێستەدا دەورێکی باڵایان بووەو بە هەموو جۆرێک کوردیان دژی ئینگلیزەکان هان داوە.

مامۆستا رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە لە بادینانندا دەڵێ(٢):

*«لە ١٩١٩/٤/٢٤دا کاپتن (پیرسن) لە هەرێمی زاخۆدا لەلایەن عەشایری (گۆیان)ەوە کوژرا، زۆری پێ نەچوو شۆڕش دژی ئینگلیز لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد.*

*بە سەرکردایەتیی جمیل ئاغاو عەبدی ئاغای عەشایری (سندی)و بە سەرۆکایەتیی صادقی ئیبراهیم ئاغا (صادق پەڕۆ) عەشایری (گولی)و عەشایری کۆچەریی (قشورە) تێکەڵ بە شۆڕش بوون.*

*لە ناوچەی عمادیەدا لە ١٥/تموز/١٩١٩ حاجی شعبان ئاغا شۆڕشێکی نایەوە لە ناوچەکەی خۆیدا کە لەو شەڕدا کاپتن (ویللی) حاکمی سیاسی و (ماکدۆنالد)ی مدیری پۆلیس و (تروپ) کە چاوشێکی ناو سوپای ئینگلیز بوو کوژران.*

*جگە لە خەڵکی عمادیەو بەرواری باڵا پۆلیسەکانی عمادیەش تێکەڵ بە شۆڕش بوون و چوونە پاڵ شۆڕشگێڕەکان. لیچمن حاکمی سیاسی لە موصل بە یارمەتیی (حاجی لطیف ئاغا) توانی عمادیە بگرێتەوە، دوای ئەوە لیچمن لە موصل لابراو کاپتن (بیل) چووە جێگای ئەو، کە (بیل)و (سکوت)ی یارمەتیدەری چوونە لای فارس ئاغای زێباری کە لەگەڵ بارزانییەکانا ناڕێک بوون، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە*

*زێبارەوە بۆ عقرە لە ١٩١٩/١١/٤دا بیل کوژراو بارزانییەکان بە (٣٠٠) سوارەوە هەڵیان کوتایە سەر عقرەو ئینگلیزیان ناچار کرد عقرە چۆڵ بکا».*

ویلسنی حاکمی گشتی بریتانیا دەربارەی ئەو کاپتن (بیل)ەی کە رفیق حلمی باسی کردووە لە کتێبەکەیدا دەڵێ(٣٧):

*«بیل لە جیاتی لیچمن کرا بە حاکمی سیاسی لە موصل و لە کۆتایی اکتوبری ١٩١٩دا غرامەی لەسەر سەرۆک عەشیرەتەکانی زێباری داناو کە داوای ئەو سەرانەیە لە فارس ئاغاو بابکر ئاغای زێباری کرا شێخ ئەحمەدی بارزانی شێخ صدیقی برای بە (٢٠٠) چەکدارەوە نارد بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدانی زێبارییەکان کە بەوە ژمارەی چەکدارانی هەردوولایان بوو بە (١٠٠٠) چەکدار. لە رێگاکە لە عقرەوە هێزەکانی حکومت چوونە زێبار لە (بیرەکەپرە)کە گوندی بابکر ئاغای زێباری بۆ (بیل)و (سکوت) هەردووکیان کوژران. کار بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو چەکدارەکان هێرشیان بردە سەر عقرەو ئەو ئەفسەرە سیاسی و ئینگلیزانەي کە لە عقرە بوون بەپەلە پرووسکێ خۆیان دەرباز کردو گەیشتنە موصل.*

ویلسن لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا ئەڵێ:

*تورکەکان لەو رووداوانەدا دەستێکی باڵایان هەبووە، کە ساتێک ئەنوەر پاشای تورک گەیشتە ناوچەی (وان) لەگەڵ (سیتو ئاغا)ی (ئورامار) لە سەرووی عمادیەدا لەگەڵ عەشایری بەرواری و ئەوانەی تر کە دژی ئێمە بوون هەموویان بوون بە یەک لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ ئەحمەدی بارزانی و زێبارییەکان هەمیشە لە ناو خۆیانا نارێک بوون، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەو هاوکاری و یەکگرتنەیان هەڵوەشایەوەو لە ناو خۆیانا تێک چوون و شێخ ئەحمەدو بارزانییەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان و هەندێک لەو عەشیرەتانەی تریش پاشگەز بوونەوەو پەشیمانیی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕی لەو بەشداربوونەیانا دژی ئێمەو هەندێکیان داوایان کرد پەیوەندییان لەگەڵا بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە کاپتن (کرک) لە (باتاس)ەوە رووی کردە عقرەو خەڵکەکە پێشوازییان کرد.*

*دوای ئەوە دەسبەجێ سێر جۆرج ماکماهۆن هێزێکی ناردە عقرەو بۆ ناوچەی زێبار*

*که هێزەکە گەیشتە دۆڵی زاب Valley Zab زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچانە ئالآی سپیان هەڵکردبوو، ماڵی سەرۆکەکانی زێبار سووتێنران و بۆ ئەوەی سزای بارزانییەکانیش بدرێ هێرش برایە سەریان و لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا فارس ئاغاو بابکر ئاغای زێباری و شێخ ئەحمەدی بارزانی و شێخ صدیقی برای رایان کردە ناو چیاکان».*

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا (٤٣) باسی کوشتنی کاپتن A.C. Parson ی کردووە کە لە مانگی مارتی ١٩١٩دا لەلایەن عەشیرەتی (گۆیان)ەوە کوژراوەو لە دوای دوو مانگ دوو ئەفسەری تری بریتانیا کاپتن H. MacDonald و R. Sapper و R. Troup لە ناوچەی عمادیەدا کوژران.

لە راپۆرتی سالآنەی سالی ١٩٢٠دا دەڵێ:

*«لە زاخۆ لە مانگی مایسدا عەشیرەتی گۆیان بە هۆی (حەسۆ دینۆ) کە بووبوو بە هۆی کوشتنی کاپتن پیرسن، چەند جارێک لە سنوورەوە هێرشی هێنایە سەرمان بەلآم مەحموود ئاغای سەرۆکی ناوچەی (سلیڤانی) بوو بە یارمەتیدەرێکی باشی ئێمە کە ئەو دۆستایەتییەی سوودێکی زۆری بۆ ئێمە هەبوو».*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا (٣) ناوی چەند ئەفسەرو کاربەدەستێکی ئینگلیزیی هێنا وە کە کوژرابوون لە ناوچەی بادینان‌دا:

آ. لە زاخۆ

١. کپتن ووکر }
٢. = پیرسن } ئەمانە لە کاتی شەڕدا کوژراوون
٣. ویکلی }

ب. لە عمادیه

١. کاپتن ویللی
٢. کاپتن ماکدۆنالد

ج. لە عقره

کاپتن سکوت

د. له مزۆرکی عمادیه

١. کاپتن لویس

٢. مێجەر شبرد

٣. لیفتننت روس

مس بیل له نامەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانەو بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێست لە کوردستانا دەڵێ(٥٥):

*«دوای ئەوەی هەڵوێست لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئاڵۆز بوو، کاربەدەستانی ئینگلیز بۆ دڵنیایی کردنی خەڵک ئەم بەیانەی خوارەوەیان بڵاو کردەوە:*

*«دوارۆژی ئەو وولاتەی کە پێی دەوترێ ئەرمەنیاو کوردستان یەکێکە لەو باسانەی کە دەخرێتە بەردەمی کۆنگرەی ئاشتی. نابێ هیچ کەسێک گومانی لەوەدا هەبێ کە کۆنگرەی ئاشتی بڕیارەکانی خۆی لەژێر تیشکی ئەو بەڵێنانەدا بڵاو دەکاتەوە کە بریتی دەبێ لەوەی هەموو میللەتێک مافی ئەوەی هەیە جۆری ئەو حوکمە دەسنیشان بکات کە بەدڵیەتی.*

*بەرلەئێستە حکومتی بریتانیا هەموو لایەکی لەوە دڵنیا کردبوو کە بەرژەوەندیی کورد لە پەیمانی ئاشتیدا پشت گوێ ناخرێ و هەتا ئەو کاتەی بڕیاری پەیمانی ئاشتی دەردەچێت سوودو بەرژەوەندیی هەموو چینەکانی کوردستان لەوەدایە کە بە ئارام بن و ئاسایش بپارێزن».*

مس بیل لە کتێبەکەیدا دانی بە هۆی دەرکردنی ئەو بەیانەدا ناوە کە ووتوویەتی:

*«دەرکردنی ئەو بەیانە لەبەر ئەوە بوو کە لەو رۆژانەدا لەسەر سنوور ئاڵۆزییەکی زۆر هەبوو لەبەر ئەوە حاکمیی گشتیی بریتانیا لە بغداد -ویڵسن- ئەو بەیانەی دەرکردو دای بە سید طەی شمزینی کە لەو رۆژانەدا هاتبووە بغداد».*

ویڵسنی حاکمی گشتیی بریتانیا دەربارەی هۆی دەرچوونی ئەو بەیانەی کە مس بیل باسی کردووە دەڵێ(٣٧):

*«لەو رۆژانەدا تورکەکان چالاکییەکی زۆریان دەنواندو کەوتبوونە جم و جۆڵ و بە هەموو لایەکدا پرۆپاگاندەیان دژی ئێمە بڵاو دەکردەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو*

گوندانەی کە کریستیان نشین بوون لەو سەر سنوورانە زۆر نائارام بوون و تورکەکان عەشایرەکانیان هان دەدا دژی ئەو کریستیانانەو بەیانێکیان بلاّو کردبووەوە کە لەو بەیانەدا ووتبوویان:.

گوێچکەتان بە دەنگی زەنگی کەنیسەکان کەڕ دەبێت ئەگەر بەزوویی و بەپەلە نەکەونە خۆتان. روسەکان و کریستیانەکان لەمەوبەر چی یان پیێ کردبوون لەمەودوا ئینگلیزیش بەو جۆرەتان بەسەر دێن و واتان لیێ دەکەن قاچی عەرەبەکان و کلدانییەکان ماچ بکەن».

ویلسن دەڵیێ:

«وەختێ خۆی لە بغدادەوە نامەیەکم ناردبوو بۆ سید طەی نهری کە لەو رۆژانەدا لە ناوچەی رواندزدا دەستی ئەرۆی و پاش ئەوە بە ماوەیەک سید طە هاتە بغدادو توانی ژمارەیەکی زۆر لە دۆستەکانی خۆی دڵنیا بکا بەرامبەر بە سیاسەت و هەڵوێستی ئێمە».

★★★★★

**بەشی سێهەم**

# ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە خوارووی کوردستاندا

دوای ئاوارەبوونی شێخ مەحموود ئینگلیزەکان لایان وابوو خوارووی کوردستانیان بۆ تەخت دەبێ و کەس بەرەنگاریان نابێتەوە بەلاّم لەوەدا بە هەڵدا چووبوون و خۆشیان بە هۆی ئەفسەرە سیاسییە لووت بەرزەکانیانەوە هەڵوێستێکی وایان هێنایە پێشەوە کە کورد لە هەموو لایەکەوە بەرەنگاریان ببێتەوەو لە ئەنجامی ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە سیاسییەکانیان کوژران و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی مێجەر سۆن بۆ چاوبەست و بێدەنگکردنی خەڵک بە هەڕەشەو بە پڕۆپاگاندەی ناو ڕۆژنامەکەی و بە بەخشینی مووچەو خەلاّت بە هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان هیچ سوودێکی نەبوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵوێست لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا ئاڵۆزتر دەبوو.

ئینگلیزەکان بەرامبەر بەوە لە پاش ماوەیەک ناچار بوون ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتیش بوو بێت بەو حسابە کۆنەی پێشوویاندا بچنەوەو جارو بار بۆ دڵنیایی کردنی کورد بەرامبەر بە سیاسەتی بریتانیا بە هۆی مێجەر سۆنەوە لە ناو ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا کە لە سلێمانی دەردەچوو هەواڵی کۆبوونەوەکانی ئەو ڕۆژانەیان بلاّو دەکردەوە دەربارەی پەیمانی ئاشتی و پەیمانی سیڤەرو لە خەڵکیان دەگەیاند کە مافی کورد پشت گوێ نەخراوەو لە پەیمانی ئاشتی و پەیمانی سیڤەردا مافي کورد دەسنیشان دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا کورد بەرامبەر بەو بەڵێن و پەیمان و پڕۆپاگاندانەی کە ئینگلیزەکان بلاّویان دەکردەوە بە گومان بووەو ئەو هەنگاوانەی دەنران هیچیان نیشانەی ئەوە نەبوون کە هیوای بەجێهێنانی ئاواتی کوردی تیا بێتە دی و کورد دەیویست حکومەتی بریتانیا وەکو چۆن کاروباری عراق دەبرا بەڕێوەو دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتیی عراق هەبووە بەو جۆرەش حساب بۆ کوردو کوردستان

بکریّ بەلاّم ئەمانە هیچیان لە پرۆگرامی ئینگلیزدا دەسنیشان نەکرابوو، هەرچی دەکرا هەر روالّت بووەو ئینگلیز لە پەیداکردنی ناکۆکی لە ناو عەشیرەتەکانی کورد بەولاوە هیچ کارێکی سەرکەوتووی وای پیشان نەدابوو کە کورد دلّی بە ئینگلیز خۆش ببێت بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ هەلّوێست ئالّۆزتر دەبوو و تورکەکانیش لەو رۆژانەدا کە جێگە پێیەکیان بۆ خۆیان پەیدا کردبوو لە رواندزدا ئاگری ئەو ناڕێکییەی کوردو ئینگلیزیان بۆ سوودی خۆیان خۆشکردبوو.

لەم باسەدا ئەمانەویّ باسی ئالّۆزبوونی هەلّوێست لە ناوچە ئالّۆزبووەکانی خوارووی کوردستاندا بەم جۆرەی خوارەوە باس بکەین:

١- ئالّۆزبوونی هەلّوێست لە ناوچەی هەولێرو لە دەورو بەریا،
٢- ئالّۆزبوونی هەلّوێست لە ناوچەی پژدەرو رانیەو کۆیە،
٣- ئالّۆزبوونی هەلّوێست لە ناوچەی رواندزدا،
٤- ئالّۆزبوونی هەلّوێست لە ناوچەکانی سلێمانی و دەورو بەریا.

## ١- ئالۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەی هەولێرو دەورو بەریا

لە باسی پێشوودا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ناوچانە دواین کە چۆن ئینگلیزەکان بە هۆی مەلا ئەفەندی و ئەحمەد عوسمان و خورشید ئاغای دزەییەوە توانییان ناو شاری هەولێر بپارێزن و چۆن بە هەڕەشەی فڕۆکەی بریتانیا ئەو هێزانەی لە دەورو بەری هەولێرا کۆبووبوونەوەو بەتەمابوون هەولێر داگیر بکەن بەربەست کرا.

لەم باسەدا دوو دۆکیومەنت دەخەینە بەرچاوی خوێنەواران کە باسی ئالۆزبوونی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی تیادا کراوە لە ناوچەکانی هەولێرو دەورو بەریدا.

دۆکیومەنتی یەکەم ژمارە C.O. 730 - 19 ی ڕۆژی ١٩٢٢/١/١٤ دەڵێ:

*«هێزێکی بچووکی لیڤی و پۆلیس کە پارێزگاری هەولێریان دەکرد لە ١٩٢١/١٢/١٣دا لە (بابا جیجک) بەرەنگاری هەندێ چەکدار بوون بەڵام ناچار بوون بکشێنە دواوە بۆ ناو هەولێرو (٤) کوژراو و (٥) بریندارمان هەبوو لەو شەڕەداو ئەفسەرێکی بریتانیش بریندار کرا. دوژمنەکانمان لە سورچییەکان کە بە سەرکردایەتیی عطاء اللەی کوڕی شێخ عبید اللەی سورچیە ژمارەیان (٦٠) تفەنگچی دەبوو.*

*پاش چەند ڕۆژێکی تر لە هەمان شوێندا دەس درێژی کرایە سەر هێزەکانمان کە لەو کاتەدا شێخ رقیبی سورچی و شێخ عبید اللە لە (باتاس) بوون و هەردووکیان تورکیان هان دەدا کە ئەوانیش گوندەکان بگرن. هێزی تورک لەو ناوچانەدا لە بەینی ١٠٠ - ٢٠٠ پیادەو (١) تۆپ و (٨) ڕەشاش بوو وا دیار بوو بەتەمابوون بێنە (چیای باستورە) بۆ ئەوەی بەسەر دەشتی هەولێردا بڕوانن.*

*دەنگ و باس وا دەگەیەنێت سورچییەکان دەیانەوێ بە یارمەتیی زیباری و هەرکی عقرە بگرن و شێخ عبید اللەو هەرکی و باڵەکییەکان بە ئاشکرا بوون بە لایەنگری تورک بەڵام عەشیرەتەکانی تر ترسیان هەیە بۆیە هاوکارییان لەگەڵا ناکەن.*

*خەڵکی (دەرگەڵە)، شیروان، باڵەکی ئەمانە ماوەیان داوە بە هات و چۆکردنی*

چەکدارەکانی دوژمن بەڵام خۆشناوەکان خۆیان دووره پەرێز گرتووه.

زنباریيەكان بڕیاریان داوه مل بۆ هیچ حکومەتێک کەچ نەکەن ئەو حکومەته چ تورک بێ یا ئینگلیز بێ یا عەرەب بێ، لەگەڵ ئەوەشدا عەملیاتێک به پێویست دەزانرێ بۆ ئەوەی هاوکاریی کورد لەگەڵ تورکەکاندا لاواز بکرێ و تێک بدرێ.

له ۷/ی دیسمبری ۱۹۲۱دا هێزێکی لیڤی و پۆلیس به پاڵپشتی هێزی ئاسمانی توانییان تورکەکان و سورچییەکان له دەشتی حریر دەربکەن و دوای وێرانکردنی دوو گوند هێزەکەمان گەڕایەوه بۆ هەولێر. دوژمنەکانمان لەو شەڕانەدا ڕەشاشیان بەکار دەهێناو هەندێ شەڕکەریش به جلی خاکییەوه بینراون.

لەو شەڕەدا دوو ئەفسەری بریتانی له هێزی لیڤی که (کاپتن ل.ف.کارڤاسو)و لیفتننانت Burridge هەردووکیان لەو شەڕدا کوژران، جگه لەو دوو ئەفسەره ئەفسەرێکی تری عەرەب و (٤) سەربازی عەرەبی کوژراو هەبوو لەگەڵ برینداریکی تری عەرەب و ئێمەش (۱۸) بریندارمان هەبوو و لەناو هێزی پۆلیسدا ظابط صفێک بریندار کراو لێپرسراوێکی عەرەبیش لەناو هێزی لیڤیدا کوژرا.

له کۆتایی ئەو دۆکیومەنتەدا دەڵی ملک فیصل نامەیەکی نارد بۆ مندوبی سامی و بەرامبەر بەو سەرکەوتنانه پیرۆزبایی لێ کردبوو».

دۆکیومەنتی دووهەم، ژماره C.O. 730 - 19 ی ڕۆژی ۱۹۲۲/۲/۱

**فقره (۹۸)**

له سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوه ئاگادارکراین ئەو سەربازی لیڤییانەی له شەڕی بابا جیجکدا بەدیل گیرابوون له ۱٤/ی دیسمبری ۱۹۲۱دا خۆیان دەرباز کردو له ۱۹۲۲/۱/۱۳داهاتنەوەهەولێر.

هەمان سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەڵێ: هێرشێک برایه سەر شێخ عبید اللەی سورچی و گوندەکەی سووتێنرا، پیاوەکانی شێخ عبید اللەو شێخ رەقیب (۵۰) تفەنگچین بەڵام تورکیان لەناودا نییه.

شێخ عبید الله ئێستە له رواندز له ماڵی (حاجی محی نورس)ه که حاجی محی

خۆی لەترسی هێزی ئاسمانیی ئێمە رایکردۆتە رواندز.

یوزباشی (محی) لە ١٦/ی دیسەمبەری ١٩٢١دا چووە بۆ (وان)و بنکەیەکی سوپایی تورک لە رواندز کراوەتەوە کە (٧٠) کەسن و هەموو رووت و بێ خواردەمەنین بەڵام زۆر بە باشی پڕ چەک کراون، دوو سێ طۆپیان هەیە کە یەکێکیان لێی دراوە، خەڵک زۆر بەپەرۆشن بۆ گەڕانەوەی ئێمە بۆ رواندز بەڵام شێخ رەقیب زاڵە بەسەریانا.

لە دوای ئەوەی دەشتی حریر چۆڵکرا، پۆستێکی تورک کە بریتییە لە (٢٠) چەکدار لە (کانی وەتمان) ماوەتەوە، بۆردومانی هێزی ئاسمانی مەعنەوییاتی عەشایرەکانی زۆر لاواز کردووەو هەندێکیان روویان کردۆتە سلێمانی.

**فقرە (٩٩)**

ئەو تورکانەی کە ماونەتەوە کراون بە دوو بەشەوە لە نێوانی رواندزو کانی وەتماندا کە هەموو لە دەوری نوری باویل ئاغا کۆبوونەتەوەو چاوەڕوانن لە (ورمیە)وە یارمەتییان بۆ بنێرن.

کمال فەوزی بەگ کوردە لەگەڵ خلیل بەگ بدرخاندا بە نامەیەکەوە نێرراون بۆ ئەوەی لە شرناخ معلومات کۆ بکاتەوەو لە رێگای زاخۆوە گەڕایەوە بۆ بغداد، کمال فەوزی لە (مووش) پەیوەندیی بە (حاجی موسی ئاغا)وە کردو لەگەڵ عەشیرەتی گۆیان (حەسۆ دینۆ) کە دۆستایەتی و پەیوەندیی هەیە لەگەڵ ئاغاکانی (شرناخ)دا، ئەمانە هەموویان بە کمال فەوزییان ووتبوو کە ئامادەن لە ناوچەکانی خۆیان ڕوو بە رووی کمالییەکان بوەستن.

کمال فەوزی وا پێشنیاز دەکا پەیوەندی بەوانەوە بکرێ لە کوردستانی تورکیادا کە دژی تورکن و هان بدرێن بۆ سەربەخۆیی کورد هەوڵ بدەن و دژی تورک بوەستن.

بۆ ئەوەی پەیوەندی بە سەرکردەکانەوە بکرێ، لە زاخۆ لیژنەیەک پێک هات لە شەش کەسی کورد کە ناوەکانیان دەردێ بە حکومەتی بریتانیا بۆ ئەوەی موافقتی لەسەر بکرێ. ئەو لیژنەیە جۆرە حکومەتێکی ناوچەیی کورد پێک دێنێت و هەوڵ

دەدریٚ ئەگەر هەل و دەرفەت هەبیٚ چالاکییەکانیان بگاتە ناو کوردەکانی تورکیاش (بێگومان ئەو تەقەلایەی ئینگلیز لە ناوچەی زاخۆدا بۆ پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بەرامبەر بە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنە بووە کە وەکو ئەحمەد تەقی باسی کردووە لە رواندزدا پێکهاتبوو).

لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٤)ی رۆژی ١٩٢٢/٨/٢٨دا (یەعنی بەرلەمانگێک کە شێخ مەحموود بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی) رۆژنامەی بانگی کوردستان لە سلێمانی بلاْوی کردبووەوە دەلێ:

*«شێخ رەقیبی سورچی لە قەزای عقرە داوای دەخالەتی کرد بە حکومت و صالح زکی بگی صاحبقران کە قائمقامی عقرەیە ئەو دەخالەتەی شێخ رەقیبی قبول کرد».*

ئەوە بوو کە دوای مانگێک شێخ مەحموود گەیشتەوە سلێمانی و حوکمداریێتیی دووهەمی دامەزراند، صالح زەکی صاحبقران وظیفەی قائمقامی عقرەی بە جێ هێشت و لە هێزی سوپای کوردستاندا لە سلێمانی بوو بە سەرۆکی هێز وەکو لە دەزگاکانی حوکمداریێتیی دووهەمدا ـ لە باسی دامەزراندنی سوپادا. لێی دەدوێین.

## ٢- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی پژدەرو رانیەو کۆیە

بەرلەوەی بچینە ناو ئەم باسەوە بە پێویستم زانی کورتەیەک باسی پەیوەندیی نێوانی ئاغاکانی پژدەر بکەم لەناو خۆیانا.

وەکو سروشتێکی عەشایری کە هەموو سەرۆک عەشیرەتێک بە دوای دەسەڵاتداریتیی خۆیدا دەگەڕێ، لە ناو عەشیرەتەکانا بە شێوەیەکی گشتی و لە ناو عەشیرەتێکیشدا بە شێوەیەکی تایبەتی هەمیشە ناکۆکی و ناڕێکی هەیە لەناو سەرۆک و دەس رۆیوەکانا بە زۆری ئەو ناڕێکییە لەبەر هەڵپەی سەرۆکایەتییەو کەس بە سەرۆکایەتیی ئەوی تر قابل نییەو ئامادەیە بۆ سەرگرتنی مەبەستی خۆی لەگەڵ سەرکردەی عەشیرەتێکی تردا رێک بکەوێ بۆ ئەوەی لە ناو عەشیرەتەکەی خۆیدا بەرامبەرەکەی بشکێنێ.

لەناو پژدەرییەکانا بە ئاشکرا ناکۆکی لە کۆنەوە لەناو دوو بنەماڵەدا هەبووە (جگە لەناو پژدەر بۆ نموونە لەناو جافیشدا لە نێواني بنەماڵەی کەیخسرەو بەگی و بارام بەگیدا ئەو کێشەو ناڕێکییە هەبووە) کە بریتی بوون لە بنەماڵەی سلیم ئاغاو مەحموود ئاغا.

لە زەمانی شێخ مەحموودا بنەماڵەی سلیم ئاغا بە سەرکردایەتیی بابکر سلیم ئاغا هەمیشە سەر بە ئینگلیزەکان بوون کە ئینگلیزەکان لە دۆکیومەنتەکانیانا بە کاپتن بابکر ناویان هێناوەو بنەماڵەی محموود ئاغا لەگەڵ بنەماڵەی سلیم ئاغادا ناڕێک بوون و زۆریان لە رقی بابکر ئاغاو ئینگلیزەکان بوون بە لایەنگری شێخ مەحموودو تورکەکان.

ئینگلیز لە هەر شوێنێکدا دەسەڵاتیان هەبووبێ هەوڵیان داوە بچنە بنج و بناوانی عەشایرو دەس رۆیوەکانی ئەو شوێنەو پژدەریش یەکێک بووە لەوانەی کە شارازاییەکی زۆریان دەربارەی هەبووەو (مس بیل) لە کتێبەکەیدا (العشائر العراقیه) بە دووورودرێژی باسی کردوون.

له فقره (١٥)ی دۆکیومەنتی ژماره C.O. 730 - 23 - 7168 دا له لاپەڕه (١١)ی ئەو دۆکیومەنتەدا دەربارەی پژدەر دەڵێ:

*«زەعامەتی پژدەر له چوار پشتەوه بۆ تاقمی بابکر ئاغاو تاقمی محموود ئاغا ماوەتەوه، بەڵام تاقمێکی تریش هەیه که سەر به (ئەحمەد ئاغا)ن که پێویسته حساب بۆ ئەوانیش بکرێ که دەتوانرێ له کاتی پێویستی و تەنگ و چەڵەمەدا سوود لەو تاقمەش وەربگیرێ که دەتوانرێ وەکو پارسەنگێک بکرێن به لایەنگری یەکێک لەو دوو تاقمه».*

دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست له دوو دۆکیومەنتدا باسی کراوه:

له دۆکیومەنتی یەکەمدا ژماره C.O. 730 - 35 رۆژی ٦/١٠/١٩٢١دا دەڵێ:

*«یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسی کاپتن کوک له ١١/٨/١٩٢١دا ئاگاداری کردین که عەشایری ناوچەی شاوور له نێوانی رانیەو رواندزدا دژی ئێمه هەڵساون جگه لەوانەی ناوچەی (پشتی گەلی).*

*ئەفسەری سیاسی مێجەر گۆڵدسمیث له ناوچەی رانیەدا نزیکی (٢٥٠) چەکداری لەو عەشایرانەی دۆستمان کۆکردەوەو لەگەڵ (٨٠) سەربازی تری لیڤی بەرامبەر دوژمن که ٣٠٠ - ٤٠٠ چەکدارێک دەبوون روو به ڕووی یەک بوونەوه بەڵام له دوای شەڕێکی چەند سەعاتی کشانەوه بۆ ناو رانیه.*

**فقره (٩)**

*کشانەوەی ئەو هێزه بۆ رانیه بەو جۆره چاوەڕێ نەدەکرا، ناوچەی شاوور به رۆژو بەشەو بێ ووچان بۆردومان دەکراو له ١٥/ی آبدا عەشایرەکانی سەر به دوژمن کشانه دواوەو ئەوانەی جلی سەربازییان لەبەردا بوو چوونەوه بۆ رواندز.*

**فقره (١٠)**

*له بەرەبەیانی رۆژی ١٧/ی آبدا سریەیەکی لیڤی به سەرکردایەتیی گۆڵدسمیث و (٣٠) سوارەی عەشایر لەگەڵ (١٢٠) پیاده به سەرکردایەتیی (کاپتن کوک) له*

رانیەوە روویان کردە (گولان) کە سەرکردایەتیی ناوچەی شاووری لێ بوو، وە بە بۆردومانکردن گوندەکە چۆلکراو گولان و گوندی Earzunga سووتێران و لە ۱۹۲۱/۸/۱۹دا لەشکرەکە گەڕایەوە بۆ رانیە.

**فقرە (۱۱)**

لە ۱۱/ی آبدا هیچ چەکدارێک لە دەربەندی رانیەدا نەبینرابوو، دوژمن لەناو پژدەرییەکانا بە سەرکردایەتیی صالح حامد ئاغاو بایز ئاغا لەشکرێکیان رێک خست بۆ ئەوەی هێرش ببەنە سەر رانیە، بەڵام هێزی ئاسمانیی ئێمە جووڵەی بڕین و هەندێکیان داوایان کرد کە بێنە پاڵ حکومەت بۆ ئەوەی دژی ئەوانی تر شەڕ بکەن.

بۆردومانی پشتی گەلی هەتا ۲۱/یێ آب/۱۹۲۱ درێژەی کێشاو نوێنەرانی (٦) گوند هاتنە رانیەو بڕیاریان دا لە میرانی ئەحمەد بەگ دوور بکەونەوە کە ئاژاوەی لە ناوچەکەیانا نابووەوە (میرانی ئەحمەد بەگی خۆشناو سەر بە تورک بووەو میرانی قادر بەگ سەر ب حکومت بووە).

لە دۆکیومەنتی دووهەمدا ژمارە C.O. 730 - 19 دا لە فقرە (۳۵)یدا دەڵێ:

«بە درێژایی ناوچەکانی سەر سنوور دوژمنایەتییەکی ئاشکرا بەرامبەر بە ئێمە هەست پێ دەکرێ، لە مانگی مایسدا ئاگادا کراین کە لە Bania (کە لام وایە ئەوە هەڵەی چاپ بووەو مەبەست Rania بووە)، هەندێ چەکدار بە ئاشکرا دژی حکومەت وەستاون و باج نادەن کە ژمارەی ئەوانە نزیکی (۱۲۰) تفەنکچی دەبێت، هەتا ئێستە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە هاندانی بێگانە لەوەدا هەبێ.

تاقمێکی لیڤی نێررا بۆ دەربەندی رانیە بۆ ئەوەی ئاژاوەی ئەو ناوە نەهێڵرێ، بەڵام بەفرێکی قورس باری کە رێگەی ئەوەی لێ گرتن و چۆڵکردني ناوچەی ناودەشت بە پێویست زانراو چالاکیی هێزی ئاسمانیمان ئامادەی هەموو کارو بارێکە کە پێی بسپێنررێ».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێستی ئەو ناوچەیە دەڵێ[٤٥]:

«کریم بەگی فتاح بەگی هەموند کە کاپتن (بۆند)و (ماکانت)ی کوشت، راپۆرتێکمان

پێ گەیشت دەڵێ: کریم بەگ لە ۲۲/تموز/۱۹۲۲دا لە نزیک دوکانەوە لە ئاوی زێ پەڕیەوە، ئەم هەڵوێستە تازەیە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ دوژمن چونکە بەوە (۱۰۰) چەکداری تازەی چووە پاڵ و بوو بە یارمەتیدەرێکی بەهێز بۆ یوزدمیر.

لە کاتێکدا ئەو رەتلەی بە سەرکردایەتیی E.C.T.Minet و بەراوێژی بابکر ئاغای پژدەری دوای کریم بەگی هەموند کەوتبوو، داوامان لەو رەتلە کرد بۆ چاوترساندنی عەشایرەکانی ئەو ناوچەیە روو بکاتە قەڵاَ دزەو لە هەمان کاتدا داوا کرا چەند فرۆکەیەک بفرێ بۆ ئەوەی باری شەڕی سەرزەمین سووک ببێت و چاوەڕوانی ئەوەین کە پژدەرییەکان خۆیان و مەڕو ماڵاتیان لە کوێستانەوە بگەڕێنەوە ئەوسا ئەوانەی سەر بە دوژمنن سزایان دەدەین، بەڵام بەرامبەر بەو داخوازییەمان تەنها موافقت لەسەر ئەوە کرا کە رەتلەکە بچێتە قەڵاَدزە کە لە ۲۹/ی تموزدا گەیشتە قەڵاَدزە.

ئەو راپۆرتەی پێمان گەیشتبوو باسی ئەوەی تیادا کرابوو کە (۷۰) سەربازی تورک لەگەڵ چەند رەشاشێک و کاروانێکی بچووکی جبەخانە لە رواندزەوە رووی کردۆتە شاوورو ناودەشت. توانیمان (ساوان)و (کانی رەش) بۆردومان بکەین و لەو کاتەدا من (۳۰۰) یارد دوور بووم لە سنوور لەودیو چادرێکی لێ بوو کە ئەفسەرێکی تورکیی تیادا بوو. هاتنی رەتلەکەی (ماینت) زۆر بە سوود بوو چونکە بە گەیشتنی ئەو رەتلە تورکەکان وازیان لەوە هێنا کە هێرش ببەنە سەر شاوورو ناودەشت.

لە ٦/ی آبدا بابکری سلیم ئاغا گەڕایەوە بۆ قەڵاَدزەو پژدەرییەکان لەوانەی کە دوژمنی ئێمە بوون داوایان لێ کرا ئەو دوو ئەفسەرە تورکەی لە (کانی رەش) بوون دەریان بکەن کە لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە ناویان (عرفان)و (حسن) بوو کە هەردووکیان کۆنە ناسیاوم بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم وا پیشانی ئەو پژدەرییانە نەدا کە لە تاوانەکانی پێشوویان خۆشبووین.

گەرمای قەڵاَدزەو نەخۆشیی مەلاریا هێزەکەی (ماینت)ی هەراسان کردبوو، بۆیە بڕیار درا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و تەنها (۱۰۰) تفەنگچی و (٤) رەشاش لە دەربەندا مایەوەو فصیلێکی لیڤی نێررا بۆ دەربەندو یەک دوو جار ئەو ناوە بە فرۆکە بۆردومان کرا بەڵام هیچ سوودی نەبوو، (ساوان) کە گوندێک بوو لە ئێراناو

(٧)مـيل لـه سنوورەوە دووربوو وەفـدێكى توركى هاتبـووە ئەوێ بۆ ئەوەى لەگـەڵ سـەرۆك عـەشـيـرەتەكـانى ئەو ناوچانەدا گـفت و گـۆ بكـەن لەبەر ئەوە بڕيار درا (ساوان) بۆردومان بكرێت.

تيليگرافـێكم نـارد بۆ مندوبى سـامى و پێم ووت: ئەگـەر دەتانـەوێ قـەزاكـەمـان لەكيس بچێت ئەوا منيش خەتى تيليگراف بەجىٚ دێڵم و خۆتان چى بە باش دەزانن بيكەن، لە ئەنجامى ئەوەدا سەركردەى هێزەكانمان بڕياريان دا هێزى رانيكوڵ (يەعنى هێز بۆ رانيـە)، كـە دوو سـريەى پيـادەو فـصـيلێكى رەشـاش لە كـەتيـبـەى (سيخ ـ سيك)ى ژمـارە (١٥)و حضـيـرەيەك و بطاريـيـەكى طۆپى (ئەمبالا)ى شـاخى و دوو (رعـيل)ى سـوارەى ليـڤى و فـوجى ژمـارە (٤) كـە لە سلێمـانى ماونەتەوە لـەگەڵ (. . ١) تفـەنگچيى ئاسوورى كە لە دەربەند بوون هەمـوويان بگەنە لاى ئێمە.

مندوبى سامى بە تيليگراف داواى لىٚ كـردم كـە خـواردن و ئازووقـە بۆ ئەو هێزە ئامـادە بكەم و ژمـارەيەكى زۆر بزنى نـێر (چونكـە سـيـك هەر گـۆشتى بزنى نێريان لەلا حەلاڵە)، ئامادە بكەم.

لە (ناودەشت) بەهلول ئاغاى دۆستى بەساڵاچووى كۆنمان چووە پاڵ دوژمن لە رقى ئەوەى هێزى ئاسـمـانيى ئێمـە بە هەڵە بۆردومـانى گـوندەكـەى ئەوى كـردبووە لە بۆردومانەدا چەند كەسێك كوژرابوو و كوڕێكى خۆشى بريندار كرابوو و تەواو پەكى كەوتبـوو. بەهلول ئاغـا لـە شوێنێكدا دەورى گـيـراو چارى نەما لە قـەنديلەوە رووى كردە ئێران.

لە ٢١/آب/١٩٢٢دا دوژمن (مـەرگـە)ى گـرت كـە ناوچەيەكى بازرگـانى بوو و مديرى ناحيـە بەديل گـيـرا (ئەدمۆنس لـە شوێنێكى ترى كـتـێبەكـەيدا دەڵىٚ مديرى ناحيەكوژرا).

ئەو هێزانەى كـە هەمـان بوو لە (بلباس)و (ئاكۆ) مـاوەيەك بوو لێـيان دوور بووم لەبەر ئەوە دڵنيـا نەبووم لەو هێزەو جێى متـمـانەم نـەبوو، قەڵاَ دزە جارو بار بەدەس بابكرى سليم ئاغاوە بوو هەندىٚ جاريش لە دەستى دەردەچوو.

*هێزی ئاسمانیمان زۆر کاریگەر بوو بەڵام بەداخەوە درەنگ فریامان کەوت، لە چیای (ئاسۆس)ەوە دەربەندی رانیە درایە بەر گوللەو چەند کەسێکمان لێ کوژرا».*

ئەدمۆنس لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێ(٤٥):

*«لە ٢١/ایلولی ١٩٢٢دا (ماینت) هەموو هێزەکانی بردەوە بۆ ئاڵتون کۆپری و هێزی ئاسمانیمان لە موصل و کرکوکەوە دەهاتنە سەر هێزی دوژمن کە لە کۆیەو لە گوندی (شێخ بزەینی)دا بوون و هەندێ لە ئاغاکانی ناوچەکە چوونە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود کە تازە لە هندستانەوە هاتبووەوە، بەڵام تورکەکان ناچار کران کۆیە چۆڵ بکەن و لە ١٤/ی تشرینی یەکەمدا کۆیەمان داگیر کردەوەو ئەوانەی چووبوونە پاڵ دوژمن وازیان لێ هێنرا.*

*حەوت فڕۆکەمان لە جۆری Ninak لە بغدادەوە هات و هێرشی بردە سەر (مەرگە) کە خانووەکانی لە قوڕ دروست کراوە بۆیە بە ئاسانی نەدەسووتان. لە ٦/یێ تشرینی دووهەمدا فڕۆکەیەکمان کەوت و فڕۆکەوانەکە خەڵکی خوارووی ئەفریقا بوو لە نزیک گوندی (تەرگەلان) کەوت و مرد، هەروەها لە تشرینی دووهەمی ١٩٢٢دا فڕۆکەوان Horricks لە هێزی ئاسمانیی شەڕکەر (سنایب) لە کاتی بۆردومانکردنی رانیەدا کە دوو کەسی تریشی لەگەڵا بوو هیچیان نەگەڕانەوە».*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لەو ناوچانەدا دەڵێ(٣):

*«لە شەڕی دەربەندی رانیەدا بەرەی هەباسی مەحموود ئاغای پژدەری و عەشیرەتی مەنگورو ئاکۆ هەموویان بە نەهێنی کۆبوونەوەو چواردەوری انگلیزەکانیان گرت و زۆریان لێ کوشتن، بەڵام ئەدمۆنس و چەند ئەفسەرێکی تر بەپەلە پرووسکێ خۆیان گەیاندە (سەرخمە) لای سوار ئاغا (باسی سوار ئاغامان لەپێشوودا کرد کە چۆن ئینگلیز دەس بە سەری کردبوو و ناردبووی بۆ هەولێرو لە دواییدا بەریان دابوو) بەڵام سوار ئاغا رێزی لە ئەدمۆنس گرت و میوانداریی کرد. لە رانیە کاپتن کوک بە ناڕەوا (فتاح بەگ)ی کوشت و لە ئەنجامی ئەوەدا عەشایرەکانی ئەو ناوچەیە بوون بە لایەنگری یوزدمیر».*

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەی رانیەو قەڵا دزەدا دەڵێ:

*«لە دوای شەڕی دەربەندی رانیە، دەسەڵاتی یوزدمیر هەر لە رواندزەوە هەتا رانیە پەرەی سەندو دەنگ وابوو (بەرلەوەی شێخ مەحموود بگاتە سلێمانی) کریمی فتاح بەگی هەموندو تاقمی پژدەرییەکان بە سەرۆکایەتیی هەباسی مەحموود ئاغا هێرش ببەنە سەر سلێمانی و داگیری بکەن، ئینگلیز هەوڵی دا بە هێزی لیڤی ئەو پەلاماردانە بەربەست بکا بەڵام ئینگلیزەکان لەو شەڕەدا شکان و تەنها توانییان بە یارمەتیی هێزی ئاسمانی لە ١٩٢٢/٩/١دا ئەو هێزەی لەو ناوچەیەدا مابوویان دەربازی بکەن و بیکێشنەوە».*

ئەحمەد تەقی کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی بەشداریی ئەو شەڕانەی کردووە لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لەو ناوچانەدا دەڵێ(٤):

*«دوای ئەوەی یوزدمیر هاتە رواندز، بەپێچەوانەی ئەفسەرو حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیز، یوزدمیر زۆر شارەزایانەو عاقڵانە لەگەڵ سەرۆکی عەشیرەتەکانا دەجووڵایەوە. ئاغاکانی پژدەر لەوانەی کە لەگەڵ بابکری سلیم ئاغادا ساردییان کەوتبووە نێوانەوە پەیوەندییان لەگەڵ یوزدمیردا کردو زۆری پێ نەچوو ئاغاکانی پژدەر داوایان کرد دەربەندی رانیە بگرن و دەسەڵاتی ئینگلیز لەو ناوچەیەدا نەهێڵن و هێزەکەی بابکر ئاغا لەناوبەرن. هەر لەم کاتەدا بوو کریمی فتاح بەگی هەموندو فقی محەمدی مۆرتکەو سید محەمدی جەباری بە خۆیان و دوو سەد سوارەوە لە رێگای دەشتی حریرەوە هاتنە رواندز کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی هێرش بردن بۆ سەر دەربەندی رانیە زوو دەس پێ بکا. لەپاش دە رۆژ لە دوو قۆڵەوە، ئێمە لە رێگەی شاورەوەو یوزدمیر لە قۆڵی ناودەشتەوە کەوتینە رێ و هێزەکەی ئێمە بە ئاسانی چووە شاورو ئاکۆ بەڵام هێزەکەی یوزدمیر لەگەڵ بەهلول ئاغا کە مدیری ناحیەی ئینگلیزەکان بوو (دیارە بەرلەوەبووە کە بەهلول ئاغا لە ئینگلیزەکان وەرگەڕێتەوە وەکو لەوەی ئەدمۆنسدا باسمان کرد) تووشی شەڕ بوو بەرەنگاری یەکتر بوونەوەو ناچار من لەگەڵ (. . ١) تفەنگچیی کاکە شێخ ئەمینی سەلان چووم بۆ*

یارمەتیدانی یوزدمیرو دوژمن شکاو لە رواندزەوە یارمەتییەکی زۆرمان بۆ هات و هێرشمان برد بەرەو (شەهیدان) کە دوو سەعات دوور بوو لە دەربەندي رانیەوەو گرتمان.

ئینگلیزەکان رانیەیان چۆڵکردو ئێمە چووینە ناو رانیەوەو هێزی هەموندیش بە بێ وەستان لە رێگای (سێوکە)وە هەتا بازیان چوون.

ئینگلیزەکان دوای ئەوە هێزێکی زۆریان هێنا بۆ دەربەندی رانیەو بابکری سلیم ئاغا خۆی ئامادە کرد لە قەڵا دزەدا.

هێزی بەرگریی میللەت پەرەی سەندبوو، هەر لە ناوچەی بارزانەوە هەتا سنووری ماوەت شەڕ بوو، بابکر ئاغا لە قەڵا دزەدا گەمارۆ درابوو، هێڵی تلفونی قەڵا دزەو دەربەند پچڕێنرابوو، فڕۆکەی ئینگلیز بێ ووچان بۆردومانیان دەکرد بەڵام کەڵکی نەبوو، هەردوو لوتکەی شاخی دەربەند لەلایەن هێزی هەباسی مەحموود ئاغاو غفور خانی ناودەشتەوە گیرابوو، هێزی ئەهالیش لە (شەهیدان) خۆیان ئامادە کردبوو، دانیشتوانی رانیەش خۆیان کۆکردبووەوە.

لە ئەنجامی ئەوەدا ئینگلزەکان بە ناچاری دەربەندی رانیەیان چۆڵکردو کشانەوەو هێزی میللی دوای هێزەکەی ئینگلیز کەوت کە لە قەڵای (بۆسکێن)دا خۆی مات دابوو، هێزی ئینگلیز شکاو بەرەو شاخی (دەروبزمار)ی رانیە ڕاو نران و ویستیان خۆیان بگەیەننە (گردە بلوێر)، بەڵام سوارەکانی پژدەر ئەوێشیان گرت، ئیتر ئینگلیزەکان بەتەواوی شپرزە بوون وبەپلەپرووسکێ خۆیان گەیانە (بیتوێن)و هەموو چەک و جبەخانەکانیان بەجێ هێشت و بە یارمەتی و بەپاڵ پشتی فڕۆکەکانیان بە هەزار شەڕەشەق خۆیان گەیاندە (سەرخمە)و لەوێوە چوونە کۆیەو لە دواییدا لەوێشدا نەمان و سلێمانیشیان بەجێ هێشت.

دوای دوو رۆژ وەفدێک لە کۆیەوە هات و بە زۆر مەفرەزەیەکی (٤٠) کەسی تورکییان بردە ناو کۆیەوە، بەڵام کە ئینگلیزەکان بە فڕۆکە کۆیەیان بۆردومان کرد خەڵکی کۆیە لەو بردنەی تورک پەشیمان بوونەوە لەبەر ئەوە ئەو هێزەی ناو کۆیە کێشرایەوە بۆ (خدران) ـ (ئەحمەد تەقی باسی نەکردووە بەڵام هەندێ کەس دەڵێن

*کۆییەکان پارەیان کۆ کردۆتەوەو داویانە بە تورکەکان بۆ ئەوەی بەرامبەر بەوە کۆیە چۆڵ بکرێ)..*

*لەپاش ئەوەی کۆیە، وەفدێکیش لە سلێمانییەوە هات (بێگومان ئەو وەفدە تورکخواکان بوون) وە داوایان کرد کە هێزێک بچێتە سلێمانی بەڵام لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەی ئینگلیز بۆ ئەوەی سلێمانیش وەکو کۆیەی بەسەر نەیەت واز لەوە هێنراو ئەو هێزەی کە داوا کرابوو تەنها گەیشتە گوندی (قەمچوغە، گوندێکی نزیکی سورداشە)و لەوێ مایەوە.*

*لە دوای کشانەوەی ئینگلیز لە رانیەو پژدەردا تشکیلات کراو بابکر ئاغا قەڵا دزەی بەجێ هێشتبوو و تاقمی هەباسی مەحموود ئاغا دەستیان بەسەرا گرتبوو و بایز ئاغا کرا بە قائیمقامی قەڵا دزەو شێخ ئەمینی سندولان کرا بە قائمقامی رانیەو رەمزي بەگ و سەرۆکی مەفرەزەیەک و ئاغایەکی پژدەری کران بە لێپرساوی دەربەندو فوزی بەگی یوزباشی بوو بە قوماندانی رانیەو پژدەر (ئەحمەد تەقیش لەو تشکیلاتەدا کراوە بە مفتشی ئیداریی قەزای رانیەو پژدەر).*

*پاش ئەوە یوزدمیر گەڕایەوە بۆ رواندزو هێزی میللی بڵاوەی لێ کردو من و غفور خانی ناودەشت و قادر ئاغای مصطفی ئاغای پژدەری مدیری (مەرگە) لە رانیەدا ماینەوەو هێزی فڕۆکەی ئینگلیز لە چالاکیی خۆی نەکەوتبوو.*

*ئینگلیزەکان ئاگاداری هات و چۆی وەفدەکانی نێوانی ئێمەو سلێمانی بوون بۆیە بەپەلە شێخ مەحموودیان هێنایەوە».*

شێخ مەحموود بۆیە ئینگلیزەکان ماوەیەک لە کویت و بغداد هێشتبوویانەوە چونکە ئینگلیز چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵوێستی ئەو رۆژانە بوو، کە تەماشایان کرد باریان زۆر ئاڵۆز بووە شێخ مەحموود هێنرایەوە بۆ سلێمانی وەکو لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین).

# ٣- ئالۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەی رواندزو دەورو بەریا

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئالۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەی رواندزدا دەڵێ(٤٥):

«لە ٢/ی تموزی ١٩٢٢دا یاداشتێکم نارد بۆ مندوبی سامی و بۆ (گۆڵدسمیث) وە ئاگادارم کردن کە ئاغاکانی پژدەر (مەبەستی تاقمی عەباس ئاغا بووە) نامەیەکیان ناردبوو بۆ رواندزو داوای یارمەتییان لێ کردبوون و لە ١٨/ی حزیراندا سێ کەسیان لە رواندز بوون گەڕابوونەوەو هەر یەکەیان تفەنگێک و (٥٠٠) فیشەکیان پێ درابوو وە نامەیەکیان لەگەڵ خۆیانا هێنابوو کە لە سەرووی نامەکەوە نووسرابوو: کاغەزێکی حکومەتییەو بە مۆری سەرکردەی شەعبی ئیسلامی لە فلسطین و سوریەو بە ئیمزای یەکێک نامەیەکی تیادا نووسراوە بە ناوی: سەرکردەی شەعبی ئیسلامی لە عراق و کوردستاندا کە دەڵێ:

«مصطفی کمال و جەودەت زۆر باش ئاگاداری خدماتی ئاغاکانی پژدەرن، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستە لەبەر سەرقاڵی و کارو باری زۆر نەپەرژاون یارمەتییان بدەن و ئێستە کە وا کەوتوونەتەوە سەر خۆیان وا (ئەحمەد تەقی)ی نێرراوی کوردستان دەنێرین بۆ (وەزنە) لە ئێران لەگەڵ (٥٠) سەربازدا کە لەوێوە یارمەتیی تەواوتان بدەن.

بابکری سلیم ئاغا دەڵێ: ئەگەر ئەحمەد تەقی بگاتە (وەزنە) ئاغاکان ناچار دەبن بچن بە پیرییەوەو بە لای بابکر ئاغاوە وایە کە ئەوانە لە سەرەتاوە هێرش دەبەنە سەر دەربەندی رانیە، بەڵام ناردنی (٥٠) سەرباز شتێکی ئەوتۆ نییەو لەگەڵ ئەوەشدا وا دیارە تورکەکان کەوتوونەتە خۆیان، لەبەر ئەوە ناوچەکە ئارام و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێت ئەگەر سەرو پۆتەلاکی پژدەرییەکان نەکوترێتەوە. پژدەرییەکان ئێستە لەسەر سنوورن، بەڵام لە دوای دروێنەو کۆکردنەوەی خەڵەو خەرمان جم و جۆڵ دەست پێ دەکەن بۆیە ناردنی هێزێک بە دەست و بردی بۆ شاورو ناودەشت شتێکی زۆر

پێویستە.

داوام کرد هێزی ئاسمانی بکەوێتە کارو بەسەر پژدەرییەکانا بفڕن و نقیب (و.آ.لاین) لە هەولێرەوە ئەویش هەر وەکو من مەترسیی لێ نیشتووەو مندوبی سامی لە هەڵوێست گەیشتووەو لەلایەن مێجەر گۆڵدسمیشەوە لە سلێمانی یارمەتیم دەسگیر بوو جگە لە (بوردیللون) کە لە مکتبی سیاسی بوو، مایەوە سەر ئەوەی ئایا هێزی پیادە دەخرێتە کار یا هەر بە بۆردومانی فڕۆکە واز دەهێنرێ، لە ئەنجامی ئەوەدا سەرکردایەتیی گشتی بڕیاری بۆردومانکردنی دا بەڵام بڕیاری نەدا هێزی زەمینی بنێررێت و رێگەی ئەوەش نەدرا فڕۆکە بەسەر رەشماڵی دەوارنیشینەکانی پژدەردا بفڕێت.

لە ۱۰/تموز/۱۹۲۲دا دوو سربی فڕۆکە بۆردومانی رواندزیان کرد، فڕۆکەوانەکان زۆر شارەزای ناوچەکە نەبوون بۆیە ئێجگار خەفەتی ئەوەم خوارد کە راپۆرتەکان ئاگاداریان کردین کە زۆربەی بۆمباکان لە دەشتی چۆڵ دەکەوتنە خوار یا بەر شاخ دەکەوتن کە هیچ ئاگرێکیان لێ نەدەکەوتەوە، تەنها دیواری چوار خانوو رووخاو تاقە سەربازێکی تورک بریندار بوو.

لە ۱٦/تموزدا تیلیگرافێکم ناردو گلەییم کرد لە نەناردنی هێزی زەمینی و ئاگادارم کردن کە ئەگەر بە پێویستم نەزانیایە داوای ئەوەم نەدەکرد، لە بەر ئەوە ناچارم هێز لەناو ئەو عەشایرانەدا کۆبکەمەوە هەرچەند دڵنیا نیم لەوەی کە دەتوانم بەرگری هێزی دوژمن بکەم و دەترسم هەڵوێست بتەقێتەوە ئەگەر پاڵپشتییەکی حکومەتم لەگەڵدا نەبێت.

ئەگەر ناتانەوێ فڕۆکە بەسەر (ساوان)و (گەرماوان)دا بفڕن (هەردووکیان هەوارگەی هاوینی پژدەرییەکان بوون لەودیو سنوور لەناو ئێراندا)، وا بزانم شتێکی بێ کەڵک نییە ئەگەر بەسەر دەشتەکانا بفڕن.

لە ۱۳/تموزدا تیلیگرافێکی ترم ناردو ئاگادارم کردن کە یوزدمیر هاتۆتە ئەم ناوەو خەڵک لە ئێمە دەورووژێنێت. سەرکەوتنی یوزدمیر بەسراوە بە چالاکیی خۆمانەوە، پژدەر لاوازترین بنکەیە، بەڵام ئەگەر ئەو بنکەیە رووخا ئەوسا ناتوانین سەر ژمێری

ئەو زیانانە بکەین کە لێمان دەکەوێ، لەبەر ئەوە بەرلەوەی ئەو ئاگرە تەشەنە بکا باشترین شت ئەوەیە مەعنویاتی دوژمن لاوازو بێ هێز بکەین».

لە دۆکیومەنتی ژمارە 7168 - 33 - 730 C.O. ساڵی ۱۹۲۲دا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لەو ناوچانەدا دەڵێ:

«فقرە (٧٢٧): هەواڵی ئەو زیانانەی لە رواندز کەوتبوو بە بۆردومانی ١.١١/تموزی ١٩٢٢ ئەوە نەبوو کە ئومێدی لێ دەکرا، چەند خانوویەک رووخا یەکێک لەوانە ماڵی حاجی نورەس بوو کە کرابوو بە بنکەی هێزی رواندز.

هەواڵ وا دەگەیەنێت خەڵکی رواندز زۆر بێزار بوون و ئەگەر بۆردومانێکی تر بکرێ رواندز چۆڵ دەکرێ. یوزدمیر پڕۆپاگاندەی بەناو خەڵکدا بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی رەسمی أحتجاجی ناردووە بۆ عصبە الامم بەرامبەر بەو بۆردومانە بەڵام ئەو پڕۆپاگاندەیەی بەوە پووچەڵ کرایەوە کە رۆژی دواییش هەر هێرش برایە سەر رواندز کە ئیتر خەڵک بڕوایان بە پڕۆپاگاندەی یوزدمیر نەما.

فقرە (٧٣٠): هەواڵێک لە رانیەوە هاتووە دەڵێ: لەمەو دوا تورکەکانی ناوچەی رواندز کارو باریان لەلایەن علی أحسان پاشاوە لە (جزیرە)وە دەبرێ بەڕێوە، مەبەست لەوەی علی أحسان پاشا ئەوەیە هێرشی بهێنرێتە سەر عراق و هەندێ هەواڵ وا دەگەیەنێ کە هێزی لیڤیی فرنسە کە ژمارەی (٥٦٠) لیڤی بوون چونە پاڵ مصطفی کمال بێجگە لە (٤٥) چەکداری تاقمی فارس ئاغای زێباری و ئەو (١٥٠) چەکدارەی لە رواندزن.

فقرە (٧٣١): دەڵێن صالح زەکی صاحبقران قائمقام (حاکم)ی عقرە پەیوەندیی بە تورکەکانەوە هەیە، صالح زەکی کوردێکی سەرگەرمەو لەوە دەچێت تورکەکان بەڵێنیان پێ دابێ.

نەخشەی تورکەکان ئەوەیە کە لەپێشدا هێرش ببەنە سەر عقرە بۆ ئەوەی رێگەی هات و چۆی نێوانی رواندزو جزیرە خۆش بکەن و هێڵێکی تیلیگراف لە نێوانی رواندزو شمزینانندا دانراوە.

**فقره (٧٣٥)** : هەندێ لە عەشایری باڵەکی و خێلانی موافقتیان کردووە بەشداری بکەن لەو هێرشەدا کە بەدەستەوەیە بۆ سەر موصل بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە چوونەتە لای محمد ئاغای باڵەکی بۆ ئەوەی بیکەن بە پاڵپشت و لایەنگری علی أحسان پاشاو مەدالیایەک و دیاری و چەند تفەنگ و جبەخانەیەکیان داوە بە محمد ئاغای باڵەک بەلاّم ئەوانەی قبوڵ نەکردووە.

دواڕاپۆرت وا دەگەیەنێت تورکەکان پەلاماری باڵەکیان دابێ.

**فقره (٧٣٦)**: شێخ رقیب و شێخ عبید اللەی سورچی و حەمەدەشین (نیاز لە حەمەدەشینی سەرچیا بووە) چوونەتە لای یوزدمیرو (٣) بار جبەخانەیان لێ وەرگرتووەو هەرسێکیان مەدالیای تورکیان دراوەتێ.

قادر ئاغا هەرچەند لەگەڵ یوزدمیردا کۆ نەبووبووە، بەلاّم بارێک پێلاّوی ناردبوو بۆ لەشکری تورک، شەکرو چاو جل و شتی بەقاڵی و هەندێ شتی تر لە کۆیەو هەولێرەوە نێررابوو گەیشتە رواندز.

**فقره (٧٣٧)**: نوری باویل ئاغای سەرکردەی جندرمە لەگەڵ شێخ کاکە ئەمین (نیاز لە کاکە ئەمینی سەلان بووە) بە توندو تیژی دژی بریتانیان. نوری باویل ئاغا لە رواندزدا کراوە بە ئەفسەر لەناو هێزێکی عەشایردا بۆ ئەوەی پەلاماری هەولێر بدا.

# ٤- ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی سلێمانیدا

هەڵوێست لە ناوچەکانی سلێمانیدا، بەتایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ەوە بە جارێک ئاڵۆز بووبوو، ئەو لووت بەرزی و دەعیەو فیزەی کە مێجەر سۆن لەناو خەڵکدا پیشانی دەدا سەری نەگرت و تا دەهات خەڵک زۆرتر لە ئینگلیزەکان پڕ دەبوون و کار گەیشتە رادەیەک راپەڕین لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست لە ناوچەکانی سلێمانیدادەڵێ(٣):

*«لە دوای ئەوەی خەڵک بەتەواوی لە رەفتارو کردەوەي ئینگلیزەکان و مێجەر سۆن بێزار بوون (شێخ فرجی بانی نبۆک) بە خۆی و خزم و عەشرەتییەوە رێگەی سلێمانی و هەڵەبجەی بەست و بانگی یاخی بوونی ئاشکرا کردو نامەیەک نێررا بۆ مێجەر سۆن دەڵێ:*

*ئەو نامانەی لەمەوپێش بە ناوی لیژنەو کۆمەڵانەوە بۆتان نێررابوو هەتا ئێستە بێ وەرام ماونەتەوە، زۆر بە گورجی وەڵامان دەوێ چونکە لەوە زیاتر ناتوانین چاوەڕوانی بەجێهێنانی بەڵێنەکانتان بکەین کە بریتییە لە أستقلالی کوردستان و هێنانەوەی حوکمدار.*

*ئەو نامەیە بە هۆی (کوێخا سعدونی بیستان سوور)ەوە نێررا بۆ مێجەر سۆن و ئەویش دەس بەجێ فەرمانی دا بە هێزی لیڤی بە سەرکردایەتیی (ڤیتس گیڤن) بچنە سەر بانی بنۆک و گوندەکە بسووتێنن و شێخ فرج و هاوپەیمانەکانی بگرن و بە کەلەپچەکراوی بیان هێنن بۆ سلێمانی، بەڵام ئەو شەڕە زۆر کەوت لەسەر ئینگلیزەکان و لاشەی (ڤیتس گیڤن) بە کوژراوی لەلایەن حەمەی قالە پیرۆتەوە کە سەربازێکی لیڤی بوو دەرباز کرا کە ئەو شەڕە بە شەڕی شارەزوور بەناوبانگە.*

*دوای شەڕی شارەزوور لە ناوچەکانی بازیان و چم چماڵیش راپەڕین دەستی پێ*

کرد. محموود خدر هموند که له زەمانی عوسمانلیدا فەرماندەی ژاندرمە بوو (له بەرگی یەکەمدا له باسی کارەساتەکەی موصلدا باسی محموود خدر هموند کراوه) ئەو محموود خدره لەو رۆژانەدا دژی ئینگلیزەکان ڕاوەستاو رێگەی سلێمانی و کرکوکی بڕی.

مێجەر سۆن وەکو لاسایی کردنەوەی تورکەکان هێزێکی ئێستر سواری لەناو کورددا دامەزراندو ناردنی بۆ شەڕ دژی محموود خدرو فەرمانی دا محموود خدرو سید محمدی جباری بگرن. هێزی هەردوولا له دەربەندی بازیان بەرەنگاری یەک بوون و زیانێکی زۆر له ئینگلیز کەوت، کاپتن (بۆند) که ساتی خۆی له ئەستەمبول ژیابوو زمانی تورکیی باش دەزانی و لەو رۆژانەدا کرابوو به حاکمی سیاسی له چم چماڵ که هەتا بڵێی پیاوێکی چەتوون بوو.

(بۆند) هەوڵی دا محموود خدر ببینێت و له پاش رێکەوتن به محموود خدر دەڵێ:

«مندوبی سامی بڕیاری داوه له حەپسکردنت خۆش ببێ به مەرجێک دوو هەزار روپیه بدەی له تۆڵەی ئەو زیانانەی که به هۆی تۆوه لێمان کەوتووه.

محموود خدر سوپاسی دەکاو دەچێتە ژوورەوه لێفەیەکی شڕی بۆ دەردەهێنێت و به کاپتن بۆند دەڵێ: جەنابی حاکم: ئەم لێفه شڕه بنێره بۆ لندن با لۆکەکەی بکەن به بانقەنۆتی ده روپیەیی و چەندتان گەرەکه هەڵی گرن و ئەوی تریشی بدەنەوه به خۆم.

محموود خدر لەو رۆژانەدا پیر بووبوو بەرگەی شەڕی نەدەگرت بەڵام سید محمدی جباری کۆڵی نەداو هەتا ماوەیەک هەر دژی ئینگلیز بوو.

بێجگە لەوه هەردوو ناحیەی سەنگاو و قەرەداغ لەلایەن ئینگلیزەکانەوه چۆڵ کراو له ناوچەی شمیرانیش حمەی سان ئەحمەد پەلاماری دان و دەری کردن».

بابا علی شێخ محموود دەربارەی ئەوەی ئەحمەد خواجا لێی دواوه بۆی باس کردم که ئینگلیزەکان تەنها هەر به محموود خدر وازیان نەهێنا بەڵکو کەوتنه تەنگەتاوکردن و هەراسان کردنی کریمی فتاح بەگی هموند که لایەنگری شێخ محموود بووه. کریم بەگ له لووت بەرزی و هەڕەشەو گوڕەشەی کاپتن بۆند بێزار

بووبوو، جگە لەوە بۆند زۆر کەللەڕەق و لەخۆبایی بوو کریم بەگیش لەوانە نەبوو بەرامبەر بەو هەڵوێستە دان بە خۆیا بگرێ و بێدەنگ بێ بۆیە بۆندی کوشت.

عزەت مدفعی کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرابوو بە مدیری ناحیەی سەنگاو ئەویش بێزار بوو (ئینگلیزەکان بۆ دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرو ڕۆشنبیری وەکو عزەت مدفعی و حسین ناظم ئەوانەی کردبوو بە مدیری ناحیەو دووری خستبوونەوە)، کریم بەگی فتاح بەگی جاف کە لە حکومەت یاخی بووبوو داوای لە عزەت مدفعیی کردبوو کە لای حکومەت هەوڵی بۆ بدا کە لێی خۆشبێ بۆ ئەوەی بچێتەوە شوێنی خۆی و عزەت ناردی بە شوێنی کریم بەگدا کە بە نهێنی لە (سەگرمە) لەسەر کانی و ئاوێک یەکتر ببینن بۆ ئەوەی لەو ڕووەوە گفت و گۆ بکەن و کریم بەگ وادەزانێ مژدەی لێ خۆشبوونی دەداتێ، عزەت بەڵام بەپێچەوانەوە کریم بەگ هان دەدا کە وورەی بەرز بێ و خۆی کۆکاتەوە بۆ ڕاپەڕینێک دژی حکومەت.

کریم بەگ کە عزەت دەبینێ لێی دەپرسێ: باشە ئەگەر کارەکەمان سەری نەگرت چیمان بەسەر دێ؟ عزەت لە وەرامدا دەڵێ: *«ئەوسا منیش وەکو تۆم لێ دێ»*.

ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا (٤٥) دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست دەڵێ:

*«مێجەر سۆن هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی بەدڵ نەبوو بۆیە وازی لە کار هێناو لەجیاتی ئەو (گۆڵدسمیث) هاتە جێگەی کە بەپێچەوانەی مێجەر سۆن پیاوێکی زۆر ڕووخۆش بوو (ویڵسن حاکمی گشتیی بریتانیا لە کتێبەکەیدا دەڵێ: سۆن لە ١٩٢٣/٢/٢٤دا لەناو پاپۆڕێکدا لە ڕێگای استرالیا مردو گۆڵدسمیثیش لە ١٩٢٤/٥/٣١ لە نزیکی قناتی سویس بە نەخۆشی مرد).*

*کە گۆڵدسمیث کرا بە حاکمی سلێمانی هەوڵی دا ئەو بێزارییەی لەناو خەڵکدا بە هۆی ڕەفتاری مێجەر سۆنەوە پەیدا بووبوو نەی هێڵێ و تەقەلای ئەوەی دا دڵی خەڵک ڕازی بکا.*

دەربارەی ئەو تەقەلایەی گۆڵدسمیث لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O.C.O.15 ڕۆژی ٧/ی دیسمبری ١٩٢١دا نامەیەکی مندوبی سامیی تیایە کە لە بغدادەوە ناردوویەتی بۆ چرچل دەڵێ:

«ئەنجومەنی هەڵبژێرراوی سلێمانی یەکەم کۆبوونەوەی لە ٢٢/ی نۆڤەمبری ١٩٢١دا کرد کە ئەندامەکانی بریتی بوون لەمانە (کە وەکو چۆن نووسراوە بلاوی دەکەینەوە):

| | |
|---|---|
| ١- مێجەر گۆڵدسمیث | ئەفسەری سیاسی و نوێنەری حکومەتی بریتانیا |
| ٢- ئەحمەد موختار | قاضی |
| ٣- صدیق مظهر | حاکم |
| ٤- صالح پاشا | سکرتێری واردات |
| ٥- حمە ئاغای عبد الرحمن ئاغا | نوێنەری دانیشتوانی سلیمانی |
| ٦- حاجی ئیبراهیم ئاغا | نوێنەری دانیشتوانی سلیمانی |
| ٧- عبد الله چلبی | مأموری کۆن بووەو ئێستە بازرگانە |
| ٨- حامد بەگ | بگزادەی جاف ـ نوێنەری هەڵەبجە |
| ٩- محمد صالح بەگ | ملاک و نوێنەری شارباژێڕ |
| ١٠- ئەمین رشید ئاغا | سەرۆکی عەشیرەتی هەموندو نوێنەری چەم چەماڵ |

رفیق حلمی لە پەراوێزی لاپەڕەکانی (٢٠ - ٢١)ی بەرگی دووەمی یاداشتەکانیا ئەو ئەنجومەنەی ناو ناوە (مەجلیسی ئیداری)و دەڵێ بۆ ئەوە پێک هاتبوو کە یارمەتیی حاکمی سیاسی بدا لە راوێژکردن و کاروباردا، بەلام لە ناوەکانا کە باسی کردوون عبدالله چلبی بە عبد الفتاح چلبی ناو هێناوەو ناوی (کاپتن هۆڵت)ی معاونی حاکمی سیاسیشی لەو ئەنجومەنەدا ناو هێناوە کە لە دۆکیومەنتەکەدا ناوی نەهاتووە. هەروەها لە دۆکیومەنتەکەدا ناوی نوێنەری رانیە نەهاتووە بەلام رفیق حلمی لە لاپەڕە (٢٢)دا دەڵێ هەمزاغای ئەولاغا بە ناوی نوێنەری رانیەوە دانرا (کە دوور نییە چ کاپتن هۆڵت و چ هەمزاغا هەردووکیان لە دواییدا خرابنە سەر ئەو ئەنجومەنە).

لە دۆکیومەنتەکەدا بە دوورو درێژی باسی چۆنیەتیی دانان یا هەڵبژاردنی ئەو ئەندامانەی کردووە وەکو لە خوارەوە بە کورتی باسی دەکەین.

١. لە هەڵەبجە بەگزادەکانی جاف و (١٢) کەسی تر کۆبوونەوەو لەناو خۆیانا (٣) کەسیان پاڵاوت و و ئەو سێ کەسەش حامید بەگیان کرد بە نوێنەری خۆیان لەو ئەنجومەنەدا.

٢. لە شارباژێڕ چوار کەس پاڵێوران ئەوانەی دەنگیان دا قائمقام و ئاغاکان و کوێخای گوندەکان بوون (کە بێگومان وەکو لە دۆکیومەنتەکەدا باسی کراوە محمد صالح بەگ. حمە صالح بەگی حمە علی بەگ) کراوە بە نوێنەری شارباژێڕ لەو ئەنجومەنەدا.

٣. بەلاّم لە رانیەدا کێشە هەبوو لەناویانا بۆیە کەس هەڵنەبژێررا.

٤. لە چم چماڵ تەنها ئەمینی رشید ئاغای هەموند خۆی پاڵاوت و ئەوانی تر جێی گومان بوون (یەعنی رێگەیان پێ نەدرا خۆیان بپاڵێون).

٥. لە سلێمانی کە ئەفسەرێکی سیاسی دەیبا بەڕێوە ئەندامەکانی بە زۆریی دەنگ (جمال بەگ) یان کرد بە سکرتێری مجلسی سلێمانی بە مانگانەی سێصەد روپیە بەلاّم ئەندامەکان موافقتیان کرد هیچیان پارە وەرنەگرن مەگەر تەنها پارەی هات و چۆکردن لە کاتی کۆبوونەوەکاناو بڕیاریش درا ئەگەر لەناویانا هی وا هەبێ دەستی کورت بێ مانگ (٢٠٠) روپیەی دەدرێتێ و ئەمانە هەمووی وەکو پێشنیازێک خرایە پێش چاوی لێپرسراوی دارایی لە بغداد».

رفیق حلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەربارەی لابردنی مێجەر سۆن و هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ:

«کە ئەو مجلسە هەڵبژێررا، نە ئەو مجلسەی کە لە ژێر سەرکردایەتیی حاکمی سیاسیدا بوو کە لە (١٢) کەس پێک هاتبوون و نە بە گواستنەوەی مێجەر سۆن لە سلێمانی هیچیان چارەسەری ئاڵۆزبوون و کوژانەوەی ئاگری شۆڕشی نەکرد».

ئەدمۆنس لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێ(٤٥):

«لە ساڵی ١٩٢٢دا کە بە اجازە گەڕامەوە، کرام بە معاونی حاکمی سیاسی لە هەڵەبجە کە ئەمە وظیفەیەکی زۆر بچووک بوو زۆر نزمتر بوو لەچاو ئەوەی پێنج ساڵ لەمەوپێشم، بەلاّم ئاگادار کرام کە هەڵوێست لە ناوچەی سلێمانیدا تەواو ئاڵۆز بووەو

*هەڵەبجەش پێویستی بە یەکێکی زۆر شارەزا هەیە.*

*کە چوومە هەڵەبجە، عەشایری هەورامان دژی ئێمە هەڵسابوون بە سەرۆکایەتیی محموود خانی دزڵی. محموود خان کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە تەسلیم بە ئێمە کرابوو بەڵام شتێکی زۆر بێ عەقڵانە بوو لە ئێمەوە کە رێگای محموود خان درا لەپاش گرتنی چەند مانگێک بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی کە لەوێوە دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە تورکەکانەوە».*

ئەوە بوو باسمان کردبوو کە محموود خانی دزڵی لە دوای شەڕی دەربەندی بازیانی ساڵی١٩١٩ و گرتنی شێخ محموودو ناردنی بۆ هندستان، محموود خان خۆی نەدا بەدەستەوەو گەڕایەوە شوێنی خۆی بەڵام بە راسپاردەی ئینگلیز ئێرانییەکان گرتیان و دایان بە ئینگلیزەکان و ماوەیەک لە بەندیخانەی (ئێچ قەلا) لە بغداد وەکو کرێکارێک خشتی کاڵیان پێ برپوە.

دوای ئەو هەڵوێستانە، هەتا ئەهات رۆژ لە دوای رۆژ باری ناوچەکە ئاڵۆزتر دەبوو، ئەم دۆکیومەنتانەی لێرەدا باسیان دەکەین هەریەکەیان باسی لایەک لە ئاڵۆزبوونی ئەو رۆژانە ڕوون دەکەنەوە کە لێرەدا ئەوەی پەیوەندیی بەم باسەی ئێمەوە هەیە لێ دەدوێین:

یەکەم ـ دۆکیومەنتی ژمارە H.C. 37 - C.O. 730 - 19 رۆژی ١٩٢٢/١/١٤ لە مندوبی سامیی بریتانیاوە لە بغداد بۆ وەزارەتی مستعمرات:

*«دوا بە دوای تیلیگرافی ژمارە (٨٤١)ی رۆژی ١٩٢١/١٢/٣٠، سوارە چەکدارەکانمان لە رۆژی ١٩٢٢/١/١٣دا لە نزیکی هەڵەبجە تووشی شکاندنێکی خراپ بوون کە لە ناوچەی خورماڵدا روویدا کە بەداخەوە وا ئەم هەواڵە ناخۆشەتان دەدەمێ*

*کاپتن H.C.D. Fitzgibbon: (ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا باسی کردووە بە ناوی (ڤیتس گیڤن) لەگەڵ (٢٠) کەسدا کوژران و لاشەکانیان دیار نییە.*

*فڕۆکەکانمان ئەو ناوچەیە بەجێ ناهێڵن و دەچنە سلێمانی و بەسەر شارەزووردا دەفڕن. هەڵوێست هەتا بڵێی ئاڵۆزو ناخۆشە، هەواڵی شەڕەکەم بەتەواوی پێ*

نەگەیشتووە بەڵام شکاندنی ئەم شەڕە بە هۆی محمود خانی دزڵییەوە بووە کە ئاگاداری ئەوەم هەتا ئێستە بە چەند نامەیەک پەیوەندیی بە مصطفی کمالەوە کردووە».

دۆکیومەنتی دووهەم: ژمارە C.O. 730 - 14 ڕۆژی ١٩٢٢/١/١٥ فقرە (٣٦)ی ڕاپۆرتەکە - ڕاپۆرتێکی نهێنی:

لە سنووری هەوراماندا محمود خانی دزڵی لەگەڵ چەند چەکدارێکدا روویان کردە ناوچەی سروچک و لە ١٩٢١/١٢/٢٧دا خۆپیشاندانێکی هێزی ئاسمانی کرابوو بەسەر سلێمانیدا، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەوانەی چووبوونە سروچک گەڕانەوە سنووری ئەودیو بۆ هەورامان.

دۆکیومەنتی سێهەم: ژمارە C.O.730 - 19 ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٩٢٢/١/١ تا ١٩٢٢/٢/١:

فقرە (٩٤): هەڵوێست لە سلێمانیدا جێگەی دڵنیایی نییەو پڕۆپاگاندەی تورک زۆر بەهێزەو لەناو خەڵکدا وا بڵاوبۆتەوە کە ئینگلیزەکان خەریکن بکشێنە دواوەو ناوچەکە بەجێ بێڵن.

وەکیلی تورکەکان لەناویانا وا بڵاو دەکاتەوە کە سەربەخۆیی کورد لەلایەن ئینگلیزەوە جێ بەجێ ناکرێ و بەپێچەوانەی ئەوان تورکە کمالییەکان ئامادەن یارمەتیی هەورامی و محمود خانی دزڵی بدەن.

لە ناوچەکانی هەورامان و مەریوان پڕۆپاگاندەی تورک کاری زۆر کردۆتە سەر خەڵک و لەلایەن .H.B.M کە قونسولی بریتانیایە لە کرماشان هەواڵ گەیشتووە کە پڕۆپاگاندەی تورک لەو ناوەدا کاری کردۆتە سەر خەڵک و بۆڵشەڤیکیش کەمێک ئەو پڕۆپاگاندانەیان بڵاو کردۆتەوە بەناو خەڵکدا.

لە مانگی دیسمبری ١٩٢١ بەدواوە خەریکن لە ناوچەی (گولعومەرخورماڵ) باج و سەرانە کۆ دەکەنەوەو هەواڵ وا دەگەیەنێت کە محمود خان خۆی یەکێکە لەوانەی کە سەرپەرشتیی باج کۆکردنەوە دەکا، بەڵام ساتێک فڕۆکەکانمان لە ١٩/ی دیسمبری١٩٢١دا بەسەر ئەو ناوچانەدا فڕین هەموو ڕایان کردە ناوچە شاخاوییەکان.

محمـوود خانی دزلّی چۆته (باخەکۆن) کـه دوو میل دووره له هەڵەبجەو لەوێوه نامەی ناردووه بۆ ئەفسـەری سیاسیی ئێمه له هەڵەبجه کـه دەیەوێ اخلاصی خۆی دەربـڕێ بۆ حکومەتـی بریتـانیا ، کـه ئەم نامـەیەی لەگەڵ ئەوەی بۆ سمکۆو مصطفی کمـالی ناردووه پێچەوانەی یەکتـرن، جگه لەوەش نامـەیەکی ناردبوو بۆ سـەرۆک عـەشیـرەتەکانی هەموندو لەو نامـەیەدا گاڵتـەی بەوانه کردبوو کـه دان به دەسـەلاّتی ئینگلیزدا دەنێن و سەری بۆ دادەنەوێنن.

فـقـره (٩٥) : ئەحـمـەد بەگی ریشـێن له سلێمـانی رای کـرد ، ئەم پیـاوه هـەرچەند کابرایەکی گرنگ و دەسەلاّتدار نییه، بەلاّم کـچی عـدله خانی هێناوه (مەبەست له خانمی ژنـی وەسمان پاشایه)و سکرتێری عـدله خانم بووه. ئەحمەد بەگ له کاتی خۆیدا به دەسبەسـەری نێررابوو بۆ سلێمانـی چونکه پەیوەندیی به محـمـوود خانی دزلّییـەوه هەبوو لەبەر ئەوه له سلێمانیـدا خرایه ژێر چاودێرییـەوه بەلاّم لـه سلێمـانی خۆی دەرباز کردو دەڵێن له ئاوایی (روستەم بەگ) خۆی شاردۆتەوه کە له پێدەشتی شاخی هەوراماندایه. بۆ ئەوەی ئەحمەد بەگی ریشێن نەگاته لای محموود خان ( ٧. ) سـواری لیڤی به سـەرکـردایەتیی کـاپتن Fitzgibbon لەگـەڵ ئەفسـەرێکی خـەڵکی ناوچەکه نێرران بۆ هەڵەبجه (له یەکەم دۆکیـومـەنتـیدا باسی کوشتنی کـراوه) وه له ١٩٢٢/١/١١دا به نەهێنـی بڕیار درا بچنه سەر ئاوایی روستـەم بەگ کـه ئەو هێزه له ١٩٢٢/١/١٢دا گـەیشتـه ئەو ئاواییه دەرکـەوت دوو گـوند هەیه بەو ناوەوه کـه یەکـەمـیـان گـیـرا دەرکـەوت ئەحـمـەد بەگ لەوەیانا نەبوو بەلاّم لەوەدا هێزی لیـڤی زیانێکی زۆری لێ کەوت و کاپتن (ڤیتس گیبون) به گوللەیەک کوژرا لەگەڵ (١١) سەربازی لیڤی و مـەیتەرەکەی ئەفسەری سیاسیش کوژرا. (لۆنگریک له کتێبەکەیدا باسی چۆنیەتیی کوشتني ئەو کاپتنەی کردووه) .(٤٣)

محـموود خانـی دزلّی کـه ئاگاداری ئەو شـەڕه بوو یەکـێک له کـوڕەکانـی لەگەڵ ( ٣٥. ) چەکداردا له دزلّییـەوه گـەیشتنه ئەم ناوچەیەو هـەورامییـەکانیش چوونه پاڵ ئەو، بەلاّم به هۆی بۆردومانی فڕۆکەوه هێزەکەی محموود خان کشایه دواوەو ئەحمەد بەگی ریشێن خۆی گەیانده لای محموود خان».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەڵێ[٤٥]:

*«عدلە خانم بەو گرتن و ناردنەی ئەحمەد بەگی ریشین بۆ سلێمانی لێمان دڵگیر بوو وە پرۆپاگاندەی تورکەکان کاری تێ کردبوو و خەریکی ئەوە بوون پەیوەندیی لەگەڵا بکەن».*

جگە لەو ڕاپەڕین و شەڕانەی لە ناوچەکانی هەڵەبجەو خورماڵ و هەوراماندا روویدا، وەکو لە باسەکانی پێشوودا لە هەڵوێستی ناوچەی سلێمانیدا لەوە دواین کە چۆن کریمی فتاح بەگی هەموند کاپتن بۆندو ماکانتی کوشتبوو رووی کردە لای یوزدمیرو بە ئاشکرا بوو بە یەکێک لە هەرە دوژمنە گەورەکانی ئینگلیز.

لەم چەند دۆکیومەنتەی داهاتوودا باسی ئەو ڕاپەڕینەی کریمی فتاح بەگ دەکەین.

لە دۆکیومەنتی ژمارە NO. 831 - C.O. 730 - 22 رۆژی ١٩٢٢/٦/٢٣دا راپۆرتێکی تیادایە کە مندوبی سامی لە بغدادەوە ناردوویەتی بۆ وەزیری مستعمرات دەڵێ:

*«بەپێی تیلیگرافی ژمارە (٤٣٨)ی رۆژی ١٩٢٢/٦/١٦، کریمی فتاح بەگی سەرۆکی بەگزادەی عەشیرەتی هەموند کە ماوەیەکی زۆرە چم چماڵ بە هۆی ئەوەوە نائارامەو یەکێک بوو لەوانەی لە ١٩١٩دا سەر بە شێخ مەحموود بوو، لەوساوە هەمیشە لە یاسا لایداوە، بەڵام ماوەیەکە دەیەوێ ئارام بگرێ و داوای لێ خۆشبوون دەکا. مەرجی ئەو لێ خۆشبوونەی لەلایەن ئێمەوە ئەوەبوو کە سەرانەی ئەو تفەنگانەی کە لە سەری دانرابوو بیدات بە حکومت (ئینگلیزەکان چ لەمەداو چ لەو سەرانەی تفەنگ سەندنەی کە لە باسی هەڵوێستی ناوچەی کفری و خانقیندا لێی دواین مەبەستیان ئەوە بووە چەک لەناو عەشیرەتەکانی کورددا کەم بکەنەوە) و چەند جارێک هەوڵی بینینی ئەفسەری سیاسیی داوە بۆ ئەوە هەتا ئێستە کاپتن (بۆند) کە یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسی بوو هەوڵی دا لە تەنیاڵ لە ١٦/ی حزیراندا یەکتر ببینن، رۆژی ١٧/ی مانگ نامەیەک لە کریم بەگەوە هات بۆ کاپتن بۆند کە شەوێک بەرلەوە لە گوندی (هەنجیرە) بوو، لەو نامەیەدا پرسیاری ئەوەی کردبوو لە کاتێکدا کە ئەو دەیەوێ لەگەڵیانا رێک بکەوێ کەچی ئەوان هێز دەنێرن بۆ ناوچەکە؟!...*

وەرامی کاپتن بۆند نێررایەوە بۆ کریم بەگ کە لە گوندی (کانی مصطفی) بوو، بەڵام کریم بەگ یەکسەر وەرامی نامەکەی بۆندی نەدایەوە بەڵکو نامەیەکی ناردبوو بۆ فقی محمدی مۆرتکەو لەو نامەیەدا ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو کە لە (کانی مصطفی) بۆند ببینێت.

کاپتن بۆند لەلایەن دۆستەکانییەوە ئاگادار کرا کە ئەو شوێنە بۆ کۆبوونەوە باش نییە بەڵام بۆند زۆری حەز دەکرد کریم بەگ ببینێت بۆیە گوێی نەدایەو کاپتن (ماکانت)یشی لەگەڵ خۆیدا برد لەگەڵ دوو سەربازی لیڤی وە لە شوێنێک کە دوو میل دووره لەو شوێنەی کریم بەگ دایدابوو لەوێ یەکتریان بینی و هەموویان سوار بوون کە بچنە گوندی مۆرتکە لە کاتی سواربووندا لەدواوە تاقمەکەی کریم بەگ بۆندو ماکانتیان کوشت (لە زۆر کەسم بیستووە کە کاپتن بۆندیش وەکو مێجەر سۆن کەللەڕەق و لووت بەرز بووەو لەو گفت و گۆیەدا کە لەگەڵ کریم بەگدا کردبووی زۆر بە ڕەقی و لووت بەرزییەوە قسەی لەگەڵ کریم بەگدا کردبوو، بابا علی شێخ محموود بۆی باس کردم کە ئەویش لە پیاوەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیەی بیستبوو بۆند لە گفت و گۆدا زۆر قسەی ناشیرین بە کریم بەگ دەڵێ و ئەویش خۆی پێ ناگیرێ و دەستی خۆی لێ دەوەشێنێت).

دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ: بەو جۆرە هەردووکیان کوژران و ڕۆژی ١٨/مانگ/حزیران هەواڵی کوشتنی گەیشتە تەنیاڵ و بە تلفون ئاگاداری سلێمانی کراو لەوێوە کۆلۆنێل Minet کە ئەفسەرێکی هێزی لیڤی بوو ڕووی کردە تەنیاڵ و لاشەکانی دەستکەوتەوەو هێنرایەوەو بۆ ئێوارە منیش ئاگادار کرام.

ڕۆژی ١٩/ی مانگ شەش فڕۆکە بەسەر سلێمانیدا فڕین و دوانیان بەسەر چم چماڵدا فڕین و لە چم چماڵ یەکێک لەو دوو فڕۆکەیە کاپتن (هۆڵت)ی معاونی ئەفسەری سیاسی هەڵگرت.

فڕۆکەکان بەسەر ئەو ناوچانەدا فڕین کە کریم بەگ و تاقمەکەی لێ بوو کە ٣ـ٤ کەسێک دەبوون بەڵام هیچ بزووتنەوەو جم و جۆڵێک لەو ناوچانەدا نەبینرا.

جائزەیەکی (١٠) هەزار ڕوپیەیی تەرخان کرا بۆ گرتن یا کوشتنی کریم بەگ

*لەگەڵ جائزەیەکی دوو هەزار روپیە بۆ گرتن یا کوشتنی سید محمدی جباری.*

*لە سلێمانییەوە هێزی لیڤی ئامادە کراو لە کرکوک فەرمان دەرچوو بۆ فڕۆکەکان بۆ بەجێ هێنانی هەر کارو بارێک لە سلێمانییەوە بەپێویست زانرا بێ.*

*دۆکیومەنتەکە دەڵێ: خەڵکی ناوچەکە زۆر نیگەران بوون بەرامبەر ئەو کارەی کریم بەگ و جگە لە تاقمی بگزادە هەموندەکانی تر هەموو ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ هێزی لیڤیدا».*

رۆژنامەی (پێشکەوتن) کە ئورگانی ئینگلیزەکان بوو لە سلێمانیدا لە ژمارە (١١٣)ی رۆژی ١٩٢٢/٦/٢٢دا ئیعلانێکی تیادا بلاْو کراوەتەوە دەربارەی کریم بەگی هەموند کە هەر بە شێوەی نووسینەکەی ناو رۆژنامەکە بلاْوی دەکەینەوە:

*«شخصێک و یا چند شخصێک اگر خبرو أطلاع بدەن و أو خبرو أطلاعە ببی بە سببی توقیف و گرتنی کریمی فتاح بەگ هەموند، لەلاین حکومتەوە دە هەزار روپیە أنعام وە بەخششی أدریتی. دیسان هروها أطلاع بدریت و ببی بە سبب گرتن سید محمد جباری بۆ أمەش دو هەزار روپیە أنعام و بخشش أدری».*

ئیمزا/ حاکم سیاسی

(کە دیارە ئەو رۆژانە گۆڵدسمیث بووە)

لەو رۆژانەدا کە هەواڵی بزووتنەوەی کورد دژی بریتانیا پەرەی سەندبوو، لە پارلمانی بریتانیادا باسی کوشتنی بۆندو ماکانت کراوە.

لە ژمارە (١١٧)ی رۆژنامەی پێشکەوتن رۆژی ١٩٢٢/٧/٣٠دا ئەم هەواڵە بلاْوکراوەتەوە لەوروەوە:

*«لە مجلسی عمومی بریتانیادا مستر چرچڵ وەرامی دایەوە کە هیچ معلوماتێکی تری دەست نەکەوتووە دەربارەی کوشتنی بۆندو ماکانت لەلایەن کریمی فتاح بەگی هەموندەوە کە لە ١٩٢٢/٦/١٨دا کوژرابوون. لەم ڕووەوە مخابرە هەیە لەگەڵ مندوبی سامیی بریتانی لە عراق بۆ ئەوەی بە یارمەتیی هێزی ئاسمانی سزای تاوانبارەکان بدرێ و لە کۆتایی ئەو باسەدا چرچڵ دەڵێ: کوردەکان أطاعتی ملک فیصل ناکەن،*

*بەلاّم ئەگەر معاهدەی صولح لەگەڵ توركدا مۆر بكریّ ئومێد وایە كە ترتیباتێكی وا بكریّ كوردو عەرەب یەک بگرن و لەگەڵ ملک فیصلدا بە رەزامەندیی هەردوو لا رێک بكەون».*

لە ١٩٢٢/٧/٥دا سێر پرسی كۆكس مندوبی سامی لە بغداد تیلیگرافێكی ناردبوو بۆ قوستەنتەنییە (ئەستەمبول)و هندستان و مصر دەڵیّ:

*«ناوچەی سلێمانی و كركوک لەگەڵ ئەو هەموو هەرەشەو فشارەی كە هێزی لیڤی خستیە سەر پیاوكوژەكان كە كریمی فتاح بەگ و تاقمەكەی بوو، ئەو گوندانەی كە یارمەتییان دابوو هەموو سزا دران و هێزی ئاسمانی دەوری خۆی بینی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا كریم بەگ پەلاماری هێزێكی بچووكی هێزی لیڤیی دا لەسەر رێگەی كفری - كركوک كە لەو شەڕەدا چوار لیڤی كوژراو هیچ دەسەلاّتدارو ئاغایەک لەو ناوچەیەدا نەبوونە لایەنگری كریم بەگ، ئەو هێزی طۆپخانەیەی (سیک) كە لە موصلەوە نێرراون لە ٩/ی تموزدا دەگەنە كركوک».*

ئیمزا / پرسی كۆكس

*لە راپۆرتێكی گشتیی مانگی حزیرانی ١٩٢٢دا ژمارە C.O. 730-23-7168 دووبارە باسێكی تیادایە دەربارەی كوشتنی بۆندو ماكانت دەڵیّ:*

*«لە ١٩٢٢/٦/١٥دا لە كاتێكدا كۆلۆنێل Minet لەگەڵ بتالیونی چوارەمدا لە تەینال دەبێت كریمی فتاح بەگ نامەیەک دەنێریّ بۆ بۆند دەڵیّ:*

*دژی حكومەت دەوەستم هەتا ئەو كاتەی چارەسەری گلەییەكانم دەكریّ.. جگە لەوە نامەیەكی تریشی ناردبوو بۆ كاربەدەستان لە سلێمانی باسی ئەوەی كردبوو كە زۆر معاملەی ناڕەوای لەگەلاّ دەكریّ، بەلاّم وەرامی ئەو نامەیەی وا درابووەوە كە هەتا ئەو تالاّنییەی بردبووی نەیگێڕێتەوە لێی خۆش نابن، كریم بەگ أعتذاری شفوی ناردبوو وە پرسیاریشی كردبوو كە هۆی چییە هێزی سوپایی نێرراوەتە ناوچەكەی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵی رێكەوتن و ئاشتی دەدا، بەلاّم من (مندوبی سامی) داوام لە*

کاپتن بۆند کرد کە پێویستە أعتذارەکەی کریم بەگ بە نووسین بێت و تالأنییەکەش بگێرێتەوە، کاپتن بۆند زۆر ترسی هەبوو لە بینینی کریم بەگدا (سەیر ئەوەیە وەکو لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730-22 ی رۆژی ۱۹۲۲/٦/۲۳دا باس کرا دەڵێ بۆند خۆي زۆر حەزی دەکرد کریم بەگ ببینێت).

لە هەمان دۆکیومەنتدا باسی بیرەوەری و یاداشتێکی بۆند دەکا کە لە ساڵی ۱۹۲۰دا نووسیویەتی و ووتوویەتی:

«ئەمە یەکەم جارە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ هەموندا هەبێت، کریم بەگی سەرۆکی بگزادە لە مانگی مایسی ۱۹۲۰ەوە بەرەڵلایەو چەتەیەو ناوبانگی وای کردووە کە بەسەر عەشرەتەکەیدا زاڵ ببێ».

بۆ ئەوەی تووشی هەرا نەبین لەگەڵیا وەکو ئەو تووش بوونەی تورکەکان لەگەڵ هەموندەکانا، باشترین شت ئەوەیە هەوڵ بدرێ عەشرەتی بەگزادە لە کریم بەگ دوور بخرێتەوەو تەقەلای ئەوە بدرێ عەشرەتەکەی لەناو خۆیانا ناڕێک بن و دووبەرەکییان تێ بکەوێ».

دۆکیومەنتەکە دەڵێ:

ئەو سیاسەتە هەتا شەش مانگ لەمەوبەر بەکار هێنراو داوا لە کریم بەگ کرا لە گوندەکەی خۆیدا بەبێ دەنگ دانیشێت و نە خۆی و نە هەموندەکان دەس نەخەنە کارو باری حکومەتەوە. بەڵام دوای ئەوە بە هۆی پڕۆپاگاندەی تورکخوازەکانەوە لە کرکوک و رواندز بەڵێنی ئەوەی پێ درابوو بکرێ بە سەرۆکی هەموو هەموند کە ئەمە وای لە کریم بەگ کرد خزم و کەس و کارو دەست و پەیوەندەکانی بە گوندەکانا بڵاو بکاتەوە کە ئەمە هەتا گوندەکانی ناوچەی سورداشیشی گرتەوە.

هەموندەکان ئەگەر پارچەیەک زەوییان لە شوێنێکدا بووبێت بە زۆر سواری هەموو گوندەکە دەبوون، بەڵام تەقەلاکانی کریم بەگ هەمووی بە هۆی کاپتن بۆندەوە پووچەڵ کرا. لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆپاگاندەی تورکەکان کریم بەگی خستە جووڵەو ئەو کارەساتەی کە لە مانگی حزیراندا کردی هەر بۆ ئەوە بوو کە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕ کە سەید محمدی جباری دەستێکی زۆری هەبوو لەوەدا کە پاڵ بە کریم بەگەوە بنێت زۆر

سەرگەرم بێ، ئەگینا ئاگاداری ئەوە بووین کە کریم بەگ دەیویست هەتا دروێنەی دەغڵ و دان تەواو دەبێت دان بە خۆیدا بگرێ ... لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیاسەتەی کە لەپێشدا بەکارمان هێنابوو ئەو راستییەی بۆ دەرخستین کە جگە لە تاقمی (رەشاوەند) بە سەرکردایەتیی فقی محمدی مۆرتکە، ئیتر کەسی تر نەچووە پاڵ کریم بەگ.

سەرنجی کاپتن بۆند دەربارەی ئەوەی کە چۆن کریم بەگ توانی بەگزادەی هەموند دەستەمۆ بکا شتێکی راست دەرچوو، ئەوە بوو سێ برای کاک عبد اللهی بە لای خۆیدا ڕاکێشا ئەگەرچی ئەوانە حەزیان لە هەراو ئاشووب نەدەکردو دەیانویست خەریکی کشت و کاڵی خۆیان بن.

دەرکەوت فقی محمدی هەموندیش بە ناچاری بووبوو بە لایەنگری کریم بەگ چونکە کریم بەگ بەوە تووشی کردبوو کە گوندی مۆرتکەی هەڵبژارد کە ببێت بە شوێنی چاوپێکەوتنی بۆند.

کاپتن ماکانت لە هێزی لیڤی وازی هێنابوو بەڵام بۆیە لەگەڵ بۆندا مابووەوە بۆ ئەوەی کارو باری چم چماڵی لێ وەربگرێ (دۆکیومەنتەکە دەڵێ لەو کاتانەدا کاپتن چیمن لە چم چماڵ واجباتێکی ناوچەکەی بەجێ دەهێنا.

ماکانت ئەفسەرێکی سیاسی بوو لەناو هێزی لیڤیدا، کوردیی باش دەزانی و لە زۆر ناوچەدا کە تیادا ژیابوو ڕاوی تیادا کردبوو، دڵی ئەوانەی بە لای خۆیا ڕاکێشابوو کە ئیشیان لەگەڵا دەکرد، لەناوچوونی ماکانت زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ هاوڕێکانی و بۆ هێزی لیڤی و خەڵکی دێهاتی ناوچەکە بۆی خەفەتبار بوون. نەمانی ماکانت بۆشاییەکی تەواوی پەیدا کرد لە کارو باردا کە بە ئاسانی پڕ ناکرێتەوە».

لە لاپەڕە (١١)ی هەمان دۆکیومەنتی پێشوودا راپۆرتێکی تیادایە دەڵێ:

«هێزەکەمان بە شێوەیەکی کاتی گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بەڵام دووبارە نێررایەوە بۆ ناوچەی بازیان. بۆمان دەرکەوت جگە لە کریم بەگ و سید محمدی جباری، دوو تاقمی تریش هەیە یەکەم بە سەرکردایەتیی فقی محمدی رەشاوەند (مەبەستی فقی

محمدی مۆرتکه بووه) که رووی کردۆته رۆژئاوای هەنجیره که (۱۱)میل دووره له چم چماڵ، بەڵام قبوولی نەکرد بچێته پاڵ کریم بەگ کە ئێستە لە ناوچەی (جەباری)دایە، تاقمی دووهەم بە سەرکردایەتیی کاک عبداللو براکانی (عارف و عزیز) که له بەگزادەی هەموندن. هێزی لیڤی رووی کرده ناوچەی (تاڵەبان) بۆ ئەوەی لەوێوە دوای کریم بەگ بکەوێ.

گوندی (کانی سارد) که شەش میل دووره له چم چماڵەوه بۆردومان کراو به طۆپ لێی درا، بەڵام چەتەکان بەرله سەعاتێک گوندەکەیان بەجێ هێشتبوو، هەروەها گوندی *Hamak* یش بۆرومان کرا.

هەواڵ گەیشت کە کریم بەگ ڕووی کردۆته ناوچەی سورداش و بەرەو دەربەندی زاب دەڕوا، فرۆکە بەسەریەوە دوای کەوت و شەش گوندی ئەو ناوچەیە بۆردومان کرا. هەندێ هەواڵی تر وا دەگەیەنێت کریم بەگ لە ئاوی زێ پەڕیوەتەوە لە ناوچەی دوکانەوە، هێزی لیڤی لە زێ پەڕییەوە بۆ ناوچەی رانیە، بەڵام هەندێ هەواڵی تریش وا دەگەیەنن هێشتا هەر لە ناوچەکانی خوارووی سلێمانیدایە، هەواڵێکی تریش دەڵێ کریم بەگ لە گوندەکانی شێخ محموودایە، کۆلۆنێل (ماینت) لای وایە سید محمدی جباری وەکو پەناهەندەیەک لای شێخ عبدالکریمی قادرکەرەمە لە (قەڵای میکائیل) بەڵام شێخ عبدالقادر ئەو هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە.

لەو راپۆرتەدا هەواڵێکی تیادایە دەڵێ: شێخ قادری برای شێخ محموود کە (۹) مانگە لە بغدادە رێگەی پێ دراوە بگەرێتەوە بۆ سلێمانی بە مەرجێک توخنی سیاسەت نەکەوێ».

دەربارەی گەڕانەوەی شێخ قادر کە لەو دۆکیومەنتەدا باس کراوە، رۆژنامەی بانگی کوردستانیش لە لاپەڕە (٥)ی ژمارە (٣)ی ٢١/آب/١٩٢٢دا لە بەشی تورکییەکەیدا باسی گەڕانەوەی شێخ قادری کردووە، لە شوێنی خۆیدا لە دواییدا باسی هاتنەوەی شێخ قادرو ئەو ئەنجومەنەی بەرلە گەڕانەوەی شێخ محموو لە سلێمانیدا پێک هات بە دوورو درێژ باسیان دەکەین.

لە گێژاوی ئەو ڕاپەڕین و ڕووداوانەی لەو رۆژانەدا لە هەورامان و ناوچەی مەریوان

و خورماڵ و له ناوچەی بازیان و دەورو بەری کرکوک و گەرمیاندا کە باسمان کرد کە چۆن محمود خانی دزڵی و هەورامییەکان و هەموندەکان و سید محمدی جباری لە هەموو لایەکەوە بەرەنگاری ئینگلیز بوونەوەو لە رانیەو پژدەرو ناوچەی کۆیەش ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشگێڕانی کورد ڕوو بە ڕووی هێزی ئینگلیز بووبوونەوە، کە ئەمانە هەموویان وایان کردبوو بە شێوەیەکی تایبەتی لە سلێمانیدا کار بگاتە ئەوەی کار لە کار بترازێ و خەڵک سیوایان لە ئینگلیز ببێتەوەو دەس بکەن بە رێکخستنی کۆمەڵی نهێنی و ناردنی یاداشت و کردنەوەی مەزبەتەو داواکردنی هێنانەوەی شێخ محمود لە هندستانەوە، لە گێژاوی ئەو ڕووداوانەدا لە سلێمانی کۆمەڵێک بە شێوەیەکی ئاشکرا پێک هات بە ناوی (جمعیتی کوردستان)ەوە.

دەربارەی پێکهاتنی ئەو جمعیەتە زۆر کەس لەسەری نووسیوەو چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەو جمعیەتە لە رۆژنامەی (بانگ کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە رۆژنامەی بانگ کوردستان لە شوێنی رۆژنامەی پێشکەوتن دەرچووە وەکو لە حوکمدارییەتی دووهەمی شێخ محموودا بە دوورو درێژ باسی دەکەین.

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لە بەرگی چوارەمدا. دەربارەی ئەو جمعیەتە دەڵێ[٢]:

*«رۆژی ٢١/ی تموزی/١٩٢٢ لە مزگەوتی حاجی سید حسنی موفتی خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو لەناو خۆیانا ئەندامانی جمعیتی کوردستانیان هەڵبژارد.*

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا تەنها ناوی (٧) کەسی دەسنیشان کردووە بەپێی ژمارەی ئەوانەی دەنگیان بۆ درابوو دەڵێ: *حاجی مصطفی پاشا یامولکی کە دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بوو کرا بە رئیسی و کۆمەڵەش ناو نرا جمعیتی کوردستان کە ئیجازەی دەرکردنی رۆژنامەیەکیش وەرگیرابوو.*

رفیق حلمی دەڵێ:

*بڕیار درا رۆژنامەکە هەموو ژمارەیەکی بە کوردی و فارسی و تورکی دەربچێت و یەکەم ژمارەی بانگ کوردستان لە ٢/آب/١٩٢٢دا دەرچوو.*

*من (رفیق حلمی) بەشێکی نووسینی کوردی و فارسی و سەرپاکی نووسینی بەشی تورکیم خرایە ئەستۆوە.*

ناوەکان وەکو رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا بڵاوی کردۆتەوە هەر وەکو نووسیویەتی ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| ١. رفیق حلمی | نووسەری یاداشت |
| ٢. ئەحمەد بەگی توفیق بەگ | دوایی بوو بە متصرفی سلێمانی |
| ٣. فایق بەگی مارف بەگ | لە خزماني سعید پاشای خندانی باوکی شریف پاشا |
| ٤. شێخ عەلیی سەرکار | خاڵی حەپسەخانی نقیب |
| ٥. شێخ محمدی گولانی | لە عالمەکانی سلێمانی |
| ٦. صالح ئەفەندی قەفتان | لە تاقمی بازرگانی سلێمانی و ئەفسەری دەوری عوسمانی و ماوەیەک لە ئەعدادی ماموستای تأریخ بووە |
| ٧. صدیق ئەفەندی عەلەکە | لە عیسایيە کوردەکان و لە بازرگانە ناودارەکانی سلێمانی و برازای کریم عەلەکە کە لە زەمانی حکومتی شێخ محمووددا وزیری مالییە بوە. |

رفیق حلمی لەسەری دەڕواو دەڵێ:

کاپتن هۆڵت کە یارمەتیدەری ئەفسەری سیاسیی سلێمانی بوو سەرپەرشتیی کارو باری قوتابخانەکانیشی دەکردو لە مکتبی (نموونەی سەعادەت)دا کە من دەرسم تیادا دەوتەوە، کاپتن هۆڵت دەرسی ئینگلیزی بە پۆلی دوایی قوتاتخانەکە دەوتەوە، لە دوای هەڵبژاردنی ئەو جمعیەتە ویستم بیرو رای حکومت تێ بگەم دەربارەی ئەو کۆمەڵە، بۆیە بڕیارم دا بچمە لای کاپتن هۆڵت و کە چاوی پێم کەوت پیرۆزبایی ئەوەی لێ کردم کە زۆرترین دەنگم بۆ درابوو و ووتی: هیوادارم خزمەتی قەومەکەت بکەی، منیش لە وەرامدا پێم ووت: بەم ووشانەتا وا دیارە دەبێ ئەم جمعیەتە جمعیەتێکی سیاسی نەبێت چونکە تۆ داوام لێ ناکەی خۆمی لێ دوور بخەمەوە، لە وەرامدا ووتی: بڕوا ناکەم جمعیەت شتێکی وا بکا کە خراپەی لێ بوەشێتەوە».

لە یەکەم ژمارەی (بانگ کوردستان)دا کە لە ٢/آب/١٩٢٢دا دەرچوو، لە لاپەڕەي

یەکەمیدا باسی چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەو جمعیەتەی کردووەو لەو لاپەڕەیەدا دەڵێ (هەر وەکو خۆی بلاّوی دەکەینەوە):

*«لەسەر مراجعتی مصطفی پاشای میرلیوای أرکانی حربی متقاعد وە لەسەر مأذونیەت و مساعدەی رسمی حکومتی سیاسی لە سلێمانی جمعیتی کردستان تشکیل کرا. رۆژی جمعە ٢١/تموز/١٩٢٢ لەپاش نوێژی نیوەڕۆ لە مزگەوتی سید حسن موفتی (مزگەوتی سید حسن موفتی مزگەوتێکە لە گەڕەکی صابوونکەرانی سلێمانی) کۆبوونەوەو لەلایەن جناب مصطفی پاشاوە نطقیکی أفتتاحی دراو غایەی أم أجتماعە خوێنرایەوە سامعین کە بیستیان غایەی أم جمعیتە بۆ ترەقی و تعالی ملت و وطنە با کمالی أفتخارەوە قبولیان کرد».*

لەو ژمارەیەی بانگی کوردستاندا لە لاپەڕە (٢)دا ئەوانەی دەنگیان وەرگرتبوو بەم جۆرە نووسراوە:

| عدد رأی | ناو |
|---|---|
| ٦٥ | رفیق حلمی أفندی |
| ٦٢ | ئەحمەد بەگ توفیق بەگ |
| ٥٤ | صالح أفندی قبطانچی |
| ٤٥ | فایق بەگ معروف بەگ |
| ٤١ | حاجی آغا فتح الله آغا |
| ٣٩ | عزت بەگ عثمان پاشا |
| ٣٨ | أدهم أفندی یوزباشی |
| ٣٦ | ئەحمەد بهجت أفندی یوزباشی |
| ٣٢ | شێخ محمد أفندی گلاّنی |
| ٣١ | شێخ علی أفندی سرکار |
| ٢٩ | علی أفندی باپیر آغا |

٢٤ عبدالله أفندی محمد أفندی

٢٤ شکری أفندی علکه

لەوە دەچیٚ کـە ئەو (٧) کـەسـەی رفـیق حلمی ناوی هیٚناون لەو (١٣) کـەسـە هەڵبژیٚررابن کە لە رۆژنامـەکەدا ناویان هاتووەو ئەو حەوت کەسە دەستەی بەڕیٚوەبەر بوون، بەڵاٚم ئەوەی سەرنج رادەکیٚشیٚت ئەوەیە رفیق حلمی ناوی صدیقی عـەلەکەی هیٚناوەو لە رۆژنامەکەدا ووتراوە شکری علکە.

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئەو جمعـیت و رۆژنامـەیە دەڵیٚ(٢):

*«جمعـیـتی کـوردسـتـان یەکـیٚک بووە لەو کـۆمـەڵاٚنەی بە ئاشکرا پیٚک هاتبـوو، ئینگلیـزەکـان لـەو رۆژانەدا لەبەر گـەلیٚک هۆ ناچار بوون ریٚگا لە پیٚکهـیٚنانی ئەو کۆمەڵەو لە دەرچوونی رۆژنامەی بانگی کوردستان نەگرن.*

*هەریمی سلیٚمانی هەتاکـو ناوچەکانی رواندز رۆژ بە رۆژ بەرەو پشـیٚوی و نائارامی دەچوو، هەموندو بەشیٚک لە پژدەرییەکان لە حکومت یاخی بوویـوون و چووبوونە پاڵ یوزدمـیر. ئینگلیـزەکـان هەوڵیـان دا بە هیٚزی بەکـریٚ گیـراوی (لیـڤی) ئەو ئاگـرە بکوژیٚننەوە، بەڵاٚم کە بۆیان دەرکەوت ئەو هیٚزە بەکریٚ گیراوە بەرگەی راپەڕینی کورد ناگـریٚ گـورج هیٚزیٚکی تری سـیـک و هیندی و هی تریان نارد بە هاواری هیٚزی لیڤییەوەو لە دەربەندی رانیە بەرامبەر بە هیٚزی کورد بە سەرۆکایەتیی کریمی فتاح بەگی هەمـونـدو هەباسی مـحـمـوود ئاغـای پژدەرو غـفـور خـانی ناودەشت لە ٢٣/آب/١٩٢٢دا ڕوو بە ڕووی یەک بوونەوە کە لەو شەڕەدا هیٚزی ئینگلیز خراپ شکاو شپـرزە کراو بە پەلەپرووسکیٚ و بە پاڵپشت و یارمـەتیی هیٚزی ئاسمـانی و بە شەڕەشەق لە ١/٩/١٩٢٢دا خۆی لە دیلیٚتی رزگار کرد.*

*ئینگلیز لەو رۆژانەدا لە ناوچەی فوراتیشدا تووشی شۆڕشی عەرەبەکان بووبوون».*

بەو جۆرە بەپیٚی ئەو یاداشت و دۆکیـومـەنتـانـەی لەم باسـەدا لیٚـیان دواین ئەنجامی ئەوانە هەمووی بەوە گەیشت کە ئینگلیز ناچار بیٚ بیر لە دوو شت بکاتەوە:

یەکەم - سەرکردەو دەس رۆیوێکی کورد بکا بە حوکمدار بۆ ئەوەی بە هۆی ئەوەوە بتوانرێ دەس بەسەر هەڵوێستدا بگیرێ.
دووهەم - هێزەکانی لەو ناوچە ئاڵۆزاویانە بکێشێتەوە.

★★★★★

# ئەنجامەکانی ئاڵۆزبوونی هەڵویست لە ناوچەکانی کوردستاندا

## یەکەم: بڕیاری دانانی حوکمدارێک

وەکو لەو دوو باسەی پێشوودا روونمان کردەوە، هەڵوێست لە خوارووی کوردستانا رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبوو بۆیە بە ناچاری ئینگلیزەکان بڕیاریان دا بیر لەوە بکەنەوە کە دەس رۆیو و دەسەڵاتدارێک بکەن بە حوکمداری خوارووی کوردستان.

بۆ ئەو مەبەستە بیریان لە سێ کەس کردبووەوە ، یەکەم سید طەی شەمزینی، دووهەم حەمدی بابان، سێهەم هێنانەوەی شێخ مەحموودو کردنی بە حوکمداری کوردستان بۆ جاری دووهەم.

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730-23 رۆژی ١٩٢٢/٧/٦دا کە مندوبی سامی (سێر پرسی کۆکس) ناردوویەتی بۆ کاربەدەستانی خۆی لە لندن دەڵێ:

«*داوای سەربەخۆیی بۆ کورد لە خوارووی کوردستاندا لە پەرەسەندندایە کە بێگومان سەرکەوتنەکانی سمکۆ لە ئێراندا ئەو هەستەی زۆرتر بەتین کردووەو بۆ ئەو مەبستە داوای بوونی سەرکردەیەکی کورد دەکەن و بە هیچ جۆرێکیش نایانەوێ بخرێنە سەر عراق.*

لە فقرە ـ٤٧٩ـ ی ئەو دۆکیومەنتەدا باسی هەڵوێستی ئەو رۆژانە دەکاو دەڵێ:ـ

*هەڵوێستی ناوچەی رواندز کارێکی زۆر خراپیشی کردۆتە سەر ناوچەی پژدەرو بابکری سلیم ئاغای دۆستمان زۆر ناڕەحەت و نائارامەو خۆپیشاندانێکی هێزی سوپایی ئێمە بە شتێکی گرنگ و پێویست دەزانێ ئەگەر بمانەوێ دەست بەسەر ناوچەکەدا بگیرێ و داوا دەکا هێزی ئاسمانیش بەکار بهێنرێ و لەسەر داخوازیی بابکر ئاغا ئەو عملیاتەی پێویست بوو بە هێزی ئاسمانی هاتە ئەنجام.*

ئەوانەی لە ناوچەی پژدەردا دژی بابکری سلیم ئاغان ئیمزایان کۆکردۆتەوەو داوای هێنانەوەی شێخ محمود دەکەن بۆ کوردستان کە جگە لەوانەش هەندێ کەسی تریش هەر ئەو داخوازییەیان هەیە کە بریتین لە شێخ و مریدەکانی ناوچەی سلێمانی.

بەڵام ئەوانەی دژی هێنانەوەی شێخ محموودن وەکو شێخ عبد الکریمی قادرکەرەم، بەڵێنی تەواویان داوە کە گوندو ناوچەکانی خۆیان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیانا بهێڵنەوەو ریگەی ئەوە نەدەن یارمەتیی کریم بەگی هەموند بدرێ و بۆ ئەو مەبستە لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکاني ئێمەدا لەو رووەوە ریککەوتوون.

وا بڵاو بۆتەوە بە ناو خەڵکدا کە لێبوردنێکی تازە بەدەستەوەیەو لە دوای ئەم پشێوی و ئاژاوانەی کە روویداوە دەنگ وایە شێخ محموود دەهێنرێتەوەو محموود خانی دزلی و دەسەلاتدارانی (وینە) (وا بزانم نیازی لە حەمە رشید خانی وینەو دارۆخان بووە) لەگەڵ جافرسان (جعفر سلطان) داوای هێنانەوەی شێخ محموود دەکەن.

کورد نایەوێ بەشداری بکا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەری (المجلس التأسیسی) عراقیدا بۆیە پێویستە بزانین کورد چ جۆرە دەزگاو ئیدارەیەکیان دەوێ بۆ ناوچەکەیان.

پێوستە هێزەکانمان لەو ناوچانەدا کەم بکەینەوەو بیر لە سەرکردەیەک یا ئەمیرێک بکرێتەوە ئەگەرچی کەسێکی دیاری و ناسراوی واش نییە کە بۆ ئەو کارە دەست بدا.

سمکۆ کوردی ئێرانەو بۆ ئەو کارە ناشێ، شێخ محموود لاپەرەیەکی رەشی لەگەڵمانا هەیەو بۆ ئەو کارە دەس ناداو زۆر لە کوردەکان نایانەوێ، بنەماڵەی بابان پەیوەندی و تێکەڵاوییەکی زۆریان نییە لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، عبد القادر (کام عبد القادر؟ دوور نییە شێخ عبد القادری قادرکەرەم بووبێ) پیاوێکی ئاینداره زۆرتر وەک لەوەی دەسەلاتێکی سیاسیی هەبێ لە ناوچەکەدا.

پێویستە کوردەکان دڵنیا بکرێن کە فرو فێڵیان لەگەڵا ناکەین و دەبێ بۆیان روون بکرێتەوە کە بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی

*دامەزرێنەر بکەن یا بەشداری نەکەن».*

سەیر ئەوەیە لەو دۆکیومەنتەدا ناوی سید طەی نەهێناوە لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکێک بووە لەوانەی کە ئینگلیزەکان بیریان لێ کردبووەوە بیکەن بە حوکمدار وە لە جیاتی سید طە شمزینی ناوی سمکۆ هاتووە.

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین باسی تەقەلای ئینگلیز بکەین بۆ دانانی حوکمدارێک کە وەکو بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی ئینگلیز بیریان لێ کردبووەوە سید طەی شمزینی و حمدی بابان بوون و کە ساتێک لەو دوانە هیچیان نەکران بە حوکمدار لەبەر ئەو هۆیانەی باسیان دەکەین، ئیتر ناچار بوون دووبارە شێخ محموود بهێننەوە کە ماوەیەک بوو لە هندستانەوە هێنابوویانە کوێت و چاوەڕوانی ڕووداو و هەڵوێستەکانی خوارووی کوردستانیان دەکردو لام وایە ئەگەر سید طە یا حمدی بابان یەکێکیان بکرانایە بە حوکمدار دوور نەبوو شێخ محموود هەر بە ئاوارەیی بمایەتەوە هەتا ماوەیەکی دوورو درێژ.

## ١- سید طەی شمزینی

دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 731-5068 ڕۆژی ١٩١٩/١٢/٢٦ ڕاپۆرتێکی کاپتن W.R.Hay ی تیادایە دەربارەی سید طە دەڵێ:

*«کە لە باتاس بووم نامەیەکم لە سید طەوە پێگەیشت، لەو نامەیەدا بێزاریی خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر شەڕو ڕووداوەکانی ناوچەی عقرەو باسی ئەوەی نووسیبوو کە ئەو عەشرەتانەی سەر بەون لەو ناوچەیەدا ڕای سپاردوون یارمەتیی پیاوکوژەکان نەدەن، بەڵام من کە لە ڕواندز بووم بۆم دەرکەوت سید طە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە لەو ناوچەیەداو ئەو تەقەلایەی سید طە دەیدا بۆ نزیک بوونەوەی لە ئێمە بۆ ئەوەیە یارمەتیی حکومتی بریتانیای دەسگیر ببێت بۆ سمکۆ (سمکۆ زاوای سید طە بووە کە خوشکی سید طە ژنی سمکۆ بووە) وە بڕوا ناکەم سید طە تەقەلای گرتنی شێخ ئەحمەدی بارزانی و تاقمەکەی بدا».* (مارتن فان بڕۆنسن) کە یەکێکە لەوانەی

بایەخێکی زۆری داوە بە ژیانی سمکۆ لە کتێبەکەیدا دەڵێ[1] :

«دوای ئەوەی سمکۆ لە شەڕەکانیا شکابوو، سید طه چووە بغداد بۆ ئەوەی هەوڵ بدا یارمەتیی ئینگلیزي دەسگیر ببێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد».

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست و بیرکردنەوەی ئینگلیز بەرامبەر بە سید طه دەڵێ[2] :

«لە دوای دوورخستنەوەی شێخ محمود بۆ هندستان و لە کاتێکدا کە خەریک بوو جڵەوی ئیدارە لە دەس حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیز دەردەچوو، ئینگلیزەکان کەوتنە سەر هەوای پێکهێنانی ئیدارەیەکی تایبەتی بۆ کوردستان کە لە رێگەی ئەوەوە بتوانن کۆتایی بەو ئاڵۆزی و شۆڕشانە بهێنن بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ سید طه شمزینیدا کەوتنە گفت و گۆکردن.

سید طه هەندێ داخوازیی هەبوو وەکو:-

١- دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی یەک پارچەیی لەژێر چاودێریی بریتانیادا بەو مەرجەی ئەو دەوڵەتە کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە.

٢- دەرچوونی بڕیاری لێخۆشبوون بە شێوەیەکی رەسمی (ئەوەی سید طه مەبەستی بووە لە دەرچوونی ئەو بەیانەی رفیق حلمی باسی کردووە بریتییە لە لێخۆشبوون بەرامبەر بە کوشتنی مار شمعون وە بەرامبەر بەو کوشتارەی تورکەکان لە ئەرمەنییەکانیان کردبوو و کوردی پێ تاوانبار کرابوو).

٣- دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد لەسەر بناغەی (لامرکزی)یەکی فراوان و لەسەر بناغەی جمهوری.

٤- دڵنیاکردنی کورد بە گفتیک لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە بۆ بەستنی پەیمانێک بۆ موسۆگەرکردنی بێدەنگیی ئەرمەنی و ئاسوری بەرامبەر بەو دەوڵەتە تازەیەی کورد.

٥- ئەو یارمەتییانەی بریتانیا بەخشیویەتی وەیا دەیبەخشی بە عراق بەو جۆرەش بە کوردی ببەخشێ.

بەڵام وەرامی مندوبی سامی بۆ ئەو داخوازییانەی سید طه بریتی بوو لەمە:

*«لەوە دلنیابن هەر داخوازییەک کە میللەتی کورد هەیەتی و پێشکەشی کۆنگرەی ئاشتیی کردووە هەمووی دەخرێتە بەرچاو و زۆر باش تەماشا دەکرێ و وە واش زانراوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا ئەوەی بە باش زانرابێ بڕیاری لەسەر دراوە».*

لەڕاستیدا وەکو لە شوێنی خۆشیدا باسی دەکەین سید طە دوو جار چووە بۆ بغداد، جاری یەکەمیان ئەوەیە کە رفیق حلمی لە لاپەڕە (٤٥)ی بەرگی دووهەمی بەشی یەکەمی یاداشتەکانیا باسی کردووە وەکو لەپێشدا لێی دواین و جاری دووهەم لە کاتی حوکمدارییەتی دووهەمی شێخ محموودا بووە کە لە باسی دیپلۆماسییەتی شێخ محموودو پەیوەندیی بە تورکەکانەوە لێی دەدوێین.

کاپتن های لە کتێبەکەیدا دەربارەی سید طە دەڵێ(٤١):

*«سید طەی شەمزینی کە بڕیاری شۆڕشی دابوو دژی تورکەکان (سید طە دژی تورکیش و ئێرانیش بووە)، بۆ سەربەخۆیی کورد، یەکێک بوو لەوانەی بیری لێ کرابووەوە لە شوێنی شێخ محموود دابنرێ بەڵام ناوبانگی سمکۆ لەو ماوەیەدا ناوبانگی سید طەی شمزینیی کز کردبوو».*

دوکتۆر عزیز شمزینی (کوڕی سید عبد اللەی شمزینی کە سید عبد الله ئامۆزای سید طە بووە) لە کتێبەکەیدا دەربارەی سید طەی شمزینی دەڵێ(١٤):

*«ساتێک سمکۆ سەرکردایەتیی بزووتنەوەو شۆڕشەکانی کوردی دەکرد سید طە لەو بزووتنەوەیەدا بەشداریی کرد. کە ئێرانییەکان پەلاماری سمکۆیان داو شکا ناچار بوو چووە لای سید طەو ماوەیەک لای ئەو مایەوە (سید طە لە ناوچەی ڕواندزدا موڵکی هەبووەو ماوەیەک لەو ناوەدا بووە وە لە دواییشدا کراوە بە قائمقامی ڕواندز).*

*سید طە چووە بغداد بۆ ئەوەی گفت و گۆ لەگەڵ ئینگلیزەکانا بکا دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بەڵام پەرژەوەندیی بریتانیاو ئەو داخوازییەی سید طە یەکیان نەگرتەوە بۆیە داخوازییەکانی پشت گوێ خرا.*

دوکتۆر عزیز شمزینی لە باسی کۆتایی ژیانی سید طەدا دەڵێ:

*«دوای ئەوەی ئینگلیزەکان توانییان جێ پێی خۆیان لە کوردستاندا بچەسپێنن ئیتر کەوتنە سەر ئەوەی هەندێ لە ڕەهبەرانی کورد لەناوبەرن بۆ ئەوە داوایان لە ڕەزا شا*

کرد کە سید طەیان لەکۆڵ بکاتەوە. ڕەزا شاش بەپێی فیت و پیلانی ئینگلیزەکان ناردی بە شوێن سید طەدا بە بیانووی پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵیاو بۆ چارەسەرکردنی هێڵی سەر سنووری نێوانی ئێران و عراق و سید طەش دوای ئەوەی هیواو ئومێدی بە ئینگلیزەکان نەمابوو چووە تاران و ڕەزا شا لەدوایىدا ساڵی ١٩٣٦ دەرمان خواردی کردو مرد».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست و بیرکردنەوە لەوەی کە سید طە بکرێ بە حوکمدار دەڵێ(٤٥):

«ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە وای کردبوو کە دوو هەڵوێست بێتە پێشەوە:

١ـ کورد پێی خۆش بوایە یا پێی ناخۆش بوایە، دەبوایە سلێمانی و کرکوک بە زۆر بخرێتە سەر عراق و بە عراقەوە بلکێنرێ.

٢ـ یا دەبوایە حوکمێکی ڕاستەوخۆی ئینگلیز بگۆڕرێ لە ڕێگەی کوردێکەوە کە میللەت باوەڕی پێی هەبێ و لەوانەش نەبێ کە پرۆپاگاندەی تورک وای لێ بکا لەو ڕۆژانەدا دژی ئێمە بێ کە لەو ڕۆژانەدا دژایەتی لەناو هەندێ عەشیرەتی کوردا بەرامبەر بە ئێمە زۆر گەرم بوو.

بەڵام ئەو کوردەی دەویسترا لەو ڕۆژانەدا بۆ ئەو مەبەستە دەست نەدەکەوت، یەکێکی وەکو حمدی بابان کە عمیدی بنەماڵەی بابان بوو لە بغداد بۆ سەردانێک چووبوو بۆ سلێمانی، لە سلێمانی کە حمدی بابان ووشەیەکی کوردیی نەدەزانی و بە تورکی قسەی لەگەڵ کوردەکانا دەکرد خۆی خەریک کردبوو بە دۆزینەوەی ڕچەڵەک (شجرە)ی بنەماڵەی بابان، لەبەر ئەوە گۆڵدسمیث کە حاکمی سیاسیی بریتانیا بوو لە سلێمانی چاری نەماو داوای هێنانەوەی شێخ محموودی کرد کە بەلای منەوە شێخ محموود قەت لەوانە نەبوو هیچ جۆرە ڕێکەوتنێکی لەگەڵا ساز بکرێ، لەبەر ئەوە باشترین شت ئەوە بوو کە بیر لە سید طەی کوڕی شێخ محمد صدیق کوڕەزای شێخ عبید اللەی بەناوبانگ بکەینەوە (نیاز لە شێخ عبید اللەی نەهری بووە) کە ئەمیری ناوچەی شمزینان بوو لە کاتی خۆیدا.

هەرچەند من ئەوسا سید طەم نەدیبوو بەڵام ئەفسەرەکانمان لە ڕواندز دیبوویان و

بەپێی ئەو راپۆرتانەی دەیان نارد زۆر لە لێهاتوویی سید طه رازی بوون و کە مێجەر نویلیش گەڕایەوەو پرسی پێ کرا ئەویش هەر لەسەر ئەو باوەڕو بۆچوونە بوو.

لە دواییدا سید طه هاتە کرکوک و چاوم پێ کەوت، کلاوێکی قووچی لەسەردا بوو کە کردبووی بە دروشمی بزووتنەوەی کورد کە بەو کلاوە دەوترێ (گونیک).

سید طه پیاوێکی زیرەک و رەوشت بەرز بوو، زۆر قەڵەو بوو نزیکی (۱۲۰) کیلۆ دەبوو بەلاّم لەش سووک بوو، لە کوردستاندا بە دەس راست بەناوبانگ بوو لە پیکاندنی نیشاندا.

ساتێک سید طه چووە بغدادو چاوی کەوت بە مندوبی سامی، وە بۆی دەرکەوت کە مندوبی سامی ئامادە نییە یارمەتیی بدا بەوە زۆر دڵگیرو خەفەتبار بوو».

جارێک ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد (لە زمانی سید عبد اللەی باوکی دوکتۆر عزیز شمزینییەوە باسی چوونی سید طەی بۆ کردم کە سید عبد الله بۆی گێڕاوەتەوە کە سید عبد الله خۆشی لەگەڵ سید طەدا چۆتە بغدادو ووتوویەتی:

«کە سید طه لە بغداد لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتە گفت و گۆکردن و داخوازییەکانی خۆی باس کرد بۆ ئینگلیزەکان، لە وەڕامدا ئینگلیزەکان بە سید طه دەڵێن:

جارێ وا ئێمە لەگەڵ تورکەکانا خەریکی گفت و گۆکردنین بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موصل بە هیوای ئەوەی بە خۆشی و بە ئاشتی لەگەڵیانا رێک بکەوین، ئەگەر رێک نەکەوتین ئەوسا تەنها هەر فڕۆکە نەبێ ئیتر هەموو چەک و جبەخانەیەکتان دەدەینێ بۆ ئەوەی شەڕی خۆتانی پێ بکەن لەگەڵ تورکەکانداو لە رواندز دەریان بکەن بەلاّم ئەگەر لەگەڵ تورکەکاندا رێک کەوتین ئەوسا تۆ دەتوانی لە سایەی ئێمەدا بمێنیتەوەو مانگی (٥٠٠) روپیەت بۆ دەبڕینەوە (لەدواییدا کردیشیان بە قائمقامی رواندز وەکو لەدواییدا باسی دەکەین).

## ٢- حمدی بەگی بابان

حمدی بەگ کوڕی مصطفی پاشای بابان بووە کەمصطفی پاشای باوکی لە کاتی عوسمانیدا متصرفی کربلا بووە.

حمدی بابان خاڵی (سیف الله خندان) بووە کە دیبلۆماسییەکی شارەزاو ناسراو بووە لە زەمانی ملکیتی عـراقـدا. لە باسی دروست بوونی حکومـتی عـراق لە وەزارەتی (عبد الرحمن النقیب)دا کە لە ٢٥/ ١/ ١٩٢٠دا دامەزرا حمدی بابانیش لەو قـابینـەیەدا وەکـو وەزیرێکی بیٚ وەزارەت بەشـداریی کـردووە. هەروەها لـە باسی سید طەدا لەوە دواین کە ئەدمـۆنس لە کتێبەکەیدا باسی حمدی بابانی کردووە کە ووتوویەتی زمانی کوردیی نەزانیوەو بە زمانی تورکی گفت و گۆی دەکردو کە چووە بۆ سلێمانی مشووری ئەوەی دەخوارد بە دوای ڕچەڵەکی (شجرە)ی بنەماڵەی باباندا دەگەڕا. ڕاستە حمدی بابان وەکو ئەدمـۆنس و رفیق حلمیش باسیان کردووە زمانی کوردیی نەزانیوە بەڵام مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیرو لێهاتوو بووەو ئەگەر ڕۆژو زەمانە لەگەڵ کوردا بوایەو ئینگلیز سوودی لەوەدا بوایە کە کورد خاوەنی دەسەلاتی خۆی بیٚ، حمدی بابان زۆر بە باشی دەیتوانی ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت چونکە حمدی بابان زۆر زیرەک و جنتلمان و بە شخصیەت بووە، توفیق وەهبی دانی بەوەدا نا کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە لەو ڕۆژانەدا زۆر لایەنگری حمدی بابان بووەو هەر وەکو زۆر کـوردی تری ئەو سـەردەمـە پڕ بە دڵ ئاواتی ئەوەی دەخـواست کـە بکریٚ بە حوکمدار، بەڵام هەر وەکو رفیق حلمیش باسی کردووەو توفیق وەهبیش دووبارەی دەکردەوە کـە ئینگلیزەکـان یەکێکی شارەزا بـە کارو باری عـشایرو چەک هەڵگرو شەڕکەریان پێویست بوو نەک جنتلمان و مرۆڤێکی وەکو حمدی بابان.

بێگومـان ئەگەر ئینگلیز بە شێوەی بیرکردنەوەیان لە فیـصل و لە پێکهاتنی عراق هەر بەو شێوەیەش مەبەستیان بوایە حمدی بەگ ئەگەر زمانی کوردیشی نەزانیایە لە مـاوەی چەند مـانگێکدا فـێری زمـانەکـەی باو و باپـیری دەبوو، ئەگـەر ئینگلیـز مەبەسـتیـان بوایەو لەوەدا ڕاسـتیـان بکردایە دەیان توانی زۆر شت بۆ حـمدی بابان

برەخسێنن و دەرامەدو هێزو چەک و جبەخانەی بدەنێ و ئەفسەرێکی زۆری لە پلەی ژووروی سوپاییدا لەناو کوردا هەبوو (بەتایبەتی لە ئەستەمبولدا) کە دەیان توانی لە دەوریا گردیان بکەنەوەو حکومەتێکی چەسپاو لە کوردستاندا دامەزرێنن.

نوری سعیدو عبد الالهی وصی عەرشی عراق لە سەرەتای کارو باریانا لەناو خۆیانا هەر بە تورکی قسەیان کردووەو عەرەبییەکەیان هەر وەکو کوردێکەی حمدی بابان وابووە. بابا علی شێخ محمود بۆی گێڕامەوە ووتی لە دوای ڕێکەوتنی ساڵی ۱۹۲۷ لە نێوان باوکم و ئینگلیزو حکومەتی عراقدا نێررام بۆ مصر بۆ خوێندن کە لەگەڵ عبد الالەدا پێکەوە بووین، جارو بار کە نوری سعید دەهات بۆ مصرو چاوی بە عبد الالە دەکەوت هەردووکیان بە تورکی قسەیان دەکردو ووتی جارێک منیش هەواڵی باوکم لە نوری سعید پرسی هەر بە تورکی وەرامی دامەوە.

وەکو رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا باسی کردووە، حمدی بابان لە ئیمتحان و تاقی کردنەوەکەی ئینگلیزەکانا دەرنەچوو (لەدواییدا بەوەش وازیان لێ نەهێناو گێچەڵیان پێ کردو دەستیان گرت بەسەر ماڵ و موڵکەکەیدا وەکو لە شوێنێکی تریشدا باسی دەکەین).

لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O. 371-5068 رۆژی ۱۹۲۰/۱/۱۹دا لە لاپەرە (۱۵۵)دا راپۆرتێکی تیایە No. 2102 کە لە حاکمی گشتی بریتانیاوە نێرراوە بۆ سکرتارییەتی کارو باری هندستان لە لندن دەڵێ:

*«حمدی بابان کە یەکێکە لە کوردە ناسراوەکان، دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە ئەم دوو پێشنیازەی خۆی پێشکەش کردووە:*

*۱- بە بێ بوونی هێزێکی سوپایی ناتوانرێ ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێ و پێویستە ئەو هێزە بۆ ماوەی دوو ساڵی تر بمێنێتەوە.*

*۲- کردنەوەی رێگەو بان لە کوردستاندا شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە بۆ بووژاندنەوەی باری ژیانی دانیشتوان».*

رفیق حلمی خۆی کە یەکێک بووە لە نزیکەوە حمدی بابانی دیوەو ئاشنایەتی و دۆستایەتیی لەگەڵا پەیدا کردووە لە لاپەرە (۸۸) بەرگی دووهەمی بەشی یەکەمی

یاداشتەکانیا باسێکی تایبەتیی بۆ حمدی بابان تەرخان کردووە دەڵێ:

«ئینگلیزەکان زۆر لەوەدا بە هەڵەدا چووبوون کە لایان وابوو بە دوورخستنەوەی شێخ محموود وە بە هۆی دەزگا قەرەقۆشییەکانی چەند حاکمێکی سیاسیی ئینگلیز وەکو مێجەر سۆن دەتوانن سەر بە کورد دابنەوێنن، ئەوە بوو بۆیان دەرکەوت ئاگری شۆڕشی کورد هەموو لایەکی کوردستانی گرتبووەوە، کەمالییەکان لە ژووورووی عراقدا لە جم و جۆڵدا بوون، شۆڕشی عەرەبەکان لە ناوچەی فراتدا لە گەرمەیدا بوو ئیتر ئینگلیز چاری نەماو دەبوایە بیری لە دامەزراندنی ئیدەراەیەکی تایبەتی بۆ کورد بکردایەتەوە.

سید طە لەو رۆژانەدا بە ئاسانی نەچوو بە دەنگیانەوە بە هۆی ئەو مەرجانەی کە داوای کردبوو لە ئینگلیزەکان، لەبەر ئەوە بۆ یەکێک دەگەڕان کە بەتەنگ خۆیەوە زۆرتر بێ وەک لەوەی بەتەنگ قەومەکەیەوە بێ، بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕان کە بە یارمەتیی بێگانە دوای دەسگیربوونەوەی مافێکی مێژوویی کەوتبێ و چاوی لە زیندووکردنەوەی خانەوادەکەی خۆی بێ.

بۆ ئەو مەبەستە لەو رۆژەدا کەسێکی تری لە حمدی بابانیان باشتر بۆ نەدۆزرایەوەو حمدی بەگ بوو بە جێی هیوای ئینگلیزەکان و ناوی کەوتبووە سەر زبان.

لەو رۆژانەدا توفیق وەهبی و عزەت طۆپچی و ئەورحمان سعیدو علی سەقاو سید ئەحمەدی برزنجی کە کاتی نەهێنی یا سکرتێری شێخ محموود بوو ئەمانە لەناو ئەو کوردە ناسراوانەدا بوون کە لە حمدی بەگ نزیک کەوتبوونەوەو هەندێکیان پێیان لەوە نابوو کە حمدی بەگ مووچەو مانگانەی بۆ هەندێکیان بڕیبووەوە لەوانەی کە لەو رۆژەدا زۆر دەست کورت بوون و حمدی بەگیش دەسەڵاتی هەبوو لاسایی پرنسێکی دەکردەوە.

سید ئەحمەدی برزنجی منیشی (رفیق حلمی) لە حمدی بەگ نزیک کردەوە کە تا ئەوسا نەم دەناسی، تەنها هەر ناویم بیستبوو، کە چاوم پێ کەوت بە مرۆڤێکی زۆر بە نرخم هاتە بەرچاو.

حمدی بەگ لە خانەوادەی بابانەو لە نەوەی (محمد پاشای خدێو) بوو، تەمەنی حەمدی بەگ لەو رۆژانەدا (٥٠) ساڵ دەبوو لەدواییدا بۆم دەرکەوت لە کلیەی شاهانەی ئەستەمبول دەرچووبوو شارەزای زمانی ئینگلیزی و فرنسی بوو بەڵام بە تورکی قسەی لەگەڵ دەکردین، داخەکەم زمانی کوردیی نەدەزانی و تەنها کەمێک لە کوردی ئەگەیشت و زۆربەی ژیانی لە ئەستەمبول بردبووەسەر.

لەگەڵ حمدی بەگدا ئاشنایەتیم پەیداکردو متمانەی پێ دەکردم و ئەو نامانەی لە نێوانی ئەو و ئینگلیزەکاندا هەبوو بۆی دەخوێندمەوەو بۆم دەرکەوت ئینگلیزەکان دەیانویست کاروبارێکی لە کوردستاندا پێ هەڵسووڕێنن بەلام بە چ جۆرێک؟ هێشتا ئەوەم بۆ دەرنەکەوتبوو.

بەڵام داخەکەم حمدی بەگ لە ئیمتحانی ئینگلیزەکان دەرنەچوو چونکە سیاسەتی پڕ پێچ و دەوری ئینگلیز قەت بە لای راستی و دروستیدا نەدەچوو، ئینگلیز دەیویست کەڵک لە رۆژگار وەربگرێ. لەو رۆژانەدا هەرای کفری و ئیبراهیم خانی دەلۆ پڕابووەوەو رێگەی بغداد- کرکوک کرابووەوە.

حمدی بەگ بەرلەوەی لە ئیمتحانی ئینگلیزەکانا بکەوێ دەیویست لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد نزیک بکەوێتەوەو بیان ناسێ و بی ناسن و هەتا ئەو رۆژە هێشتا حمدی بەگ شاری سلێمانیی نەدیبوو و لە کوردەکانیش کەسێکی وای نەدەناسی.

بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک لە سلێمانیدا حمدی بەگ پێویستی بە دەورو پشت هەبوو کە بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە منی هەڵبژاردبوو.

من هەرچەند خۆش باوەڕ نەبووم و هیوام بەوە نەمابوو کە ئینگلیز لەگەڵ حمدی بەگدا بەراستی دەچنە پێشەوەو سەربەخۆیی بدەن بە کورد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر بەو داخوازییەی حمدی بەگ سەرپێچیم نەکرد.

لە نێوانی حمدی بەگ و شێخ محموودا جیاوازییەکی گەورە هەبوو، شێخ محموود بەراستی زەعیمێکی کورد بوو، لە کوردستاندا ناسراوبوو، خاوەن مێژوویەکی پڕ لە کارەسات و لەناو عەشایری کورددا خاوەن جێگەو مەقامێکی بەرزی ئاینی و دنیایی

هەبوو، بە هەزاران دەست و پەیوەندو (مسکین)و لادێی سوێندیان بەسەری دەخواردو باوەڕیان بە پیرۆزیی خانەوادەی کاک ئەحمەد هەبوو، بێجگە لەوە شێخ محموود بە کوردی دەدوا، لە ڕێی کوردستاندا بەرامبەر بە رووسەکان شەڕی کردبوو (نیازی لە شەڕی ناوچەی مریوانە کە لە بەرگی یەکەمدا بە دوورو درێژی لێی دواین)و خوێنی ڕژابوو، لە گەلێک کارەساتدا بە ئازایی و شاسواری ناوی دەرکردبوو، لەبەر ئەوە بەڕاستی شێخ محموود یەکێک بوو لە قارەمانە هەرە ناودارەکانی کورد، بەڵام هەرچی حەمدی بابان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە خانەوادەیەکی ناسراوی بابان بوو و خوێندەوارێکی بەرزی شارستانی بوو بەڵام بە کەڵکی کوردستانی ئەو ڕۆژە نەدەهات.

بەرلە هەموو شتێک حەمدی بەگ زمانی میللیی نەدەزانی، شارەزای وڵاتەکەی باو و باپیری خۆی نەبوو، جگە لەوە پیاوی سواری و شەڕو لەشکرگێڕی نەبوو، بە شەکرلەمە بەخێو کرابوو لە ئاوریشم و لۆکەدا دەنوست، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە چەند زمانێکی وڵاتانی خورئاوا قسەی دەکرد بەڵام لەگەڵ لادێیەکی کوردا، لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێکی کورددا پێویستی بە ترجمان هەبوو، ئەمیرێکی سالۆن بوو بە هەموو مانایەک جنتڵمان بوو.

ئەو ڕۆژانە ئەگەر کوردستانێک هەبوایە حەمدی بەگ بە یارمەتیی ئینگلیز پێی هەڵدەسوڕا، بەڵام ئەو کوردستانە بە حەمدی بەگ دروست نەدەکرا چونکە حەمدی بەگ بە هۆی زمان نەزانین و چاوپێ نەکەوتنی وڵاتەکەی و نەشارەزابوونی لە هەواڵی کورد یەکێک بوو وەکو لاڵ و کەڕ وابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو بەڵێنم دابوویە چوومە سلێمانی و دەستم کرد بە تێکۆشان، هەرچەند دەشمزانی کارەکە ئاسان نییەو لە ڕەنجێکی بێ سوود بەولاوە هیچ ئەنجامێک نابەخشێت. بەڵام ڕەوشتی ئینگلیزەکان وای دەگەیاند کە قەت جارێکی تر ئاوڕ لە شێخ محموود نەدەنەوە کە هەر من لەو باوەڕدا نەبووم بەڵکو ئەوانەش کە زۆر لە شێخ محموودەوە نزیک بوون هەر لەو باوەڕەدا بوون.

لە ماوەیەکی کەمدا کۆمەڵەیەک دروست کراو زۆری پێ نەچوو زۆربەی لاوە

نیشتمانپەروەرەکان و ئاغاو ئەفەندی و شێخ و مەلاو بەگزادەکانی بابان و کاسبی ناو بازارو هەتا دەگاتە سەرۆک عەشیرەتە ناودارەکاني کورد هەر وەکو جاف و هەورامان و هەموندو جباری هاتنە ئەو کۆمەڵەوە. بێجگە لەوانە ماجد مصطفی، محموود جودت، سید عبد اللەی حاجی سید حسن (ئامۆزای شێخ محموود) ئەوانیش دەستێکی بالأیان هەبوو لەو کۆمەڵەدا.

بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵە دەستەیەک لە لاوە نیشتمانپەروەرەکان لە (٧) ئەندام پێک هاتبوو بە بێ ووچان خەریک بوون.

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێک شێخ محموودمان پێویست بوو، بەڵام دەستمان نەدەگەیشتە شێخ محموود، هەوڵم دا بیری هاورێکانم دەربارەی حمدی بەگ وەربگرم بۆ ئەوە بڕیار درا لە ماڵی عزمی بەگی بابان کۆببینەوە، عزمی بەگ هەرچەند یەکێک بوو لە ئەندامان و جێی متمانە بوو بەڵام لەسەر تکای خۆي نەخرابووە ناو لیستەی ئەندامانەوە کە کۆمەڵیان دەبرد بەرپوە بەڵام لە هەموو کاتێکیشدا پرسی پێ دەکرا.

لە کۆبوونەوەی ماڵی عزمی بەگدا بڕیار درا کۆمەڵەکەمان لە حمدی بەگ نزیک بێتەوە وە بە ناوی کۆمەڵەوە بڕیار درا ئەم نامەیەی بۆ بنووسین:

لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی سەربەخۆیی (استقلال)، جەنابتان بە ئەمیرێکی کورد دەزانێ و لەم رۆژەدا یەکێکی لە ئێوەی باشتری بە بیرا نەهاتووە کە خۆی لێ نزیک بخاتەوە کە جێگەی سەرۆکی (فەخری) پێ ببەخشین، بڕیار درا کە تکاتان لێ بکا ئەم سەرۆکییە قبول بکەن و لە حاڵێکا قبوڵتان فەرموو داواتان لێ دەکا لە بارەی (حقوق)ی کوردەوە بکەونە کارەوە بەتایبەتی بیری نوێنەری بریتانیا لە بغداد بخەرەوە کە سەرکەوتنی سیاستی بریتانیا لە عراقدا وە بەتایبەتی لە کوردستاندا ئیمرۆ بەسراوە بە ئاوورِدانەوەیان لە کوردو بە دامەزراندنی حکومتی کوردستانەوە.

بەرامبەر بەوەی کە حمدی بەگ ئەم ئەرکە سیاسییە بگرێتە سەر شانی و لە رێی خزمەتی کوردا ئەم هەنگاوە بهاوێژێ کۆمەڵ ئامادەیە پەیوەندیی تەواوی لەگەڵا بکاو بۆ دانانی بەرنامەیەک کە رەوشتی سیاسیی کۆمەڵەو حمدی بەگ یەک بخا، بەو جۆرەی کە ئەو بیەوێ لە جێگەیەکدا کە خۆی بە باشی بزانێت ئامادەیە بە ناوی

کۆمەڵەوە نوێنەرێک بنێرێت و گفت و گۆی لەگەڵا بکا.

زۆری پێ نەچوو بیستمان حمدی بەگ بە ناوی گەڕان و گەشتەوە دێ بۆ سلێمانی،بەڵام وەکو هیوامان لێ دەکرد،وا دەرنەچوو وە بەتایبەتی کۆمەڵەی ئێمەی ئاگادار نەکردبوو لە هاتنیا بۆ سلێمانی، تەنانەت وەڵامی ئەو نامەیەشی بۆ نەناردبووینەوە کە بۆمان نووسیبوو، بەوەدا بۆمان دەرکەوت هاتنەکەی حمدی بەگ بە شێوەیەکە ناتوانین لە سلێمانیدا لێی نزیک بکەوینەوە، وا دیار بوو ئینگلیزەکان بەرنامەیان بۆ دانابوو، ماوەیان نەدەدا بە ئارەزووی خۆی بڕوا بە ڕێوەو نەیان هێشت لەو کەسانە نزیک بکەوێتەوە کە متمانەی پێ دەکردن. لەبەر ئەوە حمدی بەگ کە هاتە سلێمانی نەچووە ماڵی عزمی بەگی بابانی خزمی بەڵکو بەراوێژو ڕاسپاردەی حاکمی سیاسیی بریتانیا کە مێجەر سۆن بوو حمدی بەگ کرا بە میوانی ئەوڕحمان ئاغای ئەحمەد پاشا (لە باسی هەڵوێستی سلێمانیدا باسی ئەوە کرا کە ئەوڕحمان ئاغا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کرابوو بە مدیری ناحیەی سروچک)، مەبەستیش لەوە ئەوڕحمان ئاغا نەبوو بەڵکو حمدی بەگ خرابووە ژێر چاودێریی ڕەزا بەگ کە زاوای ئەوڕحمان ئاغا بوو وە ڕەزا بەگ لەو ڕۆژانەدا جێگەی متمانەی مێجەر سۆن بوو. لەبەر ئەوە ئەوانەی دەچوونە لای حمدی بەگ تەنها چۆنی و چاکی و بەخێرهاتنیان دەکرد کە زۆر جێی داخی هاوڕێکانم بوو.

کە چوومە لای حمدی بەگ بە ئیشارەت ویستی تێم بگەیەنێت کە دەسبەسەرەو کەوتۆتە داوی ئینگلیزەکانەوە، واتا لەگەڵ مندوبی سامیدا بەو جۆرە ڕێک کەوتبوون کە هاتە سلێمانی بە بێ ئاگاداریی مێجەر سۆن پەلجە نەکا بە ئاوا».

لە باسی هاتنی حمدی بەگ و ئەو یاداشتەی رفیق حلمیدا ئەو شعرەی حمدی صاحیبقرانمان دەخاتەوە بیر کە بۆ ئەو چوونەی حمدی بەگی ووتووە کە چووە بۆ سلێمانی و ووتوویەتی:

ئولفەت نەبێ خەیاڵی أطاعەت لە کوردان مەکەن

مەعلومە، سەر ڕەقین، ڕەق و تەقەمەکانمان

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«حمدی بەگ بە هەر مەبەستێک بووبێ دەویست لەو ئیمتحانە گرنگەی ئینگلیزەکان سەربکەوێ، بۆیە نقەی لە خۆی بڕیبوو بەڵام وەکو باسمان کرد نەیبردەسەرو مێجەر سۆن هەر لە یەکەم ڕۆژەوە حەمدی بەگی بەدڵ نەبوو چونکە فیزو پۆزی سۆن و شخصیتی حمدی بەگ یەکی نەدەگرتەوەو ڕێک نەدەکەوت.

حەمدی بەگ چەند بە ئەدەب بوو ئەوەندەش نرخی خۆی دەزانی و لەوانە نەبوو بە چاوی سووک تەماشای بکرێ کە سۆنیش لە هەموو کەسێک زۆرتر ڕقی لەو جۆرە کەسانە دەبووەوە.

بێگومان حمدی بەگ لە گەشتی ناوچەی سلێمانیدا بەدڵی خۆی نەگەڕایەوە بۆ بغدادو لە ترسی سیخوڕەکانی (سۆن) لە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد نزیک نەکەوتەوەو سۆنیش لای مندوبی سامی دانی خێری بە حمدی بەگدا نەنابوو.

ئیتر دوای ئەوە دەنگی حەمدی بەگ کز بوو، ئینگلیزەکان ڕوویان لێ وەرگێڕا هەرچەند شتێکی وا ڕووی نەدابوو کە ئینگلیزەکان لە حمدی بەگ بتووڕێنێ بەڵام جارێکی تر کە چوومە بغداد بیستمەوە ساردی نێوانی حمدی بەگ و ئینگلیزەکان بە هۆی تورکەکانەوە بوو.

عزەت مدفعی کە لەو ڕۆژانەدا زۆر هات و چۆی حمدی بەگی دەکرد گێڕایەوە کە گوایا علی شفیق (یوزدمیر) نامەیەکی ناردبوو بۆ حمدی بەگ و بۆی نووسیبوو ویلایەتی موصل لە ئەنجامدا هەر دەدرێتەوە بە تورک و بە زۆری چەک دەسێنرێتەوە لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان خەریکن کورد بدەن بەدەم ئاگرەوە، دەبێ بزانێت مسئلەی کوردستان پلانێکی ئینگلیزەو بۆ یەکێکی وەکو حمدی بەگ جوان نییە فریو بدرێ و حمدی بەگ کە بەو نامەیەی یوزدمیر هەڵخەڵەتابوو بە نامەیەک وەڵامی دابووەوە کە لەو نامەیەدا خۆشەویستیی خۆی بەرامبەر بە تورک و لە پێویستیی مانەوەی برایەتیی قەومی کوردو تورک دوابوو.

رفیق حلمی لە یاداشتەکەیدا دەڵێ:

«من شتێکم بە بیردا هات کە دوور نییە ئینگلیزەکان بۆ تاقیکردنەوەی حمدی بەگ

*هەر خۆیان بە ناوی یوزدمیرەوە ئەو نامەیەیان ناردبێ بۆ حمدی بەگ و وەرامەکەی حمدی بەگیشیان دەست کەوتووە، یا دوور نییە فرو فێڵی یوزدمیر کە لەو رووەوە لە مێجەر سۆن کەمتر نەبوو بۆ تێکدانی نێوانی حمدی بەگ و ئینگلیزەکان وەرامەکەی حمدی بەگی ناردبێت بۆ ئینگلیزەکان».*

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«دوای ئەوە ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە پەلپ و بیانووگرتن بە حمدی بەگ و هەرچی ماڵ و موڵکی هەبوو هەمووی داگیر کرا».*

دەربارەی ئەوەی کە رفیق حلمی باسی کردووە، محموود بەگی جمیل بەگی بابان لە لندن باسی داگیرکردنی ئەو موڵکانەی حمدی بابانی بەم جۆرەی خوارەوە بۆ گێڕامەوە:

*«حمدی بابان ئینگلیزەکان بەڵێنێکی تەواویان دابوویە کە بکرێ بە حوکمداری کوردستان دوای ئەوەی شێخ محموود ئاوارە کرابوو بۆ هندستان و بەرلەوەی حمدی بەگ بچێتە سلێمانی بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئەو ناوچەیە ئاگادار بێت (حارثیە) کە هەمووی موڵکی ئەو بوو خستیە رەهنەوەو ئەو پارەی رەهنەی بەشێکی زۆری لەو چوونەی سلێمانیدا خەرج کرد، بەڵام کە لە سلێمانی گەڕایەوەو ئینگلیزەکان بیانوویان پێ گرت ئیتر ئەو موڵکانەی حمدی بەگیان داگیر کرد».*

هەروەها محموود بەگ ئەوەی بۆ باس کردم کە ژمارەیەک لەو نامانەی لە نێوانی حمدی بابان و ئینگلیزەکانەوە لەو رووەوە ئاڵ و گۆڕ کرابوو هەتا ماوەیەکی زۆر ئەو نامانە مابوون، بەڵام توفیق وەهبی ئەو نامانەی هەموو دایەوە بە ئینگلیزەکان (بەداخەوە ئەوانە ئەگەر بمانایە سەرچاوەیەکی زۆر بە نرخ دەبوون وە دوور نییە هەندێ رۆشنایی دەربکەوتایە دەربارەی هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز).

ئەو (حارثیە)یەی حمدی بابان لەدواییدا ملک فیصل دەستی بەسەرا گرت و کردی بە هاوینەهەواری خۆی.

## ٣- هێنانەوەی شێخ محموود

سێهەم کەس کە ئینگلیزەکان لەدوای سید طەو حمدی بابان بیریان لێ کردەوە کە بە ناچاری بیهێننەوە بۆ کوردستان شێخ محموود بووە. ئینگلیز لەو ڕۆژانەدا جڵەوی کارو باری خوارووی کوردستانیان لەدەس دەرچووبوو، بە بیری خۆیان تەنها هەر بە یەکێکی وەکو شێخ محموود دەیان توانی بەربەستی تورکەکان بکەن کە لە ناوچەی ڕواندزو پژدەرو ڕانیەدا جێ پێی خۆیان قایم کردبوو. دوای کشانەوەی هێزی ئینگلیز دێینە سەر باسی چۆنیەتیی هێنانەوەی شێخ محموود.

## دووهەم: بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانی بریتانیا

لە باسەکانی پێشوودا لەوە دواین کە چۆن خوارووی کوردستان لە هەموو لایەکیدا ڕاپەڕین و شۆڕش دژی ئینگلیز پەیدا بووبوو جڵەو لە دەس ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیا دەرچووبوو، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان بەرلەوەی یەکێک بکەن بە حوکمداری سلێمانی بڕیاریان دا هێزەکانیان بکێشنەوە. لە کتێب و یاداشتی نووسەران و لەناو دۆکیومەنتەکانی وەزارەتي دەرەوەی بریتانیادا گەلێک ڕاپۆرتی تیادایە کە بە دوورو درێژي لەو باسە دواون کە ئایا ئەگەر هێزەکانیان کێشایەوە لە میسۆپۆتامیا، ئەو کێشانەوەیە چ جۆرە مەترسییەکی لێ پەیدا دەبێ؟

دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730-10 ی ٢/ئ اوکتوبری ١٩٢١ باسی ڕاپۆرتێک دەکا کە لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیاوە نێرراوە بۆ پەرلەمانی بریتانیا دەڵێ:

*«نیشانە بە نامەی ژمارە C.P. 3328 دەربارەی ئەو بۆچوونانەی کە وەزارەتی مستعمرات لای وایە ئەگەر هێرش بکرێتە سەر عراق هێرشەکان بەم جۆرەی خوارەوەو لەلایەن ئەوانەوە دەکرێ کە وا:*

*A - هێرشهێنان لەلایەن ئێرانییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی عراقەوە*

*B - هێرشهێنان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە: لەلایەن ڕوسی بۆلشەڤی بە تەنها یاخود بە هاوکاریی ئێران.*

C – له خۆرئاواوه: لەلایەن عەرەبەکانەوەو لەناو جەرگەی وولاتە عەرەبییەکانەوە.
D – له باکووری خۆرئاواوه: لەلایەن تورکەکانەوە، بە تەنها یا بە هاوکاریی روسی بۆلشەڤی.

له دۆکیومەنتەکەدا دەڵێ بۆ وەرامی ئەو بۆچوونانە دەڵێین:

وەرامی A– دەربارەی هێرشهێنانی ئێران لە رۆژهەڵاتەوە شتێک نییە جێی مەترسی بێ چونکە لەشکری ئێران زۆر تێکەڵ و پێکەڵەو بێ چەک و بێ بەرگەو حکومەتی ئێران مانگانەی سەربازەکانی خۆی پێ نادرێ و حکومەت هەر بەناو هەیەو کارو باری لەلایەن چەند کەسێکی فێڵبازو ساختەچییەوە دەبرێ بەرێوەو سیاسەتێکی ئاشکراو روونی تایبەتییان نییە.

وەرامیB– دوژمنایەتیی بۆلشەڤیک بۆ بریتانیا شتێکی ئاشکرایەو دەبێ لە هەموو کاتێکدا چاوەڕوانی ئەوەبین بۆ ئەوەی بزانین کەی و لەکوێوە بۆیان دەس دەدا ئەو پەلامارە بدەن. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئەوا گریمان ئەو هێرشەیان کردو سەریش کەوتن بەڵام ئایا ئەنجامەکەی ئەوەندە بە نرخ و بە سوود دەبێ کە ئەو هێرشەی بۆ بکەن؟؟ ئایا ترازووی ناوچەکە بەوە تێک دەچێت؟

ئێرانییەکان توانای ئەوەیان نییە هاوکاری لەگەڵ سۆڤێتدا بکەن، بەڵام ئایا ئەگەر سۆڤێت لە قەزوینەوە هێرشی هێناو هاتە پێشەوە ئاخۆ ئێرانییەکان بەرهەڵستی دەخەنە بەردەمیان؟ یا عەشیرەتە کوردەکان بە هیوای دەسکەوتی تالانی یارمەتیی سۆڤێت دەدەن؟

پرسیارێکی تریش هەر لێرەدا دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە: ئایا ئەگەر بۆلشەویکەکان هێرشیان هێنایە سەر بغداد ئاخۆ هیچ جۆرە گۆڕینێک پەیدا دەبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی روسەکان لەوێوە بەرەو بصرەو ئەهواز بچن کە بیرە نەوتەکانی تیادایە؟

لە وەرامی ئەوەدا دەڵێین نەخێر چونکە ئەو هێرشە درێژخایەنە عملیاتێکی سوپایی زۆر گەورەی دەوێ کە ئێمە گورجتر لەوان دێینە دەست و ئێمە لەوان خێراتر دەتوانین بگەینە قزوین بەرلەوەی ئەوان بگەنە لای ئێمە.

راستە لەو هێرشەدا زیانێکی زۆرمان لێ دەکەوێ بەڵام ئەنجامەکەی سوودی روسی تیادا نابێ لەبەر ئەوە هێرشهێنان لەلایەن روسی بۆلشەڤییەوە شتێکی دوورە.

بۆ وەرامی C– هێرشهێنان لەلایەن عەرەبەکانەوە بۆ سەر عراق شتێکی دوورە چونکە ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە هەموو عەشایری عەرەب یەک بگرن کە بە دانانی فیصل ئەو مەترسییە نەماوە.

بۆ وەرامی D– تاقە هەرشەیەک کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ هەر لە تورکە قەومییەکانەوەیە چونکە دوژمنایەتیی ئەنقەرە بۆ بریتانیا شتێکی زۆر ئاشکرایەو تورک دەیەوێ لەگەڵ فرنسەدا دۆستایەتی پەیدا بکاو دەیانەوێ سوود لە ناڕەزایی فرنسەوە بگرێ بەرامبەر بەوەی کە فیصل کراوە بە ملک لە عراقدا بۆیە هەوڵ دەدەن لە عراقیش دەری بکەن. تورک دوای ئەو شەڕەی لەگەڵ یۆناندا دەیکا بە سەرکەوتن یا نەکەوتن هیچ دوور نییە پاش ئەوە دەس بکاتەوە بە داواکردنەوەی وویلایەتی موصل.

لێرەدا ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێین: ئایا دەبێ چی بکرێ لە کاتی هێرشهێنانی بێگانەدا؟ بەرلە هەموو شتێک دەبێ بزانین کە کشانەوەی هێزەکانمان بەتەواوی شتێکی راست نییە چونکە ناتوانین بیرە نەوتەکانی (ئەهواز) واز لێ بێنین و بیانخەینە ژێر رەحمەتی دوژمنەوە چ تورک بێ و چ بۆلشەڤی بێ یا حکومەتی فارس بێ، لەبەر ئەوە پێویستە بە هەموو جۆرێک جێ پێی خۆمان لە بصرەدا قایم بکەین.

هێزی سوپای عراق کە پێک هاتووە بەرگەی هێرشی بێگانە ناگرێ، بەڵام مادام فیصلمان کردووە بە ملکی عراق پێویستە یارمەتیی بدەین وحساب بۆ ئەوە بکرێ ئەگەر هێرش هێنرا پێویستە لەشکر بێنین کە لەو رووەوە باسی ئەوە لەگەڵ ئیدارەی هندستاندا کراوە.

ئەگەر هێرش هێنراو یارمەتیی ئێمە نەبێت ئەو هێزە کەمەی عەرەب دەشکێ و دوژمن وویلایەتی موصل داگیر دەکاتەوەو بەرەو بغدادیش دێن و عەشایری عەرەبی خواروو هەڵدەستن و رێگەی بغداد. بصرە دەبڕن و رێگەی یارمەتی ناردن بۆ بغداد دەگیرێت کە (٥٠٠) میل دوورە لە بنکەوەو دوور نییە لە ئەنجامی ئەوەدا حکومەتی

*عەرەبی (مەبستی عراق بووە) تیا دەچێت و رەنگە هەتا ماویشە دروست نەبێتەوە.*

*تاقە رێگایەکی باش بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە ئەوەیە هێزەکانمان لە بغداد بمێننەوەو خۆیان قایم بکەن کە پێویستە ئەو هێزە لە دوو فیرقە کەمتر نەبێت کە بێگومان ئامادەکردنی ئەو دوو فیرقەیە شتێکی ئاسان نییە.*

*لە کۆتایی دۆکیومەنتەکەدا دەپرسێ و دەڵێ ئەی باشە ئەبێ چی بکەین بۆ چارەسەری ئەوە؟*

*لە وەرامدا دەڵێ: کەواتە تاقە دوژمنی سەرەکیمان بریتییە لە تورکە قەومییەکان... ئەگەر ماوە بدەین هێرش بهێنرێتە سەر وویلایەتی موصل زیانێکی زۆرمان لێ دەکەوێ و رەنجمان بە فیرۆ دەڕوا، لەبەر ئەوە تاقە هەنگاوێکی گرنگ و سوودبەخش ئەوەیە لەگەڵ تورکەکاندا دۆستایەتی پەیدا بکەین و لەگەڵیانا رێک بکەوین».*

دەربارەی ئەو مەترسییەی لەو رۆژانەدا لە ئینگلیزەکان نیشتبوو، لە دۆکیومەنتی ژمارە No. C.P. 3494- C.O. 730-16 رۆژی ١٩٢١/١١/٢١ راپۆرتێکی تیایە کە مندوبی سامیی بریتانی لە بغدادەوە ناردوویەتی کە بریتییە لە یاداشتێک لەلایەن ئەرکانی جەنگەوە ئامادە کراوە دەڵێ:

*«یەکەم: لە ١٩٢١/١١/١٢دا باری هەڵوێست لەناو عێراقدا لەلایەن ئۆفیس و دەزگاکانی جەنگەوە هەڵسەنگێنرا. ئەو کاتە باوەڕ وابوو کە مەترسیی هێرشهێنانی تورک لە باکووری رۆژئاواوە لە هەموو مەترسییەکی تر گەورەترە کە هۆی ئەو بۆچوونەش ئەمانە بووە:*

*آ. ترسی وەستانی شەڕ لە نێوانی تورک و یۆناندا لە ئەناتۆلیا.*

*ب - ترسی بستنی پەیمانێک لە نێوان فرنسەو کمالییەکانا کە بەمە دەسەڵاتی تورک لە زۆر شوێندا کە ئەکەونە خوارووی هێڵی پەیماني سیڤەرەوە دەچەسپێنێت.*

*ج - کۆنفرانسی (قارس)و رێکەوتنی تورک و روسیا گەلێک کێشەی نێوانی تورکیاو روسی دەربارەی ناوچەکانی قفقاس چارەسەر کردبوو.*

*دووهەم: بەشێک لە هێزی تورک کە تا ئێستە بەرامبەر یۆنان و فرنسەو بۆلشەڤیک دانرابوو لەمەودوا ئامادە دەبێ بۆ بەکارهێنانیان لە شوێنەکانی تر.*

سێهەم ـ بەشێک لە هیواو مەبەستی تورکە قەومییەکان ئەوەیە ئەو ناوچانەی لە ساڵی ١٩١٤ەوە بەدواوە لەکیسیان چووبوو کە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی داگیری بکەنەوە.

بێجگە لەوە پرۆگرامی (پان ئیسلام) داوای کشانەوەی ئینگلیز دەکا لە عراق. شێخی سنووسی ماوەی ساڵێکە لەلایەن حکومتی ئەنقەرەوە بۆ پرۆپاگندەی ئاینیی دژ بە ئێمە بەکرێ گیراوە، بەردی بناغەی ئەم تەقەلایەی تورک لەسەر بناغەی سیاسەتی بۆلشەویکەکان دامەزراوە کە وایان لە تورکەکان گەیاندووە دەتوانن پشت بە بۆلشەویک ببەستن.

کەوابوو هێرشی تورکەکان چ لەلایەن پان ئیسلامەوەو چ لەلایەن بۆلشەویکەوە پەسەند دەکرێ کە ئەمەش مایەی نارەزایی نابێ لەلایەن فرنسییەکانەوە ئەگەر کۆنفیدراسیۆنێکی کوردی لەژێر سایەو لەژێر رکێفی فرنسەدا بۆ راونان و دەرکردنی فیصل لە عراقدا ساز بکرێ.

تورکەکان ئاگاداری ئەوەن کە ئێمە هێزەکانمان لە ئێران کێشاوەتەوەو خەریکین لە عراقیش ژمارەی هێزەکانمان کەم بکەینەوە.

ئەگەر مصطفی کمال بریاری شەرکردنی دا وویلایەتی موصل هەڵدەبژێرێت کە ببێ بە کۆری ئەو شەرە، بەڵام لە رووی سیاسەتەوە ئایا مصطفی کمال دەیەوێ هێرشێکی وا بهێنێت کە ئەمە پرسیارێکە ئەرکانی جەنگ بە ئاسانی ناتوانێ وەرامی تەواوی بداتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە سوور دەزانێ تورکەکان لە رووی هێزی سوپاییەوە ئەو توانایەیان نییە کە بەو کارە هەڵسن.

چوارەم: بۆ ئەوەی بزانین ئەو هێزەی کە تورک پێویستی پێی هەیە بۆ ئەو شەرە دەتوانین کورتەی سەرژمێرێک بخەینە بەرچاو کە لە ساڵی ١٩٢١دا کراوە.

أ- لە جبهەی یۆنانەوە: بروا ناکەم بیر لە کشانەوەی هێزیان بکەن لەم جبهەیەدا کە (٢١) فەوجی سوارەو پیادەیان هەیە.

ب- تورکەکان لە کلیکیادا (٦٠٠٠) تفەنگچی و شیرهەڵگریان هەیە بەرامبەر بە فرنسیەکان.

ج- له جبهەی رۆژهەڵاتدا (٤) فەوج سوارەو پیادەیان هەیە کە نزیکی (١٠) هەزار کەسە.

د- أحتیاطیان لای سەرکردایەتیی گشتی (٥) فەوجە کە ژمارەکەی بە (٧٥٠٠) کەس دادەنرێ.

ه- له ناوچەی نصیبین ـ بتلیس سێ هەزار چەکداریان هەیە.

بەو جۆرە دەتوانین ئەو بۆچوونانەی پێشووشی بکرێتەوەو بەم جۆرە لێک بدرێتەوە:

١- ئەگەر لە جبهەی یۆناندا نەیان توانی هیچ هێزێک بکێشنەوە دەتوانن بە رێکەوتن لەگەڵ فرنسییەکانا هێزەکانی خۆیان لە ناوچەی رۆژهەڵاتدا کۆبکەنەوەو دژی موصل بەکاری بێنن.

٢- دەتوانن (٣٠٠٠) سەرباز لە نصیبینەوە بێنن.

٣- تورکەکان دەتوانن هێزی سوپاییان لە لیڤیی عەشایر بەهێز بکەن لە ویلایەتی موصلدا.

٤- دەربارەی ئەو عەملیاتە تیلیگرافێکی .C.O.C کە لە مصرەوە بۆمان هاتووە بەپێی تیلیگرافی رۆژی ١٢/نۆڤەمبری ١٩٢١ ژمارەی تیلیگراف (٥٩٧٦) دەڵێ:

«نائیبی سەرکردایەتیی ئەنتەلجسی فرنسا لە سوریە ئاشکرای کردووە کە (٣) هەزار چەکدار لەو رۆژانەدا لە Amoria لە جزیرەی ابن عمر کۆکراونەتەوە.

تیلیگرافێکیش لە عراقەوە هاتووە ژمارە H.C.R. 677 رۆژی ١٩٢١/١٢/١١ دەڵێ:

ملک فیصل و مخابراتی عراق بە دووری نازانن لە ئەنجامی مۆرکردنی پەیمانی فرنسەو ئەنقەرەدا ئەوانەی سەر بە تورکن لە عراقدا ببنە هۆی مەترسی و بەپەلە ئاگاداری .H.M.G (یەعنی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا)ی کردووە کە ئەو پەیمان مۆرکردنە دەبێتە هۆی پڕۆپاگاندەیەکی زۆر بەتین دژی عراق و دەتەنێتەوە بۆ شوێنەکانی ترو فیصل چاوەڕوانی ئەوەیە وەرامی بدرێتەوە بۆ ئەوەی چی بە باش دەزانرێ لەو رووەوە بکرێ.

ئەوەی لە توانادا بوو بۆ نەهێشتنی ئەو ترسەی لە مێشکی فیصلدا بوو کرا بەڵام

*لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی سەیر نییە کە هێشتا بەتەواوی دڵنیا نەبوویێت بۆیە تکایە ئەوە بخرێتە پێ چاوی لێپرسراوان و کاربەدەستانی هێزی سوپایی».*

لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارەکەی C.P. 3550 C.O. 730 - 16 مانگی دیسمبری ۱۹۲۱دا راپۆرتێکی تیادایە کە لەلایەن وەزارەتی مستعمراتەوە نێرراوە بۆ پەرلەمانی بریتانیا دەڵێ:

*«مندوبی سامی لە بغداد لە تیلیگرافێکی تازەیدا کە بە نهێنی ناردوویەتی دەڵێ: بۆی دەرکەوتووە تورکەکان نیازیان باش نییە بەرامبەر بە عراق و خۆیان ئامادە کردووە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی شتێک بکەن دژی فیصل بە هۆی ئەوانەوە کە لە رواندزن کە ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە چونکە:-*

*۱- دەیانەوێ رێزی خۆیان بەرز بکەنەوە لەناو عالەمی ئیسلامیدا.*

*۲- داگیرکردنی خوارووی کوردستان دەبێتە هەنگاوێک بۆ داگیرکردنی بغداد.*

*۳- داگیرکردنی ناوچەبەنرخەکانی نەوت لەلایەن فرنسی و ئەمریکاییەکانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تورکەکان پارەیەکی چاکیان دەس بکەوێ کە ئیمڕۆ زۆر داماو و دەس کورتی پارەن. ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە فرنسییەکان کارو باری راکێشانی تلفۆنیان بۆ تورکەکان ئاسان کردووەو چەک و جبەخانەیان داونەتێ و بەڵێنیان پێ داون لە رووی دیپلۆماسییەوە پشتگیریان بکەن دژی یۆنان.*

*جگە لەوە ئاشکراش بووە کە تورکەکان بەڵێنی ئەوەیان داوە بە فرنسییەکان ئەگەر عراقیان داگیر کرد فیصل دەردەکەن و ئیمتیازی نەوتیش دەدەن بە فرنسییەکان لەگەڵ ئیمتیازی هێڵی شەمەندەفەری رێی بغداد.*

*لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە ئەوە نین کە فرنسییەکان هەوڵی بۆ دەدەن بەڵکو دەیانەوێ سوریەیان بەدەستەوە بمێنێ و ناشیانەوێ بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە هیچ پارەیەکیش خەرج بکەن. تەنها هەر فرنسییەکانیش نین کە دەیانەوێ نەوتی عراق داگیر بکەن بەڵکو هەندێ هۆی تریش هەیە کە وا دەکا بیر لەوە بکرێتەوە کە شەریکەی نەوتی (ستاندەرد ئۆیل)یش تەقەلای ئەوە دەدا خۆی بکا بە بەشداریی نەوتی عراق کە بە ئاشکرا هانی تورک دەدا پەلاماری عراق بدا چونکە دەزانێ تا حکومەتی بریتانیا*

دەسەڵاتی لە عێراقدا هەبێت و دەست بەسەر نەوتەکەیدا بگرێ ئەو شەریکەیە هیچی دەسگیر نابێ و هانی تورک دەدا کە بەو بەڵێندا بچێتەوە کە ساتی خۆی صدری اعظم ئیمتیازی شەریکەی نەوتي تورکیی داوە بە بریتانیا بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنە هەڵوەشێنرێتەوە.

نازانرێ هەتا چ رادەیەک حکومەتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی رەسمی لایەنگریی شەریکەی ستاندەرد ئۆیل دەکا بەڵام لەوە دەچێ کە ئەگەر حکومەتی ئەمەریکا سوودێکی لە نەوتی عیراق دەسگیر نەبێ ئەوا رێگا لەوە ناگرێ تورکەکان دووبارە دەس بگرنەوە بەسەر عراقدا.

لەگەڵ ئەوەشدا جێی سەرسوڕمان نییە لەگەڵ ئەو هەموو ملیۆنەها فرانک و دۆلارەی خرایە بەردەستی کاربەدەستانی تورک کەچی نەیان توانی عراق لە حکومەتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا بسێننەوە».

ئیمزا / M.G. Dept

١٣/ی دیسمبری ١٩٢١

لە راپۆرتێکی تری ناو دۆکیومەنتی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە لەلایەن J.E.S ەوە رۆژي ١٤/ ١٠/ ١٩٢١ نێرراوە بۆ Sir. J. Masterton-Smith دەڵێ:

«وا یاداشتی کۆلۆنێل Meiner Zhogen تان بۆ دەنێرم کە وەکو ئەفسەرێکی سوپایی مافی ئەوەی هەیە سەرنجی خۆی پێشان بدا دەربارەی هەڵوێستی ئەم رۆژانە بەتایبەتی ئەگەر نەمان توانی لەگەڵ تورکەکاندا بەخۆشی بگەینە ئەنجام.

بەو هێزە کەمەی کە هەمانە ناتوانین بەشی ژووروی میسۆپۆتامیا (مەبەست لە کوردستان بووە) بپارێزین ئەگەر تورکەکان هێرش بێنن، بەڵام ئایا لە تواناداية بغداد بپارێزین؟ کە ئەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە.

من خۆم یەکێکم لەوانەی کە دەڵێم کەس ناتوانێ بڵێ فیصل لە بارێکی زۆر ئاڵۆزو ترسناکدا نییە، مانەوەی فیصل بەندە بە مانەوەی ئێمەو بە پشتگیری کردنی

ئێمە لە حکومەتەکەی وکەم کردنەوەی یارمەتیدانی فیصل و بە سووک تەماشاکردنی وا لە فیصل دەکا عەرشەکەی بدۆڕێنێ، لەبەر ئەوە بە کێش کردنی هێزی سوپایی لە هندستانەوە شتێکی پێویستە بۆ بەرهەڵستیی تورکەکان. وەکو ئاگادارن باسی پەیوەندیی ئێمەو تورک ئێستا خراوەتە بەر دەستی پەرلەمان، وا یاداشتی ئەو ئەفسەرەی کە باسمان کرد کە ناردوومە بۆ (جەنەراڵ هاڵدن) کۆپییەکی بۆ ئێوەش دەنێریرین ئەگەر وەرامی جەنەراڵ هاڵدنمان پێ گەیشت ئاگادارتان دەکەین».

یاداشتەکە دەڵێ:

«زۆر هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر خۆمان لە پرسیارێکی ناخۆش دوور بخەینەوە دەربارەی چۆڵکردنی میسۆپۆتامیا بەرلەوەی کە ئاژاوەو پشێوی تیادا رووبدات. دەبێ ئەوە بخەینە بەرچاو کە هێزی ئاسمانی تا چ رادەیەک دەور دەبینێ لە کاتی دەس درێژی کردنی بێگانەدا؟

دوور نییە سەرنەگرتنی رێکەوتنێک لەنێوانی تورک و یۆناندا وا لە تورکەکان بکا کە هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ ئێمەشدا تاقی بکەنەوە.

شتێکی گێلانەیە ئەگەر خۆمان بەوە بخەڵەتێنین کە بڵێین مصطفی کمال ئاگای لە کەم کردنەوەی هێزەکانمان نییە لە میسۆپۆتامیاداو ئەو هێزی لیڤی (کە ئاسووری بووە)و هێزی عەرەبییە کەم و لاوازەی کە هەیە بەرامبەر بەو هێزە رێک و پێکەی تورک خۆی پێ ناگیرێ و جێگایەکی بچووکیشی پێ ناپارێزرێ چونکە ئەوەی کە هەیە هەر بەشی دامرکاندنەوەی یاخی بووەکانی خەڵکی دێهاتی ناوچەکە دەکا، بە کێش کردنی هێز لە بصرەوە لەبەر خاتری فیصل شتێکی راست نییەو دەبێتە هۆی زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بۆ ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا چۆڵکردنی وویلایەتی موصل (کوردستان) مانای وازهێنانە لە سیاسەتی ئێمە لە میسۆپۆتامیا، لەبەر ئەوە تاقە رێگەیەکی باش هەر ئەوەیە دۆستایەتی لەگەڵ تورکدا پەیدا بکرێ».

*R.M.Meinerzhogen* / ئیمزا

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730-2 رۆژی ١١/٢/١٩٢٢دا دەربارەی ئەو رۆژانە

دەڵێ:

*فقرە ـ١٦٥ – هەموو شتێک وا پیشان دەدا کە تورکەکان خۆیان کۆکردۆتەوەو لە کانونی دووهەمی ١٩٢٢دا بڕیاریان داوە لە مانگی مارتدا هێرشێکی دووقۆڵی بکەن، یەکەم هێرشێکی بچووک بکەنە سەر زاخۆ دووهەم هێرشێکی گەورە لە (نصیبین)ەوە بکەن بەرەو موصل.*

*هێزی تورک لە جزیرە (٤٠٠) چەکدارو (٦) رەشاش و لە (سعرت)یش هەمان چەکدارو رەشاشیان هەیەو بڕیار دراوە علی احسان پاشا سەرکردایەتیی ئەو هێرشە بکاو ئێستە لە دیاربکرە.*

*فقرە ـ١٦٦ – ئەو سەربازە عەرەبانەی لەناو هێزەکانی ئێمەدان لایان وایە دانانی علی احسان پاشا ئەوە دەگەیەنێت کە بڕیاریان داوە هێرش بهێننە سەر عراق بەڵام هێشتا ئێمە معلوماتی تواومان لەو رووەوە پێ نەگەیشتووە.*

*ئەو هەواڵانەی گەیشتوون وا دەگەیەنن کە هێزي پیادەی تورک دابەش کراون و لە دیاربکرەوە بەرەو سنووری رۆژهەڵات وە بۆ ناوچەی (سعرت) لیوای (٩)ی سوارە لە ناوچەی Sivrek ەوە رووی کردۆتە سنووری سوریا، تەدریبیان باشە بەڵام لە جل و بەرگ و خواردەمەنیدا تەواونین.*

*ژمارەی هەر بەتالیۆنێکیان نزیکی (٢٠٠) کەس دەبێت لەناو هێزەکانیانا خەڵکی سلێمانی و بغدادیشیان تیادایە».*

*لە راپۆرتی ساڵانەی مندوبی سامیی بریتانیادا لە بغداد بۆ ساڵی ١٩٢١ دەربارەی هەڵوێستی کوردستان دەڵێ (سەیر ئەوەیە ئەو راپۆرتی ساڵانەیە ژمارەی لەسەر نییە):*

*«لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانی ئاشتی مۆرکراوە، بەڵام تورک هەر لە پڕوپاگاندەی خۆی ناکەوێ. هیوادارین لە گفت و گۆی ئێمەو کمالییەکانا کە لە مانگی مایسدا لە لندن دەکرێ ئەنجامەکەی بەوە بگا کە دۆستایەتی لەگەڵ تورکەکانا پەیدا بکرێ.*

*جارێ تورکەکان تووشی سەریەشەی خۆیان بوون و نایان پەرژێتە سەر عراق (مەبەستی شەڕی یۆنان بووە) جگە لەوە تێکچوونی پەیوەندییان لەگەڵ*

فرنسییەکاناو هەراو پشێوی ناو کوردستانی تورکیا. ئەوانە هەموو سەری گێژکردوون و جاریٚ توانای ئەوەیان نییە دژی ئێمە بجوولێنەوە.

چەکی سەرەکیی تورکیا بریتییە لە پڕۆپاگاندەو بۆ ئەو مەبەستە شێخی سنوسییان بەکریٚ گرتووەو لە مانگی مایسی رابوردوودا لە ماردین بووەو ئێستە گەیشتۆتە دیاربکرو وەکو نوێنەری تورک ناودەبریٚ. دەنگ وایە سنوسی حکومەتێکی عراقیی سەربەخۆی لە دەرەوە دروست کردووە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو شێخە وەکو دەروێشێک وایەو بەهێز نییەو ناتوانیٚ هیچ شتێک بڵیٚ هەتا فێر نەکریٚ. تورکەکان بۆ دوژمنایەتیی ئێمەو هاندانی هیندی و ئیسلامەکان لەناو سوپای ئێمەدا بە دوو جۆر تەقەلا دەدەن:

١ـ بە هۆی نوێنەری ئەفغانییەکانەوەلە (ئەنگورە) کە بە ناوی ئەمیر (سنوسی)یەوە ئەو پڕۆپاگاندە مۆرکراوە بڵاو دەکرێتەوە.

٢ـ بە ناوی پیاوە ئاینییەکانەوە لە ئەنادۆڵدا ئیسلامەکانی ناو هێزەکانی ئێمە هان دەدەن کە ئەفسەرەکانی خۆیان بکوژن و خۆیان بگەیەننە لای مصطفی کمال و بڵاویان کردۆتەوە کە مصطفی کمال هێز دەنێرێت بۆ رزگارکردنی شوێنە پیرۆزەکانی عراق لە داگیرکەری کریستیان. ئەو پڕۆپاگاندانە کارێکی کەمیان کردۆتە سەر هەندیٚ لەو ئیسلامانەی لەناو سوپای ئێمەدا بوون بەتایبەتی شۆفێری ئەو لۆریانەی شت دەگوێزنەوە.

راکردنی علی احسان پاشا لە (مالطە)وەو دەرکەوتنی لەناو لەشکری تورکدا حسابێکی بۆ دەکریٚ چونکە کابرایەکی زۆر لێهاتوو و دڵ رەقە.

تورک لەگەڵ کوردەکانی خۆیا کێشەی تایبەتیی هەیەو هێزەکانی لە ئۆکتۆبەردا هێرشیان بردە سەر (شرناخ)و ئەو دەزگایەی لەدوای پەیمانی ئاشتییەوە عبد الرحمن ئاغای شرناخ بۆ خۆی داینابوو تورکەکان پەلاماریان داو زیانێکی زۆریان پیٚ گەیاند.

عبد الرحمن ئاغا تا ئەو کاتە هێشتا پەیوەندیی لەگەڵ سمکۆدا نەبوو، ئێمە عبد الرحمن ئاغامان قۆستەوە کە داوای یارمەتیی لە ملک فیصل کردبوو، بە چەک و

*جبەخانە یارمەتیمان دا بەڵام نەمان ویست لەوە زۆرتر بەهێزی بکەین.*

*گەیشتنی ئەفسەرێکی تورک و چەند سەربازێک بۆ رواندز کە ژمارەی هەموویان لە کۆتایی ساڵدا نزیکی (٢٠٠) کەسێک دەبوون و پەیوەندییان بە سیتۆ ئاغاو فارس ئاغای زێبارییەوە هەبوو کە هەردووکیان بانگ کران بۆ (وان) کە بەمە رواندز بوو بە بنکەی ئەوانەی دژی ئێمەن».*

دۆکیومەنتی ژمارە 7168-c.o. 730-23 لە فقرە (٧٢٩)دا دەڵێ:

*«کۆپییەکمان لەو نامەیە دەست کەوتووە کە بە مۆرکراوی بەناوی سەرۆکی بزووتنەوەی عوسمانی لە فلسطین و سوریە علی شفیق ناردبووی بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان کە لەو نامەیەدا داواکرابوو دژی بریتانیا شۆڕش بکەن کە دژی ئاینی ئیسلامەو فیصل تەنها بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی ئینگلیز کراوە بە ملک لە عراقدا».*

نامەیەکی مندوبی سامیی بریتانی لە بغداد لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730-19 رۆژی ١٩٢٢/٢/٩دا کە ناردوویەتی بۆ وەزیری مستعمرات دەڵێ (ئەمە کورتەکەیەتی):

*«هەڵوێست هەتا بێ ئاڵۆزتر دەبێ، تاقە رێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی دەس بدا ئەوەیە هەوڵ بدرێ دۆستایەتی لەگەڵ تورکەکاندا پەیدا بکرێ.*

*هەڵوێست لە ناوچە کوردییەکانی موصل و لە هەولێرو سلێمانیدا زۆر ئاڵۆزەو پڕ لە مەترسییە، بۆ نموونە: مفتشی ئیداریی موصل ئاگاداری کردین کە هەواڵی پێ گەیشتووە دوو هەزار چەکدار لە ماوەی شەش رۆژدا لە جزیرە کۆبوونەوە لە وەختێکا ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە هێزەکانمان لە ویلایەتی موصل بکێشینەوە.*

*کشانەوەمان پڕە لە مەترسی بەتایبەتی ئەگەر دانیشتوان بۆیان دەرکەوت ئێمە هێزەکانمان دەکێشینەوە. پڕۆپاگاندەی تورکەکان لەناو کوردە قەومییەکانی سلێمانیدا زۆر بەهێزو کاریگەرە، محموود خانی دزلی بە هاندانی تورکەکان لە ناوچەی هەڵەبجەو خورماڵدا لە بزووتنەوەدایەو پەیوەندی هەیە لەگەڵ مصطفی کمالداو لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کوردەکان هەوڵی ئەوە دەدەن ماف و داخوازییەکانیان لە رێگەی*

*تورکەوە دەسگیر ببێت کە نابێ ئەم تەقەلایە پشت گوێ بخرێ.*

*لە تیلیگرافی ژمارە (٥٤٣)ی رۆژی ٢٧/سبتمبری ١٩٢١دا پێشنیازم کردبوو بۆ هێمن کردنەوەی هەڵوێست هەوڵ بدرێ مصطفی کمال و فیصل گفت و گۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن کە ئێوەش لایەنگری ئەوە بوون بەڵام دەترسم گۆڕان بەسەر ئەوەدا هاتبێ.*

*فیصل لای وایە بەستنی پەیمانی بریتانیاو عراق، تورک ناچار دەکا واز بێنێ و ئەو پەیمانە دەشبێتە هۆی یەکگرتنی دانیشتوانی عراق بەرامبەر بە تورک و دەتوانرێ پارێزگاری لە موصل بکرێ بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەوا نیم و من و Gocing هەردووکمان لەسەر ئەوەین ئەو هێزەی کە هەیە بەرگەی هێرشی تورک ناگرێ و باشترین شت ئەوەیە بە گفت و گۆکردن وا لە تورکەکان بکەین واز لە کوردستان و عراق بێنن و چەتەکانیان بکێشنەوە بۆ ناو سنووری خۆیان».*

لە راپۆرتێکدا کە حکومەتی بریتانیا داویەتی بە عصبە الامم باسی چۆڵکردنی ناوچەکانی سلێمانی بەم جۆرە کردووە (٥٤):

*«لە ساڵی ١٩٢٢دا لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێردا گەلێک ئاژاوە پەیدا بووەو کوردەکان بە هیچ جۆرە رێکخراوێک رازی نین و هەمیشە خەریکی هەراو ئاژاوە بوون، لەبەر ئەوە چۆڵکردنی سلێمانیمان بە پێویست زانی و بەرلەوەی سلێمانی چۆڵ بکەین بەپێی بڕیاری مندوبی سامی ئەنجومەنێکی ناوچەیی هەڵبژێرراو بۆ ئەو مەبەستە شێخ قادری برای شێخ محموود رێگەی پێ درا لە مانگی ئابی ١٩٢٢دا بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لە مانگی ایلولدا هێزەکەمان سلێمانییان بەجێ هێشت و شێخ قادر هەڵبژێررا بە سەرۆکی ئەنجومەنی شار. مانگێک دوای پێکهاتنی ئەو ئەنجومەنە ئەندامەکانی داوایان کرد شێخ محموود بهێنرێتەوە بۆ سلێمانی».*

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەربارەی چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەڵێ(٤٣):

*«لە ساڵی ١٩٢٢دا هەڵوێست لە ناوچەی سلێمانیدا ئێجگار ئاڵۆز بوو، یاسین هاشمي نێررا بۆ سلێمانی بۆ هێمن کردنەوەی هەڵوێست و بەرلەوەی شێخ محموود*

بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی عەشایری زەنگەنە هەڵسابوون و لە ناوچەی بازیان کریمی فتاح بەگی همووند (کاپتن بۆند)و(ماکانت)ی کوشتبوو و تورکەکان بەوە بەهێز بوون و رانیەیان گرت و ئەو ئینگلیزانەی لە سلێمانیدا بوون بەناچاری سلێمانییان بەجێ هێشت.

لەو رۆژانەدا بریتانیا لەو ناوچانەدا تەنها هێڵی اربیل ـ کرکوک ـ کفری بەدەستەوە مابوو، سید طەی نهری (شمزینی) کە پەناهەندە بوو نەیتواني عەشایرەکان لە خۆی کۆکاتەوەو چارەسەری ئە هەڵوێستەی پێ نەکراو هێزی ئاسمانی نەیتوانی رێگا لە داگیرکردنی رانیە بگرێ، بۆیە دوای ئەوە بەناچاری شێخ محموود هێنرایەوەو کرا بە حوکمدار».

محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا دەربارەی بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەڵێ(۳۱):

«لە ۱۹۲۲/۳/۱۷دا شتی تازە روویدا، تورکەکان بە پڕۆپاگاندە بلاویان کردەوە کە بەم زوانە سلێمانی و هەولێرو کرکوک دەگرن و ئینگلیزەکان لەو ناوچانە دەردەکەن.

علی شفیق (یوزدمیر) کە روتبەی زەعیم بوو لە ناوەڕاستی مانگی حزیراندا گەیشتە ئەو ناوچەیەو بلاوی کردەوە کە وویلایەتی موصل هەمووی داگیر دەکرێتەوەو ئینگلیزەکانی لێ دەردەکرێ. هێزەکانی سەر بە یوزدمیر لە مانگی آبی ۱۹۲۲دا گەیشتنە رانیەو ئینگلیز هێزی (شبانە)یانی (لیڤی)ی ئاسووری و کوردی نارد بۆ رانیەو لەم کاتەدا مندوبی سامی لە ۱/۱۰/۱۹۲۲دا نامەیەکی نارد بۆ سەرۆک وەزیرانی عراق دەڵێ: کۆبوونەوەی عەشایرەکانی سەر بە دوژمن زۆر پەرەی سەندووەو هەڵوێست زۆر لەوە ترسناکترە کە حسابی بۆ کرابوو.

مندوبی سامی لەو رۆژانەدا لەلایەن وەزارەتی مستعمراتەوە فەرمانی پێ درابوو کە خۆی لەوە دوور بخاتەوە کە شتێکی وا روو بدا ببێت بە هۆی روو بە رووبونەوە لە کوردستاندا. کە مندوبی سامی بۆی دەرکەوت ئەو هێزەی بۆ بەرگری ئەو ناوچەیە نێررابوو بەرگەی نەدەگرت بۆیە هێزەکان کێشرانەوە بۆ کۆیسنجق و لەوێوە بۆ هەولێرو ئەوی تریش کە مابووەوە گەڕایەوە بۆ کرکوک.

*ژمارەیەکی کەم لە فەرمانبەران و چەند پاسەوانێکی شەبانە (لیڤی) کە لە سلێمانیدا مابوون ئەوانەش لە ۱۹۲۲/۹/۵دا سلێمانیان بەجێ هێشت لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکانداو حاکمی سیاسیی سلێمانی (گۆڵدسمیث) کارو باری دایە دەس ئەنجومەنێکی هەڵبژێرراو بە سەرۆکایەتیی شێخ قادری برای شێخ محمودو بەو جۆرە سلێمانی و بەشێکی زۆری ناوچەکانی هەولێرو کرکوک لەژێر سایەو دەسەڵاتی عراقدا نەمان».*

لەڕاستیدا ئەوەی کە محمد مظفر الادهمی باسی کردووە کە بە مندوبی سامی وترابوو لە کوردستاندا خۆي تووشی شەڕ نەکا، جگە لەو ئاڵۆزبوونەی هەڵوێست کە ئینگلیزەکانی بێ تاقەت کردبوو، لەو رۆژانەشدا راپەڕینی ئێرلەندییەکان حکومتی بریتانیای شپرزە کردبوو.

بۆ نموونە رۆژنامەیەکی بچووکی کەم ژمارەی وەکو رۆژنامەي (بانگی کوردستان) کە لە سلێمانیدا لەو رۆژانەدا دەردەچوو لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٤)ی رۆژی ۱۹۲۲/۸/۲۸ باسی ئەو شۆڕشەی ئێرلەندییەکانی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە:

*«لەشکر وطنی ایرلاندا هجومیان کردۆتە سەر شار (پتریری)و لەپاش محاربەیەکی بە شدّت ضبطیان کردوە. اهالی شارەکە ام عسکری وطنی یانەیان لەگەل نمایشیکی زۆر پیشوازی کردوە.*

*ام ارلاندەیە لە مدەی چند سالەوە خریکی کشمکشە بزانین آخری یان چی دبی».*

رفیق حلمی دەربارەی کشانەوەی هێزی ئینگلیزی لە بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا لە لاپەڕە (۸۷)دا بەم جۆرە باسی کردووە (۲):

*«لەدوای شکاندنی هێزی بریتانیا لە رانیە، ئینگلیزەکان ناچار بوون هێزەکانیان لە سلێمانیدا بکێشنەوە، بەو جۆرە سلێمانی بێ حکومەت مایەوە.*

*لە سلێمانی پیاوە ناودارو ناسراوەکان لە قوتابخانەی ئیعدادیی زەمانی عوسمانی کۆبوونەوەو (مەجلیسی میللی) لەژێر سەرکردایەتیی شێخ قادری حفیدا هەیئەتێک هەڵبژێررا بۆ ئەوەی هەتا ئاسۆی سیاسەت روون دەبێتەوەو حکومەتێکی شەرعیی کوردی خاوەن دەسەڵات دادەمەزرێت و بۆ ئەوەی تا ئەو کاتە ناو شاری سلێمانی لە*

ئاشـووب و هەرا بپـارێزرێ و بەرهەڵسـتـیی هاتنی هێزی تورک بکرێ وە یاخـود نەوەکو عەشایری کورد بەهەڵەدا بچن و پەلاماری سلێمانی بدەن.

دەستەی بەڕێوەبەری (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان) لەگەڵ ئەوەشدا کارو باری خـۆی بە رێک و پێکی دەبینی بەڵام باوەڕ پێکراوێک یا سـەرۆکـێکی نەبوو وە بەرنامەیەکی نووسراویشـی نەبوو وە بەوەی کە حمدی بەگ لەو کۆمـەڵە لادرابوو ئیتر کـۆمـەڵەش تووشی شکستی بووبوو، لەبەر ئەوە دەسـتـەی بەڕێوەبەر پەیوەندییـەکی ئەوتۆي لەگەڵ سەرۆک عەشیـرەتەکانا نەمابوو بۆیە ئـاسان نەبوو کـە یەکـێک لەوانە بکرێ بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵە.

ساتێک دەنگ بڵاو بووەوە کە کریمی فتاح بەگی همـوندو هەباسی محموود ئاغاو چەند ئـەفـسـەرێکی کـورد روویان کـردۆتە سلێمـانی بۆ ئەوەی داگـیـری بکەن، لە گێژاوی ئەو هەڵوێستە ئاڵۆزەدا لە مکتبی ئیعدادی لەژێر سەرکردایەتیی شێخ قادرا کـۆبوونەوەیەک کـرا بۆ پاراسـتنی سلێمـانی لە عـەشـایر. لە کـاتی کـۆبوونەوەدا زەلامـێک خـۆی کـرد بە ژووورداو خـەڵکەکـە شڵەژان و بڵاوەیان لێ کـرد، بەڵام لاوە نیشتـمانپـەروەرەکان نەچوونە دەرەوە هەتا بڕیاری هەڵبژاردنی مـەجلیسی مـیللی درا، لەو کاتەدا کـریم بەگی فـتاح بەگی همـوندو چەند بیاوێکی خـۆیان کرد بە ژووورداو حاجی مصطفی پاشا یامولکی گیـراو بردیان بو سەرا. کریم بەگ مصطفی پاشای بە تاوانبار دادەناو دەیویست بینێرێ بۆ لای یوزدمیـر (بێگومان ناردنی مصطفی پاشا بۆ لاي یوزدمیر چاکترین دیارییەک بوو کە لەو رۆژانەدا یوزدمیر بتوانێ پێشکەشی بکا بە مصطفی کمال ئەتاتۆرک کـە ساتی خۆي مصطفی یامولکی لـە ئەستەمبوڵدا سەرۆکی ئەو دادگایە بووە کە حوکمی ئیعدامی بۆ مصطفی کمال دەرکردووەو لەوەوە مـصطفی یامولکی بە مـصطفی نەمرود ناوبراوە)، بـەڵام مـەجلیـسی مـیللی بڕیاری رزگـارکردنی مـصطفی یامـولکیی داو خەڵکێکی زۆر لە نیشـتـمانپـەروەران هێرشیـان بردە سەر سەراو بە زۆر مصطفی پاشایان هێنایە دەرێ و دەستەی لاوان و خەڵکێکی زۆری ناو شار بە نمایشێکی گەورەوە بردیانەوە بۆ ماڵی خۆیان».

ئـەحـمـەد خواجا لە یاداشـتـەکـانیـا لە لاپەڕە (٩٦)ی بەرگی یەکـەم دەربارەی ئەو

رۆژانەدەڵێ(٣):

«چوار رۆژ دوای گەڕانەوەی شێخ قادر بۆ سلێمانی لە ناکاو لە سلێمانیدا هەواڵی سەربەخۆیی کوردستان بە ناو خەڵکدا بڵاوبووەوەو شاری و عەشایری هەمووی خرۆشاو تێکەڵ بوون.

رۆژی ٤/أیلولی ١٩٢٢ شەش فڕۆکە هاتنە سلێمانی بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان لە سلێمانی بگوێزێتەوە، رۆژی ٥/أیلول گۆڵدسمیث (ماوەیەک بوو لەجیاتی مێجەر سۆن کرابوو بە حاکمی سیاسیی سلێمانی) وە هەموو ئینگلیزەکانی تر چوونە فڕۆکەخانەو داوایان لە شێخ قادر کرد لەگەڵ لیژنەیەکدا بچنە لای و لەسەر ئەو داخوازییەی گۆڵدسمیث ئەمانەی خوارەوە چوونە لای:

١- شێخ قادری حفید، ٢- مصطفی پاشا یامولکی، ٣- حماغای عبد الرحمن ئاغا، ٤- عبد الفتاح چلبی، ٥- مجید ئەفەندی حاجی رسول ئاغا، ٦- ئەحمەد بەگی توفیق بەگ.

کە لیژنەکە چووە لای گۆڵدسمیث پێی ووتن:

«لەلایەن مندوبی سامییەوە فەرمانم پێ دراوە کە ئێستا سلێمانی بەجێ بێڵین، عسکر، پۆلیس، چەک، پارە، خواردەمەنی ، ئەمانەش هەمووی بەجێ بێڵین و ئەمەش کلیلی خزینەکەیە بیدەم بە کێ؟ وە کێ بە سەرۆکی خۆتان هەڵدەبژێرن؟»

ئەندامانی لیژنەکە ووتیان: هەتا حوکمدار دێتەوە کلیل بدەن بە شێخ قادر کە ئەو سەرۆکەو پێویستە حوکمدار بەبێ گیرو گرفت بنێرنەوە بۆ سلێمانی.

دوای ئەوەی حاکمی سیاسیی هەڵەبجەش هات هەموو ئینگلیزەکان بە فڕۆکە سلێمانییان جێ هێشت.ئاسایش بەرپا کراو خرایە ژێر فەرمانەدەی حاجی مصطفی پاشا یامولکییەوە، پیاوخراپەکان بە سەرشۆڕی دەسووڕانەوە.

کە ئینگلیزەکان سلێمانییان چۆڵکرد، شێخ قادر بە ناوی حکومتی کوردستانەوە دام و دەزگای بەڕێوەبردنی کارو باری دامەزراندو کۆبوونەوەیەک کرا کە لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا (١٠) کەس هەڵبژێررێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە (لە ژمارە شەش و حەوتی رۆژنامەی بانگی کوردستاندا بە دوورو درێژ روونکردنەوەیەک

لەلایەن مصطفی پاشاوە بلاوکراوەتەوە دەربارەی ئەو لیژنەیە):
١. بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری رۆژانە،
٢. بۆ بەربەستکردنی پڕوپاگندەو چاو و ڕاو،
٣. بۆ دانانی پرۆگـرامـێک بۆ دروسـتـکردنی هێزێک بۆ بەربەرەکـانیی هەر دەس درێژییەک کە بکرێتە سەر ئەو حکومەتە تازەیە.

تورکخواکان کـریم بەگی هەوندییان هان دەدا بۆ چەک هەلگرتن و هەڕەشـەکـردن. لە ناکـاو یەکـێک هاواری کـرد ئەوا تورک گـەیشـتـە کانی ئاسکان (بەلام لە لاپەڕە ٤/ی بانگی کوردستانی رۆژی ١٨/أیلولی ١٩٢٢ دەڵێ: شائیعە وایە گەیشتوونەتە شیوی ئاودار)، ئیـتـر هەر جل خواربوو بەرەو کانی ئاسکان رای دەکرد بۆ ئەوەی بچن بەپیریانەوە».

ئەحمەد خواجاش لە یاداشتـەکانیا هەر وەکو رفیـق حلمی باسی گرتنی مـصطفی یامـولکی کـردووە. هەروەها لە لاپەڕە (٤)ی ژمـارە (٦)ی رۆژی ١٨/أیلولی رۆژنامـەی بانگی کـوردسـتـاندا روونکردنەوەیەکی تیایە دەربارەی گـرتنی مـصطفی یامولکی دەڵێ:

«ئەو گرتنەی مـصطفی پاشا یامولکی بەبێ ئاگاداریی رئیسی مجلسی میللی بووە (کە نیاز لە شێخ قـادر بووە)، ساتێک هەواڵی ئەو گرتنەی مصطفی پاشا یامولکی بیسـترا شێخ قادرو هەموو ئەشراف و منوەرانی مملکت کەوتنە تەلاشەوەو مـصطفی پاشا بەردراو لەلایەن وطن پروەرانەوە پێشوازی لێ کرا».

لە هەمان ژمارە (٦)ی بانگي کوردسـتـاندا لە لاپەڕە (٦) بە ناوی شێخ قـادرەوە هەواڵی گـەڕانەوەی شـێخ مـەحـمـوودی بلاوکـردۆتـەوە کـە هەر وەکـو خـۆی بلاوی دەکەینەوە:

«معلومـتان بێ کردستان رۆژی لێ بووەوە، حکومتی بریتانیا لە ممالک خویا اعلانی کردوە بقرار أوروپا أدارە مستقلە کردستان تودیع بە جناب شیخ محمودیان کردوە وە بە نیـابت جناب شـیخ قـادر افندی تعین کـردوە و بو تحکیم حـدود کـە کـفـری و کـرکـوک و هەولیـرە تثبیت کـراوە بو امـە هەمـو کوردی لازمـە شـادی و اعـلان آزادی

بکا».

رفـیق حلمی لـه لاپەڕە (۸۹)ی بەرگی پێنجـەمی یاداشـتـەکـانیـا دەربارەی ئەو لیژنەیەی کە پێی ووتراوە (مجلسی میللی) دەڵێ(۲):

*«لە ماڵی شێخ قادری رئیسی مجلسی میللی کۆبوونەوەیەکی گەورە کرا، لە دوای گفت و گۆ بڕیار درا لە مزگەوتی گەورە موتەرێکی گشتی بکرێت وە بە دەستوورێکی رەسمی ئاڵای میللی کورد هەڵبکرێ و نزیکی (۱۰) هەزار کەس لە رۆژی دەسنیشان کراودا لە مزگەوتی گەورە کۆبوونەوەو لاوان و منداڵان بە ئاوازێکی دڵگیر گۆرانیی میللییان دەوت، پیاوم دەویست لەو رۆژەدا فرمێسکی شادمانی هەڵنەڕێژێت، ئینجا لەگەڵ مۆسیقای عسکری ئاڵای کوردستان وورده وورده بەرزبووەوەو هەڵکراو هەتا شێخ مەحموود هاتەوە حاجی مصطفی پاشا یامولکی موستەشاری شێخ قادری برای بوو.*

*زێوەر شعری نەشیدی (أستقبال)ی رێکخست و دەستەی گۆرانی فێری ئەو سروودە کرا، هێشتا شێخ لە بغداد بوو کە قوتابییان بە بەردەمی (دەبۆ)دا ئەو گۆرانییەیان دەوت».*

★ ★ ★ ★ ★

## بەشی پێنجەم

# هاتنەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە

شێخ مەحموود وەنەبێ لە هندستانەوە یەکسەر هێنرابێتەوە بۆ سلێمانی بەڵکو بە سێ قۆناغ هێنراوەتەوە.

قۆناغی یەکەم : لە هندستانەوە هێنرایە کوێت کە لە ٢٧ـ١٩٢٢/١/٢٨دا گەیشتە کوێت وەکو لە دواییدا باسی دەکەین.

قۆناغی دووهەم : لە کوێتەوە لە ١٩٢٢/٩/١٢دا نێررا بۆ بغداد کە لە ١٣/ایلولی ١٩٢٢دا گەیشتە بغداد بەو پێیە لە ١٩٢٢/١/٢٨ هەتا ١١ـ١٩٢٢/٩/١٢ لە کوێت ماوەتەوە.

قۆناغی سێهەم:ـ رۆژی ١٩٢٢/٩/٢٠ لە بغدادەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی و لە ٩/٢١دا گەیشتە کنگر بان و لە ١٩٢٢/٩/٣٠دا گەیشتە سلێمانی وەکو لە دواییدا باسی دەکەین.

## قۆناغی یەکەم: گەیشتني بۆ کوێت

دوای ئەوەی هەڵوێست لە خوارووی کوردستاندا ئاڵۆز بوو وەکو لە باسەکانی پێشوودا روونمان کردەوە ئینگلیزەکان سێ کەسیان بەبیردا هات کە بیکەن بە حوکمداری خوارووی کوردستان کە دواکەسیان وەکو خۆیان باسیان کردووە ئەوە بوو کە بەناچاری شێخ مەحموود بهێننەوە وە بۆ ئەو مەبەستە لەسەرەتادا هێنایانە کوێت و نزیکی حەوت مانگ و نیو لە کوێت هێشتیانەوە کە لەو ماوەیەدا ئینگلیزەکان خەریکی جامبازی و هەڵسەنگاندن و تەڵەکەبازیی خۆیان بوون بە ئومێدی ئەوەی ئەگەر توانییان بە ئاسانی وا لە تورکەکان بکەن کە دەسبەرداری کوردستان بن ئەوا پێویستیان نە بە شێخ مەحموودو نە بە کەسێکی تر نەبووە لەو جۆرە کەسەی کە

داوای مافی ڕەوای میللەتەکەی خۆی بکا، بەڵام کە تەماشایان کرد جڵەوی ناوچەکەیان لەدەست دەرچووە ئیتر چاریان نەماو شێخ مەحموودیان هێنایەوە بۆ کوردستان و بۆ جاری دووهەم بووەوە بە حوکمدار.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 7168 ساڵی ١٩٢٢ لە فقرە (٧٤٨) لە لاپەڕە (١١)دا دەڵێ:

*«باری ناوچەی سلێمانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. لە ١٢/ی تموزی ١٩٢٢دا سکرتێری مندوبی سامی بە فڕۆکە چووە سلێمانی و دەربارەی دواڕۆژی ناوچەکە لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکانی ئەو ناوچانەو معاونی ئەفسەری سیاسی لە ڕانیە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەی هەڵوێست و لە ئەنجامدا هەموویان گەیشتنە ئەوەی کە تەنها بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکدا چارەسەری ئەو کێشەیە ناکرێ بەڵکو پێویستی بەوە هەبووە کە بیر لەوە بکەنەوە کە حوکمدارێک بۆ ناوچەی سلێمانی دابنرێت، بەڵام ئایا کێ دەسنیشان بکرێ بۆ ئەو مەبەستە؟ هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە خراپترین کەسێک کە بیری لێ بکرێتەوە، بۆ هەڵبژاردن شێخ مەحموودە چونکە دەمانباتەوە بۆ هەمان بەزمەکەی ساڵی ١٩١٩ (مانای دووبارە داواکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان دێتەوە پێشەوە کە شێخ مەحموود سووربووە لەسەری وەکو زۆر لە ئینگلیزەکان لە نووسینەکانیانا لەوە دواون کە لە شوێنی خۆیدا باسمان کردووە).*

لە دۆکیومەنتی تردا ژمارە C.O. 730-22 ڕۆژی ١٥/٦/١٩٢٢دا دەڵێ:

*«پێشنیازێکی بەکەڵک و بەنرخ کە دەربارەی هەڵوێستی ناوچەی سلێمانییە لەلایەن توفیق وەهبی بەگەوە پێشکەش کراوە. توفیق وەهبی ئێستە ئەفسەرێکی ناو سوپای عێراقەو خەڵکی سلێمانییەو یەکێکە لە کوردە قەومییە سەرگەرمەکان و زۆر دژی تورکەکانە.*

*بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی توفیق وەهبی پێویستە کوردەکان دڵنیا بکرێن کە وا دەزگایەک لە سلێمانیدا پێک دێ بۆ ئەوەی بە چاودێریی ئەو دەزگایە دەس بکرێ بە هەڵبژاردنی یەکێک بۆ حوکمدارێتی (ئەوەی توفیق وەهبی پێشنیازی کردووە ئەو ڕۆژانە بووە کە شێخ مەحموود هێشتا لە کوێت بووەو بڕیاری هاتنەوەی نەدرابوو) وە*

شێوەیەک لە ئیدارەیەکی کوردی پێک بێت لەگەڵ بوونی بەڕێوەبەرێک بۆ کاروباری ناوخۆ و بەرزکردنەوەو پێشخستنی باری خوێندەواری و رۆشنبیری لەژێر ئینتداب و چاودێریی بریتانیاداو چەند موستەشارێکی بریتانیش هەبێت (لەڕاستیدا ئەو پێشنیازەی توفیق وەهبی یەکەم کەس بووە کە ئەوەی بەبیرا هاتبێت لەو رۆژانەدا کە هەڵبژاردن بکرێ و لام وایە ئینگلیزەکان بە ئەنقەست ئەو خواستەی توفیق وەهبییان قبول نەکردووە چونکە نەیان ویستووە ئەوەی دەکرێ بە حوکمدار بە شێوەیەکی رەسمی هەڵبژێرراوی میللەتی کورد بووبێت بەڵکو ویستوویانە بڵێن ئێمە خۆمان دامان ناوە).

دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

لەگەڵ ئەوەشدا توفیق وەهبی دانی بەوەدا ناوە کە دانیشتوانی ناوچەی سلێمانی دەیانەوێ شێخ مەحموود بهێنرێتەوە بەڵام بە لای ئەوەوە وا بە باش دەزانێ کە ئەو هەڵبژاردنە بکرێ و حساب بۆ هەموو جۆرە ئیحتمالاتێک بکرێ کە دوور نییە سەرگەرمی و سەرچڵیی شێخ مەحموود وای لێ بکا کە خۆی نەگرێ و بێدەنگ دانەنیشێ، لەبەر ئەوە وا بە باش دەزانێ کە جارێ پەلە لە هێنانەوەی شێخ مەحموود نەکرێ هەتاکو ئەو ئیدارە کوردییەی کە پێویستە دابنرێت ئەوسا دوای ئەوە شێخ مەحموود بهێنرێتەوە.

توفیق وەهبی دەڵێ: دوو مەترسی و دوو هەڕەشە لەو باسەدا هەیە، ئەگەر هەڵبژاردنی بکرێ لای وایە حەمدی بەگی بابان ماوەی ئەوەی دەبێ کە هەڵبژێررێ بەڵام تاقە سەرنجێکی هەیە دەربارەی حەمدی بابان کە ئەویش بەشێکی گرنگە لە پێشنیازەکەی توفیق وەهبی کە دەڵێ: حەمدی بابان ووتوویەتی بە هیچ جۆرێک نایەوێ لەژێر سایەی تاجی حکومەتی عێراقدا بێت و لای وایە دەتوانرێ لە رێگای لامرکزییەوە چارەسەری ئەوەش بکرێ ...

لە دۆکیومەنتەکەدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

بەڵام بابکری سلیم ئاغای پژدەری لای وایە هێنانەوەی شێخ مەحموود جگە لە تازەکردنەوەی دوژمنایەتی و نارێکی بەولاوە هیچی تری لێ پەیدا نابێت».

رفیق حلمی لە لاپەڕە (١١)ی بەشی یەکەمی بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ(٢):

«ئینگلیزەکان بە رواڵەت گوایا یەکێک لە مەبەستەکانیان ئەوە بووە حکومەتێکی کوردی لە کوردستاندا دامەزرێنرێ، کەچی هەر خۆیان لە هەموو کەسێک زۆرتر تەگەرەیان دەخستە بەر دامەزراندنی ئەو حکومەتە، ئەگینا شۆڕشی شێخ مەحموود نەدەبوو ببێتە هۆی دەس هەڵگرتن لە مەسەلەی کوردستان. شێخ مەحموود گیراو نێررا بۆ هندستان، ئیتر دوای ئەو گیران و دوورخستنەوەیە بۆچی دەبێ حکومەتی کورد نەبێت؟! ئایا ئەو حکومەتە بۆ کورد دەبوو یا بۆ شێخ مەحموود؟

هەتا شێخ مەحموود لە هندستان بوو ئینگلیز باسی کوردی نەدەکردو دەستیان لە پێکهێنانی حکومەتی کوردی هەڵگرتبوو، بەڵام شێخ مەحموودیان پێویست بوو، لەبەر ئەوە کوردستان وەسیلەیەک بوو نەک (غایە).

کە ساتێک شێخ مەحموود لە هندستان بوو بارو هەڵوێستی کوردستان گەیشتبووە ڕادەی پشێوی و ئاژاوەیەکی ئەوتۆ بڵاوبووبووەوەو کە بە ئینگلیزەکان چارەسەر نەدەکراو بۆیان دانەمرکایەوە، بۆیە ناچاربوون جارێکی تر شێخ مەحموودیان هێنایەوەو کردیان بە حوکمداری کوردستان، بەڵام شێخ مەحموود لەوانە نەبوو کە خزمەتی مەبەستی ئینگلیز بکا بەڵکو ئەویش دەیویست سوود لە هەل و دەرفەت وەربگرێ و کوردستانی ئازادو سەربەخۆ بە ئینگلیزەکان دروست بکا، لەبەر ئەوە ئەم جارەش کە هێنایانەوە هەر لەگەڵ یەکتردا ڕێک نەکەوتن».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی هێنانەوەی شێخ مەحموود دەڵێ(٤٥):

«زۆرمان هەوڵدا تورکەکان واز لەم دیو سنوور بێنن (نیازی کوردستان بووە)، لەو ڕۆژانەشدا ئێمە بەو تواناو دەسەڵاتە کەمەی کە لەو ناوچانەدا هەمان بوو نەمان توانی تورکەکان بێدەنگ بکەین کە واز لەوە بێنن، بۆیە تاقە ڕێگەیەک کە ناچار بووین بیگرینە بەر ئەوە بوو شێخ مەحموود لە هندستانەوە بهێنینەوە».

ئەو ڕاپۆرتەی حکومەتی بریتانیا بۆ عصبە الامی ناردبوو (٥٤) دەربارەی هێنانەوەی شێخ مەحموود دەڵێ:

«دوای ئەوەی ئینگلیزەکان سلێمانییان چۆڵکرد، ئەنجومەنێک بە سەرۆکایەتیی شێخ

قادری برای شێخ مەحموود هەڵبژێرراو دوای مانگێک ئەو لیژنەیە داوای هێنانەوەی شێخ مەحموودی کرد بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی ئەو لیژنەیەی پێ بسپێررێت.

بەو جۆرە شێخ مەحموود هێنرایەوەو لەلایەن مندوبی سامیی بریتانیاوە لە بغداد شێخ مەحموود کرا بە حوکمداری سلێمانی و لەلایەن عراق و بریتانیاوە بەڵێن بە شێخ مەحموود درا یارمەتیی بدرێت، بەڵام کە شێخ مەحموود چووەوە سلێمانی زۆری پێ نەچوو دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەوری سلێمانی بۆ داواکردنی گەلێک داخوازیی زۆر فراوان بۆ کورد».

زۆر نووسەری ئینگلیز لەوانەی کە باسی ئەو سەردەمەیان کردووە لە کتێبەکانیانا ووتوویانە:.

دوور نییە شێخ مەحموود لە سەرەتادا کە هێنرایەوە بۆ بغداد بە ئیدارەی ناوچەی سلێمانی رازی بووبێ بەڵام کە هاتەوەو هەوا پاک و بێ گەردەکەی کوردستانی هەڵمژی، ئیتر کەوتەوە سەر خولیاو سەوداکەی جارانی کە بریتی بوو لە داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان کە لە دواییدا لە شوێنی خۆیدا لێی دەدوێین.

محمد مظفر الادهمی لەو رووەوە دەڵێ(٣١):

«ئینگلیزەکان و مندوبی سامی لە هێنانەوەی شێخ مەحموودا بە هەڵەدا چووبوون چونکە شێخ مەحموود بۆ ئەوە نەهاتبووەوە بۆ سلێمانی کە ببێت بە پاڵپشتی ئینگلیز، بەڵکو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکا».

دەربارەی گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ کوێت لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O. 730 رۆژی ١١/٢/١٩٢٢دا لە فقرە (٣٦)دا دەڵێ:

«شێخ مەحموود لەگەڵ شێخ حمە غریبی زاوایا لە ٢٧/١/١٩٢٢دا گەیشتنە کوێت (لە کتێبی تأریخ الکویت السیاسی کە لە دواییدا بە دوورو درێژی باسی دەکەین دەڵێ شێخ مەحموود لە ٢٨/١/١٩٢٢دا گەیشتە کوێت) کە لە حەپسخانەی هندستانەوە بەرەڵلاکران و ماوەیەک وەکو دەسبەسەرێکی سیاسی لە کوێت دەهێلرێنەوە هەتا بریاری کۆتایی دەدرێ بۆ گەرانەوەیان بۆ سلێمانی.

مانەوەی شێخ مەحموود لە کوێتدا بووە بە هۆی ئەوەی لەناو کوردەکانی بغدادا وا

بڵاوبێتەوە کە ئینگلیز نیازی وایە شێخ مەحموود بکرێ بە ملکی کوردستان. شێخ قادری برای شێخ مەحموودو شێخ عارفی خزمی (نیازی شێخ عارفی سەرگەڵوو بووە) لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٢١ەوە لە بغدادن، هەردووکیان پەلەی ئەوەیانە رێگەیان بدرێتێ بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی بەڵام جارێ هێشتا هەڵوێست ئەوەندە باش نییە کە رێگەی گەڕانەوەیان بدرێ بۆ سلێمانی».

لە کتێبەکەی حسین خلف الشیخ خزعلدا کە باسی مێژووی کوێتی سیاسیی کردووە لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا (٣٣) کە ئەویش سوودێکی زۆری لەو دۆکیومەنتانە وەرگرتووە کە لە ئەرشیفی وەزارەی دەرەوەی بریتانیادایە دەربارەی کوێت هەیە. حسین خلف الشیخ خزعل دەڵێ:

«شێخ مەحموودو شێخ حمە غریبی زاوای کە ماوەیەک بوو دوورخرابوونەوە بۆ هندستان لە ئەنجامی ئەو رووداوانەی لە ماوەی دوورخستنەوەی شێخ مەحموودا روویدابوو، حکومەتی بریتانیا ناچار بوو بیانێنێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە لە ناوچەکەدا پەیدا بووبوو.

لە سەرەتادا هێنایانەوە بۆ کوێت هەتا کاتی خۆی دێ بۆ ئەوەی لە کوێتەوە بیانێنرنەوە بۆ سلێمانی.

مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد کە سێر پرسی کۆکس بوو نامەیەکی ناردبوو بۆ مندوبی سامیی بریتانیا لە کوێت کە (مێجەر مۆر) بوو بۆ ئەوەی شێخ أحمد الصباح ئاگادار بکا لەو هاتنەی شێخ مەحموودو مێجەر مۆر لە ٢٧/ی صفردا کە دەکاتە ١٣/١/١٩٢٢ شێخ أحمد الصباحی ئاگادار کردو ئەویش موافقتی کرد کە شێخ مەحموود بێتە کوێت.

لە ١٣/١/١٩٢٢دا پاپۆڕی (بنگورە) لە بۆمبایەوە رووی کردە کوێت کە شێخ مەحموودو شێخ حمە غریبی زاوای لەو پاپۆڕەدا بوون.

مێجەر مۆر لە ٢٦/ی جماد الاول ١٣٤٠. رێکەوتی ٢٥/١/١٩٢٢ شێخ أحمد الصباحی ئاگادار کرد کە ئەو دوو شێخە لە رۆژی ٢٩/ی جمادی الاول رێکەوتی ٢٨/١/١٩٢٢دەگەنەکوێت.

شێخ أحمد الصباح بە نامەیەک وەرامی مێجەر مۆری مندوبی سامیی بریتانیا[٤] دایەوە کە نووسیبووی:

«لە محمد جابر الصباح ـ حاکمی کوێتەوە بۆ حضرة عالی الجاه الافخم المحب العزیز جی.سی.مۆر. بولیتیکل... هەمیشە هەر لە خۆشی و شادیدا بن.

لە دەستی دۆستانەتانەوە نامەی ژمارە (٥٩)ی رۆژی ٢٦/ی جمادی الاول سالّی ١٣٤ .تان گەیشت دەربارەی شێخ مەحموودو شێخ حمە غریبی زاوای کە خەڵکی قەزای سلێمانین کە فەخامەتتان دەتانەوێ لە کوێت بیانهێڵنەوە دوای ئەوەی لە دیلێتیی هندستان بەرتان داون هەر وەکو چۆن بەرێزتان لە ٢٧/ی صفری سالّی ١٣٤هـ ئاگادارتان کردبووین و ئێمەش موافقەتی مانەوەیان دەکەین بەپێی بریاری فەخامەتتان و خەڵک دادەنێین بۆ چاودێرییان».

نووسەری کتێبەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

لە رۆژی ناوبراودا پاپۆڕەکە گەیشتە کوێت و شێخ مەحموودو شێخ حمە غریب وایان چاوەڕوان دەکرد کە شێخ أحمد جابر الصباح خۆی یا خزمێکی یا دەست و پێوەندێکی بەپیریانەوە بچن، بەڵام کەس نەچوو تەنها پیاوێک نەبێ کە لەلایەن مندوبی سامییەوە لە کوێت راسپێررابوو نێررابوو لەگەڵیانا چوو هەتا بردنیە ئەو خانووەی کە لەسەر دەریا بۆیان تەرخان کرابوو.

رۆژی دوای گەیشتنی شێخ مەحموودو شێخ حمە غریب، مندوبی سامی چووە لایان و پێشوازیی لێ کردن و ئاگاداری کردن کە هەردووکیان میوانی حکومەتی بریتانیا دەبن هەتاکو لە کوێتدا بمێننەوە.

کە شێخ مەحموود گەیشتە کوێت لەگەڵ ئەوەشدا نە شێخ أحمد جابر الصباح و نە یەکێک لە خزمەکانی لە شێخ مەحموودیان نەپرسییەوە، بەڵام شێخ مەحموود لەگەڵ ئەوەشدا بریاری دا خۆی بچێتە لای ئەمیر لە (قصر السیف).

کە شێخ مەحموود گەیشتە ئەوێ سکرتێرەکەی شێخ أحمد الصباح کە ناوی (ملا صالح)بوو بەپیرەوە چوونێکی ئاسایی کردو لە ژووری چاوەڕێ کردندا بەرامبەر بە ژوورەکەی شێخ أحمد جابر الصباح دای نان بۆ ئەوەی موافقت لە ئەمیرەوە وەربگرێ

کە بچنە لای. لەو ماوەیەدا کە شێخ مەحموود چاوەڕوانی بینینی ئەمیری دەکرد هەتا قاوەیەکی عەرەبیشیان پێشکەش نەکرد وەکو بە جیهینانی ڕەوشتێکی عەرەبی کە میوانێک دەچێتە لای. هۆی ئەمەش ئەوە بوو کە شێخ أحمد جابر الصباح نەی دەوێرا شێخ مەحموود ببینێت و چاوی پێ بکەوێ هەتا موافقتی مندوبی سامی وەرنەگرێ، لەبەر ئەوە شێخ جابر بەپەلە پیاوێکی نارد بۆ لای مندوبی سامی بۆ ئەوەی موافقتی ئەوەی لێ وەربگرێ کە شێخ مەحموود ببینێت.

ساتێک ئەو کابرایەی ئەمیر ناردبووی بۆ لای مندوبی سامی دەگەڕێتەوەو بە ئەمیر دەڵێ کە مندوبی سامیی نەبینیبوو، شێخ جابر بە ملا صالحی سکرتێری دەڵێ (قل لهوءلاء الاکراد أن یأتوني یوما آخر)...(یەعنی بەو کوردانە بڵێ ڕۆژێکی تر بێنەوە لام)، ئەم قسەیە زۆر سووک و ناشیرین بەر گوێی شێخ مەحموود دەکەوێ و بەرلەوەی ملا صالح بێتە دەرەوەو ڕاسپاردەکەی ئەمیریان پێ بڵێ شێخ مەحموود دەچێتە دەرەوەو بڕیار دەدا کە ئیتر نەچێتەوە لای ئەمیری کوێت. ڕۆژی دوایی مندوبی سامی چاوی بە شێخ أحمد الصباح دەکەوێ و گلەییەکی زۆری لێ دەکا بەرامبەر بەو هەڵوێستەی و پێی دەڵێ هەرچۆنێک بووە دەبێ دڵی شێخ مەحموود بهێنێتەوە جێی خۆی.

شێخ أحمد الجابر سکرتێرەکەی (ملا صالح) دەنێرێتە لای شێخ مەحموودو تکای لێ بوردن لە شێخ مەحموود دەکا کە جارێکی تر بچێتەوە لای ئەمیری کوێت و شێخ مەحموود لە سەرەتادا بڕیار دەدا نەچێتە لای بەڵام ملا صالح لە کۆڵی نابێتەوەو زۆری لێ دەپاڕێتەوەو شێخ مەحموودیش بۆ عەسر لەگەڵ شێخ حمە غدیبدا دەچێتە لای ئەمیری کوێت و مندوبی سامیش بەرلەوە دەچێتە ئەوێ و کە شێخ مەحموود دەگا هەردووکیان دەچن بەپیرییەوەو مندوبی سامی داوای لێ بوردن دەکا لە شێخ مەحموودو پێی دەڵێ شێخ أحمد الصباح بەتەواوی تۆی نەناسیبوو (بێگومان شێخ أحمد الصباحێک کە شێخ مەحموودی وا ناسیبێت کە خەڵکی قەزای سلێمانی بووە دیارە دەبێ هەر ئەوەندەشی ناسیبێ کە مندوبی سامی باسی کردووە).

شێخ مەحموود بەم شعرە عەرەبییە ڕووی دەمی دەکاتە شێخ أحمد الصباح کە

دەڵێ:

وليس من قومك من هذه الضائره          العرب تعرف من انكرت والعجم

لە دوای ئەوەی قاوەی عەرەبی بە شێوەو دەستووری عەرەب پێشکەش بە شێخ مەحموود دەکرێ شێخ مەحموود قاوەکە وەرناگرێ و دەڵێ:

«بم بوورن کە قاوەکە وەرناگرم، چونکە من کوردم و کوردیش لای هەندێ ئومەرای عەرەب شایانی ئەوە نین کە لە دیوەخانەکانیانا قاوەیان پێشکەش بکرێت».

مندوبی سامی لە مەبەستەکەی شێخ مەحموود تێ دەگاو بە شێخ مەحموود دەڵێ: ببەخشە... شێخ... ئێوە پلەو پایەتان و شوێنتان دیارەو کەس ناتوانێ ئینکاری پایە بەرزی ئێوە بکا.

شێخ مەحموود لە وەرامی مندوبی سامیدا دەڵێ: سوپاس بۆ جنابی مندوبی سامی و بۆ ئەو نەوازش و دڵنەواییەی من و بەوپەڕی سەربەرزییەوە شانازی بەوەوە دەکەم کە من کوردم و خۆم بە یەکێک لە سەرۆکەکانی کورد دادەنێم و لە دوای ئەوە شێخ مەحموود روو دەکاتە شێخ أحمد الصباح و پێی دەڵێ: جگە لەوانەی کە مندوبی سامی فەرمووی، شتێکی تریش هەیە با عەرزتان بکەم کە ئەوەیە من بەرلەهەموو شتێک لە نەوەی (ئادەم)م... ئیتر شێخ أحمد الجابر تەریق دەبێتەوەو قسە ناکا.

پاش یەک دوو رۆژێک شێخ أحمد جابر الصباح دەچێتە زیارەتی شێخ مەحموودو دووبارە داوای لێ بووردنی لێ دەکا بەڵام دوای ئەوە شێخ مەحموود ئیتر بە هیچ جۆرێک لە ماوەی بوونیا لە کوێت جارێکی تر نەچووەوە بەلای شێخ أحمد الصباحدا».

دەربارەی گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ کوێت، لە ماوەی بوونیا لەوێ هەندێ لە خزمەکانی دەچنە کوێت بۆ زیارەتی و حمدی صاحبقران لەو ڕووەوە بە دوو دێڕ ئەم شعرەی بۆ شێخ مەحموود ووتووە:

کە رۆیشتن بە جارێک من دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت

کە چوویتە (تانە)، تانە سەر گلێنەی هەردوو چاوم کەوت

*دەڵێن هاتوویتە (کوێت) قوربان، بەڵێ قوربانی کوێتی کەم*

*کە نۆبەت بەر سەری نەحسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت*

لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەي بانگی کوردستان رۆژی ١٩٢٢/٩/٢٢دا لە لاپەڕە (٣)دا باسی ئەوە دەکا کە شێخ مەحموود کاتێک لە کوێت بووەو یەکەم ژمارەی بانگی کوردستانی پێ گەیووە کە لە سلێمانی لەلایەن مەجلیسی میللییەوە دەرچووە، شێخ مەحموود بە تیلیگراف (٢٠٠) روپیەی بۆ ئیدارەی رۆژنامەکە حەواڵە کردووە.

حەزم کرد لێرەدا سوپاسنامەکەی رۆژنامەی بانگی کوردستان (کە لام وایە نووسینی مصطفی پاشا یامولکی بووە چونکە لە شێوەی نووسینەکاني تری دەچێ) هەر وەکو خۆی چۆن نووسراوە بەو جۆرە بڵاوی بکەمەوە:

*«همت عالی محمودی جناب جلالتمآب حضرت شیخ محمود افندی دام أجلاله کە لە کویت بو أوّل نسخە بانگ کردستانمان بۆ ناردبوو لەگل گیشتنی أم نسخەیە بە خزمتی دو صد روپیە بو أدارەخانەء غزتەکمان بە تلغراف حوالەء فرمویو. أیمە بو أم حرکت عالیجنابانەیە لە أدای تشکر عاجزین لە دیار بعیدو غُربتدایش بو أبذال همت عالي در حق بە وطن کردان و بو نشر معارف لە کردستاندا بیدریغی لطف و أحسان هر لایق شأن حضرت محمودە کە أم زاتە بە سبب حسن خلق و متانت فکری لە نظر همو کرداندا محترم و محبوبە. خدا دوامي عمری بداو بە زودی بەو جودی مبارکی چراغ خاندان أحمدی لە کردستاندا روشنتر بکا».*

بەو جۆرە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە باسیان کردووە شێخ مەحموود لە نێوانی ١٩٢٢/١/٢٨ هەتا ١٠.١١./ایلولی ١٩٢٢ لە (کوێت) ماوەتەوەو لەوێوە بەرەو بغداد هاتووە.

لە لاپەڕە (٥)ی ژمارە (٦)ی رۆژی ١٨/ایلولی/١٩٢٢ رۆژنامەی بانگی کوردستان دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە کوێتەوە ئەم تاقە دێڕە شعرەی تیادا بڵاو کراوەتەوە:

ڕوو بە قبلە، دست بەسینە بو کویتێ چاوەڕێ

کوردو گوران هر دلێ یاربی محمود بیتەوە

## قۆناغی دووهەم: گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ بغداد

لە ژمارە (٥)ی رۆژنامەی بانگی کوردستانی رۆژی ١٩٢٢/٩/٤دا لە لاپەڕە (٥)دا ئەم بەیانەی خوارەوەی تیادا بلاو کراوەتەوە بە ناوی گۆڵدسمیث حاکمی سیاسیی بریتانیا لە سلێمانی کە هەر وەکو خۆی پێشکەشی دەکەین.

تبشیرات.٩/محرم/١٣٤١

*«بۆ مقرات کردستان مدتیکه جناب حاکم سیاسي سلیمانی لەگل مندوب سامی و أم ذاتەیش لەگل لوندره مشغول مخابرەن. جناب مندوب سامی أیستا جناب میجر گولدسمیثیشي مأذون فرموه که:*

*به عموم أهلی لوای سلیمانی خبر بدات عنقریب میدانیان دەدرێت بو حل کردنی مسئلەء تشکیل کردنی حکومتیک بو کردستان یعنی به سربستی فکری خویان درمیان بکن و بو حصولی أم نیّته خیره جناب مندوب سامي لەگل حکومت انگلتره خریک مخابرەیه تاکو ترتیبیکی باش دابنریت و لم روژانەدا به های تبلیغ و تعمیم دەکریت جناب شیخ محمود أفندی لەگل شیخ محمد غریب أفندی له کویتەوه بو بغداد له طرف حکومت مفخمەء بریتانیاوه مساعده کرابو».*

*ـ بانگ کردستان ـ*

هەروەها لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (٧)ی بانگی کوردستانی رۆژی ٢٢/ایلول/١٩٢٢ تیلیگرافێکی مێجەر گۆڵدسمیث حاکمی بریتانی لە سلێمانیدا تیا بلاو کراوەتەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ شێخ عبد الکریم قادرکەرەمی ناردووە دەڵێ:

*«بو جناب شیخ عبد الکریم:ـ روژی چوارشمه/کفری ١٣/ایلول/١٩٢٢ ئیمرۆ شیخ محمودو شیخ حمه غریب دەگەنه بغدادو به أولین فرصت ئیوه بو کفری حرکت دکن. هتا خبرتان بۆ أنیرم انتظاریتان له کفری پیویسته».*

لە ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٢/ایلولی/١٩٢٢ لە لاپەڕە (١)ی رۆژنامەی بانگی کوردستاندا هەواڵی گەڕانەوەی شێخ مەحموودی تیادا بلاو کراوەتەوە لە کوێتەوە بۆ

بغداد کە هەر وەکو خۆی دەینووسینەوە:

*«روژی چوارم کە روژی شمبە بو لە طرف جناب رئیس مجلسی میللی جلالتمآب شیخ عبد القادر افندی بۆ خبر ورگرتن لە جناب شیخ محمود افندی لبر أوەی کە خط تلغراف سلیمانی و چم چمال و کرکوک تخریب کرابوو بە اوتوموبیل جناب سید أحمد افندی هنجیرە بو کرکوک روانە کرا. أم ذاتە چونکە لە نظر همونديشەوە معروف و ناسراو و محترمە بە سلامتی گیشتە کرکوک.*

*روژی ششم جناب سید محمد افندی جباری لەگل أتباع خویان لە چم چمالەوە و جناب محمد ئاغا کوری علی آغای پژدەر لە قلعە دزەوە تشریفیان هینایە سلیمانی. همویان لە طرف جناب شیخەوە (شیخ قادر) مظهر التفات و أعتزاز بون. روژ هفتم کە روژ دوشمبەبو بگزادکان همەوند بە وسیلەء أو مأموریتانەوە کە لە طرف جناب شیخەوە (دوبارە مەبەست شیخ قادر بووە) بویان تخصیص کرابو روینەوە بو قضای چم چمال و سورطاش (نیاز لە سورداش بووە). أسم و مأموریتیان لە پاشا دنوسری.*

*روژ هشتم جناب سید أحمد افندی هنجیرە لە کرکوک بە اوتوموبیل گەرابوەوە بو سلیمانی و أم خبرانەی هینا:*

*«جناب شیخ محمود أفندی لە کویتەوە حرکتی رسما تعین کردوەو أنگلیسەکانیش کە لە سلیمانی رۆیون لە کرکوک گردبونەوەو آسایش و أمنیت کرکوکی حکایە دکرد و أو قصانەء کە انگلیسەکان لی یان پرسي بو نقلی دفرموو».*

هەر لە دوای بلاْوکردنەوەی ئەو هەواڵەوە رۆژنامەکە بە دوورو درێژی باسی ئەوە دەکا کە شێخ قادری رئیسی مجلسی میللی بۆ بەرپاکردنی ئاسایش و ئارام فەرمانی دەرکرد کە کەس نابێ بە چەکەوە بێتە ناو سلێمانییەوەو هەر کەسێک چەکی پێ بوایە لێیان دەستاند.

لە لاپەڕە (٢)ی بانگی کوردستانی ژمارە (٧)ی رۆژی ١٩٢٢/٩/٢٢ شعرێکی مصطفی پاشا یامولکیی بلاْوکردۆتەوە وەکو مژدەی هاتنەوەی شێخ مەحموود:

*هُمایي دولتی نیشتۆ بسر کردا بحمد الله*

*دعا بو بخت کردان کێن دوامی بێ بعون الله*

*بلی روژیکی أستقلال هزاران روژی تر دینی*
*بلی روژیکی آزادی له بو کردان جهان دینی*
*ئەوی کُردی نەویَ هلْسيَ به جیَ بیلیَ سلیمانی*
*نماوه وقت دورویی له بۆ أنگلیس و تورانی*
*فدات بم بانگ کردستان بده بانگی به آزادی*
*که روح احمدی کاکه بکەین شادان به آزایی*

بەو جۆره شێخ مەحموود دەگاته بغدادو خەڵک له سلێمانی ئەو چەند رۆژانەی که شێخ مەحموود له بغداد مابووەوه زۆر به گران لێیان دەڕواو له باسی داهاتوودا به دوورو درێژ باسی دەکەین.

دەربارەی ئەو چەند رۆژەی که شێخ مەحموود له بغداد مابووەوه زۆر کەم نووسراوەو کەم شت زانراوەو ئەوی بیستراوه دەماو دەم لەمەوه بۆ ئەو بووه، بەتایبەتی ئەو گفت و گۆیانەی له نێوانی شێخ مەحموودو مندوبی سامیی بریتانیا له بغدادو فیصلدا کراوه بەداخەوه لەناو دۆکیومەمتەکاندا هیچی وام دەست نەکەوت که پەنای بۆ ببەم.

شێخ روءفی شێخ مەحموود له یاداشته چاپ نەکراوەکانیا دەربارەی ئەو رۆژانەی باوکی له بغداد بووه دەڵێ(٢٤):

*«که شێخ مەحموود گەیشته بغداد، کاکه حەمەی ئەمینی عطاری خاڵم لەو رۆژانەدا له بغداد بوو، دوای ئەوەی شێخ مەحموود مندوبی سامی و ملک فیصل دەبینێت و کاکه حمه چاوی به شێخ مەحموود دەکەوێت شێخ مەحموود به کاکه حمه دەڵێ: دەزانی چییان له من دەوێ؟ دەیانەوێ کارو فەرمانێکی پۆلیسیم پێ بسپێرن و دەیانەوێ که گەڕامەوه بۆ سلێمانی خەڵک له خۆم کۆکەمەوەو بچم تورکەکانیان له راوندز بۆ دەربکەم... منیش بیرم کردەوەو ترسام ئەگەر له کاتی گفت و گۆکردنما لەگەڵیانا پێم بوتنایه که من شتی وا ناکەم دوور نەبوو رێگەی چوونەوەی سلێمانیم لێ بگرن، بۆیه چارەم نەبوو بەڵێنی ئەوەم دانێ که تورکەکان دەربکەم بەڵام تۆ خۆت دەمناسیت من چون به ئیشی پۆلیسی وا هەڵدەستم؟ من هەموو ژیان و سەروماڵ و*

*کەس و کارو هاوڕێ و دۆستم هەمووی لەپێناوی مافی کوردا داناوە ئێستە من چۆن ئەو کارە پۆلیسییە ناشیرینە دەکەم؟ ئینگلیزەکان بەڵێنیان داومێ کە هەرچی ئەو موڵک و ماڵەم کە دەستیان بەسەرا گرتبوو هەموویم بدەنەوەو یارمەتیی ماڵیشم بدەن بەلاّم من چۆن بۆ ماڵی دنیا شتی وا ناشیرین دەکەم؟... بڕیارم داوە هەر کە گەیشتمە سلێمانی بە دەست و بردی شارەزایانی کوردو رۆشنبیرانی کوردو دەسەلاّتداران کۆ دەکەمەوە بۆ ئەوەی بیرو راو سەرنجیان بزانم و تێیان دەگەیەنم کە ئینگلیزەکان و فیصل منیان بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە تورکەکانیان بۆ دەربکەم بەبێ ئەوەی لە هیچ گفت و گوکردنێکدا دەربارەی دوارۆژی کوردستان هیچ بەڵێنێک بدەن».*

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«جگە لەوانەی خاڵم بۆی باس کردم، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی کە ئەو رۆژانە چووبوون بۆ بغداد بۆ پێشوازی کردن لە شێخ مەحموودو هاتنەوەی بۆ سلێمانی لە شێخ مەحموودیان بیستبوو کە شێخ مەحموود بە ئینگلیزەکانی ووتبوو:*

*من هیچ بەڵێنێکم بەجێ ناهێنم هەتا ئێوە بە رەسمی دان بە مافی کوردا نەنێن چونکە دەمزانی کە ئینگلیزەکان هەستیان بە لاوازی و کەم دەسەلاّتیی خۆیان کردبوو بەرامبەر بەو بوونەی تورک لە ناوچەی رواندزدا».*

لە بیرم دێ لە ساڵی ١٩٥٥دا جارێک لەگەڵ شێخ لطیفی شێخ مەحموودا کە دراوسێی یەک بووین لە گەڕەکی کانێسکان شەوێکی جومعە لە (بی بی جەک)ەوە چووینە خزمەت شێخ مەحموودو شەو لە داریکەلی ماینەوە، شێخی مەزن لە باسی بیرەوەریی ئەو رۆژانەیدا فەرمووی:

*«کە لە هندستان هاتینە کوێت و ماوەیەک لە کوێت هێشتیانینەوە دەمزانی ئینگلیزەکان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بزانن ئایا تورکەکانیان بۆ دەستەمۆ دەکرێ کە واز لە کوردستان بێنن یا نا... وە ئەگەر هیوایان لەوە بڕا ئەوسا رەنگە رێگەمان بدەن بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. کە لە دواییدا بڕیار درا بگەڕێینەوەو گەیشتینە بغداد لەوێ چەند جارێک مندوبی سامی و ملک فیصلم بینی و زۆرم تەقەلا دا کە شتێکی ئاشکرا باس بکەن دەربارەی کورد بەلاّم ئەوان هەر ملیان نەدەداو هەمووی دەهاتە*

*سەر ئەوەی کە پێویستە جارێ تورکەکان لەناودا نەمێنێت... مندوبی سامی لە چاوپێکەوتنێکدا ووتی:*

*شێخ مەحموود وا ئەم جارە دەتنێرینەوە بۆ کوردستان بەڵام دەبێ ڕێگەی ئەوە نەدەی بەزمەکەی ساڵی ١٩١٩ روو بداتەوەو وا ئەم جارە هەندێ ئەفسەری کوردیش لەوانەی لە بغدادن دەیاننێرین بۆ سلێمانی بۆ یارمەتیدانت و موستەشارێکیشت بۆ دادەنێین...*

*کە لە مندوبی سامیم پرسی دەسەڵاتی موستەشار چی دەبێ لە وەرامیا بۆم دەرکەوت بە قسەی ئەوەموستەشارە کە دەبوایە هەموو شتێک بێ و من تەنها سەیری دەمی ئەو بکەم منیش (شێخ مەحموود) بە پێکەنینەوە بە مندوبی سامیم ووت: جا باشە من بکەن بە موستەشارو ئەوەی دەتانەوێ بیکەن بە موستەشار ئەو بکەن بە حوکمدار».*

## قۆناغی سێهەم ـ هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٦٤)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا باسی هەڵوێستی ناوچەی سلێمانی دەکا لەو چەند ڕۆژانەی پێش ئەوەی شێخ مەحموود بگاتە سلێمانی ودەڵێ(٢):

*«یوزدمیر بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی گەیشتنی شێخ مەحموود بکا کە بگاتە سلێمانی دەستبەجێ نامەیەکی دوورو درێژی نارد بۆ شێخ قادری حفید (رئیسی مجلسی مـیللی) کە ئەو نامەیەی رۆژی ١٥/٩/ ساڵی ١٣٣٨ی رۆمی ناردبوو وە لێی نووسیبوو بۆ: وەکیلی سەرۆکی کوردستان. رفیق حلمی دەڵێ ئەو نامەیەی یوزدمیر لەژێر ژمارەی (١١٨)دا لە ناو دەفتەری دەس نووسی یوزدمیردا وەکو یاداشتێک نووسراوەتەوە کە ئەمە ترجمەی بەندی پێنجەمی ئەو نامەیە لە تورکییەوە:*

*«شێخ قادر... دەبێ باش بزانیت بستێک لەو خاکە نابێ لەژێر چنگی بێگانەدا*

*بمێنێتەوە، ئینجا بۆ ئەوە هاتوومە کوردستان کە ئەم راستییە لە برا خۆشەویستەکانی سەر بە ئێمەو هاوپەیمانەکانمان بگەیەنم بۆ ئەوەی کوردەکانی برای دین و دۆستی دێرینمان نەبن بە قوربانی سیاستی ئینگلیزە خائینەکان و بە هاندانی ئەوان کۆسپ و تەگەرە نەهێننە سەر رێگامان.*

*لەبەر ئەوەی سەرپاکی ویلایەتی موصل خراوەتە ناو میثاقی میللی تورکەوە، هێزێکي خائنی وا (مەبەستی ئینگلیز بووە) نابێ بتوانێت لەناو سنوورەکانی میللیی ئێمەدا فەرمان رەوایی بکا. تا ئیمڕۆ لەشکرە گەورەکانی تورک لە جبهەکانی تردا خەریکی لەشکرەکانی دوژمن بوون و نەیان دەپەرژایە سەر ئەم هەرێمە، بەڵام ئەوا بە یارمەتیی یەزدان جبهەکانی رۆژئاوا لە دوژمن پاک کرایەوە، لەبەر ئەوە لەم سەعاتەوە دەست دەکەین بە پاککردنەوەی ئەم هەرێمەو پشت بە خوا زۆری پێ ناچێ دوژمن و هەر خائنێک کە لە کوردستاندا هەیە هەمووی دەکرێتە دەرەوە».*

رفیق حلمی دەڵێ: بەندی حەوتەمی ئەو نامەیەی یوزدمیر کە پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە دەڵێ:

*«لە دوای برانەوەی شەڕی گەورە (موتارەکە) شێخ مەحموود لە بیرو بۆچوونی ئینگلیزە مەلعوونەکان و لە مەبەستیان گەیشتبوو بەرامبەر بە موسوڵمانەکان و بە هەموو هێزییەوە بەرامبەر سیاستي ئەو حکومەتە مەلعوونە، ئازایانە راست بووەوەو غەزای لەگەڵا کردن و ئەوەبوو لە ئەنجامدا بەدیل گیراو تووشی گەلێک دەردی سەری و سەغڵەتی بوو، بەڵام ناوی بەرزو بەرێزی لە عالەمي ئیسلامیدا جێگیر بوو، لەبەر ئەوە ئێمە لە رزگاربوونی شێخ مەحموود لە دیلێتی زۆر دڵشادین و پێمان خۆشە کە بگەڕێتەوە سلێمانی و ببێتە سەرۆکی حکومەتی ئەو ناوچەیە، بەڵام نابێ وا بزانیت کە بە خشندەی ئەو سەرکردایەتییە بریتییە لە ئینگلیزو نابێ ملی لە عاستیا بچەمێنێتەوە».*

یوزدمیر لە کۆتایی نامەکەیدا بۆ رئیسی مجلسی میللی دەڵێ:

*«باوەڕ ناکەین شێخ مەحموود بیەوێ ببێت بە سەرۆکێکی وا کە تەفرو توونای موسوڵمانەکانی لە دوو بێت و ببێتە هۆی بەدناوی بۆی، ئێوەش کە هەر لەو شەجەرە*

پیرۆزەن بە بیرمانا نایە بە دەسیسەی نەمرورد (نیاز مصطفی یامولکی بووە) وە هاوبیرەکانی تەفرە بخۆن و شوێن باوەڕی ئەو مەلعوونە بکەون.

ئینجا بۆ ئەوەی لەلایەکەوە کۆتایی بە دووبەرەکانی خەڵکی سلێمانی بهێنرێ و دوودڵی و دووزمانی لەناودا نەمێنێت و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بە ناوی حکومەتی ئێمەوە (تورک) هەڵسووڕاندنی کارو باری هەرێمی سلێمانی بخاتە ژێر حوکمی ئێوەوە، هەر جۆرە یارمەتی و پیشاندانێک پێویست بێ بە هەموو رەنگێک یارمەتیتان بدا لەژێر سەرکردایەتیی فوزی بەگی یوزباشی کوڕی مصطفی نوری پاشای موشیردا، ئەوا مەفرەزەیەک سەربازم نارده سلێمانی هیوادارم بە شیرینی بەرەوپیریان بچن بە گەیشتنیان بۆ لای ئێوە لە پیاوانی بە نامووس و بە کەڵک».

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ: یوزدمیر بەرلەوەی ئەو نامەیە بنێرێت بۆ شێخ قادر، نامەیەکی تری بە مێژووی ١٩٢٢/٩/١١ ناردبوو بۆ قۆماندانی جبهەکانی خۆرهەلات و الجزیرە کە لەو نامەیەدا نووسیبووی:

«بەپێی ئەو راپۆرتانەی ئیمڕۆ وەرم گرتووە وا دەردەکەوێ ئینگلیزەکان مەبەستیان لە چۆڵکردنی سلێمانی ئەوەیە أستقلالی کوردستان بلاو بکەنەوە لە شارەکانی هەڵەبجەو چم چماڵ و کرکوک و لە هەولێریش دەچنە دەرەوەو خەریکن هەر هێزو بارخانەیەک لەو هەرێمانەدا هەیە بەشێکی بگوێزنەوە بۆ (شرقاط) لە سەر کەناری رووباری دجلەو بەشەکەی تری بگوێزنەوە بۆ شاری موصل و لەوە ناچێ بەرەو شارەکانی دهۆک و عقرەو عمادیە بچن و وا دەردەکەوێ هەر ئەو جێگایانەیان بەدەستەوە بمێنێت کە دانیشتووەکانی عەرەبن و ئەوانی تر بخەنە سەر کوردستان».

بەرلە گەیشتنی شێخ مەحمورد بۆ سلێمانی بە نزیکی هەفتەیەک رۆژنامەی بانگی کوردستان لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٢/ایلول/١٩٢٢ ئەم هەواڵە بەم جۆرە بلاو کردۆتەوە:

«بنا بە أمری کە لە کفری یەوە لە طرف حضرت حکمدار کردستان شیخ محمود افندی یەوە هاتوە، بو بعضی مذاکرەء أیش و کار کردستان، شوی ٣ شەمبە ١٩/ایلول/١٩٢٢ جناب حاجی مصطفی پاشا، أحمد بگ توفیق بگ، محمد آغا

*عبد الرحمن آغا، عزت بگ وسمان پاشا، ابراهيم أفندى ظابط عسكرى به اوتوموبيل تشريفيان حركتيان كرد بو كفرى، دوعاى موفقيتيان أكين».*

*بانگى كردستان*

ئەدمۆنس لە كتێبەكەیدا دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە بغدادەوە بۆ سلێمانی دەڵێ(٤٥):

*«رۆژی ١٩٢٢/٩/٢٠ كە لە بغدادەوە بە شەمەندەفەر دەچووم بۆ كركوك شێخ مەحموودو مێجەر نویل (مێجەر نویل لە سەرەتای حوكمدارییەتی دووهەمدا دووبارە كرایەوە بە موستەشاری شێخ مەحموود لە سلێمانی) هەردووكیان لەو شەمەندەفەرەدا بوون و رۆژی دوایی (٢١/ایلول) گەیشتنە كنگربان».*

بەو پێیەی كە ئەدمۆنس باسی كردووە كە لە ٢٠/ایلولدا شێخ مەحموود بغدادی بەجێ هێشتووەو لەپێشتریشدا لەوە دواین كە شێخ مەحموود لە ١٢/ایلولدا گەیشتبووە بغداد كە لە كوێتەوە هاتبووەوە، بەپێی ئەوە تەنها لە ماوەی ١٢/ایلول هەتا ١٩/ایلول لە بغدادا ماوەتەوە.

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەكانیا دەربارەی ئەو رۆژانەی پێش گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی دەڵێ(٤):

*«كە ناوچەی رانیەو قەلاَدزەو دەربەندی رانیە گیراو ئینگلیزەكان چۆڵیان كرد، ئێمە (ئەحمەد تەقی وەكو ووتمان خۆی بەشداری ئەو شەڕانە بووە دژی ئینگلیز لەو ناوچانەدا) بۆ ئەوەی دەری ببڕین كە دژی بزووتنەوەی كورد نین و لەگەڵیاین، ئەو هێزەمان كە گەیشتبووە (قەمچۆغە) لە ناوچەی سورداش كێشامانەوە بۆ رانیەو من پێشنیازم كرد كە هەباسی مەحموود ئاغای پژدەری لەگەڵ بابكری سلیم ئاغادا ئاشت بێتەوەو هەموو پێكەوە بچنە خزمەت شێخ مەحموود بۆ بەخێرهاتنی.*

*بەو جۆرە ئەو دوو كۆنە دوژمنە پێكەوە چوونە خزمەت شێخ مەحموود (بێگومان بابكر ئاغا هەتا موافقەتی ئینگلیزی لەسەر ئەوە وەرنەگرتبێ نەچۆتە سلێمانی).*

*كە ساتێك هەباس ئاغا گەڕایەوە (كە دیارە ئەحمەد تەقی خۆی نەچووە)، پێی*

ووتم:

لە سلێمانی کاپتن (چیمن)م دی و پێم ووت: ئەو هەموو کارو رووداوانەی رابوردوو هەمووی بە هۆی کردەوە ناڕەواکانی مێجەر سۆن و حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیزەوە روویدابوو (لە شوێنێکی تریشدا ئەو گفت و گۆیەی هەباس ئاغاو چیمنم باس کردووە)، (چیمن)یش بە هەباس ئاغا دەڵێ: ئەوا هەموو شتێک بڕایەوە، ئیتر نۆرەی ئێوەیە کە دەبێ تورکەکان لە رواندز دەرکەن، هەباس ئاغاش لە وەراما پێی دەڵێ:

ئێمە لە کاتی خۆیدا لە ئەنجامی ناپیاوی و خراپەی ئێوەوە کە بەرامبەر بە شێخ مەحموود دەتان کرد ناچار بووین تورکەکانمان هێنایە ناو خۆمان، ئێستە چۆن بە خۆڕایی لایان بدەین؟ بەڵام ئەگەر کردەوەکانتان باش بکەن و بەڕاستی ئیدارەی کوردستان بدەنە دەست شێخ مەحموود ئەوسا تورکەکان دەردەکەین، بەڵام ئەگەر ئێوە ئەوانە نەکەن ناچار دەبین پەیوەندیمان لەگەڵ تورکەکانا بەهێزتر بکەین.

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لەسەریَ دەڕواو دەڵێ:

«چیمن و هەباس ئاغا لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە ئێمە رانیە بخەینە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموودەوە (کە تا ئەوسا هەر لەژێر دەسەڵاتی ئەو مەفرەزە تورکییەدا بووە کە ئەحمەد تەقیشی لەگەڵا بووە) بە مەرجێک ئینگلیزەکانیش دەسبەرداری کۆیە ببن بۆ ئەوەی ئەویش بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموودەوە.

بۆ ئەو مەبەستەی چیمن و هەباس ئاغا لەسەری رێککەوتبوون چاوم بە فوزی بەگی ئامر مەفرەزەی تورک کەوت و پێم ووت ئەوا شێخ مەحموود هاتۆتەوەو باش ئەوەیە قەزای رانیەو پژدەر بدرێتە دەس شێخ مەحموودو بۆ باری سیاسی و عسکریمان زۆر باشتر دەبێ ئەگەر مەفرەزەکەی رانیەو دەربەند بگوێزرێتەوە بۆ (بێتواتە)و قائمقام و هێزی شێخ مەحموود بێتە ناو رانیەوە چونکە باری مەفرەزەکەمان زۆر شڕو لاوازە.

فوزی بەگی قۆماندانی مەفرەزەکە ئەو پێشنیازەی بەدڵ بوو، چووە رواندزو بەبێ ئەوەی موافقتی یوزدمیر وەربگرێ بەو پێشنیازە رازی بوو بە مەرجێک یەکێک لەوانەی کە سەر بە ئێمە بوو بکرێ بە قائمقامی رانیەو بە مەرجێک شێخ

*مەحموودیش لەو کەسە رازی بێ.*

*بۆ ئەو مەبەستە سید عبد الله (نیازی لە سید عبد اللەی حاجی سید حسنی ئامۆزای شێخ مەحموود بووە) پێشنیاز کرا. وە پاش ماوەیەک سید عبد الله بە خۆی و دەستەو دایرەیەوەو بە ئاڵای کوردستانەوە گەیشتە رانیەو بە ناوی حوکمداری کوردستانەوە دەستی کرد بە بەرێوەبردنی کارو باری ناوچەکە کە چەند کوردێکی سەر بە ئینگلیزەکانیشی لەگەڵا هاتبوو».*

ئەوەی ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لێی دواوە دەربارەی مەرجی چۆڵکردنی کۆیە بەرامبەر بەوەی تورکەکانیش رانیە چۆڵ بکەن لە باسێکی تایبەتیدا کە لە دواییدا بۆ پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزم تەرخان کردووە، هەر وەکو نموونەیەک لە فرو فێڵ و گزی و دەسبڕینی ئینگلیز دووبارە باسی دەکەمەوە.

دەربارەی ئەو فوزی بەگی ئامر مەفرەزەیەی تورک کە ئەحمەد تەقی لێی دواوە لە لاپەڕە (٦)ی ژمارە (٩)ی رۆژی ٨/ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ی رۆژنامەی بانگی کوردستاندا هەواڵی کشانەوەی فوزی بەگی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە هەر بە ئیملاکەی خۆی بڵاوی دەکەینەوە:

*لشکر جناب (یوزدمیر پاشا)*

*أو چتەیە یا مفرزەیە کە بەناو حکومت تورکیاوە لە رواندزە، بنا بە تکلیفی لسر أختلافیکی مابین روسای عشیرت پشدر واقع بوبو لەگل پنجا شصت سواریکی عشیرت پشدری تا سورطاش (سورداش) هاتبون و بنابر نفاق و أختلافات قدیمە معلومەء لەگل یکتری أهل سلیمانی بو دعوت أو چتەیە زور کاغز نیررابوو کت و پر لە آو (زە ـ زێ) پریونەوە أوبر روو بە رواندز، قوماندان أو مفرزەیە یوزباش فوزی افندی بو کە أم جوانە چند سال لەوپیش لە معیّن مصطفی پاشادا بوە (صاحب أمتیاز ـ مەبستی صاحب امتیازی رۆژنامەکە بووە) کوریکی نازک و بە تربیە بو هرچند أم دفعەیە ملاقات نەبو فقط وکو تورکەکان دلێن:ـ أوغرلر أولسون».*

لە هەمان لاپەڕەی ئەو رۆژنامـەیەدا باسی بۆردومانی کۆیەی تیادایە بە فڕۆکـەکانی ئینگلیز کە ئەو هەواڵە هەر وەکو خۆی چۆن نووسراوە بڵاوی دەکەینەوە:

*کویسنجاق*

*لە أفواه خاص و عـامدا وا دوران أکا کە حکومتی انگلیس کویسنجاقی بە طیارە بوردومـان کردوە زور بە شدت و لە نفوسیشـدا تلغیات بوە لسـر أمە أهالی مجبـور بون أوچند نفـرەی ترک کـە خویان دعـوتیـان کـردبون جوابیـان داوە (یەعنی دەریان کردن). خدا همـو کردستـان مـحافظە بکا، لە سایەء دور أندیشی و مرحمت حضرت أشرف حکمـدار لەم روژانەدا سورداش و دوکـان و سائر ملحقات سلیمـانیە لە أو نوعە بلایە محفوظ بون».*

لـە لاپەڕە (٤)ی ژمـارە (١٠)ی رۆژی ١٥/تشـرینی یەکـەم/١٩٢٢ی رۆژنامــەی بانگی کوردسـتـاندا باسی بۆردومـانکردنی نـاوچەی (شێخ بزینی) کـردووە لەلایەن فڕۆکەی بریتانیاوەو دەڵێ:

*«ئەهلی شێخ بزینی بۆ شکات هاتنە سلێمانی بۆ خزمت حضرت حکمدار».*

لە ژمـارە (١١)ی هەمـان رۆژنامــەدا لـە لاپەڕە (٣)یدا کـە رۆژی ٢٠/تشـرینی یەکەمی ١٩٢٢ دەرچووە دووبارە باسی بۆردومانی دێهـاتی شێخ بزینی دەکا کە (٥) گـوند بەتەواوی بۆردومــان کـرابوو وە (٣٠٠) سـوار لە کـرکـوکـەوە هاتبـوون (کـە بێگومـان ئینگلیـز ناردبوونی)و ئەو دێهاتانەیان سووتاندو جگە لەوە توفـیق ئاغـای رئیـسی بزینی کـە لەو رۆژانەدا لە سلێمـانی بووە بـاسی ئەوەی کردووە کـە سەرەڕای ئەو تاوانە عشـیـرەتی (شوان)یش چوونە سەریان و (٤٥٠) سـەر مـەڕو چەند رەشـە وولاغێکیان تالاَن کردووەو رۆژنامەکە دەڵێ:

«ئا لەم حـاڵە پەرێشـانیـیـەدا کـورد رەحـمی بە کـورد نەکـردووە مـەگـەر خوا خـۆی أصلاحمان بکا».

کـە شێخ مـەحـموود لە کـوێتـەوە چووە بغداد، لەو رۆژانەدا باسی گەڕانەوەی شێخ مـەحـموود بە سلێمـانیـدا بڵاوبووبووەوە، ئەو جل خـوارانەي سـەر بـە تورک بوون کـەوتبـوونە جـڕت و فـرت و تـورکـچـێتی و لەژێر پەردەی ئاینی ئیـسـلامـدا بڵاویان

دەکردەوە کە شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێک نابێ لە دەوڵەتی ئیسلامی جیا ببێتەوە.

لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی ڕۆژی ٨/تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا لە لاپەڕە (١)دا باسێکی دوورو درێژی تیایە دەربارەی هەڵوێستی ئەو تورکخوایانەی کە نەیانویستووە ئارام و ئاسایش بەرپابێت و کەوتبوونە پڕۆپاگاندەو کۆمەڵێکی نهێنی لەو ڕۆژانەدا پەیدا بوویوو، ئەو بەیداغی کوردییانەی هەڵواسرابوون هەڵدەگیران و لە شوێنی ئەوە بەیداغێکی تایبەتی هەڵدەواسرا (کە بێگومان بەیداغی تورکی ئیسلام بووە) وە ئەو کۆمەڵە بە ناو خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە کە هێزی تورک لە دوکان پەڕیوەتەوەو گەیشتۆتە سورداش و تاقمێکی تر دەمێکە خەریکی فرو فێڵن بۆ پێشوازی کردن لە (یوزدمیر) وە دەڵێن لیستەیەکیش ئامادە کراوە کە ناوی زۆر کەسی تیایە بۆ ئەوەی بکوژرێن و ماڵیان تالآن بکرێ، بەلأم بە هۆی سوارەکانی شێخ مصطفى ئەفەندی و شێخ عبد القادری سەنگاو (نیاز لە شێخ قادری گۆپ تەپە بووە کە بە گوللەنەبڕ ناسرابوو)و شێخ عبد الکريم زادە شێخ محمد أفندی و شێخ عبد الرحمن داراغا ئاسایش بەرپا کرا.

لە هەمان ڕۆژنامەدا لەسەر ئەو باسە دەڕواو دەڵێ (ئەمە کورتەکەیەتی):

*«لەسەر داخوازیی حضرت حوکمدار، شیخ قادر افندی و مصطفى پاشا یامولکی و عزت بەگی وەسمان پاشاو حماغای عبد الرحمن ئاغاو ئەحمەد بەگي توفیق بەگ بۆ ملاقات لە ریگای چم چمال و کرکوکەوە چوبون بو صلاحیە (کفری) وە لەبەر ئەوەی روژی گەڕانەوەی شیخ محمود بۆ سلێمانی نەدەزانراو جگە لەوە ئەو چەند کەسەی چوبون بەپیریەوە چەند روژیک هەوالْ و دەنگ و باسیان دواکەوت، ئەو کۆمەڵە نەهێنیە ئەوەیان بە هەل زانی و پروپاگاندەیان بلأوکردەوە کە ئەوانەی چوبون بۆ کفری هەموو گیراون و نێرراون بو بغداد.*

*ئەندامانی ئەو کۆمەڵە کە سەر بە تورک بون، لە ناو بازاردا چەند کاغەزیکیان بلاو کردبوەوە کە بە ناوی قوماندانی تورکەوە نوسرابوو داوایان لە خەلک کردبوو کە هیچ ترسیان نەبیت و هەموو ئیسلامن و تورکیش ئیسلامە لەبەر ئەوە پێشوازی لەو سەرکردە ئیسلامە بکەن کە دەگاتە سلیمانی».*

لە لاپەڕە (٢)ی هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستاندا دەڵێ:

*«ئەو قۆماندانەی تورک نامەیەکی بو عباسی محمود آغای پژدەری نوسیبو کە وتبوی:*

*ئەگەر ئەهالی سلیمانی أحترامی أستقبالی عسکری تورکیان قبول نەکرد بە هۆی هێزی پژدەرەوە دەسەڵاتی حکومەتی تورک پیشان بدەن، وە ئەگەر بتوانیت حاجی مصطفی پاشاو هاوریکانی دەردەست بکەی روتبەی پادشاییت لە مەجلیسی میللی ئەنقەرەوە بۆ وەرئەگرم... وە لە کاغزیکدا کە یوزدمیر بۆ قومانداني مەفرەزەکەی تورکی نوسیبو (کە وەکو لە پێشتردا باسمان کرد ناوی فوزی بەگ بووە) لە دوکان وە داوای لیێ کردبوو کە گەیشتە ناو شاری سلیمانی اعلانی عورفی بکا.*

*بەلام باشبوو روژی ٢٥/ی ایلول عزت بگ و حماغای عبد الرحمن ئاغاو احمد بەگی توفیق بەگ کە چوبون بو صلاحیە هەمویان گەڕانەوە بۆ سلیمانی کە لەگەل ئەوانەدا هەندی ئومەراو ئەفسەرانی کورد کە لە بغداد بون ئەوانیش بە ئەمری حوکمدار تەشریفیان هێنا بۆ سلیمانی (مەبەست لە توفیق وەهبی و عزت ملفعی و ئەمین واندزی بووە کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین) وە ئەوانە خبریان دا کە حضرتی حوکمدار بە سواری ئەسپ لە ریگای قادرکرەمەوە تشریف دەهێنێت بۆ (داریکەلی).*

*بە بلاوبوونەوەی ئەو هەواڵە پروپاگــاندەی ئەو جل خــوارانە هەمــووی پووچەڵ کراوەتەوەو ئەوانەی ئەو پروپاگاندانەشیان بلاودەکردەوە دوستایەتی خویان پشان داو چون بۆ بەخێرهاتنەوەی ئەوانەی چوبون بۆ پێشـوازی کـردن لە شێخ محمود کە گەیشتبوە کفری».*

دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود شێخ بابا علی کوڕی بیرەوەری خۆی دەربارەی ئەو رۆژانەی بەم جۆرە بۆ باس کردم:

*«کە باوکم لە بغدادەوە بەرەو سلێمانی کەوتە رێ، لە کنگربان خەڵکێکی زۆری پیادەو سوارە چوون بەپیریەوە کە دیار بوو ئینگلیزەکان ئەو پێشـوازییە زۆرو گەرمەیان پێ ناخۆش بوو.*

*من لەگەڵ شێخ رؤفی کاکمداو لەگەڵ شێخ لطیفی برام و سید احمدی مەرەخەس بە سواری چووین بەپیر باوکمانەوە لە کنگربان بە حسابی ئەوەی لەوسەرەوە باوکم بە ئوتومبیل لە رێگەی کرکوکەوە بچێتە سلێمانی، بەڵام دیار بوو باوکم ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە هیچ دوور نییە ئینگلیزەکان لە رقی ئەو پێشوازییە گەرمەی کە بە هەزاران بە سواری و بەپیادە چووبوون بەپیریەوە لە کرکوک گلی بدەنەوەو نەیەڵن بچێتەوە بۆ سلێمانی، لەبەر ئەوە باوکم بڕیاری دا لە رێگای کرکوکەوە نەچێتەوە بۆ سلێمانی بەڵکو لە رێگای شاخی (سەگرمە)ەوە بە سواری بڕواتەوەو ئێمەشی راسپارد بە ئوتومبیل کە گەڕاینەوە لە کرکوک بچینە ماڵی ناظم بەگ نفطچی (ناظم بەگ نفطچی لە دواییدا لە ترسی ئینگلیزەکان لە کرکوک رای کردو چووبووە تورکیاو لە دواییشدا لەگەڵ نوێنەری تورکەکان لەگەڵ لیژنەی تحقیقی عصبە الامما هاتبووە کرکوک)، هۆی ئەو دڵنیاییەی باوکم لە ناظم بەگ ئەوە بوو لە وەختی خۆیدا کە شەڕی دەربەندی بازیان کراو باوکم درا بە محکمە ئەو ناظم بەگە لە محکمەدا لەسەر باوکمی کردەوە بەپێچەوانەی (یعقوبی)یەکان کە دژی باوکم راوەستان و شایەتییان دژی باوکم دا».*

ئەوەی بابا علی باسی کردووە دەربارەی یعقوبییەکان، لە کاتی خۆیدا ئینگلیزەکان مجید یعقوبییان کردبوو بە سەرۆکی شارەوانی کرکوک و لە کۆتایی ساڵانی سیەکانا کرا بە متصرفی سلێمانی کە لە سلێمانیشدا وازی لە دژایەتیی بنەماڵەی شێخ مەحموود نەهێناو لەبیرم دێ مجید شانشینی کە دژی یعقوبییەکان بوو سەر بە شێخ مەحموود بوو لە خەستەخانەدا بە هۆی دوکتۆر پوڵ مالک بە دەسیسەی مجید یعقوبی لە سلێمانی شرینقەی مردنی لێ دراو مرد).

دەربارەی هاتنەوەی شێخ مەحموودو گەیشتنی بۆ سلێمانی و پێشوازی کردنی دوو سەرچاوەمان لەبەر دەستایە.

یەکەمیان رۆژنامەی (بانگی کوردستان)ە کە زمانی حالی مەجلیسی میللی بووەو ئاگاداری هەموو شتێک بووە، سەرچاوەی دووهەم یاداشتەکانی ماموستا رفیق حلمییە کە هەنگاو بە هەنگاو ئاگاداری شێخ مەحموود بووەو تا رادەیەک وەکو کورتە

فلیمێک باسی ئەو پێشوازییەی کردووە بێجگە لەوانیش ئەحمەد خواجاش لە یاداشتەکانیا دووبارە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموودی کردووە.

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (٩)ی ڕۆژی ٨/ ١٠/ ١٩٢٢دا هەواڵی گەیشتن و پێشوازی کردنی لە شێخ مەحموود بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە:

*«ڕوژ شمبە، ٣٠/ایلول/١٣٣٨ رومی ١٩٢٢م صبحینی پاش هتاو کوتن شیخ لە (داریکلی)یەوە حرکتي فرمو، نیوەڕۆ سعات ٦,٥ (سەعاتي عەرەبی) بالیمن و الاجلال بە أستقبال و أحترامیکی فائقەوە داخلي سلیمانی بوو».*

لە لاپەڕە (٣)ی هەمان ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا چۆنیەتیی پێشوازی کردنی بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە:

*«بۆ پیشوازی کردن لە حضرتی حوکمدار لەناو شاردا بە أمری جنابی رئیسی میللی شیخ عبد القادر افندی ترتیبات کرا کە چند (طاقیکی ظفر) دروست بکرێ، یەکیک لە بەردەمی مالی حضرتی حوکمدارو یکیک لەبەر دەرگای تلگرافخانەو یەکیک لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورەو چوارەم لسەر جادەی (وەیس). ئەو طاقانە بە گوڵ و ریحانەو گەلێ شتی جوان رازایەوەو هەمویان بەیداغی شیرینی کوردستانیان پیادا هەلکرابوو.*

*رۆژی ٣٠/ایلول کە هەواڵی هاتنی حضرتی حوکمدار لە (داریکەلی)یەوە گەیشت لەم بەرو ئەو بەری ئەو چوار طاقە، عسکری پیادەو شاگردانی مکتب کە شاگردەکان هەریەکەیان بیداغیکی کوردستانیان بەدەستەوە بو، هەمویان بەڕیز وەستابوون، هەموو بازارو دوکان داخرا، أهالی مملکت و عەشایر بە سواری و بە پیادە هەتا دوو سەعات رێگە کومەڵ لسەر رێگا وەستابون.*

*سەعات شەش و نیو حضرتی حوکمدار گەیشتە شارو طۆپی بۆ ئاگر درا وە لەلایەن سەربازو شاگردانەوە پێشوازی لێ کراو سرودی میللی یان ووت و لە سەریانەوە ژنان و منداڵان گوڵبارانی حوکمداریان ئەکرد.*

*لە دوایيدا گەیشتە دەوڵەتخانەو لە پاش (١٠) دقیقە اسراحەت هەمو سادات و*

علماو أشراف و أهالى و مأمورين هەڵسانه سەر پێ و حضرت حوكمدار بەرامبەریان وەستاو سلاوی لێ كردن و لەو كاتەدا جنابی خطیب خطبەیەكی خویندەوەو داوای سەركەوتنی حوكمداری كرد. حضرتی حوكمداریش بۆ خەلكەكەی روون كردەوە كە بو سەركەوتنی كوردو كوردستان تێدەكۆشێت و دوای ئەوە خەلكێكی زۆر چوونە زیارەتی شێخ كە هەتا سەعات (٩)ی رۆژ (عرەبی) دەوامی كردو نزیكی هەزار سوار لە صلاحیەوە (كفری) لە خزمەت حوكمداردا هاتبون شوینی أسراحەتیان بو ئامادە كرا».

لە رۆژنامەكەدا ناوی ئەوانەی هێناوە كە لە صلاحیەو گەرمیانەوە لە خزمەت شێخدا هاتبوون كە ئەمانە بوون:

رئیسی عەشیرەتی جباری سید محمد، رئیسی عەشیرەتی داودە رفعت بەگ و عزیز ئاغای عباس آغاو علی آغا، رئیسی عەشیرەتی زەنگنە علی آغا حسن آغاو غفور آغا جاسم آغاو حماغای كریم آغا وە لە عەشیرەتی (بەیات) سلیمان بەگ و فارس بەگ و محمد حسون بەگ و لە عەشیرەتی هموند أمین رشید آغاو عزیز خسرو آغاو یونس آغای مەحمود خدرو جوهر آغای برای، وە لە شیخانی قرە حسن شیخ قادرو شیخ رضاو سید علی و شیخ أمین و شیخ نجیب و سید خلیل، وە لە رؤوسای عەشایری پژدەر جنابی عباس مەحمود آغاو حسن آغای مدیری (قامیش)و محمد ئاغای علی آغاو رۆژی دوایی شیخ محمدو شیخ صالح كوڕانی مرحوم شیخ سعید افندی گۆپ تەپە هاتنە زیارەتی شێخ».

رۆژنامەكە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«كە جنابی حوكمدار لە بغداد بو لەگل حضرت ملك عراق و جناب مندوبی سامی ملاقاتیان بووەو زور رێز لە حوكمدارگیراوەو هەندی ئەفسەری كورد لەسەر داخوازیی خویان بۆ ئەوەی لە كوردستاندا كار بكەن لە خزمەت حوكمداردا هاتبونە صلاحیەو گەیشتنە سلیمانی.

حاكمی پیشووی ألبجە (هەڵەبجە) لەگل جنابی میجر نویل كە زوربەی عشایری كوردان دەیناسن خوشی دوستی كوردەو بە شیوەی (نمایندگی) یەعنی واسطەی

*مخابره له بەینی حکومتی کوردستان و حکومتی انگلیز لسر داخوازیی حوکمدار رەفـاقـەتی کـردوه (یەعنی هاتووه) ئەم زاتە لەگـەڵ حکومـتی کـوردسـتـانـدا هیچ مداخلەیەکی نیەو عـادتا وەکـو قـونسـۆلـیکی أجنبـیه هەتا نتـیـجەی مذاکرات تەواو ئەبیت وەکو میوانیک ئەمێنێتەوەو ئومید ئەکەین له بەینی انگلترەو عرەب و کورددا توافقیکی چاک حاصل ببێت. له بگزادەکانی جاف کریم فتاح بەگ و حامد بەگ و أحمد مـوختـار چوونە صـلاحـیەو زیارەتـی شیـخـیـان لەویٚ کـردبوو و سـوپاس بۆ میوانداریی سید محسن آغاو بابان زاده جمیل بەگ و سید عمرو سید قـادر آغاو حاجی رشید آغا کە له صلاحیه میوانداری شیخیان کردوه».*

رۆژنامەکە دەربارەی قۆناغەکانی گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی دەڵێ:

*«حضرتی حوکمدار لەگەڵ أتباع و رؤساى عشایری مستقبلە کە لە صلاحیەوە حرکتی فرمو أوەڵ شەو لەناو (داودە) لە دیی عزیز آغای عباس آغا، شەوی دوهەم لە قـادرکرەم لە مـالی جنابی رشادتمآب شیخ عبـد الکریم افندی دا بوەو شـەوی سێ هەم لە (مەملەحە)و شەوی چوارەم لە (داریکەلی) لە دەولەتخانـەی خویا أسراحتـیان فەرموو».*

رفیق حلمی له لاپەڕە (١٠٠)ی بەشی پێنجەمی یاداشتـەکانیا کـه خۆی بە چاوی خۆی له رۆژی پێشوازی کردن و گەیشتنی شێخ مەحموودا بۆ سلێمانی ئامادە بووەو بەشداریی ئەو پێشوازییەی کردووە باسێکی ئێجگار جوان و دڵگیری تۆمار کردووە کە لەڕاستیدا دەڵێی بە فلیمێکی سینەما ئەو دیمەنی پێشوازییەی تۆمار کردووە، وا ئێمەش وەکو ئەو چۆنی باس کردووە پێشکەشی دەکەین:

*«کـه شێخ مـەحـموود لە بغدادەوە بڕیاری دا بیـتـەوە سلیـمـانی، لە هەمـو لایەکی کوردستانەوە خەڵک بە پیادەو سوارە ڕیگەیان گرتە بەرو روەو بغداد چوون.*

*هەبوو هەتا کفری و هەندیک تا بغداد رۆیشت، نزیکی (٢٠) هەزار سواری کورد رژابوونە ئەو دەشتە، لە ٣٠/ایلولی/١٩٢٢دا شیخ گەیشتە سلیمانی».*

رفیق حلمی دەڵێ:

*بەداخەوە ئەوسا فلیمی سینەما نەبوو، وێنەگرتنیش نەبوو وە ئەگەر هەبوایە جوانترین*

فلیمی سینەمای گەڕانەوەی شیخ مەحمودمان لەبەر دەسدا ئەبوو، کە شیخ گەیشتە ناو شار گریانی خۆشی و هەلهەلەی ژنانی مێخەک بەند لە مل و هەیاسە لە پشت و گوڵ باران و قـریوەی کـچـۆڵە خنجیـلانەو ئێسک سووکـەکان بە پەنجـەی خەناوی و فـرمیسکی شادی بە چاودا ئەهاتە خواریٚ، بە کورتـی سلیمانی بوبوو بە مەحشەر، هەزاران پیـاوو ژن، چەپڵەڕێزان و دەنگی هەربژیی هەزاران قـوتابیی کـورو کچ بە بەرگی (نەوروزی کوردەوە) گورانی نیشتمانی و نەشیدی بەخێرهاتنیان ئەخوێندەوە. چریکەی شێرانەی ئەفسەرە کوردەکان و سیرەی هەلکێشانی شیرە بریقەدارەکانیان و شەق شەقی (تفەنگ لەسەرشان)ی عـەسکەر، قرەی ئوتومبیل، تەق و هووڕی شیلکی دەمانـچە، هارەی دەسـرێژی سوارەی عـەشایر لەگـەڵ ناڵەو گـرمەی تۆپ گـویچکەی انسانیان کەڕ ئەکرد و لە هۆش خۆی ئەبرد.

ئەم قارەمانی کوردە بە چەفتەو عەگالی «سورمەوە (دیارە هەر لە کوێتیشـدا وەکو بەرگی ئاوارە هەر ئەوەی لەبەردا بووە) وەکـو ئەمیـریکی عـرەب لە ئەسپەکـەی هاتە خوارەوەو خەلک لە خۆشی و شادیدا لە هۆش خویان چوبون، بەلام ئەفسەریکی کورد عـەسکەرەکان و مامـوستـایەکی نیشتـمان پەروەر قـوتابیەکانی بۆ سلاْوی حوکـمدار هوشیار کردەوە، لەشکری تازە ریکخراوی کوردو قوتابیان لە سلاْو راوەستان، أنجا دوو بارە چەپڵە ریزانیکی دوورو درێژو گـوڵبارانیکی ئیجگار بەدڵسوزی دەستی پیٚ کردەوە، ئەمانە هەموی تیکەڵ بە ئاوازی شیرینی دەستەی گورانیی قوتابیەکان بوو.

بەپێی پروگرامیک جیگا ئامادە کرابوو، حوکمدارو میجر نویل ماوەیەک حەسانەوە لە حەوشی ئەو خانوەدا کە بۆ حوکمدار ریک خرابوو (ئەو خانووە خانووی مرزا فرجی حـاجی شـریف بووە)، قـوتابیـەکـانی مکتب ریزیان بەست، خـەلکی شـار گـەورە و بچووک، خویندەوارو زانـاکان، خاوەن منصبەکـان، زابتەکان، دەستـەی تجارو کاسب و سەروکی عەشیرەتەکان لە پشت ریزە قوتابیەکانەوە جیگەی خویان کردەوە.

لەو کاتەدا لـە ناو ئەو قـەڵەبالغـەدا خوتبـەیەکم (رفـیق حلمی) خویندەوە کـە سەر زەنشی ئینگلیـزم کـرد کـە لە دەوری حـوکـمداریی یەکـەمدا چەند هەڵەیان کـردبوو بەرامبەر بە شێخ مەحمود وە داوام کرد کە ئومیدەوارین ئەوە دووبارە نەبێتەوە.

رفیق حلمی دەڵێ:

*نویل بەوە گرژبوو، بەڵام دیار بوو شیخ مەحمود ئەوەی پێ خوشبوو.*

*لەدوای ئەوە چوونە ژوورەوەو خەڵکەکە هەر کەسە بەپێی ناوو نیشانی خۆی هەریەکەیانم تقدیمی حوکمدار ئەکرد (رفیق حلمی لەو روژەدا کراوە بە تەشریفاتی)، هەندیکیان دەستیان ئەگوشی وە هەندیکیان دەستیان ماچ ئەکرد، لەو رۆژانەدا بۆ یادگاری گەڕانەوەی شیخ مەحمود گوڵ دروست کرابوو بۆ بەرۆک لەوانە توفیق وەهبی دوانی ئامادە کردبوو من یەکیکیانم کرد بە بەرۆکی شیخ مەحموداو ئەوی ترم کرد بە بەرۆکی میجر نویلدا بەڵام نویل سوپاسی نەکردم و بە روویەکی گرژەوە سەیری کردم.*

*رەسمی تەشریفات زوری کێشاو ئەو روژە هەتا ئیوارەیەکی درەنگ میجر نویل لە نزیک دەرگای ژوورەکە لەسەر کورسی یەکی رەق هەڵتووتابوو، لە هەستان و دانیشتنەوە بەولاوە شتیکی تری پێ نەبرا».*

لەدوای باسی ئەم هەموو پێشوازی کردنە بەم رق و قینەی ناودڵی میجەر ئەدمۆنس کۆتایی پێ دەهێنین کە لە کتێبەکەیدا کە باسی ئەو رۆژەی بەم جۆرە کردووە (٤٥):

*«ئەو ئاواتە گەرم و گورە زۆرانەی سەر گەرمەکانی سلیمانی لە ناو خەڵکی دراوسێکانی سلیمانیدا بوو بە هۆی جۆش و کوڵ و هەندێ لە عەشایرەکان هەتاکو ئەو کاتە بیریان لەوە نەکردبووەوە کە سەر بۆ هیچ حکومەتیکی عەرەبی دانەوێنن و نە بۆ ئەو حکومەتە کوردیەش کە لە سلیمانیدا هەبوو، وە هەندیکیشیان دوو دڵ بوون لەوەی أخلاصي خویان دەربڕن بۆ شیخ مەحمود وە یا قبوڵی دەوڵەتیکی کوردستان بکەن لە سلیمانیدا. زوریان جۆرە ئیدارەیەکی ناوخۆییان پەسەند ئەکرد بە چاودیری و سەرپەرشتی حکومتی بریتانیا».*

لەڕاستیدا ئەوەی ئەدمۆندس لە کتێبەکەیدا باسی کردووە بریتی بووە لە دەربڕنی هەستی مێشک و دەروونی خۆی و بریتی بووە لە کاکڵەو ناوەڕۆکی سیاستی حکومەتەکەی بەرامبەر بە شێخ مەحموودو بەرامبەر بە کورد کە بە هیچ جۆرێک

نەیانویستووە بە شێوەیەکی رەسمی دان بە حکومەتەکەی شێخ مەحموودا بنێن و هەر لەسەرەتاوە نەخشەی ئەوەیان کێشابوو کە ئەگەر شێخ مەحموود ئەو مەبەستەی کە ئینگلیز بۆیان دانابوو نەیهێنێتە دی کە بە خێرایی تورکەکانیان لە رواندز بۆ دەربکا بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی رەسمی دان بە مافی کوردا بنێن، دەم و دەست ئیتر لە نەخشەیانا وابوو کە عەشایرە کوردەکانی لێ هەڵگێڕنەوەو لەڕاستیدا زۆری پێ نەچوو بەسەر گەڕانەوەی شێخ مەحموودا کە ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە کنەکردن و بە مووچەو خەڵات و بەرات و بە هەڕەشە عەشایرەکانیان لە شێخ مەحموود دوورخستەوەو ناچاریان کرد کە تەقەلای ئەوە بدا پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا بکاو لەسەرە نجامیشدا ناچار بوو روو بە روویان بێتەوە وەکو لە باسەکانی داهاتوودا لێی دەدوێین.

★★★★★

## بەشی شەشەم

# دەزگاکانی حوکمدارییەتی دووهەمی شێخ مەحموودو کارو باریان

کە شێخ مەحموود هاتەوە بۆ سلێمانی، ئیتر کارو باری مەجلیسی میللی وەستا، شێخ مەحموود وەکو سەردارو سەرۆکێکی کورد لە ناوچەی دەسەڵاتیا دەستی کرد بە دامەزراندنی دام و دەزگا پێویستەکان بۆ ئەوەی کارو باری دەوڵەتەکەی لە رێگای ئەو دەزگایانەوە ببا بەرێوە.

بۆ ئەوەی باسی دەزگاکانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود بە جیا بکەین دەتوانین بیانکەین بەم بەشانەی خوارەوە:

١. دەزگاکانی بەرێوەبردنی کارو باری دەوڵەت (ئیداری)

٢. دەزگای رۆشنبیری و رۆژنامەکان

٣.قوتابخانەکان

٤.هێزی سوپا.

## یەکەم: دامەزراندنی دەزگاکانی کارو باری بەڕێوەبردن (ئیداری)

رفیق حلمی لە لاپەڕە (١٠٦)ی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا دەربارەی کارو باری دەوڵەتەکەی شێخ مەحموودو دامەزراندنی ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی کارو بارەوە بووە دەڵێ:

*«لەدوای ئەوەی مەراسیمی زیارەت تەواو بوو، شیخ مەحمود وەکو ئومید ئەکرا نەجوولایەوەو دەستی بۆ شتێک نەبردو چوە (خەڵوەت)ەوەو ماوەی (١٠) روژ خوی لە کەس نەگەیاند.*

*من بەتەمابوم لەدوای تەواوبوونی مەراسیم لیێ ی دوور بکەومەوە بەلام حوکمدار نەی هێشت و ئەمری پێ کردم لەلای بمێنمەوە. بە روژ، بەتایبەتی دوای نیوەڕۆ کە کەسی غەیرە نەئەما ئەچوومە ژووری تایبەتی ی خوی و گفت و گوم لەگەلا ئەکرد، بەلام بەتەواوی لە مەبەستی ئەو خەلوەتەی تێ نەگەیشتم، بێ ئوقرەو کەم باوەڕم ئەهاتە بەرچاوو لەسەر قەرارێک نەدەوەستا، شتی زوری لە دلا بوو بەلام نەی ئەزانی لە کوێوە دەس پێ بکاو چۆنی دەربخا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چۆنیک بوو لە ژێر ناوی (هەیئەتی رؤسا)دا (قابینە) - وەزارەتێ دانراو ناوی رئیسەکان لە ژمارە (١٠)ی روژنامەی بانگ کوردستاندا بەم جۆرە بلاوکرایەوە:*

| | |
|---|---|
| ١. رئیس الرؤساء | شیخ قادری حفید |
| ٢. رئیسی داخلیە | شیخ محمد غریب |
| ٣. رئیسی مالیە | عبد الکریم عەلەکە |
| ٤. رئیسی معارف | مصطفی پاشا |
| ٥. رئیسی محاکم و شرع (عدلیە) | حاجی ملا سعید کرکوکلی زادە |
| ٦. رئیسی نافعە | محمد آغای عبد الرحمن آغا |

رفیق حلمی دەڵێ:

*سید ئەحمەدی بەرزنجی هەرچەند عنوانەکەی (رئیسی أمنیەتی عمومی)ی پێ درابوو بەلام لە هەیئەتی رەئیسەکان نەدەژمیررا چونکە رئیسی داخلیە بە مەعنای وزیر ئەهات کە (مرجع)ی ئەمنیەتی عمومی بوو لەبەر ئەوە راست ترەکەی ئەوە بوو (مدیری ئەمنیەت)ی ناوبنرێ، بەلاّم ئەحمەد بەگی فتاح بەگ کە رئیسی گومرگ بوو لەگەڵ بوونی وەزیری مالیەشدا خوی بە وەزیر دائەناو لەگەڵ هەیئەتی رەئیسەکانا دائەنیشت و کۆدەبووەوە کە ئەمەش هەڵەی ئەوی تیادا نەبوو بەلکو وێنەی حکومەتەکە بەو جۆرە کێشرابوو.*

*شیخ قادری حفید جگە لە ریاسەتی هەیئەت، منصبی (سپهسالار)یشی هەبو کە بە مانای (قائد عام) ئەهات.*

*هەرچی صدیق پاشا بوو کرابو بە مفتش عمومی حکومتی کوردستان.*

رفیق حلمی دەربارەی صدیق پاشا (صدیق القادری) دەڵێ:

*صدیق پاشا خەلکی سلیمانی وە یا وەکو خوی ئەڵێ خەلکی گوندی (مۆرتکە)یە لە (بازیان)، لە زەمانی عوسمانیدا ئەفسەر بوو لە شەری یەکەمی جیهانیدا بە خۆی و تابوورەکەیەوە بەدیل گیراو نێررا بۆ روسیە لەوێ کە شورشی ئوکتوبەر روویدا قەیسەری رووس کە لەشکرەکەی پی ی ئەوترا (روسی سپی) شکا بەرامبەر بە بولشەویکەکان و صدیق القادری کە لە ناو سوپای لەشکری قەیسەردا بوو مایەوە تا گەیشتبوە پایەی (جنرال)و دوای شکاندنی قەیسەر گەرایەوە بو بغدادو بە هۆی ئەوەی کە زمانی روسی فێر بوبو انگلیزەکان لە خویان نزیک کردەوە.*

*کە شیخ مەحمود لە هندستانەوە هاتەوە انگلیزەکان متمانەیان بە صدیق القادری ئەکردوناردیانە سلیمانی و لە حکومتی کوردستاندا بوو بە مفتشی عام و ماوەیەکی کەم لەو أیشەدا مایەوە. صدیق القادری لە سەرەتاوە بەتاّمای ئەوە بوو حکومتی کوردستان لە ژێر چاودێری ئەوا بڕوا بەرێوە».*

هەرچەند رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا باسی هۆی لابردنی صدیق القادری نەکردووە بەلاّم دوور نییە هۆی ئەوە دوو شت بووبێ:

١ـ بوونی شێخ قادری حفید بە سوپاسالار بێجگە لەوەی کە (رئیس الرؤساء)ش بووە کە سەرۆکی وەزیرانی گرتۆتەوە شتێک بووە بەدڵی صدیق القادری نەبووەو لەگەڵ ئەو هیواو ئاواتەدا یەکی نەگرتۆتەوە کە بۆی هاتبوو.

٢ـ گەڕانەوەی صالح زەکی صاحبقران و کردنی بە قۆماندانی عسکری کوردستان وەکو لە ژمارە (٣)ی رۆژنامەی رۆژی کوردستان ٦/کانونی یەکەمی/١٩٢٢دا بلاّو کراوەتەوە ئەمەش یەکێک بووە لەوانەی کە صدیق القادری ئەو کارەی بەدڵ نەبووەو لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەی رۆژ کوردستانی ٣٠/کانونی یەکەمدا تەنها بە تاقە دوو دێڕ هەواڵی لابردنی صدیق القادری بلاّو کراوەتەوە بەم جۆرە (کە هەر وەکو چۆن نووسراوە بلاّوی دەکەینەوە):

*«لبر أوە کە فضلەو بێ لزم بوو وظیفە مفتشی عمومیەتی لغو کراوە».*

رفیق حلمی لە لاپەڕە (١٠٩)ی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«دوای ئەوەی حوکمدار چەند رۆژێک خۆی لە خەڵک دووخستەوە، لەپڕ یکا لە خەڵوەت هاتە دەرەوەو دەستی کرد بە تماشاکردنی کارو باری حکومەتە تازەکەی کە سەرەتای ئەوە لە فەرمانی (أرادە)ی ژمارە (٣)وە دەست پێ ئەکا کە دەربارەی (صلاحیە)ت و واجباتی رئیسەکان (وزراکان) لە ژمارە (١٢)ی بانگ کوردستان ریکەوتی ١٥/١٠/١٩٢٢دا بلاّو کرایەوە (لەڕاستیدا تأریخی ژمارە ـ١٢ـی بانگی کوردستان ٢٧/ی تشرینی یەکەم بووە نەک وەکو رفیق حلمی کە ووتوویەتی ١٥/١٠بووە).*

رفیق حلمی سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو تشکیلاتەی لە لاپەڕە (١٠٩)ی یاداشتەکەیدا بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوە:

*«ئەو فەرمانە کە عنوانی حوکمداری کوردستانی بەسەرەوە بوو بە شیوەی نووسینەکەیا وە بەو جۆرە ووتە (تەعبیر)و (ئیستلاح)انەدا کە تیادا بوو دەری ئەخست کە لەلایەن کسانی نەشارەزا بە کارو باری (دەوڵەت)ەوە دانراوە کە ئەمەش گوناهی شیخ مەحمودی تیا نەبوە بەڵکو لە ڕووی ئەوانەوە بوە کە بە حوکمی زروف دەورەی شیخ مەحمودیان دابو، شیخ مەحمودیش هەر وا بەو دەست و بردیە بۆی*

دوور نەدەخرانەوە».

دەربارەی ئەو (خەڵوەت)ەی رفیق حلمی باسی کردووە، لە ژمارە (١٠)ی رۆژنامەی بانگ کوردستاندا کە رۆژی ١٥/ی تشرینی یەکەم دەرچووە لە لاپەڕە (٢)یدا هۆی ئەوەی بەم جۆرەی خوارەوە بڵاو کردۆتەوە کە وا هەر وەکو خۆی و بە ئیملاکەی خۆی بڵاوی دەکەینەوە:

*«شوکتماب حکمدار کردستان جناب شیخ محمود دام أجلاله چند روژی کە أندکی نامزاج بو بحمد الله بە تواوی أعادەء عافیتی کرد. روژی ٨/١٠ در حق بە روءسای عشایر و زوار سائرە کە لە خدمتیا بون ألتفات مخصوصەء بذل دفرمو.کە أندکي نامزاج بو دیسان أم روژانەیش هر لەگل أصلاح و تدویر أمور عباد مشغول بون. خدا لە همو خصوصیکەوە موفق بالخیری بکا».*

دەربارەی دەزگاکانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود رۆژنامەی بانگ کردستان کە بووبوو بە ئورگانی ئەو دەوڵەتە لە لاپەڕەی یەکەم و دووهەمی ژمارە (١٠)ی رۆژی ١٥/١٠/١٩٢٢دا بە کوردی و لە لاپەڕە (٥)دا بە تورکی یەکەم فەرمانی حوکمداری بڵاو کردۆتەوە کە ئەمە دەقی ئەو فەرمانە (أرادە)یە هەر بە ئیملاکەی خۆی بڵاوی دەکەینەوە.

*صورت أرادە علیەء حضرت حکمداری*

عدد/١١٨ صفر الخیر ١٣٤١ - ٩/تشرین اول ١٩٢٢

*لە مملکت سلیمانیدا نوسرا - لە محمود أبن سعید بو کافەء ملت کورد -*

*«لپاش طلب سعادت و مغفرت لە بارگاه أحدیت، بو أم ملتە مظلومەء خومە اعلان اکم کە لەبر بعضي أسباب و عوارض سیاسیە مدتیکە لە خزمت أم ملتە صادقەء کورد دورو مهجور مابوم. أیمرو لە سایەء خداو روحانیت مصطفی (صلعم)و همت أجداد و لە سایەء نیاز و تضرع و قوت أم ملتە صادقەوە گەیشتە أم روژە مقدسەء کە موفقاً هاتومەوەو لە ایمرو وە دستم کرد بە تدویر پروانەء حکومت و محافظەء موجودیت و استقلالیت کردستان. أمید آرزو اکم هموتان بەیک غایەو مسلک و بي*

*فاصله سعي بو دوام ئەم روژەو كوشش بو تعالى أم ملته اكەن. كورد وكو يك عائله متفقأو متحدا لگل مندا بو تحكيم و دوام أم حقه صريحەيه كه دستمان كوتوه لازم و فرضه سعى و غيرت بكين.*

*أى ملتم: أمين بن كه ضامن سعادت و موفقيت أقوام أتحادو أتفاقه. ملتى كه خوينى رشتبى بو حق خوى قطعيا محروم و أسير نابي و قرار عالم مدنيتيش امەيه كه هر قومى و هر عنصرى خوى به خوى أبي اداره بكات. اولا أيمه كه ملت كوردين ثانيا بو أم غايەيه قوربانيكى زورمان دا، به أو شرطه كه يك دل و يك زبان و يك وجود بين به أذن خدا هيچ كس ظفرمان پێ نابا و منيش تا آخر قطره خوين و مال خوم و أولادو آتباعم بو سعادت أيوه صرفم كرد بو تكرار أيكەم همت له ايوه و موفقيت له خدا.*

*حكمدار كوردستان*

*محمود*

لە لاپەڕەی یەکەم و دووهەمی ژمارە (١٠)ی بانگ کوردستان ڕۆژی ١٥/١٠/١٩٢٢ أرادەء ژمارە (٢)ی حوکمداری تیادا بلاو کراوەتەوە دەربارەی دامەزراندنی (قابینە)ی وەزارەتی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود وە لە لاپەڕە (٥)یشدا لە بەشی تورکیشدا ئەو بەیانە بە تورکیش بلاو کراوەتەوە کە بەیانە کوردییەکە هەر وەکو خۆی بلاو دەکەینەوە:

صورت أرادەء عليەء حضرت حكمدارى . عدد/٢١٩ صفر الخير ١٣٤١، ١٠/تشرين اول ١٩٢٢.

*له مملكت سليمانى دا نوسرا:*

*«بو تشكيلات حكومت كوردستان نصب و تعين أم ذاتانه له قابينەء حكومتدا مناسب دبێ*

| | |
|---|---|
| *سپهسالار* | *شيخ قادر* |
| *رئيس داخليه* | *شيخ محمد غريب* |

رئیس مالیه		عبد الکریم علکه
رئیس معارف		میر لیوا مصطفی پاشا
رئیس شرع و عدل		——————
رئیس گمرک		احمد بک فتاح بک (که حمدی صاحبقرانی شاعر بووه)
رئیس نافعه		محمد آغا عبد الرحمن آغا
رئیس أمنیت عمومیه		سید أحمد برزنجی
مفتش عموم حکومت کردستان		میر لوا صدیق القادری پاشا

هر کسه مقام و وظیفهء خویم پی راسپاردن و أراده أکم در حال دست به تدویر ماکنهء حکومت بکن. ومن الله التوفیق

حکمداری کردستان

محمود

بەڵام ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١١٦)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەڵێ ناوی وەزیرەکانی ئەو قابینەیەی کە بە فەرمانی حوکمداری ژمارە (٢) لە ڕۆژنامەی بانگ کردستان ژمارە (١٠)ەوە وەرگیراوە کە بەم جۆرەی بڵاو کردۆتەوە فەرمانی حکمداری روژ ١٩ صفر ١٣٤١ - ١٠/تشرین اول ١٩٢٢.

لە پایتەختی کوردستان، شاری سلیمانی محمود کوری سعید

بۆ بەجێ هینانی کارو باری گەل و حکومەت ئەم ناوانەی لە خوارەوە نوسراون پەسەند کران بە رئیس و بەریوەبەر دانران:

١- عبد القادر سعید		رئیس وەزیران و سپاه سالار
٢- شیخ محمد غریب		وزیری داخلیه
٣- میر لیوا مصطفی پاشا		وزیری معارف
٤- عبد الکریم عەلەکە		وزیری مالیه
٥- شیخ علی افندی قەرەداغی وزیری شرع و عدل (ناوی شێخ علی قەرەداغی لەدواییدا لەو باسەی کە بۆ چالاکیی نائیبە کوردەکانمان تەرخان کردووە - باسی

چالاکیی رۆشنبیری و سیاسیدا ناوی هاتووە بەڵام بۆم دەرنەکەوتووە ئایا هەردووکی هەر یەکێک بوون).

٦. احمد بگی توفیق بەگ وزیری گمرک

٧. سید أحمدی برزنجی وزیری أمنیت عمومی

٨. میر لیوا صدیق پاشا مفتش عام

احمد خواجا لە لاپەڕە (٣)ی بەرگی یاداشتەکانیا (چیم دی) دەڵێ:

«بەداخەوە لە کاتی چاپکردنی بەرگی (١)ی چیم دی دا لە لاپەرەی (١١٦)دا لە ریزی وەزیرەکانا ناوی حما غای وزیری نافعە و باوەڕپێکراوی شیخ مەحمودم لەبیر چوبوو تکای لێ بوردن ئەکەین».

لەڕاستیدا لەو ناوانەی کە لە رۆژنامەی بانگی کوردستان و لە یاداشتەکانی رفیق حلمیداو لە (چیم دی)ی ئەحمەد خواجادا ئەم جیاوازی و سەرنجانەی خوارەوە هەیە:.

یەکەم: لەوەی کە لە رۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاو کراوەتەوە شێخ قادر تەنها بە (سپهسالار) ناوی براوەو نەوتراوە کە رئیس الرؤساء بووە (وەکو رفیق حلمی باسی کردووە) وە نەشوتراوە رئیس وەزیران بووە (وەکو ئەحمەد خواجا باسی کردووە).

بەڵکو لە دواییدا بە فەرمانێکی تر کە لە ژمارە (١)ی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) رۆژی ١٥/تشرین الثانی ١٩٢٢ لە لاپەڕە (٣)دا کراوە بە رئیس الروساء کە لە فقرە (١)ی ئەو فەرمانە (أرادە)یەدا بەم جۆرە نووسراوە:

١. حضرت شیخ قادر افندی سپهسالار کوردستان ترقیا بو رئیس الروسا و نایب حکومت کوردستان أنتخاب و تعین کرا.

دووهەم: سەرنجی دووهەم – دەربارەی رئیس شرع و عدل:

لەو (ارادە)ی ژمارە (٢)ی کە دەقەکەیان لە ژمارە (١٠) بانگی کوردستانەوە وەرگرتووەو لەپێشدا بڵاومان کردەوە لە بەشی کوردیی ئەو ژمارەیەو لە بەشی تورکییەکەیدا بەرامبەر بە (رئیس شرع و عدل) بە بەتاڵی هێڵراوەتەوەو ناوی کەسی بەرامبەر نەنووسراوە بەڵام رفیق حلمی وەکو باسمان کرد لە یاداشتەکانیا لە لاپەڕە (١٠٧)ی بەرگی پێنجەمدا ناوی حاجی ملا سعیدی کرکوکلی زادەی هێناوە وەکو

(رئيس محاكم و شرع و عدليه) كەچی رفیق حلمی هەر خۆی لە لاپەڕە (٧٦)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا کە باسی نامەکەی یوزدمیری کردووە کە یوزدمیر ئەو نامەیەی ناردوە بۆ کاربەدەستانی خۆی و رفیق حلمی ترجمەی کردووە بە کوردی لەو قابینەیەی کە یوزدمیر باسی کردووەو رفیق حلمی لێی دواوە بەرامبەر بە رئیسی شرع و عدل نووسراوە (مونحەل=شاغر) کە هەر وەکو رۆژنامەی بانگی کوردستان وا بووە، بەو جۆرە بەپێی ئەو فەرمانانەی لە رۆژنامەی بانگی کوردستان و رۆژنامەی رۆژی کوردستان کە ئورگانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود بووە ناوی حاجی ملا سعیدی کرکوکلی زادە ناوی نەهێنراوە وەکو رئیس شرع و عدل، بەڵام دوای ئەوەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٣دا سلێمانیی بەجێ هێشت و چووە ئەشکەوتی چاسەنەو دووبارە گەڕایەوەو دەزگای تازەی بۆ دەوڵەتەکەی دانا، لەوەدا لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (١)ی رۆژنامەی (ئومێدی استقلال)دا کە لە رۆژی ٢/ایلولی/١٩٢٣دا دەرچووە ناوی حاجی ملا سعید هاتووە وەکو (رئیس تجارت و معارف و نافعه)کە لە شوێنی خۆیداو لە باسی رۆژنامەی ئومیدی استقلالدا دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ئەو باسە.

بێجگە لە رفیق حلمی ئەحمەد خواجاش لە لاپەڕە (١١٦)ی بەرگی یەکەمی (چیم دی)دا (٣) بەرامبەر بە وەزیری شرع و عدل (رئیس شرع و عدل) ناوی شێخ علی افندی قرەداغیی هێناوە نەک حاجی ملا سعید کرکوکلی زادە. ئەحمەد خواجا دەڵێ:

دانانی شێخ علی قرەداغی بەپێی فەرمانی حوکمداری ژمارە (٢)ی رۆژی ١٩/صفر ١٣٤١ ریکەوتی ١٠/تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ لە زنجیرەی (٥)ی ناوی وزیرەکانا با وزیری شرع و عدل ناوی براوە لە کاتێکدا ئەو فەرمانی ژمارە (٢)ەی کە لە پێشتردا بڵاومان کردەوە کە یەکسەر لە رۆژنامەی بانگی کوردستاندا بڵاوما کردەوە ناوی وای تیادا نەبووە بەڵکو هەر وەکو ووتمان بە بۆشایی هێڵراوەتەوە.

ئەو شێخ علی قرەداغییەی کە ئەحمەد خواجا ناوی هێناوە بە بەیانێکی تری تایبەتی لە ژمارە (١٣)ی رۆژی ٣/تشرینی دووهەمی/١٩٢٢ رۆژنامەی بانگی

کوردستاندا بەم جۆرە باس کراوە بۆ ریاستی شرع و عدل کە هەر وەکو خۆی بلاوی دەکەینەوە:

«لە هیئت رؤسای (قابینەء) حکومت کردستان دا تا ئیستە ریاست شرع و عدل بە وکالت أیفاء اکرا، آمجارە بە نظر مستخبرات مخصوصە مانەوە لە بغداد لە مدرسینی کرام و علماء بە نام عراق مشهور قرطاغی شیخ عبد الرحمن افندی زادە شیخ علی افندی با أرادەء حضرت حکمداری طلب و تعین فرموراوە و أم ذاتەیش لە بغدادەوە حرکت فرموە».

لەو ئیرادەیەدا دەردەکەوێ کە هەتا ڕۆژی ١٩٢٢/١١/٣ ریاست شرع شاغر بووەو بە وەکالەت براوە بەڕێوە، لە ژمارە (١٣)ی بانگی کوردستان و لە ژمارە (٢)ی ڕۆژی کوردستان کە لە دوای بانگی کوردستان دەرچووە بە ناوی (أحمد مختار۔ کە قاضیی سلێمانی بووە) چەند اعلانێک بە ناوی ئەوەوە بلاّو کراوەتەوە وەکو وکیلی رئیس شرع و عدل.

سێهەم: ووشەی (نافعە) کە بە حەماغای ئەورحمان ئاغا سپێررابوو بەپێی ئیرادەی ژمارە (٢) ئەو ووشەیە لە (وزیری نافعە)ی عراقەوە وەرگیراوە کە لە یەکەم وەزارەتی عـراقـدا بە سەرۆکایەتیی عبد الرحمن النقیب ناوی وەزیری نافعە هاتووە کە بەرامبەرەکەی (وزیری ئەشغال)ی گرتۆتەوە.

چوارەم: سەرنجی چوارەم

تەقەلایەکی زۆرم دا کە بگەمە ئەو ئەنجامەی بزانم لە چ ڕۆژێکداو بە چ بەیانێک شێخ مەحموودی حوکمدار بووە بە ملکی کوردستان، بەلاّم بەداخەوە هیچم دەسگیر نەبوو، رفیق حلمی لە لاپەڕە (١٦٦)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا ووتوویەتی شێخ مەحموود لە مانگی تشرینی دووهەمی ١٩٢٢دا عنوانی خۆی گۆڕی لە حوکمدارییەوە بۆ (ملکی کوردستان) بەلاّم نەی ووتوە لە چ ڕۆژێکدا بووە.

لە بشکنینی ژمارەکانی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانەوە هەتا ژمارە (١٢)ی کە لە ڕۆژی ١٩٢٢/١./٢٧دا دەرچووە ئەو بەیان و فەرمانانەی بلاّو کراونەتەوە بە ناوی شێخ مەحموودەوە هەمووی لێی نووسراوە: محمود: حکمداری کوردستان، بەلاّم لە

ژماره (۱۳)ی بانگی کوردستانی رۆژی ۳ی تشرینی دووهەم ۱۹۲۲ و لە ژمارەکانی رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) کە لە جیاتیی بانگی کوردستان دەرچووە لەواندا هەرچی بە ناوی شێخ مەحموودەوە بڵاو کراوەنەتەوە نووسراوە: محمود: ملکی کوردستان.

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (۱۲۷)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا ووتوویەتی: «شیخ مەحمود بۆ ئەوەی سیاستی انگلیزەکان بەتەواوی بخاتە روو پەردە لەسەر مەبەستە نەهێنیەکانیان هەڵماڵێت، بەپێ ی بریاری کومەلی وزیران و پیرانی شار شیخ مەحمود لە مانگی تشرین دووهەمی ۱۹۲۲دا بانگی (ملکی کوردستان)ی بو خوی دا بەلام انگلیزەکان ماوەی ئەوەیان نەدا کە دەنگی کورد بە هیچ حکومەتیک یا خود بە گەلیکی خاوەن بەخت بگا».

دەربارەی دەسنیشانکردنی کارو باری دەزگاکانی دەوڵەتی کوردستان بەپێی (ارادەء)ی ژمارە (۳) کە لە ژمارە (۱۲)ی رۆژنامەی بانگی کوردستان کە لە رۆژی ۲۷/ ۱۰/۱۹۲۲دا دەرچووە وا لە خوارەوە دەقی ئەو (أرادەیە) هەر وەکو خۆی بڵاو دەکەینەوە:-

ارادەء حکمداری (۳)

۲٤ صفر ۱۳٤۱      ۱۰ تشرین اول ۱۹۲۲

پایتخت حکومت کردستان لە سلیمانی دا نوسرا:

«أرادەم کرد بە أیفای مواد آتیە:

۱- بالعموم روءساء هفتەء دوو روژ، دوشمبەو پینج شمبە پاش نیوەرو لە ساعت هشتەوە تا ساعت دە أبی لە دائرەء مخصوص خومدا أجتماع بکن بو عرض و حلّ مسائل مهمە و أمور حکومت.

۲- لە أحوال فوق العادە دا و عند الحاجە هر رئیسی و لە هر وقتیکا حقی ملاقاتی لەگل مندا هیە.

۳- بالعموم روءسا لە خصوص آتیەوە أبي ترتیبات و تنظیمات دوائر خویان علی العجلە أجرا بکن:

أ- منتظما وكو ماكينه دوام كردن لسر وظيفه.

ب- حركت كردن له جهتيكەوه به موافق پروغراميک منتظم بي كه رئيس دائره ترتيبى كردبي.

ج- تنسيقات به موافق احوال و واردات مملكتەكه.

د- له هر دائرەيكا ألغاى وظيفهء معاونيتى.

ه- ترجيحا أستخدام كردن أرباب صداقت، عفّت، وأستقامت لپاش ترتيب و تشكيل أم نوعه أجرآتانه أبى جداول و اوراقي تقديم بكرى.

٤- به أنتخاب و ترتيب عموم روءسا أبي بو همو دائرەيک ترتيبات آتيه أجرا و بعده عرض تصديق بكەن و لپاش تصديق اعلان بكرى وكو قانون:

أ- بو عموم دوائر ملكيه و عسكريه (قادرو) نامەيەكى تنظيم و مفصل.

ب- دروست كردنى ليستەيەكى معاشات عموميه كه له نفرەوه هتا ناظر همو رتب و وظائف عسكريه و ملكيەى حاوى بي و به موجب (قادرو) كه بكرىٰ.

ج- له هردو جهتەكەوه احوال واردات و لياقت مملكتەكه أساس اعتبار بكرىٰ.

٥- تقسيم وظائف و درجهء صلاحيت مقامات عاليهء حكومت بر وجه آتى نوسراوه

أ- رياسەت الرؤساء . حق نظارتى به سر عموم روءساوه هيه و روءسا له هر أمريكى مهمدا مجبور أستشارەء أون. رياست مجلس روءساء به خوى عائده.

ب- سپهسالار. بالعموم مسائل حربيه و عسكريه راجع أو مقامەيه.

ج- رياست داخليه . بالعموم متصرف، قائمقام، مديريتەكان و متصرفيتى مركز، بلديه و طاپو له ژير صلاحيت أم دائرەدايه و موقتا صحيەش كه عبارته له خەستەخانه.

د- رياست معارف . بالجمله أمور معارف و هرچى ترتيباتي كه أيجاب بكات لم خصوصەوه به رياست معارفه.

ه- رياست نافعه . طرق و معابر، پوسته، تلغراف، مهندسخانه و أعمالاتخانه اورمان وزراعت راجع به رياست نافعەيه.

و- رياست شرعيه و عدليه ـ بالجمله محاكم شرعيه و عدليه و محاكم صلح و محاكم منفرد أستيناف، تميز، دائرهء أوقاف بغير أز وقف أطعام مساكن راجع أم رياستەيە.

ز- رياست أمنيه ـ محافظهء داخل داوائر پوليس و ژاندرمه و دوائر استطلاعات تعين مركز و ملحقات حكومت كردستان عائد أم رياستەيە.

ح- مفتش عمومي حكومت:ـ له سر بالجمله دوائر و مقامات حكومتدا مانگی دفعەيک حق تفتيش و له أم خصوصەوه صلاحيتی پی پەخش كراوەو عند الأقتضا به أرادهء عليه له هر وقتيكا حق تفتيشی هيه.

٦- لپاش اعلان و تعميم أم أراده نامەيه هرچی أصول و ترتيبات كه سالكەو مرعی الأجرا بوه مفسوخه.

٧- بالجمله مأمورين له نفرەوه تا ناظر أبي له هر جهتيكەوه به قدر ذرّه تكاسل و عجز وظيفهء خويان نهينن و أدنی خطايک و يا سامحەيک و ياخود بي قانونيک له هر كسيكەوه كه ظاهر بو و ياخود درک بكرئ بلا تفريق مبتلای أشدّ جزا اكم و عبرت العالمين أنواع مجازات شديده له حقيا أجرا اكم.

٨- هر مأموری بلا تفريق درجه و مقام أبی خويان به خدمتكار ملت بزانن و لگل هر فرديكی ملتدا أبی به حلم و مسالمت و نزاكت معامله بكن. أدنی دل شكينيک غير قانونی موجب عقوبات أبي و هر نوعه خدمت و ملايمتی بو جلب و تطييب خاطر أفراد ملت اجرا بكرئ فقط تكرار أيقاظ اكم كه له قانون بەدەر نەبی

حوكمدار كوردستان

محمود

له ژماره (١) رۆژنامەی روژی كوردستان كه له ١٩٢٢/١١/١٥دا دەرچووه له لاپەڕه (٣)يدا چەند أرادەيەكی تری حوكمداری تيادا بلاْو كراوەتەوه (ژمارەی أرادەكان نەنووسراوه) بەپێی أرادەی يەكەميان: ئەو بۆشاييەی كه هەبووه به نەبوونی رئيس الروءسا (وەكو له پێشتردا باسمان كرد كه له أرادەی ژماره/٢دا ناوی نەهێنراوه) پڕ كراوەتەوه وەكو خوارەوه:

*١ـ حضرت شيخ قادر افندی سپهسالار کوردستان ترقيا بو رئيس الروءساء و نايب حکومت کردستان أنتخاب و تعين کرا.*

٢ـ له أذکيا و منوران کورد ماجد افندی (نياز له ماجد مصطفی بووه) بو مديری هندسه‌خانه و صديق افندی (نياز له صديق شاويس بووه) بو کاتب هندسه‌خانه.

٣ـ توفيق افندی عزيز آغا تعين بوه به مأمور أنبار و مغازهء عسکريه و پوليس.

٤ـ له أرباب أقتدار و صفت شاکر مجرم افندی (که له باسی مێجەڕ سۆندا باسمان کردووه) تعين بو به مفتشي تلغراف و معاملات پوسته.

ئه‌حمه‌د خواجا له لاپه‌ره (١١٦)ی به‌رگی یه‌که‌می (چیم دی)دا ده‌ڵێ[٣]:

*«به بۆنه‌وه‌ی کۆبونه‌وه‌ی یه‌که‌مین جاری وزیران، حوکمدار، فه‌رمووده‌یه‌کی له‌و کۆبونه‌وه‌یه‌دا بلاوکرده‌وه».*

وه له هه‌مان به‌رگی چیم دیدا له لاپه‌ره (١٢٠)دا ده‌ڵێ:

*ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی حوکمدار له رۆژنامه‌ی بانگ کوردستان ژماره (٩)ی رۆژی ٨/١٠/١٩٢٢دا به کورتی پوخته‌که‌ی نووسرابوو، به‌ڵام لێره‌دا (له یاداشته‌که‌یدا) به‌ته‌واوی بلاوی ئه‌که‌مه‌وه.*

له‌ڕاستیدا ئه‌و ژماره‌ی بانگی کوردستانه‌ی که ئه‌و باسی ژماره‌که‌ی کردووه چ ئه‌وه‌و چ ژماره‌کانی دوای ئه‌وه‌شم پشکنی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی که ئه‌و باسی کردووه که گوایا له کۆبوونه‌وه‌ی وه‌زیراندا خوێندوویه‌تییه‌وه نه‌هاته به‌ر چاوم ته‌نها له ژماره (١٠)ی رۆژی کوردستان رۆژی ١٥/١٠/١٩٢٢دا به ناوی (أرادهء)ی ژماره (١) به ناوی شێخ مه‌حمه‌وودی حوکمداره‌وه که له رۆژی ٩/١٠/١٩٢٢دا ئه‌و أراده‌یه ده‌رچووه لێی نووسراوه (له محمود ابن سعيد بو کافهء ملتی کورد) هه‌ر وه‌کو له‌پێشتردا ده‌قی ئه‌وه‌مان بلاوکرده‌وه. به‌ڵام هه‌رچۆنێک بووبێت ئه‌وه‌ی که ئه‌حمه‌د خواجا له لاپه‌ره (١١٦ هه‌تا لاپه‌ره ١٢٠)ی به‌رگی یه‌که‌می چیم دیدا بلاوی کردۆته‌وه شتێکی مێژووییه‌و خزمه‌تێکی گه‌وره‌ی کردووه به بلاوکردنه‌وه‌ی ئه‌و ووتاره‌ی شێخ مه‌حمه‌وود که ره‌نگه لای وا بووبێ له رۆژنامه‌ی بانگی کوردستاندا بلاو کراوه‌ته‌وه.

وا ده‌قی ئه‌و ووتاره‌ی شێخ مه‌حمه‌وود هه‌ر وه‌کو چۆن ئه‌حمه‌د خواجا باسی کردووه

ئێمەش لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

*«ئەوا ئیمرۆ بەردی بناغەی حکومەتی کوردستان دانراو کۆمەڵی وزیران کەوتنە کار. بانگی آزادی کورد بە گیتیدا بڵاو کرایەوە، پشتیوانی ئیمە خواو بازووی خۆمانە. لە منالیمەوە بیری ئازادی کورد لە مێشکمدا کەڵکەڵەیەکی گەورە بوو، ئیستا ئەبێ بزانین کە لەم ریگایەدا لە هەزاران ساڵەوە بە چەند هەزاران رۆڵەی دلێرمان لەناو چوە. تۆڵەی ئەوان ئیمرۆ کەوتوتە سەر شانی ئیمە کە بە مژدەی آزادی گەلەکەمان گیانی پاکیان شاد بکەین.*

*چەپڵە...*

*لەبیرمە، لەگەڵ باوکم بۆ دیدەنی سلطان عبد الحمید چوین بو أستانبول، بینیم کە ژیان و گوزەرانی ئەو شارانەو دانیشتوەکانی لەگەڵ ژیانی ئیمە زور جیاوازە، لە باوکمم پرسي و لە وەڵامدا ووتی:*

*کوڕم ئەمانە بۆ خویانن و ئیمەش بۆ ئەوانین...*

*ئیتر لەم تیگەیشتنەوە کەوتمە تاوتێ کردنی کردەوەی تورکەکان کە بە ناوی اسلامیەتەوە ئەیان ڕووتانینەوە، ئیوە هەموتان ئاگادارن کە ئاژاوەیەکی زۆرم بۆ نانەوە (بۆ تورک) و لە وڵاتی سلیمانیدا تەنگم پێ هەڵچنین...*

*(چەپڵە)...*

*بەڵام ئەوان بەهێزتر بون و دەریان پەڕاندم، خۆم گەیاندە قەڵای مەریوان، چوومە ناو کوردە ئازاو دلێرەکانی ئیران، بە راستی چاکەم لە حکومەتی ایران زور بیني، لەوێش درێغیم نەکرد، لەوانیشم گەیاند (کوردی ئێران) کە ئەبێ کوردیش بو خوی بژی و لەپێناوی سوودی خۆیا بمرێت، کەس کەسي ئیمە نیە و تێم گەیاندن دروستە بە کوردی بخوێنن و بنوسن و نوێژیش بە کوردی بکەن.*

*(چەپڵە)...*

*أنجا تورکەکانیش وەکو دوستەکەی أیستامان کە انگلیزە منیان پیویست بوو، بە زەمزەمەو دەبدەبەیەکی زورەوە هێنامیانەوە بۆ سلیمانی، بەلام من هەر لەو نیازو ئاواتەدا بوم کە بۆ رزگاربوونمان کەلێنێک بدوزمەوە.*

جەنگی گەورە لە هارینی گیانی لاوانا بوو، تەفرەیان دام (تورک) کە بۆ یارمەتی رۆڵەکانی کورد، بو پاریزگاری نیشتمانەکەمان لە زاڵیتی روس بە لەشکری عەشایری کوردەوە بچم بۆ بەربەستی رووسەکان.

ئەوە بزانن بۆ ئازادیمان لەگەڵ رووسەکانیشدا دریغیم نەکرد، بەڵێنیان دا، بەلام شورشی ناوخۆی کەوتە پیش ئاواتەکەی ئێمە.

(چەپڵە)......

زور لاشەی کورد لەپیناوی سوودی بیگانەدا بوو بە خۆراکی مەل و جانەوەر، گرانی و نەخوشي نیوەمانی کوشت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەر بەڵێنەکەی خۆمان تا دوایی شان بە شانی تورکەکان بە دڵپاکی و خزمەت گوزاری یەوە رویشتین، کەچي لەپاشدا لە ناکاو گیرام و بەبێ پشوو بریاری خنکاندنم درا (لەلایەن تورکەوە)، بەلام سوپاس بو علی أحسان پاشا ئەکەم کە لە چنگی ئەو بەدبەختانە رزگاری کردم. من ئەم مەینەتەم بە گران نەزانی، چونکە هیوام ئازادیی کورد بوو، کە ئەو ئاواتەش بەبێ گیان بەخت کردن دەست ناکەوێ.

(چەپڵە)...

هاتمەوە سلیمانی، شاری دلیران و ئازادیخواهان.

(چەپڵە)...

کرام بە متصرف، قومانداني سوپا، لەولاشەوە انگلیزەکان گەیشتنە کنگربان و گەیشتنە کرکوک. ئەم هەلەم زور بە گرنگ زانی، کەوتمە نوسین و تیگەیشتن لەگەڵ انگلیزەکانا بۆ ئازادیمان تا وەکو ئیمەش وەکو ئادەمیزاد بە ئازادی بژین و لە شیلانی ژێر پێ ی بیگانە رزگار ببین. داڵدەمان دایە انگلیز، ئەو انگلیزەی کە نەمان دەناسین و لە کردەوەو پیشنیاریان ئاگادار نەبوین. خۆمان خستە بەختیانەوە کە نیشتمانمان بۆ دروست بکەن (لەراستیدا کورد نیشتمانی هەبووەو هەیەتی بەلام دەوڵەتی نەبووە)، استقلال بدەن بە کورد، لەسەر ئەم مەرجە بەبێ وەی، بەبێ تەقە، بەبێ بەربەرەکانی ریگەمان دان کە بێنە کوردستان و گەیاندمانە سلیمانی.

باوەرتان بێ لەو کاتەدا زور بەهیز بوین، ئامادەی جەنگ بوین، بەڵێنیان دا کە

ئاواتەکانمان بهێننە دی، هەر بە دوستی و بەبێ سوپاو زیان هاتن. وایان پیشان داین کە دروستکردنی حکومتی کوردستان ئاسانەو ئەوپەڕی ئاواتیانەو وایان پیشان ئەداین کە ئەیانەوێ پیش دەستی بکەن نەوەک لەلایەکی ترەوە دەست بدرێتە دەستمان و مافی خومان بدرێتێ (بێگومان مەبستی تورک بووە).

برایینە

ئەو انگلیزە دڵسوزانەی کورد، بەبێ تەقیەو شەرم و بەبێ ئەوەی بەڵێنەکەیان بەبیردا بیت لە ماوەیەکی زور کەمدا وولاتیان پر کرد لە انگلیز، ئەو انگلیزو هیندی یانەی لە کوری جەنگەوە هاتبون گەیاندیاننە سەر ئیمە و بیجگە لەوە خویان بە هەرەمەیي لە هەمو تیرەکانی شرق و غرب پیاویان هیناو کاریان پێ سپاردن. أیتر پیاو و خویندەوارەکانی خوشمان بون بە سەیرکەر، روژ بە روژ زیاتر هەرەسیان بە هیوامان دەهیناو وایان ئەزانی انگلیز کوردستانیان بە نووکی رم داگیر کردوەو ئەبی ئیمەش کویلەی ئەوان بین. وردە وردە گەیاندیانە ئەوەی کورد پەلاماری چەک بدا، خوینی هەزارانی بی تاوان برژێت، تا گەیشتە ئەوەی خەنجەری دەبانی کورد بەرامبەر سونگی ی بێ ئەمان بکەوێتە کار. منیش بە برینداری لە کوری جەنگدا گیرام، ئەم جارەیش لە بریاری خنکاندنمەوە بە دە ساڵ ئاوارەیی لە هندستان توند کرام و بۆ دوهەم جار لە خنکاندن رزگارم بوو، جا هەر ئەو برین و فەرمانی خنکاندنانەم کە لە پیناوی گەل و نیشتمانەکەمدایە لەگەل دلیریي روڵەی کوردە جیگەی شانازیی ژیانمە کە لەپاش مردنم یادگارم بیت.

(چەپڵە)...

بە هێزی دلێری و مەرد رەوشتی ئیوەوە لەپاش سێ ساڵ ئاوارەیی ئەم جارەش هێنرامەوە بە (حکمداری) کە بەلگەی ئازادیی کوردە.

(چەپڵە..لە گەلەوە دەنگ و هاوار بەرز بوەوە: ئیمە بۆ تۆ و تویش بۆ کورد" بژی شیخ محمود، بژی حکمدار، گیانمان لە رێبازتایە).

براکانم: بۆ گەیشتن بە ئاوات، آواتی آزادی و استقلال هەر یەکیتی یە، هەر یەکیتی روژی رەشمان روون ئەکاتەوە... ئیتر بە خواتان ئەسپێرم».

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ لە شێوەی ئەو ووشانەی کە ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا بە ناوی شێخ مەحموودەوە بلاوی کردۆتەوە وا بزانم ئەوەی تۆزێک شارەزای ئەو ووشە تایبەتییانەی لەو ووتارەدا بلاوکراوەتەوە وەکو (ووشەی نیشتمان، سوپاس، مەرج، ماف) دلنیا دەبێ لەوەی کە ئەو ووشانە لە کۆندا بەکار نەهاتووەو لە رۆژنامەکانی ئەو رۆژانەدا ووشەی وا نابینرێن، بەلای منەوە دوور نییە ئەحمەد خواجا لە دوای تۆمارکردنی ئەو ووتارە، ئەو ووشانەی کە بە هی بێگانەی زانیوە لایبردوون و لە شوێنی ئەوان ووشەی کوردییەکی پەتی داناوە کە دەبوایە لەڕاستیدا هەر وەکو خۆی بلاوی بکردایەتەوە.

دەربارەی کارو باری ئابووری و دەرامەدیی ئەو دەولەتە بەداخەوە لە هیچ سەرچاوەو ژمارەی رۆژنامەیەکدا باسی دەرامەدو بۆجەی ئەو حوکمدارییە نەکراوەو نەزانراوە دەرامەدو مصاریف چی بووەو چەند بووە.

دەربارەی مانگانەی شێخ مەحمودی حوکمدارو ملک، لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (١)ی رۆژنامەی روژی کوردستان کە لە ١٩٢٢/١١/١٥ دەرچووە ئەمەی خوارەوە بلاوکراوەتەوە:

*«لە طرف هیئت محترمە روءسای کوردستانەوە لو مقدارە معاشە کە بو حضرت شوکتمآب ملک کوردستان قرار درابو و عرضي حضور مبارک کرا، لبر منافع عمومیە و لبر أوەء کە خزینەء ملت أمرو شایستەء معاونت و همتە، دە هەزار روپیە لە طرف حضرت جلالت ملک کوردستانەوە بو خزینەء مبارکەء ملت أعادە و تبرع کرایەوەو فرموشیانە همو وختی لە أملاک و ثروتی خصوصی مملوکانەش معاونت لازمەء خزینەء ملت اکری.*

*روژی کوردستان بنام عموم ملتەوە عرض شکران أم شفقت و توجهانە أکات.*

*هربژی ملک کوردستان بو خوی و شفقت ملت نوازی. هر بمێنی ملک محمود اول.*

*- روژ کوردستان -*

ئەوەی ئێمە لە سەردەمی لاویمانا لەوانەی سەردەمی شێخ مەحموودا کاربەدەست بوون، ئەمان بیستەوە کە ئینگلیزەکان لە یارمەتیدانێکی کەم بەولاوە ئیتر لایان لە

شێخ مەحموود نەکردۆتەوەو ئەو دەوڵەتە ساوایەی کوردی ئەو رۆژە بە دەرامەدێکی کەم لە دوای ئەو هەموو نەبوونی و گرانی و برسێتی و رەش و رووتییەی رۆژانی شەڕی جیهانی زۆر بە گران و بە کوێرەوەری توانیویەتی کارو باری رۆژانەی خۆی ببا بەڕێوەو بەلای منەوە دوور نییە ئەوەی شێخ مەحموود داویەتەوە بە خزینەی دەوڵەتەکەی هەر لەبەر نەبوونی بووەو کە ساتێک ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت شێخ مەحموود مەبستەکانیان ناهێنێتە دی، ئیتر دەستیان کرد بە کەم کردنەوەی سنووری دەسەلاٌتی و رانیەو کۆیەو هەڵەبجەیان لێ پچڕاندو بە هەموو جۆرێک هەوڵیان دەدا کە دەسەلاٌتی دارایی و ئابووریی شێخ مەحموود کەم بکەنەوە وەکو لە شوێنی خۆیدا روونی دەکەینەوە.

کە شێخ مەحموود قابینەکەی داناو هێشتا لەسەرەتادا ئینگلیزەکان دەستیان نەکردبوو بە گزی کردن لەگەڵیا، کاربەدەستانی دەزگاکانی دەوڵەتەکەی بەرێک و پێکی دەرۆیشت بەڕێوەو شێخ مەحموود بۆ سەرپەرشتیکردنی دارایی دەوڵەتەکەی (کریمی عەلەکە)ی کرد بە وەزیری دارایی کە یەکێک بووە لە کوردە کلدانییەکانی سلێمانی و مرۆڤێکی ناسراو و خۆشەویست بووە لەناو خەڵکداو جێگەی دڵنیایی هەموو لایەک بووە بەتایبەتی هی شێخ مەحموود.



کریم علکە
وزیری مالیەی دەوڵەتەکەی
شێخ مەحموود
ژیانی (١٨٤٥ - ١٩٤٨)

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا چەند جارێک ناوی کریمی عەلەکە (ئەلەکە)مان ناوبردووە کە لەڕاستیدا ناوی (ئەلیاس) بووەو خەڵکەکە لەبەر خۆشەویستی ناویان لێ نابوو (ئەلەکە) کە دەڵێن لەساڵی ١٨٤٥دا لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٤٨دا لە بغداد کۆچی دوایی کردووە [٣٥] ئەگەرچی گومانم هەیە لە مێژووی لەدایک بوونیا چونکە بڕواناکەم لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا بوویێت بە وەزیری شێخ مەحموود.کریمی ئەلەکە لە ماوەی حوکمدارییەتی دووهەمی شێخ مەحموودا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارو باری بردووە بەڕێوەو کە

ئینگلیزەکان دەوڵەتەکەیان تێکدا لە کریمی ئەلەکەش ئاڵۆزان و سزایان داو تووشی شەڕەشەقیان کردو لە سلێمانی دووریان خستەوەو ناچار رووی کردە بغدادو لەوێ کۆچی دوایی کرد.

کریمی ئەلەکە کە کرابوو بە وەزیری دارایی دەستی کردبوو بە رێکخستنی کارو باری دارایی و زور پیاوی ئەو سەردەمە بۆیان باس دەکردین کە رێکخستنی کارو باری دەزگاکانی دارایی زۆر رێک و پێک بووەو هەر وەکو دەوڵەتێک پسولەی پارەوەرگرتن و پارەخەرجکردنی بە ناوی حکومتی کوردستانەوە چاپ کردووەو لە دەزگاکاندا سجلاتی دارایی هەبووە.

لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (١٠) رۆژنامەی بانگ کوردستان کە رۆژی ٢٧/١٠/١٩٢٢ دەرچووە لەو أدارەی حوکمدارییەی کە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی وەزیری دارایی و دەزگاکانی دەسنیشان کراوە، دەربارەی کارو باری رئاسەت (وەزارەت)ی دارایی (مالیە) دەڵێ:

*«أموری مالیە و خزینە راجع بە ریاستی مالیەیە».*

بۆ دابین کردنی کارو باری دەوڵەتەکە باج سەنراوەو لە دائرەی طاپۆدا رەسمی معاملاتی طاپۆ وەرگیراوەو لە دادگاکاندا رەسمی أجراو محاکمە سەنراوە، لە ژمارەکانی رۆژی کوردستاندا گەلێک اعلاناتی تیادایە کە لەلایەن مأموری طاپۆ و مأموری أجرای محکمەوە بلاوکراوەتەوە کە ئەو باجانەی بۆ ئەو مەبستانە وەرگیراون بەشێک لە دەرامەدی دەوڵەتەکەی پێکهێناوە.

بۆ نموونە لە ژمارە (١٠)ی رۆژنامەی رۆژ کوردستان ٢٤/١/١٩٢٣دا لە لاپەڕە (٣)یدا اعلانێکی تیا بلاوکراوەتەوە بە ناوی محمودەوە (کە دیارە محمود أفندی قادر ئاغای سەرۆکی شارەوانی بووە) دەڵێ:

*«رسم أدخالات و أخراجات بارانەء عموم نقطەکانی أطراف شار لە طرف طالبیوە بە وەعدەی یەک ساڵ بە (٣٠) هەزار روپیە لەزێرپەي دایە، هرکس طالبی ضمانە (یەعنی زیادکردنە) مراجعت بە دائرەی بلدیە بکا».*

هەروەها لە لاپەڕە (٣)ی هەمان ژمارەدا دوو اعلانی تری تیادایە کە هەردووکیان

بۆ بڵاوکردنەوەی دانی زەوی و زاری ئەمیری بووە بە ئیجار کە ئیجارەکەی لەلایەن دائرەی مالییەوە وەرگیراوەو بەشێک لە دەرامەدی خزینەی پێکهێناوە:

*اعلان ـ ژمارە ١٣١ - ١١ - ١١٦٥*

*عـموم أنهـا أمـيريه وەکـو بکرەجو، داود بولاق، کندەکوە، کـێلەسپی، ژاڵە، یەکماڵە، خاک و خۆڵ، دسکرە، احمـدآوا، جوگە رووتە، بی بورە، گـەدان، کانی هەمزە، جوگەء ملا خضر، دەلین، گریزە،*

*موان، مالوان، رقـە، صابورآوا، چرمگا، کرژە، کوکە، خمبخانە، شهیدان، سوسی گردەی، خـرنوکـاوی، کـانی بریندار، بلوکین، آغـجـەلر و سائرە أدری بە أجـارە لە مزایدەدایە، هرکس طالبە مراجعت بە دائرەء مالیە بکا.*

*١٨/کانونی دوهەمی ١٣٣٨ رومی/دائرەی مالیەی سلیمانی*

*لە هەمـــان ژمـــارەی ئەو رۆژنامـــەیەدا اعـــلانێکی تری تیـــایە ژمـــارەکـــەی (١٣٢ـ١١ـ١١٦٤) ەولی:*

*لە ناحیـەء تانجرو جـوگەی گدان (گـەدان) بە ١٨٠ روپیـە و کانی همـزە بە (٨٠) روپیە لەژیر پەی طالیبیایەتی. أوانەء کە بە زیاتر أیانەوی مراجعت بە دائرەء مالیە بکن.*

*١٨/کانونی دوهەمی ١٣٣٨ رومی/دائرەی مالیەی سلیمانی*

لە ساڵی ١٩٢٣دا لەدوای ئەوەی شێخ مەحموود لە مانگی تموزدا لە ئەشکەوتی جاسەنەو دەرەوەی سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ پایتەختی دەوڵەتەکەی، دووبارە دەستی کردەوە بە دامەزراندنی دەزگاکان بۆ بەڕێوەبردنی کارو بار کە ئەم جارە وەکو ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا باسی کردووە پوولی مالیەی کوردستانیش خراوەتە بەردەستە و لە کـارو باری رۆژاندا بەکـار هێنرابوو (لەدواییـدا لە شـوێنی خۆیدا بە دوورو درێژی باسی دەکەین).

بێجگە لەو باجانەی کە باسمان کردن باجی کشت و کاڵ و مەڕو ماڵات و ئاژەڵ سەنراوەو باجی کاسبانە وەرگیراوە.

تووتن لەو ڕۆژانەدا لە ناوچەی سلێمانیدا یەکێک بووە لە کشت و کاڵە بەنرخەکان و بایەخێکی زۆری پێ دراوەو لە شوێنی خۆیدا چەند جارێک باسی ئەوە کراوە کە ئینگلیزەکان هەمیشە کە هەڕەشەیان لە بازرگانەکانی تووتنی سلێمانی و دەورو بەری دەکرد کە دەویسترا کوردستان لە عراق جیا بێتەوە، ئەو ئینگلیزانە پێیان دەووتن:

*ئەگەر ئێوە لە عیراق جیا ببنەوە ئەی تووتنەکەتان دەبەن بۆ کوێ؟*

لە دۆکیومەنتەکانی ناو ئەرشیڤی بریتانیادا کە لە شوێنی خۆیدا لێی دەدوێین یەکێک لەو هۆیانەی کە ئینگلیز دەیویست کوردستان بە زۆرەملی بلکێنێت بە عراقەوە ئەوە بووە کە هەمیشە دانیان پیا داناوە کە تووتنی کوردستان ساڵی (٢٠٠) هەزار پاوەن دەرامەدی بووە بۆ حکومت کە ئەوە سەرمایەیەکی ئێجگار زۆر بووە لەو ڕۆژانەدا کە ئینگلیزەکان ویستوویانە بە هۆی ئەوەوە پارەی تەرخانکراوی خۆیان بۆ عراق بەپێی ئەوە کەم بکەنەوە.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی دەرامەدی تووتن لە خوارووی کوردستانداو فڕو فێڵەکانی خۆی بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی باجی تووتن دەڵێ(٤٥):

*«شێخ مەحموود هەوڵێکی زۆری دا بەبێ ووچان بە شێوەیەکی ڕەسمی دانی پیا بنرێ کە وەکو سەرۆکی دەوڵەتێکی کوردیی فراوان حسابی بۆ بکرێ.*

*لەو ڕۆژانەدا ئەو پارانەی کە ئێمە لە خزینەی سلێمانیدا بەجێمان هێشتبوو لەدوای سێ هەفتە هەمووی وەکو دیاری بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکاندا دابەش کرا جگە لە مصاریفی هات و چۆی خۆیان و دەست و پێوەندەکانیان بەو جۆرە لەو کاتانەدا پارە لە خزینەدا نەمابوو، بەڵام کاتی پێگەیشتنی تووتن هاتبوو، تووتن هێنان بۆ عەمارەکانی گومرک دەستی پێ کردبوو کە ڕەسمی گومرکی ئەو تووتنانە لەو ڕۆژانەدا سەرچاوەی دەرامەدو دەسکەوتێکی باش و گرنگ بوو، لەبەر ئەوە شێخ مەحموود بڕیاری دا لە ١٠٪ی باج لەو تووتنانە بسێنێت (ئینگلیزەکان کە خۆشیان*

*دەستیان گرتبوو بەسەر ناوچەکەدا لەدوای ئاوارەکردنی شێخ مەحموود بۆ هندستان لە ماوەی ١٩١٩-١٩٢٢دا هەر هەمان رێگەیان گرتبووە بەرو کە هەندێ جار لە نووسینەکانیانا باسی ئەوەیان کردووە کە مانگی (١٥) هەزار روپیە دراوە بە شێخ مەحموود هەر لە دەرامەدی تووتن و باجی کشت و کاڵ و مەڕو ماڵات داویانەو لەبەرو بوومی ناوچەکەی کوردستان خۆی بووە)، کە ئەو باجەی بەپێی یاساو بڕیار دەسنیشان کرابوون شێخ مەحموود دەستی کرد بە کۆکردنەوی ئەو باجانە، لەبەر ئەوە من (ئەدمۆنس) بڕیارێکم دەرکرد کە ئەو پسووڵانەی لە سلێمانی درابوون بەرامبەر بەو لە ١٠٪یەی کە بە ناوی باجەوە درابوو هیچی نەچێت، بەڵام مدیری گومرکی گشتی لە بغداد بەرهەڵستیی ئەو بڕیارەی منی کردو ئەوەی منی بە دەس درێژی کردن دانا لە کارو باری دائرەکەیدا.*

*ئەو کابرایە لەوە نەگەیشتبوو من نیازم چی بوو لەو بڕیارە!!، بەڵام خەڵک گوێی نەدایە بڕیارەکەی من و باجی خۆیان هەر دەدا بە شێخ مەحموودو هیچ بەلایانەوە گران نەبوو کە ئەگەر ناچار بکرانایە دووبارە ئامادەبوون باجێکی تریش بدەن»*

ئەو دەس درێژی کردنەي ئەدمۆنس و ئەو گزی و زۆڵێتییەی بۆ دوو مەبەست بووە:

١- بۆ ئەوەی دەرامەدێکی تەواو بۆ دەزگاکانی حکومەتی عێراق زیاد بکا کە ئەو زیادکردنە سوودی خۆیانی تیا بووە چونکە بەوە پارەی تەرخانکراوی بریتانیا بۆ عێراق بەپێی ئەو دەسکەوتەی لە تووتن وەردەگیرا کەم دەبووەوە.

٢- بۆ ئەوەی شێخ مەحموود دەست کورت بێ و هەمیشە ناچاربێ دەست لە ئینگلیزەکان پان بکاتەوەو توانای ئەوەی نەبێ بە دەرامەدی تووتن کارو باری دەوڵەتەکەی بە شێوەیەکی باشترو تێرو تەسەلتر لە جاران ببا بەڕێوە.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی بایەخدانی شێخ مەحموود بە پەرەسەندنی کشت و کاڵ و بەرهەمی دارو درەخت دەڵێ(٣):

*«کە شێخ مەحموود ملک بوو وە دەسەڵاتی هەبوو لەبەر کارێزەکەی ژوورووی مەڵکەندی باخێکی زۆر گەورەی دروست کرد لەگەڵ حەوزێکی گەورەدا (ئەوەی*

*ئەحمەد خواجا باسی کردووە تا سەردەمی منداڵیی ئێمەش شوێنەواری ئەو حەوزەو دار توویەکی گەورە لەو شوێنەدا مابوو کە پێی دەوترا حەوزی ملک و تووی ملک کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک هەندێ دارو درەختیش مابوون کە بووبوون بە شوێنی سەیرانکەران).*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«ڕووی پیوانەی ئەو باخە (۱.) دونم ئەبوو، تەمامی لە هەموو جۆرە میوەیەکی لە شارباژێرەوە بۆ هێنراو لەو باخەدا نێژرا، بەڵام لەدواییدا کە شێخ مەحموود بە هۆی فرۆکەی ئینگلیزەوە ناچار کرا سلێمانی بەجێ بێڵێ و ئینگلیز دەستی گرت بەسەر ناوچەی سلێمانیدا، بۆ وێرانکردنی شوێنەواری ئەو باخ و حەوزە، حەوزەکەیان پڕ کردەوەو صالح پاشا کە سکرتێری ماڵی بوو (لەپێشتردا باسمان کرد کە لەدوای ئاوارەبوونی شێخ مەحموود گۆڵدسمیث حاکمی سیاسیی سلێمانی چەند فەرمانبەرێکی دانابوو صالح پاشا یەکێک بووە لەوانە) بۆ ئەوەی خۆی لە ئینگلیزەکان بباتە پێشەوە، بێجگە لە پڕکردنەوەی حەوزەکە داری میوەکانیشی بڕییەوەو لە ریشە هەڵی کێشان».*

بێگومان دەزگای دارایی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود گەلێ تەقەلای دابوو بۆ ڕێکخستنی کارو باری ئابووری و دارایی بەڵام ئینگلیزەکان هەر ڕۆژە گێچەڵێکیان دەکردو بە هەموو جۆرێک دەیانویست دەسەڵاتی کەم بکەنەوە...

وەکو ووتمان لە کاتی حوکمدارییەتی دووهەمی شێخ مەحموودا بۆ ڕێکخستنی کارو باری دارایی (پوول)یش خراوەتە ناو بازارەوە بۆ بەکارهێنانی لە نووسینی سکالا (عریضە) وە هەر وەکو پوولی ئەم ڕۆژانە بەکارهێنراوە لە کارو باری دەزگاکانی دەوڵەتی خوارووی کوردستاندا.

## دووهەم: دەزگاکانی رۆشنبیری و رۆژنامەکان

لە ماوەی حوکمدارییەتی یەکەمی شێخ مەحموودا لە ١٩١٨/١١/١ هەتا ١٩١٩/٦/٢٣ کە تەمەنی ئەو حوکمدارییەتە لە هەشت مانگ کەمتر بووە، شێخ مەحموودو هاوکارەکانی لەو ماوە کەمەدا فریای ئەوە نەکەوتبوون کە بیر لە دەرهێنانی رۆژنامەیەک بکەنەوە کە بیکەن بە ئۆرگانی ئەو حوکمدارییەو ئەو دەرامەدە کەمەی کە لەو رۆژانەدا هەبووە بەشی چارەسەرکردنی ئەو برسێتی و گرانی و رەش و رووتییەی نەکردووە کە لە شەڕی جیهانیدا هەموو ناوچەکە پێوەی گرفتار بووبوون و خەڵک لەو رۆژانەدا هەڵپەی ئەوەی کردووە کە خۆی پۆشتەکاتەوەو ماڵ و منداڵی تێر بکاو ئەوە بوو زۆری پێ نەچوو ئینگلیزەکان لە شێخ مەحموودیان هەڵپێچاو دەرفەتی ئەوەیان نەدا بە خۆی و هاوکارەکانی بیر لە هێنانی چاپخانەیەک و دەرکردنی رۆژنامەیەک بکەنەوە.

بەڵام کە شێخ مەحموود ئاوارە کرا وەکو لەپێشتردا بە دوورو درێژی باسمان کرد، مێجەر سۆن بۆ رواڵەت و پڕۆپاگاندەکردن بۆ خۆی و بۆ عەدالەتی خۆی و مەبەستی بریتانیا بەرامبەر بە کوردو بۆ ئەوەی لەوانەی بگەیەنن کە پەیمانی ئاشتییان مۆر کردبوو وە بۆ ئەوەی لە عصبە الامم بگەیەنن کە کوردیش لە میسۆپۆتامیادا وەکو نەتەوەیەک مافی خۆی دراوەتێ، بۆ ئەو مەبەستە مێجر سۆن بەپەلە چاپخانەیەکی نیوداشتی هێناو دەستی کردبوو بە دەرهێنانی رۆژنامەی پێشکەوتن کە لە شوێنی خۆیا بەرلەمە بە دوورو درێژ لێی دواین.

هەروەها باسی ئەوەش کرا کە بەرلەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی لەلایەن (جمعیتی کوردستان)ەوە کە بە ماوەیەکی کەم بەرلەهاتنەوەی شێخ مەحموود پێکهاتبوو رۆژنامەی (بانگ کردستان) دەرکرا کە لەسەرەتادا ئەو رۆژنامەیە ئۆرگانی ئەو جمعییەتە بووەو دوای ئەوە تا ژمارە (١٣)ی بوو بە ئۆرگانی دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان لەسەرەتای دروست بوونیا هەتا لەدواییدا بانگ

کوردستان وازی لێ هێنراو لەجیاتی ئەوە رۆژنامەی (روژ کوردستان) دەرچوو کە بوو بە ئورگانی دەوڵەتی کوردستان.

بۆ ئەوەی چاوێک بە ناوەرۆکی ئەو رۆژنامانەدا بگێڕێن کە دەتوانین وەکو سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ گێڕانەوەو تۆمارکردن و دەسنیشانکردنی رووداو و بەسەرهاتەکانی ئەو رۆژانە پەنای بۆ بەرین کە بێگومان لە هەموو سەرچاوەو یاداشتەکانی تر زۆرتر بەراستی دێنە بەرچاو چونکە لە کاتی خۆیدا نووسراون و هەرچی بووەو روویداوە تیایدا بلاْوکراوەتەوە بە پێچەوانەی یاداشتەکان کە دوور نییە بە هۆی ئەوەی کە درەنگ نووسراونەتەوە زۆر شتی تیادا نەخرابێتە بەرچاو یا بە جۆرێکی تر خرابێتە بەرچاو.

بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستم زانی لێرەدا یەکە یەکە باسی ئەو رۆژنامانە بکەم کە لە کاتی حوکمدارییەتی و لە کاتی بوونی شێخ مەحموود بە ملکی کوردستان دەرچوون.

## یەکەم: رۆژنامەی بانگ کوردستان

ئەم رۆژنامەیە وەکو لەپێشتریشدا لێی دواین لەپێشدا ئورگانی جمعیتی کوردستان بووە لە سلێمانیدا کە بە زمانی کوردی و تورکی و فارسی لە سلێمانیدا دەرچووە.

جەمال خەزنەدار لە لاپەڕە (٢٧)ی [رابەری رۆژنامەگەری کوردی [٦١] دەربارەی رۆژنامەی (بانگ کردستان) دەڵێ:

*«بانگ کردستان رۆژنامەیەکی عیلمی، أجتماعی، أدبی، حرّ و سەربەست و میللیی هەفتەیی بوو لە شاری سلێمانی دەرچووە، ژمارەی یەکەمی رۆژی ٢/أغستۆسی ساڵی ١٩٢٢ دەرچووە وە ژمارە (١٤)ی لە رۆژی ٢٧/ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا دەرچووە، خاوەن ئیمتیازو مدیری مسئول و سەرنووسەر مستەفا پاشا یامولکی بووە، تەنیا (١٤) ژمارەی لە سلێمانیدا لێ بلاْوکراوەتەوە».*

جمال خەزنەدار کارێکی زۆر باشی کردووە کە لە ساڵی ١٩٧٤دا فۆتۆکۆپیی هەموو ژمارەکانی بانگی کوردستانی بلاْوکردۆتەوە لەگەڵ فۆتۆکۆپیی ژمارەکانی رۆژنامەی (روژ کوردستان).ئەوەی باری سەرنجە لەو رۆژنامەیەدا ئەوەیە کە لە ژمارەی یەکەمەوە

هەتا ژمارە (١٣)ی کە لە رۆژی ١٩٢٢/١١/٣دا دەرچووە بریتی بووە لە ئۆرگانی جمعیتی کوردستان و حوکمدارییەتی شێخ مەحموود، بەڵام ژمارە (١٤)ی کە لە سلێمانیدا دەرچووە ئینگلیزەکان دەریان کردووە کە لە شوێنی خۆیدا لێی دەدوین.

صاحب امتیاز و مدیر مسئول
مصطفی پاشا

محرر کوردی و فارسی
علی کمال و م. نوری

هەر وشتیك مراجعت
صاحب امتیاز اکری

محرر تورکی
رفیق حلمی

بو خرج بدل آبونەی
٣ مانگی دو ٦ مانگی چوار
سالکی ٨ روپیەیە
اعلانات بەدو دیر
٥ آنە دەبریت

# بانگ کردستان

(زمان کوردزو رم رابوردو ایستا پالوان علمە)
(سلاح دستە صنعت بارقۀ تیغ ... علمە)

نسخەیکی بە ٢ آنە

علمی، اجتماعی، ادبی، فرقەیکی حر و سربست ملیە
هفتە جایك دردچی

٢ آغستوس
١٩٢٢

سال ١ ژمارە ١ [چوارشمە] ٨ ذی الحجە ١٣٤٠ ٢ آغستوس ١٩٢٢

بێجگە لەو (١٤) ژمارەیە مصطفی پاشا یامولکی لە ساڵی ١٩٢٦دا سێ ژمارەی تری بە ناوی رۆژنامەی بانگی کوردستانەوە لە بغداد دەرکردووە کە زنجیرەی ژمارەکانی (١٤-١)و (١٤-٢)و (١٤-٣) بوون کە لە شوێنی خۆیدا لە باسی رووداوەکانی ساڵی ١٩٢٦دا باسی ئەو سێ ژمارەیەش دەکەین.

بانگی کوردستان ئەو ژمارانەی کە لە سلێمانیدا دەرچوون، ئەو (١٣) ژمارەیەی کە باسمان کرد لەسەر هەر (١٣) ژمارەکە نووسراوە: صاحب أمتیاز و مدیر مسئول و سرمحرر مصطفی پاشا.

له ژماره (١) هەتا ژماره (٦) لەسەر هەموویان نووسراوە: محرر کوردی و فارسي علی کمال (نیاز له علی کمالی باپیر آغای شاعر بووه)و م. نوری (نیاز له نوری شێخ صالحی شاعر بووه)و محرر تورکی رفیق حلمی بووه، بەلاّم له ژماره (٦) بەدواوە تا کۆتایی ژماره (١٣) ئیتر تەنها ناوی علی کمال و م. نوری بەسەرەوە ماوە که محرری کوردي و فارسي بوون و ناوی بەشی تورکی نەماوەو رفیق حلمی ناوی نییه ئەگەرچی رفیق حلمی له هەندێ ژمارەشدا هەندێ شتی به تورکیی تیادا بلاّوکردۆتەوە.

وەکو لەپێشتردا لێی دواین له ژماره (١)ی ئەو رۆژنامەیەدا باسی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری (جمعیتی کوردستان)ی تیادا بلاّوکراوەتەوە.

له ژماره (٢)یدا که رۆژی ٤/آب/١٩٢٢ بووه له یەکەم لاپەڕەیدا باسێکی تیایه به ناوەی (ألین هیئت ناصحه له بغدادەوە دێت) که حەزم کرد دەقی ئەو باسە وەکو خۆی بلاّو بکەمەوە:

*«لم روژانەدا شائعەیک هیه دلین هیئتیکی ناصحه له بغدادەوه دیت بۆ کوردستان.*

*١- تیناگین أم هیئته به أمری کی دیت؟ به تنسیب چه کسانی ریکخراوه؟*

*٢- نازانین أمانه که دین نصیحت چمان دکن؟*

*٣- اگر مقصودیان أمەبي نصیحتمان بکن تابع عراق بین وختی خوی لام باش نیه بیژراوه و فکر کُردایتي هتا بیت رگ دا دکوتی و (بانگ کردستان) لەگل معارف بو ترقی و تنویر کردان سعی و کوشش دکات أمجا لبر أمه نازانین أم هیئت ناصحەیه بو دین و چی دلین»*

لەو باسەدا کۆتاییەکەی بەم دێڕە شعره هێناوە:

*کُرد أوند کردن به صد شیطان له کُردی ناکەون*
*أیکه خلقی بوچی بو خوی درد سر پیدا دکا*

*«آفرین بو ناظم أم بیته»*

له لاپەڕە (٢و٣)ی ژماره (٤)ی بانگی کوردستانی رۆژی ١٩٢٢/٨/٢٨دا

نامەیەکی تیادا بلاْوکراوەتەوە کە لە ١١/تموزی/١٩٢٢دا لە ئەستەمبولەوە لە کاتی خۆیدا نێرراوە بۆ رۆژنامەی پێشکەوتن کە دیارە فریای بلاْوکردنەوەی نەکەوتووە، یا نەیویستووە بلاْوی بکاتەوە، کە لەو نامەیەدا داوا کراوە هەوڵ بدرێ ئەمانەی خوارەوە رێگەیان پێ بدرێ کە بگەڕێنەوە بۆ عراق (لە ئەستەمبولەوە):

١ـ حاجی عبد الرحمن زادە ـ بیکباشي محمد امین (کە وا بزانم امین زەکی بەگ بووە)

٢ـ زهاوی زادە ـ مصطفى کامل ـ یوزباشي أرکانی حرب

٣ـ آلوسي زادە أبراهیم – طبیب

٤ـ ثابت بگ زادە ـ نوری (کە بێگومان مەبەست لە نوری ثابت ـ حبزبوز بووە).

هەروەها لە ژمارەی چوارەمەوە هەتا ژمارە (٩) باسی شۆڕشەکانی سمایلخانی شوکاکیی تیادا بلاْوکراوەتەوە دژی حکومەتی أیران و باسی سەرکەوتنەکانی سمکۆی کردووە کە وا ئێمەش لێرەدا لە هەندێکیان دەدوێین:ـ

لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٥)ی ٤/ایلولی/١٩٢٢دا دەربارەی ئەو شەڕەی سمکۆ و ایران نووسیویەتی:

سمکو و عجم

*«بنا لە أخبار أستامبول غزتەء الرافدین نوسیویە کە لەشکر سمکو داخل تبریز بوە. وزارت طهران لە خوفا طلب معاونت و أمدادی لە فرقەء یازدهم بولشەویک (روسیە) کردوە:*

*صبا هلسە دخیلت بم برو بو (چاری) لای سمکو*
*بلی تاوی بدا أسپی هتا تبریز و قافلان کو*
*همو کرمانج کرمنشاە بە آواتن بە جان و دل*
*(سنە) حاضر همو خلقی دلین: بێ لشکری سمکو*

لە ژمارە (٦)ی ١٨ی ایلولدا لە لاپەڕە (٥)یدا دەربارەی شەڕەکانی سمکۆ بە شعرێک دەڵێ:

*بشارت بي دلين سمكو هجومی کرده سەر ایران*
*بلاوەی کرد عجم تیکچون وکو ریوی لبر شیران*
*شبیخونیکی مردانه شکاک و هرکیان کردی*
*بلندی کرد بحمد الله کلاه طبلهء کردان*
*دسا کردان فداتان بم همو هلسن بە یکجاره*
*نتیجهء أم شره خیره کە أستقلاله بو کردان*

لە لاپەڕە (١)ی ژمـــــارە (٦)ی رۆژی ١٨/ایـلـول ١٩٢٢دا بـاسی چۆلکـردنی سلێمـانیی تیـایه لەلایـەن ئینگلیـزەکـانەوە لەگـەڵ تسلیم کـردنی خزینەو کـارو باری سلێمانی بە سەرۆکی مـجلسی میللی (شێخ قادر) لـەگەڵ باسی ئەو پڕۆپاگاندانەی لەو رۆژانەدا تورکخواکان بلاۆیان دەکردەوە کـە عسکری تورک دێنە ناو سلێمانییەوە (لە باسی کـشانەوەی هێزی ئینگلیـز لە سلێمـانی بەرلـەمـە بە دوورو درێژی لێی دواین).

لە ژمـارە (٧)ی رۆژی ٢٢/ایـلـول/١٩٢٢دا چەند باسـێکی تیـادا بلاۆکـراوەتەوە دەربارەی چوونی وەفـدێک لە سلێمـانیـیەوە بۆ کفری بۆ ئەوەی بچنە خزمـەتی شێخ مەحموود.

لە لاپەڕە (٤)ی ژمـارە (٨)ی رۆژی ٢٩/ایلولدا هەواڵێکی تیـایە دەربـارەي هاتنی صدیق پاشا القادری و ئەو ئەفسەرانەی تر وەکو:

*بیکباشي أرکان حرب توفیق وەهبی بگ و بیکباشي خالد سعید و یوزباشي رشید افندی و مـلازم أمین آفندی و مـلازم حکمت افندی و مـلازم عـبد العزیز أفندی و ملازم رواندزلی أمین أفندی* کـە دەڵێ *لە ٢٥/ایلولدا گەیشتە سلێمانی و رۆژنامەکە بەخێرهاتنیان دەکا.*

لە لاپەڕە (٥)ی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٩/دا دەڵێ:

*«لە أذکیای کورد قزاز زاده سعید أفندی لە سر تنسیب مجلس مللی کردستان بە معلم أنگلیسي مکتب سلیمانی تعین کراوە. تبریک و دعای موفقیتی اکین».*

له ژماره (٩)ی ٨/ . ١/ ١٩٢٢دا له لاپەڕە (٣،١) باسی پڕۆپاگـاندەی تورکەکـان دەکاو ئەو پڕۆپاگاندانەیان بە درۆ دەخاتەوە کە بلاوٚیان کردبوو گوایا ئەو وەفدەی کە چووبوون بۆ کـفـری بۆ پێشـوازی کـردن لە شـێخ مـەحـمـوود گـیـرابوون... لـە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموودا دەقی ئەو بەدرۆخستنەنەوەمان بلاوٚکردووەو پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

له ژماره (٩)ی ٨/ . ١/ ١٩٢٢ لە لاپەڕە (٦)دا هەواڵێکی تیایە دەربارەی سمکۆ دەڵێ:

*«ماوەیەک بوو هەواڵی سمکۆ نەبوو، بەڵام دوێنێ لە (بانە)ەوە هەواڵی گەیشتوە کە (چاری)ی مـقـری خـوی لـە ایرانەکـان سندوتەوەو لە ژێر ئەو هەواڵەدا ئەم سێ دێڕە شعرە نووسراوە:-*

*بکێشه خنجرت سمکو بده نعره هتا توران*
*سلامی که له شاەرایی که یاره بو همو کردان*

*نهایت ده به قاجاران که جای قاجار له تورانه*
*ولی جای پهلوی و فرسان تواوی ملک ایرانه*

*دسا دیبو کریان هلسن لگل منگور به آزانه*
*ببستن رەی فراری (......) أسیری کن به مردانه*

له ژماره (. ١)ی بانگ کردستاندا أرادەی ژماره (١)و (٢) حوکمداری کوردستان تیادا بلاوٚ کراوەتەوە کە بەرلەمە دەقی هەردووکیمان بلاوٚکردەوە.

له لاپەڕە (٤)ی ژمـاره (. ١)ی ١٥/ . ١/ ١٩٢٢ دەربارەی سەرکەوتنەکانی سمکۆ نووسیویەتی:

*سمکو (سردار نصرت اسماعیل خان)*

*«له میناغا کـه رئیس عشیرت گـەورک طرف سقزه و خوی أیستا له دیي کندەسوره (تابع بانه)یـه روایت حاکـی دکن جناب سـمکو (اسـمـاعـیل خـان) أز سرنو شـهـر أورمیـهء أستیلاو أسترداد کـردوەو عشایر کردان أو طرفانه حتی گلباخی و سائرەی*

جهت سقز و جوار سنەش بو معاونت سمکو بالعموم حاضرن و حکومت أیرانیش أم جاره لە همت و ثبات کُردان تی گیشتوەو بو مذاکره و ریکوتن خبری بو سمکو ناردوه.

معلوم أبي کە خبر تشکل حکومت مستقلەی کردستان لە سلیمانیدا دەمار حمیّت و غیرت کردانی هیناوەتە حرکت:

دسا کردان بەقربانتان همو یک بن وکو شیران
رها بن تا خدا بیکا لە ظلم دائمی ایران

دوا ژمارەی بانگ کردستان وەکو ووتمان ژماره (١٣) بووه که ئورگانی دەوڵەتی کوردستان بووەو ژماره (١٤) ئینگلیزەکان دەریان کردووه لە ٨/حزیرانی ١٩٢٣دا کە لە لاپەڕە (٤)ی ئەو ژمارەیەدا ئەم اعـلانەی تیـادا بڵاوکـراوەتەوە (ئەو کـاتە شـێخ مەحموود لە سلێمانیدا نەماوە):.

بو عموم دوائر حکومت

اوانەء کە لە زمان شیخ محمودا تعین بون و مأموریتیان دراوەتی عموما وظیفەیان لغوه. لە أمانە هر کسي آرزوی مأموریت و خدمت حکومتی هیە مراجعت بە جناب مأمور سیاسي بکات کە لەگەل اوردوی حکومت فخیمەدایه.

أوانە بە مأمور دناسرین کە ناویان لە دائرەء سیاسي نوسراوەو تعلیق کراوه.

مأمور سیاسي با أوردوی حکومت فخیمە

میجر . ادمونس


٥/جون/١٩٢٣

## دووهەم رۆژنامە :(رۆژ کوردستان)

دەربارەی رۆژنامـەی رۆژ کـوردسـتان، جـمال خەزنەدار لە رابەری رۆژنامـەگـەریی کوردیدا چاپی ساڵی ۱۹۷۳ لە لاپەڕە (۲٦)دا دەڵێ[٦١]:

*«رۆژنامەی رۆژ کوردستان رۆژنامەیەکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی رەسمی بووە، هەفتەی جارێک لە شاری سلێمانی دەرچووە، خاوەن و لێپرسراوی (م. نوری) بووە، یەکەم ژمارەی رۆژی ۱۵/ ۱۱/ ۱۹۲۲ دەرچووە تەنیا (۱۵) ژمارەی لێ دەرچووە کە دوا ژمارەی لە ساڵی ۱۳٤۱ رومی بەرامبەر ۳/مارتی/۱۹۲۳دا دەرچووە.*

*ئەوەی شایانی باسە لەو رۆژنامەیەدا ئەوەیە کە ژمارە (۳)ی دوو جار دەرچووەو بڵاوکراوەتەوە بەبێ ئەوەی ئەو هەڵەیە لە رۆژنامەکەدا راست بکرێتەوە».*



روژ کوردستان — صحیفه ۱

صاحب امتیاز و مدیر مسئول
م . نوری

محرر
علی کمال

اعلانات یك دیری
۳ آنه ده سیتریت

بدل آبونه
۳ مانك یك ٦ مانك دو
سالیکی چوار روپیه یه

روژکوردستان

بو همو شتیك مراجعت
به مدیر مسئول اکری

بوخارج اجرت پوسطه
علاوه ده کری

تاریخ انتشار
۱۵ تشرین ثانی ۱۹۲۲
سلیمانی

سیاسی و ادبی ، اجتماعی ، غزته‌یکی رسمی یه
نسخه‌ی به آنه یك — هفتة جاریك دردچی — نسخه‌ی به آنه یك

سال ۱ ژماره ۱ [ چوارشمه ] ۲۵ ربیع الاول ۱۳٤۱ ۱۵ تشرین ثانی ۱۹۲۲

لێرەشدا هەوڵ دەدەین وەکو چۆن باسی بانگی کوردستانمان دەکرد، ئەو هەواڵ و باسە گرنگانەش کە لە رۆژی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە باسیان بکەین.

جارێ بۆ روونکردنەوەی ئەو ژمارە (٣)یەی کە دوو جار دەرچووە ژمارەی (٣)ی یەکەمیان لە ١٩٢٢/١١/٢٩دا دەرچووەو ئەوی تریان لە ١٩٢٢/١٢/٦دا دەرچووە.

رۆژنامەی رۆژی کوردستان بە کوردی دەرچووەو جارو باریش هەندێ هەواڵ و باسی بە تورکیی تیادا بڵاوکراوەتەوە.

لە ژمارە (١)ی رۆژی ١٥/ ١٠/ ١٩٢٢ لە لاپەڕە (١)دا روونکردنەوەیەکی تیادایە کە لەلایەن م.نوری (نوری شێخ صالح)ەوە بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:

*«مصطفی پاشا یامولکی (کە لەو رۆژانەدا کرابوو بە رئیس یا وەزیری معارف) لەبەر کارو باری رسمی وازی لە غزتەی بانگ کردستان هیناو أم رۆژنامەیە (روژ کردستان) کە لە جێی بانگ کوردستان دەرئەچیت بە أرادەء حضرت جلالت ملک کردستان دام شوکتە بم ناوەوە تودیعی بندەکرا».*

*مدیر مسئول*

*م.نوری*

هەر لە لاپەڕە (١)ی هەمان ژمارەدا بە پێنووسی عارف صائب وەرامێکی تیایە بۆ رۆژنامەی (العراق)ی بغدادی کە بێگومان لەو رۆژانەدا کە شێخ مەحموود اعلانی ملکی کوردستانی کردبوو مێجەر سۆن رۆژنامەی (العراق)ی هانداوە کە گاڵتە بە حکومەتەکەی شێخ مەحموود بکات و عارف صائب لەو ژمارەیەدا بەرپەرچی ئەو رۆژنامەیەی داوەتەوە کە لە باسێکیا کوردستانی تەنها بە لیوای سلێمانی حساب کردووەو سلێمانیشی بە بەشێک لە عراق دانابوو بە بیانووی ئەوەی کە کوردستان بەبێ عراق ناژی و ئەویش هەر بەیت و بالۆرەی ئینگلیزی لێ دابووەوە لەو رووەوە.

وا دیارە رۆژنامەی العراق وەرامی ئەو بەرپەرچدانەوەی عارف صائبی دابووەوە بۆیە دووبارە عارف صائب لە ژمارە (٣)دا (کە ووتمان دوو جار دەرچووە) لە ژمارەی ٢٩/ی تشرینی دووهەمی ١٩٢٢دا وەرامێکی تری ئەو رۆژنامەیەی داوەتەوەو بەم

تاقە شیعرە کۆتایی بە وەرامەکەی هێناوە:

*خاک پاک ملتی کورد مولکی باوکی خویەتی*
*پیم بلین أم خلقە بوچی خوی و هابدناو أکا*

دوای ئەو وەرامدانەوەیە ئینجا رۆژنامەیەکی تر لە بغداد کە رۆژنامەی (دجلە) بووە، رۆژنامەی دجلە لە بڵاوکراوەیەکی رۆژنامەی (نجمە) کە لە کرکوک بە چاودێریی ئینگلیزەکان دەرچووە وا دیارە رۆژنامەی نجمە باسی قابینەکەی شێخ مەحموودو هەڵکردنی بەیداغی کوردستانی لە سلێمانیدا بڵاوکردۆتەوە، رۆژنامەی (دجلە) دیارە لەوە تەنگەتاو بووەو ووتوویەتی: سلێمانی کە ئیمرۆ کوردستانە ئێمە بە لیوایەکی عراقی دەناسین و داخل کراوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەری تیادا بکرێ و بە هیچ جۆرێک لە عراق جیا نابێتەوە.

لە وەرامی ئەوەدا عارف صائب لە ژمارە (٣)ی رۆژی ٦/کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا وەرامی رۆژنامەی (دجلە)ی بە دوورو درێژی داوەتەوە کە ئەمەی خوارەوە کورتەی ئەو وەرامەی عارف صائبە:

*«جێ ی سەر سورمانە نیە کە تنها سلیمانی بە کورد دانراوە، وا لە سایەی جریان سیاسی و خزمت برگزیدانەی وطن پرورەکانمانەوە ئیمرۆ لە شوانیکی لادیی بپرسي چون سنورو چوار لای خانوەکەی خوی ئەزانێ، بەو جورەش حدودی طبیعی کوردستانی لەبەر کردوە.*

*بەڵێ: ئیمە حدودو حقوقی خومان ئەزانین و ئەبي خەلقیش حق و حدودی خوی بناسێت»*.

عارف صائب لە کۆتایی وەرامەکەیدا دەربارەی برایەتیی و پەیوەندیی کوردو عەرەب دەڵێ:

*«ئیمە بە همو موجودیت خومانەوە بجان و جگر حظ بە دوستی و برایەتی و سعادت ام دو حکومت و میلتە اکەین (نیاز لە عەرەب و کورد بووە)»*.

عارف صائب بەم شعرە چوار خشتەکییە بە فارسی کۆتایی بە وەرامەکەی هێناوە:

*ماچو ألفت باكسي بستيم ديگرنشكينم*
*گر همه زهر است چون خورديم ساغرنشكنيم*
*پيش ما ياقوت ياقوت است گوهر گوهر است*
*رسم ما اين است، يعنى قدر گوهر نشكنيم*

---

له لاپەڕە (٤)ی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی روژ كوردستاندا كە ڕۆژی ١٥/١١/١٩٢٢ دەرچووە باسی چاپكردن و بلاوكردنەوەی دیوانی (مەحوی)ی تیادا بلاوكراوەتەوە كە ووتوویەتی بە (٨٢) لاپەڕە لە چاپخانەی سلێمانی چاپ كراوە.

لە ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٢/١٢/١٩٢٢دا لە لاپەڕە (١)دا لە ناو چوار گۆشەیەكی ڕەشی ماتەمیدا هەواڵی كوشتنی جمال عرفانی تیادا بلاو كراوەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

*ضياعيكى گوره*

*«لە أذكياو منوران وطن عرفان زادە جمال بگ شوی چوارشمەء رابوردو ١٣/١٢ای كانونی یەكەمی ١٣٣٨ رومی لطرف أشخاص مجهولەوە دەست ریژیكی لیٚ كراو دو گلە أصابتی كردو پاش ٣ سعات وفاتی كرد.*

*حقيقتا" ضياع أم ذاتە بو كوردستان موجب تأثر بو. بناوی أشراف و عموم أهالی مملكتەوە لە عائلەء محترمەیان بیان تعزیت و تمنای تسلیت اكین»*

*ڕۆژ كردستان*

لەڕاستیدا ئەو كوشتنەی جمال عرفان و دوای ئەویش كوشتنی عارف صائب بە هۆی شێخ محەمدی سیدە بچكۆلەوە لە ساڵی ١٩٢٣دا (رفیق حلمی لە لاپەڕە (٤٠)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەكانیا دەڵیٚ: «جمال بە دەستی هەندیٚ مەرگەیی دوژمنی خۆیەوە بە كوشت چوو») كارێكی ناڕەوا بووە وە شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێك حەزی بە كوشتنی كەس نەكردووەو ئەگەر دڵی لە یەكێك یەشابیٚ زوو لێی خۆشبووەو قین هەڵگر نەبووە.

جارێك توفیق وەهبی باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ كردین كە سەرەتای دامەزراندنی دام و

دەزگاکانی حوکمدارییەتی شێخ مەحموود بووە، ووتی لەو رۆژانەدا تورکخواکان وەکو هاریان لێ هاتبوو، هەر کەس سەر بە تورک نەبوایە بە کافرو بە پیاوی ئینگلیزیان دادەناو جارێک لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شێخ مەحموودا صدیق پاشای قادری بە شێخ مەحموودی ووت:

*«قوربان بۆ ئەوەی دەزگای حوکمدارییەت پتەو بێ پێویستی بە چاوترساندنی خەڵک هەیە کە ئەمەش بەوە پێک دێ لەبەر دەرگای سەرا چەند کەسێک بۆ چاوترسێن هەڵواسرێ ئیتر ئارام و ئاسایش لە هەموو شوێنێکدا پەیدا دەبێ. توفیق وەهبی ووتی لەبەر چاوی خۆم شێخ مەحموود وەرامی دایەوەو پێی ووت: پاشا ئێمە بۆچی بۆ ئەوە هاتووین خەڵک هەڵواسین یا بۆ ئەوە هاتووین خەڵک لە هەڵواسین رزگارکەین؟!».*

توفیق وەهبی دەربارەی کوشتنی جمال عرفان ووتی: لەو رۆژانەدا نەک تەنها بۆ جمال عرفان بەڵکو مەلا کەللەڕەقەکان بە هاندانی تورکخواکان لیستەیەکیان کردبوو بە ناوی ئەو کەسانەوە کە پێیان دەوتن (کافر یا فەرمەسۆن) کە بڕیار بوو بکوژرێن و ناوی منیش لەناو ئەو لیستەیەدا بوو بەلاٌم جمال عرفان زۆر سەرگەرم بوو بۆیە کاسەکە هەمووی بە ناڕەوا لەسەری ئەوا شکایەوە.

لە هەندێ شوێنی تریشدا باسی کوشتنی عارف صائب کراوە کە شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا ستایشێکی زۆری عارف صائبی کردووەو دەڵێ سکرتێری باوکم بووەو یەکێک بووە لە دڵسۆزەکانی و کوشتنی عارف صائب زیانێکی زۆری بووەو باوکم بە کوشتنی عارف صائب زۆر دڵگیرو خەفتبار بووە.

لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٥)ی رۆژی کوردستاندا کە لە ٢٠ کانون اول ١٣٣٨ رومی دەرچووە هەواڵێکی تیادایە دەڵێ:

*«مفرزەی عسکری و پولیس کە لە مرکزی حکومتی کوردستانەوە نێررابوو بۆ چم چمال گەیشت و بەیداغی مبارکی کوردستانیان هەلکرد».*

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (٣٠)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەڵێ رۆژی ١٩٢٢/١٢/١٣ ئالاٌی کوردستان لە ناوچەی هەڵەبجەدا بە شادی و زمزمەوە

هەڵکراو دەڵێ لە رۆژنامەی ژمارە (٥)دا ئەو هەواڵە بلاْوکراوەتەوە، بەلاْم من ئەو هەواڵەم لەو ژمارەیەدا نەدی بەڵکو لە ژمارە (٤)ی رۆژی ١٩٢٢/١٢/١٣دا دەڵێ شێخ محمد غریب کە وەزیری داخلیە بووە چووە بۆ هەڵەبجەو بەیداغی استقلالی کوردستانی هەڵکرد.

بێجگە لەوە ئەحمەد خواجا دەڵێ رۆژی ١٩٢٢/١٢/٢١ ئالاْی حکومتی کوردستان لە چم چمالیش هەڵکرا کە ئەمەیانە لە ژمارە (٥)ی روژی کوردستاندا بلاْوکراوەتەوە وەکو باسمان کرد.

لە لاپەڕە (١و٣)ی ژمارە (٦)ی رۆژی ١٩٢٢/١٢/٢٧ی روژی کوردستاندا هەواڵێکی بلاْوکردۆتەوە دەربارەی باسکردني کێشەی موصل لە (لۆزان)دا (کە لە باسی پەیمانی لۆزاندا باسی دەکەین).

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە (٧)ی رۆژی ١٩٢٢/١٢/٣٠ی روژی کوردستاندا مژدەیەکی تیا بلاْوکراوەتەوە دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان هەر وەکو ئیملاکەی خۆی بلاْوی دەکەمەوە (بێگومان ئەوەی لەو ژمارەیەدا باس کراوە بریتییە لەو بەیانە دووقۆڵییەی بریتانیاو عراق کە لەدواییدا باسی دەکەین):

تبشیر

*بنا به تلغرافی کە لە مرخص کوردستان لە بغدادەوە هاتوە جناب کبتان چپمن وکیل مندوب سامی به ناوی حکومت متبوعەوە تبریک أستقلالیت کردستانی کردوە.ئیمەش تبریک و اعلان أم سعادتە مبارکەی قوم کورد اکین. و لە مقابلی او لطف و مرحمتە کە حکومت فخیمەء بریتانیا در حق بم ملتە بچکولەی کردوە عرض تشکرات و ممنونیت اکەین کە لمولا لە همو خصوصیکەوە بو ترقی و تعالی کوردستان همراهي و معاونتمان بفرموی.*

*ملک کوردستان*

*محمود*

*١٣٣٨/١٢/١٣ رومی*

(له باسێکی تایبه‌تیدا که بۆ پاشگەز بوونەوەی ئینگلیز تەرخان کراوه باسی چۆنیەتیی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز دەکەین لەو بەڵێنەی لەو رۆژنامەیەدا بلاوکراوەتەوه).

له ژماره (٧)ی رۆژی کوردستاندا چەند تیلیگرافێکی تیایه له نێوان شێخ مەحموودو سمکۆ و سید طەدا لەدواییدا له باسێکی تایبەتیدا که بۆ سمکۆمان تەرخان کردووه باسی ئەو تیلیگرافانه دەکەین.

له لاپەڕه (٤)ی ژماره (٧)ی رۆژی ١٩٢٢/١٢/٣٠دا اعلانێکی تیایه دەڵێ:

*«مفرزەء عسکرو پولیس له پایتخت کوردستانەوه بو قەضای رانیه اعزام کرابون، لپاش أوه که له لاینی عموم روءساو أشراف و معتبران و مأموران حکومتەوه أستقبالیکی زور محتشم کراون به کمال عزت و حرمتەوه داخل مرکز رانیه بون و بیداغی مبارکی کوردستانیان لەوێ هەلکردوه. الحمد لله أو بیداغه عزیزه أمرو له محیط رانیه تموج نمای حرمت و هیبته»*.

له هەمان لاپەڕەی ئەو ژمارەیەدا اعلانێکی سەرۆکی شارەوانی تیادایه هەر وەکو خۆی بلاوی دەکەینەوه:

*«دوقتوریکی حاذقی صاحب دبلومه به تخصصاتیکی زور مستوفی بۆ بلدیەء سلیمانی لازمه، له هر جیگا بي دوقتوریکی وا هیه یا به تحریرات یا به تلغراف مراجعت به بلدیەء سلیمانی بکاو به چه تخصصاتیک طلبی هاتنه بو سلیمانی أیضاحي بکا»*.

له لاپەڕه (٣)ی ژماره (٨)ی رۆژی ١٩٢٣/١/١دا لیستەیەکی دوورو درێژی تیادایه به ناوی ئەوانەوه که پارەیان پیتاک کردووه بۆ کڕینی چاپخانەیەکی تازه.

له هەمان لاپەڕەدا نامەیەکی تیادایه به ناوی سمکۆ (سمایلخانی شوکاک) که هاتووه بۆ سلێمانی و سوپاسی ئەوانەی کردووه که پێشوازییان کردووه ـ له باسی سمکۆدا لێی دەدوێین.

له لاپەڕه (١)ی ژماره (٩)ی ١٩٢٣/١/١٧دا سەرباسێکی تیایه به ناوی: کوردستان مالی کوردانەو دووباره لیستەیەکی تریش بلاوکراوەتەوه به ناوی ئەوانەی

پارەیان داوە بۆ کڕینی چاپخانەیەکی تازەو لە هەمان ژمارەدا چەند باسێکی تیایە دەربارەی (لۆزان).

لە ژمارە (١٠)ی ١٩٢٣/١/٢٤دا سەرباسێکی تیادایە بە ناوی:

(قصهء ناحق ردّ اکریتەوە) کە وەرامی ڕۆژنامەی العراق دەداتەوە کە وا دیارە دەبێ ڕۆژنامەی العراق دووبارە چەند شتێکی بڵاوکردۆتەوە کە ووتوویەتی:-

*١ـ لە ویلایەتی موصلدا تەنها سلێمانی بە کوردستان داناوە.*

*٢ـ ووتوویەتی لە لیوای موصلدا (٦٠) هەزار عەرەب هەیەو ئەوانەی خوار موصلیش هەموو عەرەبن.*

*٣ـ ئەو تورکانەی لە ویلایەتی موصلدان زۆر کەمن و پەیوەندییان بە کوردو کوردستانەوە نییەو کوردەکانیش أصلا تورکن (سەیر ئەوەیە نەی ووتووە عەرەبن)*

*٤ـ ڕۆژنامەی العراق ئەوەی بەدرۆ خستۆتەوە کە گوایا دانیشتوانی سلێمانی دەنگیان بۆ فیصل نەداوە.*

ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان یەکە یەکە وەرامی ئەو درۆ و دەلەسانەی (العراق)ی داوەتەوەو لە کوتاییدا بە ڕۆژنامەی (العراق)ی ووتووە:

*«أوانهء دانیشتوی دەشت و اراضیکی مسطح بون لبر أوەء کە زور أختلاطیان لەگل کراوە، بە مرور زمان زبانیان تیکلاوی یکتر بوە فقط أوانهء کە لە شاخ و داخدا مسکونن تا امرو کاملا محافظهء زبانی خویان کردوە».*

لە ژمارە (١٥)ی ڕوژی کوردستان ڕۆژی ٣/مارت/١٩٢٣ ـ کە دواژمارەی بووە) لە لاپەڕە (٣)دا باسی ئەوەی کردووە کە ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشتووەو ڕۆژنامەکە ڕوونی کردۆتەوە کە ئینگلیزەکان بۆ بیانوو دەگەڕێن و بەخۆڕایی بۆردومانی ژن و منداڵی بێ تاوان دەکەن (لە باسی چۆڵکردنی سلێمانیدا لەلایەن شێخ مەحموودەوە باسی دەکەین).

لەدوای وەستاندنی ڕۆژنامەی ڕوژی کوردستان و بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودەوە کە لەپێشدا ڕووی کردبووە ئەشکەوتی جاسەنە، شێخ مەحموود چاپخانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە بۆ ئەشکەوتی جاسەنە کە لەوێ ڕۆژنامەی (بانگ

حق)ی پیٚ دەرکردووە کە لە شویٚنی خۆیدا بە دوورو دریٚژی لیٚی دەدویٚین.

چاوپیاخشاندیٚک بەو رۆژنامانەی لەو رۆژانەدا دەرچوون ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بیٚجگە لەوەی لەو رۆژنامانەدا ووشەی عەرەبی و فارسیی زۆری تیادا بەکار هاتووە شتیٚکی تریش بەرچاو دەکەویٚ کە زۆربەی پیتەکان پیٚکەوە لکاوبوون و هەتا زۆر پیٚویست نەبوویێ لیٚک جیا نەکراونەتەوە.

لە نووسینی ووشەی کوردستاندا رۆژنامەی بانگی کوردستان بە (بانگ کردستان) دەرچووە بەلاٚم لە روژی کوردستاندا بووە بە (روژ کوردستان)، لە زۆر نووسیندا (ء، همزە) لەسەر هەندیٚ پیت هەیە کە لەجیٚی (ی) بەکار هیٚنراوەو لەسەر دەستووری نووسینی فارسی ( ی )دوای ووشەیەک زۆر جار نەنووسراوە وەکو لەجیاتی (روژی کوردستان) تەنها نووسراوە: روژ کوردستان.

بیٚجگە لەوە گەلیٚک سەرنجی زمانەوانی و ریٚ نووسی تر هەیە لەو رۆژنامانەدا کە ئیٚرە شویٚنی باسکردنیان نییە.

## سێهەم: قوتابخانەکان لە سەردەمی حوکمدارییەتی و ملکیتی شێخ مەحموودا

بەرلە حوکمدارییەتی دووهەم، لەو ڕۆژانەدا کە ئینگلیزەکان ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یان لە سلێمانیدا دەردەکرد لە ژمارە (١٨)ی ڕۆژی ٢٦/آب/١٩٢٠دا اعلانێکی تیا بلاوکراوەتەوە بە پێنووسی رشید زکی کابان - مدیری مکتب (نمونەی سعادت) کە دەقەکەی ئەمە بووە:

*«مکتب نمونەء سعادت لە روژی ١٧/آب/١٩٢٠دا قوتابی قید و قبول ئەکا و لە یکم روژی ایلولی ١٩٢٠ دست اکری بە خویندن. هر کس دیەوی مندالی خوی بنیری کە بە قدزانینی خوی لە صنفەکانا قید دکری. کتیب، دفتر، قلم، کاغز، مرکب، تباشیر، هموی خوراییەو و پارەء ناسینریت»*.

لەو ژمارەی ڕۆژنامەیەدا خەڵک هان دەدا کە ئەمە پشت گوێ نەخەن و منداڵەکانیان بنێرن بۆ ئەو قوتابخانەیە.

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لە لاپەڕە (٤)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی قوتابخانەکانی ئەو ڕۆژانە دەڵێ[٢]:

*«بەرلەوەی مصطفی پاشا یاموڵکی بکری بە رئیس معارف (یەعنی لەپێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هندستانەوە)، من لە قوتابخانەی نمونەی سعادت ماموستا بوم و دەرسي رياضیاتم ئەوتەوە، کاپتن (هۆلت) کە معاونی حاکمي سیاسي بو لە سلیمانی (بەرلەوە لە چم چماڵ معاونی حاکمی سیاسی بووە)، ئەویش لەو قوتابخانەیەدا دەرسي ئینگلیزي بە قوتابیانی پۆلی دوایین ئەوتەوە.*

*کە مصطفی پاشا کرا بە رئیس معارف دەستی کرد بە ریکخستنی قوتابخانەکان، رشید زکی کابان کە مدیری قوتابخانەی نمونەی سعادت بو، مصطفی پاشا خوشی نەدەویست لەبەر ئەوە رشید کابانی لە خوي نزیک نەدەکردەوە، منی داوا کرد و پیکەوە خەریکی ئەم کارە بوین.*

*لەو ڕۆژانەدا تەنها دو قوتابخانە هەبوو ئیمەش قوتابخانەیەکی سێ پۆلیمان کردەوە*

*وه پۆلیکی تازەشمان خستە سەر نمونەی سعادت و ناومان لیٚ نا (ئەعدادی) بەو رەنگە ئەو قوتابیانەی کە سالیک بوو لە قوتابخانەی نمونەی سعادت دەرچوبون و لە سلیمانیدا بیٚ تەواوکردنی خویندن مابونەوە، دوبارە گەرانەوە مکتب و لەگەل هەندی قوتابي تردا پۆلی دووەمی (ئەعدادی)یان لیٚ ریکخرا.*

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەلیٚ:

*ئەم کارە بو ئەو روژە کەم نەبوو چونکە تا ئەو روژە ئەو پۆلە بەبیٚ ماموستا نەدەکرایەوە (رفیق حلمی بەراوردی ژمارەی قوتابخانەکانی سلیمانیی کردووە لەگەڵ ئەوەی موصلدا کە مس بیل لە کتیبەکەیدا باسی کردووە کە سیٚ قوتابخانەی تیا بووە بۆ موسولمان و چواریش هی کریستیان بووە)، وە بەپیٚی یاداشتەکەی رفیق حلمی ژمارەی قوتابیان لە سلیٚمانیدا لەو رۆژانەدا (٨٠٠) قوتابی بووە.*

رفیق حلمی دەلیٚ:

*کە مصطفی یامولکی ناوی نمونەی سعادتی گۆری بە (ئەعدادی مەحمودی) منی کرد بە مدیرو رشید کابانی ماموستای خۆم لەوە تۆراو بە ماموستای ریاضیات رازی نەبوو زوری هەوڵدا بگەریتەوە شوینی خوی بەلام پاشا لەوانە نەبوو».*

ئەحمەد خواجا لە لاپەرە (١٢١)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا بریاریکی بلاوکردۆتەوە بە ناوی بریاری وەزارەتی زانستی (معارف) دەلیٚ رۆژی ١٩٢٢/١٢/١٠ی دەرچووەو لە ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٩/١٠/١٩٢٢ی رۆژنامەی بانگی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە بەلام ئەو ژمارەیەم پشکنی شتی وای تیادا بلاو نەکراوەتەوە تەنها لە ژمارە (١٣)ی هەمان رۆژنامەی رۆژی ١٩٢٢/١١/٣دا (صورت مضبطە)یەکی تیایە کە ناوی قوتابخانەکان و ماموستاکانی تیادا بلاوکراوەتەوە. سەیر ئەوەیە اکرمی صالحی رەشە لە لاپەرە (٤٥٠)ی بەرگی یەکەمی کتیبەکەیدا (٣٥) هەمان هەلەی کردوەو ئەویش دەلیٚ لە رۆژنامەکەوە بەبیٚ دەسکاری وەرم گرتووە ؛ لام وایە لە رۆژنامەکەوە وەری نەگرتووە بەلکو لەوەی ئەحمەد خواجاوە وەری گرتووە بۆیە ئەویش بەو هەلەیەی ئەحمەد خواجادا چۆتەوە.

ئەوەی ئەحمەد خواجا لە چیم دیدا بلاوی کردۆتەوە بەم جۆرەیە:

«وزارتی زانستی ژماره (١) روژ ١٠/تشرینی یەکەمی ١٩٢٢
لە سەر فەرمانتان، بو بەریوەبردني قوتابخانەکان بەم پیٚ یە ماموستایان دامەزرا:
١. قوتاتخانە ناوەندی ـ محمودی:

| | | |
|---|---|---|
| ١. رفیق حلمی | مدیر | |
| ٢. صالح رفعت | معلم = ماموستا | |
| ٣. خواجا أفندی | = | (کە باوکی ئەحمەد خواجا خۆی بووە) |
| ٤. سعید صدقی | = | |
| ٥. زیوەر افندی | = | |
| ٦. سعید أدیب قزاز | = | |

٢. قوتاتخانەی سەرەتای قادری:

| | |
|---|---|
| ١. شیخ محمد زهدی | مدیر |
| ٢. سعید زکی | ماموستا |
| ٣. عزیز افندی | = |

٣. قوتابخانەی سەرەتایی روءفی:

| | |
|---|---|
| ١. سید عاکف | مدیر |
| ٢. احمد افندی | ماموستا |
| ٣. محمد رمزی رحیم | = |

٤. قوتابخانەی سەرەتایی لطیفی:

| | |
|---|---|
| ١. احمد حمدی عزیز آغا | مدیر |
| ٢. فایق أفندی | ماموستا |
| ٣. أحمد حمدی | ماموستا |

جنابی رشید زکی کابان: مفتش عام (کە ئەمەی ئەحمەد خواجا لەگەڵ ئەوەی رفیق حلمیدا یەک ناگریتەوە).
وە لە پاش تەواوبونی دامەزراندنی ماموستاو قوتابخانەکاني ناو شارو دیهاتەکانی

*تریش قائمەیان پیشکەش بە بارەگاتان اکریت وزیری زانستی/حاجی مصطفی پاشا».*

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت دەربارەی رشید زکی کابان جیاوازییەکی تەواو هەیە لەنێوانی ئەمەی ئەحمەد خواجاو ئەوەی رفیق حلمی باسی کردووە وەکو لەپێشتردا باسمان کرد.

بەڵام ئەوەی کە لە ژمارە (١٣)ی بانگی کوردستانی رۆژی ٣/١١/١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی قوتابخانەکان و ماموستاکان کە وەکو لە خوارەوە باسی دەکەین جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئەحمەد خواجا کە لە (چیم دی)دا باسی کردووە.

ئەوەی رۆژنامەی بانگی کوردستان بەم جۆرە بووە (کە بێگومان لەلایەن مصطفی پاشا یامولکییەوە نووسراوە):

*حضرت حکمدار معارف پرور*

*«لە أو روژەوە کە حضرت حکمدار کردستان تشریفی مبارکی هیناوەتە سلیمانی شَوو روژ بو آسایشي داخلی و أمن و أستراحت أهالی سعی فرموه فقط لە همو شت زیاتر چونکە کوردستان أحتیاجي بە معارف و تا أیستا حقیقتا لە محیط سلیمانی دا مکتبیکی موافق و تشکیلاتیکی مناسب نبوە و لە أصول تدریساتدا أیستا کسي مسئول نکراوە، حضرت حکمدار وک بو دوائر تر أرادەء فرمو بو، بو معارفیش تشکیلاتیکی چاک و مستعجلی أرادە کردبو. لە سر أمە لە طرف ریاست معارف کردستانەوە لە نفس سلیمانی دا لە ژیر أدارەء رفیق حلمی أفندی کە حقیقتا لە أذکیای شبان وطنە مکتبیکی اعدادی حوت صنفی (٣ صنفی رشدیە) بە ناو مبارک حضرت حکمدار، یعنی (اعدادی محمودی) و مکتب رشدیەیکی جویٚ بە ناوی جناب سپهسالار شیخ عبد القادر افندیەوە یعنی (رشدیەء قادریە) و دو مکتب ابتدائی بە ناوی مخدومان حضرت حکمدارەوەە (روءفیە)و (لطیفیە) تشکیل و بەو نوعەیش بو ناونرانیان مساعدە فرمورا. حقیقتا أم أرادەو همت عالی یە بو عموم کوردستان، موجب شکران و بە سبب أم تشکیلات مستحسنەوە لە*

*طرف همو معلمان مکتبەکان مضبطەیک تشکر و دعا بو حضرت حکمدار کە نیرراوە بو أدارەء بانگ کردستان عینا أوا لە ژیرەوە درج کرا. بانگ کردستان بە زبانی صداقت عرض تشکرات لە خذمت حضرت حکمدار معارف پرور أکا».*

*صورت مضبطە : بو مقام سامی ریاست تقدیم*

*بە واسطەء تشکیلات تازی معارفەوە حسّیکی علوی کە حضرت حکمدار کردستان دام شوکتە در حق بە مکاتب لطفا و تنزلا أبرازی فرمووە حقیقت ما فوق همو حسیکی عالی یە. امرو لە سایەی أرادەء و فرمان أعلیحضرت حکمدارەوە تشکیلات مکاتب موافق أصول و نظام معارف جیگایان تر ترتیبات، بالخاصە أنتخاب رفیق حلمی افندی کە لە أقتدار و فعالیت وطنپروریدا معلوم همو ملت کردە موجب تقدیر و شکران کافەء هیئت تعلیمیەیە. لە سایەء غیرت مدیر مومی الیە و لظرف أم چند روژەدا لە مکتب نظام و أنتظام تحصیل و تربیە بە فعالیت و فیداکاریکی تام أبراز دکری. عموما لە مومی الیە راضی و لە مدیریتی خوشحالین و أقتداریش مسلم همو لایکمانە. بناء علیە بە واسطەء مقام سامیەوە بو خاکپای حضرت حکمدار اعظم رفع تشکرات ناچیزانە دکین أفندم.*

*معلم اعدادی محمودی:. صالح رفعت، سعید صدقی، زیوەر، احمد حمدی، محمد رمزی، سعید أدیب، محمد زهدی*

*معلم رشدیەء قادریە:. سعید زکی، عبد العزیز عثمان، عبد العزیز*

*معلم أول أبتدائیە روءفیە:. سید عاکف، معلم ثانی ابتدائیە احمد*

*معلم اول أبتدائیە لطیفیە:. أحمد حمدی*

جگە لەو رۆژنامەو یاداشتانە لە لاپەڕە (٦)ی ژمارە (١٢)ی رۆژی ١٩٢٢/١/٢٧ لە رۆژنامەی بانگی کوردستاندا نووسراوە:

*«معلم ریاضي اعدادی سلیمانی رفیق حلمی افندی با أرادەء علیە حضرت حکمداری بە دو صد و پنجا روپیە معاش بو مدیریت اعدادی محمودی و رشید زکی کابان بو مدیر سابق نمونەء سعادت بە صد و پنجا روپیە بە معلم اول مکتب رشدیە قادریە*

*تعين فرموران».*

لەو ارادانەدا (دامەزراندن) وا دەردەکەوێ کە معلم ـماموستا. دوو جۆر بوون ـمعلم اول و معلم ثانی.

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٦)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی قوتابخانەکان و چالاکیی ماموستاکانی ئەو رۆژە دەڵێ(٢):

*«لە قوتابخانەکانا زۆر بە دڵسۆزی دەس کرا بە دەرس ووتنەوە، گیانی نیشتمانی لاوانی ئەو رۆژە ئێجگار بەرز بوو، لەبەر ئەوە چ پۆلەکانی اعدادی و چ ئەو پۆلانەی تازە کرابوونەوە پەک لەسەر ماموستا نەدەکەوت و بە بێ پوول و پارە دەرس ئەوترایەوە.*

*ئەفسەرە کوردەکان بە هەمو هێزیانەوە هەمو روژیک ئەهاتنە ئەعدادی و هەر پۆلیک ماموستای نەبوایە ئەو ئەفسەرانە ئەچوونە ژوورەوەو دەرسیان ئەوتەوە.*

*من خۆم (رفیق حلمی) هندسەی مجسمەو مثلثاتم ئەوتەوە (رفیق حلمی لە پەراوێزی لاپەڕە شەش و حەوتی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەڵێ: ئەوسا وەکو ئێستە پروگرامیکی تایبەتیمان نەبوو، لەسەر پروگرامی زەمانی عوسمانی ئەرویشتین).*

*صدیق پاشا (نیاز لە صدیق القادری بووە) کە مفتشی حکومتی کوردستان بوو هەموو روژیک بەبێ زیادو کەم دەهات و ئەچووە پۆلەوەو دەرسی رەسمی بە قوتابیان ئەوتەوە، مصطفی یامولکی ناوی دو مکتبی تری ناو نابو (قادریە)و (لەطیفیە) کە یەکیکیان بە ناوی شیخ قادری برای شیخ مەحمودەوە بو ئەوی تریش بە ناوی شیخ لطیفی کوری شیخ مەحمودەوە.*

*لە قوتابخانەکانی سلیمانیدا هەر وەکو دەرسەکان بە گەرمي و بە ریک و پیکی ئەوترایەوە، قوتابیەکانیش زور بە شەوق بون و بە دڵ ئەچوونە مەکتەب و لە دەوری حکومتی کوردا لە جاران زیاترو گەلیک باشتر روویان کردبوە قوتابخانەکان و سەریان کردبوە سەر خویندن.*

*بەشیکی زوری ماموستاکانی ئەو روژە ـ بەتایبەتی ئەوانەی ئەعدادیە، لە زابتە*

کونەکان وە یا تازەکانی کورد بون. ئەم زابتانە لە زەمانی عوسمانیدا لە مکتب دەرچوبون کە پێ یان ئەووت (ئەعدادی عسکری) لەبەر ئەوە وایان لا باش بوو کە ئەعدادی مەحمودیش لسەر پێ و شوێنی ئەعدادی عسکری جاران ببرێت بەریوە، واتا بە نیزامیکی نیوە عسکری هەڵسوورێنرێت.

بەرگی قوتابیەکان هەتا ئەو روژە هەر یەکەی لە چەشنیک بوو، ئیمە ویستمان هەمویان بەرگەکانیان لە یەک چەشن بیت، لە ماوەی هەفتەیەکدا پارەمان کۆکردەوەو بەرگی تازەمان بو هەژارو بێ پارەکان دروست کرد (لە ژمارە ـ١٢ـ ی روژی ١٩٢٣/٢/١ی روژی کوردستاندا ناوی ئەوانە بلاوکراوەتەوە کە بۆ ئەو مەبستە ٧٨٥ روپیەیان بۆ بەرگی ئەو قوتابیانە کۆکردۆتەوە)، دەولەمەندەکانیش بەرگەکانیان گۆری، بەم جورە مانگیکی نەبرد هەموو قوتابیانی ئەعدادی یەک جورو یەک بەرگ بون.

کلاویکی تازەشمان داهێنا کە لە کلاوی عسکری (سکوچ)یەکان ئەچوو، لە ناوچەوانی ئەو کلاوە بە رەنگی سورو شین ووشەی (محمودی) درووورابو، زوری پێ نەچوو هەندی لە قوتابیە دەولەمەندەکان ووشەی (محمودی)یان بە ئاڵتون دروستکردو لە جیاتی سورمە دروویان بە ناوچەوانیانەوە.

لە قوتابخانەکانی تریشدا بوو بە چاولیکەری، جل و بەرگی قوتابي هەمووی بوو بە یەک چەشن وە لە ناوچەوانی کلاوەکانیان بە ووشەکانی (قادری)و (لەتیفیە) رازێنرایەوە و لە جیاتی زەنگ لیداني مکتب (صالح بۆرێژەن) کە وەختی خۆی لە ناو قوتابیەکانی عوسمانی دا هەر مابوو ناردم بە شوێنیاو بۆریەکی عسکریم بۆ وەرگرت و لە جیاتی زەنگ لیدان بە بۆری لیدان کردنەوەی دەرس یا پایدۆس کردن ئەکرا.

باندیکی بچووکی موسیقەشمان پەیدا کردو کە قوتابیەکان ئەچون بۆ مەشق دەستەیەک موسیقەیان لێ ئەداو ئەوانی تریش بە ئاوازیکی ئیجگار بە سۆز گورانیي کوردی میللی و نیشتمانیان ئەوت.

خەلکی ناو شارو بازار بە گەورەو بچووکیانەوە شوێن ئەو قوتابیانە ئەکەوتن و

چەپڵەیان بۆ لێ ئەدان و فرمیسکی شادی یان ئەرشت.

شاری سلیمانی ئەوسا بچووک بوو، نەبووژابووەوە، لەبەر ئەوە ئەم بزوتنەوەیە (نمود)یکی گەورەی هەبو، بەڵکو تا ئەو روژە سلیمانی بزوتنەوەیەکی وای بەخۆیەوە نەدیبوو».

# چوارەم: دامەزراندنی سوپای کوردستان

کە دام و دەزگاکانی دووهەم حوکمدارییەتی لە سلێمانیدا دامەزرێنرا، پێکهێنان و ڕێکخستنی سوپاو هێزی بەرگری میللی یەکێک بووە لەو کارە گرنگانەی کە خرابووە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا دەرامەدێکی کەم و دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نەبووە کە بتوانرێ ئەو سوپاو هێزی بەرگرییە پڕ چەک بکرێ و بگەیەنرێتە ئەوەی پێی بوترێ سوپایەکی ڕێک و پێک و ئەو بەڵێنانەی ئینگلیزەکان دابوویان بە شێخ مەحموود بۆ پشتگیری کردنی هەمووی هەر بریتی بووە لە قسەی رووت و بێ سەرو بەرو بە هیچ جۆرێک بە لای ئەوەدا نەچوون کە چەکی تازە یا کۆنیان بداتێ بۆ بەهێزکردنی سوپاو هێزی بەرگریی ئەو دەوڵەتەی کە پێکهێنرابوو، ئینگلیز دەیویست شێخ مەحموودو دەوڵەتەکەی بە پیاوی خۆی و بە چەک و جبەخانەی خۆی و بە دەرامەدی خۆي هێزێک پێک بێنێت و بەو چەکە کەم و کۆنانەی کە لەو ناوچانەدا هەبوو تورکەکان دەربکرێن و دەیانویست شێخ مەحموود تەنها ئیعتماد بکاتە سەر چەکی عەشایرەکان بۆیە لەسەرەتاوە خۆیان وا پیشان دا کە دەیانەوێ لایەنگری ئەوە بن کە شێخ مەحموود لەو ناوچانە دەسەڵاتدار بێ کە دانیشتووەکانی بە دەسەڵاتي ئەو رازی بن لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحموود بۆی دەرکەوتبوو کە ئینگلیزەکان دەستی پێ دەکەن و بە هیچ جۆرێک بە شێوەیەکی رەسمی دان بە دەوڵەتەکەیا نانێن و دەیانەوێ هەر لەسەر شێوەی ڕێکخراوێکی ناوچەییدا بمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی خۆیان بڕیاری کۆتایی دەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحموود کۆڵی نەداو هەوڵی دا لە سنووری تواناو دەسەڵاتی خۆیا سوپاو هێزێکی بەرگری دروست بکاو ئەوە بوو لە باسی پێشوودا لەوە دواین کە لەگەڵ هاتنەوەی شێخ مەحموودا ژمارەیەک لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لە بغداد بوون ئەوانیش هاتنە سلێمانی و بەشداریی دامەزراندنی سوپای کوردستانیان کرد.

لەڕاستیدا ئەو ئەفسەرانەش کە هاتبوونە سلێمانی بەشێکیان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە

دەیانویست سوپاکەی کوردستان بگەیەننە پلەیەکی باش و ڕێک و پێک و هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنابوون کە شەو و ڕۆژ خۆیان بەو کارەوە خەریک بکەن و لەسەرەتادا ئەوانە لایان وابوو کە ئینگلیزەکان ئەم جارە بەڕاستی لەگەڵ کوردا دێنە پێشەوەو کوردستانیش وەکو دەوڵەتەکەی عراق سەیر دەکەن و چ یارمەتی و باربوویەک بە عراقی دەدەن بە کوردستانیشی دەدەن، بەڵام هەر کە بۆیان دەرکەوت ئەوەی ئینگلیز شتێکی ڕواڵەت بووەو بۆ مەبەستێکی کاتی بووە، هەندێکیان هەر خۆیان یاخود بە چاوهەڵتەکاندنێکی ئینگلیز شێخ مەحموودیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە بۆ سوپای عراق.وەکو لە باسی ڕۆژنامەکانیشدا لێی دواین، لە ژمارە (٨)ی ڕۆژی ٢٩/ایلولی ١٩٢٢ی ڕۆژنامەی (بانگ کردستان)دا باسی گەڕانەوەی صدیق القادری بەم جۆرە کردووە:

*«لە وطنپروران کرد جناب سعادتمآب میر لیوا صدیق پاشا کە بەینیکە لە بغداد بوە، أمجارە بو خدمت وطن و ملت تشریفی هاتوتەوە بو سلیمانی و عرض بەخیرهاتنی اکین».*

لە هەمان ژمارەدا هەواڵێکی تری بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە:

*«بیکباشي ارکان حرب توفیق وهبی بگ و بیکباشی خالد سعید و یوزباشي رشید افندی و ملازم أمین أفندی و ملازم عزیز حکمت افندی و ملازم عبد العزیز افندی و ملازم رواندزلی امین افندی لە بغدادەوە روژی دوشمبە ٢٥/ایلول/ ١٩٢٢ تشریفیان هیناوە بو سلیمانی. عرض بەخیرهاتنیان دکین».*

لەدوای ئەوان صالح زکی صاحبقران کە لەو ڕۆژانەدا قائمقامی عقرە بووە لە ژمارە (١)ی ڕوژی کوردستان ڕۆژی ١٥/١١/١٩٢٢دا باسی هاتنی صالح زکی کردووە بۆ سلێمانی کە وازي لە قائمقامی عقرە هێناوەو هاتوتەوە بەشداری بکا لە خزمەتی میللەتداو لە ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٩/١٢/١٩٢٢دا لە هەمان ژمارەدا سوپاسی ئەوانەی کردووە کە پیرۆزباییان لێ کردبوو بەبۆنەی ئەوەوە کە کرابوو بە (قۆماندانی عسکری کوردستان).

ڕفیق حلمی لە لاپەڕە (١٠٧)ی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«که صالح زکی هاتەوە کرا بە رئیسی قیوای میللی».*

بەپێی (أرادە) ژمارە (٢)ی ڕۆژی ١٠/تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ کە لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە وەکو لەپێشتریشدا باسمان کرد شێخ قادری حفید کرا بە (سپهسالار) وە لە بەشی تورکییەکەیدا کە لە هەمان ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە بە (باش قۆماندان) ناوی هاتووە، وە بەپێی (أرادە)ی ژمارە (٣) کە لە ژمارە (١٢)ی بانگی کوردستانی ڕۆژی ٢٧/١٠/١٩٢٢دا دەسەڵاتی سپهسالار (باش قۆماندان)ی بەم جۆرە دەسنیشان کردووە:-

*«سپهسالار: بالعموم مسائل حربیه و عسکریه راجع أو مقامەیە».*

لە (أرادە) ژمارە (٢)دا وەکو باسمان کرد ناوی صدیق پاشا القادری هاتووە وەکو (مفتشی عمومی کوردستان) بەڵام وەکو لەپێشتریشدا لێی دواین زۆری پێ نەچوو ئەو ئیشە هەڵگیرا کە لە لاپەڕەی (٤)ی ژمارە (٧) ڕۆژی ٣٠/١٢/١٩٢٢دا دەڵێ:

*لەغو*

*«لبر أوە کە فضلەو بي لزوم بو مفتش عمومیەتی لغو کراوە».*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لە لاپەڕە (١٢٣-١٢٤)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا باسی ئەو ئەفسەرانەی کردووە کە لەو ڕۆژانەدا لە تورکیاوە گەڕابوونەوەودەڵێ(٣):

*«ئەو ظابطە کوردانەی لە تورک بەجێ مابون و لە سوپای عێراقدا لە بەغدادەوە نێررانەوە بو سوپاکەی خویان ئەمانە بون (هەر وەکو چۆنی نووسیوە بڵاوی دەکەینەوە):*

| *ناویان* | *کاریان* |
|---|---|
| *١- أرکانی حرب توفیق وهبی* | *سەریاوەری حکمدار* |
| *٢- خالد سعید* | *فەرماندەی پیادە* |
| *٣- رشید أفندی امین آغا* | = = |

| | |
|---|---|
| ٤. امين رەواندزی | مديری نەخوشخانە (دیارە هی عسكری بووە) |
| ٥. عبد العزيز أفندی | ظابطی پیادە |
| ٦. عزيز حكمت قزاز | ظابطی پیادە |
| ٧. عزيز كوردی | = = |
| ٨. علی كوردی | فەرماندەی سواری |
| ٩. فايق كاكەمين | فەرماندەی پیادە |

ئەو ظابطە كوردانەی كە لە (ليڤی)یەوە مابوونەوە

| | |
|---|---|
| ١. يونس عبد القادر | كبتان |
| ٢. رشيد عبد الكريم | ليفتننت |
| ٣. رمزی عبد الكريم | = |
| ٤. رشيد صدقی غفور | = |
| ٥. ابراهيم زوری | = |
| ٦. عزيز حكمت | كبتان |
| ٧. (دووبارە ناوی عزيز حكمتی نووسيوە يا رەنگە دوو عزيز حكمت هەبووبێ.) | |
| ٨. محمد افندی:جل خوار | ليفتننت |
| ٩. عادل شيخ سلام | كبتان |
| ١٠. صالح رفعت | ميجر (بوو بە ماموستا لە قوتابخانەی ناوەنديی مەحمودی) |

ئەو ظابطانەی لە تورك بەجێ مابوون و يەكسەر گەڕانەوە بۆ سوپايی

| | |
|---|---|
| ١- قادر افندی قرەداغی | يوزباشي |
| ٢- سيد رضا أفندی | = |
| ٣- مجيد بەگ حاجی رەسول بەگ | = |
| ٤- سيد روءف افندی | = |
| ٥- صبری أفندی كاكە رەش | = } لە توركيا ضابط احتياط بوون و نەچوونە سوپاوە بەڵام لە كارو باردا دەبينران. |

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٢٩)ی بەرگی یەکەمی (چیم دی)دا دەڵێ لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی روژی کوردستان ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/٦ ئەم فەرمانی ملکییەی تیادا بلاْوکراوەتەوە:

| | |
|---|---|
| *١. بینباشي ارکان حرب توفیق وهبی* | *کرا بە سەریاوەری ملکی کوردستان* |
| *٢. رئیسی عشیرەتی زەنگنە . علی آغا.* | *کرا بە یاوەری ملکی کوردستان (مرافق)* |
| *٣. رئیسی عشیرەتی داودە ـرفعت بگ* | *بو بە یاوەری ملکی کوردستان* |
| *٤. شیخ محی الدینی کانی کەوە* | *فەرماندەی هیزی سوارەی تایبەتی* |
| *٥. ماجد مصطفی* | *سەر مهندس* |

بەلاْم لەدوای پشکنینی ئەو ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی روژی کوردستان کە ئەحمەد خواجا باسی کردووە (وەکو لە باسی ڕۆژنامەی روژ کوردستاندا رووغان کردەوە ئەو ژمارەیە دوو جار دەرچووە) کە ووتوویەتی لە ١٩٢٢/١٢/٦دا بلاْوکراوەتەوە بۆم دەرکەوت ئەو (ارادەء) حضرت ملوکانە کە ئەو باسی کردووە بەم جۆرە لە لاپەڕە (٤)دابلاْوکراوەتەوە:

*«ارادەء حضرت ملوکانە»*

*رئیس زنگنە جناب علی آغا و رئیس داودە جناب رفعت بگ و قدملی ارکان حرب یوزباشي توفیق وهبی بگ بە یاوران حضرت ملوکانە و امین افندی زادە طاهر افندی بە باشکاتب مابینی ملوکانەو شیخ قادر زادە عزت افندی بە رئیس ألأمنا و جناب شیخ محی الدین افندی کانی کوەیی بە قوماندان معیت قوای ملي با أرادەء ملوکانە فرموراون خوا لی یان مبارک بکات*

*روژ کوردستان*

بەلاْم لە ژمارە (٤)ی روژی کوردستان ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/١٣ لە لاپەڕە (٣)یدا ئەم ڕاست کردنەوەیەی تیادا بلاْوکراوەتەوە:

*تصحيح*

*«له نسخهء پيشودا له خصوص عنوان مأموريت جناب شيخ محى الدين افندى كانيكوه (كانى كهوه) عبارهكه به غلط نوسرابوو. درستى كه أمهيه: (جناب شيخ محى الدين افندى به قوماندان قواى مليهء معيت ملوكانه با أرادهء سنيه تعين بوه».*

له لاپهڕه (٣)ى ژمارهى (١٣)ى بانگى كوردستاندا كه له ڕۆژى ٣/١١/١٩٢٢دا دهرچووه دهربارهى بايهخدانى شێخ مهحموودى حوكمدار به ڕێكخستنى كارو بارى سوپا دهڵێ:

*«له سر أرادهء حضرت حكمدار، تعليمنامهء طاقم عسكرى له طرف هيئت عسكريهوه بۆ كوردى ترجمه كراوه له مطبعهء حكومتدا طبعى دروسته».*

له لاپهڕه (٤)ى ژماره (١١)ى ڕۆژنامهى ڕوژ كوردستان ڕۆژى ٣/شباطى/١٩٢٣ دهربارهى بايهخدان به سوپا ئهمهى بلاْوكردۆتهوه:

*شفقت ملوكانه*

*له سر مساعده و اكراميهء حضرت ملك معظم دام شوكته العالى بو جلب بانديكى موزيقه بو جهت عسكريه أرادهء شرف صادر بوو. بناو عموم ملتوه و على الخصوص بناوى عسكريهوه عرض تشكرات ناچزانه اكين. هر بمينى ملك كردستان حضرت (ملك محمود أول)*

*روژ كوردستان*

ئهحمهد خواجا له لاپهڕه (١٢٨)ى بهرگى يهكهمى ياداشتهكانيا(٣) دهربارهى تاقى كردنهوهى سياستى ئينگليزهكان و دهست خستنهرووى مهبستهكانيان دهڵێ:

*«دواى ئهوهى شێخ مهحموود بانگى ملكى بۆ خۆى بلاْو كردهوه، له شارى سلێمانيدا نومايشێكى سوپايى بىْ وێنه كرا. بهم بۆنهيهوه بهرامبهر به چاو و ڕاوى ڕۆژنامهكانى بغداد وه بهپێچهوانهى ئهو ووت و ووێژهى ئينگليزهكان كه گوايا حكومتى بغدادو عهرهب نايانهوىْ كورد ئازادبيێت، بهرامبهر بهوه شێخ مهحموود داواى كرد ئهمانهى بۆ ڕوون بكرێتهوه:*

۱ـ داوای حدودی کوردستانی کرد

۲ـ داوای روونکردنەوەی چۆنیەتیی سەرپەرشتی کردنی بریتانیای کرد دەربارەی استقلالی کوردستان.

لەو نمایشەدا دەستە دەستە پیادەو تیپ تیپ سوارەی سوپایی بە چەک و بە هەموو پێویستیی سوپایی ئوردوی کورد بە بەردەمی ملک محموودی یەکەمدا تێپەڕ بوون. بەڕاستی لە ژێر پێی ئەو لاو چاک و گەنجە چەکدارانەی ڕۆڵەی کورددا زەمین ئەلەرزا، وە لەلایەن گەنجە دەنگ خۆشەکانەوەو دڵسۆزەکانەوە ئەم ووتارە زۆر بەنرخەی (باشتر وابوو بی ووتایە ئەم شعرە) نوری شێخ صالح بە ئاوازی سروودی سوپایی لەپێشداری سوپاوە دەوترا:

ئەی عەسکەر، ئەی منالْ و جگەرگۆشەی وطن

أیوەن بە گیان و دڵ کە پاریزگاری وطن ئەکەن

ایوەن بە دل کە صرفي ئەکەن غیرەت و بەدەن

ایوە، وطن لە محنت و ذلت نەجات ئەدەن

آمادەن بو کفن

ئیتر وەرن کە بۆ وطن، وطن پاک و مهربان

دەست دەینە دەستی یەکتری، یەکدل، بە یکزبان

أیمەیش بمانەویت وەکو خەلقی حەقی ژیان

ئەم فرصتە، غەنیمەتە، نەروات لە دەستمان

تا ماوە روح و گیان

ئەحمەد خواجا لە پەراوێزی لاپەڕە (۱۲۹)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەڵێ ئەو شعرەی شێخ نوری لە ژمارە (٦)ی ڕۆژی کوردستانەوە وەرگرتووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو شعرە لە لاپەڕە (۲ و ۳)ی ژمارە (٥)ی ڕۆژی ۱۹۲۲/۱۲/۲دا بڵاوکراوەتەوە کە بریتییە لە هەشت چوار خشتەکیی (مستزاد) کە لەو ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە کە بەمە دەستی پێ کردووە:

*صف صف كه ديتو تى أپرن چست و با وقار*
*ماضى له صدق أيوه أبينم أكا فرار*
*صبحيكى پاک و بى غش أبينم وكو بهار*
*مستقبليكى بى لكّه پر كيف و نشئه‌دار*
*بىَ توزو بىَ غبار*

بێگومان ئینگلیزەکان ئەو نمایش و خۆپیشاندانەیان بە دڵ نەبووە بەتایبەتی دژی ئەوە بوون کە شێخ مەحموود خۆی کردبوو بە ملکی کوردستان.

بەڵام سەیر ئەوەیە رۆژی کوردستان کە ئۆرگانی حکومەتی کوردستان بووە باسی ئەو نمایشەی نەکردووەو بڵاوی نەکردۆتەوە.

ئەو بڵاوکردنەوەیەی ملکیتی شێخ مەحموودو ئەو نمایشە سەرو دڵی کاربەدەستانی عراقي گرتبوو بە هاندانی ئینگلیزەکان رۆژنامەکانی بغداد بەتایبەتی (العراق)و (دجلە) گەلێک ووتاریان بڵاوکردۆتەوە بۆ کەم کردنەوەی نرخی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود کە لە باسی رۆژنامەکانا وەرامی هەندێک لەو هێرشانەمان بڵاوکردەوە کە کاتی خۆی عارف صائب وەرامی دابوونەوە.

★★★★★

## بەشی حەوتەم

# پەیوەندی و دیپلۆماسیيەتی شێخ مەحموود

ناحەزانی شێخ مەحموودو دوژمنانی دەوڵەتەکەی کوردستان هەر یەکە بە جۆرێک دژی شێخ مەحموود دواون و زۆر شتی راستیان ئاوەژوو کردووەو بە پرۆپاگاندەو بە نووسین وایان بلاوکردۆتەوە کە شێخ مەحموود کابرایەکی گیرەشێوێن بووەو بە شێوەیەکی عەشایری رەفتاری کردووەو رێگەی لە زۆر کوردی لێ هاتوو کارامەگرتووە کە بەشداری بکەن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی کوردستانداو وایان پیشان داوە ئینگلیز مەبەستی باش بووەو بەراستی ویستوویەتی حکومەتێک لە خوارووی کوردستاندا بۆ کورد دروست بکا.

بۆ ئەوەی مەبەستی راستیی ئینگلیزو دووڕوویی ئینگلیز ئاشکرا بکەین و روونی بکەینەوە کە ئینگلیز بەرامبەر کورد ناپاک بووەو بۆ مەبەستی کاتی ویستوویەتی شێخ مەحموود بەکار بێنێت و شێخ مەحموود هەر لەخۆیەوەو بەخۆڕایی بەرەنگاری ئینگلیزەکان نەبووبووەوەو هەتا ناچار نەکرابێ پەنای نەبردۆتە بەر تورکەکان، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەم بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمدان شتێک لەو رووەوە باس بکەم و پەیوەندیی شێخ مەحموودو دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود بەرامبەر بەو هەڵوێست و رووداوانەی کە روو بە رووی دەوڵەتەکەی بووبووەوە بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکەم:

١. هەڵوێست و دیپلوماسییەتی شێخ مەحموود بەرامبەر بە هەڵوێستی ئینگلیزەکان
٢. پەیوەندی و دۆستایەتیی شێخ مەحموود لەگەڵ (سمکۆ)دا
٣. پەیوەندیی شێخ مەحموود بە یوزدمیرو بە تورکەکانەوە
٤. پەیوەندی و دیپلوماسییەتی شێخ مەحموود لەگەڵ وولاتان و خەڵکی تردا.

## یەکەم : هەڵوێست و دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود بەرامبەر بە هەڵوێستی ئینگلیزەکان

وەکو لە زۆر شوێندا باسمان کردووە شێخ مەحموود هەر لەسەرەتای هێنانەوەیەوە بۆ کوردستان لە مەبەستی ئینگلیزەکان گەیشتبوو و تێ گەیشتبوو کە دەیانەوێ بۆ مەبەستێکی کاتی بەکاری بێنن و ساتێک ئیشیان پێی نەما هەر وەکو حوکمدارییەتەکەی پێشووی هەزار بیانووی پێ دەگرن و بە هانە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی لە بەڵێنەکانیان پاشگەز ببنەوە، لەبەر ئەوە لەسەرەتاوە شێخ مەحموود هەڵوێستێکی زیرەکانەی هەبووەو نەیویستووە بە ئاشکرا شتێکی وا دەرببڕێ کە نە دڵی تورک و نە هی ئینگلیزی لێ برەنجێت بە ئومێدی ئەوەی هەڵوێستی راستیی لایەکیانی بۆ ساغ ببێتەوەو بەڵێنێکی راستی لەو لایەوە دەسگیر ببێت بۆ ئەوەی لەلای میللەتەکەی شەرمەزار نەبێت و کە داوای کارێکی لێ کردن بۆیان روون بکاتەوە کە ئەو کارە سوودو پەرژەوەندیی کوردو کوردستانی تیادایە.

بە کورتی شێخ مەحموود دەیویست لایەکی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی رەسمی دان بە مافی کوردو بە دەوڵەتەکەیدا بنێت ئەوسا ئەویش خۆی ساغ بکاتەوەو هەڵوێستێکی وا بگرێتە بەر کە لەگەڵ بەجێ هێنانی هیواو ئاواتی کورددا یەک بگرێتەوە.

توفیق وەهبی لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ئاشکرا لە هەندێ بۆچوونیا وەکو دەروێشێکی سەر بە بریتانیا وابوو، جارێک لە گفت و گۆیەکدا دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیزەکانی ئەو رۆژەی سەرەتای حوکمدارییەتی دووهەم ووتی:

*«ئێمە کە چەند ئەفسەرێکی کورد بووین لە سوپای عێراقدا بەپێی رەزامەندیی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق و لەسەر داخوازیی شێخ مەحموودو بەپێی هەستی نەتەوایەتیی خۆمان لەگەڵ شێخ مەحموودا چووینە کوردستان و بەشداریمان کرد لە دامەزراندن و رێکخستنی کارو باردا بەتایبەتی کارو باری سوپاو هەموومان*

بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بە شەو و ڕۆژ کارمان دەکرد بە ئومێدی ئەوەی لە خوارووی کوردستانیشدا وەکو چۆن لە بغدادا حکومەتێک بۆ عەرەبی عراق دروست کرا بەو پێیەش لە خوارووی کوردستاندا حکومەتێک بۆ کورد دروست دەکەن و هەرچییەکیان لەتوانادا بێ لەو ڕووەوە بۆ کوردی دەکەن.

توفیق وەهبی لەسەری ڕۆی و ووتی:

لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ مەحموود لە ڕووی کارو باری دەوڵەتییەوە شارەزاییەکی ئەوتۆی پەیدا نەکردبوو، هەرچەند هەندێ سوودیشی لە تاقی کردنەوەی حوکمدارییەتی یەکەمی وەرگرتبوو، ژمارەیەکیش خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ئەفسەر لە دەوری کۆبووبوونەوە، بەلاّم ئەوانە بەشی چەسپاندن و سەرگرتنی ئەو دەوڵەتەی نەدەکرد کە شێخ مەحموودو هەمووشمان ئاواتمان بۆ دەخواست و سیاستی دەوڵەتانیش لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ کورددا نەبوو ئەوانەش کە لەو ڕۆژانەدا لە دەوری شێخ مەحموود گرد بووبوونەوە هەریەکەیان لە ئاوازێک دەیانخوێندو دەمارگیری ئاینی و پەیوەندیی کۆنی کورد بە تورکی عوسمانی و خلافتی ئیسلامەوە ژەنگ و ژاری ڕانەماڵرابوو وە ئەوانەی کە لەو ڕۆژەدا جڵەوی خەڵکی ساویلکەیان بەدەستەوە بوو کەم نەبوون و حسابیان بۆ دەکرا بۆیە شێخ مەحموود نەیتوانی بە ئاسانی لە داوی ئەوانە ڕزگاربێت و ئێمەش لەدوای ماوەیەک بۆمان دەرکەوت لە سیاستی ئینگلیزدا ئەوە نەبوو کە حکومەتێکی کوردی دابمەزرێت، بۆیە زۆرمان هیوامان بڕاو یەکە یەکە لە شێخ مەحموود دوورکەوتینەوەو کردی بە پێکەنین و باسی وازهێنانی خۆی و چوونی بۆ بغدادو ڕاکردنی عزەت مدفعیی لە (خراجیان)ەوەوگرتنی مصطفی پاشا یامولکی لە گردی سەیوان کە بەتەمابوو لەوێوە خۆی دەرباز بکا بۆ بغداد ئەمانەی هەمووی بە پێکەنینەوە بۆ گێڕامەوەو جارو باریش ستایشی ئینگلیزەکانی دەکردو دەی ووت: ڕاستە حکومەتی بۆ کورد دروست نەکرد بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر تەقەلای ئینگلیزەکان نەبوایە تورکەکان ویلایەتی موصلیان دەسەندەوەو ئێمەی کورد لە خوارووی کوردستاندا ئێستە لە کوردەکانی تورکیامان خراپتر بەسەردا دەهات (بێگومان ئەوەي توفیق وەهبی لەو ڕووەوە باسی کردووە لەبەر خاتری چاوی کاڵی

کورد نەبوو، دەبا کوردستان نەوتی تیادا نەبوایە ئەوسا دەمان زانی ئینگلیز چۆن بە ئاسانی دەیدایەوە بە تورکیا).

مرۆڤ ئەگەر بە ووردی بارو هەڵویستی ئەو رۆژانە هەڵسەنگێنێ و بچێتە بنج و بناوانی سیاستی ئینگلیز لە کوردستاندا بەرامبەر بە شێخ مەحموودو دەوڵەتەکەی بۆی روون دەبێتەوە کە ئینگلیز بە ئاشکرا دەستی بە شێخ مەحموود کردووەو ویستبوویان ئەو مارە رەشەی لە رواندزدا پەپکەی خواردبوو بە بێڵەکانی کوردو بە دەستی شێخ مەحموود ئەو مارە پان بکرێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی هیچ ئەرکێک بکێشێ و بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێکیش پیشەکی دان بەوەدا بنێت کە لەدوای دەرکردنی تورکەکان لە رواندز کورد ئازادو سەربەست دەبێت.

ئینگلیزەکان هەر لەسەرەتای حوکمدارییەتی دووهەمەوە بە ئاشکرا دەیانویست سنووری دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە شاری سلێمانی و لە ناوچەی سلێمانی بەولاوە تێپەڕ نەکاو پەل نەهاوێژێت، ئینگلیز نەیویستووە شێخ مەحموود دەس بەسەر دەرامەدی ناوچەکەی خۆیدا بگرێ و نەیهێشتووە سوپایەکی پڕ چەکی هەبێت و نەیانهێشتووە خۆی بەهێز بکات چونکە ئەوان لەڕاستیدا شێخ مەحموودی بە دەسەڵات و بەهێزیان نەدەویست کە لە خوارووی کوردستاندا خۆی بچەسپێنێت.

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا ڕووی ڕاستەقینەی ئینگلیزەکانی هەڵماڵیوە کە ووتبووی (٤):

«ساتێک شێخ مەحموود لە بغدادەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی عباس ئاغای مەحموود ئاغای پژدەر کە چوو بۆ بێشوازیی شێخ مەحموود لەوێ (چیمن)ی دیبوو. چیمن بە عباس ئاغای ووتبوو:

ئەگەر ئێوە تورکەکان لە رانیە دەربکەن (هێشتا ئەو کاتە تورکی تیابووەو قائمقامی حکومەتی کورد نەگەیشتبووە رانیە) ئێمەش هێزەکانمان لە (کۆیە) دەکێشینەوەو ئەوە بوو تورکەکان رانیەیان بەجێ هێشت بەڵام ئینگلیزەکان لە بەڵێنەکەی خۆیان پاشگەز بوونەوەو بە راسپاردەو هاندانی ئینگلیزەکان کە ساتێک نوێنەری شێخ مەحموود رووی کردە کۆیە، حەماغای کۆیەو دەس رۆیوەکانی تر

*ڕێگەی ئەوەیان نەدا ئەو نوێنەرەی حکومەتی کورد بچێتە ناو کۆیەوە».*

لەڕاستیدا وەکو ماموستا رفیق حلمیش باسی کردووە، شێخ مەحموود لە دوو ڕیانێکی سەخت و ئاڵۆزدا بووە، لەلایەکەوە هیچ تروسکەی ڕووناکایی ئومێدی لە ئینگلیزەکانەوە بەدی نەدەکرد دەربارەی دان نان بە مافی کوردو بەدواڕۆژی کوردو کوردستانداو ئینگلیزەکان ڕۆژنامەکانی بغدادیان هان دەدا دژی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بنووسن و لە نرخی کەم بکەنەوەو دەیان نووسی سلێمانی کە کوردستانە، ئەویش لیوایەکە وەکو لیواکانی تری عیراق و لەلایەکی تریشەوە تورکخواکان کە لەو ڕاستییەی ئینگلیز گەیشتبوون و بەلای ئەوانەوە بوونی تورک باشتر بووە لە ئینگلیزو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە هۆی ڕەفتاری ئینگلیزەوە ئەو تورکخوایانە پەرەیان دەسەندو تای ترازوویان قورس دەبوو کە لە ئەنجامدا توانییان شێخ مەحموود بقۆزنەوەو بیکەن بە لایەنگری تورک و پیاوە ئاینییە سەرگەرم و ووشک و کەللەرەقەکانیش ئەوەندەی تر باری شێخ مەحموودیان ئاڵۆز کردبوو بە ناوی دەوڵەتی تازەی سەر بە ئیسلامی تورکەوە داوایان لە شێخ مەحموود دەکرد کە ئاڵای شۆڕش دژی ئینگلیزەکان هەڵبکا بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکرێ کە نە کورد خۆی ئەوەی لە تواناڵدا بووە بەرگەی ئینگلیز بگرێ و نە تورکیش ئەوەندە ڕاست و پاک بووە کە مەبەستی بووبێت یارمەتیی شێخ مەحموود بدات.

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٣٠) ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا دەڵێ[٢]:

*«لەو ڕۆژانەدا شێخ مەحموود لە دوو ڕیانێکدا دووش دامابوو، نەیدەزانی کامیان ڕاستەو باشە بیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانج و بە هیوای کوردو لە ئەنجامدا فریویان داو بە کێش کرا بەلای یوزدمیرو تورکەکانا.*

*کە شێخ مەحموود لە هندستانەوە هاتەوە لە سلێمانیدا تەنها مێجەر نویل بەدیارییەوە بوو ئەویش گەمارۆ درابوو تورکخواکان ماوەیان نەدەدا لە شێخ مەحموود نزیک بێتەوە، بە هاندانی ئەو تورکخوایانە مصطفی یامولکیش دوورخرابووەوەو تەنانەت یوزدمیر هەوڵی ئەوەی دەدا مصطفی یامولکی دەسگیر ببێت و بیکا بە*

دیاریی دەستی خۆی و بینێریٚ بۆ مصطفی کمال بۆ ئەوەی هەڵیواسیٚ.

پیاوی هەرە بەدەسەلاٚتی ئەو رۆژە تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بوو، تایەر سەرکاتبی شێخ مەحموود بوو خزمەتی سیاستی تورکی دەکردو لەڕاستیدا نوێنەری یوزدمیر بوو لە (بلاط)ی شێخ مەحموودا. تایەری ئەمین ئەفندی بەپێچەوانەی جارانییەوە کە یەکێک بوو لە ئەندامی کۆمەڵە نهێنییەکانی کورد، لەم رۆژانەدا دەستی لە کوردایەتیی هەڵگرت و بوو بە تورکخواو لایەنگری یوزدمیر.

تایەر لای ملک دەسەلاٚتی گەلێک زۆرتر بوو لە مێجەر نویل، لەبەر ئەوە تای ترازووی تورک سەرکەوت و دەسەلاٚتی یوزدمیر گەیشتە ناو شاری سلێمانی و زابتەکانی یوزدمیر هەر لە رواندزەوە هەتا پژدەر بە ناو عەشایرەکانا دەسووڕانەوەو بەیاننامەکانی یوزدمیر کە بە ئالاٚی تورک رازێنرابوونەوە بەدەس خەڵکی شارەوە فرک و هووڕیان بوو بە ئاشکرا دەخوێنرانەوە.

ئینگلیزەکان لەو رۆژەدا هەر نویل و چپمنیان هەبوو کە شێخ مەحموودی پیٚ هان بدەن بۆ دەرکردنی تورکەکان، بەلاٚم شێخ مەحموود مارانگاز بوو لە دەس وەشاندنی تورک سڵی دەکردەوە، شان بە شانی ئەمەش وا برابووە مێشکی شێخ مەحموودەوە کە ویلایتی موصل لە ئەنجامدا دەدرێتەوە بە تورک وەیا بەزۆری چەک دەیگرنەوە، ئەوەی کە زۆر ئەو شتەی وا لێکرد کە خەڵک بڕوا بەوە بکا، رۆژنامەکانی ئەوروپا تەنانەت رۆژنامەکانی بریتانیاش داوای کێشانەوەی لەشکری ئینگلیزیان دەکرد لە عراق و کوردستاندا چونکە شەعبی ئینگلیزی لە شەڕ بێزار بووبوون، دەیانویست لەبەر هەندیٚ سوود لە عراق و کوردستاندا بوجەی بریتانیا نەخرێتە ژێر بارێکی قورسەوە.

رفیق حلمی لەسەری دەڕواو دەڵیٚ:

شێخ مەحموود لە رۆژێکی وادا هاتبووەوە سلێمانی... ئایا لەو رۆژەدا پشتی بە کیٚ ببەستایە؟ بەبیٚ یارمەتی و بەبیٚ پوول و پارە چۆن بەگژ تورکدا بچێت؟ ئایا ئەگەر بچوایە بەگژ تورکەکانا کە وەکو ئینگلیز داوایان لیٚ کردبوو، ئایا عەشیرەتەکان هەتا سەرپشتیان دەگرت؟ ئەگەر لەشکرێکی تورک لەپشتەوە پاڵی بە یوزدمیرەوە بنایە

کار بە چی دەگەیشت؟ عەشایرەکان تا کەی و هەتا چ رادەیەک خۆیان رادەگرت و ئایا لەگەڵ شێخ مەحموودا ئەمانەوە؟ یا بە کام یارمەتی و بە کام پشتیوانەوە شەڕیان بکردایە؟ یا سبەی رۆژ ئەگەر ویلایەتی موصل درایەوە بە تورک وە یاخود تورکەکان بەشەڕ گرتیان ئەوسا شێخ مەحموود چی دەکردو ئەنجامی بە چی دەگەیشت؟

ئەمانە هەمووی پرسیاربوون و خرابوونە پێش چاوی شێخ مەحموودو هەموویان وایان لە شێخ مەحموود کردبوو کە ناچار بێ لە یوزدمیر نزیک بکەوێتەوە.

لەناو خەڵکدا ووشەی ئیسلامییەت و غەزاو دین و تۆڵەسەندنەوە جۆشی سەندبوو، ووشەکانی کوردو کوردستان کزبووبوون و خەریک بوو لەبیر بچێتەوەو هەرچي وەکو ئینگلیزەکانیش بوو ترسیان لێ نیشتبوو کونە مشکیان لێ بووبوو بە کۆشک و سەرا.

لەناو ئەم وەستاوە گرنگەدا، لەم ئێستگە مێژووییەدا شێخ مەحموود بە تاقی تەنیا مابووەوە، نە رێکانیشاندەرێکی وورياو نە یارمەتیدەرێکی بەهێزو نیشتمانپەروەر هەبوو... کۆمەڵەی لاوە خوێن گەرمەکان لەناوا نەمابوو، تشکیلاتی حزبی نشاطی سیاسی لەو رۆژانەدا تووشی نەخۆشی بووبوو، هەر کەسە بەلایەکدا رای دەکێشا، بێجگە لەوە دەوری خودبینی (منم...منم)و خۆخۆیی لەناودا بوو، دوو کەس لەسەر شتێک یەکیان نەدەگرتەوە...

بە کورتی تنیظیماتێکی قەومی و هێزێکی سیاسی و هیچ شتێک نەبوو کە پاڵی پێوە بدرێ و بۆ مەسەلەی کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێت. واتا، شتێک بەدەستەوە نەبوو کە بتوانێ بەربەرەکانی ئەو هێزو هۆیانە بکا کە دەورەیان دابوو.

هیچ گومان نییە شێخ مەحموود حەزی لە حوکمداریی کردبوو دەیویست ببێت بە ملک، بەڵام حەزی بەوەش دەکرد کە خزمەتی کورد بکاو لەرێی کوردستاندا خۆبەختکردنی خستبووە بەرچاو بەڵام هیوای نەمابوو کە بە ئامانج بگا.

بەو جۆرە شێخ مەحموود لە وەستاوێکی زۆر گرنگدا بوو، هەرچەند لە دڵا باوەڕی بە تورک نەبوو وە بە پەیمانەکانی یوزدمیر فریوی نەخواردبوو وە دەیزانی نزیکبوونەوە

لە تورک جێگەی هیوا نییەو لەوە دەترسا کە ئەم سیاستی لە تورک نزیکبوونەوەیە ببێتە هۆی دۆڕاندنی هەموو شتێک، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کرد، بەتایبەتی بە هۆی فرپودانی (تایەر)و (فتاح) کە ژن برای شێخ مەحموود بوو، ئەو تورکخوایانەی دەوریان دابوو، شێخ مەحموود هیچ چارەیەکی نەمابوو وە لەو رۆژەدا هیچی پێ نەدەکراو بە تاقی تەنیاو بە دەستی بەتاڵەوە چۆن بچوایە بەگژ تورکەکاندا؟

ئینگلیزەکان نیازیان نەبوو یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن بە چەک و جبەخانە، دەیانویست شێخ مەحموود خۆی هەموو شتێک پێکەوە بنێت... چەک، پارە، لەشکرو هەر شتێکی تر کە پێویست بێ بۆ ئەوەی تورکی پێ دەربکرێ، دەبوایە وەکو ئینگلیزەکان دەیانویست شێخ مەحموود خۆی هەمووی پەیدا بکردایە...

ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا بە دەستووری خۆیان کە لەسەری دەڕۆن و هەتا دنیا دنیایە هەر لەسەری دەڕۆن کە لە رێگەیەکی راست و بێ فێڵەوە نەهاتنە پێشەوەو کارێکی وایان نەکرد کە شێخ مەحموود لە دڵا باوەڕیان پێ بکاو بەراستی لێیان بچێتە پێشەوە. ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ شێخ مەحموودیان دڵنیا نەکرد کە متمانەیان پێ بکاو بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن لە مەسەلەی کوردستاندا هەموو شتێک بخاتە بەرچاو و سەرو ماڵی لەرێگادا دابنێت.

لەولاشەوە تورکەکان پەیمانی بەجێهێنانی ئامانجی کوردو شێخ مەحموودیان نەدەدا، هەرچەند یوزدمیر بە ناوی حکومەتی ئەنقەرەوە بەڵێنی ئەوەی دەدا لە کوردستاندا هەر وەکو چۆن لە میصردا محمد علی گەورە کرابوو بە (خدیو)، لە کوردستانیشدا ئەگەر دەستیان کەوتەوە شێخ مەحموود بکەن بە والی.

ئەمە بە کورتی و راستی هەواڵی ئەو رۆژە بوو لە کوردستاندا، واتا سیاستی تورک سەرکەوتوو بوو، هەر بەڵێن و پەیمانێک لە بغدادەوە درابوو بە شێخ مەحموود لە رووی سیاستی فیلاویی ئینگلیزەکان خۆیانەوە هەمووی پووچەڵ کرابووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحموود هەتا ماوەیەکی باش خۆی نەدا بەدەستەوەو بیرو باوەڕی خۆی دەرنەخست، ویستی هەردوو لا، تورک و ئینگلیز هەردووکیان تاقی

بکاتەوە لەبەر ئەوە لەگــەڵ تورکــەکــانا بە هۆي تایەری ئەمین ئەفەندی و لەگــەڵ ئینگلیزەکانا بە هۆی شێخ قادری حفیدو مصطفی پاشا یامولکی و هەندێ کەسی ترەوە لە ئاڵ و گۆڕکردنی نامەو گفت و گوکردن دوانەکەوت، بەلام ئەوانەی لەگەڵ ئینگلیزەکانا خەریک بوون هیچیان پێ نەکرا، بەپێچەواەی ئەوانەوە تایەری ئەمین ئەفەندی بە تاقی تەنیا لەسەرکەوتندا بوو، زابتەکانی یوزدمیر تا سلێمانی و تا ماڵی شێخ مەحموود دەهاتن و دەبوون بە میوانی و مەجلیسی نهێنی لە ماڵی (ملک)دا دەگیرا.

گومان لەوەدا نییە ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەوە بوون بەلام دیسان هیچیان دیار نەبوو، هەر لەسەر ووشەی پێشووی خۆیان دەڕۆیشتن و دەیان ووت: «تورکەکان دەرکەن ئەوسا باسی شتی تر دەکەین».

بەم جۆرە کار لە کار ترازاو یەکبوونی شێخ مەحموودو تورک لە ئیمڕۆ و سبەینێدا بوو».

پروفیسۆر حسرتیان لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بە شێخ مەحموود دەڵێ(٤٩):

«کە شێخ مەحموود هیچ چاری نەما، بۆ روو بە روو بوونەوەو خەبات دژی ئینگلیزەکان ئیتر نەیتوانی دەسبەرداری تورکەکان بێت و نەیتوانی وازیان لێ بێنێت لەپاش ئەوەی کە بەتەواوی دەستی لە ئینگلیزەکان شتبوو».

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٤٠)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

«تورکەکان و تورکخواکان لەو رۆژانەدا سڵیان لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد دەکردوەوەو بەلای ئەو تورکخوایانەوە وابوو ئەو کورد پەروەرانەش هەر وەکو ئەوانەی دۆستی ئینگلیز بوون ئەوانیش هەر شایانی کوشتن و لەناوبردن بوون، هەڵوێستی ئەو تورکخوایانە ترسی خستبووە دڵی ئەوانەی سەربە سیاستی ئینگلیز بوون لەگەڵ ئەوانەشدا کە سەر بە نیشتمانەکەی خۆیان بوون.

مصطفی پاشا یامولکی لێ دەرچێ کە هەتا ماوەیەک لە قسەکردن و زمان درێژیی خۆی نەکەوتبوو، بە دزی و بە ئاشکرا توانجی لە تورک و تورکخواکان دەگرت ئیتر

کەسێکی تری وا نەبوو بوێرێ ناوی تورک بە خراپە ببات.

مێجەر نویل کە بە حساب موستەشاری شێخ مەحموود بوو وە وکیلی مندوبی سامی بوو بۆ وەرگرتنی تعلیمات و دانانی رێ و شوێنێک بۆ حکومەتی تازەی کورد، چەند جارێک لە بەینی بغدادو سلێمانیدا هات و چۆی دەکردو جارێکیش بە فرۆکە چووە لای ئینگلیزەکانی کرکوک، بەڵام وا دیار بوو تەقەلاکانی ئەویش سەری نەگرت و کۆڵی داو هەر بە ناو کاپتن (چیمن)ی معاونی خۆی کرد بە وەکیل و بە دیار شێخ مەحموودەوە ایناو خۆی سلێمانیی بەجێ هێشت و نەگەڕایەوە، مندوبی سامی بۆی دەرکەوتبوو کە مانەوەی (چیمن)یش سوودی نەبوو چونکە بە هۆی تورکخواکانەوە خرابووە ژێر چاودێرییەکی توندەوەو رێگەی گفت و گۆ و هات و چۆی لێ برابوو.

چیمن لەدوای ئەمە بە ماوەیەک ئیزنی لە شێخ مەحموود خواست و چووە کرکوک کە ئەمە بە دڵی شێخ مەحموود بوو چونکە دەیزانی ئیتر ناگەڕێتەوە، بەو جۆرە لە چیمنیش رزگاری بوو».

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٤٢)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا دەڵێ[٣]:

«شێخ مەحموود هەموو جارێک داوای لە چیمن دەکرد مەبەستی راستی و نیازی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کورد روون بکاتەوە چونکە خەڵک داوای ئەو روونکردنەوەیەیان لە شێخ مەحموود دەکرد، بۆ ئەوە ناردی بە شوێن چیمنداو داوای ئەمانەی لێ کرد:

١- حکومەتی بریتانیا بانگی ئازادیی کورد بە ناو حکومەتەکانا بڵاو بکاتەوە.

٢- یارمەتیی ئابووری و کشت و کاڵی بدرێ.

٣- یارمەتیی تەواوی بدرێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانیاری و سوپایی.

بەڵام وەرامەکەی چیمن زۆر کورت بوو، دەی ووت: «پێویستە لەسەر کورد لەگەڵ عەرەبدا رێک بکەوێ».

شێخ مەحموود لە وەرامی ئەوەدا بە چیمن دەڵێ:

«ئەم قسەیەم زۆر پێ ناخۆشە، چونکە ئێمەو عەرەب براین و هیچ ئاڵۆزی و دوژمنایەتییەکمان نەبووەو نییە، لەبەر ئەوە لەسەر کام ناکۆکی ڕێک بکەوین؟... ئێوە ئیمەتان بە تۆپ و لوولەی تفەنگ نەگرتووە، ئەگەر وەکو بەڵێنتان بە کوردو بە منیش داوە ئازادیی کورد نەدەن خۆمان دەیسێنین... کورد چەکدارو خاوەن دەسەڵاتە و ئەم جارەش مەبن بە هۆی خوێن ڕژاندن چونکە دوارۆژتان باش یادتان ناکا...

چیمن بەرامبەر بەوەی شێخ مەحموود بای دایەوەو داوای داخوازیی کوردی کرد بە مەزبەتەو لەسەر ئەو داخوازییە مەزبەتە جێ بە جێ کراو نێررا بۆ مندوبی سامی بە هیوای وەرگرتنی مژدەی ئازادی و سەربەخۆیی کورد بەڵام گوێی ئینگلیز لە بیستن کەوتبوو».

ئەحمەد تقی لە یاداشتەکانیا(٤) دەربارەی کۆکردنەوەی مەزبەتەکە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داواکرابوو دەڵێ:

«کە چوومە ئەنقەرە بۆ گفت و گۆکردن لەگەڵ تورکەکانا بۆ سازکردنی ئیدارەیەکی هاوبەشی بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود، لە ئەنقەرە محی الدین بەگ پێ ووتم ئینگلیزەکان لە کۆبوونەوەی (لۆزان)دا ووتوویانە: ئێمە هەرچەند موصلمان بە شەڕ داگیر نەکردووە بەڵام لەسەر داخوازیی کوردەکان خۆیان چووینە ناوچەکەوەو ئینگلیزەکان لە کاتی گفت و گۆی لۆزاندا چەند مەزبەتەیەکیان پیشاندابوو کە لەلایەن هەندێ کوردی ناوچەی سلێمانییەوە مۆرکرابوو کە ووتبوویان جارێکی تر نامانەوێ لەژێر حوکمی تورکدا بین، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە فرو فێڵی ئینگلیزەکان لە مۆرکردنی ئەو مەزبەتانەی دژی تورک کۆکرابوونەوە بۆ ڕۆژێکی واو بۆ مەبستێکی وا کۆکرابووەوە هەتا بۆ سوودی خۆیان بەکاری بێنن نەک بۆ سوودی کورد».

ئەحمەد خواجا لەلاپەڕە (١٤٤)ی یاداشتەکانیا دەڵێ(٣):

«لەگەڵ ئەوەشدا کە ئینگلیزەکان هێشتا پێویستیان بە شێخ مەحموود هەبوو بۆ پارێزگاریی ویلایەتی موصل دژی تورکەکان کەچی لەگەڵ ئەوەشدا:

١ـ لە هەولێر ئەحمەد ئەفەندی هەولێرییان کرد بە متصرف و هانیان دا کە کوردەکانی

هەولێر وا لێ بکا ئەوانیش داوای سەربەخۆیی بۆ خۆیان بکەن و لە شێخ مەحموود نزیک نەکەونەوە.

٢. لە کرکوک مجید یعقوبیان لە سەرۆکی شارەوانییەوە کرد بە متصرف و مێجەر (میلر)ی تورکی زانیان کرد بە حاکمی سیای لە کرکوک و ئەویش مجید یعقوبی هان دا کە وا لە کرکوکییەکان بکا داوای سەربەخۆیی بکەن هەر بۆ ئەوەی لە سلێمانی دابپچرێنرێن.

٣. ئینگلیزەکان داوایان لە شێخ مەحموود دەکرد کریم بەگی فتاح بەگي هەموندیان بە پەل بەسراوی بداتە دەست کە کاپتن (بۆند)و (ماکانت)ی کوشتبوو.

٤. بەپەلە داوایان لە شێخ مەحموود دەکرد کە بە هۆی لەشکری کوردەوە یوزدمیر دەربکاو شەڕ لەگەڵ تورکەکانا بکا.

بەڵام شێخ مەحموود پێی دەوتن: ئێوە دان بە سەربەخۆیی کوردا بنێن دەبم بە سوێندخۆرو کارگوزارتان، ئەگینا بە خۆڕایی نابم بە دوژمنی کەس بۆ سوودی بێگانەی بێ سوود. کورد هاوژیانی ئەو کەسەیە ئازادیی بداتێ، مندوبی سامی بۆی دەرکەوتبوو مانەوەی یوزدمیر لە کوردستاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ویلایەتی موصلیان لەکیس بچێت بۆیە داوایان لە شێخ مەحموود کرد بچێتە بغداد بۆ گفت و گۆکردن و شێخ مەحموود دەیزانی هەر بۆ ئەوە داوای دەکەن کە یوزدمیر دەربکاو بچێت بەگژ تورکەکانا لەبەر ئەوە هیچ سوودێکی نەبینی لەو چوونەیدا بۆ بغداد، شێخ لە وەرامدا پێی وتن کە چییان دەوێ لێی بە نووسین داوای بکەن بۆ ئەوەی ئەویش بە نووسین وەرامیان بداتەوە بە مەرجێک ئەمانە بخرێتە پێش چاو:

١. بانگی سەربەخۆیی کورد بڵاو بکرێتەوە ئەوسا ئامادە دەبێ هەموو فەرمانەکانیان بەجێ بێنێت.

٢. دوای بەجێ هێنانی ئەو داخوازییە شێخ ئامادەیە بچێتە یەکێک لە دێهاتەکانی خۆی دابنیشێت و یەکەم کەس دەبێ کە دەنگ بۆ ئەو سەرۆکی کوردە بدا کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵدەبژێررێت.

بەڵام ورامی ئەو پرسیارانەی نەبوو جارێکی تر دووبارە داوا لە شێخ مەحموود

کرایەوە بچێتە بغدادو بۆ ئەوە فریشتە بەدوومەکە (نیازی مێجەر نویل بووە) هات بۆ ئەوەی بەتەواوی پاشقولەکەی خۆی لە شێخ مەحمودو لە کورد بدا، بەلاّم شێخ مەحمود لە وەراما پێی ووت:

«من کوردەکانم دووچاری ئێوە کردووە (ئینگلیز)، جا ئێستە کوردەکان ئینگلیزیان بوێت یا تورک من لەگەڵیاندام و بە تەنها خۆم لەگەڵ ئێوەدا نابم».

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«کە شێخ مەحموود دەستی لە ئینگلیزەکان شت، ئیتر لەو هەڵوێستەدا تورکخواکان ناوی خلافتی ئیسلامیی تورکیان بووژانەوە کە ئەمانە پێشڕەوەی ئەوە بوون:

١. طاهر افندی امین افندی سەرکاتبی ملوکانە
٢. سید عبد الله حاجی سید حسن ئامۆزای شێخ مەحموود
٣. احمد تقی ضابطی احتیاطی عوسمانی
٤. رضا افندی یوزباش بوو لە سوپای عوسمانیدا
٥. روءف افندی

لە ڕێگەی ئەوانەوە لەناکاو ئەفسەرێکی تورک لە ئەفسەرەکانی یوزدمیر کە یوزباشی رەمزی بەگ و یەکێکی تربوو (رفیق حلمی لە یاداشتەکانیدا ناوی ئەوی تری هێناوە کە ناوی فەوزی بەگ بووە) بە ناوی میوانەوە هێنران و خزانیاننە ماڵی شێخ مەحموود. لەو ڕۆژانەدا چپمن بە درۆ خۆی نەخۆش خستبوو، فرمانم پێ درا بچمە لای چپمن بۆ هەواڵ پرسینی، چپمن پێی ووتم: میوانەکانی شێخ مەحموود رۆیشتن... ووتم کام میوان؟ لە وەرامدا بە تووڕەییەوە ووتی: تورکەکان... منیش ووتم شتی وا نییە... میوانی چی؟

چپمن ووتی قەی ناکا من لەپێش ئەوانا دەڕۆم.

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٤٧)ی بەرگی یاداشتەکانیا دەڵێ:

رۆژی دوایی ١٩٢٣/٢/٢٥ چپمن چووە لای شێخ مەحموودو پێی ووت:

دەڕۆم و بڕوا ناکەم بگەڕێمەوە چونکە ئێوە بەلایەکی تردا کارتان تەواو دەکەن.

شێخ لە وەرامدا پێی ووت: ئێمە دوژمنی کەس نین، میوان لە هەر لایەکەوە بێ

*بەلای ئێمەوە بەڕێزە، ئەگەر ئارەزووی چوونی بغدادتان هەیە خواتان لەگەڵ بێ بەلام فەرامۆشمان مەکەن».*

لەڕاستیدا باسی گزی و فزی و بادانەوەی ئینگلیزو چاو و راویان ئەوەندە زۆرە بە کتێب و دوو کتێب تەواو نابێت...

لە گێژاوی ئەم مل ملانێیەی تورک و ئینگلیزەکانا، کاربەدەستانی ئینگلیز لە بغداد بۆ چاوبەست و بۆ رواڵەت لەگەڵ حکومەتی عراقدا بە جووتە بەیانێکی دووقوڵییان دەرکرد دەربارەی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی کە لە باسی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو هۆی پاشگەزبوونەوەیانا بە دوورو درێژی باسی ئەو بەیانەو مەبەست لە دەرچوونی دەکەین.

بێگومان دەتوانرێ ئەو بەیانە دووقۆڵییەی بریتانیاو عراق وەکو پاشبەندی ئەو مژدەیە حساب بکرێ کە لەپێشتردا وەکو مژدەیەک لە ژمارە (٧)ی رۆژی ٣/١٢/١٩٢٢ی رۆژی کوردستاندا بلاومان کردەوە کە لەڕاستیدا هەردووکیان بۆ دەس بەست و چاو وراو بوون وەکو لەدواییدا هەموو شتێکمان بۆ روون دەبێتەوە.

## دووهەم: پەیوەندی و دۆستایەتیی شێخ مەحموود لەگەڵ (سمکۆ)دا (سمایلخانی شوکاک)

ژیانی سمکۆ و باسی شۆڕشەکانی باسێکی ئێجگار دوورو درێژەو لەڕاستیدا پێویستی بە نووسینی کتێبێکی تایبەتی هەیە کە داخەکەم نووسەرەکانی خۆمان کەمیان لەسەر نووسیوەو ئەوەی لەو رووەوە نووسیویانە سەرچاوەی نووسینەکانیان زۆری لە نووسینەکانی بێگانەوە وەرگیراوە.

سمکۆ لەدوای شەڕی جیهانی رۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە لە ناوچەکەی خۆیداو ماوەیەک حکومەتی ئێران و تورکی تووشی سەریەشەیەکی زۆر کردوو بارەها هەردوو لایان تەقەلایان دابوو کە لەناوی بەرن.

ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین بریتییە لە کورتە باسێکی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ شێخ مەحمووددا هەیبووە.

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی ئاوارەبوونی خێزانی شێخان و ئەوانەی لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمووددا لە ساڵی ۱۹۱۹دا بەشدارییان کردبوو بە دوورو درێژ باسی یارمەتیی سمکۆمان کرد بۆ ئەو خێزانە ئاوارەبووانەو لێرەدا ئەمانەوێ باسی سمکۆ و پەیوەندیی لەگەڵ شێخ مەحمووددا بکەین لەدوای ئەوەی کە لە شۆڕشەکانیا لەگەڵ ئێران و تورکیا شکاو بە ناچاری رووی کردە خوارووی کوردستان کە لەو رۆژانەدا سید طەی ژن برای لە ناوچەی رواندزدا دەسەڵاتی هەبووە.

ئەوەی کە بە شێوەیەکی دوورو درێژ دەربارەی ژیانی سمکۆ و شۆڕشەکانی نووسیوە Martin. Van Bruinessen ە کە لە کتێبەکەیدا باسێکی تایبەتیی بۆ سمکۆ تەرخان کردووە، (مارتن ڤان برنسن) دەڵێ(۵۰):

*«عەشیرەتی شوکاک لەدوای عەشیرەتی کەلهوڕ لە کوردستانی ئێراندا گەورەترین عەشیرەتی دەسەڵاتدار بوون. عوسمانییەکان لە ساڵی ۱۹۰٦دا بەشێکیان لە ناوچەکانیان داگیر کردو تا ساڵی ۱۹۱۱ ئەو ناوچانەیان بەدەستەوە مایەوە تا*

لەدواییدا روسەکان تورکیان لەو ناوچانە دەرکرد. لە ساڵی ١٩٢٠دا لە ناوچەی تبریزو هەندێ شاری تری ئەزربایجاندا جمهوورییەتێکی سەربەخۆ دامەزرا بە ناوی (جمهوورییەتی ئازادستان) کە تەنها چەند مانگێک دەوامی کرد.

سمکۆ لەدوای جعفر ئاغای برای (یا جوهر ئاغا وەکو دوکتۆر مارف خزنەدار لەپێشەکیی کتێبەکەی مینۆرسکیدا راستی کردۆتەوە) ناوبانگی سەندو لەلایەن حکومتی ئێرانەوە کرا بە نائب لە ناوچەی (قۆتر).

سمکۆ هەستێکی نەتەوایەتیی کوردی بەهێزی هەبووە، خوشکێکی سید طەی شمزینیی مارەکردبوو وە لە کاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩١٤دا کە عبد الرزاق بدرخان رۆژنامەیەکی لە (ورمیە) دەردەکردو دوای ئەوەی لە ورمیە دوورخرایەوە ئیتر سمکۆ ئەرکی دەرهێنانی ئەو رۆژنامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی.

سمکۆ لە شەڕی جیهانیدا بۆ سوودی هیچ لایەک بەشداریی نەکردبوو بەڵام روسەکان گرتیان و خستیانە بەندیخانەی (تفلیس)ەوە، دوای ئەوەی کە بەردرا گەڕایەوە شاری (خۆی)و لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە روسەکان کشانەوە سمکۆ چەکێکی زۆری دەست کەوت و بوو بە پیاوێکی چەکداری ناسراو و ناودار لە ناوچەکەی خۆیدا.

سمکۆ لە مانگی مارتی ١٩١٨دا مار شمعونی کوشت و کە شەڕ لە نێوان ئاسوورییەکان و تورکدا روویدا سمکۆ بەشداریی ئەو شەڕەی نەکرد بەڵام دوای شکانی ئاسوورییەکان پیاوەکانی سمکۆ ئاسوورییەکانیان راو ناو لە ناوچەکانی خۆیان دەریان پەڕاندن (لەو باسەی کە لەدواییدا بۆ ئاسوورییان تەرخان کردووە لێی دەدوێین).

حاکمی تبریزو ورمیە توانای ئەوەیان نەبوو دەس بەسەر ناوچەکانی سمکۆدا بگرن و ئەو سەربازە کوردانەی کە لە هێزی عوسمانیدا بوون ژمارەیەکی زۆریان چوونە لای سمکۆ کە بەوە بوو بە خاوەن هێزێکی گەورەو ئێرانییەکان ترسیان لێ نیشت و حاکمی تبریز کە (مکرم الملک)بوو لە ناودیارییەکدا بۆمبایەکی بۆ سمکۆ ناردبوو کە لەوەدا برایەکی سمکۆ کوژرا (هەندێ سەرچاوە دەڵێن ئەو بۆمبایە ئاسوورییەکان

ناردبوویان بۆ سمکۆ وه گوایا له تۆڵەی ئەوەدا ئەویش مار شمعونی کوشتبوو).
ساتێک کە سمکۆ بەرەنگاری هێزەکانی ئێران بووەوە نامەیەکی نارد بۆ ویلسنی حاکمی گشتیی بریتانیا لە بغداد کە یارمەتیی بدا، لەو رۆژانەدا سمکۆ شاری (دیلمان)ی گرتبوو بەڵام ئێرانییەکان بە سەرکردایەتیی (فیلیپوڤ) کە ئەفسەرێکی بەکرێ گیراوی روس بوو سمکۆی دەرکردو ناچاری کرد روو بکاتە قەڵای (جاهریق ـ چاری)بەڵام سمکۆ لە ساڵی ۱۹۲۰ بەدواوە دووبارە هێزەکەی پەرەی سەندو (ورمیە)و (سلماس)ی گرت و لە ساڵی ۱۹۲۲دا ژمارەی هێزەکانی نزیکی (۱۰) هەزار کەس دەبوو.
لە ساڵی ۱۹۲۱دا دەسەڵاتی گەیشتبووە ناوچەی (بانە)و (سەردەشت)و زۆر کەس لە سەرۆکەکان هاوکارییان لەگەڵ کرد وەکو هرکی و مامش و منگورو دیبوکری و پیران و زرزاو، چورک، فیض الله بەگی و پژدەر.
لە تشرینی یەکەمی ۱۹۲۱دا سابلاغی داگیر کرد کە لەو داگیرکردنەدا دانیشتوانی سابلاغ زیانێکی زۆریان لێ کەوت (رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵی: هەندی لە سابلاغییەکان رایان کردو هاتنە سلێمانی و لەوێ شکات و گلەیی خۆیان بەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە).
سمکۆ لە تموزی ۱۹۲۲دا گەیشتە پۆپەی دەسەڵاتی و گەیشتە ناوچەکانی نزیکی قەڵای (شاهین قەڵا)و سەقزو پەیوەندیی کرد لەگەڵ ناوچەکانی مەریوان و هەورامان.
لەو رۆژانەدا ئێرانییەکان بەتەمابوون حوکمی زاتی بدەن بە کوردی ئێران بەڵام لە مانگی آبی ۱۹۲۲دا هێزی ئێران سمکۆی شکان و ناچاری کرد روو بکاتە خاکی تورکیاو تورکەکانیش راویان ناو زیانێکی زۆریان لێ خست و ناچار رووی کردە ناوچەکانی هەولێر».
رفیق حلمی لە لاپەڕە (۷۹)ی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا لەو رووەوە دەڵێ:
«کە سمکۆ لە ئێرانەوە رای کردە تورکیا بەتەمای ئەوە بوو تورکەکان یارمەتیی بدەن کەچی ساتێک بە خۆی زانی چوار دەوری گیراوەو ژنەکەی لەو شەڕەدا کوژراو (خسرو)ی کوڕی بەدیل گیرا. بەرلەوەی سمکۆ لەو شەڕەی ئێراندا بشکێ هەندێ لەو

*ئەفسەرو لاوانەی کورد کە لە سلێمانیدا بوون لەو ڕۆژانەدا چووبوونە سەقز کە ئەمە بەپێی بڕیاری (کــۆمــەڵە) بوو، بەڵام شکانی ســمکۆ ئەوانەی ناچار کــرد کــە بگەڕێنەوە».*

سمکۆ لە ساڵی ١٩٢١دا تەقەلایەکی زۆری دابوو کە پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە بکا بۆ ئەوەی دژی ئێران یارمەتیی بدەن و بۆ ئەو مەبەستە بە هۆی بابکری سلیم ئاغای پژدەرەوە دەستی کرد بە نامەناردن کە لە دۆکیومەنتەکانی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ژمارەیەکی زۆریان بە دوورو درێژی باسیان کردووە، وەکو دۆکیومەنتی ژمارە P.2134 ڕۆژی ١٩٢١/٩/٢٥و ژمارە C.O.730-6-1607 ڕۆژی ١٨/ . ١/ ١٩٢١ و دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-6-1607 C.O.730-8-250 ڕۆژی . ١/ ١٢/ ١٩٢١ و ژمارە C.O.730-8 ڕۆژی ١٥/ ١١/ ١٩٢١.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا(٤٥)دەربارەی چۆنیەتیی پەناهێنانی سمکۆ بۆ عیراق دەڵێ:

*«لەو کاتەدا کە شێخ مەحموود لە سلێمانیدا لەسەر کار بوو، سمکۆ لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا لە شەڕێکدا کە لەگەڵ تورکەکانا شکابوو هەموو طۆپ و ڕەشاشەکانی لەکیس چووبوو، کاروانێکی زۆری چەک و جبەخانەی بە باری ئێسترەوە لێ زەوت کرابوو، ژمارەیەکی زۆریش لە چەکدارەکانی کوژرابوون کە لەناو ئەوانەدا ژنەکەی بوو و کوڕێکی (٦) ساڵەی کوژرابوو (سەرچاوەکانی تر دەڵێن گیرابوو نەکوژرابوو)، لەو ڕۆژانەدا سمکۆ هاتە عراق و داوای یارمەتیی کرد.*

*سمکۆ ئێجگار زۆر لەوە دڵگیر بوو کە ڕێگەمان نەدا بێتە هەولێر بەڵام مسئلەي سید طە شتێکی جیاواز بوو لەگەڵ ئەوەی سمکۆ، چونکە سید طە تەنها هەر خۆی هاتبوو، جگە لەوە موڵکێکی زۆری هەبوو لە قەزای ڕواندزو لە کاتی خۆیدا پاڵێوارو بووە بۆ ئەو حوکمدارییەتەی کە لەدواییدا بۆ جاری دووهەم درایەوە بە شێخ مەحموود».*

ڕفیق حلمی لە لاپەڕە (٤٤)ی زنجیرەی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی هاتنی سمکۆ دەڵێ:

*«ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ شێخ مەحموودا لە تەقەلایەکی بێ*

سوودا بوون، ئەو هاتنەی سمکۆ لەو رۆژانەدا بۆ سنووری عراق، ئینگلیزەکانی خستە سەر ئەوەی کە سوود لەو بەسەرهاتەی سمکۆ وەربگرن و سمکۆ بکەن بە هۆی تێکدانی شێخ مەحموودو تورکەکان و بۆ گەیشتن بەو مەبستە ئینگلیزەکان داوایان لە سمکۆ کرد کە بچێتە هەولێرو لەوێوە دەستی کرد بە موخابەرەکردن لەگەڵ شێخ مەحموودا.

هەندێ لەو کەسانەی کە لەو رۆژانەدا لە هەولێر بوون دەیانوت سمکۆ نەچووبووە هەولێر کە ئینگلیزەکانی لێ بوو (وەکو ئەدمۆنسیش باسی کردووە کە نەچووبووە هەولێر)، چونکە سمکۆ ئاگاداری ئەوەبو کە خوشکەکەی (مار شمعون) کە بە دەستی سمکۆ کوژرابوو لەو رۆژانەدا چووبووە بغداد بۆ شکات کردن لە سمکۆ لەبەر ئەوە ئەو ترسەی لەدڵدا بوو (کە ئەمە پێچەوانەی ئەدمۆنسکە کە دەڵێ ئێمە رێگەمان نەدا بچێتە هەولێر).

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

سمکۆ لە رێگای هەولێر کە ساتێک فرۆکەیەکی ئینگلیز دەبینێت بەژوور سەریەوە لە ئینگلیزەکان دەکەوێتە گومانەوەو دەست دەداتە دەمانچەکەی و شۆفێرەکە ناچار دەکا لەجیاتی ئەوەی روو بکاتە هەولێر دەچێتە گوندی (بەحرکە).

رفیق حلمی دەڵێ:

عزەت مدفعی کە خۆی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نێررابوو بۆ لای سمکۆ، عزەت بۆی گێڕامەوە کە زۆری هەوڵدابوو سمکۆ رازی بکا بچێتە هەولێر بەڵام سوودی نەبوو وە عزەت لە هەولێرەوە نامەکانی سمکۆ کە لە بەحرکەوە بە تلگراف دەنێرێت بۆ شێخ مەحموود لە سلێمانی».

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەوە بوون کە سمکۆ و شێخ مەحموود دوژمنی یەکتر نەبوون و ئاگاداری ئەوە بوون کە چۆن سمکۆ خزمەتی خێزانە ئاوارەکانی کردبوو لەبەر ئەوە شێخ مەحموود دەیویست چاکەی سمکۆ بداتەوە. تلگرافەکانی نێوانی سمکۆ و شێخ مەحموود ئینگلیزەکانی خستبووە هیواوە لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان رێگەیان دا بە

*سمکۆ کە بچێتە سلێمانی»*.

لێرەدا حەزم کرد دەقی هەندێک لەو تیلیگراف‌انەی کە لە نێوانی شێخ مەحموودو سمکۆ و سید طەدا لە رۆژنامەی (روژی کوردستان)دا بە کوردی و بە تورکی بلاوکراونەتەوە هەر وەکو خۆیان بلاویان بکەمەوە.

لە لاپەرە (١و٢)ی ژمارە (٧)ی ئەو رۆژنامەیەدا کە لە ١٩٢٢/١٢/٣.دا دەرچووە بە کوردی و بە تورکی ئەو تیلیگرافەی کە سمکۆ لە رۆژی ١٩٢٢/١٢/١٤دا ناردبووی بۆ شێخ مەحموود بلاوکراوەتەوە کە ئەمە دەقی ئەو تیلیگرافەیە:

لەپێشەکی بلاوکردنەوەی تیلیگرافەکەدا رۆژنامەکە روونکردنەوەیەکی بلاوکردۆتەوە دەڵێ:

*«بە تأریخ ٩/ربیع الاول ١٣٤١ رومی ژمارە (.٧)ی غزتەء (ستارەء ایران) مخالف حقیقت بعض نشریاتی کردبو. بو تصحیح أفکار عموم سرداران و منوران کورد مجبوربوین مخابراتی کە لە بین حضرت ملک کردستان و جناب سمکۆ و سید طەدا جریانی کردوە درج و نشری بکین:.*

*سلیمانی: بو حضور حکمدار أعظم کردستان*

*امرو مقدرات کوردستان توديع دست مبارکتاً کراوە. مناسبی نازانین هیچ ایشیک بی أمر ذات حکمدارانەتان بکری. بزەویتان نایيتەوە بە أیمە مانان کە ملت کورد مغدورین. استرحام اکین لە همو خصوصیکەوە معاونت بفرمون بو أستخلاص أم وطنەمان*

*سمکۆ*

*١٤/کانون اول ١٣٣٨*

وە لە هەمان ژمارەدا وەرامەکەی شێخ مەحموود بۆ سمکۆ بەم جۆرە بلاوکراوەتەوە:

*«أربیل: قهرمان کوردستان حضرت أسماعیل آغا*

*ج: ألبتە تقدیری أفرمون کە بە تاق تنیا لە ریگای سندنی حقوق ملت کوردا لە پیش همو کسیکەوە بە چ درجەء فیداکاریم کردوەو بو نیسبتەش فلاکتم دیوە.*

*امروش به أتفاق قهرمانیکی وکو ذات وطنپرورانهء أیوه بو گیشتن به عین غایه درجهء آرزوم أحتیاج به أیضاح ناکات، حوالهء تقدیر وجدان جنابتانی أکم. لکن أبي بو مدافعهء حقی بي که بی قوت، بی مال، بی معاونت، بی حق خومان بهاوینه ناو جدال و معرکهء شرو شور و بو سندنی غایهء ملت کورد بی که حیاتی أم قومه سوق فنا بکین. امرو حقیکی رسمي ندراوه به ملتی کوردی أیمه که بیته جنبش و مدافعهء دشمنان خارجی.*

*و هرچند أیمه داوای لطف و حقوقمان کردبی به نوع و عدو بهانه أمهال کراوه (۳) مانگ لمویپش حکومت فخیمهء بریتانیا أو معاونته که وعدی فرموه له صدایکیکی بجي نههیناوه تاکو منیش ملت کورد به أستقبالدوه طماعداریان بکم.*

*بو حقی شرو شورم پی خوشه، بلام بو ناحقی پیم خوش نیه که خوینی مسلمانانی کورد بریژم.*

*اگر لطفا حق خومان پی ببخشری حاضرین بو همو فداکاری و دفع دورخستنهوهء معترضهکانمان، اگینا هر بو أطاعت مطلقهء حکومت فخیمه به قطعی قول أدم که بی طرف و صادق أمینمهوه برامبر دولت معظمهء بریتانیا.*

*اگر لمه زیاتر لزوم به مذاکره هیه بو تشریف فرمونتان رجاو تأیید أحترام اکم*

محمود

۱٤/کانو اول ۱۳۳۸ رومی

۱۹۲۲

له هەمان رۆژدا سمکۆ تیلیگرافێکی تری ناردووه بۆ شێخ مەحموود که له ژماره (۷)ی رۆژنامەی روژی کورستان که باسمان کرد له لاپەڕه (۳)دا بلأوکراوەتەوه که ئەمه دەقی ئەو تیلیگرافەیه:

*سلیمانی ـ بو حضور حکمدار أفخم*

*له حکومت أنکلیس بەولاوه کس نیه حقوق به أیمه ببخشی و مقابل أو لطفه که لگلمان أکات چاوروانی خدمت أیمهیه. أم حقوقه بي شبه أتوانین بی سینین اگر هر له*

*جـانب حكمـداريتـانەوە ارادەيكى دركـردنيـان ببى بە عـون خـدا بي خـوين رشتن مسلمانان ليره دريان أكم و حقوقيشمان بە همو نوعى ور اگرين وا مصلحت أبينم كـە بەيكەوە دشـمن لەناو خومـان دركين و حـقـوقيـشـمـان هر بەيكەوە لە حكومت بريتانيا و عرب ورگرين*

سمكۆ

*١٤/كانون اول/*

لە لاپەڕە (٤)ى ژمارە (٧)ى هەمان رۆژنامەدا دووبارە وەرامێكى شێخ مەحموود بڵاوكردۆتەوە كە بە تيليگراف ناردوويەتى بۆ سمكۆ دەڵێ:

*أربيل:. قهرمان كوردستان حضرت أسماعيل آغا*

*ج:. حقيقتا بو همو نعمەن أختيار زحمت و بو همو لطفى عرض تشكر لازمە. لكن بو لطفى كە رەوا نەبينرى أختـيار كلفت كردن لوە أچى كە فـداى موجوديت بكرى بو منافع خلق تر. غيـرى حكومت بريتـانيـا أوى حق حيـاتمان بداتـى و أميد سعادتى لى بكرى كس شك نابم، وكو قيام كردن لە مقابل معترض أو حقوقەمان كە بە مرحمت پيمان أبخشرى بە مشروعى أزانم بە بى سبب چونە مجادلەشەوە أوندە بە غير معقول أزانم همو ملتى كورد بى تردد حاضره بو دفع دشمنى خوى بشرطى وكو حكومت بريتانيا وعدى داوە وعدەكە بجى بيني أعتراف بە مليتمان بكات و بە مرحمت تقدير حقوقمان بفرمون و لە حركاتيكدا كە برامبر دشمنان اكرى مادە ياريەمان بدات بلام أمرو معترض وطن و دشمن مليتم ناناسم. كى حقمان أداتى و چە حكومتى تعـرض حقـمـان أكـات، بى زانين سـبب بي چاوپيكـوتني حق مـجـادلە بوچى بكين و بـو منفـعت كي خـوين بريژين. اگـر بم حـالە راضى بين معاونيكى كورد لە دواى خومانەوە نابينين چونكە اگر بپرسن بوچە حقيك مدافعەو خوينى ملت فدا اكەن؟*

*جوابمان نيە بيدەينەوە، أيتر لە جياتى دشمنايەتى غير رسمى أطاعت كردن*

*حکومت و بی طرفانه له مالی خومدا دانیشتن به مناسبتر أزانم.*

**محمود**

*١٤/منه*

له لاپەڕه (٤)ي هەمان ژمارەی ڕۆژنامەدا سيد طەی شمزینی (ژن برای سمکۆ) تیلیگرافێکی ناردووه بۆ شێخ مەحموود ئەمە دەقەکەیەتی:

*سلیمانی: بو حضور عالی حکمداردستتان ماچ أکم اگر مظهر توجهتان بم خوم به بختیار أزانم بو معروضاتم بو حضرت أسماعیل آغا ترک کرد أفندم.*

**سید طه**

*١٤/منه*

وەرامی شێخ مەحموود له هەمان لاپەڕەی ئەو ژمارەی ڕۆژنامەیەدا بۆ سید طه:

*أربیل: بو حضرت برای محترم خوم سید طه أفندی*

*بي قـيدو شـرط تشكر أو لطف و تـوجهـات داعی خوازانەتان أکم کـه له حـقم ڕەوا بینراوه.*

*جواب أمرەکانی اسماعیل آغام تقدیم کردوه. من کوردم، چونکه به کوردی ژیان به سعادت أزانم.مفتون سویەء ملیتپرورانەء همو قهرمانیکی کوردم.*

**محمود**

*١٤/منه*

بەپێی ئەو تیلیگرافـانەی کـه لەنێوانی شـێخ مـەحـمـوودو سـمکۆدا هات و چۆیان کردووه له ئەنجامی ئەوانەدا سمکۆ ڕوو دەکاته سلێمانی بۆ ئەوەی گفت و گۆ لەگەڵ شـێخ مـەحـمـوودا بکاو بێگومـان ئینگلیـزەکـان به هۆی لایەنگرەکـانیـانەوه ئەوەی مەبەستیان بووه سـمکۆیان ڕاسپاردووه کـه لەگەڵ شێخ مەحموودا بیکاو ئینگلیـزەکان لەو ناردنەی سمکۆدا بۆ لای شێخ مـەحـموود جگه لەوەی هیـوای ئەوەیان هەبووه کـه سمکۆ وا له شێخ مـەحـموود بکا بچێتـه ژێر باری ئینگلیـزەکانەوه بەبێ ئەوەی هیچ

بەڵێنێکی ئاشکراو دانپیانانێک هەبێ بە حکومتی کوردستانداو بێجگە لەوەش ئەو ناردنەی سمکۆیان بۆ ئەوە بووە کە دڵی تورکەکان لە شێخ مەحموود کرمێ ببێت، بەڵام وەکو لەدواییدا بۆمان دەردەکەوێ ئەنجامی ئەو چوونەی سمکۆ بەکامی دڵی ئینگلیزەکان نەبووە بەڵکو بەپێچەوانەوە تورکەکان کە لە سلێمانیدا بوون توانییان سمکۆش لە خشتە ببەن و لە ئینگلیزی دوور بخەنەوە.

دەربارەی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی دوو سەرچاوەمان بەدەستەوەیە کە هەردووکیان بە دوورو درێژی باسیان کردووە کە لێرەدا دەیانخەینە بەرچاو، ئەگەرچی هەندێ نووسەری تریش باسیان کردووە.

سەرچاوەی یەکەم، بریتییە لە رۆژنامەی روژی کوردستان کە لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٨)ی رۆژی ١٩٢٣/١/١٠دا باسی کردووە کە هەر وەکو خۆی بلاوی دەکەینەوە.

*قهرمان کوردستان - حضرت اسماعیل آغا (سمکو)*

*هفتەء لەوپیش جناب طاهر افندی سرکاتب حضرت ملوکانە (نیاز لە طاهری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بووە) بە قوتیکی سواری یەوە تشریفی حرکتی کرد بۆ أستقبال حضرت قهرمان کوردستان جناب أسماعیل آغا.*

*روژی ١٩٢٣/١/٧ کە جناب آغا قوناغی نزیک سلیمانی بوەوە حضرت رئیس الروسا جناب شیخ قادر افندی کە لە معیت مبارکی دا قوماندان طابور ژاندرمە بە قوتیکی زورەوە گلی أشراف مملکت موجود بون و أستقبال حرکت فرمابو و نزیکی منزلی تشریفی چو بەپیریەوە.*

*روژی ١٩٢٣/١/٨ دوایر حکومت تعطیل کرا أهالی دکانیان هلگرت، عموم سادات کرام و مأموران عسکری و ملکی و روءسا و أشراف و منوران و أهلی محترمە بو مراسم أستقبال نزیکی نیو سعات بە سواری و بە پیادە حرکت و رویان کردە ریگای أستقبال و أنتظار.*

*جناب رئیس داخلیە لگل جناب کاپتن چیمن وکیل فخامت مندوبی سامی دا بە اوتوموبیل و سایر روءسای عشایری کە لە سلیمانی حاضربون هر کسە بە خوی و*

دستەو دایرەیەوە بە صورتیکی منتظم و جیاواز داخل مراسم أستقبال بون.

لپاش ترتیب و تنظیم أم مراسمە گردونەء حضرت جلالت ملک معظم دام شوکتە ساعت لە شش کوردی لە شارەوە نزیکی نیو ساعت ریگا بو أستقبال تشریفی فرمو ولە جیگای مخصوص أنتظارو أسراحتیان فرمو. کە تشریفی مبارکی حضرت آغای نامدار نزیک بوەوە لە ریاست قوماندان قوای ملک عموم قطعات سواری مللی ملوکانە ساعت ریگا لە شار دور تا کنار شار لە هردولای ریگادا صف بستەء أقدام و سلام بون و عرض تعظیمات وتبریکیتیان کرد.

لپاش قدری کە حضرت آغای نامدار لگل جناب أحمد اغای برای محترمی و سایر خزمان و معیتی مبارکی و روءسای کرام و ذوی الأحترام عشیرت پشدر جناب بابکر آغاو جناب عباس آغاو سایر روءسای عشایر پشدرو منگورو أوجاغ لە خذمت جناب رئیس الروءسا حضرت شیخ قادر افندی دا بە تواوی نزیک موقع مخصوص جلالت حضرت ملک بونەوە. أوسا گردونەء حضرت تا جداریش توزی چوە پیشەوە هردو طرف دا بزین و مصافحە و بیان خوش آمدی و تبریکات و لوازم محبت و حرمت فوق العادە لە هردو جهتەوە بجی هینراو با أرادەء ملوکانە حضرت آغای محترم لە گردونەء مخصوصەء ملوکانەدا أخذ موقعی فرمو و لە خذمت حضرت ملکدا گرانەوە بو شار.

أمرا و ظابطان و عساکر منصورەء کردستانیش لە خارج شاردا بە صورتیکی منتظم صف بستەء أحترام و سلام بون راسمەء تعظیمات و سلامیان أیفا و گلی گورانی وطنی خوشیان خویندەوە و دعای ترقی و موفقیت حکومت و ملت کوردیان کرد.

لە طرف جلالت حضرت ملک و حضرت آغای نامدارەوە تفتیش عسکرەکان کراو یکە یکە مظهر سلام بون.

لەدواییدا بە عمومی عودت کرایەوە بو خانو و موقع مخصوص حضرت آغای محترم و لبر درگا توقفیان فرمو لەوی دا همو شاگردانی مکتب بە صورتیکی ریک و پیک لە صف حرمت و أنتظاردا راوستان، گلی گورانی و أشعار کوردی وطن بە

تأثیریان خویندەوە کە دلی سامعین اکرد بە آو.

لە طرف یکی لە شاگردان مکتبەوە بمناسبت أو روژە مبارکە و أو ذاتە محترمەوە نطقیکی جوان و روان خوینرایەوە. کە عرض خوش آمدی حضرت آغای نامدار، دوعای بقای موفقیت و ترقی حضرت ملک و ملت کوردبو.

لم أستقبالە منتظمە و لم منظرە محتشمە عادتا عالم کوردیت و قومیت أحیا بوەوە. لەپاشدا مسافرین محترمە لە خزمت حضرت جلالت ملکدا تشریفیان چوە مقام خصوص خویان.

حقیقت أم روژە روژیکی تأریخي و زور مقدسە. أیمە ناتوانین درکی معالی و مدح و ثنای و خدمات وطنپرورانە و أقدامات فداکارانەء حضرت آغای نامدار بکین. لکن بناوی عموم ملت کوردەوە عرض خوش آمدی و تبریکات حضرت أم قهرمان کوردستانەوو رفیقانی محترمی اکەین و بە تشریف هاوردنیان أعلان مسار و أفتخارو سعادت و موفقیت همو قوم کورد لە بارەگاو کبریا أسترحام اکین.

روژ کوردستان



وینەیەکی سمکو

لە لاپەڕە (٣)ی ژمـارە (٩)ی ڕۆژی ١٩٢٣/٢/١٧دا ڕوونکردنەوەیەکی تیـادایە دەڵێ:

*«وختی کە حضرت قهرمان کوردستان اسماعیل آغا داخل شار سلیمانی بو بە شرف و حرمت أم ذاتە مقدسەوە حوت عدد طوپ سلام و أحترام أنداخت کراوە، لە نسخەء پیشوی روژ کوردستاندا لە مراسیم أستقبالدا أم خصوصەمان لەبیر چوبو عرض معذرت اکین.*

*روژ کوردستان*

بەرامـبـەر بەو پێشـوازییـەی کـە لە سـمکۆ کـرابـوو لە لاپەڕە (٣)ی ژمـارە (٨)ی ١٩٢٣/١/١ .دا سـمکۆ سـوپاسنامـەیەکی بڵاوکـردبووەوە کـە ئەمـە دەقـی ئەو سوپاسنامەیە بووە:

*«لە سر دعـوت و أرادەء حضرت جلالت ملک کـوردستـان و سید السادات جناب (ملک محمود اول) دام شوکتە بە کمال شوق و شطارتەوە بو کسب شرف زیارتی حضرت ملک معظم هاتمە سلیمانی. لە همو خصوصیکەوە مظهر توجهات و عنایات حضرت ملوکانە بوم لبر أوە بە همو موجودیتمەوە عرض تشکر و أفتخار أکم و لە شیوەء أنسانیت و حسیات قومیت پروانەء کە لە مراسم أستقبالدا لە طرف جناب رئیس الروسـاء و سادات کـرام و روسا و مـأموران عـسکری و ملکی حکومت و أشـراف و منوران و أهالی کوردسـتـانەوە در حق بە شـخـصی من رەوا بینرابو گلی متشکر و مفتخرم بلکو هر فلاکت و أذیتی لە ریگای خذمت آزادی و خلاصیء أم ملتـە دا بسرما هاتوە لە بیرم چوتەوە بـە واسطەء روژ کوردستانەوە بیان ممنونیت و سروری لە همو برادارانی کورد سلیمانی أکم. خدا همو لایکمان موفق بکات».*

*سمکو*

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ئینگلیـزەکـان خۆیان ڕێگەیان دابوو بە سـمکۆ کـە بچـێتـە سلێمانی، کەچی ئەدمۆنسی خوێنەخوێی کورد لە کتێبەکەیدا (٤٥) بە گاڵتەپێکردنەوە

باسی چوونی سمکۆی کردووەو نووسیویەتی:

*«پاڵەوانی مەزن سمایلخان (سمکۆ) گەیشتە سلێمانی، وەکو چۆن یەکێک لە ڕۆژنامەیەکی ناوچەییدا (مەبەستی ڕۆژنامەی ڕوژ کوردستان بووە) ووتوویەتی:-*

*سەعادەتی اسماعیل آغا -سمکو- بە أستعراضیکی عسکری پێشوازی لێ کراو حەوت گوللە طوپی بۆ تەقێنراو ڕوژی گەیشتنی سمکۆ بە ڕوژی تەعتیل ژمێررا.*

*لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی سمکو بو سلیمانی هەمو جۆرە ریکەوتنیکی ساز نەکرد. بەلام هاتنی سمکو نەوتي کرد بەسەر ئاگرداو خەڵکی پێ هاتە جۆش و خرۆش».*

ڕفیق حلمی لە یاداشتەکانیا زۆر بە دوورو درێژی باسی چوونی سمکۆی کردووە بۆ سلێمانی و لە لاپەڕە (٤٤)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا بەم جۆرەي خوارەوە باسی کردووە:

*«کە دەنگي هاتنی سمکۆ بە سلێمانیدا بڵاوبووەوە، سلێمانی بە جارێک خرۆشا. ناو و شۆرەتی سمکۆ و باس و حکایەتی ئازایی و قارەمانێتیی ئەم کوردە ناودارە دەمێک بوو گەیشتبووە کوردستان، لەبەر ئەوە هاتنی بۆ سلێمانی وە بۆ مسئلەی کورد بە مزگێنی دەژمێرراو هیوای نیشتمانپەروەرەکانی تازەکردەوە.*

*سمکۆ لە دڵی هەموو کوردێکدا جێگەیەکی بەرزی هەبوو بە قارەمانێکی میللی دەدرایە قەڵەم، حکومەتەکانی ئێران و تورک بە چاوێکی پڕ لە کین و شکەوە تەماشایان دەکرد، لەبەر ئەوە هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی شتێکی کەم نەبوو، گەورەو بچووک بە ژن و پیاوەوە لەم هاتنە دوان و بێ ئۆقرە چاویان لە ڕێ بوو چاوەڕوانی گەیشتنی ئەم قارەمانەیان دەکردو دەیانویست ساتێک زووتر بە دیداری شاد بن.*

*ئەوانەی کوردو نیشتمانپەروەر بوون سمکۆیان بە قارەمانێکی میللی دەهاتە بەرچاو، هیوای ئەوەیان دەکرد ئەم هاتنەی ببێتە هۆی گۆڕینی (مجرای سیاسەت)و تای ترازووی کوردایەتی سەرکەوێ و شێخ مەحموود لەو دوو ریانەی لێی وەستابوو بخرێتە سەر ڕێی مەبەست، واتا ڕووی بکرێتە مەسەلەی کوردستان. مصطفی پاشا یامولکی لە هەموو کەس زۆرتر بە کەیف بوو، لەو حاڵەی کە تیادا بوو چووبووە حاڵێکی ترەوە، خۆی قیت کردەوەو بوو بە کوڕێکی چواردە ساڵە... ئەویش لە*

سەودایەکی تردا بوو، بەتەمای ئەوە بوو سمکۆ و شێخ مەحموود بەرەو ئامانجی خۆی بەرێ، لەو خەیاڵەدا بوو کە سیاستی ئینگلیز بێتە جێ (رفیق حلمی دەڵێ دوژمنایەتیی مصطفی پاشا بەرامبەر بە تورک سنووری نەبوو، تاکە ئومێدێک کە هەیبوو دژی تورک بریتی بوو لە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە تورکخواکان هەمیشە بە پیاوی ئینگلیزیان دادەنا.(لە باسی هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزدا کە دێینە سەر باسی ئاسوورییەکان باسی چوونی مصطفی پاشا دەکەین بۆ لای سمکۆ بەرلەوەی کە بێتە سلێمانی)، مصطفی یامولکی دەیویست تورکەکان لە رواندز دەربکرێن بە هیوای ئەوەی خەبات و ئاژاوە بگاتە ناو کوردستانی تورکیا، بە کورتی مصطفی یامولکی بۆ شکاندنی مصطفی کمال هەوڵی دەدا.

لەسەر فەرمانی ملک، خانووەکەی شێخ مصطفی نقیب پاک کرایەوەو رێکخرا، رۆژی هاتنی سمکۆ سەرپاکی خەڵکی سلێمانی هاتنە دەرەوە، زۆربەی سوارەی عەشایری دەوروپشت چوون بەپیریەوەو شاری سلێمانی هەر وەکو بووک رازابووەوەو لەناو ئاهەنگێکی گشتی و زەماوەندێکی میللی و نەتەوایەتیدا بەرەو پیرچوونێکی زۆر شیرین و شاهانەی بۆ کرا.

شەوێک پێش گەیشتنی سمکۆ، شاری سلێمانی بە سانی مێرووله ووروژابوو،دەرزیت بهاویشتایە نەدەکەوتە سەر ئەرز، هەتاکو رۆژ خەو لە چاوی زۆر کەس نەدەکەوت، سەیر ئەوە بوو تورکخواکانیش لەکەیفدا بوون، بەڵکو ئەوان لە کوردپەروەرەکان زیاتر (نەشئە)یان پەیدا کردبوو.

وا دەردەکەوت بەلای دەستەی تورکخواکانیشەوە هاتنی سمکۆ جێگای هیوا بوو، بەیانی پێش هەتاوکەوتن ئەهالیی شاری سلێمانی ووردو درشت بە پیاو و ژنەوە رژابوونە کۆڵانەکان. قوتابیان لەو کۆڵانەی کە دەچوو بۆ ماڵی شێخ مصطفی نقیب لەگەڵ عسکرو پۆلیس بەرامبەر بە یەک بە ریز وەستابوون. بۆ راگرتنی ئەمانەو رێکخستنیان (زابت)ە کوردەکان و مامۆستاکان بە چوستی لە هات و چۆدا بوون، هەتا دەهات خەڵک زۆر دەبوون و لەو دەشت و کۆڵانەدا جێیان نەدەبووەوە، تەلارو

پێش هەیوان و پەنجەرەی خانووەکان و سەربانی مزگەوتی گەورەو دوکان و بازار جمەی دەهات، لادێیی نزیک ناو شار بە جارێک روویان کردبووە ناو شار. نزیکی نیوەڕۆ ئوتومومبیلی شێخ قادری سەرەک رئیسان درکەوت، خەڵکەکە بەجارێک خرۆشان و بەیەکا چوون. ماموستا خوێن گەرمەکان و زابتەکان چوون بەلای ئەو قوتابیانەوەو بۆ سلاو چاوەڕوانی ئیشارەتیان دەکرد.

ریزی قوتابیان چاویان بڕیبوە دەمی زابت و ماموستاکان، لەپڕ ئوتومومبیلێک گەیشتە پێشەوەو دەرگاکەی کرایەوە، بەتەنیشت شێخ قادرەوە بالای بەرزو قەدی شمشالیی سمکۆ دەرکەوت، پڵنگی کوردستان لە بەرگی عسکریدا بە وێنەی جەنەراڵێک هاتە پێشەوە. سمکۆ چاوێکی بەو خەڵکەدا خشاندو بۆ سلاو هەردوو دەستی بە جارێک بڵند کردەوە، ئیتر لەگەڵ هەلهەلەو چەپڵەرێزانی ژنان، لەلایەکەوە گوڵباران و دەنگی بژی بژی وە لەلایەکی تریشەوە گرمەی طۆپ بۆ پێشوازی دەستی پێ کرد، فرمێسکی شادمانی بەری چاوی نیشتمانپەروەرەکانی گرتبوو وە بۆ ماوەیەک لە هۆش خۆیان چوون، لە مێژووی رۆژە گرنگە پیرۆزەکانی سلێمانیدا دوای رۆژی گەڕانەوەی شێخ محمود لە هندستانەوە ئەو رۆژە یەکەم رۆژی شادی و پیرۆزی بوو لە سلێمانیدا.

قوتابیان لەگەڵ گۆرانیدا بەخێرهاتنیان کرد بە گوڵباران و عسکرو پۆلیس بە تفەنگە بریسکەدارکانیانەوە لە سلاودا وەستان، وێنەی ئەوساتەی سمایلخان و دەستە سوارەکەی پڕ لە چەکی شوکاک دەشیا بچێتە لاپەڕەکانی مێژووی کوردەوە.

سمکۆ هەرچەند بەرگی عسکریی لەبەردا بوو بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی رەگەزی کوردایەتیی ئەو بە جێگەیەکی بەرزەوە دەبینرا، واتا کلاوێکی کوردانەی شوکاکی لەسەر نابوو وە چەند هەوری و مشکییەکی بەدەوری ئەو کلاوەدا پێچابوو تێی ئالاندبوو، ئەو پیاوانەی لەگەڵیا بوون بە بەرگی کوردیی شوکاکەوە لە کوردستانی باکوورەوە دیارییەکی بەنرخ، واتا دیمەنێکی شیرینی براکانی ژووروویان بۆ هێنابووین.

مصطفی پاشا یامولکیی دۆستی دێرینی سمکۆ بە ووتارێکی گەرم و بەهێز

داستـــانی دوورو درێژی ئەم بێچـوە شـێرەی بۆ گـێڕاینەوە، مـێژووی پاڵەوانی و نیشتمانپەروەری سمکۆ و ئەو کارەساتانەی بۆ هۆنینەوە کە لەم ڕێگەیدا بەسەریا هاتبوو.

گومان نییە تورکەکان لەم هاتنەی سمکۆ کەوتبوونە ترسەوە، چونکە مصطفی پاشا یامولکیی دوژمنی خۆیان باش دەناسی بە خۆڕایی ناویان نەنابوو (مصطفی نمرود)، هەر لەبەر ئەوەش بوو تـورکـەکـان لە کـاتی خـۆیدا هەڵیـان کـوتایە سـەر سـمکۆ، تورکـەکـان وەنەبێ سـمکۆیان نەناسـیبێت، بەڵکو هەر لەدەمـێکەوە دەیانناسی وە دەیانزانی سمکۆ بۆ سەربەخۆیی کورد خەبات دەکا».

رفیق حلمی لە پەراوێزی لاپەڕە (٥٣)ی بەرگی شەشـەمی یاداشتـەکانیـا ترجمەی نامەیەکی لە تورکییەوە کردووە بە کوردی کە لە کاتی خۆیدا بە ناوی (قۆماندانی جەبهە)وە کە (بصری بەگ)ی سەرەک ئەرکانی حرب بە ئیمزای خۆی ناردوویە بۆ (یوزدمـیـر) لە رواندزو یوزدمـیـر لەژێر ناوی (وثیـقـەی ژمـارە ـ٩ـ لە دەفـتـەری یاداشتەکانیا نووسیویەتی دەڵێ:

دیاربکر ١٣٣٨/٦/١٤ی رومی

بۆ یوزدمیر بەگی قائمقام

استخبارات ـ نومرۆ ـ (١٧٤٥)

١ـ سیمقو (تورکەکان وایان بە سمکۆ ووتوە) کابرایەکی فیلبازە، بە هۆی زرنگی خویەوە ئەو خەنجەرە کە هەڵی گرتوە بو کاتی خوی ئەی شاریتەوە، ئەم کابرایە بیری سەربەخۆیی لە کەللەدایە، مەبستي ئەوەیە هەتا لە أیراندا دەسەلاتی زیاد ئەکاو بە هێز ئەبێ لەگەڵ ئیمە تیکی نەداو بەم جۆرە بەمەرام و ئامانج بگا.

٢ـ سەرکـەوتنی سمکۆ لە ناو عەشایری کـوردا بەم جۆرە گـەورە بـوونی و دەسـەڵات پەیداکردنی بو حکومتی میللی ئیمە (واتا حکومتـی مصطفی کمال) دەس نا دا، بەلام لەم روژەدا تیکچـونمان لەگـەڵیـا بو ئیـمـەش باش نیـە، ئەگـەر بتـوانن ئێوە (یوزدمیر) هەوڵی ئەوە بدەن و پروپاگاندە بلاویکەنەوە لەناو عەشایرەکانداو تەفرەیان

*بدەن کە بێن بە دوژمنی سمکو (ئینگلیزیش هەر ئەوەی گرتبووە بەر لەگەڵ شێخ مەحموودا)، بەراستی بەوە خزمەتیکی گەورە بو حکومت جیٚ بە جیٚ ئەکەن، وەکو ئەوەی بلاٚوی بکەنەوە کە سمکۆ بە پارەی انگلیز ئەم شورشە ئەگێڕێ و بۆ قانزاجی خوی و خزمەتی انگلیز خوینی کوردەکان ئەرێژێت».*

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٨٣)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو مەترسییەی لە تورکەکان نیشتبوو بە چوونی سمکۆ بۆ ناوچەی هەولێر دەڵێ:

ئەو نامەیەی یوزدمیر بە نهێنی بۆ کۆمەڵی (کرکوک مدافعەء حقوق جمعیتی) ناردبوو پڕبوو لە باسی خراپەی سمکۆ و ترسی ئەوەی هەبووە کە سمکۆ بتوانێ رووی شێخ مەحموود وەرگێڕێ و لە تورکی دووربخاتەوە... یوزدمیر لەو نامەیەدا نووسیویەتی:

*«ئەو نامانەی سمکۆ بۆ سەرەک عەشیرەتەکانی کوردی ناردبوو کەوتە دەس ئێمە، بەراستی خیانەت و جنایەت هەر ئەوەندە دەبێ... سمکۆ لەو نامانەدا نووسیویەتی بەو هێزەی لە سلێمانی و هەولێر پێکییەوە دەنێم پەلاماری تورکەکانی رواندز دەدەم، ئێوەش (سەرۆک عەشیرەتەکان) بە خۆتان و عەشایرتانەوە بە رواڵەت بۆ کۆمەکی تورکەکان و یارمەتیدانیان بچنە لای یوزدمیر لە رواندزو بیگرن، دوای ئەوە منیش بە هێزەکەی خۆمەوە هەڵدەکوتمە سەر رواندزو هەر ئەفسەرو عەسکەرێکی تورکی لێ بێ دەیان کوژین و شارەکە لە تورک پاک دەکەینەوە»(لەوە دەچێ سمکۆ ئەو کاغەزەی ئەگەر راست بێ ناردبێتی، لەو رۆژانەدا بووە کە لە دەورو بەری هەولێردا بووەو بە تلغراف پەیوەندیی بە شێخ مەحموودەوە دەکرد، یا دوور نییە لەو رۆژانەدا کە سمکۆ لە ناوچەی دەسەلاٚتی ئینگلیزدا بووە، ئینگلیزەکان هەر خۆیان ئەو نامانەیان ناردبێ کە دەست تورکەکان کەوتبوو بۆ ئەوەی بۆ ئێجگاری دوژمنایەتیی سمکۆ و تورکەکان بەهێزتر بکەن هەر وەکو چۆن لەوەی حمدی بەگی باباندا باس کرا، کە دوور نییە ئینگلیزەکان لەوەشدا هەر دەستیان بووبێ .*

رفیق حلمی دەڵێ: یوزدمیر لە نامە نهێنییەکەیدا بۆ کۆمەڵەی کرکوک دەڵێ:

*«من لەو باوەڕەدام هەتا سمکۆ لە سلێمانیدا بێ هەرچی دەکرێ و بمانەوێ بیکەین*

*لەوانەیە سەر نەگرێ و بەپێچەوانەی مەبەستی ئێمە بێ، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر کۆمەڵەکەتان بە هەموو هێزێکتانەوە هەوڵی دوورخستنەوەی سمکۆ بدەن لە سلێمانی و وا لە شێخ مەحموود بکرێ هەتا لە سنووری پژدەریشدا رێگەی نەدرێتێ بحەوێتەوە (سمکۆ).*

*پێویستە لەسەر کۆمەڵەکەتان ئەگەر هات و سمکۆش دوورخرایەوە، هەتا فەوزی بەگ نەگەڕێتەوە ئێوە بەرامبەر بە تشکیلاتەکەی شێخ مەحموود نە بە (ئا) وە نە بە (نا) وەڵام مەدەنەوەو جارێ نەچنە ژێر باری هیچ بەڵێنێکەوە».*

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٥٦)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی پەیوەندیی سمکۆ و تورک دەڵێ:

*«سمکۆ لەدڵدا تورکی خۆش نەدەویست و تورکیش تازە دەستی لێ وەشاندبوو ئەگەر سمکۆ دەسەڵاتی ببوایە تۆڵەی خۆی دەسەندەوە، بەڵام هەڵوێستی بە جۆرێکی تر هاتە بەرچاو، پڕۆپاگاندەی یوزدەمیرو لایەنگرانی زۆر بەهێز بوو، لەولاشەوە (خسرو)ی پارچەی جگەری لای تورک بوو وە لەو پارانەی سمکۆ هەیبوو نزیکی (٢٠) هەزار لیرەی ئاڵتوونی لە صندوقی فیرقەی تورکدا لە (وان) دانرابوو دەستی بەسەرا گیرابوو، چ لە ئێران و چ لە تورکیا سمکۆ وای لێ هاتبوو بستێک خاکی بەدەستەوە نەمابوو کە تیایا بحەوێتەوە، بەڵام بە هۆی تایەری ئەمین ئەفەندی مسرەف و شێخ مەحموودەوە وا کرا کە خسروی کوڕی و پارەکانی بدرێتەوەو سمکۆ لەدواییدا برایەوە بۆ تورکیاو موڵکەکانی سەر سنووری پێ درایەوەو بۆ فریودانی شێخ مەحموود تورکەکان سمکۆیان گرتە خۆیان».*

دەربارەی دوارۆژەکانی ژیانی سمکۆ لە فقرە (٦٩٥)ی دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-107 رۆژی ١٣/١٠/١٩٢٦دا باسی شۆڕشێکی تری سمکۆ دەکاو دەڵێ:

«لە مانگی ئۆکتۆبردا سمکۆ لە شەڕێکیا لەگەڵ ئێرانییەکانا بە خۆی و (١٠٠) چەکدارەوە شکاو دووبارە پەنای بردە بەر خاکی عیراق لە ناوچەی Neri و بوو بە ئاوارەی سیاسی. لەپێشدا ئێرانییەکان داوای تسلیم کردنی سمکۆیان کرد بەڵام ئەو داخوازییەیان بەجێ نەهێنراو جارێکی تر داوایان کرد کە سمکۆ لە رێگای خانقینەوە

به ئارەزووی خۆی بگەڕێتەوەو دابنیشێت بەڵام سمکۆ قبوڵی نەکرد چونکە هیچ گەرەنتییەک نەبوو کە بیپارێزێ.

لە فقرە (٧١٩)ی هەمان دۆکیومەنتدا دەڵێ:

*«سمکۆ وەرامی حکومەتی ئێرانی دایەوە کە وا (٥٢٩) پیاوی لەگەڵدایەو پرسیاری کرد ئایا سەرەنجامی ئەوان چۆن دەبێت، بەڵام ئەحمەد ئاغای برای سمکۆ چووە لای مفتشی ئیداریی ئینگلیز لە هەولێرو پێی ووت کە نە ئەو و نە سمکۆ باوەڕ بە ئێران ناکەن لەبەر ئەوە نایانەوێ بگەڕێنەوە».*

ئەوەی شایانی باسە سمکۆ دوای ئەوەی کە لە عیراقدا مایەوە ناچار کرا بچێتە سەر سنوور ئەو تەقەلایەشی سەری نەگرت کە هەر کییەکان یارمەتییان دابوو (دیلمان) بگرێت، ئێرانییەکان پاش ئەوە لە ساڵی ١٩٢٩دا داوای سمکۆیان کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە حاکمی شنۆ. ئێرانییەکان بۆ دڵنیاکردنی سمکۆ بەیانێکی لێخۆشبوونیان بۆ ناردبوو لەناو قورئانێکدا (کە ئێرانییەکان لەو جۆرە درۆ و پیلانانەدا دەستێکی زۆر باڵایان هەبووەو هەیە) لەدوای ئەوەی کە سمکۆ هیچ چارێکی نەمابوو کە دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ وولاتی خۆی دوای ئەوەی حکومەتی ئێرانی بەڵێنیان دابویە بەڵام ئێرانییەکان لە رێگا (بۆسە)یان بۆ نابووەوەو بە نامەردانە کوشتبوویان.

لە ساڵی ١٩٧٤دا لە (شنۆ) بووم لە باسی پرسیارکردنی سمکۆ لە دوکانێکدا مەلایەک بۆی باسکردم و ووتی:

*«در صالی هزارو سیصدو چل و نۆ سمایلخان کوژرا لە شاری شنۆ کە ئەوە ساڵی* کوشتنی بووە( ساڵی هجری)

## سێهەم: پەیوەندی و دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموود لەگەڵ تورکەکاندا

وەکو لە زۆر شوێنی تریشدا لێی دواین، شێخ مەحموود لەدوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە هندستانەوە زۆری پێ نەچوو خۆی لە هەڵوێستێکی زۆر ئاڵۆزکاو و ناڕێکدا بینییەوە، لەلایەکەوە بۆی دەرکەوتبوو ئینگلیزەکان بۆ مەبەستێکی کاتی و تایبەتیی خۆیان هێنابوویانەوەو دەیانویست وەکو شێخ مەحموود خۆی ووتبووی دەورێکی پولیسی پێ ببینن بەبێ ئەوەی هیچ بەیانێکی رەسمی دەربکەن دەربارەی مافي کوردو لەلایەکی تریشەوە تورکەکان شارەزای درۆ و دەلەسەو سیاستی ئینگلیز بوون دەیانزانی ئینگلیز دەیویست شێخ مەحموود فریو بدا کە دژی تورک شەڕ بکا...

رفیق حلمی لە لاپەڕە (١١١)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو رۆژانە دەڵێ(٢):

*«نووسەری کتێبی عراق و عصبە الامم لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی گوایا کە شێخ مەحموود لە بغداد مندوبی سامی و فیصلی دیبوو لە کاتی ووت و وێژدا شێخ مەحموود دانی بەوەدا نابوو کە پەیمانی سیڤەڕ سەرناگرێ، لەبەر ئەوە نەک سەربەخۆیی کوردستان (استقلال) بەڵکو ووشەی (موختارییەت)یش بۆ کوردستان بەبیردا نایەو کاربەدەستانی عراق و ئینگلیز ئەوەی شێخ مەحموود ووتبووی پێیان خۆشبوو... نووسەری ئەو کتێبە ووتوویەتی شێخ مەحموود لەگەڵ بریتانیای گەورەدا دەربارەی کوردستان بەتەواوەتی هاوبیر بووە.*

رفیق حلمی لە وەرامی بۆچوونی ئەو نووسەرەدا دەڵێ:

*«ئێمە لەو باوەڕەداین کە شێخ مەحموود لەو ووتەیەیدا مەبەستی تەفرەدانی فیصل و مندوبی سامی نەبووەو بێگومانین کە شێخ مەحموود لەو رۆژانەدا هەتا لە بغداد بو بیری لەوە نەکردبووەوە جارێکی تر بێ ئەوەی هۆیەکی گەورە زۆری بۆ بێنی و ناچاری بکا، بەگژ ئینگلیزدا بچێتەوە چونکە نەیدەویست جارێکی تر خۆی و*

وولاتەکەی دووچاری دەردی سەری و سەریەشە بکا، بەلاّم هەواڵی ئەو رۆژانەی کوردستان لەوانە نەبوو پشتی پیّ ببەسریّ.

لەگەلّ ناردنەوەی شیّخ مەحموود بۆ سلیّمانی دەبوو هەندیّ شت بخریّتە بەرچاو کە سەرگرتنی بەرنامەی ئەو سیاسەتەی کە لە بغداد کیّشرابوو بەوانەوە بەسرابوو، واتە، پیّویست بوو شیّخ مەحموود بەتەواوی لە سیاسەتی ئینگلیزەکان دلّنیا بکریّ و بە سیاسەتیّکی راست و بیّ تویّکلّ ئەو پەلّە رەشانەی لە دەروونی شیّخ مەحموودا مابووەوە لاّ ببریّ و بسرِیّتەوە، دەبوایە درۆی لەگەلّ نەکریّ و هەست بەوە نەکا کە جیّی باوەڕ نییە، دەبوو فیّلّی لیّ نەکەن وە یا هەولّی ئەوە نەدەن تەنیا هەر کوتەکیّک بیّ بەدەستیانەوە، چونکە شیّخ مەحموود وەکو ئینگلیزەکان بە هەلّەدا چووبوون لە هەستی میللی بیّ بەش نەبوو، بەلّکو بەپیّچەوانەی زانینی ناڕاستی ئەوان خاوەن هەستیّکی هەرە بەرزی میللی بوو، لە گیتیدا تەنها ئامانجیّکی هەبوو کە بریتی بوو لە سەربەخۆیی کوردستان، لەبەر ئەمە لەوانەبوو کە لەرِیّی ئازادیی کوردا خزمەتی ئینگلیز بکا، بەلاّم ئینگلیزەکان لە عاستی ئەمەدا (باسی ئازادیی کورد) چاویان بڕی نەدەکردو دەیانویست بە بەرتیل و بەتەماعی دنیا شیّخ مەحموود بکڕن و نەیاندەزانی بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان (لام وایە رفیق حلمی دەبوایە بی ووتایە نەیاندەویست بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان)، بە زۆرەملیش شیّخ مەحموود نەدەکرا بە مقاشی دەستیان و بۆیان نەدەخرایە ناو (قەفەز)ەوە لەبەر ئەمە دوای ئەو ریّکەوتنە سەرزارییەی کە لە بغداد پیّکهاتبوو، شیّخ مەحموود هیّشتا بە ریّگاوە بوو کە دوودلّی کەوتبووە بەینەوەو ئەگەر بە هەندیّ قسە بڕوا بکریّ دوای گەیشتنی شیّخ بۆ کفری ئینگلیزەکان بیریان دەربارەی شیّخ مەحموود گۆڕیبوو، بەلاّم تازە کار لە کار ترازابوو نەدەکرا بسلّمیّنەوە، لەبەر ئەوە ئینگلیزەکان بە ناچاری رازی بوون کە ووشەی رئیسی مجلسی میللی بکریّ بە حوکمدار.

ملک فیصل بە هاودەنگی لەگەلّ مندوبی سامیدا هەر وەکو دانی نا بە حوکمدارییەتی شیّخ مەحموودا پەیمانی ئەوەشی دایە کە لە ویّنەیەکی فراوانا (موختارییەت) بدریّ بە کوردستان بەلاّم شیّخ بەوەوە نەوەستاو هەمووی مانگیّکی

*پێ نەچوو ئیتر عنوانی حوکمدارییەتی گۆڕی بە (ملکی کوردستان) لە مانگی تشرینی دووهەمی ١٩٢٢دا وە دوای ئەوە دەستی کرد بە داواکردنی سەرپاکی ئەو شارانەی کە کوردن و دەکەونە خاکی کوردستانەوە».*

رفیق حلمی لە پەراوێزی لاپەڕە (١١٦)ی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«مێجەر ئەدمۆنس کە موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی پێشووی عراق بوو لەم ڕۆژانەدا (مەبەستی ئەو ساڵانەی پێش چاپکردنی بەرگی پێنجەمی یاداشتەکەی بووە کە لە ١٩٥٧/٥/١٦دا نووسیویەتی) لە لەندەنەوە ووتارێکی چاپکراوی خۆی بۆ ناردم کە لە The Middle East Jornal دا بڵاو کراوەتەوە لەژێر ناوی The Kurdish Of Iraq دەڵێ: هەوای نەشئە بەخشی کێوەکانی سلێمانی شێخ مەحموودی سەرمەست کرد، لەبەر ئەوە هەر گفتێک کە دابووی و هەر پەیمانێک لەگەڵ گەورەکانی حکومەتی بریتانیادا کردبووی لەبیری چووەوەو زۆری پێ نەچوو خۆی ناونا (ملکی کوردستان)و دەستی کرد بە داواکردنەوەی شارەکانی تری کوردو هەموو ئەو خاکەی کە بە کوردستان ناودەبرێ و هەتا سنووری جبل حمرین درێژ دەبێتەوە».*

ئەوەی رفیق محلمی لێی دواوە کە ئینگلیزەکان بە گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ کفری بیریان دەربارەی گۆڕی بوو ئەوەی شێخ بابا علی شێخ مەحموودمان بۆ روون دەکاتەوە کە ووتبووی باوکم نەیویست لە رێگای کرکوکەوە بگەڕێتەوە چونکە دوور نەبوو ئینگلیزەکان لە کرکوک گلی بدەنەوە بۆیە بەسواری لەڕێی شاخی سەگرمەوە گەڕایەوە بۆ (داریکەلی).

رفیق حلمی لە شوێنێکی تری یاداشتەکانیا دەڵێ[٢]:

*«کە شێخ مەحموود لە بغدادەوە هاتەوە نەدەزانرا چیی داواکردبوو لە ئینگلیزەکان و چ دەسەڵاتێکی پێ درابوو. جارێک لە دیوانی شێخ مەحموودا تەشریفاتی بووم، مصطفی پاشا یاموڵکی و صدیق القادری و توفیق وەهبی و ئەمین رواندزی و عزیز قزاز هاتنە لای شێخ مەحموود بەڵام لەو رووەوە نەیانتوانی شتێکی لێ تێ بگەن وە نەشیانتوانی بیرو باوەڕی خۆیانی پێ بسەلمێنن (بەداخەوە رفیق حلمی نە*

پرسیارەکانی ئەوانەی باس کردووە وەنە ئەو بیرو باوەڕەی ئەوانیشی باس کردووە کە ووتوویەتی نەیانتوانی بە شێخ مەحموودی بسەلمێنن).

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٦٩)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی تورکەکان لەپاش گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە دەڵێ:

«کە شێخ مەحموود هاتەوە، فەوزی بەگی یوزباشی بە سفارشی یوزدمیرەوە چووە لای شێخ مەحموودو لە سلێمانی نامەیەکی دوورو درێژی نارد بۆ یوزدمیر کە وێنەی ئەو نامەیەی فەوزی بەگ لەژێر ژمارەی (٥٩)ی رۆژی ١٣٣٨/١١/٣ رومی (١٩٢٢) بە هۆی فیرقەی هەشتەمەوە ناردبووی بۆ سەرکردەکانی هێزی ناوچەی خۆرهەڵات و جزیرە کە لەو نامەیەدا ووتبووی:

لە وەڵامی پرسیارێکی شێخ مەحموود بە شێخ مەحموودم ووت (فەوزی بەگ)، ئێمە مەبەستمان لەم حەرەکاتە ئەوەیە کە هەر هەرێمێک خرابێتە سنوورەکانی میثاقی میللییەوە ئەو سنوورانە بگرینەوە، ئینجا ئیمرۆ کە بە سەرکەوتوویی لە شەڕی خۆرئاوا (شەڕی یۆنان) بووینەوە ئێستە بۆ ئەوە تێدەکۆشین کە تا سنووری جبل حمرین ئەو شوێنانە بگرینەوە کە بە وولاتی تورک دەژمێررێن کە لە دەستووری میللیی تورکدا دەسنیشان کراوەو عرضی شێخم کرد کە ئەو بڕیارانە لەوانە نییە بگۆڕرێ».

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٧٠)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

«بەپێی ئەو نامەیە وا دەردەکەوێ شێخ مەحموود چەند پرسیارێکی لە فەوزی بەگ کردبێت ئەویش بەپێی توانای خۆی و مەسلەحەتی تورک وەرامی داوەتەوە.

فەوزی بەگ لە نامەکەیدا ووشەکانی شێخ مەحموودی بەم جۆرە باس کردووە:

من موسوڵمانم و خادم و عەبدی دەوڵەتی عوسمانیم، ئەو جەورو حەقارەتەی انگلیز بە منی کرد قەت لە بیرم ناچێتەوە، من لە کاتیکدا چوم بە گژ انگلیزدا کە زوربەی هێزەکانیان لە عراقدابو، عەشایری کورد لە پێشدا سەرپاکیان سویندخۆرم بون و شەڕیان بۆ کردم، بەڵام لە دواییدا لێم تەکینەوەو لە مەیدانا بە تاقی تەنیا مامەوەو عەشایرەکان بون بە هوی ئەوەی ساڵەها لە وڵاتی بیگانەدا دەردی دیلێتی بچێژم،

لەبەر ئەوە پێویستە بزانن کە پشت بە عەشایر نابەسرێ و ڕاپەڕین و بزوتنەوە لە ڕیگای عەشایرەوە ئەنجامیکی باشی لێ پەیدا نابیت بە تایبەتی ڕاپەرینێک کە تەنها بە هێزی عەشایری بکرێ و مەبەستیکی میللی و نەتەوایەتی هانهانەی نەداو دەوڵەتیک پشتگیری نەکردبیت قەت سەری نەگرتوەو سەر ناگرێ.

شێخ مەحموود لەو گفت و گۆیەیدا باسی شەڕەکەی دەربەندی بازیانی بۆ فەوزی بەگ کردووە کە ئەویش لە نامەکەیدا باسی کردووە کە شێخ مەحموود ووتوویەتی:

بەناموسترین ئەو سەرۆک عەشایرانەی کە دوێنێ لەگەڵ ئێمە پێکەوە شەڕیان دەکردو گوللەیان نابوو بە ئینگلیزەوە ئیمڕۆ لەژێرەوە لەگەڵ مێجەر نویل کەوتوونەتە ئاڵ و گۆڕکردنی نامەو بە نهێنی پارەو معاشی لێ وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرزاری هێشتا هەر خۆیان بە دۆستی ئێوە (تورک) پیشان دەدەن و واتان دەبەنە مێشکەوە کە ئامادەن یارمەتیتان بدەن.

مەبەستی من ئەوەیە بۆت روون بکەمەوە (بۆ فەوزی بەگ) کە لەم وولاتەدا تەنها دۆستایەتی بەس نییە، هێزو پارەش پێویستە، ئەگەر هێزێکی کەمیشمان هەبێت زۆر شتمان پێ دەکرێ چونکە لە چەند حاکمێکی ئینگلیز بەولاوە ئیتر ئیمڕۆ وولاتەکەمان ئینگلیزی تیادا نەماوە، ئەوەی ئیمڕۆ پێویستیمان پێی هەیە بریتییە لە چاوترساندنی چەند سەرۆک عشیرەتێکی سەر بە ئینگلیز، هێزی دەوڵەتیش پێویستە کە ئاسایشی ناو شارەکانی پێ ڕاگیرێ و ئەوانە جەزرەبە بدرێن کە لەژێر بۆمبابارانی ئینگلیزداو لە کاتی پەشۆکاویدا بۆ هەل دەگەرێن و هەوڵی ئاژاوەنانەوە دەدەن».

رفیق حلمی لە تێهەڵکێشی خۆیدا بەرامبەر بەو ووشانەی شێخ مەحموود دەڵێ:

«ئەگەر بێت و دان بە حەقدا بنێین، دەبێ بڵێین شێخ مەحموود لە گفت و گۆی نێوانی خۆی و فەوزی بەگدا زۆر وەستایانە ووشەی هەڵبژادووەو لە شێوەیەکی سیاسی و جواندا شێرازەی باسەکەی هۆنیوەتەوەو گەیشتۆتە مەبەست، بەتایبەتی لەوەدا کە شێخ مەحموود بە فەوزی بەگی ووتوە:

«ئینگلیزەکان وای نیشان دەدەن کرکوک و هەولێر هەتا عقرە لەو هەموو جێگایانەی لە ویلایەتی موصلدایەو هەموو کورد زبانن، ئامادەن بیانخەنە سەر کوردستان بەو

مەرجەی کە منیش داوای ڕەواندزتان لێ بکەم وە یا لە خۆتانەوە بۆم چۆڵ بکەن».

رفیق حلمی دەڵێ:

بەڵام بۆ ئەوەی کە تینی ئەو ووشانە لەسەر فەوزی بەگ گران نەوەستێ و ناخۆش نەبێ لای و بەتایبەتیش بۆ ئەوەی شێخ مەحمود لە ئەندازەی هێزو دەسەلاتی یوزدمیر تێ بگاو تاقیی بکاتەوە بە فەوزی بەگ دەڵێ:

«لەبەر ئەوەی کە ئێوە بە ناوی باوەڕپێکراوێکەوە بۆ تێگەیشتنی بیرو باوەڕی من هاتوون، تکایە ئەم قسانەم بەبێ زیادو کەم بگەیەنە بە یوزدمیرو بە گەورەکانی ترتان. من دەزانم کە ئینگلیزەکان راست ناکەن و دەربارەی سەربەخۆیی کوردستانیش هەر پەیمانێکیان دابێ درۆیەو بۆ تەفرەدانی ئێمەیەو بۆ ئەوەیە دوژمنایەتی بخەنە نێوانی کوردو تورکەوەو بمانکەن بە گژ یەکتردا. لەبەر ئەوەی من بەرامبەر بەو وەعدو پەیمانانەی ئەوان ناموێ بە ئاشکرا کۆسپیان بخەمە سەر رێ و سەرپێچی بکەم و کەم و زۆر هەتا بتوانم تەفرەیان دەدەم و کاتیان پێ دەبەمە سەر هەتاکو ئێوە بڕیارێک دەدەن و رێ و شوێنێکی پوختەو تایبەتیم بۆ دادەنێن و ئاگادارم دەکەن. ئەوەی منیش لە ئێوەم دەوێ چوار شتە:

١. ئەگەر هێزێکی رێک و پێکی ئەوتۆتان بەدەستەوە هەیە کە بتوانن شارەکانی سلێمانی و کرکوک هەتا سنووری (حمرین)ی پێ بگرن و بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆتانەوە ئەوا بەبێ وەستان وەرن بۆ سلێمانی، ئەوسا منیش (نمرود)و ئەوانەی هاوبیری ئەوانن دەیان گرم و خۆشم هەتا جبل حمرین هەموو شارەکانی ترتان بۆ دەگرم.

٢. ئەگەر هێزێکی واشتان بەدەستەوە نییە کە ئەم کارە بباتە سەرو تەنها ئەوەتان لە من ئەوێ کە خزمەتی دوژمنتان نەکەم وە یا مەبەستتان ئەوەیە کە دۆستایەتی و فیداکاریی خۆمتان بۆ دەربخەم، ئامادەم ئێستە بەم شەوە بە ماڵ و منداڵەوە سلێمانی بەجێ بێڵم بۆ هەر جێگەیەک کە حکومەتی تورک دەیەوێ لەوێ دانیشم.

٣. هاتو حکومەتی تورک ئەمەی بە باش نەزانی و وویستی لە بونی من لەم وولاتەدا بە جۆرێکی تر کەڵکی پێ بگا، ئامادەم بە دڵ و گیان خزمەتتان بکەم بەو مەرجەی

ئەگەر بە عەسکەری و هێزی دەوڵەتیش ماوەتان نەبێ، بە چەک و جبەخانەیەکی زۆرو بەتەواوەتی بڕیاری یارمەتیم بدەن کە پێویستە ئەو چەکانە طۆپیشی لەگەلاً بێ لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی باش و بەکار، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو زابتانە بەسەرزاریش لە تورک یاخی ببن و بەو چەکانەوە خۆیان گەیاندبێتە ناو کوردەکان، ئەو کاتە منیش هەر بە هێزی کــورد ئەکــومــە کــار بۆ گــرتنی ئەو هەمــوو جــێگایانەی لە بەرنامــەی شــۆڕشەکــەماندا بێ و لە خۆبەختکردن لا نادەم و هیوام هەیە بە ئامانجی خۆتان بگەیەنم.

٤. ئەگەر هات و ئەمانە هیچیان بە مەسلەحەت نەزانرا یا ئەو هێزەتان بەدەستەوە نییە کە سلێمانیی پێ بگرن و ئاسایشی ئەم هەرێمەی پێ رابگرن وە یا توانای ناردنی چەک و جبەخانەشتان نییە کە بۆ ئەم کارە پێویستە، بە مەرجێک کە خۆتان بە باشی دەزانن و بڕوام پێ بکەن کــە دەڵێم جارێ ئەو هێزە کــەم و ناتەواوەتان بکێشنەوە بۆ دواوە بۆ ناو تورکــیاو تا دەتوانن خێراو بە گــورجی هێزی تر و چەک و جــبەخــانەی بخەنە تەک تا دەگەنە رادەیەک کە دەس بدا بۆ بزووتنەوەیەکی بەڕاست بۆ وەشاندنی چەپۆکێکی زل و بەتین و هەتا ئەو کاتەی ئێوە ئەمانە جێ بە جێ دەکەن و ئامادەی بزووتنەوە دەبن منیش لێرە لەگەڵ ئینگلیزەکانا بەسەرزاری ڕێک دەکەوم و بەشی خۆم چەک و جبەخانەو پارەشیان لێ دەسێنم بۆ ئەوەی لە کاتێکدا هێزەکانی ئێوە لەسەرەوە بەرەوخوار دێنەوە منیش بە خۆم و هێزەکانمەوە راست ببمەوەو بەو چەکانەی لە خۆیانم وەرگرتووە بکەومە وێزەیان».

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

فەوزی بەگ لەدوا دێڕی نامەکەیدا دەڵێ:

«وا تێگەیشتووم کە شێخ مەحموود ئەوەی لەدلایە کە بەرامبەر بەم خزمەتەی دەیەوێ بکرێ بە (والی)یەک ئینجا لە موصل بێ یا لە سلێمانی بەلایەوە هەردووکی وەکو یەک وایە».

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٧٤)ی هەمان بەرگی یاداشتەکانیا دەڵێ:

«یوزدمیر لەژێر شکڵنووسی نامەکەی فەوزی بەگدا ئەم چەند ووشەیەی بۆ قائیدی

جبهەکانی خۆرهەڵات و جزیرە نووسیوە:

*بەرامبەر بەم بەیاناتەی شێخ مەحموود هەتا لە دەوڵەتەوە تعلیمات وەرنەگرم بە ناوی حکومەتەوە وەڵامدانەوەی ئەوانەی شێخ مەحموود بە شتێکی بەجێ نازانم، لەبەر ئەوە چاوەڕوانم بەپەلە وەرامم بدەنەوەو ڕێ و شوێنی پێویستم بۆ دابنێن و ئاگادارم بکەن».*

ڕفیق حلمی دەڵێ:

*شێخ مەحموود خۆشی ڕاستەوخۆ لە ١٣٣٨/١١/١ رومی (١٩٢٢) نامەیەکی دوورو درێژی ناردووە بۆ یوزدمیر، لەو نامەیەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لەچاو نامەکانی تردا ئەوەیە کە شێخ مەحموود بە یوزدمیر دەڵێ:*

*«جمعیتی کوردستان لە کاتێکدا من لە هندستان بووم ئەو جمعیەتە دامەزرابوو، سەرکردایەتیی بە من سپێررابوو، منیش بە شانازییەوە قبوڵم کردبوو وە پەیمانی ئەوەشم دابوو لە خزمەت و یاریدەدانیانا درێغی نەکەم.*

*جگە لە شێخ مەحموود سید عبد اللەی حاجی سید حسن (ئامۆزای شێخ مەحموود متصرفی ئەو ڕۆژەی سلێمانی) و شێخ حەمە غریب کە وەزیری داخلیە بووە هەردووکیان سەرو نامەیان نارد بۆ یوزدمیر».*

هەتا ئێرە بریتی بوو لە قۆناغی یەکەمی پەیوەندی و هەڵوێستی تورک بەرامبەر بە شێخ مەحموودو بە کوردو گفت و گۆکردنی فەوزی بەگ لە ڕێگای تورکخواکانەوە. بەڵام قۆناغی دووهەم لە پەیوەندی و یەکتری بینینی شێخ مەحموودو یوزدمیرەوە دەست پێ دەکا، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە سمکۆ لە دەورو بەری هەولێردا ئاوارە بووەو لەدواییدا چۆتە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود وەکو باسمان کرد.

لە باسی هاتنی سمکۆدا بە دوورو درێژی باسی مەبەستی ئینگلیزمان کرد لەوەدا کە ڕێگەیان دابوو بچێتە سلێمانی بۆ لای شێخ مەحموود بە ئومێدی ئەوەی چوونی سمکۆ دڵی تورکەکان لە شێخ مەحموود کرمێ بکاو لەلایەکی تریشەوە بەشکو سمکۆ بەو پێیەی ئەوان ڕایان سپاردبوو وا لە شێخ مەحموود بکا دەسبەرداری دۆستایەتی و پەیوەندیی ببێ لەگەڵ تورکەکاناو بە هەردووکیان تورکەکان لە ڕواندز

دەریکەن.

لەو رۆژانەدا دوو دەستەو تاقمی بەرامبەر یەک هەبوو لە سلێمانیدا، لایەکیان بریتی بووە لە شێخ قادری برای شێخ مەحموودو مصطفی پاشا یامولکی لاکەی تر بریتی بووە لە تورکخواکان بەپێشرەوی و چالاکیی تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف (خاڵی ماجد مصطفی)، لە دەرەوەی سلێمانیش کاربەدەستانی تورک و ئینگلیزەکان لە بغداد لە مل ملانێیەکی بەهێزدا بوون بۆ ئەوەی دەس بەسەر سلێمانیدا بگرن و شێخ مەحموود بەکێش بکەن بەلای خۆیانا.

بەڵام وا دیار بوو وەکو رفیق حلمیش لە یاداشتەکانیا باسی کردووە شێخ مەحموودیش تا ماوەیەک زۆر زیرەکانە خۆی گرتووەو خۆی بەسەر هیچ لایەکدا ساغ نەکردۆتەوە بە ئومێدی ئەوەی لەلایەکیانەوە بەڵێنێکی راست و موسۆگەری دەسگیر دەبێ کە بە ئاشکرا دان بە مافی کوردا بنێت و ئەوسا ئەویش بەوپەڕی دڵنیاییەوە لەژێر تیشکی ئەو بەڵێنە ئاشکرابووەدا دەتوانێ داوا لە میللەتەکەی بکا ببێت بە لایەنگری ئەو تاقمەی کە دانی بە مافی رەوایان ناوەو بە شێوەیەکی ئاشکراو بە رەسمی ئەو دانپیانانەی بڵاوکردۆتەوە، کە لەڕاستیدا ئەو گفت و گۆیەی کە شێخ مەحموود لەگەڵ فەوزی بەگی نوێنەری تورکدا کردوویەتی وەکو لەپێشتردا لێی دواین یەکێک بووە لەو تەقەلا زیرەکانەی کە شێخ مەحموود لەو رووەوە دابووی.

بەڵام وەکو لەدواییشدا دەردەکەوێ کە هەردوو لا، نە یوزدمیر نوێنەری راستەقینەو دەسەڵاتداری تورک بووەو نە ویستوویەتی بە شێوەیەکی رەسمی و ئاشکرا دان بە مافی کوردا بنێت و نە نوێنەری بریتانیاش لە سلێمانی کە بە ناو نوێنەری مندوبی سامی بووە لای شێخ مەحموود ئەو دەسەڵاتەی هەبووە کە شتێکی ئاشکرا بەیان بکاو ئەوەی کە توانیویەتی بیڵێ ووتوویەتی جارێ ئێوە تورکەکان لە رواندز دەربکەن ئەوسا باسی شتر تر دەکەین کە بێگومان ئەوەی هەردوولایان هەر چاو و راو و تەفرەدان بووە.

ئەحمەد تەقی کە خۆی یەکێک بووە لەو سێ کەسەی کە بە حساب یوزدمیر بە نهێنی ناردبوونی بۆ لای شێخ مەحموود باسی ئەو پەیوەندی و هەڵوێستانەی تورکی

لەو رۆژانەدا بەم جۆرە باس کردووە (٤):

«کە شێخ مەحموود ئومێدی لە ئینگلیزەکان بڕا ناچاری پاڵی بە شێخ مەحموودەوە نا کە لە کاتی گفت و گۆکردنیا لەگەڵ وەفدەکەی یوزدمیر کە خۆم یەکێکیان بووم بە هەموو جۆرە ئیدارەیەک رازی بێ بۆ کوردستان بەڵام ئەوەش هەر پێویستی بە موافقتی حکومتی مرکزی (ئەنقەرە) هەبوو هەرچەند ئێمە بەدزییەوە چووبووینە لای شێخ بەڵام ئینگلیزەکان بەوەیان زانی و من بە نهێنی عرضی شێخ مەحموودم کرد کە تۆزێک پەلەی کردبوو لە پەیوەندی کردنیا لەگەڵ تورکەکان وە بۆشم دەرکەوتبوو سمکۆ لەو پەلەکردنەی شێخ مەحموودا دەورێکی گەورەی هەبووە کە داوای لە شێخ مەحموود کردبوو بەزوویی داوای هاتنی وەفدەکە بکاو هەروەها عرضی شێخم کرد کە رێکەوتن لەگەڵ تورکدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان شتێکی زەحمەتەو ئەگەر شتی واش بکرێ پێویستە حکومتی مرکزی موافقتی لەسەر بکاو یوزدمیر هیچی بەدەس نییە لەو روەوە.

ئەو رۆژانەی سمکۆ گەیشتبووە سلێمانی سمکۆ لەگەڵ ئینگلیزەکانا رێک نەبوو وە لەگەڵ سید طەی ژن براشیا کەوتبووە شەڕەوە، کە لە سمکۆم پرسی بۆچی لەگەڵ ئینگلیزەکانا رێک ناکەوێ ووتی ئینگلیز درۆ لەگەڵ کورد دەکاو نییەتی باش نییە (لێرەدا دەردەکەوێ ئەو تیلیگرافانەی سمکۆ لە "بەحرکە"وە ناردبووی بۆ بجهنم هەمووی دەسنیشانی ئینگلیز بووە)و هەرچی بەڵێنێکیش بدا هەمووی فرو فێڵەو بۆ خەڵەتاندنە، لەبەر ئەوە بڕیارم داوە بەقسەی تورک بکەم و بچمەوە سەر سنووری وولاتی خۆم و چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێک بکەم بەڵکو خسروی کوڕیشم دەس بکەوێتەوە (کە تورکەکان گرتبوویان).

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«شێخ مەحموود لەگەڵ وەفدەکەی یوزدمیردا نەگەیشتە ئەنجام و بڕیار درا وەفدێک بچێتە ئەنقەرە بۆ ئەوەی لەوێ لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی کوردو تورک بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود رێک بکەون، بەو جۆرە فتاح بەگی ژن برای شێخ مەحموودو رفیق حلمی ومن نێرراین بۆ ئەو مەبەستەو چووینە رواندزو ئەمەمان لە

یوزدمیر گەیاندو ئەویش فەوزی بەگی یوزباشی بە ناوی مەفرەزەوە لەگەڵا ناردین.

بێجگە لەوە من راسپێررابووم لەرێگا لابدەمە (سەروقامیش) بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی خسروی کوڕی سمکۆ.

زستان بوو رێگا لە شمزینانەوە بۆ تورکیا گیرابوو، لەبەر ئەوە چووینە تبریزو بە رەزامەندیی روسەکان کە لەو رۆژانەدا دۆستی تورکەکان بوون چووینە سنووری تورکیاو من چوومە سەروقامیش و رفیق حلمی و فتاح بەگ چوونە (بانوومی) بۆ ئەوەی لەوێوە بچنە ئەنقەرە.

کە گەیشتمە ئەنقەرە فتاح بەگ پێی وتم رفیق حلمی لە دیاربکرەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و رۆژی دوایی چووم بۆ بینینی حسین بەگی روءف بەگ کە سەرۆک وەزیرانی کمالییەکان بوو، لەوێ وەزیری دەرەوە پێی وتم رفیق حلمی خۆی پێ نەگیراو گەڕایەوە بۆ سلێمانی و پێی وتم عصمت پاشا (ئینونو) ئێستە لە (لوزان)ەو لە ئەنجومەنی میللەتاندا داوای ویلایتی موصل دەکاتەوە لەبەر ئەوە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێ و حسین بەگی سەرۆک وەزیران پێی وتم کە بڕیار وایە کێشەی موصل لەرێگای دیپلۆماسی و سیاسییەوە چارەسەر بکرێ، بۆ ئەوە نائبی موصلیان بانگ کردووە بۆ ئەنقەرەو داوا لە سفیری تورکیش کراوە لە (تاران) کە شێخ مەحموود ببینێت بۆ کۆکردنەوەی مەزبەتە دژی ئینگلیزو هەوڵ بدرێ لە کرکوک و موصلیش هەمان شت بکرێ و خەڵکیان بۆ نێرراوەو داوای لە منیش کرد کە لەرێگەی ئێرانەوە بگەڕێمەوەو مەزبەتەکان وەربگرم.

لە ئەنقەرەوە چوومە (ئەرزروم) لەوێ یوزباشی (علی یاوەر)م بینی (علی یاوەر خوشکەزای ئەمین چتیری خەڵکی سلێمانی بووە)، وە بە هۆی ئەوەوە چاوم بە میر ئالای خالد بەگ جبران و یوسف ضیاء بەگی نائبی بتلیس و پێشەواکانی تری کۆمەڵەی کوردی توکیام بینی و بە دوورو درێژی باسی خوارووی کوردستانم بۆ کردن لەگەڵ روونکردنەوەی هەڵوێستی ئینگلیزەکان و خالد بەگ فەرمووی:-

کورد زۆر بەدبەختەو ئێمە دەمێکە کۆمەڵەمان هەیەو بۆ کورد کۆشش دەکەین و بۆ سەربەخۆیی کورد پەیوەندیمان بە ئینگلیزەوە هەبووەو چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد

لەدوای سەرکەوتنی سوێندخورەکان لە شەڕی جیهانیدا کوردستانێکی گەورە پێک بهێنن کەچی لەجیاتی ئەوە دەستیان کرد بەخەڵەتاندن و فێڵبازی کردن لەگەڵماناو لەجیاتی کوردستان ئەرمەنستانیان بۆ ئەرمەنی پێکهێناو وویلایەتەکانی کوردستانی ژووروو وەکو وان و قارس و بایزیدو ئەرزروم ئەمانەشیان هەموو خستە سەر ئەو حکومەتە ئەرمەنییە، هەروەها لە سلێمانیشدا ئیدارەی شێخ مەحموودیان تێکدا، تەنها لە دیاربکر نەبێ بە چەند مەرجێکی سەخت بڕیاریان دا ئیدارەیەکی وا دروست بکرێ کە دەتوانرێ لەلایەن ئەرمەنییەکانیەوە بە ئاسانی ئەویش گەمارۆ بدرێ کە بەوەی دیاربکر صەد هەزار لیرە لە ئەرزروم کۆکرایەوە بۆ یارمەتیی مصطفی کمال پاشاو عەشایری کورد بەشداریان کردو کورد ئامادە بوو لەگەڵ شەیتانیشدا رێک بکەوێ بەو مەرجەی لە ئەرمەنی و ئینگلیز رزگاری ببێت.

خالد جبران فەرمووی:. مصطفی کمال لەپێشدا لەسەر ئیدارەیەکی هاوبەشی برایانە لەگەڵ کوردا رێک کەوت و ئەنجومەنی گەورە دروست بوو (بویوک مجلیسی)، کە زۆر لە کوردەکان تیایا بەشدار بوون و پەیوەندییان لەگەڵ ئەستەمبول بڕی (لەو کاتەدا دوو دەسەڵاتدار هەبوو لە تورکیا یەکێک لە ئەنقەرە کە کمالییەکان بوون دووهەم لە ئەستەمبولدا بوو لەژێر چاودێریی دەوڵەتە سوێندخورەکانا)، ئینگلیزەکان لەم کارە حەپەسان و یۆنانییەکانیان هاندا بەڵام پاش شەڕێکی خوێناوی یۆنان شکاو لە ئەنجامی ئەوەدا ئینگلیزەکان گێڕیان گۆڕی و کەوتنە بەکارهێنانی سیاسەتێکی دووڕوویی و لەگەڵ مصطفی کمالدا رێککەوتن و لەلایەکی تریشەوە کوردیان هان دەدا هەوڵی سەربەخۆیی بدەن. لە ئەورووپا شریف پاشا داوای مافی میللەتی کوردی دەکرد بەڵام لەبەر ئەوەی سەر بە ئینگلیزەکان بوو پشتگیریی لێ نەکرا».

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

لەو رۆژانەدا خالد بەگ و هاوڕێکانی داوای یارمەتییان لە سۆڤێت کردبوو بەڵام روسەکان پێیان وتبوون: ئێمە نامانەوێ وەکو ئینگلیزەکان بتانخەڵەتێنین و فریوتان بدەین، ئێستە ناتوانین هیچ یارمەتییەکتان بدەین چونکە نامانەوێ دڵی تورک لە خۆمان زویر بکەین.

خالد بەگ فەرمووی: ئەمانە بۆیە بۆ تۆ (بۆ ئەحمەد تەقی) باس دەکەم هەتا بیگەیەنیتە سمکۆ لەگەڵ ئەم نامەیەو ئەم (شفرە)یەدا کە ئەم ئیشە هەر بە تۆ دەکرێ چونکە تورکەکان لە تۆ دڵنیان و فەرمووی: بە سمکۆ بڵێ لای خۆیەوە هەوڵێکی زۆر بدا پەیوەندی لەگەڵ روسدا بکا بەڵکو یارمەتیمان بدەن، منیش لە گەڕانەوەمدا چوومە لای سمکۆ لە (باشقەلا) کە کۆنە گوندێکی ئەرمەنی بوو لەوێ راسپاردەکانی خالد بەگم عرض کردو نامەو شفرەکەم دایە.

سمکۆ پێی ووتم: ئەگەر بە من رازی دەبیت دەتکەم بە رابەری خۆم و دەتنێرم بۆ (ورمیە) لەوێ بە ناوی منەوە قونسولی روس ببینەو داوای یارمەتیی لێ بکەو داواشیان لێ بکە دۆستایەتیی لەگەڵ کوردی عیراق و ئێراندا بکەن و ئەگەر روسەکان ئەمەیان کرد ترتیباتیان لەگەلا رێک بخەو ئەگەر ئەوەشیان نەکرد با شخصی خۆم لە ئێراندا بپارێزن کە بتوانم لە شوێنی خۆمدا دەسەلاتم هەبێت تا بزانین پاشەرۆژ چۆن دەبێ و نامەیەکی دامێ و پیاوێکی لەگەلا ناردم بۆ ئەوەی وەرامی روسەکانی پیا بنێرمەوە بۆ سمکۆ.

چوومە (ورمیە)و بە نهێنی چوومە قونسولخانەی روس و قونسول بەگەرمییەوە پێشوازیی لێی کردم و منیش راسپاردەکەی سمکۆم پێ گەیاندو ووتی پێویستە لەگەڵ مۆسکۆدا قسە بکەم و دەربارەی یارمەتی پێی ووتم ناتوانین ئەو داخوازییەی بەجێ بێنین چونکە ئێمە کوردمان خۆش دەوێ و نامانەوێ بیانخەڵەتێنین. هەرچەند دووریش نییە لە دوارۆژدا رێکیش بکەوین، بەلام دەربارەی داخوازیی دووهەمی سمکۆ کە بریتی بوو لە پاراستنی خۆی لەناو ئێراندا وتی: با لەمەودوا سمکۆ زوو زوو پەیوەندیمان پێوە بکا بۆ ئەوەی ئاگاداری هەڵوێستی بکەین و پێی ووتم: مژدەت بدەمێ کە لەژێر فشاری وولاتاندا ئینگلیز سلێمانییان بەجێ هێشتووەو شێخ مەحموود حاکمەو لەژێر دەسەلاتی کەسدا نییە (مەبەستی رۆیشتنی چیمن بووە کە سلێمانیی بەجێ هێشت وەکو لەپێشتردا لە پەیوەندیی ئینگلیزو شێخ مەحموودا باسمان کرد)و کە چوویتە سلێمانی سلاوم پێشکەش بە شێخ مەحموود بکەو ئەگەر نوێنەریشمان نارد بۆ دەوری هەورامان با شێخ مەحموود یارمەتیمان بدا..

ئەحمەد تەقی دەڵێ:

*ئەم هەموو گفت و گۆیانەم بەو پیاوەدا ناردەوە بۆ سمکۆ و لەدواییدا خۆم هاتمەوە سلێمانی بەڵام دیار بوو هێشتا روسەکان کەسیان نەناردبوو بۆ لای شێخ مەحموود کە ئەوەم عرض کرد فەرمووی: هەر کاتێک پیاویان نارد هەرچییەکیان بوێ بۆیان دەکەم».*

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«تورکەکان و سمکۆ لەگەڵ یەکدا رێک کەوتنەوەو خسروی کوڕیان دایەوەو (هەندێ سەرچاوە وەکو یاداشتەکانی شێخ روءفی شێخ مەحموود(٢١) دەڵێن علی سعید پاشای والی تورک خسروی لای خۆی گل دایەوەو کردی بە کوڕی خۆی و ناردیە مکتب و لەدواییدا بوو بە ئەفسەر لە سوپای تورکداو لەوێ مرد)، هەروەها پارەکانیشیان دایەوەو پێیان ووت بزووتنەوەکەت لە ئێرانەوە دەستی پێ بکە و ئەحمەد ئاغای برات لە شوێنی خۆت دابنێ و بە هەموو هێزەکانتەوە بەرەو خوار بچن بۆ یارمەتیدانی شێخ مەحموودو هەباس ئاغای پژدەر.*

ئەحمەد تەقی لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*کە لە (وان) بووم لەپڕ، لەو کاتەدا تیلیگرافێک هات کە سلێمان صبری والی خوێندییەوە پێی تێکچو و تیلیگرافەکەی بۆ خوێندینەوە کە لەلایەن مصطفی کمالەوە نێررابوو دەڵێ: «لەبەر هەڵوێستی نێو دەوڵەتان ناچارین بزووتنەوەکەی سمکۆ دوابخەین و سەربازەکان بنێرنەوە بۆ (وان)، سڵاوم بگەیەنە بە سمکۆ و خوا یاربێ لە دوارۆژدا یارمەتیی دەدەین».*

ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیا لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

*«نامەیەکم لە صبری بەگی والیی (وان)ەوە پێ گەیشت نووسیبووی: بەداخەوە لەم رۆژانەدا تورک ناچارە واز لە داواکردنەوەی ویلایەتی موصل بهێنێت».*

بەو جۆرە لەو یاداشت و باسانەدا دەردەکەوێ کە تورکەکان سمکۆیان لە کاتی خۆیدا بۆ کوشتارو شەڕی ئەرمەنی و ئاسووری پێویست بووە لە جبهەی (جولەمیرگ)و (ئورامار)، بەڵام کە تورک لەگەڵ ئینگلیزەکانا رێک کەوتن (وەکو

ئەو نامەیەی کە والیی وان بۆ ئەحمەد تەقیی ناردبوو) ئیتر نە تورک ئیشی بە شێخ مەحموودو سمکۆ ماو نە ئینگلیزیش حسابیان بۆ ئەو بەڵێنانەی پێشووی خۆیان کرد کە بە خوارووی کوردستان و بە شێخ مەحموودیان دابوو، زۆری پێ نەچوو هەباسی مەحموود ئاغای پژدەریش بە هۆی ئەحمەد عوسمانی متصرفی هەولێرەوە لەگەڵ ئینگلیزەکانا رێک کەوت بە مەرجێک ئەویش هەر وەکو بابکری سلیم ئاغای پژدەر تەماشای بکرێ و بەو پێیە پژدەریش هەمووی بوو بە لایەنگری ئینگلیزو لە شێخ مەحموود دوورکەوتنەوەو لە پاداشی ئەوەدا ئینگلیزەکان لەگەڵ حکومتی عراقدا رێک کەوتبوون کە ناوچەی پژدەر وەکو ناوچەیەکی داخراو بمێنێتەوە بۆ ئاغاکانی پژدەرو دام و دەزگای عراقی تیادا نەبێ و سەربازی (ئیجباری) نەدەن، تا لە ساڵی ١٩٣٣دا لە زەمانی وەزارەتی جمیل مدفعیدا تشکیلاتیان تیادا دامەزراندو لەسەرەتای چلەکانا سوپای عراق چووە پژدەرەوە.

بێگومان ئەحمەد تەقی لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردایەتیی کردووەو بارەها لە خۆیم بیستووە کە ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ تورکەکانا کردبووی هەمووی لەداخی بێ بەڵێنی ئینگلیزو بەرامبەر بەو رەفتارە نالەبارانە بووە کە ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لە خوارووی کوردستاندا دەیان کرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس هەبوو کە ئەو و تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەفیان بە هۆی سەرەکیی دانابوو کە شێخ مەحموودیان وا لێ کرد بەلای تورکەکانا دای شکێنێ لەدوای ئەوەی بەتەواوی هیواو ئومێدی لە ئینگلیزەکان بڕابوو.

لە هەموو کەس زۆرتر وەکو دەیگێڕنەوە مصطفی پاشا یامولکی رقی لە ئەحمەد تەقی و تایەری ئەمین ئەفەندی بووەو لە ساڵی ١٩٢٦دا کە مصطفی یامولکی لە بغداد سێ ژمارەکەی (بانگی کوردستانی) دەرکرد کە لەپێشدا لێی دواین لە لاپەڕە (٢)ی یەکەم ژمارەی رۆژی ١٤/رجب الفرد ١٣٤٤ رێکەوتی ١٩٢٦/١/٢٨ شعرێکی بە ناوی خۆیەوە بۆ یوزدمیرو ئەحمەد تەقیی ووتووە کە دەڵێ:

*أوزدمير هاتە لام دوێنێ*
*وام زانی طۆپم بۆ دێنێ*
*کەچی سوار ئیستری بوبو*
*لەجیاتی طوپ (...هینی) پێ بوو*
*چە بڵێم بە تو کافری رەق*
*نەم دی لە تۆ گفتیکی حق*
*لە ئەشکەوتا زراوم تۆقی*
*کوا ئوردوەکەی ئەحمەد تقی؟!*

رفیق حلمی لە بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا (کە بەداخەوە لە کۆتایی ئەو بەرگەیدا نەگەیشتۆتە ئەوەی باسی هەموو بیرەوەرییەکانی خۆی بلاْوبکاتەوە کە بێگومانم لە یاداشتەچاپ نەکراوەکانی دوای ئەوەی شەشەمدا زۆر شتی گرنگ هەبووە کە هێشتوویەتییەوە بۆ دوای یاداشتی بەرگی شەشەم، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرگی شەشەمدا فریای ئەوە کەوتووە کە هەندێ لە یاداشت و بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی یوزدمیرو پەیوەندیی تورک بە خوارووی کوردستان و بە شێخ مەحموودەوە بلاْو بکاتەوە ئەگەرچی وەکو ئەحمەد تەقی باسی کردووە کە رفیق حلمیش یەکێک بووە لەو وەفدە سێ کەسییەی کە لەلایەن شێخ مەحموودەوە نێرراوە بۆ (ئەنقەرە) بەلاْم هەتا بەرگی شەشەم رفیق حلمی باسی ئەوەی نەکردووە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە رفیق حلمی لەو رووەوە لێی دواوە دەتوانین بیخەینە بەرچاو. لە لاپەڕە (٧٧)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانی تا کۆتایی لاپەڕە (١٠٧)ی ئەو بەرگە هەمووی بۆ باسی سیاستی یوزدمیر بەرامبەر بە کورد تەرخان کردووە کە دەڵێ:

*«هەرچەند یوزدمیر بەرامبەر بە کورد بەتایبەتی بەرامبەر بە گەورەکانی وەکو شێخ مەحموودو سمکۆ و ئەوانی تر جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ سەرکردەکانی تری تورک وە بە چاوێکی باش تەماشای کوردی نەکردووەو متمانەی بە کەسیان نەبووە، بەلاْم لە رواڵەتا وەکو تورکەکانی تری نەدەکردو تا ماوەیەک کین و بوغزی خۆی*

دەشــاردەوەو بۆ ئەوە تێدەکــۆشــا کــە هیچ نەبێ ئەوانەی نەکــەوتبــوونە داوای ئینگلیزەکانەوە وە یا ئەوانەی دەستیان لێ وەشێنرابوو و جەزرەبەیان درابوو (لەلایەن ئینگلیزەوە) لە خۆیان نزیک بکاتەوەو بیانکا بە کۆسپێک بەرامبەر بە ئینگلیز، لەبەر ئەمــە بە هەمــوو جۆرێک تەقــەلای دا شــێخ مــەحــموودی لە کیس نەچێت و بە گەیشتنی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی لە هندستانەوە یەک لە دوای یەک زابتەکانی خۆی دەنارده لای و بە نامەی جوان و دڵخۆشکەرە لە بزواندنی هیوای خۆی و قەومی کورد ساتێک ماوەی نەدا، دوای ئەوەی کە دۆستایەتیی لەگەڵ شێخ مەحموودا پەیدا کردو بۆی دەرکــەوت کــە شــێخ مــەحــموود کــەمیی تورکــەکان بە زۆری ئینگلیزەکان ناگۆرێتەوەو بۆی دەرکەوتبوو ئینگلیزەکان رەنج لەگەڵ شێخ مەحموود نادەن و پشتی پێ نابەستن، بۆیە لەگەڵ گەورەکانی خۆیدا لە دیاربکرو لە تورکیا کەوتە ئاڵ و گۆڕی نامە دەربارەی داخوازییەکانی شێخ مەحموودو ئەوانەی تر کە کوردەکان داوایان دەکرد، بەڵام لەو وەڵامانەی کە بۆ یوزدمیر دەهاتەوە دەردەکەوت گەورە پیاوەکانی تورک لە شێوەی سیاستی یوزدمیر رازی نەبوون و لەبەر ئەوەی کە نەشیاندەویست نائومێدیشی بکەن بۆیە زۆر بە پێچ و پەنا لەگەڵیا دەجووڵانەوەو یوزدمیریش خۆی نەدەشکاندو لەگــەڵ شــێخ مــەحــموودا هونەری ووشــەبەکــارهێنانی گــرتبــووە بەرو سەرنەکەوتنی خۆی لای گەورەکانی لە شێخ مەحموود دەشاردەوە.

سەرەڕای ئەوە لەو رۆژانــەدا کــۆمــەڵێکی نهێنی لە کرکوک دامــەزرابوو (کرکوک مدافــعــهء جمــعــیتی) کــە بەشــێکیــان کورد بوون و گــەلێک هۆ هەبووە کــە وای لێ کردبوون لایەنی تورکەکان بگرن و بۆ سەرکەوتنی سیاستی تورک هەوڵ بدەن.

هەرچەند نامەکەی ئەو کۆمەڵەمان دەست نەکەوت بەڵام بە وەڵامەکەی یوزدمیردا کە لە ١٣٣٩/١/١٩ رومی (١٩٢٣)دا بە شفرەو تیپ و ژمــارەی نهێنی نووسیــبووی تێ دەگــەین ناوەڕۆکی نامــەی ئەو کــۆمــەڵە چی بووە کــە یوزدمــیــر لە وەرامی ئەو نامەیەدا نووسیبووی (کورتییەکەی) ئەمەیە:

«لەبەر ئەوەی بە هۆی بەفرەوە رێگامان لێ گیراوە ئەو تیلیگراف و نامە نهێنییانەی (شفرە) کە لە نێوانی ئێمەو جبهەکانا ئاڵ و گۆڕ کراوە بەدەست دەنێرێ و وەڵامی

دێتەوە لەبەر ئەوە مسئلەی موصل بەچی گەیشتووەو چ شێوەیەکی وەرگرتووە هێشتا لە ئێمەشەوە دیار نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین جبهەی جزیرە خۆی ئامادە کردووەو هەر بزووتنەوەیەک روویدا ئاگاداری کۆمەڵەتان دەکەم هەتا ئیمڕۆ لەشکرەکانمان چاوەڕوانی کۆنگرەی ئاشتی بوون، بێت و بە ئاشتی موصل نەدرێتەوە پشت بە خوا بە جەنگ دەیگرینەوە.

ئینگلیزەکان بۆ بەربەستی داخوازییەکانمان و بۆ داواکردنەوەی موصل بەتەمان پرسینەوەیەکی گشتی بکرێ لەبەر ئەوە لە کوردستانی نیوەڕۆدا خەریکن حکومتیکی سەربەخۆ دامەزرێنن و دەیانەوێ بەوە کوردەکان بە ژمارە لە تورک زۆرتر پیشان بدەن و مافی تورک بەسەر موصلەوە نەهێڵن و ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی و بەشی زۆری دانیشتوانی موصل بە سەربەخۆیی کوردستان تەفرە بدەن و تورکیان لەبیر بچێتەوە. شێخ مەحموود کە هەتا ئەم رۆژانە لەگەڵ ئێمەدا بوو لە دوستایەتیی تورک دوانەکەوتبوو بەڵام هەندێ بێ نیشتمان (وطن سز)ی خەڵکی سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بیخەنە سەر بیری دوژمنایەتی لەگەڵ تورک، ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ ئینگلیزەکان بۆ دەم کوت کردنی نیشتمانپەروەرەکان بە بیانووی ئەوەی سەربەخۆیی بە کورد دەدەن شێخ مەحموودیش کەوتۆتە سەر ئەوەی کە داوای (نیوەسەربەخۆیی) لە ئێمە دەکا».

رفیق حلمی دەڵێ یوزدمیر لەو نامەیەیدا کە بۆ کۆمەڵەی کرکوکی ناردبوو زۆر نائومێدی و بەدبینیی پیشان دەداو دەڵێ (یوزدمیر):

«لەگەڵ ئەوەی خۆم متمانەم بە شێخ مەحموود هەیەو بڕوا ناکەم بیر لە خراپە بکاتەوە بەرامبەر ئێمە بەڵام دیسانەوە لەم داوایەی کەوتوومە شکەوەو ناتوانم بیبەمەوە سەر بیرێکی خاوێن».

رفیق حلمی دەڵێ: یوزدمیر لە عاستی سەربەخۆیی کوردا دەمارەکانی وەکو (باسقەندە) راست دەبێتەوەو دەڵێ:

لە بنچینەی تشکیلاتی حکومتی مجلسی گەورەی میللی (هی تورک)، عنوانی پادشایی و حوکمداری تیادا نییە لەبەر ئەوە بە وێنەیەکی دڵ سافانە شێخ مەحموود

چۆن وه له بەرچی لەم داواکردنە پێ دادەگرێ؟ هەرچەند ئەکەم تێ ناگەم!؟
یوزدمیر دەڵێ داوام له شێخ مەحموود کرد خۆی یا وەکیلێکی باوەڕپێکراو بنێرێت بۆ ئەنقەرە بۆ گفت و گۆ له بارەی کوردستانەوە بۆ ئەو تشکیلاتە کە لەوانەیە له سنووری قانونی ئەساسی، یا حکومەتی تورک بۆ ئەو وولاتە بڕیاری لەسەر بدا.
یوزدمیر بۆ کۆمەڵەی کرکوکی نووسیوەو ووتوویەتی: بۆ شێخ مەحموودم نووسی لەگەڵ وەکیلەکانیا له ئەنقەرە وێنەی تشکیلاتێکی دوایین دەخرێتە ژێر بارەوەو لێرەش له کوردستان وەکو له ئەنادۆل کرابوو دەتوانێ لەژێر سەرکردایەتیی خۆیدا هەیئەتێکی نوێنەرانی میللی دامەزرێنێ و ئیدارەی وولاتەکەی پێ ببا بەڕێوە.
یوزدمیر له بەندی شەشەمی نامەکەیدا دەڵێ: له ئەنادۆلیشدا لەپێشدا کە هێشتا لەژێر چنگی بێگانەدا بوو، هەڵسووڕاندنی کارو باری تورکیا لەلایەن هەیئەتێکی لەو جۆرە دەبرا بەڕێوەو لەدوای زرگارکردنی ئەو هەیئەتە گۆڕرا بە (مجلسی گەورەی میللەت) کە بەمەدا دەبێ بزانرێ ئێمە ئیمڕۆ لەم وولاتەدا ئەو جێگەیە دەدەین بە شێخ مەحموود کە له وەختی خۆیا درابوو بە مصطفی کمال و باوەڕ ناکەین پایەو مەقامێکی لەوە بڵندو بەرزتر هەبێ کە بیدەین بە شێخ مەحموود».
رفیق حلمی له بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:
«له کۆبوونەوەیەکی نەهێنیی شێخ مەحموودو سمکۆدا شێخ مەحموود ناردی بە شوێنمدا و فایلێکی دامێ کە پڕبوو له کاغەزو نامە کە هەمووی بە تورکی نووسرابوو وە بریتی بوو لەو نامانەی لەنێوانی شێخ مەحموودو یوزدمیردا ئاڵ و گۆڕ کرابوو، ئەوەی کە بە گرنگم زانی بۆ شێخ مەحموودم خوێندەوە کە هەردووکیان (سمکۆ و شێخ مەحموود) دانیشتبوون، جگە لەوە هەندێ نامەشی تیادا بوو کە له یوزدمیرەوە بۆ هەندێ گەورە پیاوانی تورک یا لەوانەوە بۆ یوزدمیر نێررابوو. لەناو ئەوانەدا تاقە نامەیەکی ملک فیصلیشم دی کە خۆی بە تورکی بۆ شێخ مەحموودی نووسیبوو (بەداخەوە رفیق حلمی باسی ئەو نامەیەی نەکردووە کە ناوەڕۆکەکەی چی بووە)، بە لای منەوە لەدوای نامەکەی فیصل له هەموان گرنگتر مەزیەتەکانی رئیسە کوردەکان بوو لەگەڵ وەڵامەکەی یوزدمیر، چونکە وەکو خەڵقی سلێمانی منیش تا ئەو ساتە

لەبارەی ئەو مەزبەتەو وەڵامەکەی کە دەیانوت مەرجەکانی رێکەوتنی تیایە شتێکی راستم نەدەزانی، کە چوومە بنج و بناوانی بۆم دەرکەوت نووسەری ئەو نامانە تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بوو کە بوویوو بە هۆی نزیکبوونەوەی شێخ لە تورکەکان. بەو جۆرە تایەر کە جاران ماوەیەک لە کۆمەڵانی کوردی نەهێنیدا لە ریزی ئەندامە ووریاو بەکارەکانی کۆمەڵە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحموودو تورکی لێک نزیک کردبووەوە بەڵام هەستی کوردایەتیی هەر تیادا مابوو، لەبەر ئەوە بۆم دەرکەوت کە نووسینی مەزبەتەکە بە دەستی تایەر بوو وە هەموو نامەکانی تری شێخ مەحموودیش کە بۆ یوزدمیری نووسیبوو لە باسی کوردایەتی و مافی کوردایەتی بێ بەش نەبوون، لەبەر ئەوە ئەو شتەی کە بە تاوان بژمێررێ بۆ تابەر بەهەڵەچوونی بوو لە باوەڕکردنی بەتورک».

رفیق حلمی لە لاپەڕە (١٠٥)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو فایەلەی کە شێخ مەحموود دابوویە دەڵێ:

«نامەکانی ناو فایەلەکەم خوێندەوەو بۆم دەرکەوت شێخ مەحموودی سەرۆکی جمعیتی کوردستان وە یا بە ووشەی یوزدمیر (رئیسی هەیئەتی تەمسیلیەی کوردستان) دوای ئەو گفت و گۆیانەی لەگەڵ دەستەو تاقمەکەی یوزدمیردا کردبووی موءتەمەرێکی گەورە لەماڵی خۆیدا رێکخرابوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان و گەورەکانی کورد کۆبووبوونەوە بۆ گفت و گۆکردن دەربارەی (بەخشینی دەستوورێک) بە شێخ مەحموود کە بە عنوانی (رئیسی هەیئەتی تەمسیلیەی کوردستانی جنوبی) بتوانێت بە ناوی کوردەوە لەگەڵ یوزدمیردا بکەوێتە گفت و گۆی سیاسی وە بۆ دانانی ئەو مەرجانەی کە لەوانەیە ببێتە (بنج)ی دۆستایەتیی کوردو تورک و هۆی رێکەوتنی ئەو دوو نەتەوەیە بە ئێجگاری».

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«ئینگلیزەکان ئاگاداری ئەو جم و جووڵەی تورکەکان بوون لە سلێمانیدا، تەنافی سیاسەت روو لە پچڕان بوو، گلۆڵەی تەقەلاکانی هەردوو لا (مەبەستی تورک و ئینگلیز بووە) بەرەو لێژی دەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا کردنەوەی گرێ کوێرەکان بەدەست

*ئینگلیزەوە بوو بەلاّم ئینگلیز بەو ڕێگەیەدا نەدەڕۆی کە (شعب) واتا خەڵک پیا دەڕۆیشت، چونکە ئینگلیز باوەڕی بە خەڵک نەبوو، دارەدستی ئینگلیز تەنیا بنەماڵە ناودارەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان بوون، بەلاّم ئەوە بوو لە ئەنجامی گفت و گۆیەکی درێژدا لەو مۆتەمەرە (ئەوەی ماڵی شێخ مەحموود) بڕیار لەسەر نووسینی مەزبەتەی باسکراو درابوو وە بە ئیمزای (٢٩) کەس لە سەرەک عەشیرەتە ناودارەکان و گەورەکانی کورد پێشکەش بە شێخ مەحموود کرابوو».*

ڕفیق جلمی لە پەراوێزی لاپەڕە (١٠٦ و١٠٧)ی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو مەزبەتانە دەڵێ:

*«بۆ مێژوو... ئەم مەزبەتەیە بە ئیمزاکانەوە لەگەڵ وەلاّمەکەی یوزدمیر بە مەرجەکانەوە کە بۆ ڕێکەوتنی کورد دایانابوو لەناو دەفتەری دەستنووسەکەی یوزدمیر خۆیدا هەیەو خاوەن ئیمزاکانیش ئەمانە بوون:*

*سمایل ئاغای شوکاک (سمکۆ)، بابکری سلیم ئاغا (کە ئەمە جێی سەرسوڕمانە)، عباس مەحموود ئاغا، صالح ئاغا پژدەر، ئاغای بایز (أوجاغ)، حماغای عبدا الرحمن ئاغا، جعفر سلطان (هەورامان)، ئەمین مەحموود ئاغا (همەوند)، محمد طالب (سمایل عوزیری)، لە سادات قائمقامی پێشووی شارباژێڕ ڕضا (نەیوتووە کام ڕضا بووە بەلاّم وا دیارە ڕەزا بەگ بووە)، حامید بەگی مجید بەگی جاف، رئیسی داوودە عزیز، علی حسن ئاغا (زەنگنە)، مەحموود ئاغا (زەنگنە)، ڕوستەم (رئیسی ڕوغزایی)، محمد (رئیسی داوودە)، فارس ئاغا (بەیات)، سلێمان بەگ (بەیات)، صادق ئاغا (رئیسی زەند)، ڕوستم ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا (پالانی)، ڕشید ئاغا (پالانی)، سید خلیل ئاغا (رئیسی کاکەیی)، محمد صالح ئاغا زادە».*

ڕفیق حلمی لە دوالاپەڕەی بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا (کە دوایاداشتی چاپکراویەتی) بەڵێن بە خوێندەواران دەدا کە لە بەرگی حەوتەمی یاداشتەکانیا (کە چاپ نەکراوە) مەرجەکانی ڕێکەوتنی کوردو باسی ناردنی ئەو هەیئەتەی کە شێخ مەحموود نادریبووی بۆ ئەنقەرە (کە وەکو ئەحمەد تەقی باسی کردووە کە ڕفیق حلمی خۆی یەکێک بووە لەو هەیئەتە) وە هەندێ باسی گرنگی تر بگێڕێتەوە.

بەلاْم بەداخەوە مردن مۆڵەتی رفیق حلمی نەدا کە یاداشتەکانی تەواو بکاو ئومێدەوارین بنەماڵەکەی ئەو کارە تەواو بکەن چونکە هیچ گومان نییە کە موسوەدەکانی ئامادە کردووەو ماون.

شێخ روءفی شێخ مەحوود لە یاداشتە چاپ نەکراوەکانیا دەربارەی پەیوەندیی شێخ مەحموودو یوزدمیرو ئەو نامانەی کە لەنێوانیاندا ئاڵ و گۆڕکرابوو دەڵێ(٢١):

*«لە کاتی شەڕی جیهانیی دووهەمدا کە (کاپتن لاین) مدیری ئیستخباراتی بریتانیا بوو لە شمالی عێراقدا، رۆژێک لە سلێمانی بۆی گێڕامەوە ووتی: ئەو نامانەی کە وەختی خۆی لەنێوانی باوکت و یوزدمیردا ئاڵ و گۆڕ دەکران، ئێستە کۆپیی ئەو نامانە لە شەریکەی نەوتی کرکوکدا هەیەو پارێزراوە (بێگومان شەریکەی نەوتی کرکوک بنکەی جاسوسییەت و موخابەراتی بریتانیا بووە کە ئاگاداری کارو باری کوردستان بووە) وە پێی ووتم ئەو نامانەمان بە هۆی ئەو پۆستەچییەوە دەست دەکەوت کە لەپێشدا نامەکانی دەهێنا بۆ ئێمەو ئێمەش فۆتۆکۆپیمان دەکرد ئەوسا پۆستەچییەکە دەیبرد بۆ لای یوزدمیر کە هەموو جارێک بۆ هەر نامەیەک (٥٠) روپیەمان دەدا بە پۆستەچییەکەو بەو جۆرە ئاگاداری پەیوەندی و کارو باری باوکت و یوزدمیر دەبووین».*

بەلاْم شێخ روءف لە یاداشتەکانیا سەرنجی خۆی بەرامبەر بەو قسەیەی کاپتن لاین بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوەو دەڵێ:

*«بەلای منەوە شتەکە وا نەبووە کە کاپتن لاین بۆی باس کردم، بەڵکو یوزدمیر خۆی وێنەی ئەو نامانەی باوکمی دەنارد بۆ ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی زۆرتر شێخ مەحموود لەبەرچاوی ئینگلیزەکان بخەن و لەوە رزگاریان ببێت کە دوور نەبوو بە هاندانی ئینگلیزەکان شێخ مەحموود شەڕ لەگەڵ تورکەکانا بکا».*

دەربارەی دەسگیربوونی نامەکانی شێخ مەحموود لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، جگە لەوەی شێخ روءف باسی کردووە، ئەدمۆنسیش لە کتێبەکەیدا(٤٥) دانی بەوەدا ناوە کە ئەو نامانە دەس ئینگلیزەکان کەوتبوو کە لەنێوان شێخ مەحموودو یوزدمیردا ئاڵ و گۆڕیان کردبوو.

شێخ ڕوءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا باسی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانەی بەم جۆرە کردووە (٢١):

*«لەساڵی ١٩٦٥دا فتاح بەگی خاڵم کە لە تورکیا متقاعد بوو بە سەردان هاتە سلێمانی و من پرسیارم لێ کرد دەربارەی ئەو هاتنەی کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٣دا هاتبووە سلێمانی (ئەحمەد تەقی و رفیق حلمی وەکو باسمان کرد هەردووکیان ناویان هێناوە)، لە وەرامدا خاڵم ووتی:*

*«حکومەتی کەمالی منی نارد بۆ بینینی شێخ مەحموودو داوایان لێ کردم شێخ مەحموود ئیقناع بکەم کە شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکانا بکات، لە ڕێگا کە گەیشتمە موصل مشاوری ئینگلیز لە موصل بە زیارەت هاتە لام و لێی پرسیم بۆچی گەڕاویتەوە بۆ عراق؟*

*منیش لە وەڵامدا پێم ووت: بۆ ئیجگاری هاتوومەوەو بڕیارم داوە نەگەڕێمەوە بۆ تورکیا. کە مشاوری ئینگلیز ئەوەی بیست کە ووتم نامەوێ بگەڕێمەوە زۆر ڕێزی لێ گرتم و هانی دام کە شێخ مەحموود ئیقناع بکەم تورکەکان لە شمالی عراق دەربکات و بە شێخ مەحموود بڵێم بە هەڵوێستیا بچێتەوەو دۆستایەتی لەگەڵ ئینگلیزدا بکا.*

*کە چوومە سلێمانی، بە شێخ مەحموودم ووت: تورکەکان منیان ناردووە بۆ لای تۆ، بەڵام تورک دوژمنی خوێنەخوێی کوردە...*

*شێخ مەحموود لێی پرسیم: باشە فتاح بەپێی بیرو بۆچوونی تۆ من ئێستە چی بکەم؟ بەڕاستی تیا ماوم، ئینگلیزەکان نیازیان وایە بمکڕن و بە پارە ویژدانی خۆمیان پێ بفرۆشم، منیش سوێندم خواردووە کە قەت ویژدانی خۆم نەفرۆشم بە ئینگلیزو لەپێناوی سوودی تایبەتیی خۆمدا خۆم ناکەم بە گاڵتەچی خەڵک و شتێکی وا ناکەم کە بڵێن شێخ مەحموود ویژدان و شەرەفی خۆی و دواڕۆژی کوردی فرۆشتووە بە ئینگلیز.*

*کە ئینگلیزەکان منیان هێنایەوە (شێخ مەحموود) داوای ئەوەیان لێ کردم تورک لە شمالدا دەربکەم، منیش ئەو داخوازییەی ئینگلیزم لەگەڵ خەڵکدا باس کردووەو هەموو هاتوونە سەر ئەوەی کە با ئینگلیزەکان دان بە مافی کوردا بنێن ئەوسا تورک*

*دەردەکەین، لەم رووەوە بارەها گفت و گۆمان لەگەڵ ئینگلیزدا کردووە بەڵام ئەوان هەر تەفرەمان دەدەن و دەڵێن هەتا تورک دەرنەکەن باسی هیچتان لەگەڵا ناکەین».*

شێخ روءف لەدوای ئەوە دەڵێ:

*لە دانیشتنی دووهەمی خالە فتاحمدا لەگەڵ شێخ مەحموودا اسماعیل ئاغای شوکاکیش حازر بووەو خالم بۆی باسکردم کە لەو دانیشتنەدا عرضی کردبوون کە نابێ هیوایان بە تورک هەبێت چونکە تورک دوژمنی خوێنەخوێی کوردەو لەوەدا سمکۆ تأییدی کردم و هەردوو چاوی پڕبوو لە فرمێسک (بۆ نەگبەتی وەکو رفیق حلمی و ئەحمەد خواجاو ئەمەی شێخ روءفیش باسی کردووە سمکۆش هەر وەکو شێخ مەحموود لە دووریانێکی سەختدا بووەو ئەویش وەکو شێخ مەحموود لەنێوانی دوو ئاگردا بووە).*

شێخ روءف دەڵێ:

*خالم بۆی باس کردم کە دووبارە لەو کۆبوونەوەیەدا شێخ مەحموود پێی دەڵێ: باشە هەردووکتان، تۆ و سمکۆ ئێوە ئەگەر لەجیاتی من بن لەم هەڵوێستەدا چی دەکەن؟ ئایا هەوڵ دەدەن تورکەکان دەربکەن بەبێ ئەوەی ئینگلیز هیچ بەڵێنێک بدا دەربارەی مافی کورد؟ ئایا ئەگەر تورکمان دەرکرد ئینگلیزەکان پیاوانە لەگەڵمانا دادەنیشن و دەربارەی مافی کورد گفت و گۆمان لەگەڵا دەکەن؟؟ نەخێر!! بەلای منەوە وایە ئینگلیز هیچمان بۆ ناکا... ئەوەتە کاپتن (چیمن) لە سلێمانییەو نوێنەری مندوبی سامییە، فەرموو بچنە لای و بزانن هیچ جۆرە رأیکی حکومتی بریتانیاتان بۆ دەردەخا لەو رووەوە؟... فتاح من چاوەڕێی ئەوەم لە هەر دەقیقەیەکدا فڕۆکەی ئینگلیز بێت و شاری سلێمانی بۆردومان بکا لەبەر ئەوە هیچ سوودێک نییە لە گفت و گۆکردن لەگەڵ ئینگلیزدا... چار ئەوەیە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ تورکیاو تورکەکان ئیقناع بکەی بۆ ئەوەی بەباشی و چاکی یارمەتیمان بدەن.*

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*ئەوە بوو زۆری پێ نەچوو فڕۆکەکانی ئینگلیز دەستیان کرد بە بۆردومانی سلێمانی و ئەو ئەفسەرە کوردانەی لەگەڵ باوکما بوون بە هاندانی ئینگلیزەکان هەموو لێی*

*کشانەوەو چوونە پاڵ حکومەتی عراق».*

بەڵام رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەربارەی فتاح بەگ و هاتنی بۆ سلێمانی دەڵێ(٢):

*«لەو رۆژانەدا کە سمکۆ لە سلێمانی بوو، ئینگلیزەکان خۆیان رێگەیان دابوو بە سمکۆ کە بچێتە سلێمانی بە ئومێدی ئەوەی شێخ مەحموود ئیقناع بکا کە روو لە تورکەکان وەرگێڕێ، بەڵام ئایا فتاحی ژن برای شێخ مەحموود چۆن رێگەی درا لە موصلەوە بگاتە سلێمانی؟*

*فتاح دەیزانی بە ئاسانی ناتوانێ بگەیشتە سلێمانی لە موصلەوە، بۆیە پلانێکی سازکردبوو لەگەڵ گەورەکانی تورکدا کە گوایا تورکەکان لەسەر کوردایەتی لە فتاح زوێر بوون و هەندێ راپۆرتیان دەربارەی فتاح نووسی و بە رواڵەت گرتیان و ناردیانە (ئەنقەرە)و لەوێ هەموو شتێکی فێرکرا، ئینجا بە رواڵەت بەدەرکراوی لە سوپای تورک گەڕایەوە بۆ عراق وە بۆ ئەوەی متمانەی پێ بکرێ ماڵ و ژنەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، بەو جۆرە توانی ئینگلیزەکان تەفرە بداو بە ئاسانی هاتە سلێمانی و بەو هاتنەی ئەو ئەڵقەی بەستنی ئەو زابتانەی تر (مەبەستی رەمزی بەگ و فەوزی بەگ و ئەحمەد تەقی بووە) زۆرتر پتەو و بەهێزتر کرا.*

ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا بۆ گفت وگۆکردن دەربارەی کوردستان روویان کردە (سیدطه)و بانگیان کردە بغداد، کە ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە یوزدمیری ناچار کرد ئیتر لە منجە منج بکەوێ و شێخ مەحموودیش بەسانی سیاسییەکی زرنگ نەک لە روو وەرگێڕانی ئینگلیزو سید طه بترسێت و بە ئاسانی خۆی بخاتە باوەشی تورکەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پەیدابونی ئەو دوژمنە تازەیەی تورکی بە هەل زانی (مەبەستی سید طه بووە)و بۆ ئەوە شێخ مەحموود نامەیەکی نارد بۆ یوزدمیرو سید عبد اللەی حاجی سید حسن کە متصرفی سلێمانی بوو و شێخ حمە غریبی رئیسی داخلیە هەردووکیان سەرو نامەیان نووسی بۆ یوزدمیر کە سید عبد الله لە نامەکەیدا بۆ یوزدمیر نووسیبووی:

*«وەکو ئیمڕۆ هەواڵمان پێ گەیشتووە لە بغداد لەگەڵ سید طەدا رێککەوتوون و جگە*

*له هێزو جبەخانەیەکی زۆر ملیۆنێک روپیەشیان داوەتێ بۆ دەرکردنی ئێوە له رواندزو لەناوبردنتان لەو ناوچانەو سید طه سێ رۆژی تر دەگاتە کرکوک».*

*شێخ حمه غریببیش هەر داوای ناردنی یارمەتیی کردبوو کە هەردوو نامەکە بە مجید بەگی حاجی رسوڵ بەگدا نێررابوو بۆ یوزدمیر».*

لەڕاستیدا ئەو لادانەی سید طه کە رفیق حلمی باسی کردووەو سید عبد اللەی حاجی سید حسن لە نامەکەیدا کە بۆ یوزدمیری ناردووە ناوی هێناوە، ئەمەش جۆرە هەڵفریواندنێکی ئینگلیز بووە کە وویستوویانە بەوە دوو نیشان بپێکن:

یەکەم وویستوویانە بە تورکەکان بڵێن ئەگەر شێخ مەحموودیش بەقسەی ئێمە نەکا ئەوا (سید طه)مان بەدەستەوەیەو هەموو جۆرە یارمەتییەکی دەدەین کە ئێوە لە رواندز دەربکا...

مەبەستی ئینگلیزی دووهەمیش لەوەدا ئەوە بووە کە هەڕەشە لە شێخ مەحموود بکەن و پێی بڵێن ئەگەر تۆش نەیەیتە ژێر باری ئێمەوە وا سید طه ئەو کارە بەجێ دێنێ.

بەڵام لەڕاستیدا وەکو لە سەرچاوەکان و یاداشتەکانەوە دەردەکەوێ، لەو رۆژانەدا ئەگەرچی ئینگلیزەکان وویستوویانە بە چار شێوێکی دەسەڵاتداریەتی و بەتواناییەوە سید طه پیشان بدەن، بەڵام لەڕاستیدا سید طه ئەو دەسەڵاتدارە نەبووەو لەوەش دەچێ لەگەڵ سمکۆی زاوایدا لەو رووەوە یەک نەبوون، لەبەر ئەوە ئەو هەڵوێستەی سید طه لەو رۆژانەدا کە بووبوو بە ئەڵقە لەگوێی ئینگلیزەکان لە رووی بێ دەسەڵاتییەوە بووەو وا دیارە بە هەموو جۆرە بڕیارێکی ئینگلیز رازی بووە لەو رۆژانەدا بەپێچەوانەی هەڵوێستی جارانی کە لە باسی پالاوتنیا بۆ حوکمدارییەتی کە باسی ئەو و حمدی بابانمان بە دوورو درێژی کرد ئەوسا سید طه داخوازییەکانی زۆر لە داخوازییەکانی شێخ مەحموودو حمدی بابان زۆرتر بووە...

شێخ مەحموود بەرامبەر بەو هەڵوێستەی ئەو رۆژانەی سید طه لەنێوانی مانگی تشرینی دووهەم و کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا ئەم بەیانەی دژی سید طه بڵاوکردۆتەوە (دەقی ئەو بەیانەم بە چاپکراوی لەناو زنجیرەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمانەی شێخ

مەحمودا کە لای شێخ بابا علیی شێخ مەحموود بوو وەرم گرتووە... کە وا بزانم ئەو ژمارەی ڕۆژنامانە وەختی خۆی کاکە حەمەی ئەمین عەتاری خاڵی بابا علی کۆی کردۆتەوەو ئێستە لای کاک دارا عطاری کوڕەتی).

بسم الله الرحمن الرحیم

وما توفیقی ولا اعتصامی الا بالله علیه توکلت و الیه انیب

امرو هرچی کوردە و اسلامە و لە دیانت حصامندە وا دزانم کە لە لای معلوم و محققە کە من نە محروم جاه اقبال و نە محتاجی مال و منصبم من اساساً تعصب دینی و سوق حمیت ملی مجبور کرد بە فدای مال وجانم بو استقلال و استخلاصی ام ملت نجیبەی کوردە و هر معاملەیکم بسەرهات و لەام ریەوە و بو ام مقصدی خیرە کلی شەهید و اسیر و ضرریکی عظیم مان دی . امید وادرم ام فداکاریم لە لای هرچی ادعا دەکا بکردایتی همو کوردیك مصدقە و بە شرفی ام جهاد و فداکاریەم افتخار اکا و لەاو سایەیە ناو و نوتع کوردایتی امرو لە لای هموکس بلندە و هەویان لزان ایمە قومیکی دیندار و جنکاورین و بو ذرەیکی خاك پاکمان دمرین و دەژین و لە ام ریەوە بمرین شهید بژینین سعید و بختیارین .

امرو همو ملتیك بو حق سعادت خوی حول ددا سعی و اجتهاد دەکا کە خوی لە ژیر زنجیر ظلم و استبداد خلاص بکا . ایمە اکی ضرر و منافع خومان نەزانین و بو منافع سیاست یکیکی ایتر آلت بین و خوین امندە اسلام و برادران خومان برژینین و ومنافعیکی زور ویا کم دنیا ، آخرکمان بفروشین و بسوتینین و ملتە بیگناهی خومان لە ژیر پی اجنبی بهاین ..

بو خاطری خدا و پیغمبر بسە لمودوا هشیار و لم خوی غفلتە بیدار بین یکتری نخلتینین ام فرصتە عظیمەی امرو لە دستمان هیە نری نهینین روژیکی وامان ایتر بدست ناکەوی لپاش ندامتیش فائدەمان نادا ابدی محکوم مذلت و مغدور عالمیش این .

ایمە وا لەری حق و استقلالیت تامە و سربخوی کوردستان خریکین و بە همو صورت و وسیلە یك تشبثمان کردوە و دەکین و ابستایش امیدمان قطع نە بوە و بو مساعدەمان هر کس کە دستمان بکری دستی اکرین فقط خومان ژیر باریکی اطاعتمان خارج نامیلین و لەکل همو دراوسیەکانمان دمانەوی کە بەدوستی و بە خوشەویستی رابطەیك چاك بە اساس دابنین فقط بە شرطیك اویش قدر و قیمت و حقوقمان بتمی بناسی و اعترافمان پی بکات . چونکی ایمە ملتیکین ذلت قبول ناکین و بو محافظەی شرفمان حیات خومان دەفروشین و بەوە افتخار اکین و الحال خبریکمان ورکرت کە سید طە افندی لم روژانە دا تعهدی کردوە بناوی کوردایتی بە پارەیکی زور و بە قوتیکی چند مدکسی متوجە و ساعی یە کە عسکرەکانی ترك بە شرلە رواندز و اطراف طرد و اخراج بکات .

بە ام حرکت و ام تشبثەی ام ذاتە قطعیاً من خبر و موافقتم نیە . سید طە افندی و طرفدارانی نە لکل من و نە لکل حکومت کوردستان من هیچ علاقە و مراجعتیکیان نیە و نەبوە .

من اکر منافع و استخلاصی ام ملتەم بە خبر و بە ام صورتە موافق و چاکتر بزانیایە الحمد لله من ام قوتەم هیە کە بهر صورتیك حرکت و محافظەی حقوق کوردستان خوم بکەم . فقط هتا ام حقە مشروعە و او مطالبە محضەی کوردستان بتواوی تسلیم بە دستمان و اعتراف پی نکری ممکن و موافق نیە بە هیچ حرکتیك تشبث بکین .

ای قوم عزیز و جنکاور کورد : بسە ایتر یك یکتری بخلەتینین ، دین و دنیامان ، قوم و براکانمان ، بو استفادە و منافعیکی رزیل بکوژین ، خوینیان بفروشین . الحمدالله ایمە اسلامین و کوردین و بو سلامت ملت کورد اژین . پشتمان بە خدا ، دستکیرمان حضرت پیغمبرە لە آخرت لە شفاعتی محرومکان نکات ، ایمانمان الحمدالله بقوتە ، دینمان دین محمدە امامان قرآن عظیم الشانە . بیدار و هشیار بین بحول و قوتە نهایت نتیجەی ظفر هی ایمەیە . امرو من لە سلیمانی بەهمو عزم و قدرتم و بە روح و ملم بو حیات و استحصال استقلال کوردستان وقف کردوە ، سعی و مجاهدە اکەم لە همو براکانی کردیشم مساعدە و معاونت لازمە وحتی روح و دنصم هیە لم فداکاریە و لەام شرفە ورنا کرمەوە خدا و عالم اسلام و عموم کورد معین و ظهرمانە و انشاالله هیچ قوت و سطوتیك فتور و ساردمان ناکات و لە طلب حق مشروعمان رو ورنا کیرم حق ام ملتە مغدورەم دوی و لازمە تا نهایت بو استحصالی دوام و اصرار بکم و ام ملتە محو وقربان منافع غیر نکم . و الله علی ماتقول وکیل و العاقبة للمتقین و السلام علی من سمع و وعا .

فدائی ملت کورد

حفید زادە

محمود

## چوارەم - دیپلۆماسییەتی شێخ مەحموودو پەیوەندیی لەگەڵ وولاٌتان و خەڵکانی تردا

کە شێخ مەحموود بەتەواوی لە ئینگلیزەکان نائومێد بوو دەستی لێ شتن و بۆی دەرکەوت ئینگلیزەکان لەژێرەوە سەرەک عەشیرەتەکانی لێ هان دەدەن و سید طەی شمزینییان راست کردەوەو ئەفسەرە سیاسییەکانیان لە ناوچەکەدا دەستیان کرد بە جم و جوڵ و بلاٌوکردنەوەی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحموودو هەڕەشەلێ کردنی، ئیتر شێخ مەحموود جگە لەو پەیوەندییەی لەگەڵ تورکەکاندا هەیبوو هەوڵێکی زۆریشی دا پەیوەندی بە باڵیۆزخانەو قونسوڵخانەکانی وولاٌتانەوە بکا بۆ ئەوەی راستیی هەڵوێستی ئینگلیزیان بۆ روون بکاتەوە کە چۆن لە بەڵێن و پەیمانەکانیان پاشگەز بووبوونەوە بەرامبەر بە کوردو هەوڵی دا داوای یارمەتی لەو دەوڵەتانە بکا بەرامبەر بە دەس درێژیی ئینگلیزەکان بۆ سەر کوردستان.

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا (٤٣) دەربارەی تەقەلای شێخ مەحموود لەو رووەوە دەڵێ:

*«شێخ مەحموود هەوڵێکی زۆری دا پەیوەندی لەگەڵ شیعەکانی کربلاو نجف دا بەهێز بکاو بۆ ئەو مەبەستە نوێنەری خۆی نارد بۆ لای سەرۆک عەشیرەت و پیاوە ئاینییەکانیان کە یارمەتیی بدەن».*

بێجگە لەو تەقەلایەی شێخ مەحموود کە لۆنگریک باسی کردووە، دوکتۆر عزیز شمزینی لە لاپەڕە (١١٣)ی کتێبەکەیدا(١٤) نامەیەکی شێخ مەحموودی بلاٌوکردۆتەوە کە لە ١٩٢٣/١/٢.دا بە ناوی ملکی کوردستانەوە ناردوویەتی بۆ قونسولی بەرزی سەرکەوتووی سۆڤیێت لە ئازربایجان و دوکتۆر شمزینی دەڵێ ئەو نامەیەی شێخ مەحموود کە ناردبووی لەو رۆژنامەی جمهووریيەتی سۆڤیێتی فیدرالیدا کە لە ٣/مارتی ١٩٢٨/ملحق/٢دا بلاٌوکراوەتەوە (یەعنی پاش پێنج ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ناردنی ئەو نامەیەدا) وە لە ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموودا دەردەکەوێ کە ئەو نامەیە بە هۆی عارف صائبی سکرتێری تایبەتیی شێخ مەحموودو رشید ئەفەندی

فەرماندەی هێزی سوارەوە نێرراوە (ئەو رشید ئەفەندییەی کە دوکتۆر شەمزینی ناوی هێناوە رشید ئەفەندی ئەمین ئاغا بووە کە لە کاتی خۆیدا یوزباشی بووەو لەو لیستەیەی کە ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا باسی کردووە لە بەشی دەزگاکانی سوپای دەوڵەتەکەی کوردستاندا بڵاومان کردەوە ناوی ئەو رشید ئەفەندییە هاتووە وەکو فەرماندەی پیادە).

ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموود بەپێی کتێبەکەی دوکتۆر شەمزینی (وەرگێڕاوەکەی بە کوردی [١٤]) وە ئەوەی جلال تالەبانی بە عەرەبی لە کتێبەکەیدا[١٧] باسی کردووە وەکو ئەمەی خوارەوە بووە:

نامەی ملک محمود - بۆ سۆڤیەت - . ١٩٢٣/١/٢

*بۆ جنابی قونسوڵی روسي بەرزی سەرکەوتوو - تەورێز - ئازربایجان*

*دوای ریزو سلاو*

*لە سالی ١٩١٧دا کە بانگەوازی سەربەستی و ئازادیي راستەقینەو رزگاربووني گەلان گەیشتە گوێي هەموو کەسێک لە جیهاندا، هەمو میللەتانی چەوسێنراوی ژێر چنگی زوردارو تاوانبار بەوپەڕی شادمانیەوە راپەرین و کەوتنە خەبات و بە هیوای ئەوەی کە بە هۆی مەبستی پاکی روسەکانەوە هەموو ئەگەن بەو ئاوات و داخوازي یانەی کە بەتەمای بون.*

*دەربارەی مافی ئیمەی کورد، بە هۆی رۆژنامەکانەوە بلاوکراوەتەوە کە چۆن هەتا ئیستە انگلیزی بەخوێن تینوو و خوێنریژی میللەتان بە هیزی طوپ و چەک و بومبای ئاگرین بە چ جۆریک دەستیان لە کورد وەشان بەبێ ئەوەی سڵ بکەنەوەو جیاوازی بکەن لە نیوانی ژن و منداڵ و پیردا.*

*لە سالی ١٩١٩دا، واتا چوار ساڵ لەمەو بەر میللەتی کوردی چەوسێنراو لە پایتەختی دەوڵەتەکەیدا (سلیمانی) داوای مافە رەواکانی خوی کرد، بەلام بەداخەوە لە بەدبەختی کورد، ئەو رۆژانە حکومەتی روس سەری هێندە قاڵ بوو و باری ناوخۆی بە جۆریک بوو کە نەی دەپەرژایە سەر ئەوەی یارمەتی ی میللەتە چەوسێنراوەکان بدات.*

ئیمرۆ کە شەعبی روس بەوپەری شانازیەوە بە پاکی و بە مەبەستیکی پاک، سوپاس بۆ یەزدان کە توانیویتي تواناو دەسەلاتی خوی بۆ هەموان ئاشکرا بکاو تا ئیستە هیشتا ئەو بارو هەلویستەی لە کوردستاندا هەبوە هەر وەکو خوی ماوەتەوەو میللەتی کورد ئاواتەخوازی ئەوەیە کە پیوەندیتان پیوە بکا دەربارەی ئەم داخوازیانەی خوارەوە:

گەلی کوردی خواروی کوردستان زور شادمان ئەبيّ بە دوستایەتی و یارمەتی ی حکومتی بەرزی روس و ئامادەیە لە پیناوی سەرگرتنی ئەم دۆستایەتیەدا سەرو مالی خوی بەخت بکا بەو مەرجەی بە شیوەیەکی رەسمي دان بنریّ بە مافی نەتەوایەتیانا، وە بۆ ئەوەی ئەو پیوەندی و دۆستایەتیە بۆ جیهان ئاشکرا بکەین و بتوانین بەرامبەر بە دوژمن بوەستین و بەرگەیان بگرین و دەسەلاتی دوژمن کەم بکەینەوە پیویستیمان بە هەندیّ تۆپ و رەشاش و فرۆکەو کەرەسەی جەنگی هەیە، فەرماندەی هیزی سوارەمان رشید افندی لەگەلّ سکرتیری تایبەتیم عارف أفندي لەم بارەوە هەمو شتیکتان بە تەواوی بۆ باس ئەکەن.

لە کۆتاییدا ئومیدەوارین مافی نەتەوایەتی و قانونی بۆ میللەتی کورد بیتە دی، ئەو میللەتەی کە ئیمرۆ دەستی دۆستایەتی و برایەتیتان بۆ دریژ ئەکا پڕ بە دلّ لەگەلتانەو لەوەش ئاگادارن کە هەنە (موتارەکە) لە دوای شەری جیهانی چۆن کراو دژی کیّ ریکخرا لە خواروی کوردستانداو هەلویستي دەولەتە دراوسیکانتان لیّ ئاشکرایە دەربارەی ئەو رووداوانە.

بیگومان جاریّ لە تواناداا نیە هەمو کاروبارتان بۆ باس بکەین لە کاتیکدا کە تەنها شتیک هەیە کە ئەتوانم لیّ ی بدویم ئەویش ئەمەیە کە میللەتی کورد بە تیگرایی شەعبی بەرزی رووس بە رزگارکەري میللەتانی روژهەلات ئەژمیریّ، لەبەر ئەوە کورد ئامادەیە چارەنووسي خوی ببەستیت بەوەوە.

ئیمرۆ ئەوەی کە زور گرنگە لامان ئەوەیە کەیارمەتیمان بدریّ، میللەتی کورد پەرۆشي ئەوەیە کە پیوەندیي لەگەلا بکریت، ئەگەر هات و ئەوە سەری گرت و ئەو هاوکاری و دۆستایەتیەی کە ئاواتی بۆ دەخوازین بیتە دی، بیگومان ئەوسا میللەتی

کورد ئازاد ئەبیٚ، ئەگەر هات و ئەم داخوازی و پیوەندیەمان سەری گرت، هەوڵ و تیکوشانەکانمان لەم روەوە لە لاپەرەکانی میژوودا بە چەند دیریکی ئالتونی ئەنوسریٚ و تۆمار ئەکری.

ئیمزا

ملکی کوردستان محمود

دوکتۆر شمزینی لە باسەکەیدا دەڵیٚ:

شیٚخ مەحموود جگە لەو نامەیەی کە بۆ دەوڵەتی سۆڤیٚتی ناردبوو، لەدواییدا کە بە زەبری فرۆکەی ئینگلیز شیٚخ مەحموود ناچار کرا روو بکاتە ئەشکەوتی (جاسەنە)، لەویوە نامەی بۆ هەموو باڵیوزخانەو قونسولخانەکانی وولاتان لە شاری تبریزدا ناردووە کە ئەمە بانگەوازی ئەو نامەیەی شیٚخ مەحموود بووە:
«ئیمەی کۆمەلانی خەڵکی باشووری کوردستان کە لە سالانی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە داواکارین لە ئینگلیز کە دان بە مافی نەتەوایەتیمانا بنیت و ئیمە هەمیشە لەوە دەسهینانی ئەو مافانەی خۆمان سوورین و کۆڵ نادەین، بەلام سوپای ئینگلیز دەستی کردووە بە کاولکردنی وولات و کوشتنی هاو وولاتیان بەبیٚ ئەوەی ئینگلیز دەرفەتیان بدا دەنگی بیزاری بەرز بکەنەوەو سکالاو دەردی خۆیان هەڵبژیرین، لە ساڵی ١٩٢٢ەوە دەوڵەتی بریتانیا بە هەموو هیزو توانایەوە سوپا بالا دەستەکەی بەرداوەتە گیانمان و دەیەویٚ کوردستانی باشوور بە عەربستانەوە بلکینریت. میللەتی کورد لەلایەن ئینگلیزەوە بە تۆپ و بۆمباو فرۆکە بۆردومان دەکریٚ و ئیستەش ترسی ئەوەی لیٚ دەکریٚ بکەویتە بەر پەلاماردانی هیرشی بریتانیا کە سەرەنجامی ئەو ترسە وای کردووە دوو سەد خیزانی کورد لە ترسی ئەو پەلاماردانە درندانە شاری سلیمانی چۆڵ بکەن و سەرباری ئەوەی کە موڵکی خەڵکی بیٚ تاوان داگیر کراوەو سەرانسەری وولات ویران کراوە.
ئیمە لە دادپەروەری (کە لە هەڵویستتان بەرامبەر بە مرۆڤ و دادپەروەری دڵنیاین) ئیوەو دادپەروەری جیهان داوا دەکەین دەنگی نارەزایی خۆیان بەرز بکەنەوە».

دەربارەی ئەو پەیوەندییەی شێخ مەحموود بە دەوڵەتانەوە کە دوکتۆر شمزینی باسی کردووە، ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا بەم جۆرە باس کردووە(٣):

«*بەرامبەر بەو تاوانانەی ئینگلیز بڕیار درا (ئەو ڕۆژانە بووە کە شێخ لە ئەشکەوتی جاسەنە بووە) یەکێک بنێررێت بۆ (تاران) بۆ ئەوەی ملۆزمێتی و زۆرداریتیی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کورد بگەیەنرێ بە باڵیۆزی دەوڵەتەکان (دیارە ئەوەی دوکتۆر شمزینی ئەو نامانە بووە کە نێرراون بۆ تبریزو ئەوەی ئەحمەد خواجا باسی دەکا نێرراون بۆ تاران)، ئەوانەی کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون و بڕیاری ناردنی ئەو کەسەیان دا بریتی بوون لە:*

*١. عزت طۆپچی (مدفعی) ٢. ڕەزا بەگ ٣. سەید ڕەزا و سێ ئەفسەرو پێنج سەرۆک عەشیرەت (کە ناوی نەهێناون)و نامەکان نێرران بۆ باڵیۆزخانەی امریکاو تورکیاو روسیاو فرنسەو انگلترەو بۆ سەرەک وەزیرانی ئێران کە نامەکان بە تورکی بووە (ئەوەی کە دوکتۆر شمزینی باسی کردووە نەیوتووە ئەو نامانە بەکێدا نێررابوون وە ئەو نامانە بە تورکی نووسرابوون یا بە فارسی)، وەکو ئەحمەد خواجا لە (چیم دی)دا بڵاوی کردۆتەوە ناوەڕۆکی ئەو نامانە بەم جۆرە بووە (٣):*

«*لەدوای جەنگی ١٩١٤و کوژاندنەوەی چرای عوسمانلی، بەتەواوبوونی جەنگ نیشتمانی ئێمە خوارووی کوردستان ـ لە سوپاو ئیدارەی عوسمانی چۆڵکراو هێزی سوپای ئینگلیز بە هەلی زانی و خۆی خزانە ناو ویلایەتی موصل و کوردستانی خوارووشی داگیر کرد، بەڵام بەپێی پەیمانی سیڤەر کە دەبوایە هەموو مافێکی قەومیمان بدەنێ و لە خوارووی کوردستاندا حکومەتێکی کوردی دروست ببێت وە هەمو چەشنە یارمەتییەکمان بدەن ئەوە بوو ڕێگا درا بە ئینگلیزو هاتنە سلێمانی،*

*سێ مانگ بەسەر ئەو هاتنەیانا نەڕۆیشت ئینگلیز بەپێچەوانەی پەیمانەکەیان چ بۆ کارو باری سیاسی و چ بۆ ئیداری و ئابووری لە ئینگلیزو ئێرانی و عەرەب و ئەفغانی و هیندی بە شێوەیەکی هەڕەمەیی مأمورانی هێناو بە ناو وولاتەکەمانا بڵاویان کردنەوە، کوردیش هەر لەدوورەوە تەماشای دەکردو ئەو یارمەتییەی کە کورد بە هیوای بوو وە ئەو پەیمانەی کە ئینگلیز دابووی کە حکومەتێک بۆ کورد دروست*

*بکا گۆڕرا بەزۆرداری و بەبێ بەزەیی بەو هێزە بێ شومارەی لە جەنگی گەورەدا بەرامبەر بە تورک و ئەڵمانیا بەکاری دەهێنا، هەمووی وێران کرد.*

*ئینگلیز زۆر کردەوەی زۆرداریی ناپەسەندیان نواند هەتا هەموو کوردی ناچار کرد بۆ پاسکردنی خاک و دارایی و ناموسی خۆی بەرامبەر بەو ئینگلیزەی کە خۆی بە دۆستی کورد پیشان دەدا دەست بداتە چەک و داوای مافی خۆی (استقلال) بکات و ئینگلیز بەوە خۆی کرد بە دوژمنی خوێنینی کورد.*

کورد لە ٢٢/ی مایسی/١٩١٩دا بە چەک کەوتە بەربەرەکانی کردنی ئینگلیز بەلاَم تەنها بە چەکی خەنجەرو تفەنگ، ئینگلیزیش جگە لە طۆپ و فڕۆکە بە هێزێکی کوشندەی ٣٠٠-٤ هەزار کەسییەوە رۆژی ١٩١٩/٦/١٨ کوردستانی پەرێشان کردو ئەو حوکمدارەی کە بە فەرمانی خۆیان بۆ کوردستان دانرابوو بە برینداری گیراو نزیکی هەزار مرۆڤ و ئەفسەرانی کوردو بە یەخسیری گیران. لە بڕیاری خنکاندنەوە بۆ (١٠) ساڵ ئاوارەکردنی حوکمداریان نادرە هندستان بۆ ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە تالاَن کراو کوژراو لەناو کۆلاَنەکانا فڕێ دەدرا، دێهات و کشت و کاڵ و پردو مزگەوت بە بۆمبا وێران کرا، ئاژەڵ بە مەترەلیۆزو فڕۆکە بەقڕ هێنران، بە هەزاران ژن و منداڵ لەناو ئەشکەوت و سەر چیاکان کوژران و مردن.

*سێ ساڵ بەسەر بەندیی حوکمدارا بەسەر نەچووبوو لە رۆژی ٢٢/ی ایلولی/١٩٢٢ دووبارە بەناوی بەجێهێنانی پەیمانەکەیانەوە شێخ مەحموودی حوکمداریان هێنایەوەو بەناوی حوکمداری کوردستانەوە لە سلێمانی دانرا، ئەم جارەش پەیمانی دروستکردنی حکومەتی کوردستانی بلاَوکردەوە. بەلاَم ئەو داوایەی کە ئینگلیز لە کوردی دەکرد لەتوانای کوردا نەبوو کە دەبێ لە ئێران و تورکیادا شۆڕش هەڵگیرسێنێت، ئینجا دیسانەوە لەپاش شەش مانگ کەوتە بیانوو، بە بۆمبا شاری سلێمانی و دێهات و چیاو دارستانەکان و باخ و رەزی سووتاندو وێرانی کرد، کوشتار لە ئادەمیزادو لە ئاژەڵ لە ژمارە نایە، خێزانی کورد بە پیاو و ژن و منداڵ و پیریەوە کەوتنە چیاو ئاوارەی ئەشکەوت و موغارەکان بوون، بە رووتی و بە برسێتی، گەرماو سەرما،*

*ژیان تاڵ بوو، فرۆکـه ماوەی دەرەتانی پەیداکـردنی ئازووقـه نادات، له ئادەمیـزاد پەروەریتان و دڵسۆزیتـان تکا دەکەین که دڵسۆزیی خۆتان بەرامبەر بەم گەله ئاوارەو پەرێشـانه پیشـان بدەن که به هەزاران خـێزان له چیاکانا بەبێ پیاو و به سەختی گـوزەران دەکەن و دەژین و پیـاوەکانیـان بەرامـبەر بەو بەدبەختی و جـانەوەرییـەی ئینگلیـز سنگیـان ناوە بـه بەر گـوللەی ناگـەهانیـیـەوە، بێ بەزەیی له کـوشتـاری کوردستان دەس پارێزی ناکەن.*

*چارەیەک بکەن، کورد دەیەوێ بگا به مافی خۆی، دەسبەرداری چەک نابێ هەتا ئەم دوژمنەمان لێ دوور نەکەێتەوە.*

**محمود**
سەرۆک و قۆماندەی گشتی
١١/مایس

حماغای علی ئاغا
(سەرۆکی عەشیرەتی پژدەر)
صابیر بەگ
(سەرۆکی عەشیرەتی هموند)
کریم فتاح بەگ
(سەرۆک عەشیرەتی هموند)
سید کریم سید ئەحمەد
(له ساداتی برزنجە)
ئەحمەد مدحت
(نوێنەری رواندز)

حاجی رسول ئاغا
(سەرۆکی عەشیرەتی پژدەر)
صالح ئاغا حمه ئاغا
(سەرۆکی عەشیرەتی پژدەر)
ئەورەحمان ئاغا ئەحمەد پاشا
(له ئەشرافی سلێمانی)
ئەمینی حمەی ئیمام
(له سەرۆکەکانی هموند)
رەزا بەگ
(له ئەشرافی سلێمانی و فەرماندەی سوپا)

هەروەها بێجگه لەوانه (٢٨) کەسی تریش مۆریان کردبوو (ناوی نەهێناون).
ئەحمەد خواجا له یاداشتەکانیا دەڵێ

بەپێی بڕیار، بە من سپێررا کە نامەکانم بردە شاری (سنە)و چوومە ماڵی حاجی شێخ عارف کە یەکێک بوو لە پیاوە ناسراوەکانی سنەو خاوەنی مزگەوتی (هاجر خاتون)، ئەو نامانەی کە لە شێخ مەحموودەوەو لە مەحموودخانی دزلیـیەوە بۆ حاجی شێخ عارف نووسرابوو دامێ و لە کارەساتەکەم گەیاندو پێی ووتم پێویست ناکا تۆ بچیتە (تاران)و لێرەوە نامەکان هەر وەکو خۆی بە تلگراف دەینێرین و هەر وەکو چوونی خۆت کار دەکا، لە دوای دوو ڕۆژ تلگرافەکان نووسراو بڕیاری گەڕانەوەم دا، بەڵام بەرلەوە چووینە بازارو دوو پۆلیس لە چاخانەکەی (أفندم) گرتیانین و خراینە ژێر سارگداوێکەوەو زنجیر کراین، بەڵام ڕۆژی دوایی بە هەوڵی حاجی شێخ عارف و آصف الملک و آصف الدیوان بەردرام و شێخ عارف ووتی لەدواییدا خۆم وصلی تلگرافەکان دەنێرمەوە بۆتان».

★★★★★

## بەشی هەشتەم

# پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو هۆی پاشگەزبوونەوەو چۆنیەتیی پاشگەزبوونەوە

## ١- پاشگەزبوونەوەو هۆی پاشگەزبوونەوە

کە شێخ مەحموود لە هندستانەوە هاتەوە دوور نییە لەو رۆژانەدا بەڵێنی دابێ بە ئینگلیزەکان و بە ملک فیصل کە تورکەکانی ناوچەی رواندز دەر بکا، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لە دڵ و مێشکی خۆیدا نەخشەیەکی تایبەتیی کێشابوو بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە کوردستان لەسەری بڕوا کە وەکو رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

شێخ مەحموود تاقە ئاواتێکی ژیانی ئەوە بوو کە سەربەخۆیی کوردستان سەربگرێ.

بەلاّم رووداوەکان زۆر بەخێرایی دەڕۆیشتن و زۆری پێ نەچوو دڵنیانەبوونی ئینگلیزو شێخ مەحموود لەیەکتری بە ئاشکرا کەوتە ڕوو، شێخ مەحموود تەقەلایەکی زۆری دا کە ئینگلیزەکان بە بەڵێنێکی رەسمی و ئاشکرا دان بە مافی کوردا بنێن بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت ئەو کوردەی کە دوای کەوتبوو دڵنیایان بکاو داوای ئەوەیان لێ بکا کە چەکی بۆ هەڵگرن و تورکی بۆ دەربکەن لە رواندز.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی نووسەرە ئینگلیزەکان وەکو ئەدمۆنس و لۆنگریک و ویلسن لە باسەکانیانا ووتوویانە کە شێخ مەحموود لەسەرەتادا تەنها بە دەسەلاّتداریەتیی ناوچەی سلێمانی رازی بووە، بەلاّم شێخ رەوفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا بە جۆرێکی تری باس کردووە کە دەڵێ(٢١):

*«ئەوانەی لەو رۆژانەدا چووبوونە لای شێخ مەحموود لە بغدادو چاویان پێ کەوتبوو، کە هاتنەوە بۆ سلێمانی بەرلەوەی باوکم بگەڕێتەوەو بگاتە سلێمانی، ئەوانە بەناو خەڵکدا بلاّویان کردەوە کە شێخ مەحموود لە گفت و گۆکردنیا لەگەڵ ئینگلیزەکانا*

پێی ووتبوون ناتوانێ هیچ بەڵێنێکی بەجێ بێنێت هەتا بەتەواوی دان بە مافی کوردا نەنرێ و شێخ مەحموود ووتبووی ئەوەی بۆیە ووتبوو چونکە دەیزانی لەو رۆژانەدا (نقطەیەکی ضعف) هەبوو لای ئینگلیزەکان بەرامبەر بەو هێزەی تورک کە لە رواندزدا بوو.

کە شێخ مەحموود هاتەوە سلێمانی زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە هاتنە لای و شێخ مەحموود بۆی روون کردنەوە کە ئینگلیزەکان بۆیە رێگەیان داوەتێ کە بگەرێتەوە بۆ ئەوەی تورکەکان دەر بکا بەلاّم بڕیاری داوە هیچ هەنگاوێک نەنێ تا ئینگلیز بە رەسمی و بە ئاشکرا دان بە مافی کوردا نەنێت و ئەوە بوو لەدواییدا ئەو سەرۆک عەشیرەتانە لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە وەفدێک بنێرن بۆ بغدادو ساتێک وەفدەکە بە سەرکردایەتیی سید ئەحمەدی برزنجی چووە بغدادو لەوێ لە ئینگلیزەکانیان گەیاندبوو کە ناتوانن خەڵک وا لێ بکەن شەڕ لەگەڵ تورکدا بکەن هەتا کورد مافی خۆی دەسگیر نەبێت و کە ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت شێخ مەحموود ئەو مەبەستەیان بەخۆڕایی ناهێنێتە دی ئیتر دەستیان کرد بە بلاّوکردنەوەی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحموودو ئەوانەی سەر بە خۆیان بوون رایان سپاردن لە شێخ مەحموود بتەکێنەوە کە لەوەدا حەپسەخانی ژنی شێخ قادری مامم لەو پڕۆپاگاندانەدا دەستێکی بالاّی هەبوو دەیویست لەو رووەوە لاسایی خانمی ژنی وەسمان پاشای جاف بکاتەوە».

لەڕاستیدا هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە گەلێ هەڵوێستدا دەرکەوتووەو مەبەستی ئینگلیز لەو پاشگەزبوونەوەیەدا شتێکی ئاشکرا بووە کە دەتوانین ئەوانە لەم چەند هۆیانەی خوارەوەدا بە کورتی باس بکەین:

أ- بوونی نەوت لە کوردستاندا
ب - سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆناندا
ج - بەهێزبوونی سوپای عراقی و رێکخستنی لیڤی ئاسووری
د- هۆی ناوخۆ

## هۆی یەکەم: بوونی نەوت لە کوردستاندا

لە بەرگی یەکەمدا لە کورتە باسێکی مێژووی نەوت دواین و ڕوونمان کردەوە کە نەوت لە کوردستاندا یەکێک بووە لەو هۆ سەرەکییانەی کە ئینگلیز بایەخیان دابوو بە کوردستان جگە لە ستراتیجییەتی شوێنەکەی و لەو بەرگەدا لەوە دواین کە چۆن ئینگلیزەکان ماوەیەک بوو نەخشەی ئەوەیان کێشابوو کە دەس بەسەر کوردستاندا بگرن.

لەکۆتایی شەڕی جیهاندا کە (موتارەکە) مۆر کراو بەپێی ئەو پەیمانە دەبوایە هێزی هەموو لایەک لەو ڕۆژەدا لە چ شوێنێکدا بووبن لەو شوێنەوە نەچنە پێشەوە، بەلاَم ئینگلیزەکان لەبەر بایەخدان بە نەوتی ویلایەتی موصل ئەو پەیمانەیان پێ شێل کردو چوونە مـوصلەوە ئەگەرچی ئینگلیـزەکـان ئەو بایـەخـدانەیان بە نـەوت شـاردبووەوەو ئاشکرایان نەکردبوو بگرە هەندێ لە کاربەدەستانی خۆشیان لەڕاستیی ئەو مەبەستەی ئینگلیز نەگەیشتبوون.

بۆ نموونە ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا(٤٥) سەرسوڕمانی خۆی پیشان داوە لەسەرەتادا دەربارەی ئاگادارنەبوونی لەوەی کە حکومتی بریتانیا چۆن لەسەرەتاوە بایەخی دابوو بە نەوتی ویلایەتی موصل و هەر وای زانیبوو کە لەبەر ستراتیجییەتی ناوچەکە بایەخی بە ویلایەتی موصل دابوو کە دەڵێ:

*«هەرچەند ڕۆژنامەکانی جیهانی لەو ڕۆژانەدا باسی ئەو هەموو گێرەو کێشەی موصلیان دابووە پاڵ ئەوەی کە گوایا بایەخدانی بریتانیا بە ویلایەتی موصل لەبەر خاتری نەوت بوو، کەچی من لەو ڕۆژانەدا وام دەهاتە پێش چاو کە لە حسابات و بۆچوونی سیاستی حکومەتەکەمانا ئەوە نەخرابووە پێش چاو.*

*بە بیرمانایە لە هیچ وثیقەیەکی ئێمەدا بایەخدانێکی تایبەتی و گرنگێتیی نەوت خرابێتە بەرچاو و باسی لێوە کرابێ».*

ئەگـەر ئەوەی ئەدمـۆنس بە مـەبـەسـتـێکی ڕاست دانی بەوەدا نابێ، ئەگـەر جگە لەویش کاربەدەستانی تریش ئاگاداری ئەو بایەخپێدانەی ئینگلیز نەبوون بە نەوت وە

یا ئەگەر ئاگاداریش بووبن پێویست بووە لەسەریان دەری نەبڕن و بە هیچ جۆرێک لێی نەدوێن چونکە زۆر جێی گومانە کە ئەو لێپرسراوانە ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو دۆکیومەنتانە نەبووبن کە هەندێکیان هەر خۆیان نووسیویانە.

وەکو لە بەرگی پێشوودا لەوە دواین کە بوونی نەوت هۆی بایەخدانی ئینگلیز بووە بە کوردستان.لەم باسەی ئەم بەرگەشدا ئەمانەوێ باسی ئەوە بکەین کە چۆن نەوت و کێشەی نەوت و تەقەلادان بۆ دەس گرتن بەسەر نەوتی کورستاندا هۆیەکی سەرەکیش بووە بۆ پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لەو بەڵێن و پەیمانانەی دابوویان و مۆریان کردبوو. بە کورتی دەتوانین بڵێین کێشە لەسەر نەوت و کێشە لەسەر ویلایەتی موصل هەردووکیان هەر یەک کێشە بوون ئەگەرچی وەکو ووتمان ئینگلیزەکان لەسەرەتادا بۆ چاوبەست بوونی نەوتیان دیزە بە دەرخۆنە کردبوو دەریان نەبڕیبوو.

ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٢دا شێخ مەحموودیان بۆیە هێنایەوە بۆ ئەوەی تورکەکان لەو بنکەیەی کە لە ڕواندز دروستیان کردبوو دووریان بخەنەوەو شێوەی هیچ تواناو دەسەلاتدارییەکی تورک لە کوردستانی خوادوودا نەهێڵین و بۆ ئەوە ماوەیەک تەقەلای ئەوەیان دا بە هۆی شێخ مەحموودەوە یا لە ڕێگای سید طه شەمزینی و سمکۆ و بە هۆی هەندێ سەرکردەی عەشایری بەکرێ گیراوەوە وەکو بابکری سلیم ئاغای پژدەری ئەو تورکانە لە ڕواندز دەربکەن کە لە پێشتردا لەوە دواین کە هۆی هاتن و جێگیربوونی ئەو تورکانە بە هۆی بەدکاری و ناڵەباریی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزەوە بووە بەرامبەر بە کورد.

کە ساتێک ئینگلیز کەسی دەست نەکەوت ئەو مەبەستەی بهێنێتە دی و حسابی ئەوەشی کردبوو بە ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ تورکدا زۆر دەکەوت لەسەریان بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کە کێشەو ئاڵۆزبوونی هەڵوێست بە هۆی شۆڕشی ایرلندیەکانەوە ئینگلیزیان گێژ کردبوو، بۆجەی دەرامەدی ئینگلیز لەو ڕۆژانەدا باری شلۆق بووەو بەرگەی تەرخانکردنی ئەو پارەیەی نەگرتووە کە بۆ شەڕێکی وا لەگەڵ تورکەکانا لەو ڕۆژانەدا پێویست بووە، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا حکومەتی بریتانیا چ لە پارلەمانداو چ بە هۆی ڕۆژنامەکانەوە هەمیشە هێرشی براوەتە سەر لەو ڕووەوە.

ئینگلیـز دەیویست بە هەر شـێوەیەک بێ دەسـەڵاتی بەسـەر ویلایەتی مـوصلدا بمێنێتـەوە بەبێ ئـەوەی گوێ بداتـە ئەو بەڵێن و پەیمانانـەی کە مـۆری کـردبوو، وە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە سیاسەتی ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ تورکدا گێڕی گۆڕی بۆ بەکارهێنانی نەخشەیەکی تر کە بەپێی ئەوە لە ڕێگەی سیاسەت و دیپلۆماسییەتەوە بتوانێت وا لە تورکەکان بکا بەبێ گێچەڵ دەسبەرداری ویلایەتی موصل بێن.

یەکەم هەنگاوی بەجێهێنانی ئەو نەخشەیە لەوەوە دەستی پێ کرد، کە ئینگلیزەکان لە گـفت و گـۆکـانیـانا لەگـەڵ نوێنـەرانی تورکـدا وورده وورده دایان بـە گـوێی ئەو تورکانەدا کە لەتوانادایە چاو بخشێنرێتەوە بە پەیمانی سیڤەرداو دەتوانرێ ڕێگە لەوە بگیرێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ یا ئۆتۆنۆمی لە خوارووی کوردستاندا پێک بێت بە مەرجێک تورکەکانیش بە داخوازییەکانیانا بچنەوەو واز لە داواکردنەوەی ویلایەتی موصل بهێنن.

کمالییەکان لەوە ترسابوون کە پێکهێنانی هەر جۆرە شێوەو حکومەتێکی کوردی لە خـوارووی کـوردسـتـانـدا دەبێتـە هۆی ڕاپەڕین و بەرپاکـردنی شـۆڕش لە ژووروی کـوردسـتـانـدا لەبەر ئەوە تورکـەکـانیش دوور نـیـیـە هەر لـەسـەرەتاوە بەشـێـک لەو پێداگرتنەیان بۆ داواکـردنەوەی ویلایەتـی موصل هەر بۆ ئەوە بووبێ کە ئینگلیزەکان ناچار بکـەن دەسبـەرداری ئەو پەیمان و بەڵێنانەی پێشـووی بێتـەوە کـە چ لە پەیمانی سـیـڤـەرو چ لە هێنانـەوەی شێخ مـەحـمـوودا جـارو بار بۆ چاوبەسـتی کـورد بڵاویان دەکردەوە وەکو ئەو بەیانە دووقۆڵییەی کە حکومـەتی عیراق و بریتانیا دەریان کرد کە لەدواییدا بە دوورو درێژ باسی دەکەین و لێی دەکۆڵینەوە.

لە نیسانی ۱۹۲۰دا نوێنەری حکومەتی بریتانیاو فرنسە لە (سان ڕیمۆ) لە ئیتالیا کـۆبـوونەوەو لەو کـۆبـوونەوەیەدا باسی چارەسـەرکـردنی کـێشــەی نەوت لەنێوانی بریتـانیـاو فـرنسـەدا کراو لـە ئەنجامی ئەوەدا ئەو (۲۵٪)ەی کـە وەختـی خـۆی بۆ ئەڵمانەکان تەرخان کرابوو درا بە فرنسییەکان.

دۆکیومـەنتەکـانی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتـانیا لە سـاڵی ۱۹۲۰دا پڕن لە باسی گفت و گۆ و بێنەو بەرەیەکی دوورو درێژ کە باسی ئەو ڕێکەوتنەی ئینگلزو

فرنسەیان کردووە.

بۆ نموونە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-14 باسی کۆبوونەوەکان دەکا کە لە رۆژانی ٢٥/٤/١٩٢٠ و ٢١/٦ و ١٥/١٢/١٩٢٠دا کراون.

ساتێک ئەمریکاییەکان بەو رێکەوتنەی فرنسەو ئینگلیزیان زانی نارەزایی خۆیان ئاشکرا کردو لە ئینگلیزیان گەیاند کە دەسگرتنی بریتانیا بەسەر نەوتی ناوچەی کرکوک و موصلدا دژی بڕیارو بەڵێنەکانی أنتدابە کە لەلایەن عصبە الاممەوە بڕیاری لەسەر درابوو.

ئەمریکاییەکان ماوەیەک بوو لەوە دەترسان کە رۆژێک لە رۆژان نەوتی ناو وولاتی خۆیان تەواو دەبێ و بیرە نەوتەکانیان ووشک دەکاو لەو رۆژانەدا کە نرخی بنزین بۆ ئوتوموبیل زۆر بەرزبوبووەوە وای لە ئەمریکاییەکان کرد کە هەوڵ بدەن بەشێک لە نەوتی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیان دەسگیر ببێت و بۆ ئەو مەبەستە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بریتانیا (لۆرد کیرزن) لە کۆبوونەوەیەکیاندا ئەمریکا داوای بەشە نەوتی ئەمریکا دەکاو لە ئەنجامدا بریتانیا دان بە مافی ئەمریکادا دەنێ بەلاّم مافی ئەوەی ناداتێ کە بەرهەڵستی و بەربەرەکانی بکا لەو مافەی کە ئینگلیزەکان لەپێش شەڕی جیهانیدا دەسگیری بووبوو (مەبەستی شرکەی نەوتی تورکی بووە کە هی بریتانیا بووە).

کوڵبی (شوستر)ی ئەمریکی خۆی گورج کردووەو چووە ئەستەمبول و (هەتا ئەوسا ئیدارەی ئەستەمبول هەر لەژێر چاودێریی دەوڵەتە سوێندخورەکانا بووە) لەوێ داوای مافی دەرهێنانی نەوتی کرد. لەسەرەتادا بریتانیا پشتگیری داخوازیی ئەمریکای کرد بەلاّم لەدواییدا کە بۆ ئینگلیز دەرکەوت (کوڵبی شوستر)و (ئەدمیرال بریستول)ی ئەمریکی پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ تورکە کمالییەکانا ئیتر وازیان لەو پشتگیری کردنە هێنا. جارێکی تر دووبارە کێشە لەسەر ئەوە پەیدا بوو کە ئایا سنووری کۆنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە رووی نەوتەوە کوێ دەگرێتەوە؟

لێرەدا (کولبنکیان) هاتە پێشەوەو خەریتەیەکی گەورەی رۆژهەلاتی خستە بەردەمی ئەوانەی باسی ئەو کێشەیەیان دەکرد، بە قەڵەمێکی سوور هێڵێکی کێشا بە

ناوەڕاستی ناوچەکەداو ووتی: ئا ئەمە سنووری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە کە من سالّی ١٩١٤ شارەزای بووم و ئینگلیزەکان بەوەی کۆلبنکیان قابل بوون و ئەو هێلّەی کۆلبنکیان دەسنیشانی کردبوو بۆ ماوەی (٢٠) سالّ بڕی کردو ئەو لایانەی ئەوەیان مۆر کرد ئەو ڕێکەوتنەیان وەکو پەیمانێکی نهێنی مایەوەو عەرەبەکان بە هیچ جۆرێک ئاگادار نەکران و پێیان نەزانی.

هنری فۆستر لە لاپەڕە (١٣٥)ی کتێبەکەیدا(٦٠) دەربارەی نەوتی کوردستان دەلّێ:

*«کە فرنسییەکان دەسبەرداری ویلایەتی موصل بوون بەپێی پەیمانی (سان ریمۆ)، ئینگلیزەکان لە بریتی ئەو دەسهەلّگرتنەی موصل ٢٥٪ی نەوتی کرکوکیان دا بە فرنسییەکان کە هۆی ئەوە دوو شت بوو:*

*١- بۆ ئەوەی نەوتی میسۆپۆتامیا بەئاسانی بگاتە سەر دەریای سپی کە ئەوسا سوریاو لبنان بەدەست فرنسییەکانەوە بووە و تاقە ڕێگەیەک بووە بۆ ناردنی نەوتی ویلایەتی موصل بۆ سەر دەریا.*

*٢- بۆ ئەوەی فرنسە پشتگیریی ئینگلیز بکا دژی تەقەلای ئەمریکا کە چاوی بڕیبوە نەوتی میسۆپۆتامیا.*

*لەڕاستیدا ئینگلیزەکان بەوەی کە لە ٢٥٪ی نەوتی موصلیان دا بە فرنسییەکان، ئیتر وەنەبێ مەترسیی ئەوەیان لێ نەنیشبێت کە فرنسییەکان هانی تورک نادەن بۆ داواکردنی ویلایەتی موصل و بۆ ئەوەی فرنسییەکان لەشوێنی ئینگلیزەکان ببن بە خاوەن دەسەلاّت و بتوانن لەڕێگەی ئەوەوە نەوتی ویلایەتی موصل بۆ خۆیان داگیر بکەن».*

لە باسی کێشانەوەی هێزی ئینگلیزەکان لە کوردستاندا لەپاش ئالّۆزبوونی هەلّوێست بە دوورو درێژی باسی ئەوەمان کرد کە چۆن ئینگلیزەکان حسابیان بۆ ئەوە کردبوو کە دوور نییە هێرش بهێنرێتە سەر موصل لەلایەن تورکەکانەوەو ترسی ئەوەیان هەبووە کە فرنسییەکان لەوەدا پشتگیری تورکەکان بکەن وەکو چۆن ئینگلیزەکان یۆنانییەکانیان هاندابوو پەلاماری ڕۆژئاوای تورکیا بدات.

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-16 ی مانگی دیسمبری ١٩٢١دا بە دوورو درێژ

باسی ئەوەی کردووە کە ئینگلیزەکان لەوە ترسابوون کە ئەگەر فرنسییەکان و ئەمریکاییەکان لەگەڵ تورکەکانا ڕێک کەوتن و تورک بەڵێنی پێدان کە ئیمتیازی نەوتی موصلیان بداتێ بێگومان بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئەمریکاو فرنسە یارمەتییەکی مادیی تورک دەدەن کە ئەو یارمەتیدانەی تورک بە پارە لەو ڕۆژانەدا زۆر کاریگەر دەبێ و دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی هەڵوێست و دەبێتە ژانسەر بۆ بریتانیا.

لە لاپەڕە (١١٤)ی دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6344 ی ١٩٢١/٥/٢دا دەڵێ:

*«بۆمان دەرکەوتووە شرکەی ستاندرد اویلی ئەمریکی بووە بە هۆی نانەوەی ئاژاوەو نائارامی لە ناوچەکانی ژووروی عراقدا، ئەو کۆمپانیایە هەرچەند حکومەتی نییە بەڵام ئەمریکاییەکان ئەوەیان لا باشە کە شوێنی نەوتەکان لەژێر چاودێریی تورکدا بێ و نەک لە ڕێگای عەرەبەکانەوە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی بریتانیاوە، لەبەر ئەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە هەوڵ بدرێ لەگەڵ حکومەتی (ئەنگۆرە) ـ تورکە کەمالییەکان ـ دەربارەی دەسنیشانکردنی سنووری تورکیاو عیراق بەپێی (مادە (٦٢)ی پەیمانی سیڤەر دەست و بردی لێ بکرێ و زوو ببڕێنرێتەوە».*

لە لاپەڕە (١١٥)ی دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6344 ی مانگی مایسی ١٩٢٢دا باسی کۆبوونەوەیەک دەکا کە لە ١٩٢٢/٥/٢دا کراوە کە ئەو کۆبوونەوەیە بە سەرۆکایەتیی (شیک بورگ) بووە کە باسی کێشەی کوردو باسی نیازو مەبەستی تەقەلای تورکەکان دەکا بۆ هاتنەوەیان بۆ موصل و دەڵێ:

*«شرکەی ستاندرد أویلی ئەمریکی هانی تورکەکان دەدا کە واز لە ویلایەتی موصل نەهێنن، هەرچەند حکومەتی ئەمریکی دەیەوێ بەشێک لە نەوتی موصلی دەسگیر ببێت بەڵام ئەوە خرایە بەرچاو کە ئایا ئەگەر بەشێک لەو نەوتە درا بە ئەمریکا ئیتر واز لە هاندانی تورک دەهێنن؟*

*لە وەرامی ئەو پرسیارەدا شیک بورگ ڕوونی کردەوە کە بیرکردنەوە لە شتی وا شتێکی زۆر ستەم و گرانە چونکە لای وایە ئەگەر نیوەی بەشی نەوتیش بدرێ بە ئەمریکا هێشتا ئەوە ڕێگەی ئەوەیان لێ ناگرێ کە وا بیر بکەنەوە کە ڕێکەوتن لەگەڵ تورکدا باشترەو بەسوودترە وەک ئەوەی لەگەڵ عەرەبدا بکرێ.*

*بۆ نەهێشتنی ئەو مەترسییە، وەزیری مستعمرات پێشنیازی کرد کە وەزارەتەکەی بە شێوەیەکی رەسمی داوا لە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بکاو بپرسێ کە ئایا لەتوانادایە لەگەڵ تورکە کەمالییەکانا پەیوەندی بکرێ و بدرێ بە گوێیانا کە دەتوانرێ چاو بە مادە (٦٢)ی پەیمانی سیڤەردا بخشێنرێ و دەسکاری بکرێ دەربارەی کوردستان؟*

*بەڵام پێویستە پرسی کۆکس ئاگادار بکرێ (مندوبی سامی لە بغداد) دەربارەی پێویستیی کەمکردنەوەی هێزەکانمان لە عراقداو تێی بگەیەنرێ کە ئەوە شتێکی پێویستەو دەبێ بکرێ».*

بەڕاستی ئەوەی لەو دۆکیومەنتەدا باس کراوە سەرەتای پاشگەزبوونەوەی ئاشکرای ئینگلیز بووە بەرامبەر بە پەیمانی سیڤەرو سەرەتای بەکارهێنانی تکتیکێکی تازەی بریتانیا بووە بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی کە لە ستراتیجییەتی بریتانیادا نەخشەي بۆ کێشرابوو دەربارەی موسۆگەرکردنی ویلایتی موصل بە هەر شێوەیەک لەو شێوانەی کە بۆی دەس بدا بەبێ ئەوەی گوێ بداتە بەڵێن و پەیمانەکانی.

ئەرنۆڵد ویلسن لە کتێبەکەیدا دەربارەی سیاستی حکومەتەکەی بۆ دەس گرتن بەسەر نەوتدا دەڵێ(٣٧):

*«لە کۆبوونەوەیەکی (کلیمنصو)ی فرنسی و (لوید جورج)ی بریتانیا لە ٢١و٢٢/٨/١٩٢١دا کلیمنصو بە لوید جوردج دەڵێ: ئەگەر لە دیسمبری ١٩١٨دا (یەعنی لە کاتی ئەو گفت و گۆکردنەی کە فرنسییەکان وازیان لە ویلایتی موصل هێنا بۆ بریتانیا) پێتان بگوتینایە کە ئەو ناوچانە نەوتیان تیادایە، بە هیچ جۆرێک ئەو رێکەوتنەم مۆر نەدەکرد».*

لە راپۆرتێکی حکومتی بریتانیا کە بۆ مانگی حزیرانی ١٩٢١ی میسۆپۆتامیا تەرخان کراوە دەربارەی نەوتی میسۆپۆتامیادا دەڵێ:

*«هەندێ نەوت لە زاخۆ و گرمتعلی و طوزخورماتو و قەلآنەوتدا هەیە، بەڵام هێشتا دەس نەکراوە بە بیری نەوت هەڵکەندن لەو شوێنانەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاین کە رەگی نەوتی ئەو ناوچانەی ژووروی ویلایتی بغداد (کە نیازی ویلایتی موصل -*

کوردستان بووه) بەسراونەتەوە بە رەگی نەوتی وولاّتی فارس».

جرجیس فتح الله لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (الثقافە الکردیە)ی مانگی مارتی ١٩٩٠. کە مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لندن دەری دەکا باسێکی زۆر دوورو درێژی نووسیوە بە ناوی (نەوت لە کوردستاندا دوارۆژی سیاسیی کوردستانی دەسنیشان کردووە کە ئەمە کورتەی ئەو باسەیە:

«هیچ گومان لەوەدا نییە کە بایەخدان بە نەوت و هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە پەیمانی لۆزاندا بەرامبەر بە کورد هۆی سەرەکیی دەگەرێتەوە بۆ گرنگیی نەوت لە کوردستاندا. لە پەیمانی لۆزاندا تەقەلای ئینگلیز بۆ هێشتنەوەی ویلایەتی موصل (کوردستان) لەناو چوارچێوەی عراقدا بە ئاشکرا زۆرتر روون بووەوەو ئەدمیراڵی دەریای بریتانیا لە ١٦/١١/١٩٢٣دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیای نووسیوە:

لە ماوەی چەند رۆژێکدا لە دەسپێکردنی گفت و گۆ و ووت و وویژدا لە (لۆزان) نقطەیەکی سەرەکی لە رووی ستراتیجییەوە ئەوەیە کە بریتانیا دەسەلاّتی ئەوەی هەبێ دەس بگرێ بەسەر ئەو ناوچانەدا کە نەوتیان تیادایە.

ساتێک تورکەکان هەستیان بەو بایەخپێدانەی ئینگلیز کرد بەرامبەر بە نەوتی موصل ئیتر تورکەکان دەستیان کرد بە داواکردنەوەی ویلایەتی موصل و ئینگلیزەکان هەموو جارێک لە وەرامی ئەو داخوازییانەی تورکدا پێیان دەوتن: هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوانی نەوتی موصل لەگەڵ دەسنیشانکردنی چارەنووسی ویلایەتی موصلدا کە پێویستە ئەو ویلایەتە بخرێتە ناو چوارچێوەی سنووری عراقەوە.

ئینگلیزەکان بۆ شوێنە وونی ئەو بایەخپێدانەیان بە نەوت لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٢٣دا بلاّویان دەکردەوە کە هێشتا بەتەواوی روون نەبۆتەوە ئایا نەوت لە ویلایەتی موصلدا هەیە یا نییە... هێشتا شتەکە روون نەبۆتەوەو هەتا ئێستە هەرچی لەو رووەوە بلاّوکراوەتەوە هەمووی هەر قسەیەو دوورە لەراستی. جارێ نازانرێ رەنگە ئەگەر نەوتیش هەبێ دوور نییە ئەوەندە نەبێ کە نرخێکی بازرگانیی ئەوتۆی هەبێ، وە ئەگەر دەریش کەوت نەوت هەیە ئەوا لەوەدا عراق قازانجێتی (وەکو خۆیان هەر دوعاگۆبووین و هیچ مەبەستێکیان نەبووبێ لەوەدا).

لەو رۆژانەدا کە لە لۆزان کۆبوونەوە هەبوو حکومەتی بریتانیا داوای لە کاربەدەستانی ئینگلیز کرد کە نەختێک بە نەرمی لەگەڵ تورکەکانا بجوولێنەوەو ئەوە بوو بەپێی ڕێکەوتنی (سان ڕیمۆ) لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە لە (٢٠٪)ی سەهمەکانی شرکەی نەوتی کرکوک بدرێ بە تورکیا، بەڵام حکومەتی بریتانیا لەسەرەتای ایلولی ١٩٢٣دا مەرجێکی بۆ ئەوە دانا کە بریتی بوو لەوەی دەبێ تورکەکان بەرامبەر بەو لە (٢٠٪)ە دان بەوەدا بنێن کە ویلایەتی موصل بەشێک دەبێ لە عراق.

سێر هنری دوبسی مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد لە ١/کانونی دووهەمی ١٩٢٣دا تلگرافێکی نابردبوو بۆ ڕوونکردنەوەی گفت و گۆکردن لەگەڵ تورکەکاندا دەربارەی ویلایەتی موصل کە ووتبووی:

بۆ ئەوەی ویلایەتی موصل بەتەواوی دەستی بەسەرا بگیرێت و کێشەی ئەو ویلایەتە کۆتایی پێ بهێنرێ و چارەسەر بکرێ، بەرژەوەندیی عراق لەوەدایە کە پەیمانێک لەگەڵ تورکدا ببەستێت و بەو پەیمانە عراق دەتوانێ خۆی بچەسپێنێت کە ئەم خۆچەسپاندنە زۆر بەنرخترە لەوەی کە تەنها هەر بایەخ بە نەوت بدرێ (بێگومان پرسی کۆکس زانیویەتی لەدوای چەسپاندنی حکومەتی عراق ئەوسا ئەو بەشە نەوتەی بۆ تورک تەرخان کرابوو دەتوانرێ بە ئاسانی لە دەستی تورک دەربهێنرێ).

بەرلەوە سێر پرسی کۆکس بە نامەیەک داوای لە حکومەتی عراق کردبوو کە ڕێگا بدرێ بە شرکەی نەوتی (انگلو/فارسی) لە ناوچەکانی خانقین و مندلیدا (بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی ١٩١٣ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنووری عوسمانلی و ئێران وەکو لە بەرگی یەکەمیشدا لێی دواین کە مینۆرسکی بەشداری کردبوو، بەپێی ئەوە خانقین و مندلی بەر خاکی عوسمانلی کەوتبوو) کارو باری خۆی ببا بەڕێوەو عراق موافقتی کرد بە مەرجێک پێویستیی عراق لەو نەوتەی کە دەردەهێنرێ بە نرخێکی هەرزان پێی بفرۆشرێ.

لە ١٩٢٥/١/٢٧دا کە عصبە الامم لیژنەیەکی نارد بۆ ویلایەتی موصل، ئەو لیژنەیە بۆی دەرکەوتبوو کە ئینگلیزەکان لە عراقیان گەیاندبوو ئەگەر عراق

دەسەلاتی تەواو نەدا بە شرکەی نەوتی تورکی (کە وەختی خۆی ناوی شرکەی نەوتی تورکی بووەو لەدواییدا کرا بە شرکەی نەوتی عراقی)، ئەوا دەبێ عراق بەتەمای ئەوە نەبێ کە ویلایەتی موصل بۆ خۆی موسۆگەر دەکا (کێشەی موصل هێشتا نەبڕابووەوە لەدواییدا لە باسێکی تایبەتیدا باسی ئەوەش دەکەین)، لەبەر ئەوە مجلسی وزرای عراق لە ١٩٢٥/٥/٢٦دا لەو داخوازییەی بریتانیای کۆڵییەوەو لە حزیرانی ١٩٢٦دا پارلمانی عراق موافقتی لەسەر ئەوە کرد کە ئیمتیازی ئەو شرکەیە بدرێ بە بریتانیا، بەو جۆرە لە نیسانی ١٩٢٧دا یەکەم بیری نەوت لە بابا گوڕ گوڕ هەڵکەنراو لە١٣/١٠/١٩٢٧دا گڕ لە بابا گوڕ گوڕ بەرزبووەوەو ملک فیصل بۆ ئاهەنگی کردنەوەی ئەو بیرە نەوتە چووە کرکوک.

بێگومان بەرلەوەی ئینگلیز دەس بکا بە هەڵکەندنی بیری نەوت لە کرکوک، ئینگلیزەکان کاری خۆیان لەگەڵ تورکەکانا ساز کردبوو.

لەو ڕووەوە سێر هنری دوبس بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە نامەی ژمارە (٩٨٨)ی ڕۆژی ١٩٢٦/٥/١١دا کە ناردوویەتی بۆ حکومەتی عراق داوای لە حکومەتی عراق کردبوو کە بەشێک لە نەوتی ویلایەتی موصل بۆ تورکیا تەرخان بکرێ، لەپاش بێنەو بەرەیەکی زۆر (سێر ڕۆنالد لیندسای)ی بڕیاری دا کە عراق (٣٠٠) هەزار پاوەنی استرلینی لەجیاتی ئەو بەشە نەوتە بدا بە حکومەتی تورکیا».

لەڕاستیدا ئەو دەلالیتیەی ئینگلیز بۆ عراق بەخۆڕایی نەبووەو ئەو سێ سەد هەزار پاوەنەی کە دراوە بە تورک نرخی کڕین و فرۆشتنی کوردستان بووەو هەر لە بەرهەمی ئەو نەوتە دراوە کە بریتی بووە لە خوێنی کوردو خوێنی ئەو سەدان شۆڕشگێڕانەی کورد کە بوون بە قۆچی قوربانی لەپێناوی سوودو بەرژەوەندیی سەرمایەدارانی بریتانیای ئەو ڕۆژانە.

ئەدمۆنسی نەخشەکێشی دژی کورد لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێبەکەیدا خۆی وا پیشان داوە کە لەسەرەتادا ئاگاداری بایەخپێدان بە موصل نەبووە لەبەر نەوتەکەی لە ووتارێکیدا کە لە جمعیتی ملکی ئاسیوی لە لندن باسی کردوو، بە ئاشکرا وتوویەتی(٤٦):

*«هەر حکومەتێکی عێراقی کە بیەوێ ڕێز لە خۆی بگرێ، پێویستە حساب بۆ ئەوە بکا کە نابێ بە هیچ جۆرێک کرکوک لەسەر کوردستان حساب بکرێ».*

لەڕاستیدا ئەوەی ئەدمۆنس ووتوویەتی نەخشەی خۆی نەبووە بەڵکو سیاستی حکومەتی بریتانیا بووە کە ئێستەش وا دیارە ئەوی دێتە سەر کار لە عراق نابێ لەو ڕێگایە لا بداو نارێکی لەنێوانی کوردو حکومەتی عراق و هەڵگیرسانەوی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا هەر لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی بریتانیاوە بووە کە لەو ساڵەدا شۆڕشگێڕانی کورد پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو کە دەبێ کرکوک لەسەر کوردستان بێت.

## هۆی دووهەم: سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆناندا

رفیق حلمی لە لاپەڕە (٤٠)ی یاداشتەکانیا بەرگی دووهەم ـ باسی شەڕی یۆنان و تورکی کردووە کە چۆن یۆنانییەکان بە هاندانی ئینگلیز پەلاماری رۆژئاوای تورکیان داو گەیشتنە شاری (أزمیر)و داگیریان کرد. بەڵام هەموو سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کە لەدواییدا تورکەکان توانییان لە ٩/ایلولی/١٩٢٢دا أزمیر بگرنەوەو یۆنانییەکان بشکێنن بەو جۆرە شکاندنی یونانییەکان هیوای ئینگلیزی بڕی کە تورکیا لاواز ببێ و ئیتر نەتوانێ داوای ویلایەتی موصل بکاتەوەو بەو شکاندنەی یۆنان و بووژانەوەی تورک و بەهێزبوونی تورک کەوتنەوە سەر هەوای ئەوەی داوای ویلایەتی موصل بکەنەوە.

لەڕاستیدا دەتوانین بەپێی ئەو سەرچاوانەی باسی ئەو شەڕەیان کردووە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەی تورک لە دوو رووەوە سەیر بکەین و لێی بکۆڵینەوە:ـ

**ئەنجامی یەکەم:** ئەو سەرکەوتنە وای لە تورکە کەمالییەکان کرد کە پاشگەز ببنەوە لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە بە کوردەکانی تورکیایان دابوو کە لەپاش سەرکەوتن بەسەر دوژمنداو پاک کردنەوەی ووڵات لە خاکی بێگانە ئۆتۆنۆمی دەدەن بە کورد، لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوکاری کردنی کوردی تورکیا هۆیەکی زۆر گەورە بووە بۆ

سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆنانییەکاناو سەرکردەی هێزی سوپای تورک کە لە أزمیر پەردەی لە رووی سەربازی نەناسراو (الجندی المجهول) هەڵداوەتەوە ووتوویەتی ئەمە سەربازی نەناسراوە کە دوور نییە ئەو سەربازە کورد بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوەو دەستیان کرد بە کوشتاری کورد کە بەداخەوە ناڕێکیی کوردی تورکیا لەناو خۆیاناو بوونیان بە دوو تاقم کە هەر لایە لەسەر ئاغایەتی و سەرکردایەتی بەوی تر قابل نەبووە وەکو دەستەی بدرخانییەکان لەلایەک و دەستەی شێخ عبد القادری شمزینی لەلایەکی ترەوە، ئەو ناڕێکییە دەورێکی سەرەکیی هەبووە لە هەڵوێستی کمالییەکان بەرامبەر بە کورد کە توانیبوویان نەخشەکەی خۆیان بەجێ بێنن وەکو لە زۆر شوێندا باسمان کردووە.

**ئەنجامی دووهەم:** ئەو سەرکەوتنەی تورک دەربارەی کارتێکردنی بەرامبەر بە خوارووی کوردستان شێوەو رەنگێکی تری گرتە بەر کە لە مەیانا وەستای کارگیری و تەناف بازی و جڵەو بەدەست ئینگلیز بووە کە چەقۆیەکی دوو دەمی و دوو سەرەی بەدەستەوە بوو لەپێشدا بە دەمێکی ئەو چەقۆیە ئەو پەردەیەی دڕان کە شێخ مەحمودی ئاوارەی لە هندستانەوە هێنایەوە بۆ کوردستان بە ئومێدی ئەوەی شێخ مەحموود ئەم جارە دەوری یۆنانییەکان بە شێوەیەکی تر دەبینی لە چوارچێوەیەکی تەسکتردا کە هێنانەوەی شێخ مەحموودی بۆ ئەوە بوو کە هەڕەشە لە تورکەکان بکا کە ئینگلیز ئامادەیە لە خوارووی کوردستاندا دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دروست بکاو بیکات بە بنکەیەک بۆ هاندانی کوردی تورکیاش بۆ ئەوەی راپەڕن و ئەوانیش داوای مافی خۆیان بکەن. وە لەلایەکی تریشەوە بەڵێنیان لە شێخ مەحموود وەرگرتبوو کە ئەو تورکانەی لە ناوچەی رواندزدا بنکەیەکیان دامەزراندبوو بۆیان دەرپەڕێنن و ئینگلیز خۆی لەو گێچەڵە دوورخاتەوەو شەڕی دەرکردنی ئەو تورکانەی ناوچەی رواندز بە شێخ مەحموود بکا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێنێکی ئاشکراو راست بدا بە کوردو دان بە مافی کوردا بنێت.

ساتێک ئینگلیز بۆی دەرکەوت شێخ مەحموود ئەو دەورە پۆلیسییەی کە بۆی دانرابوو جێ بە جێی ناکا، ئینجا دەستی برد دەمە درێژو تیژەکەی تری ئەو چەقۆ

دوو دەمییەی دەرهێناو ئاراستەی سنگی کوردو شێخ مەحموودی کردو، شێخ مەحموودی ناچار کرد لەپاش ئومێدبڕان لە ئینگلیز روو بکاتە تورکەکان کە لەڕاستیدا ئەو رووتێکردنەی بۆ تورک وەنەبێ کەم کەوتبێ لەسەر کورد، بەڵکو بەپێچەوانەوە نە تورک هیوای شێخ مەحموودی هێنایە دی و نە کوردیش لە خوارووی کوردستاندا ئەوەندە لێ هات ووکارامەبووە کە بتوانێ خۆی بەرامبەر بە سیاستی ئینگلیز بگرێ و نە ئەو سەرکردایەتییەی کە شێخ مەحموودیش پێکی هێنابوو ئەوەندە چالاک و لێوەشاوەو شارەزای باری سیاسەتی دەوڵەتان بووە کە بتوانێت خۆی بەرامبەر بە ئینگلیز رابگرێ و خۆی لەو گێژاوە دەرباز بکات.

لەڕاستیدا جگە لەو سەرکەوتنەی تورک بەسەر یۆنانییەکانا هەندێ هۆی تریش هەبووە کە تورکەکانی پێ بەهێز ببێ و ئینگلیز بیر لەوە بکاتەوە کە رێگەیەکی تازە بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان خۆی و تورک لەسەر ویلایەتی موصل کە ئەویش لەرێگەی دیپلۆماسییەتەوە بووە کە لەڕاستیدا توانیی هەنگاو بە هەنگاو ئەو نەخشەیەی کە دایناوبوو بیخاتە کارو لەسەر حسابی پاشگەزبوونەوە بەرامبەر بە کورد تورکەکان وا لێ بکا دەسبەرداری ویلایەتی موصل ببن.

لێرەدا دەتوانین چەند خاڵێک بخەینە بەرچاو کە بوونەتە هۆی ئەوەی تای ترازووی تورکەکان قورس بکاو ئینگلیز ناچار بکا کە لەگەڵ تورکەکاندا بە هەر نرخێک بێ رێک بکەوێ:

١ـ تورکەکان توانییان وا لە فرنسەو ئیتالیا بکەن کە بێزاریی خۆیان دەرببڕن بەرامبەر بە هاندانی یۆنانییەکان لەلایەن ئینگلیزەوەو لە زۆر هەڵوێستی دواییدا هەردووکیان بوون بە لایەنگری تورکەکان و ئەو رێکەوتنەی تورک بەتایبەتی لەگەڵ فرنسییەکانا وای لە تورکەکان کرد ئەو هێزەی کە لە رۆژئاوای تورکیادا بەرامبەر بە فرنسییەکان دایان نابوو زۆری بکێشنەوەو بەو هێزە هەڕەشەی داگیرکردنی ولایەتی موصل بکەن.

٢ـ جگە لە ئیتالیاو فرنسە، لەو رۆژانەدا کمالییەکان دۆستێکی تازەی دراوسێی خۆیان پەیداکرد کە بریتی بوو لە یەکێتیی سۆڤیەت کە لەو رۆژانەدا کمالییەکانییان

به هێزێکی ئازادیخوازو پێشکەوتنخواز دەهاتە بەرچاو و کەمالییەکانیش بۆ باری سیاستی خۆیان بۆ ماوەیەک ئیجازەی حزبی شیوعییان دابوو بە سەرکردایەتیی (حقی بهیج) کە رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا بە (طورانی) ناوی هێناوە، کە لەڕاستیدا ئەو لایەنگرییەی سۆڤێت بۆ کەمالییەکان دەورێکی زۆر گەورەی هەبووە بۆ بەهێزکردنی تورکەکان و چەک و یارمەتییەکی مالیی زۆریان لە سۆڤێتەوە وەرگرت و تا ئەو ماوەیەی کە پێویستیان بە پاڵپشتی و یارمەتیی سۆڤێت هەبوو ئەو دۆستایەتییەیان راگرت ئەگەرچی پاش ماوەیەک کەمالییەکان ئیجازەی حزبی شیوعیی تورکییان هەڵوەشاندەوەو بە ئاشکرا چوونە ناو سەنگەری رۆژئاوای سەرمایەدارەوەو بۆ ماوەیەکی زۆردوورو درێژو بگرە تا ئیمڕۆش سەختترین قەڵای فاشستی و کۆنەپەرستییە لەسەر سنووری سۆڤێتدا کە بەداخەوە لەوەدا مافی میللەتی کوردی تیا پێشێل کرا کە ئێرە جێگەی ئەوە نییە لەوە زیاتر لەو باسە بدوێین.

دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6349 ی ساڵی ١٩٢٢لە لاپەڕە (١٥٤)یدا باسێکی تیایە دەربارەی پەیوەندیی سۆڤێت و کەمالییەکان و ئەو پەیمانەی کە لەنێوانیانا ساز کرا دەڵێ:

*«لە ١٦/مارتی ١٩٢١دا لەژێر دروشمی (لەپێناوی یەکێتی و هاوکارییەکی دۆستانەو برادەرانەدا) لە مۆسکۆ پەیمانێک مۆر کرا کە لەوەدا علی فوءاد پاشاو یوسف کامل بەگ و دوکتۆر رەزا نوری بەگ (کە ئەمانە نوێنەری جمعیتی گەورەی نیشتمانیی تورک بوون لەو رۆژانەدا) لەلایەک و لەلایەکی ترەوە Tchitcherim و Djemal Korkmazoff کە نوێنەری سۆڤێت بوون، پەیمانێک مۆر کرا وە لە پەیمانەکەدا نووسراوە ئەوەی وای لە سۆڤێت کرد کە ئەو پەیمانە مۆر بکا بڕوابوونی سۆڤێت بووە بە ئازادیی میللەتانی دژی ئیمپریالیزم (بەڵام لەڕاستیدا جواهر لال نهرۆ وصفێکی تەواوی ئەو ئازادیخوازییەی کەمالییەکانی کردووە کە ووتوویەتی: کەی داواکردنی ئازادی بۆ میللەتێک لەسەر حسابی پانکردنەوەو نەهێشتنی ئازادیی میللەتێکی تر شتێکی رەوایەو بە ئازادیخوازی دەژمێررێ؟!)*

لە فقرە (١)ی ئەو دۆکیومەنتەدا دەربارەی ئەو رێکەوتن و پەیمانەی تورک و

سۆڤێت دەڵێ:

*هەردوو لا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە هیچ لایەکیان پەیمان لەگەڵ لایەکدا نەبەستێت کە ئەو لایە دژی لاکەی تری ئەو پەیمانە بێ وە لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە سنووری تورکیا بریتی دەبێ لەو سنوورەی کە لەلایەن جمعیتی نیشتمانی تورکەوە دەسنیشان کراوە (کە ئەو سنوورە وەکو لە باسی پەیوەندیی شێخ مەحموودو یوزدمیردا بۆمان دەرکەوت کە ویلایەتی موصل بەشێک دەبێ لە خاکی تورکیاو ئەگەر بەخۆشی و ئاشتی نەدرێتەوە بە زۆری چەک و شەڕ دەیسێنێتەوە).*

*مادە (٢و٣)ی ئەو پەیمانەی تورک و سۆڤێت پەیوەندیی بە کوردەوە نییە.*

*مادە/٤ هەردوو لا (تورک و سۆڤێت) دان بەوەدا دەنێن کە دانیشتوانی رۆژهەڵات مافی سەربەخۆیی هەیە لە بەڕێوەبردنی کارو باریانا (کە بێگومان مەبەستی ئەو بەشی ئەرمەنیایە بووە کە لەژێر سایەی سۆڤێتدا پێکهاتبوو بڕوا ناکەم مەبەست لە ناوچە کوردییەکان بووبێت وە ئەمەی خوارەوەم دەقی ئەو مادە چوارەیە بە ئینگلیزی*

*"The contraction parties recognized the right of independent and self government of eastern peoples"*

*لە لاپەڕە (١٦١)ی هەمان دۆکیومەنتدا باسی ئەوە دەکا کە لە ١٩٢١/٢/١٨دا پەیمانێکیش لەنێوان سۆڤێت و ئێراندا مۆر کرا».*

**ئەنجامی سێهەم:** راولنسن لە راپۆرتێکی دوورو درێژیدا هۆیەکی تری باس کردووە بۆ بەهێزبوونی کەمالییەکان کە ئینگلیزیان ناچار کردبوو سیاستێکی تازە بەکار بێنن.

ئەو راپۆرتەی کە (ا.راولنسن) داوێتی بە کاربەدەستانی خۆی لە دۆکیومەنتی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا کە ژمارەکەی C.O.730-28 بووە کە لە مارتی ١٩٢٢دا بلاّوکراوەتەوەو لە ساڵی ١٩٨٧دا دووبارە گۆڤارێکی ئەڵمانی Bie Welt desilams International zelt schrift کە لە شاری Leiden دەردەچێت لەگەڵ ئەوەشدا ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەو گۆڤارە هەمووی بە ئەڵمانییە، بەلاّم ئەو

راپۆرتەی راولنسنی هەر وەکو خۆی بە ئینگلیزی بلاۆکردۆتەوەو ئەو راپۆرتەی راولنسن لە مقالەیەکدا کە لەلایەن Robert Olson ەوە نووسراوە لە جامعەی کنتاکی لەژێر عنوانی
The second time around British policy toward Kurds 1921-1923
بلاۆکراوەتەوە.

بەپێی راپۆرتەکە راولنسن وەکیلی سیاسیی حکومتی بریتانیا بووە لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕستدا لەنێوانی ۱۹۱۸-۱۹۲۲ کە بۆ فەرمانێکی تایبەتیی حکومەتی بریتانیا نێرراوە بۆ تورکیا وە لەلایەن کمالییەکانەوە گیراوەو لەدواییدا بەرامبەر بەرەڵلاکردنی هەندێ تورکی گیراو لە (مالتا) راولنسن لەلایەن تورکەکانەوە بەردراوەو کە بەپێی ئەو دۆکیومەنتە باسی کردووە راولنسن لە اوکتوبری ۱۹۱۹ تا نۆفمبری ۱۹۲۱ لە بەندیخانەی تورکەکاندا ماوەتەوە.

کە راولنسن بەربووە دوو راپۆرتی ئامادە کردووە یەکەمی داوە بە چرچلی وەزیری مستعمرات و راپۆرتی دووهەمی داوە بە لۆرد کیرزنی وەزیری دەرەوەی بریتانیا.

کورتەی راپۆرتەکەی راولنسن دەڵێ:(٥١)

*«تورکەکان تا بەهاری ۱۹۲۰ معارضیان زۆر بوو، بەلاَم کە یۆنانییەکان هێرشیان بردە سەر خاکی تورکیاو دەوڵەتە سوێندخورەکان لە ۱۶/۳/۱۹۲۰دا دەستیان بەسەر ئەستەمولدا گرت، ئیتر وورده وورده معارضەکانی کمالییەکان کەم بوونەوەو ئەو دەورەی جارانیان نەما (نیازی راولنسن ئەوە بووە کە هەستی نەتەوایەتیی تورک وای لەو معارضانە کردووە کە واز لە معارضە بێنن)، جگە لەوە لایەنگری و پاڵپشتی کردنی دەوڵەتە سوێندخورەکان بۆ یۆنان و داگیرکردنی أزمیر لەلایەن یۆنانەوەو مۆرکردنی پەیمانی سیڤەرو بەستنی پەیمانی دۆستایەتی لەنێوانی سوڤێت و تورکیادا ئەمانە هەمووی بوو بە هۆی ئەوەی معارضەی کمالییەکان لەناو بچێت، جگە لەوە ئنتلجسی ئەڵمانیا کە تورکەکان بەکاریان هێنابوون وەکو هەڕەشەکردنێک لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دەورێکی زۆریان هەبووە.*

راولنسن لەو راپۆرتەیدا سێ پرسیاری گرنگی خستۆتە بەرچاو کە بریتی بوون لە:

١. ئایا سیاسەتی هەڵەی دەوڵەتە سوێندخورەکان بوو بە هۆی یەکگرتن و بەهێزکردنی تورکەکان لەژێر فەرماندەی تورکە قەومییەکانا؟

٢. ئایا تورکە قەومییەکان تا چ رادەیەک بڕیارەکانی دەوڵەتە سوێندخورەکانیان پشت گوێ خست و تا چ رادەیەک لەوەدا سەرکەوتن؟

٣. تورکەکان لەو یەکگرتنەوەیاندا چییان دەسگیر بوو وە ئایا لە خۆیان گەیشتبوون کە وایان لێ هاتبوو بگەنە رادەیەک حسابیان بۆ بکرێ؟

راولنسن هەر خۆی وەرامی ئەو پرسیارانەي خۆی داوەتەوەو دەڵێ(کورتییەکەی):

وەرامی (١): بەڵێ هەڵەی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتە سوێندخورەکان وایان لە تورک کرد کە ناکۆکییەکانی خۆیان لەبیر بچێتەوە بەتایبەتی کە بۆیان دەرکەوت بەپێی پەیمانی سیڤەر سنوورو خاکی تورکیا کەم دەکرێتەوەو پەیمانی تورک و سۆڤێت ئەوەندەی تر بوو بە هۆی کەمکردنەوەی معارضەی کمالییەکان.

وەرامی (٢): بەڵێ تورکەکان بڕیارەکانی ئەو دەوڵەتانەیان پشت گوێ خست و توانییان قارص بگرن و بەسەر هێزی ئەرمەنییەکانا سەربکەون لە ساڵی ١٩٢٠داو ئنتلجسیان نارد بۆ ئەفغان و هندستان و فلسطین و مصر بۆ ئەوەی چالاکی دژی ئینگلیزەکان بکەن.

وەرامی (٣): تورکەکان لەوە دڵنیابوون کە یۆنانییەکان ناتوانن هەڕەشەیەکی ئەوتۆ لە تورک بکەن کە مەترسیی هەبێ بۆ نەمانی نەتەوەی تورک وە لەوەش دڵنیابوون کە سوێندخورەکان نایانەوێ دەس دێژی بکەنە سەریان».

راولنسن لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ:

«گرنگترین شتێک کە روویدا ئەوە بوو لە ٢٠/اوکتوبری ١٩٢١ بەدواوە ئیتر ئەو ساڵانە بە ساڵی نەرم و نیانی سیاستی بریتانیا دەژمێررێ بەرامبەر بە تورک کە بێگومان سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆنانداو خۆکێشانەوەی فرنسەو ئیتالیا لە بەجێ هێنانی پەیمانی سیڤەرو بەستنی پەیمانی دۆستایەتیی سۆڤێت و تورک ئەمانە هەمووی تای ترازووی تورکی قورس کردو ئیتر ئینگلیز لەو رۆژەوە سیاستی خۆی بەرامبەر بە کورد لە رووی سیاسی و عەسکرییەوە بەتەواوی گۆڕی».

راولنسن هەوڵێکی زۆری دابوو کە لە کاتی شەڕی یۆنان و تورکدا حکومەتی بریتانیا هان بدا کە وا لە کوردەکان بکەن دژی تورک ڕاپەڕن، بەڵام دیارە ئەو تەقەلایانەی راولنسن سەری نەگرتووەو بریتانیا نەیویستووە بە هیچ جۆرێک یارمەتیی کورد بدا کە لە زۆر شوێنی تردا بەرهەڵەمە باسی ئەو سیاسەتەی بریتانیامان کردووە دەربارەی بەهێزنەکردنی کورد.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ لێی بدوێین، بریتییە لەو تەقەلایانەی کە درابوو بۆ پەیداکردنی پەیوەندی لەنێوانی کوردو یۆنانییەکاندا (کە ئەمەش وەکو ووتمان یەکێک بووە لە تەقەلاکانی راولنسن)، بەڵام کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی ئینگلیز هیچ وەختێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە رێگە بدرێ بە کورد وەکو هێزێکی سەربەخۆ چالاکی بنوێنێت.

لە کاتێکدا کە لە مانگی مارتی ١٩٢٢دا راولنسن بەپێی ئەو راپۆرتەی کە دابووی، پێشنیازەکانی خۆی دابوو بە کاربەدەستانی بریتانیا بۆ ئەوەی داوایان لێ بکا پشتگیریی کوردەکانی تورکیا بکرێ، هەر لەو رۆژانەدا (لۆرد کرزن)ی وەزیری دەرەوەی بریتانیا لەگەڵ (بوانکارە)ی فرنسەو Schazer ی ئیتالی لە پاریس کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی بە مادەکانی پەیمانی سیڤەردا بچنەوەو بە جۆرێک دەسکاریی بکرێ کە سوودی تورکیای تیا بخرێتە پێش چاو کە بێگومان ئینگلیزەکان لەوەدا مەبەستیان بەجێ هێنانی ئەو نەخشە تازەیە بووە کە وویستوویانە لەرێگای دیبلۆماسییەتەوە وا لە تورک بکەن کە دەسبەرداری ویلایەتی موصل ببێتەوەو ئەوە بوو ئەنجامەکەی گەیشت بە مۆرکردنی پەیمانی لۆزان کە ناوی حکومەتی کوردو ناوی ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد لەکایەدا نەماو قۆناغێکي تری تازەی پەیوەندی لەنێوانی بریتانیاو تورکیادا هاتە پێشەوە لەسەر حسابی دوارۆژی کورد.

لە ماوەی شەڕی یۆنان و تورکیادا کوردەکانی تورکیا هەندێ چالاکییان نواند بۆ ئەوەی پەیوەندی بە یۆنانییەکانەوە بکەن ئەگەرچی هیچی سوودی نەبوو بەڵام هەر وویستم چەردەیەک لەو باسە لە دۆکیومەنتەکانی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا وەربگرم و پێشکەشی خوێندەوارانی بەرێزی بکەم.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.4676-44 رۆژی ۱۹۲۱/٤/۲۱ ژمارە No.358 نامەیەکی تیا بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن Lancelot Oliphant ەوە لە ئەستەمبولەوە نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەڵێ:

*«لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پێمان گەیشتووە کە دائرەی مفوضیتی یۆنان لە ئەستەمبول هەوڵی داوە هاوکاری لەنێوانی کوردە قەومییەکان و یۆنانییەکان ساز بکرێ بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر تورکەکان و بۆ ئەو مەبەستە دوو کورد کە (مصطفی پاشا یامولکی) و (حاکی بەگ) بوون لە شاری (سیواس) کۆبوونەوەیەکیان کردووە».*

لە دۆکیومەنتێکی تردا ژمارە No.C.O.38809-333-21 رۆژی ۱۹۲۱/٥/۱۱ نامەیەکی تیادایە لە مندوبی سامیی بریتانیا لە ئەستەمبول (هوراس رامبولد) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی پەیوەندیی کوردو یۆنان دەڵێ:

*«۱. حەز دەکەم ئاگادارتان بکەم کە یۆنانییەکان هانی کورد دەدەن بۆ ئەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵات بشێوێنن دژی تورک. بێگومان هەموو راپەڕین و بزووتنەوەیەکی کورد بەتایبەتی ئەگەر لەرێگەی کوردە قەومییەکانەوە بێ دەبێتە هۆی سەغڵەت بوونی تورکە کمالییەکان کە دژی ئەوەن ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کورد.*

*۲. لام وایە ئەگەر چالاکییەکانی کوردیش هەمووی لەو رووەوە یەک بگرێ بەڵام هێشتا ئەو ئەنجامانەیان پێ نایەتە دی کە چاوەڕێی دەکرێ چونکە هەستی ئاینیی نێوانی کوردو تورک رێگەی ئەو هاوکارییەی کورد نادا لەگەڵ یۆنانییەکاندا (مەبەستی ئەو هەستە ئاینییە بووە لای شێخ عبد القادری شمزینی کە هێشتا باوەڕی بە ئیسلامەتیی تورک هەبووە).*

*۳. مصطفی پاشا یامولکی وەکو ئەفسەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی پیاوێکی ناسراوەو قەرزاری حکومەتی بریتانیایە لەوەدا کە ساتێک لەلایەن تورکەکانەوە گیرابوو بەرلەوەی ماوەی حەپسییەکەی تەواو بکا ئێمە هەوڵی بەردانمان داو من موافقتم بۆ وەرگرت کە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی (سلێمانی).*

*٤. مصطفی یامولکی پیاوێکی زۆر پاک و بەتواناو لێهاتووە، کەم و کوڕییەکی زۆر*

*گەورەی تیادایە ئەویش ئەوەیە کە قسە لەدەمیا ناوەستێ، رەنگە کە گەڕایەوە سوودی بۆ بریتانیا هەبێ بەلاّم بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ یۆناندا دەس نادا».*

لە دۆکیـومەنتێکی تردا ژمارە (A.93-43-625) No.31 بـەشـی (٦) رۆژی ١٩٢١/٥/٣١ راپۆرتێکی تیایە دەربارەی پەیوەندیی کوردو یۆنان دەڵێ:

*«ئەمین علی بەگ بدرخان کە سەرۆکی بنەماڵەی بدرخانییە لە ١٩٢١/٤/٢٥دا زیارەتێکی کرد بۆ لای (ریان) کە جلادت بەگی کوڕیشی لەگەلا بوو کە جلادت زۆر چالاکە دەربارەی بزووتنەوەی کورد، لەو چوونەیدا ووتبووی خۆی و هاوڕێکانی پەیوەندییان بە یۆنانییەکانەوە کردووە بەڵام ناتوانێ هیچ بکا تا بیرو رای حکومەتی خاوەن شکۆی ئێمە وەرنەگرێ وە دەیەوێ بۆ ئەو مەبەستە بچێتە موصل... ئایا ئەگەر چووە موصل پێشوازیی لێ دەکرێ یا نا؟*

*لە وەرامدا (ریان) وەرام دەداتەوەو دەڵێ: لەم رۆژانەدا هەر هەوڵدانێکی کورد بۆ راپەڕین دژی تورک بە شتێکی راست نازانرێ و پێشوازیی لێ ناکرێ، بەلاّم لە دوارۆژدا ئەگەر تورکەکان تەنگەتاویان کردین و ناچاریان کردین ئەوا شتێکی خراپ نییە کە سوود لە تەقەلای بدرخان وەربگیرێ».*

## هۆی سێهەم:
## بەهێزبوونی سوپای عیراق و هێزی لیڤیی ئاسووری

ئینگلیزەکان بۆیە هیوایان بە شێخ مەحموود هەبوو کە تورکەکانیان بۆ دەر بکا، چونکە نەیاندەویست هێزەکانی خۆیان بەکار بێنن بۆ ئەو مەبەستە، جگە لەوەش ئینگلیز بڕیاری ئەوەی دابوو کە هێزەکانی خۆی بکێشێتەوەو تەنها بە هێزی ئاسمانی کۆنترۆلی دەسەلاّتی خۆی بکا بەسەر عیراقدا، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی کە بە کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە میسۆپۆتامیادا پەیدا دەبوو پڕ بکرێتەوە، بایخیان دا بە رێکخستنی سوپای عیراق و پڕ چەک کردنی لەگەڵ سازکردنی هێزی لیڤی لەو ئاسوورییانەی کە هێنابوویاننە ناوچەی بادینان و لە گوندەکانی بادیناندا نیشتەجێ

کرابوون.

دەربارەی بەهێزکردنی سوپای عێراق و ڕێکخستنی کارو باری ئەو سوپایە دۆکیومەنتەکانی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەدان راپۆرت و پێشنیازی تیادا بلاوکراوەتەوە دەربارەی بەهێزکردنی سوپای عێراق بە یارمەتیی ئەفسەرە شارەزاکانی بریتانیا.

کە فیصل کرا بە ملکی عێراق، ئینگلیزەکان هەرچی تواناو دەسەڵاتی خۆیان هەبوو لەو ناوچەیەدا بەکاریان هێنا بۆ پاراستنی عرشی فیصل و شارەزایانی خۆیان بۆ دانا کە لە کاتی پێویستیدا پرسیان پێ بکاو بەپێی سەرنجی ئەوان بڕوا بەڕێوەو فیصل بەپێچەوانەی شێخ مەحموود دڵنیا کرابوو کە ئینگلیزەکان نایانەوێ فێڵی لێ بکەن و نایانەوێ لە دەسەڵاتی کەم بکەنەوەو نایانەوێ دەس کورت و کەم دەسەڵات بێ تا لە ماوەیەکی کەمدا توانرا سوپایەکی پڕ چەکی ڕێک و پێک بۆ عێراق ئامادە بکرێ و گەیشتە رادەیەک بەو سوپایەو بە هێزی لیڤیی ئاسووری و بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی بریتانیا توانرا راپەڕینەکانی شێخ مەحموود پان بکرێتەوە.

جارێک توفیق وەهبی لە لندن باسی ئەو رۆژانەی بۆ کردین کە خۆی مدیری کلیەی عسکریی ئەو رۆژانەی عێراق بووە کە ئەفسەری عیراقی لێ دەرچووەو یەکێک بووە لەو ئەفسەرە شارەزایانەی کە لە ڕێکخستنی سوپای عێراقیدا دەستێکی باڵای هەبووە ووتی:

*«کە سوپای عێراق دروست کرا، لەو پێنج کەسەی کە چاودێری و سەرپەرشتیی ئەو سوپایەیان کرد سێ کەس لەوانە کورد بوون کە بریتی بوون لە یاسین هاشی و ئەمین زەکی و من (توفیق وەهبی)و دەربارەی یاسین هاشمی روونی کردەوەو ووتی لام سەیر بوو کە یاسین لەدوای گەڕانەوەمان بۆ عێراق لقبی هاشمی لە خۆی نابوو، چونکە یاسین کاکەیی بوو هەتا لە ئەستەمبول بووین هەر وەکو کاکەییەکی کورد ئەمان ناسی و نەمان بیستبوو کە هاشمییە، بەڵام وا دیارە کە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق کاکەییەکانی بە سید داناوەو سیدیش دەبی هاشمی بووبێت بۆیە ئەو ناوەی لە خۆی نابوو».*

دەربارەی هێزی لیڤی و دروست بوونی کە زۆربەی زۆری لە ئاسوورییەکان پێکهاتبوو دۆکیومەنتەکانی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا پڕن لە باسی ئاوارەبوونی ئاسوورییەکان و هاتنیان بۆ عیراق و نیشتەجێ بوونیان لە ناوچەی بادیناندا.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا(٤٥) دەربارەی ئاوارەبوونیان و نیشتەجێ بوونیان لە کوردستاندا دەڵێ:

*«لە بەهاری ١٩١٦دا ئاسوورییەکان بە هاندانی روسی قیصری دژی تورک راپەڕین، بەلاّم کە روسەکان لە شەڕی جیهانی خۆیان کێشایەوە لە اوکتوبری ١٩١٧دا ئیتر ئاسوورییەکان ناچاربوون بە خاو و خێزانەوە روو بکەنە ئێران کە لەو رۆژانەدا لە خورئاوای ئێراندا هێزێکی بریتانیی تیادابوو، ئاسوورییەکان لە ئێرانەوە چوونە (بعقوبە) وە لە ماوەی سالاّنی ١٩١٩-١٩٢٣دا نزیکی (٧-٨) هەزار لەو ئاسوورییانە کران بە لیڤی و هێزێکی تایبەتییان لەلایەن بریتانیاوە لێ پێک هات.*

*لە مانگی آبی/١٩٢٤دا هەندێ لەو ئاسوورییانەی لە ناوچەکانی باديناندا بوون گەڕانەوەو لەرێگەی (جولەمیرک - چال) والیی حکاریی تورکیان گرت بەلاّم ئێمە بەرمان دا. لە ئەنجامی ئەوەدا تورکەکان هێزی خۆیان کۆکردەوەو ئەو ئاسوورییانەیان لەو ناوچانە دەرکردو ناچاریان کردن بگەڕێنەوە بۆ ژووروی عراق».*

دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-6359 کە راپۆرتی بەسەرهاتەکانی ساڵی ١٩١٩ی بلاّوکردۆتەوە دەڵێ:

*«لە ژووروی موصل لە (میندان) نزیکی ٢٣-٢٤ هەزار ئاسووری لەوێوە دابەش کران بەسەر ناوچەکانی باديناندا».*

دۆکیومەنتی ژمارە No.(2508)-C.O.780-8 ساڵی ١٩٢١ نامەیەکی مندوبی سامیی تیادایە لە بغدادەوە نێرراوە بۆ چرچڵی وەزیری مستعمرات دەڵێ:

*«کە پەیمانی سیڤەر مۆر کرا - لەو نەخشەیەدا کە بەپێی ئەو پەیمانە ئامادە کرابوو (عمادیە) بەر سنووری عراق نەکەوتبوو... عمادیە ئێستە کراوە بە ناوچەی پڕۆپاگاندەی تورکەکان دژی ئێمەو جگە لەوە پێویستی بەوە هەیە کە عمادیە بکرێ*

به شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاسوورییەکان لەبەر ئەوە لەمەودوا لە گفت و گۆکردندا لەگەڵ تورکەکانا دەبێ کێشەی ئاسوورییەکان بخرێتە بەرچاو، چونکە ئەگەر ئەوە نەکەین و ئاسوورییەکان دەست لە بریتانیا بشۆن، دوور نییە ئاسوورییەکان روو بکەنەوە بۆ لای کۆنە دۆستەکانیان کە روسیایە کە ئێستە روسەکان خەریکی پرۆپاگاندەیەکی زۆری بۆڵشەویکانەی دژی ئێمەن».

لە هەمان راپۆرتی ساڵی ١٩٢١دا باسێکی دوورو درێژی تیادایە دەربارەی ئاسوورییەکان دەڵێ:

«دوای ئەوەی ئاسوورییەکان هاتنە ناوچەی بادینان لەپێشدا لەنێوانی دهۆک و سوارەتووکەدا هێڵرانەوە، مار شمعون و (سورما خانم)و ئەوانەی سەر بە (بطريارك) بوون (آرک بیشۆب)ی سەرکردەی ئەساقفە لە ناوچەی (بیبان) نزیکی عمادیە شوێنێکی دا بە ئاسوورییەکان و حکومەتی بریتانیا چەکی دانێ بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن.

ئەو ئاسوورییانەی لە ژوور عمادیەدا بوون نزیکی (٦٤٥.) کەس بوون کە (١١.) چەکیان هەبوو، لەدوای کشانەوەی روس کوردەکان چەک و جبەخانەیان دەست کەوت و ئاسوورییەکانیان راوناو چوونە ئێرانەوەو ئاسوورییەکانیش دووجار هێرشیان بردە سەر کوردەکان و ئەحمەد بەگی برای رشید بەگیان کوشت بە یارمەتیدانی (مالک یوسف) کە باوکی (ملک خۆشابا)بوو لە ئەنجامی ئەوەدا (مالک یوسف) گیراو کوژراو ئاسوورییەکان (تیاری) برایەکی تری رشید بەگیان کوشت و مەڕو ماڵاتیان تاڵان کرد، بەڵام لەدواییدا هەردوولایان لەیەکتری خۆش بوون و رێککەوتن.

(ئاغا بطرس) نەخشەیەکی تایبەتیی کێشا بۆ ئاسوورییەکان بەڵام سەری نەگرت و نێررا بۆ بغدادو رێگەی پێ نەدرا بگەڕێتەوە بۆ موصل.

هەندێ لە عەشیرەتی (جیلۆ) بە سەرکردایەتیی (مالک قمر) کە سەر بە فرنسییەکان بوو ئەو مالک قمرە تاقمەکەی خۆی ئیقناع کرد کە فرنسییەکان لە سوریەو لبناندا بەڵێنی ئەوەیان دابوویە کە لە خاکی کوردستاندا حکومەتێک بۆ

*ئاسوورییەکان ساز بکەن لەژێر چاودێریی فرنسەداو ئینگلیزەکان کە زانییان ئاغا بطرس پەیوەندیی بە فرنسەوە هەبووە ناردیان بۆ ئەوروپاو دووریان خستەوە».*

لە راپۆرتێکی ناو دۆکیـومـەنتی ژمـارە C.O.730-19 رۆژی ۱۹۲۲/۱/۲۰دا نامەیەکی مندوبی سامیی تیادایە بۆ چرچلْ کورتییەکەی ئەمەیە:

*«مصطفی پاشا یامولْکی چۆتە لای سمکۆ و گفت گۆی لەگەلاْ کردبوو، بەپێی ئەو نامەیەی کە مصطفی یامولْکی بۆ عبد العزیزی کوڕی ناردبوو هەولْی دابوو کە بزانێت هۆی کوشتنی مار شمعون چی بووە لە ئەنجامی گفت و گۆدا بۆی دەرکەوتبوو کە سمکۆ لەوە ترسابوو مار شمعون لە ناوچەکەدا دەسەلاْتی پەرەبسەنێت و بەلْگەی سمکۆش لەوەدا ئەوە بووە کە ووتبووی:*

*ساتێک روسەکان لە شەڕی جیهانیدا کشانەوە لە سابلاغ و ورمیە هەرچی چەکیان هەبووە هەموویان بۆ ئاسوورییەکان بەجێ هێشتبوو، منیش دەمزانی ئاسوورییەکان نیازیان خراپ بوو لە شمالی عراقدا کە دەیانویست بیخەنە ژێر دەستیانەوە بۆیە مار شمعونم کوشت».*

لەڕاستیدا دوای ئەو لێقەومانەی کە بەسەر ئاسوورییەکانا هات، ئینگلیزەکان هەولْێکی ئەوتۆیان نەدا کە بیانگێڕنەوە بۆ شوێنی خۆیان بەلْکو بەپێچوانەوە هەولْیان دا کە بیانکەن بە کوتەکی دەستی خۆیان و مەبەستەکاني خۆیانی پێ بهێننە ئەنجام و ئاسوورییەکانیش وەکو ئاوارەیەکی دەربەدەری مالْوێران و سەر لێ تێکچوو ناچار بوون خۆیان بخەنە ژێر دەسەلاْتی ئینگلیزەکانەوە بە ئومێدی ئەوەی چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزنەوەو ناچار بوون بۆ ژیانی خۆیان و خاو و خێزانیان ژمارەیەکی زۆریان بچنە ناو هێزی لیڤییەوە کە ئەفسەرە بریتانییەکان سەرکردایەتییان دەکردو رێکیان دەخستن و ئەو ئاسوورییانەش وەکو شەڕکەرێکی ئازای ناو چیاکان، ئینگلیزەکان توانییان تا ماوەیەک بەکاریان بێنن و شۆڕشەکانی کوردی پێ دامرکێننەوەو هەندێکیان لە بنکە تایبەتییەکانی خۆیانا لەدواییدا وەکو (شعیبە)و (حبانیە) هێشتیاننەوەو کردیانن بە کوتەکی دەستی خۆیان و لەدواییدا لە زەمانی (ملک غازی)دا لە ناوچەی (سمیل) سوپای عراق کوشتارێکی گەورەی لەو ئاسوورییانەی کرد.

له دۆکیومەنتی ژماره C.O.730-91 کـه بریتـتـه له راپۆرتی سـاڵی ١٩٢٥ یاداشـتـێکی تیـادایه کـه له ١٩٢٥/٩/٢دا لەلایەن هەندێ له کـاربەدەسـتـانی ئاسوورییەوه کـه گەیشتبوونه بریتانیـا (دوور نییه ئاغا بطرس که لەپێشتردا باسمان کرد که نێررایه ئەورپاو له ئاسوورەییەکانی تر دوورخرابووەوه ئەو یاداشتەی دابێ) له گـلاسکۆ سنتـرال هۆڵ دراوه به سکرتێری وەزیری مـسـتـعـمراتی بریتـانیـا کـه Ft. Hom. L.S.Amery بووه لەو یاداشتەدا به دوورو درێژ گلەیی ئاسوورییەکان گەیەنراوه به حکومتی بریتانیا که ئەمەی خوارەوه کورتەی ئەو یاداشتەیه:

*«١. ئاسوورییەکان لەپێش شەڕی جیهانیدا له ناوچەکانی خۆیانا زۆر بەخۆشی رایان دەبوارد، بەڵام ئینگلیزەکان ئاسوورییەکانیان تووشی شەڕکردو هەتا ئەم دواییەش ئینگلیزەکان بۆ سوودی خۆیان له ژوورووی عراقدا بەکاریان هێناون.*

*٢. ئێمەی ئاسووری له وولات و ماڵی خۆمان دوورکەوتینەوەو تورکەکان ئەوەیان به هەل زانی و (ورمیه)یان گرت.*

*٣. نەمانتوانی له (همدان)ەوه بگەڕێینەوه (ئاسوورییەکان کـه له شـوێنی خۆیان هەڵکەنران له همدانەوه ئینگلیزەکان بردیاننه بعقوبه)، ئینگلیزەکان تەفرەیان داین و پێیان ووتین دەتان بەینه خـانقین و لەوێوه لەرێگای (سنه)وه دەتانێرینەوه بۆ (ورمیه)، ئەوه بوو بەبێ ئارەزووی خۆمان ئێمەیان نارده میسۆپۆتامیاو له خانقین بەزۆرەملی له کامپێکدا بۆ ماوەی سێ ساڵ ماینەوه. راسته حکومتی بریتانیا (٥) ملیۆن پاوەنی له ضریبەی خەڵکی بریتانیا له ئێمەدا خەرج کرد، بەڵام ئێمەش پیاو و ژن و منداڵی زۆرمان لەکیس چوو.*

*٤. بەوەی که ئێوه نەتانهێشت بگەڕێینەوه بۆ (ورمیه) فارسەکان له ورمیه (٢٥٩) کەس له ژن و منداڵی ئێمەیان کوشت لەگەڵ ئەوەشدا که ئەو ئاسوورییانه له ورمیه لەژێر ئاڵای ئەمریکادا بوون.*

*ئەو کوردانەی که Mr.Hall و کاپتن (سکۆت)یان کوشتبوو به ئێمه سپێررا که بچین بەگژ ئەو کوردانەدا.*

*ساتێک لەوەرزی بەهارا خۆمان ئاماده کرد که خێزانەکانمان بگەڕێنینەوه بۆ خانەی*

*خۆیان و وولاتی خۆیان و هەموومان دڵمان بەو نەخشەیە خۆشبوو کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرابوو بەلاّم بەداخەوە ئەو تەقەلایەش سەری نەگرت! بۆچی سەری نەگرت و هۆی چی بوو نازانین؟!*

*سیر أرنولد ویلسن (نیاز لە حاکمی گشتی بریتانیا بووە لە بغداد) زۆر لە میسۆپۆتامیادا نەمایەوە و Mr. Wigram پەیتا پەیتا راپۆرتی دەنارد کە ئاسوورییەکان نیشتەجێ بکرێن، بەو جۆرە بەداخەوە خەڵکەکانی ئێمە بەزۆرەملی هێڵرانەوەو ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە سەرەرای ئەو هەموو فرو فێڵ و کوشتارەی لە ئێمە کرا، ئێستە ئاسوورییەکان هەر وەکو ماسیی بێ ئاویان لێ هاتووە».*

لەراستیدا وەکو لەو یاداشتەدا روون کراوەتەوە لە بەسەرهاتی ئاسوورییەکانا دەردەکەوێ ئینگلیزەکان مەبەستیان لە نیشتەجێ کردنی ئاسوورییەکان لە ناوچەکانی بادینانداو لەو بنکە سوپاییانەی (شعیبە)و (حبانیە)دا ئەوە نەبووە کە چارەسەرێکی تەواوی ئاسوورییەکان بکرێ بەڵکو ئینگلیز وویستوویەتی ئاسوورییەکان کە فێری شەڕی پارتیزانی ناو چیاکان بوون، ئەوانە چەکدار بکاو لەجیاتی سەربازی هێزەکانی خۆیان کە لە کوردستان و عێراقدا دەیانکێشانەوە، ئەو ئاسوورییانە بکا بە کوتەکی دەستی خۆی کە مصاریفی ژیانی ئەو ئاسوورییانە زۆر کەمتر بووە لە مصاریفی هێزەکانی خۆیان، بۆیە کردنیان بە قۆچی قوربانی بۆ سوودو بەرژەوەندیی بریتانیا.

لە دۆکیومەنتی ژمارە D.O.No.P-219 رۆژی ١٩٢٦/٦/١٧دا نامەیەکی تیایە کە لە (دوبس)ەوە نێرراوە بۆ ملک فیصل دەربارەی چاکەی ئاسوورییەکان و خزمەتی ئاسوورییەکان و سوودیان بۆ حکومەتی عێراق و باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئەو ئاسوورییانە دەورێکی گەورەیان پێ بینرابوو دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو (دوبس) لەو نامەیەدا باسی ئەوەشی کردووە کە لە ساڵی ١٩٢٤دا هەندێ سەربازی لیڤیی ئاسووری گیرابوون و لە بەندیخانەی عێراقدا مابوونەوە بە هۆی ئەو شەڕو هەرایەی لیڤییەکان لە ناو شاری کرکوکدا نابوویانەوەو چەند کەسێکی تیادا کوژرابوو و دوبس لە نامەکەیدا بە فیصل دەڵێ:

*«کاتی خۆی داوای لێبوردنی ئەوانەم کردو ئەوە بوو ئێوەش پێشنیازتان کردو داواتان*

*کـرد کـه جـاریّ با بەردانی ئەوانە ڕابخریّ هەتا بڕیاری عـصبـە الامم دەردەچیّ دەربارەی سنووری تورکیاو عراق، وا ئیٚستە ئەو بڕیارە لە مانگی کانوونی یەکەمدا دەرچووە بۆیە دووبارە داواتان لیّ دەکـەم بە چاوێکی بەزەییەوە سـەیری باسەکـەیان بکەن».*

هنری دوبس لەو نامەیەدا بە فیصل دەڵیّ:

*«بەداخەوە ئەو ئاسوورییانەی لە شاری کرکوکدا کوێرانە گوللەیان نابوو بە خەڵکەوە دەبوایە بۆ چاوترسێن هەندێکیان بگیرێن و ئەگەر ئەوە نەکرایە دەبوایە هەموو فەوجی لیـڤـیی ئاسـووری لەسـەر ئەو کـردەوەیەی ناو کـرکـوک دەربکرانایەو سلێمـانیش تەسلیمی شێخ مەحموود بکرایە...*

*وا ئیٚستـە هەواڵمـان پیّ گەیشتـووە کە پەیوەندیی نێوانی ئەو فـەوجە ئاسـوورییەو کوردەکانی سلێمـانی زۆر باشەو ئەو هێزی لیڤیی ئاسـوورییەی کە شان بە شانی سەربازەکانی سوپای عراق سنووریان دەپاراست و دژی دەس درێژی کردنی عەشایرە کـوردەکانی سەر بە شێخ مەحمـود کـه لە عەشیـرەتەکانی کوردی ئێران پێکهاتبوو (مـەبەسـتی شـۆڕشگێڕەکـانی مـەحـمـوودخـانی دزڵی و هەورامـیـیـەکـان بووە) لە ناوچەکانی پێنجویندا، ئەو ئاسوورییانەی کە پارێزگارییان لە خاکی عراق کردووەو دەیکەن هەر وەکو دۆستێکی عەرەب، بۆیە وا بزانم هەستی برایەتی لەگەڵ عەرەبدا ئیمڕۆ ئەو کوشتـارە ناخۆشەی لەبیر بردوونەوە کە لە کرکوکدا کرابوو، بۆیە تکا دەکەم بە چاوی لێخۆشبوونەوە سەیری ئەو گیراوە ئاسـوورییانە بکەن کە وا دیارە ئیـتـر هەتا هەتایە وڵاتی خـۆیان نابیننەوەو لام وایە خـاوەن شکۆتان چاکـەی ئەو ئاسوورییانەی کە وڵاتی عراقیـان پاراستـووەو پاڵپشتێکی بە هێزی سوپای عـراق بوون دەخەنە بەرچاوتان».*

لە دۆکیـومـەنتێکی تردا ژمـارە C.O.730-98 ڕۆژی ١٩٢٦/٧/٢٢دا نامـەیەکی تیادایە لە مندوبی سامییەوە بۆ عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانی عراق داوای ئەوەی لیّ کـردووە ئەو ئاسوورییـانەی جنسیـیـەیان ئێرانی نەبیّ لە (سمـیل) نیشتەجێیان بکەن (ئەو سمیلەی کە لەدواییدا وەکو ووتمان لە زەمانی ملک غازیدا

کوشتارێکی زووری تیادا کرا).

مندوبی سامی لەو نامەیدا دەڵێ:

*«بێگومان بوونی ئاسوورییەکان لە کوردستاندا هەندێ ناکۆکیی لێ پەیدا بووە کە لەوانە:*

*١- ئەو ئاسوورییانەی لە هێزی لیڤیدا بوون بە ئاشکرا چ بریتانیاو چ حکومەتی عراق ئەو ئاسوورییانەیان دژی بزووتنەوەکانی کورد بەکارهێناوە.*

*٢- باشترین زەوی و زاریان لە خاکی کوردستاندا پێ دراوەو چەکیان دراوەتێ و هەتا ماوەیەک لە دانی (باج) لێ سەندن لێیان خۆشبوون».*

لە راپۆرتێکی تایبەتیدا کە حکومەتی بریتانیا بۆ عصبە الامی نادرووە (٥٤) باسی ئەو ئیمتیازاتانەی کردووە کە درابوو بە ئاسوورییەکان و باسی ئەوە دەکا کە چۆن کاربەدەستانی عراق هەوڵی ئەوەیان داوە کوردو ئاسووری ناڕێک بن و بیانکەن بە گژ یەکتردا بۆ ئەوەی وا لە هەردوولایان بکا کە هەر وەکو دوژمنێک سەیری یەکتری بکەن.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەم چەند دێڕەی لۆنگریک دەخەینە بەرچاو دەربارەی ئاسوورییەکان کە دەڵێ(٤٣):

*«هەتا ساڵی ١٩٢٦ کێشەی ئاسووری چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرایەوە، لە لندن بیر لەوە کرایەوەو خرایە پێش چاو کە لە شوێنێکی وەکو (کندا) وە یاخود لە شوێنێکی تر نیشتەجێ بکرێن، لە لندن پارە کۆکرایەو بۆ یارمەتیی ئەو ئاسوورییانەی لە عراقدا بوون بۆ ئەوەی کشت و کاڵی پێ بکەن و بتوانن بنکەیەک بۆ خۆیان دامەزرێنن».*

بەوپێیە بۆمان دەردەکەوێ کە هاتنی ئاسوورییەکان بۆ کوردستان سەر رای ئەوەی بووە بە هۆی ماڵ وێرانی و دەربەدەربوونی خۆیان، ئینگلیزو کاربەدەستانی عراقیش بۆ ماوەیەک کردبوویانن بە کوتەکی دەستی خۆیان دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو راپەڕینەکانی ناوچەی بادینان.

## هۆی چوارەم: هۆی ناوخۆ

ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمانا نەکەین و خۆمان نەخەڵتێنین دەبێ هۆی خۆمانە بۆ پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو لەکیس چوونی ئەو مافانەی کە پەیمانی سیڤەر بۆ کوردی دەسنیشان کردبوو بە هۆی سەرەکی و کوشندەو کاریگەر دابنێین کە نەک هەر بۆ ئەو رۆژانە، بگرە تا ئێستەش هۆی ناوخۆ و ناکۆکی و ناڕێکی و یەک نەبوونی کورد لەسەر بیرو باوەڕێکی یەگگرتوو بۆ گەیشتن بە هیواو ئاواتی میللەتەکەمان لە جاری جاران جەرگبڕترەو لە هەر قۆناغێکدا دەردو داوێکی کوشندە بە شێوەو جۆرێکی تازە دەردەکەوێ کە بەداخەوە هەتا ئێستە نەتوانراوە ئەو دەمارە پیسەی کە میکرۆبی ئەو نەخۆشییانەی تیا گردبۆتەوە بیمرێنین و واز لە خۆپەرستی و منم منم بێنین و هەڵپەی سەرۆکایەتی و ئاغایەتی هەتا بێ درێژە دەکێشێ و کەس بە کەس قایل نییەو هەر هەڵوێست و رووداوێک کە دێتە پێشەوە بەقەد ئەوەی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان چەند پەیوەندیی خۆیان و تاقمەکەیان هەیە بەو رووداو و هەڵوێستەوە، بەقەد ئەوە بایەخی پێ دەدەن و لە هەر شتێکدا دەس رۆین و دەسەڵاتداریەتیی خۆی و تاقمەکەی تیادا نەبێ بە چاوێکی تەسکەوە سەیری دەکاو بگرە هەندێ جار کنەی لەناوبردنی دەکاو بە کورتی ئەم دەردە هەر وەکو شێرپەنجەیەکی کوشندە وایەو لە کۆڵی کورد نابێتەوەو بارەها کورد لە ئەنجامی ئەو تەسک بینی و خۆپەرستییەدا تووشی کارەسات و هەرەسهێنان و سەرگەردانی و ماڵ وێرانی بووەو لە کاتی دەس رۆین و دەسەڵاتدارێتیدا لووت بەرزی دەگاتە رادەیەک کە بەرپێ نابینرێ و بیر لە دوارۆژ ناکرێتەوە کە بەسەر هات و کارەساتەکانیش دێنە پێشەوە هەر لایە بەجیا بۆ خۆی هەوڵی ئەوە دەدا هۆی ماڵ وێرانی و سەرگەردانی بخاتە ئەستۆی لاکانی ترو دەس دەکا بە پاکانەی ناڕەوا بۆ خۆی و لەو کاتە لاوازییەدا کە دەسەڵاتی نامێنێ دەچێتە قاوغێکی تازەوەو خۆی وا نیشان دەدا کە لەمەو دوا ئامادەیە دەرس لە رابوردوو وەربگرێ بەڵام زۆری پێ ناچێ هەمووی لەبیر خۆی دەباتەوەو هەر وەکو نە بای دیبێ و نە باران بە هەمان رێچکەی جارانا

دەچێتەوە.

لەڕاستیدا کورد لە ساڵی ١٩٢٠دا کە پەیمانی سیڤەر مۆر کراو هێشتا تورکە کەمالییەکان ئەو دەسەڵاتدارە بەهێزە نەبوون کە بتوانن مەرجەکانی خۆیان بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنن و کورد لەو ڕۆژانەدا بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیادا کە ئستەمبول و شارەکانی تری کوردستانی تورکیا وەکو دیاربکر بووبوون بە بنکەو کۆمەڵگای زۆربەی دەسەڵاتدارو ڕۆشنبیرو خوێندەوارو ئەفسەری پایە بەرزی کورد کە دەتوانرا لەو ڕۆژانەدا ئەوانە بکەوتنایەتە خۆیان و هێشتا تورکی کەمالی ئەو هێزەی نەبووە کە بتوانێ بە هێزی سوپا تەقەلای ئەو کوردانە لەناوببا، ئەگەر بهاتایە کورد یەکی بگرتایەو واز لەو ناکۆکییە بهێنرایە کە لە نێوانی پارت و ڕێکخراوەکاندا روویدا بەتایبەتی ناکۆکی نێوانی بنەماڵەی بدرخانییەکان و شێخ عبد القادری شمزینی کە تورکە کەمالییەکان زۆر بە ئاسانی توانییان ئەو ناکۆکییە بقۆزنەوە بۆ سوودی خۆیان و توانییان لەو ماوەیەدا کە لە پەیمانی سیڤەردا دەسنیشان کرابوو جم و جووڵی کوردەکانی تورکیا لاواز بکەن و راستە ئینگلیزیش لەوەدا دەستی بووەو ڕێگەی لە کوردی تورکیا گرتبوو کە هیچ چالاکی و بزووتنەوەیەک نەنوێنێت وەکو لە باسەکانی پێشوودا بە دوورو درێژ لێی دواین، بەڵام ئەوەی ئێمە لە سەرچاوەکانی ئەو ڕۆژانەوە بۆمان دەردەکەوێ وای نیشان دەدەن کە لەدوای ساڵی ١٩٢٠ چالاکییەکی ئەوتۆ نەبووە کە کورد بتوانێت وەکو هێزێکی دەسەڵاتدار پێ دابگرێ بۆ بەجێ هێنانی مافی خۆی و کاتێکیش کە لەدواییدا بە ناچاری دەستی دایە چەک و روو بە رووی کەمالییەکان بوونەوە، لەو ڕۆژانەدا تورک جێ پێی خۆیی قایم کردبوو، یۆنانییەکانی شکاندبوو، یارمەتیی چەک و جبەخانەو پارەی لە سۆڤێت دەستکەوتبوو، ترسی دوژمنایەتیی فرنسەی نەمابوو و هێزەکانی خۆی بەرامبەر بە فرنسە کە لە ڕۆژئاوای تورکیادا بوو کێشابوویەوەو سەری کوردی پێ پان کردەوەو ئینگلیز کە لەگەڵ تورکیادا کەوتبووە جامبازی و مامەڵەو بۆ تورکی دەربڕیبوو کە ئامادەیە واز لە کێشەی کورد بێنێت بە مەرجێک تورکەکانیش واز لە ویلایەتی موصل بهێنن، بەو جۆرە هیواو ئاواتی کورد لە کوردستانی تورکیادا زیندەبەچاڵ کرا

که لەڕاستیدا هەر ئەو کەمتەرخەمییەی کوردی تورکیا بوو که ئینگلیزیشی وا لێ کرد بۆ سوودی خۆی بەزۆرەملی خوارووی کوردستان بلکێنێت بە عراقەوەو ئەو هەڵپەو شۆڕشانەی شێخ مەحموودو هاوکارەکانی کردیان خۆی ڕانەگرت بەرامبەر بەو نەخشە ئاگراوییەی کە ئینگلیز لە ناوچەکەدا کێشابووی و سمکۆی شوکاکیش هەر ڕۆژە لە ئاشێکی دەکردو نە تورکیاو نە ئینگلیز فریای نەکەوتن و ئەو هەلانەی سمکۆ لە شۆڕشەکانیا کردبووی بە کوشتنی مار شمعون و دڵگیرکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە دەستی دەگرت بەسەرا، وەکو ناوچەی سابلاغ کە لەپێشدا باسمان کرد، ئەمانە هەموویان هۆی ناوخۆیی بوون و ئەگەر کورد خۆی لەباریا ببوایە دەیتوانی بەسەر هۆکانی تردا زاڵ ببێ و دەیتوانی ئیرادەی خۆی بسەپێنێت و وەکو ئاردی ناو دڕکی لێ نەهاتایەو لە خوارووی کوردستانیشدا کار لەوەی کوردستانی باکوور باشتر نەبووە، ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان و هەڵپەی سەرۆکەکان شتێک نەبووە شاراوە بێ و لە ڕێڕەوی باسەکانا هەموو شتێکمان لەو ڕووەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## ٢- چۆنیەتیی پاشگەزبوونەوەو هەنگاوەکانی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز

لە باسی پێشوودا باسی ئەو هۆیانەمان کرد کە ڕێگەیان بۆ ئینگلیزەکان خۆش کرد لە بەڵێنەکانیان پاشگەزببنەوەو ڕێگایەکی تازە بگرنە بەر بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانیان وە لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان بڕیاری ئەو ڕێگە تازەیان دا ئیتر کەوتنە سەر چنینی ئەو نەخشەیەی کەتان و پۆکەیان ئامادە کردبوو رایەڵی ئەو نەخشەیە درایە دەست کاربەدەستانی بریتانیا لە میسۆپۆتامیا کە هەنگاو بە هەنگاو ئەو نەخشەیە بچنن کە شێوەی ئاشکراو روونی سەرگرتنی ئەو نەخشەیە لە مۆرکردنی پەیمانی لۆزاندا خۆی نواند، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی ئەم باسەش بکەم بە دوو بەشەوە:

أ- مۆرکردنی پەیمانی لۆزان کە جیگەی پەیمانی سیڤەری گرتەوە

ب - هەنگاوەکانی تری ئینگلیز وە چۆنیەتیی ئەو پاشگەزبوونەوەیە چ لە سیاسەت و چ لە رەفتارو کردەوەی ئینگلیزەکانا دەربارەی خوارووی کوردستان.

### أ- پەیمان لۆزان و چونیتی مۆرکرنی ئەو پەیمانە

دوای ئەوەی پەیمانی سیڤەر لە ١٠/٨/١٩٢٠دا مۆر کرابوو ئەو پەیمانە هەر وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوەو نە ئەوانەی ئەو پەیمانەیان مۆرکردبوو مەبەستیان بوو ئەو پەیمانە سەربگرێ و نە کوردیش خۆی لە باریا بوو وا لەو دەوڵەتانە بکا کە سەرگرتنی ئەو پەیمانە پشت گوێ نەخەن و کورد بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیا کە بڕیار بوو ببێت بە بناغەی ئەو دەوڵەتە کوردییەی بۆ کورد پێک دەهات و لەدوای دروست بوونی ئەو دەوڵەتە لە کوردستانی تورکیادا ئەوسا کوردی خوارووی کوردستانیش بۆی هەبووە بچێتە پاڵ ئەو دەوڵەتەو لە هەردوو بەشەکەی سەرو و خوارووی کوردستاندا دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێک بهێنن، بەلام بەداخەوە کورد لە

کوردستانی تورکیادا لەو قۆناغە گرنگەدا لەناو خۆیانا ناکۆک بوون و یەک نەگرتوو بوون و هەر تاقمە بۆ خۆی لەسەر ئاوازێک خوێدنوویەتی و ئینگلیزیش ئەو هەڵوێستەی کوردی زانیوەو رێگەی لە چالاکیی ئەوانە گرتووە کە لەو ماوەیەدا جارو بار تەقەلایان دابوو جم و جووڵێک بکەن وەکو لە باسەکانی پێشوودا لێی دواین و هەتا تورکە کمالییەکان لاواز بوون کورد لەبەر دوو بەرەکیی خۆی نەیپەرژایە سەر هیچ هەنگاونانێکی بەسوودو بەکەڵکی ئەوتۆ کە دەوڵەتان ناچار بکا پەیمانی سیڤەر پشت گوێ نەخەن و کاتێکیش کەوتنە خۆیان ئیتر کار لە کار ترازابوو تورکە کمالییەکان بەهێز بووبوون و خۆیان چەسپاندبوو ئینگلیزو دەوڵەتەکانیان ناچار کردبوو کە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر بکەنەوەو پەیمانێکی تازەی تر ببەستن کە لەگەڵ خواستی تورکەکاندا یەک بگرێتەوەو ئینگلیزیش بە حسابە کۆنەکانیا چووبووەوەو بڕیاری ئەوەی دابوو کە کێشەی موصل بە شێوەی دیپلۆماسیەت چارەسەر بکا لەسەر حسابی پێشێل کردنی مافی میللەتی کورد.

محمد مظفر الادهمی لە کتێبەکەیدا (٣١) دەربارەی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز بەرامبەر بە پەیمانی سیڤەرو بەرامبەر بە مافی کوردو بەستنی پەیمانی لۆزان دەڵێ:

*«بیرکردنەوە لە بەستنی پەیمانی لۆزان و بەشداربوونی ئینگلیز لەو پەیمانەداو مۆرکردنی یەکێک بووە لەو هەنگاوانەی کە دەریان خست ئینگلیز لە بەڵێنەکانی پێشوویان پاشگەزبووبوونەوە بەرامبەر بە کورد. گفت و گۆکردن لە لۆزانداو بەستنی پەیمانێک کە جێگەی سیڤەر بگرێتەوە لە ٢٠/١١/١٩٢٢دا دەستی پێ کرد، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک بۆیە لە مانگی کانونی دووهەمی ١٩٢٣دا جارێکی تر کۆبوونەوە. تورکەکان لەو کۆبوونەوەیەدا داوای ئەوەیان دەکرد کە لە ویلایەتی موصلدا (أستفتاء=دەنگدان) بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ دانیشتوانی ناوچەکە دەیانەوێ بدرێنەوە بە تورکیا یا بخرێنە سەر عراق، بەڵام ئینگلیزەکان بەوە قایل نەبوون و توانییان ئەو کێشەیە بخرێتە بەر دەستی عصبە الامم بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بداو بەو پێیە باسی ویلایەتی موصل لە گفت و گۆی لۆزاندا دوورخرایەوە کە ئەمە سەرکەوتنێک بوو بۆ عراق و هەڵوێستی عراقی لەو رووەوە*

بەهێز کرد.

ئینگلیزەکان لە ماوەی گفت و گۆکانی لۆزاندا متصرفەکانی ویلایەتی موصلیان رادەسپارد کە بە ناوی دانیشتوانەوە تلگرافی بێزاری دەرببڕن بەرامبەر بە تورک و داواکردنەوەی ویلایەتی موصلیان بە دەس درێژی دانابوو لە کارو باری دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا».

محمد مظفر الادهمی لە لاپەڕە (٣٨)ی کتێبەکەیدا دەڵێ:

«راپۆرتەکانی کاربەدەستانی ئینگلیز لە ساڵانی١٩٢٢و ١٩٢٣دا دەریانخستووە کە بۆردومانکردنی ناوچە کوردییەکان بە فرۆکەو پەلاماردان بە هێزی سوپا نیشانەی وازهێنانی بریتانیا بووە لە پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی کە ئەم بڕیارەی ئینگلیز تای ترازووی ناوچەکەی گۆڕی و پەیمانی سیڤەر پشت گوێ خراو ئەو بڕیارانەی لە لۆزاندا درا دژی کوردو دژی ئاوات و هیوای شێخ مەحموود بوو».

هنری فۆستر لە کتێبەکەیدا دەربارەی لۆزان دەڵێ(٦٠):

«لەدوای سێ مانگ کۆبوونەوە لە لۆزاندا ئەوانەی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانا نەگەیشتنە ئەنجام و لە کۆبوونەوەی دووهەمدا ئەمریکاییەکان دژی بریتانیا وەستان چونکە دەسگیربوونەوەی ویلایەتی موصل بۆ تورک زۆرتر رێگەی بۆ ئەمریکاییەکان خۆش دەکرد کە سوود لە نەوتی ویلایەتی موصل وەربگرن.

لە ٢٤/تموزی/١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان مۆر کرا کە لە فقرە (٢)ی مادە(٣)یدا ووتراوە: باسی چارەسەرکردنی سنووری عراق و تورکیا هێڵرایەوە بۆ ئەوەی لە ماوەی (٩) مانگدا ئەو کێشەیە بە خۆشی و ئاشتی چارەسەر بکرێ و ئەگەر لەو ماوەیدا نەگەیشتنە ئەنجام ئەوسا کێشەی موصل دەدرێ بە عصبە الامم».

ئەو مادانەی کە لە پەیمانی لۆزاندا پەیوەندییان بەم باسەی ئێمەوە هەیە، لە لاپەڕە (٥٥)ی کتێبەکەی پرۆفیسور حسرتیان (٤٩)دا ئەم چەند مادەمان هەڵبژارد کە باسیان بکەین:

مادە/٣٧ : حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدا هیچ یاساو بڕیارێک کە پێچەوانەی ئەم پەیمانە بێ لە داوڕۆژدا دەرنەکا.

ماده/٣٨ : حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدا هەموو هاو وولاّتییەک بێ جیاوازیی زمان و ئاین بپارێزرێن.

ماده/٣٩ : هیچ جۆرە بەرهەڵستییەک ناخرێتە بەر هیچ هاو وولاّتییەکی تورکیا کە بە ئارەزووی خۆی چ زمانێکی بوێ بەکاری بهێنێت لە کارو باری بازرگانیدا یا لە بواری ئاینی وە یا لە هەر بەرهەمێکی چاپەمەنیدا بێ.

ماده/٤٤ : بەڵێنەکانی تورکیا پەیمانێکی دەوڵەتییەو دەبێ تورکیا بە هەموو شێوەیەک جێ بە جێی بکاو ئەو دەوڵەتانەی پەیمانی لۆزانیان مۆرکردووەو ئەوانەی عصبە الامیان لێ پێکهاتووە وەکو چاودێریکەرو سەرپەرشتیکەرێک دەبن لە بەجێهێنانی ئەو پەیمانەدا.

بەلاّم لەدواییدا دەرکەوت بەڵێنەکانی تورک لەو رووەوە هەمووی درۆ و چاوبەست بووە چونکە زۆری پێ نەچوو بەپێی مادە (٨٨)ی دەستووری هەمیشەیی تورکیا ئەو بەڵێنانە یەک لە دوای یەک هەمووی هەڵوەشێنرانەوە».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا بەم جۆرەی خوارەوە باسی پەیمانی لۆزانی کردووە (٤٥):

«لە ٢٤/تموزی/١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان مۆر کرا کە مادە (٣)ی ئەو پەیمانە دەڵێ: دەسنیشانکردنی سنووری نێوان عراق و تورکیا لە ماوەی (٦)مانگدا بە ئاشتی و بە دۆستایەتی جێ بە جێ دەکرێ، بەلاّم ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام، کێشەی موصل دەدرێ بە عصبە الامم، وە لەو ماوەیەدا هیچ لایەکیان نابێ بە هیچ جۆرێک چالاکیی سوپایی بنوێنن کە ببێتە هۆی روودانی هیچ گۆڕانێک لەسەر سنوور».

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەربارەی لۆزان دەڵێ(٤٣):

«لەدوای وەستاندنی شەڕی نێوانی تورک و یۆنان لە نۆڤەمبری ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە ئیتر وورده وورده بەستنی پەیمانێکی تازە هاتە کایەوە کە ئەو پەیمانە لە لۆزاندا کراو عصمت ئینۆنۆ و لۆرد کیرزن ڕوو بە رووی یەک بوونەوەو تورکەکان کەوتنە سەر هەوای داواکردنی ویلایەتی موصل و لە لۆزاندا ئینۆنۆ ووتی عەرەب لە ویلایەتی موصلدا کەمایەتییەو زۆربەی دانیشتووەکانی کوردو تورکن و دەیانەوێ لەگەڵ تورکیادا بمێننەوەو ئینگلیز لە کاتی خۆیدا لەدوای وەستاندنی شەڕ چوونەتە

مـوصلەوە لەبەر ئەوە دەبێ چۆڵی بکەن وە لەو کـۆبوونەوەیەی ئەو جـارەدا کـە لە ١٩٢٣/٢/٢دا کرا نەگەیشتنە ئەنجام و تورک بەو پێشنیازەی ئینگلیز رازی نەبوو کە کێشەی موصل بدرێ بە عـصبە الامم، بەڵام لە کۆبوونەوەی ١٩٢٣/٤/٢٣دا شتـەکە ئاسانتـر کـراو عـصمت ئینۆنۆ هەر وەکـو جـاران بەربەرەکـانێی ئەوەی نەدەکـرد کـە کێشەی موصل بدرێ بە عصبە الامم.

بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کـێشـەیە سێر پرسی کۆکس لە مـانگی مایس و حزیرانی ١٩٢٤دا چووە ئەستـەمبول و لەوێشدا لەگـەڵ تورکەکان هەر نەگەیشتنە ئەنجام، بەڵام بڕیار درا لە ٢٠/سبتمبری ١٩٢٤دا کێشەی موصل بدرێ بە عصبە الامم».

لەو رۆژانـەدا کـە باسی کـۆبـوونەوەکـانی لۆزان بڵاوبووبـووەوە، رۆژنامـەی (رۆژی کـوردسـتـان) کـە ئۆرگـانی دەوڵەتەکـەی شـێخ مـەحـموود بـووە لە ژمارە (٦)ی رۆژی ١٩٢٢/١١/١٥دا نووسینێکی تیایە بە پێنووسی سەرنووسەری رۆژنامـەکە م.نوری (کە نوری شێخ صالح بووە) دەربارەی کۆبوونەوەکانی لۆزان کە وا هەر وەکو خۆی بڵاوی دەکەینەوە:

«لم روژانەدا لە بینی مرخص تورک و عربدا لەسر ویلایت موصل منازعەو مناقشـە جریان أکا.

دیسان لە مجلسی لوزاندا ممثلیک بە ناوی ئاثوری و نسطوری لە ویلایتي موصلدا أدعای حکومتیکی مستقلە أکا.

ولایتی موصل کە بە أعتبار عموم کوردن بناوی ملیتەوە مدافعە و یا غصبی أم ولایتە بوچی لە طرف أقوام سائرەوە طلب بکری.؟

أیمە غافل و عـاطل بە وطن و ملک خومان بیگانە، طبیعی عـالمیش چاوی لە وطن و ملکمان بریوە هتا دوینی معذرتیکی ولو نامقبولیش بیٚ بومان فقط أمرو علی ملأ الناس خریکی تأسیسی حکومتین و خریکین لە بینی أقوامدا أثبات موجودیت بکین. نابي گورە و بچوک برامبر بە حقوق مشروعـەء خومان أوندە لاقـید بین. تورک و عرب و یا آثوری حق و دعـوایان لە ولایتی موصلدا مـوجودیتیکی قلیل قـومیتیانە، یعنی نە تورک نە عرب لمدا مدافعـەء نفس وطن خویان نیە، بالعکس حرص جاە و

رفاه قسميكى قليل جنس خويان طلب أكن اگر مجلس أقوام أم نوعه مطالباته مشروع بزاني آيا مدافعەييكي حقوق كورد لطرف ئيمەوه واقع بي چون تلقى أكا؟
أيمه ناتوانين جوابي أمه بدينەوه چونكه در حق به مقررات كردستان له فكر مجلس لوزان بى خبرين، يعنى أو حكومتانهء كه مرخصيان ناردوته لوزان له پروژەياندا حكومت و يا قوميتيكيان بو كورد تصور كردوه يا نا، محافظهء أقليات تشميلى كورد كراوه يا نا؟
ألبته خير، چونكه أم مناقشانه له مليت زياتر لسر أراضييكه كه له بينى تورك و عربدا ترجيحا لازمه به كاميان تسليم بكرى، بحث محافظهء أقلياتيش دائر به تشكيل حكومتيكى نسطورى يه ناوى كورد مع التأسف هر موضوعى بحث نيه.
دياره محلس لوزان لمدا حقيەتى، چونكه لسر ماليكى بي صاحب و بي حس نشر بكرى دياره ضررو نفعى أو ماله تصور ناكرى اگر له بينى منازعين دا أئتلاف حاصل بى مسئله حل اكرى. أم نقطەيه زور به أهميت أخينه بر نظر زمامداران و أمور أدارەمان و أم فرصته به أهميته عرض ملت كورد أكين.
أمروكه صلح خريكى تقرره و ملتى كورديش بو تأسيس حكومتيك لگل حكومت بريتانيادا خريكى مذاكرەيه لازمه أم نقطه حياتيه زور به وضوح حل و فصل بكرىٰ تاكو به خورايي تفره نخوين و گلّه به سيبر و خيالەوه نەنيين.
طلب أيمه له مجلس لوزان محافظهء أقليات نيه مدافعهء حق حيات ملتيكى گورهء سر بخوى صاحب وطنه، ذاتا دائر به تشكيل حكومتيكى كورد وقتى خوى لسر مذكرەيک كه له طرف كورد على پاشا زاده نامق بگەوه به مجلس سان ريمو تقديم كرابوو له مجلس مذكوردا دوور و دريژ أستقلاليت كوردستان موضوع بحث كرابو مع التأسف لبر أوهء كه طالع صلح عمومى مساعدهء نكرد و لو مجلسەدا صلح تقررى نكرد و لبر أوه مسئلهء كردستانيش سكوت عنه مايەوه أمجاره له مجلس لوزان أميدوارين كه كردستانيكى مستقل له داخل حدوديكى جغرافى و طبيعيدا بومان تشكيل بكا و همو نوعى حقوق مشروعه و حق حياتيەمان بداتى».
هەروەها لە ژمارە (٩)ی رۆژی کوردستان لە لاپەڕە (٣)دا رۆژی ١٩٢٣/١/١٧

چەند ووردە هەواڵێکی تیا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی لۆزان کە لە یەکێکیانا دەڵێ:
*«مرخص (سفیر) تورکیا لە نتیجەء أو مذاکراتە کە لە خصوص موصلەوە جریانی کردبو هیشتا جوابي نداوەتەوە. لبر أم تأخرە أدعا لە خصوص موصلەوە زور ضعیف أبینری».*

لە هەواڵێکی تردا دەڵێ:
*«تورکیا لە خصوص أقلیاتەوە فکر أئتلافی قبول کردوە، مستند بە أساسات و أو أتفاقانەء کە لەگل مجاورەکانیا کردویە حکومت تورکیا قبول فکر دولی أئتلافی کردوە».*

ئەوەی راستی بێ وەکو رۆژنامەی روژ کوردستان بۆی چووبوو، موءتمری لۆزان بۆ باسی پاشەڕۆژی ویلایەتی موصل و کوردستان تەرخان کرابوو کەچی کوردی نوستووی دوورە پەرێزو بێ ئاگا لەو کۆبوونەوانە، نە خۆی لە باریا بووە لەبەر ناکۆکی و ناڕێکیی ناوخۆ دەنگێکی یەکگرتوو بەرز بکاتەوەو ئەو هەموو رۆشنبیرو سیاسی و سەرۆک عەشیرەت و ئەفسەرە کوردانەی کە لە کۆمەڵگای ئەستەمبول و شارەکانی تری کوردستانی تورکیادا مۆڵیان خواردبوو زۆریان شیرو تیریان لەیەکتر سووەو کەس بە سەرکردایەتیی کەس رازی نەبووەو جلادت بدرخان و قدری جمیل بەگ هەردووکیان کە خۆیان ئاگاداری بەسەرهات و رووداوەکانی ئەو رۆژانە بوون بە دوورو درێژی باسی نەگبەتیی کوردو ناڕێکی کوردو دووبەرەکیی کوردو دواکەوتنی کوردیان کردووە لەو قۆناغە گرنگە مێژووییەدا کە هیچ لایەکیان نەیانتوانیوە کارێکی وا بکەن کە لە کۆبوونەکانی لۆزاندا رەنگ بداتەوەو وا لە بەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە بکرێ کە حسابێکیش بۆ کورد بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی یەکتری بوون و نوێنەری تورک کە عصمت ئینۆنۆ بووە دەرفەتێکی لەباری بۆ رەخساوەو بە ناوی ئەو کوردانەی کە لەو رۆژانەدا لەلایەن کەمالییەکانەوە هەڵخەڵەتێنرابوون و داوا لە کۆبوونەوەی لۆزان کراوە کە کورد نایەوێ لە تورک جیابێتەوە.

زنار سلوپی (قدری جمیل بەگ) لە کتێبەکەیدا(١٩) باسی دەوری کوردی بەم جۆرە کردووە لە کاتی کۆبوونەوەکانی لۆزاندا:

*«لە کۆبوونەوەی لۆزاندا عصمت ئینۆنۆ کە نوێنەری تورک بوو لەو کۆنگرەیەدا نائبێکی کوردی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ کۆبوونەوەکە کە ناوی (برنجی زادە فوئاد بەگ) بووە دوای ئەویش نائبێکی تری کوردی لەگەڵ خۆیدا برد کە ناوی (زلفی زادە زلفی بەگ)بووە، هەردووکیان لەو کۆنگرەیەدا بە ناوی کوردەوە ووتیان: ئێمەو تورک براین و هیچ جیاوازییەک لەنێوانی ئێمەو تورکدا نییەو نامانەوێ لە تورک جیابینەوە.*

*بەو جۆرە ئەو دوو رۆشنبیرەی کوردی تورکیا لەو رۆژانەدا خیانەتیان لە میللەتەکەی خۆیان کردو بەپێی دەربڕینی قسەی ئەو دوو کەسە مصطفی کمال لە پارلمانی تورکدا اعلانی کرد کە وا کوردەکان خۆیان نایانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت».*

پرۆفیسۆر حسرتیان لە لاپەڕە (٥٤)ی کتێبەکەیدا دەبارەی هەڵوێستی کوردی تورکیا لەو رۆژانەدا کە گفت و گۆ لە لۆزاندا دەکرا بۆ بەستنی پەیمانێک دەڵێ(٤٩):

*«لە ئەنجومەنی بەرزی نەتەوەی تورکیادا نوێنەرانی کورد بە تلگراف وەرامی موءتمری لۆزانیان دایەوە کە نایانەوێ لە تورکیا جیابنەوە، کە مندوبەکانی لۆزان بۆیان دەرکەوت کورد خۆیان نایانەوێ لە حکومتی تورکیا جیابنەوەو تورکیاش وای پیشان دا کە ئامادەیە مافی کورد بدا، ئیتر لەوساوە مسئلەی سەربەخۆیی کورد خرایە لاوەو هەر شتێک کە پەیوەندیی بە باسی کوردو ناوی کوردەوە هەبووبێ لەناو بەڵگەکانا هەموو پشت گوێ خرا، بەو جۆرە پەیمانی لۆزان لە ٢٣/تموزی/١٩٢٣دا مۆر کرا. (بەڵام عبد الرحمن قاسملو لە کتێبەکەیدا(١٦) دەڵێ پەیمانی لۆزان لە ٢٤/تموزدا مۆر کرا بەپێی راپۆرتێکی حکومتی بریتانیا بۆ عصبە الامم».*

پرۆفیسۆر حسرتیان لە کتێبەکەیدا دەربارەی کەمتەرخەمیی کوردو تاوانی کورد لە دەسگیرنەبوونی مافەکانی خۆیدا دەڵێ:

*«ساتێک گفت و گۆ دەکرا لە لۆزان، ئینگلیزەکان داوایان لە مندوبەکانی کورد کردبوو کە لە ئەنجومەنی بەرزی تورکدا بوون (لە زۆر شوێندا باسی ئەوەمان کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی کوردی تورکیا لەو ئەنجومەندا بوون وە تا*

*ماوەیەک مصطفی کمال بەوە دەستی بڕیبوون کە دوای سەرکەوتن بەسەر یۆناندا مافی کورد دەدا)، کە وەرامی پرسیاری کۆنگرەی لۆزان بدەنەوە کە پرسیان کردبوو ئایا کوردەکان دەیانەوێ لە تورکیا جیا ببنەوە یا نا؟ کە ئەو تلگرافە دەگاتە ئەو ئەنجومەنە مصطفی کمال دەیخاتە بەردەمی کوردەکان بۆ ئەوەی بیری خۆیان دەرببڕن بەرامبەری و بڕیاری لەسەر بدەن، مندوبی ئەرزروم (حسین عونی بەگ)دەڵێ:*

*ئێرە وولاٚتی تورک و کوردەو تەنها ئەو دوو نەتەوەیە مافی ئەوەیان هەیە لەو رووەوە قسە بکەن، مندوبی (درسیم) کە (حسین خیری) بوو لەگەڵ (رامز)و (بوزان بەگ)و (شاهین) کە نوێنەری ئۆرفە بوون لەگەڵ نوێنەری کورد لە (بالو)و (وان)و (تبلیس)و (دیاربکر)و (ملاطیە) هەموویان بە جارێک بوون بە لایەنگری حسین عەونی بەگ...*

لەو رۆژانەدا ئەو جۆرە لایەنگری کردنە شتێکی ئاسایی بوو چونکە لەو رۆژانەدا بوو کە دەوڵەتەکانی رۆژئاوا دەیانویست دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن و حسرتیان پرسیار دەکاو دەڵێ:

*ئایا ئەگەر کوردەکان لایەنگری ئەوە نەبوونایە ئاخۆ دەبوایە چییان بکردایە؟*

(بەلای منەوە حسرتیان ئەگەر مەبەستی لەو پرسیارە ئەوە بووبێ کە ئەگەر نوێنەرە کوردەکان بە کامی دڵی مصطفی کمال نەجووڵانایەوە خراپیان بەسەردا دەهات، وا بزانم ئەو بۆچوونەی پرۆفیسۆر حسرتیان راست نەبووە چونکە کوردی تورکیا قەت لەو رۆژانەدا لەوە خراپتری بەسەردا نەدەهات کە لەدواییدا بەسەریا هات و لام وایە ئەو رۆژانەی ئەو تلگرافە نێررابوو بۆ ئەو نوێنەرە کوردانە هێشتا ماوەی بزووتنەوەی کورد مابوو تورکەکان نەگەیشتبوونە پۆپەی دەسەلاٚتیان کە دەتوانرا هیچ نەبێ پێیان لەسەر ئەوەدا بگرتایە کە تورکەکان بە شێوەیەکی رەسمی و حکومتی دان بە مافی کوردا بنێن ئەوسا ئەو وەرامەیان بدایەتەوە)، حسرتیان دەڵێ:

*کە عصمت ئینۆنۆی نوێنەری تورک لە لۆزان وەرامی نوێنەرەکانی کوردی پێ گەیشت ئەو وەرامەی خستە بەردەمی نوێنەرانی کۆنگرەی لۆزان و پێی ووتن:*

*تورکیا هی تورک و کوردە، هەردووکیان لێپرسراون لە پاراستنی ئەو حکومەتەو*

*هەریەکەیان مافی خۆیی هەیە (کە لەڕاستیدا وا دەرنەچوو).*

بەو پێیە ئینگلیزەکان توانییان کێشەی موصل لە باسەکانی لۆزان دووربخەنەوەو بیدەن بە عصبە الامم کە ڕێکخراوێک بوو بەدەس ئینگلیزەکانەوە بوو کە ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بووە بۆ عراق وە ملک فیصل لە تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۲۳دا سوپاسی لۆرد کیرزنی وەزیری دەرەوەی بریتانیای کرد بەرامبەر بەو هەموو ماندووبوونەی و تکای لیٚ کردبوو کە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە کارێکی گرنگ دابنیٚ چونکە مانەوەی ویلایتی موصل لەناو چوارچێوەی عراقدا هەر وەکو گەوهەرێک دەبیٚ لەناو تاجی سەرکەوتنیا.

ئەو سوپاسنامەیەی فیصل بۆ لۆرد کیرزن نیشانەیەک بووە بۆ سەرگرتنی ئەو ئاواتەی کە شریف حسین باوکی فیصل هەر لەسەرەتاوە خواستبووی کە ساتێک یەکەم نامەی ناردبوو بۆ (سێر مکماهۆن) کە مندوبی سامیی بریتانیا بووە لە قاهرە لەو نامەیەدا مەرجی هاوکاری کردنی شریف حسین لەگەڵ ئینگلیزەکانا ئەوە بووە کە خوارووی کوردستان لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی عەرەبیدا بیٚ کە عراق بووە کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو مەرجەی شریف حسین بووە وەکو حسرتیان باسی کردووە:

*«حکومتی بریتانیا دەبیٚ دان بەسەر بەخۆیی دەوڵەتی عەرەبیدا بنێت کە بریتی بیٚ لە شمالەوە: هێڵی مرسین - أدنەو لە ڕێی بیرە جەک - أوفە - ماردین - مدیات - جزەی ابن عمر - عمادیە هەتاکو سنووری فارس».*

بەڕاستی چ ئەوەی پرۆفیسۆر حسرتیان باسی کردووەو چ ئەو سەرچاوانەی تر کە باسی فرو فێڵی ئینگلیزو پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو سیاستی ئینگلیزیان کردووە ئەوەندە زۆرن کە پیاو نازانیٚ باسی کامیان بکا.

یەکێک لەو فرو فێڵ و کەڵکە ئاشکراو زەقانەی کە ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کوردی خوارووی کوردستان و بەرامبەر بە شێخ محمود کردیان بریتی بووە لەو بەیانە دووقۆڵییەی کە لەلایەن حکومتی بریتانیاو عراقەوە دەرچووەو ئەوی ئیمرۆ ئەو بەیانە بخوێنێتەوەو بەتەواوەتی نەچێتە بنج و بناوانی هۆ و مەبەست لە دەرچوونی ئەو بەیانەو چۆنیەتیی پووچەڵکرنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەیانە وا دەزانیٚ کە چ شێخ

مەحمودو چ ئەو هاوکارانەی لەو رۆژانەدا لەگەڵ شێخ مەحمودا بوون تاقمێکی تاوانبار بوون و نەیانتوانیبوو هەل و دەرفەت لەو بەیانەی ئینگلیز وەربگرن و نەیانتوانیبوو ئەوانیش وەکو فیصل و دارو دەستەکەی بەپێی ئاوازی زوڕنای ئەو رۆژانەی ئینگلیز هەڵپەڕن و سەرکێش و سەرچڵ بوون و بەو هەڵوێستەیان زیانێکی زۆریان گەیاندبوو بە کوردو بە دوارۆژی کورد.

ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بەیانە دووقۆڵییەیە کە لە لاپەرە (٢٥٥)و (٢٥٦)ی ئەو راپۆتەی کە حکومتی بریتانیا ناردوویەتی بۆ عصبە الامم(٥٤) دەسنیشانی کراوە:

His Britanic Majesty's government and the government of Iraq recognise the right of the Kurdish living within the boundaries of Iraq to set up a Kurdish government within the boundaries and hope that the different Kurdish elements will as soon as possible arrive at an agreement between themselves as to the form which they wish that gevernment should take and the boundaries within which they wish to extend and will send responsible delegate to Baghdad to discusstheir economic and political relations with His Britanic Majesty's goverment and the government of Iraq.

ئەمەی خوارەوە ترجمەی ئەو بەیانە دووقۆڵییەیە بە کوردی:

*«حکومتی خاوەن شکۆی بریتانیاو حکومتی عراق دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لەناو چوارچێوەی سنوورەکانی عراقدان بۆ ئەوەی حکومتێکی کوردی پێک بهێنن و ئومێدەوارن ئەو کوردانە بەزووترین کات لەناو خۆیانا لەسەر شێوەی ئەو حکومەتە رێک بکەون کە دەویسترێ دروست بکرێ و دەسنیشانی سنوور بکەن و نوێنەری دەسەڵات پێدراو بنێرن بۆ بغداد بۆ ئەوەی دەس بکەن بە گفت و گۆ دەربارەی پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی لەگەڵ حکومتی خاوەن شکۆی بریتانیاو حکومتی عراقدا».*

لە باسی رۆژنامەکانا لە ژمارە (٧)ی رۆژنامەی (روژ کوردستان)ی رۆژی ١٩٢٢/١٢/٣.دا باسی ئەو بەڵێنەی ئینگلیز بلاوکراوەتەوەو بەڵێنم دابوو بە خوێندەوارانی بەرێز کە لەم باسەدا بە دوورو درێژ لەو بەیانەو لەراستیی ئەو بەیانەو لە مەبەستی ئینگلیز بدوێم کە لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو بەیانە هەر تەنها

نووسینی سەر کاغەز بووەو هەر وەکو پارەیەکی قەڵب وا بووە کە ئینگلیزەکان لەو ڕۆژانەدا بۆ چاوبەست و خەڵەتاندن ئەو بەیانەیان بڵاوکردۆتەوە وەکو لەم خاڵانەدا ڕوونی دەکەینەوە:

١- دەرچوونی ئەو بەیانە جۆرە هەڕەشەیەک بووە لە تورکەکان کە لەو ڕۆژانەدا هێزەکانیان بەسەر یۆنانییەکاندا سەرکوتبوون و خۆیان کۆکردبووەوەو دەستیان کردبوو بە تەم و جووڵ و مەفرەزەیەکیان ناردبوو بۆ ڕواندزو بنکەیەکیان بە هاوکاریی کوردەکان پێکەوە نابوو، ئینگلیزەکان بە دەرکردنی ئەو بەیانە ویستیان هەڕەشە لە تورکە بکەن و تێیان بگەیەنن کە بسەرگرتنی ئەو حکومەتە بەپێی ئەو بەیانە لە خوارووی کوردستاندا دەتوانن لەوێوە کوردەکانی تورکیاش هان بدەن کە ئەوانیش بکەونە خۆیان و داوای مافی خۆیان بکەن.

٢- لەلایەکی ترەوە ئینگلیزەکان لەوە گەیشتبوون کە کورد کەم و زۆر ئاگاداری گفت و گۆکانی لۆزان بووەو بەڵگەیەکی بچووکیش بۆ ئەوە: باسکردنی لۆزان لە (ڕۆژی کوردستان)دا نموونەیەکی ئەو ئاگاداربوونەوە بووە، وە ئینگلیزەکان دەیانزانی کە کورد بۆیان دەرکەوتبوو لە باسی لۆزاندا باسی مافی کورد ناکرێ کە بەوە کورد لە ئینگلیزەکان زۆرتر دەکەونە گومانەوە، لەبەر ئەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو کوردانەی کە لەبیرو بۆچووندا لەگەڵ خۆیان بوون ئەو بەیانەیان دەرکرد بۆ ئەوەی بیریان بخەنەوە کە ئینگلیز کوردی بیر نەچۆتەوە.

٣- بە ئاشکرا هەندێ لە کاربەدەستانی ئینگلیز لە عێراق و لە کوردستاندا دانیان بەوەدا ناوە کە بە دەرچوونی ئەو بەیانە ویستوویانە ئەو کوردانەی کە ئەوان پێیان دەوتن (کوردی معتدل) لە شێخ مەحموودیان دووربخەنەوەو بۆیان ڕوون بکەنەوە کە ئەوەی بەتەنگ کوردەوە بێ و بیر لە داواکردنی مافی کورد دەکاتەوە ئینگلیزەکانن نەک شێخ مەحموودو بەپێچەوانەوە شێخ مەحموود کۆسپێکە بۆ سەرنەگرتنی ئەو مەبەستەو لەڕاستیدا ئەوانەی سەربە ئینگلیز بوون لەوساوە ئەو قەوانەی ئینگلیزی ئەو ڕۆژانەیان لێ داوەتەوە کە ئەگەر شێخ مەحموود نەبوایە ئینگلیز شتێکی بۆ کورد دەکرد.

شێخ ڕوەفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو بەیانە دووقۆڵییەی عراق و ئینگلیز دەڵێ(٢١):

«کە ئەو بەیانە دووقۆڵییە دەرچوو لە سلێمانی بڕیار درا بە ڕەزامەندیی هەموو لایەک وەفدێک لە پیاوە ناسراوەکانی کورد بنێررێت بۆ بغداد کە ئەو وەفدە بە سەرکردایەتیی سید ئەحمەدی برزنجی چووە بغداد کە ئەندامەکانی تری بریتی بوون لە حاجی مصطفی پاشا یامولکی و حماغای عبد الرحمن ئاغاو کریم بەگی فتاح بەگی جاف و چەند کەسێکی ترو لەوێ چند ڕۆژێک مانەوە بۆ ئەوەی چاویان بە مندوبی سامی و کاربەدەستانی حکومتی عراق بکەوێ بۆ دانانی پرۆگرامێک بۆ بەجێهێنانی ئەو بەیانە، بەڵام مندوبی سامی دەستی دەستیی پێ کردن و ڕێگەی نەدا بیان بینێت و لە ئەنجامدا بە وەفدەکە دەڵێ: ئەو بەیانە بۆ هەموو کورد دەرچووە نەک بۆ شێخ مەحموود کە ئێوە تەنها نوێنەری ئەون، با نوێنەرانی هەموو کورد کۆببنەوەو لەسەر دانانی وەفدێک ڕێک بکەون ئەوسا ئەو وەفدە بێت بۆ ئەوەی باسی ئەو بەیانە بکرێ.

بۆ جاری دوایی وەفدەکە تەقەلای بینینی مندوبی سامیی دا بەڵام لە هەمان ئەنجام زیاتر هیچی دەس نەکەوت و لەو ڕۆژانەدا ئینگلیزەکان ڕایان سپاردو پیاوەکانی خۆیان لە ناوچەکانی بادینانداا کەوتنە کارو مەزەبەتەیان پێ کرنەوەو ناردیان بۆ بغدادو لەو مەزبەتانەدا ووتبوویان ئێمە سەر بە عراقین و نامانەوێ لە عراق جیاببینەوە».

هەر وەکو شێخ ڕوەف باسی کردووە کە وەکو مندوبی سامی بەو وەفدەی ووتبوو کە با نوێنەری هەموو ناوچەکانی کورد لەسەر پێکهێنانی وەفدێکی یەکگرتوو ڕێک بکەون ئەوسا ئێمە گفت و گۆ لەگەڵ ئەو وەفدەدا دەکەین دەربارەی ئەو بەیانە، ئاخۆ لەو ڕۆژانەدا دەبێ بە چ جۆرێک بتوانرایە ئەو وەفدەی کە نوێنەری هەموو کورد بێ پێک بێت؟

ئینگلیزێک کە هەر خۆی لەو ڕۆژنەدا هەندێ کوردی کورت بێن و سەرکردەی عەشایری هەندێ ناوچەی ڕاسپاردبێ کە نایانەوێ لە عراق جیاببنەوە ئایا ئیتر ئەگەر ئینگلیزی دەسەلاتداری ئەو ڕۆژە ئەگەر خۆی نەیویستبێ چۆن ئەو وەفدە پێک

دەهات؟!

راستە کورد لەناو خۆیدا یەک نەبووەو ڕێکخراوێکی سیاسیی نەبووە کە بتوانێ لەو ڕووەوە تەقەلایەکی ئەوتۆ بدا کە دەستی ئینگلیزەکان بەوە ئاشکرا بکا کە هەوڵ بدا ئەو وەفدە پێک بێت، بەڵام ئەگەر ئینگلیز بەرگری نەکردایە ئەو وەفدە بە ئاسانی پێک دەهات وەکو چۆن فیصلی کرد بە ملک و لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی زۆری کورد دەنگیان بۆ نەدا کەچی ئینگلیز لەو ڕۆژانەدا داوای ئەو وەفدە یەکگرتووەی لە کورد نەکردبوو کە تا ئەو دەنگ نەدا فیصل ناکرێ بە ملک.

بەڵگەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا بۆ ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان، جگە لەوەی کە ئینگلیزەکان ڕۆژنامەکانی بغدادیان هان دەدا کە دژی حکومەتەکەی خوارووی کوردستان بنووسن و سەرۆک عەشیرەتی هەندێ ناوچەی هان دەدا کە بڵێن ئێمە حکومەتی کوردیمان ناوێ و نامانەوێ لە عراق جیابینەوە، یەکێکی وەکو ئەدمۆنسی بەجێ هێنەری نەخشەی بریتانیا لە کوردستاندا بە ئاشکرا لە کتێبەکەیدا نابەدڵی و ناڕەزایی خۆی پیشان داوە بەرامبەر بە دەرچوونی ئەو بەیانەو بە ئاشکرا باسی هەنگاوەکانی خۆی کردووە کە لەو ڕۆژانەدا نابووی بۆ پووچەڵکردنی ناوەڕۆکی ئەو بەیانەو بۆ دوورخستنەوەی عەشایرەکان لە شێخ مەحموود بە مەبەستی سەرنەگرتنی ئەو بەیانە کە لەڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە تەنها بۆیە دەرچووبوو کە لەدواییدا پشت گوێ بخرێ.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا لەو ڕووەوە دەڵێ(٤٥):

*«ساتێک ئەو بەیانە دووقۆڵییە دەرچوو کە دەڵێ کوردەکان بۆیان هەیە حکومەتێک دروست بکەن ئەوەم ئێجگار پێ ناخۆش بوو، بەڵام ئیتر چاو بڕایە لۆزان بۆ ئەوەی بزانرێ بەپێی ئەوە چ بڕیارێک دەدرێ و ئەوە بوو لەو کۆنگرەیەدا باسی کێشەی موصل خرایە لاوەو ماوەی ساڵێک دانرا کە بریتانیاو تورکیا چارەسەرێک بدۆزنەوە کە لەو ماوەیەدا بە ئاشتی و خۆشی بگەنە ئەنجام و ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزرایەوە، کێشەی موصل بدرێ بە عصبە الامم».*

ئەدمۆنس لە باسی چالاکیی خۆیدابۆ پووچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو بەیانە دەڵێ:

«کە ئەو بەیانە دەرچوو، چوومە کرکوک و لەوێ تەماشام کرد دوولای دەسەڵاتدار هەبوو، لایەک سەر بە شێخ مەحموود بوو و لایەکیش سمکۆ و سید طه شمزینی بوو (ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا سید طەیان خستبووە کارو دەیانویست دەورێکی تایبەتیی پێ بنێن وەکو لە باسەکانی پێشوودا لێی دواین)، شێخ عبد الکریمی قادر کرم و بگزادەی جاف و هەندێ کوردی تر نامەیان بۆ ناردم کە پەیوەندییان بە شێخ مەحموود نەماوە چونکە پەیوەندیی لەگەڵ تورکەکاندا پەیداکردووە، مێجەر نویل هەوڵی دا شێخ مەحموودو سمکۆ و سید طه یەک بخا بۆ ئەوەی پێکەوە هاوکاری بکەن بەڵام شێخ مەحموود مەبەستێکی تری هەبوو کە ئەو قبووڵ نەکردنەی شێخ مەحموود سوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمە، من (ئەدمۆنس) بەخێرایی داوای ئەوەم کرد ئەو بەیانە دووقوڵییەی بریتانیاو عراق بکرێ بە کوردی و بنێررێت بۆ کوردە معتدلەکان نەک بۆ شێخ مەحموود، ئەو پێشنیازەی کە لەو رووەوە کردبووم کاربەدەستانمان لە بغداد موافقتیان لەسەر کردو بڕیار درا نقیب A.J.Chapman ئیتر ئەوامر لەمنەوە وەربگرێ (ئەو رۆژانە چپمن ئەفسەری سیاسی بوو لە سلێمانیدا) هەتا ئەو کاتەی نویل دەگەڕێتەوە.

لە ۱۹۲۲/۱۲/۲۲دا کرکوکم بەجێ هێشت و بەیانەکەم خستە گیرفانمەوەو چوومە (حەوت تەغار) بۆ لای (دارا بەگ)، دوای ئەوە چوومە (بهرام بەگی) کە بارەگای شێخەکانی تاڵەبانی بوو لەوێ (چکال) کە برا گەورە بوو لەگەڵ دوو براکەی تریدا: غالب و رشید هەرسێکیان پەشیمانیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە چوونیان بۆ لای شێخ مەحموود، دوای ئەوە چوومە قادرکرم بۆ لای شێخ عبد الکریم کە وەختی خۆی هەموو ئاواتێکی ئەوە بوو کە حکومەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتیی یەکێک لە شێخەکانی بەرزنجە دروست ببێت».

ئەدمۆنس لە هەمان باسیا لەسەری دەڕواو قین و بوغزی خۆی بەرامبەر بە بەیانەکە بەئاشکرا بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوە:

«ناوەڕۆکی ئەو بەیانەو ناوهێنانی و دروست بوونی حکومەتێکی کوردی لەجیاتی (ئیدارەیەکی کوردی)و دەسنیشان نەکردنی هیچ جۆرە سنوورێکی جۆگرافی

*(بێگومـان ئەدمـۆنس وویسـتـوویەتی لەو بەیانەدا تەنهـا ناوی ناوچەی سلێمـانی بهاتایە) زۆر لەوە زیاتر تێپەڕی کردبوو کە من چاوەڕێم دەکرد کە لە کاتی خۆیدا حکومتی عراق و مندوبی سامیش بیریان لێ کردبووەوە. بەیانەکەم بە ترجمەکراوی برد بۆ شێخ عبد القادری قـادرکرم بەڵام لەڕاستیدا پڕ بە دڵ ئەوەم پێ خۆش بوو هەندێ لێپرسراوانی تریشمان لە بغداد هەر وەکو من دەرچوونی ئەو بەیانەیان بەدڵ نەبوو وە پێیان ناخۆش بوو کە ئەو بەیانە بە شێوەیەکی رەسمی بڵاوکرابووەوە.*

*لەدوای قادرکرم چوومە طوزخورماتو، کفری، طاوق بۆ ئەوەی لەوێش هەمان بەیان بڵاوبکرێتەوە».*

ئەو هەڵپـەو پەلامـاردان و دڵگیـربوون و پێ ناخـۆش بوونەی ئەدمـۆنس و ئەو پەلەقاژەیەی کە کردوویەتی خۆی بۆیە بەدەستی خۆی ئەو بەیانەی بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەدەستی خۆی ئەو بەیانە بدا بەو کەسانەو بەدەمیش هەڕەشەیان لێ بکا کە ئەو بەیانە شتـێکی رووکەش بووەو بۆ مەبەستێکی تایبەتی بووەو نەخشەی ئەوەی کێشاوە کە بە هیچ جۆرێک لە شێخ مەحموود نزیک نەکەونەوەو بەشداریی نەکەن لە پێکهێنانی وەفدێکی یەکگرتووی کورد بۆ داواکردنی بەجێ هێنانی ئەو بەیانە.

مس بیل لە کتێبەکەیدا(٥٥) دەربارەی ئەو وەفدەی کە چووبوو بۆ بغداد دەڵێ:

*«وەفدێک لە سلێمانییەوە هاتن بۆ بغداد کە لە (١٤)کەس پێکهاتبوو بۆ ئەوەی باسی مسئلەی کـورد بکەن و هەموو ئەندامانی ئەو وەفـدە هەتاکو تەوقی سەریان پڕ چەک بوون، ئوتێلێکی بچووکیان بۆ تەرخان کرا، بەپێی قسەی - نویل -بیرو راو بۆچوونی ئەو وەفـدە زۆر باش و بەجێ بوو لەوانە نەبوو کە قبوڵ نەکرێن. ئەو وەفدە بەتەمای ئەوەن چاویان بە ملک فـیـصل و مندوبی سامی- سێر پرسی کـۆکس - بکەوێ».*

بێگومان وەکو مس بیل دانی پیادا ناوە کە نویل باسی داخوازییەکانی ئەو وەفدەی کـردووەو ووتوویەتی داخـوازییـەکـانیـان بەجێ بووەو لەوانە نـەبوە کـە قـبـوڵ نەکرێ درۆیەکی تری ئەوانەش دەخاتە روو کە پڕۆپاگاندەیان کردووە کە گوایا شێخ مەحموود نەیویستووە لەگەڵ ئینگلیزەکانا رێک بکەوێ.

لە گفت و گۆیەکما لەگەڵ شێخ بابا علی شێخ مەحموود دەربارەی ئەو وەفدەی کە چووبوو بۆ بغداد بۆی گێڕامەوەو ووتی:ساتێک ئەو بەیانە دووقۆڵییە دەرچوو خەڵک تۆزێک ئاهی پیا هاتەوەو ئومێدیان پەیدا کرد کە ئینگلیزەکان رەنگە بیرو رای خۆیان گۆڕیبێ بەرامبەر بە کوردو باوکم داوای لە کاربەدەستانی دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان کرد کە بەراوێژو بەشدارکردنی زۆرترین کەسی لێ هاتووی ئەو رۆژانە لە ناوچەکەدا وەفدێک پێک بهێنرێ و بچێتە بغداد بۆ ئەوەی بکەونە گفت و گۆ و هەوڵ بدرێ ئەو بەیانە لە نووسینی سەرکاغەزەوە بکرێ بە کردەوەو میللەتی کورد دڵنیا بکرێ و ئەوە بوو وەفدەکە چوونە بغدادو باوکم هەوڵێکی زۆری دا کە بیرو رای ئینگلیزەکان بەرامبەر بە کورد راست بکاتەوەو نامەیەکیشی نارد بۆ ئەدمۆنس بۆ ئەوەی لە بغداد کارو باری وەفدە کوردییەکە ئاسان بکاو دەورێکی خێر ببینێت بۆ ئەوەی دووبارە ناوچەکە ئاڵۆز نەبێتەوە، بەڵام دەرکەوت دەرچوونی ئەو بەیانە لەو رۆژانەدا تەنها بۆ بەنج کردنی مێشک بوو و ئینگلیزەکان لەوەدا راست و پاک نەبوون و بە هیچ جۆرێک نەهاتنە پێشەوەو وەفدەکە نەگەیشتە ئەنجام و گەڕایەوەو ئەدمۆنس لە وەڵامی ئەو نامەیەی باوکمدا، بە فارسی نامەیەکی بۆ باوکم ناردبوو بەوپەڕی بێ شەرمییەوە نووسیبووی:

*«أین خری سطحي (نیازی لە سید ئەحمەدی بەرزنجی سەرۆکی وەفدەکە بووە) با ما آمده و أستقلال با حمایه و با وصایه میخواهد) یەعنی ئەو کەرە بێ مێشکەی ناردووتە داوای سەربەخۆیی یا [illegible]ودەکا».*

دوکتۆر لطفی جعفر فرج الله لە کتێبەکەیدا دەربارەی مەبەست لە دەرچوونی ئەو بەیانەو هەڵوێستی راستەقینەی ئینگلیز لە لاپەڕە (١٠٤)دا دەڵێ(٥٩):

*«ساتێک پرۆتۆکۆلی نێوانی بریتانیاو عێراق لە ١٩٢٣/٤/٣٠دا مۆر کرا لەوەدا بەتەواوی دەرکەوت کە حکومەتی بریتانیا بەشداربوونی لە دەرکردنی ئەو بەیانە دووقۆڵییەدا تەنها شتێک بووە بۆ چاو و ڕاو بووە چونکە لەدوای دەرچوونی ئەو پرۆتۆکۆلەوە ئیتر بڕیار درا ناوچەی سلێمانی بەتەواوی و بۆ ئێجگاری بخرێتە سەر عێراق و لەو پرۆتۆکۆلەدا هەستی نەتەوایەتیی کورد پشت گوێ خرا.*

مندوبی سامی له ١٩٢٣/٥/٤دا داوای له حکومتی عراق کرد که بیرو بۆچوونی خۆی روون بکاتەوە دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کارو بار له کوردستاندا (ئەو نامەو باسە لەناو ملفاتی بلاطی ملکیی عراقدا هەیە کە ژمارەی فایلەکە ٥/٢ی ١٩٢٣/٥/٥دا هەڵگیراوە وەکو نووسەر باسی کردووە).

بۆ وەرامی ئەو پرسیارەی مندوبی سامی لیژنەیەک پێکهات کە (ناجی السویدی)ی وەزیری عدلیەو (نوری سعید)ی وکیلی وەزیری دفاعی تیادا بوو، بۆ دەسنیشانکردنی نەخشەیەک بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کارو باری ناوچەی سلێمانی (بێگومان ناوی شوێنەکانی تر نەهاتووە چونکە ئەوانەی تر بەلای ئینگلیزەکانەوە شتێکی موسۆگەر بووە)، دوای ئەوەی کە بڕیاری ئەوە بلاوکرایەوە کە سلێمانی بەشێک دەبێ لە عراق عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیران لە ١٩٢٣/٥/٢٩دا بڕیارەکانی ئەو لیژنەیەی لەگەڵ خۆیدا بردو چووە سلێمانی (لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەی ئینگلیز شێخ مەحموودو شۆڕگێڕانی کوردی ناچار کردبوو کە بچێتە ئەشکەوتی جاسەنە وەکو لەدواییدا لە باسێکی تایبەتیدا لیی دەدوێین).

نووسەری ئەو کتێبە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«لەوە دەچوو بازرگانەکانی سلێمانی ترسی ئەوەیان هەبووبێ کە دوور نییە شێخ مەحموود بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕۆژانەدا هەندێ لەوانەی کە لەگەڵ شێخ مەحموودا بوون گەڕانەوە بۆ سلێمانی (ناوی ئەوانەش دووبارە لەو باسە تایبەتییەی کە بۆچوونی شێخ مەحموود بۆ ئەشکەوتی جاسەنە تەرخان کراوە باسیان دەکەین) بە خۆیان و بە چەکیانەوەو عبد المحسن السعدون لەو چوونەیدا بۆ سلێمانی بۆی دەرکەوتبوو کە تورکەکان لەو ناوچانەدا دەسەلاتیان بەو جۆرە نەبوو کە باسی دەکرا، بەڵام هەڵوێست دووبارە بەوە ئاڵۆز بووەوە کە هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەکە نەیاندەویست بچنە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عراقەوەو لە کاتی گفت و گوکردندا پیچ و پەنایان بە قسەکانیانا دەهێناو لەدواییدا سعدون بۆی دەرکەوتبوو کە ئەو منجە منج و ڕاڕاییەی ئەوانە بە هۆی شێخ مەحموودەوە بووە کە بلاوی دەکردووە کە حکومەتی عراق بە هیچ جۆرێک توانای ئەوەی نییە کارو باری

ناوچەکە ببا بەڕێوە.

سعدون بۆی دەرکەوتبوو کە دوور نییە ئینگلیزەکان ناچار ببن ڕێگە لەوە نەگرن کە شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەرامبەر بەو مەترسییە سعدون لە ۱۹۲۳/۵/۳۱دا نامەیەکی ناردبوو بۆ ملک فیصل دەڵێ:

بەبۆنەی چوونی مندوبی سامییەوە بۆ سلێمانی تکا لە جەلالەتتان دەکەم کە مندوبی سامی ئیقناع بکەن کە ڕێگا نەدرێ شێخ مەحمود بێتەوە سلێمانی چونکە بە هاتنەوەی بۆ سلێمانی ئاژاوەو نائارامی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێمە دەهێنێتەوە.

سعدون لە هاتنەوەی شێخ مەحموودا لەوە دەترسا کە نەک هەر تەنها سلێمانیی لەکیس بچێت بەڵکو ترسی لەکیس چوونی شوێنەکانی تریش هەبوو، لەبەر ئەوە سعدون بڕیاری دا جارێکی تر لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ناوچەی سلێمانیدا کۆببێتەوەو بۆ ئەوە لەگەڵ (کورنوالیس)دا ڕێک کەوت کە هەندێ کارو باری بۆ ساز بکا بو ئەوەی ئەو مەترسییەی لەو ڕووەوە هەبوو لەدڵیا نەمێنێت و بۆ ئەوە سعدون مانەوەی هێزی بریتانیای لە سلێمانیدا بە شتێکی پێویست دەزانێ بەڵام مندوبی سامی لەگەڵ ئەو داخوازییەدا نەبوو چونکە مانەوەی ئەو هێزە پارەیەکی زۆری دەویست کە لەو ڕۆژانەدا بریتانیا نەیدەویست ئەو جۆرە پارەیە خەرج بکرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا سعدون داوای لە ملک فیصل کرد کە ئینگلیزەکان وا لێ بکا هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەی دوو سێ مانگ هێزەکانیان لە سلێمانیدا بهێڵنەوە بۆ ئەوەی حکومتی عراق چارەسەرێک بدۆزێتەوەو لەو ماوەیەدا کارو باری خۆی لە سلێمانیدا ڕێک بخا. سعدون لەو پێشنیازەی کە بۆ ملک فیصلی کردبوو ووتبووی ئەگەر هات و ئەو داخوازییەشی پەسەند نەکرا ئەوا پێویستە قەزاو ناحیەکان لە سلێمانی جیا بکرێنەوەو بخرێنە سەر لواکانی تر.

سعدون لە ۱۹۲۳/٦/٤دا کۆبوونەوەیەکی لە قصری ملکدا کرد کە لەو کۆبوونەوەیەدا ملک فیصل و (هنری دوبس)و (سێر جۆن سالمۆند)ی سەرکردەی گشتیی هێزی بریتانیا لە عراق ئامادە بوون بۆ ئەوەی باسی هەڵوێستی کوردستان بکەن.

*سعدون لەو کۆبوونەوەیەدا مەترسیی خۆی ئاشکرا کرد بەرامبەر بە کێشانەوەی هێزی بریتانیا لە سلێمانی و ڕوونی کردەوە ئەگەر ئەو هێزە نەمێنێت ئارام و ئاسایش تێک دەچێت و شێخ مەحموود دەگەڕێتەوەو دەست بەسەر ناوچەکەدا دەگرێ و لەو کۆبوونەوەیەدا سعدون هێرشێکی توندو تیژی بردە سەر شێخ مەحموودو ووتی کابرایەکی بێ وەفایەو چاکەی ئینگلیزی لەبەر چاو نییە لەبەر ئەوە جێی متمانەو باوەڕپێکردن نییەو سعدون بە ئاشکرا ووتی: ئەگەر هێزی بریتانیا سلێمانیی بەجێ هێشت من بە هیچ جۆرێک ناچمە ژێر باری هیچ مسئولییەتێکەوە.*

*ئینگلیزەکان دەربارەی داخوازیی سعدون ئەوەیان پەسەند نەکرد کە هێزەکانیان لە سلێمانیدا بمێنێتەو بەلاَم بۆ داخوازیی دووهەمی دەس کرا بەوەی قەزاو ناحییەکان لە سلێمانی پچڕێنران و بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا پارەی پێویست تەرخان بکرێ و داوا لە ئەدمۆنس بکرێ (ئەدمۆنس لەو ڕۆژانەدا مفتشی ئیداری بووە لە کرکوک) کە ئەو کارە بەجێ بێنێت.*

نووسەری کتێبەکە دەڵێ:

*سعدون ئەو هەموو کۆشش و تەقەلایەی لەترسی ئەوە بوو کە ئەگەر هێزی ئینگلیز ناوچەی سلێمانیی بەجێ بهێشتایە هێز نەبوو بتوانێ ڕێگە لە هاتنەوەی شێخ مەحموود بگرێ بۆ سلێمانی».*

لەو ڕاپۆرتە تایبەتییەی کە حکومەتی بریتانیا ناردوویەتی بۆ عصبە الامم (٥٤) بە ئاشکرا سیاستی بریتانیاو هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزی بۆ عصبە الامم روون کردۆتەوە کە ووتوویەتی:

*«لە کاتی گفت و گۆی لۆزاندا بە ئاشکرا بە هیچ جۆرێک باسی ئەوە نەکرا کە ناوی دروست بوونی حکومەتێکی کوردی بکرێ و ئیتر لەوساوە وا حساب بۆ کوردستان کرا کە دەبێ بە بەشێک لە عراق بژمێررێ، بێگومان بیرکردنەوە لە پێکهاتنی حکومەتێکی کوردی لە خوارووی کوردستاندا بێجگە لە رووی ئابوورییەوە، ئەو پێکهێنانە شتێکی راست نەبوو چونکە دەبووە هۆی ڕوودانی کێشەو هەراو ناڕێکییەکی هەمیشەیی لەگەڵ حکومەتەکانی دراوسێی عراقدا کە ئەوانیش هەر*

*یەکەیان لەگەڵ کوردی ناو خۆیانا کێشەیەکی تایبەتیی هەیەو سەرەڕای ئەمانە هەمووی، دروست بوونی حکومتێکی کوردی پێویستیشی بە یەکبوونی نێوانی هەموو کورد هەیە کە ئەو یەکبوونە لەناویانا نەبوو.*

ڕاپۆرتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*ڕاستە لە سلێمانیدا هەستێکی نەتەوایەتیی کوردیی بەهێزو ئاشکرا هەبوو بەڵام لە شوێنەکانی تری خوارووی کوردستاندا ئەو هەستە بەو جۆرە نەبوو وە نەیاندەویست لەناو خۆیانا یەک بگرن. ناوچەی هەولێر بۆ لیژنەی عصبە الامميان دەربڕیبوو کە نایانەوێ بخرێنە سەر ناوچەی سلێمانی، کرکوکیش تێکەڵە لە عەرەب و تورکمان و کورد کە ئەویش هەر نایەوێ بخرێتە سەر سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوا گریمان هەموو ناوچە کوردییەکانیش یەکیان گرت، بەڵام جیابوونەوەیان لە عراق تووشی زیانێکی زۆر گەورەیان دەکاو دووریان دەخاتەوە لەو بازارانەی کە بوونیان پێویستە بۆ بازرگانی و بۆ بەرهەمەکانیان».*

لێرەدا بە پێویستم زانی هەندێ لەو بیانووەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە بەدرۆی بخەمەوە:

**یەکەم:** دەربارەی ئەوەی کە لەو ڕاپۆرتەدا ووتراوە کە ناوچەی هەولێر بە هیچ جۆرێک بە شێخ مەحموود ڕازی نەبوون و نەیانویستووە لە عراق جیا بکرێنەوە شتێکی درۆ بووەو ڕاست نەبووە چونکە لەو ڕۆژانەدا دەنگدانێک نەکراوە کە بزانرێ دانیشتوانی ناوچەی هەولێر وویستوویانە لەگەڵ شێخ مەحموودا بن یا لەگەڵ عراقدا،

جگە لەوە لەو ڕاپۆرتەی کە مێجەر نویل لە ۱۹۲۲/۱۱/۲۱دا ناردبووی بۆ مندوبی سامیی بریتانی بە ئاشکرا ووتوویەتی:

*«شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێک ڕازی نییە بە دەسەڵاتداریتی عراق بەسەر کوردستانداو زۆر لە هەولێرییەکان لایەنگری شێخ مەحموودن و شێخ مەحموود دەتوانێ بە دەرامەدی بەرهەمی تووتن ناوچەکەی خۆی بژیەنێت».*

**دووهەم:** درۆیەکی تری ئەو ڕاپۆرتە دەربارەی کرکوک کە ووتوویەتی: نەیانویستووە لەگەڵ شێخ مەحموودا بن، ئەدمۆنس هەر خۆی لە کتێبەکەیدا(٤٥) دان بە ڕاستییەکدا

دەنێ کە ئەو راپۆرتە بەدرۆ دەخاتەوەو ئەدمۆنس دەڵێ:

*«لەسەرەتای کانونی دووهەمی ١٩٢٣دا لە کاتێکدا کە هێشتا گفت و گۆی لۆزان لە ئارادا بوو، بیستمان تورکەکان لە ناوچەی (جزیرەی ابن عمر) خۆیان کۆکردۆتەوەو خەڵکی کرکوکیش بەو بزووتنەوەیەو ئەوانەی لە کرکوکدا سەر بە تورک بوون کەوتنە خۆیان و جووڵەیان تێ کەوت و ئەو بزووتنەوەیە گەیشتە رادەی هەستیریا بەرامبەر بە ئێمە، ئەو فەرمانبەرانەی لە کرکوکدا هەستیان لەگەڵ ئێمەدا بوو ترسیان لێ نیشت بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەو جم و جووڵ و بزووتنەوەیە بە هۆی سید ئەحمەدی خانەقاوە بوو».*

ئینگلیزەکان بەوە شپرزە بووبوون لەوەدا کە یەکێکی وەکو سید ئەحمەدی خانەقا کە بە لایەنگری خۆیان دانا بوو لە کاتی لۆنگریکدا کە شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩دا ئەو راپەڕین و شۆڕشەی کردبوو دژی ئینگلیز سید ئەحمەد هاوکاریی لەگەڵ شێخ مەحموودا نەکردبوو وەکو لە شوێنی خۆیدا لێی دواین، بەڵام دیارە بێزاربوون بەرامبەر بە رەفتاری ئەفسەرە سیاسییەکان و ئینگلیز هەموو حساباتێکی گۆڕی بوو، بەڵام بێگومان لەو راپۆرتەدا بە هیچ جۆرێک ئینگلیز باسی کەم و کورییەکانی خۆیان و باسی تاوانەکانی خۆیان نەکردووە لە پاشگەزبوونەوەیانا.

لە کۆتایی ئەم باسەدا کە بریتییە لە هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیزو چۆنیەتیی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز، جگە لەو هەموو فڕو فێڵانەی کە لە کورد کرابوو، باشترین بەڵگەو باشترین دانپیانانێک کە لەلایەن کاربەدەستێکی ئینگلیزەوە دەرچووە ئەو دانپیانانەی (لۆنگریک) بووە کە ووتوویەتی(٤٣):

«لە ١/ ١٠ /١٩٢٣دا مندوبی سامی لە بغداد بە تلگرافی ژمارە (٥٤٣/رۆژی ١/ ١٠ /١٩٢٣ـ ئاگاداری وەزیری مستعمراتی کردووە ـ کە چرچڵ بووە ـ ووتوویەتی:

*«وا بزانم دەتوانین زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی باش کێشەی سنوور لەگەڵ تورکەکاندا چارەسەر بکەین ئەگەر بێت و ئێمە تورکەکان لەوە دڵنیا بکەین کە ظروف گۆڕراوەو أستقلالی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر وازی لێ هێنراوەو ئێستە ئێمە وا خەریکی ئەوەین هەموو ناوچە کوردییەکان بۆ ئێجگاری*

بخەینە سەر عراق».

دەربارەی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز لە بەڵێن و لەو بەیانە دووقۆڵییەی کە دەریان کردبوو، لەو دۆکیومەنتانەی لە باسی کێشەی موصل و عصبە الامما کە لە باسێکی تایبەتیدا لەدواییدا لێی دەدوێین گەلێک درۆ و دەلەسەی تری ئینگلیز دەخەمە بەرچاوی خوێنەواران و ئەو دۆکیومەنتانەم بۆیە لەو باسەی داهاتوودا باس کردووە چونکە پەیوەندییەکی زۆریان هەیە بە باسی کێشەی موصل و عصبە الاممەوە.

## ب ـ هەنگاوەکانی تری پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز

لەو باسە تایبەتییەی لەپێشتردا بۆ پەیوەندیی شێخ مەحموودو ئینگلیزەکانمان تەرخان کردبوو لەو تەقەلاو هەولانە دواین کە شێخ مەحموود دەیویست بە هەموو جۆرێک دڵی ئینگلیزەکان رابگرێ بە مەرجێک ئەوانیش رێز لە هەستی نەتەوایەتیی کورد بگرن و حساب بۆ داخوازیی کورد بکەن و شێخ مەحموود دەیزانی ئەو خەڵکەی کە لە دەوری کۆبووبوونەوە هێوای ئەوەیان بە شێخ مەحموود هەبووە کە وەکو سەرکردەیەک بتوانێ مافی میللەتەکەی خۆی موسۆگەر بکا، بەڵام ئینگلیز لەوەدا تەنها پەرژەوەندیی خۆیان خستبووە بەرچاو و ئەو لێکدانەوەیەی شێخ مەحموودیان لا مەبەست نەبووەو وەکو رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا باسی کردووە ئینگلیز دەیویست شێخ مەحموود بە پارەو بە ماڵی دنیا دەم کوت بکەن و لە هەر قۆناغێکدا داخوازیی کورد لەگەڵ سوودو پەرژەوەندیی ئینگلیزەکانا یەکی نەگرتایەتەوە بەپێی حسابی ئینگلیزەکان دەبوایە شێخ مەحموود دەسبەرداری میللەتەکەی خۆی ببێ و ویژدان و نامووسی خۆی پێشێل بکا ئەوسا ئەوان لێی بێدەنگ دەبوون، بەڵام کە بۆیان دەرکەوت شێخ مەحموود ئەو نۆکەرە بەکرێ گیراوەو ئەو خۆفرۆشە نەبووە ئیتر لە هەموو بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوەو بە ئاشکرا دەستیان کەوتە روو شێخ مەحموودیش ناچار بوو یا دەبوایە ملی بۆ ئینگلیزەکان کەچ بکردایە یا دەبوو روو بە ڕوویان ببێتەوە...

رفیق حلمی له بەرگی شەشەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«کێ ئەستێرەی بەختی هەتا سەر بە گەشی دەمێنێتەوە، کە ئەستێرەی کورد جارێکی تر رووی کردە کزی و ئینگلیزەکان کەوتنە بیانووگرتن، ئیتر بە ئاگرو باروود وەڵامی شێخ مەحموودو وەڵامی هیواو ئامانجی گەلی کوردیان دایەوە».*

رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«کە شێخ مەحموود بەتەواوی هیوای بە ئینگلیزەکان نەما ئیتر بە هاندانی تورکخواکانی دەورو پشتی شێخ مەحموود،(چپمن) خرایە ژێر چاودێرییەوەو رێگەی هات و چۆی نێوانی شێخ قادری حفید بڕڕا کە بچێتە لای چپمن (شێخ قادر لەو رۆژانەدا لایەنگری بۆچوونەکانی ئینگلیز بووەو دژی تورکەکان بووە)، لە ئەنجامی ئەوەدا چپمن سلێمانیی بەجێ هێشت و نەگەڕایەوە».*

ئینگلیزەکان بەرامبەر بەو هەڵوێستەی شێخ مەحموود دەستیان کرد بە هاندانی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سەر بە خۆیان بوون کە لە شێخ مەحموود دوور بکەنەوەو دەستیان کرد بە پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحموودو رۆژنامە عەرەبییەکانی بغدادیان راسپارد کە دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان بە سووک باس بکاو گاڵتەی پێ بکاو لە ژمارەکانی (٧٣٨و ٧٤٣)ی رۆژنامەی (العراق)دا کە لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٢٢دا دەرچووەگاڵتەی بە دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان کردووەو بڵاوی کردۆتەوە کە سلێمانی لیوایەکی سەر بە عێراقە (ئەوە بوو لە شوێنی خویدا ئەو وەرامانەی عارف صائبمان بڵاوکردەوە کە لە رۆژنامەی روژی کوردستاندا وەرامی العراقی دابووەوە).

ئینگلیزەکان لە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕۆپاگاندانەو بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی ناو رۆژنامەی العراق و ئەوانەی تردا چەند مەبەستێکیان هەبووە کە لەوانە:

١ـ بۆ کەمکردنەوەی نرخی ئەو حکومەتەی کە لە خوارووی کوردستاندا بە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود دامەزرابوو.

٢ـ ئینگلیزەکان کە لەو رۆژانەدا کەوتبوونە بەکارهێنانی دیپلۆماسییەت لەگەڵ تورکەکاندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی موصل و دەسبەرداربوونی تورک

له ویلایەتی موصل، دەیانویست تورکەکان دڵنیا بکەن کە ئەو دەوڵەتەی کە شێخ مەحموود پێکی هێنابوو شتێکی کاتییەو ئەگەر ئەوان لەسەر کێشەی موصل لەگەڵ ئینگلیزدا رێک بکەون زۆری پێ ناچێ دەزگاکانی ئەو حکومەتە کوردییە هەڵدەوەشێننەوە.

٣- دەیانویست کاربەدەستانی حکومەتی عێراق دڵنیا بکەن کە ویلایەتی موصل بە هەموو جۆرێک دەخرێتە سەر عێراق و بە بەشێک لە عێراق دەژمێررێ.

لەو راپۆرتەی کە حکومەتی بریتانیا ناردوویەتی بۆ عصبە الامم دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە دەڵێ(٥٤):

*«لە ١٩٢٣/٤/٣٠دا دوای ئەوەی پرۆتۆکۆلی عراق و بریتانیا بۆ (٤) ساڵ مۆر کرا ئیتر دوای ئەوە هەڵوێست بەرامبەر بە زۆر شت گۆڕراو چار نەبوو دەبوایە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو ئیدارە تایبەتییەی لە سلێمانیدا هەبوو ئەوەش نەمێنێت وە وا بەباش زانرا یەکسەر دوای ئەوە لەلایەن ئیدارەی عێراقەوە ببرێت بەڕێوەو ئەوانەی کە پشتگیریی ئەو بڕیارەی بریتانیان کرد لە کوردەکان (ئەوانە بەزۆری یا ئەوانە بوون کە سەربەخۆیان بوون وەکو بابکری سلیم ئاغا یا ئەو بازرگانانە بوون کە سوودی پارەداریی خۆیان وەکو تاقمێکی کۆمبرادۆر لەوەدا بینیوە کە کلکی ئینگلیز بن و لە بازارو بازرگانیی بغدادو موصل دوورنەخرێنەوە، وە ئینگلیز یش هەمیشە هەڕەشەی لەوانە کردبوو و پێی دەوتن ئەگەر ئێوە لە عراق جیابنەوە ئەی تووتنەکەتان دەبەن بۆ کوێ؟) ئەوانە داوایان کرد هێزێکی بریتانی لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بیانپارێزێ لە دەسەڵاتداریەتیی شێخ مەحموود بەڵام گەلێک هۆ هەبوو کە نەتوانرا داخوازییەکانیان بەجێ بهێنرێ و ئەوە بوو شێخ مەحموود توانی لە ١١/تموزی/١٩٢٣ دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام ئێمە هەڕەشەمان لە شێخ مەحموود کرد کە ئەگەر لە سلێمانی بەولاوە دەس درێژ ی بکا سزا دەدرێ».*

مێجەر نویل لە ١٩٢٢/١/١٠دا (کە هێشتا شێخ مەحموود هەمووی دە رۆژ بوو لە هندستانەوە هاتبووەوە) نامەیەکی ناردبوو بۆ Bordillion کە سکرتێری مندوبی سامی بووە لە بغداد دەڵێ:

*«من وای بۆ دەچم بڕیاری ئەوە دراوە کە کورد پێی خۆش بێ یا پێی ناخۆش بێ دەبێ بە هەموو جۆرێک خوارووی کوردستان بخرێتە سەر عراق و لەژێر دەسەلاتی عراقدا بێ، جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ژێر دەستی عراقەوە، وە ئەگەر کرکوک بکرێت بە ناوچەی ئینتخابات بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر ئیتر ئەمە مانای ئەوەیە بە کوردەکان بوترێ کە بە ئاشکرا بڕیار دراوە کرکوک دەخرێتە سەر عراق».*

بەپێچەوانەی نویل، ئەدمۆنس لە کتێبەکەیداو لە راپۆرتەکانیا هەمیشە هەوڵی داوە شتێک بدۆزێتەوە کە نوشوستی شێخ مەحموودی تیابێ و لە نرخی کەم بکاتەوە بۆ وەرامی ئەو بۆچوونەی نویل کە لە نامەکەیدا بۆ (بوردیلون)ی ناردبوو ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەڵێ(٤٥):

*«نویل زۆر بە هەڵەدا چووەو بە چاوێکی بایەخپێدانەوە سەیری ئەنجومەنی دامەزرێنەری عراق دەکاو بە (زەرەبین)ەکەی سلێمانی سەیری هەموو شتێک دەکاو هەڵەی نویل لەوەدا دەبینم کە دەمەوێ بۆی روون بکەمەوەو تێی بگەیەنم کە ئێمە زۆر ماندوو بووین و گەلێک شەڕە شەق و سەریەشەمان دیوە هەتا توانیمان کێشەی موصل چارەسەر بکەین لەگەڵ تورکەکاندا».*

بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەوەی ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی بەهەڵەچوونی نویلی کردووە دەربارەی بایەخپێدانی نویل بە ئەنجومەنی دامەزرێنەری عراق، وا بزانم جێی خۆیەتی جارێکی تریش باسی ئەو نامەیەی ئەدمۆنس خۆی بکەین کە ناردبووی بۆ مندوبی سامی دەربارەی هەڵبژاردنی نوێنەری ئەو ئەنجومەنە لە کرکوکدا کە لەو نامەیەدا خۆی بەدرۆ دەخاتەوە لەوەدا کە خۆی لە نویل زۆرتر بایەخی داوە بە هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرە لەو نامەیەدا کە بۆ مندوبی سامی ناردووە کە ووتوویەتی:

*«ئەوە راست نییە کە دەوترێ ئەگەر لە کرکوکدا هەڵبژاردن بکرێ زۆربەی خەڵک دەنگ بۆ شێخ مەحموود دەدەن، پێویستە ئێمە هەوڵێکی وا بدەین ئەگەر هات و هەڵبژاردن کرا دەبێ ئەنجامەکەی بە هەموو جۆرێک دژی خواستی شێخ مەحموود بێت، هەرچەند شێخ مەحموود هەڕەشەی کردووەو ووتوویەتی: ئەگەر بە زۆرەملی*

دەنگدان بۆ هەڵبژاردن بکرێ لە کرکوکدا، ئەنجامی ئەو دەنگدانە ئەگەر دژی ئەویش بێ ئەوا بەربەرەکانیی ئەو ئەنجامە دەکا چونکە شێخ مەحموود دەڵێ ٣/٤ ی کرکوک لەگەڵ ئەودایەو ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێک بەپێچەوانەی ئەوە بێ مانای وایە ئەو هەڵبژاردنە بەڕاستی نەکراوە».

ئەدمۆنس لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە لەسەری دەڕواودەڵێ(٤٥):

«لەگەڵ بوونی هەڕەشەی ئەوانەی لە کرکوکدا سەر بە تورک بوون و لەگەڵ هەڕەشەی شێخ مەحموودا، من (ئەدمۆنس) هەوڵم دا معنویاتی متصرفی کرکوک و فەرمانبەران بەرز بکەمەوە، بۆ ئەو مەبەستە چوومە لای شێخ عبد الکریمی قادرکرم و تاڵەبانییەکانی کرکوک و بۆ لای سەرۆکی جافەکان و هەندێ سەرۆک عەشیرەتی تر بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین دژی ئەو پڕۆپاگاندانە ببینەوە کە بەرامبەر بە ئێمە دەکرا.

(کاپتن لاین) ئاگاداری کردم کە شێخ مەحموود ڕۆژی دەسپێکردنی شەڕی لەگەڵ ئێمەدا دەسنیشان کردووە کە لەسەرەتای مانگی مارتی ١٩٢٣دا دەبێ کە داگیرکردنی کرکوک و کۆیسنجق یەکەم هەنگاوی ئەو شەڕە دەبێ.

ئەدمۆنس دەڵێ:

لە ١٩٢٣/٢/١٤دا (بوردیللون) بە فڕۆکە هاتە لام و (وەکو لەپێشتردا باسمان کرد لەو ڕۆژانەدا ئەدمۆنس مفتشی ئیداری بووە لە کرکوک) پاش گفت و گۆ گەیشتینە ئەوەی کە بۆ نەهێشتنی ئەو نائارامییەی ئەو ڕۆژانە پێویست بوو تورکەکان لە ڕواندز دەربکەین، بەڵام دەمانزانی ئەوە بە ئاسانی نەدەکرا لەبەر ئەوە وا بە باش زانرا کە لەپێشدا شتێک بەرامبەر شێخ مەحموود بکرێ و بۆ ئەوە لە ١٩٢٣/٢/١٦دا چوومە بغدادو لەگەڵ (هنری دوبس) کە موستەشارو یارمەتیدەری پرسی کۆکس بوو لەگەڵ بوردیللون کە سکرتێری مندوبی سامی بوو (کە سێر پرسی کۆکس گوێزرایەوە هنری دوبس کرا بە مندوبی سامی و بوردیللون لەجیاتی هنری دوبس کرا بە موستەشار) هەروەها لەگەڵ W.F.M.C.Mee کە مقدم بوو لە هێزی ئاسمانیداو جگە لەوان

A.E.Bokton و ئامر سریی هێزی ئاسمانی کە (و.ف.ماکنسی) بوو هەموو کۆبووینەوە وە لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر چوار شت درا:

١. مندوبی سامی تلگرافێک بنێرێت بۆ شێخ مەحموود داوای لیٚ بکا بێتە بغداد.

٢. ئەگەر شێخ مەحموود نەهاتە بغداد، هێزی ئاسمانی خۆپیشاندانێک بکا بەسەر ئاسمانی سلێمانیداو بەیاننامە بڵاو بکرێتەوە کە شێخ مەحموود لەسەر حوکم لابراوەو داوا لە شێخ مەحموود بکریٚ لە ماوەی (٥) ڕۆژدا خۆی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بچنە بغداد.

٣. دوو سریە لە کتیبەی (سیک)ی چوارده بە شەمەندوفەر بنێررێت بۆ کنگریان و لەوێوە بە فرۆکە بنێررێت بۆ کرکوک تا هێزی لیڤی ئەویش بەهێز بکرێت.

٤. ئەگەر شێخ مەحموود ئەوەی قبوڵ نەکردو شاری سلێمانیی بەجیٚ نەهێشت، دەبیٚ شاری سلێمانی بۆردومان بکریٚ.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵیٚ:

دوای ئەوەی مندوبی سامی و کاپتن لاین و کاربەدەستانی تر بڕیاریان دا هەڕەشە لە شێخ مەحموود بکریٚ وە داوای لیٚ بکریٚ کە بچێتە بغداد ئەمانەی خوارەوە کرا:

١. ئاگاداری (سمکۆ) کرا کە مندوبی سامی داوای لە حکومتی ئێران کردووە کە لێی خۆش بن، لەبەر ئەوە داوا لە سمکۆ کرا کە بەدەست و بردی سلێمانی بەجیٚ بێڵێت.

٢. وای بۆچووبوون کە شێخ مەحموود دەکشێتە دواوەو دەچێتە گوندەکانی خۆی لەسەر سنوور.

٣. دەستم کرد بەوەی قەزای ڕانیە لە سلێمانی جیا بکەمەوەو بیخەمە سەر هەولێرو چم چماڵ بخەمە سەر کرکوک (لەپێشتردا باس کرا کە ئەمە یەکێک بوو لە داخوازییەکانی عبد المحسن السعدون).

٤. بڕیار درا (چپمن) و نقیب (دوگلاس) کە هەردووکیان لە سلێمانیدا بوون بهێنرێنە لای من.

٥. تلگرافێکم نارد بۆ شێخ مەحموودو ئەو تلگرافەی مندوبی سامیم پیٚ گەیاند،

شێخ مەحموود لە وەرامی ئەوەدا داوای کرد بە دوورو درێژی مەبەست لە ناردنی ئەو تلگرافەی بۆ روون بکرێتەوەو منیش تێم گەیاند کە ناتوانم جگە لەوەی مندوبی سامی ووتوویەتی هیچی تر بڵێم.

٦. بیست فڕۆکە لە کرکوکەوە بە ئاسمانا فڕین و ڕوویان کردە رۆژهەلاّت، بەلاّم ئەو فڕۆکەوانەی پێشڕەو بوو تووشی نەخۆشیی ملاریا بووبوو، لەڕێگا لەبەر نەخۆشی ناچار بوو گەڕایەوە فڕۆکەوانەکانی تر لە فڕۆکەکانیانا وایان زانی کە ئەو کارە تأجیل کراوە بۆیە ئەوانیش گەڕانەوە، بینینی ئاسمان لە ناوچەی قەرەداغدا زۆر خراپ بوو تەنها ملازمی فڕۆکەوان La. T.K. Shipwright بەسەر سلێمانیدا فڕی و هەرچی بەیاننامەی پێ بوو بەسەر سلێمانیدا فڕێیدایە خوارەوەو رۆژی دوایی ئەو عملیاتەی کە پێویست بوو بەسەرکەوتوویی جێ بە جێ کرا (نیازی لە بۆردومان بووە).

تلگراف لەنێوانی من و شێخ قادری حفیدو ئەشرافەکانی سلێمانیدا درێژەی کێشا، شێخ مەحموود دەیویست (مناوەرە) بکاو کات بباتە سەر بۆیە رۆژی دوایی بۆمبا بەسەر شاری سلێمانیدا درا.

وەفدێک هاتە کرکوک کە شێخ قادرو مصطفی یامولکیی لەگەلاّ بوو لە کرکوک لە دائرەی پۆستەخانەوە مصطفی یامولکی چەند جارێک بە تلگراف پەیوەندیی بە شێخ مەحموودەوە کرد، بەیانیی رۆژی ٣-١٩٢٣/٣/٤ مصطفی یامولکی ئاگاداری کردم کە شێخ مەحموود شاری سلێمانیی بەجێ هێشتووە لە سەعات (٢,٥)دا بۆ شوێنێکی نەزانراو و زۆربەی هێزی لیڤی و خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

من و متصرفی کرکوک داوای ئەوەمان کرد کە سید ئەحمەدی خانەقا بگیرێت چونکە سەر بە تورکەکانەو نقیب (ریڤی) سید ئەحمەدی گرت ئەگەرچی کاتی خۆی لە زەمانی لۆنگریکدا دۆستمان بوو، بەو جۆرە سید ئەحمەدی خانەقا نێررا بۆ بغدادو ناظم نفطچی رای کردو خۆی گەیاندە تورکیا.

لەو رۆژانەدا نامەیەکی یوزدمیرمان دەستکەوت کە بۆ جنرالیکی تورکی ناردبوو لە ناوچەی (جزیرە) لەوەدا بۆمان دەرکەوت کە تورکەکان نیازیان وابوو لە کفری و کۆیەوە هێرش بهێننە سەرمان وە لەو نامەیەدا باسی شێخ مەحموودی کردبوو دەڵێ:

*شێخ بەتەمایە هێرش بباتە سەر هەولێرو پەیوەندی لەگەڵ عەشایرە کوردەکانی ئێرانیشدا هەیەو بۆ ئەو مەبەستە چەند چەکدارێک لەو عەشایرانە کراون بە سەرباز. بەرلەوە لە ١٩٢٣/٣/١دا (سێر جۆن سالموند) هاتبووە کرکوک و لەوێوە چووبووە هەولێر بۆ لای (لاین)و لەوێوە چووبووە موصل، وە بۆ ئەو عەملیاتەی کە وەختی خۆی من (ئەدمۆنس)و بوردیللون کە لەپێش سێ هەفتەدا وازی لێ هێنرابوو ئەو عەملیاتە دەستی پێ کرا کە هێرش ببرێتە سەر رواندز».*

بەرلەوەی بچینە سەر باسی داهاتوومان کە بریتییە لە ناچاربوونی شێخ مەحموود کە سلێمانی چۆڵ بکاو ئینگلیزەکان بێنە سلێمانییەوە حەزم کرد لایەک لەو راستییانەی کتێبەکەی ئارشیبالد هاملتن بخەمە بەرچاوی خوێندەواران کە باسی ناپاکیی ئینگلیزی تیا ئاشکرا کراوە بەرامبەر بە شێخ مەحموود کە هاملتن لە زمانی (کلارک)ەوە ئەو راستییانەی لە کتێبەکەیدا تۆمار کردووە، لەو رۆژانەدا کە هەڵوێست لەنێوانی ئینگلیزو شێخ مەحموودا بەتەواوی تێک چووبوو.

ئەرشیبالد هاملتن ئەندازیارێکی بریتانی بووە کە لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان تورکەکانیان لە ساڵی ١٩٢٣دا دەرکرد، ئەرشیبالد هاملتن بوو بە ئەندازیاری کردنی رێگەی نێوانی هەولێرو رواندز کە لە ساڵانی ١٩٢٧ـ١٩٢٨دا ئەو رێگەیە تەواوکرا.

ئەو رۆژانەی کە ئینگلیزەکان گەیشتبوونە ناوچەی رواندز لە گوندی (دیانە)دا هێزێکی لیڤیی ئاسووری گەورەیان لە دیانەدا هەبووەو کردبوویان بە بنکەیەکی بەهێزو هەموو ئەو عملیاتانەی کە هێزی لیڤیی ئاسووری تیادا بەشدارییان کردووە لەوێوە ئاراستەی راپەرینی کوردو شۆرشەکانی شێخ مەحموود کراون و ئەو ئاسوورییانە هەتا ناوچەکانی پێنجوین و خورماڵ و شارەزووریش نێرراون و لە ماوەی ساڵێکدا (دیانە) لە گوندێکی بچووکەوە بوو بە شارو چکەیەک کە ئەرشیبالد هاملتن لە کتێبەکەیدا Roads Through Kurdistan باسی کردووە(٤٤).

هاملتن لە کتێبەکەیدا ئەو باسەی تۆمار کردووە کە (کلارک) دەربارەی شێخ مەحموود بۆی گێراوەتەوەو دەڵێ:

*«کە کاپتن کلارک نێررا بو سلێمانی (دیارە لەدوای چپمن بووە) شێخ مەحموود*

پێی خۆش بوو ئەفسەرە ئینگلیزەکان لای بمێننەوە، هەرچەند کاپتن کلارک کرا بە ئەفسەری سیاسی و بوو بە موستەشاری شێخ مەحموود بەلاّم شێخ مەحموود دەوڵەتێکی دامەزراندبوو، پوولی خۆی هەبوو، کە ساتێک بە شێخ مەحموود ووترا پێویستە لەژێر دەسەلاّتی حکومەتدا بێ، ئەو حکومەتە عەرەب بێ یا عەرەب نەبێ پێویستە ئەو بڕیارە قبوڵ بکاو پێی ووترا کە پێویستە واز لەو حکومەتە کوردییە بهێنێت کە وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ کار بکا، شێخ مەحموود بەو بڕیارە تووڕە بوو ووتی من نۆکەری بریتانیا نیم و دانی نەنا بەو بڕیارو فەرمانانەی کە لە بغدادەوە دەردەچوو هەمووی پشت گوێ خست و گوێی نەدایە ئەو بڕیارانەی کە ئەفسەرە سیاسییەکان بۆیان دانابوو، لەبەر ئەوە کاپتن کلارک بڕیاری دا سلێمانی بەجێ بێڵێت و هەڕەشەی لە شێخ مەحموود کرد کە ئەو هەڵوێستەی وا دەگەیەنێت لە یاسا لایداوەو ڕێگەی شەڕو چەتەگەری و یاخی بوون دەگرێتە بەر.

شێخ مەحموود بە کلارک دەڵێ: نابێ بەجێم بێڵیت چونکە تۆ باشترین و بەکەڵکترین دۆست و میوانی خۆشەویستی منی، کلارک لە وەڵامدا بە شێخ مەحموود دەڵێ:

کەواتە بەو قسەیەتا دەردەکەوێ کە موستەشارەکەی خۆتت دەسبەسەر کردووە، بەلاّم ئەگەر لات وابێ بە گرتنی من لە بۆردومان ڕزگارت دەبێ لەوەدا بەهەڵەدا چووی.

کلارک بە شێخ مەحموود دەڵێ: ئەم هەڵوێستەت کارەساتێکت بەسەرا دەهێنێت و شێخ مەحموود زۆر هەوڵی دا لێم تێ بگا کە ئایا هێزی بریتانیا لەو ناوچانەدا دەمێنێتەوە یا نا... بەڕاستی شتێکی ئاسان نەبوو کە وا لە شێخ مەحموود بکرێ کە خۆی و کوردەکان عەرەبیان خۆش بوێ ئەگەر سەرۆکە عەرەبەکان دڵنیایان نەکردنایە کە دەتوانن دڵی کوردەکان بەباشی ڕا بگرن.

منیش (کلارک) بە ئاشکراو بەبێ پێچ و پەنا بە شێخ مەحموودم ووت: تازە کار لە کار ترازاوەو بڕیاری ئەوە دراوە کە تۆ پێویستە لەژێر دەسەلاّت و لەناو ئیدارەی حکومەتی عێراقدا بیت لەبەر ئەوە پێویستە ئەنجومەنەکەت هەڵوەشێنیتەوە بەرلەوەی کە بەیاخی بوون بژمێرێین.

تا ماوەیەک شێخ هێشتیمەوەو نەیهێشت بڕۆم و لەناو شاردا هەمیشە پیاوێکم بەدواوە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ بەڕاستی منی خۆش دەویست چونکە ناکۆکییەکی تایبەتیی لەگەڵ مندا نەبوو، بۆیە زۆری پێ نەچوو شێخ ڕێگەی دام سلێمانی بەجێ بێڵم و پێی ووتم: دوور نییە ماوەیەکی تر تۆ پێش لەشکری لیڤی و سەربازی سوپای عێراقی بکەوی و بێیتەوە ئەم ناوچەیەو بە هەمووتان دوام بکەون، یاخود دووریش نییە هەر وەکو سفیری وولاتەکەی خۆت بێیتەوە بۆ کوردستان... هەر ساتێک بووم بە ملکی کوردستان ئەوساکە گەڕایتەوە بەڵێنت دەدەمێ هەموو شتەکانت کە لێرە بەجێی دەهێڵی لەگەڵ خانووەکەتا هەمووی وەرگریتەوەو کلیلی خانووەکەی دامێ و ووتی با لای خۆت بێ.

بەو جۆرە بەبێ گێچەڵ سلێمانیم بەجێ هێشت و چوومە بغداد لەدواییدا کە سلێمانی گیرایەوە دوای ئەوەی هێزی لیڤیی ئاسووری و هێزی ئاسمانیمان خرایە کار هەندێ شت ڕوویدا، بۆ نموونە فڕۆکەیەکمان بە هۆی تێکچوونی مەکینەکەیەوە لە نزیکی سلێمانی کەوتە خوارەوەو فڕۆکەوانی فڕۆکەیەکی تر ڕزگاری کرد بەبێ ئەوەی کوردەکان هەوڵی کوشتنی بدەن کە ئەمە نیشانەی ئەوە بوو شێخ مەحموود نەی دەویست خراپەمان لەگەڵا بکا لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەکانمان سلێمانییان بۆردومان کردبوو.

شێخ مەحموود هەمیشە هەوڵی دەدا کە بۆمان ڕوون بکاتەوە کە بێزاربوونی لە ئینگلیز لەبەر ئەوەیە کە دەیانەوێ بەزۆرەملی کورد ناچار بکەن بچنە ژێر دەستی عەرەبەوە.

لەڕاستیدا شێخ مەحموود بەڵێنەکەی خۆی بردە سەرو دوای ئەوەی سلێمانیمان گرتەوە جێی سەر سوڕمان بوو لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بۆردومانەوە ئەو خانووە کەسی تیادا نەمابوو بەڵام شتەکانی من هەر وەکو خۆی پارێزرابوو و دەسکاریی نەکرابوو کە ئەمە بەتەواوی ڕاستگۆیی و پیاوەتیی شێخ مەحموودی بۆ ئاشکرا کردم.

لە کۆتایی ئەو باسەی کە کلارک بۆ ئارشیبالد هاملتنی باس کردووە دەڵێ:

«دەتوانم بڵێم شێخ مەحموود هەر وەکو قارەمانێکی کورد ناوی چووە ناو مێژووەوەو

ئەو ووشانەم لەپاش دوو ساڵ هاتەوە بیر کە جارێکی تر لە ساڵی ۱۹۳۰دا شێخ قبوڵی ئینتخاباتی نەکردو جارێکی تر راپەڕین و شوڕشی کڵپەی سەندو بەرزبووەوە، بەڵاَم ئەم جارەش هێزی ئاسمانی حکومەتی بریتانیا دووبارە پەلاماری دایەوەو وای لیٚ کرا چاری نەمێنیٚ و کۆڵ داو واز بهێنێت و کوردستانیش بەزۆرەملی خرایە ناو چوارچێوەی خاکی عراقەوە».

★★★★★

## بەشی نۆهەم

# چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودو چوونی بۆ ئەشکەوتی (جاسەنە)و هاتنی ئینگلیزو داگیردنی سلێمانی

لە باسی پێشوودا لەوە دواین کە ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردبوو کە مندوبی سامی داوای لە شێخ مەحموود کردبوو بچێتە بغداد.

شێخ بابا علی شێخ مەحموود دەربارەی ئەو داواکردنەی مندوبی سامی دەڵێ:

*«باوکم دەیزانی ئەگەر بچێتە بغداد بە سەلامەتی ناگەڕێتەوە بۆیە گوێی نەدایە ئەو هەڕەشەیەی ئینگلیزەکان و وردە وردە ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ باوکمدا بوون خۆیان لە باوکم دزییەوە... باوکم ئاگاداری ئەوە بوو کە ئەوانە بە ڕاسپاردەی ئینگلیز خۆیان ئامادە کردبوو بە دزییەوە سلێمانی بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە بغداد بویە خرانە ژێر چاودێرییەوە...*

*حاجی مصطفی پاشا یامولکی بە شەو لە سلێمانی خۆی دزییەوەو چووە گردی سەیوان بەڵام پێی زانراو هێنرایەوە لەگەڵ ئەوەشدا باوکم هیچی لێ نەکردو کە باوکم سلێمانیی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئەشکەوتی جاسەنە مصطفی پاشا یامولکی هەر لە سلێمانیدا مایەوەو کەس دەستی بۆ نەبردو لەدواییدا چووە بغداد.*

*دوای ئەویش عزەت مدفعی و توفیق وەهبی یەک لەدوای یەک خۆیان دەرباز کردو چوونە بغداد».*

لە کاتی خۆیدا دەربارەی ئەوەی بابا علی باسی کردووە توفیق وەهبیش لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانا هەر بەو جۆرەی بۆ گێڕامەوەو ووتی: عزت مدفعی لە خراجییانەوە ڕای کردو چووە بغدادو ئێمە لەو ڕۆژانەدا هیچ ئومێدێکمان نەمابوو، ئینگلیز

سیاستی بەرامبەر بە کوردو بەرامبەر بە شێخ مەحموود گۆڕیبوو و هیوای هیچ سەرکەوتنێکیش نەدەکرا بەسەر هێزی ئینگلیزو عێراقدا بۆیە وازمان هێناو چووینە بغداد.

هەروەها لە باسی پێشوودا لەوە دواین کە ئینگلیزەکان بە فڕۆکە بەیاننامەیان بەسەر شاری سلێمانیدا بڵاوکردەوە وا لە خوارەوە دەقی ئەو بەیانەی کە بە زمانی کوردی بە مێژووی ٢٤/٢/شباط/١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە پێشکەش ئەکەین.

اعلان

لطرف حضرت مندوب ساميوه حكم پی تبليغ كراوه‌كه بوحالی رتی عموم اهالی‌لیوای سلیمانی ام اعلانه نشر بكم

پنج مانك لموپیش اداره لوای سلیمانی بمجلس لوای سلیمانی تحویل كراوه وحكومت بریطانیه مساعدة كردوه بوریاستی ام مجلسه شیخ محمودی پیناوتوه تا كو ادارهٔ ام لوایه لژیر ادارهیكی كردی بوقضی قانون وبومنفعت اسایش عموم اهالی اجرا بكریت ـ متأسفانه نتیجه ام مساعده بعكسی درچو. چند پیاویك له زمانی حكومتیان بدست خویان وركرتوه بەنصیحتی ضابطی انكلیزی كه‌بو معاونتی ادارهٔ لیوای سلیمانی حاضربون كویان نداوه ومعامله كیان ظالمانه وناقض قانون بون وعلاوه برامه لبر بعض معاملهٔ ترش لەدلی حضرت مندوب سامیدا نسبه‌بە صداقت وراستكاری اولیاء اموری سلیمانی شك پیداوه ـ لبرامه بواسطهٔ ام اعلانه حضرت مندوب سامی امر بەدات كه ‌پاش وصولی ام اعلانه دبیت بحی یی مساعدهیان اعتدار شیخ محمود افندی واعضای مجلس لوا بری كركوكوه بیتوه بغداد وله‌بغدادالخدمت حضرت مندوب سامیوه تصریحات وقوعات ادارهٔ خویان عرض بكن.

لەپیش حركت كردن دەبیت ام مجلسه چند اشخاصیك صاحب‌نفوذ تعیین بكن كه بەتنظیم امن واسایش والضباط شاری سلیمانی مكلف ومسؤل دەبن اكر اختشاشكیان جرمیك بقومیت مرتكبین شخصاً موورود تجزیه دەبن دایره بعاملرهٔ مواقع توملخلوجی شاردا تاوقتیك كه حكومتیكی ملزم كردی تشكیل وتنظیم بكریت لەعین‌وقتدا یكه یكه بەمدیران وقایم‌مقامكان امری مخصوصی تبلیغ دەكریت

بواسطهٔ ام اعلانه اخطار دەكریت كه‌اكر لەاثنای پنج روژ لەتاریخی ام اعلانوه شیخ محمود افندی واعضای مجلس لوای سلیمانی بەعزم بغداد به كركوك نكیشتون سطوت حكومتی بریطانیه اظهار واجراده‌كریت وهمومصیبت واضرار بایوه بكویت‌لبر خطای خویان دبیت لكن اكر اوان اما امره‌اطاعت دەكن ودبن‌هیچ صدمه پی‌نا كیریت.

مشاور كركوك — ٢٤ شباط ٩٢٣

اخطار: ام چند برمبایه كه امرو بەمدی فری‌درایه اطراف شار بكار مقصدمانیاوه بو كه بعض كسانی كویا بعض جشنیان لیبرچوبو بوخاطری بیتوه فكریان لیراده اكر بومبا كان‌نتقاون كس نزیكیان نجی‌چونكه تهلكه‌یه

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٤٧و ١٤٨)ی بەرگی یەکەمی (چیم دی)دا (٣) دەڵێ:

«ڕۆژی ١٩٢٣/٢/٢٩ دوو فڕۆکە هاتنە سەر سلێمانی و پریاسکەیەکیان فڕێداو دوو بۆمباش بەدوایدا یەکەمیان لە دەشتی شێخ جافرو دووهەم لە ناوەڕاستی سلێمانیدا بەر ماڵی کەریم بەگی خانزادە جوانێ کە نزیکی سەرای حکومەت بوو لایەکی ئەو خانووەی ڕماند بەسەر خێزانەکەداو دوو ژن کوژراو سێ منداڵ لەژێر خاکدا بەمردوویی دەرهێنران».

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٤٨)دا ئەو بەیانەی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە کە لەگەڵ ئەو بۆردومانەدا فڕێدرابووە خوارێ لە سلێمانی، وەکو خۆی بڵاوی دەکەینەوە

اعلان بو شیخ محمود افندی و خەلق سلیمانی

«خبرتان بیت کە أگر پێش نیمەروی روژی یکشنبەء بیست و پینجم أم مانگە (مطابق بیست و یکم شوال) شیخ محمود افندی لچم چماڵ یان لکرکوک دخالت بکات بودرمان مرکزی سلیمانی أجرا ناکریت بلام اگر حتی أو وقتە دەخالت نکات بوردمانیکی شدید واقع دەبیت».

لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە وە دوای ئەوەی شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشت ئینگلیزەکان پاش ماوەیەک هێزیان هێنایە سلێمانی و بەرلەوەی هێزەکانیان بگاتە سلێمانی بە مێژووی ١٩٢٣/٣/٢٨و ١٩٢٣/٥/٢ دوو اعلانیان بە فارسی و کوردی بڵاوکردەوە کە وا هێزێکی سوپایی دەنێرن بۆ سلێمانی بۆ ڕێکخستنی کارو بارو بەرپاکردنی ئاسایش.

وا فۆتۆکۆپیی هەردوو اعلانەکە بڵاو دەکەینەوە کە یەکەم فارسییە لە مێژووی ٣/٢٨دا بڵاوکراوەتەو کوردییەکە لە ١٩٢٣/٥/٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# اعلان

---

## برای عموم اهالی از طرف قومندان کل قوای دولت فخیمه

---

در این وقت محضا تأمین آسایش واستراحت عامه حکومت می خواهد حرکات عسکری بنماید ودر این حرکات حکومت در فکر انتقام از حرکات سابق بهیچ کس نیست هر کس که این دفعه بحکومت مقاومت بنماید فقط اورا دشمن خواهد دانست واورا تنبیه خواهد کرد لهذا هر کس که سلامتی خودرا آرزو دارد از مفسدینیکه درداخل حدود ولایة موصل مشغول افساد هستند کناره کیری نمایند وهر کس را که قوماندان کل دعوت نمایند لازمست بدون خوف وتلاش فی الفور حاضر بحضور شان بشود والا اورا دشمن دانسته معامله دشمن با او جاری خواهدشد

بغداد ۲۸ مارت ۱۹۲۳

# اعلان رسمي

قرارمان دا كه لهم روژانه دا قوتيكي عسكريه بنيرينه
سلماني بو تنظيم أداره‌ء مملكت وترتيب امور قضا ونواحي.
أشراف مملكت، رؤساى عشاير، مأمورين حكومت،
[illegible] بوليس [illegible] الجمعيات و به
دليكى صاف وصادق دخالت وتسليم به قومندان أو عسكره
بين، كه اكاته سليماني.

خبر دارتان ده‌كين أي خلقينه كه اگر ايوه مخالفت ومقابله‌ء
عسكركه نكه‌ن أوآن به هيچ كوه جى دخلى ايوه نا كه‌ن
وضررتان لى ناده‌ن وهيچ اذيتيكتان پي ناكه يي ن. فقط أو
كسانه كه مقابله بكه‌ن عسكر تعقيب وتأديب اوان
[illegible] ده كات.

واگر [illegible] سرام ايقاظنامه [illegible] دشمنانه مقابله
عسكركه مان بكه‌ن وتفنك بو عسكر وطياره بهاويژن أوسا
مسؤليت كوره أكه ويته سرأو كسانه كه مسبب بن
وعسكر دست ده‌كات به تعقيب وتأديبيان.

باش قومندان قوّات هوائيه وعساكر
بريه‌ء اردوى برطانياى گوره له عراقدا
«آى روايس مارشال» فريق اول
أردوى هوائى.

دوكتۆر لطفى جعفر فرج الله له كتێبه‌كه‌یدا ده‌رباره‌ی بۆردومانكردنی سلێمانی ده‌ڵێ(٥٩):

*«كه شێخ مه‌حموود بۆی ده‌ركه‌وت ئینگلیزه‌كان سیاسه‌تی خۆیان ده‌رباره‌ی كوردستان گۆڕیوه، ئیتر هه‌وڵی دا له‌گه‌ڵ توركه قه‌ومییه‌كانا په‌یوه‌ندیی به‌هێز بكا كه ئه‌مه وای*

لە هنری دوبس مندوبی سامی کرد داوا لە شێخ مەحموود بکا بچێتە بغدادو لەو رۆژانەدا هەواڵ وا گەیشتبوو کە شێخ مەحموود خۆی ئامادە کردبوو بچێت کرکوک داگیر بکا.

ئینگلیزەکان لەپێشدا بە فڕۆکە بەیاننامەیان بڵاوکردەوە کە بچێتە بغداد بەڵام شێخ مەحموود گوێی نەدایە ئەوەو ئینگلیزیش شاری سلێمانیی بۆردومان کردو شێخ مەحموود ناچار بوو لە ۱۹۲۳/۳/۳دا سلێمانیی بەجێ بێڵێت و روو بکاتە چیاکان و ئینگلیزەکان چوونە ناو سلێمانییەوەو داگیریان کرد».

لە لاپەڕە (۳)ی ژمارە (۱۵)ی رۆژی ۱۹۲۳/۳/۳ی رۆژنامەی (روژ کوردستان) کە دواژمارەی ئەو رۆژنامەیەی ئورگانی دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان بووە باسی تاوانی بۆردومانی سلێمانیی کردووە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، کە لام وایە وەرامی ئەو بۆردومان و اعلانە بووە کە ئینگلیزەکان لە ۱۹۲۳/۲/۲٤دا بە کوردی بڵاویان کردەوە کە لەپێشدا لێی دواین و وێنەکەیان بڵاوکردەوە. لەو ژمارەیەی رۆژنامەی روژی کوردستاندا دەڵێ:

- تخلیەء سلیمانی -

«وقتی کە حکومت انگلیس سلیمانی تخلیە کرد أهالی خارج و داخل لپاش أوەء کە خبری أم واقعە کتو پرەیان زانی تا مانگیکیش کس نی أزانی چیە و لبر چە بو و بوچی تخلیە کرا. لمدا چ سریک چە سیاستیک هیە.

بهر نوعی و هر تشبثي بو تا ورود و مواصلت حضرت ملک لطرف جناب شیخ عبد القادر أفندیەوە آسایش عموم تأمین کرا (مەبەست کاتی هاتنەوەی شێخ بووە لە هندستانەوە) لپاش مواصلت حضرت ملک و وضعیت مملکت خرایە شکلیکی حکومتیەوە أم شکلە فوق المأمولە لسایەء همت خدا پسندانەء حضرت ملکەوە أمە پینج شش مانگە دوام أکاو لظرفی أم مدتەدا بو ترویج آمال حکومت انگلیز و تشکیلی حکومتیکی کوردیە لیرەوە تعدد هیئت مرخص بو کرکوک و بغداد بو مذاکرە رویشتون و هاتون و أم محیطە دائما بو روژیکی وا یعنی بو تشکیلی

حکومتیکی کوردیه چاوەروانی لطف حکومت انگلیز بون و متمادیا سعی بو أدامەء دوستایەتی حکومت انگلیز کردوە کچی مع التأسف مقابل بم دوستایەتیه حکومت انگلیز أم ملته مظلومه به بوردمان تهدید و تخویف أکا، تی ناگین معنای چیەو لبر چیه عجبا حکومت فخیمه لطرف کوردیکەوە تهدید کرا کە أیرەء تخلیه کرد یاخود مقابل به خوی هیچ قوتیک شک أبا که مدافعەیک بکا؟

اگر غیری حریت و آزادی ملیەء خومان دعوایکي ناحقمان لی واقع بوە باشه، والاّ ژن، مندالّ، فـقیـرو خانوی أم ملتـه گوناهی چیه که بـوردومـان اکری یاخـود حکومت فخیمەء انگلیز له خوین رشتن ام ملته چ أستفادیک أکاتیّ ناگین؟».

مس بیل لە کتێبەکەیدا(٤٥) درۆیەکی ئاشکرای کردووە کە ووتوویەتی:

«شێخ مەحموود لەسەرتای مانگی مارتی ١٩٢٣دا هەر لەخۆیەوە شاری سلێمانیی بەجێ هێشت، وەکو خۆی ئاگاداری ئەو هەڕشانە نەبووبێ کە بە فـڕۆکـە بەسەر سلێمانیدا بۆ شێخ مەحموود بڵاودەکرایەوە وەکو لەپێشتردا باسمان کرد».

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (١٤٨)ی بەرگی یەکەمی یاداشتەکانیا بە دوورو درێژی باسی بەجێ هێشتنی سلێمانیی کردووە لەلایەن شێخ مەحمودەوە لەگەڵ چوونی بۆ ئەشکەوتی جاسەنەو ووتوویەتی(٣):

«شێخ مـەحـمـوود بەرلەوەی سلێمـانی بەجێ بێڵێ شـەوی ١٩٢٣/٣/١ بڕیاری کۆبوونەوەیەکی گشتیی دا لە دانیشتوانی سلێمانی و مأموران لە دیوانی ملکدا کە لەو کۆبوونەیەدا فەرمووی:

هەموو کۆشش و مەرایی و خوێن ڕشتنمان بەرامبەر بە ئینگلیز بێ سوود مایەوە. قلکزدەکانمان (دوور نییە مانای دوژمن یا معارض یا ناحەز بێ) من بە سووچدار دەزانن، منیش تا ئێستە لە ئینگلیز نەگەیشتووم چونکە قسەی ڕاست ناکەن یان نازانن یا تەفرەمان دەدەن و ئێمەیان کردووە بە گۆپاڵی دەستیان بۆ ساغکردنەوەی موصل، نەک بۆ ئێمە یا بۆ عەرەب، بۆ مەرامی خۆیان دەیخەنە سەر بغداد کە بۆ کوژاندنەوەی ناوی کوردە.

ئێوە چی دەفەرموون بیلێن لەگەلتانم؟ چەند کەسێک وەلامیان دایەوە، بەلام حاجی

ئاغـا فـتح الله ووتی: باشـتـرین ڕێگا ئەوەیە لیـژنەیەک بنێرریت بۆ بغـدادو ئەم کارەساتە بخەیتە پێش چاو، تۆش وەکو ئەوان بەڵێن بدەو بەڵێنی تازەو بەبناغەیان لێ وەربگرن (مـەبەست لە ئینگلیـز بووە)، ئەگەر لەم بیـرو باوەڕە نەگەڕانەوە چێ دەکـەیت و چیمان بەسەر دێ با بەسەرمان بێ.

لەسەر ئەوە بڕیار دراو ئەم ناوانە هەڵبژێرران و بە پرۆگرامەوە نێرران بۆ کرکوک و لەوێوە بۆ بغداد (ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا باسی بغدادی نەکردووە بەڵکو ووتوویەتی شێخ قادرو مصطفی یامـوڵکی هاتنە کـرکوک و لە کـرکوکەوە مصطفی یامـوڵکی بە تلگراف پەیوەندیی بە شـێخ مـەحـموودەوە دەکـرد وەکـو لەپێشـدا لەوەی ئـەدمـۆنس دواین).

ئەحمەد خواجا دەڵێ:

ئەوانەی کـە نێرران بریتی بوون لە ١ـ حاجی مصطفی پاشا یامـوڵکی ٢ـ حماغای عبد الرحمن ئاغا ٣ـ عزەت بەگی وەسمان پاشا.

لەدوای ڕۆیشـتنی ئەو لیـژنـەیە، دوو فـڕۆکـە بۆ مـاوەیەک بەسـەر سلێمـانـیـدا سووڕانەوەو ترس و لەرزیان خستە ناو دانیشتوان و شار چۆڵکراو ژن و منداڵ و پیر هەموویان دایانە دەشت و دەرو ژیان تاڵ بوو.

دووبارە کۆبونەوەیەک کراو هەموو لەو کۆبوونەوەیەدا بە یەک دەنگ ووتیان: ئەگەر حکومەتەکەی کوردستان تەنها بریتی بێ لە سلێمانی ئەو بەخشندەییەی ئینگلیزمان ناوێ و دەردمان سووک ناکا.

شێخ مەحمود ووتی: کەوابوو دەبێ بیسێنین، ئێمە هەر خوا یاریدەدەرمانە. بڕیارم دا دەچمە کـرکـوک و بە بازوو گـیـانی کـورد کـرکـوک دەخـەمە سـەر کـوردسـتـان و نەخشەی هەموو کوردستانی جنوبی بەگێتیدا بڵاودەکەمەوە.

تۆڵەی ئەو بۆمـبـایەی کـە ئـەو خـێزانە بێچـارەو هەژارەی پـارچە پارچە کـرد دەبێ بسێنرێتـەوە، بەڵام بناغەی سەرکەوتنی کورد یەکێتییە.دانیشتوان بەڵێنیان دا کە بە سەرو ماڵەوە ئامادەن.

شەوی ٢-١٩٢٣/٣/٣ بڕیار درا بۆ پارێزگاریی سلێمانی و گیانی دانیشتوان لە

*بۆمبای ئینگلیز سلێمانی بەجێ بهێڵرێ.*

*شێخ مەحموود سەعات (٩)ی پاش نیوەڕۆ (سەعاتی عەرەبی) سواری وولاغەکەی بوو و فەرمووی:*

ما بعزم أين سفر پا أزميان برداشتيم

تاكه زنگ كفررا أز كردستان برداشتيم

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا تەنها ئەو دێڕەی بڵاوکردۆتەوە بەڵام من ئەو شعرەم بە چەند شێوەیەک بیستووە کە ئەمەی خوارەوە دوو چوارخشتەکیی ئەو شعریە:

تخم زحمت در ره دين، در دل و جان كاشتيم

در فلك نوک علم در يک زمان أفراشتيم

چون به عزم أين سفر پا أزميان برداشتيم

دست أزجاه و جلال و خان و مان برداشتيم

★ ★ ★

بارها بر لشكر بر خواه كفار تاختم

جايى أستحكام أيشان منزل خود ساختم

در ره دين پرورى هم مال و هم جان باختم

تاز كردستان غبار كفر أز آن برداشتيم

لە گفت و گویەکما لەگەڵ شێخ بابا علی شێخ مەحموود دەربارەی ئەو خێزانانەی بە هۆی ئەو هەڕەشەو بۆردومانی فڕۆکانەوە لە سلێمانی کرا فەرمووی:

«دوای ئەوەی باوکم بڕیاری دا سلێمانی بەجێ بێڵێت و روو بکاتە ئەشکەوتی جاسەنە بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست ئینگلیزەکان و بە فڕۆکە ناوشار وێران بکەن، ئەو خێزانانەی کە ترسیان هەبوو ئینگلیزەکان تاوانیان بەرامبەر بکەن سلێمانییان

بەجێ هێشت و هەر تاقمە رووی کردە شوێنێک و جارێکی تریش خێزانەکانی شێخان و خزمان و ناسیاو و دەست و پێوەند بارمان پێچایەوەو روومان کردە ناوچەی (دزلی) لە هەورامان و لە هەواری (هانە ساوا) ماینەوە هەتا ئینگلیزەکان جارێکی تر سلێمانییان بەجێ هێشت و ئەوسا گەڕاینەوە (وەکو لە باسێکی داهاتوودا لێی دەدوێین ئینگلیزەکان لە ١٩٢٣/٦/١٧دا سلێمانییان بەجێ هێشت و شۆڕشگێڕانی کورد کە پێشڕەوەکەی کەریمی فتاح بەگی هەموەند بوو لە ١١/تموزدا دووبارە گەڕایەوە بۆ سلێمانی).

مس بیل لە نامەکانیا دەربارەی ئەو رۆژانەی کە شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشتبوو دەڵێ(٥٥):

*«ناوچەی رواندز هێشتا تورکی لێ مابوو، خەریکی پڕۆپاگاندە بوون دژی ئێمە لەناو کوردەکانا، بۆ بنەبڕکردنی ئەوە دە رۆژ بەر لە کۆبوونەوەی لۆزان دوو هێزی ئینگلیز رووی کردە رواندزو لە ١٩٢٣/٤/٢٢دا رواندز لە یوزدەمیر سێنرایەوەو سید طەی شەمزینیمان کرد بە قائمقامی رواندز(سەیر ئەوەیە سید طە لە پالیوراویی حوکمدارییەوەو لەو هەموو مەرجانەی کە ساتی خۆی بۆ ئینگلیزەکانی دانابوو کە حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە کوردستانی ئێران و عێراقدا پێک بێت وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمان کرد کەچی بە قائمقامییەتی رواندز رازی بووە کە ئەوە بو لەپێشدا ئەو بەیانەی کە شێخ مەحموود بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سید طە بڵاوی کردبووەوە دەقی ئەوەمان بڵاوکردەوە).*

مس بیل لە کتێبەکەیدا دەڵێ:

*سید طە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمەو بۆ عێراق چونکە بە هۆی زۆرکردنی ژمارەی هێزی لیڤییەوە توانرا دەسەڵاتی تورکەکان لەو ناوچانەدا کز بکرێ».*

ئەدمۆنس دەربارەی دوای چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەڵێ(٤٥):

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود سلێمانیی لە ١٩٢٣/٣/٤دا بەجێ هێشت هەر جارەی شتێکمان دەبیست و بۆ دواجار بیستمان لە سورداش لە نزیکی جاسەنە دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی باج لەسەر چنارو شارباژێردا، بەڵام بەداخەوە بیستم دوو*

دۆستی کۆنمان ڕەزا بەگ و ئەورحمان ئاغای ژن برای ڕەزا بەگ لەگەڵ تاقمێکدا کە لەگەڵ شێخ مەحموودان هەرەشەیان لە بازرگانەکان کردووەو پارەیان لێ دەسێنن. فرۆکەکانمان بەسەر سورداشدا فڕین و جاسەنەمان بۆردومان کردو لەولاشەوە ئەمینی ڕشید ئاغای هەموند کە زۆر ڕقی لە کریم بەگی فتاح بەگی هەموند بوو کردمان بە قائمقامی چەم چماڵ.

لە ۱۹۲۳/۳/۲۲دا سێر هنری دوبس هاتە کرکوک و ڕۆژی دوایی پێکەوە چووینە هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ (زید)ی برا بچووکی ملک فیصل کە لەو ڕۆژەدا نێررابوو بۆ موصل یەکتر ببینین کە زید بۆ ئەوە نێررابوو عەرەبەکانی ئەو ناوچانە دژی تورکەکان هان بداو لەوێوە چوومە کۆیسنجق و سێر جون سالموند بە فرۆکە هاتە کۆیە.

لە ۱۷/ی نیساندا چوومە (سەرخمە)و لە ۱۹۲۳/٤/۲۲دا ڕواندزمان گرت. فیصل و سەرۆک وەزیران و متصرفی هەولێرو کورنوالیس و بوردیللون و کاپتن لاین دەیانویست فەرمانبەرێکی ئاسایی بکرێ بە قائمقامی ڕواندز بەڵام هنری دوبس مندوبی سامی لەگەڵ سەرکردەی هێزی ئاسمانیدا دەیانویست سید طە بکرێ بە قائمقام من و سێر پرسی کۆکس لەو باوەڕەدا بووین هەتا ئەو ڕێکخراوەی شێخ مەحموود لە جاسەنەدا پێکی هێنابوو تێک نەدرێ کرکوک ئارام و ئاسایشی تیادا نابێ لەگەڵ ئەوەشدا کە توانیبوومان تورکەکان لە ڕواندز دەربکەین.

لە ۱۹۲۳/٥/٥دا بڕیاری عملیاتی هێزی ئاسمانی دەرچوو وە بڕیار درا ئەو ڕەتلەی لە کۆیە بوو بەرەو شاری سلێمانی بڕواو داگیری بکا. لە ۱۹۲۳/٥/۸دا بەیانێک بەسەر خەڵکی سلێمانیدا بڵاوکرایەوە».

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ(٤٥):

«دەربارەی بەڕێوەبردنی کارو باری سلێمانی لەنێوانی مندوبی سامی و کاربەدستانی عراقدا هەندێ بۆچوونی جیاوازو لەیەک نەچوو هەبوو:

هنری دوبس مندوبی سامی لای وابوو کە هیچ جۆرە ئاسایش و ئارامییەک بەرپا نابێت هەتا شێخ مەحموود ئازادو بەرەڵڵا بێ، بۆیە ئەگەر نەکوژرێ یا نەگیرێ

چاک وایە جۆرە ڕێکەوتنێکی لەگەڵا ساز بکرێ، بەڵام حکومەتی عراق گوێی نەدایەو ئەو بەیانە دووقۆڵییەی کە لە ساڵی ١٩٢٢دا دەرچووبوو پشت گوێی خست و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەر ئیدارەیەک لە سلێمانیدا پێک بێت دەبێ یەکسەر ببەسرێ بە بغدادەوە کە ئەمە شتێکی وا ئاسان نەبوو کە سەرکردە کوردەکان بەوە ڕازی بن.

ئەوەی من و هنری دوبس بۆی چووبووین بە شتێکی ڕاستم زانی دوای ئەوەی تاقیکردنەوەی ماوەی ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢ خراپە بەرچاو لەبەر ئەوە لام وابوو هەر جۆرە ڕێکەوتنێک لەگەڵ شێخ مەحموودا دەمانباتەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو، لەبەر ئەوە چارەسەرێکی مام ناوەندیم خستە پێش چاو بۆ ئەوەی کوردە معتدلەکان بەوە ڕازی بن کە بریتی بوو لە سازکردنی ئیدارەیەکی (شبە ذاتی) بەڵام ناوەڕۆکەکەی وەکو ئەوە نەبێ کە لە بەیانە دووقۆڵییەکەوە دەسنیشان کرابوو.

شێخ مەحموود لە هەوڵ و تەقەلای ناوچەی پژدەردا سەر نەکەوت کە شێخ مەحموود هێزێکی نزیک (٦٠٠) کەسێکی هەبوو بە سەرکردایەتیی صالح زکی صاحبقران و لەڕاستیدا بابکری سلیم ئاغا دەورێکی زۆر گرنگی هەبوو لە سەرنەگرتنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی شێخ مەحموودا. لە چم چماڵ ئەمینی ڕشید ئاغای هەموندو موشیری حمەی سلیمان کە هەردووکیان کۆنە دۆستم بوون ئاگاداریان کردم کە شاخ و گردەکانی ناوچەکەیان زۆر قایم نین بۆ خۆتیاحەشاردان. لە گوندی (گاوە) کە (١٢) میل دوورە لە سلێمانی، کە لە تاسلوجە بووین نامەیەکی شێخ مەحموودمان پێ گەیشت کە لە ١٩٢٣/٥/١٤دا نووسرابوو داوای کردبوو بە ئامر ڕەتلی کرکوک بڵێین کە هەوڵ نەدا لە چم چماڵەوە بەرەو پێشەوە بێت، لە هەمان ڕۆژدا شێخ مەحموود لە جاسەنەوە ڕووی کردبووە سلێمانی بۆ ئەوەی دەورو پشتی شار بپارێزێت بەڵام کە شێخ پێی زانی ئێمە گەیشتووینەتە نزیکی سلێمانی ئیتر خۆی کێشایەوە بۆ ماوەت و شارباژێر کە دیاربوو دەیویست لەوێوە بگاتە سەر سنووری ئێران.

لە ١٩٢٣/٥/١٦دا چووینە سەرچنارو لەوێوە بە هۆی فڕۆکەوە بەیاننامەیەکمان بە فڕۆکە بەسەر سلێمانیدا بڵاوکردەوە (مانای ئەوە بووە تا ئەو کاتە هێشتا سلێمانی

هێزی ئینگلیزی تیا نەبووە)و داوامان لە ئەشرافەکان کرد بێنە سەرچنار، (فنسنت) رۆژێک لە سەرچنار مایەوە لەوێوە رووی کردە سورداش و چووە (مەرگە) بۆ تأدیبی عەشیرەتی (شیلانە) کە زۆر چالاک بوون بۆ هێرش بردنە سەر رەتلەکەمان لە رانیە.

من چوومە ناو سلێمانی و کارو باری پۆلیسم رێکخست بە سەرکردایەتیی مدیری پۆلیسی پێشوو وە ئەحمەد بەگی توفیق بەگ کرا بە سەرپەرشتیکەری گشتیی هەموو دائرەکان و شێخ قادری برای شێخ مەحموود کرا بە لێپرسراوی ئەمن و ئاسایش (شێخ قادر لەو ماوەیەدا بە هۆی حەپسخانی ژنییەوە لەگەڵ شێخ مەحموودا تێک چووبوو)، خانووی قوتابخانەی ثانوی (ئەعدادی) کە پێی دەوترا (دائرەی سیاسی) کردم بە بارەگاو بنکەی خۆم کە چوومە ناو قوتابخانەکەوە چەند وێنەیەکی شێخ مەحموودم دی لەگەڵ بەیداغێکی کوردیداو تاجێک بەسەر نووکی بەیداغەکەوە چەسپێنرابوو کە نیشانەی بەیداغی ملکی بوو وە ئەو بەیداغە جیاواز بوو لە بەیداغەکانی تر.

لە ١٩٢٣/٥/١٧دا دوو تاقم چەکدار لەوانەی سەر بە شێخ بوون هاتنە سەرچنارو خۆیان تسلیم کرد دوای ئەوەی شێخ مەحموود جاسەنەی بەجێ هێشت چووینە جاسەنە کە بنکەی شێخ مەحموود بوو لەوێ قەرەوێڵەیەکی ئاسنی لێ بوو کە جێی نوستنی شێخ بوو لەگەڵ چەند کورسییەک و دوو بەیداغی ملکی لێ بوو لەگەڵ جهازێکی تلفۆن کە شێخ مەحموود لەوێوە پەیوەندیی بە (شێخ باخ)و (قەمچۆغە)و (دوکان)ەوە دەکرد، لەو کاتەدا بایز ئاغای هنجیرەی پژدەری کە دوژمنی ئێمە بوو وازی لە تاقمی عباس ئاغای پژدەر هێنا کە سەر بە شێخ مەحموود بوو چووە پاڵ بابکری سلیم ئاغا کە لە ناوچەی (مەرگە)دا بوو.

بۆ بۆردومان کردنی هێزەکانی شێخ (ترصدات)ی فرۆکەمان نەبوو لە (جنفاص - گونیە) بە رەنگی سپی و رەش نیشانەی شوێنەکانی پێ دەکراو ئامری هێزی رەتل لە ناوچەکەدا بڕیاری دا لە هەر شوێنێکدا تەقە لە هێزەکەی بکرێ ئاژاڵ و مەڕو ماڵاتی ئەو شوێنە دەستی بەسەرا بگرێ و گوندەکە بسووتێنێت.

لە ناوچەی قەڵادزەدا بە فرۆکە نامەیەکم فڕێدایە خوارەوە بۆ بابکری سلێم ئاغا کە

بچێته (سەرسیان)و کە هاتە سەرسیان داوام لە بابکر ئاغا کرد ڕێگا نەدا بە شێخ مەحموود خۆی بگەیەنێتە ناوچەی ڕواندز (وەکو مس بیل و ئەدمۆنس باسیان کردبوو ڕواندزیان لە ۲۲/٤/۱۹۲۳دا گرتبوو).

لە ۲۸/٥/۱۹۲۳دا چوونە سلێمانی و لەوێ بۆمان دەرکەوت کە شێخ مەحموود چۆتە (پیران) کە دوو میل دووره لە سنووری ئێران و (۱۰) میل دووره لە پێنجوین.

لە ۲۹/٥/دا عبد المحسن السعدون بە فرۆکە هاتە سلێمانی کە صبیح بەگی ئەمین عاصمەی لەگەڵا بوو کە یەکێک بوو لە کوردەکانی هەولێر هەروەها (کورنوالیس)یش هاتبوو.

لە۲/٦/۱۹۲۳دا مندوبی سامی هاتە سلێمانی و لەوێ هەندێ ڕاسپاردە بۆ کوردەکان دانرا، بەڵام هیچ نەکراو ئەوەش تەنها بۆ هێمن کردنەوەی هەستی کوردەکان بوو.

لە ١٤/٦/١٩٢٣دا ئەندامانی مجلسی لیوای سلێمانی استقالەیان کردو نزیکی (۲۰۰) کەس دوای ئەوەی کە زانییان هێزەکانمان لە سلێمانیدا نامێننەوە، ئەوانە لەترسا شاری سلێمانییان بەجێ هێشت و چوونە کرکوک و لەرێگا هەموندەکان هەندێکیان تالآن کردن کە ئەمینی رشید ئاغای قائمقام (کە ئینگلیزەکان خۆیان دایان نابوو) دەستی هەبوو لەو تالآنکردنەدا لەبەر ئەوە خۆی و (۱۸) کەسم لە خزم و کەس و کاری گرت.

لە هەڵەبجە ئەحمەد موختار جاف کرا بە قائمقام (دیارە دوای دەربازبوونی بووە لە جاسەنە)و حامد بەگی جاف کرا بە یارمەتیدەری قائمقام کە وەکیلی کریم بەگی جاف بوو.

بۆ ئەوەی شێخ مەحموود هیچ دەسەڵات و توانایەکی لە پژدەرو ماوەتدا نەبێ ئعتمادمان کردە سەر بابکری سلیم ئاغای پژدەرو پارەو یارمەتیمان بۆ تەرخان کرد».

لۆنگریکیش لە کتێبەکەیدا (٤٣) هەر وەکو ئەدمۆنس هەردووکیان لە کتێبەکەیانا باسی چۆنیەتیی داگیرکردنی ڕواندزیان کردووە کە ووتوویانە: مندوبی سامی بە

تلگرافی ژمــاره (١٨٨) رۆژی ١٩٢٣/٤/٦ دەربارەی داگــیــرکــردنی رواندز ووتوویەتی:

*«بەو عملیاتە عسکرییەی کە دەستمان پێ کرد ئومێد دەکەین دەس بگرین بەسەر ئەو کوردانەدا کە مل کەچ ناکەن بۆ سیاستی ئێمە».*

لەدوای شەش مانگ بەسەر ئەو تلگرافەی مندوبی سامیدا لە ١٩٢٣/١٠/١دا تلگرافێکی تری نارد بۆ وەزیری مستعمرات کە ژمارەکەی (٥٤٣) بووە ووتبووی:

*«وا بزانم باشترو ئاسانتر شت ئەوەیە کە کێشەکانمان لەگەڵ تورکەکاندا بەوە چارەسەر بکەین ئەگەر بێت و تورکەکان لەوە دڵنیا بکەین کە ظروف گۆڕراوەو باسی سەربەخۆیی کورد بەپێی پەیمانی سیڤەر وازی لێ هێنراوەو ئێستە هەوڵی ئەوە دەدەین هەموو ناوچە کوردییەکان بخەینە سەر عراق».*

شێخ رەئفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی داگیرکردنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەڵێ(٢١):

*«کە ئینگلیزەکان هاتنە ناو سلێمانییەوە پاش ئەوەی شێخ مەحموود رووی کردە ئەشکەوتی جاسەنە، نۆکەرو بەکرێ گیراوەکانی ئینگلیز لە سلێمانیدا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگاندەو درۆ و دەلەسە دژی شێخ مەحموودو بڵاویان دەکردەوە کە شێخ مەحموود بووبوو بە هوی ئەوەی کورد سەربەخۆیی لەکیس بچێت و ئەگەر شێخ مەحموود نەمێنێت کورد مافی خۆی دەسگیر دەبێت و هەندێ مرۆڤی ساویلکە بەو قسانە بڕوایان کردبوو، یەکێک لەوانەی کە باوکم گرتی و بردی بۆ ئەشکەوتی جاسەنە (ئەحمەد موختاری جاف بوو کە باوکم گرتی و بردییە لای خۆی و لەوێ رێزی لێ گرت بەڵام لەدواییدا رای کردو چووە پاڵ ئینگلیزەکان و کردیان بە قائمقامی هەڵەبجەو حامد بەگی جافیشیان کرد بە معاونی قائمقامی هەڵەبجە».*

ئەوەی شایانی باسە کە ئەحمەد بەگی موختار لە ئەشکەوتی جاسەنە دەبێ و دەس بەسەر دەبێ شعرێکی بۆ شێخ مەحموود ووتووە کە دەڵێ:

*سەبا عەرزی خلووصي و بەندەگیم و هەم دوعا خوانی*

*ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سلیمانی*

بلێ قوربانی تۆیم، ئەی صلاح الدینی ئەیوبي

به زوری پەنجە وەک حەیدەر، بە سیما یوسفی ثانی

لە دەست کافر نەجاتمان بوو، بحمد الله و (المنّه)

لە سایەی دەست و تیغ و هیمەتی تۆ، شێری یەزدانی

خوداوەندا بە لوتفی خۆت لە چاوی بەد بە دوو ریکەی

بە جاهی سەیدی مورسەل، بە روحي شاهی گەیلانی

لەپاش ئەم ئیحتراماتە، بلێ بەو شاهی دەورانە

چ جورمیکی هەیە (ئەحمەد) ، کە کردوتە بە زیندانی

ئەگەر شایەد لە خزمەتتا خراپەی ئەو بوە ثابت

بە لوتفی خۆت عەفووی کە، چونکە هەر خۆت ساحیب أحسانی

کە جورمیکی نیە تا کەی لە حەپسا دابنیشێ قوربان

لە تەنهایي لە فکری چۆتەوە ئادابي أنسانی

ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرموی، حازرە یاخود

مولک تأمین ئەکا سەد جار بە ئایین و بە ئیمانی

هەتا مردن وەکو بەندە لە خزمەت شاهی کوردستان

حەیاتی خوی فیداکا بۆ هەمو ئەمریک و فەرمانی

من ئەم حەپسیەم لەلا فەخرە، بە شەرتی سەروەری کوردان

لە حەق ئەم بەندە یەی خۆیە، بمێنێ لوتفی جاراني

بە زاتی پاکی بێ هەمتا، بە نووری ئەحمەدی مورسەل

جەنابت سویند ئەدەم قوربان بە گشت ئایاتی قورئانی

بە لوتف و مەرحەمەت ئەم بەندەیەی خۆتە عەفوو فەرموو

ئەتۆ صرفی نەزەر فەرموو، لەم جۆرە سەهوو نسیاني

لە لوتفی تۆ زیاتر هیچ پەناهیکی نیە موختار

بەکاری هیچ نەهاتن دوستەکان و خزم و خوێشانی

کە شێخ مەحموود چووە ئەشکەوتی جاسەنەو کردی بە بارەگاو بنکەی خۆی ئینگلیزەکان بۆ چاوترساندنی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کە شێخ مەحموودی لێ بوو لە سورداش ئەم بەیانەی خوارەوەیان بە فڕۆکە بۆ دانیشتوانی ئەو دێهاتانە بڵاوکردەوە (کە ئەمەی خوارەوە فۆتۆکۆپیی ئەو بەیانەیە):

اعلان

لەایوەچاك معلوم بووەکە شیخ محمود بوبە سبب چند کاری خراب لبر اوەکە حکومتیش امریکی دایە بیت بولای حکومتوە الماعت او امرەی نکرد .
وایستا لەایووە چاك معلوم بی وهموکس بزانی ایرو جزا هاتووە سرایوە لەرامەیە کەخبر ووکیراوە کەلەدی ایووەپنهانی شیخ محمود دراوە ویاخود هرچی نوع امدادتان بە شیخ محمود داوە

وەام جزایە لەدراوە بوهموکس قسمت ابیتکە هرچی نوع امداد اکن بوشیخ محمود دخالت اکا بەحکومت وبولای حکومتدیت وهروها ابیت فقط ایرو جز اسوکە اکر و[illegible] تجاوز بکن جزای زور قورس ابیتن.

## ڕۆژنامەی (بانگ حق) لە ئەشکەوتی جاسەنە:

کە شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشت ئەو چاپخانەیەی کە ڕۆژنامەی (ڕوژ کوردستان)ی پێ چاپ دەکرد لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەشکەوتی جاسەنەو لەوێ خستییە کارو ڕۆژنامەی (بانگ حق)ی پێ دەرکرد.

بەرلەوەی یەکەم ژمارەی بانگی حق دەربچێت شێخ مەحموود بەو چاپخانەیە بەیانی ژمارە (١)ی چاپ کردو بڵاوی کردەوە کە لێی نووسراوە ژمارە (١) ساڵی ١٩٢٣ی ٨/مارتی/١٣٣٩ی رومی کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بەیانەیە کە لە ژمارە (١)ی بانگی حقی ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٢٨دا لە یەکەم لاپەڕەیدا ئیشارەتی بۆ ئەو بەیانە کردووە.

١- پینج مانگ لەم أو پیش بە ناوی عموم کوردستان جنوبی بو تشکیل حکومتیکی کورد (حکومت انگلترە لەسر هیجان و فعالیت عشائر مجبوریتیکی حس کرد. لە سلیمانی دست کرا بە تشبثات و تشکیلات حکومت کوردستان لەگل مشاورین و مأمورین انگلیزدا دوورو دریژ کوتینە مذاکرەوە لەبر أوەی کە...(بەداخەوە ئەو ووشەیە ناخوێنرێتەوە)... وقیام عشائر بە تشکیل حکومت سلیمانی مبدل سکوت واسایش بو، انگلیز دستی کرد بە بهانە گرتن. لە وعدو میثاق خوی نکولی کرد. گلی (گەلی) مشکلات و افسادات هینایە میدان. لاکن ایمە لە حسن نیت لامان ندا لبر اوەی کە بە شکلیکی مستحسن استقلال و سربخوي کورد استحصال بکری. لە اثنای مذاکرەدا مقابل مطالبات و بیانوی انگلیز کلی متانت فداکاریمان ابراز کرد.

لاکن مع الاسف حسن نیت و فیداکاری ایمە هیچ نتیجە بخش نەبو. نهایت بە بی وسیلە، بە بی ایجاب بە طیارە اهل شار سلیمانی تهدید کرد.


تشکیلات ملیەی ایمەی بە بەیان نامەی خوی رسما اخلال کرد. بو أفسادو اخلال کلی سعی و کوشش کرد. فقط قوم نجیب کرد کە بە رأی و تنسیب خویان منیان بە (رئیس و ملک) خویان انتخاب و قبول کردبو بەم افسادات و اخلالاتە اغفال نەبون. بو درچونی من لە سلیمانی انگلیز اهالیان بە طیارە تهدید کرد. اشراف و اهالی مملکت درچونی ایمەیان موافق و جائز نەبینی. مدەتیک لەسر ماکنەء تلغراف خانە استرحام بقای منیان کرد و لەژیر ریاست شیخ قادر افندی چو بو کرکوک. لاکن انگلیز بە بەهانە بو هیچ گوی ندایە ام استرحامات و مدافعاتە. او روژە کە هیئتمان گیشتە کرکوک مع الاسف بو درچونی من و تیکدان ادارەی ملیەی کوردستان انگلیز أصراری کرد. بە طیارە هاتنە سر شاری سلیمانی بە بومبای نهایت سستمم مملکتیان بودرومان کرد. بەم بوردومانە گلی خانو خراپ بعض کس مال ویران بون گلی مندال و عیال بی دەستەلات و معصوم تلف بون. أم وەحشتە، بلی أم تجاوزە کە بو أم اهالی یە بی گناهە و بی مدافعەیە روا بینراوە ألبت بی جزا نامێنی. عالم مدنیت و انسانیت حسابی امە دپرسي (غیرت الله) دیتە غلیان.

۲. ام وحشته ام ظلم و أعتسافه حقیقتا مربوطیت و صداقت اشراف و اهالی تأیید کرد لاکن من استراحت و سلامت مملکتم ترجیح کرد. لەبر أوەی کە انگلیز وضع بودرمان اهالی بی گناه بکا لە میانه فغان و وداع اشراف و اهالی مملکت لە شار درچوم. بو سلامت اهل و مال و مندال شار سلیمانی قصبەم موقتا ترک کرد اوردوی کوردستان بە قوماندان و هیئت ظابطان و أفرادیەوە رفاقت ایمەیان ترجیج کرد. امانه لەگل عشائر و افراد ملت کورد بو مدافعە و استحصال حریت و استقلالیت کوردستان هتا روح لە بدنیانا مابی دوام مجاهدە و مدافعە دکن خوا معین و دستگوی همو چاکان بی.

۳. مقصدم لەگل کسدا شر کردن نیە، مخالفت حق کس ناکم لاکن بو حقوق مشروعەی ملت کورد تجاوز کسیش روا نابینم. او ظابطان و افرادەی خبریان نەبوە ولە سلیمانی درنچون هەتا یانزەی مانگی مارت التحاق ایمە بکن. اوانەی کە لەسر تشویق و اغفال بعض مفسدین لە قطعەی خویان جوی بونەوە دوبارە هتا یانزەی مارتی ۱۳۳۹ اگر بین و التحاقمان بکەن لە سزا عفویان دکم.

٤. اوانەی کە عسکرن و مأمور عسکرین و اوانەی خویان بە مسلمان و کورد حساب دکن بەبی أمری من هیچ خدمتیک و هیچ مأموریتیک قبول نەکن زیرا من بە أنتخاب و رأی عموم روءساو افراد ملت کورد بە ملک کوردستان قبول کراوم هتا اوردوی کوردستان (بعون و عنایت باری) مظفرا داخل شار سلیمانی دبی بو منفعت انگلیز و بو تشویق مفسدین هر کس مأموریت قبول بکا بە قراری شورای ملت بلا استثنا جزای اعدامە. او عسکرانە او ظابطانەی ماونەوە هتا یانزەی مارت ۱۳۳۹ التحاق اوردو نکن بە قرار دیوان حرب عسکری غیابا حکم اعدامیان دراوە. أهل شارو درەوە دبی بە همو شورای ملت امر دکم. مخالف ام قرارە هر کس حرکت بکا دعوتی حرکتیان تسهیل بکا و بو درکردنی انگلیز سعی و مجاهدە نکا لەپاش تحقیقات کە تبیّنی کرد بە قرار شورای ملت حکم اعدام ددری «فمن یعمل مثال ذرە خیرا یرە و من یعمل مثال ذرە شرا یرە»

باش قوماندان و ملک کوردستان/ محمود




دوکتۆر کمال فوئاد لە (گۆڤاری پرشنگ)ی ساڵی ۱۹۸٥دا کە لە برلینی رۆژئاوا دەرچووە باسێکی دوورو درێژی نووسیوە دەربارەی رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموودو باسێکی تێرو تەسەلی دەربارەی رۆژنامەی (بانگ حق) بلاوکردۆتەوە. دوکتۆر کمال لەو باسەیدا دەڵێ(٦٣):

*«ئەگەر رۆژنامەی کوردستان کە لە ۱۸۹۸/٤/۲۲دا لە شاری قاهرە دەرچووە بە یەکەم رۆژنامەی کوردی بژمێررێ، ئەوا رۆژنامەی (بانگ حق) بە یەکەمین رۆژنامە دەژمێررێ کە لەلایەن سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی چەکداریی کوردەوە بلاوکرابێتەوە.*

*لەدوای ئەوەی شێخ مەحموود لەسەرەتای مانگی مارتی ۱۹۲۳دا سلێمانیی بەجێ هێشت لەلایەن قرارگاهی عمومی ئوردوی (بارەگای گشتیی لەشکر)ی کوردستانەوە*

له ئەشکەوتەکەی جاسەنە نزیک سورداش رۆژنامەی بانگ حق چاپ کراوە.

ئەو رۆژنامـەیە تەنهـا (٣) ژمـارەی لیٚ دەرچووەو ئیٚمە ئیٚستـا تەنهـا ژمـارە (١و ٣)مان بە چاپکراوی لەبەر دەستدایە، ژمارە (٢)ی هەر بە دەسنووس ماوەتەوە وەک لە ووتارێکی ئەدمۆنسدا دەردەکەویٚ ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەو ژمارەکانی رۆژنامەی (روژ کوردستـان) لە کتـێبـخانەی زانستگای کـمبردج لە ئینگلتـرە دانراون (ئەو ووتارەی ئەدمـۆنس کـە دوکتـۆر کـمال فـوءاد لە باسـەکـەیدا بلاٚوی کـردۆتەوە لەلایەن ئەدمـۆنسـەوە لە سـالّی ١٩٢٥دا بەم ناوەی خـوارەوەو لەم گـۆڤـارەی خـوارەوەدا بلاٚوکراوەتەوە:

A Kurdish newspaper "Rozhi Kurdistan" journal of the Central Asian Society part vol. XII part I page 89-90, London 1925

یەکەم ژمارەی بانگی حق وەکو لە فۆتۆکۆپییەکەشیدا دیارە لە ١٩٢٣/٣/٢٨دا بە دوو لاپەڕەی قەوارە (٢١x٣٣سم) دەرچووە.

لە لاپەڕە (١)دا بە پیـتی گـەورە نووسـراوە: بانگ حق وە لە تەنیـشـتی راست و چەپیا نووسـراوە تأریخ تأسـیسی: ٢٨/مـارت/١٩٢٣ (١٣٣٩ رومی)و بۆ هەمـوو شتـێک مراجعت بە قـرارگـهی عـمومـی دەکریٚت وە لەژێر بانگ حقدا ئەو دروشـمـە نووسراوە:

ناشکی بە طوپ و بومبا سر فرازە بانگ حق

سـیـاسی، أدبی، أجتـمـاعـی، غزتـەیکی رسـمیـە لە قـرارگـاهی عـمـومی أردوی کوردستان طبع دکری، غایەو أملی أستحصالی حقوق کوردانە.

وەکو دوکتۆر کمال فوءاد باسی کردووە ژمارە (١)ی بانگی حق هەمووی بریتـییە لە یەک ووتار کە بریتـییە لە روونکردنەوەو هەوالّ زاگەیاندن کە بە (٧) فـقرە باسی ئەوەی کـردووە کـە چۆن ئینگلیـزەکـان درۆیان لەگـەلّ کـوردا کـردبوو، چۆن لە بەڵێنەکـانیـان پاشگەزبوونەوەو لە کـۆتاییـدا دەلّیٚ: لە ئەنجـامـدا هەرچۆنیٚک بیٚ، سەرکەوتن هەر بۆ کورد دەبیٚ.

ژمـارە (٢)ی بانگی حق وەکـو دکـتـۆر کـمال فـوءاد باسی کـردووە، ئەدمۆنس لەو ووتارەیدا ووتوویەتی ژمـارە (٢) بـە چاپ نەکـراوی موسـوەدەکـەی هەر وەکـو خـۆی

*مـاوەتەوە چونکە بەڕێوەبەری چاپخـانەکـە داوای ئیمـزای نووسـەری ووتارەکـان و ڕەزامـەندیی شێخ مـەحمـوودی کردووەو ئەدمۆنس دەڵێ: ناوەڕۆکی ئەو ژمـارەیەش لە ناوەڕۆکی ژمارە (١) دەچێت.*

*ژمـارە (٣)ی بانگی حق ڕۆژی پێنج شـەمەی ڕێکەوتی ١٩٢٣/٤/١٢ دەرچووە کە لەلاپەڕەی یەکـەمیدا تعلیماتی تیادایە بۆ قۆماندانی مفرەزەی هەشتەمی پیادەو لە لاپەڕە (٢)دا دەڵێ: (ئەم تعلیمـاتە بۆ هەیئـەتی مـودافـعـەی مـیللیـیـە) کـە بە (١.)فقرە ئەو تعلیماتە بە ناوی (محمود... باش قۆماندان و ملکی کوردستـانەوە بلاوکراوەتەوە».*

دوای ئەوەی بە زەبری فڕۆکەی ئینگلیز شێخ ناچار کرا ئەشکەوتی جاسەنە بەجێ بێڵێت ئیتر نەیتوانی چاپخانەکە لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ شارباژێرو ئینگلیزەکـان جاسەنەیان گرت و چاپخانەکەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی و لە سلێمـانی تەنها یەک ژمـارەیان بە ناوی ڕۆژنامـەی بانگ کردستـان ژمـارە (١٤) دەرکرد وەکو لەپێشدا باسمان کرد. ئەو ژمارەیە چەند مقالەو باسێکی تیادایە کە زۆریان بە شان و باهووی ئینگلیزدا هەڵیان داوە. لە یەکێک لەو مقالانەدا دەڵێ:

*«ئینگلیـز دەوڵەمـەندەو لەبەر چاوچنۆکی چاوی نەبڕیوەتە کـوردستـان و کـورد لە ئینگلیزی باشتر دەست ناکەوێ کە بیکا بە دۆستی خۆی.*

*هەر لەو ژمارەیەدا باسی هاتنی عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانی تیایە بۆ سلێمـانی لەگەڵ صبیح افندی بەگی ئەمینی عاصمەو کونوالیس کە موستـەشاری وەزارەتی ناوخۆ بووە لە ڕۆژی ١٩٢٣/٥/٢٩دا کە بە فڕۆکـە چوونەتە سلێمـانی و سەرۆک وەزیرانی سلاوی ملک فیصلی گەیاندووە بە دانیشتوانی سلێمـانی و باسی ئەوەی کـردووە کە مـصطفی پاشا یامولکی ستـایشی ئینگلیـزی کـردووە کـە چۆن خزمـەتی کـوردی کـردووەو باسی ئەوەی کـردووە کـە لەو کۆبوونەوەیەدا تاقـمێک لە بازرگـانەکـان و هەندێ سەرۆک عەشیـرەتی ناوچەکە مەزبەتەیەکیـان داوە بە سـەرۆک وەزیران».*

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووەمی یاداشتەکانیا دەربارەی ئاوارەبوون و چۆنیـەتیی

چوونی هێزەکانی شێخ مەحموود بۆ جاسەنە دەڵێ:
«نزیکی پێنج هەزار چەکدار سلێمانییان بەجێ هێشت و بەرلەوە ژن و منداڵ و خەڵک لەترسی بۆمبای ئینگلیز سلێمانییان جێ هێشت و بەملاو لادا بلاوبوونەوە. بۆ پاراستنی ئاسایش و ماڵ و کەل و پەلی خەڵک ئەوانەی کە بەناچاری سلێمانییان بەجێ هێشتبوو نزیکی (۱۷۰۰) چەکدار لەژێر فەرماندەی (سید رضا)و (سید روءف)و یونس عبد القادرا لە سلێمانی هێڵرانەوە.
سەرەتای ئەو سوپایەی کە سلێمانیی بەجێ هێشت و رووی کردە سورداش، لەرێگا کە سوپا گەیشتە (هەناران) شێخ پرسی: کوا توفیق وەهبی، دیار نییە؟ ووتیان بە شەو چوو بۆ هەڵەبجەو دیارە لەوێوە خۆی دەرباز کردووە... شەو گەیشتینە (قزلەر)و هێزەکە بوو بە سێ بەشەوە:
۱- بەشی (شەدەڵە) بۆ (بارەگاە) ۲- بەشی (قزلەر) بۆ (فەرماندەی سوپا) کە صالح زکی صاحبقران و ئەفسەرەکان بوون ۳- بەشی گوندی سورداش و دەورو بەری.
شەوی ٤-١٩٢٣/٣/٥ جاسەنەو قەمچوغەو دێهاتەکانی ئەو ناوە هەتا دوکان و ئەشکەوتی جاسەنە کران بە بارەگاە لەجیاتی سلێمانیی بەدبەخت.
هەموو دێهاتی سورداش چۆڵکراو بەدرێژایی شەو و رۆژ فرۆکە بۆمبای دەدا بەسەر دارو بەردی ئەو ناوچانەداو، ئاژەڵ و خانوو و پیاو و ژن و منداڵ بە مترەلیوز لێ دەدران.
بارەگاە چووە ئەشکەوتی جاسەنەو لەژێر چاودێریی ملک و فەرماندەی گشتی وە لەلایەن فەرماندەی سوپاوە کە صالح زکی بوو کارو بار دەبرا بەرێوە وە بۆ رێکخستنی کارو بار ئەم بڕیارە دەرچوو:
۱- فەرماندەی سوپایی صالح زکی صاحبقران لەگەڵ (۳) ئەفسەری کارگوزاردا:
۱- فایقی کاکەمین
۲- ئەمین رواندزی
۳- عزیز قزاز
۲- رەزا بەگ و عزت مدفعی - دانیشمندان

٣. سوپای پیادە کە بەم جۆرە بوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. ظابط عزیز کوردی | و | ١٠٠ سوپای پیادە لە (دوکان) |
| ٢. = رمزی عبدالکریم | و | ١٠٠ پیادە لە (قەمچۆغە) |
| ٣. أبراهیم زوری | و | ٥٠ پیادە لە (کۆتەڵ) |
| ~~٤. عبدالعزیز افندی~~ | ~~و~~ | ~~٥٠ پیادە لە (تابین)~~ |
| ٥. رشید صدقی غفور | و | ٥٠ پیادە لە سورداش |

٦. هەموو بارەگاه لەلایەن فەرماندەی گشتییەوە صالح زکی صاحبقران تەماشا دەکرێ.

٤. خالد سعید - فەرماندەی پیادەی سوپایی لە دێی (خوردەلووک)و دامەزراندنی پیادەی سوپایی لەلایەن خۆیەوە. لە (تابین)ەوە هەتا (دوکان)

٥. رشید افندی یوزباشی - سەرۆکی دەنگ و باس و أستخبارات

٦. سوارە سوپایی: فەرمانەدەی گشتی ماجد مصطفی لە (تەلان)و ٣٠٠ سوار کە بەم جۆرە بێ:

١. ظابط عزیز حکمت و (١٠٠) سوارە، شەوگەڕ هەتا سلێمانی.

٢. عبدالله ئاغاو (٥٠) سوارە لە دۆڵی سورداش.

٣. (١٥٠) سوارە لە (تەلان) وەکو أحتیاط لەژێر فەرماندەی ماجد مصطفی دا دەبێ.

٧. فەرماندەی علی کوردی - سوپای سوارە بە (١٥٠) سوارەوە لە (دوکان)ەوە هەتا (رانیە) بە دوو بەش و (٥٠) سوارەی سوپایی لەلایەن فەرماندەی گشتییەوە تەماشا دەکرێ.

٨. هێزی نیگا - لەژێر فەرماندەی سید روءف و سید رضاو یونس عبدالقادر:

| | |
|---|---|
| سوپای سوارە | ٣٠٠ |
| سوپای عەشایر | ١٠٠ |
| هەمووی | ٤٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| پیادەی سوپایی | | ١٥٠ |
| عەشایر | = | ١٥٠ |
| هەمووی | | ٣٠٠ |

٩ـ هێزی سوارەی عەشایر:

١ـ کریم بەگی فتاح بەگی هموند ـ سوارەی هموند لە بازیان

٢ـ حمە علی روستەمی روغزایی ـ لە شارەزور

٣ـ محمود خاتر ـ سمایل عوزیری ـ لە ناوچەی سرچنار

٤ـ محمود دەوڵەتیاری هموند ـ لە دربندی بازیان وچم چمال

٥ـ سید محمدی جباری ـ لە دەورو پشتی چم چمال ـ سوارەی جباری

٦ـ توفیق حسن آغا ـ سوارەی هموند ـ لە دەورروو پشتی سلێمانی

٧ـ حماغای علی آغا ـ سوارەی پژدەر لە ناوچەی مەرگە

٨ـ سوارەی تایبەتی (٥٠) سوار سوپایی و (٥٠) لە عەشایر لە (جاسەنە)و لە (قەمچوغە).

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«رەزا بەگ و عزت طوپچی و حاجی رسول ئاغای پژدەری لەناو خۆیانا بریاریان دا بچن (کۆیە) بگرن بۆ ئەوەی ببێ بە هۆی هەرەشەکردن لە ئینگلیز بەڵام شێخ مەحموود ئەوەی پەسەند نەکردو ووتی:

یەکەم ـ ئێمە نامانەوێ خوێن برژێ و ئێستەش هەر بەتەمای بەڵێنەکەی ئینگلیزم لەگەڵمانا رێک بکەوێ.

دووهەم ـ لە شاری کۆیەدا پۆلیس و چەکدار هەموویان کوردی بادینانی و سۆرانین وە هەموویان هاودەردمانن و چوونمان دەبێ بە هۆی خوێن رشتن کە هەر لە خۆمان کەم دەبێتەوە... با جارێ چاوەرێی وەڵام بکەین (ئەدمۆنس ووتبووی کە نامەی شێخ مەحموودمان پێ گەیشتبوو وەکو لەپێشدا لێی دواین)، بەڵام شێخ مەحموود لەدوای سێ مانگ پەشیمان بووەوەو زانی کە هەڵێکی زلی لەکیس چووبوو.

فرۆکە بە رۆژ دەرفەتی ئەوەی نەدەدا کەس سەر دەربێنێت و بەردێژایی رۆژ فرۆکە بەسەر سورداشدا دەفری. ئینگلیز پێی زانیبوو کە شۆرشگێرەکان بە رۆژ خۆیان دەشارنەوە بۆ ئەوە (بۆمبای کاتی)یان فرێ دەدا بۆ ئەوەی لەدواییدا بتەقێتەوە.ئەو کوردانەی کۆمەکی هێزەکەی یوزدمیریان کردبوو لە ۷٠٪یان هاتنە سوپاکەی شێخ مەحموودەوەو یوزدمیر بە هۆی غفور خانی ناودەشت کە سەرۆکی عەشیرەتی (ئاکۆ) بوو ئەم نامەیەی نارد بۆ شێخ مەحموود:

«دەستتان ماچدەکەم، ئارەزووی بینینتانم هەیە، چاوەڕوانی فەرمانتانم».

شێخ مەحموودیش بەم جۆرە وەرامی داوەتەوە:

«نامەکەتان درا بە صالح زکی و لەلایەن هەموانەوە بڕیاری هاتنتان بۆ ئێرە دەرچوو».

عزیز کوردی کە ئەفسەری پارێزگاری بوو لە دوکان بارەگای ئاگادار کردبوو کە یوزدمیر گەیشتۆتە سەر قایغەکەی دوکان، عزت مدفعی بەپیریەوە چوو، کە یوزدمیر گەیشت (٢٠) سوپایی و چەند ئەفسەرێک بە ئالای کوردستانەوە لەبەر دەرگای ئەشکەوتی جاسەنەدا بە سروودی سوپایی پێشوازییان لە یوزدمیر کردو کە گەیشت دەستی شێخ مەحموودی ماچ کردو شێخیش صالح زکی صاحبقرانی پێشکەش کردو فەرمووی ئەمە فەرماندەی گشتی و رەهبەری (پارتیزان)و سوپایی و عەشایری کوردە.

یوزدمیر لەگەڵ (٦) نەفەردا بە مەترەلیۆزەوە هاتبوون دەسبەجێ بەرگە کۆن شرو پێلاوەکانیان گۆڕراو بەرگ و پێلاوی تازەیان پێ درا، لەو رۆژانەدا خەڵکی ناوشار یارمەتیدەرێکی باش بوون بۆ سوپای کورد.

بڕیار درا شێخ و یوزدمیر لەناو ئەشکەوتەکەدا گفت و گۆی نهێنی بکەن و ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون ئەمانە بوون:

١. رەزا بەگ } دانشمندی ملک
٢. عزت مدفعی } (موستەشار)
٣. صالح زکی صاحبقران ـ فەرماندەی سوپا

٤. ئەحمەد خواجا: بۆ نووسینی محضری کۆبوونەوەکە (وەکو سکرتێر)

رۆژی دوایی فـڕۆکـە بەری ئاسـمانی گـرت و بۆردومـان دەست پێ کـرا، یوزدمـیر ووتی: من سێ ساڵ لەناو جەنگی جیـهـانیـدا بەشـداریی شـەڕم کـردووە ئەم زەبرو زەنگەی ئینگلیـز لـەگـەڵ ئێوەدا دەینوێنێ نەم دیوە. بەڵام مـیللەتێک بەم جـۆرە تێ بکۆشێت ئەنجام هەر دەگا بە ئاواتی خۆی.

لەدوای چوار سەعات کۆبوونەوە شێخ فەرمانی دا نامەیەک بنووسرێ بۆ هەباسی مەحموود ئاغای پژدەرو غفـور خانی ناودەشت بۆ ئەوەی ساتێک یوزدمیر لەرێگای گـەڕانەوەیدا بە کـۆیەو رانیــەدا دەچێ بۆ (کــانی رەش) هـەرچی پێویست بـوو لە ئازووقەو وولاغ یارمەتیی بدەن و درێغی نەکەن و بۆی نووسین کە چاوەڕوانی نامەی دووهەمی بکەن.

لەدوای پێنج رۆژ یوزدمیر گەڕایەوە بۆ کانی رەش و شێخ فەرمووی:

«ئەوا دەسـتـمـان پێوە نان و گـەڕانەوە بۆ سنووری خۆیان، با بزانـین ئینگلیـزەکـان بەوە لێمان رازی دەبن؟».

ئەحمەد خواجا بەرامبەر هەڵەی ئەو رۆژانە رەخنەی خۆی بەم جۆرە باس کردووە:

«١ـ دەبوایە شێخ بەقسەی رەزا بەگ و عزت مدفعیی بکردایەو کۆیەی بگرتایە.

٢ـ لەپاش رەنجدانی ئینگلیز، دەرکردنی یوزدمیرو گەڕانـەوەی بۆ وولاتی خۆیان هیچ سوودێکی نەبوو، دەبوایە شێخ مـەحموود کـە لە سلێمانیدا بوو ئەوەی بکردایە بۆ ئەوەی بیانووی ئینگلیزەکان ببڕێ»

دەربارەی ئەو دوو رەخنەیەی ئەحمەد خواجا:

بۆ یەکەمیان: کێ دەڵی ئەو هێزەی رەزا بەگ و عزت مدفعی دەیانتوانی بەرگەی ئەو هێزو چەکدارانەی ئـینگلیز بگرن کـە لەو ناوەدا کۆیان کردبوونەوە، وە ئـەگـەر کۆیە بگیـرایە ئایا فـڕۆکـەی ئینگلیـز بۆردومـانی کـۆیەی نەدەکـرد بۆ ئەوەی تاوانی ئەو بۆردومان کردنە بخاتە ئەستۆی شێخ مـەحموود. بێگومان هەر لەبەر ئەو ترسەش بووە کە شێخ مـەحموود لەسەرەتای مانگی مارتی ١٩٢٣دا سلێمانیی چۆڵ کردو رووی کردە جاسەنە.

دەربارەی رەخنەی دووهەم: راستە کە دوور نەبوو ئەگەر شێخ مەحموود لەو رۆژانەدا هێزی بناردایە دەیتوانی یوزدمیر لە رواندز دەربکاو بەوە بیانووی ئینگلیزەکانی دەبڕی، بەڵام دوای ئەوە ئایا ئینگلیزەکان ئەوەندە پیاو بوون کە مافی کورد بدەن؟ ئەگەر شێخ مەحموود ئەوەی بکردایەو تورکەکانی دەربکردایەو ئینگلیزەکانیش دوای ئەوە هیچیان نەکردایەو هەر ئەو هەڵوێستەیان هەبوایە کە لەدواییدا هەیان بوو، ئایا هەزاران کەس رەخنەی لە شێخ مەحموود نەدەگرت کە پێیان بووتایە نەدەبوو ئەو شەڕەی لەگەڵ تورکەکاندا بکردایە هەتا ئینگلیز دانی بە مافی کوردا نەنێت!!

شێخ مەحموود بەرلەوە ئینگلیزی تاقی کردبووەوەو دەماری فرو فێڵی ئینگلیزی دەناسی و هەر لەسەرەتای گەڕانەوەیەوە هەر وەکو لەپێشدا باسمان کرد دەربارەی نەکشانەوەی هێزی ئینگلیز لە (کۆیە) بۆی دەرکەوتبوو کە ئەگەرچی بەڵێنی دابوو گەر بێت و تورک لە رانیەدا نەمێنێت ئەوانیش کۆیە دەخەنە سەر ناوچەی دەسەڵاتی حوکمدارییەتی کوردستانەوە بەڵام بۆی دەرکەوت کە ئینگلیز لەوەدا بێ بەڵێن بوون و وازیان لە (کۆیە) نەهێنا».

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی ڕووداوەکانی ئەو رۆژانە دەڵێ(٣):

«کە ئینگلیزەکان گەیشتنە کۆیەو رانیە ئیتر (مەرگە)یان سووتاندو گوندەکانی تریشیان یەک لەدوای یەک بۆردومان کرد.

دوای ئەوەی سوپای ئینگلیز روو بە رووی سورداش بووەوە ئەفسەرەکانی پیادەی شۆڕش بڕیاریان دا واز لە شۆڕش بێنن و بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و هەوڵێکی زوریان لەگەڵا دا کە پەشیمان ببنەوە بەڵام سوودی نەبوو ئەوانەی وازیان هێناو گەڕانەوە ئەمانە بوون:

١. خالد سعید ٢. رشید صدقی غفور ٣. علی کوردی ٤. ئیبراهیم زوری ٥. عبدالعزیز ئەفەندی

٦. فوءاد مەستی ٧. مجید خانقینی (وەکو لەپێشتردا لێی دواین ئەدمۆنسیش باسی گەڕانەوەی ئەوانەی کردبوو).

ئەحمەد خواجا دەڵێ:

*به رشید صدقیم ووت: تۆ دەڵێی من برای شیریی شێخ مەحموودم ئەی چۆن لەم ڕۆژە تەنگانەدا بەجێی دەهێڵیت؟؟ لە وەرامدا ووتی: ئەو پرسیارە لە من مەکە بەڵکو لەو فرۆکانەی بکە کە بەسەرمانەوەن).*

*دوای ئەوە بارەگای تازەی شێخ مەحموود چووە (هەڵەدن). لە کاتێکدا لە گوندی (بالخ) بووین شاکر مجرم کە مدیری تلفۆن بوو ووتی: عارف صائبی نووسەرو باوەڕپێکراوی شێخ مەحموود لەلایەن سید محمده بچکولەوە کوژراوە تۆش ئاگات لە خۆت بێ... کە چوومە (بابکراوا) سید محمد هاتە لامەوەو ووتی: ئەحمەد من و تۆ هاوڕێی منداڵین و هەر وەکو برا واین، ئەوا من ئەو کارەم لەدەست قەماوەو ئێستە لە سزای ئەوەدا شێخ مەحموود بڕیاری کوشتنمی داوەو ناشتوانم بچمەوە بۆ سلێمانی بەڵکو چارم بکەی».*

دەربارەی کوشتنی عارف صائب، شێخ مەحموود بە ڕەزا بەگ دەڵێ: ملا عارف خۆشەویستم بوو لە هەموو رازو نیازێکم ئاگادار بوو، هەموو نهێنییەکانی دەزانی پیاوێکی زیرەک و بەجەوهەر بووخوا حەمە بگرێ (نیازی لە سید محمده بچکۆلە بووە)، دەبێ سزا بدرێ و بکوژرێت... بەڵام شێخ مەحموود هیچی نەدەگرتە دڵ و زۆری پێ نەچوو لێی خۆش بوو.

شێخ ڕوءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا(٢١) باسی ئەوەی کردووە کە شێخ مەحموود بەو کوشتنەی عارف صائب زۆر خەفەتبارو دڵگیر بووەو ووتوویەتی: عارف صائب دڵسۆزی باوکم بوو پیاوێکی زۆر زیرەک و دانا بوو، بێگومان سید محمده بچکۆلە ئەو کردەوەیەی لە حاڵەتێکی نائاساییدا کردووە.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی (چیم دی)دا(٣) دەڵێ:

*«دوای ئەوەی ئوردوی شۆڕش لە (هەڵەدن)و (بابکراوا)وە بە فەرماندەی ڕەزا بەگ، سوارەکان تیپ تیپ گەیشتنە (چنگنیان) لە شارباژێر وە خێزانەکان لە (گەلاڵە)ی ماوەتەوە نێرران بۆ (دزلی) وە (٥٠٠) سوار لە حاجی مامندەوە ڕوویان کردە (سەرکان)، لەو کاتەدا سید ئەحمەدی حاجی مامند سەر بە ئینگلیزەکان بوو لەبەر ئەوە لە شێخ مەحموود نزیک نەکەوتەوە.*

مەحموود خانی دزڵی بە خۆی و چەکدارەکانییەوە هاتە (سەرکان) وە خێزانە ئاوارەبووەکان بە (٥٠)ئێستری مەحموود خان نێرران بۆ دزڵی.

(محمد وەفا) برین پێچی شۆڕش بوو، بەڵام جێگەی دوکتۆرێکی گرتبووەوە لەو ڕۆژانەدا دەرمانێکی زۆری پێ بوو، لە کاتی ڕۆیشتندا لە (سێ بواران) گایەک بە دەرمانەوە کەوتە ئاوەکەوەو محمد وەفا بە چەپۆک دەیکێشا بسەری خۆیدا بۆ دەرمانەکان و دەی ووت: ئوردوی کوردستان لێم دەپرسێتەوە.

کە چووینە (پیران) ماجد ووتی: نان ئامادە بکەن بۆ ئەفسەرەکان، تومەز ئەو ئەفسەرانەی ئەو مەبەستی بوو هەموو گیرابوون و بە دەسبەسەری هێنرابوون کە بریتی بوون لە عزیز قزازو ئەمین ڕواندزی و فایەقی کاکەمین و شێخ سەلامیشیان (شاعر) لەگەڵدا بوو (ئەحمەد خواجا لێرەدا ناوی صالح زەکیی نەهێناوە کە لەدواییدا ئەویش گیرا وەکو باسی دەکەین).

بەرلەوە کە لە (هەڵەدن) بووین ماجد هەموو ئەفسەرەکانی کۆکردەوەو پێی ووتن: هەر کەس دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی با بە خۆشی بڕوا بەڵام هەر ئێستا دەبێ چەکەکەی دابنێت، لەناو هەموویانا سەربازێکی پیادەی نەخۆش هاتە پێشەوەو شێخ لێی خۆش بوو و فەرمووی بگەڕێتەوە.

شێخ لە گەڕانەوەی ئەو ئەفسەرانەدا فەرمووی: هەمووی بە دەسیسەی خالد سعیدو رشید غفور بوو، ئەمانە هیچ بەڵام ئەوە لە ئەمین ڕواندزی نەدەوەشایەوە.

ئەحمەد خواجا دەڵێ بەڵام دەرکەوت ئەمانە هەمووی پیلانی شێخ سلام بوو لەبەر ئەوە گیراو نێررا بۆ (سیاکۆڵە) بۆ ئەوەی لەوێ حەپس بکرێ.

شێخ چووە بەرزنجەو لەوێ لە ١٩٢٣/٥/٥دا بەیانی ژمارە (٨)ی دەرکرد کە بەم جۆرە بووە:

بۆ فەرماندەی سوارەو پیادەی سوپایی: ڕەزا بەگ

بەپەلەو بەبێ وەستان ئیمڕۆ سوارەو پیادە دەنێرن بۆ ئەو جێگایانەی کە بڕیاری لەسەر دەدەن و چونیەتیی دابەشکردنەکە دەسبەجێ بنێرن بۆ ئێمە.

ئیمزا ـ محمود/ ملک و باش قوماندانی کورد

لەلایەن رەزا بەگەوە (رەزا بەگ کوڕی اسماعیل بەگ بووەو لە سوپای عوسمانیدا بین باشی بووە). بەم جۆرە ترتیبات کرا:

بەشی سوارە:

١. ماجد مصطفی . سوارەی سوپایی . روو دەکاتە سەرچنارو تانجەرۆ وە هەموو ئەفسەرەکان فەرمان لە ماجدەوە وەردەگرن وە ماجد خۆی لە (شیخ المارین) دەمێنێتەوە.

٢. محموودی دەوڵەتیاری هموندو سید محمد توفیق ئاغای هموند، ئەمانە هەموویان فەرمان لە کریم بەگی هموندەوە وەردەگرن . لە بازیانەوە تا کرکوک.

٣. خلیفە یونس و حمە علی روستەمی رۆغزایی . بە دوو پەل بۆ شارەزور.

٤. محموود خاتری سمایل عوزیری . پەیوەندیی بە ماجدەوە دەبێ لە دۆڵی سورداش.

٥. سوارەی تایبەتی و ئەمینی حمەی ئیمام . لە بارەگادا دەبن.

هێزی سوارە لە بارەگا وە فەرماندەی گشتی تەماشایان دەکا.

بەشی پیادە:

١. عزیز افندی زرەو جلال رشید افندی و (٥٠) سوپایی بۆ پێنجوین.

٢. رشید عبدالکریم و (٥٠) سوپایی بۆ (ناڵپارێز).

٣. رەمزی ئەفەندی و (٥٠) سوپایی بۆ (ملەکەوە).

٤. عبدالله ئاغا و (٥٠) سوپایی لە (شێخ المارین).

٥. عادل ئەفەندی لە گۆیژەو (٢٠٠) سوپایی . لە شارباژێرەوە تا پێنجوین.

٦. پیادە سوپاییەکەی تریش لە بارەگاوە هەتا ناڵپارێز دەمێنێتەوە.

کۆبوونەوەیەکی گشتی کرا بۆ دانانی پرۆگرامێک کە ملک پەسەندی کردو بڕیار درا یەکێک بنێررێت بۆ تاران بۆ ئەوەی ملۆزمیتی و زۆرداریی ئینگلیز بگەیەنێت بە بالیۆزەکان، وە جارێکی تر نێررام بۆ (سنە)و نامەیەکی شێخ مەحموودم پێ بوو بۆ والیی (سنە)، والی پێی ووتم شەش رۆژی تر وەزیری جەنگ (ئەحمەد خان) دێتە سنە بۆ بینینی ئێوە. کە لە سنە بووم نامەیەکی شێخ مەحموودم پێ گەیشت نووسیبووی وصلی ئەو تلگرافانەی لە کاتی خۆیدا لە سنەوە نێررابوو بۆ

*بالیۆزخانەکان گەیشتوون و ئینگلیزەکان لە ١٩٢٣/٦/١٦دا شاری سلێمانییان چۆڵکردووەو وەرەوە بۆ سلێمانی».*

دەربارەی ئەو ئەفسەرانەی کە گیرابوون و ئەحمەد خواجا باسی کردون (صالح زکی صاحبقرانیشیان لەگەڵا بووە کە بەر لە گرتنی فەرماندەی گشتی ئوردوی کوردستان بوو)، بەڵام وا دیارە شێخ بە هۆی ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵیا بوون شێخ مەحمود دڵی لە صالح زکی رەنجاوەو لیێ کەوتۆتە گومانەوەو گرتوویەتی و بە دەسبەسەری لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی بۆ (پیران)و لەدواییدا بەربووە.

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا(٢١) دەربارەی ئەو گرتنەی صالح زکی بەم جۆرە باسی کردووە:

*«صالح زەکی صاحبقران زۆر دڵسۆزی باوکم بوو وە دڵسۆزی شۆڕشی کورد بوو بەڵام هەندێ لە ئەفسەرەکان دژی بوون کە عزت مدفعی دەستێکی باڵای هەبووە لەوەداو باوکمیان خستبووە سەر ئەوەی کە صالح زەکی سەر بە ئینگلیز بووەو پەیوەندیی بە ئینگلیزەکانەوە بووەو پلانێک ساز کرابوو بۆ کوشتنی شێخ مەحموود. ئەو ئەفسەرانەی تر کە لە باوکم جیابوونەوە هەموو چوونە بغداد کە ئەمە هەمووی بە هۆی مأمورێکەوە رێکخرا کە لە (کۆیسنجق) بوو.*

*ئەو ئەفسەرانەی کە لە باوکم جیابوونەوە بەوەش وازیان نەهێنا بەڵکو بۆ پاکانەکردن و خیانەت دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحمودو دەیان ووت ئەگەر سەرچڵی شێخ مەحموود نەبوایە ئینگلیزەکان سەربەخۆییان بۆ کورد ساز دەکرد، ئەو رۆژانە هێشتا کتێبەکانی ئەدمۆنس و مس بیل و ویلسن و وثائقی بلاطی ملکی لە بغداد بڵاو نەکرابوونەوەو ئاشکرا نەکرابوون و تا ئەو کاتە ئەو پڕۆپاگاندانە کاری لە مێشکی زۆر کەس کردبوو بەڵام لەدواییدا هەموو شت روون بووەوە».*

کە یاداشتەکەی شێخ روءفم خوێندەوە دەربارەی ئەو مأمورەی کۆیە کە باسی کردووە دەم و دەست کاک علی کمالم هاتەوە بیر کە خۆی بۆی باس کردم لە ساڵی ١٩٢٣دا معاونی پۆلیس بوو لە کۆیسنجق، بۆ روون کردنەوەی ئەو باسە بە دوورو

دریژ بە دەسخەتی خۆی وەکو بیرەوەرییەکی ئەو رۆژانەی لە چوار لاپەڕەدا بۆی نووسیبووم کە دەڵێ:

*«کە وەختی خۆی تورکەکان هاتنە کۆیەوە، من ئەوسا معاونی پۆلیس بووم لە کۆیە بەڵام بەرلەوەی تورکەکان بگەنە کۆیە ئێمە کۆیەمان بەجێ هێشتبوو، لەدواییدا کۆییەکان پارەیان کۆکردەوەو دایان بە تورکەکان و ئەوانیش کۆیەیان بەجێ هێشت و منیش وەکو فەرمانبەرێک گەڕامەوە بۆ کۆیە، کە هێزەکەی ئینگلیز گەڕایەوە بۆ کۆیە (ئەدمۆنس)یان لەگەڵ بوو، ئەدمۆنس داوای لێ کردم نامەیەک بنووسم بۆ ئەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵ شێخ مەحموودا بوون (ئەو رۆژانە بووە کە شێخ مەحموود بارەگای ئوردوەکەی بردبوو ئەشکەوتی جاسەنە) بۆ ئەوەی واز لە شێخ مەحموود بهێنن و لێی دوور بکەنەوە، منیش لە وەرامدا بە ئەدمۆنسم ووت: ناتوانم شتی وا بکەم چونکە ئەو نامەیەی من دەگاتە دەست شێخ مەحموودو من خزمێکی زۆرم هەیە لە سلێمانی بە هۆی ئەوەوە سزا دەدرێن و ئەکەونە شەڕە شەقەوە، بەڵام ئێوە ئەگەر دەتانەوێ لەگەڵ شێخ مەحموودا رێک بکەون ئەوا ئامادەم کە بکەومە بەینەوەو تەقەلای رێکەوتن بدەم. ئەدمۆنس ووتی باشەو کاغەزیان بۆ بنووسە. منیش لەسەر ئەو بڕیارە نامەیەکم نارد بۆ صالح زەکی بەگی صاحبقران کە هەر لە کۆنەوە دۆستم بوو (لە باسی هاتنی تورکەکان بۆ رواندز باسی علی کمال و صالح زەکیمان کردووە) وە ئەو نامەیەم بە (صالح ئاغای خەرابە)دا نارد کە گوندەکەی لەسەر زێی کۆیە بوو. لەدوای چوار رۆژ (سەعۆلی خەلفە کریم)ی پوورزای باوکم هات و نامەیەکی صالح زەکیی بۆ هێنام کە لەو نامەیەدا صالح زەکی زۆر سوپاسی ئەو کۆشش و تەقەلایەی منی کردبوو وە لە نامەکەیدا نوسیبووی کە وەزعمان زۆر خراپ و شڕەو ئامادەین لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێک بکەوین (لەپێشتردا باسمان کرد کە ئەدمۆنسیش لە کتێبەکەیدا ووتبووی شێخ مەحمودیش نامەی بۆ ناردبووین و داوای رێکەوتنی لێ کردبووین). کە کاغەزەکەی صالح زەکیم پێ گەیشت ئەدمۆنس لە کۆیەدا نەمابوو و لەجیاتی ئەو ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی ئینگلیز لێپرسراوی ئینگلیزەکان بوو لە کۆیە، منیش چوومە لای و وەرامی نامەکەی صالح زەکی بەگم*

*پێ گەیاندو ئەفسەرەکە ووتی زۆر باشە با صالح زەکی خۆی بێ بۆ کۆیە، منیش خەبەرم بۆ صالح زەکی ناردو هەردووکمان بە تبدیلی قیافەتەوە بڕیار درا لای صالح ئاغای خەرابە یەکتری ببینین و صالح زەکی موافقتی کردو هاتە کۆیەو ئەفسەرە ئینگلیزەکە بڕیاری دا بە فڕۆکە صالح زەکی بنێرێت بۆ بغداد، صالح زەکی پارەی پێ نەبوو بە هۆی سعید فوزی مأموری گمرگی کۆیە (باشە فەندی) حەفتا روپیەی لە بازرگانێکی کۆیی بۆ قەرز کردم و دام بە صالح زەکی و صالح زەکی بە فڕۆکە نێررا بۆ بغدادو کە صالح زەکی گەڕایەوە نامەیەکی لە مندوبی سامییەوە هێنابوو کە دەبوایە بەپێی ئەوە شێخ مەحمود خۆی بچوایە بۆ بغدادو صالح زەکی موسوەدەی بەیانێکیشی هێنابوو کە ئەگەر شێخ مەحمود لەگەڵیانا رێک بکەوێ ئەو بەیانە دەردەکەن کە لەڕاستیدا ئەو موسوەدەیەم سەیر کرد شتێکی روون و ئاشکرای تیادا نەبوو هەمووی هەر قسەی دیپلۆماسییەت بوو وە بەڵێنیشی دابوو لەدوای رێکەوتن هەرچی موڵک وماڵی شێخ مەحمود کە زەوت کرابوو هەمووی دەدرێتەوە، بەڵام ئەو کاتە شێخ مەحمود لە جاسەنە نەمابوو، هەر کە بیستبووی صالح زەکی لە کۆیەوە بە فڕۆکە چووبوو بۆ بغداد ئەو ئەفسەرانەی کە وا حساب کرابوون سەر بە صالح زەکی بوون هەموو گیرابوون و بە دەسبەسەری برابوون لەگەڵ هێزەکەی شێخ مەحمودا کە رووی کردبووە شارباژێر کە لەو گرتنەدا رەزا بەگ و عزەت مدفعی زۆر دەوریان هەبووەو ئەوان بۆ صالح زەکی بەگیان تێ چەندبوو کە دڵی شێخ مەحمودیان لێ کرمێ کردبوو».*

لەدواییدا کە شێخ مەحمود لە پیرانەوە گەڕایەوەو هاتەوە سلێمانی دوای ئەوەی ئینگلیزەکان چۆڵیان کردبوو ئەوانە هەموویان بەردران و لە باسی داهاتوودا دەردەکەوێ کە لای شێخ مەحمود دانیان پیادا نابوو کە (خالد سعید) هەڵی فریواندبوون.

وە لەدواییدا ئەو سەرچاوانەی کە باسي چۆنیەتیی بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکان و گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان کردووە بۆ سلێمانی هەموو لەسەر ئەوە یەکن کە ئینگلیزەکان لە ١٩٢٣/٦/١٧دا سلێمانییان چۆڵ کردو لەپێشدا هێزێکی

کورد بە سەرکردایەتیی کریم بەگي فتاح بەگی هموند هاتنە ناو سلێمانییەوەو شێخ مەحموود خۆی لە ١١/٧/١٩٢٣دا هاتەوە سلێمانی کە وەکو ئەحمەد خواجاو لە کتێبەکەی ئەدمۆنسیشدا باس کراوە.

★ ★ ★ ★ ★

# بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزو هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

## ١- هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی

لەراستیدا بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلزەوە لە مانگی حزیرانی١٩٢٣دا بەو کوت و پڕیە شتێکی سەیر بووەو هەرچەندم کرد لە دۆکیومەنتەکاندا شتێکی وام بەرچاو نەکەوت کە هۆی ئەو بەجێ هێشتنەی تیادا باس کرابێ.

ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا کە شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشتبوو و رووی کردبووە ئەشکەوتی جاسەنەو فڕۆکەی ئینگلیز شێخی پەرێشان کردبوو و ناچاری کردبوو ئەو ناوچانەش بەجێ بێڵێ و روو بکاتە شارباژێرو ناوچەی پیران و ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە کوردەکانی لێ جیابووەوە (وەکو لەپێشدا باسمان کرد)و شێخ مەحموود بە نامەناردن تەقەلایەکی زۆری دابوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا رێک بکەوێ و بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بەڵام بە هیچ جۆرێک وەرامیان نەدایەوەو شێخیش بەتەمای ئەوە نەبووە کە ئینگلیزەکان بەئاسانی سلێمانی بەجێ بێڵن.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا(٤٥) دەربارەی هاتنەوەی شێخ بۆ سلێمانی نووسیویەتی:

*«شێخ مەحموود کشانەوەی رەتلی بریتانی بە هەل زانی و خۆی لەپێشدا نەهاتەوە بەڵکو لەپێشدا پیاوەکانی خۆی ناردەوەو خۆی لەدواییدا لە ١١/تموزی/١٩٢٣دا هاتەوە بۆ سلێمانی.*

*کە شێخ مەحموود هاتەوە بۆ سلێمانی صالح زەکی صاحبقرانی لە سەرکردایەتیی لەشکری کورد لابردبوو وە لەجیاتی ئەو ماجد مصطفی دانرابوو کە ئەویش ئەفسەرێکی گورج و گۆڵی زەمانی عوسمانلی بوو».*

دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا دەربارەی هاتنەوەی شێخ مەحموود دەڵێ(١.١):

*«کە ئینگلیزەکان لە ١٩٢٣/٦/١٧دا سلێمانییان بەجێ هێشت شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرکردایەتیی کریم بەگی هموند بە ناوی شێخ مەحموودەوە کارو باریان گرتە دەست وە شێخ مەحموود خۆی لە ١١/تموزدا هاتەوە بۆ سلێمانی».*

بەلام ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی دەڵێ(٣):

*«شێخ مەحموودی ملک لە ١٩٢٣/٦/٢٦دا گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی خۆی سلێمانی، دانیشتوانی سلێمانی لەو رۆژەدا ژن و پیاو و منداڵ چوون بەپیرییەوە هەتا (ناوگردان)و شێخ مەحموود فەرمووی:*

*من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە*
*دڕک نەما، گوڵی هیوامان گەشایەوە*
*وەختێ کە بە پەنجەی دوژمنی بەدینهاد*
*خونچەی گوڵی ئامالمان هەمووی شکایەوە*
*ئیمڕۆ وا بە نووکی خەنجەری تیژی خۆی*
*مەردانە ئازادی بۆ کورد سەنرایەوە*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«کە ئینگلیزەکان سلێمانییان بەجێ هێشت هەندێ لە بازرگانەکانی تووتن و مووچەخۆرەکان دوای سوپاکەی ئینگلیز کەوتن و زۆر کەس بە نەزانی دوایان کەوتن، شێخ بەوە زۆر دڵگیر بوو، بەپەلە (بۆ زانین ـ اعلان)ێکی بلاوکردەوە کە زۆر بە کورتی نووسرابوو بەم جۆرە:*

*بۆ ... برا رۆیشتووەکان:*

*وەرنەوە بۆ شارو ماڵی خۆتان، لێرە کەس دوژمنتان نییە، لەوێ لای دوژمن دوور بکەونەوە، هەموو کوردین، کورد هەموو وەکو بران وەرنەوە.*

*محمود/ ٢٨/حزیران ١٩٢٣*

بەپێی ئەو نامەیەی کە ئەحمەد خواجا دەڵێ شێخ مەحموود لە ٢٨/حزیراندا بلاّوی کردۆتەوە دەبێ شێخ مەحموود ئەو رۆژە خۆی هاتبێتەوەو لە سلێمانیدا بووبێت کە ئەمە لەگەڵ دوو سەرچاوەدا یەک ناگرێتەوە:

یەکەم دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا(١٠) کە وەکو ووتمان دەڵێ:

*«کە ئینگلیزەکان سلێمانییان لە ١٩٢٣/٦/١٧دا بەجێ هێشت، شۆڕشگێڕانی کورد لەپێشدا بە سەرکردایەتیی کریم بەگی هموند هاتنەوە سلێمانیی و شێخ مەحموود خـۆی لە ١١/تموزی ١٩٢٣دا گـەڕایەوە (کـە لام وایە سـەرچاوەی ئەوەش هەر کتێبەکەی ئەدمۆنسە)».*

هەروەها ئەدمۆنسیش لە کتێبەکەیدا(٤٥) هەر وەکو ئەوەی کمال مەزهەری باسی کردووە، تەنها مەگەر شتێک هەیە کە بوترێ، ئەویش ئەوەیە رەنگە کە شێخ مەحموود ئەو نامەیەی کە لە ٢٨/حزیراندا بلاّوی کردۆتەوە هێشتا لە دەرەوە بووەو خۆشی نەگەڕابووەوە بۆ سلێمانی.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ: رشید مەستیی خاڵی توفیق وەهبی نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ مەحموود داوای لێ کردبوو کە رێگەی بدرێتێ بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و شێخیش بەم جۆرە وەرامی دابووەوە:

*«خۆشەویستم رشید أفندی... بۆچی رۆیشتیت و ئەم برایانەی خۆت بەجێ هێشت؟ گوناە نییە؟! کەوابوو نۆبەی تۆبەیە».*

وە ئەحمەد خواجا دێڕێک شعری شێخ مەحموودی لە وەرامەکەی شێخ مەحمودا باس کردووە کە ناردوویەتی بۆ رشید مەستی و ووتوویەتی:

*«رشید دووبارە مەستی مەکە هەر وەکو زیافەتەکەی (گازێ) خەستی مەکە» بەلاّم من ئەو شعرەم بە شێوەیەکی تر بیستووە کە یەکێک لەوانە توفیق وەهبی خوشکەزای رشید مەستی بووە کە شێخ مەحموود شعرەکەی بەم جۆرە ناردووە بۆ خاڵی:*

رشید ئەم جارەش هەر وەکو جاران مەستی نەکەی
وەک زیافەتەکەی گازێ بە شۆربا خەستی نەکەی

ئەو (گازێ)یەی لەو شعرەدا ناوی هاتووە نەنکی حماغای عبد الرحمن ئاغا بووە

کە دەوڵەمەند بووەو حەمامی گازیٚ بەناوبانگ بوو لە نزیکی سەرای سلێمانیدا. توفیق وەهبی دەیوت شێخ مەحموود لەو شعرەدا ئەوەی داوەتەوە بەچاوی خاڵما کە رشید مەستی یەکێک بووە لەوانەی عەرەق خۆر بووەو شێخ بۆ (تەوریە) ووتوویەتی (مەستی نەکەی).

دوکتۆر لطفی جعفر فرج الله لە کتێبەکەیدا (٥٩) دەربارەی تەقەلاو کۆششی عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانی عراق دەربارەی رێگەنەدان بە شێخ مەحموود کە بگەرێتەوە بۆ سلێمانی دەڵێ:

*«عبد المحسن السعدون زۆری هەوڵ دا لەرێگەی ملک فیصلەوە وا لە ئینگلیزەکان بکا کە هێزەکانیان نەکێشنەوە چونکە دەیزانی ئەگەر ئەو هێزەی ئینگلیز نەما هێزی عراق نەیدەتوانی رێگا لە هاتنەوەی شێخ مەحموود بگرێ بەڵام ئەو تەقەلایەی سەری نەگرت کە دەیویست لەو رۆژانەدا هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عراق بکرێ بە مەرجێک هەموو ناوچەکانی عراق بگرێتەوە بە سلێمانیشەوە. حکومەتی عراق بەرلەدەس پێ کردنی بە هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە لە ١١/تموزی/١٩٢٣دا (یەعنی وەکو سەرچاوەکان باسیان کردووە لەدوای بیست و شەش رۆژ بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بووەو لە هەمان رۆژیشدا بووە کە شێخ مەحموود چۆتەوە سلێمانی) بەیانێکیان بلاّوکردەوە (زۆر سەرچاوەی تریش هەر وەکو ئەوە باسی ئەو بەیانەیان کردووە وەکو شاکر خصباک(٦٥)و عبد الرزاق الحسنی لە کتێبی تأریخ العراق السیاسی(٢٩) وە ئەو راپۆرتەش کە حکومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم (٥٤)) لەو بەیانەدا ووترابوو:*

*١ـ حکومەت نایەوێ هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچە کوردییەکانا دابنێت جگە لە کارمەندی (فنی) نەبێت.*

*٢ـ دانیشتوانی کورد لە قەزاو ناحییە کوردییەکانا ناچار ناکرێن زمانی عەرەبی بەکار بێنن لە کارو باری رەسمیدا.*

*٣ـ مافی هەموو دانیشتوان و طوائفی دینی و ئاینی لەو ناوچانەدا دەپارێزرێ».*

بێگومان ئەو بەیانەی وەکو لەو کتێب و سەرچاوانەی تردا باس کراوە، هەرچەند

ناوەڕۆکەکەی زۆر لاواز بووەو دوور بووە لە ئامانجی ئەو ڕۆژانەی کوردو جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانی ئەوەو ئەو بەیانە دووقۆڵییەی حکومەتی بریتانیاو عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٢٢دا مافی کوردی بە ئاشکرا تیا دەسنیشان کرابوو نەهێنرایە دی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەلای منەوە ئەوەش هەر بەڕاوێژو ڕاسپاردەی ئینگلیزەکان دەرچووەو ئەمەش هەر وەکو بەیانە دووقۆڵییەکە بۆ هێمن کردنەوەی خەڵک بووەو بۆ ئەوەی تۆزێک خاو بکرێنەوە بەرامبەر بەو ناڕەزاییەی کوردو بەشدارنەبوونیان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی دامەزراندندا کە لەو ڕۆژانەدا ئینگلیزەکان لەبەر دوو هۆ بایەخیان بەپەلە لێ کردنی دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنەدا بوو:

**یەکەم** - بۆ ئەوەی بۆ عصبە الامی روون بکەنەوە کە کورد مافی خۆی دراوەتێ و ئینگلیزیش ئەو مەرجەی کە لەلایەن عصبە الاممەوە بەپێی ئینتداب بۆی دانرابوو پشت گوێی نەخستووە.

**دووهەم** - پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنەو هەوڵدانی بۆ بەشداری کردنی کورد شتێکی زۆر گرنگ بووە بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە دەسەڵاتی تەواو بدا بە حکومەتی عێراق کە پەیمانێک لەگەڵ ئینگلیزدا ببەستێت کە جێی ئینتداب بگرێتەوەو بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو پەیمانەوە ئینگلیز بە شێوەیەکی تر دەسەڵاتی خۆی بەسەر عێراق و کوردستاندا جێگیر بکات.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دوهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ(٣):

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود هاتەوە، دوور لە پەنجەو هەناسەی ئینگلیز لە سلێمانیدا حکومەتێکی پوختی تازەی کوردستان دامەزرایەوە. کەس لە کەس نەدەکەوت، یاساو شەریعەت لەکاردا بوو، وولات بووبوو بە بەهەشت، یەکێتی و دڵ لە یەک پاک بوونەوەی کورد گەڕایەوە، ڕوویشتووەکان هاتنەوە سلێمانی و ژیان بە ئاسوودەیی دەبرا بەڕێوەو وەزارەتەکەش دامەزرایەوە.*

*لەو ڕۆژانەدا کە نرخی شت گران بوبوو، ملک مەحموود بڕیارێکی دەرکرد کە پێویستە هەموو شتێک نرخی بۆ دابنرێت، ئەوانەی شت دەشارنەوە پێویستە لە هەر*

تیرەیەک یەکێک بگیرێ و سزا بدرێ، ئاسایش پەیدا بوو، لە ماوەی دوو ڕۆژدا دائرەکان پڕبوون لە فەرمانبەران، شەوگەڕ (چەرخەچی)، قازی، یاسا، حکومەتی کوردستان هەمووی کەوتەوە گەڕو ئیش و کاری خەڵک بەباشی دەڕۆی بەڕێوە.

بۆ پیرۆزبایی کردن و بەخێرهاتنەوەی ملک، بەگزادەکانی جاف هاتن بۆ سلێمانی بە سەرۆکایەتی کریم بەگی فتاح بەگی جاف و هەموو ناودارەکانی جاف بە (٤٠) سوارەوە لە هەموو تیرەکانی جاف هاتنە سلێمانی و میوانی تایبەتیی ملک بوون.

شەو کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرا، شێخ مەحموودو کریم بەگی جاف و هەموو سەرکردەو بەگزادەکان بەشدار بوون، کریم بەگ لەو کۆبوونەوەیەدا بە ملک مەحموودی ووت:

«سوێندت بۆ دەخۆین کە بەم چەشنەی خوارەوە لەگەڵتابین:

١ـ هەتا ماوەی ساڵێک بەبێ داواکردنی هیچ یارمەتییەک لەگەڵتا دەبین.

٢ـ تەنها لە ساڵی دووهەمدا یارمەتیی چەک بدرێین.

٣ـ لە ساڵی سێهەمدا ئەو چەکدارانە هەموو بە سوپایی بژمێررێن».

شێخ مەحموودیش لە وەرامدا فەرمووی:

«زۆر سوپاستان دەکەم نامەوێ بە سوێند یا بە زۆر ئێوە بگرم، من و ئێوە دەبێ هەر وەکو یەک، گیان و دارایی بەخت بکەین بۆ ئازادی. ئازادیش بەخۆڕایی و بەبێ ئەرک دەست ناکەوێت چونکە دەبێ بیسێنین، سوێندخواردن پێویست نییە مادام ئێوە وا دڵ پاکن، زۆر سوپاستان دەکەم و منیش لەڕێگەی ئازادیی کوردا بچووکتانم».

کریم بەگ لە وەرامدا ووتبووی:

«پەیمان بێ تۆ دۆست و دوژمنی هەر عەشیرەتێک یا هەر حکومەتێک بێ ئێمە لەگەڵتاین».

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«بەڵام ئەو سوێندە هەتا سەر نەبوو، زۆری پێ نەچوو بە هاندانی ئینگلیزەکان جافەکان داوایان کرد هەڵەبجە لە سلێمانی جیا بکرێتەوەو بخرێتە سەر (کفری)و خلیفە یونسی روغزاییشیان هاندا پەلاماری ئەو هێزەی کورد بدا کە لە شارەزووردا

بوو (خلیفە یونس یەکێک بووە لە شەڕکەرە ئازاکانی ئەو ڕۆژانە)، ئەوە بوو ماجد مصطفی بە (٥٠) سوارەوە لە نزیک گوندی (گرێزە)ی شارەزوور بەرەنگاری خلیفە یونس بووەوەو گیراو هێنرا بۆ سلێمانی بەڵام ملک مەحموود لێی خۆش بوو.

خلیفە یونس لە ئەنجامی ئەوەدا خۆی و خزمەکانی تێکەڵ بە سوپای شۆڕش بوو و بەڵێنی خۆی بردە سەر.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا لەسەرەتادا تێکەڵ بە شۆڕش نەبوون بریتی بوون لە:

١. لە هەڵەبجەدا: تەنها بەگزادەی جاف و (مکایلی)

٢. بابکری سلیم ئاغای پژدەر

٣. شێخانی گرپچنەو سەنگاو : لە قرەداغ و سەنگاو.

٤. لە هەموندەکان: فقی محمدو موشیری حمەی سلێمان.

٥. لە سروچک: هەندێ لە شێخانی بەرزنجە.

٦. لە سورداش: بەشێک لە شێخانی (سەرگەڵوو).

ئینگلیزەکان دوای هاتنەوەی شێخ مەحموود بۆ هەراسان کردنی خەڵک تا چوار پێنج مانگ جارو بار چەند فڕۆکەیەکیان دەنارد بەسەر سلێمانیدا بفڕێ.

لەو ڕۆژانەدا (سەردار رشید) کە یەکێک بوو لە ئەمیرەکانی ئەردەلان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا تێک چووبوو، بە خاو و خێزانەوە هاتبووە هەورامان بۆ گوندی (رەزاو) لای حسێن خان و لەوێوە هاتە سلێمانی و خۆی خستە بەختی شێخ مەحموودو تکای لێ بووردنی کرد کە بۆی وەربگرێ لای شای ئێران و شێخ ئەو لێ خۆشبوونەی بۆ وەرگرت بە مەرجێک لە (تاران) نیشتەجێ بێ.

ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە گیرابوون (کە وەکو لە باسی پێشوودا لێی دواین بریتی بوون لە صالح زەکی صاحبقران و ئەمین رواندزی و عزیز قزازو فایقی کاکەمین بوون) هەموویان لە ڕۆژی ٢٣/١٠/١٩٢٣دا لەپاش تەواوبوونی ئاهەنگێکی سوپایی هەموویان بەردران و چوونە خزمەت شێخ مەحموودو شێخ مانگانەکەی جارانیشی دانەوەو ئەو ئەفسەرانە ووتیان: ئێمە خالد بەگ (خالد

سعید) تەفرەی داین و هەموو لەو کردەوەیان پەشیمان بوونەوەی خۆیان دەربڕی و شێخ سەلامیش کە یەکێک بوو لە گیراوەکان بەردرا بەلاّم بە مەرجێک لە سلێمانیدا نەمێنێتەوە.

لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەکاني ئینگلیز ناوچەی (شمیران)یان بۆردومان دەکرد چونکە حمەی سان ئەحمەد کە سوێندخواری شێخ مەحموود بوو ئینگلیزەکان لەقینی ئەو دوستایەتییە دێهات و ئاژاڵی ئەو ناوچەیان بۆردومان کردو خەڵیکێکی زۆر کوژرا (لە باسێکی داهاتوودا کە بۆ ئەو ماوەیەمان تەرخان کردووە کە دووبارە شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٤دا ڕوو بە ڕووی ئینگلیز بووەوە لەو باسەدا جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر باسی هەڵوێستی حمەی سان ئەحمەد دژی حکومت و ئینگلیزەکان).

ئینگلیزەکان شێخ عارفی (سەرگەڵوو)یان هان دا لە شێخ محمحمود جیابێتەوە بۆ ئەوەی دەسەلاّتی شێخ مەحمود لە ناوچەی سورداشیشدا نەمێنێت و (شێخ یوسف شەدەڵە) کە مدیری ناحیەی سورداش بوو لە شێخ مەحمود جیابووەوەو لەشکرێکی زۆری کۆکردەوەو ناردیە سەر (یالانقۆز)و (قەرە چەتان).

شێخ محمحمود لە ئەنجامی ئەوەدا ئەم نامەیەی نارد بۆ شێخ عارفی سەرگەڵوو:

«زۆر محترم خاڵە شێخ عارف (شێخ عارف لە شەڕی شعیبەشدا لەگەڵ شێخ مەحمووددا بووە) دەستتان ماچ دەکەم، ئێوەم بە قەلاّیەکی زۆر سەخت دانابوو بۆ خۆم، بەقسەی ماموستاکەت کرد (نیازی لە ئەدمۆنس بووە)، بزووتنەوەت مایەی ڕچەڵەک بڕانەوەمانە، بە هیوای گەلی کورد خستنە ژێر پێی ئەدمۆنس کار تەواو نابێت، دەبێ هەموومان کۆسپی شوومی کورد لەناو ببەین، مەبن بە هەوێنی خوێن ڕژاندنی لادێی هەژار، ئەمر بفەرموون لەشکرەکەتان بلاّوە بکاو لە هەر جێگایەک کە دەفەرموون ئامادەم بێمە ئەوێ بۆ دەست ماچکردنتان.

محمود

٢٥/مایس ١٩٢٤

## ٢- دەزگاكانی بەڕێوەبردنی كارو بار بۆ جاری دووهەم

سەیر ئەوەیە ئەحمەد خواجا لە یاداشتەكانیا لەدوای گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە مانگی تموزدا لە باسی دەزگاكانی ئیدارەی تازەی شێخ مەحموودا ووتوویەتی كە شێخ مەحموود حكومەتێكی پوختی تازەی لە كوردستاندا دامەزراندووە بەلاْم ناوی دەزگاكانی نەبردووە. بۆ گەیشتن بە باسی ئەو دەزگایانەی كە شێخ مەحموود ئەم جارە لەدوای تموزی ١٩٢٣دا كە گەڕایەوە دایمەزراند پەنامان بردە بەر رۆژنامەی ئومێدی استقلال (كە لەدواییدا بە دوورو درێژ باسی ئەو رۆژنامەیە دەكەین).

لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (١)ی ئەو رۆژنامەیەدا كە لە ٢/ ایلولی/١٩٢٣دا دەرچووە دەربارەی دەزگای تازەی دەوڵەتەكەی شێخ مەحموود دەڵێ:

*«تشكیلات تدویر أمور مملكت بە رأی مجلس عموم اكری كە أم مجلسە لە ژیر ریاستی نائب الحكومەدا تشكیل أكات و حسب اللزوم حضرت ملك معظم لە حضور خویدا أجتماعیان پیٚ أكا. أم مجلسە عبارتە لە روءسای دوائر و أشراف مملكت كە ناویان لە ژێرەوە نوسراوە:*

| | |
|---|---|
| رئیس داخلیە | شیخ محمد غریب أفندی |
| رئیس مالیە و گمرک | سید احمد افندی (نەنووسراوە كیٚ بووە، رەنگە سید ئەحمەدی بەرزنجی ـ مەرەخەس ـ بووبێت) |
| رئیس محكمە | معروف أفندی |
| رئیس تجارت و معارف و نافعە | حاجی ملا سعید افندی (حاجی ملا سعید كركوكلی زادە زۆر لە نووسەران ووتوویانە لە ساڵی١٩٢٢دا رئیسی شرع و عدل بووە وەكو لە شوێن خۆیدا رووغان كردۆتەوە) |
| رەزا بەگ | قۆمانْدانی عسكر |

له ئەشراف و مونتەخەبی أهالی : ـ

حاجیٔ ملا سعید افندی — کام حاجی ملا سعید؟ تۆ بڵێی هەر حاجی ملا سعیدی کرکوکلی زادە بووبێ؟

محمد آغا عبد الرحمن آغا

محمد بگ قادر پاشا

حاجی احمدی حاجی کریم — (بە حاجی کریمی روقیەخان بەناوبانگ بووە)

ملا حسین أفندی

حاجی ابراهیم آغا

حاجی أمینی حاجی عزیز

حسن بنەشي

وە لە هەمان ژمارەدا نووسراوە

ترتیبات ملووکانە:

یاوەر و سەرکاتب جنابي سید أحمد أفندی

کاتب جناب أحمد صبری افندی (ئەحمەد خواجا)

ظابط آمر ـ جناب ماجد افندی

قوماندانی بلووکی معیّەت ـ جناب سید محمد افندی

هیئت (نووما) لەپاشدا باس اکرین

مأمور مصارفات دائرەء ملوکانە ـ شریف آغا (نیاز لە درویش شریف بووە)

سعید آغا ـ مدیر مسافرخانە

شمس الدین ـ ناظر الخدمە

ئینگلیزەکان بێجگە لەوەی کە هەوڵیان دا ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرو سەرۆک عەشایرەکان لە شێخ مەحموود دووربخەنەوەو ئەدمۆنس بە هەموو لایەکدا هەڵپەی ئەوەی دەکرد کە سنووری دەسەڵاتی شێخ مەحموود کەم بکاتەوەو بەپێی ئەو داخوازییەی کە عبد المحسن السعدون داوای کردبوو کە قەزاو ناحییەکان لە سلێمانی

جیابکرێنەوەو بخرێنە سەر لیواکانی تری دراوسێی سلێمانی وەکو لە باسەکانی پێشوودا لێی دواین.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا لەو رووەوە دەڵێ(٤٥):

*«وویستم موافقتی سەرۆکەکانی خۆم وەربگرم بۆ ناردنی نامەیەک بۆ شێخ مەحموود کە بەم جۆرەی خوارەوە بێ:*

*مندوبی سامی بیستوویەتی کە هاتوونەوە سلێمانی و دەمەوێ پێت رابگەیەنم کە هەموو تدابیرێک کراوە دەربارەی قەزای رانیەو قەڵادزەو چەم چەماڵ و قەرەداغو سەنگاو بێجگە لە ناحییەی ماوەت، لەبەر ئەوە بە هیچ جۆرێک نابێ دەس بخەیتە کارو باری ئەو ناوچانەوەو یا بۆ سەر دێهاتەکانی ناوچەی (سەرگەڵوو) وە ئەگەر خوانەخواستە جووڵەیەک بکەوێ و خەڵک هان بدەی بۆ نانەوەی ئاژاوە ئەوا هەموو ئیجرائاتێک دەربارەتان دەکرێ، بەڵام ئەگەر هەر لە سلێمانیدا بێدەنگ دانیشی و دەست نەخەنە کارو باری ئەو شوێنانەوە فخامتی مندوبی سامی هیچ ناکا دژی ئێوە».*

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی پلانی ئینگلیز بۆ لەناوبردنی باوکی دەڵێ(٢١):

*«لە ساڵی ١٩٢٤دا حەپسەخانی نقیب کە ژنی شێخ قادری مامم بوو چووە گوندی (جێشانە) وە لەوێوە داوای کرد ئایشەخانی خوشکی حەپسەخان (ژنی دووهەمی شێخ مەحموود) بچێتە چێشانە (گوندێکە بە شاخی بەرانانەوە بەرامبەر بە شاری سلێمانی) بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ و رێگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نارێکییەی لەنێوانی ئینگلیزەکان و شێخ مەحموودا هەبوو (لەو رۆژانەدا شێخ قادری حفید لەگەڵ شێخ مەحموودا نارێک بوو وە بە هاندانی ئینگلیزەکان خۆی پاڵاوتبوو و کرابوو بە ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عراق)، کە ئایشەخان دەچێتە جێشانە حەپسەخان پێی دەڵێ: باشترین هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو سەریەشەو نارێکییەی ئینگلیز ئەوەیە کە شێخ مەحموود بێتە جێشانەو کاپتن (چپمن)یش دێتە ئێرە بۆ گفت و گۆکردن لەگەڵیا.*

شێخ ڕوءف لە یاداشتەکانیا لەو ڕووەوە دەڵێ (کە ئەمە تاکە سەرچاوەیەکە باسی ئەوەی کردبێ):

«لەڕاستیدا باوکم حەزی دەکرد چارێک بدوزرێتەوە بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکانا بۆ ئەوەی خەڵک تووشی نائارامی و شەڕ نەبێتەوەو بیانوویەک نەدرێتە دەس ئینگلیزەکان کە دووبارە بۆردومانی سلێمانی بکەن و ماڵی خەڵک کاول بکەن، بەڵام باوکم لەگەڵ ئەوەشدا نەچووە (جێشانە) کە هۆی ئەو نەچوونەی ئەوە بوو (مەلا حکیم)ی قرەداغی خەبەری ناردبوو بۆ باوکم و پێی وتبوو ئاگاداری خۆی بێ چونکە دەیانەوێ لە جێشانە پیلانێکیان بۆ ڕێکخستووە لەناوی ببەن و مەلا حکیم ئەو هەواڵەی بە (ئەحمەد بهجت)ی برایدا ناردبوو بۆ باوکم و باوکم لە ئەنجامی ئەوەدا نەچووە جێشانە...

لەدوای چەند ساڵێک لەگەڵ مەلا حاکیمدا یەکتریمان بینی و زۆر مەراقم بوو کە بە دوورو درێژی هەواڵی ئەو پیلان و نەخشەیەی لێ بپرسم کە لە ساڵی ١٩٢٤دا بۆ شێخ مەحموود لە جێشانەدا ڕێک خرابوو ئەویش بە دوورو درێژی بۆی گێڕامەوەو ووتی:

چیمن وویستی شێخ مەحموود لەناو ببا، یا بە کوشتنی یا بە گرتنی، پیلانەکەی ئەدمۆنسیش وا ڕێک خرابوو کە ئەوانەی سەر بە ئینگلیزەکان بوون لەدەوری جێشانە کۆ ببنەوەو کە شێخ مەحموود گەیشتە جێشانە دەم و دەس هەندێ فرۆکەی ئینگلیز هەڵسێ و ڕێگای یارمەتی لە شێخ مەحموود بگیرێ و فەوجێکی لیڤیی ئاسووری پەلاماری جێشانە بداو لەوێ شێخ مەحموود بگیرێ یا بکوژرێ.

مەلا حکیم لە باسەکەیا بۆ شێخ ڕوءف دەڵێ:

لە کاتی سازکردنی ئەو پلانەدا چەند کەسێک ئامادە بوون وەکو شێخ سەلام و شێخ قادرو شێخ عبد القادر (مەبەستی شێخ قادری گۆپ تەپە بووە کە بە گوللەنەبڕ ناسراو بووە) بەڵام شێخ قادر زۆر سەرگەرم نەبوو بۆ سەرگرتنی ئەو پیلانەو شێخ عبد القادری گۆپ تەپە بە چیمن دەڵێ:

جەنابی کاپتن: ئەگەر شێخ مەحموود هاتە ئێرەو هەستی کرد کە ئەو پیلانە بۆ

*لەناوبردنی ئەو سازکراوە ئەوسا من و تۆ هەردووکمان دەکوژرێین و لەدوای کوشتنی من و تۆ ئیتر ئەوسا سوودی کوشتنی شێخ مەحموود چیٚ دەبیٚ؟*

*چیمن وەرامی شێخ عبد القادری نەدایەوە، بەلاٌم هەر سوور بوو لە بەجێهێنانی پیلانەکەی و هیوای سەرگرتنی هەبوو و ئومێدی بە حەپسەخان هەبوو کە ئەو پلانە رێک بخریٚ بە هۆی ئەوەوە.*

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەلٚیٚ:

*«چیمن ئەو قینەی هەر لەدلٚدا بوو بەرامبەر بە شێخ عبد القادری گۆپ تەپەو لەدوای سالٚی ١٩٢٤ کە چیمن کرا بە وکیلی متصرفی سلێمانی، لەو رۆژانەدا شێخ عبد القادر کرابوو بە مدیری ناحیەی سەنگاو دەم و دەست چیمن شێخ عبد القادری لە مدیرییەتی ناحیەی سەنگاو دەرکردو ئاوارەی کرد بۆ (ناصریە)».*

کە ئەو یاداشتەی شێخ روءفم خوێندەوە دەربارەی هەلٚوێستی حەپسەخانی نقیب کە لەراستیدا شێخ قادر بەبیٚ ئەو دەستی نەدەکرد بە ئاوداو (پیرەمێردی شاعر هەمیشە دەی ووت: شێخ حەپسەو قادرخان) یەکسەر شتێکی کۆنم هاتەوە یاد کە لە هەندیٚ لە خزمە نزیکەکانی شێخم بیستبوو کە وەختی خۆی شێخ مەحموود بەرلەوەی ئایشەخانی خوشکی حەپسەخان مارە بکا، حەپسەخان بەتەمای ئەوە بووە خۆی مارە بکا، کە ئەوە سەری نەگرتووە ئیتر لەوەوە ئەوە بووە بە گرێیەک لە دلٚی حەپسەخانداو لە زۆر هەلٚوێستدا دژی شێخ مەحموود وەستاوەتەوە ئەگەرچی تا ماوەیەک ئەوەی ئاشکرا نەکردووە.

کە ئەو یادکردنەوەی خۆمم عرضی شێخ بابا علی شێخ مەحموود کرد لە کاتی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا پیٚی ووتم زۆر راستەو من خۆشم ئاگاداری ئەوەم و بیستوومە.

## ٣. ڕۆژنامەی ئومێد استقلال

کە شێخ مەحموود هاتەوە بۆ سلێمانی لە مانگی تموزی ١٩٢٣دا ئەو چاپخانەیەی ئینگلیزەکان لە ئەشکەوتی جاسەنەوە هێنابوویانە سلێمانی و تەنها یەک ژمارەی (بانگ کوردستان)یان پێ چاپ کردبوو ئەو چاپخانەیان لە سلێمانی بەجێ هێشتبوو بەڵام میلی چاپخانەکەیان دەرهێنابوو بۆ ئەوەی ئیش نەکاو حکومتی کورد هیچی پێ چاپ نەکا.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ(٣):

*«لەوانەی لەو ڕۆژەدا شارەزای چاپکردن بوون و لە سلێمانیدا مابووەوە تەنها هەر محمد زهدی بوو وە بۆ پەیداکردنی میلێک لەجیاتی ئەوەی ئینگلیزەکان دەریان هێنابوو بردبوویان، وەستا صالحی سلیمان جەژنێ کە تۆکمەچییەکی زۆر شارەزا بوو بە دوو ڕۆژ میلێکی دروست کردو چاپخانەکەی خستەوە کار».*

دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (١٥٨)دا دەڵێ(١٠):

*«دوای چاککردنەوەی چاپخانەکە بۆ دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک کە ببێت بە ئۆرگانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود لیژنەیەکی تایبەتی پێک هات کە بریتی بوون لە: ئەحمەد خواجا، ماجد مصطفی، عادل شێخ سلام و سید ئەحمەدی برزنجی و صبری کاکەڕەش وە لەماڵی عزەت بەگی وەسمان پاشای جاف کۆبوونەوەیەک کراو چەند ناوێک هەڵبژێررا بۆ ناوی ڕۆژنامەکەو لە ئەنجامدا (ئومیدی استقلال) هەڵبژێررا.*


*بەو جۆرە لە ایلولی ١٩٢٣دا ئەو ڕۆژنامەیە دەرچوو بوو بە لاپەڕەیەکی پرشنگداری تری تۆماری ڕۆژنامەنووسی کوردی.*

*محمد زهدی بە تەنها ئەم ڕۆژنامەیەی چاپ دەکردو لەدوای دەرچوونی یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٣/٩/٢٠دا شێخ مەحموود (١٥٠) روپیەی خەڵات کرد بە محمد زهدی و مووچەی مانگانەکەی لە (٤٥) روپیەوە کرا بە (١٠٠) روپیە (ئەو محمد زهدییە لە مانگی تموزی ١٩٢٤دا کە دووبارە ئینگلیزەکان سلێمانییان داگیرکردەوە چووە تورکیاو لەوێ نیشتەجێ بوو و نەگەڕایەوە).*

*رۆژنامەی ئومێد استقلال هەر ژمارەیەی (...١) دانەی لێ چاپ دەکراو لە ماوەیەکی کەمدا بڵاو دەبووەوەو هەندێکیشی لەرێگای کفرییەوە دەنێررا بۆ بغداد. کڕیارو یارمەتیدەری وا هەبوو بۆ دانەیەک نرخی چەند دانەیەکی دەداو رۆژنامەکە کە بە قەوارەی ٥و٢١سم x ٢٤سم بوو بە نرخی فرۆشتنەکەی توانرا کاغەزو مەرەکەبی پێویستی بۆ بکڕرێت».*

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا بە دوورو درێژ باسی ئەوەی کردووە کە چۆن پوولی کوردستان لەو رۆژانەدا دروست کراوەو دەرامەدێکی باشی بۆ حکومتی کوردستان پەیدا کردووەو دەڵێ:

ئەو پوولانە (٣) جۆر بوون، یەک ئانەیی و هەشت ئانەیی (عانە)و یەک روپیەیی و شێخ لطیفی سەعاتچی (کە بە شێخ لطیفی دانساز ناسراوبووەو پیاوێکی زۆر دەس رەنگین بووە) نێوانی پوولەکانی کون کردووەو قەراغی بۆ پوولەکان دروست کردووە کە وەکو ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا وێنەی پوولێکی کردووە بەم شێوەیە بووە:




ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«سێ هەزار پوولی تەواوکراوم بردە خزمەت ملک، زۆری پێ خۆش بوو کە چاوی کەوت بە پوولی کوردستان چووە سوجدەوە بۆی و فەرمووی:*

*«خوایە: تۆ پشتیوانی کوردیت... ئەم خۆشییە لە میللەت نەشارییەوە، منیش پەیمان بێ بە سەرو ماڵ درێغی نەکەم بۆ کورد.*

*کە ملک پوولەکانی وەرگرت قەڵەمەکەی گرت بەدەستەوەو لەسەر کاغەزێک*

*نووسی بۆ درویش شریف (کیسە باخەڵی تایبەتیی خۆی بووە)، لە پارەکانی خۆم هەزار روپیە بدەن بە ئەحمەد ئەفەندی منیش کە پارەکەم وەرگرت دەسبەجێ چوومە لای رفیق حلمی کە بەرێوەبەری قوتابخانەی (محمودیە)بوو لەوێ (٥٠٠) روپیەمان دابەش کرد بەسەر قوتابییە هەژارەکاندا».*

دەربارەی دروستکردنی ئەو پوولانەی ئەحمەد خواجا باسی کردووە لە لاپەرە (١)ی ژمارە (٩)ی ئومیدی استقلال ساڵی ١٩٢٣دا نووسراوە:

*«ریاستی مالیە قیمەتی یەک ئانەیي و هەشت ئانەیي و بۆ طاپۆ پینج روپیەیي پوولیکی تازەی أستحداث کردوە، ئەم پوولانە لەسەر زەمینی سەوزەو نموونەي چاپکراوی هەیە»*

وە لە ژمارە (٢٠)ی رۆژی ١٩٢٤/٣/٢٧ی هەمان رۆژنامەدا نووسراوە:

*«امرو پوولی چوار روپیەیی و روپیەو نیوی وە یەک روپیەیی طبع کراو خرایە موقعی تطبیقەوە».*

دوکتۆر کمال مەزهەر دەربارەی برەوسەندنی رۆژنامەی استقلال لە لاپەرە (١٥٩)ی کتێبەکەیدا دەڵێ(٦٠):

*«دەنگدانەوەو سەرکەوتنی رۆژنامەی ئومید استقلال شێخ مەحموودی وا لێ کرد کە بریار بدا لە ئەڵمانیاوە چاپخانەیەکی گەورەتر بهێنێت بەڵام پلانی رێگەگرتنی ئینگلیزو فرو فێڵ و تەقەلادانی بۆ سەرنەگرتنی ئەو مەبەستە نەیهێشت ئومێدی رۆشنبیرانی کورد لەو رۆژانەدا لەوە باشتر بێتە دی».*

جمال خەزنەدار لە رابەری رۆژنامەگەریی کوردیدا لە لاپەرە (٢٩)دا دەڵێ(٦١):

*«أمید استقلال رۆژنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی رەسمی بووە هەفتەی جارێک لە شاری سلێمانیدا دەرچووەو (٢٥) ژمارەی لێ دەرچووە کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٣/٩/٢٠دا بووە کە مدیری مسئول و سەر محرر رفیق حلمی بووەو ئەحمەد خواجاش ئیشی تیادا کردووە».*


جمال خەزنەدار لەوەدا باسی حسین ناظمی نەکردووە کە لە چەند ژمارەیەکدا سەرنووسەرو مدیری مسئول بووە.

لەڕاستیدا (٣) ژمارە لە (١-٣) ئەحمەد خواجا مدیری مسئول و سەرمحرر بووە وە لە ژمارە (٤) هەتا ژمارە (١٣) رفیق حلمی لەجیاتی ئەحمەد خواجا بووە بە مدیری مسئول و لە ژمارە (١٤) بەدواوە حسین ناظم لەجیاتی رفیق حلمی سەرنووسەرو سەرپەرشتیکەری رۆژنامەکە بووە (ئەو ژمارانە لە کتێبخانەی جامعەی لەندەندا SOAS هەیە).

دوای ئەوەی ئینگلیزەکان لە تموزی ١٩٢٤دا سلێمانییان داگیرکردەوە حسین ناظم چووە تورکیا (هەر وەکو چۆن محمد زهدی چوو بۆ تورکیا لە هەمان کاتدا) وە لەوێ لای تورکەکان بووە بە قائمقامی شمزینان هەتا سالی ١٩٢٨ هەر وەکو ماموستا مصطفی صالح کریم لە گۆڤاری کاروان ژمارە (٧٨) آب ١٩٨٩دا باسی کردووە.

حسین ناظم لە سالی ١٩٢٩دا گەڕاوەتەوەو بووە بە سەرنووسەری رۆژنامەی (ژیان) کە شارەوانی سلێمانی دەری کردووە.

وا بۆ نموونە فۆتۆکۆپیی لاپەڕەی یەکەمی ژمارە (١و٤)ی ئومیدی استقلال لێرەدا پێشکەش دەکەم.


امید استقلال


بە ٣ مانك بۆ دەرەوەیە
بە شش مانگ ٤ بە شالیك
هشت روپیە بە
علانات
بە دیرێك ٢ آنە

خدایا بسبە ایتر لابری دیجور انحلال : طلوعی بی بکا خورشیدروژ پاك استقبال
لە کل خولیای هجرت بە سرجو عمر شیرینم : دەسالە ... آه ! ! ای امید استقلال

تاریخ انتشار
٢ ایلول ٣٣٩
سلیمانی

سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ...
هفتە جاریك دردچی

(ژمارە ١) ... ٩ صفر المظفر ١٣٤٢ ... ٢ ایلول ١٣٣٩


امید استقلال

مدیر مسئول و سر محرر رفیق حلمی

اعلانات به دیریك ۳ آنه ده سیتریت

بو همو شتیك مراجعت به مدیر خزینه دکری

بدل آبونه به ۳ مانگه دو روپیه و نیویك به شش مانگ ۳ به سالیك شش روپیه به

بو خارج اجرت پوسطه علاوه دهکری

خدایا سیه ایتر لاپری دیجور اضمحلال ؛ طلوعی پی بکه خورشید روز پاك استقبال

له کل خلیاں هجرتدا به سرچو عمرشیرینم ؛ دمسا نوبهٔ وصاله آه ، ای امید استقلال

تأسیغ اتشار ۲۰ ایلول ۳۳۹ سلیمانی

سیاسی ، ادبی ، اجتماعی هفته یکی و سمی یه

هفته جاریك دو دهچی

نسخهی به آنه یکه

سال ۱ زماره ٤ (پنجشنبه) ۳۰ صفر ۳٤۲ ۱۱ تشرین اول ۳۳۹

بو پاراوتن وطن

له خدماتی بو ملك و ملت تأمین استقلاله محکله ...

چاوگێڕانێک بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی ئومێد استقلالدا، جگە لەو چەند ژمارەیەی کە باسمانکردن ئەم باسانەمان دێتە پێش چاو:

لەلاپەڕە (٢)ی ژمارە (١)ی رۆژی ۱۹۲۳/۹/۲ .دا دەڵێ:

## غرائب

*«بو تأمین أستقلالیت، قومی کورد لە بدایتي حرب عمومی تا أیستە دە هەزاران قوربانی داو بێ حساب تالأنی رۆی. أیستا بێ معلومات أم ملتە أم دو حکومتە مشغولی پلانی قو تدانین. ألبتە عدالت رێگەء خوی ادوزیتەوە خوا کریمە».*

لە لاپەڕە (٣)ی هەمان ژمارەی پێشوودا باسی دامەزراندنی دەزگاکانی بلأوکردۆتەوە لەگەڵ پێشەکییەکدا کە بەرلەمە دەقی ئەوەمان بلأوکردەوە.

لە ژمارە (١٤)دا کە حسین ناظم بووە بە مدیری مسئول و سەر محرر، ئیتر لەو ژمارەوە بەشی تورکی و فارسیش جگە لە کوردی بلأوکراونەتەوەو بەو دوو زمانەش باسی تیادا بلأوکراوەتەوە.

لە ژمارە (١٩)ی شعبانی ١٣٤٢هـ (١٩٢٤م) دا نووسراوە:

«لە ١٢/مارتدا بە پێنج طیارە آوایي حمەی سان أحمد کە لەوبەری (سیران)وەوەیە

*بوردمان کرا وە لە تەیارەکان یەکێکیان سقوطی کرد».*

هەروەها لە هەمان ژمارەدا دەڵێ:

*«لە أستقامتی شارەزورەوە، لە ١٦/یٔ مارتدا تەقینەوەی (٢٠) بومبا بیسترا، بەلام محلی بوردومان هیشتا معلوم نەبوە».*

وە لە هەمان ژمارەو لە ژمارە (٢٠)دا لە لاپەڕە (٣)دا کە لە ٢٧/مارت/١٩٢٤ دەرچووە باسی دەرچوونی پوولی کوردستانی بلاوکردۆتەوە، وەکو لەپێشتردا باسمان کرد.


لە ژمارە (٢١)ی رۆژی ٣/نیسانی/١٩٢٤دا دەڵێ:

*«٢٧/مارت/٣٤٠ ١ رومی ١٩٢٤ کە تصادف رۆژ/ي شەمەبوو، چوار تەیارە (قرەچتان)و چواریش (گردەبۆر)یان لە سعات ٣/یٔ رۆژدا بۆ ماوەی سعاتێک و پینج دقیقە بوردومان کردو لە عینی رۆژدا سەعات هەشت و نیو (٣) طیارە (عەودالأن)و أطرافیشي بوردومان کرا».*

بێگومان ئینگلیز بڕیاری ئەوەیان دابوو کە شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێک لە ناوچەی سلێمانیدا نەمێنێتەوە، بەتایبەتی لە پەیمانی لۆزان بەدواوە لەو گفت و گۆیانەی کە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکدا کردبوویان ئامادەیی خۆیان پیشاندابوو کە لە خوارووی کوردستاندا هەر رێکخراوێک کە شێوەی سەربەخۆیی یا ئۆتۆنۆمیی تیادابێ و لەو جۆرە بوویێ کە تورکەکان سڵیان لە بوونی کردبێتەوە تورک لەلایەن ئینگلیزەوە دڵنیا کرا کە واز لە هەمووی دەهێنرێ بە مەرجێک ئەوانیش واز لە ویلایەتی موصل بێنن و دان بە سنووری نێوانی عراق و تورکیادا بنێن.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی بەجێهێنانی نەخشەی بریتانیا لەو رووەوە دەڵێ(٤٥):

*«هێرش برایە سەر بارەگای شێخ مەحموود لە سلێمانی و بۆمبای (٢٠٠ رەتلی) پیادا درا (شێخ بابا علیی شێخ مەحموود دەڵێ ئەو بۆمبایە (٥٠٠) رەتلی بوو) چونکە شێخ لە کارو باری ناوچەی (ماوەت)دا دەس درێژیی کردبوو بەپێچەوانەی ئەو هەڕەشەیەی لەو رووەوە لێی کرابوو.*




ئەم فڕۆکەیە لە Imperial War Museum هەیە کە کاتی خۆی بۆردومانی کوردستانی کردوە
London

دوای ئەو بۆردومانە بیستمان شێخ حمە غریبی زاوای شێخ مەحموود چووبوو بۆ هەڵەبجە بەڵام بەپەلە گەڕایەوە بۆ سلێمانی. لەو ڕۆژانەدا بەگزادەکانی جاف لەناو خۆیانا ناڕێک بوون بۆیە هیچ لایەکیان بەرهەڵستیی چوونی شێخ حمە غریبیان نەکردبوو جگە لە (نەورۆڵی)یەکان کە هەر لەخۆیانەوە پەلاماری هێزەکەی شێخ حمە غریبیان دابوو و پیاوێکیان کوشتبوو و چەند تفەنگێک و ئێسترێکیان دەسگیر بووبوو.

من (ئەدمۆنس) وام پەسەند کرد بچین دووبارە سلێمانی بگرینەوەو شێخ مەحموود بە گوللەیەک بکوژین بەڵام مندوبی سامی دەیویست شتەکە بە ئاسانی ببڕێتەوە (مندوبی سامی هنری دوبس بووە) وە شێخ مەحموود پەیتا پەیتا نامەی دەنارد بۆ مندوبی سامی و پاکانەی دەکرد کە تاوانبار نییە.

شێخ لای وابوو ئەو بەیاناتەی دژی ئەو دەردەچوو ئەو هێزە سوپاییانەی دەمانگواستنەوە هەمووی شتێکی کاتییەو بۆ چاوبەستەو زۆری پێ ناچێ ئێمە لە کاتێکی مناسبدا دەیگێڕینەوە بۆ سەر کارو باری خۆی.

بڕیار درا (قـرەداغ)و (گل)و (سەنگاو) بکرێن بە شـوێنی یەکـەم پەلامـاردان بۆ ئەوەی داگیـریان بکەین، هەندێ لەو کەسانەی کە لایان وابوو دوور نییە ئێمە هەمان دەوری پێشووی بدەینەوە بە شێخ مەحموود، بۆیە ئەوانە هەوڵیان دەدا بکەونە بەینی ئێمەو شێخ مـەحمـوودەوە بۆ ڕێککەوتـن، بەتایبەتی شـێخ عبد الکریمی قـادرکـرم کـە بەڕاستی ڕقم لە شێخ عبد الکریم لەوەدا هەڵسا کە ووتی: ڕووسی شیوعی خەریکن لەڕێگای (سمکۆ)وە دەم بژەنێتە کـارو باری ناوچەکە بۆیە عـەقڵ پێـمان دەڵێ کە وا باشە شێخ مەحموود بەکار بێنین بۆ بەربەستکردنی ئەو تەقەلایە.

لە قـرەداغـەوە دوو نامـەی شێخ مـەحمـوودورەزا بەگی دۆسـتـی ساڵی ۱۹۱۹م پێ گـەیشت هەردووکـیـان داوای ئەوەیان کـردبوو کـە جـیگەیەک دابنرێ بۆ گـفت و گوکردن، بەڵام من ئەوەم بە باش نەزانی و داخوازییەکانم پشت گوێ خست.

زۆر پێم خۆش بوو کە شێخ قادری برای شێخ مـەحـموود هاتە زیارەتمان و لەدوای هەندێ دوودڵی بڕیاری دا خۆی بپـاڵێوێ بۆ ئەندامـێتـیی ئەنجـومـەنی دامـەزرێنەری عراق وە لە هەڵەبجەش شێخ حمە غریب خۆی کێشایەوەو ئیتر دوای ئەوەی کە شێخ حمە غریب خۆی کێشایەوە ئەحمەد موختار جاف و حامد بەگ هاتنە سلێمانی بۆ دەربڕینی وەلای خۆیان بۆ ملکی کوردستان.

من کـرکـوکم بەجێ هێشت و چوومە (کەلار)، لەوێ کە ئەحمـەد مـوخـتـارو عزەت بەگ بیستبوویان من دەچم بۆ (کەلار) نامەیەکیان بۆ ناردم و نووسیبوویان ئەوان بۆیە چووبوون بۆ سلێمـانی بۆ لای شـێخ مـەحـمـوود چونکە لایان وابوو کـە منیش (ئەدمۆنس) دەچم بۆ سلێمانی بۆیە چووبوون بۆ ئەوەی لەوێ ببینن.

لەو ڕۆژانەدا گـەلێک نامـەم بۆ هات لە چەند کـەسێکەوە داوای ئەوەیان دەکـرد کـە جعفر سلطانی هەورامی (جافرسان) بکرێ بە قائمقامی هەڵەبجەو مەلا حسن بکرێ بە موفـتـیی هەڵەبجە (ئەو مەلا حسنەی ئەدمۆنس باسی کردووە خەڵکی بیارە بووەو لەدواییدا بە مەلای قـەوسی بەناوبـانـگ بووە. لەناو مـوسـوەدەکـانی توفـیق وەهبیدا ساڵی ۱۹۸۲ دەسنووسێکی ئەو مەلا حـسنەم هاتە بەرچاو کە بێگومـان ئەدمۆنس داویەتی بە توفـیق وەهبی لەپێشـەکی ئەوەدا مـەلا حسن اخـلاصی خۆی بۆ ئینگلیز

پیشان داوەو ووتوویەتی کە من ماوەیەکە مووچەخۆری ئێوەم و گلەیی ئەوەی کردووە دەڵێ من هەورامیم و هەورامیش زۆر بەش خوراون و ئێمە کورد نین و زمانێکی تایبەتیمان هەیەو نیمچە قامووسێکی بۆ نووسیوە کە وویستوویەتی بەرامبەرەکانی بە شێوەی کرمانجیی خواروو بنووسێت بۆ ئەوەی بۆ ئەدمۆنس دەربخا کە چەند دوورن لەیەکەوە، لام وایە دوکتۆر مکنزیش کە قوتابیی ئەدمۆنس بووە لەو تەقەلایەی کە دەیدا بۆ ئەوەی بڵێ هەورامی کورد نین هەر لەو نووسینەی مەلای قەوسیەوە بووە. بەڵام سەیر ئەوەیە هەر ئەو مەلای قەوسییە دووڕووە چەند جارێک شعری نیشتمانیشی ووتووەو بەسەرو باڵای کوردا هەڵی داوە. وەکو: ئەی میللەتی مەزلوومی سپاچارە...).

لەو راپۆرتانەی کە بۆ ئینگلیزەکان دەچوو لەلایەن ئەو مەلا حسنەوە لەدواییدا لە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموودا دوای هەرای رشیدی عالی ١٩٤١ باسی دەکەین).

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو داخوازییانە دەڵێ:

مەلا حسن نامەیەکی بردبوو بۆ بغدادو لە ئەنجامی ئەوەدا جعفر سلطان کرا بە قائمقامی هەڵەبجەو مەلا حسن خۆشی کرا بە موفتی، بەڵام دانانی هەردووکیان شتێکی راست نەبوو چونکە جنسیەی جعفر سلطان ئێرانی بوو، بێجگە لەوە دانانی هەورامییەک لەناو ئەو هەموو بەگزادانەی جافدا شتێکی راست نەبوو بۆیە هەردوو بڕیارەکە هەڵوەشایەوە.

بیستم دوای ئەوەی هێزەکانی شێخ مەحموود هێرشیان بردبوو سەر هەڵەبجە وە سوارەکانی جاف بە سەرکردایەتیی ئەحمەد موختار شکابوون هەرچەند (نەورۆلی)یەکان یارمەتیشیان دابوون، جعفر سلطان لەسەر تکاو داخوازیی عدلەخان (خانمی ژنی وەسمان پاشا) ئەویش فریای ئەو جافانە کەوتبوو و یارمەتی دابوون و فریای ئەحمەد بەگی موختاری کوڕی عدلەخانم کەوتبوو لەو رۆژانەدا کە لەشکرەکەی شێخ مەحموود وارماواو خورماڵیان بەدەستەوە بوو».

مس بیل لە کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە دەڵێ(٥٥):

«لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٢٣داو لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ شمالی عراق *لەچاو خۆیدا هێمن بوو، شێخ مەحموود دەستی بەسەر سلێمانیدا گرتبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بە هۆی هێزی ئاسمانییەوە هەڕەشەی لێ دەکرا بەتایبەتی لە مایسی ١٩٢٤دا کە شێخ مەحموود بیستبوویەوە لەسەر (ئەنجومەنی دامەزرێنەر) هەندێ ناکۆکی پەیدا بووبوو لەنێوانی ئێمەو عراقدا، شێخ مەحموود بەوە تشجیع بووبوو، لەبەر ئەوە بڕیار درا دەست و برد بکرێ بۆ لابردنی شێخ مەحموودو بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە تموزی ١٩٢٤دا لەلایەن هێزی سوپای عراق و هێزی لیڤیی ئاسووری و بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی بریتانیا سلێمانی داگیرکرایەوەو شێخ مەحموود خۆی گەیاندە سنووری ئێران و سلێمانی خرایەوە ژێر سایەو دەسەڵاتی عراقەوە».*

بەڵام سەیر ئەوەیە نووسەرە قەومییەکانی عەرەب، لە ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان و ئینگلیزدا وەکو دەمارێکی رەگەزپەرستیی رەسەنانە هەوڵیان داوە لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان دەس بدا ئەگەرچی بناغەی ئەو بۆچوونانەیان هەمووشی لەسەر درۆ و دەلەسە دروستکرابێ، بەڵام هەوڵی ئەوەیان داوە کورد تاوانبار بکەن و کورد وەکو نۆکەرێکی بەکرێ گیراوی هاندراو پیشان بدەن کە ئەمە لە زۆر هەڵوێستیانداو لە زۆر نووسینیانا دەردەکەوێ.

باشە، فەرموو لێرەدا ئەمە مس بیل و ئەمە ئەوان... چی لەو دانپیانانەی مس بیل ئاشکراترە کە بە هیچ جۆرێک باسی ئەوەی نەکردووە شێخ مەحموود راسپێرراوبووە بەڵکو بەپێچەوانەوە بە ئاشکرا دەڵێ دەبوایە بەرامبەر بەو راپەڕینەی شێخ مەحموود شتێک بکرێ کە لەناو ببرێ... لە رێڕەوی باسەکانی بەرگی پێشوودا و لەم بەرگەدا زۆر شتی وا زەق و ئاشکرا دێتە پێشەوە کە نامەقوولییەکانی ئەوانە بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دوهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«بەرلەوەی ئینگلیزەکان سلێمانی داگیر بکەنەوە هێزەکانیان کە بریتی بوون لە سوپای بریتانیاو هێزی لیڤیی ئاسووری لە (کوڵەبۆر)ی نزیکی چم چماڵ مۆڵگەی*

*خواردبوو وه له ٢٦ هەتا ٢٨ حزیران ١٩٢٤دا بۆردومانی سلێمانییان کرد».*

شێخ بابا علیی شێخ مەحموود دەربارەی بۆردومانەکانی ئەو ڕۆژانە بۆی باس کردم کە:

*«له هاوینی ١٩٢٤دا فڕۆکەکانی ئینگلیز هەر وەکو بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٢٣ هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە بۆردومانی ناو شاری سلێمانییان دەکردو خەڵکەکە ناچار بوون لە بەیانیی زووەوە ناوشاریان بەجێ دەهێشت و ڕوویان دەکردە گردی سەیوان و دێهاتەکانی دەورو پشتی سلێمانی هەتا وای لێ هاتبوو سەگەکانی ناوشاریش فێربووبوون لەگەڵ خەڵکەکەدا کە فڕۆکەی ئینگلیز دەهات ئەوانیش ڕایان دەکردە دەری شار».*

شێخ ڕوءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا(٢١) دەربارەی ئەو ڕۆژانە دەڵێ:

*«کە فڕۆکەکانی ئینگلیز پەیتا پەیتا دەستیان کرد بە بۆردومانی سلێمانی ئیتر باوکم چاری نەماو بڕیاری دا بچێتە دەرەوەو لە دەرەوەی شار ڕوو بە ڕووی ئینگلیزەکان ببێتەوە.*

*شێخ قادری مامم و حەپسەخانی نقیبی ژنی چوونە گوندی (تەنگیسەر) لە قرەداغ و هەندێک لەوانەی کە سەر بە ئینگلیزەکان بوون لەگەڵ خۆیانا بردیاننە تەنگیسەرو حەپسەخان بڵاوی کردەوە کە سەر بە شێخ مەحموود نییەو لەگەڵیا نییەو شێخ عبد الکریمی قادرکرم و شێخ عبد القادری گۆپ تەپە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و شێخ عبد الرحمن لە گوندەکەی خۆیدا خۆی توند کرد بەڵام جووڵەی نەکرد بۆ هاوکاری کردن کە ئەمانە لە ساڵی ١٩١٩دا هەموویان لەگەڵ باوکما بوون و ئەوسا تەنها بابکری سلیم ئاغا هەبوو کە دژی بێ لەگەڵ خانمی ژنی وەسمان پاشای جاف.*

شێخ ڕوءف لە یاداشتەکانیا دەربارەی بەگزادەکانی جاف و ئەوانەی تر کە لەگەڵ شێخدا بوون یا دژی بوون دەڵێ(٢١):

*«لە ساڵی ١٩٢٣دا کە بەگزادەکانی جاف گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە خۆیان لە ئینگلیزەکان نزیک کردەوە بەو جۆرە هەڵەبجە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانا نەماو حامد بەگ بە ئاشکرا بوو بە لایەنگری ئینگلیزو ئەوانەی لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ باوکمدا مابوونەوە بریتی بوون*

لە گەنج و لاوەکانی سلێمانی و ڕۆشنبیرانی کوردو ڕەشە خەڵکەکەی ناوچەی (مەرگە)و عەشایری (غەوارە)ی جاف کە بریتی بوون لە (بێ سەری)و (چووچانی)و (ناوداری)و (شێخ اسماعیلی)و (پەرخی) لەگەڵ تاقمەکەی مەحمودخانی دزڵی و ناوچەی مەریوان و بەشێکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەی شارباژێرو پێنجوین و هەندی لە عەشایری ناوچەی (بانە)و کریم بەگی فتاح بەگی هەموندو تاقمەکەی سید محمدی جباری و هێزێکی تایبەتیی شێخ مەحموود کە بریتی بوو لە (٧٠٠) کەس و عەشیرەتی (روغزایی) کە ئەوانیش بەشێک بوون لە جاف (مەبەستی تاقمەکەی خلیفە یونس بووە لە شارەزوردا) وە هەندێ لە خەڵکی هەورامان بە سەرکردایەتیی (مەلا سعید).

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ڕووداوەکان و هەڵوێستی ئەو ڕۆژانە دەڵێ[٤٥]:

«کرکوکم بەجێ هێشت و چوومە کفری، لەوێ تلگرافێکی مندوبی سامیم پێ گەیشت کە ووتبووی: لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو شکاندوویەتی و نیازی خراپکاری هەیە، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هێزی ئاسمانی سلێمانی بۆردومان بکرێ کە من (ئەدمۆنس) دەمێک بوو لەسەر ئەو باوەڕە بووم کە دەبوایە زۆر زوو ئەمە بکرایە کە بڕیار وابوو لە جەژنی میلادی ١٩٢٣/١٩٢٤دا بکرایە.

بەڵام ئەم جارە بۆ بۆردومانی سلێمانی فڕۆکەکانمان لە هەولێرەوە هەڵدەستان نەک لە کرکوکەوە کە عملیاتەکە زۆر بە نهێنی دەکرا.

دوو فڕۆکەمان لەکیس چوو، یەکەمیان ناچار بوو لە نزیک سلێمانییەوە بنیشێتەوە لە (تاسلوجە) بەڵام توانرا فڕۆکەوانەکە بە هۆی فڕۆکەوانی فڕۆکەیەکی ترەوەهەڵکێشرێ و ڕزگار بکرێ (لەپێشتردا باسی ئەرشیبالد هاملتمان کرد کە چۆن کلارک باسی ئەوەی بۆ گێڕابووەوە)، بێجگە لەو دوو فڕۆکەیە، دوو سێ فڕۆکەی تریشمان لەو عملیاتەدا ناچار بوون بگەڕێنەوە بۆ بنکەکەی خۆیان.

(کنید)ی فڕۆکەوان توانیی ماڵی شێخ مەحموود بۆردومان بکاو بۆمباکە بەر دەرگاکەیان کەوتبوو، وە بەسەر سلێمانیدا بەیاننامەی بڵاو کردەوە وە لەو بەیانەدا

*ئاگاداری شێخ مەحموود کرا کە بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر ئەو دوو تەیارەیەی کە نیشتبوونەوە کە لەدواییدا یەکێکمان دەست کەوتەوەو ئەوی تر کریم بەگی هەموند سووتاندبووی. بەو جۆرە دەس بەسەر سلێمانیدا گیراو (چپمن) لەجێی متصرف کارو باری سلێمانیی دەبرد بەرێوە کە ئیتر پەیوەندیی یەکسەر بە حکومەتی عێراقەوە هەبوو ئەگەرچی لە ڕووداوی گرنگدا چپمن پرس و ڕای بە مندوبی سامی دەکرد.*

*سێر هنری دوبس لای وابوو پێویستە شتێک دژی شێخ مەحموود بکرێ کە لەو ڕۆژانەدا خۆی گەیاندبووە (سیتەک) لە شارباژێر، بۆ ئەوە سیتەک بۆردومان کراو خۆم لە یەکێک لەو فڕۆکاندا بووم کە سیتەکی بۆردومان دەکردو دوای ئەوە ئیتر فڕۆکەکانمان لەناو سلێمانیدا دەنیشتنەوە.*

*بەو جۆرە جارێکی تر سلێمانی داگیرکرایەوەو مدیری ناحییەکان دانران و سلێمان خانی ڕوغزایی کرا بە مدیری تانجەرۆ، بەڵام کار بەوە تەواو نەبوو چونکە شێخ مەحموودو چەکدارەکانی لە شارباژێرو پێنجوین دامابوونەوەو زۆر جار هەتا دەورو پشتی سلێمانیش دەهاتن.*

*کارو باری ئیداری لەسەرەتادا بە هۆی نارێکیی بەگزادەکانی جاف لەناو خۆیانا ئاڵۆز بوو، ملک فیصل هەرچەند لە ١٩٢٤/١/٢٠دا هاتبووە کرکوک و بۆ یەکەم جار بەیداغی عراق لە کرکوکدا هەڵکرا، بەڵام هەڵوێست لە سلێمانیدا زۆر ئاڵۆز بوو نەیتوانی بچێتە سلێمانی».*

لەو ڕاپۆرتەی کە حکومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم کە تەرخان کراوە بۆ ماوەی نیسانی ١٩٢٢ هەتا مارتی ١٩٣١ باسی بۆردومانەکانی سلێمانی و دەورو بەری هەڵەبجەو هەندێ شوێنی تر دەکاو لەو ڕاپۆرتەدا دان بەوەدا دەنێ کە بە هۆی ئەو بۆردومانانەوە لە ٢٥/مایس/١٩٢٤دا دانیشتوانی شاری سلێمانی کە (٢٠) هەزار کەس بوون تەنها (٧٠٠) کەسی تیادا مابووەوە.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ(٣):

*«کە ئینگلیزەکان سلێمانییان لە ١٩٢٤/٦/٢٠دا بۆردومان کرد، شێخ مەحموود چووە قەرەداغ و لە ١٩٢٤/٦/٢٦دا گەیشتە سەنگاو کە هەموو شێخان و پیاوە*

ناسراوەکانی ئەو ناوچانە سەر بە ئینگلیزەکان بوون.

شێخ بەرلەوەی سلێمانی بەجێ بێڵێ و بچێتە قەرەداغ و سەنگاو لە سلێمانیدا سید محمدی موفتی و سید روءف و یونس عبد القادری دانا بە (٥٠٠) چەکدارەوە کە پارێزگاری خەڵک و ناو ماڵەکانی سلێمانی بکەن بۆ پاراستنیان لە هەر دەس درێژییەک کە چاوەڕوان دەکرا لەلایەن نۆکەرەکانی ئینگلیزەوە روو بدا.

★★★★★

بەشی یازدەهەم

# هاتنەوەی ئینگلیز بۆ سلێمانی دوای ئەوەی شێخ مەحموود بەجێی هێشت و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دژی ئینگلیز

لە باسی پێشوودا لەوە دواین کە ئینگلیزەکان چۆن بڕیاری لابردنی شێخ مەحموودو داگیرکردنەوەی سلێمانییان داو بەرلەوە شێخ مەحموود سلێمانیی چۆڵ بکا ئینگلزەکان بۆردومانی سلێمانییان کردو خەڵکی ناوشار زۆریان ئاوارە بوون و ڕوویان کردە چیاو گوندەکانی دەورو بەری سلێمانی.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەربارەی ئاوارەبوونی ئەو خێزانانەی کە ناچاربوون سلێمانی بەجێ بێڵن دەڵێ(٣):

*«ئەو خێزانانە ڕوویان کردە (دزلی)و مەحموودخان لە هەموو گوندێکی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیدا پیاوێک یا کوێخایەکی داناو بە هۆی کۆمەڵی پیرانەوە کە لە خەڵکی ئەو دێهاتانە دانیابوون کارو باری سەرپەرشتیکردنی ئاوارەکانی بەو کۆمەڵە سپارد.*

*مەحموودخان وای کردبوو کە هەر هەورامییەک توانای هەبوایە تفەنگێک و ( . . ١) فیشەک و هەمانەیەکی بچووکی هەبێ بۆ توێشووی خۆی لەگەڵ جووتێک کلاشدا کە ژمارەی چەکدارەکانی نزیکی ( . . ٥) چەکدار دەبوون».*

بابا علیی شێخ مەحموود دەربارەی بیرەوریی خۆی بۆ سێهەمین جاری ئاوارەبوونی ئەو خێزانانە بەم جۆرە بۆی باس کردم:

*«لەدوای ئەوەی ئینگلیزەکان سلێمانییان بۆردومان کردو باوکم ناچاربوو بۆ ئەوەی باری ناوشاری سلێمانی سووک بکاو بیانوو نەداتە دەس ئینگلیزەکان کە وێرانی*

بکەن، باوکم سلێمانیی بەجێ هێشت و ئێمەش بە خاو و خێزانەوە ڕۆیشتین و بووین بە دووقۆڵ. تاقمی یەکەم ئێمەو کاکم (شێخ روءف) چووینە (زەرون)و (ماوەت)و تاقمی دووهەم ئایشەخان (ژنی دووهەمی شێخ مەحموود)و شێخ لطیفی برام و تاقمەکەیان ڕوویان کردە گەلاڵەی ماوەت. کە ئێمە لە (زەرون) بووین فڕۆکەکانی ئینگلیز ئەو گوندەیان بۆردومان کرد، یەکێک لە بۆمباکان نەتەقیبووەوە منداڵە وردە نەشارەزابوون چیلکەو چەویلیان لەسەر کۆکردبووەوەو ئاگریان پێوە نابوو و تەقیبووەوەو (٩) کەسی کوشت. ئینجا هەموومان بەجارێک ڕوومان کردە گوندی (پارەزان) لە شارباژێرو لەوێوە ئایشەخان و تاقمەکەی چوونە (شێخە لمارین)و ئێمەش چووینە (سپیارە)و فڕۆکە (چمک)ی بۆردومان کردو پیاوێک کوژرا.

دوای ئەوە ئایشەخان و ئەوان چوونە (کەندە سوورە) لەناو خاکی ئێرانداو ئێمە لە (سیاگوێز) ماینەوە پاش ماوەیەک ئێمە چووینە (پاش بەرد) کە نزیکی گوندی (گۆڵێ) بوو، لەوێ زستانێکی زۆر ساردو سەختمان بردە سەر.

دوای ئەوە خێزانەکان هەموو ڕوویان کردە مەریوان و من و کاکم چووینە (بیلوو) کە گوندی مەلا کاکە حمەی شاعیر بووە (ناری) وە لەوێوە چووینە (شێخە کوێرە) نزیکی (چوڕ) کە لە بن لاپاڵی شاخی (قەلەبەرد)دایە کە بەتەواوی لە شاخی پیرەمەگروون دەچێت و باوکم لەو ڕۆژانەدا لە شارباژێر بوو، ئینگلیزەکان حمە رشید ئاغای (نورک)یان کردبوو بە مدیری ناحیەی (سیوەیل)و باوکم گرتی و دەستی بەسەر ماڵەکەیدا گرت، بەڵام حمە رشید ئاغا دانی بەوەدا نا کە هەڵەی کردبوو لە قبوڵکردنی ئەو فەرمانەو پەشیمانیی خۆی بۆ باوکم دەربڕی و باوکیشم لێی خۆش بوو بەرەڵڵای کردو ماڵەکەی دایەوە. (ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی حمە رشید ئاغا دەڵێ: حمە رشید ئاغا کرابوو بە مدیری ناحیەی شیوەکەڵ (سیوەیل)و خەبەری ناردبوو کە ئەو مأموری حکومەتە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە خزمەتکار دادەنێ و ئەگەر بە پێویستی دەزانی نۆرک چۆڵ دەکاو دەچێتە سلێمانی و کە هێرش برایە سەر نۆرک حمە رشید ئاغا چۆڵی کردبوو).

دوای ئەوە ئایشەخان و تاقمەکەی لە (چوڕ)ەوە چوونە (وولەژێر) نزیکی گوندی

*(کانی سانان) کە کانی سانان گوندێکی مەحموودخانی کانی سانان بوو، بەڵام ئێمە هەر لە شێخە کوێرەدا ماینەوە هەتا ساڵی ١٩٢٧ کە ڕێکەوتنێکی کاتی لەنێوانی باوکم و حکومەتی عراق و ئینگلیزدا سازکرا».*

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەربارەی بەجێ هێشتنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودو شۆڕشگێڕانەوە دەڵێ(٣):

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود لە (سەنگاو) گەڕایەوە بۆ سلێمانی و ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی سلێمانی ئیتر بڕیار درا بەرەنگاری ئینگلیزەکان بێتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:*

*١ـ ماجد مصطفی ـ بە سوارەی عسکرییەوە بنێررێ بۆ پشتی (تەپە شوانکارە) هەتا (تاسلوجە).*

*٢ـ صابر بەگی هموند ـ بۆ پشتی گوندی (ئەڵلایی) هەتا (تاسلوجە).*

*٣ـ مەحموود خاتر ـ بە سوارەی سمایل عوزیری ببێت بە پاشداری ماجد مصطفی.*

*٤ـ حماغا (نیاز لە حمە بچکۆلی عەلی ئاغای پژدەری بووە)و خلیفە یونس ـ بە سوارەی پژدەرو جاف (روغزایی) ببێت بە پاشداری صابری کریم بەگ.*

*٥ـ ئەحمە خواجاو میرزا شەل ـ بە سوارەی خۆی کە لە بازیان بوو لەگەڵ پیادەی بازیان لە (دەروێشان)و (گردە سپی).*

*فڕۆکەی ئینگلیز دەستی کرد بە بۆردومانی ڕێگەو بان و (. . ٥) لیڤی ئاسووری هاتنە تاسلوجەو ئوتوموبیلی زرێلی و لۆریی پڕ لە بارخانەی ئینگلیزو عراق هاتن و هێزی شۆڕشگێڕان توانای بەرگرییان نەبوو چونکە شوێنەکە کراوەبوو و فڕۆکە بەئاسانی چەکدارەکانیان دەبینی و ئینگلیزەکان ڕۆژی ١٩٢٤/٧/١٨ ڕۆژی نیوەڕۆ هاتنە سلێمانییەوەو داگیریان کرد».*

بەو جۆرە وەکو سەرچاوەکان باسیان کردووە ئینگلیزەکان لە ١٩٢٤/٧/١٨دا هاتنە ناو سلێمانییەوە. بەو پێیە بە چۆڵکردنی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحموودەوە کە ئەوە دوارۆژی حوکمدارییەتی و ملکیی بووە لەناو سلێمانیدا، دەتوانین تا ئەو کاتە قۆناغەکانی حوکمدارییەتی دووهەم و ملکیتی بەم جۆرە دەسنیشان بکەین:

**قۆناغی یەکەم** - شێخ مەحموود لە ۳۰ ایلولی ۱۹۲۲دا کە لە هندستان و کوێتەوە هاتەوەو بوو بە حوکمدارو اعلانی ملکیتی خۆیی کرد (دوکتۆر جمال نەبەز لە لاپرە ۱۵۰ ی کتێبەکەیدا ـ کوردستان وشۆرشەکەی دەڵێ:، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری سلێمانی رۆژی ۱٤/ی سبتمبری ۱۹۲۲دا هەڵبژێررا بە ملکی کوردستان کە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە گۆڤاری رۆژی نوێ ژمارە (۷۰ ساڵی یەکەم سلێمانی ـ ئۆکتۆبەری ۱۹٦۰)، بەڵام وەکو لە باسی گەڕانەوەی شێخدا باسمان کرد شێخ لە کۆتایی ئەو مانگەدا هاتبووەوە، بەو پێیە دەبی بەرلە هاتنەوەی خۆی بەپێی ئەو سەرچاوەیە هەڵبژێررابێ بە حوکمدارو بە شێوەیەکی رەسمی لە رۆژنامەکانی بانگی کورد ستاندا تا دواژمارەی کە لە ۳/تشرینی دووهەمی ۱۹۲۲دا دەرچووە هەر بە حوکمدار ناوی هاتووەو لە ژمارە (۱) رۆژنامەی روژی کوردستان رۆژی ۱۵/تشرینی دووهەمی ساڵی ۱۹۲۲ بە شێوەیەکی رەسمی ئیتر بە ناوی ملکی کوردستانەوە ناوی هاتووە)، شێخ بەو پێیە لە ۳۰/ایلولی/۱۹۲۲ەوە مایەوە هەتا لە ۱۹۲۳/۳/۳دا سلێمانیی بەجێ هێشت و رووی کردە ئەشکەوتی جاسەنە.

قۆناغی دووهەم - ئینگلیز لە ۱۹۲۳/٦/۱۷دا سلێمانیی بەجێی هێشت و شێخ خۆ ی لە ۱۹۲۳/۸/۱۱دا گەڕایەوەبۆ سلێمانی.

**قۆناغی سێهەم** - شێخ لە ماوەی ۱۹۲۳/۸/۱۱دا مایەوە هەتا لە تموزی ۱۹۲٤دا سلێمانیی بەجێ هێشت و ئیتر نە بە حوکمداری و نە بە ملکیتی نەگەڕاوەتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی بەڵکو بە شۆڕشەوە خەریک بووە هەتا ساڵی ۱۹۲۷ کە بەپێی رێکەوتنێکی کاتی لە پیران نیشتەجێ کراوەو دوای شەشی ایلولی ۱۹۳۰ پیرانی جێ هێشت و دووبارە دەستی کردەوە بە شۆڕش هەتا لە ساڵی ۱۹۳۱دا ئاوارە کرا بۆ شارەکانی خوارووی عراق کە ئەمانە هەر یەکە لە شوێنی خۆیانا لێی دەدوێین.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«دوای ئەوەی شێخ بۆ دواجار سلێمانیی جێ هێشت رووی کردە (قەڵا چوالان) لە شارباژێرو لەوێ بەیانی ژمارە (۱) لەلایەن رەزا بەگەوە دەرچوو:*

ژماره/ ۱     رۆژ ۱۹۲۳/۸/۱

بۆ : پێشگاهی ملک و باش قوماندان

لەسەر فەرمودەکانتان ترتیبات کراو ئەم پروگرامە بە هەمو فرماندەکان گەیەنرا.

| | سوپایی | عەشایری |
|---|---|---|
| ۱ـ بو کلکەی قەیوان ـ عزیز افندی | ۱۳. پیادە | ۱۳. پیادە |
| ۲ـ رشید افندی بۆ پشت گوندی (خەمزە) | ۱۳. = | ۱۳. = |
| ۳ـ رمزی افندی (نیاز لە رمزی عبد الکریم بووە) بۆ سەر ئەزمڕ | ۱۳. = | ۱۳. = |
| ٤ـ عمر افندی ـ بۆ چاڵە بەفرەکان لە گزیژە | ۱۳. = | ۱۳. = |
| ٥ـ جلاڵ افندی (نیاز لە جلالی رشیدی عاصیەخان بووە) | ۱۳. = | ۱۳. = |
| ٦ـ حکمت افندی ـ بۆ رێگای (قرگە) | ۱۳. = | ۱۳. = |
| ۷ـ عبداللە ئاغا ـ بۆ کلکەی (خراجیان) | ۱۳. = | ۱۳. = |

هەروەها:

۱ـ لە شارباژێرەوە ـ ماجد افندی:    ترتیبات لەلایەن خۆیەوە دەکرێ

۲ـ لە شارەزوور ـ خلیفە یونس و سوارەکانی

۳ـ بۆ قرەداغ ـ سید محمدی جباری و پیادەو سوارەکانی

٤ـ بۆ بازیان ـ صابر بەگی هموندو سوارەکانی

٥ـ بۆ سەرچنار ـ محمود خاتری سمایل عوزیری و سوارەکانی

٦ـ بۆ سرۆچک ـ سوارەی پژدەرو شیوەکەڵ

هەروەها:

۱ـ پیادەی هەورامی } لە جێی خۆیان چاوەڕوانی

۲ـ پیادەی شارباژێر } فەرمان دەکەن

وە لەلایەن ملک مەحموودەوە وەرامی رەزا بەگ بەم جۆرەی خوارەوە درایەوە:

پشت بە خوا ... لامان باشە

ئیمزا / محمود

بێجگە لەوە هەر لە (قەلاَ چوالان) لە ١/ ١٠/ ١٩٢٤دا فەرمانی یەکەم بەم جۆرە دەرچوو:

*پشت بە خوا:*

*بۆ : قوماندەی سوپایی رەزا بەگ*

*«أمجارەش دوژمني خوێنمژ لە شارو لە نیشتمانەکەی خومانا ئاوارەی کردین. خوا پشتیوانی ئیمەیەو پەشیمانی بەشي ئەوانە. ئیمە رۆڵەی ئەم نیشتمانەین و ئەبێ بە ئازادی تیا بژین، بەلام هیوادارین گۆرستانی دوژمنی بەدبەخت لەژێر پێ ی دلاوەرانی کوردا ببینین، تکا ئەکەم بۆجە (میزانیە)یەکی کاتی بە پێ ی پلەو روتبە بۆ هەموو سوپایی و عەشیرەتەکان بە پەلە دروست بکەن و رۆژانەیان بۆ دابنێن و بۆمان بنیرن».*

بۆ وەرامی ئەو داخوازییەی شێخ مەحموود لەلایەن فەرمانداو لیژنەی سوپایی و عەشایرەوە ئەم ترتیباتە کرا:

| | |
|---|---|
| **١- بەشی سوپایی پیادە:** | **رۆژانە** |
| *بۆ یەک کەسی سوپایی* | *٨ عانە* |
| *لەگەڵ خواردەمەنیی و بەرگ و پێلاو بۆ یەک سەردەستە* | *١٢ عانە* |
| = = = = *ملازمی اول و دووهەم* | *٢ روپیە* |
| = = = = *یوزباشی و بەرزتر* | *٢٫٥ روپیە* |
| **٢- بەشی سوارە:** | |
| *بۆ یەک سوارەی سوپایی* | *٢ روپیە* |
| = = *سەردەستە* | *٢٫٥ روپیە* |
| = = *ملازم ثانی و اول* | *٣ روپیە* |
| = = *یوزباشی و بەرۆژورتر* | *٤ روپیە* |

**٣- بەشی سوارەی عەشایر:**

ئەگەر لە بارەگاهدا بن وەکو سوارەی سوپایی روژانە وەرئەگرن و بۆ روژانی جەنگ روپیەیەکیشیان زیاتر ئەدرێتێ.

**٤-فەرماندەکانی عەشایر:**

ئەگەر لە بارەگاه بن وەکو سوپایی روژانی جەنگ

| | | |
|---|---|---|
| پیادە | روژی | ٤ روپیە |
| سوارە | = | ٧ روپیە |

**٥- لیژنەی کرینی ئازووقە لەمانەی خوارەوە پیک دێ:**

١. رەزا بەگ

٢. یونس افندی (نیاز لە یونس عبد القادر بووە)

٣. عزت نجیب

٤. ئەحمەد خواجا ئەفەندی

٢/آب /١٩٢٤

لەسەر بڕیاری لیژنەی جەنگی سوپایی و عەشایری، بۆ چوونە سەر سوپای حکومت لە سلێمانیدا بڕیار درا کە:

١. سوارەی روغزایی

٢- = پژدەر

٣- = سوپایی

٤- = لکە پیادەکانی چیای گۆیژەو ئەزمڕ.

ئەو هێزە کە نزیکی (٣٠٠) چکدار بوو بە شەو چوونە سەر سوپاکەی حکومت لە سلێمانی و تەقە دەست پێ کرا، دوژمن لە ماوەیەکی کەمدا هەموو شوێنەکانی خۆی بەجێ هێشت جگە لە بنکەی خانی شێخ ئەحمەد لە گەڕەکی صابوونکەران کە ئەویش گیراو مەترەلیوزەکەیان و (٣) سەرباز بەدیل گیران.

لە گەڕەکی جوولەکان سوپاییەکی بێ چەک گیراو بەرەڵڵاش کرا.
لە سەعات یەکی پاش نیوەشەو ئەو هێزە گەڕایەوە بۆ شارباژێر بۆ بارەگای خۆی کە لە دێی (کانی سارد) بوو.
ڕۆژی ۱۰/۱/۱۹۲٤ لەژێر پارێزگاریی دوو فڕۆکەی ئینگلیزدا سەعات شەشی پاش نیوەڕۆ (۲۰۰) سوارەی سوپایی حکومت لە شەقەماوە بۆ سەر کەلی گۆیژەو طابوورێکی پیادە بۆ چاڵە بەفرەکان هێرشیان هێنا.
لە کەلی گۆیژە بە فەرماندەی جلالی رشید افندی عاصیەخان بە خۆی و (٦٠) چەکدارەوە بەرەنگاریان بوونەوە.
یەکێک لەو فڕۆکانەی ئینگلیز لە دێی (ژاڵە) کەوتە خوارەوە.
دوای ئەوەی ئینگلیزەکان هێزیان هێنایە سلێمانی و کارو باریان گرتە دەست نوری سعید هات بۆ سلێمانی و ئەحمەد بەگ توفیق بەگ کرا بە متصرفی سلێمانی و سلێمانی ناوی لێنرا (لوای سلێمانی)و بەیاننامەیەکی ئینگلیز بە فڕۆکە بەسەر هەڵەبجەدا بڵاوکرایەوە (وەکو خوارەوە):

بو عموم أهالی قضای هلبجه

أوا تبلیغتان ئەکری بۆ أوەی تأمین أدارە‌ء قضا چاکتر بکری، احمد بگی قائمقام (احمد مختار جاف)و حامد بگی معاونی قائمقام، کل مأموران أجاب بکا نیررانەوە بو هلبجە. أبي لە أجرای وظائفدا معاونتی مأمورەکان بکەن و مطیعانە أوامر رسمیەء حکومت بجی بێنن

۲۰/آب/۱۹۲٤

لە ۱/٥ ی رەمەزاندا لە شارەزوور لە دێی (رەمەزان) پەنجا سوارەی تایبەتیی سوپایی و عەشایری جافی روغزایی بەرەنگاری هێزی حکومت بە فەرماندەی حاجی رمضان پاشا (کتیبە الهاشمیە) بوون و لەپاش شەڕو کوشتارێکی زۆر (۱۰۰) سواری حکومت توانی خۆی دەرباز بکاو (۳۰) سواریان کەوتنە ناو هۆزی روغزایی جافەوە لەلایەن ژنانەوە لە رەشماڵەکاندا بە میکوت دوایان کەوتن و ژمارەیەکیان لێ کوژرا وە بۆ ئەم شەڕە بە گۆرانییەوە دەوترا:

*لەناو ئاوایی رەمەزان ... رۆژی یەکی رەمەزان ... درا لە حاجی رەمەزان*

(بێجگە لەوەی کە ئەحمەد خواجا باسی کردووە دەربارەی ئەو گۆرانییە، پیرەمێردی شاعیریش شعرێکی بەسەر ئەو شەڕەدا هەڵداوە کە دەڵێ:

*(ئەو رەمەزانەی لە دێی (رەمەزان)          بە جەژنیان زانی لە تەنوور خزان)*

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«دوای ئەوەی بارەگای شۆڕش لە (کانی سارد)ەوە گوێزرایەوە بۆ (نۆدێ) هەشت رۆژ بارەگا لەوێ مایەوەو دووبارە گوێزرایەوە بۆ (کانی سارد) وە لەناکاو فرۆکەکانی ئینگلیز دەستیان کرد بە بۆردومان و لە گوندی (نۆدێ)دا چەند کەسێک کوژراو چەند خانوویەک سووتێنراو رووخێنرا.*

*مەحموودخانی دزڵی بە خۆی و لەشکرەکەیەوە چووە (کانی سارد)و بە راسپاردەی مەحموودخان دووبارە (حمە رشید بەگی وەیسە)ش بە خۆی و لەشکرەکەیەوە گەیشتە کانی ساردو بەمە لەشکری هەورامی نزیکی (١٢٠٠) چەکدار دەبوون کە بە ناوچەکانی (کانی سارد)دا بڵاوبوونەوە.*

*لەسەر داخوازیی لەشکری هەورامی بڕیار درا هێرش ببرێتە سەر دوژمن و هێزی پیادە بوو بە هێزی هێرش و هێزی سوارە پاشداری بوو بەم جۆرەی خوارەوە:*

***هێزی پیادەی سوپایی          هێزی پاشدار***

***١- لەئەزمڕەوە:***

*بە فەرماندەی حکمت ئەمین و  ٢٥٠ پیادەی سوپایی  ١٣٠ سوارەی روغزایی*

*عمر افندی  ٢٥٠ پیادەی هەورامی  ٣٠ سوارەی سمایل عوزیری*

*وە لە کانی ئاسکانەوە هەتا جوولەکان (١٥٠) سوارەی سوپایی و تایبەتی*

***٢- لەگۆیژەوە:***

| | | |
|---|---|---|
| *رمزی عبد الكريم* | *٢٠٠ پیادەی سوپایی* | *١٥٠ سوارەی سوپایی* |
| | *٢٥٠ = هەورامی* | *١٥٠ = پژدەری* |
| *هەمووی* | *٤٥٠* | *٣٠٠* |

لە مەڵکەندیشەوە تا جوولەکان (٥٠) سوارەی سوپایی و تایبەتی .

**٣- سوارەی شێخ مەحموودو شێخ محمد علی ١٨٠سوارە و پەراگەندە لە (وڵووبە)و جوولەکان .**

شەو لەناو شاردا تەقە گەرم بوو، دەنگی هاوار بۆ ژیانی شێخ مەحموودو شۆڕش زۆر بە بەرزی دەهاتە گوێ، خەڵکەکە خواردن و ئاویان دەدا بە لەشکری پیادە کە گەیشتبوونە ناوشار.

بارەگاە لە (کانی سارد)ەوە گوێزرایەوە بۆ (هەرمێلە) لە (کانی ئێستر) وە لەوێشەوە گوێزرایەوە بۆ (کەناروێ).

لە (کەناروێ) هێزێکی لیڤیی ئاسووری بە شەل و شەپکی بادنیانییەوە نێرران بۆ ئەوەی شێخ مەحموود بگرن، بەلاّم لە شەڕێکدا کە لە (چوارتا) روویدا زۆریان لێ کوژراو لەشکری لیڤیی ئاسووری بە شکاوی لە چوارتاوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

لە بناری (گۆیژە)و لە (ئەزمڕ)دا سوارەی هەموند بە سەرکردایەتیی کریم بەگی هەموند بەرەنگاری ئەو هێزی لیڤیی ئاسوورییە بووەوەو ژمارەیەکی تر لەو ئاسوورییانە کوژران و (١٠) باری ئێستر فیشەک دەسگیری شۆڕشگێڕان بوو.

لە شەڕی (گرێزە)شدا حکومت زیانێکی زۆری لێ کەوت و حکومت دەستی کرد بە هەڕەشەکردن لە خێڵەکان کە نابێ یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن.

دوو فڕۆکە بەسەر پێنجویندا فڕین و یەکێکیان لە (گەڵگە) نیشتەوەو سوارەی حمەی شێخ علی هەردوو فڕۆکەوانەکانیان گرت کە ناویان کاپتن (دینی)و (هێنست) بوو (لەڕاستیدا وەکو لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژی باسی هەردووکیان دەکەین تەنها دینی فڕۆکەوان بوو و ئەوی تر میکانیکی بووە)و هەردووکیان بە دەسبەسەری بران بۆ (وولە ژێر) بۆ لای شێخ مەحموودو میکانیکەکە ناوی Hirst بووە نەک (هێنست) وەکو ئەحمەد خواجا باسی کردووە).

کە شێخ مەحموود بەتەواوی هیوای ئەوەی نەما جارێکی تر لەگەڵ ئینگلیزدا هیچ رێکەوتنێک هەبێ دووبارە دەستی کردەوە بە پەیوەندی کردن بە تورکەکان و بە ئێرانییەکانەوەو بڕیار درا کە دوو نامە بنووسێت: نامەی یەکەم بۆ خیری پاشای

فەرماندەی سوپای تورک لە (وان) کە ناردنی ئەو نامەیە سپێررا بە (صبری کاکە رەش)و نامــەی دووهەم بۆ (تاران) بۆ ســەرۆک وەزیرانی ئێران، پاش مــاوەیەک وەرامەکـەی تاران گـەیشتـە (بانە)و لێپـرسراوی حکومـتی ئێران لە (بانە) شێخ مەحموودی ئاگادار کرد کە فەرمانم پێ دراوە بێمە خزمەتتان بۆ دەست ماچکردنتان لەو جێگەیەی کە خۆتان دەفـەرموون، ئەو نامـەیە بە هۆی (محـمد علی خـان) کە فەرماندەی قشوون بوو لە (بانە) وەرگیراو (١٠٠) سوارەو (٥٠) پیادە ئامادە کراو شێخ مەحموود چوو بۆ گوندی (وێنە) بۆ ماڵی حمە رشید خانی قادرخان وە لەوێوە وەرامی نامەکەی ناردەوە بۆ تاران، بەڵام وەرامی تورکەکان لەلایەن (صبری پاشا)ی والیی (وان)ەوە (کمال بەگ) هێنای و دوکتۆر (ئورخان)و ئەجزاچی (کامل) لەگەڵ (١٠٠٠) لیرەی ئاڵتـوون گـەیشتنە (وولە ژێر). بەڵام دوکتـۆر ئورخـان و کـامل بێ دەرمان نێررابوون و لەوە زیاتر هیچ یارمەتییەکی تریان نەگەیشت».

بەڵام شێخ رەئوفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەڵێ(٢١):

«کـامل بگ برینی پێچ (مضمد) بوو، کە لە مەریوان بووین حکومـتی تورک برین پێچـێکی نـارد کـە ناوی کـامل بوو وە لەدواییـدا دوکـتـۆرێکیـان نارد کـە ناوی (ئورخـان) بوو، هەردووکـیـان سـوودێکی زۆریان هەبوو لە تیـمـارکـردنی بریندارو نەخۆشەکانمان کە ئێجگار پێویستیمان بە دوکتۆر هەبوو لەو رۆژانەدا».

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«هەوڵێکی تـر دراو بڕیار درا نامــەیەک بنێررێ بۆ کـۆلـۆنێل (لاین) کـە مـفـتـشی ئیداری بوو بەم جۆرە خوارەوە:

ئێمە لە موقف و عدالتی بریتانیا دلنیایین کە بە چاوێکی دڵسۆزانە ئەم گەلە ئاواریە دەبینێت کـەدوای ئازادی کـەوتوون، ئیـتـر با مـاڵوێرانی و خـوێنرژاندن دوایی پێ بهێنرێت. لەگەڵ دانی مافی کوردو عـفوی عام بڵاوکـردنەوەی هەستی ئادەمیزادیتان هیواداریـن

کانونی یەکەمی ١٩٢٥

بەلاَم هەموو وەرامەکەی نوێنەری بریتانیای گەورە کە مفتشی ئیداری بوو، (کۆلۆنێل لاین) بریتی بوو لەمەی خوارەوە:

«سەگی هار چل شەوی عومرە»

ئیمزا / مفتشی ئیداری / لاین

شباطی ١٩٢٦

لە مانگی شباطی/١٩٢٦دا لە زۆر لاوە شەڕ زۆر گەرم بوو، ماجد مصطفی هەر لە سلێمانییەوە هەتا ناوچەی (موان) کە خلیفە یونسی لەگەڵا بوو شەڕێکی گەورەیان کرد، صابری کریم بەگی هەموند لەگەڵ سوارەی هەموندا لە ١٩٢٦/٢/٢٨دا لە (کەندەکەوە) هێزی عسکرو پۆلیسی راونا هەتا گردی شێخ محی الدین لە نزیکی سلێمانی، ئەمین حمەی ئیمام لە نزیکی (تەیناڵ) لە مەفرەزەی نقلیاتی داو نامەیەکی نارد بۆ ملک مەحموود کە ووتبووی:

بۆ حەزرەتی ملک... هەندێ عسکرمان بەدیل گرت و دوانیان کوردبوون، بە مەرقەدی کاک ئەحمەد ئەوەندە ئازایانەو دلێرانە شەڕیان دەکرد هەرچەندم کرد نەمتوانی بیان کوژم، پیاوی ئازا نابێ بکوژرێ بۆیە هەردووکیانم بەرەڵلا کرد. کاپتن لاین دەستی کرد بە هەڵگێڕانەوەی عەشایرە کوردەکان لە شێخ مەحموود».

لە راپۆرتێکی حکومی بریتانیادا بۆ عصبە الامم(٥٤) باسی چۆنیەتیی داگیرکردنەوەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٤دا بەم جۆرەی خوارەوە کردووە:

«ئەو یاخی بووانەی دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرتبوو بۆ ماوەیەک، بڕیار درا کە پێویستە عملیاتێک دژی شێخ مەحموود بکرێ وە بە هۆی هێزی ئاسمانییەوە شوێنەکانی شێخ مەحموود لەناو سلێمانیدا بۆردومان کراو سلێمانی بە هۆی هێزی سوپایی و هێزی لیڤییەوە داگیرکرایەوە.

شێخ مەحموود گوێی نەدایە ئەو بەیانەی کە بۆی دەرکرا کە پێویست بوو خۆی بدا بەدەستەوە بۆیە ئەو بۆردومانکردنەی ئێمە شتێکی پێویست بوو. شێخ مەحموود لە ئەنجامدا رووی کردە شاخ و دووبارە شێخ مەحموودو تاقمەکەی دەستیان کردەوە بە شەڕی چەتەگەری و بڕیار درا سلێمانی یەکسەر بخرێتە سەر عراق، بەلاَم وا بە باش

زانرا کە هەتا ئارام و ئاسایش بەرپا دەکرێ سلێمانی لەژێر چاودێریی مندوبی سامیدا بێ و حکومەت هەندێ پارەی تەرخان کرد بۆ ئاوەدان کردنەوەی سلێمانی و ژمارەی سلێمانی کە لە (٢٠) هەزار کەسەوە بووبوو بە (٧٠٠) کەس لە ماوەی چوار مانگدا وەکو خۆی لێ هاتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد توانرا کوردەکان وا لێ بکرێن کە بەشداری بکەن لە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ئەنجومەنی عێراق و رێگا درا بە کوردەکان لە سوپای عێراقدا فەرمانیان بدرێتێ کە ئەمە ئەنجامێکی باشی هەبوو بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی کوردو عەرەب و لەو رۆژانەدا بە پێویست زانرا حساب بۆ کورد بکرێ و رێز لە هەستیان بگیرێ.

شێخ مەحموود هێزی نارد بۆ ئەوەی هەڵەبجە بگرێ بەڵام هێزی پولیس رێگەی لێ گرت و شێخ مەحموود چاری نەما رووی کردە سەر سنووری ئێران.

شێخ مەحموود نەیتوانی یارمەتی لە جافە کۆچەرییەکان وەربگرێ یا باجی مەڕو ماڵات و ئاژاڵیان لێ بسێنێت لە کاتی کۆچ و باری گەرمیان و کوێستانیاندا کە بەوە شێخ مەحموود زۆر دەسکورت و لاواز بوو.

ئەو رۆژانەی کە شێخ مەحموود چووبووە ناو خاکی ئێرانەوە پەیوەندیی عێراق و ئێران باش نەبوو چونکە هێشتا ئێران ئیعترافی بە حکومەتی عێراق نەکردبوو لەبەر ئەوە ئەو کوردانەی لە عێراق یاخی دەبوون کە دەچوونە ئێرانەوە کاربەدەستانی ئێران چاویان لێ دەپۆشین».

شێخ رەئوفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە دەڵێ(٢١):

«دوای ئەوەی شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشت و رووی کردە چیاکان، ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا لە هەموو کاتێک زیاتر هەوڵی ئەوەیان دەدا شێخ مەحموود لەناو ببەن بۆ ئەوەی کوردستانیان بۆ تەخت بێ بەڵام سەیر ئەوەیە زۆر لە عەرەبەکان لایان وابووەو لایان وایە کە ئەوان بە هێزو بازووی خۆیان توانیبوویان شێخ مەحموود بشکێنن لە شۆڕشەکانیاو هیچ دان بەوەدا نانێن کە ئەگەر فڕۆکەی ئینگلیز نەبوایە بە

هیچ جۆرێک نەدەگەیشتن بەو مەبەستەی خۆیان.

سەرەڕای ئەوە زۆریان بەوپەڕی بێ شەرمییەوەو بەوپەڕی بێ ئابڕووییەوە هێشتا ئەوان هەوڵیان داوە شێخ مەحموود لە کەدار بکەن و لە نووسینەکانیانا ووتوویانە ئەگەر نەخشەی ئینگلیزەکان نەبوایە شێخ مەحموود شۆڕشی نەدەکردو شێخ مەحموود هەمیشە بەپێی نەخشەی ئینگلیز ڕۆیشتووە بەڕێوە!!

شێخ روءف بۆ نموونەی ئەو دەم درێژی و بێ ئابڕووییە، یاداشتەکانی (ئیبراهیم پاشا الراوی)ی هێناوەتەوە بە نموونە کە لە یاداشتەکانیا لە باسی شەڕی شێخ مەحموودو عراقدا ووتوویەتی:

ئەگەر ئینگلیزەکان نەبوونایە کە جاسووسەکانیان بە ئاوێنە ئیشارەتیان بۆ شێخ مەحموود دەکردو معلوماتیان دەدایە، شێخ مەحموود لەلایەن هێزی عراقەوە بە ئاسانی دەگیرا.

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دوو بەڵگەی هێناوەتەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەوەی ئیبراهیم پاشا الراوی:

**یەکەم** ـ ئینگلیزەکان لەو شەڕەی کە ئیبراهیم الراوی باسی کردووە بە هەموو هێزی خۆیانەوە بەشداریی ئەو شەڕەیان کردووەو تووشی زیانێکی زۆر بوون و فڕۆکەکانیان بۆ ڕاونان و بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێڕان بەکارهێناوە ئیتر چۆن ئینگلیز یارمەتیی یەکێکی وەکو شێخ مەحموود دەدا کە بە هۆی ئەوەوە خۆی زیانی لێ کەوتووە؟؟

**دووهەم** ـ شێخ مەحموود بەپێچەوانەی بۆچوونی ئیبراهیم الراوی، لەو شەڕەدا بەشداری نەکردووە هەتا بگیرێ بەڵکو لە کاتی ئەو شەڕەدا لە گوندی (هرمن) بووە (ئەحمەد خواجا دەڵێ لە گوندی هەرمێلە بووە کە هەردووکیان لەسەر چەمی تەنکەبواری قەڵا چوالانن لە شارباژێر). شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیانەوە دەرسی وەرگرتبوو لەبەر ئەوە بەشداریی شەڕێکی نەدەکرد لە شوێنێکی وادا کە ڕێگەی دوژمن بدا وەکو جاران ڕێگەی دەربازبوونی لێ بگرێ، ئەوەی سەرکردەی ئەو شۆڕشە بووە خلیفە یونسی روغزایی بووە، کە بێگومان ئیبراهیم الراوی لەو کتێبەیدا وویستوویەتی شەرمەزاریی خۆیان لەو شکاندنەدا بەو درۆیە پینە بکەن و لەو شەڕەدا

*ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو لیڤی بەدیل گیران بەڵام شێخ مەحموود هەمووی بەردان چونکە دەیزانی کە هیچ دوور نەبوو ئینگلیزەکان بە فڕۆکە ئەو بەدیل گیراوانە بۆردومان بکەن و تاوانی کوشتنەکەشیان بخەنە ئەستۆی شێخ مەحموودو شۆڕشگێڕانی کوردەوەو ئەدمۆنس دانی بەوەدا ناوە کە خۆی لەناو یەکێک لەو فڕۆکانەدا بووە کە بۆردومانی بنکەکانی شێخ مەحموودی کردووە (ئینگلیزەکان سیتەک و سیرەمیرگیان بۆردومان کردبوو».*

بێجگە لەو دوو بەڵگەیەی کە شێخ رەوف لە یاداشتەکانیا باسی کردووەو بێجگە لەوەی ئیبراهیم الراوی ووتوویەتی، مەحموود الدرەش لە کتێبەکەیدا (القضية الكردية) چاپی ساڵی ١٩٦٦ ووتوویەتی:

*«لەو شەڕەی کە لەنێوانی هێزی شێخ مەحموودو حکومتی عراقدا روویدا لەو رۆژانەدا بکر صدقی کە فەرماندەی سوپای حکومتی عراق بوو، بە شەو بە (لایت - شەوق)ی دەست و بە شەوقی ئاگر رێگای پیشان لەشکرەکەی شێخ مەحموود دەدا چونکە بکر صدقی کورد بوو، لەبەر ئەوە بکر صدقی لابراو لەجیاتی ئەو خالد پاشای کرکوکی کرا بە فەرماندەی سوپا».*

بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەوەی ئیبراهیم الراوی و محمود الدرەو هەندێکی تریش لە نووسەرانی عەرەب کە لەو رووەوە دواون جگە لەو دوو بەڵگەو وەرامەی کە شێخ رەوف باسی کردووە گەلێک وەرام و بەڵگەی تریش هەیە بۆ بەدرۆخستنەوەو پووچەڵ کردنی قسەکانیان.

**یەکەم:** لەم دۆکیومەنتانەی کە لەدوایدا لەم باسەدا لێیان دەدوێین هەموویان بە ئاشکرا دوژمنایەتی و ڤینی ئینگلیزیان دەربڕیوە بەرامبەر بە شێخ مەحموودو هاوکارەکانی و وا دیارە ئەو نووسەرانە حسابیان بۆ ئەوە نەکردووە کە رۆژێک دێ ئەو دۆکیومەنتانە ئاشکرا دەبێ و دەستی ئەو درۆیانەی ئەوان دەخاتە ڕوو وە دەری دەخا هەموو تەقەلای ئینگلیز بۆ سوودی حکومتی عراق بووەو لە یەکێکیانا دانی خێری بە شێخ مەحموودو کوردا نەناوە.

**دووهەم:** ئەگەر یەکێکی وەکو ئیبراهیم پاشا لای وابووبێ کە جاسووسەکانی ئینگلیز

به ئاوێنه ئیشارەتیان داوه به شێخ مەحموود که وەکو مەحموود الدره ووتوویەتی دەبێ بکر صدقی بوو بێ ئەی چۆن ئەوان هەر وا به ئاسانی لەو جاسووسه خۆش بوون و لێی بێدەنگ بوون و ئایا هەر ئینگلیز خۆی نەبوو که پلانی کوشتنی بکر صدقیی دانا له موصلداو لەدواییدا کوژرا؟

**سێهەم:** عەرەبەکان خۆیان شتێکیان هەیه که به عەرەبی دەڵێن (أدینک من فمک) منیش لێرەدا نامەیەکی نوری سعیدی گوش و پەروەردەکراوی ئینگلیز که یەکێک بووە له دامەزرێنەری بناغەی عراق که به هەموو توانای خۆیەوە تەقەلای داوه سوپای عراق بەهێز ببێت و هەوڵی داوه شۆڕشی کورد لەناو ببرێ، دەخەمە بەرچاو که له دۆکیومەنتی ژماره C.O.730-28-58047 -8481 رۆژی ٢٧/١/١٩٢٨ نامەیەکی نوری سعیدی بڵاوکردۆتەوە که بۆ سێر هنری دوبسی ناردووەو دەڵێ:

*«هەموومان ئاگاداری ئەوەین که (بالقان) به هۆی دەوڵەته گەورەکانەوە حکومەت و دەوڵەتەکانی خۆیان دامەزراندو بگرە تورکیاش هەر به یارمەتیی سۆڤێت و تا رادەیەکیش به پاڵپشتی فرنسه توانی خۆی رابگرێت.*

*ئێمەش ـ له عراقدا ـ لەو رووەوە دان به چاکەی بریتانیادا دەنێین و چاکەی ئەومان قەت لەبیر ناچێتەوه له عراقدا. بەڵام ئەگەر بفەرموون و رێگەم بدەن دەمەوێ لەو رووەوە بیرو بۆچوونی خۆمتان پێشکەش بکەم.*

*ئێمه له عراقدا رێک و پێکیی سوپاکەمان زۆر بەدڵ نییەو جارەها لەو رووەوە باسی ئەوە کراوەو خراوەتە بەرچاو و گفت و گوی لەسەر کراوه بەڵام تا ئێستە نەگەیشتووینە هیچ ئەنجامێک.*

*حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا سێ ساڵ لەمەوبەر مێجەر جنراڵێکی بۆ ناردین لەگەڵ چەند موستەشارێکی سوپاییدا بۆ ئەوەی کارو باری سوپای عراقمان بۆ رێک بخەن لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن ئێوەوەو لەلایەن سەرکردەی هێزی ئاسمانیتانەوە بڕیارتان لەسەر بەجێ هێنانی ئەو نەخشەیە دابوو که بۆ ئەو مەبەستەی ئێمه ئامادە کرابوو بەڵام هەتا ئێستە هیچ ئەنجامێکی دیار نییەو دەزانم یەکێک لەو هۆیانەی که وای له ئێوە کردووە ئەو رێکخستنەی سوپاتان بەدڵ نەبێ به هۆی ئەوەوەیه که پارەی*

زۆری دەوێ.

هەموومان دەزانین ئەگەر هێزی ئاسمانی (کە بێگومان هێزی ئاسمانییەکەش هەر هی ئینگلیز بووە) هێزێکی سەر زەمینی لەگەڵدا نەبێت ناتوانێ ئەو شوێنانە بپارێزێ کە بە هۆی هێزی ئاسمانییەوە دەستی بەسەرا گیراوەو دام و دەزگای بەڕێوەبردنی کارو باری لێ دامەزراوە، هەروەها ناشتوانرێ هیچ جۆرە سەرکەوتنێک دەسگیر ببێت لە ناوچەی (بارزان) ئەگەر هێزی زەمینی عراق بەهێز نەکەین و بەبێ ئەوە ناتوانین ئیدارەی مەدەنی لەو ناوچانەدا رێک بخەین وە لە دوارۆژدا دەبێ حسابێکیش بۆ ناوچەی پژدەر بکرێت.

زۆربەی کوردستان دارستانە، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە لام وایە هێزی زەمینی بەسوودترە وەک لەوەی کە تەنها هەر بایەخ بدەین بە هێزی ئاسمانی و خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان ئەوە زۆر باش دەزانن و تێگەیشتوون کە هێزی ئاسمانی هەتا رادەیەکی مەحدود کاریگەرەو دەوری خۆی دەبینێت...

من دان بەوەدا دەنێم کە هێزی ئاسمانی بۆ کارو فەرمانی خێراو بۆ عملیاتی گورج و لەناکاو بۆ بۆردومان کردنی شتێکی پێویستە ئەگەرچی زۆر جار ژن و منداڵی بێ تاوانیشی تیادا دەچێت».

نوری سعید کە لەو ساڵانەدا کە ئەو راپۆرتەی تیادا نووسیوە وەزیری دفاع بووە دوای ئەوە لەو نامە دوورو درێژەیدا بە کورتی بە ئینگلیزەکانی ووتووە:

«ئەگەر هێزی ئاسمانیی ئێوە نەبوایە عراق لە مەبەستەکانیا سەر نەدەکەوت و ئەو هێزی ئاسمانییەی کە عراق وا خەریکە پێکی بنێت شتێکی ساوایەو ئەگەر هێزی لیڤیی ئاسووری نەبوایە کە ئێوە سەرپەرشتیتان دەکرد بە ئاسانی ناوچەی رواندز داگیر نەدەکرایەوەو هەروەها دەتوانین بۆ هەمان حاڵ باسی ئەو شەڕانەی ناوچەی هەڵەبجەو پێنجوین بکەین ئەگەر هێزی زەمینی نەبوایە ئێستە نەمان دەتوانی کارو باری ئەو ناوچانە رێک بخەین و دەستی بەسەرا بگرین».

بەڕاستی ئەوەی نوری سعید دانی پیادا ناوە کە ئینگلیزەکان هێزی سوپای عراقیان رێک خستووەو ئەوان بوون هێزی لیڤیی ئاسوورییان بۆ عراق پێک هێناوەو

سەرپەرشتییان کردووە کە دژی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بەکاریان هێناون و ئینگلیز بووە کە لەژێر سایەی فڕۆکەکانیا ناوچەی رواندز لە ساڵی ١٩٢٣دا داگیرکراوەو بۆردومانی بنکەو هێزەکانی شێخ مەحموود کردووە لە هەڵەبجەو لە پێنجویندا، ئیتر نازانم دەبێ چۆن ئەو ئینگلیزەی کە عێراقی هەر وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆی پەروەردەو گۆش کردبێ و پاراستبێتی لەبەر چی دەبێ بە ئاوێنەو بە شەوقی ئاگر یارمەتیی شێخ مەحموودی دابێ کە وەکو ووتمان ئەوانە هەمووی بۆ پینەی شەرمەزاریی خۆیان بوە لەو شکاندنەیانا کە لە شارەزووردا تووشیان هاتبوو.

ئەگەر هێزی ئینگلیزو فڕۆکەی ئینگلیز نەبوایە عراق نەیدەتوانی بە ئاسانی دەس بەسەر ناوچەی هەڵەبجەو پێنجویندا بگرێ و نەشی دەتوانی لەدواییدا شۆڕشەکانی ناوچەی بارزان دامرکێنێتەوە. وا بزانم لێرەدا جێی خۆیەتی بۆ نموونەی تەقەلای ئینگلیزەکان بۆ لەناوبردنی شۆڕشی شێخ مەحموودو هاوکارەکانی شتێک لەو بیرەوەرییەی (مام حامید عبد الله)ی خەڵکی گوندی (کانی کەوە) کە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٥١)ی مانگی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٨٩ لە بغداد بڵاوکراوەتەوە کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی لەو رۆژانەدا ئاگاداری رووداوەکانی ناوچەی شەمیرانی هەڵەبجە بووە کە دەڵێ:

*«لەو رۆژانەدا ناوچەی شەمیران سەر بە عراق و ئینگلیز نەبوو، بەڵکو حەمەی سان ئەحمەد کە سەرکردەی (یەزدان بەخشی) بوو لە ناوچەی شەمیراندا پەیوەندیی بە شێخ مەحموودەوە هەبوو وە بەڵێنی بە شێخ مەحموود دابوو هاوکاریی شێخ مەحموود بێت لە شۆڕشەکەیداو بۆ ئەو مەبەستە ئەحمەدی کوڕی نارد بۆ ئەوەی لە خزمەتی شێخ مەحموودا بێت و ماوەی چوار ساڵ ئەم هۆزە پشتگیریی شێخ مەحموودیان کردو لە ئەنجامی ئەوەدا حکومەت ناردییە سەری کە دەبێ باج و مولکانە بدا بە حکومەتی عراق بەڵام خەڵکەکە گوێیان نەدایە ئەوە.*

*بە فەرمانی (کاپتن لیز) هێزێک پێک هێنرا (لە باسەکانی پێشوودا باسبي کاپتن لیزی فڕۆکەوانمان کردبوو کە ساتی خۆی بە هۆی یارمەتیی خانمی ژنی وەسمان*

پاشاوە لە هەڵەبجەوە دەرباز کرابوو بۆ خانقین) لە مدیری ناحیەی (فەقێ جنە) کە حسێن بەگی حسن بەگی جاف لە وارماوا کرابوو بە مدیری ناحیەی حکومت و لەگەڵ (٣٠) پۆلیسدا کە ئامر مەفرەزەکەیان (عەبە بەراز) بوو، کابرایەکی زۆر دڵڕەق بوو ئەو مەفرەزەیە هاتنە گوندەکان و داوایان کرد هەر گوندە دەبێ (٤٠) لیرە باج بدا بە حکومت بەڵام حەمەی سان ئەحمەد لێیان راپەڕی و بەپەلەبرووسکێ خۆیان دەرباز کرد.

دوای دوو مانگ پێنج فرۆکەی ئینگلیز بۆردومانی (کانی کەوە)یان کردو حەمەی سان ئەحمەد توانی بە تفەنگ یەکێک لەو فرۆکانەی ئینگلیز بخاتە خوارەوە بەڵام فرۆکەوانەکە بە هۆی فرۆکەوانی فرۆکەیەکی ترەوە رزگاری بوو، وە حماغای سەرۆکی عەشیرەتی (گەڵاڵی)و حەمەی خواکەرەمی سەرۆکی (نەورۆلی) یارمەتییان دا بەڵام کە شێخ مەحموود بە هۆی سوپای ئینگلیزو فرۆکەی ئینگلیزەوە نوشوستیی هێنا حەمەی سان ئەحمەد گیراو ماوەیەک نێرا بۆ خانقین».

شێخ رەئوفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی ئەو رۆژانە کە باوکی سلێمانیی بەجێ هێشت هەتا ئەو رێکەوتنە کاتییەی لە ساڵی ١٩٢٧دا لەگەڵ حکومتدا کردبووی دەڵێ[٢١]:

«پاش ماوەیەک باوکم بە هۆی کەم دەرامەتییەوە رووی کردە کزی، خلیفە یونسی روغزایی وازی لە باوکم هێناو لێی جیابووەوە کە زیانێکی زۆر گەورە بوو بەڵام لەجیاتی ئەو (ئەمینی حەمەی ئیمام)ی هەموندی خۆی و تاقمەکەی چوونە لای شێخ مەحمودو جگە لەویش (رشید ئەحمەد علی) هەموندیش بە خۆی و چەکدارەکانییەوە بوون بە هاوکاریی باوکم کە هەردووکیان شەرکەرێکی زۆر ئازابوون.

دوای ئەوە وورده وورده ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ باوکما بوون خۆیان کێشایەوەو چوون بوون بە فەرمانبەر لە سوپاو دەزگاکانی عراقداو ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحموودا مانەوە بریتی بون لە ماجد مصطفی و رمزی عبد الکریم، رشید عاکف و حکمت ئەمین و صبری کاکەرەش (کە ئەمانە ئەفسەر بوون) وە لە رۆشنبیرو مەدەنییەکان کە مابوونەوە بریتی بوون لە عبد الله عادل و ئەحمەد خواجاو مەحموود شوقی و سید

روءف.

هاوینی ١٩٢٥ باوکم لە گوندەکانی شارباژێردا مایەوە بەڵام کە زستان داهات سەربازەکانی دابەش کرد بەسەر دێهاتەکانداو چەکدارو ئەهلییەکان هەر یەکە چووەوە گوندی خۆی.

زۆری پێ نەچوو (شێخ محمد غریب)و (سید محمد موفتی) کە هەردووکیان زۆر نزیکی باوکم بوون نزیکی (٥٠) سوارێکیان لەگەڵ خۆیان بردو وازیان لە شۆڕش هێناو چوونەوە ژێر دەسەڵاتی حکومت (سەیر ئەوەیە شێخ روءف لەوەدا باسی هەباس ئاغای محمود ئاغای پژدەریی نەکردووە کە ئەویش ماوەیەکی زۆر لە رقی بابکری سلیم ئاغا بووبوو بە هاوکاریی شێخ مەحموود بەڵام ئەویش هەر لەو رۆژانەدا شێخ مەحموودی بەجێ هێشتبوو وەکو لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-77 رۆژی ١٩٢٥/٨/٢٠ لە فقرە (٤٤)یشدا باس کراوە هەروەها لە رۆژنامەی (ژیانەوە)ی ژمارە (٣٦)ی رۆژی ٢٠/ی مانگی آبی ١٩٢٥دا لە سلێمانیدا دەرچووە باسی وازلێ هێنانی هەباس ئاغای پژدەریی تیادا بڵاوکراوەتەوە).

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

بەهاری ١٩٢٦ باوکم لە گوندی (کەندە سوورە)وە چووەوە شارباژێر (لەڕاستیدا شارباژێر هەتا دوایی بنکەیەکی بەهێزی شێخ مەحموود بووەو زۆربەی چەکدارەکانی لەگەڵیا بوون)، وە دووبارە ژمارەیەک چەکداری لەدەور کۆبووەوەو روویان کردە هەڵەبجە بەڵام باوکم ماجد مصطفی و هەموندەکانی لە شارباژێردا هێشتەوە.

لەڕاستیدا باوکم لەو رۆژانەدا زۆر شپرزەو دەست کورت بوو لەبەر ئەوە دووبارە لە زستانی ١٩٢٦/١٩٢٧ چووەوە (مەریوان).

ئینگلیزەکان لەو رۆژانەدا هێزەکانی خۆیان کێشایەوەو بڕیاریان دابوو کە تەنها لە سلێمانیدا هێزی لیڤیی ئاسووری و سەربازی عراقی لێ بهێنێتەوە کە ئەمە لەسەر بڕیاری (کورنوالیس) بوو بەڵام ئەدمۆنس ئەو بڕیارەی پێ ناخۆش بوو لەبەر ئەوە بڕیاری دا ئەو بۆشاییەی پەیدا بووبوو بەوانە پڕی بکاتەوە کە سەر بە ئینگلیزەکان بوون و بۆ ئەمە شێخ عبد الکریمی قادرکرم کرا بە قائمقامی سەنگاو (شێخ روءف

له یاداشتەکانیا ناوی بە کاپتن کریم ناو دەبا، بەڵام شێخ مەحموود هەمیشە بە مێجەر کریم ناوی دەبرد)، وە ئەحمەد موختار کرا بە قائمقامی هەڵەبجەو حامد بەگی جاف بە معاونی قائمقام و فقی محمدی هموند کرا بە مدیری ناحیەی بازیان و حسین بەگی حسن بەگ بە مدیری ناحیەی وارماواو پژدەرییەکانیش مدیرییەتی ناحیەی ماوەت و قائمقامییەتی چوارتایان بەرکەوت (ئەوەی شێخ رەوءف مەبەستی بووە ئەمین بەگی قامیش بووە کە کردبوویان بە قائمقامی چوارتا) و سید ئەحمەدی حاجی مامندیش کرا بە مدیری ناحیەی برزنجەو بەو جۆرە تەنها ناحیەی پێنجوینی بەدەستەوە مابووەوە).

باوکم هەوڵێکی زۆری دا کە ئینگلیزەکان لەو سیاسەتەیان پاشگەزببنەوە بەرامبەر بە کورد بەڵام ئینگلیزەکان هەمیشە وەرامیان ئەوە بوو کە دەبێ بچێتە بغداد وە باوکیشم سوور دەیزانی ئەگەر بچێتە بغداد دەیکوژن، دۆکیومەنتەکانی بلاطی ملکی دەری دەخەن کە ئینگلیزەکان پلانی کوشتتنیان ساز کردبوو».

شێخ رەوءف لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«ئینگلیزەکان جائزەیەکی (٢٠) هەزار روپیەییان دانابوو (ئەو جائزەیە بە چەند جۆرێک باس کراوە) بۆ هەر کەسێک کە شێخ بە زیندوویی یا بە کوژراوی بداتە دەست ئینگلیزەکان، بۆ ئەو مەبەستە (١٠) نەفەری ئاسووری تەرخان کراو هێزێکی غیر نظامییان بۆ دانان و دوو کەسی کوردیشیان لەگەڵدا بوو کە زۆر شارەزای ناوچەکە بوون (ناوی ئەو دوو کوردەی نەهێناوە) و لە ساڵی ١٩٢٦ کە لە (وولەژێر) بووین کابرایەکی ئەرمەنی هات بۆ (وولەژێر) دوای ئەوەی تحقیقاتی لەگەڵا کرا کە کریم بەگی فتاح بەگی هموند تحقیقاتی لەگەڵا کردبوو و بۆی دەرکەوت کە بۆ کوشتنی باوکم نێررابوو بۆیە کریم بەگ کوشتی بەڵام باوکم ئەو کارەی کریم بەگی بەدڵ نەبوو هەرچەند لەدواییدا وەکو عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا (تأریخ الوزارات العراقیە)دا باسی کردووە کە ئەو کابرایە هەر وەکو کریم بەگ بۆی چووبوو بۆ کوشتنی شێخ مەحموود نێررابوو».

شێخ رەوءف لە یاداشتەکانیا باسی چۆنێتی چوونی ئەو کابرا ئەرمەنییەی نەکردووە

بەڵام من لە کاتی خۆیدا لە قادر ئاغای مووبرەی خزمم بیستبوو کە لەو ڕۆژانەدا لە خزمەتی شێخ مەحموودا بووە ئەو کابرا ئەرمەنییە بە شێخ مەحموودی ووتبوو کە ئەو ناوچانە ئاڵتوونی تیادایەو ئەگەر ڕێگەی بدا دەتوانێ سوودێکی چاک بە شێخ بگەیەنێت و ماوەیەک هەوڵیدا بەو بیانووەوە خۆی لە شێخ نزیک بخاتەوەو ئەوە بوو دەرکەوت کە بۆ کوشتنی شێخ چووبوو بۆیە کوژرا.

لە باسی بەدرۆخستنەوەی ئەو نووسەرانەی کە دەیانویست شێخ مەحموودو شۆڕشی کورد بەوە لەکەدار بکەن کە بەراسپاردەی ئینگلیز بووە، لە بەڵگەی یەکەمی بەدرۆخستنەوەدا بەڵێنی ئەوەم دا بە خوێنەواران کە ئەو دۆکیومەنتانەیان بخەمە بەرچاو کە هەمووی بریتییە لە چالاکی و عملیاتی ئاسمانی و زەمینیی ئینگلیزەکان بۆ لەناوبردنی شێخ مەحموودو شۆڕشەکەی، وا لێرەدا بەرو دوا بە کورتی باسی هەندێ لەو دۆکیومەنتانە دەکەم کە ئەو راستییە روون دەکەنەوە، بێجگە لەوە بەپێویستم زانی ئەو خەباتەی میللەتی کورد لەو ڕۆژانەدا پێشکەش بە خوێنەواران بکەم.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-77 رۆژی ۱۹۲۵/۸/۲ (ئەم دۆکیومەنتەو ئەمانەی دوای ئەوەش لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا دەست دەکەون).

***فقرە ٤٣٦ – مەبەستی شێخ مەحموود لەوەدا کە لە سلێمانییەوە چۆتە قرەداغ. بەخۆی و هێزێکییەوە ئەوە بوو لە ٤/آب/١٩٢٥دا هێرشی بردە سەر گوندی (رەبات) وە لەدوای شەڕێکی قورس (ئەشرەف ئاغا)ی دۆستمان لەگەڵ (٩) چکداریا کوژران و مدیری ناحیەو مدیری مالیە هەردووکیان گیران و پۆلیسەکان توانییان خۆیان رزگار بکەن.***

*ترسێکی تریش پەیدا بووبوو کە رەنگە ئەو یاخی بووانە هێرش ببەنە سەر (گل) کە نزیکی کرکوکەو دوور نییە هێرش ببەنە سەر کرکوکیش. دەنگ وایە هێرشێ ببەنە سەر هێڵی شمندوفەری کرکوک لەبەر ئەوە کاربەدەستانی کرکوک هێزێکی زۆریان نارد کە ڕێگەی ئەوەیان لێ بگیرێ. هێزی ئاسمانی لە کاتی جم و جوڵی یاخی بووەکانا پەلامارێکی باشیان دایە سەر ئەو گوندانەی ئەو یاخییانەی لێ بوو*

وه بەدەستەوەیە عملیاتێکی ئاسمانی واش بکرێ لە قرەداغ.

فقره ٤٣٧ - لە سلێمانی یاخی بووەکان بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە لەوان زۆرترن نزیکی ۲۰۰.. ۲۵ چەکدار دەبن لەلایەن کریم فتاح بەگی هەموندو صابری کوڕی و شێخ مصطفی و براکانی کە کوڕی شێخ عبد القادری سەنگاون سەرکردەی ئەم تاقمەن و خەریکی کۆکردنەوەی باجن لە دێهاتەکانی قرەداغ و سەنگاودا.

تاقمی دووهەم بچووکترە (۷۰ - ۱۰۰) سوارە لەگەڵ شێخ محمودو دوو ئەفسەرکەی ماجد مصطفی و یونس عبد القادرە کە لە ڕۆژهەڵاتی شارباژێردان و شێخ و پیاوەکانی دەپەڕنەوە بۆ (مەریوان).

فقره ٤٣٨ - شێخ بەتەمایە سوود لەو جافانە وەربگرێ کە لە ناوچەی پێنجوینەوە لە کوێستانەوە دەگەڕێنەوە بۆ دەوری هەڵەبجەو تانجەرۆ و قرەداغ و سەنگاو هەتا دەشتەکانی کفری.

ئەگەر شێخ مەحموود بتوانێ جافەکان وا لێ بکا کە ببنە پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەوانەی کە لە قەرەداغ و سەنگاون ئەوا شتەکەمان لێ ئاڵۆز دەبێ لەبەر ئەوە پێویستە حساب بۆ گەڕانەوەی جافە کۆچەرییەکان بکرێ و ڕێگا نەدرێ بە شێخ مەحموود لەو تەقەلایەیدا سەر بکەوێ.

فقره ٤٣٩ - هەموندەکان لای چەم چماڵەوە پڕۆپاگاندەی شێخ مەحموود زۆر کاری تێ کردوون و خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ بەشداربوون لە شەڕدا. ئەگەر شێخ مەحموود بتوانێ تاقمێ لە جافەکان بە لای خۆیدا ڕاکێشێ ئەوا تەماعی دەسکەوت و تالانی وایان لێ دەکا ناکۆکییەکانی خۆیان بیر بچێتەوەو بچنە پاڵ شێخ مەحموود.

فقره ٤٤٠ - توانرا بە هۆی بابکری سلیم ئاغای دۆستمانەوە هەباسی مەحموود ئاغای پژدەری دەعوەت بکرێ بۆ هەولێرو متصرفی هەولێر لە گوندی (خدران) چاوی پێ کەوت کە نزیکی (کۆیە)یە. هەواڵی کۆبوونەوەی هەباس ئاغاو متصرفی هەولێرمان بیست بەڵام بەتەواوی نەمانزانیوە چییان باس کردووە (وەکو لەپێشتریشدا باسمان کرد هەواڵی وازهێنانی هەباس ئاغا لە ژمارە (۳٦)ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا بڵاوکراوەتەوە کە ووتوویەتی: عباس ئاغا دخالتی بە حکومت کردو تأميناتی تەواوی

داوه که خوی و أتباعی حاضرن بۆ همو أوامری حکومت و قطعیا علاقەیان بە شیخ مەحمودەوە نەماوە».

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-78 رۆژی ۱۹۲۵/۹/۳:

**فقره ٤٧٩** – لە ئەنجامی کۆبوونەوەی عباس ئاغاو متصرفی هەولێردا هەباس ئاغا داوای کرد پژدەر بکرێ بە دوو بەشەوە بەشێکی سەر بە خۆی بێ و بەشەکەی تری سەر بە بابکری سلیم ئاغاو ناحیەی ماوەت لە شارباژێر جیاکرێتەوەو بخرێتە سەر پژدەر.

لەراستیدا ئەم داخوازییەی هباس ئاغا زۆر شتی چاکە چونکە لەنگەرێک پەیدا دەکا لە ژووورووی سلێمانیدا بەرامبەر قرەداغ و سەنگاوی خوار سلێمانی.

**فقره ٤٨٠** – شێخ مەحموود ئێستە لە شارباژێرەو (٣٠٠) چەکداری لەگەڵدایە کە (٤٠) لەوانە لە مەریوانەوە هاتوون کە مەحموودخانی کانی سانان ناردوونی.

جافەکان لە کوێستانەوە بەرەو خوار دەبنەوەو بە فرۆکە بەیاننامەیان بۆ فرێ درایە خوارەوە ئەگەر یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن مەڕو ماڵاتیان بۆردومان دەکرێ.

دەڵێن شێخ مەحموود لە (کانی مانگا) بنکەیەکی لە (٥٠) چەکدار داناوەو لەوێوە دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی باجی مەڕو ماڵات بەڵام جافەکان ئەو باجە نادەن.

**فقره ٤٨١** – یاخی بووەکان لە قرەداغ و سەنگاو هێرش دەبەنە سەر ناحیەی (گل)، لە ۱۹۲۵/٦/۲۷دا سید محمدی جباری بە خۆی و (٥٠) سوارو پیادەوە هێرشی بردە سەر (گل) بەڵام زیان نازانین چی بووە.

شەوی ۲۹-۳۰ی مانگی آب/۱۹۲۵ نزیکی (٣٠٠) سوار کە سید محمدی جباری و کریم بەگی هەموندو شێخ محمد غریب و شێخ مصطفی کوڕی شێخ عبد القادری سەنگاو هێرشیان بردە سەر گوندی (قەرە خاوەر) کە مرکزی ناحیەی گل بوو.

کاربەدەستان لە کرکوک عەشیرەتی تالەبانیی دۆستیان کۆکردەوەو ناردیانن بۆ ئەو ناوەو هێزی ئاسمانیمان بۆردومانی یاخی بووەکانی کرد».

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-78 رۆژی ۱۹۲۵/۹/۱۷:

*فـقــره ٥٢٠ - شێخ مـەحـمـوودو تاقـمـەکـەی لە نزیکی پێنجـوێندایەو خـەریکی کۆکردنەوەی باجی مەڕو ماڵاتن بەڵام جافەکان باجیان نادەنێ.*

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-78 رۆژی ١/١٠/١٩٢٥:

*فـقــره ٥٧٢ - نزیکی (٧٥٠) چەکـــداری حکومت لە ٢٠/ایلولی ١٩٢٥دا لە سلێمانییەوە نێردران بۆ (گۆڵێ) بۆ ئەوەی سزای خەڵکی گۆڵێ بدەن چونکە رێگەی ئەوەیان دابوو ئەو پۆستەی شێخ مەحموود لە (کانی مانگا) دایمەزراندبوو بەناویانا بچێتە خاکی ئێرانەوە.*

*فقره ٥٧٣ - شێخ مەحوود ئەو پۆستەی بەجێ هێشت و رووی کردە (باشماغ)، جافەکان ئەوەیان بە هەل زانی و بەپەلە مەڕو ماڵاتەکەیان بەرەو خوار دەرباز کرد.*

*فقره ٥٧٤ - لە ١٩٢٥/٩/٢٥دا هێزێکی سوپایی بە سواری حوشتر لە کرکوکەوە لەگەڵ سەربازی عـراقیدا رووی کـردە چم چماڵ و لەرێگا شەڕێکی گـەورە روویداو کوشتار لە هەردوولا هەیە بەڵام هێزەکانمان گەیشتنە چم چماڵ.*

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-83 / ١٩٢٥/١١/٢. باسی ئەوە دەکا کە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەرزەنشی مندوبی سامیی کردووە لە بغداد کە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بۆ مەبەستی باج سەندن شتێکی راست نییەو ئەگەر راپۆرتێک لەو رووەوە بگاتە جەنرال Laid-oner کە مراقبی عصبە الامە دوور نییە ئەو راپۆرتە زیانێکی زۆری هەبێ بۆمان چونکە لە کاتی خۆیدا بەڵێنمان دابوو بە عصبە الامم کە نابێ هێزی ئاسمانیی ئێمە بۆ مەبەستی باج کۆکردنەوە بەکار بهێنرێ.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 رۆژی ١٩٢٦/٤/١:

*فقره ١٩٠ - ئەو چەتانەی لە قـرەداغـەوە رایان کـرد بەسـەر تانجـەرۆدا پەڕینەوەو گەیشـتنە ناوچەی هەڵەبجەو دەستیـان کـرد بە کـۆکردنەوەی باج لە هەندێ دێهاتی شارەزوور، زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ شێخ مـەحموودان جگە لە چەند کەس و خزمێکی تایبـەتیی خـۆی ئەوانی تر بڕیاریان داوە لە شـارباژێردا بمێننەوەو شێخ مـەحـموود ووتوویەتی چۆتە زیارەتی شـێخ حـسـام الدین لە (تەوێڵە)، شـێخ حـسـام الدین نەسیحەتی شێخ مەحموودی کردبوو خۆی تەسلیمی ئینگلیز بکا وە لە ئەنجامی ئەوەدا*

شێخ مەحموود نامەیەکی نارد بۆ ملک فیصل کە ئامادەیە نوێنەرێکی خۆی بنێرێت بۆ بغداد بەڵام نووسیبووی لەم کاتەدا خۆی ناتوانێ بچێتە بغداد.

فقرە ٢٢٥ - جگە لەو نامەیەی کە شێخ بۆ فیصلی ناردبوو نامەیەکیشی ناردبوو بۆ مندوبی سامی

بەڵام تێی گەیەنرا ئەگەر خۆی تسلیم بکا بە فیصل پێویستە بەرلەوە عفوی بۆ دەربچێت و جگە لەوە دەبێ بۆ ماوەی (٤) ساڵ لە بغداد بمێنێتەوە ئەوسا حکومەتی عراق بڕیاری گەڕانەوەی دەدا بۆ کوردستان.

حکومەتی عراق بڕیارێکی دەرکرد کە دەست بسەر هەموو موڵک و ماڵی شێخ مەحموودا بگرێ وە بەپێی فقرە (٧)ی نظامی دعاوی عشایر بفرۆشرێت.

مأموری ضریبە لە سلێمانیدا ئاگاداری شێخ مەحموودی کرد ئەگەر لە ماوەی دەسنیشانکراوا کە بۆی دانرابوو خۆی نەدا بەدەستەوە هەموو موڵکەکانی دەفرۆشرێ.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 رۆژی ١٩٢٦/٦/٢٤ (راپۆرتی ژمارە/١٣):

فقرە ٤.٨ - ئەو هێزە بچووکەی کە نێررابوو بۆ یارمەتیدانی جافەکان کە بە ئاسانی بگەنە کوێستان ئەو هێزە لە ١٩٢٦/٦/١٣دا بەرەنگاری چکدارەکانی کوردی ئێران بوونەوە کە چەکداری ناوچەی هەورامان و مەریوانن و ژمارەیان (٣٠٠) چەکدارە کە هێزی دوژمن بە سەرکردایەتیی (ئەحمەد بەگی باڵەک) بوو کە یەکێکە لە خزمەکانی مەحموودخانی کانی سانان بەڵام هێرشی دوژمن وەستێنرا.

لە ١٩٢٦/٦/١٤دا پەلاماری هێزی شێخ مەحموود دراو شکێنران و (٣٠) کسیان لێ کوژرا.

زیانی ئێمە تەنها چوار بریندارو هێزی ئاسمانیی ئێمە پاڵپشتێکی چاکی حکومەتی کرد لەو شەڕەدا بەڵام لەبەر ئەوەی ناوچەی شەڕ دارستان و شاخاوییە، بۆردومانی ئەم جارە زۆر کاریگەر نەبوو.

دوژمن دوای ئەوە هەموو هێزەکانی خۆی کۆکردەوە کە ژمارەیان (١٠٠٠) چکدارێک دەبێ. رۆژی ١٩٢٦/٦/١٩ دوژمن هێرشێکی تری هێنایە سەرمان بەڵام شکێنران و هێزی حکومەت بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی ئێمە توانی پێنجوین داگیر

بکاو مندوبی سامی داوای لە حکومەتی ئێران کرد کە ڕێگا نەدا بە عەشایرە کوردەکانی ئێران یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن، بەڵام بڕوا ناکرێ ئێران دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ ڕێگا لەوە بگرێ.

مندوبی سامی بڕیاری داوە ئەو کۆچەرییانەی باجیان دابوو بە شێخ مەحموود لە کاتی گەڕانەوەیان لە کوێستانەوە هەموو سزا بدرێن.

فقرە ٤٠٩ - کریمی فتاح بەگی هەموند داوای کردووە ئەگەر ئێمە لێی خۆش ببین دەتوانێ ڕێگەی سلێمانی و کرکوک بپارێزێ و ئاسایش لە هات و چۆکردندا بەرپا بکا بەڵام داخوازییەکەی پەسەند نەکراو داوای لێ کرا بەبێ مەرج خۆی بدا بەدەستەوە.

فقرە ٤٣١ - هێزی حکومەت لە ٦/٢١ تا ١٩٢٦/٦/٢٤ لە پێنجویندا مایەوە شارەکە چۆڵ کرابوو هەموو چووبوون بە دیوی ئێراندا، لە دەورو بەری پێنجویندا چەند سوارێکی دوژمن بینراو هێزی ئاسمانیمان بۆردومانی کردن و دانیشتوانی ئەو گوندانەی بەشداری شەڕیان کردبوو سزا دران.

دوای ئەوە هێزەکەمان ڕووی کردە خورماڵ و لە ١٩٢٦/٦/٢٦دا گەیشتە خورماڵ. ئەو ناوچەیە نزیکی (٦٠) چەتەی لێ بوو و لە شەڕێکدا لەو ناوچەیەدا کاپتن Bordie بریندار کراو بڕیار درا بنکەیەکی سوپایی هەمیشەیی لە خورماڵدا دامەزرێنرێ.

فقرە ٤٣٢ - شێخ مەحموود چووە ئەودیو سنوورو لەوە دەچێ پیاوەکانی لە (بانە)و (مەریوان)دا جێگیر بن.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-15 ڕۆژی ١٩٢٦/٧/٢ . استخبارات رقم/١٥ کردستان:

فقرە ٤٦١ - کریمی فتاح بەگی هەموند کە تا ئێستە چەند جارێک لە کوشتن ڕزگاری بووە شەوی ١٩٢٦/٦/٢٩ لە کاتی هێرش بردنیا بۆ سەر گوندی (قەرە تاموور) زۆر خراپ بریندار کرا (کریم بەگ لەو شەڕەدا کوژرا) کە نزیکی چم چماڵە، هەرچەند هەردوو کوڕەکەی هێشتا ڕاکردوون بەڵام مردنی کریم بەگ دەبێتە مایەی پەیدابوونی

ئاسایش لە ناوچەکانی نێوانی کرکوک و سلێمانیدا. کریم فتاح بەگ ئەوە بوو کە (بۆند)و (ماکانت)ی کوشت و لەوساوە بە چاکترین شەرکەری چەتەگەری دەناسرێ.

**فقرە ٤٦٣** – شێخ مەحموود هێشتا هەر لە (وولەژێر)ە کە نزیکی (٣٠.) سوارو (١٥.) پیادەی لەگەڵە.

صابری کوڕی کریم بەگ بە (٥.) چەکدارەوە هاتوونە ناوچەی بازیان، سید محمدی جباری کە لەگەڵ شێخ مەحموودا لەسەر ئەوە تێکچووە کە هێرش برابووە سەر (گل) لەوساوە وازی لە شێخ مەحموود هێناوەو خۆی تسلیمی متصرف کردووەو لێ خۆش بوونی بۆ دەرچووە.

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-95 رۆژی ١٩٢٦/٨/١٨ دەربارەی شەڕی پێنجوین لە ١٩٢٦/٦/١هەتا١٩٢٦/٧/١١:

سەربازەکانمان (بە زۆری کە دەڵێ سەربازەکانمان یا هێزەکانمان مەبەستی لەو هێزی لیڤیی ئاسوورییانە بووە کە لەژێر سەرکردایەتیی ئەفسەرە ئینگلیزەکاندا بوون) لە ٦/١دا لە پردی تانجەرۆ پەرینەوەو گەیشتنە (کەولۆس) بێ ئەوەی هیچ شتێک روو بدا. مەڕو ماڵاتی کۆچەری بەو دەشتانەدا بڵاوبوونەتەوە.

هێزێک نێررا بۆ (قاینەجە) چونکە هەواڵ هات کە شێخ مەحموود هێزێکی لەو ناوچانەدا گرد کردۆتەوە.

رۆژی ٦/١٢ طابوورێکمان گەیشتە دامێنی گردەکان کە پێشڕەوی هێزەکەمان ئاسووری و پیادەی سوپای عێراق بوون، لە (دۆڵە سوور) لەگەڵ هەورامییەکانا شەڕێک روویدا کە زیانی ئێمە کوژراوێک و سێ لیڤی بریندار بوون.

هێزەکەمان لەو جێگایەی کە رێگای (کەولوس ـ سەرکان ـ پێنجوین) بە یەک دەگەیەنێت باریان خست چونکە (کاپتن گاون)ی مفتشی ئیداریی ئەم ووچان گرتنەی بە پێویست زانی بۆ یارمەتیدانی جافە کۆچەرییەکان کە هێشتا لە دەشتدا مابوون. دوو تاقم سوارمان نارد بۆ (سەرکان) کە گوندێکە لە ناوچەی سروچک و تاقمێکی تری سوارە لەگەڵ دوو فصیلی هێزی لیڤی نێرران بەرەو (قەڵا چوالان). مدیری ناحیەی سروچک ئاگاداری کردین (کە وەکو لەپێشتردا باسمان کرد سید ئەحمەدی

حاجی مامند بووە) کە ژمارەی چەکدارەکانی شێخ مەحموود (٨٠٠) چەکدار دەبن.
لە ٦/١٣دا بتالیۆنی عراق لەژێر سەرکردایەتیی کاپتن Rich و بتالیۆنی لیڤیی عراقی بە سەرکردایەتیی ملازم Curtias رووی کردە مولاک Mulak وە لەو ناوەدا بەرەنگاری هەورامییەکان بوونەوە.
فرۆکەکانمان وایان گەیاند کە جوولە لە (کانی مانگا)و (کانی سپیکە)دا نییە، بەڵام دووریش نییە لەبەر چڕیی دارستانەکان نەبینرێن.
وا باشە هێزی ئاسمانیمان (مولاک)و (خورسیان) بۆردومان بکاو پێویستە کە بەرلەوەی شێخ بگاتەوە (کانی مانگا) ئێمەداگیری بکەین.
لە ٦/١٤ عملیاتی هێزی ئاسمانی بۆ سەر نالپارێزو پێنجوین و مولاک دوا خرا چونکە مەکینەی فرۆکەیەک تەواو نەبوو ناچار گەڕایەوە بۆ سلێمانی.
لە ٦/١٥دا دوژمن هێرشی هێنایە سەر (کانی مانگا)و (مولاک)و کە شەڕ گەرم بوو (٣) فصیلی تری ئاسووریش نێرران بۆ ناوچەکە.
بڕیار درا هێزەکانمان بچێتە پێنجوین و ئێستە کۆچ و باری جاف لەپشت عسکرەوە بەرەو ژوور دەڕۆن.
لە ٦/١٨دا ئاگادار کراین کە جافەکان شێخ مەحموودیان بینیوەو بڕیاریان داوە باجی بدەنێ چونکە ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە دوابکەون و بەو هاوینە نەگەنە کوێستان. صابری کریم بەگ و چەکدارەکانی لەوە دەچێ روو بکەنە دەشتی (قزلجە).
لە ٦/٢٧دا بڕیار درا خەرمانەکانی(کانی مانگا)و (نالپارێز)و (یالانپێ) بە هۆی هێزی ئاسمانییەوە بسووتێنرێن (دەترسم ئاگری ئەو خەرمانە سووتاوانە بووبێ کە ئەو نووسەرە محترمانەی وەکو طە الراوی و محمود الدرە وایان پیشان داوە کە ئیشارەت بووە بۆ یارمەتیی کوردەکان).
مەحموود خانی دزلی کە لە گوندی ئەحمەد ئاوایە بە خۆی و (٢٠٠) سوارەوە نامەیەکی هەڕەشەی ناردووە بەرامبەر بە سووتاندنی ئەو خەرمانانەو دەڵێ تۆڵەیان لێ دەکەمەوە.

بەڕاستی هێزی ئاسمانمان دەورێکی ئێجگار کاریگەریان هەبوو لە شەڕەکاندا.

لە ١٩٢٦/٧/١دا تلگرافیک گەیشت دەڵێ: مێجەر Elphinsone کە سەرکردەی لەشکری عـێـراقـە لە ٢/تەموزدا بە پیـادە لە هەڵەبجـەوە دەکـەوێتـە ڕێ بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک ئامادە بکا کە ئایا خورماڵ دەس دەدا بۆ ئەوەی بکرێ بە بنکەی لەشکری عراق بۆ ئەو ناوچانە؟ بۆ ئەوە بە فرۆکە بۆردومانی (کانی گوڵ)و (پالأنپێ)و گردە بەرزەکانی دەوری خورماڵ کراو ملازمی یەکەم Bucklay دوێنێ هێرشی بردە سەر ئەحمەد ئاواو ئەو خەرمانانەی ئەو ناوچەیەی هەموو سووتاند.

ئیمزا/ Sorel Cameron

Commander of Colmn

موصل ١٩٢٦/٨/١٨

دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-95 ڕۆژی ١٢/ ١٩٢٦/١:

جافەکان لە کاتی گەیشتنی کۆچ و باریانا چاوەڕوانی هێزەکەی ئێمەیان نەکردو بە هۆی خیـانەتی هەندێک لەو کـۆچەرییانە کـە دەبوایە ئەوان خۆیان بەرەنگاری شێخ مەحمود ببوونایەوە، ئەوانە بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی گەیشتنی هێزەکانی ئێمە بکەن کە ڕزگاریان بکەین لە باج سەندن، لە ناوچەی (کـانی مـانگا) باجی خۆیان دا کە ڕوغزاییەکان دەوری سەرەکییان بینی لەو کردەوەیەدا.

هەرچەند نامـەوێ نرخی بۆردومـانی هێزی ئاسـمـانی کـەم بکەمـەوە، بەڵام ئەو بۆردومانەی کە بە ئاگاداری کۆلۆنیل کامیرۆن کرا بۆ پاراستنی جافەکان لەڕاستیدا ئەو بۆردومانە بوو بە هۆی چۆڵکردنی کانی مانگاو جافەکان دەست و بردیان کرد لە دانی باج بە شێخ مەحمود بۆ ئەوەی بەپەلە خۆیان لەو ناوچانە دەرباز بکەن و زوو بگەنە هەواری خۆیان. هۆی بۆردومان کردنی دێهاتەکانی هەورامییەکان وەکو (کانی گوڵ)و (ئەحمەد ئاوا)و (پالأنپێ) بۆ ئەوە بوو کـە سزا بدرێن بەرامبەر بە هاوکاری کردنیان لەگەڵ شێخ مەحموودا. هەرچەند دێهاتەکانی هەورامان هەموو بەشداریان کردبوو بەڵام تەنها ئەو چەند گوندەمان دەسنیشـان کـردو ئەوانـی تر هەڕەشەیان لێ

کراو دەغڵ و دانیان سووتێنرا بەڵام زیانی گیانییان نەبوو.
کۆلۆنیل (کامیرون) پێشنیازی کرد هێزێکی غیر نظامی لە پژدەری رێک بخرێ و بنێررێ بۆ شارباژێر لەلایەکەوە بۆ هەرەشەکردن لە شێخ مەحموودو لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی باری هێزەکانی ئێمە لەو ناوچانەدا سووک ببێت. بەڵام بە لای منەوە ئەوە شتێکی راست نییە چونکە پێک هاتنی هێزی لیڤی لە عەشایر شتێکی سەرکەوتوو نییە لەبەر ئەوەی ئەوانە جێی متمانە نین و ئەو جۆرە هێزە کاتێک ئامادەی شەڕ دەبن کە هیوای تالانی و دەسکەوتیان هەبێ و هیچ دووریش نییە ئەگەر هێزەکانی ئێمە لە شەڕێکدا شکان ئەوا لەجیاتی ئەوەی یارمەتیمان بدەن دەبن بە هۆی سەریەشەو خۆ ئەگەر داوای یارمەتیدانیان لێ کرا ئەو داواکردنە وا لێک دەدەنەوە کە نیشانەی بێ هێزی و لاوازیی حکومەتە، بۆیە من ئەو بۆچوونە بە راست نازانم هەتا موافقتی وەزارەتی ناوخۆ وەرنەگیرێ (کە بێگومان مەبەستی لە کورنوالیس بووە کە موستەشاری وەزارەتی داخلیە بووە) ئەو موافقتی لەسەر بکا».
دۆکیومەنتی ژمارە C.2-1225 – Aide Memoire (C.O.730-107) رۆژی ١٩٢٦/١١/١٦ (کە باسی خلاصەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دەکا لە ناوچەکانی هەڵەبجەو پێنجویندا):

## راپۆرتی یەکەم

شێخ مەحموود لە مانگی ایلولی ١٩٢٢دا کرا بە حوکمدار، دوای ئەوە هەوڵێکی زۆری دا لە کرکوک و ناوچەکانی موصلیشدا دەسەڵاتی هەبێ بۆیە بە عملیاتی عسکری لابراو سلێمانی لە حزیران ١٩٢٤دا داگیرکرایەوە.
لە مانگی ایلولی ١٩٢٤دا شێخ مەحموود دەستی کرد بە دوژمنایەتی لە ناوچەکانی هەڵەبجەو پێنجویندا کە لەو ناوانەدا دۆستی بەهێزی هەبوو وەکو مەحموودخانی دزڵی و پەلاماری هێزەکانی عراقی دا. لە کانونی دووهەمی ١٩٢٥دا لە (مەریوان) خۆی حەشار دابووەوە یارمەتیی باشی لە حاکمی (بانە) وەردەگرت و خێزانەکەشی لە گوندی (کەندە سوورە)ی ناو خاکی ئێراندا بوو. لە شباطەوە هەتا

حزیران ١٩٢٥ شێخ مەحمودو تاقمەکەی لە ڕۆژهەلاتی سلێمانیدا جم و جوڵیان هەبوو.

لە مانگی مایسی/١٩٢٥دا هێزی لیڤیی سوارە نێررا بۆ سلێمانی و هەڵەبجە کە ئەو ناوە زۆر نائارام بوو بەلاّم لە حزیرانەوە وردە وردە هەڵوێست باش بوو وە ئەو عەملیاتانەی کەکران شێخ مەحمودیان ناچار کرد بچێتە خاکی ئێرانەوەو لە ناوچەکانی مەریوان و هەوراماندا هات و چۆی دەکرد.

لە مانگی آبدا جارێکی تر بە پاڵپشتی کوردە ئێرانییەکان هاتەوە ناوچەی پێنجوین بۆ ئەوەی ڕێگا لەو جافانە بگرێ کە لە کوێستانەوە دەگەڕانەوە بەلاّم بە هۆی ئەو هێزی لیڤییەی لە سلێمانییەوە نێررابوو ناچار کرا خۆی بکێشێتەوە بۆ (باشماخ)و (وولەژێر)ی کرد بە بنکەی خۆی.

لە شباطی/١٩٢٦دا شێخ مەحموود لەگەڵ قائدێکی ئێرانیدا لە (بانە) کۆبووەوە بەلاّم ئەو کۆبوونەوەیە چی تیادا باس کرابوو نەزانراوە.

لە تموزی/١٩٢٦دا شێخ مەحموود هێزێکی گەورەی لە عەشایری ناوچەی (بانە)و (مەریوان)و (هەورامان) کۆکردەوەو سنووری عێراقی شڵەژان و بەرەنگاری کۆچەرییەکان دەبووەوە لەو عملیاتەی هێزی ئاسمانیمان کە دژی شێخ مەحموود کرا فڕۆکەیەکمان بە ناچاری نیشتەوەو ئەفسەرێکی بریتانی و میکانییەکی تیادا بوو بەدیل گیران و نێرران بۆ (وولەژێر)و بە هۆی فڕۆکەی ئێمەو لەژێر فشاری حکومەتی ئێراندا شێخ ناچار کرا کە هێزەکانی لە عێراقدا بکێشێتەوە بۆ (وولەژێر).

لە مانگی ایلولی ١٩٢٦دا شێخ مەحموود هێزێکی تری لە کوردی ئێران پێک هێنا بەتایبەتی لە (گەڵباخی)و (ڕەزاو)و (تیلەکۆ)و لە ناوچەی مەریواندا کۆبوونەوەو بەو هێزە پێنجوینی گرت.

هێزێک لە سلێمانییەوە نێررا بەلاّم شەڕ نەکرا بە ئومێدی ئەوەی دەس بکرێ بە گفت و گۆکردن لەگەڵیا بۆ بەردانی ئەو فڕۆکەوانە».

دەربارەی تەقەلای ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر حکومەتی ئێران کە ڕێگە نەدەن بە شێخ مەحموود لە سنوورەکانیا هات و چۆ بکاو ئەو دۆکیومەنتەی

پێشوو بەم جۆرەی خوارەوە لەو تەقەلایە دواوە:

«لەوساوە کە شێخ مەحموود لەساڵی ١٩٢٤دا لە سلێمانی دەرکراوە، معاونی وەزیری مفوضی حکومەتی بریتانیا لە طهران داوای لە حکومەتی ئێران کردبوو کە ڕێگە نەدرێ بە عەشایرەکانی سەر سنوور یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن و هاوکاریی لەگەڵا بکەن و داوای لە حکومەتی ئێران کردبوو کە شێخ مەحموود بگرن.

لە مانگی ایلولی ١٩٢٤دا مندوبی سامی نامەیەکی نارد بۆ (ڕەزا شا)و داواشی لە سەرەک وەزیرانی ئێرانی کرد کە مەحموودخانی دزڵی بکێشنەوە بۆ ناو خاکی ئێران لەگەڵ حمە ڕەشید بەگی وەیسە و سەرکردەکانی تر. هەرچەند وەرامی ئێران هاتەوە کە ئاگاداری مەحموودخان و تاقمەکەی کردووە کە بە هیچ جۆرێک نابێ یارمەتیی شێخ مەحموود بدەن بەڵام ئەوە تەنها هەر قسە بوو.

لە کانونی دووهەمی ١٩٢٥دا شێخ هێزەکانی لە ناوچەی مەریواندا کۆکردەوە وە دووبارە مندوبی سامی داوای لە وەزیری مفوضی بریتانیی کردبوو لە طهران کە داوا لە حکومەتی ئێران بکا کە شێخ مەحموود بگرن یا دووری بخەنەوە لە سنوور.

لەدوای ئەوەی لە کانونی دووهەمی ١٩٢٥دا والیی (پشت کۆە) پەنای هێنایە بەر عێراق پاش ئەوەی حکومەتی ئێران چووبووە ناو پشت کۆەوەو داگیری کردبوو، حکومەتی ئێران لەسەر ئەوە ڕێک کەوت کە شێخ مەحموود لەسەر سنوودرا نەهێڵێت بە مەرجێک عێراقیش والیی پشت کوە بباتە (علی الغربی) بەڵام ئەوەش بەجێ نەهێنرا هەرچەند شێخ مەحموود وەکو ئاوارەیەک حسابی بۆ دەکرا لە ئێراندا بەڵام کە ئێمە هێزمان نارد بۆ هەڵەبجەو شارباژێر لە حزیرانی ١٩٢٥دا دووبارە یارمەتیی کوردەکانی ئێران هاتەوە بۆ شێخ مەحموودو بەرامبەر بەوە ئێران بێدەنگ وەستاو شێخ مەحموودی نەگرت.

(سێر پرسی لوراین) وەزیری مفوضی بریتانیا لە طهران لە تموزی ١٩٢٥دا شای بینی و ڕەزا شا بەڵێنی دا کە هێزێک بنێررێت بۆ ئەوەی شێخ مەحموود دەورە بدرێ و بۆ ئەو مەبەستە بڕیار درا ئەفسەرێکی سەرکردایەتیمان بچێتە تاران بۆ ئەوەی لەو ڕووەوە هاوکاری لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا بکا بەڵام ئێرانییەکان مەرجێکیان

هەبوو کە دەبوایە لە هەمان کاتیشدا عراق هێزێک بنێرێت دژی سالار الدولە کە لەو ڕۆژانەدا لە هەوراماندا بوو و هەڕەشەی داگیرکردنی کرمانشاهی دەکرد، لەبەر ئەوە ناردنی ئەو ئەفسەرەی ئێمە لەو ڕووەوە بێ سوود بوو ئەو هێزەی ئێران بەڵێنی دابوو نەنێررا.

لە مانگی آبی ١٩٢٥دا شێخ مەحموود جارێکی تر هێرشی هێنایەوە بۆ سەر عراق و (سێر پرسی لوراین) وەزیری مفوضی بریتانیا لە تاران ئەمەی خستە بەرچاوی حکومەتی ئێران بەڵام دووبارە ئەوەش هەر بێ ئەنجام بوو.

لە ئۆکتۆبری ١٩٢٥دا مندوبی سامی بە پێویستی زانی کە سەرکردەی هێزی ئاسمانیی ئێمە بچێتە تاران بۆ ئەوەی شتێک ساز بکرێ کە دەس بەسەر ناوچەی مەریوان و هەوراماندا بگیرێ و سەرەک وەزیرانی ئێران موافقتی لەسەر ئەو چوونە کردو دووبارە بەڵێنی دا لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا هێز بنێرێت بۆ ناوچەی مەریوان، بەڵام بیانووی بەجێ نەهێنانی ئەو جارە لەلایەن ئێرانەوە ئەوە بوو کە لەبەر هاتنی وەرزی زستان جارێ ناتوانرێ ئەو هێزە بنێررێت، بەو جۆرە ئەو تەقەلایەش سەری نەگرت لەگەڵ ئەوەشدا کە بیستمان ئەفسەرێکی ئێرانی چووە بۆ زیارەتی شێخ مەحموود.

ملحقی عسکریمان لە تاران زۆری هەوڵ دا کە فشار بخرێتە سەر شێخ مەحموود لەلایەن ئێرانەوە بۆ بەردانی فڕۆکەوانەکەو میکانیکییەکەمان بەڵام ئێران لەوەدا وەکو ناوبژیکەرێک خۆی پیشان دەداو ئامادەیی خۆی دەردەبڕی کە هەوڵ بدا بۆ ڕێکخستنی مفاوضات لە بەینی بریتانیاو شێخ مەحموودا.

لە سبتەمبری ١٩٢٦دا شێخ مەحموود هێزێکی تری پێکەوە ناو لە ناوچەی مەریوانەوە هاتەوە ناو خاکی عراق بەڵام ئێرانییەکان هیچ ڕێگەیان لێ نەگرت و لە هاوینی ١٩٢٦دا بۆمان دەرکەوت کە شێخ مەحموود پەیوەندیی خۆی زۆر بەهێز کردبوو لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانییەکاندا لەسەر سنوورو یارمەتیشی لێ وەرگرتبوون.

## راپۆرتی دووهەم

سالار الدولە (والیی پشت کۆه بووە) کە هاتە عراق لە ٢٨/نیسان ١٩٢٥دا سەرێکی لە (کاظمیە) دا بەلاّم هەواڵی گەیشتنی بۆ عراق بلاّو نەکرابووەوەو هەواڵ گەیشتبوو کە گەیشتبووە (تەوێڵە) لە ١٤/مایسی ١٩٢٥دا. مندوبی سامی بە فرۆکە نامەیەکی بۆ فرێدابووە خوارەوە کە دەستبەجێ سنوور بەجێ بێڵێت و داوا لە مفتشی ئیداریی سلێمانی کرا کە سالار الدولە بە دوژمنی بریتانیا لەقەڵەم بدرێ.

پاش چەند رۆژێک سالار الدولە چووەوە ناو خاکی ئێرانەوەو لە ١٩٢٥/٥/٢٣دا مندوبی سامی داوای لە وەزارەتی داخلیە کرد کە ئەمر بدا بە پۆلیسی سلێمانی هەر کاتێک سالار الدولە جارێکی تر هاتە خاکی عراقەوە بگیرێ.

لە کۆتایی تموزی/١٩٢٥دا هەواڵ لە هەڵەبجەوە گەیشت کە جعفر سلطان یارمەتیی سالار الدولەی داوە کە هێرش بباتە سەر کرمانشاەو مندوبی سامی نامەیەکی تایبەتیی نارد بۆ جعفر سلطان کە هەرچەند نیشتەجێی ئێران بوو بەلاّم دێهاتیشی لەبەشی عراقدا هەبوو وە هەڕەشەی لێ کرا ئەگەر یارمەتیی سالار الدولە بدا خۆی تووشی کارەسات دەکا وە جعفر سلطان لە وەرامدا مندوبی سامیی ئاگادار کردبوو کە هەموو پیاوەکانی خۆی کێشاوەتەوەو هیچ کارێک ناکا زیانی بۆ بریتانیا هەبێت.

ئەو کارەی مندوبی سامی هەموو ئاواتەکانی سالار الدولەی لەناوبرد کە بەتەمای ئەوە بوو شۆڕشێک لە کوردستاندا بەرپا بکا دژی حکومەتی ئێران.

سالار الدولە بیری خۆی گۆڕی و بە تبدیلی قیافەت لە رێگای هەڵەبجەو خانقینەوە خۆی گەیاندە ناوچەی (کەلهوور)و سەیر ئەوەیە حکومەتی ئێران دانی نەناوە بەو هەموو چاکەیەی مندوبی سامیدا کە بۆ ئەوانی کردبوو دژی سالار الدولە».

دەربارەی سالار الدولە کە لەو راپۆرتەدا ناوی هاتووە ئەحمەد خواجاش لە یاداشتەکانیا بەم جۆرە باسی سالار الدولەی کردووە (٣):

«سالار الدولە کە وەلی عەهدی شاهنشاهی قاجاری بوو (راپۆرتەکە دەڵێ: والیی پشت کۆه بووە) دژی ئێران هەستابوو، نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ مەحموودو نووسیبووی کە وا من ئێران دەسێنمەوە ئەوسا تۆش دەکەم بە والیی (سنە)، سالار

*الدوله دەیویست بە هۆی شێخ مەحموودو مەحمموودخانی دزڵییەوە ئێرانی دەسگیر بێتەوە.*

*لەڕاستیدا ئەو تەقەلایەی سالار الدوله زیانێکی زۆری گەیاند بە کوردی ئێران و ژمارەیەکی زۆری هەورامی کوژراو جعفر سلطان (جافرسان) ئاوارە کرا بۆ سلێمانی و بوو بە پناهەندە لای حکومتی عراق».*

دەربارەی سالار الدوله لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەڵێ(٤٣):

*«لە بەهاری ساڵی ١٩٢٥دا سالار الدوله کە داوای عرشی ئێرانی دەکرد بە دزییەوە هاتە عـراق و شـێخ مـەحـموود یەکـەم کـەس بوو کـە پەیوەندیی پێوە کـرد، بەڵام ئینگلیـزەکـان ئەو هاتنەی سـالار الدولەیان پێ خـۆش نەبوو، سـەرکـردەی هێزی ئاسمـانیی ئێمـە چووە تاران و باسی ئەوەی لەگـەڵ ئێرانییـەکاندا کـرد بۆ ئەوەی بە هۆی هاتنی سـالار الدولەوە جم و جـووڵێکی تازە لەو سـەر سنوورانە پەیدا نەبێت، بەو جۆرە سالار الدوله هیچی پێ نەکراو خۆی دەرباز کردو چووە سوریا، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٦دا جارێکی تر گەڕایەوەو چووە ناوچەی هەورامان وە لەدواییدا گیراو بە دەسبەسەری نێررا بۆ بغداد».*

لـە راپۆرتـێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتـــانیـــادا ژمـــارە C.O.730-10 رۆژی ١٣/١.١٩٢٦/ فـقـرە (٤٦٤). راپۆرتێکی تری تیـادایە کـە ژمـارەکـەی (٢١) بووە دەڵێ:

*«زۆر سەرچاوە وا دەگـەیەنن کە حکومتی ئێران گفت و گۆیان لەگەڵ شێخ مەحموودا کـردووە بۆ ئەوەی واز لـە یارمـەتیـدانی سـالار الـدوله بهـێنێت وە لە پاداشی ئەوەدا شێخ دەکەن بە حاکمی ویلایتی کوردستان (سنە)».*

هەروەها لە فقرە (٦٩٤)ی هەمان دۆکیومەنتدا دەڵێ:

*«لە ١٣/آب/١٩٢٦دا لە گـوندێکی نزیک هەولێر کـە (١٥) مـیل دوورە، سـالار الدوله گیرا کە بە تبدیلی قیافەت خۆی کردبوو بە کوردێک، گرتنی سالار الدوله بە هۆی ئەحمەد ئەفەندی هەولێری متصرفی هەولێرەوە بووە لەگەڵ (علی ثروت بەگ)ی مدیری پۆلیس.*

*ئێستە سالار الدولە لە بەندیخانەدایە لە بغداد، بەلاّم ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە رازییە بنێررێت بۆ هندستان بە مەرجێک لەوێ دەسبەسەر نەبێت و خێزانەکەشی لە (بیروت)ەوە بنێررێ بۆی بەلاّم ئێرانییەکان هەر داوای تەسلیم بوونی دەکەن».*

## راپۆرتی سێهەم

لە دۆکیومەنتی ژمارە (C.O.730-107)-C.2-1225 رۆژی ١٩٢٦/١١/١٦ دەڵێ:

*«وا پێشنیاز کرا بۆ ئەوەی هیچ گومانێک لە دڵی کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانا نەمێنێت دەربارەی هەڵوێستی بریتانیاو عراق بەرامبەر بە سالار الدولە، رێگە بدرێ بە کاربەدەستێکی ئێرانی بێتە ناو خاکی عراقەوە بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ئاگاداری هەڵوێست بێت کە ئەمە شتێکی زۆر پێویست و گرنگە بۆ سازکردنی پەیوەندیی ئێران و عراق کە دەبێتە هۆی داننانی ئێران بە حکومەتی عراقدا.*

*لەگەڵ ئەوەشدا کە عراق بووە بە ئەندامی عصبە الامم (لەراستیدا عراق لە کاتی دەرچوونی ئەو راپۆرتەدا نەبووبوو بە ئەندامی عصبە الامم بەڵکو لە ١٩٣٢/١٠/٣دا بوو بە ئەندام، بەلاّم رەنگە مەبەستی ئەو بڕیارەی عصبە الامم بووبێ کە لە رۆژی ١٩٢٤/٩/٢٠دا بڕیاری دا هێڵی سنووری عراق و تورکیا دەسنیشان بکرێ کە بە هێڵی برۆکسل - ناوبرا وەکو لە باسی عصبە الامەدا لێی دەدوێین)و حکومەتانی وەکو فرنسەو ئیتالیاو تورکیاو هەندێکی تر ئیعترافیان بە عراق کردووە*

*بەلاّم ئێران لەبەر هەندێ هۆ هێشتا دانی بە عراقدا نەناوە هەرچەند داننانی ئێران بە عراقدا زور گرنگیش نییە بەلاّم بۆ دواڕۆژ شتێکی پێویستەو بۆ سوودی هەردوو لایان باشە. ناوی جلالتی ملک فیصل تۆزێک بەوە زڕا کە لەپێشوودا نامەیەکی ناردبوو بۆ رەزا شاە بەلاّم رەزا شاە وەرامی نەدابووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نامەی دووهەمیشی بۆ نارد بەلاّم نامەی دووهەمیش هەر بێ وەرام مایەوە.*

*لەکۆتایی ئەم دۆکیومەنتانەدا، لە دۆکیومەنتەکانی ساڵی ١٩٢٧دا راپۆرتێکی ساڵانەی تیادایە کە لەو راپۆرتە گشتییەدا راپۆرتێکی تیادایە کە لەلایەن کۆلۆنیل J.B.Browne کە سەرکردەی هێزی لیڤیی عراقی بووە لەو راپۆرتەدا بە دوورو*

درێژی باسی ئەو شۆڕشانەی کوردی کردووە کە هێزەکانی شێخ مەحموود دژی هێزی ئینگلیزو هێزی لیڤیی ئاسووری کە لەژێر چاودێری و سەرکردایەتیی ئینگلیزەکاندا بووەو دژی هێزی سوپایی عێراقی کراوە، لەو راپۆرتەدا باسی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایانەی کردووە کە ئینگلیزەکان داویانە بۆ لەناوبردنی شێخ نەحموودو چەند زیانی ماڵی و گیانییان لێ کەوتووە لەپێناوی سەرکەوتنی حکومتی عراق بەسەر شێخ مەحموودا، کە پیاو لەو دۆکیومەنت و راپۆرتتانەدا بۆی دەردەکەوێ کە چۆن ئینگلیزەکان بۆ سوودی خۆیان و عراق شێخ مەحموودیان ناچار کرد لەساڵی ١٩٢٧ رێکەوتنێکی کاتییان لەگەڵدا مۆر بکا کە لەدواییدا باسێکی تایبەتیمان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە.

بەداخەوە تا ئێستە نووسەرانمان دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە لەژێر تیشکی ئەو راستییانەی لەو دۆکیومەنتانەدا دەسنیشان کراون وەرامی ئەو نووسەرە رەگەزپەرستانە بدەنەوە کە لە نووسین و باس و کتێبەکانیانا سەدان درۆ و دەلەسەیان داوەتە پاڵ شۆڕشەکانی کوردو هیوادارم نووسەرانی کورد لەو رووەوە کەمتەرخەمی نەکەن و بەپێی توانا یەکە یەکە وەرامی ئەو درۆ و دەلەسانە بدەنەوە».

★★★★★

## بەشی دوازدەهەم

# چالاکیی رۆشنبری و سیاسی لەدوای داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە لە ساڵی ١٩٢٤ و بەدواوە

لە باسەکانی پێشوودا لەوە دواین کە چۆن ئینگلیزەکان بە هۆی بۆردومانی هێزی ئاسمانی و بە هۆی هێزی لیڤیی ئاسووری و سوپای عراق، شێخ مەحموودیان ناچار کرد کە سلێمانی بەجێ بێڵێت و روو بکاتە چیاکانی کوردستان بۆ ئەوەی شەڕی پارتیزانی دژی هێزی داگیرکەر بکات.

ساتێک شێخ مەحموود لە چیاکاندا بووە لە شاری سلێمانی و هەندێ لە شارەکانی تردا هەندێ چالاکی هەبووە وەکو چالاکیی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریتی لەگەڵ چالاکیی هەندێ لە نائبە کوردەکان و ناردنی سکاڵاو بێزاربوون بۆ عصبە الامم دەربارەی پێشێلکردنی مافی کورد.

لەم باسەدا دەمانەوێ باسی ئەو چالاکییانە بکەین کە بەم جۆرەی خوارەوە بوون:


١. چالاکیی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری

٢. چالاکیی نائبە کوردەکان لە پارلمانی عراقدا

٣. باسی عصبە الامم و کێشەی ویلایتی موصل و چالاکیی کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بۆ عصبە الامم.

# ١- چالاکیی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری

کە ئینگلیزەکان هاتنەوە سلێمانی و دوای ئەوەی رۆژنامەی (ئومیدی استقلال) داخرا ئیتر ئینگلیزەکان دەستیان کرد بە دەرهێنانی رۆژنامەیەک بە ناوی (ژیانەوە) کە یەکەم ژمارەی لە ١٨/آبی ١٩٢٤دا دەرچووە.



ژیانەوە

جوابنامەوە اکری
اعلانات
هەر یک ٣ انە دەسێنرێت
تاریخ انتشار
١٨ اغستوس ١٩٢٤ سلیمانی
نسخەی بە آنەیکە

ام غزتەیە غزتەیکی حکومتیە
هفتة جاریك دەردچی

بە ٣ مانك روپیە و هەویك
بە شش مانك ٣ روپیە
بە سالیکی شش روپیە یە
لە ٣ مانك کمتر ابونە قید ناکری
بو خارج اجرت پوسطە
علاوە دەکری
نسخەی بە آنەیکە

سال ١ ژمارە ١ (دوشنبە) ١٧ محرم ١٣٤٣ ١٨ اغستوس ١٩٢٤

جمال خەزنەدا لە لاپەڕە (٣٠)ی کتێبەکەیدا[٦١] دەربارەی ئەو رۆژنامەیە دەڵێ:

*«(ژیانەوە) رۆژنامەیەکی هەفتەیی رەسمی بووە کە لە شاری سلێمانیدا دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە رۆژی دووشەممەی ١٨/ی ایلولی ١٩٢٤دا دەرچووە (لەڕاستیدا کاک جمال خەزنەدار لەوەدا بەهەڵەدا چووە چونکە هەر وەکو لە فۆتۆکۆپیی ئەو ژمارەیەدا دەردەکەوێ لە ١٨/أغستوسی ١٩٢٤دا بووە نەک ایلولی ١٩٢٤).*

*لە ساڵی یەکەمیا (٣٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوەو لە ساڵی دووهەمدا تەنها (٢٠) ژمارەی لێ دەرچووە... دیارە ئەم رۆژنامەیە زمانی داگیرکەرانی وولات بووە، بەتایبەتی پاش رووخاندنی حکومەتی شێخ مەحموود بووە».*

بە چاوپێ خشاندنێک بە هەندێ لەو نووسینانەی کە لەو رۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێ کە شێوەی نووسینەکان لە رووی ئیملایەوە زۆر باشترو تازەتر بووەو تا رادەیەک هەوڵیش دراوە کوردیی پەتی لەچاو رۆژنامەکانی بەر لە خۆی زۆرتر تیادا

بەكار بێت.

رۆژنامەكە ناوی (سەر نووسەر) یا مدیری مسئولی لەسەر نییە (وەكو دەوترێ لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە دەرچووە، هەرچەند ئینگلیزەكان گومانی تیادا نییە ئاگایان لە هەموو نووسینەكانی بووەو خۆیان سەرپەرشتییان كردووە).

لە لاپەڕە (١)دا سەر ووتارەكەی دەڵێ (هەر بە ئیملای خۆی بڵاوی دەكەینەوە):

*«لبر بعضي خصوصيات ناوی غزتەكمان تبديل كرد بە مناسبت أحوال و ماجرايک كە بسری هاتوە عنوانی (ژیانەوە)مان بمناسب زانی چونكە حقيقتا أنتشار أم جارە ژیانەوەيە. اميد اكين كە لە لايني هەمو كسيكەوە مظهر قبول بي و انشاء الله و تعالى پيێ و قدوم بو همو أفراد أم ملتە بەخيرو سعادت أبي».*

ئینگلیزەكان لەو رۆژنامەیەدا هەوڵێكی زۆریان داوە كە بۆ كوردی روون بكەنەوە كە تازە كوردو تورک ناتوانن پێكەوە بژین (تا ئەوسا هێشتا كێشەی موصل بەتەواوی چارەسەر نەكرابوو). وە لەو ژمارەیەدا دەڵێ:

*«باشبوو ويلايتی موصل لە توركيا جياكرايەوە، ئەگينا كورد تووشي دەردی سەری و ماڵ وێرانی ئەبوو»*

زنجیرەی چیرۆكەكەی جمیل صائب (لە خەوما) لەم رۆژنامەیەدا لە ژمارە (٢٩)ی رۆژی ١٩ی ذی الحـــــجـــــەی ١٣٤٣ رومی رێكەوتی ١/تموزی/١٩٢٥و بەدواوە بڵاوكـراوەتەوە كـە بریتی بووە لە رەخنەگرتن لە دام و دەزگـای دەوڵەتـەكـەی شـێخ مەحموود.

لە ژمارە (٣٤)ی رۆژی ١٥/ی محرم ١٣٤٤ رێكەوتی آبی/١٩٢٥دا ئەو شیعرەی پیرەمێردی تیادا بڵاوكراوەتەوە كە رەخنەی لە هەڵەی شێخ مەحموود گرتووە. بەڵام سـەیر ئەوەیە ئەو شـعـرانەی پیـرەمـێرد لەو ژمـارەیـەدا بەبێ ناو بڵاوكـراوەتەوەو لەپێشەكەیدا نووسراوە:

*«ئەم شعرانە بەبيێ أمضاء دەستمان كوتوە، پياو حقی خوا بلێ شعرەكان زور خوشن و بە مەعنان، ايمەش لبر أوە درجي اكين».*


شعرەكەی پیرەمێرد بەم دێڕە دەستی پێ كردووە كە لە كۆتایی ئەم بەرگەدا لە باسی

شێخ مەحموود لە تای ترازووی رەخنەو ستایشی نووسەران و شاعراندا هەمووی بڵاو دەکەینەوە، کە ئەمە دێڕێکێتی:

لە گوێم دێ دەنگی لای لایەء وطن دایک جگر سوتاو

دەرێژێنێ بەسەر وێرانەکەی خویناویا خویناو

لەدوای (ژیانەوە) رۆژنامەیەکی تر لە بریتیی ئەوە دەرچووە بە ناوی (ژیان) کە فۆتۆکۆپیی یەکەم ژمارەی پێشکەش دەکەین.


ژیان

ادارەخانەی ... اعلانات ... تاریخ انتشار

۲۱ کانون ثانی ۱۹۲٦ ... غزتەیکی سیاسی، ادبی، اجتماعیە

هفتە جاریك دەردەچی

به سالیکی شش روپیه

بو دەرەوە بدل ابونه ... روپیه و نیوه

نسخەی به آنەیکه

سال ۱ ژمارە ۱ (پنجشنبه) ۵ رجب ۱۳٤٤ ۲۱ کانون ثانی ۱۹۲٦

جـــمـــاڵ خـــەزنەدار لـە لاپەرە (۳۲)ی رابەری رۆژنامــەگــەریدا دەربارەی (ژیان) دەڵێ(٦١):

*«رۆژنامـەیەکی سیاسی، ئـەدەبی و کۆمـەڵایەتی بووە، هـەفتـەی جارێک لە شاری سلێمـانی بڵاوکـراوەتەوە. ژمارەی یەکـەمی رۆژی ۲۱/ی کـانونی دووهـەمی سـاڵی ۱۹۲٦ دەرچووە، لە ژمارە (٦. ٤)ی بەولاوە پیرەمێرد بووە بە خاوەنی رۆژنامـەکە هەتا ساڵی ۱۹۳۸ کە (۵۵۳) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە».*

بەڵام لەدوای ئەوە لەو ژمارەیەوە پیرەمێرد لـەگەڵ کاربەدەستانی شارەوانیدا تێک چووەو خانووەکەی خۆی خستۆتە رەهنی دائرەی (أیتام)ەوەو بە قـەرز چاپخانەیەکی

کڕی و له ساڵی ١٩٣٩دا ڕۆژنامەیەکی تازەی دەرهێنا بە ناوی (ژین)ەوە کە یەکەم ژمارە لە ١٩٣٩/١/٢٦ دەرچوو وە لەپاش مردنی خۆشی لە ساڵی ١٩٥٠دا ئەو ڕۆژنامەیە هەر دەرچوو دەستاو دەستی کرد هەتا شباطی ساڵی ١٩٦٣.

لە کاتێکدا کە هێشتا ڕۆژنامەی (ژیان) دەردەچوو، شارەوانی شان بە شانی ئەوە خۆشی ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد بە ناوی (زبان) کە (٧٠) ژمارەی لێ دەرچوو ویەکەم ژمارە لە ١٩٣٧/٩/١٢دا دەرچووە و دواژمارەی لە ١٩٣٩/٤/٢٩دا دەرچووە.

بدیعە محوی لە باسەکەیدا (٢٢) دەربارەی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامانە ووتوویەتی:

*«کە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٤دا سلێمانییان داگیر کردەوە شێخ مەحموود نەیتوانی چاپخانەکە لەگەڵ خۆیدا بباو خۆیان ڕۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ دەرکرد کە لە ژمارەی یەکەمەوە هەتا ژمارە (١٨) لەسەری نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی نیوە هەفتەیی سیاسی و ئەدەبی و أجتماعییە کە دواژمارەی لە ١٩٢٦/١/١٤دا دەرچووە. لەدوای (ژیانەوە) ڕۆژنامەی (ژیان) بە چاودێریی شارەوانی سلێمانی دەرچووەو پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٤دا بووە بە سەرنووسەری هەمیشەیی تا دواژمارەی کە (٥٥٣) ژمارە بووە».*

لەو ساڵانەی ئەو ڕۆژنامە کوردییانەی سلێمانی دەردەچوون لە بغداد دوو ڕۆژنامەی کوردی و گۆڤارێک دەرچووە.

ڕۆژنامەکەی کە لە بغداد دەرچووە (بانگ کوردستان بووە) کە وەکو لە باسی ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموودا لێی دواین (١٣) ژمارەی بانگی کوردستان ئۆرگانی مجلسی میللی سلێمانی و دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود بووەو ژمارە (١٤)ی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩٢٣دا دەرچوو کە هەر ئەو ژمارەیەیان دەرکرد وەکو باسی ئەوەشمان کرد لە شوێنی خۆیدا.

لەدواییدا کە مصطفی پاشا یامولکی چووە بغداد هەر لەسەر دوازنجیرەی (بانگ کوردستان) سێ ژمارەی بە ناوی ئەو ڕۆژنامەیەوە دەرکردووەو سێ زنجیرەی داوەتێ (١٤-١)و (١٤-٢)و (١-٣) کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٦/١/٢٨دا دەرچووەو دواژمارەی لە ١٩٢٦/٤/١دا دەرچووە.

لەسەر رۆژنامەکە نووسراوە: غزتەیکی سیاسی. أدبي و فنّی یە هفتەء جاریک دەردەچیت. لە ژێر ناوی رۆژنامەکەدا ئەم دێڕە شعرە نووسراوە:

زمان گورزو رم رابورد و أیستا پالوان علمە

سلاح دستە صنعت، بارقەء تیغ و سنان علمە


بانگ کوردستان

لە یەکەم ژمارەدا مصطفی پاشا: مدیر مسئول و سر محرر بووەو محرر مصطفی شوقی بووەو مدیر أدارە: کریم رستم بووە.

لە ژمارە (٢.١٤)دا کە لە ١٩٢٦/٢/١٥دا دەرچووە ناوی مصطفی پاشاو مصطفی شوقی ماوەو ناوی کریم رستم نەماوە.

لە ژمارە (٣.١٤)ی ١٩٢٦/٤/١دا تەنها مصطفی پاشا خۆی ماوەتەوە کە نووسراوە صاحب غزتەو نویسندە: مصطفی پاشا.

نووسینەکانی ژمارە (١) هەمووی بە کوردی بووەو دوو ژمارەکەی تر تێکەڵ لە کوردي و تورکی. ئەو مصطفی شوقییەی کە لەو رۆژنامەیەی مصطفی پاشادا ناوی هاتووە لە بغداد هەوڵی داوە گۆڤارێک دەربکا بە ناوی (پەیژە)، کاک جمال

خەزنەدار لە لاپەڕە (٣٤)ی کتێبەکەیدا(٦١)دەربارەی ئەو تاقە ژمارەی گۆڤارە دەڵێ:
*«پەیژە، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و میللی بووە، مصطفی شوقی لە بغداد لە ساڵی ١٩٢٧دا دەری کردووە تەنها هەر یەک ژمارەی لێ دەرچووە».*

بێجگە لەو گۆڤارەی (پەیژە)یەو بێجگە لەو سێ ژمارەیەی بانگی کوردستان کە مصطفی پاشا دەری کردووە صالح زەکی صاحبقرانیش لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە بە ناوی (دیاری کوردستان).

جمال خەزنەدار لە کتێبەکەیدا (٦١) دەرباری (دیاری کوردستان) لە لاپەڕە (٣١)دا دەڵێ:

*«ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵایەتی ئەدەبی و وێنەداری هەفتەیی بووە، لە شاری بەغدا دەردەچوو بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی. خاوەن ئیمتیازو بەرپرسیاری صالح زەکی صاحبقران و بەڕێوەبەری ڕەشید شەوقی بووە (وا بزانم کاکە رشید شوقیی برای علی ئاگاه بووە) یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٥/٣/١١دا دەرچووە وە ژمارە (١٦) کە دواژمارەی بووە لە ١٩٢٦/٥/١١دا دەرچووە».*

دوای ئەوە، جگە لەوانە گەلێ ڕۆژنامەو گۆڤاری تر دەرچووە کە ئێرە جێگەی ئەوە نییە باسی هەموویان بکەین، بەڵام نابێ تەقەلا بەنرخەکانی حسین حوزنی مۆکریانیمان لەبیر بچێت بەتایبەتی گۆڤاری (زاری کرمانجی) کە (٢٤) ژمارەی لەنێوانی ١٩٢٦-١٩٣٢دا بە تاقی تەنیا لە ڕواندزدا دەرکردووەو ئەرشیبالد هاملتن لە کتێبەکەیدا (٤٤) باسی حسین حوزنیی کردووە وەکو ڕۆژنامەچییەکی بێ هاوتا کە خۆی باسەکانی نووسیوەو خۆی چاپخانەکەی ئیش پێ کردووەو خۆی گۆڤارەکەی دەرهێناوەو بڵاوی کردۆتەوە. لە هەولێریش گۆڤاری (روناهی) لە ساڵی ١٩٣٥دا دەرچووەو لەپێشدا حسین حوزنی سەرپەرشتیی کردووەو لەدواییدا گیوی مۆکریانی سەرپەرشتیی دەرچوونی کردووە.

جگە لەو چالاکیی ڕۆژنامەچێتییە، لە ساڵی بیستەکانا کۆمەڵی زانستی دەورێکی ئێجگار گرنگی دیوە لە بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بۆ هاندانی دانیشتوان بۆ خوێندن. کۆمەڵی زانستی جگە لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خزمەتێکی

ئێجگار زۆر گەورەی کردووە بەوەی کە قوتابخانەی زانستیی شەوی کردۆتەوە بۆ ئەو نەخوێندەوارانەی بە رۆژ لەبەر پەیداکردنی نان بۆ خاو و خێزان دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە بچنە قوتابخانەی رۆژو ئەو قوتابخانەی زانستییە کە بە شەو دەرسی ووتۆتەوە ژمارەیەکی زۆری لە نەخوێندەوارانی هانداوەو فێری خوێندن بوون و نووسەرو شاعریان تیادا هەڵکەوتووە.

دەربارەی کۆمەڵی زانستی و قوتابخانەی زانستی چەند کەسێک لەسەریان نووسیوە. لە رۆژنامەی (ژیان) ژمارە (١١)ی رۆژی ١/نیسانی ١٩٢٦دا دەربارەی دروست بوونی (جمعیتی زانستی) بەم جۆرە بلأوکراوەتەوە.

*«مژدەیەکی گەورە بۆ هەموو کوردان*

*معلوم خویندەوارانی کرامە تا امرۆ همو آرزو أملمان حصر کردوتە سەر بلاوکردنەوەی علم و معارف. أوا أیرو شکرا للە بە کمال أفتخار بەری أم سعیە أخینە برچاوی ملت. بنا لسر تشبثاتی چند کسانیکی ملت پرور و تصدیقی وزارتی داخلیەو معاونت گورەء جناب متصرف (کە مەبستی ئەحمەد بەگی توفیق بەگ بووە)و مفتشی ئیداری قدردان پروغرام و نظامنامەء (جمعیتی زانستی کوردان) نشر و اعلان دکین.*

*أمید وایە کە أم جمعیتە بناغەیەکی علمیمان بۆ دامەزرینێ و پیشوازی همو ملت بکات و أم تشبثە خیریەیە بو ولات و ملت بە فألیکی خیر و تمنی اکین کە أم جمعیتە بە سایەء همو أشراف و علماو تجار و منورینەوە بژی و بردار بي بە نشرو تقدیم کردن أم مژدە خوشە و أم خبرە بە قیمتە (ژیان) جدا مسرور و مفتخرە».*

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (٣٨)ی بەرگی سێهەمی یاداشتەکانیا (٣) نامەی سەرۆکی کۆمەڵەی زانستیی بۆ خەڵک کە بەشدار بن لەو کۆمەڵەدا بەم جۆرەبلأوکردۆتەوە:

*«بو همو کوردیکی حمیت مندو وطن خواە*

*کومەلی زانستی سلیمانی کە لە سالی ١٩٢٦دا بە پشتیوانی وطنپرورانی کورد بو تنویری کوردەواری و تعلیمی نەخویندەوارەکان خریک بوو، لەم ئاخریەدا بە فعالیت و نشاطیکی تەواوە دەستی کردوە بە کۆشش بو خزمت کردنی معارفی کوردان و*

لم خزمەتەیدا تا درجەیک الحمد لله موفق بون. له ظرف ئم چوار سالەدا بە هزاران نەخویندەوار فیری خویندن بون کەم و زور مۆتەکەی نەزانینمان لسەر لاچوه.

یەکیک له فعالتیی تازەی کومەل تثبیت کردنی کرینی مطبعەیەکی عصری و مکمله و بو پیک هینانی أمە هەول و هەنگاوی هاویشت. لەم چندانەدا له سلیمانی أجتماعیکی عمومی عقد و دفتریکی پیتاکی کردوه هتا أیستە لطرف حمیتمندانی سلیمانیەوە نزیکی چوار هزار روپیه بخشراوه. أم مبلغە مع الأسف بو أم مقصدە بەش ناکا. ذاتا خدمت و تی کوشین کومەلی زانستی هر مخصوص پارچەو ناوچەیەکی کوردستان نیە، جهەو فعالیت بو سعادت و رفاهی همو کوردانە. قراری قطعی کومەڵ وهایە هر وختی بۆجەی مساعدەی کرد له داخلی أقتداریدا بە همو أطرافی کوردستاندا پەل بهاویژیت، خدمتەکەی تعمیم بکات.

کومەلی زانستی اوا دستی معاونت بو همو کوردیکی حمیتمند درێژ أکات و چاوەڕوانی سخاو سماحتتان أکات. أو یارمەتیەی لەم ریگایەدا دەکرێت هم دینا و هم میلیتا أبیت بە سببي پاداشیکی گەورە».

رئیس جمعیت

دەربارەی چۆنیەتیی پێک هێنانی ئەو جمعیەتە (کۆمەڵە)و ئامانجەکانی چ ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیاو چ غفوری میرزا کریم لە نامیلکەیەکدا کە لە بغداد لە ساڵی ١٩٨٥دا باسی پێک هێنانی ئەو کۆمەڵەی کردووە هەردووکیان بەم جۆرە باسیان کردووە (کە ئەوانیش لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی زانستییەوە وەریان گرتووەو هەر بە ئیملای ئەوسا بڵاوکراوەتەوە):

١ – ناوی جمعیت: (جمعیتی زانستی کوردان و مرکزی سلیمانیە

٢ – مقصد جمعیت: تعمیم علم و معرفه کردستان بە پیٚ ی أم وسائطه:

أ – بە نشر غزتە و رسائل وقتە

ب – ترجمەو تألیف کتیب تدریسیە و سائرە

ج – مکتب کردنەوەو أجرای تدریسات بە روژو بە شەو

ح - به صورتی محاضره اهالی تنویرکردن
د - کتیبخانه کردنەوە
ه - بو أکمال تحصیل بو ممالک مترقیه قوتابی نادرن
٣. جمعیت أحوالی تأریخیه، جغرافیه، أتنوغرافیەی کوردان به صورتی مخصوصه تدقیق و محصول مساعی نشر دکات.
٤. جمعیت بۆ تأمین محبت و موءانست له ما بینی أهالی و حکومتدا وه بو تقویەی روح أطاعت به صورت مخصوصه و بواسطهء أعضایان مخصوصي پندو نصیحت أجرا دکا.
٥. جمعیت به هیچ صورتیک لەگل سیاستدا خریک نابي.

| | | |
|---|---|---|
| معروف بک زاده | محامی | حاجی فتاح زاده |
| فایق | رفیق توفیق | رمزی |

ئەو کۆمەڵە کە وەختی پێک هاتووە بە نامەی ژمارە (٢٥٧١)ی رۆژی ٢٤/٢/١ی رۆژی ٩٢٦ی وەزارەتی ناوخۆی عراق ئاگاداری متصرفی سلێمانی کراوە کە ئەو وەزارەتە موافقتی لەسەر دروست بوونی ئەو کۆمەڵە کردووەو متصرفی سلێمانیش بە نامەیەک موافقەتەکەی وەزارەتی ناوخۆی گەیاندووە بەو دەستەی دامەزرێنەرە. شەوی ٢-٣/٤/١٩٢٦ی ژمارەیەکی زۆر کە نزیکی (٣٠٠) کەس بوون لە بنای شارەوانیی سلێمانی کۆبوونەتەوەو لە ئەنجامی هەڵبژاردندا ئەمانەی خوارەوە بوون بە دەستەی بەڕێوەبەر (هەر وەکو خۆی بلاٌوی دەکەینەوە):

سەروک- متصرفی معارف پەروەر جنابی أحمد بگ توفیق بگ
جیگری سەروک حاکمی منفرد جنابی جمال بابان
ئەندام قاضی جنابی شیخ مصطفی افندی (قەرەداغی)
= جناب محمد آغا عبد الرحمن آغا
= = عزت بگ عثمان پاشا
= = غفور آغا
= = رمزی افندی (کە رمزی فتاح بووە)

محاسب جناب فايق بگ معروف بگ

معتمد جنابی رفیق افندی

رۆژنامـەی (ژیان) لە ژمـارەکـانی مـانگی مـایس و حـزیران و تموزی ۱۹۲٦دا بە زنجیـرە ناوی ئەو کـەسـانەی بلاوکـردۆتەوە کـە یارمـەتیی ئەو کـۆمـەڵەیان داوە کـە ووتوویەتی (٦۱۹۷) روپیە کۆکراوەتەوە.

لە لاپەڕە (۱٤۲)ی بەرگی یەکـەمی دیوانی پیـرەمـێرد چاپی بغـداد سـاڵی ۱۹۹۰ دەڵێ:

*«دوای هەڵبژاردنی یەکەم بە هۆی گواستنەوەی جمال بابان و مصطفی قەرەداغییەوە هەڵبژاردنێکی تەواکەر کرا لە ۲۲-۱۹۲٦/۸/۲۳دا کە توفیق ئەفەندی ئاغا فتح اللەش بوو بە ئەندام.*

بە هۆی راپەڕینی شەشی ئەیلولی ۱۹۳۰ زانستی تێکچوو بەڵام ساڵی ۱۹۳۲ بۆ جاری دووهەم ئەحمەد بەگی توفیق بەگ بووە وە بە متصرف لە سلێمانی ئەم جارە ئیجازەی کردنەوەی زانستی درا. کە ئەحـمـەد بەگ لە سلێمـانی نەما ئیتر پیرەمێرد بوو بە سەرۆک».

بەپێی نامیلکەکەی غفوری میرزا کریم چاپی بغداد ساڵی ۱۹۸۵و یاداشتەکانی ئەحـمـەد خـواجـا (چیم دی) ئەندامـانی دەسـتـەی بەڕێوەبەری قـوتابخـانەکـە بریتی بوون لە:

۱ـ حاجی توفیق بەگی پیرەمێرد

۲ـ محمود ئەفەندی سەرۆکی شارەوانی

۳ـ توفیق ئەفەندی فایق - محاسب

٤ـ صالح ئەفەندی قەفتان

٥ـ فایق بەگی مارف بەگ

٦ـ مرزا کریمی حاجی شریف

بەڵام لە لاپەڕە (۱٤۲)ی دیوانەکەی پیرەمێردا دەڵێ:

*«له هەڵبژاردنی دووهەمدا جگە لەوەی کە ئەحمەد بەگی متصرف سەرۆک بووە پیرەمێردو کریم بەگی سعید بەگ (کریم بەگی زانستی)و یەکتا بەگ و فایەق بەگیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری زانستی بوون بەلاّم قوتاتخانەکە لەپاش ماوەیەک لەبەر کەم دەرامەدی داخرا.*

*ئەو کۆمەڵە لەسەرەتادا (نظامنامەء داخلی)و (صورت تشکیل هیئت ادارەو وظائفیان)و (وارداتی جعیت و مصاریفی) و (هیئت عمومیە) لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە کە رمزی افندی فتاح و محامی رفیق توفیق و فایق بەگی مارف بەگ بوون ئامادە کراوە».*

غەفوری میرزا کریم بە دوورو درێژی لە نامیلکەکەیدا باسی ئەوانەی هەموو کردووە. هەر وەکو ئەو دوو سەرچاوەیە لێی دواون، لە چالاکییەکانی ئەو لیژنەیە:

*١ـ لیژنەیەکیان داناوە بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لە ووشەی بێگانە.*

*٢ـ کردنەوەی قوتابخانەیەکی شەو بۆ نەخوێندەواران لەوانەی کە وویستوویانە بخوێنن بەلاّم بە رۆژ کاسبی ناو بازار بوون و لەبەر نان پەیدا کردن نەیانتوانیبوو بە رۆژ بچنە قوتابخانە.*

*٣ـ بە هۆی ئەو کۆمەڵەوە چالاکیی ناو ئافرەتانیش پەرەی سەندووە کە لە ٢٨/حزیرانی/١٩٣٠دا کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد پێک هاتووە کە حەپسەخانی نقیب سەرۆکی ئەو کۆمەڵە بووەو دەستێکی زۆر بالاّی هەبووەو ئافرەتانی کورد بۆ یەکەم جار لە ماڵی حەپسەخانی نقیب کۆبوونەوەو (٨١٧) روپیە کۆکراوەتەوە بۆ کرینی خانوویەک کە بکرێ بە مەڵبەندی ئافرەتان و حەپسەخان مەکینەیەکی دروومان کە بە (٣٩٥) روپیە کریبووی پێشکەشی کردووە بەو کۆمەڵە بۆ ئەوەی ئافرەتانی کورد فێری دروومان بن و حەپسەخانی عرفان (خێزانی جمیل صائب) بووە بە سکرتێری ئەو کۆمەڵە».*

بەڕاستی ئەو قوتابخانەی شەوە کە بە (زانستی) ناودەبرا خزمەتێکی ئێجگار گەورەی کردووەو بووە بە مەڵبەندێکی کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیری کە لەو رۆژانەدا ماموستاکان بەخۆڕایی دەرسیان تیادا دەوتەوە (ماوەیەک کریم بەگ کە بەڕێوەبەری

ئەو قوتابخانەیە بووە لەوەوە هەر بە کریم بەگی زانستی ناسراوە) وە لەو قوتابخانەدا زۆر کەس پێگەیشتوون وەکو محمد علی مدهووشی شاعرو (بەنگینە ـ حاجی باقی) شاعر و هی تر. لە کاتی نەورۆزدا ئەو قوتابخانەیە هەموو ساڵێک سەیرانێکیان لە کارێزی وەستا شریفی دامێنی گردی (مامە یارە)دا دەکردو پیرەمێردی شاعر وەکو پێشرەو لەناو شارەوە بە سروودی کوردی روویان دەکردە ئەو کارێزەو لەوێ وەکو شانۆیەکی کراوە چیرۆکی کاوەو ئەژدەهاکیان پێشکەش دەکرد.

لە ساڵی سییەکانا لە بیرم دێ کە منداڵ بووین ئێمەش لە نەورۆزدا دوای ئەو قوتابیانەی زانستی دەکەوتین بۆ کارێزی وەستا شریف... هەر وەکو لە بیرم مابێ ئەو دروشمانەی بە دیوارەکانی ئەو قوتابخانەیەدا هەڵدەواسران دروشمەکانی زەردەشت بوو کە بریتی بوو لە:

رەوشتی باش ... زمانی پاک ... کردەوەی چاک

## ٢ـ چالاكیی نائبە كوردەكان

هەرچەند شێخ مەحموود رۆژ لەدوای رۆژ تووشی نوشوستی دەبوو دەرامەدی كەم دەبووەوەو هاوكارەكانی وورده وورده لێی جیا بوونەوەو لەگەڵ ئەوەشدا زۆر كەس هیچ ئومێدێكی بە سەركەوتنی شۆڕشی كورد نەمابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیزەكان دەیانویست جۆرە لەنگەرێك رابگرن بە هۆی كوردەوە كە وەكو پارسەنگێك بیخەنە تای ترازووی (سوننی)یە عەرەبەكان و رێگەی ئەوە نەدەن (شیعە) لە عێراقدا لە پارلمان و لە دەزگاكاندا دەسەڵاتدار بێت، بۆ ئەوە ئینگلیز جارو بار خۆی وا پیشان دەدا كە پشتگیری كورد دەكا لە هەندێ داخوازیدا كە پەیوەندیی بە باری رۆشنبیری و زمان و فەرمانبەرانی ناوچەكانی كوردستانەوە هەبوویێ كە ئەمانە جارو بار لەلایەن هەندێ لە نائبە كوردەكانی ناو پارلمانی عێراقدا وا لێك دەدرایەوە كە ئینگلیز دوور نییە بۆ مەبەستی خۆی بیرو باوەڕی بەرامبەر بە كورد گۆریبێ بەتایبەتی كە ئینگلیز هیچ مەترسییەكیان نەمابوو لە چالاكییەكانی شێخ مەحموود لەسەر سنوور بۆیە هەندێ لەو نائبانە وویستبوویان دەس پێشكەری بكەن و خۆیان وا پیشان بدەن كە ئەگەر شتێك لەو رووەوە كرا ئەوان وەكو نوێنەرێكی كورد حسابێكیان بۆ بكرێ. دەربارەی چالاكیی ئەو نائبە كوردانە دۆكیومەنتەكان باسی گەلێك راپۆرتیان كردووە كە حەزم كرد لێرەدا كورتەی هەندێكیان پێشكەشی خوێندەوارانی بەرێز بكەم .

دۆكیومەنتی ژمارە C.O.730-103 لە راپۆرتی ژمارە (٤)یدا كە لە ١٩٢٦/٢/١٨دا ئامادە كراوە دەڵێ:

«باسی ئەو ووتارەی جلالتی ملك فیصل و سەرەك وەزیران و مندوبی سامی كە لە ١٩٢٦/١/٢٥دا دەربارەی كوردستان ووتبوویان ئینطباعێكی زۆر باشی هەبوو بەتایبەتی لە بغداد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ روونكردنەوەو پرسیاریش هاتە پێشەوە كە ئایا حكومەتێكی ئۆتۆنۆمی بۆ كورد دروست دەكرێ یا نا

وە ئەنجامی دروست بوونی ئەوە چی دەبێ و Autonomy Kurdish Government
چ کارێک دەکاتە سەر گفت و گۆی نێوان حکومتی بریتانیاو حکومتی تورکیا؟
ئەو دەنگ و باسانەی بلاْوبوونەتەوە وا دەگەیەنن کە (پارتی گەل ـ حزب الشعب) بەتایبەتی (سعید الحاج ثابت)و (محمد رضا الشبیبی) کە دوو ئەندامی سەرکردەن لایان وایە کە پێویستە حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دروست بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە عصبە الامم بڕیاری لەسەر دەسنیشانکردن و چەسپاندنی سنووری عراق داوە بەلاْم ڕەنگە لە ئەنجامی گفت و گۆکردنا لەگەڵ تورکەکانا هەندێ دەسکاری بکرێ و لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی لایەنگری حکومتن وەکو (محسن أبو طبیخ)و (علوان الجندل) و رفیق افندی بەربەرەکانی ئەو بۆچوونە دەکەن.
دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:
*«پەتاو سەرگەرمیی نەخۆشیی داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەوەوە دەستی پێ کردو بلاْوبووەوە کە لە ماڵی (عبد الله مخلص) نامەیەک لەلایەن محمد حبیب الطالبانییەوە خوێنراوەتەوە لە بغداد کە گوایا ئەو نامەیە لە کرکوکەوە نێرراوەو لەو نامەیەدا داردەکەوێ لە کرکوک وا زانراوە کە هەموو شتێک بۆ کورد بڕیاری لەسەر دراوەو تەنها ماوەتەوە ئەوەی قاڵبی (Scop)ی ئەو حکومەتە ئۆتۆنۆمییە کە بزانرێ چۆن دەبێ و پەیوەندیی بە عراقەوە چۆن دەبێ و هەڵوێستی حکومتی عراق چۆن دەبێ بەرامبەری.*
***فقرە ١.٧*** *– سەرەک وەزیرانی عراق سیاستی حکومەتەکەی بەرامبەر بە کورد روونکردەوە وە هەموو وەزیرەکانی ئاگادار کرد لەوەی کە سیاستی عراق بریتییە لەوەی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان لە کورد دابنرێن و زمانی کوردیش لە کارو باری رۆژانەدا بەکار بهێنرێ.*
***فقرە ١.٨*** *– لە ١٩٢٦/٢/٢دا (١١) نائبی کورد لە ماڵی محمد حبیب الطالبانی کە نائبێکی کوردی شاری کرکوکە لە بغداد کۆبوونەوەو لەناو خۆیانا گفت و گۆیان کرد دەربارەی ئەوەی بەیانێک لەلایەن حکومتی عراقەوە دەربچێت کە بریتی بێ لەمانەی خوارەوە:*

١. ئیعتراف بکرێ بە زمانی کوردی وەکو زمانێکی رەسمی لە پارلماندا و نائبی کورد بۆی هەبی لە کۆبوونەوەکانی پارلماندا بە کوردی بیرو راو بۆچوونی خۆی دەربېڕێت.
٢. پێویستە هەموو یاساو بڕیارە رەسمییەکانی حکومەت شان بە شانی زمانی عەرەبی بە زمانی کوردیش بڵاوبکرێتەوە.
٣. ئەم داخوازییە بخرێتە بەرچاوی دەزگاکانی ناوچە کوردییەکان.
٤. داوا بکرێ سێ یەکی فەرمانبەران و ئەنجومەنی وەزیران کورد بن.

بەڵام لەدوای شیکردنەوەی ئەو داخوازییانەی ئەو کوردانە دەیانویست بکرێ (٦) حزب و پێنج نائب و عضوێکی مجلسی شیوخ (کە پێی دەوترا مجلسی ئەعیان) ئەو داخوازییەیان پەسەند نەکردو هەموو لایەنگری حکومەت بوون.

عەرەبەکانی موصل و تورکمانەکانی کرکوک و هەولێر زۆر بە توندی دژی پێک هێنانی حکومەتی ئۆتۆنۆمین بۆ کوردو رفیق افندی بۆ حبیب الطالبانیی روون کردەوە کە دوور نییە تەنها چەند گۆڕینێکی بچووک روو بدا کە ئەویش لە جۆری ناوەکەدایە (عنوان) وە ئەمەش لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە بۆ رواڵەت دەکرێ بۆ ئەوەی خۆی پێ بەهێزتر بکا.

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٢-٢٣/١/١٩٢٦دا نامەیەکی دەربارەی ئەو ووتارەی سەرەک وەزیران کە لە فقرە (١.٧)دا باس کراوە ناردووە بۆ هەموو وەزیرەکان ووتوویەتی:

بۆ هەموو وەزیرەکان:

بێگومان سیادتتان ئەو ووتارەتان بیست کە سەرۆکی وەزیران لە مجلسی نوابدا (جاران پێی دەوترا مجلسی مبعوثان) ووتبووی و رۆژنامەکانیش بڵاویان کردەوە. ئەو ووتارە بریتییە لە سیاستی حکومەت کە دەیەوێ روونی بکاتەوە کە پێویستە فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکانا هەموو کورد بن و زمانی کوردی زمانێکی رەسمی بێ The Official Language ، بۆیە سیادتی سەرۆک وەزیران داوای کرد کە تکاتان لێ بکەم ئەم سیاسەتە بخرێتە بەرچاو و بەجێ بهێنرێ لە هەر کارو بارێکدا کە پەیوەندیی بە ناوچە کوردییەکانەوە هەبێ».

لەدواییدا لە باسی داهاتوودا کە بۆ کێشەی موصل و عصبە الامان تەرخان کردووە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-92 لە مرفقی ژمارە (٤)ی رۆژی ١٩٢٦/٢/١٠دا باسی ئەو ووتارەی سەرەک وەزیران کە پەیوەندیی بە هەردوو باسەکەوە هەیە بلاْوی دەکەینەوە.

لەڕاستیدا ئەوەی سەرەک وەزیران (کە عبد المحسن السعدون بووە) تەنها شتێکی روالْەت بووەو قسەو نووسنی سەر کاغەز بووە چونکە بەپێی یاسای هەمیشەیی عراق (القانون الاساسی) کە لە ئاذاری سالْی ١٩٢٥دا دەرچووبوو لە مادە (٧)یدا دەلْێ:

«زمانی عەرەبی زمانی رەسمیی ئەم وولاْتە ـ عراق ـ دەبێ، بەلاْم بەپێی یاسایەکی تری تایبەتی دەتوانرێ زمانی تریش بکرێت بە رەسمی». بێگومان لە سالْی ١٩٢٦دا کە عبد المحسن السعدون ئەو ووتارەی لە پارلماندا ووتووە بەپێی یاسایەک نەبووە بەلْکو هەر قسەی خۆی بووەو ئەو یاسایە هەر وەکو خۆی مایەوە تا لە سالْی ١٩٣١دا ئەوسا یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) دەرچوو کە لەو یاسایەدا بەپێی ئەو بەلْێنەی کە لە مادە (٧)ی یاسای هەمیشەیی عراقدا بەلْێن درابوو بە عصبە الامم بەو پێیە زمانی کوردیش کرا بە زمانێکی رەسمی لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کورد زبانن و زمانی کوردی بەپێی ئەوە کرا بە زمانی رەسمی لە ناوچە کوردییەکانا.

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 رۆژی ١٩٢٦/٣/٤دا راپۆرتێکی تیادایە کە پەیوەندیی بەم باسەی ئێمەوە هەیە کە بریتییە لە راپۆرتی ژمارە (٥) وەکو خوارەوە:

## راپۆرتی ژمارە (٥)

فقرە ١٢٢ - لەناو نائبە کوردەکانا مجادلەیەکی گەرم روویداوە دەربارەی ئەو پرسیارەی کە پەیوەندیی بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردستانەوە هەیە بەلاْم هەر یەکەیان بە جۆرێک بۆی دەچێت و نارەزایی بەرامبەر بەوە نەک هەر لە عەرەبەکانەوە هەیە بەلْکو تورکمانەکانی کرکوکیش هەر دژی ئەوەن... لە ئەنجامی ئەو راپۆرتانەی لەو رووەوە گەیشتوون دەردەکەوێ کە دوو تاقم هەیە:

١ـ تاقمێک دەڵێن دەبێ حکومتێکی کوردی دروست بکرێ کە حوکمی زاتی تەواوی هەبێ سەرۆک و ئەنجومەنی یاسادانانی خۆی هەبێ و یەکسەر پەیوەندیی بە مندوبی سامییەوە هەبێ.

٢ـ تاقمێکی تر دەڵێن ئەو پرۆژەیە شتێکە وەکو گاڵتەپێکردنێک وایە چونکە دەبێتە هۆی پشێوی و ئاژاوە کە سوودی هیچ لایەکی تیادا نابێت.

ئەوانەی کە داخوازیی یەکەمیان هەیە رفیق افندی و محمد حبیب الطالبانی پێشرەون (کە لەڕاستیدا ئەمە جیاوازە لەوەی کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730 – 103 ی رۆژی ١٩٢٦/٢/١٨دا باسی کردبوو کە رفیق افندی دژی ئەو بۆچوونە بووە وەکو لەپێشتردا لێی دواین)، بەڵام تاقمی دووهەم لەوە ناچێ کەس سەرکردەیان بێ.

لە ١٩٢٦/٢/١٢دا رفیق افندی (کە وا بزانم نیاز لە علی رفیق خادم السجادە بووە کە نوێنەری کوردەکانی کرکوک بووە) ووتی: عصبە الامم داوای لە حکومتی عراق و بریتانیا کردووە کە پێویستە کوردەکان مافی خۆیان بدرێتێ، لەبەر ئەوە کورد پێویستە بە بێ سڵکردنەوە داوای مافی خۆی بکاو ئەگەر ئەوە پشت گوێ خرا، دەبێ ئەوانەی دەنگیان بۆ ئێمە داوە پشتگیریی داخوازییەکانمان بکەن.

بێجگە لەوە لە ١٩٢٦/٢/١١دا لە ماڵی محمد حبیب الطالبانیدا کۆبوونەوەیەک کرا وە گفت و گویان دەربارەی ئەوە بووە کە دەسنیشانی سنووری ئەو کوردستانە بکرێ کە دەویستری حکومتی تیادا دروست بکرێ کە لە خانقینەوە هەتا زاخۆ بگرێتەوە وە دەس بکرێ بە هەڵبژاردنی سەرۆک و نوێنەرانی پارلمان بە مەرجێک پەیوەندییان بە مندوبی سامییەوە هەبێ چونکە بۆیان دەرکەوتووە مانەوەیان لەگەڵ حکومتی عراقدا هیچ سوودێکی نییە بۆ کورد.

لە ١٩٢٦/٢/١٤دا لە ماڵی (نشأت بەگ)، کۆبوونەوەیەک کرا کە نشأت بەگ و ئیبراهیم حیدری و عبد اللە صافی ووتبووی هەڵوێست تەماوی و لێڵەو هەموو شتێک تێکەڵ و پێکەڵەو مناقشەکردن لەو رووەوە بێ هوودەیە.

حکومتی بریتانیا دەیەوێ حکومتێکی ناوچەیی (محلی) دروست بکرێ کە

ببەسرێ بە عێراقەوە بەڵام ئەوە شتێکی قبوڵ نەکراوە چونکە ئەوەی دەویستری بریتییە لە پێک هێنانی حکومەتێکی کوردی کە کوردێک سەرۆکی بێت و پەیوەندیی بە عێراقەوە نەبێت بەڵکو پەیوەندیی تەنها بە مندوبی سامییەوە هەبێ، ئەوان ئەو موضوعەیان وا لا گرنگە کە پەیوەندی بەوەوە هەبێ نەک عێراق، وە ووتیان کورد لە تورکیاو ئێرانیش هەیە لەبەر ئەوە زۆر مەبەستیانە بایەخ بدرێ بە ژووررووی عێراق و پێویستە بریتانیا لەم رووەوە زۆر بە ووردی و ئاگاداری بجووڵێتەوە. حاجی علی قەرەداغی تا رادەیەک ئەوەی پەسەند کرد... بەڵام لەو کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام.

رۆژی ١٩٢٦/٢/١٣ عبد الله مخلص لەماڵی خۆیاندا ووتبووی خۆی و گەلێک نائبی تر گاڵتەیان بەوە دێ کە دەتوانرێ حکومەتێکی سەر بە خۆی کورد هەبێ و ئەوانەی باسی ئەوە دەکەن هەڵپەی ئەوەیانە کە وظیفەی گەورەیان دەستکەوێ و ووتی حبیب طالبانی و رفیق افندی بۆ ئەوە هەوڵ دەدەن.

هەروەها عبد الله مخلص ووتبووی ئەگەر لەراستیدا بریتانیا حکومەتێک لە کوردستاندا دروست بکات ئەوە شتێکی زۆر باش دەبێ بۆ هەموو ووڵات و بڕوا ناکەم هیچ کوردێک هەبێ مصلحتی خۆی نەوێ بەڵام ئیمڕۆ کورد بێ دەسەڵاتەو توانای نییە لە گێژاوی ئیمڕۆدا کوردستان ببا بەڕێوە.

ئیسماعیل بەگی رواندزی کە لەو دانیشتنەدا بووە ووتبووی کورد لەناو خۆیدا ناڕێکەو یەک نەگرتووەو نازانێ چۆن خوی بپارێزێ ئیتر چۆن دەبێ بەتەمای کارێکی وا گرنگ بێ کە سەر بگرێ و لای ئەویش وایە کە ئەو پێشنیازە هەر جۆرەج گاڵتەپێکردنێکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسماعیل رواندزی چووە پاڵ حبیب طالبانی و لە ١٩٢٦/٢/١٩دا لە ماڵی عبد الله مخلص ئەمانەی خوارەوە کۆبوونەوەو لەسەر ئەمە رێککەوتن (ئیسماعیل رواندزی، رفیق افندی، سید حاجی حسن) و حبیب طالبانی.

حبیب طالبانی موسوەدەی دوو نامەی ئامادە کردبوو کە بنێررێ بۆ کرکوک بۆ ئەوەی ئەو حکومەتی کوردییەی کە دروست دەبێ کوردەکان بەپێی ئەوە دەس بکەن بە پرۆپاگاندەکردن بۆ ئەو حکومەتەو بوترێ کە ئەو حکومەتە پەیوەندیی بە مندوبی

سامییەوە هەبێ و لەگەڵ عێراقدا نەبێ و کە ئەو حکومەتی کوردە دروست کرا ئەو دەسەڵاتەی کە عێراق هەیەتی ئەو حکومەتەش هەر هەمان دەسەڵاتی هەبێ و رفیق افندی ووتی منیش ( ۱ . ) نامەم بەو شێوەیە نووسیووە.

ئیسماعیل بەگی رواندزی ووتی: لە هەفتەی پێشوودا لەگەڵ سید طه افندی (سید طه شمزینی) کە قائمقامی رواندزە پەیوەندیم هەبووە دەربارەی ناردنی نامەیەک لەو رووەوە بۆ عەشایرەکان.

سید حاجی حسن ووتی: من نامەی وام هێشتا نەناردووە بۆ سلێمانی چونکە کەسی وام دەس نەکەوت لێی دڵنیا بم کە پیایا بینێرم لەگەڵ ئەوەشدا نامەی بۆ (مەرگە)و پژدەرو ناوچەی (ئەغجەلەر)و هەندێ لە عەشایری جاف ناردووە، بەڵام سەرنجێکی هەبوو دەربارەی شێخ مەحموودو ووتی هەمیشە بووە بە هۆی ماوەی نانەوەی ئاژاوە بۆ حکومت.

رفیق افندی سجادی (لێرەدا ئاشکرای کردووە کە علی رفیق خادم السجادە بووە) پێنج نامەی دا بەوانەی کە لەوێدا حازربوون کە لەناو ئەوانەدا نشأت افندی ووتی: ئەو نامانەی لە کرکوکەوە بۆ هاتووەو هەموویان خوێنرانەوە وە ئەو نامە هاتووانە کاری تێ کردن و وای لێ کردن نامەی تر بنووسن بۆ هەولێرو رانیەو کۆیەو رواندزو مەرگەو پژدەرو دزەیی و بۆ ئەو نائبە کوردانەی تر کە لە بغداد بوون و رفیق افندی ووتی پێویستە زۆر وووریا بین دەربارەی ئەم نامانە چونکە حکومەت دەسەڵاتدارەو ترسی ئەوەی هەبوو کە یەکێک لەو نامانە لە رۆژنامەیەکدا بڵاوبکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار درا کۆبوونەوەیەکی نەهێنی لە کرکوک بکرێ و مناقشەی ئەوە بکرێ کە ناوەڕۆکی نامەکان چۆن بنووسرێت.

دووبارە لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا نشأت افندی ئیعتراضی گرت لە داواکردنی پێک هێنانی حکومەتێکی کوردی و دەڵێ: کورد ئەو دەسەڵاتەی نییەو بەخۆڕایی خۆی تووشی سەریەشە دەکا.

**فقرە ۱۲۳** - (ضیاء بەگ الشریف) نامەیەکی لە موصلەوە پێ گەیشتووە دەڵێ رأی عام دژی پێک هێنانی حکومەتێکی کوردییە چونکە ئەو پێشنیازە دەبێتە هۆی

ئەوەی دوژمن هەستێکی دوژمنانە پەیدا بکا لەم رووەوە. نامە لە نائبەکانی ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک، عمادیە، عقرەوە هات دەربارەی پێک هێنانی حکومتێکی کوردی وە داوا دەکەن کوردەکانی ئەو ناوچانە دەنگ و بیرو رای تایبەتیی خۆیان هەبێت و داوا دەکەن چۆن سەیری عەرەبی عراق دەکرێ بەو جۆرەش سەیری ئەوان بکرێ و بگرە هەتا ئاسوورییەکانیش هەر ئەو جۆرە هەڵوێستەیان هەیە وە هەر جۆرە مغامرەیەک روو بدا دەبێتە هۆی زیانێکی گەورەی بازرگانی کە ئەوان پەیوەندییان پێوەیە لەگەڵ موصلدا.

فقرە ١٢٤ - عبد اللە صافی نامەیەکی لە براکەیەوە پێ گەیشتووە (کە مصطفی یعقوبی بووە) دەڵێ: متصرفی کرکوک دەیەوێ شتێک تێ بگاو بۆی روون بێتەوە دەربارەی ئەو حکومەتە کوردییەی کە دەنگ وایەو بە دەستەوەیە دروست بکرێ و بەتایبەتی دەیەوێ بزانێ پەیوەندیی ئەو حکومەتە چۆن دەبێ لەگەڵ عراقدا لە رووی بازرگانییەوەو پرسی ئەوە دەکا ئایا کرکوک و طوزخورماتو و طاوق و ئاڵتوون کۆپری و هەولێر کە تورکمانییان تیادایە ئایا ئەوانە وەزعیان چۆن دەبێ وە یا دەچنە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە کوردییەوە یا لەژێر سایەی عراقدا دەبێ کە لای وایە دەربارەی ئەوەی لەگەڵ کوردا بن خەڵک بەدڵی نییە.

عبد اللە صافی لە وەرامی ئەو نامەیەدا دەڵێ: زۆر سەرم سوڕماوە لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکا پرسیار لە هەندێ دوائری رسمی بکا بۆ روونکردنەوەی ئەوەو بیری خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بە هەستی تورکمانەکان دەربارەی ئەو حکومەتەی کوردو لای وایە دروست بوونی ئەو حکومەتە دەبێتە هۆی کۆسپێک لە رێی پێشکەوتنی عراقداو لای عبد اللە صافی وایە کە نائبە کوردەکان بەو پڕۆپاگاندەکردنەیان جۆرە ئاژاوەیەکی سیاسی بەرپا دەکەن».

راپۆرتی ژمارە (٦) کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 رۆژی ١٩٢٦/٣/١٨دابلاوکراوەتەوەدەڵێ:

فقرە ١٥٨ - لەوە دەچێ ئەوانەی پێشڕەوی ئەو تەقەلادانە بوون دەربارەی سەربەخۆیی کورد بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو کارە سەرناگرێ.

له رۆژی ۱۹۲٦/۳/۲دا گەلێک لە نائبە کوردەکان چوونە ماڵی عبد الله مخلص (کاک علی کمال ئەڵێ عبد الله مخلص خەڵکی هەولیر بو بەڵام دەربارەی عبد الله صافی لە بەرگی یەکەمدا لە عبد الله صافی دواین کە چۆن لە ساڵی ۱۹۱۸دا ئەو نامەیەی شێخ مەحموود بۆ ئینگلیزەکانی نارد بوو عبد الله صافی لەجیاتی ئەوەی بیدا بە ئینگلیزەکان دابووی بە تورکەکان و شێخ مەحموود لەسەر ئەوە گیراو علی احسان پاشا بەری دا)، کۆبوونەوەو ئیسماعیل رواندزی باسی ئەوەی بۆ کردبوون کە پێویستە هەموو یەک بگرن دەربارەی مسئلەی کورد بەتایبەتی نائبە کوردەکان ئەوەیان لەسەرە بەڵام عبد الله مخلص ئاوێکی ساردی کردبوو بەسەر جۆش و کوڵی ئەو سەرگەرمییەی لەناو نائبەکانی تردا هەبوو کە پێی ووتبوون چ کوردو چ عراق ئازادییان بە شان و باهووی خۆیان دەسگیر نەبووە بەڵکو ئینگلیز ئازادی کردوون لەبەر ئەوە دەبێ گوێ بۆ ئەو دۆستەیان رابێڵن و بۆی روونکردبوونەوە کە وا هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە کە باسی پێک هێنانی حکومتێکی کورد بکرێ هەر وەکو ئیسماعیل رواندزی و ئەوانی تر بۆی چووبوون و ئەوەی کە رەنگە روو بدا بریتی دەبێ لە گۆرپنێکی بچووک کە دوور نییە هاورێکانی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەوا نەبن و ئەویش لەگەڵ ئەوەی ئەوانا نییە».

لە راپۆرتێکی تری شرطەی بغداد. فقرە 325 رۆژی ۱۹۲٦/۳/۲. کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.807 No.12 رۆژی ۱۹۲٦/۳/۲. ی تیادایە دەڵێ:

«عبد الله مخلص و رفیق خادم السجادە لە ۱۹۲۰/۳/۱۹دا لە ماڵی عبد الله مخلص کۆبوونەوە وە لەسەر ئەمەی خوارەوە رێک کەوتن:

۱. وازهێنان لەو پێشنیازو داخوازییەی کە پەیوەندیی بە حوکمی ئۆتۆنۆمییەوە هەبێ وە ئەو باسە بهێڵرێتەوە بۆ حکومتی بریتانیا کە خۆی چی بە باش دەزانێ بیکا.

۲. وازهێنان لە ناردنی نامە بۆ ناوچەکانی کوردستان و ئامادەن مناقشەی هەر کەسێک بکەن کە بیەوێ لەو رووەوە باسیان لەگەڵا بکا.

۳. هیچ نائبێکی کورد لەمەودوا ناوی سەربەخۆیی کوردستان ناهێنێت وە بیرو بۆچوونی خۆی دەربارەی دوارۆژی کورد دەرنابرێت نە لەگەڵ کاربەدەستانی عراقیداو

*نە لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیدا.*

*٤. دوای ئەوە بڕوا بە هیچ پڕۆپاگاندەیەک ناکرێ کە لەم رووەوە بڵاوبکرێتەوەو هەموویان ئەو پەیمانەیان مۆر کردو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بەوەی کە ئامادەن ئیمزای نائبە کوردەکانی تریش لەو رووەوە وەربگرن».*

دەربارەی ئەو راپۆرتە، بە لای منەوە وایە کە: دەبێ لەوانەی بەشداریی ئەو کۆبوونەوانە بوون پەیوەندییان بە ئینگلیزەکانەوە هەبووە چونکە کە دەڵێ راپۆرتی شرطە دەبێ بزانرێ کە لەو رۆژانەدا شرطەی بغداد هەر ئینگلیزەکان خۆیان سەرپەرشتییان کردووەو موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ کە (کورنوالیس) بووە ئاگاداری ئەو شتە بووە.

جگە لەوە ئەو راپۆرتەی کە لەو دۆکیومەنتەدا هەیە لەوە دەچێ تەنها هەر راپۆرت نەبووبێ بەڵکو جۆرە (تعهد)ێک بووە لە عبد الله مخلص و علی رفیق خادم السجادە وەرگیراوەو دیارە وەکو تاوانبارێک لەو رووەوە پرسیارو وەرام کراوەو ئەنجامی ئەوە کراوە بەو راپۆرتە.

لەو راپۆرتەی کە حکومتی بریتانیا ناردوویەتی بۆ عصبە الامم لەساڵی ١٩٣١دا باسێکی دوورو درێژی تیادایە دەربارەی کوردستان و هەوڵی داوە کە عصبە الامم تێ بگەیەنێ کە بریتانیا کوردستانی پشت گوێ نەخستووە. راپۆرتەکە دەڵێ(٥٤):

*«لەدوای ئەوەی ئەنجومەنی (پارلمانی) عراق هەڵبژێررا لەساڵی ١٩٢٨ دا لەو ماوەیەدا هەندێ شت روویدا کە بەپێویستی دەزانین لێیان بدوێین: -*

*١. بڕیارە ئەو بەڵێنانەی کە حکومتی عراق دابووی دەربارەی کورد بەجێی بێنێت.*

*٢. کوردەکان رازی بوون بەو جۆرە معاملەیەی کە لەگەڵیانا دەکرێ، بەڵام ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە هەندێ هەڵەی کاربەدەستانی عراق بووە بە هۆی ئەوەی کە هەندێ کورد مەترسیی لێ بنیشێت و هەندێ لە کوردە قەومییەکان بە هۆی ئەوەوە داوای جیابوونەوە دەکەن.*

*رۆشنبیرە عەرەبەکان بەزۆری بیر لە یەکێتیی عەرەب دەکەنەوەو کەمتربایەخ دەدەن بە پتەو بوون و بەهێزبوونی یەکێتی لەنێوان دانیشتوانی عراقدا کە کوردەکان بەمە*

زۆر دڵشکست بوون و دەریش کەوتووە ئەوەش بەجێ نەهێنراوە کە مەرج بوو فەرمانبەرانی کورد بۆ ناوچە کوردییەکان دابنرێن وە هەندێ شتی تریش پشت گوێ خراوە وەکو پشت گوێ خستنی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و نەبوونی کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاناو پێ نەگەیاندنی ماموستای باش و خوێندن بە عەرەبی لەناو قوتابخانەکانا کە ئەمانە هەمووی سەرنجی مندوبی سامیی راکێشابوو وە داوای لە عراق کرد چارەسەری ئەو کەم و کورییانە بکا. شتێکی ئاسان نییە کە بزانرێ کوردەکان تا چ رادەیەک بە حکومەتی خاوەن شکۆ و بە حکومەتی عراق رازی بوون، هەندێ لە کوردەکان هێشتا هەر بەتەمای سەربەستی و ئازادین و پرسیارو گلەیی ئەوەیان هەیە کە بۆچی حکومەتی بریتانیا ئەوەی لە عراقدا بۆ عەرەبی کردووە بۆ کوردی ناکا لە کوردستانا؟ وە بۆچی فێری ئەوەیان ناکاو رێگای ئەوەیان نادا کە خۆیان کارو باری ناوچەکان خۆیان ببەن بەرێوە هەر وەکو چۆن عەرەبەکانیان فێرکردبوو کە ئەم هەڵوێستە بوو بە هۆی چارەڕەشیی کوردو وایان لێ هاتووە یەک نەگرن و وایان لێ کراوە لەناو چوارچێوەی عراقدا بهێڵرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کوردی دووربین هاتوونە سەر ئەوەی کە چار نییە دەبێ خۆیان لەگەڵ هەڵوێستدا بگونجێنن و لەگەڵ حکومەتی عراقدا بژین و حکومەتێکی سەرکەوتوو لە عراقدا هەبێت ئەگەرچی لە زۆر جاریشدا بێزاریی خۆیان هەر دەردەبڕن بەرامبەر بە هەندێ هەڵوێستی نارێک دەربارەی کورد.

لە هەمان راپۆرتی بریتانیا بۆ عصبە الامم دەڵێ: لە شباطی ١٩٢٩دا (٦) نوێنەری کورد لە پارلماندا (عریضە - سکاڵا)یەکیان دا بە سەرەک وەزیرانی عراق کە بێزاری و گلەیی خۆیان دەربڕیبوو بەرامبەر بە حکومەتی عراق بە هۆی ئەوەی ئەو راسپێریانەی عصبە الامم دابووی بۆ کورد بەجێ نەهێنرابوو دەربارەی بەڕێوەبردنی کارو باری ناوچە کوردییەکان و داوایان کردبوو کە:

١- پارەی تەرخان کراو لە (بۆجە)دا زۆر بکرێ بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری و رۆشنبیری لەناو کوردەکانا.

٢- پێک هێنانی دەزگایەکی بەرێوەبەرایەتیی تایبەتی لە ناوچە کوردییەکانی سلێمانی

و هەولێرو کرکوک و پێک هێنانی لیوایەکی تازە لە ناوچە کوردییەکانی موصل و کارو باری ئەو ناوچانە لەلایەن مفتشێکی گشتی کوردەوە ببرێ بەڕێوە.
٣. تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ بووژاندنەوەی ناوچەکانی کورد. وەزیری دەرەوە لەم رووەوە راوێژو پرسی بە مندوبی سامی کرد وە هەردوو لا هاتنە سەر ئەوەی کە بە باش نازانرێ ئیدارەیەکی تایبەتی لە ناوچە کوردییەکانا پێک بێت چونکە دەبێتە هۆی کێشەو هەرایەکی تازەو ئەمە دەبێتە هەنگاوێک بۆ بیرکردنەوەی جیابوونەوە لە عێراق کە پێویستە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە کە سوودی عێراق و کوردی تیادایە.
بەلاّم ئەوەی سەرنج راکێشەرە ئەوەیە کە یەکێک لەو شەش کەسەی ئەو داخوازییەیان داوە وەزیری عدلیەی عێراق بوو کە لە مارتی ١٩٣٠دا کراوە بە وەزیر. بەلاّم ئەگەر ئەو داخوازییەی کورد بەرامبەر (ئیدارەی تایبەتی) پشت گوێ خرابێ وەنەبێ ئیتر داخوازییەکانی تریش بیری لێ نەکرابێتەوە».
لەو دۆکیومەنتەدا باسی ئەو شەش نائبەو ئەو وەزیرەی نەکردووە، بەلاّم لە کتێبەکەی محمود الدرەدا (القضیة الکردیة) - چاپی بیروت سالّی ١٩٦٦) لە باسی چالاکییەکانی نائبە کوردەکانا ناوی ئەو نائبانەو ئەو وەزیرە دەردەکەوێ کە دەلێ:
«لە مانگی شوباتی ١٩٢٩دا لەلایەن جمال بابان (کە ئەو بووە وەزیری عدلیە بووە)و سیف الله خندان و حازم بەگی شمدینانی و ئیسماعیل بەگی رواندزی و محمد بەگی جاف و حمە صالح بەگی حمە علی بەگ بە ناوی نوێنەرانی کوردەوە ئەم نامەیەی خوارەوەیان دا بە سەرۆک وەزیرانی عێراق کە داوای ئەم داخوازییانەیان تیادا کردبوو:
١. پەرەسەندن بە زانیاری و رۆشنبیری و خوێندەواری لە کوردستاندا.
٢. سازکردنی یەک پارچەیی بەڕێوەبردنی کارو باری کوردستان (الوحدە الاداریە الکردیە) لە لیواکانی سلێمانی و هەولێرو کرکوک، وە ئەو ناوچە کوردییانەی سەر بە لیوای موصلن لیوایەکی تازەیان لێ پێک بێت بە مەرجێک ئەو ناوچانە لەلایەن مفتشێکی گشتی کوردەوە ببرێ بەڕێوەو ئەو مفتشە گشتییە هۆی پەیوەندی بێ لەنێوانی کوردستان و حکومتی عێراقدا.

*۳. زۆرکردنی پارەی تەرخان کراو بۆ کوردستان.*

*بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو داخوازییانە کاربەدەستانی عێراقی و مندوبی سامی لە ئەنجامی گفت و گۆدا داخوازیی دووهەم پشت گوێ خراو بۆ ئەوانی تر بڕیار درا زمانی کوردی ببێت بە زمانی رەسمی و یاسایی لە هەموو کوردستانداو لەو ناوچانەی کە زۆربەی کوردنشینن».*

محمود الدره لە کتێبەکەیدا دەڵێ:

*«حکومەتی عێراق هەرچەند ئەو پێشنیازانەی خستە بەرچاو و ئەوەی لەسەری رێککەوتن بڕیاری لەسەر درا بەڵام بەرامبەر بە حازم شمزینی و ئیسماعیل بەگی رواندزی هەتا ملک فیصل مابوو نەیهێشت هیچیان بکرێن بە نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی پارلمانی عراقدا».*

جگە لەوەی کە لەو راپۆرتەی حکومتی بریتانیادا باس کراوەو ئەوەی محمود الدره لە کتێبەکەیدا لێی دواوە، لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (۱۱۸)ی رۆژی ۱۹۲۸/٦/۲۱دا کە لە شاری سلێمانی دەرچووە، یاداشتێکی ئەمین زەکی بەگی نووسەری مێژووی کوردو کوردستانی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە داوێتی بە (مجلس مبعوثان) دەربارەی (معارفی کوردستان)و داوای پێک هێنانی لیژنەیەک بۆ ترجمەی کتێبی خوێندن لە عەرەبییەوە بۆ کوردی بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکاندا بە کوردی بخوێنرێ وە بۆ پێک هێنانی (مدیریتی معارف)و (مفتش معارف) بۆ ناوچە کوردییەکان.

وە لە هەمان ژمارەی رۆژنامەی (ژیان)دا راپۆرتێکی تیادا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی داخوازیی نوێنەرانی کورد لە (مجلس مبعوثان)دا دەربارەی کەم و کوڕی و پاشکەوتوویی خوێندەواری و قوتابخانەکان لە کوردستاندا. سەیر ئەوەیە رۆژنامەی (العراق) لە بغداد لە رۆژی ۱۹۲۹/٤/۹دا بەرامبەر بەو داخوازییانەی کە نائبە کوردەکان لە پارلماندا (مجلس نیابی یا مبعوثان) دابوویان هەڕەشەی خۆی بڵاوکردۆتەوەو ووتوویەتی:

*«ئەگەر کوردەکان داخوازیی وا پێشکەش بکەن، ئەرمەنییەکان لە تورکیادا چییان*

*بەسەردا هات کوردیش لە عێراقدا بەو جۆرەی بەسەر دێ».*

لە وەرامی ئەو هێرشـەی (العـراق)دا رۆژنامـەی (ژیان) لە ژمـارە (١٦٧)ی رۆژی ١٩٢٩/٤/١٥دا وەرامی ئەو هەڕەشەکردنەی )العراق)ی داوەتەوەو ئەو هەڕەشەیەی بە شەرم و شوورەیی داناوە کە دەیەوێ کورد واز لە مافی ڕەوای خۆی بهێنێت.

## ٣- عصبة الامم و كێشەی موصل و چالاکیی کورد

لە باسی (لۆزان)دا لەوە دواین کە حکومتی بریتانیاو تورکیا لە کاتی مۆرکردنی ئەو پەیمانەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک و نۆ مانگ دانرا کە بە شێوەیەکی ئاشتی چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێ ئەگەر لەو ماوەیەدا نەگەیشتنە ئەنجام ئەم باسە دەردرێ بە (عصبە الامم).

لەبەر ئەوەی ئەم باسە باسێکی زۆر گرنگەو چارەنووسی خوارووی کوردستان لەو رۆژانەدا بەسرابوو بە بڕیاری کۆتایی عصبە الامەوە. بۆیە بەپێویستم زانی بە دوورو درێژی لێی بدوێم و بۆ روونکردنەوەی هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەم باسەم کرد بەم بەشانەی خوارەوە کە هەر یەکە بەجیا لێی دەدوێین:

یەکەم - هۆی پەیدابوونی کێشەی موصل‌وگفتوگۆ لەنێوانی بریتانیاو تورکیادا.

دووهەم - ناردنی لیژنەیەکی تایبەتی لەلایەن عصبە الامەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان (ویلایەتی موصل) بۆ پشکنین و وەرگرتنی بیرو رای خەڵک.

سێهەم - هەڵوێستی بریتانیاو کاربەدەستانی عراق بەرامبەر بە کورد لە عصبە الامدا.

چوارەم - هەوڵ و تەقەلای کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بۆ عصبە الامم.

## یەکەم - هۆی پەیدابوونی کێشەو ووتو وێژکردن دەربارەی ویلایەتی موصل لە عصبە الاممدا

کێشەی ویلایەتی موصل هەر لەو رۆژەوە دەستی پێ کردبوو کە دەبوایە دەوڵەتە سوێندخورەکان (کە بریتانیا یەکێک بووە لەو دەوڵەتانە) بەپێی پەیمانی (مودراس) کە لە ۱۹۱۸/۱۰/۳۰دا مۆرکرابوو، لەو رۆژەدا هێزەکانیان لە چ شوێنێکدا بووبن دەبوایە هەر لەو شوێنەدا بمێننەوە، بەڵام ئینگلیزەکان ئەوەیان پشت گوێ خست و دوای وەستاندنی شەڕ هێزەکانیان چووە موصلەوەو داگیریان کردو پاش ماوەیەک لوید جورجی بریتانی کلیمنصوی فرنسەی رازی کرد کە دەسبەرداری ویلایەتی موصل ببێت بۆ بریتانیا بەرامبەر بەوە فرنسییەکان بە هیوای ئەوە بوون ئینگلیزەکان پشتگیریی فرنسە بکەن لە کاتی باسکردنی کێشەی سنووری فرنسەو ئەڵمانیادا.

لەدوای تەواوبوونی ئەو (۹) مانگەی بەپێی فقرە (۲)ی مادە (۳)ی پەیمانی لۆزان دانرابوو کە چارەسەری کێشەی موصل بە ئاشتی بکرێ و نەگیشتنە هیچ ئەنجامێک و تورکیا دەسبەرداری ویلایەتی موصل نەدەبووەوە ئیتر دەوری عصبە الامم هاتە پێشەوە.

هنری فوستر لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو کۆسپانەی تورکەکان دەیان خستە بەردەمی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەڵێ(٦٠):

*«عصمت ئینونو کە نوێنەری تورک بوو لە گفت و گۆکانا ژمارەی ئەو دانیشتوانەی کە سەر بە تورکیا بوون لە ویلایەتی موصلدا بە (١٤٦٩٦٠)و ژمارەی کوردی بە (٢٦٣٨٣٠) کەس دانابوو، بەڵام لورد کیرزن (وەزیری دەرەوەی بریتانیا) ژمارەی کوردی لە ویلایەتی موصلدا بە (٤٥٥) هەزار کەس دانابوو و کیرزن لە وەرامی ئەوەی ئینونودا کە ووتبووی عەرەب کەمایەتییەکی کەمەو زۆری دانیشتوان کوردو تورکمانن ووتبووی: ئەوانەی لە ویلایەتی موصلدا بە تورک دادەنرێن لەڕاستیدا تورک نین بەڵکو تورکمانی ئازربایجانین و لە ئەنجامی ئەوەدا کیرزن لە ۱۹۲۳/۱/۳۱دا راپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە کێشەی موصل دەردێ بە عصبە الامم.*

عصبه الامم له كۆبوونەوەی ژماره (١٣) كـه له رۆژی ١٩٢٤/٩/٢٠دا كـرا نەگەیشتنه ئەنجام و له ١٩٢٤/١٠/٢٩دا عصبه الامم له بروكسل كۆبووەوەو بڕیاری دا هێڵی سنووری عـراق و توركیا دەسنیـشان بكرێ كه ئەو هێڵە لەدوای ئەوەوه به هێڵی (بروكسل) ناونراو بۆ ئەوه لیژنەیەكی تایبەتی دانرا.

عصبه الامم له ١٩٢٥/١٢/١٩دا داوای له محكمەی عدلی دولیی كرد بیرو رای خۆی دەربڕێ لەو بارەوەو توركەكان نوێنەری خۆیان نەنارد بۆ بەشداربوون و ئاگادار بوون له بڕیارەكانی محكمەی عدلی دولی.

هەتا ئەو كاته توركیا گوێی نەدەدا به تەقەلاكانی بریتانیا، بەلاّم كه بیانووی بڕا ئیتـر توركـیا ناچار بوو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ چونكه هەموو بیانوویەكی لەو رووەوه ئەوه بوو كه دەبێ سوودو بەرژەوەندیی دانیشتوانی ویلایەتی موصل بخرێته بەرچاو، وه لەو بڕیارانەی عـصبـه الامـمدا مادەیەكی تیـادا بووه دەربارەی كورد كـه دەبوایه هەستی نەتەوایەتیی كورد بخرێتـه بەرچاو و ئەگەر ئۆتۆنۆمیشی نەدرێتێ هیچ نەبێ بڕیار لـەسەر ئەوه بدرێ كـه كـورد زمـانی خـۆی و رۆشنبیـری خـۆی و رەوشتی خۆی بپارێزێت له كاتێكدا كه توركـه كـمالییـەكان له پرۆگرامیاندا وایان دانابوو كه كورد بەزۆر بكەن به تورك.

(ئەرنولد تۆینبی) نووسەرو مێژوونـاسی بەناوبانگی ئینگلیز كـه له ساڵی ١٩٢٤دا چووبووه (ئەنگوره) لەوێ روءف بەگ كه سەرەك وەزیرانی كـمـالیـیـەكان بوو دانی بەوەدا نابـوو كـه پێ داگـرتنی تورك بۆ سـەندنەوەی ویلایەتی مـوصل لـەبەر خـاتری ئابووری و ستراتیجییەوه نەبووه بەڵكو ئەوه بەلای توركەوه كارێكی سیاسیی گرنگ بووه چونكه زۆر نائارام و نارەحـەت بوون بەرامـبـەر به مـسئلەی كورد له ویلایەتی موصلداو روءف بەگ لەو رووەوه ووتبووی:

ئەگەرچی پەیانی سیڤەر نیوەی ژووروی كوردستان (ئەنەدول)ی هێشتبووەوه بۆ توركیا، بەلاّم توركەكان بیریان زۆر لەوه زیاتر كردبووەوه كه دەسگیریان بێتەوه.

مـصطفی كـمـال ووتبـووی ویلایەتی مـوصل هی توركـەو ئەگـەر ناچار بكرێ (سونگی)یش بەكا دەهێنێت بۆ سەندنەوەی.

*مصطفی کمال لەو هەڕەشەکردن و بۆچوونەیدا بە هیوای یارمەتیی سۆڤیەت بوو ئەگەر هات و روو بە رووی ئینگلیز بیتەوە، بەڵام کە بۆی دەرکەوت روسەکان ئەو یارمەتییەی نادەن ئیتر وورده وورده بای دایەوەو سیاستی خۆی خاو کردەوە ئەگەرچی رۆژنامەکانی تورک لە هەڕەشەی خۆیان نەکەوتبوون و رۆژنامەی (جمهوریت) لەو رۆژانەدا نووسیبووی:عصبە الامم بە ئاشکرا نۆکەرێکی بەکرێ گیراوی بریتانیایە».*

هنری فوستر لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

لە باسێکدا کە لە رۆژنامەی Berliner Tageblatt دا تصریحێکی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت Tchitherni ی بڵاوکردبووەوە ووتبووی:

*«روس نایەوێ شەڕ بکاو تووشی شەڕ ببێت، بەڵام خۆشی ئامادە دەکا بۆ هەر کارێک کە بە گرنگ و پێویستی بزانێت دەربارەی کێشەی موصل)... عصبە الامم لەجیاتی ئەوەی چارەسەری کێشەی موصل بکا کێشەیەکی تازەی تری هێنایە پێشەوە بەوەی کە سۆڤیەت ووتوویەتی نایەوێ ببێ بە ئەندامی عصبە الامم چونکە ئەو رێکخراوە بە لایەنگری ئاشتیی دانانێت.*

*بەڵام دوای ئەوەی تورکیا بۆی دەرکەوت سۆڤیەت ئەو هاوکارییە ناکا کە تورک بەتەمای بوو ئیتر روشدی بەگی وەزیری دەرەوەی تورکیا شلی کردو ووتی کێشەی نێوانی ئێمەو برتیانیا پێویستە لەرێگای ئاشتی و بە ووت و وێژ چارەسەری بکرێ».*

بەو جۆرە وەکو هەموو سەرچاوەکان کە باسی کێشەی موصلیان کردووە، تورکەکان لە ١٨/تموزی/١٩٢٦دا رێکەوتنێکیان مۆرکرد کە بەپێی ئەوە دان نرا بە (هێڵی بروکسل)دا ئەوەبوو وەکو لە باسی نەوتدا لێی دواین نرخی کوردستان بە (٣٠٠) هەزار پاوەنی استرلینی لە تورکەکان کڕاو ئینگلیزەکان پێشکەشیان کرد بە عراق و خوارووی کوردستان کرا بە بەشێک لە عراق.

مس بیل لە کتێبەکەیدا دەربارەی ووت وویژی بریتانیاو تورکیا لەسەر موصل دەڵێ(٥٥):

*«دوای مۆرکردنی پەیمانی لۆزان، سێر پرسی کۆکس لە حزیرانی ١٩٢٤دا چووە ئەستەمبول بۆ گفت و گۆکردن لەگەڵ تورکەکانا دەربارەی ویلایتی موصل بەڵام*

تەقەلاکانی بێ سوود بوو چونکە تورکەکان سووربوون لەسەر داواکردنەوەی ویلایەتی موصل وە ئەوەی کە هانی تورکی دابوو ئەو هەواڵانە بوو کە بڵاوبووبووەوە دەربارەی رێنەکەوتنی عێراق و بریتانیا بۆ مۆرکردنی پەیمانێک بەڵام ئەو پەیمانە لە ١٩٢٤/٦/٩دا مۆرکراو بڕیار درا کێشەی ویلایەتی موصل بدرێ بە عصبە الامم.

تورکەکان لەسەرەتای مانگی دیسەمبەری ١٩٢٤دا هێزێکیان ئامادە کردبوو بۆ هەڕەشەو هێرش بردنە سەر ئەو شوێنانەی ئاسوورییەکانی تیادا نیشتەجێ کرابوو و لە رووباری (هیزل) پەڕینەوەو هاتنە ناو خاکی عێراقەوە بەڵام هێزی ئاسمانیمان لێیان کەوتە کارو ناچاریان کردن بکشێنە دواوە.

تورک بەوە کۆڵی نەدا بەڵکو هێزەکانیان روویان کردە ناوچەکانی (سندی)و (گولی) کە لە ناوچەی زاخۆدان و نزیکی هەشت هەزار ئاسوورییان راوناو ناچاریان کردن روو بکەنە پێدەشتەکانی خوار عمادیە کە هێزی عراق لەوێدا فریایان کەوتن و یارمەتییان دان.

یەکەم دەسکەوتی عێراق لەو هێرشەی تورکدا ئەوە بوو ئینگلیز بۆی دەرکەوت کوردەکان کۆمەکی تورکیان نەدەکردو نەچوونە پاڵ تورک لەو هێرش بردنەیاندا».

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەڵێ(٤٣):

«کە بریتانیا بۆی دەرکەوت عصبە الامم چارەسەری کێشەی موصلی بۆ ناکرێ، بڕیاری دا بەپێی سیاستی خۆی بکەوێتە کارو رۆژنامەکانی تورک دەستیان کردبوو بە هێرش بردن بۆ سەر عصبە الامم بەڵام توانرا (رشدی ئاراس)ی وەزیری دەرەوەی تورکیا وا لێ بکرێ کە هەڵوێستی خۆی خاوکاتەوەو لە ١٩٢٦/٧/١٨دا تورکیا موافقتی کرد لەسەر هێڵی بروکسل (کە بێگومان ئەوە دانپیانان بوو بە حکومتی عراقدا)».

لە دۆکیومەنتی ژمارە (C.O.730-69)-C.23378 رۆژی ١٩٢٦/١٢/٢٠دا نامەیەکی سێر هنری دوبسی مندوبی سامیی بریتانیای تیادایە لە بغداد بۆ وەزیری دەرەوەی بریتانیا کە ئەمەی خوارەوە کورتەکەیەتی:

«لەگەڵ (سیر جورج کلارک) چووم بۆ ئەنقەرە وە لەوێ لەگەڵ توفیق رشدی بەگدا

(نیازی له رشدی ئاراس بووه) گفت و گۆمان کرد بۆ ئەوەی له مەبەستی ئەو و مصطفی کمال بگەم و بزانم مەبستیان چییه. له کاتی گفت و گۆکردندا رشدی بەگ هەرەشەی له کورد دەکردو دەی ووت:

یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکانمان به چ دەردێک برد کوردیش بەو جۆره لێ دەکەین و دەریان دەکەین و له یەکەم گفت و گۆدا دەربارەی کورده ئاوارەبووەکانی تورکیا رشدی بەگ به هیچ جۆرێک رێگەی ئەوەی نەدا ئەو کورده ئاوارەبووانه بگەڕێنەوه بۆ تورکیا.

توفیق رشدی ووتی: من و مصطفی کمال هەوڵ دەدەین لەرێگایەکی ژێرانەوه ئەو کوردانه بکەین به تورکێکی (مۆدرن).

له ئەنجامی ئەو گفت و گۆیەدا بۆم دەرکەوت که دەبێ چاوەڕوانی نائارامییەکی تەواو بکەین لەو سەر سنوورانەی عراق و تورکیادا، چونکه به هەزاران کوردی ئاواره لەو ناوچانەدا بڵاوبوونەتەوەو ئەگەر ئەوانه هەر بەو جۆره لەو سەر سنوورانه بمێننەوه هەمیشه ناوچەکه تووشی نائارامی دەبێت که دوور نییه عراقیشی تیۆه بگلێت و لەوانەشه دراوسێکانیشی وەکو ئێران و سۆڤیێت و سوریه تووشی هەمان بەزم و شەڕه شەق بێن».

## دووهەم - چوونی لیژنەی تایبەتیی عصبە الامم بۆ ویلایەتی موصل بۆ وەرگرتنی بیرو رای خەڵک و بڕیارەکانی ئەو لیژنەیە

لەپاش ئەوەی لە ماوەی ئەو نۆ مانگەی پەیمانی لۆزان دەسنیشانی کردبوو، کێشەی موصل چارەسەر نەکرا ئیتر بە تەقەلای بریتانیا ئەو باسە درا بە عصبە الامم، ئەگەرچی تورکەکان لەپێشدا ڕێگەیان نەدا کە بدرێ بە عصبە الامم بەڵام لەدواییدا نوێنەری خۆیان ناردو بەشدارییان کرد.

عصبە الامم بۆ وەرگرتنی بیر و رای دانیشتوانی ویلایەتی موصل بڕیاری دا لیژنەیەک پێک بێت بۆ ئەوەی بەناو دانیشتواندا بگەڕێ و راپۆرتێک بدا بە عصبە الامم دەربارەی بیرو رای دانیشتوان.

ئەو سەرچاوانەی کە لە چالاکیی ئەو لیژنەیە دواون هەموویان لەسەر ئەوەن کە ئەو لیژنەیە لەپێشدا چۆتە لندن و ئەنقەرە وە لە ١٩٢٥/١/١٦دا چۆتە بغدادو لە ١٩٢٥/١/٢٧دا چووە موصل و هەتا کۆتایی مانگی آزاری/ ١٩٢٥ بە گەلێک ناوچەی ویلایەتی موصلدا گەڕا.

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا دەربارەی چالاکیی ئەو لیژنەیە دەڵێ(٤٣):

*«لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣٠)ی رۆژی ١٩٢٤/٩/٢٠دا عصبە الامم کە لە شاری (جنیف) بەسرا، نوێنەری تورک کە (فەتحی بەگ) بوو وە (لورد بارمور)ی نوێنەری بریتانیا لەدوای ووتو ووێژێکی دوورو درێژ نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک لەبەر ئەوە بڕیار درا عصبە الامم لیژنەیەک بنێرێت بۆ ویلایەتی موصل کە ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە (دی فرسن) کە دیپلۆماسییەکی سویدی بوو کرا بە سەرۆکی لیژنەکەو (کونت تالکی) کە کۆنە سەرەک وەزیرانی هنگاریا بوو زۆر شارەزای یاساو جوگرافیا بوو کرا بە ئەندام لەگەڵ عقید (باولس) کە عقیدێکی متقاعدی بلچیکی بوو.*

*ئەندامانی لیژنەکە دوای ئەوەی چوونە لندن و ئەستەمبول لە کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٢٥دا چوونە بغداد کە بێجگە لە ئەندامانی سەرەکیی ئەو لیژنەیە دوو*

نوێنەری تورکیشیان لەگەڵدا بوو کە کاربەدەستانی ئینگلیز زۆر پەست و بێزار بوون لە هاتنی ئەو دوو نوێنەرەی تورک کە یەکێکیان خەڵکی شاری کرکوک بوو (نیازی لە ناظم بەگی نفطچی بووە کە چەند جارێک ناوی هاتووەو لە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحمودا لە هندستانەوە شێخ مەحمود شێخ بابا علی و شێخ روءفی راسپارد لە کرکوک بچنە ماڵی ئەو ناظم بەگە، وە دووهەم نوێنەر بریتی بوو لە فتاح بەگی عطار کە ژن برای شێخ مەحمود بووە کە لەو رۆژانەدا لە سوپای تورکدا بووە).

لیژنەکە نزیکی دوو مانگ لە موصل مانەوەو دوای ئەوە لە تموزی ١٩٢٥دا راپۆرتێکیان دا بە عصبە الامم کە لە مانگی ایلولی ١٩٢٥دا مناقشە لەسەر ئەو راپۆرتە کراو هەر لەسەرەتاوە لیژنەکە جیابوونەوەی ویلایەتی موصلیان لە عراق بە شتێکی باش و راست نەزانی و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا (هێڵی بروکسل) بە سنووری عراق و تورکیادا بنرێ، وە ئاسوورییەکانیش داوای ئەوەیان کردبوو کە ناوچەی (حەکاری) بخرێتە سەر ویلایەتی موصل بەڵام ئەو داخوازییەیان پشت گوێ خرا. ئەو لیژنەیەی کە بڕیاری ئەوەی دابوو هێڵی بروکسل بکرێ بە سنوور، دوو مەرجی بۆ ئەوە دانابوو:

١- پێویستە پەیمانێک لەنێوانی بریتانیاو عراقدا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ ببەسرێ.

٢- پێویستە دان بە ممیزاتی نەتەوەی کوردا بنرێت لە خوارووی کوردستاندا.

(لە راپۆرتێکی عصبە الاممدا کە لەدواییدا لەم باسەدا لێی دەدوێین دەقی ئەو بڕیارەی عصبە الامم بە ئینگلیزی و کوردی بڵاو دەکەینەوە).

بەڵام تورکەکان بەو پێشنیازە رازی نەبوون و لە ئەنجامدا باسەکە درا بە (محکمەی عدلی دوەلی) بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی لەسەر بداو محکمە بەرامبەر بەوە پرسی کرد کە ئایا ئەو بڕیارەی لەوەوە دەردەچێ وەکو لایەکی ناوبژیکەر حساب بۆ بڕیارەکەی دەکرێ وە یا بریتی دەبێ لە بڕیارێکی کۆتایی و پێویستە لەسەر هەموو لایەک بەجێی بێنن؟

تورک نوێنەری خۆیان نەنارد بۆ محکمەی عدل لەگەڵ ئەوەشدا محکمە لە ١٩٢٥/١١/٢١دا بڕیاری دا کە ئەگەر عصبە الامم بەو بڕیارەی محکمە رازی بوو

ئەوا دەبێ بە بڕیارێکی کۆتایی و پێویستە هەموو لایەک جێ بە جێی بکا، بەڵام تورک بەوەش هەر قابل نەبوو وە عصبە الامم لە ١٩٢٥/١٢/١٦دا کۆبووەوەو ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

١- بروکسل هێڵی سنووری نێوان عراق و تورکیا دەبێ و پەیمانی عراق و بریتانیاش بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ دەبێ تەنها مەگەر لە حاڵێکدا ئەگەر عراق بەرلە تەواوبوونی ماوەی ئەو پەیمانە بوو بە ئەندامی عصبە الامم ئەوسا دەبێ بەو پەیمانەدا بچنەوە.

٢- پێشنیازو راسپاردەو پرۆگرام دابنرێت دەربارەی چۆنیەتی و شێوەی بەجێ هێنانی ئەو پێشنیازانەی لیژنەکەی عصبە الامم دایینابوو».

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«باسی ویلایەتی موصل کە بەپێی مادە (٣)ی پەیمانی لۆزان هێڵرابووەوە بۆ عصبە الامم لەدواییدا بڕیاری لەسەر درا. لە عراقدا ئەو پێشنیازەی عصبە الامم خرایە بەرچاوی وەزارەتی جعفر العسکریی سەرەک وەزیران کە نیوە کوردێک بووە بۆ ئەوەی ئەو ممیزاتەی کە کورد لە عەرەب جیا دەکاتەوە دەسنیشان بکرێ. مایەوە سەر بریتانیا کە چۆن بتوانێت لە (جنیف) موافقتی تورکیا وەربگرێ کە مصطفی کمال هەمیشە هەڕەشەی دەکرد، ئەگەرچی بیرکردنەوە لە هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوانی تورکیاو بریتانیادا بە شتێکی دوور دەزانرا، بەڵام وورده وورده سفارتی بریتانیا لە تورکیا ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی ئەنقەرەی دامرکانەوەو لە ١٩٢٦/٧/١٨دا رێکەوتنێکی دووقۆڵیی ئینگلیزو عراق لەلایەک و تورکیا لەلایەک مۆر کرا».

(ستیفن پیولیتر) لە کتێبەکەیدا دەربارەی چالاکیی ئەو لیژنەیەی عصبە الامم دەڵێ(٥٧):

«راپۆرتی ئەو لیژنەیەی کە عصبە الامم ناردبووی بۆ ناوچەکانی ویلایەتی موصل دەری دەخا ئەو لیژنەیە کە چۆتە شاری سلێمانی خەڵک بەرەنگاری ئەو بۆچوون و بڕیارانە بوو نەوەکە بەپێی ئەوە دەویسترا کوردستان بخرێتە سەر عراق چونکە دڵنیا نەبوون لەوەی کە لەژێر سایەی ئیدارەیەکی عەرەبیدا دەتوانن بەئاسانی بژین و بۆیە لیژنەکە رایسپارد بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردەکان پێویستە ئینگلیز بۆ ماوەی (٢٠)

سالْ دەس بەسەر عـراقدا بگریْ (لەدواییدا ئەو پەیمانە بۆ ٢٥ سالْ مۆر کرا) لیژنەکە پێشنیـازی کرد کە لە نـاوچە کوردییەکـاندا زمانی کوردی بکریْ بە زمانێکـی رەسمی و فەرمانبەران لە ناوچەکانی کوردستاندا لە کورد بن».

دوکتۆر جمال نەبەز لە لاپەرە (١٥٣)ی کتێبەکەیدا (کـوردستان و شۆرشەکەی) دەربارەی عصبە الامم دەلْیْ(١٥):

«لـە کانونی دووهەمی ١٩٢٥دا کۆمەلْی گەلان وەفدێکی نارده کوردستان هەتا (گەل پرسی یەک) بە ئەنجـام بگەیەنن. چونـکە ئینگلیـزو تورک نەیانتـوانی بە گـفت و گـۆکێشـەی ویلایتی مـوصل بەلادا بخـەن. لەو گەل پرسـیـەدا کـوردی کرکـوک و سلێمانی دژی لکاندنیان بە عراقەوە دەنگیان دا.

کـوردی هەولێرو مـوصل لەگـەلْ ئەوەدا بوون بە عـراقـەوە بلکێنرێن، بە مـەرجیْ ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی عراقدا بۆ دەستەبەر بکرێت.

شێخ مـەحـمـوود دوور لە سلێمـانی سـەرەو کـاری شـەری پێشـمـەرگـانەی دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دەکرد، بۆیە مندوبی سامیی بریتانیا لە ١٩٢٥/٦/١٣دا خەلاٌتێکی (...٦) روپیەی بۆ لەناوبردنی شێخ تەرخان کرد.

لەگەلْ ئەو هەمـوو بەرهەلْسـتکاری و بەرەنگارییـەی کـورددا، وەفـدەکـەی کـۆمـەلْەی گەلان لە ١٩٢٥/٧/١٦دا بریاری لکاندنی ویلایتی موصل (خوارووی کوردستان)یان بە عراقەوەدا بەو مەرجەی خۆیان خۆیان بەرێوە ببەن.

تا ئەورۆکەش کـورد بۆ ئەو خۆبەرێوەبردنە تێدەکۆشێت و هێشتا پێی نەگەیشتووە. لە ١٦/دیسمبری ١٩٢٥دا کۆمـەلْەی گەلان بریارێکیـان دەرکرد کە تێیدا پێشنیـازی لکاندنی خـوارووی کـوردستـانیـان بە عـراقـەوە پەسـەند کـرد بەلاٌم داوا لە ئینگلتـرەی خـاوەن ئینتـداب دەکـات ئەو خـۆبەرێوەبردنەی وەفـدەکـە بۆ کـوردی عـراقی پێشنیـاز کردبوو دەستبەری بکات.

ئینگلیز لە ١٩٢٦/٢/٢٤دا کـۆمـەلْەی گەلانی دلْنیا کـردەوە کـە ئەو مـافـەی کـورد موسۆگەر دەکات».

دوکتۆر جمال نەبەز لە باسەکەیدا دەلْیْ:

«له پاداشتی ئەو پێکەوە لکاندنەی کوردستان بە عێراقەوە حکومەتی عێراق پەیمانێکیان لەگەڵ حکومەتی بریتانیادا مۆر کردو سەرەک وەزیرانی عێراقی ئەو رۆژانە پێی لێ نا کە عێراق بە بێ کوردستان ناتوانێت بژی چونکە کوردستان بۆ عێراق وەکو سەر وایە بۆ لاشەی مرۆڤ...

ئینگلتەرە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٤دا عێراقی بە هوش هێنایەوە ئەگەر ئەو پەیمانەی لەگەڵا نەبەستێت کوردستانی خوارووی ناداتێ ئەو کاتانەش رژێمی عێراق، کوردی بە بەڵێنی بێ کاکڵە هێور دەکردەوەو سەرەک وەزیرانی عێراق لە پارلمانی عێراقدا لە ١٩٢٦/١/٢١دا بۆ رواڵەت باسی ئەوەی کردبوو کە پێویستە مافی کورد دەستەبەر بکرێ و فەرمانبەران لە خۆیان بن و زمانی کوردی بکرێ بە زمانێکی رەسمی وە منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن.

بەلام لەگەڵ ئەو هەموو گفتە شیرینانەدا، عێراق لە ٥/ژوین/١٩٢٦دا پەیمانێکی هاوکاریی لەگەڵ تورکیاو بریتانیادا مۆر کرد کە راستەوخۆ ئەو پەیمانە بۆ بەربەستکردنی مافەکانی کورد بووە وە لەپاش رۆژێک یەعنی لە ٦/ژویندا پێشنیازی وەفدەکەی خۆی بۆ کوردستان خستە کار دەربارەی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە».

بەلام ئەدمۆنسی هەمیشە داخ لە دڵ بەرامبەر بە کورد لە کتێبەکەیدا باسی کێشەی موصل بەم جۆرە کردووە (٤٥):

«لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٥دا تیلگرافێکم بۆ هات لە (کورنوالیس)ەوە کە بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی عصبە الامما بچم بۆ موصل.

ئەو لیژنەیە کە لە A.F.Versen ی سویدی و Count Poul Telekay ی هنگاری و سنیور (رودلو)ی ئیتالی و (هوراس دی. بوتالیە)ی سویسری پێک هاتبوو و لەناویانا (ڤیرسن)ی سویدی کرا بە سەرۆکی لیژنە چونکە وولاتەکەی بێ لایەن بوو وە نوێنەرانی تورک لەو وەفدەدا بریتی بوون لە (جنرال جواد پاشا) مفتشی گشتیی جبهەی رزگاریی جزیرە وە لەوانە بوو کە سوێندخوران ساڵی ١٩٢٠ گرتیان و دووریان خستبووەوە بۆ دورگەی (ماڵتا)و (کامل بەگ) کە نێررا بۆ موصل و ناظم

بەگ نفطچی بۆ کرکوک و فتاح ئەفەندیی ژن برای شێخ مەحموود بۆ سلێمانی وە لەناو ئەو نوێنەرانەی تورکدا ملازمێکی گەنج هەبوو ناوی (بدری بەگ) بوو.

(چاردین) کرا بە مراقبی بریتانیاو صبیح بەگ نشأتی لەگەڵا بوو کە فرنسیی باش دەزانی منیش لەلایەن سێر پرسی کۆکسەوە کرام بە ظابطی ارتباط لەگەڵ (چاردین)دا. (سەیر ئەوەیە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانی ژمارەی ئەو وەفدەدا لەبەینی ئەوەی لۆنگریک باسی کردووەو لەمەی ئەدمۆنسدا کە لە بەراوردکردنی ناوەکانا دەردەکەون).

کە ساتێک لیژنەکە کۆبووەوە کێشەیەک پەیدا بوو چونکە ناظم نفطچی و فتاح ئەفەندی کە هەردووکیان عراقی بوون بە خائن دانران لای ئێمەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی (حصانەی دیپلۆماسی)یەوە نەتوانرا هیچیان لێ بکرێ. کە هەرسێ ئەندامەکەی وەفدی تورکیا هاتنە بغداد هەرسێکیان لە سەکنەی عسکری لە دەرەوەی بغداد دانران و تورک بەرامبەر بەوە ئیحتجاجی کرد. ئەندامانی لیژنەکە لەناو خۆیانا بڕیاریان دا ببن بە (٤) بەشەوەو رئیس و دوو مراقبەکە لە موصلدا بمێننەوە.

١. لیژنەی یەکەم: (تیلکی)و (کرامز)و ناظم بەگ بچنە هەولێرو لەوێوە (لاین) وەکو شارەزایەکی بریتانی بەو ناوە بەشدار بێت لەگەڵیانا.

٢. (باولس) لەگەڵ صبیح بەگ و ملازم کامل دەچن بۆ ژووروی کرکوک.

٣. (بورتالیە) دەچێ بۆ ناوچەی کفری و فتاح ئەفەندیی لەگەڵا دەبێت.

٤. (ڤیرسن)و (چاردین)و جواد پاشا دەچن بۆ خوارووی موصل و شارەزایەکیان بۆ دادەنرێ.

بەڵام لەبەر گرنگیی شاری سلێمانی بڕیار درا هەموو ئەندامانی لیژنەکە بە کۆمەڵ و بەجارێک بچنە سلێمانی و لەوێوە بگەڕێنەوە بۆ موصل بۆ ئەوەی لەوێ تحقیقاتی خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکانی لیوای موصلدا بکەن.

ئەدمۆنس دەڵێ:

بەرلەوەی بچینە شاری سلێمانی، باسی سلێمانیم بۆ (ڤیرسن) کرد (سەرۆکی لیژنەکە بووە) کە وا دیار بوو هەر لەسەرەتاوە مێشکیان پڕکردبوو لە درۆ و دەلەسەو تێم

*گەیاند کە ئەوانەی لە سلێمانیدان هەندێکیان زۆر متعصبن بۆ کورد بەڵام خەڵکێکی زۆری معتدلیشی تیادایە ئەگەرچی حەزیش ناکەن لەگەڵ عێراقدا بن، بەڵام بازرگانەکانی سلێمانی بە جیابوونەوەی ناوچە کوردییەکان لە عێراق ماڵیان وێران و کاول دەبێ و شارەکە کەسی وای تیا نییە سەر بە تورک بێ. جواد پاشای تورک بەرلەوەی بچێتە سلێمانی نامەیەکیان دایە کە هەڕەشەی لێ کرابوو ئەگەر بچێتە سلێمانی دەکوژرێ بەڵام من لە (ڤیرسن)م گەیاند کە خەڵکی سلێمانی شتی وا ناکەن لەبەر ئەوە گوێ مەدەرە درۆ و دەلەسەی (ئاسووری)یەکان کە دەڵێن (١٥٠) ئاسووری فیدایی خۆیان ئامادە کردووە کە جواد پاشا بکوژن».*

بەلای منەوە ئەدمۆنس لەوەدا درۆیەکی زلی کردووەو لام وایە خۆیان دەستێکی بالایان بووە لەو هەڕەشەکردنەدا، چونکە وا گریمان ئەوەی جواد پاشا ئاسوورییەکان بلاویان کردبێتەوە، بەلام ئەدمۆنس هەر لە کتێبەکەیدا دەڵێ: «بەپێی راپۆرتێکی (چیمن) هەندێ لە گەنجەکانی سلێمانی دوور نییە ئیهانەی فتاح بەگی ژن برای شێخ مەحموود بکەن و قیری پیادا بکەن» چونکە لەو رۆژانەدا هەموو گەنجەکانی سلێمانی حسابیان بۆ شێخ مەحموود دەکردو ناپیاوی و تاوانی بۆردومانەکانی ئینگلیزیان لەبەر چاو بووەو ئەگەر شتێکی واش هەبووبێ هەر نۆکەرەکانی ئینگلیز خۆیان بلاویان کردۆتەوەو خۆی لە کتێبەکەیدا دانی پیادا دەنێ کە کاپتن بابکری پژدەری دۆستیان بە خۆی و (١٠٠) چەکدارەوە لەو رۆژانەدا هاتبوونە سلێمانی.

ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«جواد پاشا لیستەیەکی دامێ ناوی ئەوانەی تیادابوو کە لای وا بوو ئەوانە راسپێررابوون و نێررابوون بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی پڕۆپاگاندە دژی تورک بکەن، لەبەر ئەوە جواد پاشا داوای کرد ئەوانە لە سلێمانی دوور بخرێنەوە کە لەناو ئەوانەدا ناوی بایکری سلیم ئاغای پژدەری و شێخ عبد الکریمی قادرکرم و شێخ عارفی سەرگەڵوو و ئەحمەد موختار جاف و کریم بەگی جافی تیادابوو.*

*کاروانی وەفدەکان بە (٢٠) ئوتومبیل گەیشتنە سلێمانی و لە ڕێگا هیچ کێشەیەک رووی نەدا. (باولس)و (کرامرز)و جواد پاشا چوونە ناو بازاری سلێمانی*

و بەناو بازاردا گەڕان بۆ پرسیارکردن لە دوکاندارەکان بەڵام کەس وەرامی نەدانەوە بەپێچەوانەی هەولێر کـە وەرامـیـان دەدایەوەو لە سلێمـانـیـدا کـەس لە وەفـدەکـە کۆنەدەبوونەوە. جواد پاشاو کامل هەردووکیان سلێمانییان بەجێ هێشت، بەڵام فتاح و ناظم نفطچی لەو خانووەی کە بۆیان دانرابوو نەهاتنە دەرەوە...

بابکری سلیم ئاغا بە خۆی و ( . . ١) چەکدارییەوە هاتنە سلێمانی و جواد پاشا هیـوای ئەوەی نەمـا کـە فـتـاح دەسـەڵاتێکی ئەوتـۆی هەبێت، بۆیە داوای کـرد (ڕەزا بەگ) ببینێت. ڕەزا بەگ سڵەمییەوەو موافقتی نەکرد بەڵام من ڕەزا بەگم دڵنیا کرد کە گوێ نەداتێ و ئێمە ئەو داواکردنەی جـواد پاشای لەسەر حسـاب ناکـەین، ڕەزا بەگ موافقتی کرد بە مەرجێک یەکێکی وەکو من (ئەدمۆنس) وەکو یەکێکی سێهەم ئاگاداری گفت و گۆکان بێن.

لێکۆڵینەوەو پرسیـارکـردن لـە سلێمـانیـدا (٣) ڕۆژی خایان و حکومـتـی بریتـانیـا یاداشتێکی دا کـە لە سلێمانیدا کـەس سەر بە تورک نییـەو خەڵکی سلێمانی لای وەفدەکە بێزاریی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە خراپەو تاوانی تورک و بێزاریی خۆیان دووبارە کردەوە لە کوشتنی شێخ سعیدی حفید لە موصل بە پیلان و فیتی تورکەکان (لە بەرگی یەکـەمـدا لەو کـارەساتە دواین بەڵام زۆڵێتیی ئینگلیز لەوەدا دەردەکەوێ بەتایبەتی یەکێکی وەکـو ئەدمۆنس کـە سـوور زانیـویێتـی بازرگان و ئاغـا لـەرەکـانی سلێمانی بووبوون بە هۆی ئاوارەبوونی شێخ سعیدی حفید کەچی ئێستە دەڵێ ئەوانە هەموو بێزاریی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە کوشتارەکەی موصل).

ئەدمۆنس دەڵێ:

لە کـاتی ترجـمـەکـردنی پرسیـارو وەرامـەکـاندا لـەگـەڵ خەڵک هەوڵم دا کـە خۆم دوور بخەمەوە لە ترجمەکردن بەڵام بابکری سلیم ئاغاو بەگزادەکانی جاف زۆریان لێ کردم کە من ئامادە بم بۆ ترجمەکردن.

ئەدمۆنس دەڵێ:

ڤیرسن لـە ڕاپۆرتێکیدا ووتوویەتی دانیشـتـوانی سلێمانی بە نەهێنی داوایان کـردبوو کە نایانەوێ بچنەوە ژێر سایەی تورک و دەیانەوێ لەگەڵ عراقدا بن هەرچند لە کاتی

تحقیقات کردندا هەستی کوردایەتی زاڵ بوو بەسەر هەموو هەستێکی تر داو بە ئاشکراش دەیان ووت دەیانەوێ سەر بە خۆبن و لە وولاّتی خۆیاندا سەربەست و ئازاد بن...

بەو جۆرە هەوڵ و تەقەلای (لاین)و (نویل) هاتە دی (سەیر ئەوەیە ئەدمۆنس هاتنەدیی ئاواتەکانی خۆی و تەقەلاکانی خۆی باس نەکردووە)و لەدوای ئەوەی کە حکومەتێکی عراقیی یەکگرتوو دروست کرا ئێمەش گەڕاینەوە بۆ کرکوک.

لیژنەکە لە ایلولی ١٩٢٥دا راپۆرتی خۆی دا بە عصبە الامم، بەلاّم تورکەکان ووتیان.. عصبە الامم ماف و دەسەلاّتی ئەوەی نییە بڕیاری خۆی بسەپێنێت بەسەر هیچ لایەکداو دەوری عصبە الامم تەنها دەوری (راوێژیاری - استشاری)یە. ساتێک محکمەی عدلی دوەلی لە ١٩٢٥/١١/٢١دا بڕیاری دەرکرد کە هەر بڕیارێک لەلایەن عصبە الاممەوە دەربچێت لەسەر ئەندامانی عصبە پێویستە ئەو بڕیارە بەجێ بێنێت و سەرپێچی نەکا لەرووی، بەلاّم تورکەکان گوێیان نەدایە ئەو بڕیارەو محکمەی عدلی دوەلی لیژنەیەکی تایبەتیی دروست کردو لە ئەنجامدا عصبە الامم لە ١٩٢٦/١/١٦دا بڕیارێکی دەرکرد کە هێڵی بروکسل سنووری عراق و تورکیا دەسنیشان دەکا.

پاش ماوەیەک لە ئەنجامی گفت و گۆدا لە ١٩٢٦/١١/١٣دا پرۆتۆکۆلی ملحقی رێکەوتنی عراق و بریتانیا کە لە ساڵی ١٩٢٣دا کرابوو هەڵوەشێنرایەوەو لە ١٩٢٦/١١/١٦دا پەیمانی عراق و بریتانیا بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ مۆر کراو لەدواییدا عراق لە ١٩٣٢/١٠/٣دا بوو بە ئەندامی عصبە الامم و بەو پێیە چالاکیی و زیرەکیی سفیری بریتانیا لە تورکیا (سێر رونالد لیندسای) وای کرد کە کێشەی موصل ببڕێتەوەو ملک فیصل لەخۆشیی ئەو پەیمانە کە لەگەڵ تورکیادا بەسرا تلگرافێکی نارد بۆ ملک جورج لە کانونی یەکەمی ١٩٢٦داو عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانیش تلگرافێکی نارد بۆ (مستر بالدوین)و متصرفی موصل عبد العزیز قصاب باخچەکەی موصلی ناو نا باخچەی (الورد امیری)».

ئەو راپۆرتە تایبەتییەی کە حکومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم دەربارەی

کێشەی موصل و چارەسەرکردنی دەڵێ(٥٤):

*«ساتێک لیژنەی عصبە الامم لە ساڵی ١٩٢٥دا نێرران بۆ ناوچە کوردییەکان، لە مانگی شباتدا گەیشتە سلێمانی کە گەورەترین ناوچەی کورد بوو و مندوبی سامی بایەخێکی زۆر دابوو بەو شارە.*

*ناوچەکانی سەر سنووری سلێمانی هێشتا رزگار نەکرابوو لە دەسەڵاتی شێخ مەحموود. ئەو لیژنەیەی کە نێررا بۆ ویلایەتی موصل رایسپاردبوو کە پێویستە ئارەزووی کوردەکان پشت گوێ نەخرێ و فەرمانبەرانی کورد دابنرێن بۆ کارو بارو بۆ دادگاکان و بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانداو پێویستە زمانی کوردی بە زمانی رەسمی بناسرێ».*

لەو راپۆرتەدا باسی ئەو توصیەی کردووە دەربارەی مسئلەی کورد کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو توصیەیە کە لە راپۆرتەکەدا باس کراوە:

The British government as mandatory power is invited to lay before the council the administrative measures which will be taken with a view to securing for the Kurdish population mentioned in the report of the commission enquiry. The gurantees regarding local administration recommended by the commission in its conclusion.

*«داوا لە حکومەتی بریتانیا دەکرێ وەکو دەسەڵاتدارێکی چاودێریکەرو سەرپەرشتیکەر (منتدب) کە ئاگاداری عصبە بکا لە چۆنیەتی و کێش و قەوارەی ئەو ئیدارەیەی کە دانیشتوانی کوردی پێ دەپارێزرێ بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەو چوونە بنج و بناوانەی لیژنەی عصبە کردوویەتی و بەپێی ئەو راسپاردانەی کە ئەو لیژنەیە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیدا دەسنیشانی کردووەو راسپاردەی بەجێ هێنانی کردووە».*

راپۆرتەکە لەسەری دەرِواو دەڵێ:

*لە مارتی ١٩٢٦دا حکومەتی بریتانیا بۆ وەرامی ئەو داخوازییەی عصبە، یاداشتێک و چەند پاشبەندێکی پێشکەش کرد دەربارەی جۆرو شێوەی ئەو ئیدارەیەی کە حکومەتی عراقی بۆ ناوچە کوردییەکانی دەسنیشان کردووەو ئەو وەرامەش نێررا بۆ لیژنەی هەمیشەیی ئینتداب Permanent Mandate Commission وە ئاگاداری*

*لیژنەکە کرا کە راسپاردەکانی عصبە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە رەزامەندی بریتانیا جێ بە جێ کراوەو دەبێ هیچ گومان لەوەدا نەبێ کە حکومەتی عیراق ئەو بڕیارە ناشکێنێت و لێی لانادا.*

سەرۆکی وەزیرانی عیراق لە ۱۹۲٦/۱/۲۱دا لە مجلس مبعوثاندا لەو رووەوە ئەم ووتارەی خوێندبووەوە:

*«ئەم وولاتە بەباشی ناڕوا بەڕێوە ئەگەر هەموو دانیشتوان مافی خۆیان نەدرێتێ، لەبەر ئەوە ئێمە مافی کورد دەدەین و پێویستە فەرمانبەران و کاربەدستانی ناوچەکانیان لە خۆیان بێت، پێویستە زمانی خۆیان زمانی رەسمی بێت و زمانی مادەرزادەیان فێری منداڵەکانیان بکەن لە قوتابخانەکانداو سەرۆک وەزیران داوای لە وەزیرەکان کرد کە هەر یەکەیان لە سنووری دەسەڵات و کارو باریا بەو جۆرە بڕوا بەڕێوە».*

سکرتێري مجلسی وزرای عیراق بە نامەیەک بەم جۆرەی خوارەوە دووبارە وەزیرەکانی ئاگادار کردەوە:

*«بێگومان بەڕێزتان ئاگاداری ئەو گفتەی سەرەک وەزیران بوون کە لە مجلس مبعوثاندا ووتبووی و رۆژی دواییش لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە.*

*ئەو گفتەی سەرەک وەزیران بریتییە لە سیاستی حکومت کە هەوڵ دەدا لەسەری بڕواو ئیدارەیەک لە ناوچە کوردییەکانا ساز بکا کە کاربەدەست و فەرمانبەران کورد بن و زمانی رەسمی لەو ناوچانەدا کوردی بێت و سەرەک وەزیران رایسپاردم ئاگادارتان بکەم کە ئەو سیاسەتە بگرنە بەر لە هەر کارو بارێکدا پەیوەندیی بەو ناوچانەوە هەبێ».*

ئەو راسپاردەیەی کە لەلایەن عصبە الامموە وەکو بڕیارێک دەرچووبوو عصبە الامم قبوڵی کردبوو بڕیاری لەسەر دابوو لەڕاستیدا شێوەی بڕیارێکی ئاشکرای وەرگرتبوو، بەڵام چ حکومتی بریتانیاو چ عیراق هەردووکیان بەو جۆرە لێکیان نەدابووەوە بەڵکو تەنها بە راسپاردەیەکی رووتیان لەقەڵەم دابوو (وەکو لە باسی داهاتوودا لێی دەدەوێین).

دوور نییە ئینگلیزەکان لای دۆستە کوردەکانیان تەقەلای ئەوەیان دابێ بۆ بەنج کردنی مێشکی خەڵک کە بڵێن ئەمە شتێکە بە تەقەلای ئینگلیز کراوەو جێ بە جێ کراوە بەڵام لەڕاستیدا لە شێوەی رەسمیدا ئینگلیزەکان و دەسەڵاتدارانی عراق بەو جۆرەی بۆ نەدەچوون.

ئەو رۆژانەی ئەو بڕیارەی لیژنەی عصبە الامم دەرچووبوو لەگەڵ قبوڵکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن عـصـبـە الاممەوە بوو بە دەبدەبەیەکی زۆر فـراوان لە زۆر شـوێنی کوردستانداو لەڕاستیشدا وەکو لە باسی چالاکیی نائبە کوردەکان لە پارلماندا لێی دواین دەنگێکی تەواوی دابووەوە...

بۆ نموونە پیرەمێردی شاعر لەو رۆژانەدا دەربارەی ئەو بڕیارانەی عصبە لە شعرێکدا ووتبووی:

*صانعی ئەم ئەرزە ئێمەی خستە ژوور بەغدا بە جێ*

*زۆر بە جێیە، (عصبە) مۆری کرد و ئەم شەقڵەم بەسە*

*وەک غرامەفۆن لە قەشقە، هەو هەوی سوارەی بەبان*

*هەر لە گوێم دێ ئێستەکەش ئەم عەنعەنەو تەپڵەم بەسە*

*ئەو کەسەی خۆی وا لە ژێر خەڵکدا، ئەڵێ: سوارت ئەبم*

*ئەحمەدی سوارەو حمەی خطابم ئەم نەقڵەم بەسە*

مـصطفی پاشـا یامـوڵکیش ئەو رۆژانە کـە لە بغـداد بووەو (٣) ژمـارەی بـانگی کــوردســتــانی لە بغــداد چاپ کــردبوو لـە لاپەڕە (٢)ی ژمــارە (٢.١٤)ی رۆژی ١٥/٢/١٩٢٦دا ئەم مقال و شعرەی بڵاوکردۆتەوە لەو رووەوە:

*«کـاری ئەوروپاییـەکـان راست بێ و صد هزار مـدح و ثنا بو عـصـبـە الامم بێ کـە تیگەیشتـون کـوردەکان بەراستی أنسانن و ترەقی دەکەن و اگـەر هەر وەکو مـەڕیش دیسانەوە شیریان پاکەو قۆچ نادەن لە شوان، پەنیرو ماست و پوست و خوری یان بۆ ئەوروپا فـائدەء هیـە و ضـرری نابیت، مـقـصـد کـوردانیش هەر ئەمـەیە کـە بژین لە کـوردسـتـانی خویانـدا و گـورگ نەیانخوا». لە کـۆتاییـدا بە چەند شـعـرێکی خـۆی کۆتایی پێ هێناوە:*

ئيمه كوردين، دۆستی انگلیزین ئەگەر گوێ لێمه کا
أدعای ئیمه ئەبێ تەسلیمی گورگانمان نەکا
بو ژیانی کوردەواری گیان دەدەین عەیبی نیه
چونکه مەرگی باشەرەف خوشتره له ژینی بلحیه
من کەراماتم نیه، باوکم قسەم بگرن له گوێ
قازو سیسارک له کوێ و سەرپۆپی هەورامان له کوێ»

بەلاّم ئەوەی راستی بێ ئەحمەد موختار جافی شاعر باشتر له پیرەمێردو له مصطفى پاشا یامولکی له عصبه الامم و بڕیارەکەی گەیشتبوو که لەو رۆژانەدا ئەم شعرەی ووتووه که ئەمە چەند دێڕێکێتی:

دێته گوێم دەنگێ بەسۆز و شیوەن و گریانەوه
نالەیی دلّمه له حەسرەت خاکی کوردستانەوه
لانەوازو بیکەس و مەزلوومن ئیستا قەومی کورد
گاه به دەستی تورکەکان و گاه به دەست أیرانەوه
ئیسمی وجدان و عدالت بێ موسەمّایەو درۆ
بۆ سیاسەت ئەم قسه کەوتۆته سەر لێوانەوه
راسته گەر ئیسمي عدالت بوچی مندالانی کورد
وێلّ و سەرگەردان بسوورێنۆ بەسەر کیوانەوه؟!
هینده حیزه بەختی کورد بو کوشتن و تالاّنی یان
کۆمەلّی هاتون به سواری حوشتری پێ پانەوه
حالّی کورد ئیستا له بەینی تورک و ئیران و عەرەب
بیچوه تەیریکه کەوتۆته داوی مندالاّنەوه
ئەم قرارەی (عصبه) وا خەلکی ئەلّین بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتەو قسه ناچیته ناو گیرفانەوه

سەیر ئەوەیە بەرله تەواوبوونی شەڕی جیهانیی دووهەم که ئەلّمانەکان هێزەکانیان چووبوونه خاکی روسیاوەو ئینگلیزەکان ترسیان لێ نیشتبوو که پڕۆپاگاندەی

ئەڵمانەکان سەرو دڵی ئینگلیزەکانی گرتبوو، کوردی داخ لەدڵ بەرامبەر بە ئینگلیز بە دوستایەتیی هەموو کەسێک رازی دەبوو هەر بە مەرجێک دژی بریتانیا بوایە، بۆیە ئینگلیزەکان لەو راستییە گەیشتبوون و بۆ لای لایەی درۆ بۆ کورد دووبارە خۆیان و نۆکەرەکانیان بلاویان دەکردەوە کە دوای وەستاندنی شەڕ کوردیش مافی خۆی دەسگیر دەبێ، لەو رۆژانەدا فایق بێکەسی شاعر بۆ وەرارمی ئەو پرۆپاگاندانە شعرێکی وتوە کە ئەمە چەند دێڕێکیتی:

دەنگ بلاوەو خەلک ئەڵێن ئەم جارە کورد سەربەست ئەبێ
چی ئەڵێن بیلێن، لەلام وایە درۆ و چاوبەست ئەبێ
سەد هەزار جارمان سیاسەت تەجرەبە کردو کەچی
ئێستەکەش زۆرمان بە فیشاڵی وەها سەر مەست ئەبێ
بێت و بەینی (... و ...) زەرەیەکی تێکچی ئیتر
مەسئەلەی کوردایەتی ئەوسا بە جارێ خەست ئەبێ
کەی حقوق ئەدرێ؟ ئەسێنرێ، عەیبە ئیتر تێ بگەن
سەربەخۆیی چۆن نسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبێ؟!
میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندەبێ
نۆکەری هەر خشت بە بالای قەومی دیل و پەست ئەبێ

شێخ سلامی شاعریش دەربارەی خۆلێ کەرکردنی عصبە الامم بەرامبەر بە مافی کورد شعرێکی وتوە کە لە ژمارە (۲۲)ی ساڵی دووهەمی ۱/تموزی/۱۹۳۳دا لە گۆڤاری (هاوار)دا بلاوکراوەتەوە کە ئەمە چەند دێڕێکیتی:

*عصبە الامم، کۆمەڵی گەورە — بە پێچ و پەنا بە فێڵ و دەورە*
*بە جۆش و کوڵ بووێ بۆ کوردی هەژار — ئەت ووت ئەم قەومە ئەکەم رستگار*
*ئەگەر راست ئەکەی هەڵی سوورێنە — بەس بۆ سیاسەت هەڵمانپەرێنە*
*تەریق نابیتۆ تۆ چیت پێ ئەکەن؟ — کوتەکی دەستی مستر (هندەرسەن)*

(هندەرسەن "اندرسن" کە سلام لە شیعرەکەیدا باسی کردووە وەزیری دەرەوەی بریتانیا بووە لە ساڵانی ۱۹۲۹ـ۱۹۳۱دا).

## سێهەم - هەڵوێستی بریتانیاو کاربەدەستانی عراق لە عصبە الامەدا دەربارەی کورد

رەفتاری ئینگلیز لە عصبە الاممدا شتێکی زۆر ئاشکرا بووە کە هەمیشە لایەنگری عراق بووەو هەر ساتێک باسی مافی کورد لە خوارووی کوردستاندا کرابێ لە عصبە الاممدا ئەو باسەی بە سەد پێچ و پەنادا بردووەو دەستی کردووە بە بالۆرە کۆنەکەی کە خستبوویە مێشکی ئەندامانی عصبە الاممەوە کە کورد بەبێ عراق ناژی و جیابوونەوەی کوردستان لە عراق دەبێتە هۆی ماڵ وێرانی و سەرگەردانی بۆ کورد لە رووی ئابووری و بازرگانییەوە.

ئینگلیز کە بە رازی بوونی عصبە الامم کرابوو بە دەوڵەتی (منتدب) مەرجێکی لەسەر دانرابوو کە بە هیچ جۆرێک نابێ پارچەیەک یا بەشێک لەو خاکەی کە (انتداب) دەیگرێتەوە بیدا بە هیچ دەوڵەتێکی بێگانە کە ئەمەی خوارەوە ئەو بڕیارەیە لەو رووەوە کە لە مادە (٤)ی ئینتدابدا باس کراوە:

*«پێویستە دەوڵەتی (منتدب) ئەوە بخاتە بەرچاو کە نابێ هیچ بەشێک لە بەشەکانی میسۆپۆتامیا واز لێی بێنێت و یا بدرێ بە هیچ لایەک یا ببەخشرێ».*

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیز لە سیاستی خۆیدا چۆنی بۆ دەس دابێ بەو جۆرەی کردووەو گوێی نەداوەتە بەڵێن و پەیمان.

بۆ نموونە ئەم چەند دۆکیومەنتەی کە باسی دەکەین ئەو راستییە ئاشکرا دەکا:

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-86- 133 رۆژی ١٩٢٥/٥/٥دا نامەیەکی مندوبی سامیی بریتانیای تیادایە لە تورکیا کە (سێر ر. لیندسای) بووە ناردوویەتی بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی سنووری عراق و تورکیا دەڵێ:

***فقرە ١٣٣** - گەیشتوومەتە ئەوەی کە دەربارەی سنووری عراق و تورکیا لەگەڵ تورکەکانا ناگەینە ئەنجام چونکە ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەودیو سنووری تورکیادان زۆرن و پەیوەندییان بە کوردەکانی ئەم دیوەوە هەیە کە ئەمە دەبێتە هۆی کێشەیەکی هەمیشەیی لەنێوانی بریتانیاو تورکیادا مەگەر عصبە الامم بتوانێت لەو*

رووەوە چارەسەرێک بدۆزێتەوەو بڕیارێکی بۆ دەربکا.

بۆ دۆزینەوەی ئەو چارەسەریە وا پێشنیاز دەکەم واز لە ناوچە شاخاوییەکان بهێنرێ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو هێڵەی (عمادیە ـ سلێمانی) بە مەرجێک ناوچەی سلێمانیش بگرێتەوەو هەمووی بدرێ بە ئێران و ئەو کوردانەی تریش کە لە ژوورووی عێراقدا گوزەران دەکەن دەتوانرێ بخرێنە سەر ئەو کوردانەی کە لە ڕۆژئاوای ئەو هێڵەدا دەمێننەوە.

لام وایە ئەم واز لێ هێنانە بۆ ئێران نابێتە هۆی نیگەرانی و زویربوونی تورک وە بەم هەنگاوە ڕێگە لە زۆربەی بۆڵەو گلەیی تورک دەگیرێ دەربارەی کورد. بەڵام ئەگەر ئەم پێشنیازە بە باش نەزانراو خرایە پشت گوێ وا باشە بۆ دەمکوتکردنی تورکەکان، ئەو ناوچانەی دەکەونە ژوور ڕواندز هەمووی بدرێ بە تورک، بەبیانووی ئەوەی عەشایری نیشتەجێی ئەو ناوچانە پەیوەندییان هەیە بەوانەی لە سنووری تورکیادا دەژین کە لام وایە تورکەکان بەمە بێدەنگ دەکرێن و بەوە چارەسەرێکیش دەدۆزرێتەوە بۆ کێشەی سنوور، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئێرانییەکانا بڕیاری ئەوە بدرێ کە نابێ ئەو ناوچانەی کە دەیدرێتێ بە هیچ جۆرێک بیدا بە عێراق یا بە تورک وە ئەگەر ئەمە سەربگرێ تورک ئەمە بە جۆرە ڕێکەوتنێک دەژمێرێ و لە هەمان کاتدا بەشێکیش دەبێ لەو ڕێکەوتنەی لە (جنیف)دا ساز کراوە. ئەم چارەسەرکردنە باشترین شتێکە ئەگەر سەربگرێ چونکە شتێکی زۆر گرنگ دەبێ بۆ پەیوەندیی نێوان ئینگلیزو تورک وە من وای بە باش دەزانم کە هەر ڕەدی فعلێک دەربارەی ئەوە بێتە پێشەوە هەمووی پشت گوێ بخرێ».

لە دۆکیومەنتی ژمارە E-6132-32-85 ڕۆژی ١٩٢٥/١٢/٦دا نامەیەکی تیادایە کە لە (سێر أستون چمبرلن)ەوە نێرراوە بۆ مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد لەگەڵ کۆپییەک لەو پێشنیازەی کە مندوبی سامیی بریتانی لە تورکیا کردبووی کە لە دۆکیومەنتی بەرلەم دۆکیومەنتەدا لێی دوابووین، ئەو نامەیە دەڵێ:

«سێر أستون چمبرلن فەرمانی پێدام کە کۆپییەک لەو تلگرافەی لە ئەستەمبولەوە هاتووە دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی سنووری عێراق و تورکیا بۆ ئێوەی بنێرم کە

دەویستریٚ رۆژهەلاٌتی هێلّی عمادیە ـ سلێمانی بدریٚ بە ئێران.

٢ـ ئەو پێشنیازەی مندوبی سامیی بریتانیا لە تورکیا لەوەوە پەیدا بووە کە ئەو راپۆرتەی (عصمت ئینونو) دەربارەی ئەو ژمارە زۆرەی کورد کە کەوتوونە بەر بەشی عراق ووتوویەتی:

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کورد دەبێتە هۆی ژانسەرێکی هەمیشەیی بۆ تورکیا ئەگەرچی تورکیاش دەیەویٚ وا خۆی پیشان بدا کە لای مەبەستە چارەسەرێک بدوزرێتەوە.

٣ـ بەلای سێر چمبرلنەوە وایە بەجیٚ هێنانی ئەو پێشنیازە ئێران تووشی شەرپەشەق دەکا هەرچەند ئەو ژانسەرو شەرپەشەقەیان لەوەی تورکیا کەمتر دەبیٚ و نابێتە هۆی نارەحەتی بۆ (بەهائی)یەکان، بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەشدا ئەگەر ئەو ناوچانە بخرێنە سەر ئێران کوردەکان رزگاریان دەبێت لە چەوساندنەوە بەلاٌم دوو کێشەی تر سەر هەلٌدەدا وەکو لە فقرە (٤)و (٥)دا باسیان دەکەین.

٤ـ یەکەم شەرپەشەق ئەوەیە ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن عصبە الامەوە دانراوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردنی کێشەی سنووری تورکیاو عراق، ئەو لیژنەیە وای بە باش زانیوە ئەگەر پێشنیازەکانی بەجیٚ بهێنرێن، ئیتر کێشەی سنوور چارەسەر دەکریٚ، بێجگە لەوە بەستنی ئەو ناوچانە بە ئێرانەوە لەگەلٌ راسپاردەکانی عصبە الامدا یەک ناگرێتەوە بەلاٌم دەبیٚ ئەوەش بزانریٚ ئەو لیژنەیەی کە عصبە الامم ناردبووی بۆ ئەو ناوچانە لە پێشنیازو راسپاردەکانیا ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە کوردەکانی ژوورووی عراق نابیٚ بخرێنە ژێر دەسەلاٌتی حکومتێکی عەرەبییەوە لە بغداد لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیەش بەوە رازی نابیٚ کە ئەو ناوچانە بخرێنە ژێر دەستی ئێرانەوە ئەگەر ئەوە موسۆگەر نەکریٚ کە ئێران حوکمی ئۆتۆنۆمی بدا بە کورد.

٥ـ بڕوا ناکەم کورد بەوە قایل بیٚ کە بخرێتە سەر ئێران بەتایبەتی لەم رۆژانەدا کە پڕۆپاگاندەی (مافی چارەنووس) لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە بووە بە داخوازیی هەموو لایەک لە ناوچەکانی رۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا.

٦ـ بێگومان (سێر لیندسای) نامەی ژمارە (١١٥١)ی رۆژی ١٩٢٥/١١/٣٠ پیٚ

گەیشتووە.

٧- سێر چمبرلن زۆر پێخۆشحاڵ دەبێ ئەگەر ئێوەش سەرنج و تێبینیی خۆتانمان لەم رووەوە بۆ بنێرن، هەروەها (مستەر سکرتری أمیری) حەز دەکا تێبینی و سەرنجی خۆی دەربارەی پێشنیازەکەی مندوبی سامیی بریتانیا لە تورکیا باس بکا.

ئیمزا / لانسیلوت أولیفانت

وەرامی (سـێر هنری دوبس) لەو رووەوە بە شـێوەیەکی نهێنی نێرراوەو لە دۆکیومەنتی ژمارە E.6132-32-85 رۆژی ١٩٢٥/١٢/٦دا دەڵێ:

«حەزم کرد پێشنیازی خۆمتان بۆ بنێرم دەربارەی ئەو پێشنیازە:.

أ- پەرژەوەندی و سوودی عراق ئەگەر ئەو پێشنیازە سەربگرێ:

١- دەربارەی ئاسایش: ئەگەر عراق نەیتوانی دەس بگرێ بەسەر ناوچە شاخاوییەکان و ئەو زنجیرە دەشتانەی دەکەونە رۆژهەڵاتی موصل و هەولێرو کرکوک ئەوا پێویستە بزانرێ کە ئەو ناوچانە دەکەونە بەر هێرشێکی هەمیشەیی کە بۆ بەربەستکردنی ئەو هێرشانە پێویستە پارەیەکی زۆر تەرخان بکرێ (یەعنی لە بەشی رۆژهەڵاتی هێڵی عمادیە - سلێمانییەوە بۆ سەر ئەو پیدەشت و زنجیرانە) کە بێگومان ئێران تواناو دەسەڵاتی نییە رێگا لە هێرشکردنی ئەو بەشەی خۆی بگرێ کە بەمە کێشە لە سنووری ئێران و عراقیشدا پەیدا دەبێت و ئەو هێڵی شمندوفەرەی لە کرکوکەوە بە هەولێردا تێپەڕ دەکاو دەچێتە موصل مەترسیی لێ دەنیشێت کە ئەمە یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە ئیدارەی بریتانیا لە هندستان لە کاتی خۆیدا دەستی بەسەر ئەو ناوچە شاخاوییانەدا گرت.

٢- لە رووی ئابوورییەوە:

رەسمی ئەو تووتنەی کە لە سلێمانییەوە دەچێت بۆ عراق ساڵی نزیکی (٢٠٠) هەزار پاوەن بۆ عـراق پەیدا دەکـا لەبەر ئەوە بەسـتنی ئەو لایە بە ئێرانەوە دەبێتـە هۆی لەکیس چوونی دەرامەدێکی زۆر گەورە.

٣- لە رووی سیاسییەوە:

نوێنەرە کوردەکان لە پارلماندا بەشێکی گرنگ پێک دەهێنن لە رووی سیاسییەوەو هەمیشە لایەنگری ئەوەن پەیوەندیی عێراق و بریتانیا بەهێزتر بێت، لەبەر ئەوە دوورخستنەوەی ئەو نوێنەرانە لە پارلماندا زیانێکی زۆری دەبێ، بێجگە لەوە بەبێ بوونی ئەو کوردانە لە پارلمانی عیراقدا شیعەکان ژمارەیان زۆرتر دەبێ کە ئەمە دەبێتە هۆی ناڕازی بوونی (سوننی) بەرامبەر بە شیعە ووشک و کەللەرەقەکان کە لەلایەن عالمە ئاینییەکانیانەوە دەبرێن بەرێوە.

ب ـ لە بارەی سەرنجی کوردەوە:

کوردەکان هەموو ئایندارن و ئێران شیعەیە، بەو کوردانەشەوە کە لە سنووردا دەژین جگە لە چەند عەشایرێکی کەمی کورد نەبێ کە سوننین و هەندێکیان نیواو نیون ئەوانی تر هەموو شیعەن (مەبستی لە کوردی ئێران بووە کە لێرەدا زۆر بەهەڵەدا چووەو کورد لە ئێران سونییەکەی زۆرترە لە شیعە)، لەبەر ئەوە کورد خۆیان بەکوشت دەدەن و ناچنە ژێر دەسەلاتی ئێرانەوە (نیازی لەو کوردەیە کە دەکەوێتە رۆژهەلاتی هێلی سلێمانی و عمادیە) جگە لەوە ئەگەر ئەمە بکرێ کوردەکان ئەمە بە نەخشەو پلانێکی ئینگلیز دادەنێن لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان لە پارلمانی عیراقدا هەمیشە لەگەڵ ئێمەدان.

بەو جۆرە جیاکردنەوەی ئەو کوردانە لە دەسەلاتی کمالییە رەگەزپەرستەکان و بستنەوەیان بە ئێرانەوە کە ئەویش هەر وەکو تورک رەگەزپەرستەو دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی چەکی کوردەکان هەر ئەو سیاسەتە بەکار دەهێنێت کە شۆڤێنییەکانی تر بەکاری دەهێنن ئەگەرچی رەنگە ئێران ئەو دەسەلات و توانایەی تورکی نەبێت کە بەتەواوی وەکو تورکەکان دەیکەن ئەوانیش دەربارەی کورد بیکەن، بەو جۆرە ئەمانە هەمووی دەبنە هوی نائارامی و کێشەیان لێ پەیدا دەبێ.

ج ـ لە رووی سەرنجی تورکەکانەوە:

نیازو مەبستی تورک بەرامبەر بە کورد زۆر ئاشکرایەو دەیانەوێ ئەو دیوارەی کە کەوتۆتە نێوانی تورکیاو ئازربایجانەوە بی رووخێنن و لەناوی ببەن کە (ئازەری) خۆیان بە تورک دەزانن و ناوچەی ئازربایجان لای تورکەکان زۆر گرنگەو دەیانەوێ

دەستی بەسەرا بگرن و دەیانەوێ بگەن بە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکەیان کە (پان تورکیزم)ە. مصطفی کمال بە هیچ جۆرێک گوێ ناداتە ئێران و بۆلشەویکی پشت گوێ خستووە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بالیۆزەکەیان لە تاران بە ئاشکرا داوای گفت و گۆ دەکەن بۆ ئەوەی ئازربایجان بدرێ بە تورکیا.

لەبەر ئەوە بەستنی ئەو بەشەی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هێڵی عمادیە ـ سلێمانی کە تا رادەیەک تورکیا لە ئازربایجان جیا دەکاتەوەو بەستنی بە ئێرانەوە دەبێتە هۆی پیدابوونی قەڵایەکی پتەوتر لەنێوانی تورکیاو ئازربایجاندا، لەبەر ئەوە بڕوا ناکرێ تورک بە هیچ جۆرێک بەوە رازی بێ و هەرچۆنێک بێ هەر ئەوە بە باشتر دەزانن کە ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی عراقدا بێ و نەدرێ بە ئێران.

گومان و ترسی راستییی تورکەکان لە ئێمە لەوەدایە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە حکومتێکی سەربەخۆ بۆ کورد دامەزرێنرێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەوە من ئیمڕۆ لە عراقدا تەقەلای ئەوە دەدەم هەستی نەتەوایەتیی کورد کەم بکرێتەوەو هەمیشە کوردەکان لە هەستی نەتەوایەتی دوور بخرێنەوەو ئەوەیان بەمە لەبیر بچێتەوە کە دەزگای بەڕێوەبردنی کوردستان بخرێتە سەر عراق.

ئێستە هەستی نەتەوایەتیی کورد لە ناوچەکانی عمادیەو رواندزدا کەم بۆتەوەو ئەو تەوژم و گوڕەی پێشووی نەماوەو دامرکاوەتەوە، لە سنووری رۆژهەڵاتەوە هەر لە رواندزەوە هەتا هەڵەبجە هێواش بۆتەوە، ئەگەر شێخ مەحموودی هارو هاج و شێت لەناو ببرێت ئەوا هێواش تریش دەبێتەوە.

تاقە ئیمتیازێک کە ئێستا کوردەکان هەیانەو دەیانەوێ هەیانبێ بریتییە لە ئیدارەیەکی باش و رێک و پێک و دامەزراندنی چەند کاربەدەست و فەرمانبەرێکی کورد لە ناوچەکانیانا.

ئێستە کوردەکان شان بە شانی عەرەبەکان لە قوتابخانەکانا دەخوێنن و وا باشە لە ناوچە کوردییەکانا کە هەموویان کوردن نامەنووسین لە کارو باری رۆژانەدا بە کوردی بێ و دائرە سەرەکییەکان پەیوەندییان لەگەڵ مرکزدا بە عەرەبی بێت. پێویستە سکاڵا (عرض و حال) بە کوردی پێشکەش بکرێت کە ئەمانە هیچیان مانای حوکمی

*ئۆتۆنۆمی ناگرێتەوە، بەو جۆرە ئیدارەیەکی توندو تۆڵ و ڕێک و پێک کە کورد بە عراقەوە ببەستێتەوە نەخشەی بۆ کێشراوەو حسابەکەی خراوەتە بەرچاو.*

*لام وایە ئەگەر ئەم مەبەست و ڕاستییانە بە شێنەیی بۆ تورکەکان روون بکرێتەوەو ئێمەش لە سیاسەتی دەرەوەمانا بۆ ئەوە تێ بکەوشین لام وایە تورکەکان لەو مەبەستەی ئێمە دەگەن و بێدەنگ دەبن و ئەم هەڵوێست و بارە کە ئێستا بەرامبەر بە کورد هەیە ئەو مەبەستەش دەهێنێتە دی کە مستر (ر.أمیری) لە جنیڤدا بەڵێنی دابوو دەربارەی بەجێ هێنانی خواستی کورد »*

ئیمزا / H. Doobs ‏١٩٢٥/١٢/٦

بەڕاستی لەدوای خوێندنەوەی فقرە (ج)ی ئەو دۆکیومەنتە وورده وورده هەندێ شت بۆ مرۆڤ روون دەبێتەوە کە بەداخەوە ئەو سەرگەرمییەی بە ناوی عراق و عراقچێتییەوە تا ئێستە کراوەو دەکرێ و ئەو سنوورەی کە ئیمپریالیزم و داگیرکەران بۆ کوردیان داناوەو ئەو جۆرە کەسە ئەوە بە سنوورێکی هەمیشەیی و نەگۆڕپراو دادەنێن، هەتا ئێستە ئەو تەقەلایە بەشێک بووە لەسەر گرتن و بەجێ هێنانی ئەو نەخشەیەی کە سیاسەتمەدارانی ئینگلیز دەربارەی کورد کێشاویانەو بەداخەوە هەتا ماوەیەک بە ناوی بیرو باوەڕەوە مێشکی کوردی پێ بەنج کرابوو (کە دروشمی فلتسقط الانفصالیه شێوەیەک بووە لەوە) کە لەڕاستیدا ئەو تەقەلایە خزمەتێکی گەورەی بۆرجوازیی عەرەبی کردووە.

لە دۆکیومەنتێکی تردا دەربارەی گزی و فزی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد لە عصبە الامەدا ژمارەی دۆکیومەنت (No.G.4306 (C.O.730-92 ڕۆژی ١٩٢٦/٢/١٠ (یەعنی لەدوای (٣،٥) ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو بەیانە دووقۆڵییەی عراق و بریتانیا کە لە ١٢/٢٢/ی ساڵی ١٩٢٢دا بۆ چاوبەست بڵاوکرابووەوە مندوبی سامی لە بغداد ڕاپۆرتێکی ناردبوو بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادەڵێ:

*١ـ بۆ وەرامی تلگرافی ژمارە (٥٢)ی ڕۆژی ١٩٢٦/١/٢٧تان و ئەو یاداشتانەی لەلایەن وەزارەتی مستعمراتەوە بۆ عصبە الامم ئامادە کراوە دەربارەی سنوور کە وێنەیەکی بە هۆی (سێر جون شیک بورگ)ەوە بۆ ئێمە نێرراوە.*

٢. سەرنجم دا کە عبارەتی حوکمی محلی(ئیدارەی محلی) *Local Administration* زۆر جار لە یاداشتەکان و راپۆرتەکانی وەزارەتی مستعمراتدا ناوی هاتووە دەربارەی کوردستان.

ئەو عبارەتە لەلایەن لیژنەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی عصبە الامەوە کە نێررابوو بۆ ویلایتی موصل ناوی هاتووە لە ١٩٢٥/٢/١٦دا کە لە دوای ئەوە یەکسەر بە عبارەتی *Local Administration* ەوە ناوی هێنراوە. هەتا بەهاری ١٩٢٣ بڕیار بوو ئۆتونومیی محلی *Local Autonomy* بدرێ بە کورد بەڵام دەرکردنی حامیەی تورک لە رواندز لە ساڵی ١٩٢٣دا، ئەنجامی ئەو داگیرکردنە زۆر گۆڕینی هێنایە ئاراوەو ئاسایش و ئارام و تێرو تەسەلی لەناو خەڵکدا وای کرد کە ئیتر پێویست بە ئۆتۆنۆمی نەکا بۆ کورد (لەڕاستیدا ئەمە کاکڵەی سیاستی ئینگلیز بووە برامبەر بە کورد). سلێمانی ئێستە بێدەنگە (ئەو رۆژانە بووە کە شێخ مەحموود بە زەبری فرۆکە ناچار کرابوو سلێمانی بەجێ بێڵێت و روو بکاتە سەر سنوور)و چاودێری کردن و بەڕێوەبردنی کارو باری سلێمانی لەلایەن بغدادەوە بووە بە شتێکی ئاسایی و نزیک بوونەوەیەکی تەواو پەیدا بووە لەنێوانیانا لەگەڵ بغداد لەبەر ئەوە جارێکی تر بیرکردنەوە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بە شتێکی راست نازانرێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە عەشایرەکان جارو بار گوێ بۆ خوێندەوارو رۆشنبیری کورد شل دەکەن و داوای ئەوە دەکەنەوە کە داخوازییەکانی کورد بخرێتە بەرچاو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو داخوازییە شتێکی گشتی نییەو لە هەموو لایەکەوە داوا ناکرێ، بۆیە تکا دەکەم لەمەودوا لە کاتی ناوبردنی کوردستان و عێراقدا واز لە بەکارهێنانی عبارەتی (حوکمی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی) بهێنرێ و بە هیچ جۆرێک ناوی نەبرێ چونکە ناوهێنانی شتێکی ترسناکەو دەبێتە هۆی شڵەژاندن و تێکچوونی شیرازەی زۆر شت و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو عبارەتە لە مراسلاتی رەسمیشدا چ لەگەڵ حکومتی عراقداو چ لەگەڵ عصبە الامدا بەکار بهێنرێ کە ئەمە لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا یەک ناکەوێ کە حکومتی صاحب الجلالە دەیەوێ لەسەری بڕوا.

٣. لە تلگرافەکەتانا داواتان کردبوو باسی ئەو کارو بارە بەجێ هێنراوانە بکەم

دەربارەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان. من بەرامبەر بەوە وا پێشنیاز دەکەم بەو هەموو بڕیاراندا بچنەوە کە هەتا ئێستە دەربارەی کوردستان دەرچووبوو و بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدرێتە ئەو بەیان و بڕیارانەی کە باسی ئۆتۆنۆمیی کوردستانیان تیادا کراوە، وە بۆ ئەوە بە پێویستی دەزانم بەو بڕیارانەدا بچنەوە کە لە بەهاری ۱۹۲۳دا باس کرابوو وە بەوەشدا بچنەوە کە لەلایەن عصبە الامموە باسی لێ کراوە بەڵام هەتا ئێستە بڵاونەکراوەتەوە.

دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

ئەو شتانەی کە لە کاتی خۆیدا بڕیاری لەسەر درابوو بریتی بوون لە:

أ. ئەوەی کە لەو دۆکیومەنت و تلگرافانەدا کە لەنێوانی چرچڵ و سێر پرسی کۆکسدا ئاڵ و گۆڕ کرابوو کە لە کاتی خۆیدا بە دوورو درێژی لە کۆنگرەی قاهرەو لەندەندا باس کرابوو لەناو دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-6340 رۆژی ۱۹۲۱/٦/۲۱.

ب ـ ئەو بەیانە دووقۆڵییەی کە لەلایەن حکومەتی بریتانیاو عێراقەوە دەرچووبوو کە لە تلگرافی ژمارە (٦٧٦)ی رۆژی ۲۸/ ۱۹۲۲/۱دا بە دوورو درێژ باس کراوە (ئەو بەیانە هەرچەند لەو تلگرافەدا کە لە ۲۸/ ۱۹۲۲/۱دایە باس کراوە بەڵام بە شێوەیەکی رەسمی لە ۱۹۲۲/۱۲/۲۲دا بڵاوکراوەتەوە کە پێی ووتراوە بەیانی کریسمس).

ج ـ ئەو بڕیارەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە لە ۱۱/تموزی/۱۹۲۳دا دەرچووبوو کە ووتبووی:

۱ـ حکومەتی عێراق هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچە کوردییەکانا دانانێت مەگەر تەنها (فنّی) نەبێ.

۲ـ نابێ دانیشتوانی کورد وا لێ بکرێ کە بەزۆر زمانی عەرەبی لە کارو باری رەسمیدا بەکار بێنن.

۳ـ پێویستە مافی دانیشتوان لە ناوچە کوردییەکانا بپارێزرێ لە رووی ئایین و کۆمەڵایەتییەوە.

لە دۆکیومەنتەکەدا دەڵێ:

*ئەم بەیانەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە شێوەیەکی رەسمی بلاْونەکرابووەوەو بڕیار وابوو ئەگەر کێشەیەک لە کوردستاندا روو بدا لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەردا ئەوسا ئەو بەیانە بخرێتە بەرچاو بەلاّم لەبەر ئەوەی لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەردا لە عێراق هیچ هەراو پشێوییەک رووی نەدا لە کاتی هەڵبژاردندا بۆیە ئیتر پێویست بە بەجێ هێنانی ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران نەما بەتایبەتی دوای تەواوکردنی عملیاتە عسکرییەکان (مەبەست لە داگیرکردنەوەی سلێمانی و رواندز بووە).*

راپۆرتی ناو دۆکیومەنتەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*تەنها ماوەتەوە سەر ئەوەی کە عصبە الامم دەسنیشانی کردبوو کە چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەوەش پشت گوێ بخرێ.*

مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد دەربارەی ئەوە دەڵێ:

*لە ۱۹۲٦/۱/۹دا سەرەک وەزیرانی عراق نامەیەکی بۆ ناردم دەربارەی پرسیارێک کە لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پارلمانی عـراقـەوە کـرابوو، وەرامی من ئەوەیە لەو ئاهەنگەی بۆ مۆرکردنی پەیمانی تازەی بریتانیاو عراق کرا، بە هەلم زانی هەندێ قسەم کرد کە قسەکانم لە رۆژنامەی (بغداد تایمس)دا بلاْوکرایەوەو رۆژنامە ناوچەییەکانیش بلاْویان کردەوەو لێی دوان.*

لە دۆکیومەنتەکەدا دەربارەی زمانی کوردی و بایەخ پێدان لە ناوچە کوردییەکانا دەڵێ:

*لەپێش شەڕی جیهانیدا زمانی کوردی بەکار نەدەهات نە بۆ شتی رەسمی نە بۆ شتی تایبەتی و تەنها چند شاعرێک بەکاریان دەهێناو زمانی کوردی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەس کرا بە بەکارهێنانی لە کارو باری رەسمیدا، جاران تورکی و فارسی و عەرەبی بەکار دەهێنراو ئێستەش زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکانی موصلدا بەکار ناهێنرێ».*

لەڕاستیدا لێرەدا دەتوانین باسی دوو هەڵوێست بکەین بۆ روونکردنەوەی سیاستی بریتانیا لەو ڕووەوە:

**یەکەم** ـ ئەوەی لەو دۆکیومەنتەدا ووتراوە دەربارەی بەکارنەهێنانی زمانی کوردی عەزیز الحاج لە کتێبەکەیدا(٤٠) نان و پیازێکی پێوە خواردووەو ووتوویەتی بووژانەوەو بایەخدان بە زمانی کوردی چاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عراق کە لەچاو بەشەکانی تری کوردستاندا بایەخێکی زۆری داوە بە زمانی کوردی (کە ئەوەی لەو دۆکیومەنتەوە وەرگرتووە). بۆ وەرامی ئەوە لە باسی رۆژنامەی (پێشکەوتن)دا کە مێجەر سۆن لە سلێمانیدا دەری دەکرد دوای ئاوارەبوونی شێخ مەحموود بۆ هندستان لە ١٩١٩دا بە دوورو درێژ باسی ئەوەمان کردبوو کە بۆچی ئینگلیزەکان بایەخیان دابوو بە بووژانەوەی زمانی کوردی کە پێویست ناکا لێرەدا هەمووی دووبارە بکەینەوە کە بێگومان مەبەستیان لەوەدا شتێکی ئاشکرا بووە. راستە زمانی کوردی بە هۆی کەمتەرخەمیی کوردەوەو بە هۆی دواکەوتنی خوێندەواری و پلەی رۆشنبیری و شارستانیەتییەوە وای لێ هاتبوو کە زۆر ئاڵۆزکاو بووەو پڕ بووە لە ووشەی بێگانە، بەڵام هەر زمانی کوردی نەبووە کە بەو جۆرەی لێ هاتووە، بەڵکو زمانی فارسی و تورکیش هەر یەکە لە قۆناغێکدا بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە ووشەیەکی زۆری عەرەبیی لەناویانا بڵاوبووەوەو تێ هەڵکێشی زمانەکەیان بووەو لەدواییدا ئەوانیش هەر وەکو زمانی کوردی لە ووشەی بێگانە بژاریان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی شانازییە کە لەگەڵ ئەو هەموو بەسەرهاتانەشدا توانرا رەسەنیی زمانەکە بپارێزرێ و ئیمڕۆ گەیشتۆتە بارو دۆخێکی زۆر باش.

**دووهەم** ـ ئەوەی لە دۆکیومەنتەکەدا ووتراوە کە ناوچە کوردییەکانی موصل زمانی کوردی بەکار ناهێنن، لەوەدا ئینگلیزەکان خۆیان تاوانێکی زۆر گەورەیان هەبووەو لەڕاستیدا ئەو رووکەشەی کە دابوویان بە بایەخدان بە زمانی کوردی تەنها لە ناوچەی سلێمانیدا رێگە بە چالاکیی رۆشنبیری و زمانی کوردی درابوو لە شوێنەکانی تردا هەر خۆیان خەڵکیان هان دەدا لە یەک دووربن و پێکەوە نەلکێن و زمانی کوردی بەکار نەهێنن.

ئەوانەی شارەزای ئەو رۆژانەن کە ئەو دۆکیومەنتەی تیادا نووسراوە باسی ئەو

راستییەیان بۆ دەکردین. بۆ نموونە: توفیق وەهبی کە زمانەوانێکی زۆر شارەزا بووەو بایەخێکی زۆری داوە بە زمانی کوردی و بە پوختەکردنی زمانی کوردی جارێک بۆی گێڕامەوە ووتی:

*«کە بڕیار درا زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکانا لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، لە بادینان هەندێ کەسی بێ مێشکی ناوچەگەری خۆپەرست بۆ ئەوەی خۆیان لە موصلاوییە عەرەبەکان نزیک بکەنەوە، کە وەفدێک چوو بۆ ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی بزانرێ ئایا دەیانەوێ بە کوردی بخوێنن یا نا، تاقمێکیان دروشمێکیان هەڵکردبوو بە عەرەبی و نووسیبوویان نامانەوێ منداڵەکانمان بە کوردی بخوێنن و توفیق وەهبی بەپێکەنینەوە ناوی زەلامێکی هێنا کە یەکێک بووە لەوانەی ئەو ڕۆژانە قوتابی بووەو ئەو دروشمەی هەڵگرتووە بە شان».*

زۆر سەیرە هەر ئەو زەلامەی توفیق وەهبی بۆی باس کردم کە دوکتۆرەو ئیمڕۆ لە ئینگلتەرەیە شتێکی کوردیی بە پیتی لاتینیی چاپ کردو بڵاوی کردەوەو لەگەڵ نامەیەکدا کە بە عەرەبی بۆی نووسیبووم دانەیەکی بۆ ناردبووم بۆ کڕین کە لەگەڵ ئەوەشدا سوور دەزانم بە کوردی هەر وەکو من دەزانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە یا هەر هیچ نەبوایە بە پیتە لاتینییەکە (کە لەڕاستیدا تورکییە) نامەکەی بۆ بناردمایە باشتر بوو.

بێجگە لەوانە هەمووی ئەو ناڕاستییەی کە لەو ڕاپۆرتەی بریتانیادا باس کراوە تەنها بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی بریتانیا بۆ عصبە الامم ڕوون بکاتەوە کە بەرامبەر بە کورد درێغیی نەکردووەو ئەوەی پێویست بوو بێت کردوویەتی وە ئەم ڕاستییە لەوەدا دەردەکەوێ کە لە فقرە (١٧)ی ڕاپۆرتی ناو دۆکیومەنتەکەدا دەڵێ:

*«ئومێدەوارم ئەمانە بکرێ بە ڕاپۆرتێک و بدرێ بە عصبە الامم و بۆیان ڕوون بکەینەوە کە ئێمە تا چ ڕادەیەک ئەو مەرجانەی لەسەرمان بووە دەربارەی میللەتی کورد بەجێمان هێناوە».*

لە فقرە/١٨ی هەمان ڕاپۆرتدا دەڵێ:

*«حەز ناکەم وابزانرێت کە ئێستە کەس داوای ئۆتۆنۆمی ناکا بۆ کورد، چونکە مادە*

(٣)ی بڕیاری عـصبـه الامم وای له زۆر کـورد گـەیاندووه کـه بیـر لەو داخـوازییـه بکەنەوه هەتا عـەرەبەکـانیش هەر وای بۆ چۆون و لایان وایه بریتـانیـا لایەنگری کـوردەو حەز دەکـا سەربەخـۆیی کـورد جیٚ بە جیٚ بکریٚ. هێشتـا هەندیٚ کـورد بە خەیاڵی خۆیان بەتەمای نیمچە سەربەخۆییەکن لەناو چوارچیٚوەی عـراقدا، کە ئەم بیرلیٚ کردنەوەیە هەمووی بە هۆی ئەو مادە (٣)یەوە پەیدا بووەو من وەکـو مندوبی سامی، ئاگاداری ئەوە کراوم کە کریستیانەکانی ناوچەی موصل تشجیعی بیری دامەزراندنی (مقاطعـەی کـوردسـتـان) دەکەن Kurdish Enclave ، کـه رەنگـه کریستیانەکان بیر لەوە بکەنەوە کە لە شوێنێکی وا بچووکدا (خوارووی کوردستان) رەنگە زۆرتر دەسەڵاتیان ببێت وەک لەوەی لەگەڵ عراقدا بن. بەڵام بەلای منەوە لەم کـاتەدا هیچ داواکـردنێکی گـەرم و گـوڕ نییـه بۆ حـوکـمی ئۆتۆنۆمی. من زۆر بە دووری نازانم کـه لەدوای بەرپابـوونی ئاسـایش و تێرو تەسـەلی خـەڵک وە بڵاوبوونـەوەی خوێندەواری و روشنبیـری لە هەمـوو عـراقـدا ئەوسـا دووباره کـورده قـەومییـەکـان سەر لە نویٚ داوای جۆرە ئۆتۆنۆمییەک دەکەن، بەڵام بەبیردا نایە کە نەوەی دوارۆژی کورد بە چاوی خۆیان ئەوەی لە سیڤەردا دەسنیشان کرابوو ببینن یا بێتـه دی کـه بریتی بوو له United Kurdish State (حکومتی کـوردستـانی یەکگرتوو).

من (مندوبی سامی) بە مجازەفەی نازانم کە بڵێم و سووریم لەسەر ئەو بۆچوونەم کە هەر تەقەلایەک بۆ زیندووکردنەوەی باسی دروست بوونی مقاطعەی کوردستان لە شێوەی شبه ئۆتۆنۆمیدا Semi Autonomous Enclave لە چوارچێوەی عـراقدا نەک هەر شتـێکی (اصطناعی..یا مـزیّف)ەو پێویست بەوە ناکـا بەڵکو دژی ئارەزووی عراقیش دەبێت بە شێوەیەکی گشتی و دژی سوودو پەرژەوەندیی کورد دەبێت.

دووبارەکـردنەوەی باسی بڕیاری عـصبـه الامم لەم ڕووەوە هانی ئەوە دەدا کـه بە خۆڕایی دووباره حـەساسیـەت و هەڵپەو پەلەقـاژەیەک پەیدا ببێتـەوە لەناو کـورده قەومییەکاندا، بۆیە بە شتێکی ترسناکی دادەنێم ئەگەر چاو بە بڕیاری عصبه الاممدا نەخشێنرێتەوە لەو ڕووەوە.

لەبەر ئەو هۆیانەی کە روونم کردنەوە بەپێویستی دەزانم سیاستی حکومتی خاوەن شکۆی بریتانیا ئاشکرا بکرێ لە کۆبوونەوەی داهاتووی عصبە الامماو حکومتی عراق لەوە دڵنیا بکرێ کە هەموو جم و جوڵێکی کورد کپ و خامۆش دەکرێ و هەڵوێست بەرەو باشی دەڕوا. لەڕاستیدا ئێستە رۆشنبیرانی کورد لە جاران کەمتر بیر لە ئۆتۆنۆمی دەکەنەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت حکومتی عراق بایەخ دەدا بە پێشکەوتنی ناوچە کوردییەکان.

زۆرکردن و رێ خۆشکردن و ئاسانکردنی خوێندەواری و رۆشنبیری و باشکردنی رێگاو بان لە کوردستاندا زۆر شتێکی پێویستن و من زۆر لە حکومتی عراق دەکەم و هانیان دەدەم کە ئەوە بخەنە بەرچاویان و جێ بە جێی بکەن.

لە فقرە ١٩- ی ئەو راپۆرتەدا دەڵێ:

پێشنیاز دەکەم دوافقرەی تلگرافەکەتان دەربارەی مادە (٤)ی بڕیاری عصبە الامم بە تلگرافی جیا بە جیا چارەسەر بکرێ.

لەگەڵ رێزو سلاوم

ئیمزا/ B.H.Bourdillon

High Commissioner For Iraq

**پاشکۆی ژمارە ١**

ئەو راپۆرتەی پێشوو کە بریتییە لە گفت و گۆی نێوانی سەرەک وەزیرانی عراق و مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد لە ١٩٢٦/٤/١٢ بە ئامادەبوونی وەزیری مستعمرات.

پرسیاری سەرەک وەزیرانی عراق:

هەندێ هەواڵ وا دەگەیەنێت کە حکومتی بریتانیا بیر لەوە دەکاتەوە کە حوکمی ئۆتۆنۆمی بدرێ بە لیواکانی کورد، بۆیە دەمانەوێ بزانین ئایا ئەوە راستە یا نا؟

وەرامی مندوبی سامی:

لە کۆتایی شەڕی جیهانیدا حکومتی بریتانیا بڕیاری دامەزراندنی حکومتێکی ئۆتۆنۆمیی دا بۆ کوردستان کە لە هەموو عەشیرەتەکانی ناوچەی (ئەنادول)و

خوارووی کوردستان پێک بێ و هەندێ لە ئەفسەرەکان بەتایبەتی مێجەر (نویل) زۆر سەرگەرم بوو بۆ پێک هێنانی ئەو ئۆتۆنۆمییە.

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، لە پەیمانی سیڤەردا بڕیاری لەسەر درابوو، هەتا ساڵی ١٩٢٢ هەندێ لە کاربەدەستانی بریتانیا کە لە عێراقدا بوون لەسەر ئەوە بوون کە ئۆتۆنۆمی لە خوارووی کوردستان پێک بێت بەڵام لە چوارچێوەی عێراقدا بێ، هەرچەند مندوبی سامی هەمیشە روونی دەکردەوە کە بەجێ هێنان و سەرگرتنی ئەوە شتێکی زۆر گرانە چونکە کوردستان زۆر دوورە لە بنکەکانی بریتانیاوە British Bases و دووریشە لە دەریاوە، بێجگە لەوە پێک هێنانی ئەو ئۆتۆنۆمییە دەبووە هۆی ئەوەی سیاسییە عەرەبەکان لە ئێمە بکەونە گومانەوەو ئەمەش لەوەوە هاتبوو کە وا چووبوە مێشکیانەوە کە بریتانیا دەیەوێ بنکەیەکی هەمیشەیی و تایبەتیی خۆی هەبێ لە شمالی عێراقداو هانی کوردەکان دەدا جیابن لە عێراق و لەژێر سایەی بریتانیادا بێ. لە سلێمانیدا ئەوانەی داوای جیابوونەوە دەکەن (أنفصالی) هێشتا ئومێدیان بە شێخ مەحموود ماوە لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر خۆ و بە (حەزەر)ەوە لەگەڵیانا بجووڵێینەوە.

مندوبی سامی (نیازی لە مندوبی سامیی بەرلەخۆی بووە) لە هەڵوێستیا وای بەباش زانیبوو کە ناچاربێ لەو قۆناغەدا دژی ئارەزووی عێراق بوەستێت لە هەڵکردنی ئاڵای عێراقدا لە سلێمانی وە یا دانانی کوردێک کە سەر بە عێراق بێت لەوانەی کە لە بغداد دادەنیشن و مندوبی سامی لەوەدا مەبەستی ئەوە بووە لەو قۆناغەدا هەستی کوردەکان نەشکێنرێ و ئەو کارە نەبێتە هۆی دواخستنی سەرگرتنی ئارام و ئاسایش و یەکگرتنی هەردوو نەتەوەکەی عێراق کە عەرەب و کوردن. بەڵام ئەگەر دان بە خۆدا بگیرێ، هەموو شتێک جێ بە جێ دەکرێ و تەنها شتێک هەیە کە پێویستە لەو رووەوە بوترێ ئەویش ئەوەیە کە سیاسییەکانی عەرەب هەرچەند زۆر سەرگەرمن بەرامبەر بە هەستی نەتەوایەتیی خۆیان کەچی بەلایانەوە شتێکی زۆر سەیرو گرانە کە قەومییەتێکی تر ئەو هەستەی هەبێ بەرامبەر بە نەتەوایەتییەکەی خۆی کە چارەسەرکردنی ئەوە پێویستیی بە لەسەرخۆیی و پێویستی بە کات هەیە.

*لەگەڵ ئەوەشدا مستر M.Amery دەتوانێ سەرەک وەزیرانی عـراق دڵنیا بکا کە سیاستی بریتانیا لەو رووەوە روون و ئاشکرایە بەرامبەر بە شمالی عـراق و حکومتی بریتانیا ئاواتەخوازی ئەوەیە بە زووترین کات یەکگرتن و یەک بوون Fusion هەبێ لەنێوانی کوردو عەرەبداو (مستر ئەمیری) ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتەی پەسەند کرد».*

**پاشکۆ- مرفقی - ژمارە ٢-**

ترجمـەی نامـەی ژمـارە (٦٦)ی رۆژی ١٩٢٦/١/٩ کـە لەلایەن سـەرۆک وەزیرانی عراقەوە نێرراوە بۆ مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد:

*«چەند رۆژێک لەمەوبەر لە مـجلسی نوابدا مندوبەکـان داوایان لێ کـردم راپۆرتێک ئامادە بکەم دەربارەی ئەو مەرجانەی پەیوەندییان بە مادەکان (٣و٤) لە بڕیارەکانی عصبە الاممەوە هەیە دەربارەی ژووررووی عراق.*

*لەبەر ئەوەی دوور نییە گەلێ پرسیاری تری لەو جۆرەش بکرێ لە مجلسی نوابدا، بۆیە پێخـۆشـحاڵ دەبم ئەگەر بە ئاشکراو بە زووترین کـات ئەو مـەرجانەم بۆ روون بکەنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پرسیارکردندا بەپێی ئەوە وەرام بدەمەوە.*

*ئەوەی کـە زۆر گـرنگەو لای من مـەبەسـتـە ئەوەیە کـە بزانم ئایا مـانای ووشـەی Measures چی دەگـرێتـەوە (لە بلاْوکـردنەوەی توصـیـەی عـصـبـە الاممدا بە ئینگلیـزییـەکەی ئەو ووشـەیە ناوی هاتووە) کـە دەڵێ: بۆ ئەوەی کـوردی عـراق گەرەنتی (ضمان)ی هەبێ لە بەڕێوەبردنی کارو باری ناو خۆیداو ئەو دواراپۆرتەی کە عـصـبە الامم دەربارەی لیـژنەی تحـقـیقی عصـبـە نێررابوو بۆ ویلایتی مـوصل کـە ووتوویەتی:*

*«پێویستـە مـافی کوردو ئیمـتـیازی کـورد لەوە زیاتر بێ کە ئێستـە هەیانەو پێیـان دراوە».*

**پاشکۆ - مرفق ٣ -**

نامـەی مندوبی سـامیی بریتـانیـا لە بغداد ژمـارە P.O.8 رۆژی ١٩٢٦/١/١١ بـۆ سەرەک وەزیرانی عراق:

١ـ نامەی ژمارە (٦٦)ی رۆژی ١٩٢٦/١/٩ تانم وەرگرت دەربارەی مادە (٣و٤)ی عصبە الامم و پەیوەندیی سنووری تورکیاو عراق.

٢ـ راپۆرتێکی روون و ئاشکرا دەربارەی سیاستی بریتانیا بەرامبەر بە کوردستان لەلایەن Sir Henry Dobbs ەوە ئامادە کراوە وە لەلایەن مستەر (ئەمیری)یەوە پەسەند کراوە دەربارەی ئەو گفت و گویەی ١٩٢٥/٤/١٢ کە لەگەڵ یاسین هاشمیی سەرەک وەزیراندا کرابوو.

دەتوانم سیادەتتان دڵنیا بکەم کە حکومتی خاوەن شکۆمان بە هیچ جورێک لەو سیاسەتەی خۆی لای نەداوە وە بە هیچ جۆرێک مادە (٣)ی بڕیاری عصبە الامم کاری نەکردۆتە سەری و قەناعەتی وایە کە ئەو کارانەی حکومت لە ناوچە کوردییەکانا دەیکاو هەر وەکو لەلایەن لیژنەی پشکنینی سنووریشەوە داوای بەجێ هێنانی کرابوو پێویستە ئەوانە بە شێوەیەکی رەسمی بڵاوبکرێتەوەو حکومت لەسەری بروا بۆ تەواوکردنی ئەو کارانە.

رەنگە پێویستی هەبێ و ئەوە بە باش بزانرێ کە ئەو اعلانە لە رێگای دەرچوونی بڕیارێکی پارلمانەوە بکرێ لەگەڵ ئەوەشدا لەمەو دوا هەرچی روو بدا لەو رووەوە ئاگاداری سیادەتتان دەکەم.

٣ـ لە مادە (٤)ی بڕیاری عصبە الامم کە پەنجە بۆ سێ بڕیاری تایبەتی رادەکێشێ دەربارەی توصیاتی لیژنەی عصبە الامم بۆ سنوور:

ئەو مادەیە داوای راپۆرتێک یا وەرامدانەوەیەک ناکا، بەڵکو تەنها داوای بەجێ هێنانی راسپاردەکانی دەکا بە زووترین کات، لەبەر ئەوە پێویست بە بڵاوکردنەوەی ناکاو لیژنەی (ئینتدابی هەمیشەیی) بایەخێکی تایبەتی دەدا بەم باسە لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتی ساڵانەیدا دەربارەی عراق. ئەوەی کە پەیوەندیی بەوانەوە هەیە کە دژی عراق رەفتاریان کردووە، جارێ ناتوانرێ هیچ بکرێ هەتا بڕیاری عصبە الامم دەرنەچێت. پرسیاری دووهەم، دەربارەی کەمایەتییەکان کە مادە (١١١) دەیگرێتەوە لە یاسای بناغەییدا Organic Law لەو رووەوە پێویستە حسابێکی تایبەتی بۆ ئاسوورییەکان بکرێ.

## پاشکۆ - مرفق ٤

دەربارەی گفت و گۆکانی ئەو کۆبوونەوەیەی ژمارە (١٣) کە لە رۆژی ١٩٢٦/١/٢١ لە مجلسی نوابدا کرا:

*ووتەی عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیران و وەزیری دەرەوە وەکو خوارەوەیە: هەمووومان ئاگاداری ئەوەین کە ساتێک حکومەتی عراق دروست کرا، حکومت سیاستی خۆی روون و ئاشکرا کرد دەربارەی کوردو عناصری غیری ئیسلامی و ئەوەی کە پێویست بوو لەسەری دەربارەی بایەخدان بە شمال، بەتایبەتی بە کوردەکان و بە مافی ئاساییان و هەروەها بەوەی کە ئیدارەیەکی رێک و پێک و باشی ئەوتۆیان هەبێ کە لەگەڵ پەرژەوەندیی وولاتەکەیانا یەک بگرێ و ئێمە هەموومان لەسەر ئەوانە رازی بووین و ئەنجومەنی دامەزرێنەر (الجمعیە التأسیسیە) ئەوانەی قبوڵ کرد بەرلەوەی کە بڕیاری عصبە الامم دەربچێت و ئەوەی لە مادە (٣)ی عصبە الامدا بڕیاری لەسەر دراوە ئێمە تەنها ئەوەی قبوڵ دەکەین کە لەگەڵ پەرژەوەندیی وولاتا بگونجێت. من پرسیارێکم لەم رووەوە لە مندوبی سامی کردبوو ئەویش بەم جورە وەرامی دامەوە:*

*«هەرچۆنێک بێ سیاسەتی حکومت هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوەو رەنگە هەندێ شتیش ساز بکرێ بۆ ئاسوورییەکان لە هەندێ کارو باریانا.*

*براکانم: ئەم حکومەتە ناتوانێ بژی ئەگەر هەموو لایەک مافی خۆی نەبێ، حکومەتی عوسمانی بۆیە تووشی ئەو شکستی و تێکچوونە بوو چونکە مافی هەموو لایەکی دەخواردو رێگەی پێشکەوتنی لێ دەگرتن.*

*پێویستە ئێمە دەرسێکی گەورە لەو هەڵەو تیاچوونەی تورک وەربگرین و رێگە نەدەین بەو هەڵانەی ئەوانا بچینەوە. پێویستە مافی کورد بدەین، پێویستە فەرمانبەران لە خۆیان بێت، زمانی خویان بەکار بێنن لە قوتابخانەکانیانا. ئەوە پێویستی سەر شانی هەمووومانە لەگەڵ هەموو لایەکدا چ ئیسلام و چ غەیری ئیسلام لەگەڵ هەموویانا بە باشی و یەکسانی لەگەڵیانا بجووڵێینەوە».*

لەدوای خوێندنەوەی ئەو دۆکیومەنتانەو پاشکۆکانیان، گەلێک راستیمان بۆ ئاشکرا

دەبێ و دەردەکەوێ بڕیارەکانی عصبە الامم و پێشنیازەکانی ئەو لیژنەیەی نێررابوو بۆ کوردستان بەشێکی زۆری بە نەهێنی هێڵراوەتەوەو ئاشکرا نەکراوەو هەمیشە کاربەدەستانی بریتانیا وایان پیشانداوە کە ئەوەی لە عصبە الاممدا کراوە دەربارەی کورد تەنها بریتی بووە لە پێشنیازو نەگەیشتۆتە قۆناغی بڕیاردان لەبەر ئەوە مەرج نەبووە ئەو پێشنیازانە هەر وەکو بڕیارێک حسابی بۆ بکرێ.

لە دۆکیومەنتەکانا دەربارەی پێشنیازو بڕیارەکانی عصبە الامم تەنها ماوەی بلاوکردنەوەی ئەوانەیان دراوە کە لەگەڵ سیاستی عراق و بریتانیادا گونجابن و نەیانویستووەو ئێستەش نایانەوێ ناوەڕۆکی راستیی ئەو بڕیارانە ئاشکرا بکرێ کە سیاستمەداران و کاربەدەستانی بریتانیا بەجێیان هێناوە.

ئەوەی لە مادە (٣)ی بڕیاری عصبە الاممدا باس کراوە، لە دۆکیومەنتی پێشوودا عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانی عراق بە ئاشکرا ووتوویەتی: ئێمە تەنها ئەوەی قبوڵ دەکەین کە لەگەڵ بەرژەوەندیی وولاتا یەک بگرێتەوە کە بێگومان دەردەکەوێ بڕیاری واش هەبووە کە بۆ عراق دەستی نەداوە بۆیە بە ئاشکرا لێی نەدواوە. بێجگە لەوە لە باسەکانی پێشوودا لە فقرە (٣)ی دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-92 رۆژی ١٩٢٦/٢/١دا لەوە دواین کە مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد داوای کردبوو کە بە هەموو بەیاناتو بڕیارو بەڵێنەکانی پێشوودا بچنەوەو ئەوەی پەیوەندیی بە مافی کوردەوە هەبووە هەموو هەڵوەشێنرێتەوە.

## چوارهەم ـ هەوڵ و کۆششی کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بۆ عصبە الامم

وەکو لە باسەکانی پێشوودا لێی دواین، ساتێک لیژنەی تایبەتیی عصبە الامم چوو بۆ کوردستان و گەڕایەوەو پێشنیازی خۆی پێشکەش کرد بە عصبە لامم، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بە پێشنیازی لیژنەی تایبەتی و بڕیاری عصبە الامم زۆر شاد بوون و زوریان وایان حساب کرد کە ئەمە سەرەتایەکی تازەیە بۆ داننان بە مافی کورداو زۆر لەوە زۆرتر بیریان لە دەسگیربوونی مافی کورد کردبووەوە وەک لەو بەیاناتەی کە حکومەتی عراق لەو رووەوە دەریان کردبوو یا لە پارلمانی عراقدا باسیان دەکرد، لەبەر ئەوە زۆر کەس کەوتنە خویان و دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی مەزبەتەو ناردنی تلگراف بۆ عصبە الامم بۆ دەست و برد کردن لە بەجێ هێنانی ئەو بڕیارانەی عصبە الامم بەپێی پێشنیازەکانی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە لەلایەن عصبە الاممەوە نێررابوو بۆ کوردستان.

ئەوە بوو باسی ئەوەمان کرد کە کاربەدەستانی عراق ـ بەتایبەتی عبد المحسن السعدونی سەرەک وەزیرانی عراق لەو رووەوە داوای روونکردنەوەی سیاستی بریتانیای کردبوو بۆ ئەوەی بەپێی ئەو روونکردنەوەیەی مندوبی سامی وەرامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئاراستەی دەکراو ئینگلیزەکان بۆ دڵنیاکردنی کاربەدەستانی عراق لە وەرامەکانیانا هەمیشە ئاگاداری عراقیان دەکرد کە سیاستی بریتانیا لەوەدایە هیچ هەنگاوێک نەنرێ کە زیانی عراقی تیادا بێ و هەرچیش بکرێ بۆ کورد لە چوارچێوەی سوودی عراق ناچێتە دەرو ئینگلیزەکان وەرامەکانیان وا دەدایەوە کە ئەوەی لە لیژنەی تایبەتی و لەلایەن عصبە الاممەوە دەرچووبوو تەنها بریتی بووە لە چەند پێشنیازێک دەربارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی و دانانی فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردییەکاناو ئەوەی کە عصبە لێی دوابوو تەنها پێشنیاز بووە نەک بڕیار، لەبەر ئەوە چ حکومەتی عراق و چ کاربەدەستانی بریتانیا لە بغداد هەمیشە ئەو وەرامدانەوەیەی ئینگلیزیان کردبوو بە بناغەی ئەو مەبەستەی

که دەبوایە جێ بە جێ بکرایە لەلایەن حکومەتی عراقەوە لەسەر خواستی عصبە الامم، بۆ نموونە:

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا (٤٣) لەو رووەوە دەڵێ:

*«لە تموزی ۱۹۳۰دا دە کەس لە ناسراوان و ناودارانی سلێمانی مەزبەتەیەکیان دا بە عصبە الامم لە (جنیف)و داوایان لە عصبە الامم کرد کە سەرپەرشتیی دامەزراندنی ئەو حکومەتە کوردییە بکا کە بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام عصبە (بێگومان عصبە لەو رۆژانەدا هەر بریتی بووە لە ئینگلیز) وەرامی ئەو داخوازییانەی دابووەوەو پێی ووتبوون:*

*کاتی خوی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە نێررابوو بۆ ناوچەکە بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی نەدابوو، بەڵکو تەنها پێشنیازی کردبوو کە معاملەیەکی باش لەگەڵ کوردی خواروی کوردستاندا بکرێ و داوای لە دەوڵەتی منتدب (بریتانیا) کردبوو کە سەرپەرشتیی بەجێهێنانی ئەو راسپاردەو پێشنیازانە بکاو داوای لە عراق کردبوو کە بەجێیان بێنێت. هەروەها لە ساڵی ۱۹۳۰/۱۹۳۱دا چەند سکاڵایەکی تریش لەو جۆرە درا بە عصبە الامم بەڵام وەرامەکانیان هەر وەکو ئەو وەرامەی پێشوو وابوو».*

لۆنگریک لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«لەو رۆژاندا ترسی ئەوە هەبوو کە بەجێ هێنانی هەر پێشنیازێک کە عصبە الامم بۆ کوردی کردبوو ببێتە هۆی ئەوەی شیعەکانیش داوای هەمان داخوازی بکەن».*

کاک جلال تالەبانی لە لاپەڕە (۲۲۹)ی کتێبەکەیدا دربارەی ئەو عریضانەو ئەو تەقەلایانەی تر کە کورد دابووی بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بە عصبە الامم دەڵێ(١٧):

*«ئیمپریالیزمی دزو جەردە کە هەر خەریکی ڕاو و ڕووتکردنی میللەتان بوون گوێیان نەدایە مافی میللەتی کوردو لە هەندێ جاردا بۆ بنج کردنی هەستی کورد پاش ئەوەی کە لە مافی رەوای خۆی بێ بەش کرابوو، هەندێ بڕیاری بێ ئەنجامیان دەربارەی کورد دەرکردبوو وە لیژنەیەک نێررا بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوە دەربارەی سنووری تورکیاو عراق».*

هەروەها جلال تالەبانی لە لاپەڕە (٢٣٢)ی کتێبەکەیدا باسی کورتە راپۆرتێکی (راپاد) دەکا کە لە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٠)ی لیژنەی ئینتدابی هەمیشەیی ژمارە (س.٤٢٢م)و (٢٢٢.٢٢.٢٠)بی ١١٩٨دا بلاوکراوەتەوە دەڵێ:

*«چەند عریضەیەک لەلایەن کوردەکانەوە دراون کە ئێجگار زۆرن و فریای خوێندنەوەو باس کردنی هەموویان ناکەوین تەنها توانرا کە:*

*١- لیستەی ئەو ئەرزوحالانە ئامادە بکرێ.*

*٢- لەو راپۆرتەدا باسی گرنگترینی ئەو ئەرزوحالانەی کردووە کە هەر وەکو خوارەوە ناوی هێناون بلاوی دەکەینەوە:*

| *نامە* | *لیستەی ئەرزوحاڵ و رۆژی نووسینی* | *خاوەنەکانیان* |
|---|---|---|
| سی.بی.أیم | أ. لە ٢٤/آب/ ١٩٣٠. | سەرۆکی عەشیرەتەکانی داودە |
| ١١٥١،١١٤. | ب- لە ٣١/ایلولی ١٩٣٠. | کۆمەڵی نیشتمانی ناوچەی خوارووی کوردستان |
| | ج- = ٧/ایلولی ١٩٣٠. | نقیب زادە حفصەخان |
| | د- = ٩/اوکتوبری ١٩٣٠. | سەرۆکی عەشیرەتەکانی (مەریوان)و عەشیرەتی فتاح علی بەگ |
| | ه- = ٩/ = = | زعیمە کوردەکان |
| | و- = ٩/ = = | شێخ مەحموودو (٣٠) سەرۆک عەشیرەت |
| | ز- = ١٤/اب / ١٩٣٠. | جعفر سلطان و (٩) کوردی ناسراو |
| سی.بی أیم | ١٩/٤/ ١٩٣٠. | توفیق وەهبی بەگ |

لە وەرامی ئەو سکالاو داخوازییاندا لیژنەی ئینتداب ووتویەتی:

*«خاوەن سکالاکان ئاگادار بکرێن و تێیان بگەیەنرێ کە عصبە الامم هەمیشە هەوڵ دەدا بۆ رێزگرتن لە مافی کوردەئەگەر لیژنەکە بۆی دەرکەوت کە کوردەکان بە ئیخلاصەوە لەگەڵ حکومەتی عراقدا هەوڵ بدەن و ئاسایش بەرپابکرێ».*

ئەمەی خوارەوەش نموونەی وەرامێکی ترە کە بۆ حفصەخانی نقیب نێرراوە:
عصبە الامم ـ جنیف: و/اوکتوبری ۱۹۳۰
ژمارە / ٦ / أی / ٦٥٥/٢٢٤١٣
ئەی خانم:
*عصبە الامم لە بڕیارەکانی ڕۆژی ۱۹۳۱/۹/٤ یدا بەپێی ئەو پێشنیازەی کە لیژنەی ئینتداب کردبووی سکالاکەی ڕۆژی ۱۹۳۱/۹/۷ بەپێی ئەو بڕیارە سەیر کراو عصبە ئێستەش هەر لەسەر ئەوەیە کە پێویستە ڕێز لە مافی کورد بگیرێ ئەگەر کوردەکان کارێکی وا بکەن ئاسایش بەرپابکرێ و عراق لەسایەی ئەوەدا پێش بکەوێ».*

محمود الدره لە کتێبەکەیدا (القضیة الکردیة ـ چاپی بیروت ـ ساڵی ۱۹٦٦) دەربارەی ئەو سکالایانەی کە لەلایەن کوردەوە درابوو بە عصبە الامم و عصبە لە وەرامی داخوازییەکانیانا ووتبووی:

*«وا دیارە ئەوانەی ئەو سکالایانەیان دابوو بە عصبە الامم بەهەڵەدا چووبوون دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو بەیانەی لە کاتی خۆیدا لەلایەن عصبە الاممەوە لە ۱۹۲٥/۱۲/۱٦ دا دەرچووبوو چونکە ئەو ڕاسپاردەو پێشنیازانە شتی وای تیادا نییە کە باسی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بکا، بەڵکو لەوە دواوە کە پێویستە عراق ڕەفتارێکی تایبەتی بەکار بێنێت لەگەڵ کوردەکانا لەبەر ئەوە:*

*۱ـ ئەو سکالایانە پشت گوێ بخرێ کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان کردبوو.*

*۲ـ داوا لە دەوڵەتی منتدب بکرێ کە هەموو ئیجرائاتێکی قانونی و ئیداری بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بارە تایبەتییەی کە پێویستە بۆ کورد موسۆگەر بکرێ و نەخرێتە پشت گوێ.*

*۳ـ ئەگەر حکومەتی عراق لە (وصایە)ی بریتانیا چووە دەرەوە ئەوا پێویستە مەرجێکی وا دابنرێ کە ئەو بارە تایبەتییە بۆ کورد لەدواییشدا هەر بمێنێتەوەو بپارێزرێ».*

دوکتۆر عزیز شمزینی لە لاپەڕە (۱۱٥)ی کتێبەکەیدا دەربارەی هەڵوێستی عصبە

الامم بەرامبەر بە کورد دەڵێ(١٤):

«ساتێک لە ساڵی ١٩٢٦دا پەیمانی بریتانیاو عراق مۆر کرا، لەو پەیمانەدا بە هیچ جۆرێک باسی کورد نەکراو کوردەکان لەو پشت خستنەگوێیە زۆر دڵگیر بوون. لە ٣/١/١٩٢٦دا هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە خوارووی کوردستانداو هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان و ناوداران و لە ژوور هەمووانەوە شێخ مەحموود دەربارەی ئەوە یاداشتێکی نارەزایی و بێزارییان دا بە عصبە الامم بەم جۆرەی خوارەوە:

«ئێمەی نوێنەرانی میللەتی کورد کە ئەم نووسراوەمان مۆرکرد، داواکارین کە داخوازییەکانمان بخرێتە بەردەمی کۆمەڵی گەلان (عصبە الامم).

ئێمە ناتوانین بەرگەی ئەو دۆخە بگرین کە دەوڵەتی عراق بۆ ئێمەی ساز کردووە، ئێمە لە پەشوکاویەکی هەمیشەیی و لە دۆخێکی نائاسایی و لە چەوساندنەوەیەکی بەردەوامدا دەژین و ئەو بارو دۆخە شپرزەی کردووین. لەبەر ئەوە ناتوانین بەرهەڵستیی هەڵسان و راپەرینی گەلەکەمان بکەین و رێگەیان لێ بگرین دژی ستەمدارە عەرەبەکان و دەوڵەتی بریتانیاش بە هیچ جورێک دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ ناکاو ناچارمان دەکا کە خۆمان چارەسەری ئەو بارو دۆخەی خۆمان بکەین.

بەناوی دادپەروەری و مرۆڤایەتییەوە بۆ هەموو جیهان دووپات دەکەینەوە کە گەلی سەرفرازو سەربڵندی کوردمان وەکو هەموو گەلی زۆرلێ کراوی تری عراق ئامادەیە کە خۆی پارێزگاری لە مافی خۆی بکاو بەرپەرچی ستەم بداتەوەو دەسبەرداری مافە زەوتکراوەکانی نابێ».

دوکتۆر شمزینی لە کتێبەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«لە ٨/٤/١٩٣٠دا باڵیۆزخانەی بریتانیا یاداشتێکی بە شێوەی نهێنیی دا بە حکومەتی عراق کە ئەوسا جمیل مدفعی سەرەک وەزیران بوو و پێی ووترابوو:

«ئێوە زۆر باش دەزانن کە کۆمەڵی گەلان بە هەوڵ و پیلانی دەوڵەتی خاون شکۆی بریتانیای مەزن ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد نەسەلماندووەو پێم وایە بەم زووانە نووسەرانی یاداشتەکان و دەوڵەتی عراق بڕیاری عصبە الاممیان پێ دەگا. لەدوای ئەوەی کورد

*هیوای بە عـصبە الامم نەما، ئیتـر بڕیاری دا بەشداری نەکا لەو هەڵبژاردنەی کە بڕیار بوو لە ٦/ایلولی/١٩٣٠دا بکرێ و شاری سلێمانی تووشی شۆڕشی ایلول کـراو دەنگی بێزاریی خـۆی بەرامبـەر بە هەڵبـژاردنی ساختـەی پارلمانی عـراق بەرز کردەوە. لەسەرەتادا دەنگی بێزاریی خۆیان بە نامەو یاداشت دەربڕی، بەڵام لەدواییدا چاریان نەما کە دەبێ ڕوو بە ڕوو ببنەوەو لە ئەنجامی ئەوەدا خوێن ڕژا.*

یەکێک لەو یاداشتانەی کە لەو ڕۆژانەدا درابوو بە عصبە الامم ووتبووی:

*«کـارەساتەکـەی سلێمـانی (مـەبەست شـەشی ایلولی ١٩٣٠ بووە) لە ئەسـتـۆی کاربەدەستانی عەرەبدایە، ئەفسەرەکان و سەربازەکان بە ئانقەست تەقەیان لە منداڵان و لاوان و ئافرەتانی کورد کردو ژمارەیەکیان لێ کوژرا (جارێک توفیق وەهبی بۆی باس کردم ووتی: ئامیر حامیەی ئەو ڕۆژانە لە سلێمانیدا ئەفسەرێکی موصلاوی بوو کە ئێجگار زۆر رقی لە کورد بوو)، ئێمەی نوێنەرانی کورد پێتان ڕادەگـەیەنین کە لەوە زیاتر ناتوانین لەم هەڵوێستە بێدەنگ بین و لـەوە زیاتر خـۆمـان پێ ناگـیرێ و ناشـتـوانین ڕێگا لـە هەڵسـان و ڕاپەڕینێکی کـاریگـەر بگرین دژ بـە تاقـمـی عەرەبەکان».*

دوکتۆر شمزینی لە باسەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«کۆمەڵانی گەلان هیچ گوێی نەدایە ئەو یاداشت و سکاڵایەو تاوانەکانی عراقی سەر زەنش نەکرد».*

لەڕاستیدا ئەو ڕاپەڕینەی شەشی ایلول و (لە باسی شەشی ایلولدا دووبارە باسی چەند سکاڵایەک دەکەین کە نێررابوون بۆ عـصبە الامم وەکو عبد الرزاق الحسنی باسی کـردووە) ئەو یاداشتـانەی کە درابوون بە عـصبە الامم و ڕاپەڕینی دواجاری شێخ مەحموود لە (ئاوباریک)دا کە دووبارە بە فڕۆکەی بریتانیا کپ و خامۆش کرا، ئەمانە هەمـووی وایان لە عصبە الامم کردبوو ساتێک بریتانیا داوای کرد کە عراق ببێت بە ئەندامی عصبە الامم، عصبە الامم مەرجێکی بۆ دانابوو کە پێویستە ڕێز لە مافی کورد بگرێ و زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمی سەیر بکرێ لە ناوچە کوردییەکانا.

ئەو هەموو بەڵێن و بەیانات و بڕیارانەی کە لەلایەن کاربەدەستانی بریتانیاوە لە بغداد و لەلایەن کاربەدەستانی عیراقەوە هەموو هەتا ساڵی ١٩٣١ دەربارەی بوونی زمانی کوردی بە زمانێکی ڕەسمی تەنها قسەی دەم و نووسینی سەر کاغەز بووە چونکە تا ئەوسا هێشتا بەپێی مادە (٧)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق زمانی عەرەبی تاقە زمانی ڕەسمی بووە ئەگەرچی لەو مادەیەدا ووترابوو لەدواییدا دەتوانرێ بەپێی یاسایەکی تایبەتی زمانێکی تریش بکرێ بە زمانی ڕەسمی، ئەوە بوو لەپاش ئەو هەموو ڕاپەڕین و سکالاو داخوازییانەی لە ساڵی ١٩٣١دا کە یاسای زمانە ناوچەییەکانی ژمارە (٧٤) دەرچوو، لەوەدا زمانی کوردیش دانی پیا نرا هەر وەکو زمانێکی ڕەسمی لە بەکارهێناندا لە ناوچە کوردییەکاندا.

بەو جۆرە عیراق بەپێی ئەو بەڵێنە (تعهد)ی دا کە لە مادە (٩)ی ئەو بەڵێنەدا دانی بەوەدا ناوە کە دەڵێ:

*«حکومەتی عیراق موافقت لەسەر ئەوە دەکا کە زمانی کوردی زمانی ڕەسمی بێ لەو قەزایانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن لە لیواکانی موصل و اربیل و کرکوک و سلێمانیدا. بەڵام زمانی تورکی شان بە شانی زمانی عەرەبی دەبێت بە زمانی ڕەسمی لە قەزای کفری و مرکزی قەزای کرکوکدا».*

لەدوای کۆتایی هێنان بەم باسەی عصبە الامم و تەقەلا بێ ووچانەکانی ئینگلیز بۆ موسۆگەرکردنی بەستنی کوردستان بە عیراقەوە پێچ و پەنا هێنان و خۆدوورخستنەوە لە داننان بە مافی کورداو گۆڕینی داخوازییەکانی کورد لە سەربەخۆییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و بۆ ئیدارەی ناوچەیی و گەیشتن بە بەڵێن دان و بەرێزگرتن لە مافی کوردو لە زمانی کوردی بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لێیان دواین و بەپێی ناوەڕۆکی دۆکیومەنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا گەلێک ڕاستیمان بۆ ڕوون و ئاشکرا دەبێتەوە کە دەتوانین وەکو خوارەوە لە هەندێکیان بدوێین:

١- هیچ گومان لەوەدا نییە ئەو لیژنەیەی کە عصبە الامم ناردبووی بۆ ویلایەتی موصل بۆ پرسیارو پشکنین و وەرگرتنی بیرو باوەڕی دانیشتوان بۆ ئەوە نەبووە کە ڕێگە بدرێ بەو لیژنەیە بە ئارەزووی خۆی پەیوەندی بە هەموو دانیشتوانی

کوردستانەوە بکاو لە کاتی گەیشتنی وەفدەکەدا ئینگلیزەکان هەرچی سەر بە خۆیان بووەو نۆکەرو بەکری گیراو بووە بانگیان کردوون و ڕێگەیان بۆ خۆش کردوون کە بەپێی خواست و ئارەزووی ئینگلیز بیرو رای خۆیان لای لیژنەکە دەرببڕن و مەبەستی سەرەکیی ئینگلیز لەوەدا تەنها بۆ ئەوە بووە کە وا لە لیژنەکە بگەیەنن کە دانیشتوانی ناوچەکە نەیانویستووە بگەڕێنەوە ژێر سایەی تورکیا.

٢. لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلایانەی ئینگلیزو کاربەدەستانی عراق دابوویان بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەن بە کورد دەنگی خۆی بگەیەنێتە عصبە الامم، بەلاٌم تا رادەیەک هەندێ سکالاٌو تلگراف نێرراوە بۆ عصبە الامم ئەگەرچی دەزگاکانی عصبە الامم کە لەژێر دەسەلاٌتی ئینگلیزدا بوون لە وەرامەکانیانا هەمیشە لەڕاستی بەدوور بوون و ماوەیان نەداوە شتێکی وا بدرێ بەدەستەوەو ناوەڕۆکی بڕیارەکانی عصبەیان ئاشکرا نەکردووە کە کورد بیکات بە بەڵگەیەک بۆ ئەوەی پێی لەسەر دابگرێ و لەسەری بڕواو داوای بەجێ هێنانی بکا.

★★★★★

## بەشی سیازدەهەم

# ڕێکەوتنێکی کاتی لەنێوانی شێخ مەحموودو بریتانیاو عێراقدا

لە باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودا کە لەدوای تموزی ١٩٢٤ەوە دەستی پێ کردەوە بۆمان دەرکەوت کە چۆن شێخ مەحموودو هێزی شۆڕشگێڕی کورد وردە وردە دەسەلاتی دارایی و چەکدارییان کەم بووەوەو بە هەڕەشەو بەپیلانی ئینگلیزەکان یەک لەدوای یەک هاوکارەکانی شێخ مەحموود لێی تەکینەوەو سەرۆک عەشیرەتەکان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەمیان شیرین کراو کار گەیشتە ئەو رادەیەی کە شێخ مەحموود چاری نەمێنێ بیر لەوە بکاتەوە لەگەڵ حکومەتی بریتانیاو عێراقدا رێک بکەوێ بۆ ئەوەی پشوویەک بداو ئەو شۆڕشگێڕانەی لەگەڵیا بوون نەختێک بحەسێنەوە.

بۆ ئەوەی باسی فشارو تەقەلاکانی ئینگلیز بکەین کە چۆن شێخ مەحموودیان ناچار کرد بیر لەو رێکەوتنە بکاتەوە، وامان بە باش زانی باسی ئەو رێکەوتنەی شێخ مەحموودو هۆی رێکەوتن و چۆنیەتیی رێکەوتنەکە بکەین بەدوو بەش:

١. تەقەلای ئینگلیزەکان و ئەو فشارانەی خستیانە سەر شێخ مەحموود بۆ ئەوەی ناچاری بکەن واز لە شۆڕش بهێنێت و بەو مەرجانە رازی بێ کە بۆی دانرابوو.

٢. تەقەلای شێخ مەحموود بۆ سوودوەرگرتن لەو فرۆکەوان و میکانیکەی کە دەسبەسەر بوون لای شێخ مەحموودو چۆنیەتیی بەردانیان لەگەڵ باسی ئاڵ و گۆڕکردنی گفت و گۆی نێوان شێخ مەحموودو ئینگلیزەکان لەو رووەوە رێکەوتن و چوونی شێخ مەحموود بۆ بغدادو گەڕانەوەی بۆ پیران کە لەوێ نیشتەجێ ببێ بەپێی ئەو رێکەوتنە.

## ۱-تەقەلای ئینگلیزەکان بۆ ناچارکردنی شێخ مەحموود کە لە (پیران) دابنیشێت

ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە هەتا شێخ مەحموود بەزیندوویی مابێ ناتوانرێ بەئاسانی ناوچەکانی سلێمانی وا لێ بکرێ کە بێدەنگ بن بەرامبەر بەوەی ناوچەکەیان بەزۆرەملی بخرێتە ژێر دەسەلاتی حکومتی عراقەوە، ئەوە بوو جائزەیەکی (۲۰) هەزار روپیەییان دانا بۆ هەر کەسێک شێخ مەحموود بەزیندوویی بگرێ یا بیکوژێ و بۆ ئەوە هێزی مەشق پێکراویان لە لیڤیی ئاسووری ساز کردو ناردیان بۆ ئەو مەبەستە بەلاّم ئەو تەقەلایەشیان سەری نەگرت و دوای ئەوە ئینگلیزەکان بۆ لەناوبردنی شێخ مەحموود ئیتر دەستیان کرد بەوەی کە نەیەلْن لە ناوچەی پێنجوین و سەر سنووریشدا بە سەربەستی هات و چۆ بکاو رێگەی ئەوەیان لێ گرت کە هیچ جۆرە دەرامەدێک بۆ چەکدارەکانی دەسگیر ببێت و بۆ ئەو مەبەستە پەیتا پەیتا بە فرۆکە بۆدومانی بنکەکانیان دەکردو هێزیان دەنارده سەری لە ناوچەی پێنجویندا.

شێخ رەوفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو تەقەلایانەی ئینگلیز لەو رۆژانەدا دەڵێ(۲۱):

*«زستانی سالّی ۱۹۲۶/۱۹۲۷مان زۆر بەناڕەحەتی و بەسەختی و بەدەستکورتی بردەسەر، سید محمد جباری کە ماوەیەکی زۆر هاوکاریی باوکم بوو لەبەر دەست کورتیی شۆڕش ناچار بوو گەڕایەوەو لەو رۆژانەدا توانای ئەوە نەبوو کە باوکم سید محمدی جباری و چەکدارەکانی بژیەنێت و سید محمدیش زۆر بەلایەوە گران بوو کە لەوە زیاتر ببێت بە بار بەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە لەبەر ئەوە گەڕایەوە کە بەوە شۆڕشگێڕێکی زۆر ئازا لە شۆڕش کەم بووەوە.*

*لە بەهاری ۱۹۲۷دا حکومت هێزی ئامادە کرد کە بێتە ناو پێنجوینەوەو داگیری بکا، لە شارەزوورەوە هێزی سوپایی و لیڤیی ئاسووری نێرراو بە پالّپشتی*

*بۆردومانی فڕۆکەی ئینگلیز لەشکری شۆڕشیان شپرزەکردو باوکم وای لیٚ هات کە ئیتر هیچ تروسکاییەک بەدی نەکا لەبەر ئەوە ناچاربوو دەستی کرد بە ناردنی نامە بۆ گفت و گۆکردن لەگەڵ ئینگلیزەکانا بۆ ریٚککەوتن.*

*ئەو هیٚزەی ئینگلیزەکان لە سلیٚمانییەوە بەکیٚشیان کرد بریتی بوو لە دوو رەتل، یەکیٚکیان بە سەرکردایەتیی کولونیل (لاین)ی مفتشی ئیداریی بریتانی بوو لە سلیٚمانیدا.*

*لە ریٚگای چوارتاوە ئەو هیٚزەی ئینگلیز رووی کردە پیٚنجوین و لە یەکەم روو بە رووبوونەوەدا (١٧) پیٚشمەرگەی کورد شەهید بوون لەناو ئەوانەدا (شیٚخ رەشیدی) خەڵکی گوندی (باخ) بوو، وە لە شاخی (هرزلە) لە نزیکی پیٚنجوین شەڕیٚکی زۆر قورسی تر روویدا کە هیٚزی پیٚشمەرگە نەیتوانی بەرگەی ئەو هیٚزە زۆرەی دوژمن بگریٚ، بۆیە دیسان بەناچاری روویان کردەوە بەودیو سنووردا».*

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-107 راپۆرتی ژمارە (٢١) رۆژی ١٣/ . ١/١٩٢٦دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن هیٚزەکانی ئینگلیزو عراق ریٚگەی ئەوەیان لە شیٚخ مەحموودو شۆڕشگیٚڕانی کورد دەگرت کە نەتوانن باج لەو ناوچانە کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن خۆیانی پیٚ بژیٚنن.

لە فقرە (٦٤٥)ی ئەو دۆکیومەنتەدا دەڵیٚ:

*«عەشیرەتی (گەلاڵی)و (روغزایی) کەهەردووکیان بەشیٚکن لە جاف، ترسی ئەوەیان هەیە کە ئیٚمە سزایان بدەین بەرامبەر بەو دەس دریٚژییەی کە لە بەهاری پاردا کردبوویان لەسەر سنوور لە کاتی پەڕینەوەیانا بۆ کویٚستانەکانی ئیٚران.*

*گەڕانەوەی ئەو کۆچەرییانە بۆ گەرمیان لە ریٚگای دەشتی شلیٚرەوە زۆر هیٚواشەو تا ئیٚستە لە دۆڵی شلیٚر بەملاوە نەهاتوونەتە خواریٚ، بەلاٚم کۆچ و باری جافەکانی تر بەرەو گەرمیان زۆر بەئاسانی و بیٚ گیٚچەڵ بەجیٚ دەهیٚنریٚ و تا ئیٚستە هیچ کوسپیٚک نەهاتۆتە سەر ریٚگەی کاربەدەستانی عراق بۆ وەرگرتنی باج لەوانە».*

لە فقرە (٦٤٦)ی هەمان دۆکیومەنتدا دەڵیٚ:

*«ئەو هیٚزەی لە ١٦/٩/١٩٢٦دا نیٚررابوون بۆ (گۆڵیٚ) لە ٦/ . ١/١٩٢٦دا گەڕانە بۆ*

سلێمـانی، بەڵام ترسی ئەوەیان هەیە سـەرزەنش بکرێن کـە سـەرکـەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەس نەهێناوەو نەیانتـوانیـبوو رێگا لـە شێخ مـەحـموود بگرن و نەیەڵن باج کـۆ بکاتەوە، بەڵام لەوە دەچێ جافەکان هەر لە کوێستانەوە بەرلەوەی بگەنە سەر سنوور باجی خۆیان داوە بە شێخ مەحموود، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەو هێزە گەورەیەمان لەو ناوەدا بێ سوود نەبوو».

لە فقرە (٦٦٧)دا دەڵێ:

*«لەدوای گـەڕانەوەی جـلالتی ملک فـیـصل لە ١٩٢٦/١/١٧دا مندوبی سـامی نامـەیەکی بۆ ناردو ئاگـاداری کـردبوو دەربارەی ئەو راپۆرتەی کـە لـەو دواییـەدا دەربارەی رووداوەکـانی کـوردسـتـان ئامـادە کـرابوو کـە دەڵێ: لە هەندێ شـوێندا بزووتنەوەو بێزارییەکی زۆر هەیە بەرامبەر بە حکومەتی عراق و ئەمەش لەوەوە هاتووە کە وا دەخرێتە بەرچاو کە حکومەتی عراق بریتی دەبێ لە حکومەتێکی عەرەبی لەبەر ئەوە ئەو راپۆرتە مەترسیی خستۆتە دڵی مندوبی سامیەوەو ئومێدی وایە جلالتی ملک فیصل هەوڵێکی زۆر بدا دڵی کوردەکان رابگیرێ و بەلای خۆیا دایان شکێنێ و هەوڵ بدرێ بۆ یەکێتیی هەردوو عنصرە ئەساسییەکەی کە عراق پێک دەهێنێ کە عـەرەب و کـوردە تێ بکۆشێ هەر وەکو چۆن ملکە ڤکتۆریا توانیبووی ئینگلیزو اسکوتلندەکان یەک بخا.*

*مندوبی سامی لەو نامەیەدا چەند پێشنیازێکی خستۆتە بەردەمی ملک فیصل و لای وایە ئەگـەر جێ بە جێ بکرێن ئەنجامـێکی زۆر باشی دەبێ بۆ سـەرگـرتنی ئاسایش لە عراقدا کە پێشنیازەکان بریتی بوون لە:*

*١- دامەزراندنی لیژنەیەک (کۆمەڵێک) لەلایەن جلالتی ملکەوە لە بغداد بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ کوردو عەرەب یەک بخا.*

*٢- بە شێوەیەکی رەسمی لەلایەن جلالەتی ملکەوە بوترێ ئەو دوو ئەستێرەیەی لەناو بەیداغی عراقدا هەیە نیشانەی یەکێتیی کوردو عەرەبە.*

*٣- دانانی هەندێ پاسەوان لەناو پاسەوانی مەلیکیدا بە جلی کوردییەوە بۆ ئەوەی هاوبەشیی حرسی ملکی بکا لەناو هێزی سوپای عراقدا.*

*٤. دروستکردنی هەوارگەیەک لە (شقلاوا) بۆ ملک فیصل بۆ ئەوەی ملک فیصل لە مانگەکە گەرمەکانی هاویندا بچێتە ئەوێ کە ئەمە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوون و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردا».*

(کەواتە تەقەلای ملک فیصل کە باخی (چوارباخ)ی کڕیبوو لە پێنجوین و تەقەلای فیصل بۆ کڕینی (بلکیان) کە سەری نەگرت هەر یەکێک بووە لەو تەقەلایانەی لەو رووەوە دراوەو بۆ ئەوە نەبووە کە بایەخ بدرێ بە هاوینەهەوارەکانی کوردستان).

لە فقرە (٧١٤)ی دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-107 رۆژی ١٣/١٠/١٩٢٦دا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*«شێخ مەحموود لەسەر سنووری ئێران لەنێوانی (وولەژێر)و پێنجویندا مایەوە، بەڵام رێگەی ئەوەی لێ گیرا کە بتوانێ باجی مەڕو ماڵات لە کۆچەرییەکان کۆ بکاتەوە».*

لە گفت و گویەکدا لەگەڵ شێخ بابا علیی شێخ مەحموودا دەربارەی ئەو رۆژانە ووتی:

*«لە ساڵی ١٩٢٦دا کە سەرەتای ئاڵ و گۆڕکردنی نامەی نێوانی باوکم و ئینگلیزەکان دەستی پێ کرد، باوکم ئەوسا ئەو مەرجانەی بەدڵ نەبوو کە ئینگلیزەکان بڕیاریان لەسەر دابوو، بەڵام ئەوەی کە باری شۆڕشگێڕانی کوردی ئاڵۆز کرد ئەوە بوو لە بەهاردا (رەزاخان) هێزێکی سوپایی گەورەی ئێرانی ناردو (مەریوان)ی داگیر کرد کە لەو رۆژانەدا خێزانە ئاوارەبووەکان لە هەواری (کانی برنج) بوون و لەدوای داگیرکردنی مەریوان ئەو خێزانانە هەموو ناچاربوون روو بکەنە هەورامان.*

*سوپای عێراق و هێزی لیڤیی ئاسووریش نێرراو روویان کردە چوارتا وە لەسەر شاخی (ئەزمەڕ) شەڕێکی زۆر قورس روویدا لە بەینی ئەو هێزەو هێزی کوردا کە زۆربەیان لە عەشیرەتی (بێ سەری)ی ناوچەی شارباژێر بوون و لەو شەڕەدا مفتشێکی عسکری کوژراو زۆری تریش کوژراو و بریندار هەبوو، بەڵام شێخ مەحموود لەبەر نەبوونی تفاقی شەڕ وەکو چەک و جبەخانەو ئازووقە، ناچار بوو هێزەکەی کێشایەوەو ئینگلیزەکان (ئەمین بەگی قامیش)یان کرد بە قائمقامی چوارتاو سید ئەحمەدی حاجی ماملەندیش کرا بە مدیری ناحیەی سروچک و دووبارە*

*مەحموودخانی دزڵی ئەرکی ئاوارەو چەکدارەکانی گرتە ئەستۆی خۆی کە بە ناچاری روویان کربووە ناوچەکەی ئەو».*

ئەو راپۆرتە تایبەتییەی کە حکومەتی بریتانیا ناردبووی بۆ عصبە الامم دەربارەی ئەو رۆژانە دەڵێ(٥٤):

*«لە ساڵی ١٩٢٦دا کۆبوونەوەیەک ساز کرا لەنێوانی شێخ مەحموودو موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عراق کە (کورنوالیس) بوو، لەوەدا بڕیار درا بۆ شێخ مەحموود روون بکرێتەوە کە حکومەتی عراق ئامادەیە لەگەڵیا رێک بکەوێ و شێخ مەحموود موافقتی لەسەر ئەوە کردو گفت و گۆ دەستی پێ کردو درێژەی پێ کێشرا لەنێوانی حکومەت و نوێنەری شێخ مەحموودا کە سید ئەحمەدی برزنجی (مەرەخەس) بۆ ئەو مەبستە نێررا بۆ بغداد.*

*لە مانگی حزیرانی ١٩٢٧دا شێخ مەحموود لەسەر ئەو مەرجانە رێک کەوت کە حکومەتی عراق دایناو بە مەرجێک موڵکەکانی شێخ مەحموود کە دەستی بەسەردا گیرابوو بیدرێتەوەو وەکیلێکی شێخ مەحموود دابنرێ کە سەرپەرشتیی ئەو موڵکانەی بکا وە بەپێی ئەو رێکەوتنە دەبوایە شێخ مەحموود خۆی و خێزانی و کەس و کاری لە دەرەوەی خاکی عراقدا بژین و بەڵێن بدا کە دەس نەخاتە کارو باری عراقەوەو لە ئەنجامی ئەو رێکەوتنەدا شێخ مەحموود لە تموزی ١٩٢٧دا چووە بغدادو زیارەتی مندوبی سامیی کردو پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ ناوچەی مەریوان و زۆر کەس لە دۆستەکانی شێخ مەحموود ئیتر وازیان لێ هێناو بوون بە فەرمانبەر لەناو دەزگاکانی حکومەتی عراقدا».*

ئینگلیزەکان جگە لەو تەقەلایانەی پێشوو کە وویستبوویان بە بۆردومان و بە هێزی سوپاو لیڤیی ئاسووری شێخ مەحموود بێزار بکەن و کۆڵی پێ بدەن تەقەلایەکی زۆریشیان دابوو لەگەڵ ئێرانییەکاندا بۆ ئەوەی رێگا لە شێخ مەحموود بگرن کە رێگەی ئەوەی نەبێ ئەو سەر سنوورانە بەکار بێنێت کە خۆی و چەکدارەکانی تیادا بژینەوە.

لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە (١٢٤)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩دا باسێکی

تیایە دەربارەی ئەو ڕێکەوتنە کاتییەی نێوان شێخ مەحموودو حکومەتدا بە پێنووسی کمال نوری معروف کە دەڵێ لە هەندێ دۆکیومەنتەوە وەری گرتووە (ئیشارەتی بۆ ژمارەو ڕۆژەکانی نەکردووە) لەو باسەدا باسی ئەو تەقەلایەی ئینگلیزی تیادایە کە داوایان لە ئێرانییەکان کردبوو ڕێ لە شێخ مەحموود بگرن و دەڵێ:

*«لە ٢/٤/١٩٢٧دا ئینگلیزەکان هێرشێکی بەتینیان بردە سەر ناوچەی پێنجوین و لە هەمان کاتدا داوایان لە حکومتی ئێران کرد کە سنوورەکەی خۆی قایم بکاو ڕێگە لە جم و جۆڵی شێخ مەحموود بگرێ لەو ناوچانەدا. لەڕاستیدا بۆ داگیرکردنی پێنجوین لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شێخ مەحموود تەواو تەنگەتاوبوو، ئەوەی کە زۆر بارەکەی شێخ مەحموودی ئالۆز کردبوو ئەوە بوو کە لەو ڕۆژانەدا مەحموودخانی دزڵی و مەحموودخانی کانی سانان لەناو خۆیاندا تێک چووبوون (نەک تەنها هەر لەو ڕۆژانەدا، بەڵکو لەکۆنەوە نارێکی و ساردی لەنێوانی هەردوو مەحموودخاندا هەبووە)و مەحموودخانی دزڵی هێزی ئێرانی هێنابوو بۆ ئەوەی تۆڵە لە مەحموودخانی کانی سانان بکاتەوە. بەو جۆرە شێخ مەحموود لەو ڕۆژانەدا کەوتە نێوانی دوو ئاگری نێوان ئێران و عراق و بریتانیاوەو (عبد الله خانی طهمباسی) سەرکردەی سوپای ئێران لەو ناوچانەدا نامەیەکی ناردبوو بۆ شێخ مەحموود کە جۆرە هەڕەشەکردنێک بووە لە شێخ مەحموود کە پێی ووتبوو: پێویستە ئێوە بە زووترین کات بێنە بارەگای ئێمەو بەپێچەوانەوە ئەگەر نەیەن دەرگای دۆستایەتیتان لەسەر دادەخەین و شەڕت لەگەڵا دەکەین.*

*بەڵام شێخ مەحموود زۆر ئازایانەو چاونەترسانە وەڵامی ئەو سەرکردی سوپایەی ئێران بەم جۆرە دەداتەوە:*

*«ماوەیەکی زۆر بوو دۆستەکانمان پێیان دەوتین کە نابێ باوەڕ بە دۆستایەتیی ئێران بکرێ، بەڵام من ئەو راوێژو پەندانەم نەگرتە گوێ چونکە بەڵێنی دۆستایەتیم بە ڕەزاخان دابوو دەمویست وەفادار بم بەرامبەری و بۆ ئەوەی ئەو دۆستایەتییەی کە هەبوو نەگۆڕێ، بەڵام وا دیارە من بەهەڵەدا چووبووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم واز لە شەڕکردن بێنم لەگەڵ ئینگلیزەکاناو ئەم جارە ڕوو بە ڕووی ئێوەش ببمەوە».*

وەکو لەپێشتردا باسم کردو لە باسی ئەو شۆڕشانەی کە شێخ مەحموود لە تموزی ١٩٢٤ بەدواوە دەستی پێ کرد لە دۆکیومەنتەکانی بریتانیادا ناوی ئەوە هاتووە کە فڕۆکەیەکی ئینگلیز لە ناوچەی دەسەلأتی شێخ مەحموودا کەوتبووە خوارەوەو فڕۆکەوانەکە کە ناوی (دانی) بووە لەگەڵ میکانیکێکدا هەردووکیان بەدیل گیرابوون و شێخ مەحموود ناردبوونی بۆ وولەژێرو ئینگلیزەکان زۆریان هەوڵ دا لە رێگەی ئێرانییەکانەوە فشار بخەنە سەر شێخ مەحموود کە بەریان بدا بەلأم ئەو تەقەلایەیان سەری نەگرتبوو.

لەم چەند دۆکیومەنتەی داهاتوودا باسی ئەو فڕۆکەوانەو ئەو گفت و گویانە دەکەین کە کرابوو بۆ بەردانی ئەو دوانە.

لە راپۆرتێکی ناو دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 ی ١٩٢٦/٧/دا لە فقرە (٤٦٤)دادەڵێ:

*«ئەفسەری سیاسیی بریتانی لە سلێمانییەوە نامەیەکی Danney ی فڕۆکەوانی بەدیل گیراوی پێ گەیشتووە دەڵێ ئەگەر لێ بووردن بۆ شێخ مەحموود دەربچێت و موڵکەکانی بدرێتەوەو بکرێ بە حاکمی کوردستان ئەوا هەردووکمان بەردەدرێین.*

*لەبەر ئەوە فشار خرایە سەر حکومەتی ئێران بۆ ئەوەی شێخ مەحموود ناچار بکەن بەبێ هیچ مەرجێک ئەو فڕۆکەوان و میکانیکییە بەربدرێن و مندوبی سامی نامەیەکی نارد بۆ حکومەتی ئێران و بۆی روون کردەوە ئەو گیراوانەی ئێمە لەناو خاکی ئێراندا گیراون و دەستبەسەرن بەرەڵلأکردنیان ئەرکی سەر شانی حکومەتی ئێرانە کە جێ بە جێی بکاو پێویستە حکومەتی ئێران دەست و برد بکا لەوەدا.*

*ئەگەر ئەم جارە ملک فیصل نامەیەکی تر بنێرێت بۆ رەزا شاو ئەم جارە ملک فیصل دڵنیا بکرێ کە نامەکەی بێ وەرام نابێ لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە وا بزانم ئەنجامەکەی شتێکی باش دەبێ، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نامەیەی دووهەمی فیصلیش نووسراو نێررا بۆ رەزا شا بەلأم ئەویش هیچ وەرامی نەبوو لەبەر ئەوە جلالتی ملک فیصل بڕیاری دا کە ئیتر لەو رووەوە هیچ تەقەلایەکی لەگەڵ حکومەتی ئێراندا نەدا هەتا ئەو کاتەی حکومەتی ئێران بە شێوەیەکی رەسمی دان بە حکومەتی*

*عراقدا دەنێت».*

لە فقرە (٧٢.)ی دۆکیومەنتی ژمارە No. C.40021-37.37 C.O.730-108 رۆژی ١٩٢٧/١/٧ راپۆرتی ژمـــارە (٢٣)ی رۆژی ١٩٢٦/١١/٩ی هەمـــان دۆکیومەنتدا دەڵێ:

*«حکومـەتی شـای ئێران لە ١٤/ی نۆڤـەمـبەری ١٩٢٦دا نامـەیەکی ناردووە دەڵێ: حکومەتی ئێران دەیەوێ دان بە حکومەتی عـراقدا بنێت و بۆ ئەو مەبەستە راسپاردەی تایبەتی نێرراوە بۆ وەزیری دەرەوە بۆ بەجێ هێنانی».*

بابا علیی شێخ مەحموود دەربارەی فڕۆکەوان (دانی)و ئەو میکانیکەی لەگەڵیا بوو کە لە (وولەژێر) بوون بۆی باس کردم کە ئەو دوانە وەکو بەندییەک رەفتاریان لەگەڵا نەدەکرا بەڵکو تەنها دەسبەسەر بوون و مصطفی ئاغـای برای و سوو ئاغا کرابوو بە چاودێریکەریان و بە ئارەزووی خۆیان لەو شوێنەی لێیدا بوون هات و چۆیان دەکردو لەگەڵ ئەو خەڵکەدا تێکەڵ دەبوون و دادەنیشتن.

بێجگە لەو راپۆرتانەی پێشوو کە باسمان کردن، لە هەندێ دوکیومەنتی تردا باسی ئەوە کراوە کە ئینگلیزەکان بۆ دڵنیاکردنی ئێران و تورکیا کە لەو رۆژانەدا دەنگ وا بڵاوبووبووەوە کە حکومەتی عراق و بریتـانیا لەگەڵ شێخ مـەحموودا رێک دەکەون و ئۆتۆنۆمی دەدەن بە کورد لەو دۆکیـومەنتانەدا بریتانیا لە هەردوولای گەیاندووە کە ئەو گفت و گۆیانەی لەگەڵ شێخ مەحموودا کراوەو دەکرێ هیچ مەترسییەکی لێ پەیدا نابێ بۆ پەرژەوەندیی ئەوان.

لە دۆکیومەنتی ژمارە No.C.40021-37-C.O.730-108 مانگی کانونی دووهەمی ســالی ١٩٢٧دا نامــەیەکی تیــایە لە مندوبی ســامــیی بریتــانیــاوە بۆ S.O.S. For.COLS کە رۆژی ١٩٢٧/١/٧ نووسیویەتی دەڵێ:

*«بەلای منەوە وا باشە ئەو گفت و گۆیەی لەلایەن حکومەتی عراقەوە کراوە لەگەڵ شێخ مـەحموودا ناوەڕۆکـەکەی بە دوورو درێژی بۆ حکومـەتی ئێران روون بکرێتـەوەو دڵنیا بکرێن کـە ئەو گفت و گـوکـردنە لەگـەڵ شێخ مـەحموودا شتێکە تـەنها پەیوەندیی بە شخصی خۆیەوە هەیەو لام وایە پێویستـە ئەو باسـە دوور بخرێتـەوە لەوەی کـە جۆرە*

*بڕیارێکی سیاسی لەو ڕووەوە دەربچێت و تێیان بگەیەنرێ کە ئێمە لایەنگری باسی سەربەخۆیی کوردستان نین و شتی وا نە باس دەکرێ و نە حسابی بۆ دەکرێ و ئەو گفت و گۆیانە تەنها بۆ ئەوەیە کە بە هێواشی و لەسەرخۆ کارو باری بەڕێوەبردنی کوردەکان بە بەشێک لە بەڕێوەبردنی کارو باری عـراق حساب بکرێ، بەڵام بەبێ ئەوەی شتێکی وایان بۆ دەربخەین کە ئێمە دژی بیرو باوەڕی کوردین کە لەڕاستیدا تا ئێستە ئێمە لەو سیاسەتی دەرنەبڕینەمانا سەرکەوتووبووین. ڕاستە شێخ مەحموود داوای ئەوەی کردبوو کە حکومتێکی کوردی دابمەزرێ کە ئەوە بوو لە فقرە (٨)ی نامەی وەکیلەکەیدا داوا کرابوو بەڵام ئەو داخوازییەی پشت گوێ خرا».*

جگە لەو نامەیەی مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد، لە هەمان دۆکیومەنتدا نامەیەکی تیایە کە بە مێژووی ١٩٢٧/١/٤ لەلایەن (مستر مکیف)ەوە لە تارانەوە نێرراوە بۆ Foreign Office کە دیارە لە سفارتی بریتانیاوە لە تاران بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا نێرراوە دەڵێ:

*«لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نەهێنییەوە بیستم گوایا (وثیقە)یەک کە بریتییە لە ڕێکەوتنێک لە بەینی کاربەدەستانی بریتانیاو شێخ مەحموودا ساز کراوەو نسخەیەکی گەیشتۆتە دەست ئیدارەی حکومتی ئێران، وە وا دەوترێ کە بەپێی ئەوە بریتانیا وای ئاشکرا کردووە کە حکومتی بریتانیا لایەنگری دانی حوکمی ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان وە بەڵێنیان داوە کە دان بە سەربەخۆیی حکومتی شێخ مەحموودا بنێن لە کوردستاندا، زۆر دەترسم بڵاوبوونەوەی ئەو درۆیە ببێتە هۆی ئەوەی شاو کاربەدەستانی ئێران بکەونەوە گومانەوەو کێشەکە زۆرتر ئاڵۆز ببێت.*

*من ئیمڕۆ تعلیماتم دەرکرد بۆ (ملحقی عسکری) کە پەیوەندیی هەیە بە سەرکردەی ئەو دائرەی ئاسایشەی کە لەلایەن (سێر هنری دوبس)ەوە دامەزرێنراوە کە ئەوە دووپات بکاتەوە دەربارەی ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاگادار کرابوو (مەبەست ئەوەیە وەکو چۆن تورکیا ئاگادار کرابوو کە ئەوانەی ووتراوە ڕاست نییە هەر بەو جۆرەش ئێرانییەکانیش دڵنیا بکرێن).*

*وە ئەگەر حکومتی عراق لەلایەن خۆیەوە شتێک لە شێوەی بەیانێکدا بڵاوبکاتەوە*

*وا بزانم سوودی زۆر دەبێت و وەرامێکیش دەبێت بۆ نەهێشتنی ئەو گومانەی لە دڵی شاو کاربەدەستانی ئێراندا هەیە».*

مندوبی سامیی بریتانی لە بغداد نامەیەکی ناردووە بۆ سفیری بریتانیا لە تاران ژمارەکەی (١٥) رۆژی ١٩٢٧/١/٢١ کە لە هەمان دۆکیومەنتدا باس کراوە دەڵێ:

*«ئەو نوێنەرەی شێخ مەحموود کە هاتووە بۆ بغداد بۆ گفت و گۆکردن داوای ئەوە دەکا کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی بیرو راو رەزامەندیی شێخ مەحموود وەربگرێ دەربارەی ئەو مەرجانەی کە لە ئەنجامی گفت و گۆکردندا باس کراوە.*

*بەرلەوەی ئەو نوێنەرە بگەڕێتەوە، ئاگادارم کرد کە لە شێخ بگەیەنێت و زۆری لێ بکا کە بەتەما نەبێ هیچ بۆ کورد بکرێ لەوەی کە زیاتر بڕیاری لەسەر دراوە بۆ کوردستان و بۆ شێخ مەحموود روون بکاتەوە کە هەر جم و جوڵێک لەلایەن دۆستەکانی شێخ مەحموودو ئەوانەی سەر بەون لە خاکی ئێراندا دەبێتە هۆی کێشەو نائارامییەک بۆ حکومەتەکان کە بە هیچ جۆرێک چ لەلایەن حکومەتی بریتانیاو چ لەلایەن عراقەوە چاو لەوەناپۆشرێ و تێم گەیاند کە هەر بزووتنەوەیەک لەو ناوچانەدا روو بدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم رێکەوتنە هەڵوەشێنرێتەوە».*

لە هەمان دۆکیومەنتدا نامەیەکی تیایە کە لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران لە ١٩٢٧/١/٢٦دا نێرراوە بۆ وەزارەتی کارو باری دەرەوەی بریتانیا دەڵێ:

*«نیشانە بە نامەی تایبەتیتان کە لە ١٩٢٧/١/١٦دا ناردبووتان دەربارەی شێخ مەحموود گەیشت. خۆتان دەزانن شێخ مەحموود یەکێکە لەو دەسەڵاتدارانەی هەتا ئێستە بۆتە هۆی نائارامی لەسەر سنووردا. ئەگەر تا ئێستە زیانی لە حکومەتی عراق دابێ ئەوندەش زۆرتر زیان بە ئێرانیش گەیشتووە، لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە پێویستە کۆتایی بەوە بهێنرێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئێران خەریکی چارەسەرکردنی رووداوی تر بووە بۆیە نەیپەرژابووە سەر چارەسەرکردنی کێشەی شێخ مەحموود، لەبەر ئەوە پێویستە ئیتر لەمەودوا چارەسەری کێشەی سنوور بکەین.*

*پشت گوێ خستنی داخوازییەکانی شێخ مەحموود دەربارەی دروستکردنی*

حکومەتێکی کوردی لەلایەن مندوبی سامییەوە لە عراقدا بەتەواوی لەگەڵ مەبەست و بۆچوونەکانی ئێمەدا یەک دەگرێتەوەو حکومەتی ئێمە هەمیشە دژی ئەوەیە حکومەتێکی کوردی پێک بێت لەبەر ئەوە زۆر شادمانین کە هەستی ئێوەش بەرامبەر بەوە هەر وەکو هەستی ئێمە وایە.

بەڵام دەربارەی ئەوەی کە ئێوە لەو ڕێکەوتنەی کە لەگەڵ شێخ مەحموودا کردووتانەو بڕیارتان داوە کە شێخ مەحموود بەپێی ئەو ڕێکەوتنە دەبێ لە خاکی ئێراندا نیشتەجێ بێ ئەوە شتێکە پێویست بە ڕەزامەندیی ئێمە هەیە، بۆیە بۆمان هەیە لەو ڕووەوە چی بە باش بزانین بەو جۆرە ڕەفتارو هەڵس و کەوت بکەین.

ئیمزا / علی قُلی

وە لە ١٩٢٧/١/٢٧ مندوبی سامیی بریتانی نامەیەکی ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کە لە هەمان دۆکیومەنتدا هەیە دەڵێ:

*«زۆر شادمان بووین بەوەی دەرتان بڕیبوو کە پێویستە هاوکاری و یارمەتیدان هەبێت لە نێوان ئێران و عراقدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سنوورو ئێجگار پێم خۆش بوو کە ئێوەش هەر وەکو عراق چۆن بۆی چووە لاتان وایە کە نابێ بە هیچ جۆرێک لایەنگریی بیرو رای دروست بوونی سەربەخۆیی کوردستان بکرێ و من زۆر دڵنیام حکومەتی عراقیش بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوەدایە».*

لە ١٩٢٧/١/٢٧دا (کە لە هەمان دۆکیومەنتدا هەیە) نامەیەکی تیایە لە مندوبی سامیی بریتانیاوە لە تاران کە (کلیف) بووە بۆ وەزیری دەرەوەی ئێران (علی قُلی خان) دەڵێ:

*«ئاگادار کرام کە ئەو گفت و گۆیەی لەنێوانی حکومەتی عراق و نوێنەری شێخ مەحموودا کرابو تەواو بووەو بەرلەوەی ئەو نوێنەرە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی شێخ مەحموود وەربگرێ لەسەر ئەو مەرجانەی کە لەو ڕێکەوتنەدا دانرابوو، مندوبی سامیی ئێمە لە بغداد ئەو نوێنەرەی ئاگادار کردبوو کە پێویستە لە شێخ مەحموود بگەیەنێت کە:*

١ـ بەتەمای ئەوە نەبێ هیچ شتێکی تر دەربارەی کورد بکرێ و ئەوەی بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە شتێکی کۆتاییەو دەسکاری ناکرێ.
٢ـ هەر کـردەوەو جم و جـولێک لەلایەن شـێخ مـەحـموودەوە یا لەلایەن دۆست و تاقمەکەیەوە کە ببێتە هۆی ئاژاوەنانەوە لەناو خاکی ئێراندا، شێخ مەحموود هەر وەکو پەیمان شکێنێک حسابی لەگەڵا دەکرێ و ئەو ڕێکەوتنە هەڵدەوەشێنرێتەوە.
وا نسخەیەک لە داخوازییەکانی شێخ مەحموودو ئەو وەرامانەی کە بەرامبەر ئەو داخوازییانە دەرچووە بۆتان دەنێرین بۆ ئاگاداریتان».
(بەڵام لەو دۆکیومەنتەدا باسی داخوازی و وەرامەکانی ئاشکرا نەکراوە).

## ٢- ئەو تەقەلایانەی شێخ مەحموود دابووی بۆ ئەو ڕێکەوتنە کاتییە

لەدکیومەنتی ژمارە C.O.780-80 رۆژی ١٩٢٥/١١/١٢ لە فقرە (٧٥٧)دا باسی نامەیەکی شێخ مەحموود دەکا دەڵێ:

*«نامەیەکی شێخ مەحموود گەیشتووە باسی ئەوە دەکا کە ئیدارەیەکی نیشتمانی لە کوردستاندا دروست بکرێت National Administration و لەو نامەیەدا بێزاریی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە تەماعی عەرەبەکان لە کوردستانداو داوای دۆستایەتی دەکا لەگەڵ بریتانیادا.*

*مندوبی سامی بە نووسین وەرامی نەدایەوە بەڵکو بە دەم رایسپارد کە تێی بگەیەنرێ ئەوەی بڕیار دراوە بەرامبەر بە کوردستان شتێکی کۆتاییەو نابێ بگۆڕرێ و تازە بڕیار دراوە کە دەبێ کوردستان بە بەشێک حساب بکرێ لە عراق و بەرامبەر بەوە عراق بەڵێن و پەیمان دەدا زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکانا بەکار بهێنرێ و فەرمانبەران لە خۆیان بێ و مندوبی سامی داوای لە شێخ مەحموود کرد کە بێتە بغداد بۆ ئەو مەبەستە بەڵام لەوە ناچێ بێتە بغداد لەگەڵ ئەوەشدا مندوبی سامی حەز دەکا بتوانرێ ئەو ناوە ئارام و ئاسایشی تیادا بەرپا بکرێ».*

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ[٣]:

*«کە ئینگلیزەکان بڕیاریان دا هێزێکی گەورەی لیڤی کە زۆربەیان ئاسووری بوون بنێررێن بۆ ناوچەی پێنجوین، شێخ مەحموود بۆ روو بە روو بوونەوەی ئەو هێزە فەرمانی ژمارە (٦)ی لە رۆژی ١٩٢٦/٦/٢٤دا دەرکردو بەپێی ئەوە هێزەکانی خۆی دابەشکردو بڕیاری دا ئەم جارە خۆی سەرپەرشتیی ئەو شەڕە بکات لە ناوچەی (نالپاریز)دا.*

*جنراڵ (براون)ی فەرماندەی ئینگلیز لەدوای مانەوەی (١٨) رۆژ لە نالپاریز ئەم*

*نامەیەی نارد بۆ شێخ مەحموود کە ووتبووی:*

*بۆ شێخ مەحموود افندی:*

*لەپاش حرمت و سلام... ئێمە بۆ جەنگ نەهاتووین، هاتووین بۆ مناوەرەیەک و ڕێبوارین، بەتەواوی باوەڕم بە هێزو دەسەلاٚت و توانات هەیە، تکایە بەبێ شەڕ ڕێگەمان بدەن بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی وە دوکتۆر (شوا) کە خۆتان داواتان کردبوو بێتە خزمەتتان (بۆ تداوی کردنی فڕۆکەوانەکە بووە وەکو لەپاشدا لێی دەدوێین)، هاتنمان بۆ پێشەوە مساعدە بفەرموون چونکە دوکتۆر (شوا) بۆ تیمارکرنی (دانی)ی فڕۆکەڕان هاتووە».*

*مخلصتان - جنرال براون*

شێخ مەحموود بەرامبەر بەو نامەیەی جنرال براون فەرمانی دەرکرد بۆ ماجد مصطفی کە ڕێگەی جنرال براون بدا بێتە دەشتی (گەڵگە)و خۆی و چەند سوارێک بچن دوکتۆر (شوا) وەربگرن و بیهێنن بۆ (وولەژێر)و شێخ مەحموود نامەیەکی نارد بۆ جنرال براون:

*عزیزم جنرال براون*

*«نامەکەی پەیغامی ئیخلاصیی ناچاریتان گەیشت، فەرمانم دا بۆ یەک شەو ڕێگاتان بدەن، فەرموون وەرن بۆ دەشتی گەڵگە».*

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-105 ڕۆژی ١٩٢٦/٨/٨ لە فقرە (٥٣٤)ی ڕاپۆرتی ژمارە (١٧)دا دەڵێ:

*«ئەو قافلەیەی کە هەرچی پێویستیی ئیسراحەت و لەش ساغیی ئەو فڕۆکەوانە گیراوەیە لە (وولەژێرە) بردی و گەڕایەوەو نامەیەکی فڕۆکەوانەکەی هێناوە دەڵێ خۆی و میکانیکەکە تەندروستییان باشەو دووبارە داوای ئەوە دەکا داخوازییەکانی شێخ مەحموود جێ بە جێ بکرێ و ئەگەر ئەوە کرا شێخ مەحموود بەڵێن دەدا کە ئامادەبێ بچێتە ژێر سایەی بریتانیاوە.*

ڕاپۆتەکە دەڵێ: *لەوە دەچێ شێخ مەحموود بیەوێ بەرەڵلاکردنی ئەو دوانە بکا بە هۆیەک کە کوردستانی دەسگیر ببێتەوە».*

دەربارەی چوونی ئەو دوكتۆرەی كە بۆ فڕۆكەوانەكە نێررابوو، شێخ بابا علیی شێخ مەحموود لە بیرەوەرییەكانی ئەو رۆژانەیدا باسی ئەوەی بۆ كردم وەكو خوارەوە:

*«ئەو رۆژانەی دانیی فڕۆكەوان گیرابوو نەخۆشیی مەلاریا لەو ناوچانەدا زۆر بڵاوبووبووەوە، دانیی فڕۆكەوانیش تووشی مەلاریا بووبوو، باوكم زۆر مەراقی بوو ئەو فڕۆكەوانە هیچی لێ نەیەت، دوكتۆرێكی لابوو كە ناوی (ئورخان) بوو كە توركەكان بۆیان ناردبوو، بەڵام فڕۆكەوانەكە بەوە دڵنیا نەبوو كە ئەو دوكتۆرە تداویی بكا، بۆیە باوكم خۆی نامەیەكی نارد بۆ ئینگلیزەكان كە وا فڕۆكەوانەكە نەخۆشەو دوكتۆرێكی خۆیان بنێرن بۆ ئەوەی چاوی بە نەخۆشەكە بكەوێ.*

*ساتێك ئەو دوكتۆرەی ئینگلیزەكان ناردیان گەیشت كە ناوی (شۆ) بوو باوكم بەو دوكتۆرەی ووت: ئەگەر دەزانی نەخۆشییەكەی ترسناكەو پێویستی بەوە هەیە كە بەرەڵلا بكرێ بۆ ئەوەی لەژێر چاودێریی خۆتانا تداوی بكرێ ئامادەم بەرەڵلای بكەم. كە فڕۆكەوانەكەو میكانیكەكە هاتنە لای دوكتۆر شۆ كە هەردووكیان جل و بەرگی كوردییان لەبەردا بوو وە هەر وەكو دیل سەیر نەدەكران بەڵكو لە هات و چۆیانا ئازاد بوون. دوای ئەوەی كە دوكتۆرەكە فحصی (دانی)ی كرد لە وەرامی ئەوەی باوكم پێی ووتبوو دوكتۆر (شۆ) بە باوكمی ووت:*

*«من كاتی خۆی كە بووم بە دوكتۆر، سوێندم خواردبوو لە ئیش و كارەكەما راست بم و درۆ نەكەم بەرامبەر بە مهنەكەی خۆم، بۆیە پێت دەڵێم كەوا راستە ئەم فڕۆكەوانە نەخۆشە بەڵام نەخۆشییەكەی لەو جۆرە نییە كە مەترسیی مردنی لێ بكرێ و بەئاسانی چاك دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوكم پاش ماوەیەك بەرەڵلای كردو چووەوە بۆ ووڵاتی خۆی».*

شێخ رەءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەكانیا دەربارەی ناردنی دوكتۆر شۆ دەڵێ(٢١):

*«ساتێك لەسەر داخوازیی باوكم ئەو دوكتۆرەی بۆ (دانی)ی فڕۆكەوان داوا كرابوو گەیشت بە رێكەوت لەو كاتەدا یونسی قادر ئەفەندی كە ئەفسەرێكی كورد بوو لەناو شۆڕشدا، بە فەرمانێكی باوكم نێررابوو، كە گەڕایەوە هێشتا دوكتۆر شۆ*

*نەگەڕابووەوە (٢٠) بار چەک و جبەخانە لەگەڵ یونسی قادر ئەفەندیدا گەیشت کە قونسولی تورک لە (ورمیە)وە ناردبووی، ناردن و گەیشتنی ئەو چەکانە کارێکی زۆری کردە سەر ئینگلیزەکان و باری ئەوەی ئاسان کرد کە رازی بن بەوەی باوکم لەگەڵیانا رێک بکەوێ لەپاش گفت و گۆ و نامەناردن بۆ یەکتری».*

لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-103 رۆژی ١٩٢٦/٩/٢٤دا نامەیەکی باوکی ئەو فرۆکەوانەی تیادایە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی گرتنی (دانی)ی کوڕی و ئەو میکانیکەی کە لەگەڵیا بووە (لە دۆکیومەنتەکەدا دەڵێ ئەو میکانیکە ناوی هیرست HIRST بووە) کە هەردووکیان لە ١٩٢٦/٦/١٤دا گیرابوون و باوکی فرۆکەوانەکە دەڵێ:

*«هەتاکو ئێستە دوو نامەم لە کوڕەکەمەوە پێ گەیشتووەو یەکێک لەوانە نامەیەکی شێخ مەحمودیشی لەگەڵە کە لە ٣/سبتمبری ١٩٢٦دا نووسراوە وە دوانامەی شێخ مەحموود نێررا بۆ مکتبی وەزارەتی مستعمرات و کۆپییەکی لێ هەڵگیراوە کە نامەکەی شێخ مەحموود دەڵێ: زۆر پەرۆشی ئەوەیە بگەڕێتەوە شارەکەی خۆی (سلێمانی) وە هیچی لەوە زیاتر ناوێ کە لە شارەکەدا دانیشێ و موڵکەکانی بدرێتەوە، بەڵام لەوە ناچێ حکومت و مندوبی سامی بە هیچ جۆرێک رەفتارێکی باش لەگەڵ شێخ مەحموودا بکەن و گفت و گۆی لەگەڵا بکەن وهەوڵێکی زۆر دراوە هەتا ئێستە کە دۆست و هاوکارەکانی لە شێخ مەحموود هەڵگەڕێنەوەو بەرتیلێکی زۆریش دراوە بە ئێران دژی شێخ مەحمموود بەڵام ئەوانە هەتا ئێستە هیچ کاریان نەکردووەو سوودیان نەبووە. ئیدارەی وەزارەتی مستعمرات دەڵێ شێخ مەحموود تاوانبارە، بەڵام من گومانم هەیە لەوەی کە ئەو قسەیە راست بێت چونکە لەڕاستیدا شێخ مەحموود شۆڕشگێڕەو دژی حکومتی ئێمە لە جەنگدایەو وەکو بیستوومە شێخ مەحموود تاوانبارو پیاوکوژ نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیەوێ دۆستایەتی لەگەڵ حکومتی بریتانیادا هەبێ وە دەیەوێ لە سلێمانیدا بە ئاسایش بژی کە بەلای منەوە ئەوە کارێکی باشە چونکە بەوە لەژێر چاودێری خۆماندا دەبێ بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە ئێرانا بمێنێتەوەو ببێتە هۆی ئاژاوەو پشێوی و دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەخۆڕایی*

نائارام بن.

دەزانم لە رابوردوودا شێخ مەحموود لەوانە نەبوو کە باوەڕی پێ بکرێ بەڵام رەنگە ئێستە گۆڕابێ چونکە بۆی دەرکەوتووە لە رێگەی یاخی بوونەوە هیچی دەسگیر نابێت وە رەنگە ئێستە بیەوێ وەکو شارستانییەک رێگەی ژیان بگرێتە بەر.

لە (دانی)ی کورم و Hirst ەوە تێ گەیشتووم کە ئەگەر رێگەی شێخ مەحموود بدرێ بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی ئەوا هەردووکیان بەردەدرێن. هەتا ئێستە هەردووکیان زۆر باش رەفتاریان لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئەگەر گفت و گۆ لەگەڵ شێخ مەحموودا نەکرێ لەوە دەچێ هەندێ شت روو بدا کە ببێتە هۆی ناڕەحەتی بۆ گیراوەکان کە لەدوای ئەوە گفت و گۆکردن لەو رووەوە سوودی نامێنێت وە وا دەزانم باش ئەوەیە کە هەر لە ئێستەوە حکومت گفت و گۆی لەگەڵا بکاو ئەو دوو گیراوە رزگار بکرێن.

هەڵوێست زۆر ئاڵوزو تەماوییەو لەوە دەچێ حکومەتی بریتانیا دەسەڵات و توانای ئەوەی نەبێ گیراوەکان رزگار بکاو حکومەتی ئێرانیش لە ناوچەی (مەریوان)دا دەستی ناڕواو لەوە دەچێ لە رێگەی دیپلۆماسییەوە نەتوانرێ کار بکرێتە سەر ئێران، جگە لەوە رزگارکردن و دەربازکردنیان بە هۆی فڕۆکەناردنەوە لە شوێنێکی وەکو (مەریوان)دا شتێکی زۆر گرانەو بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی لەو رووەوە سوودی نییەو شوێنی گیراوەکان دەخاتە مەترسییەوە، بێجگە لەوە ئەو خاکەی ئەوانی تیادان لەناو وڵاتی ئێراندایەو بەکارهێنانی هێز لەناو ئەو وڵاتەدا دوورە لە دەسەڵاتی ئێمەو ئەو هێزەش کە دەنێررێت بۆ ئەو مەبەستە دەبێ هێزی بریتانی بێ و پاڵپشتی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باشترین هەنگاوێک بۆ بەربوونیان ئەوەیە بە گفت و گۆ چارەسەر بکرێ لەگەڵ شێخ مەحموودا».

دۆکیومەنتەکە دەربارەی ئەو نامەیەی باوکی دانی دەڵێ:

«باوکی دانی لای وایە ئیدارەی وەزارەتی مستعمرات و مندوبی سامی لە بغداد نایانەوێ خۆیان ببەستن بە هیچ بەڵێن و (التزام)ێکی رەسمییەوە لەگەڵ شێخ مەحموداو باوکی دانی دەڵێ: ژماردنی شێخ مەحموود بە پیاوێکی (مجرم)

*بۆچوونێکی زۆر هەڵەیەو دووره لە راستی، دانی و هاوڕێکەی هەردووکیان لەشەڕدا گیراون و لەوساشەوە کە گیراون زۆر باش رەفتاریان لەگەڵا دەکرێت کە ئەمەش لە سوودی شێخ مەحموودە، چونکە نیشانەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە سلێمانیدا بەبێ گێچەڵ و بە ئاسایش بژی.*

*رەنگە حکومت بە هۆی نوێنەرەکانییەوە بتوانێ لەگەڵ شێخ مەحموودا کۆبوونەوە بکا، داوا لە شێخ مەحموود بکرێ هەڵوێست و کرداری خۆی بەرامبەر بە حکومت بگۆڕێ و باشی بکا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی بە مەرجێک گیراوەکان بەر بدا، بەلاّم قەت ئەو تەقەلادانە بە باش نازانم کە بەرتیل بدرێ بە پیاوەکانی شێخ مەحموود بۆ رزگاربوونیان و باشترین رێگا ئەوەیە لەگەڵ خۆیدا یەکسەر ووت و ووێژ بکرێ بە طریقەی بریتانی.*

ئیمزا/ *Commander Danny*

*(باوکی فڕۆکەوان)*

لە هەمان دۆکیومەنتدا یاداشتێکی تیادایە کە لەلایەن Hall ەوە ئیمزا کراوە کە لە ١٩٢٦/٩/٢٤دا نووسراوە کە وا دیارە ئەو یاداشتە دەربارەی نامەکەی باوکی دانی (کۆماندر.دانی) پێشکەش کراوە بە وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەڵێ:

*«لەو نامەیەی کوماندر دانی کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ناردووە باسی ئەوەی کردووە ئەگەر شێخ مەحموود رێگەی بدرێتێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و موڵکەکانی بدرێتەوە بە ئاسایش لە شارەکەی خۆیدا دادەنیشێت کە ئەمە لەگەڵ ئەو نامەیەی دوایی شێخ مەحموودا یەک ناگرێتەوە کە (کوماندر دانی) مناقشەی کردووەو بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە بەرامبەری کە شێخ مەحموود لەو نامەیەدا ووتوویەتی:*

*من هەمیشە ئامادەم خۆم و لەشکرەکەم یارمەتیی حکومت بدەین کە بێگومان بوونی یەکێکی خاوەن لەشکر لەگەڵ ئەوەدا یەک ناگرێتەوە کە بەو کەسە بوترێ دەیەوێ بە ئاسایش لە سلێمانیدا بژی... کەواتە لام وایە مەبەستی راستەقینەی شێخ مەحموود بە شێوەیەکی ئاوژوو بە هەڵە لێک دراوەتەوە.*

*من وا بە باش دەزانم وەرامی نامەکەی باوکی دانی بەپێی ئەم موسوەدەیەی لەگەڵ*

ئەم نامەدایە بدرێتەوە وە کۆپییەکی بنێررێت بۆ (سێر هنری دوبس) مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد وە کۆپییەکی بۆ(دانی)وە تێی بگەیەنرێت کە رەنگە ئەو بتوانێ نظری دقتی شێخ مەحموود جلب بکا، لەگەڵ ئەوەشدا مندوبی سامی حەز دەکا ئەگەر ماوە هەبێ لە رێگەیەکی عادلانەوە گفت و گۆ لەگەڵ شێخ مەحموودا بکرێ وەکو ئەوەی مـلازم (دانی) خـۆی پێشنیـازی کـردووە هەرچەند ئەو ووت و وویژە لەگەڵ شێخ مەحموودا هەندێ لە سومعەشمان کەم دەکاتەوە، بەلاّم وا بزانم ئەمە تەقەلایەکی بێ سوود نەبێت.

ئیمزا / Hall

١٩٢٦/٩/٢٤

لە هەمــان دۆکـیــومــەنتــدا نامــەیەکی تیــایە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە Secretary of State دەڵێ:

«لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە کوماندر دانی باوکی ملازمی فڕۆکەوان گفت و گۆی لەگەڵ ئێوەدا کردووە.

درێژەکێشانی گرتنی ئەو دوانە شتێکی ناخۆشەو بێگومان لە پارلماندا لەو رووەوە رەخنەمان لێ دەگیرێت جگە لە رەخنەو تانووتی رۆژنامەکان کە هەتا ئێستە هەوڵێکی وا نەدراوە ئەو دوانە بەر بدرێن.

بەلاّم لەڕاستیدا ئاسان نییە کە بزانین دەتوانین چی بکەین بۆ ئەو مەبەستە... ئەو دوانە لە خاکی ئێراندا گیراون و بڕیارێکی ئاشکرا هەیە کە نابێ هیچ هێزێکمان بچێتە ئەودیو سنوور، وەزارەتی دەرەوە ئەوەی توانرابێ کردوویەتی بۆ ئەوەی داوا لە ئێران بکرێ بۆ بەردانیان بەلاّم ئێران ئەو توانایەی نییە ئەگەرچی حەزیش دەکا شتێک بکرێت لەم ڕووەوە.

شێخ مەحموود دەیەوێ ئەو گیراوانە بۆ سوودو مەبەستی خوی بەکار بێنێت و داوای ئەوەمان لێ دەکا کە داخوازییەکانی بەجێ بێنین و شوێنی جارانی دەسگیر ببێتەوە وە چاو لە کردووەکانی بپۆشین، بەلاّم ئێمە نامانەوێ مل بۆ ئەو

*داخوازییانەی ئەو کەچ بکەین، تەنها ماوەتەوە سەر ئەوەی کە چۆن و بە چ ڕێگایەک فشار بخەینە سەر ئێران و داوای بەربوونی ئەوانەی لێ بکەین لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاگادارین معاملەی گیراوەکان بەباشی دەکرێ.*

لە ئەنجامی ئەو نامەیەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا J.H.Hall نامەیەکی ناردووە بۆ (کوماندر. دانی) کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.18012-26 ڕۆژی ١٩٢٦/٩/٢٧دا تۆمارکراوە دەڵێ:

*«عزیزم کوماندر دانی*

*زۆر دڵگیر بووم کە هەتا ئێستە وەرامی نامەی ڕۆژی ١٩٢٦/٩/٢١تان نەدراوەتەوە. وا ئەصلی نامەکەی شێخ مەحموود کە لای من بەجێتان هێشتبوو بۆتان دەنێرمەوە، لەگەڵ ترجمەکەیدا (بەداخەوە نە نامەکەی شێخ مەحموودو نە ترجمەکەی لە دۆکیومەنتەکانا نەبوو)، بەداخەوە نەمتوانی ئەو نامەیە تدقیق بکەم چونکە بە کوردی نووسراوە نەک بە عەرەبی، وێنەیەک لە یاداشت و نامەکەتان بە پۆستەدا نێررا بۆ مندوبی سامی لە بغداد وە لەو ڕووەوە دڵنیا بن کە نەویستراوە لەرێی ڕۆتین و ڕەسمییاتەوە تەگەرە بخرێتە بەر دەم ئەو کارەی کە پێویستە بۆ بەردانی کوڕەکەت و هاوڕێکەی، وە لەوە دەچێ ئێوە لە یاداشتەکەتانا بەزۆری بۆچونی خۆتان زۆرتر دەربڕیوە وەک ئەوەی کە لە ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموودا هەیە کە دەڵێ: ئێمە خۆمان و لەشکرەکەمان ئامادەین یارمەتیی حکومت بدەین ئەگەر ڕێگەمان پێ بدرێ لە سلێمانیدا دابنیشین.*

مخلصتان/ *J.H.Hall*

لە داوننگ ستریتەوە نامەیەکی تیادایە کە نێرراوە بۆ مندوبی سامیی بریتانیا لە بغداد بەپێی دۆکیومەنتی ژمارە C.O.18012-26 نەهێنی ـ ڕۆژی ٣٠/ایلولی ١٩٢٦ دەڵێ:

*«وا کۆپییەک لە یاداشتی دەسنووسی (کوماندر دانی)م نارد کە باوکی ئەو ئەفسەری فڕۆکەوانەیەو بەدیل گیراوە لەگەڵ ئەو گفت و گۆیەی کە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا*

کردوویەتی و ترجمەی نامەکەی شێخ مەحموود کە لەلایەن فرۆکەوانەکەوە لەگەڵ نامەیەکدا نێرراوە بۆ باوکی.

لام وایە کوماندر دانی ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموودی نەخستۆتە بەرچاو کە دەردەکەوێ ئەو نامەیە بۆنی ئەوەی لیٚ نایە کە شێخ مەحموود بیەوێ لە سلێمانیدا بە ئاسایش لەناو موڵک و ماڵی خۆیدا هەر وەکو یەکێکی ئاسایی بژی.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر رێگەیەک هەیە کە ئێوە بە باشی بزانن دەربارەی گفت و گۆکردنی راستەوخۆ لەگەڵ شێخ مەحموودا بەپێی ئەو پێشنیازەی کە (دانی) کردوویەتی ئەگەرچی ئەوە لە سومعەشمان کەم دەکاتەوە با بکرێ بۆ ئەوەی ئەو دوانە رزگار بکرێن.

دڵسۆزتان/ J.E.Chuckburgh

لە راپۆرتی ژمارە (٢١)ی رۆژی ١٣/ ١٠/١٩٢٦ کە لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-107 دایە دەڵیٚ:

**فقرە٤٦٣**

«نامەکانی ئەم دواییەی شێخ مەحموود گەیشت بە مندوبی سامی لەگەڵ گفت و گۆی دۆستانەی لەگەڵ دوکتۆر (شۆ)دا، ئەو دوکتۆرەی کە نێررابوو بۆ (دانی).

مندوبی سامی وا بە باش دەزانیٚ نامەیەکی سوپاس بنێررێت بۆ شێخ مەحموود بەرامبەر بەوەی بەڵێنی داوە دانی و هاورێکەی بەربدرێن و پێشنیازی کرد لە خورماڵ یەکتر ببینین و شێخ مەحموود وەرامی دایەوە کە زۆر پێخۆشحاڵ دەبیٚ کە لە کات و رۆژو شوێنی دەستنیشانکراودا یەکتر ببینن، بەڵام مندوبی سامی تووشی نەخۆشی بوو و نەیتوانی بەڵێنەکەی بەجیٚ بێنێت و لەجیاتی ئەو کورنوالیس Cornwallis ی موستەشاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقی نارد بۆ خورماڵ وە لە پشت گوندێکەوە کە بەسەر شاخی هەورامانا دەڕوانێت یەکتریان بینی و شێخ مەحموود بڕیاری دا هەردوو گیراوەکە بەربدرێن و بەپەلە بە فرۆکە هەردووکیان

نێرران بۆ کرکوک و لە ئەنجامی گفت و گۆی شێخ مەحموودو کورنوالیسدا شێخ موافقتی کرد خۆی و خێزانەکەی لەودیو سنوور لەناو خاکی ئێراندا بژین بەڵام چەند مەرجێکی بۆ دانرا کە دەس درێژی نەکاتە کارو باری عراق و موڵکەکانی شێخ مەحموود هەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بێت و لەجیاتی ئەوە مووچەیەکی مناسبی دەدرێتێ.

شێخ مەحموود بەو بڕیارو پێشنیازە زۆر پەست و دڵگیر بوو چونکە دەی ووت: هەتا کەی هەر بە ئاوارەیی بمێنێتەوە؟

کورنوالیس لە وەرامی ئەوەی شێخ مەحموودا پێی دەڵێ: لەدوای ئەو هەموو رووداو و بەسەرهاتانەی ساڵانی پێشوو ناتوانرێ جارێ بە ئاسانی شتی لەوە باشتر بکرێت بەڵام لەدوایىدا ئەگەر دەری خست هیچ سەریشەیەک بۆ حکومت نانێتەوە بەو مەرجانەدا دەچینەوە.

گفت و گۆ لەو رووەوە دوو سەعاتی خایان و شێخ بڕیاری دا کە بچێتە لای دۆست و کەس و کارەکانی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانیشدا لەو باسە بکۆڵێتەوە ئەوسا بە نووسین بیر و رای کۆتایی خۆی لەو رووەوە دەردەبڕێ. کورنوالیس زۆر متفائل بوو بە ئەنجامی ئەو گفت و گۆیەو لەوانەش بوو هەندێ دەسکاریش لەو مەرجانەدا بکرایە ئەگەر پێویست بوایە بکرایە.

لە راپۆرتی ژمارە (٢٣)ی رۆژی ٩/١١/١٩٢٦ی هەمان دۆکیومەنتدا لە **فقره ٦٧٢** دا دەڵێ:

دوای گفت و گۆکردنی شێخ مەحموود لەگەڵ کورنوالیسدا لە خورماڵ لە ٩/١٠/١٩٢٦دا کورنوالیس مفتشی ئیداریی ئاگادار کرد کە ئامادەیە بە بڕیارەکانی شێخ مەحموود رازی بێت وە داوای لە نوێنەری شێخ کرد کە بچێتە بغداد بۆ ووت و ووێژ دەربارەی ئەو بڕیارانەی بۆ دواجار لەسەری رێک دەکەون. بەڵام وا دەرکەوتووە کە شێخ مەحموود لەگەڵ (٢٠٠) کەس لە چەکدارەکانی لە (سیتەک) بینراون کە (٨) میل دوورە لە سلێمانییەوە.

لە ١٧/١٠/١٩٢٦دا شێخ مەحموود لە سیتەکەوە وەکیلی خۆی ناردووە بۆ دێهاتی

*سەرچنارو شارباژێر بۆ کۆکردنەوەی باج و دەنگ وا بلاو دەکەنەوە کە ئێستە لەژێر فەرماندەی ملک فیصل و حکومەتی بریتانیادایە...*

*مندوبی سامی بە هۆی مفتشی ئیداریی سلێمانییەوە ئینذاری دا بە شێخ مەحموود کە وا هیچ جۆرە گفت و گۆیەک ناکرێ لەگەڵ ئەو نوێنەرەی کە دەینێرێ بۆ بغداد هەتا واز لە کۆکردنەوەی باج نەهێنێت و واز لە هەموو جم و جولێک نەهێنێت.*

*لەدوای ئەو ئینذارە شێخ مەحموودو چەکدارەکانی گەڕانەوەو نوێنەری شێخ مەحموود کە سید ئەحمەدی برزنجی بوو لە ٢١/ ١٩٢٦/١. دا گەیشتە سلێمانی وە لەوێوە دەسبەجێ نێررا بۆ بغداد.*

***فقرە ٦٩١.** شێخ مەحموود سیتەکی بەجێ هێشت و لە ٢٥/ ١٩٢٦/١. دا چووە پێنجوین وە لە هەمان کاتدا دەستکرا بە گفت و گوکردن لەگەڵ نوێنەرەکەیدا بەلاّم پێشکەوتنێکی ئەوتۆ نەبینراوەو سید ئەحمەدی برزنجی لیستەیەک لە داخوازییەکانی تقدیم کرد کە بەشێکی زۆری بەبێ قیدو شرط دەبێ سەیری نەکرێ، بەلاّم ئومێد زۆر کەمە کە بگەنە ئەنجام».*

دوای ئەوەی کورنوالیس لە خورماڵ گەڕایەوە یاداشتیکی نارد بۆ وەزارەتی ناوخۆ (عراق) کە لە دوکیومەنتی ژمارە C.O.730-96 رۆژی ٢٦/ ١٩٢٦/١. دایە بەلاّم سەیر ئەوەیە ئەو یاداشتە بریتییە لە (٢.) فقرە تەنها هەتا فقرە (١.)ی چاپ کراوەو لە فقرە (١١) بەدواوە هەر بە موسوەدەیی ماوەتەوەو چاپ نەکراوەو یا چاپ کراوەو نەماوە تەنها موسوەدەکەی کە بە دەسخەت بووە ماوەتەوەو منیش هەر لە دەسخەتەکەوە وەرم گێڕا بۆ کوردی کە بە دوورو درێژی باسی گفت و گۆکردن دەکا لەگەڵ شێخ مەحموودا.

یاداشتێک لە ـ کورنوالیسەوە بۆ ـ وەزارەتی ناوخۆ(وەزارەتی ناوخۆی عراق)

سری/ No. C/2926

27/SL/1

*١ـ لە ٤/ ١٩٢٦/١. دا شێخ مەحموود نامەیەکی نارد بۆ مفتشی ئیداریی سلێمانی و داوای کردبوو کە حەز دەکا لەگەڵ مندوبی سامیدا لە خورماڵ لە*

١٤/ ١/ ١٩٢٦دا یەکتـر ببـینن، لەبەر ئەوەی مندوبی سـامی نەخـۆشکەوت بۆیە نەیتوانی بچێت و لەجیاتی ئەو من چوومە خورماڵ کە لە سلێمانییەوە بە فڕۆکە چووم و کە گەیشتمە ئەوێ پیاوێکی شێخ لەوێ بوو ووتی شێخ حەز دکا کە لەپێشدا لەگەڵ ماجد ئەفەندی و سید ئەحمەدی برزنجیدا گفت و گۆ بکەم (کورنوالیس) بۆ ئەوەی بزانرێ لە چ شوێنێکدا کۆبوونەوەکە بکرێ، منیش بە پیاوەکەیم ووت من لە بغدادەوە بۆ ئەوە هاتووم کە لەگەڵ شێخ مەحمـوود خۆیدا گفت و گـۆ بکەم کە شێخ خۆی ئارەزووی وابووە رۆژی پێنج شەممەی ئێوارە لە خورماڵ کۆ ببینەوە لەبەر ئەوە ئامادە نیم نە لەگەڵ ماجد ئەفەندی و نە لەگەڵ سید ئەحمەدا کۆ ببمەوە، بۆیە پێویستە شێخ خۆی بێت و یەکتر ببینین و ئەو دوو بەدیل گیراوەی لاتانە لەگەڵ خۆیدا بیان هێنێت.

٢. سەعـات (١)ی پاش نیـوەڕۆ سـید ئەحمـەدو چوار سـوار هاتن و A.C.Hirst ی لەگەڵا بوو. (ئەو میکانیکییە بووە کە لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا بەدیل گیرابوون) ووتی شێخ مەحموود لە نزیکی ئەو گردانەوەیەو تکای هەیە کە من (کورنوالیس)یش بچمە ئەو شوێنە کە (١٠) دقیـقە دوورە چونکە ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحمووددان رێگەی ئەوەیان نەدا بێتە ناو ئاوایی (کە خورماڵ بووە) چونکە مەترسیی هەیە لەوەی هەندێ شت روو بدا (بێگومـان شێخ مەحموود حسابی ئەوەی کردووە کە خـورماڵ بنکەی هێزی حکومتی تیادا بووە بۆیە سڵی لە چوون کردۆتەوە). هەوڵم دا کە سید ئەحمەد دڵنیا بکەم کە شێخ مەحموود هیچ ترسێکی نەبێ و با بێتە ئێرە بەڵام دیار بوو سید ئەحمەد هیچی بەدەست نەبوو، لەبەر ئەوە بڕیارم دا من بچمە ئەو شوێنەی کە شێخ مەحموود لێی بوو چونکە زۆرم لا مەبەست بوو کە (دانی)ی فڕۆکەوان ئازاد بکرێ و من لەپێشدا بڕیارم دابوو هیچ گفت و گۆیەک نەکەم هەتا (دانی) ئازاد نەبێ و سید ئەحـمـەد بەناوی شـێخ مـەحـموودەوە بەڵێینی دامێ کـە وا هیچ گـومـانی نەبێ لە بەرەڵلاکردنی (دانی)ەو دەسبەجێ سوارێک نێررا بۆ لای شێخ مەحموود کە لە شوێنی دەسنیشانکراودا یەکتر دەبینین.

٣. پاش نیو سەعات شێخ مەحموودو تاقمەکەی دەرکەوتن و منیش تەنها فصیلێکی عسکریی عراقیم لەگەڵا بوو، ئەو فصیلەم نزیکی رۆژهەلاتی خورماڵ داناو من ماوەی

(..١) یاردە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتم و چاوم لێ بوو شێخ مەحموود لە ماوەی (..٤) یاردەوە دیار بوو و شێخ لە نزیکی (..١) یارد دوور لە منەوە چەکدارەکانی خۆی بەجێ هێشت و لەگەڵ (دانی)دا پێکەوە هاتن و لەدوای ئەوەی بەیەکتر گەیشتین و سڵاومان لەیەکتری کرد، شێخ مەحموود (دانی)ی تسلیم کردم بەرلەوەی دانی بڕوا داوای لێ کردم کە دەیەوێ سوپاسی شێخ مەحموود بکا بەرامبەر بەو ڕەفتارە باشەی کە لەگەڵیا کرابوو، هەروەها داخوازیی Hirst یش لەو ڕووەوە بەجێ هێنرا. دانی دەستی شێخ مەحموودی گوشی و هەروەها لەگەڵ سید ئەحمەدو یەک دوو کەسی تریشدا کە دیار بوو ئەوانە لەگەڵیا باش بوون دەستی گوشین و هەردووکیان نێرران بۆ خورماڵ.

من و شێخ مەحموود ماوەیەکی کەم ڕۆیشتین و لەوێ لبادێکی کوردی داخرابوو، چونکە زەوییەکەی دڕکاوی بوو، دانیشتین و دەستمان کرد بە گفت و گۆکردن دەربارەی پەیوەندیی دوارۆژ لەگەڵ عێراقدا.

٤. من لەپێشدا باسی هۆی نەهاتنی مندوبی سامیم بۆ کردو لەجیاتی مندوبی سامی سوپاسی شێخ مەحموودم کرد کە ئەو دوو گیراوەی دایەوە دەستمان پاش ئەوەی لە ماوەی گرتنیانا ڕەفتارێکی باشیان لەگەڵا کرابوو، وە شێخ مەحموود لە وەرامدا ووتی کە بەداخەوە مندوبی سامی نەیتوانیوە بێت و دوعای کرد کە زوو لە نەخۆشییەکەی چاک بێتەوە.

٥. بە شێخ مەحموودم ووت کە ئێستە کارو باری سلێمانی بە جۆرێکی تر ڕێکخراوەو لە دوو ساڵ لەمەوبەر ناچێت و حکومت بڕیاری داوە بە باشی و چاکی کارو بار ببرێت بەڕێوەو دەست کراوە بە دابین کردنی ئاسایش و ژمارەیەک پۆلیس لە شوێنە ستراتیجییەکاندا دانراون و تێم گەیاند کە حکومت لە سلێمانیدا زۆر بەهێزەو هیچ زۆر لای گرنگ نییە ئەگەر شێخ مەحموود لەگەڵیانا ڕێک بکەوێ یا نەکەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی مندوبی سامی و حکومەتی عێراق مەبەستیانە ئەمن و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ هەموو لیواکەو دەس بکرێت بە چاکردن و بووژانەوەی ناوچەکەو پێشکەوتنی بۆ ئەوەی خەڵک بە خۆشی و بە شادی بژین و بۆ ئەوە

دەویستری لەگەڵ تۆشدا (شێخ مەحموود) رێک بکەون بۆ ئەوەی بۆ ئێجگاری پشێوی لەناوا نەمێنێت.

٦. شێخ مەحموود رای گەیاند کە هەمیشە ئامادە بووەو ئێستەش ئامادەیە خزمەتی حکومەتی بریتانیا بکاو ئاواتەخوازە ماوەی ئەوەی بدرێتێ خزمەتی حکومەتی بریتانیاو خزمەتی میللەتی کوردیش بکات.

٧. بیری شێخ مەحموودم خستەوە کە حکومەت دوو جار برِوای بەو کردبوو بۆ ئەوەی پێکەوە هەوڵ بدرێ کە دەزگایەکی بەرِێوەبردنی باش هەبێت لە لیواکەدا (نالێ لە کوردستاندا)، بەڵام لە هەردوو جارەکەدا دەرکەوت ئەو بروِاکردنەیان بەخۆرِایی بوو، بۆیە ئەم جارە هەروا شتێکی ئاسان نییە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کە بەپەلەو بەدەست و بردی جارێکی تر بروِای پێ بکاتەوە.

٨. دوای ئەوەی لە گفت و گۆدا کورتەی ئەو مەرجانەم بۆ روونکردەوە کە من بۆ ئەوە نێررابووم لەگەڵیا لەسەری رێک بکەوین کە بریتییە لەوەی خۆی و خێزانەکەی (منداڵەکانی و ژنەکانی) دەبێ لە خاکی ئێراندا بژین کە هیچ نەبێ ئەو شوێنە نزیکی (٥٠) میل دوور بێ لە سنوورەوەو نابێ بەبێ رەزامەندی بێتە ناو خاکی عێراقەوەو نابێ بە هیچ جۆرێک دەست بخەنە کارو باری سلێمانییەوە وە یا لە هەر شوێنێکی تری عێراقدا. حکومەت کە دەستی بەسەر هەموو ماڵ و موڵکەکانیا گرتبوو لە بریتیی ئەوە مووچەیەکی تایبەتیی بۆ دەبرِێتەوە.

٩. شێخ مەحموود گوێی شل کرد بۆ ئەو مەرجانە بەڵام زۆر بەماتی و دڵشکاویم هاتە بەرچاو بەتایبەتی دوای ئەوەی کە تێگەیشت رێگەی ئەوەی نادرێتێ خۆی موڵکەکانی خۆی ببا بەرِێوە.

شێخ مەحموود ووتی ناتوانێ لەناو خاکی ئێراندا بژی چونکە ترسی هەیە لە حکومەتی ئێران و حکومەتی ئێرانیش لە هەلێک دەگەرِێ کە لەناوی بەرێ و ژیانی لەژێر سایەو دەسەڵاتی ئێراندا دەبێتە هۆی ژانە سەرو نارەحەتییەکی هەمیشەیی.

شێخ مەحموود ووتی: هیچ عەدالەتێک لەوەدا نییە کە موڵک و ماڵی منداڵ و ژنەکانی مصادرە بکرێ چونکە ئەوان هیچ تاوانێکیان نەکردوەو ئەو برِیارە مانای

ئەوەیە کە من لە وولاّتی خۆم دوور دەخرێمەوەو دەبێ لە وولاّتێکی تردا دابنیشم کە دوژمنمەو هەرچی موڵک و ماڵی خۆم و خێزانەکەشم هەیە هیچیم بەدەستەوە نامێنێت و داوای کرد کە بەو بڕیارەدا بچینەوە کە هێشتا ئەو خۆی بە دۆستی بریتانیا دادەنێت.

شێخ مەحموود ووتی: ئەو بۆ خۆی هیچی ناوێت بەلاّم بە تاوانی دەزانێ کە ئاواتی میللەتی کورد بەو جۆرە لەناو بچێت و نائومێد بێ، ئەو میللەتەی کە ئەوەتەی هەیە ژیانی خۆی لەپێناوی سوودی ئەو میللەتەدا تەرخان کردوەو ووتی ئامادەیە ئەگەر حکومتی بریتانیا رێگەی لێ نەگرێ و پاڵپشتی بکا کوردستانی ئێران رزگار بکاو لەسایەی حکومتی بریتانیادا بێ.

.١ـ منیش لە وەرامدا پێم ووت: بڕوا ناکەم کە ئێوە نەتوانن لە خاکی ئێراندا بژین بەگوێرەی ئەو مەرجانەی لەو رووەوە لەگەڵ حکومتی ئێراندا ساز دەکرێ.

دەربارەی موڵکەکانیشی پێم ووت: ئەگەر ئێمە موڵکەکانیشت بدەینەوە بڕوا ناکەم ئەو خەڵکەی کە بە هۆی ئەو هەراو شەڕانەی تۆوە تووشی زیان بوون ئێستە بەوە رازی بن کە بچنەوە ژێر دەسەلاّتی تۆوەو ئێستە زۆریان بەتەمان ئەو زیانانەی بە هۆی تۆوە لێیان کەوتووە لەرێی محکمەوە داوای هەمووی بکەن.

دەربارەی کوردستانی ئێرانیش لە شێخ مەحموودم گەیاند کە ئێستە علاقاتی ئێران و عراق زۆر باشە وە نامانەوێ هیچ جۆرە دوژمنایەتییەک لەگەڵ ئێراندا پەیدا بکرێ و حکومتی بریتانیا نایەوێ خۆی تووشی شەڕەشەق بکا. بەزم و هەرای ناوچەی سلێمانی بۆ ئێمە کەم نەبوو، نامانەوێ هەراو بەزمێکی تریش تووشی خۆمان بکەین.

١١ـ لە گفت و گۆدا تێی گەیینرا ئەگەر ژیانی بەلاوە گرانە کە لە ئێراندا بێ ئەوا جگە لە سلێمانی کوێی تری ئەوێ وەکو بغداد یا بصرە لە هەر شوێنێکی تری عراق دەتوانێ رێگەی هەبێ نیشتەجێ ببێت. بەلاّم ئەگەر دەرکەوت ئەو باوەڕەی پێی کراوە جێی خۆی دەگرێ ئەوا دوور نییە حکومت بە بڕیاری خۆیدا بچێتەوە وە تێم گەیاند کە ئەم جارە ئەم گفت و گۆیەی لەبەر ئەوە لەگەلاّ دەکرێ کە مندوبی سامی حەزی

کرد بەرامبەر بە بەردانی ئەو دوانە گفت و گۆت لەگەلاّ بکرێ بۆ ئەوەی بیر لە داوارۆژی خۆت بکەیتەوەو ئەگەر ئەم جارە شتێک روو بدا زۆر لە جاران زۆرتر تووشی تاڵی و ناخۆشی دەبێت.

١٢. (فقرەی موسوەدە چاپ نەکراوە): لە گفت و گۆکردندا شێخ مەحموود سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە هیچ جۆرێک ناتوانێ لە ئێراندا بژی و ووتی ئامادەیە بەتەواوی بێتە ژێر دەسەلاّتی عێراقەوە بەلاّم تێم گەیاند کە جارێ هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووەو لەوەدا بۆم دەرکەوت کە شێخ مەحموود خاوی کردۆتەوەو ئەو کەللەرەقیەی جارانی نەماوە.

١٣. شێخ مەحموود داوای کرد کە ماوەی بدرێتێ کە لەگەلّ سید ئەحمەد برزنجی و مشاویرەکانیا کە ماوەیەک لێمانەوە دوور بوون دانیشێ و گفت و گۆ بکاو شێخ چووە لایان و لەدوای چەند دەقیقەیەک گەرایەوە بەبێ ئەوەی بزانم باسی چیی لەگەلاّ کردبوون.

١٤. شێخ مەحموود کە هاتەوە ووتی خۆم و برادەرانم بریارمان داوە کە بێینە ژێر دەسەلاّتی حکومەتەوە بەلاّم دەبێ ماوەیان بدرێتێ کە لەگەلّ خێزانەکانیاو کەس و کارو ئەوانەی تر کە ئێستە لە خاکی ئێراندان پرس و راوێژیان پێ بکرێ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا بێزاریی خۆی بە ئاشکرا دەربری بەرامبەر بە رەقی و سەختیی ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو کە بریتی بوو لە مانەوەی بە ئاوارەیی و دوورەولاّتی.

١٥. من لێرەدا بە هەلم زانی و پێم ووت رەنگە بتوانرێ مولّکەکانی بدرێتەوە بە مەرجێک لەلایەن وەکیلێکییەوە ببرێت بەرێوە، بەلاّم بۆم دەرکەوت تەنها بەوە ئەو ناڕەزاییەی بەرامبەر بە مەرجەکان تەواو نابێ.

ئێمە دەمانویست هەرچۆنێک بێ شێخ مەحموود لە سلێمانی دوور بخرێتەوە، کە داوای کرد ئایا ماوەی دەبێ لە پێنجویندا دابنیشێت، منیش تێم گەیاند کە رێگەی ئەوەی نادرێتێ.

١٦. ماوەی دوو سەعات گفت و گۆمان کردو ئەوسا من بە شێخ مەحموودم ووت کە پێویستە بە ئاشکرا دواهەلّوێستی خۆی و بیرو رای خۆی پیشان بدا چونکە من پاش

چەند دەقیقەیەکی تر دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی بە فڕۆکەو پێم ووت دەتوانم ڕۆژێکی تریش یەکتری ببینینەوە بەڵام ئەم جارە دەبێ لە خورماڵ بێ چونکە لەم دەشتەو لەژێر ئەم هەتاوە گەرمەدا توانای دانیشتن نییە، ئەویش ووتی منیش ناتوانم بێمە خورماڵ و لەناو ئەو عەرەبانەدا گفت و گۆت لەگەڵا بکەم (وەکو ووتمان خورماڵ سوپای عراقی تیادا بووە) کە هەموویان لێمان کۆدەبنەوە. منیش پێم ووت قبوڵ ناکەم بەو چاوەوە سەیری ئەو دۆستانەمان بکەی چونکە ئەگەر مندوبی سامی خۆی بهاتایە ئەو بەناوی حکومەتی بریتانیاو عراقەوە قسەی لەگەڵا دەکردیت بەڵام شێخ مەحموود داوای لێ بووردنی کردو ڕوونی کردەوەو ووتی ناحەقی نییە چونکە دوژمنی هەیەو لەو ناوەدا لە خۆی دەترسێ.

لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت کە شێخ مەحموود نایەوێ ڕۆژێکی تریش من ببینێتەوە بۆ گفت و گۆکردن و داوای کرد کە دەیەوێ بە شێنەیی ڕاوێژ لەگەڵ لایەنگران و دۆست و خێزانەکانیانا بکاو ووتی من خۆم وەرامی خۆم دەدەمەوەو دەینێرم بۆ مفتشی ئیداری لە سلێمانی و ئومێد وابوو ئەو نامەیەی لە ماوەی (٦) ڕۆژدا بنێرێت.

١٧. لە هەڵساندا بە شێخ مەحموودم ووت کە بیر لەوە نەکاتەوە کە دەتوانێ لە سلێمانیدا بێ و هەتا دڕەنگیش بڕیارەکەی بگاتە ئێمە خراپتر سەیری کارو باری دەکرێ و لە سوودی ئەوانا بێت.

١٨. بێگومانم شێخ مەحموود ئەو بڕیارەی کە دەینێرێ تەنها هەر بریتی نابێ لە بڕیاری خۆی چونکە پیاوێکی زەعیفەو زۆر زوو بە قسەی ئەوانە دەکا کە دەورو پشتیان داوە بەڵام ئەوەی کە بۆم دەرکەوت ئەوە بوو کە چ خۆی و چ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون زۆر بێزار بووبوون لە ژیانی دەشت و دەرو حەز بە ڕێکەوتن دەکەن و دەیانەوێ بە ئارام و ئاسایش بژین بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا سەرمای زستان نزیک بووبووەوە، بۆیە ئومێدەوارم وەرامەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ مەبستەکانی مندوبی سامی و حکومەتدا یەک بگرن و هیوام وایە لەدوای چەند گفت و گۆیەکی تر شێخ مەحموود بەو مەرجانە ڕازی ببێ کە بۆی دانرابوو وە بێتە ژێر سایەی حکومەتەوە.

١٩ـ لەڕاستیدا ناتوانم پێشەکی بڵێم جۆری وەرامەکەی چۆن دەبێ، بەڵام بەوەدا کە لە کۆبوونەوەکەدا رەق نەهاتە پێشەوە، رەنگە لەدوای چەند دەسکارییەکی ئەو مەرجانە بێتە ژێر بارو ئەو کێشەیە لەگەڵیا چارەسەر بکرێ، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو گۆڕینانەی کە لە تواناداین بکرێن.

أ. گۆڕینی جێگای نیشتەجێ بوونی لە ئێران کە (٥٠) میل دانرابوو کە دووربێ لە سنووری عێراقەوەو شتێکی وا بکرێ کە جێگەکە بکرێ بە شوێنێکی وا کە دانیشتوانی ئەو شوێنە رێزی لێ بگرن وە لەوە دڵنیا بکرێت کە رێگەی دەدرێتێ وەکیلێکی خۆی یا یەکێک لەخزم یا خێزانەکەی لە عێراقدا بن بۆ بەجێ هێنانی کارو باری تایبەتیی خۆی.

ب ـ ووتو ووێژێکی دوورو درێژی لەگەڵا بکرێت دەربارەی ئەو مووچەیەی کە بۆی دەبڕێتەوە لە بریتیی موڵکەکانی ئەگەر هات و مەرجەکانی قبوڵ کرد یاخود دانی (تعویض)ێک بەرامبەر بەو موڵکانەی کە حکومەت دەستی بەسەردا گرتووە. لەڕاستیدا لە کاتی گفت و گۆکردن لەگەڵیا مقداری ئەو مووچەیەی لەگەڵدا دەسنیشان نەکرابوو کە چەند دەبێ، بەڵام ئەگەر لە ئێراندا بمێنێتەوە، ئەوا ئەو پیاوانەش کە لەگەڵیا دەبن ئەوانیش پارەیان دەوێ، بۆیە لەوە دەچێ بەوە رازی نییە مووچە (مانگانە یا ساڵانە)ی بدرێتێ بەڵکو داوای ئەوە دەکا وەکیلێکی خۆی سەرپەرشتیی موڵکەکانی بکا.

ج ـ ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحموودان و دەیانەوێ بگەڕێنەوە دەبێ ئەوانیش شتێکیان بدرێتێ تەنها صابری کریم بەگی هەموند نەبێ، وا بزانم چارەسەرکردنی ئەوەش شتێکی گران نییە (بەرلەوە کریم بەگ کوژرابوو بۆیە ناوی نەهێناوە).

٢٠ـ لە کۆتاییدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە (شروط ـ مەرج)ی ئاسان و بەرەڵا بخرێتە بەردەستی شێخ مەحموود، ئیدارە بە هۆی هێزی ئاسمانی و پۆلیس لە بەهێزبووندایەو ئەگەر حکومەت سووربێ لەسەر ئەم مەرجانەو هەڵوێستی خۆی نەگۆڕێ ئەوا شێخ مەحموود وورده وورده تەواو لاوازو بێ دەسەڵات دەبێ.

ئێستە ئێمە هەڵوێستمان لە شەش مانگ لەمەوپێش بەهێزترە بەرامبەر بە شێخ

*مەحموود ئەگەر ئێستەش نەیەتە ژێر بار، دوای ئەم زستانە، لە وەرزی بەهاردا هەر موافقت دەكات.*

ئیمزا/ Sd. Cornwallis

موستەشاری وەزارەتی داخلیە(كورنوالیس)

---

*وێنەیەكی بۆ.*

*مندوبی سامیی بریتانی لە بغداد*

لە دۆكیومەنتی ژمارە No.C.O.1338(C.O.730-108) رۆژی ٢٣/١٢/١٩٢٦دا نامەیەكی تیایە لە سكرتێری مندوبی سامیی بریتانیاوە لە عراق بۆ سەركردایەتیی هێزی ئاسمانیی بریتانی لە بغداد دەڵێ:

**یاداشت:**

*١. مندوبی سامی ئارەزووی كرد لەو گفت و گۆیانەی لەگەڵ شێخ مەحموودا كرا دەربارەی ئەو فرۆكەوان و میكانیكەی كە گیراون ئاگادارتان بكا.*

*٢. دوای ئەوەی مستر كورنوالیس لە خورماڵ لەگەڵ شێخ مەحموودا چاویان بە یەك كەوت لە ٩/١٠/١٩٢٦دا بڕیار درا شێخ مەحموود نوێنەری خۆی بنێرێت بۆ بغداد بۆ گفت و گۆكردن دەربارەی ئەو پێشنیازەی كردبووی.*

*نوێنەرەكەی شێخ مەحموود كە سید ئەحمەدی بەرزنجییە لە ٢٤/١٠/١٩٢٦دا گەیشتە بغداد وە لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا (هی عیراق) گفت و گۆ كرا بۆ ئەوەی ئەو ناكۆكییانەی كە هەیە لەگەڵ شێخ مەحموودا كۆتایی پێ بهێنرێ.*

*٣. لە ٢٣/نوڤەمبری ١٩٢٦دا سید ئەحمەد زنجیرەیەك پێشنیازی دا بە (كورنوالیس) بەناوی شێخ مەحموودەوە وا بەپێچراوەیی نسخەیەك لەو پێشنیازانەی پێشكەش دەكەین.*

*٤. كورنوالیس وەرامی دایەوە كە لەسەرەتاوە ئەو پێشنیازانە لەلایەن حكومەتی عراقەوە هەندێكیان پەسەندن وە بۆ ئەوە حكومەتی عراق داوا لە شێخ مەحموود دەكا كە یەكێك لە كوڕەكانی بنێرێت بۆ بغداد بۆ خوێندن بە مەرجێك بەغداد بەجێ*

*نەهێڵێت بەبێ موافقتی حکومتی عراق (بێگومان ئەو داخوازییەی عراق وەکو بارمتەیەک وابووە).*

*٥. دەربارەی فقرە (٨)ی نامەکەی سید ئەحمەد کورنوالیس وەرامی دایەوە کە ئامادە نین هیچ جۆرە باسێک بێتە کایەوە کە پەیوەندیی بە پێک هێنانی حکومتی کوردەوە هەبێ، بەڵام دڵنیای دەکا ئەو سیاسەتەی کە عصبە الامم دەربارەی کورد بڕیاری لەسەر داوە بەجێ هێنراوەو بەجێش دەهێنرێ.*

*٦. وەرامی فقرە (٩)ی نامەکەی سید ئەحمەد وا دەدرێتەوە: ئەو ورداتانەی لە موڵکەکانی شێخ مەحموودەوە دەسگیر بووە لەتوانادا نییە بدرێتەوە بە شێخ مەحموود.*

*٧. دەربارەی فقرە (١١)ی نامەکەی سید ئەحمەد، کورنوالیس لای وایە پێویست ناکا لێ خۆشبوونێک دەربچێت نە بۆ شێخ مەحموودو نە بۆ دەستەو دایرەی چونکە ناتوانرێ پێشەکی ئەو لێ خۆشبونە دەربچێت بەڵام بەپێی هەندێ مەرج تاقمەکەی شێخ مەحموود دەتوانن بچنەوە گوندەکانی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی، تفاصیلی ئەوە دوای ڕێکەوتن و بڕیاردەرچوون لەسەر مەرجەکان ئەوەش چارەسەر دەکرێ.*

*٨. مستر کورنوالیس دووبارە وا پێشنیاز دەکا کە نامەیەک لەلایەن سید ئەحمەدەوە دەربچێت بەناوی شێخ مەحموودەوە کە شێخ مەحموود ئامادەیە بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی هەر ئیتهامێک کە بدرێتە پاڵی لە محکمەدا ئامادەبێ.*

*٩. مندوبی سامی لایەنگری ئەو بۆچوونەی (کورنوالیس) دەکا دەربارەی ئەوەی کە سید ئەحمەد ئامادەیە موافقت بکات لەسەر تعدیل کردنی ئەو فقرانەی کە لە نامەکەیدا (سید ئەحمەد) باسی کردووە.*

*مرفقات / ترجمەی نامەکەی سید ئەحمەدی برزنجی*

لە هەمان دۆکیومەنتدا نامەکەی سید ئەحمەد ترجمە کراوە بە ئینگلیزی کە بە (٩) فقرە لە ١٩٢٦/١١/٢٣دا دراوە بە کولونیل کورنوالیس کە ئەمە ترجمەی ئەو نامەیەیە لە ئیگلیزییەوە بۆ کوردی:

*«نیشانە بە نامەی ڕۆژی ١١/نوڤمبردا کە لە ٢٠/نوڤمبردا بە ئێمە گەیشتووە، خۆم*

به بەختیار دەزانم کە ئەم پێشنیازو داخوازییانەی خوارەوە کە لەلایەن شێخ مەحمود ئەفەندییەوە داوا کراوە پێشکەشی ئێوەی بکەم:

١- شێخ مەحمود ئەفەندی بەڵێن دەدا هەتا مرحمت و لوطفی حکومت بەتەواوی دڵنیای دەکا بەرامبەر بەو داخوازییانەی، خۆی و کوڕەکانی شێخ روءف و شێخ بابا علی و ژنەکانی (عائشەخان و بهیەخان)و فاطمەخانی خوشکی هەر لە (وولەژێر)دا بمێننەوە کە کەوتۆتە ناو خاکی ئێرانەوە کە ( ٥. )میل دوورە لە سنووری عێراقەوە.

٢- شێخ مەحمود بەڵێن دەدا هەتا موافقتی حکومت دەردەچێت، نە خۆی و نە ئەوانەی لە فقرەی پێشوودا ناویان هێنراوە نەیەنە ناو خاکی عێراقەوە.

٣- بەڵێن دەدا نە خۆی و نە ئەوانەی ناویان هاتووە لە فقرە (١)دا دەس نەخەنە کارو باری لیوای سلێمانییەوەو کە سیش هان نەدەن دەس بخاتە کارو باری سیاستی عێراقەوە.

٤- شێخ مەحمود بەڵێن دەدا ئەو وەکیلانەی کە دادەنرێن بۆ بەڕێوەبردنی موڵکەکانی، ئامادەن هەچ باج و رەسمێکی ئاسایی حکومت ئەو موڵکانە بگرێتەوە سەرپێچی نەکەن و دەست نەخەنە کارو باری حکومەتەوە.

٥- بەڵێن دەدا ئەگەر ئەو وەکیلانەی دادەنرێن دەستیان خستە کارو باری حکومەتەوەو سەرپێچیان کرد لە دانی رەسم و باجی حکومەتدا، ئەوانە لادەبرێن و لەجیاتی ئەوانە وەکیلی تر دادەنرێن کە پێویستە حکومت موافقت لەسەر ناوی ئەو وەکیلە تازەیە بکا.

٦- شێخ مەحمود داوا دەکا ئەگەر لە حاڵەتێکدا حکومت موافقتی نەکرد لەسەر ئەوەی باسی معاملەی ئەو موڵکانە بکات کە هی ئەو کەسانەی ناویان لە فقرە (١)دا هاتووە لە ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە، پێویستە دەست بەجێ ئەو کرێی زەویانەی (ایجار) دراوە بە حکومت هەمووی بدرێتەوە بە خاوەنەکانیان (وا دیارە بەپێی ئەوە ئەو موڵکانەی کە حکومت دەستی بەسەرا گرتبوو دراوە بە ایجار).

٧- ئەگەر لە کاتێکدا (شێخ مەحمود) یا هەر یەکێک لەوانەی ناویان لە فقرەکانی پێشوودا هاتووە رەفتارێک بکەن بەپێچەوانەی ئەم ڕێکەوتنە بێت، ئەوا ئەم ڕێکەوتنە

*هەمووی هەڵدەوەشێنرێتەوە.*

*٨. شێخ مەحموود داوا دەکاو تکای ئەوەیە حکومت ئامادەیی خوی پیشان بدا کە ئامادەیە حکومتێکی کوردی لە دوارۆژێکی نزیکدا ساز بکرێت لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەدا کە عصبە الامم دەسنیشانی کردووەو بڕیاری لەسەر داوە.*

*٩. شێخ مەحموود داوا دەکا دوای مۆرکردنی ئەم رێکەوتنە حکومت موافقت بکا هەموو مولکە دەس بەسەراگیراوەکان بدرێتەوە بەوانەی کە ناویان لە فقرە (١)دا هاتووە».*

لێرەدا ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە نامەکەی سید ئەحمەدی برزنجی کە لەو دۆکیومەنتەدا باس کراو تەنها بریتییە لە (٩) فقرە کەچی لە نامەکەی سکرتێری مندوبی سامیدا بۆ سەرکردەی هێزی ئاسمانی لە فقرە (٧)یدا باسی فقرە (١١)ی نامەکەی سید ئەحمەد دەکا کە بە هیچ جۆرێک لەو دۆکیومەنتەدا باسی فقرەی (١١) نەکراوەو ئەوەی سید ئەحمەد کە لەو دۆکیومەنتەدا باس کراوە تەنها (٩) فقرەیە.

عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا تأریخ الوزارات العراقیە بەرگی دووهەم لاپەڕە (١١٤) دەربارەی گفت و گۆی شێخ مەحموودو ئینگلیزەکان بۆ ئەو رێکەوتنە دەڵێ(٦٤):

*«لە ٤/ایلولی/١٩٢٦دا موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ (کورنوالیس)و سکرتێری مندوبی سامی (کاپتن هولت)و مفتشی ئیداریی بریتانی لە لیوای سلێمانی چوونە ناوچەی (خورماڵ)ی سەر بە قەزای هەڵەبجەو لەوێ لەگەڵ شێخ مەحموودا کۆبوونەوە وە لەدوای سێ سەعات گفت و گۆ بۆ خاتری ئەوەی ئارام و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و زەعیمی کوردی شێخ مەحموود واز لە دەس تێوەردانی کارو باری سیاستی حکومت بهێنێت و لە ئەنجامی ئەو گفت و گۆیەدا گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:*

*١. شێخ مەحموود بەڵێن دەدا دەس نەخاتە کارو باری عراقەوەو هیچ کەسێک هان نەدا بۆ ئەو مەبەستە، چ لە ناوچەی سلێمانیدا بێ یا لە هەر شوێنێکی تری عراقداو خۆی دووربخاتەوە لە هەر چالاکییەک کە پەیوەندیی بە عراقەوە هەبێت.*

٢. نه شێخ مەحموودو نە هیچ کەسێک لە خزمەکانی نایەنەوە ناو خاکی عێراقەوە هەتا موافقتی عێراقی لەسەر نەبێت.
٣. بابا علیی کوڕی شێخ مەحموود بنێررێت بۆ بغداد بۆ خوێندن لەژێر چاودێریی حکومەتدا.
٤. لێ خۆشبوون لە شێخ مەحموود ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوە کار بکاتە سەر مافی خەڵکی تر لە کاتی مراجعت کردنیانا بۆ محکمە.
٥. حکومت موڵکەکانی شێخ مەحموود بداتەوەو چەند نوێنەرێکی خۆی بەپێی هەندێ مەرج دابنێت بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری، هەروەها لەو کەسانەش دەبوورێن کە لەگەڵ شێخ مەحموودا بوون جگە لەوانە نەبێ کە کاری ناڕەوایان کردووە.
لەدوای تەواوبوونی گفت و گۆ ئینگلیزەکان گەڕانەوە بۆ سلێمانی و شێخ مەحموود چووەوە بۆ بارەگای خۆی.
لە ١٩٢٦/٩/٢٢دا سید ئەحمەدی برزنجی کە نوێنەری شێخ مەحموود بوو هاتە بغداد بۆ گفت و گۆکردن و ڕێکەوتن (لەمەدا بە هەڵەدا چووە چونکە بەپێی دۆکیومەنتەکان لە ١٩٢٦/١٠/٢٤دا چووە) لە ناوەڕاستی کانونی دووەمی ١٩٢٧دا حکومەتی عێراق ئەو بڕیارو مەرجانەی مۆر کردو ناردییەوە بۆ شێخ مەحموود بۆ ئەوەی ئەویش مۆری بکا بەڵام شێخ مەحموود ئەو مۆرکردنەی دواخست و لە ١٩٢٧/١/٢٧ نامەیەکی نارد بۆ مندوبی سامی و نووسیبووی کە ئامادەیە ئەو مەرجانە مۆر بکاو بە سید ئەحمەدی برزنجیدا بینێرێتەوە بەو مەرجەی کە حکومەتی بریتانیای گەورە ئەو بەڵێنەی خۆی بەجێ بێنێت کە دابووی بە عصبە الامم دەربارەی داخوازییەکانی میللەتی کوردو مافە ڕەوا سیاسییەکانی کوردو پێویستە هیچ نەبێ پێنجوین تەرخان بکرێ بۆ نیشتەجێ بوونی خۆی و ئەوانەی کە لەسەر ئەو بیرو باوەڕەی ئەون.
مندوبی سامی لە وەرامدا بۆ شێخ مەحموود دەنووسێت کە عصبە الامم بڕیاری وای دەرنەکردووە کە باسی سەربەخۆیی کوردی تیادا کرابێ تەنها ئەوە ووتراوە کە پێویستە ئارەزوو وخواست و هەستی کورد بخرێتە بەرچاو بەوەی کە فەرمانبەرانی

ناوچەکە کورد بن و زمانی کوردی بکرێت بە زمانێکی رەسمی و حکومەتی بریتانیاو عیراق هەردووکیان ئەو مەرجانەی عصبە الامميان قبوڵکردووەو بەڵێنەکانیان بەجێ هێناوە.

بەڵام شێخ مەحموود بەمە رازی نەبوو لەبەر ئەوە جارێکی تر حکومەت هێزەکانی خۆی نارده شارباژێرو بە هێزی سوپاو بە فڕۆکە پێنجوین داگیرکراو شێخ مەحموود ناچار کرا داوای وەستاندنی شەڕ بکات.

عبد الرزاق الحسنی لەسەری دەڕواو دەڵێ:

حکومەتی عراق لە ١٩٢٧/٦/٢٤ ئەم بەیانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

«حکومەتی عراق لە ١٩٢٦/١/٩دا داوای لە شێخ مەحموودی سەرکردەی ئەو چەتانە کردبوو کە ماوەیەکە ئاژاوە دەنێنەوەو ئاسایشیان تێک داوە کە واز لەو کردەوانە بێنن و حکومەت بەم مەرجانەی خوارەوە لە شێخ مەحموود خۆش دەبێ:

١. شێخ مەحموودو هەندێ لە خزمەکانی بەبێ موافقتی حکومەت نەیەنە ناو خاکی عراقەوە.

٢. شێخ بەڵێن دەدا بە هیچ جۆرێک دەست نەخاتە کارو بارێکەوە کە پەیوەندیی بە عــراقــەوە هەبێت لە سلێمـانیــدا بێ یا لە هەر شــوێنێکی ترو دەبێ لە هەمــوو چالاکییەکی سیاسی دوور بکەوێتەوە.

٣. بابا علیی کوڕی بنێرێت بۆ بغداد بۆ خوێندن لەژێر چاودێریی حکومەتداو تێی گەیینرا کە ئەو لێ خۆشبوونەی لە رووی سیاسییەوە رێگە لەوە ناگرێ کە هەر کەسێک حەقی بەسەر شێخ مەحموودەوە هەبێ مراجعت بە حکومەت بکاو بەرامبەر بەوە حکومەت بەڵێن دەدا مۆڵکەکانی بداتەوە بە مەرجێک لەلایەن نوێنەرێکییەوە ببرێ بەڕێوەو حکومەت لە هەندێک لەوانەی کە لەگەڵ شێخ مەحموودان خۆش دەبێت کە ئەوانە ناگرێتەوە کە تاوانبارن. شێخ مەحموود هەوڵی دا دەستی دەستی بە حکومەت بکا بەڵام حکومەت لە ١٩٢٧/٤/٢.دا پێنجوینی گرت و شێخ مەحموود تەماشای کرد حکومەت بنکەی پۆلیس و سەرای بۆ دەزگاکانی خۆی لەو ناوچانەدا داناوە کە بەوە هەموو رێگایەکی لێ بڕاو ناچاربوو ئەو مەرجانەی قبوڵکرد کە بۆی

دانرابوو، ئەو ڕێکەوتنەی مۆر کردو بابا علیی کوڕی لە ١٤/تموزی/١٩٢٧دا هاتە بغدادو لەگەڵ خۆیدا ئەو ڕێکەوتنەی بە مۆرکراوی هێناو شێخ مەحموود خۆشی لە ١٧/تموزدا هاتە پێنجوین و چاوی بە متصرف کەوت و ڕۆژی دوایی شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ ئێران (سەیر ئەوەیە عبد الرزاق الحسنی دەڵێ شێخ مەحمود لە ١٧/تموزدا متصرفی بینی کەچی وەکو لە نامەکەی مندوبی سامیدا کە لەدوای ئەمە باسی دەکەین دەردەکەوێ کە هەر عبد الرزاق الحسنی خۆی باسی کردووە کە شێخ مەحموود لە ٥/تموزدا چۆتە بغداد).

بەو جۆرە ئاسایش گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچەیە کە ماوەیەک بوو ئائارام بوو و ئومێد دەکرێ ئاسایش لە سلێمانیدا هەتا سەر بەرپا بێت کە ئەو شارە دەوڵەمەندترین شاری عراقە وە ئومێدی باشیی لێ دەکرێ».

*بغداد ٢٣/حزیران/١٩٢٧ / ئیمزا ـ مدیری مطبوعاتی عراق*

دوای ئەوە، عبد الرزاق الحسنی لە هەمان کتێبدا نامەیەکی مندوبی سامیی بریتانی لە بغداد کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٧دا ناردبووی بۆ عصبە الامم بڵاوکردۆتەوە کە دەڵێ:

«سید ئەحمەدی برزنجی وەکیلی شێخ مەحموود لە بغداد ووت و وویژی لەگەڵ حکومتی عراقدا کرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناڕێکییەی لەنێوانی ئەو و حکومتی عراقدا هەبوو. لە ناوەڕاستی کانونی دووهەمی ١٩٢٧دا سید ئەحمەد برزنجی ئەم مەرجانەی کە بۆ شێخ مەحموود دانرابوو بردی بۆ شێخ مەحموود کە ئیمزای بکا بەڵام شێخ مەحموود داوای لە مندوبی سامیی کرد کە پێنجوین و دەورو بەری بۆ ئەو بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێ ببێت، بەڵام داخوازییەکانی رفض کراو شێخ هەر لەسەر ئەو داخوازییەی خۆی سوور بوو بۆیە حکومت لە ١٩٢٧/٤/٢٣دا دوو سریەی نارد بۆ پێنجوین لە دوو ڕێگاوە یەکێکیان هێزی لیڤی ئەوی تر سوپای عراق و پۆلیس بوو.

شێخ مەحموود لەو شەڕەدا کشایە دواوەو ئێمە (٤) کوژراو و (٥) بریندارمان

هەبوو بەڵام زیانی ئەو نەزانرا چەند بوو.

لەسەرەتای مانگی حزیران ١٩٢٧دا مجید ئەفەندیی خزمی نارد (لەڕاستیدا مجید نەبووە بەڵکو ماجد مصطفى بووەو خزمی شێخ مەحموودیش نەبوو)، ئەو مەرجانەی کە بۆی دانرابوو بە ئیمزاکراوی ناردی و داوای کرد کە ڕێگەی پێ بدرێ بچێتە بغداد بۆ ئەوەی چاوی بە مندوبی سامی بکەوێ (عبد الرزاق الحسنی وەکو لەپێشتردا باسمان کردبوو ووتبووی ئەو نامە مۆرکراوەی بە شێخ بابا علیدا ناردبوو بۆ بغداد، بەڵام کە لە شێخ بابا علیم پرسي لە وەرامدا ووتی شتی وا نەبووەو من نامەی وام نەبردبوو بۆ بغداد).

ڕێگە بە شێخ مەحموود درا کە بێتە بغدادو لە ٥/تموزی/١٩٢٧دا هاتە بغدادو گلەیی ئەوەی کرد کە ناتوانێت بەپێ ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو لەناو خاکی ئێراندا گوزەران بکا، مندوبی سامی پێ ووت دەتوانرێ لە موصل یا لە بغداد یا لە (پیران) خۆی هەڵبژێرێت و تیادا بنیشێت و شێخ مەحموود کە گەڕایەوە چووە (پیران)و لەوێ نیشتەجێ بوو».

عبد الرزاق الحسنی لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا ـتأريخ الوزارات العراقيەـ دەڵێ:

«دوای ئەوەی شێخ مەحموود ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو قبوڵی کرد، جعفرالعسكری چووە سلێمانی و لە سلێمانی شێخ مەحموودی بینی و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە شێخ مەحموود بۆ سەردان بچێتە بغدادو لە ٤/تموز/١٩٢٧دا چووە بغداد».

(سەیر ئەوەیە عبد الرزاق الحسنی هەر جارە بە جۆرێک ڕۆژی چوونی شێخ مەحموودی بۆ بغداد باس کردووە).

لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ شێخ بابا علیی شێخ مەحموود، بیرەوەریی خۆی دەربارەی ئەو ڕێکەوتنەی بەم جۆرەی خوارەوە بۆ گێڕامەوە.

«دوای ئەوەی باوکم چاری نەما ئەو مەرجانەی بۆی دانرابوو لەسەری ڕێک کەوت لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ ئینگلیزەکانا، لەپێشدا من هاتمە بغدادو بڕیار درا ئەوانەی لەگەڵ باوکما بوون حکومەت لێیان خۆش بێت، بەڵام ئەوانەی کە ئەفسەر بوون بڕیار درا ئەوانە هیچیان لە سوپای عێراقدا قبوڵ نەکرێن بەڵکو کارو باری ئیدارییان پێ

سپێررا، بۆ نموونە ماجد مصطفی کە هەر لە زەمانی عوسمانییەوە ئەفسەر بوو کرا بە مدیری ناحیەی (جبایش) بۆ ئەوەی لە کوردستان دوور بخرێتەوە.

کاکم (شێخ روءف) لە من گەورەتر بوو، شێخ لطیفی برام زۆر منداڵ بوو لەبەر ئەوە بڕیار درا کە من بچمە بغداد بۆ خوێندن و لەپێشدا نێررامە قوتابخانەی (فضل) کە سید نوری بەرزنجیی مامی فوءاد عارف مدیری ئەو قوتابخانەیە بوو بۆ ئەوەی لەو قوتابخانەیەدا فێری عەرەبی ببم و بەوپێیە من و فوءاد عارف هەردووکمان لەو قوتابخانەیەدا لە صنفی چوارەمی سەرەتایی دانراین.

بەگەرمای بغداد رانەهاتبووم و زۆر پەرێشانی کردبووم لەبەر ئەوە تکام کرد کە بنێررێم بۆ مصرو مفتشی عامی معارفی ئەوسا Lionel Smith بوو، رێگەم پێ درا کە بچمە (اسکندریە) لە مصرو لەبەر ئەوەی هەر وەکو کەرو لاڵ وابووم (ئەحمەد صبری)یان لەگەڵا ناردم و ساڵێک لەگەڵما مایەوە هەتا راهاتم.

شێخ بابا علی دەڵێ: لەڕاستیدا هێنانم بۆ بغداد هەر وەکو بارمتەیەک وابوو کە باوکم هیچ شتێک دژی حکومت نەکاو چوار ساڵیش لە مصر مامەوە. (عبد الاله) کە لەدواییدا بوو بە (وصی)ی عراق ئەویش هەر لەو قوتابخانەیەدا بوو کە من بۆی نێررابووم».

جگە لە بابا علی لۆنگریکیش لە کتێبەکەیدا (٤٣) باسی ئەو ناردنەی بابا علی کردووە بۆ اسکندریە.

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی (چیم دی)دا لە باسی ئەو چوونەی شێخ مەحموود بۆ بغداد لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«کە شێخ مەحموود چووە بغداد لە ماڵی مرزا فرجی حاجی شریف دابەزیبوو، لە ١٩٢٧/٧/٢٤دا شێخ مەحموود لەگەڵ حسین زەکی بەگ و ئەحمەد ئەفەندی هەولێری کە متصرفی هەولێر بوو هەرسێکیان دەچنە لای مندوبی سامی و لە دانیشتندا مندوبی سامی بە شێخ دەڵێ:

«ئەگەر لەبەر خاتری کوردەکان نەبوایە زوو لەناو دەبرای، شێخیش لە وەرامدا پێی دەڵێ: بەداخەوە منیش ناچارم وەرامت بدەمەوە کە تۆش هەر وەکو حکومەتەکەت لە

قسەو بەڵێنی ڕاست دوورن، ئەگەر ئێوە ئەوەندە کوردتان خۆش دەویست کە ساتێک منتان ئاوارە کرد بۆ هندستان ئەی ئەوسا بۆچی مافی ئەو کوردەی دۆستتان نەداو بۆچی منتان هێنایەوە؟

ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لە کوردستاندا بەرلە هاتنەوەی من لە هندستانەوە ڕوویدابوو ئەوسا بۆچی داتان نەمرکاندەوە؟؟ کەواتە لەبەر من کوردتان دەوێ... باوەڕ بکە ئێمە نە دوژمنی عەرەب و نە تورک و نە هی ئێرانین، تەنها داوای مافی خۆمان دەکەین و ئەگەر نەیدەن هەر دەیسێنین و ئەوسا ئێوە دوژمنی ئێمە دەبن».

مندوبی سامی بە شێخ مەحموود دەڵی: حەز دەکەم بچیت بۆ بلاط (یەعنی بۆ لای ملک فیصل). ڕۆژی دوایی سەعات (١٠) شێخ مەحموود دەچێتە بلاط و ملک فیصل بە شێخ مەحموود دەڵێ:

«بۆچی بابا علیی کوڕت نایەتە (قصر الزهور) لەگەڵ (غازی)دا پێکەوە ڕابوێرن، خۆشت ئەو پشتێنە زلە فڕێ بدە چونکە ئێرە گەرمەو پێویستت بە پشتێن نییە..

شێخ لە وەڵامدا بە فیصل دەڵێ:

بابا علیی کوڕم فێری ژیانی ناو چیایە، با کوردیش ببێت بە خاوەن ئاڵای خۆی ئەو کاتە ئەویش فێری ژیانی ناو کۆشک دەبێت... ئێستای باشترە. ئەم پشتێنەش بۆ ژێر (فیشەکلغە) بەبینینی ئاڵای کورد ئەویش دەکرێتەوە.

فیصل بە شێخ مەحموود دەڵێ: تۆ ئامۆزای منیت و عەرەبیت (مەبەستی ئەوە بووە کە پێی ووتووە تۆ لە نەوەی ساداتیت) ئیتر چیت داوە لە ئاڵای کورد؟

شێخ لە وەرامدا بە فیصل دەڵێ: ئێمە نزیکی (٧٠٠) ساڵە پشتاو پشت بە نانی کورد دەژین و خوێنمان تێکەڵ بە یەکتر بووە چۆنیان واز لێ بێنم؟»

شێخ ڕوءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو ڕۆژانە دەڵێ[٢١]:

«کە باوکم گەڕایەوە بۆ پیران پاش ماوەیەک باری ئابووری و دەرامەدیی زۆر ئاڵۆزو شلۆق بوو، باوکم لەوێوە نامەیەکی نارد بۆ (ناجی السویدی) کە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە لەو ڕووەوە ئەویش لە وەرامدا بۆی نووسیبوو کە وا بە باش دەزانی شێخ خۆی یەکسەر نامەیەک بنووسێت بۆ فیصل و باسی ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام

*باوکم ئەو نامەیەی نەنووسی بۆ فیصل لەگەڵ ئەوەشدا کە تازە مولکەکانمان وەرگرتبووەوەو کشت و کاڵیش لەو رۆژانەدا زۆر بێ نرخ بووبوو لە بازاردا هیچی نەدەکرد».*

لەو رووەوە عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە گوایا وەختی خۆی لە ساڵی ١٩٢٨دا معروف جیاوک ووتوویەتی شێخ مەحموود کاغەزێکی ناردووە بۆ معروف جیاوک و بۆی نووسیبوو کە بێزار بووە لە ژیانی شاخ و داخ و نایەوێ لەوە زیاتر لە ژیانی شارستانی دووربێ لەبەر ئەوە بڕیاری داوە کە بچێتەوە بۆ سلێمانی ئەگەرچی سەریشی دابنێت لەپێناوی ئەمەدا بەلاّم معروف جیاوک وەلاّمی دەداتەوە کە جارێ وەختی ئەوە نییە.

لە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ سلێمانی لەدوای هەرای رشید عالی لە ساڵی ١٩٤١دا جارێکی تر باسی ئەوەی مارف جیاوک دەکەین چونکە پەیوەندیی بەو باسەشەوە هەیە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا حەزم کرد ئەم روونکردنەوەیە پێشکەش بکەم:

بەرلەمە لە نووسینێکی کمال نوری معروف دواین کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێی ژمارە (١٢٤)ی کانونی یەکەمی ١٩٨٩دا بلاّوی کردۆتەوەو ووتمان کە کاک کمال لەو باسەیدا ئیشارەتی بۆ ژمارەو رۆژی هیچ سەرچاوەو دۆکیومەنتێک نەکردووە کە لەڕاستیدا شتی وا لە نرخی باسێک کەم دەکاتەوە کە وەکو باسێکی زانیاری و مێژوویی پشتی پێ نابەسرێ، بەلاّم سەیر ئەوەیە لە ژمارە (١١٨١)ی رۆژی ١٩٩٠/٥/٢٨ی رۆژنامەی هاوکاری چاپی بغداد روونکردنەوەیەکی تیایە کە لەلایەن حلاوەخانی ژنی شێخ لطیفەوە ـ بە ناوی دایکی کاوەوە بلاّوکراوەتەوە دەڵێ ئەوەی کمال معروف بلاّوی کردۆتەوە سەرچاوەکەی بریتییە لە یاداشتەکانی شێخ لطیفی شێخ مەحموود کە بە نیازی ئەوە درابوو پێی کە ئەو یاداشتانە بلاّو بکاتەوەو داوای کردووە کە ئەو باسەو ئەو دۆکیومەنتانەی کە لەوەدا باس کراون بەرهەمی هەوڵ و کۆششی شێخ لطیف بووە کە وەکو یاداشتێک نووسیویەتی و کاک کمال نوری بەناوی خۆیەوە بلاّوی کردۆتەوە. لەڕاستیدا من لە نووسینی ئەم بەرگەی دووهەمە

بوویـووەمـەوە کـە ئەو روونکردنەوەیەی حەلاوەخـانی ژنی شـێخ لطیـفم دەسکەوت و بەداخـــەوە تازە مـــاوەی ئەوە نەمـــاوە کـــە داوای لیٚ بکەم و هەتا بۆم دەنێرێت و سەرلەنویٚ بەپێی ئەوە بەم باسەدا بچمەوە، کە هیچ گومانم نییە ئەو یاداشتانەی شێخ لطیف هەموویان جێی متمانەن و شتێکی بە سوودەو ئومێد دەکەین هەوڵی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان بدریٚ.



شێخ مەحموود لە (کانی باین) بەرامبەر بە گوندی پیران
لە ساڵی ۱۹۲۹ - ۱۹۳۰ دا

## بەشی چواردەهەم

# شۆڕشی شەشی ایلولی ١٩٣٠

ئینگلیزەکان بەرلەوەی عێراق بکەن بە ئەندامی عصبە الامم نەخشەی ئەوەیان کێشابوو کە پەیمانێک لەنێوانی عراق و بریتانیادا مۆر بکرێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە عراقدا موسۆگەر بکا، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی کە نەوت لە عراقدا وەکو سەرچاوەیەکی بەنرخ کەوتە ژێر دەستی کۆمپانیەکانی ئینگلیزەوە. بێگومان کەم و زۆر لە عراقدا هی وا هەبووە دژی بەستنی ئەو پەیمانە بووە بەو جۆرەی کە ئینگلیز ببێت بە دەسەڵاتدارێکی تەواو بەسەر عراقداو چ حزبە سیاسییەکانی عراق و چ ئەو رۆشنبیرو خوێندەوارانەی بە ئاشکراو بە نهێنی بەرهەڵستیی سیاستی ئینگلیزیان دەکرد لە عراقدا دەبوایە عراق بۆ کپ کردنی دەنگی ئەوانەو زاڵ کردنی سیاستی خۆی لە عراقدا هەندێ هەڵوێستی وای بهێنایەتە ئاراوە کە یەکێک لەوانە ئەوە بوو بریتانیا مۆرکردنی ئەو پەیمانەی کردبوو بە مەرجێک بۆ قبوڵ کردنی عراق لە عصبە الاممداو بە ئاشکرا ئینگلیزەکان لە کاربەدەستان و سیاسییەکانی عراقییان گەیاندبوو ئەگەرئەو پەیمانە مۆرنەکرێ لە پارلمانی عراقدا، ئیتر عراق ناخرێتە ناو عصبە الاممەوەو هیچ دووریش نییە ویلایەتی موصلیشیان لەکیس بچێت. لەم هەڵوێستەدا ئینگلیز بەرلە هەموو شتێک سوودی خۆی و پەرژەوەندیی خۆی مەبەست بووەو تەنها وویستوویەتی لەو رۆژانەدا کاربەدەستانی عراق و قەومییەکانی عەرەب بێدەنگ بکا بەرامبەر بەو پەیمانە، بۆیە نە لەو پەیمانەی کە لە ١٩٣٠/٦/٣٠دا تازە کرابووەوەو نە لە موسوەدەی ئەو قبوڵ کردنەی عراق لە عصبە الاممدا بە هیچ جۆرێک ناوی کوردو باسی مافی کورد نەخرابووە پێش چاو و کوردیش بەرامبەر بەوە بێدەنگ نەبووەو بێزاریی خۆیی دەربڕیوە چ بە ناردنی یاداشت و تلگراف بۆ عصبە الامم چ بە ناردنی نامە بۆ مندوبی سامیی بریتانیا.

لە ساڵی ١٩٣٠دا کە بەدەستەوە بووە نوێنەرانی تازە بۆ پارلمانی عراق (مجلس

نواب) هەڵبژێرریٚ، لەو رۆژانەدا هەڵبژاردنی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بە دوو قۆناغ کراوە یەکەم جار (منتختی ثانوی) هەڵبژێرراوەو دوای ئەوە بەپێی ناوچەکە ئەندام (نائب)یان بۆ ئەو ناوچەیە هەڵبژێرراوە.

وەکو لەپێشتردا باسمان کرد، لە شوێنێکی وەکو ناوچەی سلێمانیدا هەرچۆنێک بوویێ کەم و زۆر ئاگاداری ئەوە بوون کە هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلمان بو ئەوە بووە کە ئەو پارلمانە مۆری ئەو پەیمانە تازەیە بکا لەنێوانی بریتانیاو عراقدا، بۆیە کورد لە ناوچەی سلێمانیدا بێزاریی خۆیان دەربڕیوەو بەرهەڵستیی هەڵبژاردنی(منتخبی ثانوی)یان کردووەو بە شێوەیەکی جەماوەری دەنگی بێزاریی خویان دەربڕیوە بەرامبەر بەوەی کە هەتا ئەوسا مافی کورد پشت گویێ خراوەو بەدەستەوە نەبووە چ لەو پەیمانەداو چ لە کاتی داخل بوونی عراق بۆ عصبە الامم باسی مافی کورد بکریێ. ئەوە بوو لە شەشی ایلولی/١٩٣٠دا روو بە رووبوونەوەیەکی خوێناوی لەبەر دەرگای سەرای سلێمانیدا لەو رۆژەدا روویدا کە کارەساتەکەی ئەو رۆژە ناونراوە بە (رۆژە رەشەکەی شەشی ایلول)و لەدواییشدا تا ماوەیەک بوو بە دروشمێک کە دەوترا: ئەی کورد، رۆژە رەشەکەی شەشی ایلولت لەبیر نەچێت. دەربارەی هۆی ئەو شەڕە خوێناوییەو چۆنیەتیی دەست پیێ کردن و ئەنجامی ئەو راپەڕینە لەگەڵیێ سەرچاوەدا باس کراوە.

لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ کاک علی کمالدا دەربارەی بیرەوەریی خۆی ووتی:

*«بەرلە شەشی ایلولی ١٩٣٠، شاری سلێمانی زۆر نائارام بوو، خەڵک زۆر دڵگیرو پەست بوون چونکە دەبیسترا کە بەدەستەوەیە پەمانێک لەنێوانی عراق و بریتانیادا مۆر بکریێ بەبیێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک باسی مافی کوردی تیادا بکریێ.*

*توفیق وەهبی کە بەرلە رووداوەکەی شەشی ایلول متصرفی سلێمانی بوو، بە تاوانی ئەوەی کە خەڵکی هان دەدا بێدەنگ نەبن بەرامبەر بەو هەڵوێستەی حکومەت لە سلێمانی لابراو عراق و ئینگلیزەکان بەڵێنیان دابوو بە (فایەقی طاپۆ) کە ئەگەر بتوانێت ئەو پشێوی و نائارامی و بێزارییەی سلێمانی نەهێڵیێ و چارەسەری بکا ئەوا حکومت دەیکا بە متصرفی سلێمانی، بەڵام تەقەلای فایەقی طاپۆ سەری نەگرت و*

*نەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە ئیهانە کراو لە سلێمانیدا کاپتن (گاون)ی بریتانی کە وەکیلی متصرفی سلێمانی بوو دوای لابردنی توفیق وەهبی کارێکی وای کرد ئەو ڕووداوە خوێناوییە لە سلێمانیدا ڕوو بدا».*

عبد الرزاق الحسنی لە لاپەڕە (٧٠)ی بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا - تأریخ الوزارات العراقیة (٦٤) - باسی شۆڕشی ایلولی بەم جۆرە کردووە کە ئەمە کورتەکەیەتی:

*«پەیمانی ٣٠/حزیران/١٩٣٠ لەنێوانی بریتانیاو عراقدا بە هیچ جۆرێک ناوی مانەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی نەهێنابوو کە چ ئینگلیزو چ عراق تا ئەو کاتە دانیان پیادانابوو بۆ کورد، کوردەکان لە ئەنجامی ئەوەدا دەستیان کرد بە شکات کردن و ناردنی تلگراف و دەربڕینی بێزاری بۆ مندوبی سامی و ملک فیصل و مەزبەتەیان نارد بۆ عصبە الامم و هەندێ لە عەرەبەکان وایان بڵاو دەکردەوە کە ئەوانە بە هاندانی ئینگلیزەکان بووە بۆ ئەوەی باسی سەربەخۆیی عراق دوابخرێ، بەڵام ئەو قسانە بەوە بەدرۆخرانەوە کە ساتێک وەکیلی رئیسی وزرای عراق چوو بۆ ناوچە کوردییەکان، مندوبی سامیشی لەگەڵیا چوو وە بە شێوەیەکی ڕەسمی چوونی هەردووکیان بڵاوکرایەوە. مندوبی سامی لە لیواکانی ژووروودا بە خەڵکەکەی ووت: لەم دوواییەدا پەیمانێک لەنێوانی عراق و بریتانیادا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ مۆر کرا کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە هیچ ناکۆکییەک لەنێوانی ئەو دوو حکومەتەدا نییە بەڵام هەندێ کەس بێزاریی خۆیان بە سکاڵانارد بۆ عصبە الامم و بۆ حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بەوەی کە لەو پەیمانەدا ناوی مافی کورد نەهێنراوە. هەر وەکو فخامتی وەکیلی سەرەک وەزیرانی عراق بۆی ڕوون کردنەوە، حکومەتی عراق ئەوەی خستۆتە بەرچاو کە زمانی کوردی نەک زمانی عەرەبی لە ناوچەکانی کوردا بەکار دەهێنرێت و حکومەت نایەوێ بەزۆرەملی وا لە منداڵی کورد بکات بە زمانی باو و باپیری خۆی نەخوێنێت و هیچ کوردێک ناچار ناکرێ لە مەحکەمەدا پارێزگاری خۆی بە زمانێکی تر بکا کە تێی ناگا، هەروەها بۆ دانانی فەرمانبەرانی کوردیش حکومەت بەڵێنی داوە فەرمانبەری کورد دابنێت و حکومەتی خاوەن شکۆی فیصل نایەوێ هیچ*

جۆرە جیاوازییەک هەبێ لەنێوانی عەرەب و کورداو حکومەتی بریتانیا زۆر مەبەستێتی عراق ببێت بە ئەندامی عصبە الامم و تشجیعی هیچ جۆرە بۆچوونێک ناکا کە بۆنی جیابوونەوەی لێ بێ بەپێچەوانەی ئەوەوە هەندێک وای بڵاو دەکەنەوە کە بریتانیا هانی نەتەوایەتیی کورد دەدا بە مەبەستی ئەوەی سەر لە حکومەت بشێوێنرێ و کێشەی بۆ دروست بکرێ لەگەڵ ئێران و تورکیادا.

بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر دوورە لەڕاستی و ئەوانەی ئەو شتانە بڵاو دەکەنەوە بۆ ئەو مەبەستە زۆر بەهەڵەدا چوون».

عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا دەڵێ:

هەندێ لە کوردەکان و لە سەرکردەو ناسراوەکانیان تلگرافیان نارد بۆ عصبە الامم لە ٢٠/تموزی/١٩٣٠دا (عزیز الحاج لە کتێبەکەیدا (٤٠) هەمان باسی لە عبد الرزاق الحسنییەوە وەرگرتووە)و بێزارییان دەربڕیبوو بەرامبەر بە پەیمانی عراق و بریتانیا کە لە ٣٠/حزیراندا مۆر کرابوو کە باسی سەربەخۆیی کورد لەو پەیمانەدا نەکرابوو و عصبە الامم بۆ وەرامی ئەو تلگرافانە وتبووی:

لەبەر ئەوەی هیچ بڕیار (قرار)ێکی وا دەرنەچووە کە باسی سەربەخۆیی کوردی کردبێت لەژێر سایەی عصبە الاممداو دیارە ئەو پێشنیازانەی عصبە کردبووی بە هەڵە لێک درابووەوەو ئەوەی پێشنیاز کرابوو تەنها بریتی بووە لەوەی کە کوردەکان رەفتارێکی تایبەتییان لەگەڵا بکرێت و لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیازانەی کە پێویست بوو بەجێ بهێنرێن هەتا ئێستە نەخراونەتە کارو جێ بە جێ نەکراون بۆیە عصبە الامم داوا دەکا کە:

١ـ ئەو سکالأیانەی داوای سەربەخۆیی کوردیان کردووە پشت گوێ بخرێن.

٢ـ داوا لە دەوڵەتی منتدب (بریتانیا) بکرێ کە ئایا ئەو یاساو بڕیارە ئیدارییانەی کە هەتا ئێستە دەرچووە ئەوەی تیادا خراوەتە بەرچاو کە حساب بۆ کورد بکرێ بەبێ گیرو گرفت و دواخستن.

٣ـ پێویستە هەندێ مەرجی وا دابنرێ کە باری ذوارۆژی کوردی تیا بخرێتە بەرچاو دوای ئەوەی عراق لە وصایەی بریتانیا چووە دەرەوە.

عبد الرزاق الحسنی لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*بەڵام کوردەکان هەر کۆڵیان نەداو لەرێگەی مفتشی ئیداریی سلێمانییەوە نامەیان نارد بۆ مندوبی سامی و تلگرافیان نارد بۆ عصبە الامم وەکو خوارەوە:*

*بۆ فخامتی مندوبی سامی ـ بغداد*

*بۆ سکرتێری عصبە الامم ـ جنیف*

*هیچ شتێک لەو بڕیارانەی عصبە الامم کە لە ١٦/١٢/١٩٢٢دا درابوو دەربارەی کورد کە ئەمە ئەو رۆژەیە کوردستانی خوارو بەسرا بە عەرەبی دجلەو فراتەوە هەتا ئێستە هیچ نەکراوە.*

*لە ساڵی ١٩٢٩دا کورد داوای لە عصبە الامم کرد کە سەیری داخوازیی کورد بکا بەڵام ئەوەش وەرامی نەبوو، لە شباطی ١٩٣٠دا نوێنەرانی کورد یاداشتێکیان دا بە مندوبی سامی ئەوەش هەر پشت گوێ خرا، لە مارتی ١٩٣٠دا دووبارە داخوازی و سکالأی تر نێررا ئەوانەش هەر بێ وەرام بوون. هەروەها دوای ئەوەی پارلمانی عراقی هەڵوەشێنرایەوەو وەزارەتی تازەی عراق پەیمانێکی تازەی مۆر کرد، کورد لەوەدا بۆی دەرکەوت کە مافی رەوای پشت گوێ خراوەو بەپێی ئەو پەیمانە تازەیە کورد بەبێ قیدو شەرت خراوەتە ژێر دەستی عەرەبەوە کە ئەمە لەگەڵ بڕیاری عصبە الاممدا یەک ناگرێتەوەو دژی خواستی میللەتی کوردە.*

*لە هەمان کاتدا کورد هەر لە زاخۆوە هەتا خانقین هەموو هەڵساون و بە یەک دەنگ بە دەم و بە نووسین داوای مافي خۆیان دەکەن و عەرەبەکانیش بۆ وەرامی ئەمە ئەو کوشتارەیان لە سلێمانیدا کرد کە رەشاش و هەموو جۆرە چەکێک بەکار هێنراو کار گەیشتە ئەو رادەیەی سەرەک وەزیرانی عەرەب دانی بەوەدا نا کە ئەوەی لە سلێمانیدا کراوە شتێکە وەکو کارەساتەکەی کربلا وایە جگە لەوە زۆر لە رۆشنبیرو ناسراوان و ناودارانی سلێمانی گیران و ئاوارەکران، لەبەر ئەوە ئیتر لە تواناادا نەماوە بتوانین لەگەڵ عەرەبدا بژین، بۆیە کورد بڕیاری داوە بۆ ئێجگاری لە عەرەب جیا بێتەوە.*

*حکومەتی بریتانیا کە ئینتدابی لەسەر عراق قبوڵ کردووە دەبێ گوێ لە هاواری*

*عەقلّ و مرۆڤایەتی بگریٚ و ئەم داخوازییانەی خوارەوە بخاتە بەرچاو وە عەرەبەکان ئیقناع بکەن کە دان بە مشروعیيەتی ئەم داخوازییانەمانا بنێن:*

*١. دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە زاخۆوە هەتا خانقین و چۆڵکردنی ئەو ناوچانە لە سەربازی عەرەب و مەدەنیی عەرەب و تسلیم کردنی بە حکومتی کورد.*

*٢. هێشتنەوەی ئەو ناوچانە لەژێر ئینتدابی بریتانیادا وەکو دەوڵەتێکی کوردی هەتا عصبە الامم بڕیاری خۆی لەم رووەوە دەر دەکا.*

*٣. بەردانی هەموو گیراوەکان و ئەوانەی بە هۆی هەرای سلێمانییەوە دوورخرابوونەوە.*

*٤. گێڕانەوەی هەموو فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە عەرەبییەکانەوە بۆ کوردستان و ئومێدەوارین فەخامەتتان بە چاوێکی عطفەوە سەیری داخوازییەکانمان بکەن».*

بەر لەوەی بچینە سەر باسی کارەساتەکەی شەشی ایلولْ بەپێویستم زانی باسی هەڵوێستی سلێمانی بکەم بەرلە شەشی ایلولْ لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی کە نران بۆ خۆشکردنی ئەو ئاگرە...

توفیق وەهبی لە ١٠/مایسی/١٩٣٠دا کرابوو بە متصرفی سلێمانی، وە لە زەمانی متصرفییەتی ئەودا هەندێ جم و جولْ لەناو شاری سلێمانیدا پەیدابوو حکومتی بەرامبەر بەو جم و جولْ و چالاکییانە توفیق وەهبیی بە هاندەر دادەنا لەبەر ئەوە زۆری پێ نەچوو لە متصرفییەتی سلێمانی لابراو مفتشی ئیداریی بریتانیی کە کاپتن (گاون) بووە کراوە بە وەکیلی متصرف و کارو باری گرتۆتە دەست.

لە ژمارە (٢٣٩)ی رۆژنامەی ژیانی رۆژی ١٩/مایسی/١٩٣٠دا باسی ئەوە بلاْوکراوەتەوە کە توفیق وەهبی کراوە بە متصرفی سلێمانی و لە ١٠/مایسدا گەیشتۆتە سلێمانی، بەلاْم لە ژمارەی (٢٥٩)ی رۆژی ٤/ایلولی/١٩٣٠دا هەواڵێکی تری تیادا بلاْوکراوەتەوە کە توفیق وەهبی لە متصرفییەتی سلێمانی لابراوەو وتوویەتی بەداخەوە سلێمانیی بەجێ هێشت.

محمود الدره لە کتێبەکەیدا (القضية الكردية - چاپی لبنان ١٩٦٦) دەربارەی لابردنی توفیق وەهبی دەڵێ:

*«جگە لەو تەقەلایانەی کە لە زەمانی متصرفییەتی توفیق وەهبیدا درا لە سلێمانی بە*

*ناردنی یاداشت و نامەو تلگراف بۆ عصبە الامم بۆ داواکردنی حکومتێکی کوردی، تەقـەلایەکی تریش درا لەلایەن توفیق وەهبی و سعید نامقی محامی و دوکتۆر شوکری صگبان و عبد نعمان و براکەی کە هەموویان کورد بوون لەگەڵ توما هرمزو یوسف ئەندریاو چەند ئاسوورییەکی تر کە هەموویان گیران.*

محمود الدره دەڵێ:

*راستیی ئەو موءامرەیە لە روونکردنەوەیەکی معروف جیاوکدا ئاشکرا بوو کە توفیق وەهبی بە معروف جیاوکی ووتبوو پەیوەندیی بە مستر (کوب)ی بریتانی بکا کە لە ساڵی ۱۹۳۰دا هاتبووە عراق و لە ۱۹۳۱/٤/۹دا ئەو مستر (کوب)ە لە عراق کرایە دەرەوە».*

لەڕاستیدا ئەوەی محمود الدره لە زمانی معروف جیاوکەوە ووتوویەتی و کردوویەتی بە بەڵگە زۆر جێگەی گومانە، چونکە محمود الدره خۆی لە کتێبەکەیدا دەڵێ ئەو مستر (کوب)ە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۳۰دا هاتبووە عراق مانای ئەوە بووە بەرلە شەشی ایلول نەگەیشتووە، دوهەم: هەندێ لە ووتەو قسەگێڕانەوەکانی معروف جیاوک کە لای ئەم و ئەو ووتوویەتی راست نەبووەو بەشێکی زۆری بۆ ئەوە بووە کە خۆی لە کاربەدەستانی عراق نزیک بکاتەوە. بۆ نموونە ئەو نامەیەی کە گوایە شێخ مەحموود بۆ معروف جیاوکی ناردووە گومان لەوەدا نییە کە خۆی ئەو نامەیەی شێخ مەحموودی بردووە بۆ ملک فیصل و ملک فیصل لە ئەنجامی ئەوەدا محمد سعید فهمیی ناردووە بۆ لای شێخ مەحموود وەکو لە باسی گەڕانەوەی شێخ مەحموود دوای هەرای رشید عالی لە ساڵی ۱۹٤۱دا دەگەڕێینەوە سەر ئەو باسەی محمد سعید فهمی.

جارێک توفیق وەهبی لە ساڵی ۱۹۸۲دا لە لندن بۆی گێڕامەوە کە لەو ماوە کەمەی کە لە سلێمانیدا بە متصرف مایەوە بایەخێکی زۆری دا بە بڵاوکردونەوەی رۆشنبیری و پەیوەندی کردن بە رۆشنبیرانی ناوچەکەوە بۆ ئەوەی بایەخ بدرێ بە خوێندن و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و زانیاری لە کوردستاندا ووتی: لەڕاستیدا من ئەو دەورە سەرەکییەم نەبوو کە منی پێ تاوانبار کرام کە گوایا من خەڵکم هان دەدا

تلگراف بنێرن بۆ عـصـبـه الامم و بۆ مندوبی سـامی کـه داوای دروسـتکردنی حکومتێکی کوردی بکەن، بەڵکو خەڵک خۆی بۆی ئاشکرابووبوو کە مافی کورد لە پەیمانی عـراق و بریتانیادا پشت گوێ خرابوو ئەگەر عراق داخڵی عصبه الامم ببوایە بەبێ ئەوەی مـەرجێک لەسەر عـراق دابنرێت کە رێز لە بەڵێن و بڕیارەکانی عصبه الامم بگرێ دەربارەی کـورد ئەوا بە جارێک باسی کـورد پشت گوێ دەخرا. تـوفـیق وەهبی بۆی گـێڕامەوە ووتی لەدواییدا جمـاڵ بابان ژنی دەهێنا بۆ براکەی لە بغداد مـنیشی دەعوەت کردبوو، جمیل مدفعی کـە رئیس وزرا بوو لەو شاییەدا دیم ووتی: توفیق تۆ پیاوی چاکی و ئێمەش پیاوی باشین، ئەگەر کاتی خۆی تحقیقاتی تەواومان نەکردایە ئێستە تۆ کوژرابووی.

لەدوای لابردنی تـوفـیق وەهبی لـە سلێمانی، زۆر کـەس ئەو لابردنەیان پێ نـاخۆش بووەو دەسـتیـان کـردووە بە ناردنی تلگراف بۆ دەربڕینی بێزاریی خۆیان بـەرامبـەر بەو لابردنە...

لە لاپەڕە (٣)ی رۆژنامـەی ژیانی ژمـارە (٢٥٩)ی رۆژی ٤/ایلولدا باسی هەندێک لەو تلگرافانـە کراوە کە خەڵک بێزاریی خۆیان دەربڕیوە کە ئەوانەی ئەو تلگرافانەیان ناردووە بریتی بوون لە: ئەفراسیا بەگ روستم بەگ، مصطفی بەگ جافرسان، محمد ئەمین بەگی کوڕی مەحموودخانی دزڵی و شێخ محمدی شێخ حسام الدین.

لە ژمـارە (٢٥٧)ی رۆژی ١٤/٨/١٩٣٠دا بە عـەرەبی و بە کـوردی نامـەیەک ئاراسـتەی رۆژنـامـەی (العـراق)و (بغـداد تایمس) کـراوە کـە هەردووکیـان لە بغـداد دەردەچوون کە کـوردییـەکەی وەکو خوارەوەیە لەلایەن حمـاغـای عـبد الرحمن ئاغـاوە نێرراوە دەڵێ:

*«کـاتی خـۆی حکومـتی عـراق و بریتـانیـا لە سـاڵی ١٩٢٢دا (مـەبەست لەو پەیانە دووقۆڵییەی عـراق و بریتانیا بووە کە لە مـانگی کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا دەرچووە کە زۆر جار بەرلەمە باسمان کردووە) دانیان بە مافی کوردا نابوو، وە بۆ بەجێهێنانی بڕیاری عـصبە الامم لەو پەیانە تازەیەی لەنێوانی بریتـانیـاو عـراقدا مۆر کرا هەمـوو عـشایرو ئەشراف بە موتەحیدی و بەیەک زبان بۆ تأسیسی حکومتێکی موستەقیلەی*

*کوردی ئیصراریان کردووە».*

*حماغای عبد الرحمن ئاغا*

وە لە هەمان ژمارەدا تلگرافێکی تر بە ناوی هەموو ئەشرافی سلێمانییەوە نێرراوە بۆ هەمان مەبەست.

لە لاپەڕە (١٠)ی هەمان ژمارەی پێشوودا تلگرافێک بڵاوکراوەتەوە کە لە رواندزەوە نێرراوە دەڵێ:

*سلێمانی ... بۆ/ توفیق قزازو هاوڕێکانی*

*«بەرزبوون و بە دڵخواز گەیشتنتان ئارەزووە، بۆ هەموو فیداکارییەک هاوکارین*

*شێخ محمد　　　حسین حوزنی مۆکریانی　　　محمد ئاغا*

*رئیسی بالەک　　　زراری کرمانجی　　　رئیسی بلدیە*

وە لە هەمان ژمارەدا تلگرافێک هاتووە لە شەقلاوەو، بەم جۆرە بڵاوکراوەتە:

*بۆ: عزمی بابان و حفید زادە (نیاز لە شێخ قادری حفید بووە)و رفقایانی محترمیان:*

*عزم و ثباتمان هیە بو غایەی مشروعەمان. دائما تقدیری حەمیەتی فیداکارانەتا ئەکەم.*

*عبد القادر*

*رئیسی خوشناو*

دووبارە تلگرافێکی تر لە ١٤/٨/١٩٣٠دا بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە:

*اربیل ـ رواندز*

*بۆ سلیمانی*

*لە کوشش و غیرەتکەشي تازەمان بە هەمو هیزیکەوە بو فیداکاری راوەستاوین*

*طاهر أحمد آغا　نعمت عبد الله　قادر بگ　فتاح/ رئیس هرکی*

لە لاپەڕە (١٠)ی ژمارە (٢٥٧)ی ١٤/ی مانگی ئابدا لە رۆژنامەی (ژیان)دا

تلگرافێكی تیادا بلاْوكراوەتەوە بە عەرەبی نێرراوە بۆ رئیسی وزرای عراق و مندوبی سامی دەڵێ:

*«النشريات من لغة لمشاهداتكم و مسموعاتكم، أذ طلب اهالى أربيل الانضمام الى السليمانية بدون تفريق مع الأصرار على تطبيق مقررات عصبة الامم حرفياً. كما أن اكراد كركوك بيّنوا لزوم تنفيذ المقررات المذكورة وفخامتكم تعهدتم بشرفكم وشرف الحكومة تطبيقها عاجلاً لهذا يرغب تكذيب النشريات ومنع الجرائد عن التجاوز ويطلب تبديل الموظفين غير الاكراد حالا أذا كان فخامتكم يرغب أطمئنان الأهلين لأن التضيقات الجارية لحمل الناس الى تنظيم برقيات ومظابط خلافا لارادتهم وشعورهم زادت في الطين بلّة وأستوجب منها الأستياء.*

*عزت بگ عوسمان پاشا/حماغا عبد الرحمن آغا/عزمى بگ بابان/حفيد زادة عبد القادر/ عبد الرحمن أحمد پاشا/مجيد افندى حاجى رسول/فايق بابان/شيخ محمد گولانى.*

وە لە ژمارە (٢٥٩)ی رۆژنامەی (ژیان) رۆژی ٤/٩/١٩٣٠ لە لاپەڕە (٢)یدا تلگرافێک بە عەرەبی بلاْوكراوەتەوە وەکو خوارەوە:

*فخامة مندوب السامى*

*فخامة رئيس الوزراء*

*بعد سفركم تأملنا بالمباشرة في تطبيق المقررات الامي بتبديل الموظفين غير الاكراد. لكن خاب أملنا بتحويل موظفى الاكراد الى الأماكن البعيدة في الجنوب و جلب المتصرف الى بغداد (مەبست لە توفيق وەهبی بووە كە لابراوە)، هذه الامور أستوجبت التوحش والهياج. ان طلب الحقوق التى أقرتها العصبة لا يستوجب التحامل قانوناً بالنظر الى وجود الأنتداب الفعلي في العراق، سعياً بكل ما لدينا من الطلاقة و الطاقة في تسكين الاهالي والثائر منعا لحدوث أمور لا يرضى بها فخامتكم. خارت قوانا. لهذا نتجرد عن كل مسئولية تتولى عن المستقبل. راجين الاهتمام بكف المعاملات التي من شأنها الأستياء.*

*حفيد زاده شيخ قادر/ حماغاى عبد الرحمن آغا / بابان زاده ـ عزمى بگ / عزت بگ عوسمان پاشا/ مرزا توفيق قزاز / عبد الرحمن أحمد پاشا / حمه صالح حاجي حمه علي بگ / فايق بابان/ رمزى افندى حاجى فتاح / مجيد افندى حاجى رسول آغا.*

ئەوەی کە لەو تلگرافانەدا دەردەکەوێ چەند شتێکە:

**یەکەم** ـ دەربڕینی بێزاریی خەڵک بە لابردنی توفیق وەهبی لە متصرفییەتی سلێمانی.

**دووهەم** ـ وا دیارە جگە لە توفیق وەهبی گەلێک فەرمانبەری تریش لە سلێمانییەوە گوێزراونەتەوە بۆ شارەکانی خوارووی عراق وەکو لەو تلگرافەی پێشوودا دەرکەوتووە.

**سێهەم** ـ بەرلەوەی شۆڕشی ایلول روو بدا وەکیلی رئیسی وزرای عراق و وەکیلی مندوبی سامی (سەرەک وەزیران و مندوبی سامی هەردوکیان لەو رۆژانەدا لە ئەوروپا بوون بۆیە وەکیلەکانیان چوونەتە کوردستان)، بۆ گەشتێک چوون بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دانیشتوان هێواش بکەنەوە لەو بێزارییەی کە لەو رۆژانەدا پەرەی سەندبوو (لەدواییدا ئەو چوونەی هەردووکیان بە دوورو درێژ باس دەکەین).

**چوارەم** ـ دیارە لەدوای لابردنی توفیق وەهبی و بوونی مفتشی ئیداریی سلێمانی (کە مستر گاون بووە) بە وەکیلی متصرف، زۆری لە خەڵک کردووە کە مەزبەتە بکەنەوە بۆ لایەنگریی حکومەت بەوەی کە لەو تلگرافانەی لە سلێمانییەوە نێررابوون لە یەکێکیانا بێزاریی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بەو زۆرلێ کردنە (لە هیچ ژمارەیەکی ئەو رۆژنامەیەدا تیلگرافێکم نەهاتە بەرچاو کە بۆ لایەنگریی حکومەت نێررابێ).

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێستی پێش ایلول و ئەو گەشتەی وەکیلی مندوبی سامی و وەکیلی سەرەک وەزیرانی عراق لە کرکوک و هەولێرو لە سلێمانیدا لەگەڵ خەڵکدا کردبوویان لە زنجیرەی سێهەمی یاداشتەکانیا دەڵێ:

*«هەواڵی بستنی پەیمانی عراق و بریتانیاو هەواڵی کردنی عراق بە ئەندامی عصبە الامم و باس نەکردنی کورد لەوانەدا وای لە رۆشنبیرو لێهاتووەکانی کورد کرد کە*

هەموویان بکەونە خۆیان و ئەم نامەیە لەلایەن پیاوە ناودارو ناسراوەکانەوە بلاوکرایەوە (هەر وەکو خۆی بلاوی دەکەینەوە):

أی ملتی کورد

به دقتـەوە گـوی بگرن، وجدانی مللی، روحی پیشـینیـان و پاشینانتـان خطابتـان أکاتي، داوای تیکوشین و هلچونتان لي دەکانت.

ای کورد:

لەم عصری ملیت و آزادیەوە، لەم عصری نورو سربستیەدا تەنها کوردی بی چارە ذەلیل و بی بەش ماوە - وطني کورد وەک منالیکی نابالق بەسەر بیگانەدا دابەش کراوە.

معلومی هاوخوینە خوشەویستەکانمانە لەم چندانەدا معاهدەیک لە بیني حکومتی بریطانیاو عراقدا بسراوە هرچند موافقی مقررات عصبە الامم و سائر وعود بین الدول أبوایە مسئلەی کوردستان بخرایەتە أول بندی أم معاهدەیە، فقط بە کمال تأسف و تعجبەوە أبینین کە أمە کلیا اهمال کراوە.بە پئ ی أم معاهدەیە أنتدابي انکلترە لە عـراقـدا نهـایتی هاتوە کـە لەو حـالەدا لازمـە قـراری عـصبـە الامم لە خـصـوص کوردەکانەوە حرفیا تطبیق بکری.

بناء علیـە أیمە بە پشتـیـوانی أیوە هتـا أیسـتـا بە وسـائلی مـختلفە بۆ مـحافظەی حقوقی کورد لە جهدو مراجعات غافل نەبوین و هتا آخر نفس دوام أکەین، هدف و غـایەی کـوردان تشکیلی حکومتیکی کـوردی یە لەژیر نظارتی عـصبـه الامم دا. بو مشروعیتی أم طلبە دو دەلیلی غیرە قابلی ردّمان بەدەستەوەیە:

١- قراری عصبە الامم صراحتا ألی: وقتی کە أنتداب نهایتی هات أبی بۆ کوردەکان موافقتی رغائبي خویان حکومتیکیان بۆ تشکیل بکریٔ.

٢- بیـانیکی مـشـتـرک کـە لە روژی ٢٤/کـانون الاول ١٩٢٢دا لە طرف حکومـتی بریتـانیـاو عـراقـەوە نشـر کـراوە أم بیـانە بەر وجـهـي آتیـە (بەرلەمـە ئەو بەیانە ئینگلیزییەکەیان بلاوکردۆتەوە)

«حکومت صـاحب الجلالەی بریطانیـاو حکومتی عـراق أعتـراف اکەن بە حقـوقی أو

*کوردانەی لە داخلی حدودی عراقا ساکنن. بو تشکیل حکومتیکی کوردیە لە داخل أو حدودەداو حکومتی بریطانیاو عراق أمیدیان هیە کە عناصری مختلفەی کورد لە بینی خویاندا ریٚ اکەون بو خصوص حدود و شکلی أو حکومتە کوردیەو بو ناردنی مفاوضینی مسئول بۆ بغداد کە مذاکرە بکەن لە بابت مناسباتی أقتصادیە و سیاسیەیان لەگل حکومتی انگلیزو عراقدا».*

*ای ملتی نجیب:*

*پاش أم تفصیلاتە أخبارتان اکەین کە روژی یەکشمە ۱/أغستوس/۱۹۳۰ مندوبی سامی و رئیس وزرای عراق بو مذاکرەکردنی أم مسئلەیە دین بو سلیمانی قناعتی تاممان هیە کە همو کوردەواری یک دل و یک زبان لە طلب کردن أم حقە مشروعەدا پشتیوانمانن.*

*ای کورد:*

*تأریخ لاپەرەکانی کردوتەوە، حرکاتمان تسجیل أکات، محافظەی شرفی رابوردو و ناموسي آیندەمان بە دست نسلي حاضرەوەیە أیوەیش خوتان و غیرەتتان.*

*أمزاکان:*

*عزمی بک بابان/عبد القادر حفید زادە/حماغا عبد الرحمن آغا/عزت بک عوسمان پاشا/ حمە صالح حمە علی بگ/شیخ محمد گولانی/عبد الرحمن احمد پاشا/فایق بابان/توفیق قزاز/ رمزی حاجی فتاح.*

لە ژمارە (۲۵۷)ی رۆژنامەی (ژیان) پێنجشەممە رێکەوتی ۲۰/ربیع الاول ۱۳٤۹/ ۱٤/آب/ ۱۹۳۰ باسی هاتنی وکیلی مندوبی سامی و وکیلی سەرەک وەزیرانی عراقی تیا بلاْوکراوەتەوە لە کرکوک و هەولێرو سلێمانی کە دەڵێ (هەر وەکو چۆن نووسراوە لە رۆژنامەکەدا ئێمەش بەو جۆرە بلاْوی دەکەینەوە):

*«لەسر مراجعاتي متماديي کوردانی لوای سلیمانی و کرکوک و هەولیر فخامتی وکیلی مندوبی سامی و وکیلی رئیس الوزرای عراق روژی جمعە ۸/۸/ ۱۹۳۰ لە بغداوە تشریفیان هینایە کرکوک ولە عینی روژدا لە قشلە عموم أشراف و اعیانی کرکوک و روءسا گەورەکاني أو لیوایە کە همو کوردن کویان کردنەوە و رئیس*

الوزرا هلسا أو بيانەی کە همو کوردیک خویندویتیەوە لە پیشا نشر کرابو کە گوایا حکومتی عراق قراری دابو بۆ کوردەکان مقررات عصبە الامم تطبیق بکات خویندیەوەو لە عقب أوە فخامتی مندوبی سامیش هلساو نطقی خویندەوەو تأییدی بیانەکەی حکومتی عراقی کردو فرمووی أیمش لەگەل عراقدا متحدین بو تطبیق مقراراتی عصبە الامم دوای أوان عبد اللە صافی أفندی یعقوبی هلساو گوتی:

لەم بیانە زور متشکرین ذاتا أم لیوایە عبارتە لە تورک و عرب یعنی نفوسەکەی صد هزار لەم دو عنصریەو أیمە عراقین و لە وحدتی عراق جیانابینەوەو مصطفی یعقوبی برایشي علنا تأییدی قسەکەی کاکی کردەوە.

بلام أیتر لە حاضرون و لەو همو قلەبالغە غیری فارس آغای بەیات نەبیٚ کە پیاویکی عربەو شیخ محمد حبیب أفندی طالبانی نەبیٚ چونکە قاضي و مأمورە مجبورە، کەسیکی تر تأییدی نکردن و حتی چونکە قسەکانی عبد اللە صافی هموی عبارت بو لە بیاناتیکی غیر حقیقی و بە آشکرا موجودیکی اکثریەی کوردی پنهان کرد.

وطنپرورو جوانمردی غیوری کورد محمد بگ جاف مندوبی پیشوی کرکوک هلسایە سرپي و بە همتیکی مردانەو بە دنگیکی برز فرموی: (لیوای کرکوک اکثریتی عظیمەی کوردن یعنی لە صدو پنجا هزار صدو بیست هزاری کوردیکی خالصە. أنجا أگر بە زیادەوە حسابي بکەین أوی تر أنجا تورک و عربن و أم قسەیەی منیش معلومی جیهانەو بە أحصائیات معلوم و آشکرایە و فرموی بندە کە لیٚرەدا تمسیلی عشیرەتیکی زور گورەی وکو جاف أکم غیر أمیش روساي داودە، زنگنە، جباری، شوان و سائر روساي کوردان لم مجلسەدا حاضرن و بندەیان توکیل کردوە کە بە ناوی عمومەوە عرضتان بکم کە أم کوردانە بە یک وجود و یک زبان داوای تطبیقی مقرراتی عصبە الامم اکەن، أمە حقمانەو أم حقمان أوی و هتا آخری تعقیبي اکین.

لەدوای أمە عبد اللە صافی متهورانە کە خلافی أداب و أجتماعیات بو هلساو گوتی:

أم زاتە بەناوی کی وە قسە أکات؟ جاف عائدی سلیمانیە، هموی دو سالە ربط

کراوه به کرکوک با بچیته سلیمانی داوای حقی خوی بکا. لسر أوه محمد جافیش هلساو جوابی دایەوە. من بەناوی (۱۵۰) هزارەوە قسە أکم و من کوردم و به کوردی أژیم و به کوردی أمرم. أم مملکته هی کورده لبر أوه همو کوردیک حقی أوەی هیه له مملکتی کوردان دا به آشکرا طلبی حقوق ملتی و وطنەکەی بکات.

حقیقتا خوینی کوردایتی به آشکرا له دەرمارەکانیا به شیدتەوە جولانی اکرد.

لو أثنایەدا جعفر پاشا هلساو روی کرده محمد جاف و گوتی بەشرف حکومت و خوم تأمینت أکم که بەتواوی مقررات عصبه الامتان بو تطبیق أکری و أم لیوایەش استفادەی لی أکات و محمد جافیش له جوابدا وتی: سا باشه تشکرتان أکم.

لو أثنایەدا جنابی سید أحمدی خانقاەو سید محمد افندی جباری و سائر روءسا محترمەکانی کورد علنا هلسان و تأیید محمد بک جاف و حقوقی کوردیان داواکردەوە و بم نوعه مناقشەکه دوایي هات و کومەلەکه بلاوبونەوە.

هەولیر: روژی ۱۹۳۰/۸/۹ له کرکوکەوە تشریفیان برد بو هەولیرو لەویش له ساعت دەی انگلیزیدا له نادی کوبونەوە کرا، أشراف و روءسای عشایرەکان کوبونەوە.

رئیس الوزرا أو بیانەی له کرکوکیش خویندبویەوە دیسان خویندیەوەو فخامتی مندوبی سامی هلساو نطقیکی خویندەوە، لەدوای أمانه جناب أحمد افندی أعیان و وطنپروری غیوری کورد هلساو فرموی: (لەپیش أمەدا قسه بکەین أیجاب أکات روءسای عشایر فکری خویان بیان بکەن چونکه أوانیش مظبطەیان تقدیم کردوە، مندوبی سامی فرمووی: باشه. لسر أوه روءساکان به عمومی گوتیان جنابی خضر بگی أحمد پاشا له روءسای دزەییمان کردوه به وکیل و مومی الیه هلساو وتی: أیمه همو عشایرو متفقا تأییدی مطالبی أهلی سلیمانی اکین. أیمه لەگل سلیمانیدا أژین و أمرین و یکیکین، استرحام اکین أم سي لیوایه کرکوک، سلیمانی، هەولیر نابيْ له یک جیابکریتەوە و هرچی به سلیمانی بدریْ أبی أیمەش أستفادەی لی بکین. لەدوای أمه جناب اعیان أحمد بک هلساو فرموی:

أیمه کوردین و حقوقی خومان أوی، بنده چند ساله له خذمتی حکومتام و

تیگیشتوم که کورد به عمومی لەسر حقوقی خوی أصرار أکات و أم حقه به قراری عصبه الامم دامزراوەو پیویسته بماندریتي (و لەسر اعتراف و تأثیری جعفر پاشا) خطابا به جعفر پاشا وتي: پاشا تۆ بۆ عربەکان بنچینەت دانا، أیمەش حقمانه لەرپي أم حقه ملیەمانا رۆحی خومان فداکین، کس حقی عتابي نیەو قراری عصبه الامم أوەیە: لغتی کوردی رسمی بي، أیمه بو أم حقه مصرّین و لپاش أم گفت و گۆیانه اسماعیل بگی رواندزی هلساو گوتی پاشا أیمه لەم قسه پرو پوچانه تیرئوین بحثی مستقبل اکەن، هم صبحینی هم ده سالی تر و آخری هر مستقبله، أیمه حالا تطبیقی قراری عصبه الامّان أوی و فورا أبی لوای دهوک تشکیل بکری، میلت به آرزویکی قطعی داوای أم طلبه أکات. له پاشا معروف جیاوک هلّساو وتی: وا بزانم فخامتمآب وکیل معتمد سامی مساعده أفرموی‌ت دو قسه بکم. بنده عرضیک و سئوالیکم هیه، أو بیانەی جعفر پاشا خویندیەوه دو شتی تیگەیشتم ١. طلبی وحدەتی عراق (کوردو عرەب) ٢. عدم تأییدی حقوقی کوردان به مادەیەکی خاص له معاهده.

لپیش جوابداندا جناب مندوبی سامی فرموی که بعضي محافل وا ظن اکەن که أیمه تشویقی بعض کس اکین و أگر کسیکی وا بي و بیته دار الاعتماد و له دوایي دا له خویەوه قسەیەکی وای کردبیٚ ردّی اکینەوه. ایمه لەگل حکومتی عراقدا یەکین، بنده لەسر أم فرمودەیه ألیم أبي فخامت پناه و جعفر پاشا چاک بزانن که بنده کوردم و همو وکو من تابعی هیچ تأثیریک نیه. ملتی کورد به سائقی وجدانی قسەو أدعای حقوق أکات.

بەلی زور دفعەو بعضي کس و بعض له کوردەکان که أیستا له مواقعی گەوره دان به منیان اگوت أیوه به پنجەی أجنبي أم طلبه أکن.

مندوبی سامی پرسي: أجنبي کی یه؟

إجنبي یعنی أیوه... انگلیز... که دلیلم أوەیه پارسال أم جمال بابانه که دانیشتوه و وزیره به مظبطه أدعای حقوقی ملي کردبو. دیسان بەم تەحره أتهامیان أکرد.

بی ینەوه سەر حقوقمان: جناب فخامتمآب، وکیلی مندوبی سامی چاک أیزانی که

حكومت بريتانيا به شرف تعهدى كردبو كه مقرراتى عصبه الامم تطبيق بكات، أيستا همو كورديك منتظرو أمينه كه حكومت بريطانيا تعهدى خۆى دينيته جىٚ. زور آرزو اكرا كه جعفر پاشا لهباتى أو كاغزه له جانطاكهى دهرى أهيني مقرراتى عصبه الامى لهگل خويا بهينايهو علنا بى خويندايهوه كه همو كسيك بيي بگيشتايه، مع ما فيه بنده به نظريكى حقوقى خويندومهتهوهو جمال بابان و جعفر پاشاش أيزانن كه من حقوقيم (لهسر أمه جعفر پاشاو مندوبى سامى و مفتشى ادارى دهستيان كرد به سركه سرك و مفتشى ادارى چوه دهرهوه). مقرراتى عصبه الامم چيه؟

١ـ أبى مأمورهكانى كوردستان له عنصرى كوردبن ٢ـ ابى لغتى كوردى رسمي بىٚ.

لهم أثنايهدا مفتشى ادارى گهرايهوهو لهناو فايليكا مقرراتى عصبه الامى تسليمى مندوبى سامى كرد. أويش فرموى أمه مقرراتى عصبه الامم.

ملاحظه: (لهپيش أمهدا جعفر پاشا أى گوت نالى مأمورهكانى كورد له عنصرى كورد بن، ألى هر كوردى بزانن)، مندوبى سامى خويندىهوهو ترجمه كراو معلوم بوو كه ئهلىٚ: أبى مأمورهكان له عنصرى كورد بن.

لهسر أوه أحمد أفندى (ئهحمهد عوسمانى ههولێرى بووه) هلساو فرموى أمه تأويل و تفسير قبول ناكات چونكه صريحهو معلومه. لو وقتهدا جعفر پاشا نختيك شلهژاو موضوعيان گۆرى. فقط جياوك دوامى كردو گوتى:

بهه مندوبى سامى وا أزانم فقرهى أخيرهى قرارى عصبه الامم ألى: (أگر تبديليك له حكومتى عراقدا بوو أبى حكميكى ذاتى به گويرهء رغائبيان بدرىٚ به كوردهكان.

مندوبى سامى فرموى: دوينى أم قسهيهشم له كركوك بيست، مادهيهكى وا نيه، جياوك جوابى دايهوه. بنده تدقيقم كردوه و منظورى عاليشت بوه.

مندوبى سامى وتى: أوه لائيحهيه، قرارى عصبه الامم نيه.

جياوك: بهلى، ام لايحهيه له طرف عصبه الاممهوه تصديق كراوهو بلاوكراوهتهوهو شكلى قرارى ورگرتوه.

وكو عرضمكردن بياناتەكەی جعفر پاشا دو شتی تيادايە يەكەم: أتحادی كوردو عرەب، جعفر پاشا چاكی أزانی أيمە لەگل عربا ممكن نيە بە صورتی توحيد (جياوک پەنجەكانی خستە ناو يەكتر) و گوتی بم صورتە بژين... فقط بە صورتيكی (أنجا أم جارە پەنجەكانی جووت كرد) گوتی: قابيلە بم نوعە وكو آوستريا و مجارستان بژين و همو كسيک أمەی أدراک كردوە، ملت لە حالی أنتباهدايە، لەپاش أمە جريدەكانی بغداد هاوار أكن ألين: أيمە عربين و حكومتمان عربە، أبي كوردەكان وكو أرمنيەكان لی بكين. أيتر ممكن نيە پيكەوە بژين. لسر أمە جعفر پاشا بە توورەييەوە گوتی: من قسمت نادەمي و حقت نيە ناوی عرب بينيت.

جياوک وتی: پاشا من قسم لە مندوبی سامی سندوە بندەيش بقدر تو عربەكان تقديس أكم فقط كوردم و كورد حقی خوی أوی. وا ديارە أم جرايدانە بە رضای حكومت أنوسن والأ أبوايە تعصيل بكرانايە.

٢- بيّ ينە سەر مادەی دوەم: تناقضيكی ظاهری لە قسەی جعفر پاشادا هيە چونكە لە جهتيكەوە ألی حكومت مشغولی قانونيكە بو تأمين حقوقی كوردان لە جهتيكەوە ألی بو أم حقوقە مغايری أصوليە مادەيەک داخلی معاهدەكە بكريت كە أو مادەيە بە قانونيكی خاص حقوقی كوردەكان تأمين بكات لەمەدا مانع چيە؟».

رۆژنامەكە (ژيان) لەسەری دەڕواو دەڵێ:

خلاصە همو كورديک منتظری تطبيق قراری عصبە الامە، بم نوعە ختامی بياناتی جياوک هات و حاضرون بە عمومی بي أستثنا فرمودەی جياوكيان تأييد كردو مجلسەكە دوايي هات و بلاّوبوەوە.

رۆژنامەكە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«دوای تەواوبونی مناقشەو مجاهدەی هەولير وكيلی فخامتی مندوبی سامی و وكيلی رئيس الوزراو هيئتەكە ڕوەو سليمانی تشريفيان هينا (عبد الرزاق الحسنی لە تأريخ الوزارات العراقيەدا دەڵێ: جعفر عسكری وكيلی نوری سعيد بووەو جمال بابانيش لەگەڵ ئەو هەيئەتەدا بوو كە چوونە سلێمانی).

لە سەعات (٣)ی كورديدا رۆژی ١/٨/١٩٣٠ لە كۆبونەوەدا عموم روءسای

دوائر و مأموران و علماو سادات و أشراف و روءسای عشایر بالعموم له سلیمانیدا حازربون. (رۆژنامەکە بە دوورو درێژی باسی بەپیرەوەچوونی ئەو هەیئەتەی کردووەو کە گەیشتوون خەڵکەکە بە چەپڵەلێدان و هربژی کوردو کوردستان بەخێرهاتنیان کردوون و هەموو بەجارێک هاواریان کردووە: تشکیل کردنی حکومتیکی کوردمان ئەوێ و قوتابییەک بە جلی کشافەوە نطقێکی ئینگلیزیی خوێندەوەو لە هاتنەناو شاردا خەڵک لە سەربانەکانەوە بانگیان کرد بژی کوردو کوردستان و حکومتی کوردمان ئەوێ.

رۆژنامەکە دەڵێ:

وکیلی فخامتی مندوبی سامی چوە مالی مفتشی ئیداری (کە ئینگلیز بووە)و وکیلی رئیس الوزراو وزیری داخلیە چونە مالی متصرف و وزیری مالیە (کە دیارە جمال بابان بووە) لە مالی عزمی بگی بابان میوان بوە و أو خەلکە هتا ئیوارە لەبەر دەرکی سەراو لەسەر جادەکان مانەوەو هاواریان اکرد: حقوقی مقدسەی خومان ئەوی. هەر شەو ترتیبات کرا بۆ مذاکرەو تذکرە نوسرا بە شوین أشراف و روءسای عشایرەکانا، صبحینی سعات دوی کوردی همو لە مقام متصرفی دا کوبونەوە. دیسان بازار داخراو أهالی روی کردە بەر سرای حکومت.

لە کوبونەوەدا أول جار لە طرف رئیس الوزارەوە أو بیانەی کە لەپیشا نشر کرابو خوینرایەوە، دوای أوە فخامتی مندوبی سامی أو بیانەی لە کرکوک و هولیر وتبوی عینا خویندیەوە.

لە ختامی أمانەدا، جنابی حماغای عبد الرحمن آغا هەلساو فرموی:

«جماعتی حاضر کە تمثیلی همو أشراف، سادات، علماو عشایری لیوای سلیمانی و قسمیک لە کرکوک أکا ئەمانە بە عمومی رمزی أفندی (مەبەست لە رەمزی فتاح بووە)یان توکیل کردوە کە جوابي بیاناتي فخامتی مندوبی سامی و رئیس الوزرا بداتەوەو طلبی حقوقی ملیمان بکات.

لەدوای ئەمە رمزی أفندی فتاح هەلساو وتی:

«فخامتمآب:

به ناوی عموم روءسای عشایرو أشرافی کوردەوە عرضي بەخیرهاتنتان أکم. ملتی کورد تشریف هینانتان بو حیاتی و حریت و مستقبلەی خویان به فألیکی خیر أدا أکات.

بیاناتی مندوبی سامی و رئیس الوزراء کلیا مخالف قراراتی عصبه الامم و أعترافاتي فخیمەی بریتانیاو عراقه. لپیش همو شتیکدا أبي أعطای حقوقی مقدسەو استقلالی کوردان ببي به سببی أتحادی عنصری کوردو عرب.

لای فخامتتان معلومه که کوردەکانی کوردستانی جنوبي له أثنای حربي عمومیەوە تا أمرو بو تأمین حریت و أستقلالی خویان له سعي دوا نەکەوتون و بۆ أم غایه مقدسه دائما ألتجایان به معاونتی مشفقەی حکومتی فخیمەی انگلیز کردوە، مع الأسف تا أمرو نائلی آمالیان نەبون گەرچی لم خصوصەوە گەلي مواعیدیشیان دا به عصبه الامم و أم مواعدانه تأیید کرا لکن تا أمرو هیچیان بو تطبیق نەکرا. معلومی فخامتتانه أول معاهدەی حکومتی عراق و انگلیز له تأریخي ٢٤/کانونی اول ١٩٢٢دا بو تشکیلی حکومتیکی کوردی له بەینی حکومتی فخیمەی بریطانیاو عراقدا ام بیانه نشرو اعلان کرابو.

مادامکه أصل عصبه الامم انتدابی عراقی داوە به انگلیزو له قراری أم أنتدابەدا گوتویەتی هیچ وەختیک عراق صالح بي استقلالی أدریتي و لەعینی وقتدا لازمه حکومتیکیش بو کورد تشکیل بکری.

حقوقا وا لازم بو که لەپیش تنظیمی معاهدەی تازەی انگلیزو عراقدا که تأییدی قراری عصبه الامم و استقلالي حکومتی عراق أکات، حکومتیکیش بو کورد به صراحت بخرایەته متنی أم معاهده تازەیەوە، لەمەشدا ضربه له حکومتی کوردەکان درا.

لای فخامتتان معلومه که حکومتی عراق کوردەکاني به قوەتی طوپ و تفنگ أستیلا نکردوە، له عقبی متارکەدا کوردەکان بەو شرطه خویان خسته حلقەی رابطەی انگلیز که حکومتیکی کوردیەی مستقلەمان بو تشکیل بکریٰ و لەسر أمه أتفاق

واقع بو.

كەوابو لازمە چون عربەكان لە قرارى أنتدابى عصبە الامم مستفيدكراون كوردەكانيش مستفيد بكرين كە طلبى همو كوردەكان تشكيلى حكومتيكى كورديەيە لەژير أنتدابى حكومتى فخيمەدا.

رئيس الوزراء:

من لەو بيانەى كە بوم خويندنەوە زياتر صلاحيتم نيە بە صورتى رسمى گفت و گۆ بكەم. وا فخامتى مندوبى سامى قسەتان لەگلا أكات.

لبر أمە، فخامتى مندوبى سامى هلسـاو ئەم بيانەى دا:

لە خطبەى رمزى أفنديدا دو نقطەى مهم هيە ١. بيان ١٩٢٢ و ٢. مقررات عصبە الامم.

بيانى ١٩٢٢ هر وەک رئيس الوزرا وتى وقتى خوى لە طرف حكومتى بريطانياوە جواب دراوەتەوە (يەعنى لەغو كراوە). لم آنەدا حظمناكم لەسر أم موضوعە مناقشە بكم. دوهم مقررات عصبە الامم بەلاى مندوە توصيات عصبە الامم تطبيق كراوەو من متأسفم اگر أم توصيانە شكينرابي. فقط تقدير تنفيذو عدم تنفيذ أم مقرراتە بەدست عصبە الامم خويەتى، حكومت بريتانياو عراق هردولا سعي اكەن بو تنفيذ مقررات عصبە الامم. عصبە الامم اگر ببينێ مقرراتەكەى تطبيق نكراوە مداخلە أكات.

بعض كس، مراجعتيان بە عصبە الامم كردوەو جوابيان وەرگرتوتەوە كە بە توسط حكومت منتدبەوە أبى مراجعت بكرى و أيستاكە عين مراجعت بە من كراوە. من لم خصوصەوە مفصلا لگل حكومت عراق مذاكرە أكم، لم قسانە كس وا تينەگا كە مقصد من مانعە هينانە پيشەوە بو مراجعاتى خلقى، همو كس سربستە لە مراجعت كردن.

فقط لازمە مطالب تصريح و بە تفصيل بيان بكريت. تشكيل حكومتيک ليرەدا مشكلە وابزانم قابلە كوردستان أم حكومت رابگريت.

أمەوى بزانم رمزى أفندى تمثيلى سائر كوردستان أكات يا هەر سليمانى؟

رمزی أفندی: مظبطەی هەولیر معلومتانە، ذاتا لەوی بە خوشتانیان وتوە کە رأی مان لەگل خلق سلیمانیە، قسمیک لە عشایری کرکوک وا لەم مجلسەدا حاضرن أوانیش لەگل أیمەدان و مظبطەی عموم عشایری کرکوک تقدیم اکم و ممثل هولیریش لیرەدا حاضرە.

مندوبی سامی: چوینە هولیر و کرکوک، لەویش ممثل کوردان کوبونەوە عینا مناقشە کرا، فقط أظهاری جیابونەوەی نەکرد تەنیا سلیمانی طلب أفتراق أکات.

رمزی أفندی: جوابەکەی پیشوی تکرار کردەوە وتی أم دو لیوایە لەژیر تضییق و تأثیرا بون لبر أوە حیاتی حقیقیەی خویان أظهار نکردوە. أمر بفرمون بینە أیرە أوسا معلومتان أبي کە أمەی أیمە تأکید اکنەوەو کوردستان هموی لە عینی فکردایە و یک هدف تعقیب أکات کە استقلالی کوردستانە.

مندوبی سامی: کەوابو لازمە همو لایک مطالبي خویان بە صراحت و بە تفصیل بۆ عصبە الامم بیان بکەن کوردەکان چ نوعە حکومتیکیان أوی، ملکی یا جمهوری؟ پارلمان و رئیس الوزراو مجلس وزرایان أبي یا نا؟ آیا فکریان بە ملک فیصل گوریوە یا نا؟ و آیا أیانەوی هر نوعە مصالحیکی حکومتی و گومرگ و مکوس، أشغال عامە، پولیس، صحە و عسکریان ببیت؟ و آیا مناسبات و علائقی حکومتەکە وا تشکیل اکریت چی أبي لەگل بریطانیادا؟

رمزی أفندی: فخامتتان فرموتان کە بیانی ١٩٢٢ رابوردو کونە، حق کون أبي نامری، أم بیانە کافلي حقوق مقدسەی استقلالی قومیکە طلب تطبیقی أکەین...

مندوبی سامی: بەسە... ٣ جار ... بەسە!

حماغا عبد الرحمن آغا:

١. أیمە کوردین و کوردستان عبارت نیە هر لە سلیمانی. لە زاخووە هتا خانقین هموی کوردەواریتیەو نایانەوی لەگل عراقدا بژین و حکومتیکی مستقلەی کوردمان أوی لەژیر أنتدابدا اگر أنگلیزیش ناماندا تي مراجعت بە عصبە الامم اکین.

٢. خطاب بە رئیس الوزراء: فخامتتان زور چاک أیزانن کە حسّیات ملیە بە نوعیک چوتە میشکی عنصری عرب و کوردەوە کە هیچ قوتیک نیە محوی بکاتەوە. بناء

علیه أمکانی ژیانیکی متحد نیه لەبینی عرب و کورداو هیچیان أستفاده لەیکتر ناکن. بو هردولا وا چاکه کوردستانیک لەژیر أنتدابی عصبه الامم دا بیّ چونکه أم أنتدابه به نوعی عربەکان أستفادەیان لی کرد که له ظرفی نۆ سالدا أوەتا أستغنا له حکومت انگلتره أکن.

٣ـ خطاب به مندوبی سامی: أم دنگی کوردایتیه تنها وکو جنابتان أفرمون مخصوص دولی سلیمانی نیه، هولیرو کرکوک لەژیر تضییق مأمورینی عربدان، اگر بانگ بکرینه أیره معلوم أبیت که غایەی همو یکیکه.

رئیس الوزراء:

تشکر بیانەکەتان أکم. زور مسرور بوم که له قطعەیکی عراقدا أهالی لسر غایەیەک وا أتحادی کردوه. له خصوص بیانی ١٩٢٢ أمەوی له صورتی خصوصیه قسه بکم چونکه أوی صلاحیتدار بم بیلیم عبارته لەو بیانەی که لەپیشەوه عرضمکردن. وکو رمزی أفندی ألی معاهدەی عراق و انگلیز هرچند له ١٩٢٢ دا عقد کراوه فقط له ١٩٢٤ دا له طرف مجلس تأسیسی یەوه تصدیق و حقی قانونی کسب کردوەو لەو مجلسەدا ممثلی کوردیش هبوو. زور چاک لەبیرتانه لەژیر ریاست و أمارتی شیخ مەحمودا أداریکتان بو دامزرابو لەپاشا أهالی کوته تظلم و شکایت له شیخ مەحمود که أیستاش دلم پیتان أسوتی که حکومت مجبور بوه به ناردنی ئوردو، لەپاش سیّ سال حرکاتی عسکریه أوسا وضعیتی بو چاک کرا أم بیاناتەم به صورتی خصوصیه بو تنویری أیوەیه.

شیخ قادری حفید:

شیخ محمود فردیکی أم ملتەیه، ملتی کورد أبا عن جد حرمتی شیخ محمودو ساداتیان گرتوه، ظلمی شیخ محمود بەقدر ظلمی عراق تأثیری نکردوته سەر أیمه، رئیس الوزرا گوریز أکات، أیمه ملتیکی سربخوین لەژیر أنتدابدا حکومتیکی کوردمان أوی وإلاّ ناژین.

رمزی افندی:

أم حقه که به ملت کورد دراوه اگر شیخ محمود خطای کردبیّ دیسانەوه قباحتی

نیه و معلوم فخامتتانه خطای شخصیک حقوقی ملتیک وا محو ناکاتەوەو شیخ محمود لە طرف دوژمنانی کوردەوە أغال کرابو، مسئلەی شیخ محمود تأثیری نەبو بۆ أمحای ملیەتمان. بەلام ایوە أتانەوی بە کرەتیک بمانکەن بە عرب.

عزت بگی عوسمان پاشا:

ملتی کورد تنها عبارت نیە لە سلیمانی، لە زاخووە تا خانقین همو داوای أم حقە أکات و هیچ کوردیک کرەتیکی تر لەگل عراقا ناژی. بو أحقاقی حقمان مراجعت بە حکومت منتدبە اکین، اگر أویش نەی پرسي شکایت أبینە بەر عـصبە الامم. کورد حکومتیکی مستقلەی أوی لەژیر أنتدابدا. بە همو قوەتمانەوە بو أم غایەیە سعي اکین. أمجارە سلاح و تفنگمان قلم و مراجعاتە...

رئیس الوزراء:

لام وایە عنصری کورد لە عراقدا لە عنصری عرب محترمترو مرفهترە هرچی مشقت و أذیتە بەسر عربەکانەوەیە حقوقی کورد محفوظە، یکی بلی مأموریکی عرب ظلمي لە کوردی کردبیٚ؟

مجید افندی حاجی رسول:

بەلی کورد دائما معروضی ظلمی عربەکانە، پار کە لەبینی عربەکانی فلسطین و صهیونیەکاندا شرپو، عربي عراق بە یەکجار کەوتنە تعزیەوە أنواعی مراجعات و مظاهراتیان کرد کەچی أیستا هاو خوین و براکانمان لە کوردستانی شمالی لە طرف تورکەوە سر أبررین غزتەکانی بغداد بە علنی تقدیری تورکەکان أکات و بیانی شادمانی أکات و بە طوپ و تفنگ و متراليوز تهدیدی أیمە أکات کە ألی لەگل تورکا أتان پلیشینینەوە... عرب هیچی لە تورک کمتر نیە.

علاوەی أمیش، لە روژی تشکلی حکومتی عراقەوە هتاکو أیستا خوتان متعدد معلمتان لە أوروپا، انگلترە، سوریاو جیگایانی ترەوە ترتیب کردوەو همو سالیک کومەلیکی زور طلبەی عرب کە بە أستعدادو ذکا لە کوردەکان دوونترن داخلی بعثەی علمیان أکن کەچی طلبە کوردەکان لەسر مصرفی خویان أچن بو بغدادو عزیتیش أکیشن بو أوەی داخلی بعثە بکرین بە خورایي نمرەیان أشکیٚنن و دوایان

أخن، أمسال پنجا طلبەی کورد کە دائما لەپیش عربەکانەوە بون هر لەبر أم سببە دوایان خستن.

رئیس الوزراء:

بو چ ئیوە نازانن کە غزتەکانی بغداد بیانی و أیواری چند جنیو بە حکومتی عراق أدەن و چونمان تنقید أکن؟ کی ألی غزتەکان بە تشویقی حکومت لە علیهی کوردن؟ بوچی معلوم نیە غزتە چون و بە چ واسطەیەکەوە شت أنوسي. طلبە أوراقی أمتحانیان موجودە وکس ناتوانی خلاف أوە حرکت بکات و لام وایە طلبەیک بي أستحقاق ترفیع بکات نەبو خوی و نە بو مجتمعی موجب أستفادە نابي.

مجید أفندی:

بلی، غزتەکان بغداد کە لە علیهی حکومت مقالەیکیان نوسي گورج دای أخن، بلام کە تهدیدی کوردەکان بکات و لە ضدی أیمە بنوسن تشویقیان أکن و پارەیان أدەنی.

حماغا عبد الرحمن آغا:

همو أیزانین فخامتی رئیس الوزرا شخصیکی وطنپرورەو بو غایەی وطنیە زور سعي کردوە، بناء علیە أبی تقدیری أیمەش بکات و حقمان بداتی کە بو حقیکی مشروعی وطنی و ملی خومان تی أکوشین.

رئیس الوزراء:

بلی... همو حسیاتیکی وطنیە بە أحترامەوە قبول أکم فقط لەم مسائلانەدا أیمە لازمە منطقی و عملی تی فکرین عجبا کوردستان وکو ألین لە خانقینەوە تا زاخو جیابیتەوە بەبي عراق أژی و وارداتی کفایتی أکات؟ برامبر بە دراوسیکانی حدودی پی محافظە أکری و خاصە لە نقطەی تجارتەوە لە عراق زیاتر بندریکی هیە؟ بو أموری نافعەی کوردستان هتاکو أیستا عراق بەلکها (یەعنی هەزاران) روپیەی صرف کردوە لە کوردستان.

رمزی أفندی:

یکدفعە عرضمانکردن عرب و کورد قابل نیە پیکەوە بژین. أیمە آرین و أوان

سامین، أیمه شاخین و أوان دشتکین، هەتا خاکی کوردستان برین بو عربستان هی عربستان بهینین بو کوردستان هردوکیان قوەی أنباتیەیان ون أکن.

رئیس الوزراء:

أی توتنەکەتان أبن بو کوی؟

رمزی أفندی:

أیبین بو أوروپا، غیر أمیش ایوه مجبورن توتنی أیمه بکرن چونکه لەوه هرزانترتان دست ناکەوی و له أیمیش زیاتر له تجارتا لەم توتنه أستفاده أکن.

رئیس الوزراء:

نا... نایبەن بو أوروپا همو له عراقدا صرف اکریت، کوردەکان الحمد لله تجاری زور وریایان تیایەو زور چاک تقدیر أکن که کوردستان بی عراق ناژی.

رمزی أفندی:

له بدایت حرب عمومی دا که ریگاو بندرەکانی عراق گیرابو که بغدادیش استیلا کرا أیمه که له شمال و شرق و غربدا منتظما تجارتمان اکرد، ثروتی عمومیەو وضعیتی أقتصادیمان له ایرو گلی باشتر بو. جعفر پاشا أفرموی که به (لک) پارەمان بو أموری نافعەی کوردستان صرف کردوه أو أموری نافعەی أوان ألین قلاو أستحکاماته بو محافظەی جیشەکەی خوتان لەباتی أمه مکتبتان بو بنابکردینانه. اگر حکومتی کوردیه تشکیل بکات هیچ لزومان پي نابي و أستغنای لی أکین.

رئیس الوزرا (به تأثرو هیجانەوه):

براکانم بزانن که لەم دەمارەدا خوینی کوردیشم تیایه ولکن من عربم (جعفر عسکری وەکو دەڵێن خەڵکی عسکرو ئاغجەلەر بووه)، بو منعفتی أیوه قسه أکم به حسّیات حرکت مکن. مەبن به آلت بەدست خلقەوه، بزەییتان به ملتەکەدا بیت توشي فلاکتیان مکن. أوا لەسرەوه کوردەکان پارچه پارچه أکن سریان أبرن له دنیاوه معلومه که کورد قومیکی دیندارە لەبیرتان نەچی که دینتان عربیه، قورئان عربیه، محمد عربیه، فیصل کوری محمده، براکان رجاتان لی أکم فاجعەی کربلا تکرار مکنەوه.

شیخ قادری حفید:

جعفر پاشا به بیانکردنی فاجعەی کربلا تهدیدمان أکات. أبی بزانن اگر انگلیز له بینا نەبي عرب ناتوانن بینه ناو خاکمانەوه.

جعفر پاشا:

رجا أکم سوء تفاهم حاصل نەبي، مقصدم تهدید نیه.

رمزی افندی (زور دفعه داوای قسەی کردو میدانی نەدرا، نهایت به حدەت هاته پیشەوەو گوتی):

پاشا، دین، أیمان، مفکورەی ملی حکومتیکی ملی کوردی أوی (جماعت وا نیه؟)

هەمو به کرەتیک: بلی وایه...

رمزی أفندی دوامی کرد: پاشا أم قسانەت ناچیته جوالی کوردەوه أمه هموی أغفالاتەو بیخەره جوالەکەی خوتەوەو دەرگاکەی ببەستەرەوه.

جعفر پاشا:

قسەکەت وەرگررەوه (یەعنی بیگێرِرەوه)، تو پیاویکی تحصیل دیدەیت له أجتماعیکی وادا نابي قسەی وا ناشیرین بکریْ.

رمزی أفندی: تو ریگەی قسەم نادیتی، له سوئالەکانم گریز أکەی: بلي تسلیم بوم!

مرزا توفیق قزاز:

أیستا که دیانت موضوعی بحث نیه، مسئله ملیتەو تشکیلی حکومتیکی کوردیه اگر به دین بي أبي أیرانیش واز له ملیتی خوی بینی و داخلی حکومتی عراق ببی. أسف أکم موضوعەکه مەگوره.

جعفر پاشا:

قیاس مع الفارق کردن زور بی منطقیه، أیرانیەکان دو هزار سال زیاتره که تأسیسي کردوه.

مرزا توفیق: اگر لەبر دین لازمه أیمه تابعی أیوه بین له همو عالم معلومه که کورد

*زور ديندارە بناء عليه لازمە عرب لەژير أدارەی أيمدا بي.*

*رمزی أفندی:*

*يەک قسمم هيە، خلافتی عباسيە لە أواخری سلطنتی دا دستی کرد بە أستخدام کردنی مأمورينی تورک، فورس و کورد أمە بو بە سببی أضمحلاليان حەز أکم حکومتی عراق أم تجربەيە تکرار نەکاتەوەو مأمورينی کورد لەناو خويانا أستخدام نکات چونکە أبي بە سببی أنحطاطی وکذا أستخدامی مأموری عربيش لە کوردستانا أبي بە سببي محو بونەوی کوردەکان.*

*رئيس الوزراء: تشکری توصيەو نصيحتت أکم کە لەپيش وقوعيدا أخبارتان کردين».*

رۆژنامەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ:

*لەپاش أوە کە رئيس الوزرابينی مذاکرەکردن لم موضوعەوە سوديک نابخشي و ملت يک آواز بو مطالباتی خوی أصرارو يکتری تأييد أکاتەوە لزوم نەبينرا بە تمديدی مذاکرە و أجتماعەکە بطال بوەوە.*

رۆژنامەکە لەسەر دەڕواو دەڵێ:

*«لە ناوەڕاستی أجتماعدا سالار مصطفی بگ جعفر سلطان هلساو بە ناوی سادات، علما، مشايخ و بە ناوی أو عشايرەی حدود کە داخلی عراقن تأييدی مطاليبی کوردانی کرد بۆ تشکيلی حکومتيکی کورديەو لەعينی موضوعەوە مظبطەيەکی أمضاکراوی تقديمی مندوب کرد.*

*لە آخری أجتماعەکەيشەوە لە طرف فتاح آغای حمە رضای رئيسی هموندەوە کە لە کرکوک ساکنە لەعينی مآل مظبطەيەکی تری تقديمی مندوبی سامی کرد. و عشايری جاف کە أيستا تابعی کرکوکن لەم أجتماعەدا لە طرف جناب کريم بەگی فتاح بەگەوە تمثيل کرابون مظبطەی خوی دا».*

ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (٧٩و ٨٠)ی بەرگی سێهەمی (چيم دی)دا(٣) نامەو تلگرافی رۆژی ١٩٣٠/٨/٩ کە لە دهۆکەوە نێرراوە بۆ عصبە الامم و مندوبی سامی (بلاوکردۆتەوە) دەڵێ:

بۆ : عصبه الامم : به پوستەدا

بۆ : دار الاعتماد (مندوبی سامی) له بغداد

بۆ رئیس الوزرای عرب:

ئەم نامەو تلگرافانه به ناوی: شیخ رقیبی سورچی، شیخ غیاث الدین شیخ نوری بریفکانی، حماغا براش، أدیب أفندی رئیس بلدیەی عمادیه، شیخ شهاب (زیبار)، ترخان حاجی رشید بگ (بروارى)، ئەلی ئیمه که عشایری سندی و گولی و بروارى و دوسکی و همو أقضیەی شمالی توکیلیان کردوین که به ناوی کوردی أم ناوەوه أم بیاننامه عرض أنظاری عالم بکین و داوای حقوقی کورد بکین. فکری أیمه فکری سلیمانیەو مخالفتیک له بینا نیەو موافق قراری عصبه الامم وکو لوای سلیمانی طلبی تشکیلی حکومتیکی مستقلەی کورد اکین».

لەو راپۆرتەی که حکومتی بریتانیا له سالی ۱۹۳۱دا ناردبووی بۆ عصبه الامم دەربارەی ئەو رۆژانه دەلی(٥٤):

«له ئەنجامی مۆرکردنی پەیمانی عراق و بریتانیادا له سالی ۱۹۳۰دا کوردەکان لەوە دەترسان ئەگەر ئینگلیز عراق بەجێ بێلێت ئەو مافانەی که دەسگیری کورد بووبوو لەکیسیان دەچێت.

له شباطی ۱۹۳۰دا نائبێکی کورد پرسیاری ئەوەی کرد که ئایا ئەو پەیمانەی لەنێوانی بریتانیاو عراقدا مۆرکراوە باسی پاراستنی مافی کوردی کردووه، که ئەمە وەکو پرسیارێک لەناو مێشکی زۆر کوردا هەبوو، کورد بەرامبەر بەوە داوای (گەرەنتی)یان دەکرد.

بەلام لەبەر ئەوەی ئەو پەیمانه لەلایەن حکومتی عراقی سەربەخۆوە مۆرکرابوو، بۆیه پێویستی بەوە نەبوو که باسی کارو باری ناوخۆ بکا له پەیمانێکی وادا.

ئەگەر کوردەکان ترسی ئەوەیان هەبووبێت بۆ دلنیایی کردنیان وا بەباش زانرا که حکومتی عراق خۆی لەو رووەوە دەسپێشکەری بکاو جۆره ئیدارەیەک بۆ کوردستان ساز بکا. ئەو کێشەیە لەبەینی مندوبی سامی و ملک فیصلدا باس کراو لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەک وەزیران و موستەشارەکان بەشداریيان کردو پرۆگرامێک

دەسنیشان کرا بۆ دڵنیایی کردنی کورد لەناو چوارچێوەی عراقداو یەکەم هەنگاو ئەوە بوو کە یاسایەک دەربچێت دەربارەی زمانی کوردی و ئەوە کرا بە کلیلی ئەو پرۆگرامە.

دەرچوونی ئەو یاسایە شتێکی ئاسان نەبوو چونکە دەبوایە پەرژەوەندیی هەموو لایەک بخرایەتە بەرچاو. ئەو یاسایە لە آبی/ ۱۹۳۰دا ئامادە کرا وە لە دیسەمبەری ۱۹۳۰دا خرایە بەردەمی پارلمان بەلاّم لە کۆتایی ئەو ساڵەدا تەواو نەبوو (یەعنی کە شەڕی ایلولی ۱۹۳۰ روویدا ئەو یاسایە هێشتا دەرنەچووبوو)، هەروەها دەزگایەک دامەزرێنرا بۆ قوتابخانە کوردییەکانی هەولێرو کرکوک و سلێمانی کە ئەو ناوچانە بەپێی ئەوە لەلایەن مفتشێکی معارفی کوردەوە تەماشا دەکرا (بۆ ئەو مەبستە یەکەم جار سید نوری برزنجی کرابوو بە مفتشی معارف).

ئەو پەیمانەی عراق و بریتانیا لە ساڵی ۱۹۳۰دا مەترسیی خستە دڵی کوردەکانەوەو بە نامەو تلگراف شکاتیان بردە لای عصبە الامم کە ئەو پەیمانە مافی کوردی تیادا پشت گوێ خراوەو ئەو راسپاردانەی عصبە الامم دەربارەی کورد دەری کردبوو بەجێ نەهێنراوە کە لەوە دەچێ کوردەکان ئەو راسپاردانەی عصبە الامیان بە شێوەیەکی هەڵە لێک دابووبێتەوەو ئەوە بوو بە هۆی جم و جوڵ لەناو کوردەکانا کە بەلای هەندێ لە عەرەبەکانەوە وابوو کە ئەو جم و جوڵە بە هاندانی ئینگلیز بووە بۆ ئەوەی عراق نەکرێ بە ئەندامی عصبە الامم.

بۆ ئەوەی تەمی ئەو ترسە لای کورد بڕەوێتەوە بڕیار درا وکیلی مندوبی سامی و وەکیلی سەرەک وەزیرانی عراق هەردووکیان بچنە کرکوک و هولێرو سلێمانی و هەردووکیان چوونە ئەو شارانەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەیان بینی (لە راپۆرتەکەدا بە کورتی باسی قسەکانی مندوبی سامی و وکیلی سەرەک وەزیرانی کردووەو، لەبەر ئەوەی لەپێشتردا لە باسی رۆژنامەی ژیاندا ئەو گفت و گۆیانەمان بە دوورو درێژی باس کرد بۆیە لێرەدا پێویست ناکا ئەوەی راپۆرتەکە باس بکەینەوە کە هەردووکیان هەر لە یەک دەچن).

لەدوای کورتەی قسەکانی سەرەک وەزیران و مندوبی سامی، دۆکیومەنتەکە دەڵێ:

*بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان موسوەدەی یاسای ناوچەیی ئامادە کراوەو بەم زوانە دەدرێ بە پارلمان وە بۆ دڵنیاکردنی کوردەکان، ناوەڕۆکی ئەو یاسایە نێرراوە بۆ زعیمە کوردەکان لە هەولێرو کرکوک و سلێمانی هەندێ دڵنیایی کردنی تریش باس کرا کە بریتییە لە دانانی کوردێک بۆ معاونی مدیری گشتیی ناوخۆو بۆ دانانی دەزگایەکی تایبەتی دەربارەی چاپەمەنیی کوردی و دانانی مفتشێکی معارفی کورد».*

راپۆرتەکە دەڵێ:

*«دەربارەی ئەو راسپاردانەی عصبە، زۆربەی فەرمانبەران لە ناوچە کوردییەکانا ئێستە کوردن بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کوردیش نابێ لە شوێنی تری عراقدا فەرمانیان بدرێتێ کە ئەمە زیان دەگەیەنێت بە هەموو لایەک».*

لە دۆکیومەنتەکەدا شتێکی بە ئیمزای جعفر عسکریی بڵاوکردۆتەوە (کە ئەمە کورتەیەتی) دەڵێ:

*«پێکهێنانی ئیدارەیەکی جیاواز دەبێتە هۆی پەیدابوونی سەریەشە لەگەڵ حکومەتی تورک و ئێرانی دراوسێداو ئومێدەوارم وەرامی عصبە بەوە بدرێتەوە کە راسپاردەکانی بەجێ هێنراون و بەرپەرچی ئەو گلەیی و شکاتانەی کراون بدرێتەوە کە بە هەڵەدا چوون لەوەدا کە لایان وایە عصبە الامم بڕیاری دانانی حکومەتێکی کوردیی داوە. ئەگەر ئێمە سیاسەتێکی بەهێزو پتەو بەکار نەهێنین تووشی گەلێک نائارامی و سەریەشە دەبین و هەتا ناوی عصبە الامم و پێشنیازەکانی عصبە الامم باس بکرێ و ماوە بدرێ بە هەڵە لێک بدرێنەوە ئەوا حکومت لە ووزەو توانایدا نابێ بە سەربەستی نیازو مەبستەکانی خۆی بباتە سەر».*

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا تاقە کەسێکە کە بەرامبەر بە هۆی رووداني شۆڕشەکەی شەشی ایلول گومانی خستۆتە بەر هەندێک لەو مەبستانەی کە بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنی ئەو شەڕەو ئەو کوشتارەو دەڵێ(٢١):

*«شۆڕشی ایلولی ١٩٣٠ بە هۆی لیژنەیەکی (١١) کەسییەوە دەستی پێ کرد بە سەرۆکایەتیی عزمی بەگی بابان و توفیق وەهبی بەڵام توفیق وەهبی بەرلەوەی*

*هەراکە بقەومێ لە متصرفییەتی سلێمانی لابراو دوورخرایەوە بە بیانووی ئەوەی لە سنووری کارو باری خۆی لایدابوو (لەڕاستیدا وەکو ئەوەی کە شێخ ڕوءف باسی کردووە کە لیژنەیەکی (١١) کەسی سەرپەرشتی ڕاپەڕینی شۆڕشی کردووە هیچ سەرچاوەیەک باسی نەکردووە کە ناوەکانیان کێ بوون، بەڵام ئەو ناوانەی کە لە یاداشتەکەی ئەحمەد خواجادا ناویان هاتووەو لەو تلگرافەی کە لە ژمارە (٢٥٩)ی ڕۆژنامەی (ژیان)ی ٤/٩/ ١٩٣٠دا ناویان هاتووە ناوەکانیان لەیەک دەچێت تەنها لە یەکەمیانا ناوی شێخ محمدی گولانی هاتووەو لەوی دووهەمیانا ناوی نییەو لەوی دووهەمدا ناوی مجید ئەفەندی حاجی رسول ئاغا هاتووەو لەوی یەکەمیانا ناوی نییە)».*

شێخ ڕوءف دەڵێ:

*«ئەوانەی ئەو شۆڕشەیان ڕێک خست دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگاندە دژی شێخ مەحموودو بە خەڵکیان دەوت: ئەم جارە شێخ مەحموود لە ئارادا نییەو دەستیان کردەوە بە لێدانی قەوانە کۆنەکەیان کە دەیان ووت: ئەگەر شێخ مەحموود نەبوایە کورد سەربەخۆیی دەسگیر دەبوو».*

شێخ ڕوءف لە یاداشتەکانیا وا پیشان دەدا کە ئەو ڕاپەڕینە لەجێی خۆیدا نەبووەو هی وا هەبووە بە مەبستێکی پاک بەشداریی نەکردووەو ئەو ڕاپەڕینە لە سنوورێکی تەسکدا بووەو هەر لەناو شاری سلێمانیدا بووەو نەخشەیەکی وای بۆ نەکێشرابوو کە هەوڵ بدرێ شوێنەکانی تریش بگرێتەوەو لە هەموو لایەکەوە ڕاپەڕین دەست پێ بکا.

شێخ ڕوءف دەڵێ:

*«من خۆم یەکێک بووم لەو ساویلکانەی کە بەشداریم کرد لەو خۆپیشاندانەی بەر دەرگای سەراو لەوە دەچوو ئەو ڕاپەڕینە تەنها بۆ مەبستێکی کاتی و تایبەتی بووبێ چونکە ئەو لیژنەیە لایان وابووە سەرکەوتنیان موسۆگەر بووە بۆیە نەیان هێشتووە شێخ مەحموود ئاگاداربێ و لە ٦/ایلولدا خۆپیشاندانێک کراو خەڵک لەگەڵ پۆلیسدا بەرەنگاری یەک بوونەوەو لەسەر داخوازیی مفتشی ئیداری کە وەکیلی متصرف بوو (ئینگلیز بووە) هێزی سوپا هێنراو دەست کرا بە ئاگربارانی ئەو خەڵکە بێ چەکەو*

*نزیکی (٣٤) کـەس کـوژراو (١٠٠) کـەس بریندار بوون و لەدواییـدا هەندێ لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە گیران و نێران بۆ کرکوک بۆ مـحاکـمـەیان. لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانیدا حزبێک هەبوو کە بڕیار وابوو ئەندامەکانی بدەنە شاخ کە تاقمی یەکەمیان مەحموود جودت و حامد جودت و کاملی حسن ئەفـەندی بوون کە لەڕاستیدا ئەمانە چوونە شـاخ و ئەوانی تر کـە پەیمانیـان دابوو بەشـداریی شـۆڕشی چەکـداری بکەن هەموویان پاشگەز بوونەوە».*

دەربارەی ئەو سێ کسەی کە شێخ روءف باسی کردوون، وەزارەتی بەرگریی عراق (دفـاع) بە نامـەی ژمـارە (٦٠٠٢)ی رۆژی ١٩٣٠/٩/١١ کە ئاراسـتـەی وەزارەتی ناوخۆی کردووە کـە ئاگـاداری دەکا ئەو سێ ئەفسەرە ئیش و شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووە.

بەلای منەوە کە شێخ روءف لەو یاداشتـەیدا سەرنجی خۆی دەربارەی شەشی ایلولی ١٩٣٠ بەو جۆرە دەربڕیوە، هیچ دوور نییە کە وەکو ئەو گومانی هەبووە لە ئامانج و مـەبەستی هەندێک لەوانەی کە بەشداریی ئەو بزووتنەوەیەیان کردووە کـە ووتوویەتی ئەو ڕاپەڕینە بۆ مەبەستێکی کاتی و تایبەتی بووە، لام وایە ئەگـەرچی دانیشی پیادا نەناوە بـەلام بەلای ئەوەوە وابووە کـە لـەو رۆژانەدا پەیمانی عـراق و بریتـانیـا تـەنهـا لەلایەن مـجلسـی وزرای عـراقـەوە مۆر کراوەو دەبوایە ئەو مۆرکردنە مـجلسی نوابی عـراقـیش دانی پیـا بنێ و مـۆر بکرێ ئەوسا دەبێ بە پەیمانێکی رەسـمی لەنێوانی عراق و بریتـانیـادا، ئینگلیز بۆ ئەوەی فـشـار بخاتە سـەر ئەو مـجلسی نـوابەی کـە هەڵدەبژێررا بـۆ ئەوەی بەرهەڵسـتـیی ئەو پەیمانە نەکـاو بەدەست و بردی مـۆری بکا چەند کـەسێکی راسـپـاردبێت کـە بەو کارە هەڵسن کـە جگە لە شـێخ روءف هەندی کەسی ئەو سەردەمەش هەر وای بۆچوون.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هی واش هەبووبێ بۆ ئەو مـەبەستە بەشداریی کردبێت هی واش هەبووە هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێوە ناوەو خۆی بە تـاوانبار زانیـوە ئەگـەر بێدەنـگ بوایە لەوەی کـە ئەو پەیمانە بە هیچ جـۆرێک باسی مـافی کـوردی تیـادا نەکراوەو بەپێچەوانەی راسپاردەی عـصبـە الامم کە ووتوویەتی ئەگـەر عـراق لەژێر

وصایەی بریتانیادا نەما دەبێ جۆرە گەرەنتییەک هەبێ کە عراق وا لێ بکا بەڵێنی ئەوە بدا لەو مافەی کە بۆ کورد دەسنیشان کرابوو پاشگەز نەبێتەوە لێی. جگە لەوە ئەگەر ئینگلیز لەڕاستیدا مەبەستی بوایە کە لەرێگەی کوردەوە فشار بخاتە سەر مجلسی نواب و حکومەتی عراق، ئینگلیز زۆر رێگای تری هەبووە کە بیگرێتە بەر کە زۆر کاریگەرتر دەبوو لەوەی هەرای بەردەرکی سەرا، بۆ نموونە ئەگەر ئینگلیز بیویستایە زۆر پیاوی خۆی هەبوو وەکو بابکری سلیم ئاغای پژدەرو زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانی سەر بە ئینگلیز کە هان بدرانایە بزووتنەوەیەکی زۆر لەوە بەهێزتر بکەن ئەگەرچی دووریش نەبووە ئینگلیز لەو رۆژانەدا نەیویستبێ قەوارەو کێشی ئەو دەربڕینی بێزارییە لەوەی بەردەرگای سەرای سلێمانی تێپەڕ بکا نەوەکو جڵەوی بزووتنەوەو راپەڕینەکە لەدەستی خۆشی دەربچێ و بەئاسانی بۆی دانەمرکێتەوە.

دوکتۆر عزیز شەمزینی لە لاپەڕە (١١٦)ی کتێبەکەیدا دەربارەی رووداوەکانی شەشی ایلول دەڵێ(١٤):

*«رۆژنامەگەریتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بڵاوکراوەکانیا لە رۆژی ١٩٣١/١١/١دا (جلال تالەبانیش لە لاپەڕە (١١٢)ی کتێبەکەیدا(١٧) باسی هەمان سەرچاوەی کردووە) دەربارەی ئەو رۆژانە ووتوویەتی:*

*«دەوڵەتی عراق و دەوڵەتی ئیمپریالیزمی بریتانیا کە ئەو کوشتارە خوێناوییەیان بەرپاکرد، لە بۆچوون و هەڵسەنگاندنیانا زۆر بە هەڵەدا چووبوون، چونکە تەقەکردن لە خەڵکی خۆپیشاندەر نەک هەر نەیتوانی کورد بێدەنگ بکاو خامۆشی بکا بەڵکو بەپێچەوانەوە نەوتی کرد بەسەر بڵێسەی ئاگردا کە زۆرتر کڵپەی سەندو ئەنجامەکەشی بوو بە هۆی ئەوەی فشارێکی زۆرترو رەفتارو داپڵۆسینی عەرەب بەرامبەر بە کورد زۆرتر پەرە پێ بسێنێت.*

*ئینگلیز بۆی دەرکەوتبوو کە عراق لەتوانایدا نەبوو ئەو بزووتنەوەیەی کورد پووچەڵ بکاتەوە، بۆیە دووبارە فڕۆکەکانی خۆی خستە کارو بە بۆمبای فڕۆکە وەڵامی کوردی دایەوە.*

*رۆژنامەکانی ئەو رۆژانەی بغداد تووشی هستریا بووبوون بەرامبەر بەو راپەڕینەی*

کوردو دەیان نووسی: کورد وەکو دووپشک وایە پێویستە بە پاژنەی پێی عەرەب پان بکرێتەوە».

دوکتۆر شمزینی لە شوێنێکی تری کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو رووداو و راپەڕینە دەڵێ:

«بەرلە روودانی شەشی ایلول، لە ١٩٣٠/٨/٤دا باڵیوزخانەی بریتانیا یاداشتێکی بە شێوەیەکی نهێنیی دابوو بە حکومەتی عراق دەڵێ:

«ئێوە زۆر باش ئاگادارن کە بە هۆی هەوڵ و پیلانی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بریتانیاوە بوو کە کۆمەڵی گەلان (عصبە الامم) وای کرد کە داوای کورد بۆ حوکمێکی ئۆتۆنۆمیی پووچەڵ بکرێتەوە».

هەروەها دوکتۆر شمزینی دەڵێ:

«یەکێک لەو یاداشتانەی کە لەو رۆژانەدا درابوو بە عصبە الامم دەڵێ:

کارەساتەکەی سلێمانی لە ئەستۆی کاربەدەستانی عەرەبدایە، ئەفسەران و سەربازان، بە ئەنقەست تەقەیان لە منداڵان و لاوان و ئافرەتانی کورد کردبوو ژمارەیەکی زۆریان لێ خستن...

ئێمە کە نوێنەرانی کوردی عراقین، پێتان رادەگەیەنین کە لەوە زۆرتر بەرگەی ئەو هەڵوێستە ناگرین کە دەوڵەتی عراق سازی کردووە وە لەوە زیاتر ناتوانین دان بە خۆمانا بگرین و ناشتوانین رێگە لە راپەڕین و هەڵسانی میللەتەکەمان بگرین دژی تاقمی عەرەبەکان.

بەڵام عصبە الامم نەک هەر گوێی نەدایە هاواری کورد بەڵکو رەفتارو کرداری عراقیشی لەو رووەوە تاوانبار نەکرد».

جلال تالەبانی لە لاپەڕە (٢٢٤)ی کتێبەکەیدا دەربارەی شەشی ایلول دەڵێ:

«مندوبی سامیی بریتانی لە ١٩٣٠/٨/١١دا ووتبووی: هەندێ لای غیر مسئول (کە مەبەستی ئەو رۆژنامەو نووسەرە عەرەبە رەگەزپەرستانە بووە کە لەو رۆژەدا دژی کورد بوون)، لەلایان وایە سیاستی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا لەوەدا یەکەهانی کورد بداو هەستی نەتەوایەتییان ببزوێنێ و ئینگلیز لەوەدا لایەنگریانەو هەر

*مندوبی سامی خۆی وەرامی ئەوەی داوەتەوە کە ووتوویەتی: ئەو پڕۆپاگاندانە راست نییە چونکە ئەوە نەک هەر سەر لە حکومەتی عێراق تێک دەدا بەڵکو هەردوو دراوسێی خۆشەویستەکەشی کە ئێران و تورکیان لەوە بێزار دەبن و پێیان خۆش نابێت»..*

جلال تالەبانی لە لاپەڕە (۲۱۳)ی کتێبەکەیدا(۱۷) دەڵێ:

*«عزیز شریف لە کتێبەکەیدا (المسألە الكرديە)، لەو رووەوە ووتوویەتی:*

*دوای ئەوەی ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت کوردەکان ئەوە نین کە ئینگلیزەکان بەتەمای بوون، بۆیە لە کاربەدەستانی عراقیان باشتر چنگ نەدەکەوت کە بیانکا بە پۆلیس و عراقیان بۆ بپارێزێت.*

*بە پێشپاردنی ئەو کارە بە عراق ئینگلیزەکان هەرچی مصاریفی سەرپانکردنەوەی کورد هەبوو خستیانە سەر شانی جەماوەری عراق و ئینگلیز خۆی لەوە رزگار کرد کە هیچ ئەرکێک بخاتە سەر شانی خۆی و بەوە حکومەتی ئێرانیشی دڵنیا کردووە».*

سەرچاوەکان زۆریان باسی کوشتاری ئەو رۆژەیان کردووە، کە لەڕاستیدا خۆپیشاندەرەکانی کورد لەو رۆژانەدا هیچیان چەک هەڵگر نەبوون و لە بەردو دار بەولاوە بەکار نەهێنراوەو بەرامبەرەکەیان جگە لە پۆلیس هێزی سوپای عراقیشیان بەکارهێناوەو ژمارەیەکی زۆر کوژراون. ئەو راپۆرتەی کە حکومەتی بریتانیا لە ساڵی ۱۹۳۱دا ناردوویەتی بۆ عصبە الامم دەربارەی روو بە رووبوونەوەو کوشتارەکان دەڵێ(٥٤):

*«لە شەشی ایلولدا پیاوە ناودارو ناسراوەکان بانگ کران بۆ سەرای حکومت بۆ دانانی لیژنەیەکی سەرپەرشتیکەر (هیئتی تفتیشی) بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردن بکا بەپێی یاسا، لەو کاتەدا کە خەریکی هەڵبژاردن بوون خەڵک لە دەرەوەی سەرا کۆبوونەوەو وورده وورده ژمارەیان زۆر بوو و وای لێ هات لە دەسەڵاتی پۆلیس دەرچوو، خەڵکەکە دەستیان کرد بە بەرد هاویشتن و (۱٥۳) پنجەرەی سەرای سلێمانی شکێنراو پەلاماری پۆلیس درا لەگەڵ پەلاماردانی حەپسخانە کە لەناو سەرادا بوو، پۆلیسخانە کەوتە مەترسییەوە لە ئەنجامی ئەوەدا*

*داوای وەکیلی آمر حامیە کراو کە ئەو هێزەی هات دیسان نەیتوانی دەست بەسەر هەڵوێستدا بگرێ لەبەر ئەوە فەرمان دەرچوو کە بە تەقەو گوللە خەڵک بلاّوە پێ بکرێ کە لە ئەنجامدا ئەمانە ڕوویدا:*

*١. پۆلیس بریندار کرا*

*١ سەربازی عراقی کوژراو (٣) بریندار کرا*

*١٤ کەس لە ئاژاوەچییەکان کوژران و (٢٣) کەس بریندار بوون*

*٩٨ کەس گیران کە پەیوەندییان بەو هەرایەوە هەبوو، لەوانە (٩٥)یان دوای تەحقیقات بەرەڵلاّ کران و ئەوانەی مابوون (٢) کەسیان دران بە محکمە».*

ڕاپۆرتەکە ناوی کەسی نەهێناوە لە کوژراوەکان و لەوانەی کە گیرابوون و درابوون بە محکمە، بەلاّم ئەوانەی کە دیاری بوون و گیرابوون وەکو لەپێشتریشدا لە تلگراف و نامەکاندا ناویان هاتووە ئەمانە بوون:

١ـ شێخ قادری حفید ٢ـ عەزمی بەگی بابان ٣ـ حماغای عبد الرحمن ئاغا ٤ـ مرزا توفیق قزاز ٥ـ رمزی فتاح ٦ـ عزەت بەگی وەسمان پاشا ٧ـ حمە صالح بەگی حمە علی بەگ ٨ـ فایق بەگی مارف بەگ ٩ـ فایەق بەگی بابان ١٠ـ شێخ محمد گولانی ١١ـ مجید ئەفەندی کانێسکان.

وە بێگومان فایەق بێکەسی شاعریش یەکێک بووە لە گیراوەکان کە لەو ڕۆژانەدا شعرێکی لە بەندیخانەدا ووتووە:

*ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە*

*وەختی بەندیی و ئەسارەت پێ بە تەوق کۆتەوە*

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەڵێ ژمارەی کوژراوەکان ٣٤ کەس و ژمارەی بریندارەکان نزیکی (١٠٠) کەس بوون.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەڵێ: لەو شەڕەدا (١٤) کوژراو و (٢٣) بریندار هەبوو و لە خەڵکی سلێمانی (١١) کەس کوژرابوو.

وەکو عبد الرزاق الحسنیش لە کتێبی تأریخ الوزارات العراقیەدا باسی کردووە دەڵێ (٦٤):

*«دوای ئەوەی لە سلێمانیدا بەرەنگاری حکومت بوونەوە لەو هەڵبژاردنەی شەشی ئیلولدا چەند کەسێک کوژران و بریندار بوون و دەڵێ:*

*رۆژنامەی (الزمان) لە ژمارە (٢٨٦)ی رۆژی ٣٠/١٠/١٩٣٠دا لەو رووەوە ووتوویەتی:*

*٩ پۆلیس بە بەردو بە دار بریندار بوون و پۆلیسێکیش بە خەنجەر بریندار کرا*

*١٥٣ پەنجەرەی سەرای سلێمانی شکێنرا*

*٣ سەرباز کوژراو سەربازێک بریندار بوو*

*١٣ کەسی دانیشتوانی سلێمانی کوژران و (٢٣)یان بریندار بوون*

*ئەوانەش کە گیران وەکو رۆژنامەکە باسی کردووە ئەمانە بوون:*

*١. شێخ قادری برای شێخ مەحموود ٢. مرزا توفیق قزاز ٣. رمزی ئەفەندی فتاح ٤. حماغا عبد الرحمن ئاغا ٥. عزمی بگ بابان ٦. عزت بگی عوسمان پاشا ٧. عبد الرحمن ئاغا ئەحمەد پاشا ٨. محمد صالح بەگ ٩. مجید ئەفەندی کانیسکان ١٠. فایق بەگ بابان ١١. شێخ محمد گولانی*

*بێجگە لەوانە ژمارەی گیراوەکان نزیکی (١٠٠) کەس دەبوون».*

بەڵام رۆژنامەی (التآخی) ژمارە (١٢٨)ی رۆژی ٦/ایلولی/١٩٧١ کە لە بغداد دەرچووە نووسیویەتی کە: (٤٥) کەس کوژرابوون و (٢٠٠) کەس بریندار بوون و لە ئەنجامی ئەوەدا خەڵک تلگرافیان ناردبوو بۆ عصبە الامم و لەوانەی گیرابوون (٩٥)یان بەردران و دوانیان دران بە دادگاو یەکێک لە سلێمانی دوورخرایەوە و ئینتخابات دواخراو بۆ نوێنەری تازە هەڵبژاردن لە ١/تشرینی دووهەمی ١٩٣٠دا دووبارە دەس کرایەوە بە هەڵبژاردن.

پیرەمێردی شاعر لە شیعرێکیدا شین و زاریی خۆی بەرامبەر بەو کوشتارەی شەشی ئیلول بەم جۆرە دەربڕیوە:

*من لاوی وام دی کە شەشی ایلول — بەر دەرکی سەرای کرد بە گەردەلوول*

*مەترەلیۆزی بە خەنجەر شکان — ئازایەتییەکی شێرانەی نوان*

*ئەو کەسەی خۆیان بۆ دا بە مردن — ئەو بە دەستی خۆی کەلەپچەی کردن*

*شینم بە شعرێک ئەوت ئەوسایە          ئێستاش گریانم وا لە قوڕگایە*

بێگومان وەکو هەمو دەرو زەمانێک، هەمیشە هەلپەرست و خۆفرۆش هەن کە ئامادەبن ویژدانی خۆیان بفرۆشن... لەو رۆژانەدا کە کورد لێی کوژرابوو و برینداربوو مافی پێشێل کرابوو، کاربەدەستانی عراق و مفتشی ئیداریی بریتانی لە سلێمانی کە وەکیلی متصرفی سلێمانی بوو (وەفدێک)یان بەزۆرەملی پێکەوە ناو ناردیان بۆ بغداد بە ناوی سلێمانییەوە کە لایەنگریی خۆیان دەربرن بۆ حکومتی عراق و بۆ عەرشی عراق.

پیرەمێرد بەم شعرە بەرزەی مۆرێکی ناوە بە ناوچەوانی ئەندامانی ئەو وەفدەدا کە پێی ووتوون:

*وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان          هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان*
*چەپکێ لە گوڵەکەی باخەکەی سەرا          کە بە خوێناوی لاوان ئاو درا*
*بی بەنە خزمەت عرشی عراقی          بڵێن: یار باقی و هەم سوحبەت باقی*
*پەردەو تارای سوور بەرن بۆ ئەمیر          بڵێن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر*
*دەک خەجاڵەت بن لە رووی مەحشەرا          ئێمە خاکی غەم ئەکەین بەسەرا*
*ئێوەش ئەو عەرشی بە خوێن گوڵڕەنگە          سوجدەی بۆ ئەبەن هیچ ناڵێن نە نگە*
*کورد نەمردوە خەیاڵتان خاوە          بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە*
*من رەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ*
*مژدەی شەفەقی لێ دەس ئەکەوێ*

بەرلەوەی لە باسی شەشی ایلولەوە بچینە سەر باسی هەڵوێست و رووداوەکانی دوای شەشی ایلول و راپەڕینی شێخ مەحموودو شۆڕشەکانی کە کۆتاییەکەی (شەڕی ئاوباریک) بووە حەزم کرد باسی مەقالێکی توفیق وەهبی بخەمە بەرچاوی خوێندەواران کە لە ساڵی ١٩٣٢دا بلاوی کردبووەوە. بەرلەوەی توفیق وەهبی ئەو مقالەیە بلاو بکاتەوە، چ رۆژنامەی رەگەزپەرستەکانی بغدادو چ ئەو رۆژنامانەی تر کە لایەنگری ئەو رەگەزپەرستییە بوون پەیتا پەیتا لە رۆژنامەکانیانا دژی شۆڕشی

کوردو مافی کوردو نەتەوەی کورد شتیان دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە.

یوسف ملک نووسەری کتێبی (فواجع الانتداب) لەو رۆژانەدا لە رۆژنامەی (الاحرار)ی لبنانی رۆژی ١٦/٨/ ١٩٣٠ مەقالێکی بڵاوکردبووەوە دژی کوردو ووتبووی کە ئینگلیزەکان بووبوون بە هۆ و هاندەری ناوهێنانی (کەمە نەتەوایەتییەکان)و ئینگلیزەکان بوون کە کوردیان هان دەدا کە دەنگیان بگەیەنن بە عصبە الامم لەو رووەوە...

بەرلەوەی ئەو وەرامەی توفیق وەهبی بلاو بکەمەوە بۆ ئەو نووسینەی یوسف ملک، حەز دەکەم ئەوە بخەمە بەرچاو کە بەپێچەوانەوە، ئەوەی کە دژی داخوازیی کورد راوەستابوو ئینگلیزەکان بوون هەر وەکو لەو هەموو دۆکیومەنت و سەرچاوانەی کە لەپێشتردا لێیان دواین و راپۆرتەکەی حکومەتی بریتانیا کە بۆ عصبە الامی ناردبوو(٥٤) خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو درۆو دەلەسانەو ئەگەر سیاست و فرو فێڵی ئینگلیزو فرۆکەی ئینگلیز نەبوایە قەت کورد ئەم دەردەی بەسەردا نەدەهات.

توفیق وەهبی کە لە ساڵی ١٩٣١دا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دوورخرابووەوە بۆ لبنان وەکو جارێک لە لندن لە خۆیم پرسی هۆی گرتنی و دوورخستنەوەی خۆی بۆ باس کردم بۆ لبنان ووتی: لەدوای لابردنم لە متصرفییەتی سلێمانی، لەو رۆژانەدا هەستی کوردایەتی وای لێ کردم کە خۆم بە تاوانبار بزانم ئەگەر یاداشتێک نەنێرم بۆ عصبە الامم کە بیریان بخەمەوە کورد میللەتێکی خاوەن مافەو ئێوەش بڕیارێکتان دەرکردووە دەربارەی دەسنیشانکردنی ئەو مافەی کورد، بەڵام هیچی نەهاتۆتە دی و حکومەتی عراق لەسەر ئەو یاداشتەی کە دابووم بە عصبە الامم گرتمیان و ماوەیەک دووریان خستمەوە بۆ لبنان و لەو رۆژانەدا کە لە لبنان بووم هەندێ رۆژنامەی عەرەب دژی کورد دەیان نووسی و درۆو دەلەسەیان بەرامبەر بە کورد بڵاو دەکردەوەو دەیان ووت هەستی نەتەوایەتیی کورد بە هۆی ئینگلیزەکانەوە لە ساڵی ١٩٣٠دا هاتۆتە کایەوەو ئینگلیز وویستوویەتی لەرێی ئەوەوە کێشە بۆ عراق پەیدا ببێ و داخڵی عصبە الامم نەکرێ، منیش بۆ وەرامی نووسینێکی یوسف ملک کە لە رۆژنامەی

(الاحرار)دا بلاْوی کردبووەوە وەرامێکی دوورو درێژم دایەوەو ناردم بۆ رۆژنامەی (الراصد)ی بیروتی بەلاّم رۆژنامەکە بەداخەوە کورتەیەکی ئەو وەرامەی منی لە ژمارە (٣٧٦٦)ی رۆژی ١٩٣٢/٨/٢٤دا بلاْوکردەوە کە توفیق وەهبی خۆی دانەیەکی لەو رۆژنامەیەی لامابوو (ئەحمەد خواجاش لە بەرگی سێهەمی یاداشتەکانیا بە عەرەبی هەر وەکو چوون رۆژنامەکە بلاْو کردۆتەوە بەو جۆرە نووسیویەتی). رۆژنامەکە عنوانی مقالەکەی بەم جۆرە دەست پیێ کردووە:

*بیان من زعیم الاکراد الکولونیل توفیق وهبی بگ نزیل بیروت ـ الی الراصد*

*القضیة الکردیة في عصبة الامم*

ترجمەی کورتەی نووسراوە عەرەبییەکەی توفیق وەهبی لە رۆژنامەی راصدا ئەمەیە:

*«خوێندەواران دەزانن کە کولونیل توفیق وەهبیی زعیمی کورد ئیمرۆ نیشتەجێی بیروتە و ئەم بەیانەی بۆ ناردووین... ئێمەش بەپێی یاسای ئازادیی بلاْوکردنەوە مقالەکەی بلاْو دەکەینەوە:.*

*لە رۆژنامەی الاحراری رۆژی ١٩٣٢/٨/١٦دا باسێکم خوێندەوە بە پێنووسی (یوسف ملک) دانەری کتێبی (فواجع الانتداب)و دەڵێ ئینگلیزەکان بوون بە هۆی ئەوەی کە دەرگای باسی کەمە نەتەوییەکانی لە ساڵی ١٩٣٠دا کردەوەو هانی داون کە مراجعەت بە عصبە الامم بکەن. بۆ وەرامی ئەوە:*

*١ـ کورد لە عێراقدا بە هیچ جۆرێک کەمایەتی نەبووەو نییەو قەت دانیش بەوەدا نانێن، لە کوردستاندا بەرلەوەی حکومەتی عراق دروست ببێت، بڕیاری ئەوە درابوو کە میللەتی کورد ئۆتۆنۆمیی بدرێتیّ و حکومەتی عراق و بریتانیا لە ساڵی ١٩٢٢دا بەیانێکی دووقۆڵییان لەو رووەوە دەرکردبوو کە حکومەتێکی کوردی دروست ببێت لە چوارچێوەی سنووری عراقدا وە بەپێی ئەو بەیانە رێگە درابوو بە کورد کە خۆی شێوەو چۆنیەتیی ئەو حکومەتە دەسنیشان بکا.*

*٢ـ هیچ پەیوەندییەک نییە لەنێوانی مراجعت کردن بە عصبە الامم و ئەقلیاتدا کە ئەو نووسەرە لە رۆژنامەکەدا باسی کردووە چونکە:*

أ. لە ساڵی ١٩١٩دا ناکۆکییەک پەیدابوو لەنێوانی کوردی خاوەن حوکمی زاتی لەگەڵ ئینگلترەو عراقدا کە ئەو ناکوکییە درێژەی کێشاو بوو بە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە کە حکومتی بریتانیا هێزێکی گەورەی بە کێش کردو ناردییە سەر کوردەکان.

ب ـ لە ساڵی ١٩٢٢دا کە حکومتی عراق دروست بوو (لەڕاستیدا حکومتی عراق لە ساڵی ١٩٢١دا دروست بوو نەک لە ساڵی ١٩٢٢دا کە بەرلەوەی فیصل بکرێ بە ملکی عراق لە ١٩٢١/٨/٢٣دا حکومتی کاتی دروست بووبوو بە سەرکردایەتیی عبد الرحمن النقیب وەکو لە باسی دروستبوونی حکومتی عراقدا لێی دواین)، کورد بەرامبەر بە ئینگلیز ڕاپەڕی و شۆڕشی کردو داوای مافی خۆی کردو لە ئەنجامی ئەوەدا ئینگلیزەکان و فەرمانبەرانیان لە ساڵی ١٩٢٢دا ناچار کران سلێمانی بەجێ بێڵن لەسەرەتای مانگی ایلولداو هەموو بە فڕۆکە گوێزرانەوەو کارو بار درایە دەست کورد.

ج ـ لە ساڵی ١٩٢٣دا جارێکی تر نێوانی کوردو ئینگلیز تێک چووەوە بە هۆی هەمان مەبەستەوە کە دەویسترا کورد ژێردەست بێت.

ئینگلیزەکان لەو شەڕەدا کە لەنێوانی کوردو ئینگلیزدا ڕوویدا کە هەتا ساڵی ١٩٢٧ درێژەی کێشاو هێزی ئاسمانیی خۆیان بەکارهێناو سەربازی ئینگلیزو هیندی و سوپای عراق بەکێش کرا بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕانی کورد.

د. لە ساڵی ١٩٣٠دا دووبارە دەنگی بێزاریی کورد بەرزبووەوەو دەنگی خۆی گەیاندە عصبە الامم چونکە ئەم جارەش بۆی دەرکەوت کە نە لەو پەیمانەی لەنێوانی عراق و بریتانیادا لەلایەن حکومتی عراقەوە مۆرکرابوو نە لەو تەقەلادانەی کە درابوو عراق ببێت بە ئەندامی عصبە الامم ناوی کورد نەهاتبوو لە هەردووکیانا باسی مافی کورد پشت گوێ خرابوو.

کورد بەرامبەر بەو هەڵوێستە خۆی نەگرت و دەنگی خۆی گەیاندە عصبە الامم بەڵام لەجیاتی ئەوەی سەیری داخوازییەکانی کورد بکرێت، وەزارەتەکانی عراق بەوپەڕی توندو تیژییەوە بەرەنگاری کورد بوونەوە کە ئەمە دووبارە بووەوە بە هۆی

ئەوەی شێخ مەحموود جارێکی تر ناچار ببێت لە ساڵی ١٩٣١دا بەرامبەر بە حکومت شۆڕش بکا.

ڤ. هەرکەسێک باسی شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی بخوێنێتەوە لە ساڵی ١٩٣٢/١٩٣١دا بۆی دەردەکەوێ کە چۆن ئینگلیزەکان روو بە رووی ئەو شۆڕشە بوونەوە بۆ ئەوەی لەناوی ببەن بەرلەوەی عراق ببێ بە ئەندامی عصبە الامم.

لەبەر ئەوە دەردەکەوێ کە کورد بۆ دەزگیربوونی مافی خۆی و پاراستنی وولاتی خۆی راپەڕیوەو شۆڕشی کردووەو پێویستی بە هاندانی ئینگلیز نەبووە. وا بزانم ئەمە کورتەی کیشەی کوردە لە عراقداو لام وایە کە ئەمە بەس بێ بۆ ئاشکراکردنی راستی لای خوێندەواران بەرامبەر بە کورد. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە لەکۆتاییدا بڵێم:

هیچ کەسێک، جگە لە کورد خۆی نەبێ، مافی ئەوەی نییە بە ناوی کوردەوە هیچ بڵێ و بکاو لەگەڵ ئەوەشدا کورد چاکەی ئەوانەی قەت لەبیر ناچێتەوە کە لایەنگریی کورد دەکەن و عطفیان دەبێ لەگەڵیا».

لەکۆتایی ئەم باسەی شۆڕشی ایلولدا شتێکی ترم هاتەوە بیر کە جارێک توفیق وەهبی لە لندن دەربارەی شۆڕشی ایلولی ١٩٣٠ بۆی گێڕامەوە کە دەڵێ:

«کاتی خۆی بەرلە شەشی ایلول کە کرام بە متصرفی سلێمانی، ئاگاداری ئەوە بووم کە خەڵکی سلێمانی ئێجگار نائارام و دڵتەنگ بوون بەوەی کە دەبیسترایەوە کە بەدەستەوەیە پەیمانێکی نوێ لەنێوانی عراق و بریتانیادا مۆر بکرێ و ئەو پەیمانە رێگەی بۆ ئەوە خۆش دەکرد کە عراق بە هۆی ئینگلیزەکانەوە بکرێت بە ئەندامی کۆمەڵی گەلان (عصبە الامم) بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێن و گەرەنتییەکی ئاشکرا هەبێت کە کورد لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو مافەی کە عصبە الامم پێشنیازی کردبوو و بڕیاری لەسەر دابوو پشت گوێ نەخرێ، بەرامبەر بەوە ئاگاداری ئەوە بووم کە بزووتنەوەو جم و جوڵێک هەبوو لەناو سلێمانیدا بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی کوردو داواکردنی مافی کوردو چەسپاندنی مافی کورد لەو پەیمانەدا».

ئەمین زەکی بەگ لەو رۆژانەدا لە بغدادەوە نامەیەکی ناردبوو بۆ دۆستەکانی لە

سلێمانی و تکای ئەوەی لێ کردبوون کە شتێکی وا نەکەن ببێتە هۆی کوشتارو خوێن رشتن، عزەت مدفعیش کە هەواڵی ئەو نامەیەی ئەمین زەکیی پێ دەگا بەناوی خۆیەوە نامەیەک دەنێرێت بۆ ئەمین زەکی و بۆی دەنووسێ:

*«کورد لەوە زۆرتر لە ووزەیدا نییە کە بێدەنگ دانیشێت بەرامبەر بە بێ بەڵێنیی حکومتی عراق کە نایەوێ بە هیچ جۆرێک لەو پەیمانەدا باسی مافی کورد بکا، لەبەر ئەوە بڕیارمان داوە راپەڕینێک بکەین.*

ئەمین زەکی بەگ لە وەرامی عزەت مدفعیدا دەڵێ:

*عزەت شتی وا مەکەن چونکە ئەوە کارێکی بێ ئەنجام و بێ سوودەو پەشیمانیی لەدوایە.*

*عزەتیش دووبارە نامەیەکی تری ناردەوە بۆ ئەمین زەکی بەگ و پێی ووتبوو: ئەگەر لەو راپەڕینەمانا سەرکەوتین ئەوا لە (کەرترپێنە)کەی سەر رێگای کرکوک پەیکەرێکت بۆ دروست دەکەین».*

★★★★★

# هەڵوێست و ڕووداوەکانی دوای شەشی ایلول و شەڕی ئاوباریک

لەدوای ئەوەی ئەو کوشتارەی بەردەرگای سەرای سلێمانی لە ٦/ایلولی/١٩٣٠دا ڕوویداو ئەوانەی کە گیرابوون هەندێکیان بەردران و هەندێکیان دران بە محکمە وەکو لە باسی پێشوودا لێی دواین تەنها سێ ئەفسەری کورد لەوانەی کە بەڵێنیان دابوو بدەنە شاخ و ببن بە لایەنگری شۆڕشگێرەکان، وە لەدوای ئەوەی شێخ مەحموود بەو تاوانەی بەردەرگای سەرای زانی، ئیتر خۆی پێ نەگیراو کەوتە خۆی و دەستی کرد بە ناردنی نامە بۆ دۆستەکانی و بۆ لایەنگرەکانی بۆ ئەوەی بکەونە خۆیان و تۆڵەی ئەو تاوانەی بەردەرگای سەرا بکەنەوەو دەس بکەن بە پێشکەشکردنی داخوازیی تازە دەربارەی مافی کورد.

بۆ ئەم باسە وام بە باش زانی کە بیکەم بە دوو بەشەوە:

یەکەم - هەڵوێست و ڕووداوەکانی دوای شەشی ایلول

دووهەم - شەڕی ئاوباریک و شکاندنی شێخ مەحموودو کوڵدانی و وازهێنانی لە شۆڕش.

# ١- هەڵوێست و ڕووداوەکانی دوای شەشی ایلول

ئینگلیزەکان دەیانزانی شێخ مەحموود دانانیشێت بەرامبەر بەو تاوانەی کە لەبەر دەرگای سەرادا کرابوو، ئەگەرچی ئەوانەی کارو باری ئەو ڕاپەڕینەیان بردبوو بەڕێوە وەکو شێخ ڕوءف لە یاداشتەکانیا باسی کردووە شێخ مەحموودیان ئاگادار نەکردبوو لەو ڕاپەڕینەو پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەی ناوشاری سلێمانیدا نەبووەو ئەو ڕاپەڕینەیان هەر لە سنووری ناوشاردا هێشتبووەوە بەڵام ئینگلیز سوور دەیزانی کە شێخ مەحموود دووبارە دەکەوێتەوە خۆی و ڕوو بە ڕووی حکومەت دەبێتەوە، لەبەر ئەوە حکومەتی عراقیان ڕاسپارد کە دەسپێشکەری بکا لەو ڕووەوەو خۆی کۆ بکاتەوە بۆ هەر ڕووداو و هەڵوێستێک کە چاوەڕوانی دەکرا.

لە ١٠/ایلولی/١٩٣٠دا یەعنی چوار ڕۆژ دوای کوشتارەکەی ایلول، وەزیری ناوخۆی عراق جمیل مدفعی نامەیەکی نارد بۆ شێخ مەحموود ژمارەی نامەی (س.٢٢٩٨) ١٠/ایلول ١٩٣٠ بەم جۆرەی خوارەوە:

*»بۆ جنابی شێخ مەحموود بەرزنجیی محترم*

*لەپاش ڕێزو سڵاو، بێگومان ئاگادارن کە چۆن هەندێ نەشارەزاو سەرچڵ لە ٦/ایلولدا لەناو شاری سلێمانیدا چیان کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی (هیئتی تفتیشی) بۆ دەسنیشانکردنی (منتخبی ثانوی)و چۆن دەس درێژی کرایە سەر هێزی پولیس و عەسکر کە لە ئەنجامی ئەوەدا حکومەت ناچاربوو بە چەند هەنگاوێک هەڵسێت بەرامبەر بەو ئاژاوەچییانەی کە بووبوونە هۆی ئەو کارەساتە کەوا ئێستە دەس کراوە بە لێکۆڵینەوەو پرسیارکردن لەگەڵ ئەوانەدا.*

*بیستوومانە هەندێ گێرەشێوێن خەریکی نانەوەی ئاژاوەو پشێوێن و خەریکن پڕوپاگاندەی درۆ بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی ئێوەش هان بدەن و دژی حکومەت هەڵسن کە ئەمە لەگەڵ ئەو ڕێکەوتن و بەڵێنەی ١٦/کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٢٧دا ناگونجێ و*

*یەک ناکەوێ.*

*ئێمە بڕوامان بە شارەزایی و ووردبینی و ژیریی ئێوە هەیە لەم رووەوەو بڕوا ناکەین بەقسەی ئەو جۆرە پیاوخراپانە هیچ کردارێک بکەن و لەو رێکەوتنە لا بدەن کە پەیمان و بەڵێنتان لەسەر دابوو.*

*لەبەر ئەوە وا بەم نامەیە داواتان لێ دەکەین بەبێ دەنگی دانیشن و ماوە نەدەن هیچ شتێکی وا رووبدا کە ببێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ناوچەکەو ئەو بەڵێنەی لەو رووەوە داوتانە نەیشکێنن و وا بزانم بە بەجێهێنانی ئەمە دەتوانن پاکی و دڵسۆزیی خۆتان بەرامبەر بە حکومت دەربخەن».*

عبد الرزاق الحسني دەقی ئەو نامەیەی لە لاپەڕە (٧٤)ی بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا باس کردووە. جگە لەوە عبد الرزاق الحسنی لە لاپەڕە (١٢٩)ی بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا(٦٤) دەربارەی ئەنجامی شەشی ایلول دەڵێ:

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود بەو مەرجانەی لەساڵی ١٩٢٧دا بۆی دانرابوو رازی بوو گەڕایەوە بۆ پیران و زۆری پێ نەچوو ئەو مەرجانەی نەبردەسەرو دەستی کرد بە دەسخستنەناو کارو باری ناوچەکەوەو چەند جارێک هاتەوە ناو خاکی عێراق و لە ناوچەی شارباژێردا دەستی کرد بە هاندانی خەڵک کە دژی حکومت راست ببنەوەو لەوێوە داوای لە مندوبی سامی کرد کە پێویستە حکومەتی عێراق هەر لە ناوچەی زاخۆوە هەتا خانقین هەمووی بەجێ بێڵێت بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی لەژێر ئینتدابی بریتانیادا دابمەزرێت و بۆ ئەوە حکومەتی عێراق ئینذاری کرد کە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی بەڵام گوێی نەدایە، لەبەر ئەوە مجلسی وزرا لە کۆبوونەوەی ١٦/١١/١٩٣٠دا ئەم بڕیارەی دەرکرد:*

*نامەی وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٣٤٥٣)ی رۆژی ١٥/١٠/١٩٣٠ خوێنرایەوە دەربارەی تأدیبکردنی شێخ مەحموود.*

*مجلسی وزرا بڕیاری دا کە موافقت لەسەر ئەو هەموو پێشنیازانە بکا کە لەو نامەیەدا هاتووە وە داوا لە وەزارەتەکان کرا هەر کەسە لەلایەن خۆیەوە ئەوی پێویستە دەربارەی ئەو نامەیە جێ بەجێی بکا لەو کارو بارانەدا کە پەیوەندییان بەوانەوە هەیە*


وه لە ئەنجامی ئەوەدا هێزی نظامی نێررایە سەر شێخ مەحموود بۆ تەمێکردنی و لە روو بە رووبوونەوەدا شەڕێک لەنێوانی هەردوو لادا روویدا وە لەو رووەوە بەیانێک لە تشرینی دووهەمی ١٩٣٠دا دەرچوو هەر وەکو خوارەوە:

بلاغ رەسمی:

لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود بارەها لەو بەڵێنەی لایداوە کە لە ساڵی ١٩٢٧دا مۆری کردبوو، لەبەر ئەوەی دەیەوێ خەڵک هان بدا بۆ یاخی بوون دژی حکومت لە کوردستاندا، بۆیە حکومت بڕیاری دا حملەیەکی عسکری بکرێتە سەری و لە سلێمانی هێزێکی گەورە کۆکرایەوەو دوو رەتل یەکەمیان بەرەو پێنجوین و دووهەم بەرەو چوارتاو چەتەکان هێرشیان بردە سەر مخفری پێنجوین، بەڵام ئەو کوردانەی سەر بە حکومت بوون ئەو چەتانەیان لە ناوچەی پێنجوین دەرکردو لەپاش ماوەیەک ئەوەی چوارتا رووی کردە نزیکی گوندی (بیانان) لەسەر چەمی سیوەیل و چەتەکان هێرشیان بردە سەر (رەبیە)یەکی سوپایی و پێنج سەرباز لەو شەش سەربازەی کە لەو (رەبیـە)دا بوون بریندار کران و دەڵێن دوان لە چەتەکانیش کوژران و دوانیش بریندارن.

ئێستە هەردوو رەتلەکە هەموو رۆژێک لەناو گوندەکانی ئەو ناوچانەدا خۆیان پیشان دەدەن و هێزی ئاسمانی لە بنکەکانی کرکوک و سلێمانییەوە دەورێکی باشیان بینی لە راونانی چەتەکاندا».

هەر لەو رۆژانەدا بەیانێک بە کوردی بۆ دانیشتوانی لیوای سلێمانی لە ٢٠/١٠/١٩٣٠دا بڵاوکرایەوە کە ئەمە دەقی ئەو بەیانەیە کە فۆتۆکۆپییەکەی بڵاودەکەینەوە:


بیاننامە بو کوردەکانی لوای سلیمانی

لە ٢٤/آزاری ١٩٣١دا ئەنجومەنی وەزیرانی عـراق بڕیاری حوکـمی عورفـیی بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە:

١. لەبەر ئەوەی هەتا ئێستـە نەتوانراوە ئەمن و ئاسـایش لە لیـوای سلێمانیـدا بەرپا بکرێ و بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە هێمن و ئاسایش بژین وەکو دانیشتوانی لیواکانی تری عراق وە لەبەر ئەوەی مانەوەی ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئاڵۆزی و شڵەژاندان لەبەر ئەوە بڕیار درا ئیعـلانی ئیـدارەی عـورفی بکرێ لەو لیـوایەدا وە ئیدارەی موڵکی و عـسکری بدرێتـە دەست قـائدێکی عسکریی لێهاتوو بەکـار بۆ ئەوەی ئەو چەتەگەری و نائارامییە نەهێڵێ و باری ئەو لیوایە هێواش بکرێتەوە.

٢. کە ئیعلانی ئیدارەی عـورفی کرا، ئەو دەسـەڵاتەی کە لە (نظامی دعاوی العشائر الجزائیة و المدنیة)دایە بدرێتـە دەست ئەو قائدە عـسکرییەی بۆ ئەو مـەبستـە دادەنرێ و هەرچی پێویستییەکی هەبێ بۆ کارو بارەکەی بۆی ئامادە بکرێ.

٣. ئەگەر نەتوانرا ئەو دوو مـادەیەی پێشـوو جێ بە جێ بکرێ، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر

پاره بەخۆڕایی و بە فیرۆ نەڕواو خەڵکیش بەخۆڕایی و بەبێ تاوان نەکوژرێ، ئەوا ناوچەی سلێمانی چۆڵ بکرێ و هەرچی هێزی حکومەت هەیە بە شێوەیەکی کاتی بکێشرێتەوە هەتا ئەو کاتەی دەتوانرێ ئەمن و ئاسایش لەو لیوایەدا بەرپا بکرێت.

عبدالرزاق الحسني لە کتێبەکەیدا(٦٤) دەڵێ:

بەڵام ئەو بڕیارە نەخرایە کار چونکە ملک فیصل ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەی بە لاواز هاتە بەرچاو و نیشانەی کەم دەسەڵاتیی حکومەتی تیادا پیشان دەدرا».

لەو ڕاپۆرتەی کە حکومەتی بریتانیا دابووی بە عصبە الامم (٥٤) دەربارەی ئەو ڕۆژانە دەڵێ:

«لە ساڵی ١٩٣٠دا دووبارە ناوچەی سلێمانی بە هۆی شێخ مەحموودەوە ئاژاوەی تێ کەوتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە بەڵێنی دابوو هیچ جۆرە جم و جوڵێک نەکاو لە شوێنی خۆیدا بە ئارام دابنیشێت.

لە مانگی ایلولی ١٩٣٠دا هەواڵ گەیشت کە شێخ مەحموود هێزێکی کۆکردۆتەوە لە ناوچەی سەر سنووردا کە زۆربەیان کوردی ئێرانن، لەبەر ئەوە دەست و برد هەڕەشەی لێ کراو ئاگادار کرا ئەگەر بەڵێنەکەی بشکێنێت سزا دەدرێت، بەڵام ئەو گوێی نەدایەو بە چەند چەکدارێکەوە هاتە ناو خاکی عێراقەوە.

لەو ڕۆژانەدا (٣) ئەفسەری عێراقی وازیان لە سوپا هێنابوو و چووبوونە لای شێخ مەحموود (مەبەستی لە مەحموود جودت و حامد جودت و کاملی حسن ئەفەندی بووە کە لەپێشتردا باسمان کردوون)، وە شێخ مەحموود دەستی کرد بە پڕۆپاگاندەکردن لەناو سەرۆک عەشیرەتەکاندا وە بە نامە داوای لێ کردن هاوکاریی لەگەڵا بکەن و نامەیەکی نارد بۆ مندوبی سامیی بریتانی لە بغداد کە پێویستە حکومەتی عێراق هێزەکانی لە هەموو خوارووی کوردستاندا بکێشێتەوە هەر لە زاخۆوە هەتا خانقین و حکومەتێکی کوردی دروست بکرێت لەژێر ئینتدابی حکومەتی بریتانیادا وە بۆ ئەو داخوازییەی پشتی بەو ڕاسپاردانەی عصبە الامم بەستبوو کە دانی بە مافی کوردا نابوو.

لەبەر ئەوە بڕیار درا شێخ مەحموود لە خاکی عێراق بکرێتە دەرەوەو هێزێکی شێخ



شێخ مەحمودو پێشمەرگە چەکدارەکان لە پیران لە سالی ١٩٣٠ دا

مەحموود کە بریتی بوو لە (٢٠٠) چەکدار پەلاماری پێنجوینی دا بەلاّم سوپای عراق بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی ئێمە توانییان شێخ مەحموود دوور بخەنەوە لە پێنجوین.

بەو جۆرە شەڕی چەتەگەری لە مانگەکانی سەرەتای سالّی ١٩٣١دا درێژەی سەندو نەتوانرا لەو ماوەیەدا شێخ مەحموود بگیرێت بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەو راپەڕینەی شێخ مەحموود ئەو ترسەی نەبوو وە پڕۆپاگاندەکانی لە ناوچەکانی کرکوک و هەولێردا بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشدا بێ ئەنجام بوو».

دوکتۆر عزیز شمزینی لە لاپەڕە (١١٧)ی کتێبەکەیدا دەربارەی راپەڕینی شێخ مەحموود دوای شەشی ایلول دەلّی[١٤]:

«هنری دوبس کە سەرکردەو رابەری گشتیی بریتانیا بوو لە بغداد ئەرکی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کوردی گرتبووە ئەستۆی خۆی و لە ١٩٣١/٥/٨دا لە

*یاداشتی ژماره (٢١ . ٤) یدا کە بۆ حکومەتەکەی خۆی ناردبوو دەڵێ:*

*سوپای عیراق لە ناوچە شاخاوییەکانا ناتوانێت جم و جوڵ بکا، بەتایبەتی کە هەتا ئێستە عراق هیچ هێزێکی چەکداری ئەوتۆی نییە کە بتوانێت بەرپەرچی بچووکترین هێرشی کوردی پێ بدرێتەوە، کوردیش هەمیشە ئامادەیە بۆ بزووتنەوەو راپەڕین، لەبەر ئەوە تەنها سوپای بریتانیا کە لە هێزی لیڤیی ئاسووری پێک هاتووە وە هێزی ئاسمانیی بریتانیایە کە توانیویەتی هەتا ئێستە راپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد پان بکاتەوە... چەند مانگێک لەمەوپێش دووبارە فرۆکەکانمان دەستیان کردەوە بە بۆردومان کردنی بنکەو شوێنی لایەنگرانی شێخ مەحموود کە پێشەوای شۆڕش و بزووتنەوەی کوردە».*

ئەحمەد خواجا لە بەرگی دووهەمی یاداشتەکانیا بە دوورو درێژی باسی هەڵوێستی دوای شەشی ایلول و راپەرینەکانی شێخ مەحمودی کردووەو دەڵێ(٣):

*«لەدوای شەشی ایلول... یەکێکی ئاینی، بازرگانێک، کوڕ کوژراوێک، باوک گیراوێک (دیارە لە شێوەی وەفدا بوون) چوونە لای شێخ مەحموودو پیاوە ئاینییەکە (ناوی نەهێناوە) بە شێخ مەحموودی ووت:*

*یا شێخ: قورئان چ لە دەستدا بێ و چ لە سنگدا بێ، بەو قورئانەوە هاتووین داوای ئەوەت لێ دەکەین تۆڵەی شارەکەمان بکەیتەوە، کورد چاوەڕێتە، پاش ئەم هەلە ئیتر کورد بێ ناو و نیشان دەمێنێتەوەو ئەوانەش هاوڕێکانمن بیان بینە.*

*شێخ بڕیاری دا تۆڵەی گوللە بە گوللە بسێنێتەوە، بە لەشکرێکی باشەوە پیرانی بەجێ هێشت و گەیشتە شارەزوور.*

*لەشکر پەرەی سەندو زۆر لە قوتابی و گەنج و خوێندەواری سلێمانی بوون بە هاوچەک.*

ئەمەش ئەو نامەیەیە کە شێخ مەحموود بۆ مندوبی سامیی ناردبوو (راپۆرتەکەی عصبە الامم وەکو باسمان کرد باسی ناردنی ئەو نامەیەی کردووە) هەر وەکو ئەحمەد خواجا نووسیویەتی بڵاوی دەکەمەوە:

*«کورد داوای حقی خوی ئەکات، پیویستە حکومتی عراق هەمو کوردستان هەر لە*

*زاخۆوه هەتا خانقین بەجێ بیلیت و لە کوردستاندا حکومتیک دامەزرینێ لەژێر چاودیری بریتانیادا هەتا ئەو کاتەی عصبه الامم بریاری کۆتایي دەر ئەکا لەو روەوە».*

(محمود الدره له کتێبەکەیدا ـالقضیه الکردیه له لاپەڕه (٨٤)یدا باسی هەمان نامەو داخوازیی کردووه).

ئەحمەد خواجا له یاداشتەکانیا باسی نامەیەکی تر دەکا که شێخ مەحموود ناردوویەتی بۆ عصبه الامم و دەڵێ ئەو نامەیه له گۆڤاری (بازیک نیکتین) که به فرنسری له سالی ١٩٥٠دا بلاوکراوەتەوەو نامەکه بەپێی (چیم دی)ی ئەحمەد خواجا له بەرگی سێهەمیا دەڵێ:

*بۆ سەروکی مجلس اعوام (نیازی عصبه الامم بووه)*

*سعادتمآب:*

*به شرەفی ئەزانم هاوارو شکاتی میللەتیک ئەهێنمە خزمەتی ئیوه که حمایەو وصایه لەژێر دەستی ئیوەدایه. چونکه حمایەو وصایه یەعنی ئاگاداری کردن، که ئەم میللەتەش میللتی کوردەو به شرەفیکی بەرزەوه منیش لەو میلەتەم که له بەشیکي کوردستاندا له خوارووی کوردستاندا ئەژین و به عراقەوه بەسراوه.*

*بیخەمه بەرچاوتان که ئەم خاکه لەلایەن هیزو لەشکری سویندخورەکانەوه یان دەولەته یەکگرتوەکانەوه هەرگیز داگیر نەکراوەو نەگیراوه. ئەمەیش رووداوو لێ قەومانەکەیه که لەناو (میسوپوتامیا۔ بین النهرین)دا رووی داوه:*

*له سالی ١٩١٨دا کورد به عزم و أرادەی خویان دەستیان دایه چەک، هیزو لەشکرو سوپای تورکیان ناچار کرد کوردستان بەجێ بهیلن، کوردیش خۆ بو خۆ بانگی ئازادی یان بو خویان دا و به ناوی حکومتی کوردستانی جنوبیەوه حکومەتیان دامەزراند و أدارەو مقدراتی خویان گرته ناو دەستی خویان. لەم کاتەدا عراقی عرەبی لەناو فوضادا ئەتلایەوه و هیشتا لەشکری دەولەته یەک گرتوکان هەر له جەنگدا بون.*

*داخەکەم ئێمەی کورد، ملت و خاکمان لەدواییدا بەسترا به عراقەوه که*

ئەوروپاییەکان ئەیان وت ئیمە بۆ پاریزگاری حق و عدالت پەلاماری چەکمان داوەو لەڕاستی لانادەین و بەرامبەر بە ناراستی هەرگیز ناگەریٚ ینە دواوە و بەرامبەر بە دادو مافی ئەو میلەتانە پاشگەز نابینەوە کە بەخت و شانسي مللەتیکی تریان بە ناحق بەستوە بە دەست خویانەوە. ئەو میللەتانەی لە پیشدا حکومتیان هەبوە وە یا لەگەل گەلیکی ترا جیاوزی یان هەبیت ئیتر ئیمە قەت فەرامۆشی ناکەین و لەبیرمان ناچیت. لەسەر شرەف و بەلێنی ئیوە کە بە کوردستانی جنوبی مختاریتیکی گەورەتان بەخشیبو بە ئیمەو وەعدتان دابو، لەسەر ئەم پەیانە بي دادی و هەراسانکردنمان سووک بکریٚ.

بەلام هەرچەند سالەکان یەک لەسەر یەک دێن و تیٚ دەپەڕن، لەو روژەوە هەتا ئیمرۆ وەنەبیٚ وەعدو بەلێنتان جيٚ بە جیٚ کرابیٚ، بە پیچەوانەی ئاواتی ئیمەو فەرمانی ئیوە، گیانمان، ژنانمان، مندالانمان هەموو روژیٚ ئاگر باران ئەکرین، لەبەر ئەوە ئەیانەویٚ لە مافی خومان لادەین و کورد نەبین. فەرمانی کوشتنمان دراوە و لە دژمان جەنگی خوێنینمان دەربارە ئەکریٚ. حکومتی ملکيِ عراق بی ترس و لەرز ناو شاری سلیمانی گوللە باران ئەکات کە پایتەختی کوردستانی جنوبیە وە ئەو کوردانە بوردومان ئەکات کە لە أنتخاتابدا بەشدار نەبون و نەیان ویستوە، چونکە ئەم حکومەتە بەو ئامانجە ویستویەتی پەیمان و معاهدەیەک ببەستێت تاکو هەمو مافەکانی کوردی پیٚ لەناو ببات وە نەی هێلی.

ئیمە باوەڕمان وایە ئەم بومبایانە ئەم ئاگری مەترەلیوزانە هەموی بەسەر شرف و هیبت و کرامەتی ئیوەدا ئەدرین چونکە کورد لەژیر حمایەو وصایەی ئیوەدایەو وا ئەزانن ئیوە پاریزگارو پەنادارو نیگاهداریانن. ئەگەر هیزی لەشکرو سوپاو فروکەوانی بریتانیا نەبوایەو پشتیوانیان نەکردایە کە بە ناوی کومەلی باشرەفی ئیوەوە چاودیری و بەرپوەبردنی ئەم ولاتانە دراوەتە ژیر دەستی انگلیز، دوپاتەکردنی میژو، وە چونە سەر بغداد و گرتنی لەلایەن کوردەوە هەر باس و دەنگیکی چەند روژیک ئەبیت.

ئیمە هەموو کاتیک نیشتمان و یانەمان پاراستوە هەروها بەرامبەر دوژمن و دفاع و پاریزگاری ئەکەین، لە کاتیکدا کە ئیمە نەمان ویستوە بەرامبەر بە حکومتی

بەریتانیا بچینە جەنگەوە چونکە بە ناوی کۆمەڵی پیروزی ئیوەوە ئەبزویتەوە.

أیستاو تا ئیستا بە ناوی ئیوەوە داوای حەق و ماف ئەکەین. بەم رەنگە داخوازیی و دادو عدالت داوا ئەکەین. بەلام نامانەوی نیشتمانمان ببەستریت بە حکومەتی ملکی عیراقەوە چونکە ئەیانەوی بە زور و خورتی ئەم بەستنەوەیەمان پیٚ پەسەند بکەن و پیمان بسەلمینن، لە کاتیکدا ئاسایش و ئارام و ئاشتی بە لای کومەڵ و هیئەتی باشرەفی ئیوەوە گران بەهاو بە نرخە. جا هەر لە توانای ئیوەدایە لەناو ئەم پارچەی جیهانەدا ئاسایش و ئاشتی جیگیر ببیت.

بەلام: هەتا بەخت و مقدراتی وطنی کورد ئەدریتە دەست نەوەکانی خوی، تاکو حکومەتیکی کورد بەریوەبردن و کارو فەرمانی خوی نەخاتە ژیر دەستی خوی و تا کورد خوی خاوەنی حوکمی ئەو پارچە خاکەی کورد نەبیت هیوای آرام گرتن و ئاسایش و ئاشتی کردن خەیالیکی خاوە. کورد خاوەني میژویەکی هەزاران سالەیە، تأریخ أثباتی أکات کە کورد هەمو کاتیک هەستی موجودیتی خویان، میژویان، نیشتمانیان پاراستوە. لە دەزگاو موءسساتی قەومی و گەلایەتی خویان بي ئاگاە نەبون. لەبەر ئەوە وا قرارو بڕیار دراوە تا دوا هەناسە بۆ پاراستنی خویان و نیشتمانی خویان دفاع بکەن بە چەک و بە دەست، بمرن و ملکەچی حکومەتی ملکی عراق نەکەن. نە دەخالت نە نەفس تسلیم ناکەن.

ئیمە، کوردەکان: لەگەڵ هەمو قەوم و گەلیکدا ئەمانەوی دوست و برا بین وە بیٚ قین و کینە بژین و نامانەویٚ مەیدانی ئەوە بدریٚ کە (حق و ماف ـ تقریری مصیر)مان بخریتە ژیر دەستیکی ترەوە. ئاشکراو روونە کە چارەنوس (تقریر المصیر) دراوەتە دەس چەند گەلیکی دواکەوتوی بیدائی لە ئەفریقا، کەوابوو نابیٚ بۆ میللەتی کورد رەدو رفض بکریت کە قەومی کورد خاوەن میژوەو ناسراوە وە لەناو گەلان و ئەقوامدا موقعیکی بلندی هەیە، وەکو بەراست و مخلص و آزاو قارەمان و چالاک و زیرەک و هوشیار ناسراوە، بەلام لەم دواییەدا حکومەتی عراق بە یارمەتی و پشتیوانی حکومەتی بریتانیاوە ریگایەکی تری گرتوە، هەر بۆ ئەوەی بەرهەڵستی مقاوەمەی ئیمە بکات و سەربکەویٚ بیری خوینڕێژیی وەرگرتوەو لەگەڵ کوردا

کەوتوتە جەنگەوە. لە کاتیکدا کوردە بیٚ چەکەکان هیچ نیازی هەڵمەت و ورووژم بردنیان نەبوو بو سەر هیچ کەسیک، تەنیا لە رووی ئاشکراکردني بیرو باوەری سیاسي و ئامانجی خویان بە هزاران کوردیان بە ئاگری مەترەلیوزو بومبا دروێنەکردو کوژران. بەلام پاش ئەم کارەساتە کە ئیمرو کورد دەستی داوەتە چەک و سلاح و گوناهو تاوانی ئەم تقصیرە ئەکەویتە ئەستۆی ئەوانەی لەپیشدا هەڵمەتی چەکداری یان بردوتە سەر کوردەکان و نا عدالتی و خوین ریژی یان دەربارە ئەکەنەوە گوناه ناکەویتە سەر کوردو لەسەر ئەوانە.

خوێن... ئاگر... هیچ شتیک ناتوانیت میژو بگوڕیت یا بیسرێتەوەو بە ملیونەها کوردو رەگەزی صلاح الدین و کریم خانی زەند بگوڕیت و بیانکا بە عرەب وە یان تیرەیەکی تر. ملتەکەم ئەڵێ: ئیمە شەڕ ناکەین و تینوو نین بۆ خوێن و نامانەوی فتنە بنێینەوەو لایەنگری جیاوازیش ناکەین.

بەڵێ... ئیمە بەناچاری چەکمان هەلگرتوە، چونکە أجبارو أرغام کراوین وە بە نابووتی محکوم کراوین. لەبەر ئەوەی بیٚ بەش و بیٚ هیوا کراوین بۆیە دەستمان داوەتە چەک.

ئیمە داوای ئەوە ناکەین حاکم و زاڵمی هیچ میللەتیک بین یا چاومان لە خاک و ولاّتی هیچ گەلیک بیت، بەلاّم راضیش نابین کەس حوکمان بەسەرا بکات و فەرمانمان بەسەرا رابوێری.

ئیمە تەنیا حوکم و سەروکایەتی و فەرمانداریی خومان ئەویٚ، ئیمە لەو بیرو باوەڕەداین کە ملیونەها أنسان لەپیناوی مافي خویانا گیانیان فیداو قوربان کردبیت بۆ داوای ئەو ماف و حەقەی کە کومەلی باشرفی ئیوە بۆ ئیمەی کوردیشي داناوەو رەوای بینیوە، وە بەپەسەندی لە یەکەم روژەوە دراوەو تصدیق کراوە.

بم بەخشن، بە تأکید و تصدیق باوڕتان رائەکێشم کە ئەم حالە، وضعی شوڕش و ڕاپەڕینە، هەمووی لە ڕووی بەدکاری و بیرو باوەر خراپي و ئامانجی نالەباری بەریوەبەران و پیاو و کاربەدەستانی عراقەوە ڕوویداوەو ئەوان چەکیان بەکار هینا هەتا هەمو ماف و حقوقمان بەتەواوی جیٚ بە جیٚ نەکري بە أحترامەوە تصدیقی حقمان

نەكریت قەت دەست هەڵناگرین. داخوازیمان ئەوەیە كە باوەڕ بە سەربەخۆیی و أستقلالمان بكریت و وطنمان آزادبیت وە ئەم حەقەمان لەژێر پەناو انتدابی هیئتی باشرفی أقوام دا ڕاستەو ڕاست اعتراف و تصدیق بكرێ بە ناوی استقلالی حكومتی كوردستانی جنوبي وە هیچ پیوەندی و پەیوەستیەكمان لەگەڵ حكومتی ملكی عراقدا نەمینیت، چونكە ئەمانە انگلترە و عراق، لەناو خویانا بە پەیمان و معاهدەیەكی تازە كۆتاییان بە ئینتدابی بریتانیا هیناوە، لەبەر ئەوە حل و فصلي دعواو قضیەی ئیمە كە عرض و تكلیف كرا، موافقی منطق و ضرورەتە و كردنیشي پیویستە. كومەڵی باشرەفی ئیوە بە موجبی أمرو طبیعت و لزومی أقتضاو حاجات و وقائع، پیویستە ئیوەش بگەرینەوە سەر قەرارەكەتان كە لە سالی ١٩٢٠دا دراوە و معترفا تصدیق كراوە.

سعادتمآب: هیوادارین كە أحترامات و تعظیماتی بی پایانمان قبول و تصدیق بفرمون.

شیخ مەحمود

بە ناوی دانیشتوانی كوردستانی جنوبیەوە

٢١/مارت/١٩٣١

لۆنگریک لە كتێبەكەیدا(٤٣) دەربارەی هەڵوێست و ڕووداوەكانی ئەو ڕۆژانە دەڵێ:

«شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٣٠دا داوای لە مندوبی سامی كرد كوردستانێكی یەكگرتوو هەر لە زاخۆوە هەتا خانقین لەژێر ئینتدابی بریتانیادا پێک بێت (وەكو ئەوەی لەسەرەتادا بۆ عراق كرابوو). شێخ مەحموود پێنجوینی گرت لەبەر ئەوە شوێنەكانیمان بە فڕۆكە بۆردومان كردو ناچار كرا ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵێت و ئیتر لەوەوە دەستی كرد بە شەڕی چەتەگەری و لە زستانی ١٩٣٠/١٩٣١دا دووبارە عەشایرە كوردەكانی كۆكردەوە بەڵام دووبارە هێزی ئاسمانی ئێمە تەقەلاكانی پووچەڵ كردەوەو دوای ئەوە شەڕی ئاوباریک ڕوویدا كە شوێنێكە نزیكی (٢٠) میل لە خۆرهەڵاتی طوزخورماتوودا وە لەو شەڕەدا شێخ مەحموود شكاو ڕای كردەوە بۆ پیران، بەڵام ئەم جارە سیاستی حكومەتی ئێران ڕێگەی ئەوەی نەدا شێخ مەحموود لە

*سنووری ئێرانا دابنیشێت، بۆیە ناچار بوو داوای لێ خۆشبوون بکاو خۆی تسلیم کردو نێررا بۆ ناصریە».*

دەربارەی رووداوەکانی ئەو رۆژانە بابا علیی شێخ مەحموود بیرەوەرییەکانی خۆی بەم جۆرە بۆ باسکردم:

*«بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە باوکم لەگەڵ کاربەدەستانی بریتانیا لە بغدادو لەگەڵ حکومەتی عراقدا لە ساڵی ۱۹۲۷دا رێک کەوت، باوکم دوای ئەوەی بۆ سەردان هاتە بغدادو کە گەڕایەوەو چووە گوندی (پیران) دانیشت.*

*بەپێی ئەو رێکەوتنە من هاتمە بغدادو ماوەیەک مامەوەو دوای ئەوەی حکومەت ناردمی بۆ مصر بۆ خوێندن لەدوای شەشی ایلولی ۱۹۳۰ من بۆ سەردان هاتبوومەوە بۆ سلێمانی، رۆژێک کوێخا مەحموود کە کوێخای گوندی (بارزیی) بوو لە ناوچەی بازیان هاتە لام و جگەرەیەکی لەناو کڵاو و جامانەکەی دەرهێناو جگەرەکەی شکاندو نامەیەکی بچووکی تیادابوو کە خوێندمەوە نامەیەک بوو لەلایەن مەحموود جودت و حامد جودت و کاملی حسن ئەفەندییەوە نووسرابوو، وا بزانم ناوی شێخ سلامیشی تیادا بوو. کە نامەکەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت باوکم خەریکی خۆکۆکردنەوە بووە بۆ راپەڕین و شۆڕشێک کە تۆڵەی تاوانی کوژراوەکانی شەڕی بەردەرگای سەرا بکاتەوە بۆ رۆژی دوایی چوومە لای باوکم و باوکم و ئەو چەکدارانەی لەگەڵیابوو روویان کردە گوندی (سەرکان) کە گوندێکە لە ناوچەی سروچک و من گەڕامەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە چوومەوە بۆ مصرو ئیتر ئاگام لە شۆڕشەکانی ئەو رۆژانە نەبوو، هەتا بە رێکەوت پاش ماوەیەک نوری سعید هاتە مصر بۆ ئەوەی عبد الاله (وصی) ببینێت کە هەردووکیان لەگەڵ یەکتردا بە تورکی قسەیان دەکردو منیش هەواڵی باوکمم پرسی بەڵام هەر ئەوەندە وەرامی دامەوە: (ئەیی ئولدر - یەعنی باش دەبێت) و ئیتر باسی هیچی تری لەگەڵا نەکردم دەربارەی باوکم».*

شێخ رەئفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەربارەی هەڵوێست و رووداوەکانی ئەو رۆژانەدەڵێ[۲۱]:

*«ساتێک شێخ مەحموود پیرانی بەجێ هێشت، ئیتر دەستی کرد بە پەیوەندی کردن*

لەگەڵ دوست و ناسیاوەکانیاو وەزارەتی ناوخۆ نامەیەکی ئاڕاستەی شێخ مەحمود کرد کە ژمارەکەی (س/٣١٥٣) رۆژی ٢٠/١/١٩٣٠ (ئەو بەیانە هەر لەو رۆژەدا دەرچووە کە بەیانێکیش بۆ خەڵکی سلێمانی بڵاوکرابووەوە کە بەرلەمە فۆتۆکۆپیمان بڵاوکردەوە) کە لەناو ملفاتی بلاطی ملکیی عراقدا هەیە دەڵێ:

وەختی خۆی لە ساڵی ١٩٢٧دا بەڵێنت دابوو بە بەجێهێنانی ئەمانەی خوارەوەو مۆرت کردبوو:

١. خۆت و کوڕەکانت و ژنەکانت و فاطمەخانی خوشکت لە دەرەوەی سنووری عراقدا بژین.

٢. نە خۆت و نە ئەوانەی پێشوو نەیەنەوە ناو خاکی عراقەوە بەبێ ئاگاداری و رەزامەندیی حکومەتی عراق.

٣. نە خۆت و نە ئەوانی تر کە لەگەڵتان دەس نەخەنە کارو باری ناوخۆی سلێمانی و هیچ شوێنێکی تری عراق و بە هیچ جۆرێک هیچ کەسێک هان نەدەن کە ئەو بەڵێنە بشکێنێت و بە هیچ جۆرێک لە کارو باری سیاسیدا بەشداری نەکەن کە پەیوەندیی بە عراقەوە هەبێ وە بەپێچەوانەی ئەمانە حکومەت خۆی نابەستێت بەو مەرج و بەڵێنەی کە لەلایەن ئەوەوە درابوو بە ئێوەو حکومەت سەربەست و ئازادە لە هەر هەنگاوێک کە بەرامبەر بە ئێوە بنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە فخامتی مندوبی سامی و معالی وەزیری داخلیە ئاگاداری کردوون و رایگەیاندوون و نصیحەتی کردوون کە لە گوندی (پیران) بە بێدەنگی دابنیشن، بەڵام ئێوە گوێتان نەدایە ئەو ئامۆژگارییەو بەبێ ئاگاداری و رەزامەندیی حکومەت هاتنە ناو خاکی عراقەوەو متصرفی سلێمانی بە نامەی ژمارە (١٨)ی ایلول ئاگاداری کردن بەڵام ئیطاعەی ئەوامری فخامتی وەکیلی مندوبی سامی و معالی وەزیری داخلیەتان نەکردو لە بەڵێن و پەیمانەکانتان لاتان دا، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەین کە بگەڕێنەوە بۆ ئەو گوندەو ئەو ظابطە کوردانە (حمید جودت و مەحموود جودت و کامل حسن ئەفەندی) کە لە سوپای عراق رایان کردبوو تسلیمیان بکەنەوە بە حکومەتی عراق، بەڵام ئێوە هیچ گوێتان نەدایە هەمووی و لەگەڵ ئەوەشدا کە

*دووهەم جاریش هەمان داخوازیتان پێ گەیەنرا، بەڵام هەر بە ناوچەکانی سلێمانیدا هات و چۆ دەکەن و بە نیازی نانەوەی ئاژاوە لە ناوچەکەدا وە لە مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۳۰دا داواتان لە مفتشی ئیداری کردبوو لە سلێمانی کە لە شارباژێر یەکتر ببینن، ئەویش لە وەرامدا تێی گەیاندبوون لەبەر ئەوەی هاتبوونە ناو خاکی عێراقەوە بەبێ رەزامەندیی حکومت وە لەبەر ئەوەی ئەو هەموو ئینذارو نامانەی کە بۆتان نێررابوو پشت گوێتان خستبوو، لەبەر ئەوە مفتشی ئیداری پێی وتبوون ئامادە نییە لە هیچ کوێ بتانبینێت و داواتان لێ کرابوو بگەرێنەوە بۆ (پیران).*

*ئەوا دووبارە بەم نامەیە داواتان لێ دەکەینەوە کە بگەرێنەوە بۆ پیران و ئەگەر لە ساتی وەرگرتنی ئەم نامەیەوە نەگەرێنەوە حکومت هەرچی بە باش بزانێت دەربارەی ئێوە دەیکاو هەرچی موڵک و ماڵتان هەیە بۆ ئێجگاری مصادرە دەکرێ».*

لەڕاستیدا ئەو نامەیەی شێخ روءف لە یاداشتەکانیا باسی کردووە، لە ژمارە (۲٦۲)ی رۆژی ٦/تشرینی دووهەمی ۱۹۳۰ی رۆژنامەی ژیان کە لە سلێمانی دەرچووە بڵاوی کردۆتەوە بەڵام لە رۆژنامەکەدا ژمارەی نامەکەی وەزارەتی ناوخۆی بە (۲۱۵۳) نووسیوە نەک (۳۱۵۳) بێجگە لەوەی شێخ روءف و ئەوەی لەو ژمارەیەی ژیاندا باس کراوە لە هەمان ژمارەی ئەو رۆژنامەیەدا نامەیەکی تریشی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە لەلایەن مندوبی سامیی بریتانییەوە ئاراستەی دانیشتوانی سلێمانی کراوەو ووتوویەتی:

*«لەبەر ئەوەی شێخ مەحموود ئەو پەیمان و بەڵێنەی کە لە ساڵی ۱۹۲۷دا لەسەری رێک کەوتبوو شکاندوویەتی، لەبەر ئەوە هەر کەسێک یارمەتیی شێخ مەحموود بدا یا هی تاقمەکەی سزا دەدرێ».*

شێخ روءف لە شوێنێکی تری یاداشتەکانیا دەربارەی شەشی ایلول و هۆی راپەڕینی شێخ مەحموود دەڵێ:

*«کە باوکم لە ساڵی ۱۹۳۱دا بە دەسبەسەری نێررا بۆ (ناصریە) چوومە لای و لێم پرسی: کە وەختێ مەحموود جودت و تاقمەکەی هاتنە لات بۆ پیران، چۆن ئیقناعیان کردیت کە ئەم جارەش دژی حکومت شۆڕش بکەی؟ لە وەرامدا ووتی:*

بەرلەوەی ئەوانە بێنە لام من کەوتبوومە خۆم و نامەم ناردبوو بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان و وەرامەکانیانم پێ گەیشتەوەو هەموویان دڵنیایان کردم کە هاوکاریم لەگەڵا دەکەن ئەگەر بێت و شۆڕشێک بەرپا بکرێ بۆ داواکردنی مافی کورد، بەڵام ئەوە بوو کە شۆڕش کراو من دەستم کرد بەوەی روو بە رووی حکومەت ببمەوەو بە یاداشتیش داوای مافی کوردم کرد (بەرلەمە نامەیەکی دوورو درێژی شێخ مەحموودمان بڵاوکردەوە کە بۆ عصبە الامم ناردبوو)، ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە بەڵێنیان دابوو هەموویان درۆیان لەگەڵا کردم بێجگە لە کریم بەگی فتاح بەگی جاف و داود بەگی برای و عوسمانی بەگی شەرەف بەیانی».

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

لەڕاستیدا باوکم گەیشتبووە ئەوەی کە شۆڕشی چەکداری بۆ کورد شتێکە تازە سەرناگرێ چونکە دوژمنەکانی زۆرو بەهێزو چەکداربوون و کورد بەرگەی ئەو هێزەی دوژمنی نەدەگرت و باوکم ماوەیەک بوو بڕیاری دابوو واز لە سیاسەت بهێنێت، بەڵام بە گەیشتنی مەحموود جودت و حمید جودت و کاملی حسن ئەفەندی هەستی کوردایەتیی باوکمیان جووڵاندەوەو ئەوانیش وایان لە باوکم گەیاندبوو ئەگەر شۆڕش دەست پێ بکاتەوە لە زۆر لاوە خەڵک ئامادەن هاوکاری و بەشداری بکەن و ئەفسەرە کوردەکانی تریش هەموو دێنە پاڵ شۆڕش.

باوکم خۆی کۆکردەوەو لەسەرەتادا لەگەڵ چەکدارەکانا چوونە پژدەر بەبیانووی ئەوەی دەچن بۆ سەردانی حاجی رسول ئاغا، بەڵام هێشتا نەگەیشتبوونە نیوەی رێگە فرۆکەی ئینگلیز بەیانی بڵاوکردەوە کە وا شێخ مەحموود بەڵێن و پەیمانی خۆی شکاندووەو گوندی پیرانی بەجێ هێشتووە،

لەبەر ئەوە تازە شێخ مەحموود چاری نەماو دەستی کەوتە روو و ئاشکرابوو، کە چووە پژدەریش لەوێ بۆی دەرکەوت کە هەڵوێست بەو جۆرە نەبوو کە بۆیان باس کردبوو، پژدەرییەکان ئامادە نەبوون بەشداریی شۆڕش بکەن.

لە ٤/١١/١٩٣٠دا سەرەک وەزیرانی عراق داوای لە مندوبی سامی کرد کە هێزی ئاسمانیی بریتانیا بۆردومانی بنکەی هێزەکانی شێخ مەحموود بکا لە ناوچەی

پێنجوین و چوارتاو لە هەر شوێنێکی تردا کە روی تیَ بکەن و ئەفسەرێکی ئینگلیزیش بکریَ بە سەرکردەو فەرمانبەری حامیەی سلێمانی و هێزی لیڤیی ئاسووری بنێررێت بۆ سلێمانی و بکرێت بە بەشێک لە حامیەی سلێمانی»

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا لەسەری دەرِواو دەڵیَ:

«ساتێک باوکم چووە پژدەرو ئەو بەیانەی ئینگلیزەکانی بە فرۆکە بڵاویان کردبووەوە، ئەگەر ئەو بەیانە دەرنەچوایەو باوکم دەستی ئاشکرا نەبوایە، کە چووە پژدەرو بۆی دەرکەوت زۆر کەس لێی پاشگەزبوونەوەو کەس نەچووە پاڵی، لەوانەبوو واز لە هەڵگیرساندنی شۆرِشێکی تازە بهێنێت، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، هەرچەند یەکێکی وەکو حمە بچکولی علی ئاغای پژدەرو تاقمەکەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر لایەنگری باوکم بوون لێی جیابووەوەو زۆر کەسی تریش لەوانەی کە وەرامیان دابووەوە کە ئامادەی هاوکاری کردنن دوای دەرچوونی ئەو بەیانەی ئینگلیز هەموو سڵەمینەوەو باوکم مایەوە لەگەڵ چەند چەکدارێکی دڵسۆزی خۆیداو لەگەڵ کریم بەگی جاف و داود بەگی برای و عوسمان بەگی شەرەف بەیانی و چەند کەسێکی تر لە ناوچەی کرکوک، بێگومان شارباژێر هەمیشە لەگەڵ باوکما بووەو هەتا دوارِۆژی شۆرِش چەک هەڵگربوون...»

بەرِاستی لەو یاداشتەی شێخ روءفی شێخ مەحموودا کتێبەکەی (فردریک باث) (٤٢)م کەوتەوە بیر کە ووتبووی(٤٢):

«ساتێک بۆ گەشتێک چوومە سلێمانی و لەویَ لە گوندی (دیَ کۆن) کە هی شێخ بابا علیی شێخ مەحموود بوو مەلایەکی لیَ بوو لەناو ئەو خەڵکەدا کە لەگەڵما دانیشتبوون، ئەو مەلایە لە باسی خۆیدا ووتی: من هەتا شێخ مەحموود شێخ بوو منیش مەلا بووم لە مزگەوتی گوندەکەی خۆمانا، بەڵام کە شێخ مەحموود دەستی دایە چەک و بوو بە شۆرِشگێرِ لەپێناوی کوردا منیش چەکم هەڵگرت و لە خزمەتیا بووم، کە ئەو وازی لە چەک هەڵگرتن هێنا منیش وازم لە چەک هەڵگرتن هێناو هاتمەوە گوندەکەی خۆم و دەستم کردەوە بە مەلایەتی و بە جووت و گای خۆم ژیانی خاو و خێزانەکەم دەبەم بەرِێوە».

لەڕاستیدا ئەوانەی کە بە مەبەستێکی پاک دوای شێخ مەحموود کەوتبوون زۆربەیان بریتی بوون لە ڕەش و ڕووتی ئاواییەکان و هەندێ ئەفسەرو ڕۆشنبیری کوردی دڵسۆزو جارو باریش هەندێ لە سەرۆک عەشیرەتەکان سا یا هەستێکی نیشتمانی پاڵی پێوە نابوون وەکو ئەوەی هەباسی مەحموود ئاغاو کریم بەگی هەموندو سید محمدی جباری و مەحموود خانی دزلی و کریم بەگی جاف و داود بەگ و عوسمان بەگی شەرفە بەیانی یا هەندێکی تر بۆ مەبستێکی کاتی چووبنە ناو شۆڕشی کوردەوە ئەوانەش بەشداریان کردووە.

شێخ روءف لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«باوکم کە بڕیاری شۆڕش و ڕاپەڕینی دا، چەکدارەکان ڕوویان کردە گەرمیان و بەرلەوەی شەڕی (ئاوباریک) روو بدا لە ناوچەی کرکوکدا نامەیەکی (کاپتن هولت) هات بۆ باوکم و من (شێخ روءف) ئەو نامەیەم وەرگرت و ناردم بۆ باوکم (کاپتن هولت لەو ڕۆژانەدا موستەشار بووە لە سفارتی بریتانیا لە بغداد)، کاپتن هولت لەو نامەیدا بەڵێنی دابوو بە باوکم ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ (پیران) هیچ زیانێکی پێ ناگاو موڵک و ماڵەکەی هەموو دەپارێزرێ، منیش کە نامەکەم نارد بۆ باوکم خۆشم نامەیەکم بۆ باوکم نووسی و بۆم ڕوون کردووەوە کە کار گەیشتۆتە ڕادەیەک هیچ هیواو ئاواتێک نەماوەو ئەوانەی کاتی خۆی بەڵێنیان پێدابووی هاوکاریت لەگەڵا بکەن هەموویان پاشگەزبوونەوە، بەڵام بۆم دەرکەوت نە ئەو کاغەزەی هولت و نە ئەو ڕوونکردنەوەیەی من کاری تێ نەکردبوو، لەدوای چەند ڕۆژێک باوکم وەرامی دامەوە کە نووسیبووی:

«ڕاستە زۆربەی ئەوانەی بەڵێنیان دابوو پاشگەزبوونەتەوە، بەڵام ئەوەی کاپتن هولت هەر وەکو تەڵەو داو وایە چونکە بە گەڕانەوەم بۆ پیران و وازهێنانم لە داواکردنی مافی کورد ناوبانگم دەزڕێت و خەڵک وای لێک دەداتەوە کە من ئەم ڕاپەڕینەم تەنها لەپێناوی سوودی خۆمدا کردووەو بە خۆڕایی وا دەکەم خەڵک بیر لەوە بکەنەوە من بووم بە نۆکەری ئینگلیز».

شێخ روءف دەڵێ:

زۆری پێ نەچوو مەحموود جودت و حامید جودت هەردووکیان گەڕانەوەو خۆیان تسلیمی حکومتی عراق کردو حوکم دران بە دوو ساڵ و ئەشغالی شاقە، بەڵام لەدواییدا بە بڕیاری ملک فیصل بەردران (کاملی حسن ئەفەندی خۆی تسلیم نەکردو مایەوە لەگەڵ شێخ مەحموودداو کە شێخ مەحموود ئاوارەکرا بۆ ناصریە کاملی حسن ئەفەندی تاقە کەسێک بوو کە حکومت لێی خۆش نەبووبوو، هەروا بە دەربەدەری لەو ناوچانەدا مابووەوە هەتا ملک فیصل لەدواییدا کە بە گەشت چوو بۆ پێنجوین وەکو ووتمان چوارباخی پێنجوینی کڕیبوو و چاویشی بڕیبووە بلکیانی مامە رەشە، ئەوسا لەوێ کاملی حسن ئەفەندی چووە لای ملک فیصل لە چوارباخ و لێی خۆش بوو).

شێخ رووءف دەڵێ:

دوای ئەو نامەیەی پێشوو کاپتن هولت جارێکی تریش نامەیەکی تری نارد بۆ باوکم، بەڵام ئەم جارە پێی ووتبوو کە پێویستە بەبێ مەرج خۆی بدا بەدەستەوەو هیچ داخوازییەکی قبوڵ ناکرێ و بە شێخ مەحموودی ووتبوو:

«لە نامەی یەکەمدا داوام لێ کردیت کە بگەڕێیتەوە بۆ (پیران) بەڵام گوێتان نەدایە داخوازییەکەم، ئەم جارەش بە ناوی هەردوو حکومتی بریتانیاو عراقەوە داوات لێ دەکەم کە خۆتان بدەن بەدەستەوە، بەڵام ئەم جارە حکومت خۆی دەسنیشانی جێگەی نیشتەجێ بوونتان دەکا».

باوکم ئیتر لەدوای شەڕی (ئاوباریک) بەناچاری گەڕایەوە بۆ (پیران)و حکومتی ئیران بەرلەوەی باوکم بگاتە ئەوێ هێزێکی ناردبوو بۆ ناوچەی مەریوان و هەموو سەر سنوور لە باوکم گیرابوو، بەو جۆرە کەوتە نێوانی دوو ئاگری عراق و ئێرانەوەو دەس کورتی و کەم دەرامەتی و بێ چەکی و بێ ئازووقەیی تەواو پەکی خستبوو و رۆژ لەدوای رۆژ هەڕەشەی ئێرانییەکانیشی بۆ دەهات...

بەرلەوەی باوکم خۆی تسلیم بکا (کاپتن هولت) چووە پێنجوین و لەوێوە دوا ئنذاری نارد بۆ باوکم و باوکم ناچار بوو خۆی دا بەدەستەوەو لەوێوە بە فڕۆکە نێررا بۆ ناصریەو هەرچی موڵک و ماڵی هەبوو دووبارە دەستی بەسەرا گیرایەوە».

لەڕاستیدا گواستنەوەی شەڕ لە ناوچەی پێنجوینەوە بۆ شارەزوورو لەوێوە بۆ

ناوچەکانی گەرمیان و بۆ دەورو بەری ئاوباریک کە زۆر نزیک بوو لە کرکوک، مەترسیی خستبووە دڵی کاربەدەستانی ئینگلیزو حکومتی عراقەوە لەوەی کە شێخ مەحموود دوور نییە لەوێوە هێرش بباتە سەر کرکوک، بۆیە وەکو لەدواییشدا باسی دەکەین، ئینگلیزەکان دووبارە هێزی ئاسمانیی خۆیان خستە کارو جگە لە سوپای عراقی و پۆلیس، هەندێ لە عەشایریشیان بەکرێ گرتبوو بۆ ئەوەی ئەو راپەڕینەی شێخ مەحموود لەو ناوچانەدا خامۆش بکرێ، بۆیە ئینگلیزەکان لەسەرەتادا لە رێگای کاپتن هولتەوە (وەکو لەوەی شێخ روءفدا باس کراوە) هەوڵیان دا شێخ مەحموود وا لێ بکەن بگەڕێتەوە بۆ پیران بەلاّم لەدواییدا کە شێخ مەحموود پەرێشان کراو لە ئاوباریک کشایەوە ئیتر چاری نەماو خۆی دا بەدەستەوە.

## ٢- شەڕی ئاوباریک و شکاندنی شێخ مەحموود

دواشۆڕشی شێخ مەحموود لە ژیانیا، ئەو شەڕە گەورەیە بووە کە لە نزیکی (ئاوباریک)ەوە روویداوە کە زۆر سەرچاوەی بێگانەو خۆمانە باسی ئەو شەڕەیان کردووە کە حکومەت هەرچی هێزی خۆی بووە لەو ناوچانە کۆی کردۆتەوەو فڕۆکەی ئینگلیز بە بێ ووچان بۆردومانی هێزەکەی شێخ مەحموودیان کردووەو کۆڵیان بە شێخ مەحموود داوەو ناچاریان کردووە ئەو هێزەی کە لەگەڵیا مابوو دووبارە روو بکاتەوە (پیران) لەسەر سنوورو لەوێوە ناچار بوو خۆی دا بەدەستەوەو ئاوارە کرا بۆ خوارووی عراق.

ئەحمەد خواجا لە یاداشتەکانیا دەربارەی ئەو شەڕە دەڵێ(٣):

*«لە کاتێکدا کە لەشکرەکەی شێخ مەحموود لە شارەزووردا لە گەرمەی جەنگدا بوون، لە گەرمیانەوە لە داودەو زەنگنەو دەلۆ و ناوچەی (گل) بە نامە باسی بێزاربوون و وەڕزبوونی خۆیان بۆ شێخ مەحموود ناردبوو کە چەند پەرێشان بوون بەرامبەر بە دەس درێژی و تاوانی فەرمانبەران و کاربەدەستانی حکومەتی عراقی لە ناوچەکانیانداو داوایان لە شێخ مەحموود کردبوو کە شۆڕش لە شارەزوورەوە بگوێزێتەوە بۆ گەرمیان بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد ئەم جارە لەوێوە دەست پێ بکا.*

*شێخ مەحموود بۆ وەرامی داخوازیی ئەوانەی کە لە گەرمیانەوە نامەیان بۆ ناردبوو و هێزەکەی بردە ناوچەی قرەداغ و سەنگاو و چەکدارەکانی کریم بەگی فتاح بەگی جاف و داود بەگی برای تێکەڵ بە لەشکری کورد بوون و گەیشتنە ناو عەشیرەتی زەنگنەو کرکوک کەوتە ژێر هەڕەشەی شۆڕشگێڕان و عەشایری گەرمیان کۆمەکیان کردن و پرۆگرامی شەڕی چەتەگەری سازکرا.*

*لە گەرمیاندا دەسەڵاتی شۆڕش بەهێز بوو، حکومەت زۆر ناوچەی چۆڵ کردبوو، هێزی پۆلیسی عراق لەو ناوچانەدا توانای بەرگرییان نەمابوو... حکومەت ناچار بوو*

سوپایەکی زۆری بە هۆی شمندوفرو بە ئوتوموبیل بە کێش کردو هێزەکەی حکومت گەیشتە کفری و طوزو بەکرێ گیراوەکان بووبوون بە پێشەنگی هێزەکانی حکومت.
شۆڕشگێڕان ماوەیەک مانەوە بۆ حەواندنەوەو لەلایەن (سید مجید)ەوە داوا لە شێخ مەحموود کرا کە بچێتە (ئاوباریک)، ئاوباریک گوندێکی بچووک بوو بەرگەی گرتنەخۆی ئەو لەشکرەی زۆرەی کوردی نەدەگرت لەبەر ئەوە تەنها شێخ مەحموودو چەکدارەکانی خۆی و کریم بەگی جاف و سوارەکانی لە ئاوباریک مانەوە.
بەرێ غایی کوردە بەکرێ گیراوەکان دووبارە ئەمەش هەر وەکو کردەوەکەی موشیری حمەی سلێمانی هەموند لە ساڵی ١٩١٩دا لە دەربەندی بازیان دەسنیشانی شوێنەکانی شێخ مەحموود کراو رۆژی ٥/نیسانی/١٩٣١ لەلایەن دوو فڕۆکەی ئینگلیزەوە ئاوباریک بۆردومان کراو گوندەکە بەر بۆمباو مەترەلیۆز کەوت... جەنگ بوو بە جەنگی دەستەو یەخەو داود بەگی جاف لە شوێنی هەرە پڕ مەترسیدا بوو، شێخ عەلی قەڵبەزە لەناو ئاواییدا لەژێر بۆردومانی فڕۆکەو دەسڕێژی مەترلیۆزدا روو بە رووی هێزی دوژمن بووەوەو شەڕێکی مەردانەو ئازایانەی رزگاریخوازی کرا.
شێخ عەلی قەڵبەزەو (١٨) چەکداری و چەند چەکدارێکی جاف و لە چەکدارەکانی شێخ خۆی کوژراو بریندار هەبوو، لەو شەڕەدا لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزی میری نزیکی (٣٠...) چەکدار دەبوو، لەو شەڕەدا لەشکری کورد سەرکەوت و خۆ ئەگەر لەشکری تالەبانی نەبوایە کە لە کرکوکەوە نێررابوون ئەوا دوور نەبوو کرکوکیش بگیرایە.
بەڵام بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز ئەوەندە کاریگەربوو کە لەشکرەکەی کورد ناچار کرا بکشێتە دواوە بۆ ناوچەی قەرەداغ و لەوێوە بۆ هەورامانی ئەم دیو - هەورامانی لهۆن -».
لەو راپۆرتەی کە حکومتی عراق دابووی بە عصبە الامم (٥٤) دەربارەی ئەو رۆژانە دەڵێ:
«شەڕی ئاوباریک لە رۆژی ٥/٤/١٩٣١دا روویداو لەو راپۆرتەدا (هەر وەکو دوکتۆر کمال مەزهەریش لە کتێبەکەیدا(١٠) هەر باسی ئەو راپۆرتەی کردووە) باسی دلاوەری و ئازایەتیی شۆڕشگێڕانی کورد دەکا هەرچەند لەدواییدا دەسەڵاتی ئەوەیان

نەبووە بەرگەی ئەو سوپا زۆرەو فڕۆکەی ئینگلیز بگرن.

راپۆرتەکە دانی بەوەدا ناوە کە فڕۆکەکانی بریتانیا لە ماوەی دوو رۆژ دوای دەست پێکردنی ئەو شەڕەوە بەبێ پشـوودان دوای هێزەکـانی شـێخ مـەحـمـوود کـەوتن و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندو لە ئەنجامدا شێخ ناچار بوو لە ۱۹۳۱/٤/۲دا خۆی و هێزەکە خۆیان بکەنەوە بەودیو سنووورداو لەو راپۆرتەدا دان بەوەدا دەنێ کە حکومەتی بریتانیا فشاری خستە سەر حکومەتی ئێران کە هێزێک بنێرێتە سەر مەحموود خانی دزڵی و لە ۳۱/مـایس/۱۹۳۱دا گـرتیـان و تسلیـمـی ئینگلیـزیان کـردو نێررا بۆ بغداد».

دوکتۆر جمال نەبەز لە لاپەڕە (۱٥۷)ی کتێبەکەیدا (۱٥) دەربارەی کۆڵدانی شێخ مەحموودو خۆبەدەستەوەدانی دەڵێ:

«شێخ مـەحـمـوود لە ۱۳/٥/۱۹۳۱دا کۆڵی داو ئەم جارەیان بەدەسبەسەری نێررا بۆ بغداد.

لە بغداد حکومەتی عـراقی لە ۲۳/٥/۱۹۳۱دا پەیمانی یاسای زمانە ناوچەییەکانی بڵاوکردەوە بە ناوی یاسای ژمارە (۷٤) کە لە (الوقـائع العراقیـە)ی ژمارە (۹۸۹)ی ۱/ی حزیرانی ۱۹۳۱دا بڵاوکراوەتەوە.

بەپێی ئەو یاسـایە کـورد مـافی ئەوەی پێ درا کـە لـە قـوتابخانە سەرەتاییـەکانا بە زمانی کوردی بخـوێنرێت و فـەرمـانبـەرانی ناوچە کـوردییـەکـان دەبێ زمانی کـوردی بزانن بەڵام ئەم یاسایە تەنها لە سلێمانی هەولێردا کاری کردو لە موصل و کرکـوک و خانقیندا رێگەی ئەوە نەدرا کە لە قوتابخانەکانا بە کوردی بخوێنرێت».

کاک جلال تالەبانی لە لاپەڕە (۱۰۸)ی کتێبەکەیدا (۱۷) دەربارەی شەڕی ئاویاریک و بۆردومانکردنی کوردستان بە فڕۆکەی ئینگلیز دەڵێ:

«لە مـاوەی شۆڕشی کـوردا تا داخلبوونی عـراق بە عـصبە الامم ئینگلیزەکـان مشقی هێزی ئاسـمـانیـی خـۆیان لە کـوردسـتـاندا تاقی کـردەوە، لەبەر ئەوە دەتوانرێ شـێخ مـەحمـوودی سـەرۆکی شـۆڕشگـێڕی کـورد بە مامـوسـتـاو بە فێرکـەری هێزی ئاسـمـانیی غـەیرە رەسمیی ئینگلیز بژمـێررێ کە ئینگلیـزەکـان مشقی هێزەکـانی خۆیان لە شـێخ

*مەحموودا تاقی کردەوە.* (سەیرە، لە نووسینەوەی ئەم چەند دێڕەی جەلال تالەبانی دابووم کاتی چاپکردنی کە ڕۆژنامەی گاردیانی لەندنی ڕۆژی ١٩٩١/١/١٩ لە لاپەڕە (٢٧)دا مقالێکی تیایە بە پێنووسی David Omissi دەڵێ Arther Harris کە لەلایەن دوژمنەکانییەوە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بە (قەساب) ناسرابوو و یەکێک بووە لەو فڕۆکەوانانەی لە سالانی ١٩٢٣-١٩٢٤دا لە بۆردومانکردنی کوردستاندا فێری مەشق کرابوو، ئەو فڕۆکەوانە لەم ڕۆژانەدا مرد).

جەلال تالەبانی لە کتێبەکەیدا باسی محاضرەیەکی کولونیل ویلسنی حاکمی گشتیی بریتانیا دەکا لە بغداد کە لە لندن لە Rayal Asian Association لە ١٩٣٢/١/٨دا داویەتی و ووتوویەتی پیکانی نیشان، لەگەڵ ئەو هەمو شتانەی کە لە (جنیف)دا دەوترێ بۆ لێدانی دانیشتوانی کورد بووە لە ماوەی (١٠) ساڵی ڕابوردا، بەتایبەتی لەم شەش مانگەی دواییدا (مەبەستی شەڕی ئاوباریک و شۆڕشەکانی ناوچەی بارزان بووە).

نهرو لە لاپەڕە (٣٣٤)ی کتێبەکەیدا (لمحات من تأريخ العالم) دەربارەی ئەو بۆردومانانەی ئینگلیز لە کوردستاندا دەڵێ:

*«ئینگلیزەکان بەوەشەوە نەوەستان کە کولونیل ویلسنی حاکمی گشتی باسی کردووە، بەڵکو لەناوبردنی مەڕو ماڵات و ژن و منداڵی سەقەت وەکو مراسلی تایمس باسی کردووە شتێکە هیچ بەڵگەیەکی تری پێ ناوێ، ئینگلیز بەوەشەوە نەدەوەستان، ئینگلیز دەیزانی لە کاتی بۆردوماندا خەڵک خۆیان دەشاردەوە لەبەر ئەوە (قنابل موقوتە)یان بۆ کوردەکان فڕێ دەدایە خوارەوە بۆ ئەوەی لەدواییدا کە هاتنە دەرەوە بتەقێنەوەو خەڵکەکە پان بکەنەوە.*

*مردن شتێکی ڕەحەت بوو بۆ ئەو بۆردومانکراوانە، بەڵام شەلی و سەقەتی و پەک کەوتەیی شتێکی زۆر سامناکترو گرانتر بوو لە مردن».*

دووبارەی دەکەمەوە لێرەدا، وا بزانم ئەمانە هەمووی بە ئاشکرا قوڕێکی زۆر خەست و خۆڵ دەدەن بە ڕووی ئەو ڕەگەزپەرستانەدا کە ووتوویانەو دەڵێن شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بە هاندانی ئینگلیزەکان بووە.

محمود الدره لە کتێبەکەیدا (القضية الكردية) چاپی بیروت ساڵی ١٩٦٩ دەڵێ:

*«دوای ئەوەی شێخ مەحموود چووە (پیران) حکومەت هەوڵی دا ئاسایش بکەوێتە ناوچەکەوە، بۆ ئەو مەبەستە کریم بەگی جافیان راسپارد کە داوا لە شێخ مەحموود بکا واز لە شۆڕش بهێنێت و کە کریم بەگ باسی ئەوەی لەگەڵ شێخ مەحموودا کرد، شێخ مەحموود لە قسەی ئەو لای نەداو پێی ووت: (بێگومان ئەمە دوای گەڕانەوە بووە لە شەڕی ئاوباریک بۆ ناوچەی پیران) ئێمە دەنگی خۆمان گەیاندە عصبە الامم، ئەگەر دوو کەسی بەویژدان لە عصبە الاممدا هەبێ بۆ ئێمە بەسە، با کوشتاریشمان دابێ بەڵام ئێمە تێمان گەیاندن کە کورد بەرامبەر بە دوژمنانی خۆی مل کەچ ناوەستێ، ئەم جارەش بانگی ئازادیمان دا با بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت بەڵام ئەمە دەبێ بە بناغەی دامەزراندنی ئازادی».*

وەکو ئەحمەد خواجا لە لاپەڕە (٩٤و٩٥)ی بەرگی سێهەمی یاداشتەکانیا باسی کردووە کە دەڵێ:

*«داود بەگی جاف لە باسی ئەو شەڕەی ئاوباریکدا دەربارەی ئازایەتیی شێخ مەحموود ووتوویەتی: شێخ مەحموود لە گەرمەی ئەو شەڕەدا ووتی: دەبێ سەبەخۆیی کورد بخەمە پێش مەرگم و دەبێ کورد سەربەست ببێ و کوردستان ئازادبێ...*

*شێخ مەحموود لە گەرمەی ئەو شەڕەدا خۆی بەسەر چەکدارەکانا دەسووڕایەوەو کوژراو و بریندارەکانی دەبینی و هەر وەکو شێر هات و چۆی دەکردو دەجەنگا. لەو شەڕەی ئاوباریکدا ژمارەیەک لە گەنج و لاوە تازە پێگەیشتووەکانی ئەو رۆژانە بەشداریی شەڕیان کرد وەکو باقی نوری بەگ و شفیقی ئەحمەد ئاغاو شێخ رەوفی شێخ صالح و غەفوری سعید ئەفەندی (کە بە غەفوری سعید ئەفەندی دارەگەڕە ناسراوبووە) وە رەشول عبد اللەی دەنگ خۆش و لە ئەفسەرە کوردەکان مەحموود جودت و حمید جودت و کاملی حسن ئەفەندی وە گەلێکی تر».*

لە کۆتایی ئەم باسەی شەڕی ئاوباریکدا ئەم چەند دێڕە شعرەی حمدی صاحبقران پێشکەش دەکەین کە باسی ئەو شەڕەی کردووە (کە ئەمە چەند دێڕێکیتی) دەڵێ:

ئەی وەتەن لوطفا تەواویکە وقوعاتی میلەل

ئەم مەراقە با نەکا بۆ ئاخری نەشری عیلەل

تیٚ بگەن خەڵکینە توخوا، بەس ئیتر تەفرە بخۆن

ئەجنەبی بۆ نەفعی خۆیانە دەکەن دایم حیەل

نامداری کوردو سیٚ ظابط بە هاورِیٚتیی سەلام

کەوتنە مەردانە سەعیی حیرەتم بۆ (فی المثل)

رۆستەمانە گەر بڵیٚم، غەدرە کە رۆستەم هەر بەخەو

کەی طیارە دی بە فیلۆ یا تەقەی طۆپی جبل

حەربی ئاوباریک ئەگەر تصویری بتوانم بکەم

وا دەزانم کورد بە خویٚنی کوردەکان دەیکەن بە دەل

شیٚخ لەگەڵ پەنجا کەسیٚ مەشغولی راحەت بوون بە رۆژ

ئاخری مانگی بەهار بوو، ئاوباریک بوو محەل

یەک فەوج جەیشی عەرەب، حەوت صد نفر پۆلیسی تورک

پیٚشرەوی دووصەد سوارەی تاڵەبانی بۆ جەدەل

دەنگی شەست تیرو تەیارە، قرچەیی تۆپ و تفەنگ

رۆژی حەشریٚ بوو ئەباری هەر وەکو تەرزە ئەجەل

دووکەڵی بۆمبا، تەپ و تۆزی سوارەو گوللە طۆپ

ئاسمانی گرتە بەر، داگیری کرد بورجی (حمَل)

من ووتم: ئەم حەربە تەمسیلی (چناق قلعە)ئەمّا

سەدّ ئەگەر بکرایە ئەطرافی بە طووربیل و بە تەل

هەر بە (لاشە) رەشبەڵەک گیرابوو لەو مەیدانەدا

تاڵەبانی مثلی بت، جوندیی هەژاریش میسلی قەل

(وای نەنەنەی) پۆلیسی تورک و (یومّە یومّە)ی عارەبی

بۆ قەوان هەڵناکەویٚ جاریٚکی تر بەو نەوعە هەل

بەو جۆرە ئەو لاپەڕانەی خەباتی شێخ مەحموودی نەمر کە لە ساڵی ١٩١٨ەوە هەتا ساڵی ١٩٣١ ئاڵای هەڵکردبوو لە ئەنجامی نەخشەو سیاستی حکومەتی برتیبانیادا بە زەبری فـڕۆکـەی ئینگلیـز لەناوبرا، ئەگـەرچی وەکـو لاپەڕەیەکی تێکۆشـان و خـەباتی میللەتـی کورد هەتا هەتایە لەبیـر ناچێتـەوەو نەوەی دوارۆژی کـورد پشـتـاو پشت بۆ یەکتـریی دەگـێڕنەوەو، لەڕاستـیدا ئەگـەر فڕۆکـەی بریتـانیا نەبـوایە قـەت کـورد بەو ئەنجامە سـەختە نەدەگەیشت و هەزار رەحمەت لە گۆڕی پیرەمێردی شاعر بۆ ئەو دێڕە شعرەی کە لەو ڕووەوە ووتوویەتی:

ئەگەر نەبوایە ووڕەی تەیارە حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە

★★★★★

# نیشتەجێ کردنی شێخ مەحموود
# لە شارەکانی عێراقدا ۱۹۳۱ - ۱۹٤۱

دوای ئەوەی شێخ مەحموود هیچ هیوایەکی نەما بە شۆڕشی چەکداری و بەتەواوی کزو کەم درامەت بوو زۆربەی خەڵک لێی تەکینەوە، چاری نەماو خۆی دا بەدەستەوەو ئەم جارە کاربەدەستانی عێراق بە ئارەزووی خۆیان و بە ڕاسپاردەی ئینگلیز هەر جارەی دەیان نارد بۆ شوێنێک.

زۆرم هەوڵدا بەتەواوی ڕۆژی خۆبەدەستەوەدانی و ناردنی بۆ شارەکانی خوارووی عێراق بزانم، بەڵام لە سەرچاوەکاندا هیچیان بە ئاشکرا باسی ئەو ڕۆژەیان نەکردووە بۆیە منیش نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک.

عبد الرزاق الحسنی لە لاپەڕە (۱۳۳)ی بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا (تأریخ الوزارات العراقیة [٦٤]) دەڵێ خۆبەدەستەوەدانی شێخ مەحموود لە کۆتایی مانگی مایسدا یا سەرەتای مانگی حزیرانی ۱۹۳۱دا بووە. عبد الرزاق الحسنی دەڵێ:

*«ملک فیصل بە گرتن و نیشتەجێ کردنی شێخ مەحموود دڵی ڕەحەت بوو وە لە ۱۹۳۱/٦/۲۵دا چووە کرکوک بۆ ئەوەی پاداشت و مدالیا بدا بەو کەسانەی کە لەو شەڕەدا بەشدارییان کردبوو وە لە هەمان ڕۆژدا گەڕایەوە».*

وا بزانم جگە لە ملک فیصلیش (ئەدمۆنس) لەوانەیە بەقەد ملک فیصل دڵخۆش و شادمان بووبێت بە گرتنی شێخ مەحموودو کۆتایی هێنان بە بزووتنەوەکەی...

جارێک لە توفیق وەهبیم پرسی ئایا بەپێی بۆچوونی ئەو، ئەو هۆیە چی بووە کە ئەدمۆنس ئەوەندە ڕقی لە شێخ مەحموودو لە شۆڕشی کورد بووە، کە هەر وەکو باوک کوژراوێک هەڵس و کەوتی کردووە دژی شێخ مەحموودو کورد؟

لە وەرامدا توفیق وەهبی ووتی:

*«ئەوی راستی بێ ئەدمۆنس وەکو فەرمانبەرێکی ئینگلیز ئەوەی کە کردبووی هەمووی بریتی بوو لە بەجێ هێنانی ئەو راسپاردەو سیاسەتەی کە حکومەتەکەی لەسەری دەڕۆیشت بەرامبەر بە کوردو، ئەدمۆنس کوژراوی ئەوە بوو لەقەبی (سێر Sir )ی بدرێتێ بەڵام هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوەو نەگەیشتە مەبەست و نەکرا بە (Sir)».*

شێخ رووفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا دەڵێ[٢١]:

*«باوکم لە سلێمانییەوە لەپێشدا نێررا بۆ بغدادو لەوێوە نێررا بۆ (حلە) بەڵام مدیری پۆلیسی حلە بە نامەی ژمارە (س/٤٩) رۆژی ١٩٣٢/٦/٦ داوای کرد کە شێخ مەحموود بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەوە بوو گوێزرایەوە بۆ (عانە)».*

وا بزانم شێخ رووف لە یاداشتەکەیدا بە هەڵەدا چووە چونکە شێخ مەحموود لەدوای حلە نێررا بۆ ناصریە، ئەوسا لە ناصرییەوە گوێزرایەوە بۆ عانە وەکو لەدواییدا لە گفت و گۆیەک لەگەڵ شێخ بابا علیی شێخ مەحموودا کردم دەردەکەوێ.

هەروەها بەپێی ئەو یاداشتەی شێخ رووف ئەگەر شێخ مەحموود لەپێشدا نێررابێ بۆ حلە وەکو لەو نامەیەدا دەرکەوتووە کە مدیری پۆلیسی حلە نووسیبووی کە لە ١٩٣٢/٦/٦دا نووسیویەتی، بەپێی ئەوە دەبێ شێخ مەحموود لە حزیرانی ١٩٣١-١٩٣٢ لە بغدادو حلەدا مابێتەوە کە بەلای منەو وەکو لە زۆر کەسی ئەو سەردەمەو لە شێخ بابا علیی شێخ مەحموودیشم پرسی ئەو ماوەیە کە ساڵێک بووە نەماوەتەوە لەبەر ئەوە دەبێ نامەکەی مدیری پۆلیسی حلە لە ١٩٣١/٦/٦دا بوویێت نەک ١٩٣٢/٦/٦دا وەکو شێخ رووف باسی کردووە.

شێخ بابا علیی شێخ مەحموود دەربارەی ئاوارەکردنی باوکی بۆ دواجار لە ساڵی ١٩٣١دا دەڵێ:

*«لە ساڵی ١٩٣١دا کە لە مصرەوە گەڕامەوە باوکم لە (ناصریە)بوو لەوێ دەسبەسەربوو و چوومە خزمەتی زۆر پەرێشان بوو بەدەست گەرمای ناصرییەوە، لەبەر ئەوە تەقەلای داو لەوێوە نێررا بۆ (عانە) وە لەوێش هەر چوومە خزمەتی وە لەدوای عانە نێررا بۆ (رمادی).*

شێخ بابا علی لە باسی باوکیا لە (رمادی) ووتی خانووەکەی لەسەر جادەی ڕێگای سوریە و بغدادا بوو، بە زۆری خزمان و دۆستان لە کوردستانەوە دەچوونە لای شێخ مەحموود لەبەر ئەوە هەمیشە ماڵەکەی و بەردەرگای ماڵەکەی زۆر قەڵەباڵغ بوو و ڕۆژێک (أم کلثوم) کە لە سوریەوە دەچێت بۆ بغداد بەبەر ماڵەکەدا تێپەڕ دەکاو دەپرسێ ئەو قەڵەباڵغییە چییە لە وەڵامدا پێی دەڵێن ئەوە ماڵی زەعیمی کوردە کە ئاوارەیەو لێرە نیشتەجێ کراوەو کە باسی شێخ مەحموودی بۆ دەکەن (أم کلثوم) دادەبەزێ و دەچێتە لای شێخ مەحموودو خۆی تقدیم دەکاو شێخ مەحموود بۆ پێکەنین دەڵێ: بۆ یادگارو بۆ مێژوو شتێکی خراپ نییە ئەگەر گۆرانییەکمان بۆ بڵێی... ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێ: ئێرە شوێنی گۆرانی ووتن نییە... گۆرانیش شوێنی خۆی هەیە.

باوکم لە ساڵی ١٩٣٣دا لە (رمادی)یەوە هێنرایەوە بۆ بغدادو لە گەڕەکی (أعظمیە) نیشتەجێ کرا».

کاک علی کمال بەگ لەو ڕۆژانەدا مدیری شرطەی بغداد بووە، دەربارەی بیرەوەریی خۆی لەو ڕۆژانەی کە ئەو لە بغداد بووەو شێخ مەحموود لە اعظمیە بووە لێم پرسی و لە وەڵامدا ووتی:

«شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٣٣دا لە رمادی بوو، هەوڵی دابوو کە بێتە بغداد، ڕۆژێک (حکمت سلیمان) لێی پرسیم کە ئایا هیچ جۆرە بەرهەڵستییەک هەیە کە ڕێگا لەوە بگرێ شێخ مەحموود لە رمادییەوە بهێنرێتە بغداد منیش لە وەڵامدا ووتم: نەخێر هیچ جۆرە بەرهەڵستییەک نییەو بە هاتنی بۆ بغداد هیچ کێشەیەک پەیدا نابێ...

حکمت سلیمان پێی ووتم: کەواتە ڕاپۆرتێک بنووسە لەو ڕووەوەو ئەو ڕاپۆرتەم بۆ بنێرە چونکە بۆ هەمان مەبەست داواشم لە (حنا خیاط)ی مدیری عامی صحە کردووە ئەویش ڕاپۆرتێک بنووسێت کە وا شێخ مەحموود ناساغەو لە (رمادی) تیمار ناکرێ و پێویستی بەوە هەیە کە لە بغداد دابنیشێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ملک فیصل لەو ڕووەوە پرسی پێ کردم هەردوو ڕاپۆرتەکە بکەم بە بەڵگە بۆ وەڵامدانەوەی

*ملک فیصل، بەو جۆرە شێخ مەحموود لە رمادییەوە هاتە بغداد».*

دەربارەی گوزەرانی شێخ مەحموود لە بغدادو ئەو بیرەوەرییانەی کە باسی شێخ مەحموودیان کردووە لەو ماوەیەدا کە لە بغداد بووە زۆر لەوانەی سەردەمی لاوێتیی ئێمە باسی شێخ مەحموودیان دەکرد کە لە بغداد هەر وەکو جاران لە گاڵتەو گەپی خۆی نەکەوتووەو حەزی بە نوکتەو قسەی خۆش بووەو هەمیشە تامەزرۆی کۆڕی کوردەواری بووە...

شێخ رووفی شێخ مەحموود دەربارەی ئەو رۆژانەی کە باوکی لە بغداد بووە لە یاداشتەکانیا دەڵێ(۲۱):

*«باوکم لەگەڵ ئەوەشدا وازی لە هەموو شتێک هێنابوو لە بغداد، بەڵام هەر لە هێرش و پلانی کوشتنی رزگاری نەبوو، بۆ ئەوە نموونەیەکی سەیری هێناوەتەوەو دەڵێ:*

*کە بکر صدقی لە ساڵی ۱۹۳٦دا هاتە سەرکارو بوو بە دەس رۆیو، زۆر کەسی کوردی هەلپەرست لێی نزیک بوونەوەو هی وایان هەبوو چووبووە بن کلیشەی بکر صدقییەوەو پێیان ووتبوو ئەگەر رۆژێک لە رۆژان وویستی شتێک لە کوردستاندا بکا، دەبێ بەرلەوە هەرچی دەسەڵاتدار هەیە لەناویان ببا نەوەکو ئەوانە بەرەنگاری ببنەوەو بۆ ئەوە هانیان دابوو کە باوکم لەناوبباو بۆ ئەو مەبەستە (مەحموود جودت) کە لەدواییدا تێکچووبوو مێشکی تەواو نەبوو و زۆر هەڵشەو سەرچڵ بوو، هەرچێکی داوا لێ بکرایە سێ و دووی لێ نەدەکردو چاوی نەدەترساو دەیکرد.*

*باوکم یەکێک بوو لەوانەی کە حسابی لەناوبردنی کرابوو ئەو کارە سپێررابوو بە مەحموود جودت. رۆژێک باوکم بە ئوتومبیلەکەی لە (باب الشرقی) مەحموود جودت دەبینێت و سواری دەکاو لەرێگا مەحموود جودت دەست دەکا بە قسەی هەلەق و مەلەق و باوکم تاوانبار دەکا کە خیانەتی لە کورد کردووە لە مسئلەی کوردا، بەڵام شۆفێرەکەی باوکم ووریا دەبێ و بەرلەوەی مەحموود جودت دەس ببا بۆ دەمانچەکەی، شۆفێرەکە دەمانچەکەی دەدا بە شێخ مەحموودو دەیخاتە سەر پەلەپیتکەو بەزۆر مەحموود جودت لە ئوتومبیلەکە دا دەبەزێنێت، ئەوە بوو مەحموود جودت تەواو نەبوو مێشکی تێکچووبوو لەسەر قسەیەک (عبد القادر سنوی) کوشت و هەتا بکر*

*صدقی مابوو هیچیان لیٚ نەکرد بەلاٚم کە بکر صدقی کوژرا مەحموود جودت لەسەر ئەوەی عبد القادر سنویی کوشتبوو درا بە دادگاو بڕیاری خنکاندنی دراو هەڵواسرا».*

شیٚخ روءف لە یاداشتەکانیا لەسەری دەڕواو دەڵیٚ:

*«لەدوای چەند ساڵیٚک (علی غالب الاعرجی) کە موستەشاری بکر صدقی بوو جاریٚک بۆی گیٚڕامەوە کە چۆن لەبەر چاوی خۆی بکر صدقی مەحموود جودتی راسپاردبوو کە شیٚخ مەحموود بکوژیٚ دوای ئەوەی میٚشکی پڕکردبوو بۆ ئەوەی جاریٚکی تر نەوەکو ئەگەر مسئلەی کورد هەڵیدایەوە شیٚخ مەحموود تیٚکی بدا».*

ئەوەی لەو یاداشتەی شیٚخ روءفدا دەردەکەویٚ باسی ئەوە دەکا کە لە هەندیٚ سەرچاوەدا باسی ئەوە کراوە کە گوایا بکر صدقی نیازی شتیٚکی هەبووە کە بیکا لە کوردستانداو بکر صدقی وویستوویەتی حکومەتیٚکی کوردی دروست بکات...

بەلاٚم لیٚرەدا پرسیاریٚکی زەق دیٚتە پیٚشەوە ئەویش ئەمەیە:

تۆ بڵیٚی بکر صدقی کە هیٚزی سوپای عراقی بەدەست بووە لەو رۆژانەدا بەتەمای ئەوەبوویٚ بەو هیٚزی سوپای عراقە حکومتیٚکی کوردی دروست بکا، کە ژمارەیەکی ئیٚجگار زۆر لە ئەفسەرە گەورەکانی ئەو رۆژانەی ناو سوپای عراق رەگەزپەرست بوون و دژی کورد بوون و هەر بوونی بکر صدقی لەو پلەو پایەی ئەو رۆژانەدا بەس بووە بۆ ئەوەی پلانی کوشتنی ساز بکەن هەر وەکو ئەوەی کە کردیان لە موصلداو بکر صدقییان کوشت؟

شتیٚکی تر دیٚتە پاڵ ئەو راستییەش کە ئەوەیە پەیمانی (سعد آباد) کە لە نیٚوانی عراق و تورکیاو ئیٚراندا مۆر کرا ناوەڕۆکی ئەو پەیمانەو مەبەستی سەرەکیی ئەو پەیمانە بۆ ئەوە بووە کە هەر تەقەلایەک کە کورد بیدا بۆ بەرپاکردنی شۆڕشیٚک یا جم و جوڵیٚک لە هەر بەشیٚک لە بەشەکانی کوردستاندا لاکانی تر بەشداری بکەن لە پانکردنەوەی ئەو شۆڕش و جم و جوڵەی کوردا.

جگە لەوە دەبیٚ ئەوەشمان لەبەرچاو بیٚ کە مۆرکردنی ئەو پەیمانی سعد آبادە لە رۆژانی دەسەلاٚتداریەتیی بکر صدقیدا بووە کە سوور زانیویەتی ئەو پەیمانە بەزۆری دژی کورد سازکرابوو (یا مەگەر بوتریٚ، بکر صدقی لەوەدا خوی وا پیشان نداوە

که هیچ هەستێکی کوردایەتیی هەبووبێت بۆ ئەوەی مەبەست و ئامانجەکەی ئاشکرا نەبێت هەتا کاتی دەست پێ کردن بە بەجێ هێنانی نەخشەکەی کە ئەمەیان شتێکی ترە).

لەپێش مردنی توفیق وەهبیدا لەسەرەتای ساڵی هەشتاکانا لە لەندن دەمزانی توفیق وەهبی کاتی خۆی زۆر دۆست و لایەنگری بکر صدقی بووەو لەدوای کوشتنی بکر صدقی لەوانەی کە بەر غەزەبی عیراق و دەس رۆیوەکانی ئینگلیز لە عێراقدا کەوتبوون توفیق وەهبی بوو کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە کارو باری میری دوورخرایەوە بە هۆی ئەو دۆستایەتیەی لەگەڵ بکر صدقیدا هەیبووە. لە هەندێ کەس دەبیسرا کە بکر صدقی هەستی نەتەوایەتیی هەبووەو لەژێرەوە خەریک بووە شتێک بۆ کورد بکاو هەندێکی تریش دەیان ووت ئەگەر هەستێکی واشی هەبووبێت کەس لێی نەبیستووە کە ئەو هەستەی دەربڕیبێ... پرسیارێکم لەو رووەوە لە توفیق وەهبی کرد لە وەرامدا ووتی:

*«بەڕاستی من بکر صدقیم خۆش دەویست چونکە تاقە کوردێک بوو کە چاونەترس و لێهاتوویێ و ئومێدی ئەوەی لێ بکرێ شتێک بکا بۆ کورد، هەرچەند لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکرد کە کوردە بەڵام بەبیرما نایە بە هیچ جۆرێک رۆژێک لە رۆژان باسی شتێکی کردبێ کە بۆنی ئەوەی لێ هاتبێ کە بەدەستییەوە بووبێ شتێک بکا بۆ دروست بوونی حکومەتێکی کوردی و لەڕاستیدا من و چەند کوردێکی تر کە لێی نزیک بووین لە دانیشتەکانا لە باسی خوادنەوەو قومار بەولاوە باسی سیاسەت نەدەکرا جا نازانم مەگەر نەی ویستبێت لای هیچمان بی درکێنێت».*

بەلای منەوە ئەوەی شێخ روءفی شێخ مەحموود بیری لێ کردۆتەوە کە لەو رۆژانەدا بکر صدقی هەوڵی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی داوە پەنای بردۆتە بەر کتێبەکەی (گروبە) کە سفیری ئەڵمانیا بووەو شێخ روءف لە یاداشتەکانیا باسی کردووە، گروبە لەو کتێبەیدا کە بە ناوی (العراق فی مذکرات الدبلوماسیین الاجانب) کە بە عەرەبی دەرچووەو شێخ روءف باسی کردووە دەڵێ:

*«رۆژێک بکر صدقی بە شێوەیەکی نهێنی پلانێکی بۆ باس کردم (بۆ گروبەی*

*سفیری ئەڵمانیا) کە لەو رۆژانەدا بکر صدقی پەیوەندیی بەهێز کردووە لەگەڵ ئەڵمانیاو ئیتالیادا دەربارەی چۆنیەتیی پارێزگاری کردنی کوردستان و پێی ووتم من کوردم و هەوڵی دروستکردنی حکومتێکی کوردی دەدەم کە کوردەکانی هەموو عراق و ئێران و تورکیا بگرێتەوەو پێویستە کە ئەو دەوڵەتە کوردییە پێک هات بتوانیت بەپێی ئەو نەخشەیە پارێزگاریی لە دەوڵەتەکەی خۆی بکات و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ لە دەس درێژی کردنی دراوسێکانی و پێی ووتم (بە گروپە) کە ئەمە باسێکی زۆر گرنگەو دەمێکە لە دڵ و مێشکما جێگیر بووە.*

*گروپە دەڵێ: ئەوە یەکێک بووە لەو هویانەی کە بکر صدقی داوای ئامادەکردنی راپۆرتێکی لێ کردم کە لەلایەن شارەزایەکەوە ئامادە بکرێ بۆ ئەو مەبەستە.*

*گروپە دەڵێ: بەلاّم ئەوەی کە بکر صدقی پێی ووتبووم کە پێویستە توانای ئەوە هەبێت پارێزگاری لە خۆی بکات ئەگەر هات و ئینگلیزەکان بغدادیان گرت ئەوەی بکر صدقی بۆ شوێنە وونی بووەو وا دیارە بکر صدقی ئەو باسە نهێنییەی هەر تەنها لای من (گروپە) باس کردبوو و لای هیچ کەسێکی تر باسي نەکردبوو».*

لێرەدا بۆچوونێکی تر دێتە پێشەوە: تۆ بڵێی بکر صدقی حسابی ئەوەی نەکردبێ ئەگەر ئینقلابی کردو سەری نەگرت و ناچار بوو بچێتە کوردستان لەوێ شێخ مەحموود وا لێ نەکرێ بەرەنگاری بێتەوە؟

دەربارەی شێخ مەحمود کە لەو ماوەدا لە بغداد بووە، شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیاندا جگە لەو برینەی کە قاچی بە شیری سەربازێکی (گورگە) لە بن بەردەقارەمانا لێ درابوو، جگە لەوە گوللەیەکیشی بەرکەوتبوو کە لە نزیکی سیوجگەریا جێگیر بووبوو، هەرچەند ئەو گوللەیەی کە مابووەوە ئازاری نەبووە بەلاّم وەکو خۆی بۆ زۆر کەسی باس کردووە هەمیشە هەستی بە قورساییەک کردووە لەبەر ئەوە هەوڵی داوە کە لە بغداد بووە بتوانرێت ئەو گوللەیە لە لەشی دەربهێنرێت.

(سندرسن پاشا) کە دوکتۆری تایبەتیی خێزان و بنەماڵەی ملکی عراق بووە لەنێوانی ١٩٢٨- ١٩٤١ لەو یاداشتانەیدا کە (سلیم طه التکریتی) ترجمەی کردووە بە عەرەبی و لە بغداد چاپکراوە باسێکی تیایە دەربارەی شێخ مەحموود دەڵێ:

*«جارێک شێخ مەحموود لە بغداد هاتە لام کە گلەیی لە نەخۆشی و ناساغیی لەشی خۆی دەکرد، منیش ساتێک (أشعە)م گرت تەماشام کرد گوللەیەک کە ساتی خۆی لێی درابوو هەر لە شوێنی خۆیدا مابووەوە، منیش بە شێخ مەحموودم ووت: ئەو گوللەیە تازە شوێنی خۆی گرتووەو هیچ مەترسییەکی نییە لەبەر ئەوە وازی لێ بێنەو دەسکاریی مەکەو نەورووژێنەرێ باشترە.*

لە وەرامدا شێخ مەحموود پێی ووتم:

*«ئێوە گوللەکانیشتان هەر وەکو خۆتان وایە، کە چووە جێگەیەکەوە ئیتر هەر وەکو خۆتان چۆنن ئەویش بەو جۆرە واز لەو جێگەیە ناهێنێت».*

کە ئەوەم لای شێخ بابا علیی شێخ مەحموود باس کرد ووتی:

*لەڕاستیدا سندرسن لەو کتێبەیدا دوو درۆی کردووە.*

یەکەم : باوکم بۆ تیمارکردن و ئەشعەگرتنی لەشی قەت نەچووەتە لای سندرسن، بەڵکو من خۆم ئاگام لێیەو لەگەڵیا بووم کە بۆ ئەو مەبەستە چۆتە لای (دوکتۆر گراهام) کە دوکتۆرێکی ئینگلیز بوو لە بغدادو دوور نییە دوکتۆر گراهام ئەو قسەیەی باوکمی بۆ سندرسن گێڕاوەتەوەو سندرسن بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە.

دووهەم : سندرسن لە کتێبەکەیدا دەڵێ: یەکێک لە خزمەکانی شێخ مەحموود کە قوتابیی کلیەی طبیە بوو (سندرسن لەو ڕۆژانەدا عمیدی کلیەی طبیەی بغداد بووە) لەدوای دەرچوونی ئەو خزمەی شێخ مەحموود من دامەزراند بە دوکتۆر.

بابا علی لە وەرامی ئەوەشدا دەڵێ: لەو ڕۆژانەدا هیچ خزمێکی وامان نەبووە کە لە طبیە دەرچووبێت، ئەگەر مەبەستی من بووبێت کە تەنها یەک ساڵ لە طبیە دەوامم کردو لەدواییدا وازم لێ هێناو چووم بۆ امریکا ئەوە من قەت نەبووم بە دوکتۆر.

★★★★★

# گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان لە کاتی شەڕی رشید عالیدا ساڵی ١٩٤١

کە شەڕی رشید عالی لە ساڵی ١٩٤١دا قەوماو وصی (عبد الاله) لە ١٩٤١/٤/١دا بغدادی بەجێ هێشت شێخ مەحموود ئەو شەڕەی بە هەل زانی و گەڕایەوە بۆ کوردستان.

دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود هەندێ کەس ئاگاداری چۆنیەتیی گەڕانەوەی بوون و یەکێک لەوانەی کە ئاگادار بووە محمد فهمی سعیدی قائد فرقەی عراق بووە لەو شەڕەی کە لە ناوچەی فلوجەدا کراوەو لەدواییدا ئیعدام کرا کە شێخ مەحموودی ئاگادار کردبوو لە هەڵگیرساندنی شۆڕشێک دژی ئینگلیز وەکو لەدواییدا باسی دەکەین.

گەلێک سەرچاوە باسی چۆنیەتیی دەربازبوونی شێخ مەحموودیان کردووە لە بغدادەوە کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و گەلێک سەرچاوەش باسی هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموودیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەم باسەم کرد بە دوو بەشەوە:

١ـ چۆنیەتیی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان و نیشتەجێ بوونی لە گوندی (داریکەلی).

٢ـ هۆی گەڕانەوەی بۆ کوردستان.

# ١- چۆنیەتیی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان

وەکو بیرەوەرییەکی سەردەمی لاوێتیی ساڵی ١٩٤١ لەبیرمە قوتابیی پۆلی دووەمی قوتابخانەی ناوەندی بووم لە سلێمانی، ووتیان شەڕو هەرایە دژی ئینگلیز، زۆری پێ نەچوو لەبەر مزگەوتی گەورەدا مەلاکان کۆبوونەوەو فتوای (غەزا) دراو (مام رەحیمی کۆڵەبی)کە فەڕاشی قوتابخانەکەمان بوو بە خۆی و سمێڵە قیتەکەیەوە تفەنگێکی کۆنی حسکەی زەمانی عوسمانیی هەبوو لە کەپری ناو باغی قوتابخانەکەدا هەڵی واسیبوو ووتی: شێخ مەحموودی خۆشمان دێتەوەو ئەم جارە ئێمەش ناومان یەتەوە ناو ناوان.

لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ کاک علی کمال بەگ کە لە ساڵی ١٩٤١دا لە بغداد ئەندامی مجلسی نوابی عراقی بووە دەربارەی ئەو رۆژانەی کە هەرای رشید عالی قەوما ووتی:

*«کە شەڕی رشید عالی هەڵگیرسا، لە بغداد بووم شێخ مەحموود هاتە لام و بۆ شایەتی قسەکەم لەو رۆژەدا دوکتۆر ئیبراهیم (ئیبراهیم حلمیی کوڕی حاجی فتاح)یش لەوێ بوو، بە شێخ مەحموودم ووت: وا خەریکە دەقەومێ و هەل و دەرفەتێکی زۆر باش و لەبارە بۆ ئێوەش خۆت دەرباز بکەو بگەڕێرەوە بۆ کوردستان، بەڵام شێخ مەحموود لەو رۆژەدا بە هیچ جۆرێک وەڵامی ئەوەی نەدامەوە.*

*لەدوای هەفتەیەک من چوومە زیارەتی شێخ مەحموود لە أعظمیە کە تەماشام کرد ماڵەکەی رووت و قووتەو هیچ کەل و پەلێکی تیادا نەمابوو، کەسی لێ نەبوو هەر خۆمان بووین پێم ووت وا دیارە بەتەمای رابکەی و بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان و بە گاڵتەوە پێم ووت بەخوا ئەوا دەچم خەبەرت لێ دەدەم...*

*بە شێخ مەحموودم ووت: وا من بەرلەتۆ دەچمە سلێمانی و لەوێ چیت دەوێ و چ راسپاردەیەکت هەیە ئاگادارم بکە ئامادەم بەجێی بێنم، لە وەرامدا شێخ مەحموود ووتی: کە گەیشتیتە سلێمانی بە لطیفی کوڕم بڵێ هەرکاتێک رام سپارد (٧٠)*

*سوارم بۆ بنێریت بۆ (کنگربان)و لەوێ چاوەڕێم بکا.*

*منیش کە چوومە سلێمانی راسپاردەکەی شێخ مەحموودم گەیاند بە شێخ لطیفی کوڕی و دوای ئەوە لەو رۆژەدا کە شێخ مەحموود دەسنیشانی کردبوو شێخ لطیف سوارەکانی نارد بۆ باوکی».*

دەربارەی ئەوەی کە کاک علی کمال بۆی باس کردم، عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا ـ تأریخ الوزارات العراقیە لە لاپەڕە (٣٤)ی زنجیرەی (٦)ی کتێبەکەیدا دەڵێ(٦٤):

*«لە بغداد جارێک چوومە لای علی کمال کە لەو رۆژانە نائبی سلێمانی بوو لە مجلسی نوابدا ووتی شێخ مەحموود رۆژی ١٩٤١/٥/١١ ماڵەکەی چۆڵکردو خۆی ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ سلێمانی من (علی کمال)ی راسپارد کە بە شێخ لطیف بڵێم (٣٠..) سوار بنێرێت بۆ کنگربان (لە گفت و گۆدا کاک علی کمال ووتی وا دیارە عبد الرزاق الحسنی بە سەهوودا چووە چونکە شێخ مەحموود داوای (٧٠.) سواری کردبوو».*

علاء الدین السجادیش لە کتێبەکەیدا (شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عراق ـ چاپی ساڵی ١٩٥٩) دەڵێ:

*«لە مانگی مایسی ١٩٤١دا کە هەرای رشید عالی دەستی پێ کرد شێخ مەحموود ئەوەی بە هەل زانی و لە بغدادەوە رووی کردە بعقوبەو لەوێوە (فەقی حسین)و (عزیز مەحموود) کە لە دۆستە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموود بوون وولاغیان بۆ هێناو شێخ مەحموود بەرەو داریکەلی رۆیشت».*

لە باسێکدا کە لەلایەن ئیبراهیم باجلانەوە دەربارەی یاداشتەکانی ئەو (فەقی حسین)ەی کە علاء الدین السجادی ناوی هێناوەو لە گۆڤاری رۆشنبیری ژمارە (١٢١)ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٩ لە بغداد بڵاوکراوەتەوە کە ئیبراهیم باجلان بە درویش حسین ناوی هێناوە دەڵێ:

*«درویش حسین لە کۆمپانیای نەوتی (چیاسورخ) لە ناوچەی (قۆرەتو)دا کانتین چی بووەو لە ساڵی ١٩٧٨دا کۆچی دوایی کردووە. ئەو درویش حسینە وەکو ئیبراهیم*

باجلان دەڵێ: یاداشتەکانی جێگای متمانەن چونکە کات بە کات و ڕۆژ بە ڕۆژ یاداشتەکەی تۆمار کردووە.

وەکو لە باسەکەدا دەردەکەوێ یاداشتەکەی کردووە بە دوو قۆناغەوە یەکەم باسی تدبیرکردن و ڕێ خۆشکردن بۆ دەربازبوونی شێخ مەحموود لە بغداد، دووهەم: باسی چۆنیەتیی دەربازبوون لە بغداد.

درویش حسین لە یاداشتەکانیا دەڵێ:

«لە ٢٢/١١/١٩٤٠دا (یەعنی بەرلە پێنج مانگ لە ڕوودانی شەڕی رشید عالی) چوومە خزمەت شێخ مەحموود لە بغداد بۆ سەردان و شێخ فەرمووی: ئێوە پیاوی دڵسۆزی کوردن، لە بغدادەوە هەتا سلێمانی هەمووی دوو سەدو پەنجا کیلومترە، ئێوە ناتوانن راوێژی بۆ من بکەن کە چۆن و لەکوێوە لە بغداد دەربچم».

بەپێی باسەکەی ئیبراهیم باجلان دەڵێ:

درویش حسین عەرزی شێخ دەکا کە لەم کاتەوە ئامادەیە بۆ هەموو فەرمانێکی. درویش حسین دەگەڕێتەوە بۆ خانقین و ئاگاداری (درویش عزیزی مەحموود جاف)ی هاوڕێی دەکاو پێکەوە دەچنە خزمەت شێخ مەحموودو دوای ئەوە درویش حسین چۆتە سلێمانی لە ١/١/١٩٤١دا وە دەڵێ لە سلێمانی ئیشی خۆمم تەواو کرد (کە بێگومان لەوێ دەبێ پەیوەندیی بە شێخ لطیفی شێخ مەحموودەوە کردبێ)و لە سلێمانییەوە گەڕاوەتەوە بۆ (چیاسورخ)و دەڵێ کە چووینەوە خزمەت شێخ مەحموود فەرمووی جارێ من چاوەڕوانی هەلێکی لەبار دەکەم بۆ گەڕانەوەو منیش گەڕامەوە بۆ خانقین.

ڕۆژێک لە خانقین (خلیفە محمد ئەمین) ناوێک کە خلیفەی شێخ عبد الرحمن شێخ غفور بوو چووبووە خزمەت شێخ و کە گەڕایەوە پێی ووتم شێخ دەفەرموێ بەبێ دواکەوتن بێت بۆ بغدادو منیش چوومە خزمەتی لە بغدادو (١٥) ڕۆژ لای مامەوە لەو ماوەیەدا خەریکی دەرچوون بووین بەڵام سەرنەکەوتین.

عەرزی شێخم کرد دوو هاوڕێی ترم هەیە (عزیز مەحموود)ی مکایەلی و محمد سالم سلیمان کە جێی متمانەن و هاتمە خانقین و باسی بیرکردنەوەو پیلانی

دەربازبوونی شێخم لەگەڵا کردن و عزیز ووتی: من لەگەڵتا نایەم بۆ بغداد بەڵام لە هەر کوێ بڵێی لەوێ وولاغت بۆ ئامادە دەکەم و لەگەڵیا ڕێک کەوتین کە لە (سەرقەڵا) لە ماڵی عزیز خانی کوڕی ئیبراهیم خانی دەلۆ چاوەڕێم بکاو ڕێکەوتین ئەگەر لە بغداد دەرچووم تلفون بکەم بۆ ماڵی (حەمەی حەمەخان) لە کفری، ڕۆژی دوایی چووینە لای شێخ عزیزی ئەلیپەکان لە دێی (خوڕخوڕ) لە ناوچەی (قۆرەتوو) کە خاوەن تەکیەو دیوەخان بوو ئەویش ماینێکی بۆ شێخ مەحموود دانابوو هەردوو وولاغەکەم دا بە عزیز مەحموودو دوو کەسی تری لەگەڵا بوو کە (حەمەی سلیمان)و (وەلی) بوون.

ڕۆژی سێشەممە ١٩٤١/٥/٢ سەعات دەی عەرەبی لە بغداد دەرچووین و لە سعات سێدا گەیشتینە (سەرقەڵا) کە لە بغدادەوە تا سەرقەڵا پێنج سەعات بوو لە سەرقەڵاوە بۆ (کوزەی روغزایی) لە سەعات حەوت سواربووین و سەعات (٩,٥) گەیشتنیە ماڵی عزیز مەحموود لە (پەلە ووشک) دانیشتین بۆ چاخواردنەوەو سەعات ١١,٥ لەگەڵ مەفرەزەی پۆلیس کەوتینە شەڕەوە. دوو ئەسپ لە پۆلیس کوژراو رایان کرد، دوای ئەوە سواربووین و سەعات (٩)ی بەیانی گەیشتینە ئاوایی (درۆزنە).

نوێژی عەسرمان کردو سواربووین لە ماڵی شێخ (ئەحمەد عیسی) سەرکاری (درۆزنە) خزمەتێکی چاکیان کردین و نوێژی مەغرب گەیشتینە (بانی مورت) لە ماڵی (شێخ مصطفی شێخ عبد القادر).

لەدوای چاخواردنی بەیانی سواربووین بەرەو کەژی (سەگرمە) لەسەر کانی و ئاوێک شێخ مەحموود فەرمووی پارە بدە بە نەفەرێک لە ئاوایی مەڕێک بکڕێ و شەکرو چاتان ئامادە بکەن نان دەخۆین ئەوسا لەم کەژەوە دەڕۆینە خوارەوە. لەو کاتەدا ئەم هۆنراوەیەشم وەکو موبارەک بادی حضرتی شێخ نووسی:

هەوای بەرانان و هەوارانی تۆ
ڕەنگینە بە شەوق شجاعتی تۆ
کوردان بەدبەخت بە قوربان، بۆ

*سەعات (٩,٥)ی عەرەبی نوێژی عەسرمان کردو سواربووین بۆ (نەوتی)و شەو سەعات پێنجی عەرەبی گەیشتینە نەوتی تا سەعات (٨)ی رۆژ سواربووین بۆ (سۆڵە). لە سەعات (١٠) عەرەبیی بەیانی گەیشتینە سۆڵە ئەو شەوە لەوێ ماینەوەو رۆژی دوایی سەعات (٨) سواربووین بەرەو شارباژێرو سەعات (١٢) گەیشتینە سەر چەمی تانجەرۆ، نوێژی مەغریبمان کردو سواربووین، سەعات (٣)ی عەرەبی گەیشتینە (خراجیان) لەوێ نان و ماستمان خواردو من و دوو سواری تر وون بووین و کەوتینە رێ و سەعات (٨)ی عەرەبی لە دەشتی (سیتەکە کۆن) سێ ماڵمان دۆزییەوە کە بە گەڵای دار بەڕوو دروست کرابوون.*

*من و عەزیز دوو مانگ لە خزمەت شێخدا ماینەوە، لەدوای دوو مانگ عەفوی حکومەت دەرچوو و ئێمەش گەڕاینەوە شوێنی خۆمان».*

سەیر ئەوەیە لەو یاداشتەی درویش حسیندا باسی ئەو سوارانەی نەکردووە کە شێخ مەحموود داوای لە شێخ لطیفی کردووەو بێگومان ئەگەر سوارەکانی شێخ لطیف نەش گەیشتبنە کنگربان بەڵام لە رێگا هەر بە یەک گەیشتوون، بەوەدا کە درویش حسین دەڵێ لە تانجەرۆوە ئێمە رێگەمان لێ وون بوو کە دیارە شێخ مەحموود لەگەڵ سوارەکانی شێخ لطیف رووی کردۆتە سیتەک.

دەربارەی ئەو یاداشتەی درویش حسین لە شێخ بابا علیی شێخ مەحموودم پرسی ووتی لەڕاستیدا من ئەوەی ئەو بەو دوورو درێژییە باسی کردووە نەم بیستووە بەڵام ئەو درویش حسینەو هاوڕێیەکیشی کە باوکم هاتەوە ئەوانەشی لەگەڵا بوو ماوەیەک لە سیتەک باوکم هێشتنیەوەو کە ترسیان لەسەر نەما ئەوسا گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان.

لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٦٩)ی بغداد ساڵی ١٩٨٧ باسێکی تیایە دەربارەی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە بغدادەوە بۆ کوردستان دەڵێ:

*«هێزێکی پۆلیس بە سەرۆکایەتیی (جار الله) ناوێک دەنێررێ بۆ ئەوەی شێخ مەحموود بگرێ، ئەو هێزە کە دەگەنە گوندی (تەپە گەرووس) لەوێ تووشیان بە تووشی شێخ مەحموودەوە دەبێ، شێخ بە چەکدارەکانی خۆی دەڵێ: پۆلیس مەکوژن،*

ئەگەر هێرشیان هێنایە سەرتان تەنها هەوڵ بدەن ئەسپەکانیان بکوژن، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەسپی (٣) پۆلیس دەکوژن و پۆلیسێک بریندار دەبێ و مەفرەزەکە بە شکاوی بەرەو کفری دەگەڕێتەوە، لەدوای ئەو کورتە شەڕە، شێخ مەحمودو چەکدارەکانی دەچنە گوندی (بانی مورد)ی شێخ عبد القادری گۆپ تەپە (کە بە شێخ عبد القادری گوللەنەبڕ ناوبانگی دەرکردووەو لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودا زۆر جار باسمان کردووە). لە ڕێگا چەکدارێکی زۆر لە شێخ کۆ دەبنەوە (کە درویش حسین باسی ئەوانەشی نەکردووە)و حکومەت هێزێکی گەورە ئامادە دەکا کە بینێرێ بۆ ئەوەی ڕێگا لە شێخ مەحمود بگیرێ، بەڵام شێخ مەحمود نامە دەنێرێ بۆ متصرفی کرکوک و سلێمانی و ئاگاداریان دەکا کە ئەو بۆ شەڕو بۆ هیچ شتێکی تر نەهاتۆتەوەو شەڕی ناوێ و تەنها دەیەوێ بچێتەوە شوێنی خۆی و خەریکی کشت و کاڵ بێ لە دێهاتەکانیا».

لە گفت و گۆیەکدا لەگەڵ علی کمالدا دەربارەی دوای گەیشتنی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ووتی:

«بەرلەوەی شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، من چووبوومە سلێمانی و کە هەواڵی گەیشتنیمان بیست بۆ سیتەک لەگەڵ حماغای عبد الرحمن ئاغاو مرزا توفیق قزازدا هەمووومان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە هەوڵ بدرێ دەسەڵاتی حکومەت لەو ناوچەیەدا نەمێنێت، چونکە بیستبووم کە ئەگەر رشید عالی و تاقمەکەی لەو شەڕەدا شکان کە بەرپایان کردبوو دژی ئینگلیزەکان، بڕیاریان دابوو کە بێنە کوردستان و لەوێوە شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکانا بکەن و هەمووشمان بۆمان ڕوون بووەوە کە ئەو شەڕەی رشید عالی ئەگەر سەریش بکەوتنایە هیچ سوودێکی کوردی تیادا نەبوو وە جگە لەوە شەڕەکە بەخۆڕایی دەبرایە ناو کوردستانەوەو دووبارە ئینگلیزەکان هێزیان دەهێناو بە فڕۆکە دەستیان دەکردووە بە بۆردومانی شارو دێهاتەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە وامان بە باش زانی هێزێکی کوردی دروست بکرێت و سوپای عراق لە کوردستاندا دەربکەین بۆ ئەوەی ئەگەر ئەڵمانەکان هاتنە خاکی عراقەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی رشید عالی بدەن ئەوسا ناچار دەبوون

حسابێکیش بۆ ئەو هێزەی کورد بکەن و ئەگەر رشید عالیش شکاو ئینگلیزەکان هاتنەوە ئەوا ئەوانیش هەر حسابێک بۆ ئەو هێزەی کورد دەکەن».

کاک علی کمال لە گفت و گۆکەیدا ووتی:

«بۆ گەیشتن بەو مەبەستە حماغای عبد الرحمن ئاغا چوو بۆ پژدەرو لەوێ سوێندو تەلاقی بە بابکر ئاغای پژدەرو هەباسی مەحموود ئاغا خوارد کە وا ئامادەن هەشت هەزار چەکدار بنێرن بۆ ناوچەی سلێمانی و کۆیسنجق.

جگە لە پژدەرییەکان پەیوەندیمان بە هەندێ عەشیرەتی تری کوردیشەوە کرد بەرلەوەی هیچ هەنگاوێک بنێین و وویستمان لەوەدا بیرو رای ئەمین زەکی بەگ وەربگرین کە لەو رۆژانەدا لە (شەقلاوا) بوو باخێکی هەبوو لەوێ دانیشتبوو، لە ئەنجامی ووت و ووێژکردن لەگەڵ ئەمین زەکی بەگدا ووتی: هەرچیکتان پێ دەکرێ بۆ دەرکردنی سوپای عراق بیکەن و شتێکی زۆر باشەو زۆربەی ئەفسەرەکانی فیرقەی دوو کوردن و دەتوانن بە هۆی ئەوانەوە ئەو هێزەی تری عراق دەربکەن، بەلاّم بە هیچ جۆرێک پشت مەبەستن بە هێزی عەشایر چونکە ئەوانە هەمیشە بەدوای سوودی خۆیانا دەگەرێن و تەنها بۆ راو و رووت ئامادە دەبن بەشداری بکەن».

کاک علی کمال بۆ تەواوکردنی بیرەوەرییەکەی ووتی:

«دوای ئەو گفت و گۆیەی لەگەڵ ئەمین زەکی بەگدا کرا چوومە کرکوک لەوێ (عارفە سوور) ئامر ئنضباطی فرقە بوو، بە دوورو درێژ باسی ئەو پێشنیازەم لەگەلاّ کردەوە، ئەویش ووتی: جارێ پەلە مەکەن و شتی وا مەکەن چونکە دوور نییە فرۆکەی ئەڵمانیاو ئیتالیا بگەنە ئەم ناوەو ئەوسا ئەوان لەجیاتی ئینگلیز دەس دەکەن بە بۆردومانکردنی شارو دێهاتەکان، لەبەر ئەوە چاوەڕێ بکەن بزانین چ رۆژێک بە باش و بەدەرفەت بزانرێ ئەوسا خۆمان ئاگادارتان دەکەین، بەلاّم ئێمە هەر کۆڵمان نەداو رۆژێک لە ماڵی عزەت بەگی وەسمان پاشای جاف لە سلێمانی من و توفیق قزازو حماغای عبد الرحمن ئاغاو حمە علی روستەمی سمایل عوزیری دانیشتبووین. پۆلیسێک هاتو ووتی مدیری پۆلیس داواتان دەکا، بەرامبەر بەوە بڕیارمان دا مرزا توفیق قزازو حمە علی روستەم لەگەڵ ئێمەدا نەیەن بەڵکو من و حماغا بچینە لای

مدیری پۆلیس و مرزا توفیق و حمە علی روستەمیش بچنە سەرچنارو لەوێ چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر من و حماغا گیرایین ئەوان بچن بۆ پژدەرو ئەو هێزەی کە بەڵێنیان دابوو بیهێننە سەر سلێمانی و رزگارمان بکەن.

چووینە لای مدیری پۆلیس کە (ماجد مصطفی)ش هەر لای ئەو بوو، مدیری پۆلیس ووتی کوا توفیق قزاز؟... ئەوا شێخ مەحموود بە خۆی و (٣٠٠) چەکدارەوە هاتۆتە سەر شاخی گۆیژەو دەیەوێ هێرش بهێنێتە سەر سلێمانی، وا دیار بوو بە متصرفیان ووتبوو کە حماغاو علی کمال و توفیق قزاز دەتوانن کار بکەنە سەر شێخ مەحموودو وای لێ بکەن دەست لەو هێرش هێنانە هەڵبگرێ.

لەلای مدیری پۆلیس چووینە دەرێ و چووینە لای متصرف کە (حسین فەوزی بوو کە هەموندی بوو) ئەویش داوای لێ کردین بچینە لای شێخ مەحموود بۆ ئەوەی ئەو سەنگەرانەی لەسەر شاخی گۆیژە کردبووی بەجێیان بێڵێت و ئەگەرچی بەبێ رەزامەندیی حکومەت هاتۆتەوەو بغدادی بەجێ هێشتووە بەڵام هیچی لێ ناکرێ.

پاش ئەوە من و مرزا توفیق قزازو حماغای عبد الرحمن ئاغاو حمە علی روستەمان لەگەڵ خۆمانا بردو چووینە لای شێخ مەحموودو شێخ مەحموود پرسی: بۆچی هاتوون و چیتان دەوێ؟ ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بن من لەگەڵ ئینگلیزدا دەبم و ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئینگلیزدا بن من لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دەبم (بێگومان هەر ئەمەی کە علی کمال باسی کردووە ئەو درۆو دەلەسانە بەدرۆ دەخاتەوە کە هەندێ لە نووسەرانی عەرەب لە کتێبەکانیانا نووسیویانە کە شێخ مەحموود بە راسپاردەی ئینگلیزەکان چۆتەوە سلێمانی وەکو لەدواییدا باسی دەکەین).

علی کمال دەڵێ:

ئێمەش بە شێخ مەحموودمان ووت: ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین کە شتێک بکرێ سوودی تایبەتیی خۆمانی تیادا بێ، بەڵکو دەمانەوێ هێزێک رێک بخرێت بەناوی کوردەوەو داوای ئەوە بکەین کە حوکمی زاتیمان بدرێتێ.

بۆ ئەو گفت و گۆیەی ئێمەو شێخ مەحموود لەڕاستیدا شێخ لطیفی کوڕی شێخ

*مەحموود دەورێکی سەرەکیی بینی و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد کە باوکی لەسەر ئەو پێشنیازەی ئێمە رێک بکەوێ بەلاّم هەوڵەکەی ئێمەو هەوڵەکەی شێخ لطیف هەمووی بێ سوود بوو و بەقسەی کەسمانی نەکردو لەدواییدا لە (سیتەک)ەوە چووە (داریکەلی)و لەوێ نیشتەجێ بوو».*

عبد الرزاق الحسنی لە کتێبەکەیدا (تأریخ الوزارات العراقیة) باسی ئەوەی کردووە کە وەختي خۆی لە بغداد لەگەڵ علی کمالدا کە نائب بووە لە مجلسی نوابدا باسی هەمان پەیوەندیی خۆی و تاقمەکەی لەگەڵ شێخ مەحموودا بۆ عبد الرزاق الحسنی باس کردووە کە هەر وەکو کاک علی کمال چۆن لەو گفت و گۆیەدا بۆ منی باس کرد عبد الرزاق حسنیش هەندێکی هەر بەو جۆرەی باس کردووەو دەڵێ حسین فەوزی کە ئامر لوا بوو لە سوپای عیراقدا کرابوو بە متصرفی سلێمانی و لەو گفت و گۆیەدا کە لەگەڵ علی کمال و حەمەغاو توفیق قزازدا کردبووی ئامادەیی خۆی پیشان دابوو کە سلێمانی بەبێ گێچەڵ تسلیمی کوردەکان بکا بەلاّم ماجد مصطفی هانی متصرفی دابوو کە خۆی بگرێ و گوێ نەداتە ئەوانەی کە دەیانەوێ دژی حکومت هەڵسن و جمیل مدفعی لەدواییدا گلەیی زۆری لە حسین فەوزی کردبوو بەرامبەر بەوەی کە شێخ مەحموودی هاندابوو بغداد بەجێ بێڵێت بۆ ئەوەی بچێتە دەورو بەری سلێمانی و بەرەنگاری تاقمەکەی رشید عالی ببێتەوە، ئەوە بوو شێخ مەحموود یاخی بوو داوای حوکمی زاتیی کرد بۆ کورد».

بەلاّم لەڕاستیدا ئەوەی عبد الرزاق حسنی باسی کردووە هەندێکی جێی گومانەو پێچەوانەی ئەو گفت و گۆیە بووە کە من لەگەڵ علی کمالدا کردوومەو بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە کە عبد الرزاق حسنی هەر خۆی لە لاپەڕە (٣٥)ی زنجیرەی (٥)ی کتێبەکەیدا (تأریخ الوزارات العراقیة) (٦٤) دەڵێ:

*«لەدوای ئەوەی شەڕی رشید عالی سەری نەگرت، ئەمین العمری کە آمر اللواء بوو لەلایەن جمیل مدفعییەوە نێررا بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی شێخ مەحموود وا لێ بکا بگەڕێتەوە بۆ بغدادو واز لە داواکردنی حوکمی زاتی بێنێت بۆ کوردستان وە بۆ ئەو مەبەستە (مصطفی قرەداغی) ناردە لای شێخ مەحموود بۆ ئەوەی خۆی تسلیم بکا بە*

حکومەت و شتێکی وا نەکا ببێتە هۆی خوێن رشتن، بەڵام ئەوە سەری نەگرت و حکومت لە ئەنجامی ئەوەدا ئیعلانی عورفیی کرد لە سلێمانیدا.

بڕیاری ئیعلانی عورفی ژمارە (٣٩٢)ی رۆژی ١٩٤١/٧/١٤ کە بریتی بوو لە ئیعلانێکی تایبەتی تەنها بۆ لیوای سلێمانی بوو عبد الاله (وصی)و جمیل مدفعی کە وەزیری دفاع بوو لەگەڵ مصطفی العمری (وەزیری ناوخۆ)و سەرەک وەزیران کە (نظیف الشاوی) بوو مۆریان کردبوو.

بێجگە لەوە ئیعلانێکی تر بە ژمارە (. . ٤) رۆژی ١٩٤١/٧/١٤ دەرچوو کە بەپێی ئەوە سەرکردەی سوپای عراق کە لە سلێمانی بوو لێپرسراوی هەموو کارو بارێک بوو دەربارەی بەڕێوەبردنی سلێمانی و ئەمین العمری کە (رئیس ئەرکان)ی سوپای عراق بوو نێررابوو بۆ سلێمانی و (نور الدین مەحموود) کە عقید بوو (مدیری حرکات) بوو، بەڵام نور الدین مەحموود لەگەڵ ئەمین العمریدا رێک نەبوو داوای کرد بگوێزرێتەوە بۆ کرکوک بۆ ئەوەی لەوێوە چارەسەری کێشەی سلێمانی بکا».

عبد الرزاق حسنی لە باسەکەیدا دەڵێ:

«لە ئەنجامی ووت و ووێژی شێخ مەحموودو نور الدین مەحموودا شێخ مەحموود بەوە رازی بوو کە لە گوندی (داریکەلی) دابنیشێت بە مەرجێک رێگەی ئەوەی لێ نەگیرێ کە رۆژی جومعان بچێتە سلێمانی بۆ نوێژی جومعە لە مزگەوتی گەورەو شێخ لطیفی کوڕی وەکو بارمتەیەک لای حکومت بێت».

بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە شێخ بابا علیی شێخ مەحموودم پرسی ووتی:

«شتی وا نەبووەکە حکومت رێگا بدا بە باوکم بۆ رۆژی جومعە بۆ نوێژ بچێتە سلێمانی و شێخ لطیفی براشم داوا نەکرابوو کە هەر وەکو بارمتەیەک لای حکومت بێت».

شێخ بابا علی دەربارەی هاتنی باوکی بۆ سلێمانی ووتی:

«لەڕاستیدا شێخ مەحموودکە لە داریکەلی نیشتەجێ بوو تەنها سێ جار هاتۆتە سلێمانی، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٤٦دا کە لە پێنجوین بوومەلەرزەیەک روویدا

*وصی هاته سلێمانی و لەوێوە چووە پێنجوین و شێخ مەحموودیش هاتە سلێمانی و لە ماڵی متصرف عبد الالهی بینی و عبد الاله لە شێخ مەحموودی پرسی (عمی چۆنی)، وەکو شێخ بابا علی بۆی گێڕامەوە ووتی باوکیشم بە وصیی ووت هەتا ئەو جۆرە پیاوانەت لە دەوربێ من باش نابم و دەستی بۆ سعید قزاز درێژ کرد کە لەگەڵ وصیدا هاتبوو، سعید قزاز لەوە تووڕە بوو و چووە دەرەوە».*

ئەو ساڵەی کە شێخ مەحموود هات هێشتا گەرماو گەرمی کۆماری مەهاباد سارد نەبوو‌بووەوە لەبەر ئەوە حکومەت ئەو جارە لوطفی لەگەڵ شێخدا هەبوو و رێگە درا خەڵکی سلێمانی پێشوازییەکی گەرمیان لە شێخ مەحموود کردو ئوتومبیلەکەیان بەرزکردەوەو خەڵک (وصی)ی لەبیر چووبووەوە، بەڵام هەر ئەو جارە وابوو، لە ساڵی ۱۹۵۱دا جارێکی تر شێخ مەحموود لە مناسبەتێکی تردا هاتە سلێمانی بەڵام حکومەت رێگەی ئەوەی نەدا کە وەکو ساڵی ۱۹٤٦ی بۆ بکرێ..

جاری سێهەم ئەوە بوو کە لە ساڵی ۱۹٥٦دا بە نەخۆشی هاتە سلێمانی و لەوێوە چوو بۆ بغدادو لە خەستەخانەی حیدری کۆچی دوایی کرد.

عبد الرزاق الحسنی لە لاپەڕە (۳٦)ی بەرگی شەشەمی کتێبەکەیدا (٦٤) دەڵێ:

*«حکومت لەدوای ئەوەی حسێن فەوزی لە متصرفییەتی سلێمانی لابرد مصطفی قرەداغیی کرد بە متصرفی سلێمانی و حکومەت بەیانێکی دەرکرد دەربارەی شێخ مەحموود کە تیایدا ووترابوو:*

*شێخ مەحموود بغدادی بەجێ هێشت و چووە سلێمانی و دەستی کرد بە جم و جوڵ. حکومت لە مصلحتیا نەبوو بەرامبەر بەوە بێدەنگ بێت، بۆیە داوای لە شێخ مەحموود کرد کە بڵاوە بەو چەکدارانە بکا کە لە دەوری کۆبوونەوەو خۆشی بێدەنگ دانیشێت و هەندێ مەرجی تری بۆ دانراو شێخ مەحموود مەرجەکانی حکومتی قبوڵ کردو هەموو شتێک بڕایەوەو بەوە ئەو پڕوپاگاندانەی کە لەلایەن ناحەزانیەوە بڵاوکرابووەوە هەمووی درۆو بەپێچەوانەوە دەرچوو وە لە ۱۹٤۱/۸/۲٠دا ئەو ئیعلانی عورفییەی کە بۆ سلێمانی بڵاوکرابووەوە لابرا».*

## ٢- هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان و بۆچوونی نووسەران

جێی سەرسوڕمان نییە کە هەندێ لە نووسەرە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەب (و ئەو نووسەرە بێگانانەش کە سەرچاوەی باسەکانیان هەر نووسین و کتێبی ئەو نووسەرە ڕەگەزپەرستانە بووە) هەمیشە بەدوای ئەوەدا گەڕابن ناوی کوردو شۆڕشی کوردو سەرکردەو شۆڕشگێڕانی کورد بزڕێنن و هەرچی ژەهری ڕەگەزپەرستیی خۆیان هەیە هەمووی داچۆڕێنن بەرامبەر بە بوونی میللەتی کوردو بەدوای هەموو شتێکدا گەڕابن کە دژی کورد بووبێت بۆ ئەوەی لە خوێندەوارەکانیان بگەیەنن بزووتنەوەکانی کورد بە هاندانی بێگانە بووە کە لەڕاستیدا ئەگەر بچینە بنج و بناوانی هەموو بزووتنەوەکانی خۆشیان، هەر لە ڕاپەڕینی شریف حسین بەرامبەر بە عوسمانی کە بەپێی نەخشەی ئینگلیزەکان بووەو ئەوەی زەمانی رشید عالی کە بەپێی نەخشەی ئەڵمانە نازییەکان بووەو تورکە کەمالییەکانیش کە لە شەڕی جیهانی دووهەمدا لەسەر دووپەت یارییان کردووە دەوری پەیوەندی بەستنی نازییەکان و تاقمەکەی رشید عالییان بینیوەو ئەوانیش بەتەمای ئەوەبوون ئەگەر ئەڵمانیای نازی سەرکەوت بتوانێ دووبارە دەست بگرنەوە بەسەر میسۆپۆتامیاو کوردستاندا وە گەلێ بەڵگەی تریش هەیە کە ڕاپەڕینەکانی ڕەگەزپەرستەکانی عێراق هەر بە هاندانی بێگانە بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵیان داوە دەستە چەورو پیسەکەی خۆیان بە سەر کوردا بسڕن و کردوویانە بە بنێشتەخۆشەی دەمیان کە کورد بە هاندانی بێگانە ڕاپەڕیوەو، داخوازیی کورد بۆ دەستگیربوونی مافی نەتەوایەتیی خۆی بە هاندانی ئینگلیز بووەو کەچی بۆ هەموو خوێندەوارێکی ڕۆشنبیر دەردەکەوێ ئەوەی پشتی کوردی شکاندو ئەوەی دەستی کوردی بڕی و لە مافی نەتەوایەتیی خۆی بێ بەشی کردو کوردستانی بەزۆرەملی بەست بە عێراقەوە بریتی بوو لە ئینگلیزو لە بەجێ هێنانی نەخشەی

ئینگلیز بەبێ ئەوەی یەکێک لەو نووسەرە رەگەزپەرستانە بەلای ئەو راستییەدا بچن.

ئەگەر جارو بار بۆ مەبستێکی تایبەتی باسی شۆرشێکی کوردیان کردبێت کە دژی ئیمپریالیزم بووبێت وە یا دژی دەزگای رژێمێکی رەگەزپەرستی فاشستی بووبێت بە چەند دێرێک وایان کردووە کە ئەو راستییەی بەناچاری دانیان پیادا نابوو بەو چەند دێرە پووچەڵی بکەنەوە.

بۆ نموونە:

شێخ مەحموود بە زەبری فڕۆکەی ئینگلیزو بە هێزی سوپای عراقی گوشکراو و مەشق پێ کراوی ئینگلیزو بە هێزی لیڤیی ئاسووری کە ئینگلیزەکان کردبوویان بە کوتەکی دەستی خۆیان بەمانە شێخ مەحموود ناچار کرابوو کە واز لە شۆرش بێنێت و بۆ ماوەیەک بەناو شارانی خواروی عراقدا ئاوارە کراو لە ساڵی ١٩٣٣دا لە بغداد نیشتەجێ بوو هەتا ساڵی ١٩٤١، لەو ماوەیەدا تەواو لە ژیانی خۆی بێزار بووەو دوور بووە لە نیشتمانی خۆی و لە هاو وڵاتیان و لە ماڵ و موڵکی خۆی لەبەر ئەوە ئەویش وەکو هەموو کەسێکی زۆرلێکراو بۆ هەل و دەرفەتێک گەڕاوە کە لە ئاوارەبوون رزگاری ببێ و بگەرێتەوە بو شوێنی خۆی و هەر ئەویش نەبووە کە سوودی لەو شەڕی رشید عالی وەرگرتبێت بەڵکو یەکێکی وەکو حکمت سلیمان کە ماوەیەک سەرەک وەزیران بووەو لە ساڵی١٩٤١دا ئاوارە بووە لە شاری سلێمانیدا، کە شەڕی رشید عالی دەستی پێ کرد ئەویش لە سلێمانی خۆی دەربازکردو چووە ئێران، کەچی زۆربەی ئەو نووسەرارنە دەڵێن شێخ مەحموود بە هاندانی ئینگلیزەکان چووبووەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دژی شۆرشی رشید عالی بوەستێت.

نووسەرە رەگەزپەرستەکان دەربارەی هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموود هەموویان پەنایان بردۆتە بەر باسێکی لۆنگریک کە لە کتێبەکەیدا ووتوویەتی(٤٣):

*«کە هەرای رشید عالی روویدا، هیچ سەرۆک عەشیرەتێک پشتگیری حکومتی عراقی نەکرد (نیازی لە پشتگیری کردنی رشید عالی و تاقمەکەی بووە)، شێخ مەحموود لە بغدادەوە رای کردو گەیشتە سلێمانی و بڵاوی کردەوە کە نیازی وایە هێزێک کۆ بکاتەوە بۆ پشتگیری کردنی بریتانیا»*

بەلاّم سەیر ئەوەیە لۆنگریک هەر خۆی لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

*«لەگەڵ ئەوەشدا تاقمی رشید عالی شکابون و هەموو شتێک براوبووەوە بەلاّم شێخ مەحموودی هارو هاج لە جم و جوڵی خۆی هەر نەکەوتبوو».*

ئەمە لەکوێ و ئەو قسەیەی پێشوو لەکوێ؟

ولید حمدی لە کتێبەکەیدا (رشید عالی الگیلانی ـ الحركة القومية فی العراق (٦٦)) لەو رووەوە دەڵێ:

*«شێخ مەحموودی زەعیمی ناسراو و پایەبەرزی ئاینی کورد توانی لە بغدادەوە رابکاو لەپێشدا چووە کفری و لە ١٩ـ ١٩٤١/٥/٢دا گەیشتە سلێمانی (بەلاّم بەپێی یاداشتەکانی درویش حسێن کە لەپێشدا لێی دواین شێخ مەحموود لە ١٩٤١/٥/٢دا بەغدادی بەجێ هێشتووە کە چەند رۆژێکی پێ چووە ئەوسا گەیشتۆتە سلێمانی)، شێخ مەحموود لە سلێمانی دەستی کرد بەوەی کە بەربەرەکایی عراق بکاو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی دۆستەکانی بۆ ئەوەی هێرش ببەنە سەر سلێمانی و داگیری بکەن بەلاّم کە زانی رشید عالی هیچی بۆ نەکراو ئینگلیز دەستی بەسەر هەڵوێستدا گرت ئیتر وازی لەوە هێنا.*

*لە کاتێکدا گفت و گۆ لەنێوانی شێخ مەحموودو حکومتی جمیل مدفعیدا دەستی پێ کردبوو، هێزی سوپای حکومت لە سلێمانیدا کۆبووەوەو ئیعلانی عورفی کرا لە ١٤/تموزی/١٩٤١دا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر رووداوێک کە بقەومێ لەو ناوچەیەداو شێخ مەحموود هەندێ داخوازیی دا بە حکومت کە بریتی بوو لەوەی حکومت پاراستنی ناوچەکەو بەرپاکردنی ئاسایش بداتە دەست کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیانداو لیوا کوردییەکان بخرێنە ژێر چاودێری لیژنە ناوچەییەکانەوە کە ئەندامانی ئەو لیژنانە لە کورد پێک بێت و هێزێکی سەربازی لە (متطوع)ین پێک بێت و ئاسایشی ناوچەکە بدرێتە دەست ئەو (حامیە) کوردانەی کە لە ناوچە کوردییەکانا پێک بێت، بەلاّم جمیل مدفعی موافقتی لەسەر ئەو داخوازییانەی شێخ مەحموود نەکرد چونکە ئەوە دانپیانانێک بوو بە حوکمی (ئۆتۆنۆمی)دا.*

*ئەو هەڵوێستە لەق نەبووەی حکومتی عراق بە پاڵپشتی و لایەنگری بریتانیا هۆی*

سەرەکی بوو کە شێخ مەحموود ناچار بکا واز لە داخوازییەکانی بێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا سفیری بریتانیا (کورنوالیس) نامەیەکی نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەربارەی هەڵوێستی سەرەک وەزیران و هەندێ لە سیاسەتمەدارانی عێراق دەربارەی کێشەی کوردو بێزاربوونی کورد دەڵێ:

«سەرەک وەزیرانی عێراق هەڵوێستێکی زۆر ناپیاوانەی هەیە بەرامبەر بە کوردو چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە بتوانرێت چارەسەری کێشەی کورد بکرێ و ئەدمۆنسی موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ کە شارەزای کارو باری ناوچە کوردییەکانە بۆی باس کردم کە زۆر جار لە گفت و گۆیدا لەگەڵ کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی عێراقدا بۆی دەرکەوتووە کە روحێکی پڕ لە قین و تۆڵەسێن هەیە دژی کورد کە بە جۆرێکی ئەوتۆیە هیچ دوور نییە ئەو قینە وایان لێ بکا قیروسیا بکەن لەوەی کە کوردستانیان لەکیس بچێت و نەک دان بە کوردا بنێن کە وەکو عێراقییەک مافی نەتەوایەتیی خۆی هەبێ».

ئیسماعیل ئەحمەد یاغی لە کتێبەکەیدا (حرکة رشید عالی الگیلانی) چاپی بیروت ساڵی ١٩٧٤ لە لاپەڕە (٩٦)ی کتێبەکەیدا ئەویش هەر پەنای بردۆتە بەر ئەو قسەیەی کە لۆنگریک لە کتێبەکەیدا ووتوویەتی شێخ مەحموود لە شەڕی رشید عالیدا گەڕایەوە بۆ سلێمانی و نیازی وابوو کە هێزێک کۆکاتەوە بۆ پشتگیری کردن لە ئینگلیز».

هەروەها صلاح الدین الصباغ لە کتێبەکەیدا (فرسان العروبة فی العراق) چاپی دمشق ساڵی ١٩٥٦ لە لاپەڕە (٢٢٤-٢٢٥)و محمود الدره لە کتێبەکەیدا (الحرب العراقیة - البریطانیة سنة ١٩٤١) چاپی بیروت ساڵی ١٩٦٩، ئەمانە هەموویان نووسیویانە کەشێخ مەحموود بۆیە گەڕابووەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی هێزێک کۆبکاتەوە دژي شۆڕشی رشید عالی الگیلانی کە سەرچاوەی هەمووشیان لەوەدا دووبارە هەر ئەو کتێبەی لۆنگریک بووە کە باسمان کرد کە لەڕاستیدا ئەوەی لۆنگریک باسی کردووە زۆر دوور بووە لەڕاستی و رووداوەکان هەمووی بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی لۆنگریک بوون.

دوکتۆر کمال مەزهەر لە باسێکیدا کە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (١٤٠٩)ی ڕۆژی ٤/أیاری/١٩٨٩ی ڕۆژنامەی (العراق)دا بلاّوی کردۆتەوە دەڵێ:

*«جگە لە نووسەرە عەرەبەکان نووسەری تری بێگانەش لە باسەکانیانا وەکو (میرسکی) لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٦١دا بلاّوی کردۆتەوە دەربارەی مێژووی عراق لە ساڵانی ١٩٣٠ـ ١٩٤١داو (ئوهانیسیان) لە کتێبەکەیدا (بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە عراقدا) کە لە ساڵی ١٩٧١دا چاپ کراوە، ئەمانەش هەر وەکو ئەو نووسەرە عەرەبانە باسی هۆی گەڕانەوەی شێخ مەحموودیان وا گێڕاوەتەوە کە سەرچاوەکەشیان تەنها ئەوەی لۆنگریک بووە کە ووتوویەتی شێخ مەحموود گەڕایەوە بۆ سلێمانی بە نیازی ئەوەی هێزێک کۆبکاتەوە بۆ لایەنگری حکومتی بریتانیا دژی عراق».*

ئەدمۆنس کە لەو ڕۆژانە ڕاوێژیار (موستەشار)ی وەزارەتی ناوخۆی حکومتی عراق بووە لە ڕاپۆرتێکیدا کە لە دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-24560 ی ڕۆژی ١٥/٢/١٩٤٠دا (یەعنی پێش ڕوودانی شەڕی ڕشید عالی بە ساڵێک زیاتر) دەربارەی شێخ مەحموودو هەڵوێست لەو ڕۆژانەی کوردستاندا لە فقرە (٦)ی ئەو ڕاپۆرتەدا دەڵێ:

*«هەواڵێکم پێ گەیشت کە لە کوردستاندا گوایا لیژنەیەک (یا کۆمەڵێک) پێک هاتووە بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیێتدا بکا، ناوی هەندێ کەس هاتووە لەو لیژنەیەدا کە لەوانە نین ئەو ڕەفتارەیان لێ بوەشێتەوە بۆ نموونە یەکێک لەوانە شێخ مەحموودە. هەندێ لەو هەواڵ و دەنگ و باسانەی کە لەو ڕووەوە پێمان دەگا لەلایەن (مەلا حسن) ناوێکی خەڵکی هەڵەبجەوە ئەگا (ئەو مەلا حسنەی کە ئەدمۆنس لێرەدا باسی کردووە، مەلا حسنی بیارە بووە کە بە مەلا حسنی قەوسی ناسراوبووەو لە یەک دوو شوێنی تردا بەرلەمە باسی دەوری ئەو مەلا حسنەم کردووە).*

ئەدمۆنس دەڵێ:

*لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی مەلا حسن ناوي هێناون جێی دڵنیایی و متمانە نەبوون، ڕۆژێک شێخ مەحموود هاتە لام و داوای کرد کە ڕێگەی بدرێتێ بۆ ئەوەی*

بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

شێخ مەحمـوود لەو داواکردنەیدا هێشتـا لای وابوو کـە هێشتـا زەمانی ساڵی (١٩٢٢)ەو پیاوەکەی جارانە کە ئەوسا هێزەکانمان (رانیکول) شکا (مەبەستی ئەو شەڕە بووە کە لە ناوچەی پژدەرو رانیەو دەربەندی رانیەدا روویداو ئینگلیزەکان شکان و هێزەکانیان کێشایەوەو ئینگلیز ناچار بوو بۆ بێدەنگ کردنی شۆڕشگێڕان و لەسەر داخوازیی ئەوان شێخ مەحمـوود لە هندستانەوە بهێنرێتەوە)، لای شێخ مەحمـوود وایە لە ساڵی (١٩٤٠)یشدا هەر وەکو ئەوسا دەتوانێت سوود لە ئەفسانەی هەڕەشەکردنی بزووتنەوەی سەر بە سۆڤێتمان پیشان بدا لە کوردستاندا.

هەرچەند پڕۆپاگاندە زۆرە بۆ سۆڤیـەت بەڵام هەتا کـاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچ بەڵگەیەکی تـەواوی وا نییە کـە شتی وا هەبێ و ئەو جۆرە پڕۆپاگاندانە لەلایەن ئەوانەوە بڵاودەکرێتـەوە کە لە فقرە (٧)ی ئەم راپۆرتەدا ناویان هاتووە وە یاخود دوور نییە هەڵبەست و رێکخستنی کەسانێکی وەکو شێخ مەحمـوود بێت کە بۆ مەبەستێکی تایبەتیی خۆیان دەیانەوێ بمانترسێنن.

ئـەدمۆنس لە فقرە (٧)ی راپۆرتەکەیدا ناوی چەند کـەسێکی هێناوە کە بریتی بوون لە شێخ قادری برای شێخ مەحمـوودو حماغای عبد الرحمن ئاغاو مـرزا توفیق قزاز و مەلا صدیق حاکم و شێخ محمدی خاڵ و حامید بەگی جاف و دوای ئەوان بە رادەی دووهەم شێخ عـلاء الدین هەورامـان (بیـارە) لەگـەڵ علی حاجی صالح (کـە بە علی کـاتب ناسـراوە)و علی غـالب و حـازم بەگـی زاخۆ (حـازم شمزینی)و شـێخ عـەبدولی سەرکان.

وە لە هەمان فقرەدا ناوی دوو کەسی تری هێناوە کە بە بزێو ناوی بردوون کە رشید عارف و دوکتۆر رفیق کۆیی بوون».

دوکتۆر کـماڵ مەزهەر لەو باسەی کە لە رۆژنامەی (العراقي) رۆژی ١٩٨٩/٥/٤دا بڵاوی کردۆتەوە بەرپەرچی ئـەو هەمـوو نووسـەرانەو ئەو درۆو دەلـەسانەی داوەتەوە کـە دەربارەی هۆو مەبەستی گەڕانەوەی شێخ مەحمـوود نووسیویانەو دەڵێ:

«یەکێک لەو راستیـانەی کە ئەو بۆچوونانەو ئـەو درۆو دەلـەسانە بەدرۆ دەخاتەوە ئەوە

بووە لەو ڕۆژانەی کە هەرای ڕشید عالی قەوماوە شێخ ڕوءفی کوڕی شێخ مەحموود یەکێک بووە لەوانەی لە پارلمانی عێراقی سەر بە ڕشید عالیدا دەنگی دابوو کە عبد الالە (وصی) کە پیاوی ئینگلیزەکان بوو لابیرێ و لەگەڵ ئەوەدا بووە کە (شریف شرف) کە نوێنەرو هەڵبژاردەی تاقمەکەی ڕشید عالی بووە بکرێ بە (وصی)، هەروەها لەو کەسانەی کە لەدوای شەڕی ڕشید عالی لە سلێمانیدا گیران بریتی بوون لە شێخ بابا علیی شێخ مەحموود کە بە تاوانی لایەنگری نازییەتی لەلایەن حکومەتەوە گیران، هەروەها شێخ جلالی برازای شێخ مەحموودو ڕوءفی شێخ صالحی دۆست و هاوڕێی شێخ ڕوءف و بابا علیش لەناو گیراوەکاندا بوون کە لەدوای شەڕی ڕشید عالی گیران».

دوکتۆر کمال مەزهەر لە باسەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ:

«شێخ مەحموود هەمیشە دوژمنی ئینگلیز بووەو بە تاوانباری داناون بەرامبەر بە کوردو بەرامبەر بە مافی کورد».

دوکتۆر کمال مەزهەر لە باسێکی تریدا کە لە ژمارە (١٢١)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ساڵی ١٩٨٩دا دەربارەی شەڕی ڕشید عالی و گەڕانەوەی شێخ مەحموود نووسیویەتی دەڵێ:

«لە دۆسی فایل ـ ی ژمارە (٤)ی بەشی ژمارە (٤)ی ئەرشیفی پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجانی سۆڤێتدا ناوەڕۆکی نامەیەکی گرنگی شێخ مەحموود پارێزراوە کە لەو ڕۆژانەدا بە هۆی (حاجی شێخ)ەوە ناردوویەتی بۆ قازی محمدی سەرۆکی کۆماری مەهابادو شێخ مەحموود لەو نامەیەیدا بە توانجەوە باسی ئینگلیز دەکات و خۆزگە بە قازی محمد دەخوازێ و لە قازی محمد دەپاڕێتەوە کە دەسبەرداری شوورەوەی (سۆڤیەت) نەبێ و بە بەڵێن و پەیمانی شیرین و بەدرۆو دەلەسەی ئەوان نەخەڵەتێت (لە نامەکەدا بە قازیی وتووە کە خۆت چاکیان دەناسیت)و ئەوانەی دەیانەوێ کورد هەمیشە وەکو ئالەتێک وابن بەدەستیانەوە (کە بێگومان مەبەستی ئینگلیز بووە)».

لەڕاستیدا بیجگە لەوەی کە دوکتۆر کمال مەزهەر باسی کردووە لەو نامەیەی شێخ مەحموودا بۆ قازی محمد. شێخ مەحموود هەمیشە داخ لە دڵ بووە بەرامبەر بە

ئینگلیزو بەرلەمە لەو رووەوە باسی ئەوەم کرد کە من خۆم چەند جارێک لە داریکەلی لە خزمەت شێخ مەحموودا بەیانی کە لە نوێژ دەبووەوە بەچاوی خۆم دیومە کلاو و جامانەکەی دادەکەندو رووەو قیبلە لە خوا دەپاڕایەوەو دەی ووت:

*«خوایە تۆ خوای و دەسەلاتداریت... توخوایەتیی خۆت ئینگلیز چیی بە کورد کردووە تۆش بەو جۆرە بە ئینگلیز بکەی».*

شێخ لطیفی شێخ مەحموود وەنەبوویێ ئاگاداری ئەو هەستی دەروونەی باوکی نەبوویێ، وە لاشم وایە هیچی نەکردووە کە بەرەزامەندیی شێخ مەحموود نەبوویێ، لێرەدا تەقەلایەکی شێخ لطیفی شێخ مەحموودم هاتەوە بیر کە لەم رۆژانەدا لەگەڵ شێخ بابا علیی شێخ مەحموود بە جووتە یادی ئەو رۆژانەمان کردەوە.

شێخ لطیفی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣دا لە رەفتاری حکومەتی عراق و ئینگلیز زۆر بێزار بووبوو، لەڕاستیدا دوای ئەوەش چەند جارێک گیراو ئاوارە کراو لە ساڵی ١٩٥٦دا کە جەنازەکەی باوکی لە بغدادەوە هێنرایەوە بۆ سلێمانی ئەو لە بەندیخانەی سلێمانیدا بوو (وەکو لەدواییدا باسی دەکەین)، شێخ لطیف لە ساڵی ١٩٤٣/١٩٤٢دا سلێمانیی بەجێ هێشت و چووە (سەردەشت)و چەند دۆست و ناسیاوێکی خۆشیی لەگەڵدا بوو کە یەکێک لەوانە (مەلا ئەسعەدی محوی) بوو کە دۆستی شێخ لطیف بوو، لە ناوچەی سەردەشت جۆرە رێکخراوێکی ناوچەیی ساز کرابوو شێخ لطیف بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی کچێکی (سلیم خان)ی سەردەشتی هێنا کە لەڕاستیدا سلیم خانیش کوردێکی بە جەوهەرو لێهاتوو بوو، شێخ لطیف ماوەیەک لە سەردەشت مایەوە.

دەربارەی هۆی چوونی شێخ لطیف و گەڕانەوەی لە شێخ بابا علیی شێخ مەحموودم پرسی و ئەویش بە سوپاسەوە ئەم وەرامەی دامەوە:

*«کە لطیفی برام چووە سەردەشت دەمزانی هەر لەخۆیەوە نەچووەو باوکم ئاگادار بووە لەو چوونەیدا، بەلام کە چووە ئەوێ هیچ هەواڵێکی وامان نەدەزانی و ترسی ئەوەشمان هەبوو تووشی شەڕەشەقێکی خۆڕایی و بێ ئەنجام ببێن، بۆیە من و خزمان و چەند کەسێک سوار بووین و چووینە سەردەشت و لە گفت و گۆدا بۆم دەرکەوت کە لطیفی*

*برام نیـازی شتـێکی هەبوو بەتەمـای ڕووداوێک بوو، منیش زۆرم لێ کـرد کـە هەڵوێستم بۆ ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی تێ بگەم هۆی مانەوەی چی بووە، لە ئەنجامدا پێی ووتم: کـاکـە ئەوی ڕاستی بێ من بە هیـواو بە ئومێدی شتێک هاتووم کـە لای تۆ باسی دەکەم بەڵام تکایە لای شێخ قادری مامم باسی مەکە، من ئەو ماوەیەی کە لێرەم بە هۆی هەندێ دۆست و برادەرەوە پەیوەندیم بە ڕوسەکانەوە کردووەو داوام لێ کردوون کە بەڵێنم بدەنێ ئەگەر لەم ناوچانەدا بزووتنەوەیەکی کوردانە کرا یارمەتیمان بدەن و ئەوە مـاوەیەکـە لەو ڕووەوە هیچ وەڵامـێکم نەدراوەتەوەو مـاوەیەکی تریش چاوەڕوان دەکەم ئەگەر ئومێدم لە ڕووسەکان بڕا ئەوسا بە ناچاری دەگەڕێمەوە...*

*ئەوە بوو دیاربوو ڕوسەکان بەڵێنی هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەدا بە شێخ لطیف و شێخ لطیف ناچار بوو گەڕایەوەو حکومت ماوەیەک لە سلێمانی دووری خستەوەو لەدواییدا هاتەوە بۆ سلێمانی».*

لە کۆتایی ئەم باسەدا بە پێویستم زانی ئەو باسە تێرو تەسەلەی دوکـتـۆر کـمال مەزهەر بلاوبکەمەوە کە بەناوی (چەند ڕاستییەکی نوێ دەربارەی شوێنی کورد لە ڕاپەڕینەی مـایسی ١٩٤١دا (مـەبەستی شەڕی ڕشـیـد عـالی بووە) کـە لە ژمـارە (١٢٣)ی گـۆڤـاری ڕۆشنبـیـری نوێی مـانگی ایلولی/١٩٨٩دا بلاوی کـردۆتەوە. دوکتۆر کـمال لەو باسەیدا بەرپەرچی ئەو درۆو دەلەسانەی داوەتەوە کە کـتێبەکەی (لۆنگریک)یان کـردووە بە بنێشتەخۆشەی دەمیان کە ووتوویانە شێخ مەحمود بە ڕاسپاردەی ئینگلیـزەکـان گەڕابووەوە بۆ سلێمانی وەکـو لەپێشتـردا بـاسی نووسینی هەندێکیانمان کرد.

دوکتۆر کـمال مەزهەر لە باسـەکەیدا چەند بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوونی خسـتـۆتە بەرچاوی خـوێنەواران بۆ ڕاسـتـیی بۆچوونەکـەی و بۆ بەدرۆخسـتنەوەی نووسـەرە نەیارەکانی کورد کە دەڵێ:

١ـ لەو ڕۆژانەدا ڕۆژنامـەی (تایمس)ی لندنی لە ژمـارەیەکـیـا (بەداخـەوە ناوی ژمارەکەی نەهێناوە بەڵام دەڵێ باسی ئەو ڕۆژنامەیە لە سەرچاوەیەکدا باس کـراوە بە ناوی Zaria Vostoka Tiblis-28 نووسیویەتی:

هەتا شێخ مەحموود بەرەڵلاو ئازاد بێ ناوچە کوردییەکان هێمنی و ئاسایشی بەخۆیانەوە نابینن.

٢. جارەها بروسکەو تلگراف لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە نێررابوو بۆ کاربەدەستانی بغداد کە شێخ مەحموود ئازاد بکرێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی بەڵام ئینگلیزەکان ڕێگەی گەڕانەوەیان لێ گرتبوو.

٣. وەکو لەپێشتردا باس کرا کە شێخ جلالی شێخ ئەحمەدی برازای شێخ مەحموود دوای شەڕی رشید عالی گیراو شێخ بابا علی بەبیانووی لایەنگریی نازی تاوانبار کرابوو.

٤. شێخ روءفی کوڕی شێخ مەحموود کە نائب بوو لە پارلمانی عراقدا لایەنگری تاقمی رشید عالی بووە لە دەنگداندا دژی وصی و ئینگلیزەکان.

٥. نووسەرانی ڕەگەزپەرست و ئەوانەی لە نووسینەکانیانا نووسینی ئەو ڕەگەزپەرستانە کاری تێ کردبوون و هەوڵیانداوە ناوی هەر کوردێک کە دەسەڵاتدارو ناسراو بووبێ ناوی بزڕێنن و بەوە تاوانباری بکەن کە سەر بە ئینگلیز بووە.

دوکتۆر کمال لە باسەکەیدا وەرامێکی تەواوی ئەوانەی داوەتەوەو ووتوویەتی:

ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کورد لەناو سوپای عراقدا دژی هێزی ئینگلیز بوون و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لایەنگری رشید عالی بوون و شەڕیان کردووە بۆ نموونە رشید جودت کە لەو ڕۆژانەدا ئامر حامیەی بصرە بووە، کە عبد الاله (وصی) رای کردووەو چۆتە بصرە، رشید جودت دژی وصی راوەستاوەو لەدواییدا کە شەڕی رشید عالی بڕاوەتەوە دراوە بە محکمەی عسکری.

بێجگە لەوەش ژمارەیەک لە ئەفسەرە کوردە نیشتمانپەروەرەکان وەکو عزت عبد العزیزو مصطفی خۆشناو کە هەردووکیان لە شەڕی فلوجەدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل گیرابوون، لەدواییدا هەردووکیان لەگەڵ دوو تێکۆشەری تری کوردا کە خیراللەو حمە قودسی بوو بە هاندانی ئینگلیزو بە قینی عبد الاله (وصی) لەدوای چەندساڵێک لە سێدارە دران.

دوکتۆر کمال بۆ بەهێزکردنی بەڵگەکانی پەنای بردۆتە بەر بەڵگەیەکی زۆر بەتین و

بەهێز کە بریتی بووە لە (محمد سعید فـهمی) کە سەرکردەی فرقەی هێزی ئالیات بووەو لە شەڕی ١٩٤١داو یەکێک بووە لەو چوار ئەفسەرە عراقییەی کە لایەنگری رشید عالی بوون (صلاح الدین صباغ، کامل شبیب و محمد سلمان).

لە گـۆڤـاری (آفـاق عـربیـە)دا لە ژمـارە (٤)ی سـاڵی ١٩٨٧دا باسـێکی تیـایە دەربارەی محمد فـهمی سعید بە پێنووسی فـیصلی کوڕی محمد فـهمی سعید کە وەکو یاداشتێک و بیـرەوەرییەک باسی باوکی کردووە کە باوکی کوردییەکی زۆر باشی زانیـوە (کـاک علی کمال کە لێم پرسی ووتی فـهمی سعیـدی باوکی کورد بووەو خـەڵکی سلێمانی بووەو لە سلێمانی خـزم و کـەس و کـاری زۆر بووەو باوکی هاتۆتە بغدادو لە (مەیدان) دوکانی تووتنچیتیی هەبوو).

فـیصل لەو یاداشتـەیدا دەڵێ: باوکم لەگەڵ شێخ مـەحمـوودا هەمیشـە بە کوردی قسەی دەکردو کە شەڕی رشید عالی روویدا باوکم (محمد سعید فهمی) هانی شێخ مـەحموودی دا کـە بگەڕێتـەوە بۆ کـوردستـان بۆ ئەوەی دژی ئینگلیزەکـان بوەستێ و لەوێوە شەڕی پارتیزانی بکا وە بۆ ئەو مەبەستە ئوتومبیلێک لـەپشت (سەدی ناظم پاشا)وە بۆ شێخ مەحموود ئامادە کراو شێخ مـەحمود بەو ئوتومـوبیلە بغدادی بەجێ هێشت (بێگومـان شـێخ مـەحـمـوود لەناو بغـدادا سـواری وڵاغ نەبووە، بـەڵکو بە ئوتومـوبیـل لە بغـداد دەرچووە کە دیارە هەتا ئەو شوێنە چووە کـە وڵاغی بۆ هاتووە وەکو درویش حسێن لە یاداشتەکانیا باسی کردووە).

دوکـتـۆر کـمـال مـەزهەر لە ژمـارە (١٢٣)ی گـۆڤـاری رۆشنبـیـریدا دەربارەی دەربازبوونی شێخ مەحموود لە بغداد دەڵێ:

*«شێخ مـەحموود وەنەبووبێ تەنها لە ساڵی ١٩٤١دا محمد فهمی سعیدی ناسیبێ، بەڵکو بەرلەوە لەدوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٧دا شێخ مەحموود لەگەڵ حکومتدا رێک کەوتبوو چووبووە پیران زۆری پێ نەچووبوو لە ژیانی دەرو دەشت بێزار دەبێ و بیر لەوە دەکاتەوە کە داوا لە حکومت بکا رێگەی بدەن بگەڕێتـەوە بۆ سلێمانی وە ئەگەر رازی نەبوون دووبارە دەس بکاتەوە بە شۆڕش و راپەڕینێکی تر».*

عبد الرزاق الحسنی لە کـتێبـەکەیدا (٦٤) باسی نامـەیەکی شـێخ مـەحموودی کـردووە

کە لەساڵی ۱۹۲۸دا ناردوویەتی بۆ معروف جیاووک و لە نامەکەیدا بۆی نووسیوە کە لە ژیانی دوور لە شارستانییەتی بێزار بووەو بڕیاری داوە بگەڕێتەوە ئەگەرچی سەریشی تیادا بچێت و معروف جیاووکیش لە وەرامدا پێی دەڵێ: جاریٚ وەختی ئەوە نییەو پەلە نەکاو لەوەش دەچیٚ معروف جیاووک هەرخۆی ناوەڕۆکی نامەکەی گەیاندبیٚ بە ملک فیصل.

دوکتۆر کمال مەزهەر هەر لەو باسەیدا کە لە ژمارە (۱۲۳)ی گۆڤاری رۆشنبیریدا بلاٚوی کردۆتەوە دەڵیٚ:

*«ملک فیصل کابرایەکی زۆر سیاسی و دووربین بوو، لە کارو باریا بە شێنەیی بیری دەکردەوەو لەو رۆژانەشدا هەڵوێست بەرامبەر بە عراق زۆر ناسک بووەو بەدەستەوە بووە کە عراق ببێت بە ئەندامی عصبە الامم، بۆ ئەوە فیصل هەوڵی داوە رێگا لە روودانی هەموو شۆڕش و نائارامییەک بگرێت لە کوردستاندا. بۆ ئەو مەبستە ملک فیصل محمد فهمی سعید بە نهێنی دەنێرێت بۆ لای شێخ مەحموودو فهمی سعید ئیجازەی دوو مانگ وەردەگریٚ و بە نهێنی و بە جلی مەدەنییەوە دەچێتە خزمەت شێخ مەحموودو بە ناوی فیصلەوە گفت و گۆ لەگەڵ شێخ مەحموود دەکاو لەو گفت و گوکردنەدا شێخ حمە غریب و ماجد مصطفی و مەحموودی عەتاری ژن برای شێخ مەحموود ئاگادار دەبن و لەسەر خواستی شێخ مەحموود بۆ یادگار (یا بۆ بەڵگە) وێنەیەک دەگرن و دوکتۆر کمال مەزهەر لە لاپەڕە (۱۹)ی ئەو گۆڤارەدا ئەو وێنەیەی بلاٚوکردۆتەوە.*

دوکتۆر کمال مەزهەر دەڵیٚ:

*ئەو وێنەیەم لای فیصلی کوڕی محمد فهمی سعید دەستکەوت کە لە پشتی وێنەکەدا نووسراوە:*

*«رەسمی جنابی شێخ مەحموود. هیأتی عمومیە. یا الله هەر خۆشبیٚ ۱۹۲۸»*

لەڕاستیدا ئەو وێنەیەی کمال مەزهەر باسی کردووە لای شێخ بابا علیی شێخ مەحموود دانەیەکی هەمان وێنەم دەستکەوت کە وا لێرەدا پێشکەشی دەکەم.

بەلاٚم وەکو دوکتۆر کمال لە باسەکەیدا روونی کردۆتەوە لەوە چووە کە ئەو چوونەی

محمد فهمی سعید بۆ لای شێخ مەحموود بێ ئەنجام بوویێت چونکە وا دیارە داخوازیەکانی شێخ مەحموود زور بووەو ملک فیصل پەسەندی نەکردووە.

دوکتۆر کمال مەزهەر لە لاپەڕە (٢٢)ی ئەو گۆڤارەدا فتوایەکی شێخ علاء الدینی بیارەشی بڵاوکردۆتەوە کە لەو رۆژانەدا دژی ئینگلیزەکان دەری کردووەو لە ئەنجامی دەرچوونی ئەو فتوایەدا دەروێشەکانی شێخ علاء الدین بەدەم دەف لێدانەوە ووتوویانە:

لا إلاه إلاّ الله          ئینگلیز بشکێ إنشا الله



وێنەی شێخ مەحموود لە ڕاستیەوە شێخ حمە غریب و محمد فهمي سعید وە لای چەپیەوە حسین ناظم وە لە دواوە ماجد مصطفی و رشیدی شێخ علی دیارن

لە کۆتایی ئەم باسەدا، ئەگەر مەبەست و ناوەڕۆکی ئەو شەڕەی رشید عالی هەڵسەنگێنین، دەتوانین هەندێ شتی زەق و ئاشکرا بخەینە بەرچاو.

١ـ تاقمەکەی رشید عالی هەرچەند دژی ئینگلیز ڕاپەڕیبوون کە ئینگلیز لە زۆر

شوێن و کاتدا نموونەی داگیرکەر بووە لە وولاّتاندا، بەلاّم دەبێ ئەوەش بخەینە بەرچاو کە ئەو ڕۆژانە شەڕی جیهانیی دووهەم بوو، کە دوو بەرە تیادا بەشدار بوون بەرەی یەکەم ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشستی و یابان و دووهەم هەموو ئەو دەوڵەتانەی تر کە دروشمی دیموکراتییەت و دژایەتیی نازییەت و فاشستییەتیان هەڵگرتبوو ئەگەرچی هێزێکی وەکو ئینگلیزو ئەمریکاش لەناو ئەو بەرەیەدا بوون لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەربە ڕشید عالی بەپێی پرۆگرامی ئەڵمانیای نازی دەجووڵانەوە بۆیە جووڵانەوەکەیان جێی گومان بووەو مەترسیی هەبووە.

٢. ئەگەر ئەو تەقەلایەی دەستەی ڕشید عالی سەری بگرتایە ئەو تاقمە لە پێڕەویکردنی ڕەگەزپەرستیی عەرەب بەولاوە هیچ ڕێگەیەکی تریان نەدەگرتە بەر کە میللەتی کورد ڕوو بە ڕووی هێزێکی ڕەگەزپەرست دەبووەوە.

٣. بیرو ڕاو بۆچوونی سەرکردەکانی ئەو شەڕەی ڕشید عالی بوون بە گەرای مکرۆبی ڕەگەزپەرستی و زۆربەی نووسینی سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە لە مێشکی زۆر عەرەبدا چەسپان و ئەوەی لەم دواییەدا بە کورد کراوەو دەکرێ بەرهەمی ئەو ڕەگەزپەرستییەیە کە لە کاتی هەرای ڕشید عالی و بەرلەوەش بەرامبەر بە گەلی کوردو بەرامبەر بە کوردستان دەکرا.

★★★★★

# کۆچی دوایی شێخ مەحموودو هێنانەوەی تەرمەکەی لە بغدادەوە بۆ سلێمانی

شێخ مەحموود لە سالانی ١٩٥٥و١٩٥٦دا نەخۆشیی زەیفی لێ سەندبوو وە تەواو بێ هێزو بێ توانای کردبوو، بەتایبەتی لە هاوینی سالی ١٩٥٦ بەدواوە نەخۆشییەکەی ناچاری کرد کە هەرچۆنێک بێت بچێتە بغداد.

بۆ ئەو مەبەستە دوو جار چووە بغدادو جاری یەکەم تەنها ماوەیەکی کەم ماوەتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ داریکەلی، بەلام جاری دووهەم نەخۆشییەکەی تەواو پەکی خست و بە ئوتومبیل بردیانە کرکوک و لەوێ هەوڵ درا کە لە خەستەخانەی شرکەی نەوت (K.1) ماوەیەک تیمار بکرێ بەلام ئینگلیزەکان رێگەیان نەدا کە لەو خەستەخانەیەدا بنوێنت.

بابا علیی شێخ مەحموود لەو رووەوە دەڵێ:

*«ئەو رۆژانەی کە نەخوشییەکەی باوکم بە جۆرێکی لێ کردبوو کە بەرگەی ئەوەی نەدەگرت بە ئوتومبیل لە کرکوکەوە بگاتە بغداد، بۆیە ناچار بووم پەنام بردە بەر صباحی نوری سعید کە ئەوسا لێپرسراوی شرکەی فرۆکەکانی عراق بوو کە هەوڵیدا لە کرکوکەوە بە یەکێک لە فرۆکەکانی عراق کە خەڵکیان دەگواستەوە باوکیشم لە کرکوکەوە بهێنن بۆ بغداد کە بەزۆری ئەو فرۆکانە لەو رۆژانەدا هەر لەنێوانی بغدادو بصرەدا ئیشیان دەکردو چەند رۆژێکی خایان تا بە فرۆکەیەک گەیەنرایە بغداد، بەلام کە گەیشتە بغدادو لە خەستەخانەی (حیدری) بۆ چەند رۆژێک مایەوە، دوکتۆرەکان هیوای ئەوەیان لێ بڕا کە چاک ببێتەوە، ئەوە بوو لە رۆژی ٤/١/١٩٥٦دا کۆچی دوایی کرد».*

هەواڵی کۆچی دوایی شێخ مەحموودی شۆڕەسواری کوردستان و حوکمدارو مەلیکی ئازاو قارەمان بە هەموو کوردستاندا بڵاوبووەوەو لە هەموو لایەکەوە خەڵک روویان کردە بغدادو بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بە سەدان ئۆتۆمۆبیلی لەگەڵا هاتە سلێمانی.

لەو رۆژانەدا شێخ لطیفی شێخ مەحموود لە بەندیخانەی سلێمانیدا بوو، شێخ لطیف بەرلە گرتنی لەلایەن حکومەتی عراقەوە بەوە تاوانبار کرابوو کە لایەنگری بزووتنەوەی ئاشتیخوازی بووە لە عـراقداو لەڕاستیشـدا شێخ لطیف ئەندامێکی چالاکی ئەو رێکخراوە بووەو لەو رووەوە لەلایەن نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازانی کوردەوە جێی رێزلێ گرتن بووە. لەبەر ئەوە کە جەنازەکەی باوکی گەیشتە سلێمانی، بەرلەوەی کە ببرێتە مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ کە بینێژن، جەماوەری گەنجی خوێن گەرم و نیشتمانپەروەرەکان بڕیاریان دا جەنازەکەی شێخ مەحموود ببەن بەرەو بەندیخانەی سلێمانی بۆ ئەوەی شێخ لطیفی کوڕی چاوی بە جەنازەکەی باوکی بکەوێ..

مدیری بەندیخانە کە وەکو لەبیرمە (محمد حسن الطائی) بوو کە پیاوێکی زۆر باش بوو، هەوڵێکی زۆری دا کە ئەو داخوازییەی خەڵک بە هێمن و بێ کێشە جێ بە جێ بکرێ، بەڵام هێزی پۆلیس بە راسپاردەی (عمر علی)ی متصرفی سلێمانی کە هەرچەند لەو رۆژەدا لە سلێمـانی نەبوو، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو لەلایەن پۆلیس و دەزگـاکـانی (ئەمن)ەوە ئاگـادار دەکراو لـە ئەنجامی رێگرتن لەوەی کـە شێخ لطیف تەرمـەکەی باوکی ببینێت هەندێ پێکا هەڵچوون لەنێوانی پۆلیس و خەڵکدا روویداو پۆلیس تەقەی کردو (ئەختەر)ی ژنی رەشۆلی دەنگ خۆش بوو بە شەهیدی ئەو رۆژەو جگە لەویش تەرمەکەی شێخ مەحموود کە لاشەکەی بە مردوویی و بە ساردەوە بوویی بە سەردەستی جەماوەری کوردەوە بوو، لەو رۆژەدا ئەویش لە گوللەی پۆلیس رزگاری نەبوو، گـوللەیەک بەر لەشی کـەوتبـوو، من خـۆم لە کـاتی ناشتنی تەرمـەکـەیدا لە مزگـەوتی گـەورە بووم بە چاوی خۆم جـێگەی ئەو گوللەیەم لە کفنەکەیدا بینی کە خوێنی لێ تکابوو.

رۆژی دوایی میـری دەستی کرد بە گـرتن و دوورخستنەوەی هەندێ کـەس کە منیش یەکـێک بووم لەوانەی بەر غـەزەب و رقی ئەمن و پۆلیس کـەوتم و هەر رۆژی دوایی

پێم ڕاگەیەنرا کە دەبێ بچمە موصل و لەوێ لای پۆلیس خۆم ناونیشان بکەم و تا ماوەی ٣ـ٤ مانگێک لە موصل مامەوە هەتا گوێزرامەوە بۆ دهۆک...

بەو جۆرە شێخ مەحموودی قارەمان چووە ناو زێڕینترین لاپەڕەی خەبات و تێکۆشانی کوردەوەو، منیش وەکو کوردێک زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە کە وەکو



وێنەی شێخ مەحموود لەگەڵ توفیق وەهبی دا و حمە سعید دارتاشیش لە دواوە لە ساڵی ١٩٥٦ دا لە سلیمانی بەرلەوە بە نەخوشی ببرێ بۆ بغداد.

وەفادارییەک شتێک دەربارەی ئەو قارەمانە بنووسم و ئەوەم لا باشتر بوو کە نەک بە شعر بەڵکو بە نووسینێکی دوورو درێژ لایەک لەو ڕاستییانە ڕوون بکەمەوە کە دوژمنانی کوردو شێخ مەحمود ماوەیەکی زۆر بوو هەوڵیان دابوو ناوی بزڕێنن و لە نرخی خەبات و تێکۆشانی کەم بکەنەوە...

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەو خەباتکەرو شۆڕشگێڕو شۆڕەسوارەی کورد کە بەداخەوە بە ئاواتی ئەوەوە سەری نایەوەو وڵاتەکەی بە سەربەخۆیی و میللەتەکەی بە ئازادی و سەربەستیی نەبینی و لەگەڵ خۆیا ئەو ئاواتەی بردە ناو گڵەوە، بەڵام لام وایە میللەتی کورد وەکو وەفادارییەک ئەو قارەمانەی قەت لەبیر نەچێتەوەو هەمیشە یادی دەکاتەوە.



وێنەیەکی تری شێخ مەحموود لە ماڵی سید ئیبراهیمی برایدا
لە سلیمانی بەر لەوەی کە بچیتە بغداد بە نەخوشی.

# هەڵسەنگاندنی حوکمدارییەتی شێخ مەحموودو ئەو ڕەخنانەی لە خۆی و دەوڵەتەکەی گیراوە

زۆربەی نووسەران، لەوانەی خاوەن ویژدان بوون، یاخود بێ لایەن بوون، لە باسی شێخ مەحموودو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیا لەسەر ئەوەن کە شێخ مەحموود قارەمانێکی ئازاو نەبەردو چاونەترس بووەو تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەرو دڵسۆزی میللەتەکەی خۆی بووەو لە کۆڕی شۆڕشەکانیا هەمیشە چەک هەڵگر بووەو هەموو ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە میللەتەکەی بە ئازادی و سەربەستی و نیشتمانەکەی بە سەربەخۆیی ببینێت.

نووسەرێکی وەکو ستیفن لە کتێبەکەیدا(٥٧) تەواو نیشانی پێکاوە کە ووتوویەتی شێخ مەحموود سەرکردەی میللەتەکەی خۆی بووەو قەت وەکو سەرۆک عەشیرەتێک ڕەفتاری نەکردووەو دەوڵەتێکی بۆ میللەتەکەی دروست کردووەو ئاڵای کوردی هەڵکردووەو پوولی کوردستانی هەبووەو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و سوپای دەوڵەتی هەبووەو وویستوویەتی خزمەتگوازریی وولات و میللەتەکەی خۆی بێ و نۆکەرو بەکرێگیراوی بێگانە نەبێ.

جگە لەوەی ستیڤن، ئەو ستایشەی (کلارک)ی ئەفسەری سیاسیی بریتانیی لە سلێمانیدا کە لەدواییدا لای (ئەرشیبالد هاملتن)دا دانی پیادا ناوەو هاملتنیش بە ئەمانەتەوە لە کتێبەکەیدا Roads Through Kurdistan باسی کردووە (لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژ لەوە دواین)، ئەمانە هەمووی ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شێخ مەحموود لەچاو ئەو ڕۆژەدا سەرکردەیەکی لێهاتوو بووەو هیچی کەمتر نەبووە لە هەندێ سەرکردەی میللەتانی تری ئەو ڕۆژانە لە ناوچەکەدا (کە زەق ترین نموونە بۆ ئەوە بەراووردکردنی شێخ مەحموودە لەگەڵ ئەو ئەمیرانەی لە خلیجدا حکومەتیان بۆ

دامەزرێنرا)، بەڵام ڕێکەوت و هەڵکەوتی وڵات و باری زەمان هەل و دەرفەتێکی باشی بۆ ئەو سەرکردانەی وڵاتانی تر ڕەخساندووەو زەمینەیەکی خۆشیان بۆ سازکراوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان شێخ مەحموود کە نە هەل و مەرجی ناوخۆ لە باربووەو نە زەمینەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری وڵاتەکەی پتەو بووەو نە لەنگەر گرتنی پەیوەندیی نێو دەوڵەتانی دەسەڵاتداری ئەو ڕۆژە لە ناوچەکەدا کوردی بەپارسەنگێکی گرنگ ژماردووەو نە پەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەی کە دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتبوو لەوەدا بووە کە ڕێگا بە شێخ مەحموود بدرێ وەکو سەرکردەی میللەتێک هەڵس و کەوت بکاو، چارەنووسی کورد لەو ڕۆژانەدا بەدەست دەوڵەتێکی مڵۆزمی سەرمایەداری چاوچنۆکی فێڵبازەوە بووە کە تەنها چاوی بڕیبووە سوودو پەرژەوەندیی خۆی و لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەدا مافی ڕەوای کورد پێشێل کراو نەخشەی کوردستان وەکو نەخشەیەکی سیاسی لە کەشکۆڵی ستراتیجییەتی ئەو دەوڵەتەدا خرایە پشت گوێ و بڕیاری دا کوردستان ببەستێت بە میسۆپۆتامیاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو باسمان کرد، نووسەرە بەوێژدانەکان دانیان بەوەدا ناوە کە شێخ مەحموود سەرکردەیەکی ئازاو کۆڵنەدەری میللەتەکەی خۆی بووەو دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەی بووە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتیی میللەتێک تەنها ئازایەتی و دڵسۆزی بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو سەرکردەو ڕێبەرە بتوانێت هەتا سەر جڵەوی شۆڕشی میللەتەکەی بەدەستەوە بهێنێت و بتوانێت بەسەر کۆسپ و بەرهەڵستی و بەسەر دوژمنەکانی میللەتەکەیدا زاڵ ببێت و توانای ئەوەی هەبێ لە هەڵوێست و ڕووداوە گرنگەکاندا بەسەر قۆرت و تەنگ و چەڵمەکاندا سەر بکەوێ و کاروانی شۆڕشی میللەتەکەی لە لافاوی هێرشی دەس درێژیکەر ڕزگار بکاو ئاگربڕی ئاگری دوژمن بکاو میللەتەکەی دەرباز بکاو بێگەیەنێتە کەناری دەریای سەرفرازبوون و ڕزگاری و ئازادی، بەڵکو گەلێک هەل و مەرجی تریش پێویست بە ڕەخساندنیان هەیە بۆ ئەوەی ئەوانە هەمووی لەگەڵ لێهاتوویی خۆی و میللەتەکەیدا کارێکی وا بکەن میللەتەکەی بگا بە ئاواتی خۆی.

ئەگەر بمانەوێ بە پێنووسێکی بەوێژدانانەو بێ لایەنگری باسی ڕووداو و

بەسەرهاتەکانی شۆڕشی میللەتێک بکەین و لە لێهاتوویی و کەم و کورپی سەرکردەو رابەرێک بکۆڵینەوە پێویستە ئاگاداری سەرجەمی رووداو و بەسەرهاتەکان بین و هۆی رووداوەکان و ئەنجامەکانیان بخەینە بەرچاو و لێکیان جیاکەینەوەو تێکەڵ و پێکەڵیان نەکەین و لەپاش شیکردنەوەیان جەمسەری هەندێکیان ببەستین بە یەکتریەوە بۆ ئەوەی زنجیرەی رووداوەکان یەک لەدوای یەک بەدی بکەین و لێیان بکۆڵینەوە.

لە شۆڕشی میللەتاندا وەکو لە شوێنی تریشدا باسمان کردووە، ئەگەر قۆناغی شارستانییەتی و رۆشنبیری و ئابووری و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی گەیشتبێتە پلەو پایەیەکی لەبارو پێشکەوتووی ئەوتۆ کە بە هەموویان بناغەیەکی پتەو و بەهێزیان دامەزراندبێ و قەوارەی دارایی و دەسەلاتی ئابووریی ئەو میللەتە گەیشتبێتە رادەیەک کە سەرکردەو شۆڕشگێڕانی ئەو میللەتە ناچار نەبن بو هەموو شتێک دەست لە بێگانە پان بکەنەوەو چاوبەرەوژێری دەسنگەی ئەم و ئەو نەبن، بێگومان تەوژمی شۆڕش و راپەڕینی ئەو میللەتە گورجتر بەرەو پێشەوە دەڕواو ئەگەر لە ڕێڕەوی خەباتیا جارو باریش تووشی نوشوستی و رۆچوون و هەرەس هێنان هاتبێت زۆری پێ ناچێ خۆی دەگرێتەوەو دەکەوێتە خۆی و راستە رێگەیەک دەدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکانی کە بەداخەوە میللەتی کورد لەمەدا هەتا بڵێی چارە رەش و بەدبەخت بووەو ژەنگ و ژاری روزگارو زەمانەو کەمتەرخەمیی سالەهای سالی باو و باپیرانمان ئەوەندە زۆربووە کە بەئاسانی ناتوانرێ لێیان رزگار ببین. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە شۆڕشی هەموو میللەتێک لە رێبازی خەبات و راپەڕینیا چەند سەرکردەو رابەرێک دەستە جڵەوی ئەو شۆڕش و راپەڕینە دەگرنە دەست و هەندێ جار ئەو سەرکردەو رابەرانە سەرکەوتوو دەبن و هەندێ جاریش تووشی نەهامەتی و شکاندن و دۆڕاندن دەبن و میللەتەکەیان لە ئەنجامی ئەوەدا تووشی زیانێکی زۆرو تووشی رۆچوون و هەرەس هێنان و ماڵ کاولی دەبێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمەش لەم باسەدا ئەو هەموو راستیانە بخەینە بەرچاو و خەیالاویانە بۆی نەچین و لایەک نەگرین و لاکانی تر فەرامۆش بکەین.

مێژوو بۆ ئەوە نانوسرێ و ناخوێنرێتەوە کە هەر وەکو چیرۆکەکانی ئەفسانەو داستان گوێ لە ئازایەتی و پاڵەوانیـیـەتی شـۆڕشگێڕەکـان یا لە شکاندن و سـەرنەکـەوتنیـان بگرێن و کە لێبووینەوە ئیتر هیچ بیر لەوە نەکەینەوە کە هەڵوێست و رووداوەکانی ئیـمڕۆ بیەستینەوە بە رووداو و بەسەرهاتەکـانی رابوردوو، بەڵکو پێویستـە بۆ ئەوە بخوێنرێتەوە کە پەندو دەرسی لێ وەربگرین و ناوەڕۆکی باس و رووداوەکان بخرێنە بەرچاو و لێیان بکۆڵرێتەوەو بچینە بنج و بناوانیـان و ئەو هۆ سەرەکییانە دەسنیشان بکرێن کە بوونەتە هۆی سەرکەوتن یا شکـاندن و ئەوانەش بخرێنە بەرچاو کە لە کاتی خۆیدا پشت گوێ خرابوون.

لە خـوێندنەوەی مـێژووی کـوردا، بەتایبـەتی مـێژووی ئەم سەدەی بیسـتـەمە، کـە سەرجەمی بریتییە لە کوێرەوەری و هەرەس هێنان و ماڵ کاولی و دەربەدەری، گەلێک شتی زۆر زەق و ئاشکرامان بۆ روون دەبێتەوەو بۆمان دەردەکەوێ کە ماف خوراویی کوردو دواکەوتنی گەلی کوردو نەگەیشتنی بە ئاواتی خۆی تەنها هەر بریتی نەبووە لە چەند هۆیەک بەڵکو گەلێ هۆی ئێجگار زۆر هەبووە کە هەموویان پێکا هەڵچوون و بە کـۆمـەڵ بوون بـە دڕکی پەرژینی سـەرچەقی رێگای پێشکەوتن و رزگـاربوونی کوردو گەلێ هۆی وا هەبووەو هەیە کە هەر وەکو ماکی شێرپەنجە لە هەموو راپەڕین و شۆڕشێکیا سەری هەڵداوەتەوە بەبێ ئەوەی بتوانرێ ماکی ئەو شێرپەنجەیە ریشەکێش بکرێ.

ئەوەی لەم باسەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە باسی ئەو رەخنەو سەرزەنش و گلەییانە بکەین کە لە شێخ مەحمودو لە دام و دەزگای دەوڵەتەکەی گیراوەو هەمووی بخەینە بەرچاو و هەڵیان سەنگێنین بە مەرجێک حسابێکیش بۆ ئەوە بکرێ کە شتێکی راست نییە رووداو و بەسەرهاتەکانی حەفتا ساڵ لەمەوبەر هەموویان بەکێش و پێوانەی ئیـمڕۆ بکێشین و بیان پێوین، جگە لەوە پێویستە لەم باسەدا (ظروفی موضوعی)و (ظروفی ذاتی) هەردووکیان بخەینە پێش چاو.

دەربارەی یەکـەمیـان: کـە ساتێک شێخ مـەحـموود کرا بـە حوکـمدار لە سـاڵی ١٩١٨داو ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە کە بە کشانەوەی هێزی عوسمانی پەیدا بووبوو،

ئەو سەردەمە ئەو رۆژانەبوو کە هێشتا خەڵک لە برسێتی و نەخۆشی و گرانی و بێ دەرامەتی و رەش و رووتێتی رزگاریان نەبووبوو، بۆیە میللەتی کورد لەو رۆژانەدا باوەشی بۆ هەموو کەسێک دەگرتەوە کە ئەو هەموو برسی و رەش و رووتانەی بۆ تێر بکاو لە مردن و رووت و قووتێتی رزگاریان بکاو لەو رۆژانەدا ئینگلیزی تێرو تەسەل و دەوڵەمەندی خاون پارەو خواردەمەنی و خاوەنی سوپای چەکدار هەر وەکو فریشتەیەکی رزگارکەر هاتبووە پێش چاوی دانیشتوان و مژدەی رزگاربوون و ئازادی و سەربەخۆیی دەهێنا بۆ کوردو لەو رۆژانەدا هێشتا هەستی نەتەوایەتی لەناو زۆربەی کوردا فەریک و ناکام بووەو تاکو لۆکە چواردە مادەکەی ویلسنی سەرەک کۆماری ئەمریکایان بیستبوو، تازە باسی کۆمەڵی گەلان و باسی میللەتان و چارەنووسی میللەتان دەبیسراو زۆرداریی عوسمانی و ئەو هەموو دواکەوتنەی لە کوردستاندا لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو هێشتا تەمی نەرەویبووەوەو باڵی رەشی کۆنەپەرستی و دەرەبەگێتی و عەشایری و قسەی پرو و پووچی مەلا مێشک وشکەکان و شێخ و پیاوە ئاینییەکان لە گورو تەوژمی دەسەڵاتداریدا بوون و ژمارەی ئەو رۆشنبیرە کەمەی کورد کە کەوتبوونە ناو گێژاوی ئەو کۆمەڵگایەوە لەژێر ئەرک و بارێکی ئێجگار سەخت و سامناکدا بوون و لەراستیدا خۆشیان هێشتا دەڵەمە بوون و لە تاقی کردنەوەی سیاسەت و باری تەڵەکەبازیی دەوڵەتاندا شارەزا نەبوون.

لە ساڵی ١٩١٨دا وەکو لە بەرگی یەکەمدا لێی دواین، کە ئینگلیزەکان هاتنە خوارووی کوردستان، ئەو هاتنەیان لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد نەبوو، بەڵکو بە گەزو پیوانەی خۆیان لەو رۆژانەدا لە شێخ مەحموود زیاتر دەسەڵاتدارێکی ئەوتۆیان نەهاتبووە بەرچاو لە خوارووی کوردستاندا کە لە رێگەی ئەوەوە جێ پێی خۆیان قایم بکەن و بەرگری تورکی پێ بکەن لە کوردستاندا، کە لەراستیدا ئەمە شتێکی ئێجگار گرنگ بووە بۆ ئەو رۆژانە کە بەپێی پەیمانی وەستاندنی شەڕ دەبوایە هێزی ئینگلیز رووی نەکردایەتە شوێنێک کە بەر لە مۆرکردنی ئەو پەیمانە داگیر نەکرابێ.

نەخشەو پیلانی ئینگلیز لەو رۆژانەدا بۆ سەرگرتنی ئەو ستراتیجییەی کە

نەخشەیان بۆ کێشابوو بریتی بووە لە موسۆگەرکردن و چەسپاندنی مەبەست و ئامانجەکانیان کە جگە لە گرنگیتیی هەڵکەوتی شوێنی کوردستان بوونی نەوت لە کوردستاندا هۆی سەرەکیی بایەخ پێدانی ئینگلیز بووە بە کوردستان کە تا ماوەیەکی زۆر ئەو بایەخ پێدانەیان شتێکی نهێنی بووەو سیاسەتمەدارانی ئینگلیز هەوڵیان داوە ئەو راستییە بشارنەوەو لای بێگانە ئاشکرای نەکەن و بگرە هەندێ لە کاربەدەستانی خۆشیان هەتا ماوەیەک ئەو راستییەیان بەتەواوی لا ئاشکرا نەبووە وەکو ئەوەی ئەدمۆنس لەو رووەوە دانی پێدا نابوو کە لە شوێنی خۆیدا لێی دواین.

نەوتی ناو خاکی کوردستانی دوور لە دەریا، شتێک نەبووە لەو رۆژانەدا کاربەدەستانی ئینگلیز حسابی دوارۆژیان بۆ نەکردبێ و کە هاتبنە سەر باسی سەربەخۆیی کورد ئینگلیزەکان هەمیشە یەکەم بیانوویان ئەوە بووە کە کوردستان لەسەر دەریا نەبووەو رێگای بازرگانی داخراو بووە لێ و هەمیشە بە بازرگانەکانی خوارووی کوردستانیان وتووە: ئەگەر کوردستان سەربەخۆیی ئەی تووتنەکەتان دەبەن بۆ کوێ؟ وە کە باسی بازرگانی کراوە پێیان وتوون مادام ئێوە وڵاتەکەتان لەسەر دەریا نییە لەبەر ئەوە چار نییە هەر دەبێ لەگەڵ وڵاتێکدا بن کە رێبازی بازرگانیی هەبێت کە ئەویش تەنا هەر عێراقە.

وەکو لە باسی نەوتدا لێی دواین، بوونی نەوت لە کوردستاندا شادەماری مەبەست و ئامانجی بوونی بریتانیا بووە کە دەس بەسەر کوردستاندا بگرێ... هەر وەکو لە شوێنی خۆیدا لێی دواین بوونی نەوت لە وڵاتانی بەختەوەردا دەبێتە هۆی تێرو تەسەلی و دەبێتە مایەی خۆشی و شادمانی و کامەرانی بۆ دانیشتوانی وڵاتی خاوەن نەوت، بەڵام لە کوردستاندا بوو بە مارو ئاڵایەگەردنی کوردو بەقەد دڵۆپەکانی ئەو نەوتەی بە لوولە لە کوردستانەوە بەکێش کراوە بۆ سەر دەریا، ئەوەندەش فرمێسک و خوێنی میللەتی کورد رژاوەو ئەو چارەنووسە رەشەی ئیمرۆ کورد گیرۆدەی بووە هەمووی دەگەرێتەوە بۆ ئەو چاو تێ بڕینەی کۆمپانیاکانی وڵاتانی سەرمایەداریی چاوچنۆک کە هەتا ماوەیەک راستەوخۆ بەدەستی خۆیان ئەو نەوتەیان بەکێش دەکردو لەدوای خۆشیان بەجێیان هێشت بۆ دەستەی بورجوازیی داگیرکەر کە

میللەتی کورد هەتا ئیمڕۆش هەر لەژێر باری ئەو سیاسەتەدا دەتلێتەوە.

دەربارەی (ظروفی ذاتی)ش، ئەوانەی لە نووسین و یاداشت و کتێبەکانیانا ڕەخنەیان لە شێخ مەحموودو حوکمدارییەتەکەی و دەوڵەتەکەی گرتووە دوو جۆر بوون (هەر وەکو لەپێشەکیی بەرگی یەکەمیشدا بە کورتی لێی دواین و لێرەدا دەمانەوێ بە دوورو درێژ باسی بکەین).

جۆری یەکەم بریتییە لە نووسەرانی ئینگلیزو نووسەرانی تری بێگانە کە زۆربەی سەرچاوەی باسەکانیان بریتی بووە لەو نووسین و کتێب و راپۆرتانەی کاربەدەستان و سیاسییەکانی ئینگلیزو نووسەرە ڕەگەزپەرستەکانی ناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە ئەوانەش هە ئەو درۆو دەلەسانەی ئەوانیان کاوێژکردۆتەوەو کردوویانە بە بنێشتەخۆشەی دەمیان و تەنها لە (سلبيات)ەکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود دواون و مەبەستی ئەوانەش بەزۆری بۆ کەمکردنەوەی نرخی شۆڕشەکانی کورد بووە.

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ ئەو نووسەرە بێگانانەی دەربارەی شێخ مەحموود یاداشت و نووسینیان بڵاوکردۆتەوە دوو جۆر بوون:

جۆری یەکەم تا رادەیەک بە مەبەستێکی زانیارانەو بێ لایەنانە نووسیویانەو متمانەیان بە کتێب و یاداشت و باسەکانی دوژمنانی کورد نەکردووەو پشتیان پێ نەبەستووەو ئەوی بەڕاستییان زانیبێت، بە چاکەو بە خراپەوە لە هەمووی دواون.

جۆری دووهەم بریتی بووە لە نووسەرەکانی ئینگلیزو نووسەرانی دوژمنی کورد، کە ئەو نووسین و کتێب و یاداشتانەی ئینگلیزەکان بڵاویان کردۆتەوە بەشی زۆریان بۆ پینەکردنی تاوانەکانی خۆیان تەرخان کردووەو لە نووسینەکانیانا هەوڵیان داوە بیانوو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی خەڵک چەواشە بکەن و بە بەڵگەی درۆ هۆی پاشگەزبوونەوەکانیان پینە بکەن و پاکانەیان کردووە بۆ ئەو لادانەیان کە لە سیاسەتیانا بەرامبەر بە کورد کراوە وەکو پاشگەزبوونەوەی حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بە پەیمانی سیڤەرو ئەو بەیانە دووقۆڵییەی لەلایەن حکومەتی بریتانیاو عێراقەوە لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا دەرچووبوو دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی وەکو لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژ لێی دواین.

بێگومان پەڵپ و بیانووەکانی ئینگلیز بۆ پینەکردنی پاشگەزبوونەوەکانیان شتێکی زۆر روون و ئاشکرا بووە، تورک داوای ویلایەتی موصلی پڕ لە نەوت و پڕ لە پیت و بەرەکەتی کردۆتەوەو هەمیشە لەوە ترساوە کە حکومەتێکی کوردی بە هەر شێوەیەک بووبێت دروست بکرێ کە ئەمە مەترسییەکی زۆری هەبووە بۆ تورک، لەبەر ئەوە تورک ئامادە بووە واز لە ویلایەتی موصل بهێنێت بە مەرجێک ئینگلیز لەوە دڵنیای بکا کە هیچ جۆرە حکومەتێکی کوردی لەو رۆژانەداو لە داوڕۆژدا پەیدا نابێ.

لە ئەنجامی راوەڕیویی سیاسەتمەدارانی ئینگلیزو کەم دەسەڵاتیی کورد لەو رۆژانەدا ئینگلیزەکان تورکیان وا لێ کرد دەسبەرداری ویلایەتی موصل (کوردستان) ببێتەوەو بەرامبەر بەوە ئینگلیزیش بەڵێنی خۆی بەجێ هێناو ئەو شۆڕشانەی کە شێخ مەحموود لەو رۆژانەدا بەو دسەڵاتە کەمەی کە هەیبوو نەیتوانی بەرگەی فڕۆکەو سوپای ئینگلیز بگرێ و بەو جۆرە بە هۆی سوپای ئینگلیزو عراق و بە هۆی هێزی لیڤیی ئاسووری شۆڕشەکانی شێخ مەحموود پان کرایەوە. ئینگلیزەکان بۆ پینەکردنی ئەو تاوانەیان شێخ مەحموودیان لای هەندێ کورد بەوە تاوانبار کردبوو کە پیاوێکی ساویلکە بووەو کابرایەکی راڕاو سەرچڵ و لێ نەهاتوو بووەو تا رادەیەکیش توانییان زۆر کوردی وا هەبووە لەو رۆژانەدا فریویان بدەن و بیخەنە مێشکیانەوە کە شێخ مەحموود هەل و دەرفەتێکی باش و لەباری لەکیس کورد داوەو بە گوێی ئینگلیزەکانی نەکردو بەو نەخشەیە قایل نەبوو کە ئینگلیزەکان بۆیان دانابوو کە لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژ بەرپەرچی ئەو درۆو دەلەسەو پڕۆپاگاندەیەی ئینگلیزمان دایەوەو ئەوە بوو لە ئەنجامی سیاستی حکومەتی بریتانیادا تورک بەوە قایل کرا کە واز لە خوارووی کوردستان بێنێت و بەرامبەر بەوە بەشێکیان لە نەوتی ویلایەتی موصل تەرخان کرد بۆ تورکەکان کە لەدواییدا توانییان ئەو بەشەش لە چنگی تورکەکان دەربێنن و بە (۳۰۰) هەزار پاوەن وایان لە تورک کرد کە دەسبەرداری ئەو بەشە نەوتەش ببێت بەو جۆرە نرخی فرۆشتنی کوردستان لە تورکیای میراتگری عوسمانلییەوە بۆ ئینگلیزو عراق بریتی بووە لە (۳۰۰) هەزار پاوەن وەکو لە شوێنی خۆیدا لە باسی (نەوت)دا لێی دواین.

نووسەرە ئینگلیزەکان لە یاداشت و کتێبەکانیانا بەزۆری شێخ مەحموودیان بە پیاوێکی کەللەڕەق و راڕا ناوبردووەو هەمیشە وایان دەربڕیوە کە شێخ مەحموود لە رێبازی عەشایری بەولاوە هیچ رێگەیەکی تری نەگرتۆتە بەرو دژی خوێندەوارو رۆشنبیر بووەو هەمووشی لەبەر ئەوە بووە کە شێخ مەحموود خۆفرۆش نەبووەو نەبووە بە نۆکەری ئینگلیزەکان لەپێناوی سوودی تایبەتیی خۆیدا وەکو لە زۆر شوێندا روونمان کردۆتەوە.

حەزم کرد لێرەدا دووبارە بە کورتی بۆ وەرامی ئەو درۆو دەلەسانەی ئینگلیز چەند ڕاستییەک بخەمەوە بەرچاو:

ئینگلیزەکان لەسەرەتادا کە هاتنە کوردستان هەتا ئەو کاتەی بەتەواوی پەیوەندییان بە عەشایرەکانی ترەوە کردو لەناو سەرۆک عەشیرەتەکاندا پیاوی خۆیان دەسنیشان کردو دەمیان شیرین کردن، هەتا ئەو کاتە هەمیشە وایان لە خەڵک و لە شێخ مەحموود گەیاندبوو کە خوارووی کوردستان، هەر لە رووباری دیالەوە هەتا رووباری زاب سەربەخۆ دەبێ و نابەسرێ بە عێراقەوەو شێخ مەحموود حوکمدار دەبێ و دانیشتوانی خوارووی کوردستان ئەوانەی کە بە حوکمدارییەتی شێخ مەحموود قایل دەبن بۆیان هەیە بەشداری و هاوکاری بکەن لە حوکمدارییەتی شێخ مەحموودداو مێجەر نویلی یەکەم نوێنەری حکومەتی بریتانیا بۆ خوارووی کوردستان کە وەکو باڵیۆزێکی حکومەتی بریتانیا تەماشا دەکرا لە یەکەم قسەیدا لەبەر دەرگای سەرای سلێمانی بۆ خەڵکی سلێمانی و ئەو عەشایرانەی کە رژابوونە ناو سلێمانییەوە دەری بڕیبوو کە کوردستان وولاتێکی سەربەخۆ دەبێ و ویلسنی حاکمی گشتیی بریتانی لە یەکەم چوونیا بۆ سلێمانی هەمان بەڵێنی حکومەتەکەی دووبارە کردبووەو کوردی خوارووی کوردستان ئەو قسەو بەڵێنەی نویل و ویلسنیان وا لێک دابووەوە کە ئەو حوکمدارییەتەی شێخ مەحموود بریتی دەبێ لە بناغەی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودو هەتا ئەو کاتەی ئینگلیزەکان گێڕی سیاسەتی خۆیان نەگۆڕیبوو کارو باری حوکمدار بە شێوەیەکی رێک و پێک و بێ گێچەڵ دەبرا بەڕێوەو هەر وەکو مێجەر نویل ئاشکرای کردبوو ئێمەش لەپێشتردا

لێی دواین، تا ئەو کاتە شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێک لە سیاستی ئینگلیز لای نەدابووە لەگەڵیانا سەرپێچی نەکردبوو، بەڵام کە بۆی دەرکەوت ئینگلیزەکان دەستی دەبڕن و دەیانەوێ وەکو کرێ گرتەیەک سەیری بکەن، ئەوسا ئەویش کەوتە سەرپێچی کردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا.

لەسەرەتادا ئینگلیزەکان لە خوارووی کوردستاندا بۆ روو بە روو بوونەوەی تورکەکان پێویستییان بە جۆرە هاوکاری و یەکگرتنێک هەبوو لەنێوانی عەشایرەکانداو نەیان دەویست هیچیان دژی شێخ مەحموود بوەستن بەڵام کە ئینگلیزەکان جێ پێی خۆیان قایم کرد ئیتر ئیشیان بە شێخ مەحموود نەماو هەر جارەی لە بیانوویەک گەڕاون بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کەم بکەنەوەو دەست کورتی بکەن و شێخ مەحموودیش ئاگاداری ئەو مەبەستەی ئینگلیز بووەو بە ئاسانی بۆیان دەستەمۆ نەبووە.

بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ رەخنەی نووسەرو ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز هەمووی بێ سەرو پێ بووەو پڕ بووە لە لایەنگریی سیاستی خۆیان و بۆ پاکانەکردن بووە بەرامبەر بە پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێنەکانیان.

دەربارەی رەخنەی نووسەرانی خۆشمان لە یاداشت و کتێب و باسەکانیانا وەکو رفیق حلمی و ئەحمەد تەقی و جلال تالەبانی و هەندێ نووسەری تر، دەتوانین رەخنەکانیان لەم شێوانەی خوارەوەدا بخەینە پێش چاو.

هەر وەکو لە بەرگی یەکەمیشدا لێی دواین، حەزم کرد لێرەشدا بە شێوەیەکی فراوانتر لێیان بدوێم. چ رفیق حلمی و چ ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیانا رەخنەی ئەوەیان لە شێخ مەحموود گرتووە کە رێگەی دابوو بەو خەنجەر لە پشت و جامانە لارانەی لە دەوری کۆبووبوونەوە دیوارێکیان لە نێوانی شێخ مەحموودو رۆشنبیرو خوێندەوارانی ئەو سەردەمەدا دروست کردبوو کە بەو دیوارە شێخ مەحموودیان لە زۆر کەسی لێهاتوو و کارامەو دڵسۆز دوورخستبووەوەو دڵی شێخ مەحموودیان زۆر جار لە هەندێ کەسی لێهاتوو و رۆشنبیر رەنجاندووەو گەلێک هەڵپەرست و ئەوانەی راویان لە ئاوی لێڵدا کردووە دەس درێژییان کردووەو هی وەکو جمال عرفان و عارف

صائبیان بە ناڕەوا کوشتووەو ئەو کوشتنەش بووە بە هۆی ئەوەی زۆر کەس لە شێخ مەحموود کشاونەوەو شێخ مەحموودیش سزای ئەو تاوانبارانەی نەداوەو ڕێگەی دەسدرێژی کردنی لێی نەگرتوون.

لەڕاستیدا کوشتنی جمال عرفان و عارف صائب و دوورخستنەوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران بە هۆی ئەوانەوە کە رفیق حلمی و ئەحمەد تەقی بە خەنجەر لە پشت و جامانە لار ناوی بردوون هەڵەیەکی زۆر گەورە بووەو ئەو جۆرە ڕەفتارە زۆر زیانی گەیاندووە بە شێخ مەحموودو بە بزووتنەوەی کورد لەو ناوچەیەدا، بەڵام لە باسەکاندا لە شوێنی خۆیدا روونمان کردەوە کە شێخ مەحموود بە هیچ جۆرێک لایەنگری کوشتنی کەس نەبووەو باسی ناڕەزایی شێخ مەحموودمان کرد بە هۆی کوشتنی عارف صائبەوە کە شێخ ڕوءفی شێخ مەحموودیش لە یاداشتەکانیا باسی ناڕەزابوون و بێزاریی باوکی کردووە لەوەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ووتمان مێژوو بۆ ئەوە دەخوێنینەوە کە دەرسی لێ وەربگرین، بۆیە شتێکی پێویستە کە بڵێین لەدوای تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ بەسەر ئەو هەڵانەی دەوری شێخ مەحموودا بۆمان دەرکەوتووە کە وەنەبێ هەر لە زەمانی شێخ مەحموودا ئەو هەڵانە کرابێ.

ئەو ژمارە زۆرەی لە ڕێڕەوی خەبات و شۆڕشی میللەتەکەماناو لە ڕیزەوی بین بڕکێی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردا لەم چەند ساڵانەی دواییدا گەلێک هەڵەی وا ناخۆشمان هاتۆتە بەرچاو و گەلێک تێکۆشەری کورد بە ناڕەوا بە دەستی کورد لەناو خۆمانا کوژراوەو هەتا ئێستەش هیچ لایەک دانی بەو تاوانانەدا نەناوە!!

رفیق حلمی و ئەحمەد تەقی رەخنەیەکی تریان لە شێخ مەحموود لەوەدا گرتووە کە لەبەر نەشارەزایی و کورت بینی نەیتوانیبوو لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بە هێمنی و بە دڵی ئەوان بجوڵێتەوەو دەبوایە ئەوان چییان لێ داوا بکردایەو لەو ڕۆژانەدا چییان بۆ دابنایە سەرپێچی نەکردایەو بەو دام و دەزگاو ئیدارەیە قایل ببوایە کە ئینگلیزەکان بۆیان دەسنیشان کردبوو بە ئومێدی ئەوەی لە داوڕۆژدا ببێتە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی یا هەر هیچ نەبێ بۆ حوکمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ

کوردستان لەو ڕۆژانەدا.

وا بزانم لە باسی مەبەستی ئینگلیزەکان و لە باسی پاشگەزبوونەوەیانا بە دوورو درێژی ئەو ڕاستییانەمان خستە بەرچاو و یەکێکی وەکو ئەحمەد تەقی هەر خۆی لە یاداشتەکانیا دانی بەو ڕاستییەدا ناوە کە ووتوویەتی:

ئای ئێمە چەند بە هەڵەدا چووبووین و چۆن بە ناڕەوا غەدرمان لە شێخ مەحموود کردبوو لەوەدا کە لامان وابوو ئەگەر شێخ مەحموود لە قسەی ئینگلیزەکان نەچوایەتە دەرەوە دوور نەبوو دوستێکی کورد وەکو مێجەر نویل بیتوانیایە شتێک بۆ کوردو کوردستان بکات!

بێگومان ئەحمەد تەقی کاتێک ئەو ڕاستییانەی بۆ ئاشکرا بووە کە کتێبەکانی مس بیل و ویلسنی حاکمی گشتیی بریتانی لە بغداد بلاوکرانەوەو بە ئاشکرا لە کتێبەکانیانا دانیان بەوەدا نابوو کە ئەو دام و دەزگایەی کە هێشتبوویان شێخ مەحموود لە ناوچەی سلێمانیدا دروستی بکات شتێکی کاتی بووەو تەنها بۆ مەبەستێکی تایبەتی بووەو حکومتی بریتانیا نەیویستووەو لە سیاسەتیا نەبووە کە بە هیچ جۆرێک حکومەتێک بۆ کورد دابمەزرێنێت.

بۆ وەرامی ئەوەی کە ئینگلیزەکان لە ڕەفتاری شێخ مەحموود ڕازی نەبووبن و بەو سەرکردەیەیان دانەنابێ کە بتوانێت ڕێبەرایەتیی میللەتی کورد بکا لەوەشدا لە شوێنی خۆیدا بەرپەرچی ئەوەمان دایەوەو ووتمان:

ئایا ئینگلیزەکان حکومەتیان بۆ شێخ مەحموود دروست دەکرد یا بۆ میللەتی کورد؟

ئەگەر نیازو مەبستیان پاک بوایەو بیانویستایە هەر شێوە حکومەتێکی کوردی بۆ کورد دروست بکەن و لایان وابووبێ شێخ مەحموود کۆسپی سەر ڕێگەی ئەو دروست کردنە بووبێ، دەیانتوانی شێخ مەحموود لە هندستانەوە نەهێننەوەو زۆری وا هەبووە وەکو شریف پاشای خندان کە لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژی باسی لێهاتوویمان کرد لەگەڵ حمدی بابان و سید طه شمزینی و مصطفی پاشا یاموڵکی و گەلێک ڕۆشنبیرو ئەفسەری بەرزی تری کورد کە لەو ڕۆژانەدا لە ئەستەمبوڵ بوون و کە هی

وایان هەبووە هیچی لە فیصل و ئەو ئەمیرە عەرەبانەی تر کەمتر نەبووە کە لە عراق و لە کەنداوی عەرەبدا کران بە ملک و بە ئەمیرو هی وەکو فیصل لە حجازەوە هێنرا دوای ئەوەی فرنسییەکان لە سوریە دەریان کردو زۆری وەکو نوری سعیدو یاسین هاشمی و جعفر عسکری و زۆری تریان بۆ بەکێش کردو حکومەتیان بۆ دامەزراند.

سەیر ئەوەیە بیانووی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە سید طە شمزینی ئەوە بووە کە جنسییەی ئێرانیی هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا کە زەوی و زارێکی زۆری لە ناوچەی رواندزدا هەبووەو پەیوەندییەکی تەواوی بە خاکی خوارووی کوردستانەوە هەبووەو هەر وەکو فیصل هەر عراقی بوویێت و لە حجازەوە نەهێنرابێت !

بەڵام لەڕاستیدا ئینگلیزەکان بۆ پیاوی کارامەو لێهاتووی کورد نەگەڕابون بەڵکو یەکێکیان ویستوە کە چەک هەڵگر بێ و بە نۆکەرایەتیی خۆیان قایل بێت کە بێگومان لە هەڵبژاردنی شێخ مەحموودا بۆ ئەو مەبستەیان زۆر بە هەڵەدا چووبوون چونکە شێخ مەحموود چەک هەڵگری میللەتەکەی خۆی بووەو خۆفرۆش نەبووەو بۆ مەبەستی تایبەتی و بۆ سوودی خۆی لە راستەڕێگەی داخوازیی میللەتەکەی لای نەداوە.

شێخ عبد القادر شمزینی کە یەکێک بووە لە شۆڕشگێڕو سەرکردەکانی کوردی ئەو سەردەمەی ئەستەمبول، هەر لەو رۆژانەدا وەکو لە شوێنی خویدا لێی دواین نامەیەکی بە ئەحمەد تەقیدا ناردبوو بۆ شێخ مەحموودو لەو نامەیەدا داوای لە شێخ مەحموود کردبوو کە هەرچۆنێک بێ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا گوزەران بکاو چاوەڕوانی بڕیاری کۆمەڵی گەلان (عصبە الامم) بکا هەرچەند لای روون بووە کە ئینگلیزەکان لەگەڵ کوردا راست ناکەن و بەڵێنی درۆیان بە خۆشیان دابوو، لەڕاستیدا شێخ مەحموودیش هەتا ماوەیەک دانی بە خۆیدا گرت و توانیی لەنگەرێک رابگرێ لەنێوانی ئەوەی کە ببێت بە لایەنگری ئینگلیز یا هی تورکەکانی رواندز بە سەرۆکایەتیی علی شفیق (یوزدمیر)، بەڵام شێخ مەحموود بۆی دەرکەوتبوو کە ئینگلیز تەفرەی دەدان و هەر رۆژە بیانوویەکی پێ دەگرن و هەر رۆژەی بە جۆرێک لە دەسەڵاتی کەم دەکەنەوە هەتا وایان لێ کرد کە سنووری دەسەڵاتی لە سنووری ناو شاری سلێمانی تێپەڕ

نەكا دوای ئەوەی هەڵەبجەو رانیەشیان لیّ جیاكردەوەو ئەو تەقەلادانەی میّحەرِ سۆن كە بەناو بۆ بووژاندنەوەی زمانی كوردی دەیدا لەوەشدا هەر مەبەستیّكی ئاشكرای بووەو نەیویستووە ئەو چالاكییە لە سنووری سلیّمانی بچیّتە دەرەوەو لە هیچ شویّنیّكی تری كوردستاندا چ لە هەڵەبجەو چ لە رانیەو چ لە كۆیەو چ لە ناوچەكانی بادینانی رینگەی بەو بزووتنەوەیە نەدراوە.

رەخنەیەكی تر كە رفیق حلمی و ئەحمەد تەقی و جەلال تالەبانی لە شیّخ مەحموودیان گرتووە لەوەدا كە دەبوایە لە شەرِی دەربەندی بازیاندا شەرِی (جبهە)ی نەكردایە، بەڵكو دەبوایە شەرِی پارتیزانی بكردایەو خۆی نەخستایەتە ناو گیّژاویّكی واوە كە بە گرتنی خۆی كە سەركردەی شۆرِش بووە هەموو بزووتنەوەو شۆرِشەكەی كورد لەو رۆژنەدا لەناو بچیّت...

راستە دەبوایە شیّخ مەحموود لەو شەرِەیدا ـ حوكمدارییەتی یەكەمیدا ـ پەلەی نەكردایەو لەگەڵ كوردی ناوچەكانی تردا راویّژی بكردایەو لە زۆر لاوە شۆرِشی دەست پیّ بكردایەو هەموو هیّزەكانی لە دەربەندی بازیان و نزیك چم چمال كۆ نەكردایەتەوەو هەمووی لە شویّنیّكدا روو بە رووی ئەو هیّزە زۆرەی ئینگلیز نەبوایەتەوە.

بەلاّم وا بزانم جیّی خۆیەتی كە لیّرەدا پرسیاریّك بخەینە بەرچاو و بلّیین: باشە ئەوا شیّخ مەحموودیّك كە لەو رۆژانەدا شارەزای شەرِی (جبهە) نەبووەو لە شەرِی عەشایری بەولاوە شارەزای هیچ جۆرە شەرِیّكی تر نەبووەو دەبوایە هەر ئەو ریّگەیەی بگرتایەتە بەر كە شارەزا بووە لیّی (شەرِی پارتیزانی)، بەلاّم ئایا بۆمان نییە كە بلّیین ئەی بۆچی لەساڵەكانی ١٩٧٤/١٩٧٥داو لە شورِشەكانی ١٩٨٠ـ١٩٨٨دا هەر هەمان هەڵەی شیّخ مەحموود دووبارە كرایەوەو شەرِی (جبهە) كراو لە ریّبازی شەرِی پارتیزانی لا درا كە بەوە كورد تووشی دوو شكستی جەرگبرِو دوو هەرەس هیّنان بوو؟

رەنگە بوتریّ ئەوەی لە شەرِی ١٩٨٠ـ١٩٨٨دا روویدا شتیّك بوو لە دەسەلاّتی كوردا نەبوو چونكە هیچ هیّزیّك لەو رۆژانەدا بەرگەی (غازی كیماوی و ژەهراوی)ی

نەگرتووە، بەڵام ئەی ئایا کوردی ساڵانی ١٩١٨-١٩٣١ کە شێخ مەحموودی سەرکردەی ئەو شۆڕشانە کە خۆی و چەکدارەکانی هەموو چەکەکانیان بریتی بووە لە تفەنگی کۆن و ژەنگاویی زەمانی عوسمانی وەکو جامبینرارو ساڵلات و حسکەو ساچمە زەنگ چۆن بەرگەی بۆمبای فڕۆکەی ئینگلیزی بگرتایە کە لێرەدا ئەو دێڕە شعرەی پیرەمێرد دووبارە دەکەینەوە دەربارەی ئەو ڕۆژانە کە ووتوویەتی:

ئاخ گەر نەبوایە وورەی تەیارە     حیزی و ئازایی ئەوسا دیارە

هەر وەکو لە بەرگی یەکەمیشدا لێی دواین، کاک جلال تاڵەبانی لە کتێبەکەیدا ڕەخنەی لەوەدا لە شێخ مەحموود گرتووە کە ووتوویەتی شێخ مەحموود موستەشاری شارەزاو لێهاتووی نەبووەو نەیتوانیوە دۆست و دوژمنی خۆی لێک جیاکاتەوەو نەدەبوایە دۆستایەتیی بکردایە لەگەڵ تورکەکان و یوزدمیردا کە بریتی بوون لە هێزێکی لاوازو بێ دەسەڵات و بەوە بەڵگەو بیانوویەکی خۆڕایی نەدایە بە ئینگلیزەکان کە روو بە ڕووی ببنەوە.

بەرلەوەی سەرنجی خۆم دەرببڕم بەرامبەر بەو ڕەخنەیە، پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە شێخ مەحموود لەسەرەتای بزووتنەوەکەیدا خام بووەو شارەزای سیاستی دەوڵەتان نەبووەو هەندێ بۆچوون و لێکدانەوەی بە شێوەی عەشایریانە بووەو لە هەندێ هەڵوێستیدا کورت بین بووەو یەکێکی وەکو حاجی سید حسنی مامی بارەها ڕەخنەی لێ گرتووە کە لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژی لێی دواین کە بە شێخ مەحموودی ووتبوو:

حوکمدارییەتی ووشەیەکی ئاڵۆزەو لای ئێمە نەبیستراوە سنووری چییەو چی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە قبوڵی مەکە هەتا هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوەو هەتا بەتەواوی سنووری دەسەڵاتی خۆتت بۆ دەسنیشان دەکرێ، بەڵام ئەوانەی تر کە موستەشاری شێخ مەحموود بوون بە عزەت مدفعیشەوە وایان لە شێخ مەحموود کردبوو کە قبوڵی بکا بۆ ئەوەی ئەو قبوڵ نەکردنەی نەبێتە هۆی ئاڵۆزی و لەکیس چوونی ئەو هەلەی لەو ڕۆژەدا بۆ کورد ڕەخسابوو وەکو لە شوێنی خۆیدا لێی دواین. بەڵام وەکو ووتمان، با ئێمەش تۆزێک بە وویژدان بین و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی

حەفتا ساڵ لەمەوبەر بەکێش و پیوانەی ئیمڕۆ نەکێشین و نەپێوین بەتایبەتی کە سوور دەزانین تەنها شێخ مەحموود نەبووە کە هەڵەی کردووەو لەبەر بێ راوێژیاری نەیتوانیوە بۆچوون و بڕیاری تەواو و راستی خۆی هەبێت، بەڵام ئەی بۆچی لەدوای ئەوە بە ٤٠..٥ ساڵ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو خوێندەوارو رۆشنبیرو سەرکردەو خاوەن دوکتۆراو ماستەرانەی کە لەناو بزووتنەوەی کوردا بوون بەیانی ئازاری ١٩٧٠ قبوڵ کراو لەوەدا زۆر شت بەتەماوی هێڵرایەوە بۆ دوای چوار ساڵ کە هەتا ماوەیەک وا باو بووە کە هەندێ رێکەوتنی نهێنی هەبووەو ئاشکرا نەکرابوو، کەچی دەرکەوت شتەکە بەو جۆرە نەبووەو لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا رژێمی فاشستی خۆی قایم کردو لە ساڵی ١٩٧٥دا توانی دەستی خۆی بوەشێنێت !

بەڵێ راستە شێخ مەحموود راوێژیاری شارەزاو لێهاتووی تەواوی نەبووەو لە حوکمدارییەتی یەکەمیدا کە ماوەیەکی زۆر کەمی خایان هێشتا ئەو ئەفسەرە کوردانەی لە ئەستەمبولدا بوون نەهاتبوونەوە کوردستان، بەڵام لە حوکمدارییەتی دووهەمیا کە هەندێکیان گەڕانەوەو شێخ مەحموود لە هندستانەوە هاتەوە، هەر لەسەر داخوازیی شێخ مەحموود هەندێک لەو ئەفسەرانە چوونە لای شێخ مەحمودو شێخ مەحموود گەلێک کارو باری گرنگی ناو دەوڵەتەکەی پێ سپاردن وەکو لە شوێنی خۆیدا باسمان کردووە، ئەوە بوو هی وەکو صدیق پاشا القادری و توفیق وەهبی و مصطفی پاشا یامولکی و صالح زەکی صاحبقران و ئەمین رواندزی و عزیز قزازو خالد سعیدو گەلێک ئەفسەری تری کورد کە لایان وابووە ئینگلیز وویستوویانە شتێک بۆ کورد بکرێ هەموویان چوونە سلێمانی و هێزی سوپاو دام و دەزگاکانی شێخ مەحمودیان دامەزراند، بەڵام هەر کە قۆناغی دووهەمی سیاستی ئینگلیز هاتە کایەوە کە بریتی بووە لە تێکدانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحموود پاش ئەوەی ئینگلیزەکان لەگەڵ تورکەکاندا رێک کەوتن ئیتر هەر بە چاوهەڵتەکاندنێکی ئینگلیز زۆربەی ئەوانە لە شێخ مەحموود جیابوونەوەو چوونە پاڵ حکومتی عراق بەپێچەوانەی ئەوان ئەو موستەشارە راستە دڵسۆزانەی تری شێخ مەحموود ئەگەرچی لە رووی شارەزایی و کارو باری دەوڵەتییەوە زۆر شارەزا نەبوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بست

له شێخ مەحموود دوور نەکەوتنەوە کە نموونەی ئەوانە لە شەڕی تاسلووجەو دەربەندی بازیاندا ئاشکرا بووە کە حاجی سید حسن مامی شێخ مەحموودو تایەری ئەمین ئەفەندی فەرخەوە حمە رشیدی جوامێری هەموندی کە هەرسێکیان موستەشاری شێخ مەحموود بوون لەو شەڕەدا لەپێناوی کوردا شەهید بوون.

شێخ روءفی شێخ مەحموود لە یاداشتەکانیا وەرامی ئەو رەخنەیەی کاک جلال تاڵەبانیی بەم جۆرە داوەتەوە:

*«ئاخۆ دەبێ لەو رۆژانەدا راوێژیار کێ بووبێ کە چووبێتە پێشەوەو باوکم رێگەی لێ گرتبێت؟ ئەوانەی بە پاکی و بە دڵسۆزی لەگەڵ شێخ مەحموودو شۆڕشی کوردا بوون هەتا دواهەناسەیان لەو رێبازە لایان نەدابوو کە بریتی بووە لەوەی خۆیان بەخت بکەن لەپێناوی کوردو کوردستانداو بە بست لە سەرکردایەتیی شێخ مەحموود دوورنەکەوتنەوە».*

رەخنەیەکی تری کاک جلال تاڵەبانی لە شێخ مەحموود ئەوەیە کە دەڵێ: شێخ مەحمود نەیتوانیبوو دۆست و دوژمنی خۆی لێک جیاکاتەوەو ئەوەی کە بە دۆستی دانابوو بریتی بوو لە تورکەکان و یوزدمیر کە جێگەی هیوان نەبوون.

بۆ وەرامی ئەوە دەڵێین:

راستە شێخ مەحموود وەکو ووتمان لەو رۆژانەدا نەک هەر ئەو، بەڵکو زۆربەی زۆری کوردی ئەو رۆژانە، چ لە کوردستانی باکوورو چ لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا خام بوون و خاوەنی تاقی کردنەوەیەکی سیاسی نەبوون و شۆڕشگێڕانی کوردی تورکیا پاش ماوەیەک بە دۆستایەتیی مصطفی کمال و کمالییەکان خەڵەتێنران و سمکۆی شوکاکیش هەر بەو جۆرە تورکەکان دەستیان کرد بە زاخاو بە کورتی نەک هەر ئەو رۆژانە بگرە ئێمڕۆش لە زۆر هەڵوێستدا ئێمە زۆر خام و ساویلکەین لە دەسنیشانکردنی دۆست و دوژمنداو وەکو دەوترێ لە دنیای سیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی شتێک نییە هەتا سەر بێ بەڵکو بوونی سوودو پەرژەوەندی لە هەندێ قۆناغدا بۆ ماوەیەکی کاتی، دۆست و دوژمن دەسنیشان دەکاو ئێمەی کورد هەتا ئێمڕۆ تاقە دۆستێکی بێ منەتمان هەبووە ئەویش چیاکانی کوردستان بووە کە

بەداخەوە مافیای چەک فرۆشانی وولاتان بە رۆژهەلات و رۆژئاواوە چەکی کوشندەو چەکی غازو ژەهراوییان دایە دەس داگیرکەرانی کوردستان و ئەو تاقە دۆستەشیان لێ قەدەغە کردووین.

بەلێ، راستە شێخ مەحموود وەکو زۆربەی سەرکردەی کوردی ئەو رۆژە خام بووەو خاوەنی تاقی کردنەوەیەکی سیاسی نەبووەو دۆستایەتی و دوژمنایەتیی لەسەر بناغەی عاطفەو پەیوەندیی عەشایری دروست کردووەو ئەو بۆچوونەی تووشی گەلێک نوشوستی و زیانی کردووەو راستە لەوەدا بە هەلەدا چووبوو کە دەبوایە دۆستایەتیی لەگەل یوزدمیردا نەکردایە کە ئەو یوزدمیرە ئەو دەسەلات و توانایەی نەبووە کە بتوانرێ پشتی پێ ببەسرێ و ئەوەی کە لە ناوچەی رواندزدا هەیبووە بریتی بووە لە چەند سەربازێکی تورکیی پەراگەندەو چەند چەکێکی کۆن کە هیچ هیوای ئەوەی لێ نەکراوە کە ببێت بە پالپشت و نەدەبوایە پشتی پێ ببەسرێت...

بەلام ئایا بۆمان نییە کە بلێین لەدوای سالەهای سال بەسەر ئەو هەلەیەی شێخ مەحموودا، سەرکردەو رێبەرانی کوردی دوای ئەو دەبوایە بەو هەلەیەدا نەچوونایەتەوەو هەمان ریچکەی شێخ مەحموودیان نەگرتایەتە بەرو لەگەل ئەوەشدا ئیمرۆ و دوێنێ سەدان خوێندەوارو رۆشنبیرو شارەزا لەگەل سەرکردەکانی ئەم سەردەمانەی کوردا هەبوون کەچی نەیان توانیوە بۆ تاقە جارێک دۆستێکی راستی کورد دەسنیشان بکەن!

شێخ مەحموود لە هەلبژاردن و دەسنیشانکردنی دۆست و دوژمندا لە رێرەوی عەشایرییەوە بیری کردبووە کەچی ئیمرۆش لە رێرەوی پارتایەتییەکی تەسکی کورت بینییەوە جار لەدوای جار بە هەمان هەلەدا دەچنەوەو هەر لە شۆرشی ایلولی ١٩٦١ و شۆرشی ١٩٧٥/١٩٧٤ وە شۆرشەکانی سالانی ١٩٨٠دا لە دەسنیشانکردنی دۆستایەتیدا قەت نیشانمان نەپیکاوەو ئەوەی لە سالی ١٩٦١دا کە روو بە رووی حوکمی عبد الکریم قاسم بووینەوەو زۆربەی لایەنگرانی شۆرشی کوردو هاندەرانی ئەو شۆرشە ئەو دەرەبەگانە بوون کە لە قینی (اصلاحی زراعی) لە نووکی پێیانەوە هەتا تەوقی سەریان بە چەکی بێگانە رازاندەوەو دۆستێکی نادۆست پالی پێوە ناین و

بەرەو هەڵدێرێکی سەخت پاڵی پێوەناین کە ئەنجامەکەیان بینی و دەرسمان لەوەش وەرنەگرت و ساڵی ١٩٧٤/١٩٧٥ بە هەمان هەڵەدا چووینەوەو سەرو مڕ خۆمان هاویشتە باوەشی دۆستێکی نادوستەوە کە ئێستەش تالاوی ئەوەیە کە دەیچێژین.

---

# کورته بەراوردێکی حوکمدارییەتی یەکەم و دووهەم

لە بەرگی یەکـەمـدا لەوە دواین کـە لە بەرگی دووهەمـدا کـورتە بەراوردێکی حوکمدارییەتی یەکەم و دووهەمی شێخ مەحموود پێشکەشی خوێندەواران دەکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا لـە ڕێبازی باسەکانی هەردوو حوکمدارییەتەکەدا کە لە بەرگی یەکەم و ئەم بەرگەدا هەموویان خستە بەرچاوی خوێندەواران بەلاّم حەزم کرد کورتەیەکی ئەو بەراوردکردنە پێشکەش بکەم:

١ـ حوکمدارییەتی یەکەم کە لەدوای شەڕی جیهانیی یەکەمدا بووە، کورد لەو ڕۆژانەدا زۆر ڕەش و ڕووت و برسی و بێ چەک بووەو لە حوکمدارییەتی دووهەمدا خەڵک تا ڕادەیەک ئاهی پیادا هاتبـووەوەو بووژابووەوە بویە شێوەو قەوارەی حوکـمدارییـەتی دووهەم جیاوازییەکی تەواوی هەبووە لەگەڵ حوکمدارییەتی یەکەمدا.

٢ـ ماوەی حوکمدارییەتی یەکەم زۆر کورت بووەو لەو ماوە کـەمـەدا کاربەدەستانی حوکـمدارییـەتەکە دەرفـەتی ئەوەیان نەبووە کـە بیر لە دەرهێنانی ڕۆژنامـەیەک بکەنەوە کە بیکەن بە ئورگانی خۆیان و لەو ڕۆژانەدا چاپخانەیەک نـەبووە بۆ ئەو مـەبستـە، بەپێچـەوانەی ئەوەوە حـوکـمـدارییـەتی دووهەم وەکـو لە شـوێنی خۆیدا بـاسـمـان کرد گـەلێک ڕۆژنامـەو قـوتابخـانەیان هەبووەو لە حـوکـمـدارییـەتی یەکـەمـدا دەزگـاکـانی بەڕێوبردنی کـارو بار لە سنوورێکی زۆر تەسکدا بووەو کـارمـەندی شـارەزا نەبووە بۆ ئەو مـەبستـە، بەپێچـەوانەی ئەوە دەوری دووهەم قـابینـەی وەزارەتی تیـا دامـەزراوەو سـوپای هەبووەو سـەرکـردەی سـوپاکـان دەسنیـشـان کـراون و دەرامـەدی دەوڵەت بە شێوەیەکی باشتر بووەو پوولی کوردستان بـەکار هێنراوەو ئاڵای کوردستان بە سەر دەزگاکاندا شەکاوەتەوە.

٣ـ لە حوکمدارییەتی دووهەمدا شێخ مەحموود ئیعلانی ملکیتی کردو بۆ یەکەم جار حکومـەتێکی سـەربـەخۆ دروستـکرا ئەگـەرچی ئینگلیـزەکـان ڕێگەی ئەوەیان نـەدا کە

کەس دانی پیادا بنێت و بەرهەڵستیی ئەوەیان کرد کە شێخ مەحموود سنووری دەسەڵاتی لە ناوچەی سلێمانی بەولاوە تێپەڕبکات.

٤ـ لە رووی سیاسییەوە شێخ مەحموود هەوڵێکی زۆری دا کە لە حوکمدارییەتی دووهەمیا پەیوەندیی خۆی بەهێز بکا لەگەڵ دەرەوەی وولاٗتداو هەر وەکو سەرکردەی میللەتێک داوای هاوکاری کردنی کرد، بەڵام ئاواتەکانی نەهاتە دی.

لەناو بەڵگەکانی ناو ئەرشیفی دەوڵەتاندا شێخ مەحموود هەر وەکو سەرکردەی میللەتێک ناوی هاتووەو لەڕاستیدا شێخ مەحموود لە حوکمدارییەتی دووهەمدا توانیی شۆڕشی میللەتی کورد لە قۆناغێکی تەسکی عەشایرییەوە بپەڕێنێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ کە لەڕاستیدا ئەو راپەڕین و شۆڕشانەی شێخ مەحموود هەوێن و بناغەی سەرەتای بزووتنەوەیەکی بەهێزی میللەتی کورد بووە لە خوارووی کوردستانداو لاپەڕەکانی مێژوو شێخ مەحموودیان وەکو سەرکردەی میللەتێک لەقەڵەم داوەو دانیان بەوەدا ناوە کە ئامانج و مەبەستی شێخ مەحموود لە شۆڕش و راپەڕینەکانیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بۆ ئازادیی و سەربەستی میللەتی کورد بووە.

★★★★★

بەشی بیستەم

# شێخ مەحموود لە تای ترازووی رەخنەو ستایشی ئەدیب و شاعراندا

وەکو زۆر سەرکردەی تر، شێخ مەحموودیش لایەنگری هەبووەو شاعری زۆر هەبووە کە ستایشی کردووە بەتایبەتی لەو رۆژانەدا کە دەسەلاتدار بووەو حوکمدار بووەو ئەو رۆژانەی کە لە هندستانەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و بۆ دووهەم جار کرایەوە بە حوکمدار زۆر لە شاعران بە شعر ستایشیان کردووە کە ئێمە لێرەدا ناتوانین لەو هەموو ستایشانە بدوێین و تەنها دێینە سەر باسی ئەو شاعرانەی کە شان بە شانی ستایش رەخنەشیان لە شێخ مەحموود گرتووەو پلارو توانجیان بۆ خۆی و بۆ دەزگای دەوڵەتەکەی هاویشتووە.

شێخ مەحموود خۆی زۆر شعردۆست بووەو حەزی لە شعرو ئەدەبیات کردووەو رێزی لە نووسەران و شاعران گرتووەو خۆشی دەستی شعری هەبووە کە لەم دوو بەرگەدا چەند شیعرێکی خۆیمان پێشکەش کردو شعرێکی ئێجگار زۆری فارسی و تورکی و عەرەبی لەبەرە بووە بەتایبەتی زۆر مێلی شعرەکانی حافظ شیرازی و سعدی و کلیمی همدانی بووەو زۆر حەزی لە شەڕەشعر کردووە کە لەو سەردەمەی ئەوا باو بووە.

شێخ مەحموود جگە لە شعرو ئەدەبیات، ئێجگار زۆر حەزی لە گاڵتەو گەپ کردووەو پیاوێکی ئێجگار رووخۆش بووەو زۆر بە دوای گاڵتەو گەپدا گەڕاوە، بۆ نموونە ئەو سالانەی کە لە بغداد دەسبەسەر بووە زۆر کەس چوونەتە خزمەتی کە یەکێک لەوانە (وسوو ئاغا) بووە کە وسوو ئاغا چۆتە خزمەت شێخ مەحموود لە بغداد، وسوو ئاغا باسی پەرێشانی دانی خۆی کردووە لای شێخ مەحموودو شێخیش نامەیەکی داوەتێ بۆ ئەوەی کە گەڕایەوە بیدا بە شێخ لطیفی دانسازو کە

دەگەڕێتەوەو نامەکەی دەداتێ شێخ لطیفی دانساز هەر لەبەر چاوی خۆی نامە داخراوەکەی شێخ مەحموود بۆ وسوو ئاغا دەخوێنێتەوە کە بۆی نووسیبوو دەڵێ:

*«وسوو موحتاجي دانە، هاتە (کن)تان*

*کە دەستێکتان هەیە ئێوەش لە (دانا)».*

شێخ لطیفی دانسازیش لە وەرامی ئەو شعرەی شێخ مەحموودا بۆ شێخ دەنووسێ:

*«لە تۆڵەی دەستما دانی ئەکێشم*

*کە موحتاجیشە تاقمی تێ نەکێشم*

*کە ئێوە شێخی ئیمەن، بۆیە بەندە*

*بە دڵ گشت ئەرکی دەرویشي ئەکیشم».*

شێخ مەحموود جگە لەو شعرانەی کە بڵاومان کردەوە لە شوێنی خۆیدا، پێنج خشتەیەکیشی هەیە کە فەرموویەتی:

*مودەتی عومرم بە تالان چوو لە سووچ و قوژبنا*

*پێ مەلەم زور کرد لەبەر ئیمان لەبەحری بێ بنا*

*جەهلي میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەرشانی منا*

*شاهبازێ بوم لە مەیدانی شکاری دوژمنا*

*سەیری جیگە زەخمی پەنجەم کەن بەدایم شاهیدە*

*دوو دڵی لیّم بۆتە زنجیر، حەوسەڵەی داوم نیە*

*بۆ نەمانی ئەجنەبي ژینم لەبەر چاوم نیە*

*بۆیە ئیتر ئارەزووی دیداری تالاوم نیە*

*گورگی پیر، کەڵبەشکاوم، تاقەتي راوم نیە*

*دل بەم ئەحواڵەش لە ریگەی میللەتدا قاسیدە*

*ئێوە ناودارانی کوردن، حەیفە دواکەوتن لەگەل*

*دەس لە دەس کەن، رێ مەدەن قەت. نەک لە دەس دەرچێ ئەمەل*

*عەزم و ووریایی و سوپاتە بۆ بەدەس هێنانی هەل*
*دوژمنو بیگانە حەقی میللەتی پێ نابی حەل*
*حوبّي ئەوتانە کە لای خوا عەيني زوهدی زاهیدە*

بێگومان شێخ مەحموود وەکو هەموو سەرکردەیەکی تر لە توانج و رەخنەو سەرزەنشی نووسەران و شاعرانی خۆمان رزگاری نەبووە، بەلاٰم لەگەڵ ئەوەشدا ئێجگار دڵپاک بووەو قەت بوغزو کینەو رقی نەگرتۆتە دڵ بەرامبەر بەو نووسەران و شاعرانە.

بۆ نموونە: (لە خەوما)ی جمیل صائب کە بە زنجیرە لە ژمارەکانی رۆژنامەی (ژیانەوە)دا بلاٰوی کردۆتەوە کە یەکەم زنجیرەی ئەو چیرۆکە لە ژمارە (١٩)ی رۆژی ١/تموزی/١٩٢٥ی رۆژنامەی (ژیانەوە)دا بلاٰوکراوەتەوە، ئەو رۆژانە بووە کە شێخ مەحموود سلێمانیی بەجێ هێشتووەو لە ناوچەی (پیران) بووە. جمیل صائبی براکوژراو (کە عارف صائب بووەو لە شوێنی خۆیدا باسمان کرد)هەرچۆنێک بووبێ بەرامبەر بە کوشتنی عارف صائب دڵگیر بووەو جگە لەوەش هەندێ نارێکی لە دەزگاکەی شێخ مەحموودو کاربەدەستاندا بینیوەو ئەو دڵگیربوونەی لە مێشک و دڵیا پەنگی خواردۆتەوەو وەکو نووسەرێکی ئەو سەردەمە بە زنجیرەیەک بێزاری و نارەزایی خۆی دەربڕیوە.

لەو چیرۆکەدا جمیل صائب باسی بەرەڵلاٰیی کاربەدەستان و دەورو پشتەکەی شێخ مەحموودی کردووەو لە شێوەی چیرۆکێکدا لە خەویا باسی بەسەرهاتە نارێکەکانی ئەو رۆژانەی تۆمار کردووە ئەگەرچی بەناو ناوی شێخ و حوکمدارییەتەکەی نەهێناوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی خۆیدا لە داریکەلی باسی ئەو چیرۆکەی جمیل صائب و شعرەکانی پیرەمێرد کە رەخنەی لە شێخ مەحموود گرتبوو لە خزمەت شێخ مەحموودا کراو ئەویش زۆر بە دڵێکی فراوانەوە فەرمووی: ئەوەی جمیل صائب نووسیویەتی شتێک بووە تێپەری کردو رەنگە زۆر شتی تریش روویدابێ و لە پاڵ مندا کرابێ کە ئەو جۆرە کارانە بە ئاسانی لەو رۆژانەدا چارەسەر نەدەکرا بەلاٰم هیوادارم کە کورد

لەدواڕۆژدا دەسـەلاتی بوو دەسـەلاتدارانی کـورد ڕێگە نەدەن ئەوەی جـاران دووبارە بێتەوە.

جگە لەو چیرۆکەی جمیل صائب، پیـرەمێردی خالی عـارف صائبیش، لەگەل ئەو هەموو پەیوەندی و دۆستایەتییە کۆنەی پیـرەمێرد لەگەل بنەمالەی شێخاندا، ئەوە بوو لە بەرگی یەکەمدا باسمان کرد کە چۆن پیـرەمێرد وازی لە کـارو فـەرمـانی مـیـریی هێنابوو و بووبوو بە سکرتێری شـێخ مـصطفی نقیـبی مـامی شـێخ مـەحـموودو لەو چوونەیدا بۆ ئەستەمبول پیرەمێرد یەکێک بووە لەوانەی کە شێخ سعیدی باوکی شێخ مەحموود لـەگەل خۆیدا بردوویەتی بۆ ئەسـتـەمبـول لەسەر داخوازیی سـولتـان عبد الحـمـیـد بەلام لەگـەل ئەوەشدا دوور نیـیـە ئەو دلگیـربوونەی پیـرەمـێرد بەرامبـەر بە کوشتنی عارف صائب بووبێت بە هۆی ئەوەی کە پیرەمێردیش بە شعرێکی ئێجگار توندو تیژ هێرشی بردۆتە سەر شێخ مەحموودو سەرزەنشی کردووە.

ئەو شعرەی پیـرەمێرد کە مـەبەستـمانە لە ژمـارە (٣٤)ی مـانگی آبی/١٩٢٥دا لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)دا کە لە سلێمانیدا دەرچووە بلاوکراوەتەوە. شعرەکە لەو ڕۆژانەدا بە ناوی خـۆیەوە بلاو نەکـراوەەوە بەلکو نووسراوە: ئەم شعـرانـەمـان بۆ هاتووە پیـاو حـەقی خـوا بلێ ئەم شعـرانـە زۆر خـۆش و بە مـەعنان و ئێـمـەش لەبەر ئەوە بلاوی دەکەینەوە.

ئەو شعرەم لە کـاتی خۆیدا سـالی ١٩٧٠ لە کـتـێبـەکـەی (پیـرەمێردی نەمر)دا بە ناتەواوی بلاوکـردۆتەوە، بۆیە لێرەدا حـەزم کرد هەمـوو شعرەکـە هەر وەکو خۆی چۆن لەو ڕۆژنامەیەدا نووسراوە بلاوی بکەمەوە کە دەلێ:

*لە گویم دێ دەنگی لای لایەء وطن، دایک جگر سوتاو*
*دەریژێنێ بەسەر ویرانەکەی خویناویا خویناو*
*دەلاوینیتەوەو دەگری سەری شینە لە ماتەمدا*
*شەوو روژ کوتەلی منداڵەکانی وا لەبەردەمدا*
*دەلێ: لەو فیتنەیەی کوردا کوری چاکم نەما، کوژران*
*أویش مابوو همو مردن لە برسا بێ کفن نیژران*

خودا پاداشي ئەم تەنگانەیەی وا دایەوەو وام دی
به پی ی خوی هاته بەرپیم تاجي گەوهەر دارەکەی کوردی
صلاح الدین جلالی وای نەبوو، تأریخ لەپیش چاوە
هەموو پاشای بەبان مردن به حسرەت رۆژێکی واوە
شەویٚ دەست أهرمەن کەوت خاتمی ملکی سلیمانی
کەچي میروگزیری پیٚ أکرد قدری وها زانی
بەسرمستی مەیي سەرشار، خوینی میللتی نوشي
لەجي ی جبەی سیادەت رانکی سووری پیاو کوژی پۆشي
له باتی پرچ وەکو وورچ، پایتەختی شوومي ئەشکەوت بوو
سیواک و زرگ و خنجر شوکمندي تەوقی لەعنەت بو
به دەم ئەم نالەوە دەستی دریژ کرد، خستیه سەر شانم
ووتی: توفیق، هاتیتەوە بۆ باری میحنەت ئەیزانم
بەڵیٚ حاڵم پەشیواوە، فڕندە باڵی سووتاندووم
نەما غەیری کەلاوە، شەو بناڵێنە لەویٚ وەک بووم
ووتم دایه، کە دایکم مرد، نەگریام چونکه تۆ ماوی
ئەگەر ئەو لادەکانیشت بکوژرێن تۆ دەبي چابي
قسەم بەو عەزمي کوردەی شانی (ریچارد)ی به شیر رووشان
کلاٚوی کورد ئەبیٚ قووچ بیٚ کە هات و شانی خوی جوولاٚن
شەویک پیاویک له بەفرا ما، نەمرد ئاگریکی دووری دی
لەلای من نا ئومیدی کفرە، ئەم ئاگرەی دڵم بۆ کیٚ

هەر وەکو له لاپەڕە (٧٠)ی کتێبەکەی پیرەمێردا باسم کردووە، ئەو شعرەی پیرەمێرد له کاتی خۆیدا له (داریکەلی) له خزمەت شێخ مەحموودا باس کرا، ئەویش فەرمووی: ووتەی پیرەمێرد شتێک نییە کە بشاررێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەو هەڵبەستەی بەبیٚ پێچ و پەنا لەناو شعرەکانیا بلاٚو بکرێتەوە چونکە ئەو شعرە ئەو رۆژانەم دەهێنێتەوە یاد کە دابوومە چیاو هەر وەکو دیوانە کەوڵ پۆستی

خۆشەویستیی نیشتمانەکەم پۆشیبوو، بەڵام داخەکەم ئەو سەردەمە خوێندەواری تەواو نەبوو، ئەوەش کە هەبوو هەندێکی پەیوەندیی بە بێگانەوە هەبوو، هەندێکی تریشیان لە گێرەشێوێنی بەولاوە هیچی ترمان لێ دەست نەکەوت.

هەروەها شێخ فەرمووی: ئێمە لەگەڵ پیرەمێردا پیرو مریدین و حەقی زۆری بەسەرمانەوە هەیە جگە لەوە شاعیرێکی زۆر بەرزو دڵسۆزو نیشتمانپەروەر بووە هەرچی ووتووە بە نیازی پاک ووتوویەتی، هەر لەبەر ئەوەشە کە دۆست و خۆشەویستی منە.

منیش لە کتێبەکەی پیرەمێردا ئەو فەرموودەیەی شێخم لە ساڵی ۱۹۷۰دا هەر وەکو خۆی بلاوکردۆتەوە.

دوای ئەوەی شێخ مەحموود ئەو شعرانەی ناو رۆژنامەکەی پێ دەگا (لە ساڵی ۱۹۲۵دا) دەڵێن گوایا جگە لەو دێڕی شعرانەی ناو رۆژنامەکە هەندێ بەدخوا ئەوەندەی تریان پێوە ناوەو گەیاندوویانە بە شێخ مەحموودو ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا گەلێ گلەیی و سەرزەنش و هەڕەشەی لە پیرەمێرد کردووەو بێگومان شێخ لەو رۆژانەدا ئاوارەو دڵشکاو بووەو زۆریش عاطفی بووەو لەڕاستیدا زۆر زوو تووڕە دەبوو بەڵام زووش سارد دەبووەوەو هیچی لە دڵا نەدەما...

پیرەمێرد کە ئەو گلەیی و هەڕەشەیەی شێخ مەحموودی پێ دەگاتەوە ئەم شعرەی خوارەوەی بۆ دەنێرێت (لە کتێبی دیوانی پیرەمێرد بەرگی یەکەم چاپی ۱۹۹۱ بغداد - کە لەلایەن لیژنەی دیوانی پیرەمێردەوە چاپ کراوە دەڵێ: پیرەمێرد خۆی چۆتە لای شێخ مەحموودو ئەم شعرەی بۆ خوێندۆتەوە):

*ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە راستی مووچە خۆری خۆی*

*سوراحي سەرفروو دێنێ لە بۆ پیاڵە کە تیکا بۆي*

*کە ئاوداری لەسەر سەر راگرتوە ئەیزانی چی تیایە؟*

*لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقومکا گەورەیی وایە*

*لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەردودار*

*پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لەقەش بۆ پەلي بەردار*

*لە دەوری دووریا پەستم، دەروون پڕ دەردو زووخاوم*

*ئەجەل دێ بمکوژێ، نام ناسێ چی بکەم، نامرم ماوم*

*لەبەر ئاشووبی خێڵم هیچ شەوێ خەو نایەتە چاوم*

*خەوی ناخۆش ئەبینم بەم پەریشان خاویە خاوم*

*ئومیدی سەر لە سەر دەرکەن ئەوانەی ڕاست و ڕووناکن*

*قەڵەم بۆ سەر قەڵەم، مۆم بۆ مقست، هەر بۆ ئەویش چاکن*

*ئەڵێن مورغی سلیمان ئاو لەژێر خاکا ئەبینی شەو*

*منیش حەوت ساڵە ڕێ دوور بێ، بە چاوی دڵ ئەبینم ئەو*

*چرا ڕووناکی بۆ ژێر خوی نیە، ڕەحمەت لە بابی با*

*ئەوی ڕووناکی کەچ بینانە، گۆڕە ڕەنجی پا بیبا*

*بە جووت پەروانەوو ماسێ کە دڵدا دەی چراو گۆلن*

*نزیکی ئەم ئەسووتێنێ، لە دووریی ئاو ئەوان حۆلن.*

ئەو هەڵبەستە زۆر بەرزەی پیرەمێرد، هەندێ لە بیرو ناوەڕۆکی دێڕەکانی لە شعرێکی فارسییەوە وەرگرتووە، بەڵام لەڕاستیدا خشڵ و بەرگێکی کوردەواریی ئەوەندە جوان و ڕازاوەی کردووە بەبەرا کە دەتوانرێ لە شعرە هەرە بەرزەکانی شعری کوردی بژمێررێ.

پیرەمێرد بەو شعرەی وەرامی ئەو گلەیی و هەڕەشانەی داوەتەوە کە شێخ مەحموود بۆی ناردووەو پێی دەڵێ:

ڕاستە تۆ چاکەو بەخشندەییت لەگەڵ هەمووانا هەبووە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شانازیی پێوە بکەی... سەیری سوراحی بکە کە چۆن ساتێک ئاو دەکاتە پیاڵەوە لەجیاتی ئەوەی پەرداخەکە ملی بۆ کەچ بکا کەچی هێشتا سوراحییەکە ملی بۆ لار دەکاتەوە کە نایەوێ نازی بەخشندەیی خۆی بەسەرا بنوێنێت...

جگە لەوە پێی دەڵێ:

ئەگەر تۆ مرۆڤێکی بێ نرخ و بێ بەر بوویتایە یەکێکی وەکو من ڕەخنەی لێ نەدەگرتیت... تۆ سەیری درەختی بەردار بکە، ئەو لقەی کە شۆڕو نەوی و نزمە خەڵک

بە ئاسانی دەستیان دەگاتی و بەرەکەی دەڕنن، بەلاّم تۆ کە وەکو لقێکی بەرز وای دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەی کــە بەردو پلاریشت تێ دەگــیــرێ و لەقــەشت پیــا دەکێشرێ بۆ ئەوەی بەرەکەت بڕنرێ...

بێجگە لەو رەخنەیەی پیرەمێرد، شێخ محمد خالصی کوڕی شێخ رەزای تالەبانی کە ساتێک کراوە بە قائمقامی کفری لەلایەن حکومتی عراق و ئینگلیزەکانەوە لە سالّی ١٩٢٤دا شێخ مەحموود سەرزەنشی کردووەو داوای لێ کردووە بگەڕێتەوە باوەشی شۆڕشی کوردو وا دیارە بەرلەوە دلّی شکێنرابێ و هەندێ کسیش پەلاماری دابێ و شێخ بۆ دلدانەوەی داوای لێ کردووە کە بچێتەوە سلێمانی... شێخ محمد خالصیش بەم شعرەی خوارەوە وەرام و گلەیی خۆی دەبڕیوە بەرامبەر بەوەی کە بەسەریا هاتووەو رەخنەیەکی زۆریشی لەوانە گرتووە کە لە دەورو پشتی شێخدا بوون و دەلّێ:

*لەپاش دامان و پا ماچکردن و عەرزی دوعاخوانی*
*وەڕین دەس پێ ئەکا بە چکە گە مالّی پیری گەیلانی*
*دەلّێ بوچي دەرت کردم، ئەگەر پاست بکەم بەخوا*
*هەموو چەلّتووکەکەت ئەخوا بە رازی قوتبی رەبّانی*
*یەکانەو پەلّخ و مالۆسي قەوی قولّی گەلیک زورە*
*بەری ملیان لە کوێ ئەگرێ پشیلەی کانی ئاسکانی*
*لەپاش تالان و عەزل و لانەوازی و خانەوێرانی*
*حەوالّەی خوت دەکەم قوربان، چلۆن بیم بۆ سلیمانی؟!*
*لەبەر چاوت وەکو یەک وایە، بێ فەرقن لە خزمەت تۆ*
*شەهین و حاجی لەقلەق، شێرو ریوی، مورشید وجانی*
*کە روگا خەرجی بارو جووتە، ئێستر مالّی کاروانە*
*ئەمانە نابنە کوێخاو رئیس و میری دیوانی*
*بەیار کێلاّن و گای لەڕ، پیرو کچ خواستن، ژن و تدبیر*
*سەگ و جۆ، ئەسپ و ئیسقان، بۆق و سەردار، جرج و ناوکانی*

عەباو کەرفێست و ریوی، وورچ و شەپقە، مێزەرو مەیمون

حەیاو کوێر، شەرم و دۆم و قەحبەو وەفاو نامووس و سۆزانی

لە کوێت دۆزینەوە ئەم کوێرو قۆرانەی لە خوا عاسي

چلونت کەوتە خاتر، مشکە کوێرەو وورچی کوێستانی

هەمو شێرو پڵنگن وەختی نان خواردن لە ئەترافت

سمێڵ بابڕ کفن دڕ، کەللە خڕ، پەرچەم مەریوانی

دوعات با بۆ بکەن ئەمّا، بە تدبیریان نەکەی زینهار

مەلاو درویش و صوفی و شیخەکانی لوقمە باتمانی

لە روژی وا، پیاویک چاکترە بۆ تۆ لە دوو سەد کەس

هەزاری لیرە یەک ناکا دەپارەو پوول و تارانی

لەسەر ئەم مصرعە لادەم، بچم بو مصرعی ثانی

بڵێم ئەی پاسەوانی میللەت و ریگەی موسوڵمانی

وجودت فەخرە بۆ من، چونکە لای من فەخری کوردانی

نەوەی کاک ئەحمەدو نوتفەی حسێن و شێری یەزدانی

شێخ محمد خالص لەدوای ئەم چەند دێرە ئینجا تێهەڵکێش چەند دێڕێکی فارسیی ووتووە کە ئەم چەند دێڕەیم لای بابا علیی شێخ مەحموود چنگ کەوت کە دەڵێ:

ألا أی خستەیي پیکانی موژگانت دل أحزان

الا أی گشتەیي همرازو وریثی پیری کنعانی

تو بایاران همان کردی کە باید کرد با دوشمن

تو با دوشمن چنان کردی کە أورا رەنجە نتوانی

بهرسوبود دلخواهی، تو راچشمش بیرون کردی

زهر کو دوشمنی یابي ورا برجستم بنشانی

اگر بر جست و جزیي توست، أینها وای بر دلها

وگر بي آرزویی توست، أین نبود حوکمرانی

ئینجا شێخ محمد خالص دێتەوە سەرخۆی و دووبارە بە کوردی شعرەکەی تەواو دەکاو دەڵێ:

*هەتیو چیت ووت، زمانت هەڵوەرێ، غەلەتیکی گەورەت کرد*
*لەلای خۆت شاعری هێشتا قسەی پیاوانە نازانی*
*خراپەی چاکەیە، زامي شیفایە، حیدّەتی حیلمە*
*جنێوی فەخرە، تالأنیي عەتایە، عەفوە عنوانی*
*کەرە مکارو وەفادارو وەلی خولق و عەلی کردار*
*تەبیعەت چاک، طینەت پاک و پر نوورو نوورانی*
*فەلەک مل شۆڕ ئەکا ئیمڕۆ لەژێر پێ ی ئەسپی شیخ مەحمود*
*مەلەک مەجبور ئەکا ئیمڕۆ بەتاعەو حوکم و فەرمانی*
*ئەوەندە باری تەعنەت کەوت بە ملیا (خالصي) ئیمڕۆ*
*ئەهاتە خزمەتت قوربان، وەلێ زامدارە سەر شانی*

شعرێکی تری ستایش و گلەیی و رەخنەی شاعرێکی ترمان لە باسی چوونی شێخ مەحموودا بۆ ئەشکەوتي جاسنە لە ساڵی ۱۹۲۳ (لەم بەرگەدا) بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لەو شعرەی ئەحمەد موختار جاف لە زیندانەوە ناردبووی بۆ شێخ مەحموودو پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەمەوە.

شوکری فەضلیی شاعر لە کاتی خۆیدا شعرێکی بۆ شێخ مەحموود ووتووە. ئەو شعرە لە رۆژنامەی (دیاریی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە لە بغداد کە خاوەنی ئەو رۆژنامەیە صالح زەکی صاحبقران بووە. شوکری فەضلی (لە ۱۹۲٦/٦/۱دا بە نەخۆشیی سیل مردووە) لەوە دەچێ ئەو شعرەی کاتێک بۆ شێخ مەحموود ووتبێت کە لە هندستانەوە هاتۆتەوە کە بۆ جاری دووهەم لە مانگی ایلولی ۱۹۲۲دا کراوەتەوە بە حوکمدار، یا لەو رۆژنەدا بووبێ کە سەرەتای تێکچوونی بووە لەگەڵ ئینگلیزەکانا لە ساڵی ۱۹۲۳دا. شعرەکەی فەزلی دەڵێ:

*ئیش کە رووی ئیستەلە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی*
*فکری ووردیشی ئەوێ هەر بە دوعاو نوێژی نەکەی*

گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بەبادا کە لەکنت
چاکە هەر لێ ی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی

حەیفە چاوێ کە جفا کۆڵە ووژی تێ دەشکان،
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاویژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا بوە ساڕێژی نەکەی
قەومي بێ سەر نیە ئیمڕۆ لەم هەمو عالەمەدا
دەتەوێ تاجي سەری بي، بە هەوا گیژی نەکەی
شا، وەکو شایەکی شطرنجە لەم عالەمە ئیمڕۆ
گەورە قانوونە، قسەی کورت ئەوەیە دریژی نەکەی

حمدیی صاحبقران - بێجگە لە گەلێ رەخنەی تر کە لەدواییدا باسیان دەکەین، وەرامی ئەو شعرەی شوکری فەضلی داوەتەوە کە ئەمە چەند دێڕێکێتی:
بە خلافی قسەکەت، شوکری تا بکا نوێژێ
بەم هەمو خوینە کە رشتی، شتي جا، دەسنویژێ
دەستی هەورازی نەبوو، مەسلەحەتی وا زانی
کە بکا ئەشقەری ئیقباڵی دوچاوی لیژێ
عالەمي نایە کەوو کۆتەڵەکەی گرت و کوتای
هەر بە گێژ رازی نەبوو، کردی والاٚ بێژێ
هەمو کای کۆنی بەباکردو گڕی تێ بەردا
کە بکا دووکەڵەکەی چاوی فەلەک کل ڕێژێ
چڵی داری ئەمەلی خونچەیی خوشبۆ ناکا
(حەمدی)، دنیا ئەمەبێ وەک ئەوەبێ دەسنێژێ

حمدی صاحبقران تەنها بەو تێ هەڵکێشە وازی نەهێناوە، بەڵکو گەلێک رەخنەی گرانی لە شێخ مەحموودو دام و دەزگاکانی حوکمدارییەتەکەیی گرتووە.

لە لاپەڕە (١٢٧)ی دیوانە تازەکەی حەمدی چاپی ساڵی ١٩٨٤ ـ چاپخانەی سەرکەوتن ـ لە سلێمانی، بە لێکۆڵینەوەی جمال محمد ئەمین شعرە ئێجگار دووڕو درێژەکەی کە وەکو (نقرات) هەموو جارێک بەم دێڕە کۆتایی پێ هێناوە کە دەڵێ:

*رەبّی مووی لێ بێ زمانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ*
*هەر کسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ*

وا لێرەدا چەند دێڕە شعرێکی ئەو رەخنەیە پێشکەش دەکەین کە لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەین پەراوێزی ئەو دێڕە شعرانە هەر لە پاشکۆی شعرەکەدا بڵاوبکەمەوە:

بەپێی زنجیرەی دێڕەکان:

*١ـ باسی تەشکیلاتی ثانی هەر ئەکەم بۆ پیکەنین*
*کەمترین بۆ گەورەتر، هەم گەورەتر بۆ پیکەنین*

*٢ـ ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن*
*تا ببینن شکلی وەضعیەت بە جارێ قارئین*

*٣ـ (کویلی مولازم) وەزیری خاصەیی قۆڵی یسار*
*(أیبنی سەرمزگەوت) وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین*

*٤ـ کاتبی مابەین بوو (طاهر)، تەرجەمەی حاڵی بکەم*
*پیس ئەبێ دیوان لە پاشا، موستەحەقە بۆ دڕین*

*٥ـ حەیفە تەعریفی (رەشە)و (عەمێ)و ئەحەی دایەنەکە*
*ناکرێ، ئەعضان ئەمانە، چونکە عضوێکی بەرین*

*٦ـ خەزنە کیسەی باخەڵ و مەصرەف (رەشەی حاجی فتاح)*
*حاملي سینی حەماڵ و ظەرفی پڕ ماڵشێنی شین*

*٧ـ تابعین، ئەلواط و هەرزە، قاتیل و دز بوون هەموو*
*ئەهلي ویجدان و شریف و تیگەیشتوو مونکرین*

٨. ضابطانی عسکری (زۆره)و (زڕه)و (ئەولاّدریژ)

هەردو جل خوارو (قلّیش)و (یونسي باجي هەمین)

٩. حاکمی شەرع و عەدل، مەحکومی عالەم (مارفەشەل)

موخبیری صادق بوو کاذب، سوئی ظن، علم الیقین

١٠. قاوەچی و پیش خزمەتی دیوانی عالی دوو (سمە)

ئەم بوو مەشهوری (قولی) بوو، ئەو بوو مەعروفی (شەلین)

١١. محترم مەئموری تەشریفاتی دەولەت بوو (وسوو)

ناظری فەرشە (رەحە)، بۆ خەلْوەتی ئامە ئەمین

١٢. جەردە شیخ صالح کە مورشید بوو لەگەل دەرویشەکان

من کە وام زانی لە کۆڕی حەلْقەیی زیکرا فڕین

١٣. سەیری سیرەتکەن کە صورەت رووکەشێکی صفي یە

گورگ دەچیتە پیستی مەڕ، زالْم دەبیتە پۆست نشین

١٤. باسی نەفسي خوی بە فضلە، من ئەزانم موختەصەر

ئاشکارە قیمەتی گەورە بە تەعریفی قەرین

باسی دێڕەکانی ئەو شعرە:

١. کویلی مولازم ـ مەبەستی لە شێخ حمە غریبی زاوای شێخ مەحموود بووە. مەبەست لە (ئیبنی سەرمزگەوت) شێخ علی یەهارە بووە کە ئیمامی مزگەوتی مام روستەم بووە کە پێشی دەوترا: مزگەوتی شێخەلیە پەڕۆ.

٤. دێڕی چوارەم ـ نیازی لە (تایەر) تایەری ئەمین ئەفەندی مەسرەف بووە کە خالْی ماجد مصطفی بووەو زۆر تورکخوا بووە، ئەو تایەری ئەمین ئەفەندییە جیاوازە لە تایەری ئەمین ئەفەندیی فەرخە کە ئەمەی دوایی لە سالْی ١٩١٩دا لە شەڕی دەربەندی بازیاندا شەهید بووە وەکو لە باسی ئەو شەڕەدا لێی دواین.

٥. دێڕی پێنجەم ـ (رەشە) نیازی لە رەشەی حاجی فتاح بووە کە عەتار بووە لە یەکێک لە دوکانەکانی ناو قەیسەریی نقیب.

مەبست لە (عەمێ) عەمێی مارف کە دەڵاڵی تووتن بووە لە گومرک.
لە پەراوێزی ئەو شعرەدا لە دیوانەکەیدا ووتراوە کە مەبست لە (دایەنەکە) میرزا ئەحمەی قەڵەمچی بووەو بەڵام وا بزانم جگە لەویش سید ئەحمەدی دایەنەکەش هەر ناوی هەبووە کە ئەویش بە سەید ئەحمەدی دایەنەکە ناسراوە جا نازانم حەمدی مەبەستی لە کامیان بووە؟ یا هەردووکیان هەر یەکێک بوون.
٨ـ لە دێڕی هەشتەمدا ـ یونسی باجی هەمێن نیازی لە یونسی قادر ئەفەندی بووە. (زۆرە)، کە وەختێک شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٣دا سلێمانیی بەجێ هێشت و رووی کردە ئەشکەوتی جاسەنە، (زۆرە) یەکێک بووە لەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵ (٥٠) چەکداردا کرا بە لێپرسراوی ناوچەی (کۆتەڵ) لە سورداش و لەدواییدا کە هەندێ لەو ئەفسەرانە کە لەگەڵ شێخ مەحموودا بوون لێی جیابونەوە بە سەرکردایەتیی (خالد سعید)، زۆرەش یەکێک بووە لەوانەی شێخ مەحموودی بەجێ هێشتووە (کە ناوی ئیبراهیم زۆری بووە)، بەڵام (زڕە) نیاز لە (عزیز ئەفەندٌ زڕە بووە کە ئەحمەد خواجا لە یادشتەکانیا ناوی هێناوە کە بە (٥٠) سوارەی پیادە وە ساڵی ١٩٢٣ چووە بۆ پێنجوین.).
٩ـ مارفەشەل: نیازی لە مەلا مارفی باوکی ڕەمزی مەلا مارفی شاعر بووە.
١٠ـ دێڕی دووهەم باسی دووسمە (سمایل)ی کردووە کە یەکەمیان بە (سمەقولی) ناسراوبووەو دووهەم سمەشەلی چایچی بووە کە تا ماوەیەکی دڕەنگیش نزیکی خانە سووتاو چاخانەیەکی بچووکی هەبووە کە ئەویش وەکو درویش شریف چاکەی زۆر باش بووەو بەناو بانگ بووە.
١١ـ (وسوو) نیازی لە وسوو ئاغا بووە کە پیاوێکی زۆر سەر راست و دڵسۆزی شێخ مەحموود بووە کە خۆی و مصطفی ئاغای برای هەردووکیان هەتا سەر هەر دڵسۆزی شێخ مەحموود بوون.
١٢ـ (شێخ صالح) کە حەمدی بە (جەردە شێخ صالح) ناوی بردووە، ئەحمەد خواجاش لە یاداشتەکانیا باسی کردووە. کابرایەکی هەزار روو بووە جارێک چەتەو رێگر بووەو ماوەیەکیش لای ئینگلیزەکان بووە بە پۆلیس و لەدواییدا دەستی کردووە

بە درویشی و تەپڵ و دەفی هەبووە کە بێگومان ئینگلیزەکان ئەوەیان پێ خۆش بووەو دوور نییە هەر ئەوانیش هانیان دابێ چونکە وویستوویانە خەڵک بەوە لە سیاسەت و لە کوردایەتی دوور بکەوێتەوە.

دێرەکانی تر باسی ناوی تری نەکردووە بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێی بدوێین.

بێگومان حمدی صاحبقران بە هیچ جۆرێک دوژمنایەتیی لەگەڵ شێخ مەحموودا نەبووە بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو لە کۆتایی بەرگی یەکەمدا باسمان کرد. حمدی سەرۆکی شارەوانی بووە لە سلێمانی و خزمەتێکی زۆری خێزانی شێخانی کردووە لە دەربازبوونیاندا لە سلێمانی لەدوای شەڕی دەربەندی بازیان و هاتنەوەی ئینگلیزەکان کە دەستیان بەسەر سلێمانیدا گرت...

بەڵام سەرنجێکم هەیە دەربارەی ئەو هێرشەی بۆ سەر حوکمدارییەتی شێخ مەحموود کە لام وایە ئەویش وەکو چۆن جمیل صائبی براکوژراو نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە وەکو باسمان کرد، صالح زەکی صاحبقرانیش کە ئامۆزای حمدی صاحبقران بووەو لەلایەن هەندێ لەو ئەفسەرانەی کە دەورو پشتی شێخ مەحموودیان گرتبوو وەکو رەزا بەگ و عزەت طۆپچی کە وەکو لە باسی چوونی شێخ مەحموودا بۆ ئەشکەوتی جاسەنە لە ساڵی ١٩٢٣دا باسمان کرد کە شێخ مەحموود بە هاندانی ئەو دوو ئەفسەرە صالح زەکیی گرت و ماوەیەک ناردی بۆ پیران هەتا لەدواییدا بەردراو ئیتر سلێمانیی بەجێ هێشت و چووە بغداد، لام وایە ئەوەش هۆیەک بووە بۆ ئەو هێرشەی حمدی.

دەربارەی ئەوەی کە حمدی هیچ جۆرە قین و کینەیەکی نەبووە بەرامبەر بە شێخ مەحموود گەلێک بەڵگەمان بەدەستەوەیە:.

**بەڵگەی یەکەم** - حمدی بە هیچ جۆرێک رەخنەی لە حوکمدارییەتی یەکەمی شێخ مەحموود نەگرتووەو لایەنگری شێخ بووەو رەخنەی لەوانە گرتووە کە لە حوکمدارییەتی یەکەمدا لەگەڵ شێخدا ناڕێک بوون کە بە شعرێک دەربارەی گرتنی شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان و ئاوارەبوونی بۆ هندستان ووتوویەتی:

وەک هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە
رەبّي بی بینم وەکو کیسرا بە سینەی چاکەوە
هەتا دەڵێ:
قەومەکانی روپیە خۆرم دێنە بەرچاوم ئەلێن
کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە، سەگ بە گۆشتی لاکەوە
شەرتە تا رۆژی قیامەت دەس لە ئەژنۆ بەرنەدەم
سەر لە قورنێم بۆ سیادەت بەم دڵەی غمناکەوە
بو دیاری (حەزرەتی مەحموود)، ممدوحي جیهان
تاقەیەک گوڵ بوو بە فەرقی پیری ئەحمەد کاکەوە
بۆ دو مەحمودخان، ئەمیری سەر حەدی رۆم و عەجەم
بوونە ئەصحابی قورەیش و چوونە سیلکی چاکەوە
بەڵگەی دووهەم - کە شێخ مەحموود ئاوارە کراو نێررا بۆ هندستان، دووبارە حمدی خەفەتی خۆی بەرامبەر بەو ئاوارەبوونەی شێخ بەم جۆرە دەربڕیوە کە ووتوویەتی:
وەک (مەدینە) بێ (نبي) بێ، یا نجف بێ بێ عەلی
شاری (غەزنە)ئیستە بێ مەحموودە وەک (داریکەلی)
حەیفە ئەوجي ئاسمان بێ زینەتی خورشیدو ماە
ساخوا بیکەی وەکو خورشید درەخشان مونجەلی
بەڵگەی سێهەم - کە هەواڵی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە هندستانەوە بۆ (کوێت) گەیشتە سلێمانی حمدی صاحبقران بەم جۆرە پێشوازیی لێ کردووە:
کە رۆیشتن، بە جاریک من دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت
کە چویتە (تانە)، تانە سەر گلێنەی هەردووچاوم کەوت
ئەلێن هاتویتە (کوێت) قوربان، بلێ قوربانی کوێتی کەم
کە نۆبەت بەر سەری نەحسي شکاوی بێ کڵاوم کەوت

**بەڵگەی چوارەم** - لە باسی شەڕی ئاوباریکدا ـ ئەو شعرەی حمدیمان بلاوکردەوە دەربارەی راپەڕین و شۆڕشەکەی شێخ مەحموود و حمدی لەو شعرەیدا هێرشێکی توندو تیژی بردۆتە سەر ئەوانەی کە لەو شەڕەدا دژی شێخ بوون.

**بەڵگەی پێنجەم** - لەدوای ئەوەی لە ساڵی ۱۹۳۱دا بە هێزی فرۆکەو سوپای ئینگلیز شێخ ناچار کرا واز لە شۆڕش بێنێت و بە دەسبەسەری نێررا بۆ شارەکانی خواروی عراق و لەدواییدا لە بغداد نیشتەجێ بوو، حمدی صاحبقران یەکێک بووە لەوانەی کە بۆ دیدەنی چۆتە بغدادو بە رێکەوت کە دەچێتە ماڵی شێخ مەحموود لەو کاتەدا تاقمێک میوانی عەرەبی لا دەبێ شێخ مەحموود لەبەری هەڵدەستێ و دەچێت بەپیرییەوەو بەخێرهاتنی دەکاو بە میوانەکانی دەڵێ:

ئەمە ئەو شاعرەیە کە ساتێک من حوکمدار بووم بە شعر هەزار قسەی پێ ووتووم، حمدیش لە وەرامدا دەڵێ:

قوربان من حمدّی قسەپێ ووتنی تۆم نەبووە بەلاّم رەخنەم لە دام و دەزگای ئەو رۆژە گرتووە کە هەندێکیان بە ناپاکی لە دەورت کۆبووبوونەوەو بۆ سوودی خۆیان تۆیان تووشی زۆر دەردی سەری کردبو و بووبوونە هۆی ئەوەی کە دڵی هەندێ کەست لێ برەنجێ.

لە گەڕانەوەی حمدیدا لەسەر داخوازیی حمدی، شێخ مەحموود وێنەیەکی خۆی بۆ یادگار پێشکەش دەکا بە حمدی و ئەویش لە وەرامی ئەوەدا ئەم شعرەی بۆ ووتووە:

*عەکسەکەت پر مەحفەظەی چاوە، بەجێ جێم کردەوە*
*لایقی عەرشي دڵم بوو نوطفەکەت رێم کردەوە*
*من نەوەی (کوردی)م لوطفی تا جداری قومی کورد*
*کەوتە دەستی بەستراوی خزمەتم پیم کردەوە*

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ لەو هەموو رەخنانەی کە لە شێخ مەحموود گیراوە، ئەوەیە ئەو رەخنانە هەموویان لە کاتی ژیانی شێخ مەحموودا ووتراون و بێگومان خۆی هەموویانی خوێندۆتەوە، بەلاّم لەڕاستیدا دڵپاکیی شێخ مەحموودو سنگ فراوانی و

ڕێزگرتنی لە شاعیران بە هیچ جۆرێک ڕێگەی ئەوەی نەداوە قین و بوغز بەرامبەر بە هیچیان هەڵبگرێ و قەت هەوڵی نەداوە تۆڵەی ئەو هەموو سەرزەنش و ڕەخنە ڕەقانەی کە لێی گیراوە بکاتەوە.

من خۆم جارێک لە خزمەت شێخدا بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە کە فەرموویەتی:

*«شعری شاعیر هەر وەکو تیری کەوان وایە کە هاویشتی تازە پێی ناگەڕێتەوە ئەگەرچی جارو باریش ئەگەر بۆی دەرکەوت لەو تیرهاویشتنەیدا بەهەڵەدا چووە، هەوڵی داوە بە شعرێکی تر ساڕێژی زامی ئەو تیرە بکا... لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی ڕەخنەیان لە خۆم گرتووە گەردنیان خۆشی و ئازاد بێ».*

لەڕاستیدا لام وایە هەچ سەرکردەیەکی تر بەو جۆرەی ئەو هێرشی ببرایەتە سەرو ئەو ڕەخنە ڕەق و سەختانەی لێ بگیرایە، بەتایبەتی لە کاتی ژیانی خۆیدا - بڕوا ناکەم هەر وا بە ئاسانی لەو ڕەخنەگرانە خۆش ببوایە بەو جۆرەی کە شێخ مەحموود لە ڕەخنەگرەکانی خۆش بووەو بە هیچ جۆرێک نەی گرتۆتە دڵ.

لە کۆتایی ئەم باسەدا، دوای ئەوەی باسی ئەو هەموو ڕەخنانەمان کرد کە لە شێخ مەحموود گیراون، بە پێویستم زانی ئەم شعرەی شاعیری هونەرمەندو دەنگ خۆشی کورد محمد صالح دیلان پێشکەش بکەم کە بۆ کۆچی دوایی شێخ ووتوویەتی بە ناوی (شێخ مەحموودی زیندوو) کە خۆی ئاوازی بۆ داناوەو بە گۆرانی و دەنگە بە سۆزەکەی بەکاسێت بڵاوکراوەتەوە:

*پایز... خەزانی تەماوی و مەنگە — گەڵا لق و پۆپ خونچە بەژەنگە*
*ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی — نە شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە*
*نە سروەی شەماڵ نە سەدای مەلە — چاوە ووشک و ڕەش بەبێ ئاهەنگە*
*ڕۆژ کە ڕووناکی دەری سروشتە — تەرازووی تیشکی نەوی و لاسەنگە*
*تەلی تار خاوە بێ سۆزو سازە — شمشاڵ لەگەڵ فوو بە شۆڕو جەنگە*
*ئەگەر پێکەنین ببێ بە خەنجەر — لای گوڵخەندەران شەق بردن نەنگە*
*پۆلە چۆلەکەی مۆڵی ئێواران — کرو کش و مات وورو بێ دەنگە*
*سەرچنار ڕەشە، ڕەشتر ئاسمانی — پرچی ژاکاوە چرە زەبەنگە*

بولبول بێ ئارام بەبێ سرەوتە      دونیای فراوان لای گۆڕی تەنگە
خاڵ خاڵی لووتکەی شیرین و هەڵگورد      لەگەڵ فرمێسکا تواوەی پەنگە
پشتکۆ تەمی نارد بۆ ئارارات      هەناوی (ئەزمڕ) بە (کاژاو) بەنگە
بەڵام کوردستان با لە شینا بێ      گوێ هەڵخراوی ئاوازی زەنگە
کورد با سەراپا ماتەم دای بگرێ      جۆش و خرۆشی وەک پوورە هەنگە

سیا کەژ سیا، سیا کیوانە      سیا بەرگ دیارە هەر هەورامانە
لەکێ بپرسین سوراخی راستی      دیارە نزیکتر هەر بەرانانە
بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز      ئێستە ئەوپەڕت کیی لا میوانە
هەواڵێ پرسە لە داریکەلی      شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە؟؟
ئێستە سێبەری سەر جەستەی کفنی      هەتاوی سوورە یا ئەرخەوانە؟
ئێستە پێخەفی نەرم و نۆڵی شەو      بەردە یا خاکی کانی ئاسکانە؟
بەردە قارەمان لە جێی خۆی ماوە      هەر لە دەربەندە یا لە پیرانە؟
ئێستا (ئاوباریک) وەک بوومەلەرزە      هەر هەڵئەرزێ یا لە وەستانە؟
کوا شێخ کوا نەوەی ئەحمەدی کاکی      کوا نەبەردەکەی ئەم نیشمانە؟
(بەرانان) دیارە قوڕگت گیراوە      چاوت لیخنی خوڕی گریانە
سەرت چەپۆکی کۆچی بێ وادەی      شێخ خولێ داوە سستی فغانە
بەڵام بەرانان گوێم لێ راگرە      من کوردم، کوردیش گەلە، ئینسانە
هەزار ئەوەندە بخرێتە بینی      دەستی گەردوون و چنگی زەمانە
کورد شۆرە شواری وەک شێخی بووبێ      سەر نەوی ناکا لە بۆ بێگانە

پایز خەزانی تاریک و تاڵە      یا قڕەی قەلە یا هاشەی داڵە
تروفتەی (دەوران) تیژو بە باڵە      بەسەر (شەهێنی) کوردانا زاڵە
سەروەم دەمێکە باخی هیوامان      گۆپکەی درەختی هەر کرچ و کاڵە
رێگەی بەردەمان ماوەیێ تەختە      ئەوەندەت زانی پڕ چۆڵ و چاڵە

نه شەو ئاسوودەین، رۆژیشمان درێژ  بەخت سەرنگونە، حاڵمان ناحاڵە
هێشتا برینی تیمار ناکرێ  کەچی (شەبەقی) هاوار بەحاڵە
بەڕاستی چەرخ، بێ بەزەییانە  بەم گەلی کوردە باش ئەکا گاڵە
بەلاَم ئەی پایز ئەی گەلاڕێزان  تۆش گوڵی ئاڵی سەرداری ژاڵە
شێخ، با ماڵ ئاوا لە کوردستانکا  ئەم خاک و خەڵکە بخاتە ناڵە
ئێستە کوردستان ئامانج و سەودای  لە بۆتەی سەختی دواڕۆژا قاڵە

پایز ئاخری گەلاڕێزانت  وورووژمی تیژو توندی خەزانت
کزەی بای ساردی دەمەو بەیانت  گەردو لوولی رەش سەر لووتکەکانت
ئالاْیە گەردن سەرۆکی ناشاد  کردی بە نێچیر مەرگی دەورانت
کەوابوو (سەرۆک) مەحموودی کوردان  سووک لێکی بنێ پیلووی چاوانت
بنوو لە باوەش دایکی دڵسۆزا  بوی هەڵبڕێژە دەردو هیجرانت
لەگەڵ یەکتری بکەونە گوفتار  ئەو بە ئیشارەت، تۆ بە زمانت
بۆی بگێڕەوە رەنجووری کوردان  پیشانی بدە برینی گیانت
بنوو، نوستنی دوای هیلاکیی رێ  پڕ خەت بگاتە گشت کوردستانت
ئەو رێیەی کە تۆ گرتت لە ژینا  ئێستەش بەجێت هێشت بۆ رۆڵەکانت
کوردستان بگرە چەپکە نێرگسێ  سووک دای بهێڵەو بیخە گوڵدانت
با... بۆنی خۆشی هەتا هەتایە  ببێ بە مایەی شەوکەت و شانت
با هەندێ لاوی نیشتمانپەروەر  ئەو بۆنە ببا بۆ بەردەکانت
لێی دروست بکا شانەی هەنگوینی  مەبست و بڕواو جۆش و فەرمانت

له کۆتاییدا ئومێدەوارم بە دەرکردنی ئەم دوو بەرگە بە قەدەر ئەوەی کە لە توانامدا بووە، هەر وەکو وەفادارییەک بەرامبەر بەو شورەسوارەی کە بەشێکی زۆری ژیانی تەرخان کردبوو بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی و ئازادبوونی میللەتەکەی، ئومێد دەکەم بەم دوو بەرگە ئەو وەفادارییەم بەجێ هێنابێت و داوای لێ بوردن دەکەم لە هەر کەم و کوورییەک کە لە هەردوو بەرگەکەدا دێنە بەرچاو و، ئومێد دەکەم نووسەرانمان درێغی نەکەن لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب دەربارەی شۆڕشگێڕەکانی تری کورد.

هاوار

سەرەتای ساڵی ۱۹۹۱

# سەرچاوەکان

هەر وەکو لە بەرگی یەکەمیشدا لێی دواین سەرچاوەکان هەر یەکە لە زنجیرەدا ژمارەیەکمان داوەتێ و لە باسەکانا کە ناوی هەر سەرچاوەیەک هاتبێت تەنها ژمارەی ئەو سەرچاوەیەمان دەسنیشان کردووەو پێویستی بەوە نەبووە لە پەراوێزدا یەکە یەکە باسیان بکەین.

| زنجیرە | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووهەم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | بەڵگە نهێنییەکان (دۆکیومەنت)ی ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا | |
| ٢ | یاداشتەکانی رفیق حلمی - کوردستان و شۆڕشەکەی چاپی دووهەم بغداد ١٩٨٩ | رفیق حلمی |
| ٣ | چیم دی ـ بەسێ زنجیرە | ئەحمەد خواجا |
| ٤ | یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی چاپی ساڵی ١٩٧٠ | ئەحمەد تەقی |
| ٥ | تێگەیشتنی راستی - رۆژنامەنووسی رۆشنبیری لە کاتی شێخ مەحموودا | د. کمال مەزهەر |
| ٦ | دراسات عن تأريخ إيران الحديث - چاپی بغداد - ساڵی ١٩٨٥ | د. کمال مەزهەر |
| ٧ | کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا چاپی بغداد - ١٩٧٥ | د. کمال مەزهەر |
| ٨ | صفحات من تأريخ العراق المعاصر چاپی بغداد - ١٩٨٧ | د. کمال مەزهەر |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووهەم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ٩ | أضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط<br>چاپی بغداد - ١٩٨٧ | د. کمال مەزهەر |
| ١٠ | چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد<br>چاپی بغداد ١٩٨٥ | د.کمال مەزهەر |
| ١١ | مێژووی کوردو کوردستان ـ بەرگی یەکەم<br>چاپی دووهەم لندن ١٩٨٦ | ئەمین زەکی |
| ١٢ | تأریخی سلێمانی - ترجمەی محمد علی عونی<br>ساڵی ١٩٤٥ | ئەمین زەکی |
| ١٣ | گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری<br>چاپی بغداد ئامادەکردن و لەسەر نووسینی<br>محمدی ملا کریم ١٩٨٥ | زێوەر ئەفەندی |
| ١٤ | جووڵانەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان<br>ترجمەی لە عربییەوە بۆ کوردی لەلایەن (ف. ئەسەسەرد)<br>چاپخانەی ئیبراهیم عزو لەناو شۆڕشدا - ساڵی ١٩٨٥ | د.عزیز شمزینی |
| ١٥ | کوردستان و شۆڕشەکەی ـ دوکتۆر جمال نەبەز<br>کوردو علی لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی<br>چاپی ستۆکهۆڵم - ساڵی ١٩٨٥ | د. جمال نەبەز |
| ١٦ | کردستان والاکراد<br>چاپی بیروت - ساڵی ١٩٧٠ | د.عبد الرحمن قاسملو |
| ١٧ | کردستان والحرکة التحرریة - چاپی بیروت<br>دار الطلیعة ، ١٩٨١ | جلال تالەبانی |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووهەم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١٨ | القضيه الكرديه ـ ماضى الكرد وحاضرهم ـ<br>چاپی دووهەم - بیروت - ساڵی ١٩٨٦ | بلەچ شێرکوە<br>(جلادت بدرخان) |
| ١٩ | في سبيل كردستان - چاپی بیروت - ١٩٨٧<br>منشورات دار كاوه | زنار سلوپی<br>(قدری جمیل بەگ) |
| ٢٠ | مقالات - عربی - چاپی بغداد ساڵی ١٩٥١ | رفیق حلمی |
| ٢١ | یاداشتە چاپ نەکراوەکانی شێخ روءفی<br>شێخ مەحموود بە عەرەبی | شێخ رەوءفی شێخ مەحموود |
| ٢٢ | کوردەکانی خوارووی کوردستان لە ماوەی انتداب<br>و احتلالی بریتانیادا - دیار خضر و خێزانەکەی لە<br>ئەڵمانییەوە بۆیان کردووم بە [illegible] | بدیعەی مەحوی |
| ٢٣ | البارزانی والحركه التحرريه - إنتفاضات بارزان الاولى<br>١٩٣١ - ١٩٣٢ - چاپخانەی خەباتی ناو شۆڕش ١٩٨٦ | مسعود بارزانی |
| ٢٤ | شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەڵۆ - چاپی بغداد ساڵی ١٩٨٥ | مصطفى نەریمان |
| ٢٥ | دۆخی جیهانی کوردستان - ترجمەی د. کاوس قەفتان<br>لە روسییەوە | لازاریف |
| ٢٦ | کۆنگرەی قاهرە - گۆڤاری نووسەری کورد -<br>خولی (٢) - ژمارە (٢)، ساڵی ١٩٨٥ | د. ئەحمەد عوسمان |
| ٢٧ | شێخ مەحموود و یاداشتەکانی شێخ قادری حفید<br>گۆڤاری رۆشنبیری نوێ - ژمارە (١١٣)<br>ساڵی ١٩٨٧ - بغداد | جمیل بەندی رۆژبەیانی |
| ٢٨ | گفت و گۆیەک لەگەڵ شێخ مەحموودا<br>گۆفاری کاروان ترجمەی لە عەرەبییەوە<br>ژمارەی گۆڤار (٢٦)- ساڵی١٩٨٤ | حبزبوز (نوری ثابت) |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووەمم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ٢٩ | ثوره العشرين ـ تأريخ العراق السياسي<br>چاپی دووهەم - لبنان، سالی ١٩٥٧ | عبد الرزاق الحسني |
| ٣٠ | الأحتلال البريطاني والصحافه العراقيه<br>چاپی بغداد - ١٩٨٤ | هادي طعمه |
| ٣١ | المجلس التأسيسي العراقي- طبعه بغداد، ١٩٧٦ | محمد مظفر الأدهمي |
| ٣٢ | مەولانا خالید - گۆڤاری کۆڕی زانیاریی، سالی١٩٧٣ | عباس عزاوي |
| ٣٣ | تأريخ الكويت السياسي ـ القسم الاول ـ<br>الجزء الخامس - چاپی بیروت، ١٩٧٠ | حسين خلف الشيخ<br>خزعل |
| ٣٤ | الضحايا الثلاث - چاپی موصل - عەرەبی<br>سالی ١٩٥٢ | عبد المنعم الغلامی |
| ٣٥ | سلێمانی - بەرگی یەکەم و دووەهەم<br>چاپی سالی ١٩٨٧ و ١٩٨٩ | اکرم صالح رەشە |
| ٣٦ | حول مسأله الاقطاع بين الاكراد ـ الطبعه الثانيه<br>بغداد ترجمەو لەسەر نووسین د. کمال مەزهەر | أ.شامیلوف (عەرەبی<br>شامۆ) |
| ٣٧ | Loyalities Mesopotmia 1914-1915 - A<br>سالی ١٩٣٠، لندن | ارنولد ویلسن |
| | Mesopotamia 1917-1920 -B<br>چاپی لندن، ١٩٣١ | ارنولد ویلسن |
| ٣٨ | الاكراد ـ طبعه بيروت | باسیل نیکیتن |
| ٣٩ | Mesopotamia and Kurdistan in Disguise<br>چاپی لندن - سالی ١٩١٢ | مێجەر سۆن |
| ٤٠ | القضيه الكرديه في العشرينات - چاپی بیروت<br>سالی ١٩٨٤ | عزيز الحاج |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووەم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ٤١ | Two Years in Kurdistan<br>چاپی لندن - سالی ١٩٢١ | W.R.Hay کاپتن |
| ٤٢ | Principles of Social Organisation in South Kurdistan<br>اوسلو - نروج، چاپی ١٩٥٣ | فردریک باث |
| ٤٣ | Iraq From 1900-1950<br>چاپی لندن، سالی ١٩٥٣ | Stephen Hemstley Longrigg |
| ٤٤ | Roads Through Kurdistan<br>چاپی لندن سالی ١٩٥٨ | ارشیبالد هاملتن |
| ٤٥ | کورد، تورك و عرب<br>ترجمة جرجیس فتح الله - طبعة بغداد، ١٩٧١ | ئەدمۆنس |
| ٤٦ | محاضرة عن المشكلة الكردية ـ عربی<br>کوراسێکی ترجمەکراو بە عەرەبی<br>محاضرەیەک لە (جمعیتی ملکی ئاسیوی لە لندن سالی ١٩٦٦ | ئەدمۆنس |
| ٤٧ | مسئلەی کوردەکان. گۆڤاری (انترناشنال أفیزبلادی)<br>ترجمەی عبد القادر حشمت لە دەنگی گێتی ی،<br>سالی ١٩٤٦دا بلاْوکراوەتەوەو لەدواییدا کراوە بە کوراسێک | و.ج.أیلفنستن |
| ٤٨ | گشتەکەی ریچ Narrative of Residence in Kurdistan<br>چاپی لندن - سالی ١٨٣٦ | C.l. Rich<br>کلودیۆس جیمس ریچ |
| ٤٩ | کردستان ترکیا بین الحربین العالمین<br>چاپی بیروت ـ عەرەبی، سالی ١٩٨٥ | پرۆفیسۆر حسرتیان |
| ٥٠ | The Conflict of Tribes and State in Iran and Afgha nistan<br>چاپی لندن - سالی ١٩٨٣ | Martin-Van Bruinessen |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووهەم) | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ٥١ | راپۆرتێکی تایبەتی لە دۆکیومەنتی ژمارە C.O.730-28 دەربارەی ماوەی ٤-٧ مارتی١٩٢٢ لە شێوەی کراسێکدا | A. لیفتنانت راولنسن |
| ٥٢ | الاکراد - چاپی بغداد، ساڵی١٩٨٤ ترجمەی دوکتۆر مارف خەزنەدار لە روسییەوە بۆ عەرەبی. | مینۆرسکی |
| ٥٣ | گفت و گۆ لەگەڵ علی کماڵ و بابا علیی شێخ مەحموودو لە کاتی خۆیدا گفت و گۆ لەگەڵ توفیق وەهبیدا لە ساڵانی١٩٨١ - ١٩٨٢ لە لندن. | |
| ٥٤ | Special Report: Progress of Iraq During the Period 1920-1931 راپۆرتێکی تایبەتیی حکومتی بریتانیا بۆ عصبه الامم. ساڵی ١٩٣١ | |
| ٥٥ | فصول من تأریخ العراق القریب. ترجمة جعفر الخیاط چاپی بیروت - ساڵی١٩٧١ | مس. بیل |
| ٥٦ | راپۆرتێکی مێجەر نویل دەربارەی چوونی بۆ کوردستانی تورکیا دۆکیومەنتی ژمارە F.O.371-5068 ساڵی ١٩١٩ لە شێوەی کراسێکدا لەناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا. | |
| ٥٧ | The Kurds: An Unstable Element in the Gulf چاپی انگلیزی - ساڵی١٩٨٤ | Stephen C. Pelletiere مساعد پرۆفیسۆر لە ئەمریکا |
| ٥٨ | تأریخ اکتشاف النفط والاصول التأریخیة للنفط | عبد الحمید العلوچي وجعفر عباس اللامي |
| ٥٩ | عبد المحسن السعدون - دوره في تأریخ العراق السیاسي چاپی بغداد - ساڵی ١٩٨٨ | د. لطفي جعفر فرج الله |

| زنجیره | ناوی سەرچاوە (بەرگی یەکەم و دووەم) | ناوی نووسەر |
| --- | --- | --- |
| ٦٠ | The Making of Modern Iraq<br>چاپی لندن - ١٩٣٦. | Henry . A. Foster |
| ٦١ | رۆژنامە کوردییەکان ... کۆکردنەوەی جمال خەزنەدار ساڵی١٩٧٤ | |
| ٦٢ | رۆژنامەی ئومیدی استقلال - لە کتێبخانەی .S.O.A.S لە لندن | |
| ٦٣ | رۆژنامەی (بانگ حق) ساڵی ١٩٢٣<br>لە گۆڤاری پرشنگی - ساڵی ١٩٨٥دا، لە ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە | د. کمال فواد |
| ٦٤ | تأريخ الوزارات العراقية | عبد الرزاق الحسني |
| ٦٥ | الكرد والمسألة الكردية - چاپی بغداد ساڵی ١٩٥٩ | د. شاكر خصباك |
| ٦٦ | رشيد عالي الگيلاني - الحركه القوميه في العراق<br>١٩٣٩-١٩٤١، چاپی لندن - عەرەبی، ساڵی ١٩٨٤ | وليد حمدي |

شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان (بەرگی دووهەم)

لە ١٩٩١ بۆ جاری یەکەم بڵاوکراوەتەوە لەلایەن جاف پرێس - لەندەن.

مافی چاپکردن © محەمەد رسول هاوار، ١٩٩١

هیچ کەسێک بەبێ رەزامەندیی نووسەر مافی ئەوەی نیە ئەو کتێبە چاپ بکاتەوە
. یا بیگۆڕێتە سەر زمانیکی تر.

ژمارەی تومارکردنی کتێبەکە (ISBN): 1 01 87451 1

پیتچنینی و دەرهێنانی هونەری : جاف پرێس، لەندەن - بریتانیا

**The leader Sheikh Mehmood and Southern State of Kurdistan – Volume 2**

published in 1991 by Jaf Press, London / U.K

Copyright © M.R. Hawar, 1991
All rights reserved

ISBN No. (pbk) 1 874051 01 1

Typesetting & Design : Jaf Press, 24 Muschamp Road, London SE15 4EF.



## نووسەر لە چەند دێرێکدا

نووسەری هەردوو بەرگەکە مەحمەد رەسول هاوار لە ساڵی ١٩٢٤دا لە شاری سلێمانی لە دایک بوە.

قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی خوێندوەو کولیەی (قانون و سیاسیە)ی لە بەغدا تەواو کردوە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

- یادی یاران - کۆمەڵە شیعرێک، چاپی سلێمانی، ١٩٥٩.
- پیرە مێری نەمر - چاپی بەغدا، ١٩٧٠.
- یادی نیشتمان - کۆمەڵە شیعر. دەستخەت، لەندەن، ١٩٨٣ زنجیرە یەکەم.
- هەڵبژاردە - کۆمەڵە شیعر. دەستخەت، لەندەن، ١٩٨٣، زنجیرە دووهەم
- کاروانی شۆڕش - کۆمەڵە شیعر. دەستخەت، لەندەن، ١٩٨٤، زنجیرە سێهەم
- پاش ئاش بەتاڵ - کۆمەڵە شیعر. دەستخەت، لەندەن، ١٩٨٤، زنجیرە چوارەم.
- کوێرەوەری و بیرەوەری - یاداشت. لەندەن، ١٩٨٤، بنکەی چاپەمەنی ئازاد.
- هۆرەی دەروێشی یاخی - بەرگی دووهەمی یاداشت. ستۆکهۆلم، ١٩٨٦.
- وڕێنەو تاسەی نیشتمان - شیعر. دەستخەت، لەندەن، ١٩٨٧.
- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان - لەندەن، ١٩٩٠، بەرگی یەکەم.
- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان - لەندەن، ١٩٩١، بەرگی دووهەم.

## ئەوانەی ئامادەکراون بۆ چاپ

- ئاوارەو شیعر - مێژووی ئاوارەبوونی کورد.
- لە هەڵەبجەوە بۆ بادینان - کۆمەڵە شیعر. زنجیرەی شەشەم.

## ئەوەی بە دەستەوەیەو لە ئامادەکردندایە

- اسماعیل آغای شکاک (سمکۆ)

**The Leader Sheikh Mehmood and Southern State of Kurdistan – Volume 2**

**By M.R.Hawar**

London 1991

ISBN No. (pbk) 1 874051 01 1

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی

كوردیكا

Designed by: Emîn Şabazî

**کتێبخانەیەکە تایبەت بە:**

**١. کتێب و گۆڤاری کوردی**

**٢. کتێب و گۆڤاری بیانیی سەبارەت بە کورد**

📚 **لە تێلگرامەکەی خۆتاندا بنووسن: @kurdica ، دوایە کرتەی لەسەر بکەن و ببنە ئەندامی کتێبخانەی کوردیکا.**

📚 **تکایە ئەم کتێبخانەیە بە هاوڕێکانتان بناسێنن.**